یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
PATRIOTOC UNION OF KURDISTAN
مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

# نووسەری کوردستان

## بەرگی چوارەم

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی. ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
PATRIOTOC UNION OF KURDISTAN
مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

# نووسەری کوردستان

## گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

ژمارە (١٦) پایزی ١٩٨٩ – ژمارە (١٨) زستانی ١٩٩١

ئامادەکردن و ساخکردنەوەی
**یوسف محەمەد بەرزنجی**

٠٥٩.٩١٥٩٧
ب ٩٢٣

بەرزنجی ، یوسف محەمەد.
نوسەری کوردستان (١٩٨١-١٩٩١)/ ئامادەکردن
یوسف محەمەد بەرزنجی . - ب٤، چ١ . - سلێمانی : چاپخانەی حەمدی ، ساڵ٢٠٢٢
ل٦٠٢ .، ١٧.٥*٢٣ سم . - (وێنەدار)
١ . گۆڤاری شاخ - ئەدەبی بەرگری ٢. چاوپێکەوتن
٣. چیرۆک - شیعر - ریپۆرتاژ أ. ناونیشان

* ناوی کتێب: گۆڤاری نووسەری کوردستان (بەرگی چوارەم)
*ئامادەکردن و ساخکردنەوەی: یوسف محەمەد بەرزنجی
* سکان و پاکژکردنەوەی کۆمپیوتەر: یوسف محەمەد بەرزنجی
بابەت: رۆژنامەوانی - ئەدەبی بەرگری
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
نۆبەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٢
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٩٩) ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە
مافی لە چاپدانەوەی بۆ ئامادەکار پارێزراوە

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری / بۆردی ئەرشیف و مێژوو

## لەبارەی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)ەوە

گۆڤارێکی ئەدەبیە یەکێتیی نوسەرانی کوردستان دوای وەستانی گۆڤاری پێروو، لەساڵی ١٩٨١دەری کردووە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەدوای ئەوەی ڕژێمی بەعس بڕیاریدا کە گۆڤاری نوسەری کورد دابخات، نوسەرانی شاخ بڕیاریاندا ناوی گۆڤارەکەیان بۆ نوسەری کوردستان بگۆڕن. زۆربەی ژمارەکان لەچاپخانەی برایم عەزۆ، عەبدوالخالق مەعروف، شەهید جەعفەر، چاپکراون، بەڵام ژمارەیەک لەچاپخانەی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق، ژمارەیەکیش لەدەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەو سێ ژمارەش لە شاری سەقز چاپکراون. لەو سێ ژمارەیەی سەقز دوو دانە لەدەزگای ڕۆشنبیری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان چاپکراوەو ژمارەیەکیش لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موحەمەدی چاپکراوە.

لەڕووی شوێنی چاپەوە، ئەم گۆڤارە لەبەر هەلومەرجی سەختی ئەو سەردەمە لە شوێنی جیاواز چاپکراوە. بەم پێیە، ژمارەکانی لە توژەڵە، ناوزەنگ، زەڵێ، بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، یاخسەمەرو سەقز چاپکراون. ژمارەکانی ئەم گۆڤارە، ژمارەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەو سەقزی لێدەرچێ، هەمووی سیامەند مامیر شاسواری تایپ و دیزایینی کردووە، شەماڵ کابان و جەزا عەبدولواحیدو حەمەڕەشیدو چالاک و هەندێ کەسییتریش بەشدارییان لەچاپی هەندێک بابەتدا کردووە.

نوسەری کوردستان لەماوەی ١٠ساڵدا، واتە لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩١، ١٨ ژمارەی لێدەرچووە. ژمارە ١، لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٨١ و ژمارە ١٨ لەوەرزی زستانی ساڵی ١٩٨١ دەرچووە.

*سەرچاوە: ئینسکۆپیدیای(ی.ن.ک) ب ١،چاپی سێیەم، ساڵی ٢٠١٦ ل ١١٣٩چاپخانەی حەمدی.

## ئاماری بابەتەکانی گۆڤاری نووسەری کوردستان

- شیعری کوردی: ١٠١
- شیعری وەرگێڕاو: ٧
- وتار و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە: ٦٧
- یاداشت و بیرەوەری: ٢
- چیرۆکی خۆماڵیی کوردی: ٦٦
- چیرۆکی وەرگێڕاو: ١٣
- زمانەوانی: ٣
- شانۆ: ٢
- هەڤپەیڤین و چاوپێکەوتن: ٩
- پەخشان وتاروشتی تر: ١٨

## پێرستی ناوی نووسەران لە بڵاوکراوەی گۆڤاری نووسەری کوردستان
## گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستاندا
## بەپێی نوسەران و شاعیران و وەرگێڕی کورد، ڕیزبەندی کراوە.
## ژمارە ١ ی ئابی ١٩٨١ تا ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١

(ئـ)

*ئازاد ئەحمەد

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، بەختەوەری، فازل عەزاوی، وەرگێڕان، چیرۆک، ل٧٧ـ ٧٨

ئازاد کانی ساردی (   )

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، گرێ کوێرەی بیرێکی زیندوو،چیرۆک، ل ٩٨ ـ١٠٢

*ئازاد جوندیانی (ئازاد عەبدوالوەهاب محەمەد)

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، .. و گوڵە هێرۆکان دەلەرانەوە، چیرۆک، ل ١٣٩ـ١٤٢

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠مەرگی بیرەوەریەکان، چیرۆک، ل ١١٨ـ١٢٠

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، گوڵی خۆشەویستی، چیرۆک، ل ٦١ ـ ٦٩

*ئازاد خانەقینی (ئازاد وەهاب عبدلڕەحمان )

ـ ژمارە ١٧ پایزی١٩٩٠، لە بیرەوەرییەکانی عەبە کوێر، وەرگێڕان، چیرۆک، ل١٣٠ـ ١٣٥

* ئارێز عەبدوڵڵە ئەحمەد

ـ ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، بە سەرهاتی( مۆمێ) لە گۆرانیەکی فۆلکلۆریدا، شیعر، ل١٢٧ـ ١٣٠

*ئاشتی( ئاشتی ئیبراهیم ئەفەندی)

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، سەرنجێک دەربارەی چیرۆکی شیلانە، ڕەخنە، ل٩٩ـ ١٠٢

*ئاسۆ ( کاکە مەم بۆتانی )

ـ ژمارە ١١ شەباتی ١٩٨٦، ئەدەب وئەدیبی شۆڕشگێڕ، لێکۆڵینەوە، ل ٧١ـ ١٠٧

*ئەحمەد کەریم ( ئەحمەد عارف)

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، چوار هۆنراوە، شیعر ل ٦٨ ـ ٦٩، بەرکوژەی خەم

ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، شیعر ل٧٧ـ ٧٨، ژمارە١٢مایسی ١٩٨٦، پەنگەر، شیعر ل ١٢٤ـ ١٣١

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، ڕێژنە، شیعر، ل ٥٣ ـ ٥٥

*ئەحمەد ڕەجەب

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢ لالۆ ڕەسوڵ، عەلی ئەشرەف دەرویشیان، وەرگێڕان، چیرۆک، ل٧٣ـ ٧٧

*ئەحمەد هەردی (ئەحمەد حەسەن عزیز)

ـ ژمارە١٧ پایزی١٩٩٠، یەکێتی نووسەران و هەردی، لێکۆڵینەوە، ل ٩ـ ١٤

*ئەحمەد بەحری

ـ ژمارە١٧ پایزی١٩٩٠، ئەرکی ئەمڕۆی ئەدیبانی کورد، لێکۆڵینەوە ل٣٠ـ ٣٣

*ئەحمەد شریفی

ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، زمانی کوردی لە ( یەکێتی فقه اللغه ایران )دا، لێکۆڵینەوە، ل٢٣ـ ٣١

*ئەحمەد قەرەنی(ئەحمەد محەمەد مام عوسمان)

ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، ژبیر ناکەم، شیعرل٥٧ ـ ٦٠

*ئەرسەلان بایز(ئەرسەلان بایز ئیسماعیل)

ـ ژمارە١٧ پایزی ١٩٩٠، پرۆسترۆیکاو دوا ڕۆژێکی ڕووناک، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، ل٦٠ـ ٦٥

ـ ژمارە ١٨ پایزی ١٩٩١، ڕازەکانم دەدرکێنم ، چیرۆک، ل ٧٨ـ٨٢

*ئارام ( ئاسۆس ئەحمەد حەسەن هەردی)

ـ ژمارە ١٤ کانونی ١٩٨٨، لە نێوان ژیان و مەرگا، چیرۆک، ل ٧٠ ـ ٧٢

*ئەبوبەکر شاخی (ئەبوبەکرمحەمەد حاجی قادر)

ـ ژمارە ١٧پایزی ١٩٩٠، لە کۆڵەپشتی، چیرۆک، ل ١٥٧ ـ ١٦٠

ـ ژمارە١٦ پایزی ١٩٨٩، مەیلی، لێکۆڵینەوە ل ١٧١ـ ١٧٣

*ئەبوبەکر خوشناو(ئەبوبەکر عەبدوڵڵا حەسەن)

ـ ژمارە ١٨ پایزی ١٩٩١ بریاش چروی، وەرگێڕان ، شیعر، ل١٧ ـ ٢٦

*ئا.م.م (     )

ـ ژمارە ١٨ پایزی ١٩٩١ ، گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێکی ئیلامی، لێکۆڵینەوە، ل١١٧ـ ١٢٠

*ئەبو شەهاب (ئیحسان نەجم)

ـ ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، تەڕی خوێندنەوە، ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، ل ٢٥ ـ ٥٦

*ئەڵوەند(      )

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، نان...، چیرۆک ل ١٤٣ ـ ١٤٥

* ئەنیس نزار(       )

ـ ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، چاڵ، چیرۆک، ل٦٩ـ٨٣

*ئەنوەر مەسیفی

ـ ژمارە ٧ ، ١٩٨٣، ل ٧٥ ـ ٧٦، شیعر، بۆ فرمێسکی سوورو سپی

( **ب** )

*بەختیار (حیکمەت محەمەد کەریم، مەلا بەختیارـ بەختیار )

ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ کوردی ، گرنگی ئیلتیزام لە قۆناغی خەباتی ئێستاماندا، لێکۆڵینەوە، ل٣ـ ١١

*بورهان قانع (بورهان محەمەد قانع )

ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی٢٦٨١ کوردی، دایک، مەکسیم گۆرکی، وەرگێڕان، چیرۆک، ل٧٠ـ ٧٧

*بەشدار(         )

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤تایبەت بە چیرۆک، کوڕی چیا، چیرۆک، ل٩٥ ـ ١٠٠

* برادۆست (       )

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤تایبەت بە چیرۆک، فەرهاد، چیرۆک، ل١٣٢ ـ ١٤٢

*بڵێسە( محەمەد حسێن هەڵەبجەیی )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، دەنگی ئارام، شیعر، ل ٤٤ ـ٤٧

*ب، ولات (جەوهەرکرمانج )

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، تاهیربەگی جاف و مامۆستا هێمن، لێکۆڵینەوە ل١٧٤ـ ١٧٩

ـ ژمارە ١٧پایزی ١٩٩٠، ڕەگی بەرەنگاری لە شیعری کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ل ٤٣ ـ ٥٩،

ـ ژمارە، ١٥، ساڵی ١٩٨٩چی بنوسین وچۆن بنوسین، وتار، ل٢٧ـ ٣٩

*بێریڤان( بێریڤان دۆسکی)

ـ ژمارە١٦ پایزی ١٩٨٩، ڤینەک بێ هێڤی، شیعر، ل١٨١ـ ١٨٣

*بەندە باوەنور(  )

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، جاش پەیژەی مێژوو، چیرۆک، ل ٧٥ ـ ٧٨

*بێزار(      )

ـ ژمارە ١٦پایزی ١٩٨٩، هەڵوێستی بێدەنگی، شیعر، ل١٩٢ـ  ١٩٤

( ت )

*تێلی ئەمین،

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، رەڤ ، شیعرل ١٤ ـ ١٥

*تارا (  )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شەهید، شیعر، ل ٨٧ ـ ٨٨

*توفیق ئیبراهیمی( ڕەنجدەر)

ـ ژمارە١٧پایزی ١٩٩٠، چەند تابلۆیەک، شیعرل ١٠١ـ ١٠٢

( پ )

*پەیمان(      )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤تایبەت بەشیعر، زەردەخەنەی خەبات، شیعر، ل٦٦ـ ٦٩

*پەرویز جیهانی

ـ ژمارە ١٧پایزی ١٩٩٠، بەرەوزمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی، لێکۆڵینەوە، ل١٥ ـ ١٩

*پاوان عەبدوالموجود

ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، ئیدی بۆکوێ بچین، چیرۆک، ل١٠٣ـ ١١

*پرۆفیسۆر شاکرخدۆ

ـ ژمارە١٦ پایزی ١٩٨٩، خەباتا کوردزانی بێ گاڤێن مەزنداڤێژە، لێکۆڵینەوە ل٥٨ ـ ٦٥

( ج )

*جوامێر( شێرکۆفایەق بێکەس)

ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، لە شەوێکدا، شیعر، ل٤٦ ـ ٥٠،

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، شیعری کاریکاتێر، شیعر، ل ٤٤ ـ ٤٥

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، بانگ، شیعر، ل ٤٨ ـ ٥٥

ـ ژمارە١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، کەڵ، شیعر ل٨١ ـ ٨٤

*ج، ڕەوەز(   )

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، تفێک، چیرۆک، ل ٦٤ ـ ٦٨

*جەوهەر کرمانج(جەوهەر مستەفا حەمک )

ـ ژمارە، ٥ ئابی ١٩٨١، کۆچی زاوایەکی نامۆ، شیعرل٤٦ ـ ٥١

ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، میهرناز، سوکی موهتەدی، چیرۆک، ل ٣٨ـ ٤٠

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، داو، شیعرل٣٠ـ ٣٦

ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، پەیمان شیعرل٥٢ ــ ٥٦

ـ ژمارە١٠ تشرینی  یەکەمی ١٩٨٥، پشکۆ، شیعر ل ٨٥ ـ ٨٨

ـ ژمارە١٢مایسی ١٩٨٦، تفەنگ، شیعرل١٠٣ ـ ١٠٥

ـ ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، هەڵەبجە یەکەم هاتن و دووەم هاتن، شیعر ل١٠٢ ـ١١٠

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، پانۆرامای شیعر، شیعر، ل ٤٩ ــ ٥٢

*جەلال تاڵەبانی(جەلال حسامە ددین نورللە)

ـ ژمارە ٤ ئایاری١٩٨٢، پێم وایەکاک کەریمی حسامی باش بۆی چووە، لێکۆڵینەوە ل١٤ ـ ١٨

*جەلالی میرزا کەریم

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣،(.....) شیعرل ٤١ ــ ٤٢

*جولا (   )

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، ڕەبەنوک، چیرۆک ل٥٠ ــ٥٧

*جەلال مەلەک شا

ـ ژمارە ١٧پایزی ١٩٩٠، ڕێبوار، شیعرل١٠٧

*جگەرخوێن(   )

ـ لەگۆڤاری (ڕۆژهەلات) وەرگێڕاوە ژمارە ٣، ١٩٨٢ ل ٤٥ ـ ٥٢

*جلیلی جەلیل

ـ مارف عومەرگوڵ ، ژمارە ١٧، ١٩٩٠، ل ٨٥ ـ ل ٨٩

( ح )

*حەمە کەریم عارف

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣حەوتەوانەی عەشقی پیرۆز، چیرۆک ل٦٠ ـ ٦٧

ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، چیرۆک، چیرۆک ل٢٧ـ٣٧

ـ ژمارە ١٢مایسی ١٩٨٦، هەرەس لە تای تەرازوی خوێندنەوەدا، ڕەخنە، ل٦ ـ ٣٩

ـ ژمارە١٣ مارتی ١٩٨٧ کۆچ، چیرۆک ل٨٧ ــ١٠٢

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، قاچاخچی، چیرۆک، بکر یلْدیز، وەرگێڕان، ل ٣ ـ ٢٤

حەمەتاڵ ( حەمە نووری تۆفیق )

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٣ تایبەت بە چیرۆک، ڕێبوارەکان، چیرۆک ل ٦٩ـ ٨٤

* حسێن سنجاری

ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٣، تایبەت بەچیرۆک، بەهەشتی، چیرۆک ل١٦٠ـ ١٦٣

*حەمە سەعید حەسەن

ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، کاتێ شارە زەردەواڵە ئەوروژێ، شیعرل ٥٩ ـ ٦٠

ـ ژمارە١٧ پایزی ١٩٩٠، لێک دابڕان، شیعر ل٩٦ـ ٩٧

*ح، مەولاوی(حسێنی مەولایی )

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، ناسک بەختی من گوزەل، مەحمود دەوڵەت ئابادی، چیرۆک، وەرگێڕان ل ١٥٧ ـ ١٦٥

*حیکمەت محەمەد کەریم(مەلا بەختیار)

ـ ژمارە١٧ پایزی ١٩٩٠، ئاستەنگی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا، لێکۆڵینەوە ل٢٠ ــ ٢٩

ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، ڕیالیزی سۆشیالیزم و بەهرەی ئازادی، لێکۆڵینەوە ل٣٢ـ ٣٧

*حکیم مەلا ساڵح

ـ ژمارە پایزی ١٩٩٠، مۆتەکە، چیرۆک ل١١٣ــ ١١٧، ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، تلیاک، چیرۆک ل٩٤ ــ ١٠٢

*حسێن عبدالقادر

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨ مانگ بۆ نایەت، حسێن پناهی، وەرگێڕان، شانۆ، ل ٩٦ ـ ١٠٢

( خ )

*خلیل دهۆکی

- ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، شۆڕشگێڕ و هۆزانڤانی کورد، کەمال بورقای، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل ٥ - ١٦

- ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، شەڤەکە پیزێ، ا باڤێ نوری ، ژبەرهەڤ کردنا، چیرۆک ل٢ - ٢٦

- ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤تایبەت بە شیعر، باژێرێ من، شیعرل ٦ -٧

- ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، نۆ بەدارێ سەهۆسالێ، شیعرل ٩٠ - ٩١

*خالید جوتیار(خالید مەولوود ئەحمەد )

- ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، بەرەو لێکدانەوەی فۆلکلۆری کوردی، لێکۆڵینەوە ل٢١ - ٢٤

- ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، بەرەو لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی، لێکۆڵینەوە ل١٣ - ١٦

*خەسرەوی نامۆ(     )

- ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، کەمین بۆ دزەکانی دارستان، شیعر ل٩٦ - ٩٩

* خورشید فاتح

- ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، لە گورگانا شەوێ ی بەعسا، چیرۆک ل٥٥ - ٦١

*خالید ئەسعەد (مەلا بەختیار)

- ژمارە ١٦پایزی ١٩٨٩، ڕیالیزمی شۆڕشگێڕ لە نێوان دۆگم وئازادیدا، لێکۆڵینەوە ل٢٦ - ٣٣

*خ. عبالکریم ( خەبات عبدوالکریم )

- ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، کورتەیەک لە مەڕ کۆچی سور، ئەبوشەهاب، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٢٧ - ٣٥

( چ )

*چیمەن کاوێس

- ژمارە ٦شوباتی ١٩٨٣، سرورودی سەرکەوتن، شیعرل٩٦ -٩٧

* چیا گەرمیانی (     )

- ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤تایبەت بە شیعر، گوێم لێ بوو ژوورەکەم پێناسەی خۆی کرد، شیعر ل ١٦ -٢٠

- چیا ( ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، لە یاداشتی پێشمەرگەیەک دا، شیعرل ٧٩ ـ ٨٠

( د )

* دکتۆر کەمال فواد

ـ ژمارە ٣ سەرماوزی ٢٦٨١، لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، لێکۆڵینەوە ل٤٠ ـ٥٢

ـ ژمارە٣ شوباتی ١٩٨٢، ڕۆژنامەی کوردستان، لێکۆڵینەوە ل٣ـ ١٥

ـ ژمارە ١٦پاییزی ١٩٨٩، چەند سەرەتایەکی زمانەوانی، لێکۆڵینەوە ل٩ ـ١٣

* دڵزار( ئەحمەد مستەفا محەمەد)

ـ ژمارە٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ ی کوردی خەسرەوی گوڵسورخی، لێکۆڵینەوە وەرگێڕان ل ٣٤ـ ٣٩

ـ ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢ دیدارێک لەگەڵا ئەدیبی سۆڤێتیدا، ڕۆشنبیر لە ژێر سایەیی دیموکراسیدانەبێ گەشەنەکات ، حاجی جوندی، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان ل٤ ـ ١٣.

ـ ژمارە٧ ئاداری ١٩٨٣، لە یادی نەورۆزدا، شیعر ل٥٩.

* دەرسیم( )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، پێنج چەپک گڕی سوور لە ئاگردانێکی گەرمیان، شیعرل٢٧ ـ ٢٩

* دلۆڤان( )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، دیوارب گوهن، شیعرل٣٧ ـ ٣٩

* دلاوەر مەحمود( مارف عومەر گوڵ)

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، لاپەڕەیەک لە پەیامی زیندانیەک، شیعرل٨٩ ـ ٩١

ـ ژمارە١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، دەسەڵات، شیعرل ٨٩

* دکتۆر شێرکۆ( شێرکۆ عەبدوڵڵا ڕەشید)

ـ ژمارە١٧ پاییزی ١٩٩٠، خەمنامە، شیعر ل١٠٠

* دڵشاد عومەر کاکی

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، شێتە ، چیرۆک ل٧٨ ـ ٨٥

( ڕ )

* ڕۆزا ( شیرین. ک ـ شیرین کەمال)

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، منالانی شارەکەم دەزانن چی بەدایکیان دەڵێن، چیرۆک ل٧٢

* ڕەفیق سابیر(دکتۆر ڕەفیق سابیر)

ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، سوتان لە بەر باراندا، شیعر ل٤٠ ـ ٤٥

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، دەربارەی پێکهێنانی یەکێتی یەک بۆ نووسەرانی هەموو کوردستان، لێکۆڵینەوە ل١٦ ـ٢٠

ـ ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، پێنج هۆنراوە، شیعر ل٤١ ـ ٥١، ژمارە ١٥، سرودی خاک، شیعر، تایبەت بە تۆماری هەڵەبجە ل٨٤ ـ ١٠١

* ڕێبوار( ڕەئووف بێگەرد)

ـ ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، قفڵ، چیرۆک ل٦٦ـ ٦٩

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، پێ داگرتن، چیرۆک ل٩٠ـ ٩٩

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، درەختی پیرۆز، چیرۆک ل٢٦ـ ٣٧

* ڕێبوار جاف ( )

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، چەند هۆنراوەیەکی ئاگراوی ، شیعر ل٦٢ـ ٦٥

* ڕێژین ( )

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، بەڵێن، چیرۆک ل ٥٨ ـ ٦٨

* ڕێزان ( ئاسۆ ئەحمەد)

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، نەفرەت، چیرۆک ل ١٤٩ ـ ١٥٩

ـ ژمارە ١٣مارتی ١٩٨٧، هونەر لەجوغزێکی تەنگدا، لێکۆڵینەوە ل٥٧ ـ٧٠

* ڕەنو( )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، ژانی ئەستێرەیەکی چیایی، شیعر ل٥٦ ـ ٥٨

* ڕێبوار عبدوڵلا ئەحمەد ( ڕەئووف بێگەرد )

ـ ژمارە١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، کارگە، چیرۆک ل٤٣ ـ ٥٤

* ڕەحیمی لوقمانی

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، ساز، شیعر ل٩٩

* ڕاوەندی (                    )

ـ ژمارە١٧ پایزی ١٩٩٠، بازنەی گەمارۆ، چیرۆک ل١٣٦ ـ ١٤١

* ڕەهێڵە (              )

ـ ژمارە١٧ پایزی ١٩٩٠، شەوێکی جیا لە هەموو شەوانی تر، شیعر ل٨

* ڕەمەزان عیسا

ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، دوو خوژی، شیعر ل٧٣

* ڕێکار ئەحمەد

ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، ئاوارەیی، چیرۆک ل٨٩ ـ٩٣

* ڕەحیم عەزیز

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، عاشقی چیا، شیعر، ل١٠٣ ـ ١٠٥

* ڕێبوار( موسڵیح شێخ ئەلئیسلامی )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، سنوور شیعر، ل١١٦ ـ ١٢٢

*ـ ژمارە ١٦ پایزی ساڵی ١٩٨٩، پیرەدار، شیعر، ل١١٠ ـ ١١١

* ڕێبین هەردی (ڕێبین ئەحمەد حەسەن هەردی)

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، دۆزەخ، چیرۆک، ل ٨٤ ـ ٩٠

( ز )

* زەردەشت (               )

ـ ژمارە ١١ شوباتی ١٩٨٦، داڵدە، چیرۆک ل٥٠ ـ ٧٠

* زۆزان (               )

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، چەند شیعرێکی عەباس بەدری، وەرگێڕان، شیعر ل ٩٤ـ ٩٥

* زیاد مەولود (        )

ژمارە ١٨زستانی ١٩٩١، یاداشتی مرۆڤێکی وون، وەرگێڕان، چیرۆک ل ٥٧ ـ

( ژ )

* ژوان (نەجیبە ئەحمەد)

ـ ژمارە ١١ شوباتی ١٩٨٦، دوا وروژان، چیرۆک ل ٤٥ ـ ٤٩

ـ ژمارە١٢ مایسی ١٩٨٦، شارێ ، چیرۆک ل ٩٢ـ ١٠٦
ـ ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، لوتکە، چیرۆک ل ٧١ـ ٧٧
* ژاڵە( مەهاباد قەرەداغی )
ـ ژمارە ١٣مارتی ١٩٨٧، پرسەی ئامانج، شیعر ل١١١ ـ ١١٢
* ژیلا( ژیلا حوسێنی)
ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، کۆست، شیعر ل ١٨٤

**( س )**

* سەلام محەمەد
ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، پێرووم خوێندەوە، ڕخنە ل ١٤ ـ ٢٨
* سەلاحەدینی موهتەدی
ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، خەوە بەردینە شیعری سوارە، شیعرو لێکۆڵینەوە، ل٣٩ ـ ٤٤
* سیامەند مامیر( سیامەند مامیر شاسواری)
ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ کوردی، کارەساتی هونەری ئەمرۆلە مەڕ هونەرمەند و ڕوناکبیر، ڕۆژە گارودی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل ٢٥ ـ ٣٣
ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، شاملو شیعری نوێی فارسی، لێکۆڵینەوە، ل٢١ ـ ٤٤
ـ ژمارە ٤ ئاياری ١٩٨٢، تیوری ڕەنگدانەوە و داهێنان، لێکۆڵینەوە ل١٩ـ ٢٨
* سامی شۆڕش (سامی عەبدولفەتاح عەبدولەتیف عەبدولوەهاب)
ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، عاشقی ئەو ، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٩ ـ ٨٧
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، دوو هۆنراوە، شیعر ل ٦٩ ـ ٧١
* سعدواللا پەرۆش
ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، گەشتی چۆلەکە، چیرۆک ل٩١ ـ ٩٥
* سەپان (      )
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، چەک وکاروان، شیعر ل٢٤ ـ ٢٦
* سەعید دێرەشی
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکومی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، گوندی وێران، شیعر ل٩٢ ـ ٩٥
* سەرهەنگ حەمدی (      )

ـ ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، تروسکەیەک لە ئەدەبی بەرگری، لێکۆڵینەوە، ل٢٣ ـ ٤٢

* سیروان (عەبدولله کەریم مەحموود)

ـ ژمارە١٢ مایسی ١٩٨٦، دوا چیرۆک، شیعر ل١٣٧ ـ ١٣٨

* سابیر( سابیر سدیق )

ـ ژمارە ١٢مایسی ١٩٨٦، دوا سنەوبەر، شیعر ل١٣٢ ـ ١٣٦

ـ ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، بەتیارەی ئازادی، شیعر ل١٠٦ ـ ١١٠

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، شەیپور، شیعر، ل ٥٦ ـ ٥٩

* سیامەند شێخ ئاغایی

ـ ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، جودایی ، پەخشان، ل١٢٠ ـ ١٢٩

* س.ع. ص(        )

ـ ژمارە ١٦پایزی ١٩٨٩، ئەمینی ئەوداڵ، حاجی جوندی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل٢٢ ـ ٢٥

* سەید ئەحمەد (سەید ئەحمەد حەمەلاو)

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، بڕوخێ زۆرداری بژی ئازادی، چیرۆک ل١٢٢ ـ ١٢

* سەلام زەندی(        )

ـ ژمارە١٨ زستانی ١٩٩١، محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل ٣٨ ـ٥٠

* سەڵاح موکریانی

ـ ژمارە ١٧پایزی ١٩٩٠، تێبینیەک لە سەر شیعرەکەی هێمن، ڕەخنە ل ١٦٤ ـ ١٦٥

* سەیران ( دڵشاد محەمەد ئەمین، دڵشاد مەریوانی )

ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی٢٦٨١ی کوردی، پاکانە، مزفەر النواب، وەرگێڕان، شیعر ل٥٧ ـ ٦٤

٨ ص. سوارۆ(    )

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، دڵە تەپێیی وجودیەت، سیروس پەرهەم، چیرۆک، وەرگێڕان، ل ٢٥ ـ ٣٦

( **ش** )

* شەماڵ( دکتۆر ئەمجەد ئەرشەد حەوێزی ـ شەماڵ حەوێزی )

ـ ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، سەگی بەرەڵا، سادقی هیدایەت، وەرگێڕان، چیرۆک ل٧٠ ـ ٧٨

ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، کاتێ شیعر...، شیعر ل١٢١ ـ ١٢٦

* شەهاب عوسمان

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، گۆرانی سوتاو  کۆچێکی پایزی، شیعر، ل٥٧ ـ ٥٩،

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، هونەرمەند و نووسەری شۆڕشگێڕی کورد یەلماز گونەی، لێکۆڵینەوە ل ١٠٦ ـ ١١٩

* شێرۆ( شێرزاد حەسەن)

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، دووکەڵ، چیرۆک ل٨٥ ـ ٩٤

* ش ( عەبدوڵڵا سەڕاج)

ـ ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چالاکیەکی نەبەردانە، ئاش داخ، وەرگێڕان، چیرۆک ل٦٧ ـ ٧٥

* شێرکۆ بێکەس(شێرکۆ فایەق عبدوالله)

ـ ژمارە ١١ شوباتی ١٩٨٦، هەرەسم خوێندەوە، ڕەخنە ل٥ ـ ٤٤

ـ ژمارە ١٢ مایسی ١٩٨٦، شایی شەهید، شیعر ل١١٤ ـ ١٢٣

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، ئینجانە، تاقە شایەت، شیعرل ١٠٥ ـ١٠٧

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، چاوپێکەوتنی ئەدەبی، شیعر ل ٩٠ ـ ٩٣

ـ ژمارە ١٥ ، ساڵی ١٩٨٩، باڵا، شیعر، ل١٢٠ـ ١٢٥

* شوان کابان ( شوان کەریم کابان)

ـ ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، سێ چەپک خەم، لە خەمەکانی ئەم شەوم،  شیعر ١١٦ ـ ١١٨

* شێخ محەمەد باڵەک

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠چڵەکێش، شیعر ل ١٠٥ ـ ١٠٦

* شۆڕش زیرەک (    )

ـ ژمارە ١٥ ساڵی ١٩٨٩، لە کۆمارا گورجستانێ، هەڤ پەیڤیین لەگەڵ سەروەرێ تیاترۆیا کوردی لە کۆمارا گورجستانێ، هەڤ پەیڤیین، ل٥٠ ـ ٥٧

* ش ـ ا (          )

ژمارە، ١٥ ساڵی ١٩٨٩، وت وێژێک لەگەڵ ئایدا، چاوپێکەوتن، ل ٥٨ ـ ٦٨

( ع )

* عەبدوالقادر سەعید

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، وەرزی ئازار ، شیعر ل ٦٦ ـ ٦٨

* عەلی خالید حمید ( کاکە مەم بۆتانی)

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، دەروێش برایم لە بێشکەی سزادا، چیرۆک ل ٨ ـ ١٩

٭ عوسمان شەیدا ( عوسمان ڕەشید عەولا)

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، دیوی دووەم لە کاسێتی هەنگاو مێژوو، شیعرل ٢ ـ ٥

٭ عەبدول الکریم دەشتی

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، کەپکە برین، شیعرل ٤٠ ـ ٤٣

ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، کوچەی مەرگ، شیعر ل٦٤

٭ عەزیز ئاڵی (        )

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، عکس، شیعرل ١٨٥ ـ ١٨٧

٭ عومەر فاروقی

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، مەلا عەبدوالرەحمانی نیعمەتزادە، لێکۆڵینەوە ل١٦٧ـ ١٧

ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم پایزی ١٩٩٠، لە یادی ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەردا، لێکۆڵینەوە ل ١٥٤ ـ ١٥٦

٭ عەزیز کەیخوسرەوی

ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم پاپزی ١٩٩٠، چیرۆکی مەرگی هەڵۆی سوور، شیعرل ١٠٣

٭ ع. ز. ر (            )

ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم پایزی ١٩٩٠هەڵۆی ئازادەکە، چیرۆک ل ١٠٩ ـ ١١٢

٭ عەباس عبدوالرەزاق

ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم  پایزی ١٩٩٠، سیناریۆ، چیرۆک ل ١٤٢ ـ ١٤٩

٭ ع. ن. پ (    )

ـ ژمارە١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، بەیداخی سەرکەوتن یان بەیداخی نەمری، لێکۆڵینەوە، ل ٣٦ ـ ٤٣

٭ عبدالله قەرەداغی

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، سێ چریکەی هەتیو، شیعر، ل ٦٠

٭ عبدالله عبدالکریم(عەبدوڵڵا کەریم مەحموود)

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، دایک، چیرۆک، ل٩١ ـ ٩٥

(ص)

* صەباحی غالب

- ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، هەوێنی بوون، چیرۆک ل١٧ ـ ٢٠

* صالّح یوسفی

- ژمارە٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی ، ولاَتی من، شیعر ل ٥٣ ـ ٥٦

( ف )

* فەرەیدون عەبدوالقادر( فەرەیدون عبدولقادر فەرەج)

- ژمارە ژمارە٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ ی کوردی، خەباتی ڕاست وچەپ، لێکۆڵینەوە، ل٦٥ ـ ٦٩

* فەرهاد( ڕەئووف بێگەرد)

- ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە لە چیرۆکی شێتە، ڕەخنە ل٨٦ ـ ٩٢

* ف. ئەسەسەرد ( فەرید سابیر قادر حەسەن)

- ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، پەیکەر، چیرۆک ل٥٧ ـ ٦٥

* فەرید زامدار(فەرید بەکر ئەیوب )

- ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، تیشک، شیعر ل ٥٩

* فازل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر)

- ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، هەڵهاتن، چیرۆک ل١١٤ ـ ١٣١

* فەرهاد سەنگاوی (فەرهاد حەمەساڵح کەریم)

- ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، گۆڕ غەریبێک ، پەخشان ل ١٩٥

* فەرهاد ڕەسوڵ ( حاکم فەرهاد مەلا ڕەسوڵ گورون)

- ژمارە١٦ پایزی ١٩٨٩، کاتێک خۆشەویستی ڕەگ دادەکوتێ.. چیرۆک ل ١٤٦ ـ ١٥٠

- ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، سوتوو، چیرۆک، ل ٧٩ ـ ٨٣

* فەرهاد پیرباڵ

- ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، دوو پارچە شیعر، شیعر ل ٩٨

- ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، پێنج ژمارەی نووسەری کوردستان، لێکۆڵینەوە ل٥ ـ ٢٢

* فەرهاد عەلی

- ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، نامە، چیرۆک ل١٤٣ ـ ١٤٨

* فازیل قەساب

ـ ژمارە١٦ پایزی ١٩٨٩، دایکە کێوی، گی. ی. مۆپاسان، وەرگێڕان، چیرۆک ل١٥١ ـ ١٥٦

ـ ژمارە ١٥ ساڵی ١٩٨٩ کامە یە سەنگەری جەماوەری سەربە خۆ، وتار، ل٤٠ ـ ٤٩

* فەخرەالین محی الدین (ئەدیب نادر)

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤، بەرات، تایبەت بە چیرۆک ، چیرۆک ل ١٠٨ ـ١١٣

( ک )

* کۆسرەت ( هەڤاڵ کوێستانی )

ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نازم حیکمەت دا، شاردۆدۆبزینسکی، وەرگێڕان، چاوپێکەوتن، ل٩ ـ ١٣

ـ ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ون بوویەکدا، چیرۆک ل ٧٨ ـ ٨٦

* کاکەباس( عەباس محەمەد حەسێن ـ حاجی مەمۆ)

ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، قوتابخانەکەمان چی بەسەرهات، چیرۆک ل ٦٤ ـ ٦٧

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، چیرۆکەکانی ژمارەی پێشوم خوێندەوە، لێکۆڵینەوە ورەخنە ل٩٣ ـ ٩٨

ـ ژمارە٤ ئایاری ١٩٨٢ئەم خانوەی کەوتۆتە سەروەی هەور، ساندرۆبریسۆنی، وەرگێڕان، شانۆ ل ٧٩ ـ ٩٥

* کاوە ( دکتۆر ڕەفیق سابیر )

ـ ژمارە١ ئابی ١٩٨١، زوڵمئاوا، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، وەرگێڕان، چیرۆک ل ٦٨ ـ ٧٨

* کارزان. ف ( )

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، سێ شیعری کافانی، وەرگێڕان، شیعر ل ٨٨ ـ٩٠

* کاکە (سلێمان قائیمیانی)

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤تایبەت بە شیعر، بەند لە شیعری، نا نەتناسیوم ، شیعرل١١١ ـ ١١٥

* کارزان( )

ـ ژمارە٧ ئاداری ١٩٨٣، سێ شیعری نیرۆدا، وەرگێڕان، شیعر ل٦٩ ــ ٧٦

* کەریمی حسامی

ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، نامەیەکی کراوە، گفتوگو، ل ٨٧ ــ ٩٠

* کامەران قازی

ـ ژمارە ١٣مارتی ١٩٨٧، تەنیایی، شیعر ل١١٩

* کاکە لاس (        )

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣ ئەوڕوبارە، شیعر ل٥٦ ـ ٥٨

( گ )

* گیابەند( جەزا عەلی ئەمین )

ـ ژمارە١٢ مایسی ١٩٨٦، سنوری بەخشین ، شیعر ل١١٣ ـ ١١٥

* گوندی(          )

ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، شاعیر.. ناخی وەک سەماوەرەکەی قوڵپ دەدات، چیرۆک ل ٨٣ ـ ٨٥

( ل )

* لاوک ( مستەفا ساڵح کەریم )

ـ ژمار ە٨ تەموزی ١٩٨٤، ژمارەی تایبەت بە چیرۆک، کورەی دڵی باوک، چیرۆک ل ١٠١ ـ ١٠٧

* لوقمان (سیامەندمامیر شاسواری)

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، دێم، شیعر ل١٠٢ ـ ١٠٩

( م )

* محەمەد حەمە باقی

ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، شاعیر و شەهید، لێکۆڵینەوە ل٤ ــ ٨

ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ ی کوردی، شیعرەکانی ژمارەی پێشوم خوێندەوە، ڕەخنە ل٩١ ـ ١٠٤

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، گێژەنگ، شیعرل٥٣ ـ ٦٣

ـ ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، شیعر لە نێوان نالی و کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ل٢٩ ـ ٤٠

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شاعیر، شیعر ل٧٠ ـ ٧٥
ـ ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، زاوا، شیعر ل ٩٢ ـ ١٠٣
ـ ژمارە ١٢مایسی ١٩٨٦، خاک، شیعر ل١٠٧ ـ١١٣
ژمارە١٦ پایزی ١٩٨٩، گورگ، شیعر ل١١٢ ـ١٢٣،
ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٨٩، ئەشێ دەستبەرداری ڕیالیزمی سۆسیالیست بین، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل٦٦ ـ ٧٩
ـ ژمارە ١٥ساڵی ١٩٨٩، هەڵەبجە: ئەدەب هونەر سیاسەت، وتار، ل١٢٦ـ ١٥٠
ـژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، یەڵماز گونەی، شیعر، ل ٤٧ ـ ٤٨
* محەمەد موکری (محەمەد عەلی محەمەد)
ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، دواسەرنج، چیرۆک ل٤٣ ـ ٥٦
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، بۆسە، چیرۆک ل ١٦٤ ـ ١٩٢
ـ ژمارە١٢ مایسی ١٩٨٦، گوڵسورخی وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل ٤٠ ـ ٩١
ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، من برتولت برێشتم، لێکۆڵینەوە، ل١٠٣ ـ ١١٦
* مستەفا غەفور
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، دەربارەی هونەر بۆ هونەر، وەرگێڕان ل٥ ـ ١٦
ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، هونەر چی یە؟ تولستۆی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل٧٠ ـ ٧٨
* محەمەد ڕەنجاو(محەمەد عەبدولڕەحمان شێخ )
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، سەرەتایەکی کورت لە مێژووی ئەدەب، لێکۆڵینەوە ل٣٥ ـ ٣٩
ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، دیدارێک لەگەڵ دڵداری شاعیردا، لێکۆڵینەوە ل٣ ـ١٢
* موجود سامان
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، لەدایک بونێکی تر، فروغ فروغ زاد، وەرگێڕان، شیعر ل٧٢ ـ ٧٦
ـ ژمارە ٧ئاداری ١٩٨٣، هەرتەنها بەفرە شیوەنت دەکا، شیعر ل٥٦ ـ ٥٨
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، تاریکی، شیعر ل٧٦ ـ ٧٩
* م. زریان ( سەلاح عومەر)
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، جیابونەوە، چیرۆک ل ٨٥ ـ٩٠
* مەحمود خۆشناو (مەحموود سلێمان عەبدوڵلا)
ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، کەی دێیتەوە برا گیان، عەلی ئەشرەف دەروێشان، وەرگێڕن،

چیرۆک ل ٤١ ـ ٥٤

* م. ش ( عبدوللە سەرا ج )

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، ڕەشۆ، چیرۆک ل٢٠ ـ ٢٥

* مەریوان وریا قانع

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، خۆڵ باران، شیعر ل ٨ ـ١٣

* مەغدید مولود (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)

ـ ژمارە١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، زینانە، چیرۆک ل٦٢ ـ ٦٦

* مەحمود ڕەزا (مەحموود ڕەزا ئەمین)

ـ ژمارە١٣ مارتی ١٩٨٣، منیش هەمویانم خوێندەوە، ڕەخنە ل٣ ـ ٢٤

* مارف ئاغایی

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، بەیتی فولکلۆری و شیعری کوردی نوێ، لێکۆڵینەوە ل٣٤ ـ ٤٢

ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، نامەیەکی دڵسۆزانە، پێشنیارل ١٣١

* مەریوان فتاح

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، نووسەری کوردستان لە دیدی خوێنەرانەوە، ڕەخنە ل١٤ ـ ٣١

ـ ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، ئەدەبیاتی ئەم سەردەمەی ئەمریکای لاتین سەرنجێکی گشتی، پیت ماکنسین، لیکۆڵینەوە، وەرگێران، لە فارسییەوە، ل١٦ـ ٢٦

* مارف عومەر گوڵ

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، ئەی تۆفـ ـ دەوازم لێبێنە، شیعر ل ١٠٨ ـ ١٠٩،

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، جلیل جەلیل، لیکۆڵینەوە ل٨٥ ـ ٨٩

* مەحەمەد مورتەزایی

ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، عەلی ڕەزا بەدەل، شاعیری شۆڕشگێڕی ئازربایجانی، لێکۆڵینەوە ل٨٠ ـ ٨٤

* مەحمود شکاک نەژاد

ـ ژمارە١٧ خولی دووەم پایزی ١٩٩٠، سەرنجێک و هەڵوێستەیەک لە سەرشیعرەکەی هێمن، ڕەخنە ل١٦٦ ـ ١٦٨

* م . بریندار( )

ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم پایزی ١٩٩٠، دوو هۆنراوە، شیعر ل١٠٤

( ن )

* ناله( ناسر حەفید)
- ژماره ١ ئایی ١٩٨١، شیلانه، چیرۆک ل٥ - ٥٩
- ژماره٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی بۆ چونی دەستەویەخە، ڕەخنە ل ١٠٥ - ١٢٣
* نەجیبە ئەحمەد،
- ژماره ٤ ئایاری١٩٨٢، سەدا، شیعر ل٥٤ - ٥٦
- ژماره ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، هەڵوێست، شیعر ل٨٣ – ٨٦
- ژماره ١٦ پایزی ١٩٨٩، چەند نامەیەکی کراوە، چیرۆک ل١٢٥ - ١٣٨
- ژماره ١٧خولی دووەم پایزی ١٩٩٠، نۆما، چیرۆک ل١٥٠ – ١٥٣
- ژماره ١٥ ساڵی ١٩٨٩، شای شەهیدان، شیعر، ل١١١- ١١٩
- ژماره ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، شوانکارەی خەم، شیعر، ل٤٤ - ٤٦
* نەوزاد ڕەفعەت
- ژماره ٥ ئابی ١٩٨٢، کورتەباسێک دەربارەی نووسەر و ئەزمون، لێکۆڵینەوە ل٤٠ - ٤٣
* نەکەرۆز( ڕەحیمی لوقمانی )
- ژماره ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، ئاگرە سوورە ، شیعر ل١٢٣
* نامۆ( )
- ژماره ١٢ مایسی ١٩٨٦، مردنی دەنگ وڕەنگ، شیعر ل١٣٥- ١٣٦
* ناصر، ئاراس ( )
- ژماره ١٧ خولی دووەم پایزی ١٩٩٠، پەتی سێدارە، شیعر ل ١٠٨

(هـ)

* هەڤاڵ کوێستانی(عومەرحاجی خدرحسێن)
- ژماره ١ ئایاری ١٩٨١، دوو چیرۆک بۆ منداڵان، چیرۆک ل٦٠ -٦٣
- ژماره٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، بەردەباز، چیرۆک ل٧٨ - ٨٦
- ژماره ٤ ئایاری ١٩٨٢، دوو پارچە هۆنراوە، شیعر ل٥٢ - ٥٣
- ژماره ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بەشیعر، بڕیارێکی درەنگ وەخت، شیعر ل٦١ - ٦٥
- ژماره ١٦ پایزی ١٩٨٩، ئێستای شیعر و چەند مەسەلەیەکی شیعری، لێکۆڵینەوە، ل ٣٤ - ٥٧

* هاشم کۆچانی
ـ ژمارە ١ئابی ١٩٨١ نامەیەکی کراوە، لێکۆڵینەوە ل٧٥ ـ ٧٨
ـ ژمارە٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ ی کوردی، چیرۆکەکانی ژمارە یەک و چەند سەرنجێکی خێرا، ڕەخنە ل١٢ ـ ٢٤
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، ژەنراڵ و حەقیقەت، شیعر، ل ٥٢ ـ ٥٦
* هێژا( حەمەکەریم عارف)
ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، سوکە پێشەکیەک دەربارەی ئەفسانەی کۆن، صمەدی بەهرەنگی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل١٧ ـ ٣٢
* هەڵگورد ( دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤تایبەت بە شیعر، بۆ هاوڕێیەکی فەلەستینی، شیعر ل٣١ ـ٢٣
* هەڵوێست (دکتۆر ئاراس عزیز عەبدوڵلا)
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، دڵی تۆیە وا ئەسوتێ، شیعر ل ٨١ ـ ٨٢
* هیوا ( دکتۆر، ڕەئووف عوسمان)
ـ ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆکی کارگە، لەڕوانگەی ئەدەبی بەرگرییەوە، ڕەخنە ل ٧ ـ ٢٢
* هیوا (سەرکەوت محەمەد زەکی )
ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، چەند دیمەنێک، شیعرل ١٨٨ ـ ١٩١
* هۆشەنگ ( )
ـ ژمارە ١٨ زستان، ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩ـ١٩٩١، بۆکوژانەوەم..چەند سەدەیەکی بێدەنگی چیرۆک ل٨٦ ـ ٨٨

( و )

* وسو (حسێن عارف)
ـ ژ ١٩٨٣مارە ٦ شوباتی، زەربەیەکی تر، چیرۆک ل٣٣ ـ٤٠
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، ئەگەڕێمەوە.... ئەبینرێمەوە، چیرۆک ل ٧٩ ـ ٨٤

# پێرست بەپێی ناونیشانی بابەتەکان

## ئـ

– ئەدەب و ئەدیبی شۆڕشگێڕ، لێکۆڵینەوە، ئاسۆ (کاکەمەم بۆتانی)، ژمارە ١١، شوباتی ١٩٨٦، ل ٧١ـ-١٠٧.
– ئەرکی ئەمڕۆی ئەدیبانی کورد، ئەحمەد بەحری، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ٣٠ـ-٣٣.
– ئیدی بۆ کوێ بچین، پاوان عەبدولموجود، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، چیرۆک، ل ١٠٣ـ-١١٦.
– ئاستەنگی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا، حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ٢٠ـ-٢٩.
– ئاوارەیی، ڕێکار ئەحمەد، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، چیرۆک، ل ٨٩-ـ٩٣.
– ئەمینی ئەودال، حاجی جوندی، س.ع.ص ()، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٢٢-ـ ٢٥.
– ئینجانە، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٠٥ـ-١٠٧.
– ئەو ڕووبارە، کاکە لاس ()، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، شیعر، ل ٥٦ـ-٥٨.
– ئەشێ دەستبەرداری ڕیالیزمی سۆسیالیست بین، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٨٩، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٦٦ـ-٧٩.
– ئەدەبیاتی ئەم سەردەمەی ئەمریکای لاتین، سەرنجێکی گشتی، مەریوان فتاح، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، پیت ماکنسین، لە فارسییەوە، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، ل ١٦-٢٦.
– ئەی تۆف-دەوازم لێبێنە، مارف عومەر گوڵ، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٠٨ـ-١٠٩
– ئەگەڕێمەوە... ئەبینرێمەوە، وسو (حسێن عارف)، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٧٩-ـ٨٤.

- ئێستای شیعر و چەند مەسەلەیەکی شیعری (هەڤاڵ کوێستانی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ٣٤–ـ ٥٧.

- ئەم خانووەی کەوتۆتە سەرەوەی هەور، ساندرۆ بریسۆنی، کاکەباس (عەباس شێخ محەمەد حسێن -حاجی مەمۆ- کاکەباس)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، وەرگێڕان، شانۆ ل ٧٩ـ–٩٥.

**ب**

- بەختەوەری، ئازاد ئەحمەد، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، فازل عەزاوی، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٧ـ–٧٨.

- بەسەرهاتی (مۆمی)، لە گۆرانییەکی فۆلکلۆریدا، ئاریز عەبدوڵڵا، ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، شیعر، ل ١٢٧–ـ١٣٠.

- بریاش چروی، وەرگێڕان، ئەبووبەکر خوشناو، ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، شیعر، ل ١٧ـ–٢٦.

- بەرەو زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی، پەروێز جیهانی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ١٥ـ–١٩.

- بانگ، جوامێر (شێرکۆ بێکەس)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٤٨ـ–٥٥.

- بەهەشتی، حسێن سنجاری، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٣، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٦٠ـ–١٦٣.

- باژێڕی من، خلیل دهۆکی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٦ ـ–٧.

- بەرەو لێکدانەوەی فۆلکلۆری کوردی، خالید جووتیار، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل٢١–ـ ٢٤.

- بەرەو لێکدانەوەی فۆلکلۆری کوردی، خالید جووتیار، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، لێکۆڵینەوە، ل ١٣ـ–١٦.

- بەرات، فەخرەدین محێدین ـ ئەدیب نادر، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٠٨ـ–١١٣.

- بەڵێن، ڕێژین ()، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٥٨ـ–٦٨.

- بەتیارەی ئازادی، سابیر (سابیر سدیق)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، شیعر، ل ١٠٦ـ–١١٠.
- بڕوخێ زۆرداری بژی ئازادی، سەید ئەحمەد (سەید ئەحمەد حەمەلاو)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٢٢ـ ١٢٩
- بالا، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، شیعر، ل ١٢٠–١٢٥.
- بەیداخی سەرکەوتن یان بەیداخی نەمری، ع. ن. پ ()، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، لێکۆڵینەوە، ل ٣٦ـ–٤٣.
- بەند لە شیعری، نا نەتناسیوم، کاکە (سلیمان قائیمیانی)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ١١١ـ–١١٥.
- بۆسە، محەمەد موکری، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، بۆسە، چیرۆک، ل ١٦٤ـ–١٩٢.
- بۆچوونی دەستەویەخە، نالە (ناسر حەفید)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، ڕەخنە، ل ١٠٥ـ–١٢٣.
- بەردەباز، هەڤاڵ کوێستانی، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، چیرۆک، ل ٧٨ـ–٨٦.
- بڕیارێکی درەنگوەخت، هەڤاڵ کوێستانی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٦١ـ–٦٥.
- بۆ هاوڕێیەکی فەلەستینی، هەڵگورد (دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٣١–ـ٢٣.
- بۆ کوژانەوەم... چەند سەدەیەکی بێدەنگی، هۆشەنگ ()، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، چیرۆک، ل ٨٦ ـ–٨٨.
- بۆ برایان نووسەرانی کوردستان، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، ل ١٠٤ـ–١٠٥.
- بازنەی گەمارۆ، ڕاوەندی ()، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٣٦ـ–١٤١.
- بەیانی خیتامی، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل ١٠٤ـ–١٠٨.
- بۆ فرمێسکی سوورو سپی، ئەنوەر مەسیفی ژمارە ٧، ١٩٨٣، شیعر، ل ٧٥ـ–٧٦
- بانگەواز، ڕووناکبیران و نووسەرانی عەرەب و سوریایی و جیهانی کوشتارکاری صدام تاوانبار ئەکەن لە کوردستانی عێراق، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، ل ٩ـ–١٥.

## ت

- تفێک، ج، ڕەوەز ( )، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، چیرۆک، ل٦٤–٦٨.
- تفەنگ، جەوهەر کرمانج، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٠٣ـ–١٠٥.
- تلیاک، حەکیم مەلا ساڵح، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، چیرۆک، ل ٩٤ـ–١٠٢.
- تیۆری ڕەنگدانەوەو داهێنان، سیامەند مامیر (سیامەند مامیر شاسواری)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل ١٩ـ–٢٨.
- تروسکەیەک لە ئەدەبی بەرگری، سەرهەنگ حەمدی، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، لێکۆڵینەوە، ل ٢٣ـ–٤٢.
- تێبینییەک لەسەر شیعرەکەی هێمن، سەلاّح موکریانی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، ڕەخنە، ل ١٦٤ـ–١٦٥.
- تیشک، فەرید زامدار، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، شیعر، ل ٥٩.
- تەنیایی، کامەران قازی، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، شیعر، ل ١١٩.
- تاهیربەگی جاف و مامۆستا هێمن، ب، ولاّت (جەوهەر کرمانج)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ١٧٤ـ–١٧٩.

## پ

- پرۆسترۆیکاو دواڕۆژێکی ڕووناک، ئەرسەلان بایز، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، ل٦٠ـ–٦٥.
- پەیمان، جەوهەر کرمانج، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، شیعر، ل ٥٢ـ–٥٦.
- پشکۆ، جەوهەر کرمانج، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٨٥ ـ–٨٨.
- پانورامای شیعر، جەوهەر کرمانج، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شیعر، ل ٤٩ ـ–٥٢.
- پێم وایە کاک کەریمی حسامی باش بۆی چووە، جەلال تاڵەبانی(جەلال حیسامەدین)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل ١٤ـ–١٨.
- پێنج چەپک گڕی سوور لە ئاگردانێکی گەرمیان، دەرسیم ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٢٧.
- پێنج هۆنراوە، ڕەفیق سابیر، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، شیعر، ل ٤١ـ–٥١.
- پێداگرتن، ڕێبوار (ڕەئووف بێگەرد)، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٩٠ـ–٩٩.

- پرسەی ئامانج، ژاڵە (مەهاباد قەرەداغی)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، شیعر، ل ١١١ـ-١١٢.
- پێرووم خوێندەوە، سەلام محەمەد، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، رەخنە، ل ١٤ـ-٢٨.
- پاکانە، مظفر النواب، سەیران (دڵشاد محەمەد ئەمین، دڵشاد مەریوانی)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، وەرگێڕان، شیعر، ل ٥٧ـ-٦٤.
- پەیکەر، ف. ئەسەسەرد (فەرید ئەسەسەرد)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٥٧-٦٥.
- پیرەدار، ڕێبوار (موسلیح شێخ ئەلئیسلامی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١١٠ـ-١١١.
- پەنگەر، ئەحمەد کەریم (ئەحمەد عارف)، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٢٤ـ-١٣١.
- پێنج ژمارەی نووسەری کوردستان، فەرهاد پیربال، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، لێکۆڵینەوە، ل ٥ـ-٢٢.
- پەتی سێدارە، ناصر، ئاراس ()، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٨.
- پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، ئەم پرۆژەیە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان گەڵاڵەی کردووە، شێنێ، تەمووزی ١٩٨١، ل ٧٩ـ-٨٣.
- پێشەکی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، ل ١.
- پەیامی نووسەر، نۆ ساڵ خەبات و بەرهەم، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل٣-٧.
- پرسەنامە، خاتوو ئیلینا زاخارۆف، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٢٠٦ـ-٢٠٧.

## چ

- جاش پەیژەی مێژوو، بەندە باوەنور ()، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٧٥ـ-٧٨.
- جودایی، سیامەند شێخ ئاغایی، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، پەخشان، ل ١٢٠ـ-١٢٩.
- جیابوونەوە، م. زریان (سەلاح عومەر)، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٨٥-٩٠.
- جەلیلی جەلیل، مارف عومەر گوڵ (دکتۆر)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ٨٥ ـ-٨٩.
- جگەرخوێن دەدوێ، لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتەوە وەرگیراوە، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، گفتوگۆ، ل ١٦ـ-٢٠.

## ح

– حەوتەوانەی عەشقی پیرۆز، حەمەکەریم عارف، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٦٠ـ-٦٧.

## خ

– خەباتا کوردزانی بی گاڤێن مەزنداڤێژە، پرۆفیسۆر شاکرخدۆ، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ٥٨ ـ-٦٥.

– خەمنامە، دکتۆر شێرکۆ(شێرکۆ عەبدوڵڵا ڕەشید)،ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٠.

– خەوەبەردینە، شیعری سوارە، سەلاحەدینی موهتەدی، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، شیعر و لێکۆڵینەوە، ل ٣٩-ـ٤٤.

– خەباتی ڕاست و چەپ، لێکۆڵینەوە، فەرەیدون عەبدولقادر، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، ل ٦٥ـ-٦٩.

– خاک، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٠٧ـ-١١٣.

– خۆڵباران، مەریوان وریا قانع، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، شیعر، ل ٨-ـ١٣.

– خەسرەوی گوڵسورخی، دلزار (ئەحمەد دلزاری شاعیر)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٣٤ـ-٣٩.

## چ

– چاڵ، ئەنیس نزار ()، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، چیرۆک، ل ٦٩ـ-٨٣.

– چی بنووسین و چۆن بنووسین، ب، وڵات (جەوهەر کرمانج)، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وتار، ل ٢٧ـ-٣٩.

– چەند تابلۆیەک، توفیق ئیبراهیمی (ڕەنجدەر)،ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل١٠١ـ-١٠٢.

– چیرۆک، حەمەکەریم عارف، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٢٧ـ-٣٧.

– چەند سەرەتایەکی زمانەوانی، دکتۆر کەمال فواد، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ٩-ـ١٣.

– چەند شیعرێکی عەباس بەدری، زۆزان ()، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، وەرگێڕان، شیعر، ل ٩٤ـ-٩٥.

– چەند هۆنراوەیەکی ئاگراوی، ڕێبوار جاف ()، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، شیعر، ل ٦٢ـ–٦٥.

– چەک و کاروان، سەپان ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٢٤ـ–٢٦.

– چالاکییەکی نەبەردانە، ئاش داخ، ش (عەبدوڵڵا سەڕاج)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٦٧ـ–٧٥.

– چاوپێکەوتنی ئەدەبی، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٩٠ـ–٩٣.

– چڵەکێش، شێخ محەمەد باڵەک، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٥ـ–١٠٦.

– چیرۆکی مەرگی هەڵۆی سوور، عەزیز کەیخوسرەوی، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٣.

– چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکی شێتە، فەرهاد (ڕەئووف بێگەرد)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ڕەخنە، ل ٨٦ ـ–٩٢.

– چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نازم حیکمەتدا، شاردۆ بزینسکی، کۆسرەت (هەڤاڵ کوێستانی)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، وەرگێڕان، چاوپێکەوتن، ل ٩ـ–١٣.

– چیرۆکەکانی ژمارەی پێشووم خوێندەوە، کاکەباس (عەباس محەمەد حەسێن حاجی مەمۆ)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، ل ٩٣ـ–٩٨.

– چەند نامەیەکی کراوە، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، ل ١٢٥ـ–١٣٨.

– چیرۆکەکانی ژمارە یەک و چەند سەرنجێکی خێرا، هاشم کۆچانی، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، ڕەخنە، ل ١٢ـ–٢٤.

– چیرۆکی کارگە لە ڕوانگەی ئەدەبی بەرگرییەوە، هیوا (دکتۆر ڕەئووف عوسمان)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ڕەخنە، ل ٧ـ–٢٢.

– چەند دیمەنێک، هیوا (سەرکەوت محەمەد زەکی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٨٨ـ–١٩١.

## د

– دایک، مەکسیم گۆرکی، بورهان قانع، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٠ـ–٧٧.

– دەنگی ئارام، بڵێسە (محەمەد حسێن هەڵەبجەیی)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤،

تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٤٤ـ-٤٧.

- داو، جەوهەر کرمانج، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٣٠ـ-٣٦.

- دیدارێک لەگەڵ ئەدیبی کوردی سۆڤیێتیدا، ڕۆشنبیر لە ژێر سایەی دیموکراسیدا نەبێ گەشە ناکات، حاجی جوندی، دڵزار (ئەحمەد دڵزاری شاعیر)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٤ـ-١٣.

- دیوارب گوهن، دلۆڤان ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٣٧ـ-٣٩.

- دەسەڵات، دلاوەر مەحمود (مارف عومەر گوڵ)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٩٨.

- دەربارەی پێکهێنانی یەکێتییەک بۆ نووسەرانی هەموو کوردستان، ڕەفیق سابیر، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل ١٦ـ-٢٠.

- درەختی پیرۆز، ڕێبوار (ڕەئووف بێگەرد)، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٢٦ـ-٣٧.

- دۆزەخ، ڕێبین ئەحمەد هەردی، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٨٤-ـ٩٠.

- داڵدە، زەردەشت ()، ژمارە ١١ شوباتی ١٩٨٦، چیرۆک، ل ٥٠ ـ-٧٠.

- دوا ورووژان، ژوان (نەجیبە ئەحمەد)، ژمارە ١١، شوباتی ١٩٨٦، چیرۆک، ل ٤٥ـ-٤٩.

- دوو هۆنراوە، سامی شۆڕش، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، شیعر، ل ٦٩ـ-٧١.

- دوا چیرۆک، سیروان (عەبدوڵڵا کەریم مەحموود)، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٣٧ـ-١٣٨.

- دوا سنەوبەر، سابیر (سابیر سدیق)، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٣٢ـ-١٣٦.

- دڵەتەپێیی وجودیەت، سیروس بەرهەم، ص. سوارۆ ()، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، وەرگێڕان، ل ٢٥ـ-٣٦.

- دووکەڵ، شێرۆ (شێرزاد حەسەن)، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٨٥ ـ-٩٤.

دەروێش برایم لە بێشکەی سزادا، عەلی خالید حەمید (کاکە مەم بۆتانی)، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٨-ـ ١٩.

– دیوی دووەم لە کاسێتی هەنگاو و مێژوو، عوسمان شەیدا، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٢ـ–٥.

– دایک، عەبدوڵڵا عەبدولکەریم، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٩١ـ–٩٥.

– دوو پارچەشیعر، فەرهاد پیرباڵ، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٩٨.

– دایکە کێوی، گی. دی. مۆپاسان، وەرگێڕان، فازیل قەساب، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، ل ١٥١ـ–١٥٦.

– دیدارێک لەگەڵ دڵداری شاعیردا، محەمەد ڕەنجاو، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، لێکۆڵینەوە، ل ٣–ـ١٢.

– دوو هۆنراوە، م. بریندار ()، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٤.

– دوو چیرۆک بۆ منداڵان، هەڤاڵ کوێستانی، ژمارە ١، ئایاری ١٩٨١، چیرۆک، ل ٦٠ـ–٦٣.

– دوو پارچە هۆنراوە، هەڤاڵ کوێستانی ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٢ـ–٥٣.

– دڵی تۆیە وا ئەسوتێ، هەڵوێست (دکتور ئاراس عەزیز)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٨١ ـ–٨٢.

– دەربارەی هونەر بۆ هونەر، مستەفا غەفور، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، وەرگێڕان، ل٥ـ–١٦.

## ڕ

– ڕێژنە، ئەحمەد کەریم (ئەحمەد عارف)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شیعر، ل ٥٣ـ–٥٥.

– ڕازەکانم دەدرکێنم، ئەرسەلان بایز، ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، چیرۆک، ل ٧٨ـ–٨٢.

– ڕەگی بەرەنگاری لە شیعری کوردیدا، ب، وڵات (جەوهەر کرمانج)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ٤٣ـ–٥٩.

– ڕەڤ، تێلی ئەمین، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ١٤ـ–١٥.

– ڕێبوار، جەلال مەلەکشا، ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٧.

– ڕەبەنوک، جولا ()، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٥٠ـ–٥٧.

– ڕێبوارەکان، حەمەتاڵ (حەمە نووری تۆفیق)، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٣، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٦٩ـ–٨٤.

– ڕیالیزمی سۆشیالیزم و بەهرەی ئازادی، حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)، ژمارە

١٨، زستانی ١٩٩١ لێکۆڵینەوە، ل ٣٢ـ-٣٧.

- ڕیالیزمی شۆڕشگێڕ لە نێوان دۆگم و ئازادیدا، خالید ئەسعەد(مەلا بەختیار)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ٢٦ـ-٣٣.

- ڕۆژنامەی کوردستان، دکتۆر کەمال فواد، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل ٣-١٥.

- ڕۆژانی ئەستێرەیەکی چیایی، ڕەنو ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٥٦ـ-٥٨.

- ڕەشۆ، م. ش (عەبدوڵڵا سەراج)، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٢٠ـ-٢٥.

- رابطة الكتاب والصحفيين والفنانيين الديموقراطيين العراقيين، منظمت انصار، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢- ل١١٢ـ-١١٤

- ڕوونکردنەوەیەک، دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ل ١٣٩.

## ز

- زمانی کوردی لە (یەکێتیی فقه اللغه ایران)دا، ئەحمەد شریفی، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، لێکۆڵینەوە، ل ٢٣-ـ ٣١.

- زەردەخەنەی خەبات، پەیمان ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٦٦ـ-٦٩.

- زوڵمئاوا، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، کاوە (دکتۆر ڕەفیق سابیر)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٦٨ـ-٧٨.

- زاوا، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٩٢ـ-١٠٣.

- زەربەیەکی تر، وسو (حسێن عارف)، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٣٣ـ-٤٠.

- زینانە، مەغدید مەولود (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆک، ل ٦٢ـ-٦٦.

## ژ

- ژبیر ناکەم، ئەحمەد قەرەنی، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، شیعر، ل ٥٧ـ-٦٠.

ژەنراڵ و حەقیقەت، هاشم کۆچانی، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٢ـ-٥٦.

## س

- سەرنجێک دەربارەی چیرۆکی شیلانە، ئاشتی (ئاشتی ئیبراهیم ئەفەندی)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ڕەخنە، ل ٩٩ـ-١٠٢.

- سەگی بەرەڵا، سادقی هیدایەت، شەماڵ (شەماڵ حەویزی)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٠–ـ ٧٨.

- سێ چەپک خەم لە خەمەکانی ئەمشەوم، شوان کابان (شوان کەریم کابان)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، شیعر ١١٦ـ-١١٨.

- سیناریۆ، عەباس عەبدولڕەزاق، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٤٢ـ-١٤٩.

- سێ چریکەی هەتیو، عەبدوڵڵا قەرەداغی، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شیعر، ل ٦٠.

- سوتوو، فەرهاد ڕەسوڵ (فەرهاد مەلا ڕەسوڵ)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٧٩ـ-٨٣

- سێ شیعری کافانی، کارزان. ف ()، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، شیعر، ل ٨٨ ـ-٩٠.

- سێ شیعری نیرۆدا، وەرگێڕان، کارزان ()، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٦٩ـ-٧٦.

- سنووری بەخشین، گیابەند (جەزا عەلی ئەمین)، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١١٣ـ-١١٥.

- سەرەتایەکی کورت لە مێژووی ئەدەب، محەمەد ڕەنجاو، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل ٣٥ـ-٣٩.

- سروودی سەرکەوتن، چیمەن کاوێس، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، شیعر، ل ٩٦ـ-٩٧.

- سەرنجێک و هەڵوێستەیەک لەسەر شیعرەکەی هێمن، مەحمود شکاک نەژاد، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، ڕەخنە، ل ١٦٦ـ-١٦٨.

- سەدا، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٤ـ-٥٦.

- سووکە پێشەکییەک دەربارەی ئەفسانەی کۆن، صەمەدی بەهرەنگی هێژا (حەمەکەریم عارف)، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ١٧ـ-٣٢.

- سوتان لەبەر باراندا، ڕەفیق سابیر، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، شیعر، ل ٤٠ـ-٤٥.

- سرودی خاک، ڕەفیق سابیر، ژمارە ١٥، شیعر، تایبەت بە تۆماری هەڵەبجە، شیعر، ل ٨٤ـ-١٠١.

- ساز، ڕەحیمی لوقمانی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٩٩.

- سنوور، ڕێبوار (موسلیح شێخ ئەلئیسلامی)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ١١٦ـ-١٢٢.

- سڵاو بۆ گیانی بارزان عوسمانی شەهید، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، ل ٣.

- سەروتار، (ڕەئووف بێگەرد) نووسیویەتی، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، ل ١ـ-٧.

- سەید کامیل ئیمامی، زەمبیلی ئاوات، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل٢٠٠ـ-٢٠٢.

## ش

- شەوێکی جیا لە هەموو شەوانی تر، ڕەهێڵە ()، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٨.

- شاڕێ، ژوان (محەمەدی حەمە باقی)، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، چیرۆک، ل ٩٢ـ-١٠٦.

- شاملو شیعری نوێی فارسی، سیامەند مامیر (سیامەند مامیر شاسواری)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل٢١ـ-٤٤.

- شەیپور، سابیر(سابیر سدیق)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شیعر، ل ٥٦ـ-٥٩

- شایی شەهید، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١١٤ـ-١٢٣.

- شاعیر... ناخی وەک سەماوەرەکەی قوڵپ دەدات، گوندی ()، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، چیرۆک، ل ٨٣ ـ-٨٥.

- شاعیر و شەهید، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، لێکۆڵینەوە، ل ٤ـ-٨.

- شیعرەکانی ژمارەی پێشووم خوێندەوە، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، ڕەخنە، ل ٩١-ـ ١٠٤.

- شیعر لە نێوان نالی و کوردیدا، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل٢٩ـ-٤٠.

- شاعیر، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٧٠-ـ٧٥.

- شیلانە، نالە (ناسر حەفید)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، چیرۆک، ل ٥١ـ-٥٩.

- شای شەهیدان، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، شیعر، ل ١١١ـ-١١٩.

- شوانکارەی خەم، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شیعر، ل٤٤ـ-٤٦.

- شێتە، دڵشاد عومەر کاکی، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٧٨-ـ٨٥.

- شۆڕشگێڕ و هۆزانڤانی کورد، کەمال بورقای، خلیل دهۆکی، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٥ـ-١٦.
- شەڤەکە پیزی، باقی نوری، ژبەرهەڤ کردنا، خلیل دهۆکی، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٢-ـ ٢٦.
- (...)، جەلالی میرزا کەریم، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، شیعر، ل ٤١ـ-٤٢.

ع

- عاشقی چیا، ڕەحیم عەزیز، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، شیعر، ل ١٠٣ـ-١٠٥.
- عاشقی ئەو، سامی شۆڕش، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٩ـ-٨٧.
- عکس، عەزیز ئاڵی ()، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٨٥ـ-١٨٧.
- عەلی ڕەزا بەدەل، شاعیری شۆڕشگێڕی ئازربایجانی، مەحەمەد مورتەزایی، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ٨٠ ـ-٨٤.

ف

- فەرهاد، برادۆست ()، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٣٢ـ-١٤٢.

ڤ

- ڤینەک بی هیڤی، بێریڤان(بێریڤان دۆسکی)، ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٨١ـ-١٨٣

ق

- قاچاخچی، بکر یڵدیز، حەمەکەریم عارف، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، وەرگێڕان، ل ٣-ـ٢٤.
- قفڵ، ڕێبوار (ڕەئووف بێگەرد)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٦٦-٦٩.
- قوتابخانەکەمان چیی بەسەر هات، کاکەباس (عەباس محەمەد حەسەن حاجی مەمۆ)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، چیرۆک، ل ٦٤-ـ ٦٧.

## ک

- کوڕی چیا، بەشدار ()، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٩٥ـ-١٠٠.

- کەڵ، جوامێر (شێرکۆ بێکەس)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٨١ ـ-٨٤.

- کۆچی زاوایەکی نامۆ، جەوهەر کرمانج، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨١، شیعر، ل ٤٦ـ-٥١.

- کۆچ، حەمەکەریم عارف، ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، چیرۆک، ل ٨٧-ـ١٠٢.

- کاتێ شارە زەردەواڵە ئەوروژێ، حەمەسەعید حەسەن، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٥٩ـ-٦٠.

- کەمین بۆ دزەکانی دارستان، خەسرەوی نامۆ ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٩٦ـ-٩٩.

- کورتەیەک لە مەڕ کۆچی سور، ئەبوشەهاب، خ. عەبدولکەریم (خەبات عەبدولکەریم)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٢٧ـ-٣٥.

- کارگە، ڕێبوار عەبدوڵڵا ئەحمەد (ڕەئووف بێگەرد)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆک، ل ٤٣-ـ٥٤.

- کۆست، ژیلا (ژیلا حوسێنی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٨٤.

- کارەساتی هونەری ئەمڕۆ لەمەڕ هونەرمەند و ڕووناکبیر، ڕۆژە گارودی، سیامەند مامیر (سیامەند مامیر شاسواری)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٢٥-ـ٣٣.

- کاتی شیعر... شەماڵ (شەماڵ حەوێزی)، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، شیعر، ل ١٢١ـ-١٢٦.

- کەپکەبرین، عەبدولکەریم دەشتی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٤٠-ـ٤٣.

-کوچەی مەرگ، عەبدولکەریم دەشتی، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٦٤.

- کاتێک خۆشەویستی ڕەگ دادەکوتێ... فەرهاد ڕەسوڵ (حاکم فەرهاد مەلا ڕەسوڵ)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، ل ١٤٦ـ-١٥٠.

- کامەیە سەنگەری جەماوەری سەربەخۆ، فازیل قەساب، ژمارە ١٥، وتار، ل٤٠ـ-٤٩.

- کورەی دڵی باوک، لاوک (مستەفا ساڵح کەریم)، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، ژمارەی تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٠١ـ-١٠٧.

– کەی دێیتەوە برا گیان، عەلی ئەشرەف دەروێشان، مەحمود خۆشناو، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٤١ـ–٥٤.

– کورتەباسێک دەربارەی نووسەر و ئەزموون، نەوزاد ڕەفعەت، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢ لێکۆڵینەوە، ل ٤٠ـ–٤٣.

– کۆمەڵەی فریاکەوتن و چەند سەرنجێک، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل٢١٠ـ–٢١١.

## گ

– گرێکوێرەی بیرێکی زیندوو، ئازاد کانی ساردی، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٩٨–ـ ١٠٢.

– گوڵی خۆشەویستی، ئازاد جوندیانی (ئازاد عەبدولوەهاب)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٦١–ـ ٦٩.

– گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێکی ئیلامی، ئا. م. م ()، ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، ئیلامی، لێکۆڵینەوە، ل ١١٧ـ–١٢٠.

– گرنگیی ئیلتیزام لە قۆناغی خەباتی ئێستاماندا، بەختیار (حیکمت محەمەد کەریم)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، لێکۆڵینەوە، ل٣ـ–١١.

– گوێم لێ بوو ژوورەکەم پێناسەی خۆی کرد، چیا گەرمیانی ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ١٦ـ–٢٠.

– گەشتی چۆلەکە، سەعدوڵڵا پەرۆش، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٩١ـ–٩٥.

– گوندی وێران، سەعید دێرەشی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٩٢ـ–٩٥.

– گۆرانی سوتاو، کۆچێکی پایزی، شەهاب عوسمان، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٧ـ–٥٩.

– گۆڕغەریبێک، فەرهاد سەنگاوی، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، پەخشان، ل ١٩٥.

– گێژەنگ، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٣ـ–٦٣.

– گورگ، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١١٢–ـ١٢٣.

– گوڵسورخی، محەمەد موکری، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٤٠ـ–٩١.

– گولیلکە گەشەکان، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ل ٩٩ـ–١٠٥.

ل

- لە بیرەوەرییەکانی عەبە کوێر، ئازاد خانەقینی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ١٣٠–ـ ١٣٥.

- لالۆ ڕەسوڵ، ئەحمەد ڕەجەب، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢ چیرۆک، ل٧٣–٧٧.

- لە کۆڵەپشتی، ئەبووبەکر شاخی (ئەبووبەکر محەمەد حاجی قادر)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٥٧–ـ ١٦٠.

- لە شەوێکدا، جوامێر (شێرکۆ بێکەس)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، شیعر، ل٤٦ ـ–٥٠.

- لێکدابڕان، حەمەسەعید حەسەن ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٩٦ـ–٩٧.

- لە گورگانەشەوی بەعسا، خورشید فاتح، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆک، ل ٥٥–ـ٦١.

- لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، دکتۆر کەمال فواد، ژمارە ٣، سەرماوەزی ٢٦٨١، لێکۆڵینەوە، ل ٤٠ـ–٥٢.

- لە یادی نەورۆزدا، دڵزار (ئەحمەد دڵزاری شاعیر)، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٥٩.

- لاپەڕەیەک لە پەیامی زیندانییەک، دلاوەر مەحمود (مارف عومەر گوڵ)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٨٩–ـ٩١.

- لە یاداشتی پێشمەرگەیەکدا، چیا (ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٧٩–ـ٨٠.

- لوتکە، ژوان (نەجیبە ئەحمەد)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، چیرۆک، ل ٧١ـ–٧٧.

- لە نێوان ژیان و مەرگا، ئارام (ئاسۆس ئەحمەد حەسەن هەردی)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٧٠–ـ٧٢.

- لە کۆمارا گورجستانی، هەڤپەیڤیین لەگەڵ سەروەری تیاترۆیا کوردی لە کۆمارا گورجستانی، شۆڕش زیرەک ()، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، هەڤ پەیڤیین، ل٥٠–ـ٥٧.

- لە یادی ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەردا، عومەر فاروقی، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ١٥٤–ـ ١٥٦.

- لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ونبوویەکدا، کۆسرەت (هەڤاڵ کوێستانی)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، چیرۆک، ل ٧٨–ـ ٨٦.

- لەدایکبونێکی تر، فروغ فروغزاد، مەوجود سامان، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، وەرگێڕان، شیعر، ل ٧٢–ـ ٧٦.

- لێرەولەوێ، نووسەری کوردستان، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٢٠٨ـ-٢٠٩.
- لە ساڵیادی ڕۆژی لەدایکبوونی «یەکێتیی نووسەرانی کورد»دا، نووسەری کوردستان، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣/ شەهاب عوسمان لەسەر دوابەرگ نووسیویەتی.

م

- مەرگی بییرەوەرییەکان، ئازاد جوندیانی (ئازاد عەبدولوەهاب)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١١٨ـ-١٢٠.
- مەیلی، ئەبووبەکر شاخی (ئەبووبەکر محەمەد حاجی قادر)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ١٧١ـ-١٧٣.
- میهرناز، سوکی موهتەدی، جەوهەر کرمانج، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٣٨ـ- ٤٠
- مۆتەکە، حکیم مەلا سالّح، ژمارە پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١١٣ـ-١١٧.
- مانگ بۆ نایەت، حسێن پەناهی، حسێن عەبدولقادر، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، وەرگێڕان، شانۆ، ل ٩٦ـ-١٠٢.
- منالانی شارەکەم دەزانن چی بە دایکیان دەڵێن، ڕۆزا (شیرین.ک ـ شیرین کەمال)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٧٢.
- محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان، سەلام زەندی، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٣٨ـ-٥٠.
- مەلا عەبدولڕەحمانی نیعمەتزادە، عومەر فاروقی، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ١٦٧ـ ١٧٠.
- من برتولت برێشتم، محەمەد موکری، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، لێکۆڵینەوە، ل ١٠٣ـ-١١٦.
- منیش هەموویانم خوێندەوە، مەحمود ڕەزا، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٣، ڕەخنە، ل ٣ـ-٢٤.
- مردنی دەنگ و ڕەنگ، نامۆ ()، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٣٥ـ-١٣٦.
- مەحمود دەوڵەت ئابادی، نووسەران، شەیدایانی مرۆڤایەتی، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، وەرگێڕان، ل ٨٧-ـ١٠٣.
- مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٦، کۆچی نەمران، ل ١٩٧ـ-١٩٩.
- مامۆستا محەمەدی ڕەسوڵی شیرازی ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٢٠٠ـ-٢٠٥

- مافپەروەران، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٢١١ـ–٢١٢.

### ن

- نان... ئەڵوەند ()، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، ل ١٤٣ـ–١٤٥.
- ناسک بەختی من گوزەل، مەحمود دەوڵەت ئابادی، ح، مەولاوی (حسین مەولاوی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، وەرگێڕان ل ١٥٧ـ–١٦٥.
- نۆ بەداری سەهۆسالێ، خلیل دهۆکی، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٩٠ـ–٩١.
- نامە، فەرهاد عەلی، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٤٣ـ–١٤٨
- نامەیەکی کراوە، کەریمی حسامی، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، گفتوگۆ، ل ٨٧ ـ–٩٠.
- نامەیەکی دڵسۆزانە، مارف ئاغایی، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، پێشنیار، ل ١٣١.
- نووسەری کوردستان لە دیدی خوێنەرانەوە، مەریوان فتاح، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ڕەخنە، ل ١٤ـ–٣١.
- نۆما، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٥٠ـ–١٥٣.
- نامەیەکی کراوە، هاشم کۆچانی، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، لێکۆڵینەوە، ل ٧٥ـ–٧٨.
- نامەی ئەدیبان و وتەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ل ١٠٦ـ–١١١.

### هـ

- هەڵەبجە، یەکەم هاتن و دووەم هاتن، جەوهەر کرمانج، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، شیعر، ل ١٠٢ـ–١١٠.
- هەرەس لە تای تەرازووی خوێندنەوەدا، حەمەکەریم عارف، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ڕەخنە، ل ٦ـ–٣٩.
- هونەر لە جوغزێکی تەنگدا، ڕێزان (ئاسۆ ئەحمەد)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، لێکۆڵینەوە، ل ٥٧ ـ–٧٠.
- هەوێنی بوون، سەباحی غالب، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ١٧–ـ٢٠.
- هونەرمەند و نووسەری شۆڕشگێڕی کورد یەڵماز گونەی، شەهاب عوسمان، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، لێکۆڵینەوە، ل ١٠٦ـ–١١٩.

- هەرەسم خوێندەوە، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١١، شوباتی ١٩٨٦، ڕەخنە، ل ٥ ـ-٤٤.
- هەڵۆی ئازادەکە، ع. ز. ڕ، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٠٩ـ-١١٢.
- هەڵهاتن، فازل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر)، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١١٤ـ-١٣١.
- هەڵەبجە: ئەدەب، هونەر، سیاسەت، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وتار، ل ١٢٦ـ-١٥٠.
- هونەر چییە؟ تولستۆی، مستەفا غەفور، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٧٠ـ-٧٨.
- هەر تەنها بەفرە شیوەنت دەکا، مەوجود سامان، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٥٦ ـ-٥٨.
- هەڵوەستەیەک، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، ل ١٠٠ـ-١٠١.
- هەردیی شاعیر بۆ نووسەری کوردستان دەدوێ، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٦٧ـ-٨٦.

**و**

- وتووێژێک لەگەڵ ئایدا، ش-ا ()، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، چاوپێکەوتن، ل ٥٨ـ-٦٨.
- وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، ل٢ـ-٣.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١، سەرماوەزی ٢٦٨١، ل ـ١-٢.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، ل٢ـ-٣.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، ل ١-ـ٣.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، ل ٣ـ-٤.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، ل ١.
- وتەیەکی پێویست، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل٤ـ-٦.
- وتەیەک، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل ٧٦ـ-٨٠.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ل ٤ـ-٥.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، ل ١ـ-٢.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، ل٣ـ-٧.
- وتەی نووسەران، ژمارە ١٨، زستانی ساڵی ١٩٩١، ل٢ـ-٤.

***

چەند وردەوتـار و سەروتار و وەرگێڕانێک بە ناوی دەستەی نووسەران و نووسەری کوردستانەوە نووسراون، بەپێی ژمارەکانی نووسەری کوردستان.

١ـ- وتەی ژمارە، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، دەستەی نووسەران، ل٢ـ-٣، پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ئەم پڕۆژەیە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان گەڵاڵەی کردووە، شێنێ، تەمووزی ١٩٨١، ل ٧٩-٨٣.

٢-ـ ژمارە ١، سەرماوەزی ٢٦٨١، وتەی ژمارە، ل ١ـ-٢.

٣-ـ ژمـارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ل ١ـ-٢، جگەرخوێن دەدوێ، لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتەوە وەرگیراوە، گفتوگۆ، ل ١٦ـ-٢٠، نامەی ئەدیبان و وتەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ل ١٠٦-١١١، رابطة الكتاب والصحفيين والفنانيين الديموقراطيين العراقيين،منظمت انصار، ل ١١٢ـ-١١٤.

٤-ـ ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، وتەی ژمارە، ل٢ـ-٣.

٥-ـ ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، وتەی ژمارە، ل ١ـ-٣.

٦ـ- ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وتەی ژمارە، ل ٣-ـ٤، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، سڵاو بۆ گیانی بارزان عوسمانی شەهید، ل ٣، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، بۆ برایان، نووسەرانی کوردستان، ل ١٠٤ـ-١٠٥.

٧ـ- ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، وتەی ژمارە، ل ١.

٨-ـ ژمارە٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، سەروتار (ڕەئووف بێگەرد) نووسیویەتی، ل ١ـ-٧.

٩ـ- ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، پێشەکی، ل ١، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، هەڵوەستەیەک، ل ١٠٠ـ-١٠١

١٠ـ- ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، وتەیەکی پێویست، ل ٤ـ-٦، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، وتەیەک ل ٧٦-ـ ٨٠، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، بەیانی خیتامی، ل ١٠٤ـ-١٠٨.

١١ــ- ژمـارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، وتـەی ژمـارە، ل ٤ــ-٥، ژمـارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ڕوونکردنەوەیەک، دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ل ١٣٩.

١٢-ـ ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، پێشەکی، ل ٢.

١٣ـ- ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، وتەی ژمارە، ل ١ـ-٢.

١٤ـ- ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وتەی ژمارە، ل٣ـ-٧، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، بانگەواز، ڕووناکبیران و

نووسەرانی عەرەب و سوریایی و جیهانی کوشتارکاریی صدام تاوانبار ئەکەن لە کوردستانی عێراق، ل ٩-١٥، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وەسیەتنامەی سەروەری، تایبەت، ل ١٥١ـ-١٥٥.

١٥ـ- ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، پەیامی نووسەر، نۆ ساڵ خەبات و بەرهەم، ل٣-ـ ٧، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، هەردیی شاعیر بۆ نووسەری کوردستان دەدوێ، ل ٦٧ـ-٨٦، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، مەحمود دەوڵەتئابادی، نووسەران، شەیدایانی مرۆڤایەتی، وەرگێڕان، ل ٨٧ ـ-١٠٣، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٦، کۆچی نەمران، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، ل ١٩٧ـ-١٩٩، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، سەید کامیل ئیمامی، زەمبیلی ئاوات، ل ٢٠٠ـ-٢٠٢، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، مامۆستا محەمەدی ڕەسوڵی شیرازی، ل ٢٠٠-٢٠٥، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، پرسەنامە، خاتوو ئیلینا زاخارۆف، ل ٢٠٦-ـ ٢٠٧، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێرەولەوێ، نووسەری کوردستان، ل ٢٠٨-٢٠٩، ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، کۆمەڵەی فریاکەوتن و چەند سەرنجێک، ل ٢١٠-ـ ٢١١، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، مافپەروەران، ل ٢١١-ـ٢١٢.

١٦ـ- ژمارە ١٧، پایزی ساڵی ١٩٩٠، سەروتار ل ٣-٥.

١٧ـ- ژمارە ١٨، زستانی ساڵی ١٩٩١، وتەی نووسەران، ل ٢ـ-٤.

# نووسەری کوردستان

# ژمارە (١٦)

16

# نووسەری کوردستان

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

پاییزی 1989

# لەم ژمارەیەدا:


| | |
|---|---|
| * پەیامی نووسەر | 3 - 7 |
| * لێکۆڵینەوە | 8 - 65 |
| * هەڤپەیڤین | 66 - 103 |
| * شیعـــــر | 104 - 123 |
| * کورتە چیرۆک | 124 - 165 |
| * ئەدەبی کلاسیک | 166 - 179 |
| * بەرهەمی لاوان | 180 - 195 |
| * کۆچی نەمران | 196 - 206 |
| * لێرەولەوێ | 207 - 219 |
| * پرۆژەی بەرنامەوپەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کوردستـــان | 220 - 225 |



خـــەت : عەبدولرەحمان

تـایپ : حـەمـە

16

# نووسەری کوردستان

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

پاییزی 1989

دەستەی نووسەران

جەوهەر کرمانج

محەمەد حەمەباقی

هەڤاڵ کوێستانی

سەرپەرشتی هونەری: سیار بامەرنی

## پەیامی نووسەر:

# نۆ ساڵ خەبات و بەرهەم

که به ئەلبوومی تەمەن ویادگاری نۆ ساڵـەی (( **یەکێتی نووسەرانی کوردستان** ))دا ئەچینەوە ، چەپکێ پرشنگی شکۆ ئەرژێتە دڵمانەوە ،کە لە ماوەی ئەو نۆ ساڵەدا ، بە توانایەکی کەم ولەژێر سایەی داروبارێکی دژوارو سەردەمێکی سەختو ئالۆز دا ، بە کۆمەڵێ بەرهەمی هەمە جۆرە و بە برشتی ئەدەبی و، خوێنی پۆلێ لە ئەندامانی کە شەهید بوون و،ماندوو بوونی بێ پشوی ئەندامانی ، توانی جێگای خۆی لە ناو ریزەکانی ئەدیبان و ئەدەب دوستان و کتێبخانەی کوردیدا بکاتەوەو ، بە مەش لاپەڕەیەکی تری سەروەری وشانازی ، ئەچێتە ناو مێژووی ئەدەبی گەلە نەبەزەکەمانەوە

بەڵێ نۆ ساڵ لەمەو بەر لە ژێر سایەی ستەم و هێرشی رژێمی تاوان و رسوای (صدام )دا ، کە وەک ئێستاو هەمیشەی ،شێتگیرانە ودڕندانە ، بە ئەسپی سەردەمی بەسەرچووی داگیرکردن وکاولکردنەوە ، هەڵی کوتابووە سەر کوردستان و، قەڵاچۆکردنی خەڵکی کوردو، دوا شەپۆلی زەریای نەوتی عێراقی کردبووە چەکی رەشەکوژو شمشیری ژەنگاویش بەربووە سامانی رۆشنبیری و کەلەپووری نەتەوایەتیمان و، لە سەروو هەمووشیانەوە شەهید کردنی **"یەکێتی نووسەرانی کورد"** کە دەسکەوتی خەبات وخوێنی چەندین ساڵەی گەلەکەمان وجگەرگۆشەی هەموو ئەدیبانی کورد، کە لەدووتوێی ئەو مافانەدا هاتبووە کایەوە ، کەلەگەڵ رێکەوتنامەی " ١١ " ی ئازاردا لە دایک ببوو **"یەکێتی نووسەرانی کوردستان"** بۆ پڕ کردنەوەی پێگەو درێژەدان بە خەباتی ئەو یەکیتیە شەهیدەو ، وەک پێویستیەکی بابەتی و ئەدەبی و، وەک خەنجەرێکی گەڕیدەو دەستاو دەست کردووی پشتاوپشتی ئەدیبانی کورد ، بۆ داکۆکی لە زمان وکەلەپووری کوردو، لەسەر راوێژو پێ سپێری وهاوکاری کردنی زۆربەی ئەدیبانی دلسۆزی گەلەکەمان ،ئەوانەی لە ژێر ستەمی رژێمی "صدام"دا ئەژین و، قانع واتەنی :بیری ئازادییان لەبەندیخانەدا شکۆفە ئەکات ، گۆران واتەنی وەک تۆوی گوڵی دەم " با " لە سەر بەردی رەق ئەروێن و ، لەسەنگەرەکانی بەرگریدا و، لەژێر سایەی قوربانیەکانی پێشمەرگەدا کە ئەوسا چەند نووسەرێکی پێشمەرگە بووین لە ١٩٨٠/١٢/٥

دا یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر بەسترا و ، هەر لە هەمان رۆژیشدا ، بە بەیانێکی رەسمی (( ی . ن . ک )) وەک تاقە یەکێتیەکی ئازادو سەربەخۆ لە مەیدانی چۆڵ وبێ کەسی ئەدەبدا ، یەکەمین رێکخراوی پیشەیی سەربەخۆ بووین کە لە ناوشۆڕش وشاخدا چاوی هەڵێنا و ، قوڵی کارو ماندوو بوونی لێ هەلکرد.

لەماوەی ئەو نۆ ساڵە پڕ لە رووداوەدا ، ئەوەی لە سەروو هەموو شتێکەوە، "یەکێتی نووسەرانی کوردستان" رەنگی بۆ رشت، بریتی بوون لە :

بڵاوکردنەوەو هاندانی ئەدەبی رەسەن و بەرگری .

بڵاوکردنەوەو هاندانی ئەو ئەدەبەی لە ژێر سایەی رژێمدا ، رێگای بڵاوکردنەوەی پێ نادرێ .

پاراستنی سەربەخۆیی و تایبەتمەندی "یەکێتی نووسەرانی کوردستان" لە رەنگ رشتنی بەرنامەی کارو بیر وبۆ چوون وهەڵوێست وەرگرتن و، ئازادی دەربریندا

هەڵوێست وەرگرتنن ودژایەتی کردنی شەڕی برا کوژی ، کە لە یەکەمین لاپەڕەی یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکەمانەوە بە ئاشکرا نووسیومانەو ، کارمان بۆ قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و یەکخستنی ریزەکانی گەلەکەمان کردووە و، بە شانازیشەوە ، ئێمە یەکەمین رێکخراوی پیشەیی بووین ، کە دەست پێشکەریمان بۆ تەبایی کردنەوەی هێزە سیاسیەکانی ناو شۆڕش کردووە و، ئەوەندەی لە توانامان دابووە بەپەلە چووین بەپیری ئەم مەسەلە گرنگ و ترسناکەی گەلەکەمانەوە کەبەتوندی داوای پێکهێنانی بەرەیەکی سەرتاسەریمان بۆهەموو لایەنەکانی ناوشۆڕشی کوردستان کردووە، ئەوەبوو بەرەی کوردستانی ، وەک خەونێکی دێرینەی ئەدیبانی کورد بە پێخۆشحاڵیمانەوە پێکهات و، ئێمەی نووسەرانیش چاوەڕێمان ئەکرد لەناو ئەوبەرەیەدا ئەوەندەی پەیوەندی بەکاروچالاکی رۆشنبیری وزمان وئەدەبی گەلەکەمانەوە هەبێ ،لە پرس و راوێژی ئێمەی تاقەرێکخراوی قالبووی ناوشۆڕشی تیابێ ، بۆیەلەمڕووەئەوەندەی بەتوندی داوای پێکهێنانی ئەم بەرەخۆشەویستەمان ئەکرد، بەهەمان توندیشەوە گلەیی خۆمان لەتەواوی لایەنەکانی ناوبەرە ئەکەین

دیارە ئەوانەی بە چاوی ویژدان وهۆشمەندیەوە ،ئەڕواننە رووداوەکانی ئەو نۆ ساڵەی رابووردوو ، ئەزانن کە رەنگ رشتن و بەئەنجام گەیاندنی ئەو بەرنامە تێر و تەسەل و دەوڵەمەندە ، هەروا بە ئاسانی وبەپەلە ، نەبوون و، ئەوانەی لە ئەنجامدا دەرەقەتیان هاتوین ، زۆریان پێوە ماندوو بووین و ، ئەوانەش کە هێشتا بۆمان ئەنجام نەدراون ،هەر گینگلمان پێ دەدەن وخەون و ئاواتمانن .

ئێمە لە کاتێکا بە سەر کێوی خەباتی نۆ ساڵەمانەوە ، ئاوڕ لەوکارو بەرهەمە ئەدەبیانە ئەدەینەوە ، کە تا ئێستا چاپ وبڵاومان کردونەتەوە ، ئۆخژنمان پێ ناگا و هێشتا تینوێتیمان نەشکاوەو ، بەرنامەی دەوڵەمەندترمان ئامادە کردووە ئەگەر دەرفەت و تونامان مەودامان بدەن .

لە کاتێکیشدا چاو بە مەیدانی ئێستای ئەدەبی گەلەکەماندا ئەگێڕین ، ئەزانین مەیدانەکە وەک نۆ ساڵ لەمەو بەر نەماوەو ، لە زۆر لە وڵاتانی ئەورووپا و جێگای

تریش ، ئەدیبانی کورد ئەوانەی ئاوارەو پەراگەندەی دەستی ستەم وراونان بوون،بۆ هەناسە دەربڕینی ئەدەبی ، لەچەند مەڵبەندێکدا ، یەکێتی ورێکخراوی ئەدەبییان پێکەوە ناوەو ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی خۆیان هەیە ..

لە مەیدانی کۆکردنەوەی سەرو مڕی ئەدیبانی گەلەکەشماندا ، دڵنیاین ، کە ئەگەرچی یەکێتیمان نوێنەری زۆربەی زۆری نووسەرانی کوردیش بووەوهەرئەوان بڕبڕەو هەوێنی کارو بەرهەممان بوون و، بەسەر سەدان دیواری ئاسنین و کێلگەی مین و چاوی بزی سانسۆرو جەکی کوشتندا ، بەرهەمیان لەهەموو شارە جیاکانەوە بە ناوی خواستراوەوە ، گوڤاری نووسەری کوردستان و چاپەمەنیەکانی ترمانیان دەولەمەندکردوە. بەلام لەبەر بارو دۆخی ئالۆزی کوردستان، هێشتا نەمانتوانیوە هەمووتوانا ئەدەبیەکانی گەلەکەمان لە چوار چێوەی گونجاوی یەکێتیماندا یەک بخرێن، بۆیە کەئێستا هەوڵی دڵسوزانە بەو ئاقارەدا ئەدرێ، بەهەموو توانا و بڕوامانەوە پشتیوانی لەو تەقەلایە دەرئەبڕین، کەبۆ مەبەستی کۆکردنەوەو بەگەڕخستنی وزەو توانای هەموو ئەدیبان ئەدرێ لەچوار چێوەی یەکیتیەکی سەربەخۆدا بەمەرجێ :

ئەو یەکگرتن ویەکخستنە ، شێوەکەی هەرچۆنی بێت ، بەلام سەربەخۆیی وناوەڕۆکە دیموکراسی ونیشتمانیەکەی خۆی بپارێزێو ، نەکرێتە کوانووی ململانێی نا ئەدیبانەو کلاوڕۆژنەی سیاسەتمەداران و لەشاڕێی ئەرکە ئەدەبیەکانی خۆی لابدات .

پێوانەی ئەدەبی ی ، مەرجی بنەڕەتی ی ئەندامێتی بێت ، لەوشێوەیەکگرتنەدا. خەبات و بەرهەمی " ٩ " ساڵەی یەکێتیمان لەبەرچاو بگیرێو ،بوونی بکرێتە پێگەی ئەو یەکخستنە .

نۆ ساڵی تەمەنو ژیانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان . لەگەڵ سەنگەرو قوربانی و خوێنو گیانبازی گەلەکەمان و پێشمەرگەدا ، ئەوەندەی تاقیکردنەوەی هاوبەش وشان بە شانی پێ بەخشیوین ، کەهەرئەوفیداکاری و خوێنەی ئەوان هەوێنی بەرهەمی ئێمەن ، بەلام درەنگ وزوویی رەنگدانەوەی ئەو فیداکاریيانە ، لەدەست تاقی کردنەوەی ئەدەبیی ئەدیبانەیەو، لەم بوارەدا پەلەکردن لە تۆمارکردنیاندا ، وەک پەلە کردنە لە بەزور گوپکەو چرۆ پێکردنی درەخت و گوڵدا ، لەکاتی جیا لە وەرزی خۆیاندا .....

لەنۆ ساڵی رابووردودا سەرەرای کۆچ وکۆچباری ناچاری و بۆردومانی ئەو ناوچانەی تیایدا بووین، وێنەی ئاسکی سل کردوو، کەنێچیرو، بیرەبیرەی باروبنەومالۆچکە گواستنەوەو، جیگا گۆرکێ وچەندجارلەدەست دانی تێکرای بارەگاو کەرەسەی چاپەمەنی بەلام دیسانەوە هەرکەهەناسەیەکمان هەڵکێشاوەتەوە، کەوتووینەتەوەچاپ و بلاوکردنەوەی نووسەری کوردستان و بلاوکراوە هەمەجۆرەکانی تری ئەدەبیی .

لە نۆ ساڵی رابردوودا ، وێرای دەرەتانی هەژارانەمان ، ئەگەر لایەنێکی سیاسی بەشێوەیەکی بەردەوامو بێ بەرامبەرو بێ مەرج ، یارمەتیان دابین ( دیارە ئەمەش جێی پێزانین وسوپاس وریزی ئێمەیە ) ،یان ئەگەر هەر لایەنێکی سیاسی ، لە بەرامبەر نووسەراندا ئەرکی نیشتمانی ی سەر شانی خۆیانیان بە جێ نەگەیاندبێ و، یارمەتی و

کومەکیان بی نەکردبین ، بەلام ئێمە هەمیشە وەک ڕێکخراوێکی پیشەیی سەربەخۆ ، پابەندی هیچ لایەنێکی سیاسی نەبووین و ، خۆمان بە دۆست و هاو خەباتی هەموو لایەنە نیشتمانپەروەرەکان زانیوە و ، وشەی بەرەنگاری خۆمان ، لەهەر گوللەیەکەوە پێچاوەکە پاربزگاری لەبوون و مافی گەلەکەمان کردبێ . لە هەمان کاتیشدا یارمەتیدانی نووسەران ، بۆ گەیاندنی پەیامی ئەدەبی و نیشتمانیان بە ئەرکی سەر شانی هەموو لایەنە شۆرشگێرو نیشتمانپەروەرەکان زانیوە .

لە نۆ سالّی رابردوودا ، بێ پشوو ، چاوقایمانەو جەربەزانە ، پردمان لە نێوان یەکێتیمان و زۆربەی ئەدیبانی شارەکاندا دروست کردووە و بیرو راو بەرنامەو پرۆژە وپێشنیارو راوێژی ئەدەبیمان گۆریوەتەوە .

لە نۆ سالّی رابردوودا ، سەرەرای چەندان گیروگرفتی رۆژانەو سەردەم وپیلانی ناحەزانی بەکێتیمان ، بۆ سرکردن و لەبار بردنی یەکێتیمانو ، سەر ئێشەی لابەلاو... بەلام بە ورەی پۆلاییینەوە ، هەر سوور بووین لە سەر درێژە پێدانی رەوت و کارو بەرهەمدا ..

لە نۆ سالّی رابردوودا وتا ئێستاش هەمیشە وبستوومانە گوڤاری"**نووسەری کوردستان**" لەو کاتانەدا بگەیەنینە دەست خوینەرانی ، کە ئەبوایە بگات و پەیمانمان پێ ئەدان بەلام هەمیشە ئەو دەردە سەریانەی سەرەوە ئەبوونە کۆسپ و ، دەرچوونی " نووسەری کوردستان " وەک ئەم ژمارەیەی ئێستای بەردەستتان دوا ئەکەوت ، کە ئەبوایە و ئەمانویست زۆر زووتر لە ئێستا بگەیشتایەتە دەستتان . چونکە دوای لە دەستدانی تێکرای کەرەسەکانی چاپەمەنیمان ، لە بەهاری ١٩٨٨ دا بە هۆی هێرشی کیمیاوی بارانی تێکرای ناوچە ئازاد کراوەکانی شۆرشەوە. خۆمان بۆ ئەوە ئامادە کردبوو ، کە لە ماوەیەکی نزیکدا ببینەوە خاوەنی پێویستیەکانی ئەو چاپەمەنیەی دەرەقەتی چاپ و بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانمان بێت و ، لە رووی نرخیشەوە لەوە کەمتری تێ بچێت کە ژمارە (١٥)ی رابووردوو ، تێی چووە . بەلام دواکەوتنی ئەم ژمارەیە ، جگە لەوەی پێداویستیەکانی چاپەمەنیمان بۆ دابین نەکرا ، بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە لە سەرەتای ئەم سالّدا رەنگمان بۆ رشتـ" **نووسەری کوردستان** " بەپەرۆشەوە دیدەنیکی تیروتەسەلی ئەدەبی ، **شاعیری ناسراوی ئێرانی ـ ئەحمەدی شاملوو ـ کردو** ، چەپکێ پرسیاری ئەدەبی بو بردە مالّەوەی لە ـ تاران ـ و ، ئەویش بەشادییەوە پێشوازی لە وەفدی ـ **نووسەری کوردستان** ـ کردو ، وێنەیەکی خۆی پێشکەش بەیەکیتیمان کردو ، پەیمانی داینێ کەلەماوەیەکی کورتدا وەلامی پرسیارەکانی " **نووسەری کوردستان** " بداتەوە ، بەلام کەئەویش بەهۆی نەخۆشی ومالّ گواستنەوەیەوە ( کەدرەنگانێک ئاگاداری کردبنەوە ) وەلامەکانی هەلگرت بۆ ژمارەی ئایندەی **نووسەری کوردستان** ، کە هیواداریین شاعیری خۆشەویست ، بتوانێت لەژمارەی داهاتوودا ، دلّەپرلەشیعرەکەی بۆخوینەرانی **نووسەری کوردستان** بکاتەوە

نۆسالّی تەمەن و تاقیکردنەوەو خەبات و بەرهەم ونالەباری و ئالۆزی ئەوسەردەمەی ـ **یەکێتیی نووسەرانی کوردستان** ـ تیایدا وەک کێوەسەرکەشەکانی کوردستان ، بەسەر

بەرزی لەگەل خوێندەوانیا ژیا، ماندووی نەکردین و، بەلاشمانەوە تەمەنێکی درێژ و سەخت نەبووە، چونکە "نالی" واتەنی :

**هەرچەندە کەعومری خدرو جامی جەمت بوو**
**چونکە ئەمەلت زورە، چ عومریکی کەمت بوو**

ئێمەش چونکە خەون و ئاواتمان زۆرە، بۆیە ئەلێین "٩" سالی پرشکوی یەکیتی نووسەرانی کوردستان زورکەمەو، خومان بوچەندان سالی تری کاروبەرهەمی ئەدەبی ئامادەکردووە، ئەگەر مەرگ و پیویستیەکانی چاپەمەنیمان مەودامان بدەن ..
بەئومیدی کاروبەرهەمی دەولەمەدو بەیەکترگەیشتنەوەی هەمیشەمان، لەچەندان دیدەنی تری - نووسەری کوردستاندا -

**سەرنج :**

**هەندی برگەی ئەم پەیامە، لەراگەیاندنی دیماهی کوبوونەوەی دەستەی گشتیماندا هاتوون، کەلە ١٩٨٩/٨/١٣ بلاومان کردوتەوە.**

**بروسکەی پیرۆزبایی**

بۆ/ یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان

گەرمەترین سلاو وپیرۆزبایی وشە پێشمەرگەی نووسەرانی کوردستانتان لەیادی حەوتەمین سالرۆژی دامەزراندنی یەکێتی بە تێکۆشەرەکەتانەوە پێشکەش بێت .
ئەدەب و هونەر، وێڕای ئەوەی کەدووچەکی کاریگەری ئاو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمانن، رووەهەرەزیارو رۆشنبیری یەکەشین بۆیەهەر دواکەوتنێکی ئەدەب و هونەرلەڕەوتی بزووتنەوەکە، یان هەرجۆرە فەرامۆش کردنێکی ئەم دووچەکە لەگوڕوجۆشی رەوتەکە کەم دەکاتەوە.
لەبەرئەوە هەولێ دلسوزانەی ئێوە بۆ رێکخستن وزەو تواناى هونەری هونەرمەندانی کوردستان و وەستانتان بەرووی ئەخشەو پیلانەکانی رژێمی داگیرکەردا کەبەمەبەستی شێواندن و پاشکۆ کردنی هونەری رەسەنی کوردی کێشراون، خۆی لەخۆیدا بەئەنجام گەیاندنی ئەرکێکی هونەری نیشتمانی سەرشانتانەو جێی پێزانین و رێزلێنانی رۆلەکانی گەلەکەمانە .
بەهیواین حەوتەمین سالرۆژی دامەزراندنی/ یەکێتی یەکەتان هاندەرێکی بەهێزبێت بۆتەپنو تاوی زیاتروپێشکەش کردنی بەرهەمی بەهێزو شۆرشگێرانە.

هەرسەرکەوتووبن لەرێی هێنانەدی هونەرێکی رەسەن و هاوچەرخی کوردی دا .

- یەکێتی نووسەرانی کوردستان -
٢٧ - ١٢ - ١٩٨٩

# لێکۆڵینەوە

# چەند سەرەتایەکی زمانەوانی



د. کەمال فوئاد

وەک هەر زانستیکی تر زمانەوانی یان زانستی زمان / Linguistics / یاسای خۆی هەیە، کەبێ زانین ولێ تیگەیشتنی ، هەموو لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی هەرزمانیکەوە بیتلەگیانی زانست دورئەکەویتەوەو ئەنجامی راستنادات بەدەستەوە .

لەدە ـ پانزە ساڵی رابوردودا لەلایەن نوسەرانی کوردەوەگەلێک باس و لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانەوانی وزمانی کوردی یەوە بلاوکرانەوە. لەلایەکەوە شتێکی دڵخوشکەرە کەژمارەی ئەو کوردانەی بایەخ بەزمانی کوردی ولێکۆڵینەوەی زمانەوانی ئەدەن ساڵ بەساڵ رولەزیادی یە. لەلایەکی ترەوە جێگای داخە کەسەرنجێکی سەرپێیی لەوباس و لێکۆڵینەوانە، ئەوراستی یە دەرئەخات کەزۆربەی زۆری نوسەرەکانیان شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەزانستی زمان ویاساکانی دا نییە، ئەگینا هەندێک بۆچونی ناراستیان نەئەبو.

یەکێک لەوهەڵە گەورانەی کەبەشی زۆری نوسەرەکان تێی کەوتون ، دەرک نەکردنیانە بەو راستییەی کەوا زمانی کوردییش وەک هەموو زمانیکی زیندو لە **زمانی گفتوگۆ** و **زمانی نوسین** پیک هاتووەلەگوندیکەوەبو گوندیک، لەشاریکەوەبوشاریک، لەناوچەیەکەوەبوناوچەیەک ... ئەو ئەدەبەی بەزمانی گفتوگۆ نوسراوە یان ئەنوسریت پیّی ئەوتریت **ئەدەبی فۆلکلۆر** . زمانی کوردی لەئەدەبی فۆلکلوردا زۆر دەوڵەمەندە ، بەهەمو شێوەکانی زمانی کوردی هۆنراوە، چیرۆک، داستان ، ئەفسانە ، پەندی پێشینان و گۆرانی ... هەیە ، بەپێچەوانەی زمانی گفتوگۆوەزمانی نوسین شێوەیەکی یەکگرتوی هەیە ، کەپێشی ئەوتریت **زمانی ئەدەبی** یان **زمانی نەتەوەیی**. بەزۆر

شێوەی تریش ناوئەبرێت ، بۆوێنە عەرەب پێی ئەڵێت : اللغە الفصحی ، ئینگلیزپێی ئەڵێت : Standard Language ، ئەلمان پێی ئەلیت : Hochsprache ، کوردیش پێی ئەڵێت : **کوردیی پەتی** . بەلام ئاشکرایە کورد زمانێکی یەکگرتوی نی‌یە بۆ نوسین . هۆی ئەمەش لەپێشائەگەرێتەوە بۆ دابەشبونی کوردستان هەر لەکۆنەوە تائێستا لەنێوان چەند دەوڵەتێک دا ، کەتا ئێستاش هیچیان دان بەمافی نەتەوەیی گەلی کورد نانێن ، کەلەپێش هەمویانەوە مافی خوێندن ونوسین و فێربونە بەزمانی نەتەوەیی خۆی . ئەم بارە ئالوزە بۆتە هۆی لێک پچرانی کولتوری نەتەوەی کورد و پەیدابونی زیاتر لەزمانێک بۆ نوسینی کوردی ، کەئەمرۆخۆی لەدو شێوەی سەرەکی دا ئەبینێت ، کەبەتێ جۆرئەلف ـ بێ ئەنوسرێت : **کوردیی رۆژئاوایی** یان کرمانجیی ژورو کە لەتورکیا وسوریا بەتیپی لاتینی ولەیەکێتیی سۆڤیەت بەتیپی روسی / Cyrillic ئەنوسرێت : **کوردیی روژهەلاتی** یان کرمانجیی خواروکە لەئێران و عێراق بەکاردێت وبەتیپی عەرەبی ئەنوسرێت .

هەمو خوێندەوارێکی هوشیاری کورد پێویستە دەرک بەم راستی‌یە بکات ، دوای خەیاڵ نەکەویت و وابزانێت کەلەباری ئەمرۆی کوردستان دا ئەتوانرێت زمانی نوسین وئەلف بێی کوردی بکرێت بەیەک و لەسەر بنچینەی ئەم خەیاڵە فەرهەنگ بۆزمانی کوردی دابنێت وگرامەری زمانی کوردی بنوسێتەوە . کەوتمان فەرهەنگ یان گرامەری زمانی کوردی ئەبێت رونی بکەینەوە مەبەستمان لەفەرهەنگ وگرامەر بۆچ زمانێکە ، بۆزمانی نوسین وئەدەبیاتی کوردی یان بۆ زمانی کوردی بەهەمو شێوەکانی‌یەوە ؟ بێ گومان ئەکرێت فەرهەنگ بۆهەردو زمانی نوسینی کوردی دابنرێت ، ئەوەندەی ئەتوانرێت وشەی شێوەکانی تری تیدابنوسرێت ، بەلام بەرونکردنەوەی پێویستەوە . دانانی فەرهەنگێک بۆ زمانی‌کوردی‌بەهەموشێوەکانی‌یەوە کارێکی سەخت ودرێژخایەنە، پێویستی بەهاوکاریی زانایانی کورد هەیە لەهەمو بەشەکانی کوردستان . تائەمەش پێک دێت رێگالەکاری تر نەگیراوە ، زانایانی کوردئەتوانن پێکەوە یان بەجیا بۆهەریەکێک زمانەکانی نوسین وئەدەبیات ، بۆتیرم / term • زانستی‌یەکان وبۆهەر یەکێک لەشێوەکانی زمانی گفت وگۆ، دەست بەفەرهەنگ دانانی خۆیان بکەن . ئەمانە بەسەر یەکەوە ئەبنە گەنجینەیەکی بەنرخ بۆ دواروژ. ئەوەی لێرەدا پێویستە ونرخێکی زانستی ئەدات بەم کارانە ئەوەیە کەلەپێشەوە رون بکرێتەوە کەئەوفەرهەنگە بۆچ زمانێک نوسراوە ، بۆزمانی نوسین ، کامیان ؟ بۆزمانی گفت وگۆ، چ شێوەیەک وەی چ ناوچەیەک ؟ ئەو وشانەی لەناوفەرهەنگەکەش دا ئەنوسرێن پێویستە بەراستی لەزمانەکەمان دا هەبن ، یان لەزمانێکی بێگانەوە وەرگیرابن ولەزمانەکەمان دا بەکاربێن ، نەک وشەی داتاشراو ، بێ پەیرەوکردنی دەستوری زمان . ئەو راستی‌یەش نابێت فەراموش بکرێت کەناوەکان / nomen لەکوردیی رۆژئاوایی دا ( هەروەها لەهەورامی و زازایی وچەندشێوەیەکی تریش دا ) نێرومێیان هەیە ، پێویستە دیاری بکرێن ، چونکە لەکاتی بەکارهێنان دا ئەگۆرێن. لەکوردیی رۆژهەلاتی دا ئەمە پێویست نی‌یە ، بۆوینە : <u>گەل</u> و<u>رۆژ</u> لەهەردو شێوەکەدا یەک مانایان هەیەو وەک یەک ئەوترێن . لەرۆژئاوایی دا یەکەمیان نێرەو دووەمیان مێیە . لەخستنە سەر " اضافە " دا ئەگۆرێن بەم شێوەیە : گەل ـ ی کورد ، رۆژ ـ ا کورد . کەچی لەرۆژهەلاتی دا جیاواز ناوەستن : گەل ـ ی کورد ، رۆژ ـ ی کورد . هەروەها لەکاتی بانگکردن /Vocative یان بەکارهێنانی ناوەکان لەهەندێک شوێنی رستەکان دا نێرومێ لەرۆژئاوایی دا جیاوازئەگۆرێن . لەرۆژهەلاتی دا بەزۆری وەک یەک ئەگۆرێن . بۆیە یەکێک لەوسەرەتایانەی کەپێویستە لەدانانی فەرهەنگی زمانی کوردیدا رەچاوبکرێت ئەوەیە کەلەپێشەوە بنوسرێت بۆچ شێوەیەکە لەگەڵ رونکردنەی پێویست لەبارەی گرامەری ئەو شێوەیەوە .

هیوام وایە کەس لەقسەکانم واتی نەگات کە من ئەمەویت بلێم ئەو فەرهەنگەکوردییانەی تائێستا دانراون هەڵەن یان سودیان نییە . بەپێچەوانەوە، نەک فەرهەنگ ، بەڵکو هەرکۆمەڵە وشەیەک کۆکرابێتەوە کەبحینەیەکە بۆئێستاودوا رۆژمان ، ئەتوانرێت پاش بژارکردن وریکخستنی لەسەر رێبازێکی زانستی ئەوپەری سودیان لێ وەربگیرێت . جگە لەوەش هەندێک لەو فەرهەنگانە لەسەر رێبازێکی زانستی دانراون . لەوەش زیاتر، من لەو باوەڕەدام کەباشتریـــــن کاری زمانەوانیی کوردی کەتائێستاکرابێت دانانی ئەو فەرهەنگانەیە کەلەدوسەد ساڵی رابــوردودا لەلایەن کورد وبێگانەوە نوسراون ، چونکە وشەکانی زمانی کوردییان کۆکردوتەوەوپاراستووە و بونەتە سەرچاوەیەک بۆ کاری زمانەوانیی ئێستاو داهاتومان ، بەتایبەتی لەدانانیفەرهەنگێکی فراواندا بۆ زمانی کوردی .

لەگرامەر دانان دا کارەکەمان گرانترە، چونکە جیاوازی نێوان شێوەکانی زمانی کوردی لەروی گرامەرەوە بەکجار زۆرترە تا جیاوازیی نێوان وشەکان . لەدەربرینی دەنگەکان دا، لە گۆرینی وشەکان دا ، لەدارشتنی رستەکان دا ، شێوەیەک لەگەڵ ئەوی تر جیاوازە، لەبـــەر ئەوە ناکرێت گرامەرێکی یەکگرتو بو زمانی کوردی دابنرێت بەهەمو شێوەکانییەوە. یەکەم هەنگاوی راست بەرەو دانانی گرامەری زمانی کوردی دیاری کردنی ئەوشێوەیەیە کەگرامەرەکـــــەی بۆ دائەنرێت. پێویستە هەر لەسەرەتاوە ئەوە رون بکرێتەوە کەئەو گرامەرە بۆچ شێوەیەکە، بـۆ یەکێکە لەشێوەکانی زمانی نوسین وئەدەبیاتی کوردی یان بۆیەکێکە لەشێوەکانیزمانیگفتوگۆی کوردی ؟ گرامەریش بەزۆری بۆ زمانی نوسین وئەدەبیات دائەنرێت نەک بۆ زمانی گفتوگۆ.

وەک لەپێشەوە وتمان کورد خاوەنی زمانێکی یەکگرتو نییە بۆ نوسین ، بەڵکو ئێستا دو شێوەی سەرەکی بەکاردێت لەنوسینی کوردی دا ، کەهەریەکەیان بەدرێژایی رۆژگاری رابوردو لــە شێوەیەکی ئەدەبیی تایبەتی دا خۆی گرتووە وکەم و زۆر ( بەپێی ناوچەکان ) لەزمانـــــی گفتوگۆ دور کەوتوتەوە . هەریەکەیان خاوەنی فەرهەنگی وشەو گرامەری خۆیەتی . هەندێک جار یەکن ، هەندێک جار جیاواز. بو وێنە: لەرۆژئاوایی دا دودەستە جێناو/ pronoun هەیە،دەستەی ئەز ( تۆ، ئەو ، ئەم ، هون ، ئەو ) : دەستەی من ( تە، وی / وێ ، مەوە، وە، وان ) کــە هەریەکەیان دەستوری بەکارهێنانی خۆی هەیە. لەرۆژهەلاتی دا هەریەک دەستە هەیە ( من ، تـۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان ) .جگە لەوە، جێناوی لکاوی هەبون /possessive(ـ م . ـ ت.ـ ی. ـ مان . ـ تان . ـ یان ) لەرۆژئاوایی دا نییە .

رۆژهەلاتی : کورم ، کچت ، منالی ... ، یان : کوڕی من ، کچی تۆ، منالی ئــەو ...). لەرۆژئاوایی تەنیا : کوری من ، کەچاتە، زاروکین وی / وێ ... ) ; کرداری passive لــــە روژئاوایی دا بەخستنە پیشی هاتن پیک دیت : هاتزانین " یێ "، هاتیەزانیـــــن " یێ " ، دی "تێ" زانین " یێ " . لەروژهەلاتی دا بەخستنە پاشی را/ ری بوسەر ریشەی کردار پیک دیـــت " زانین / ریشە : زان " : زانرا، زانراوە، ئە ( دە ) زانریت . گەلیک جیاوازیی تریش کە دەستوریکی یەکگرتو کویان ناکاتەوە. بویە پیویستە لەدانانی گرامەردا روژئاوایی وروژهەلاتی لەیەکتر جیابکرینەوەو بەنیازی نزیک کردنەوەیان بەراوردی پیویست لەنیوانیان دا بکریــت . جگە لەوەش ئەوەندەی بکریت هەردو زمانە ئەدەبییەکە بەهەردو تیپەلاتینی وعەرەبــــــییەکە بلاوبکرینەوە . ئەمەیە ریگای راست بو نزیک کردنەوەی هەردو شیوەکە لەیەکتروهەنگاونان بەرەو زمانیکی ئەدەبیی یەکگرتو، نەک سەپاندنی یەکیکیان بەسەر ئەوی کەدا ، یان کوششی بی سود بو پیکهینانی زمانیکی یەکگرتو لەتیکەلاوکردنی هەردو شیوەکە، کەهەرگیز پیک نایەت ( مەگەر بە

زەبری جەلحەلوتا ) . جونکە زمان دانا تاشریت ، بەلکو وەک هەرشتێکی زیندو پەیدا ئەبێت و ئەوەندەی خزمەت بکرێت وهەلی لەباری بوبێتە پێشەوە گەشەئەکات وپێش ئەکەوێت ، بەپێی پێویستی ژیانیش ئەگۆرێت و پەرەئەسێنێت ، یان زۆری بۆدیت ، کزئەبێت ولەنا وئەچێت . زۆر زمانی گرنگ لەسەر ئەم روی زەمینە هەبون ، زمانی ئاینی ورەسمی بون ، ئیستا لەکارکەوتون ، وەک زمانی سۆمەری ، ئیلامی ، ئەکەدی ، بابلی ، فارسیی باستان ، ئارامی ، ئاوێستایی و لاتینی وگەلێکی تر . زۆر هەولیش دراوە بۆ پێکهێنانی زمانێکی جیهانیی یەکگرتو لەتێکەلّ کردنی چەند زمانێک ، بۆ وێنە ئیسپەرانتو/ Esperato ، سەری نەگرتووەو لەژمارەیەکی کەم زیاتر کەس فێری نەبووە . یان ئەو هەولانەی دراون بۆدروست کردنی زمانێکی ئینگلیزیی سادە/ Lasic English بۆ زو فێربونی زمانی ئینگلیزی لەهەمو ولاتانی جیهان دا ، بەنیازی کۆلۆنیالی وپەرەپیدان و جێگیرکردنی دەسەلاتی داگیرکەرانی ئینگلیز . کەچی لەگەلّ ئەوەش داکەدەسەلاتێکی سیاسی و ئابوری وسەربازیی بەهێزیشی لەپشت بووە ، سەری نەگرتووە ، چونکە رەگ و ریشەی لە ناوکۆمەلّ دا نەبووە . سەرەرای ئەم راستی یانەش باری ئەمرۆی نەتەوەی کورد ( دابەشبونی کوردستان ، چەوساندنەوەی نەتەوەیی ، نەبونی دەسەلاتێکی کوردی وهتد ... ) یارمەتی ئەوە نادات زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتو پێک بێت و بسەپێت بەسەر خەلّک دا . زمان بەئارەزوی چەند خوێندەوارێک پێک نایەت ، بەلّکو بەرهەمی ژیانی کۆمەلایەتی یە .

ئنجا بۆئەوەی رەنجمان بەفیرۆنەروات ، بۆئەوەی ئەو ئەرکەی ئەیکێشین بەری هەبێت ، باریالیستانە بیر بکەینەوە : رێگای لێکۆلّینەوەی تایبەتی وزانستی بگرین ، ئەو شێوە ئەدەبی یانە بەکاربهێنین کەلەئەنجامی گۆرانی مێژویی وکومەلایەتیی نەتەوەی کوردەوەهاتونە کایەوە ، هەولّیش بدەین بۆگەشەپێ کردنیان ونزیک کردنەوەیان لەیەکتر بەسود وەرگرتن لە فەرهەنگی وشەکانی یەکترو بەراوردکردنیان لەگەلّ یەکتردا لەروی گرامەرەوە ، ئەمەش کارێکی درێژخایەنەو پێویستی بەکۆششی هەمو زانایەکی کوردناس هەیە .

ئەمێنێتەوە هەلّوێست بەرامبەر بەوکۆمەلّە زاراوانەی ئەکەونە دەرەوەی زاراوەکانی رۆژئاوایی و رۆژهەلاتی ، وەک زازایی و گورانی و ئەو کۆمەلّە زاراوانەی ئەکەونە خواروی ئاوی سیروانەوە ( لەکوردستانی عێراق ) تا ناوچەی لەکستان لە کوردستانی ئێران .

زازاییان وەک خۆیان ئەلّێن دملی، کەلەرۆژئاوای کوردستانی تورکیا قسەی پێ ئەکرێت، لەئەدەبی فۆلکولوردا دەولّەمەندە . بەلام ئەم دواییە وەک زمانی نوسین بەکارنەهاتووە .

گورانی کەزمانە ئەدەبی‌یەکەیان بەهەورامی ناسراوەولەناوچەکانی رۆژهەلات و خواروی چیای هەورامان قسەی پێ ئەکرێت ، لەئەدەبی فۆلکولورو نوسراودا خاوەنی سامانێکی گەورەیە ، بەلام وەک زمانی نوسین بۆ غەیری هۆنراوە بەکارنەهاتووە . لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە وەک زمانی هونراوەش کەمتر بەکاردێت .

ئەو کۆمەلّە زاراوانەش کەوتمان ئەکەونە خواروی روژهەلاتی ئاوی سیروانەوە ، ئەدەبی فولکلوریان هەیە ، بەلام وەک زمانی نوسین بەکارنەهاتون .

هەمو ئەم کۆمەلّە زاراوانە ئەبێت بایەخیان پێ بدرێت ، ئەدەبی فولکولورونوسراویان کۆبکرێتەوەو بلاوکرێتەوە ، لێکۆلّینەوەی زمانەوانی وئەدەبی وکۆمەلّایەتی یان لەسەربنوسرێت ، فەرهەنگ بۆ وشەکانیان دابنرێت ، بەلام هەمو خوێندەوارێکی کوردی دلّسوزو هوشیار پێویستە هەولّ بدات خۆی فێری یەکێک لەو دو زمانە ئەدەبی‌یە بکات کەئەمرۆ لەنوسینی کوردی دا بەکار دێن ، وەئەگەر بتوانێت فێری هەردوکیشیان ببێت . لێکۆلّینەوەش لەهەر یەکێک لەزاراوەکانی

زمانی کوردی ، ئەگەر بەکوردی بو ، پێویستە بەیەکێک لەودو زمانە ئەدەبیە بێت . هەروەها لێکدانەوەی وشەکان و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی وئەدەبی لەبارەی هەریەکێک لەزاراوەکانەوە بنوسرێن . بەکارهێنانی شێوەیەکی سێیەم لەنوسینی کوردی دا ، نەک هەرکارێکی ناراست و نابەجێیە ، بەڵکوزیانبەخشیشە ، لەگەڵ ئەو هەنگاوانەش دا ناگونجێت کەبەنیازی پێکهێنانی زمانێکی ئەدەبی ی یەکگرتوئەنرێن . کوردێکی ناوچەی هەورامان لەکوردستانی ئێران یان عێراق، لەگەڵ ئەو سامانە ئەدەبی یە گەورەیەش دا کەبەهەورامی هەیە ، ئەگەر بەکوردی بنوسێت ، بەو زمانە ئەدەبی یە کوردی یە ئەنوسێت کەئەمڕۆ لەکوردستانی ئێران و عێراق باوە ، نەک بە هەورامی . هەروەها کوردێکی کرمانشایی یاخانەقینی .... برا دملی " زازایی "یەکانیشمان پێویستە نوسینەکانیان بەوزمانە ئەدەبی یە کوردی یە بێت کەئەمڕۆ کوردەکانی تورکیا وسوریا و سۆڤیەت پێ ی ئەنوسن نەک بەزازایی . بێ گومان ئەمە هیچ ڕێگالەوە ناگرێت کەسەدان بەڵکو هەزاران هۆنراوەو تێکستی ئەدەبی جۆربەجۆربەهەمو زاراوەکانی زمانی کوردی بنوسرێن و بڵاوبکرێنەوە ، بەلام لێکدانەوەو لەسەرنوسینیان پێویستە بەیەکێک لەو دوزمانە ئەدەبی یە بێت کەئەمڕۆکورد لەنوسین دا بەکاری ئەهێنێت .

بلاوکردنەوەی وشەوتێکست بەهەمو زاراوەکان ، نوسین لەسەریان ولێکدانەوەیان بەیەکێک لە زمانە ئەدەبی یەکان ، لەچەند سەرێکەوە سودی هەیە : لەلایەکەوە زاراوەکان بەزمانی ئەدەبی رائەهێنێت وفێریان ئەکات ، لەلایەکی ترەوە خوێندەوارانی کورد بەگشتی لەزاراوەکان وسامانی ئەدەبی یان شارەزائەکات . هەروەها فەرهەنگی وشەکانی زمانەکەمان فراوانتر ئەکات ولەیەکتر گەیشتن ، کەئەرکی سەرەکی زمانە ، ئاسانترئەکات .

ئەمجارە ئەوەندە .. بەهیوای ئەوەی لەوتارێکی داهاتودا درێژە بەم باسە بدەم .

بەرلین – ١٩٨٣/٩/٢٩

تێبینی : لەبارەی زاراوەکانی زمانی کوردی یەوە ، زمانی ئەدەبی ونوسینیان وبەراورد لەنێوانیان دا ، بڕوانە ئەو دو وتارەی لەگوڤاری ( زانیاری ) نوسیومن : ژمارە– ٤و٥، بەغدا ١٩٧١ ، ١٩٧٢ .

شێوە و زاراو هەردوکیان بەمانای لهجه / dialect بەکارهاتون . یەکەمیان زیاتر بە مانای یەکێک لەشێوە ئەدەبی یەکانی نوسین / Written language ، دووەمیان بەمانای یەکێک لەشێوەکانی زمانی گفتوگۆ / spoken language .

و = u ، دور dur

وو = uw ، دووەم duwom .

# نووسەری کوردستان لەدیدی خوێنەرانەوە

مەریوان فەتاح

"نوسەری کوردستان"و
هەندی
خەمی پەرت وبلاو

کەگوڤاری حەزلەباری سەرنج و تیبینی یەکانی خوینەرانی خوی بکا، ئەمەکاریکی ئاسایی ودوبارەبووەیە. بەلام گوڤاری بیەوی کەخوینەرانی تەوەریکی وتوێژلەگەل گوڤارودەستەی نوسەرانیدا بکەنەوە، ئەمە شتێکی تایبەت ودەگمەنە، یاهیچ نەبێ من وەهای دەبینم.

ئەم هەنگاوە لەلایەن گۆڤاری نوسەری کوردستانەوە، شتێکی تازەو دڵخوشکەرە، بەرەو هەڵگرتنی تخوبە رەسمیەکانی نێوان خۆیوخوێنەرانی و، نیشانەی دومەسەلەیە: یەکەم، گیانی متمانە بەخۆکردنی گۆڤارە، کەسەرەرای هەموکەم و کورتیەکان، ئەگەر تەنها بەردەوام بونی لەوهەل و مەرجە سەختەدا لەبەرچاوبگرین، ئەوەندەیبەسە بۆ شانازی بەخۆوەکردن. دوەم، متمانە کردنەبەخوێنەرانی خۆی، کەدەبێ ئەمەش هەربۆ گۆڤارەکە بەچاوی رێزەوەسەیربکرێ بەلام ئەوەش لەبەرچاوبگیرێ، کەباری سەرنجی خوێنەرانی ئاسایی وەک ئێمە، مسۆگەرنا پسپورانەوگشتی دەبێ و سەرنجێک دەبێ لەودیو پەنجەرەوە بۆناومالی دەستەی نوسەران، کەگۆڤارەکەیانە.

## جغزێکی بچوک:

بازنەی خوێنەرانی نوسەر، روبەرێکی جوگرافی فراوان هەر لەناوەوە، تائێرەو هەندەران دەگرێتەوە. دورنیە خوێنەران، بەگوێرەی هەل ومەرجەجیاکانیان، دیدیشیان بۆئەرک و پەیامەکانی نوسەرو، پێویستیە هەنوکەییەکان جیاوازبێ.

بۆیە، کەدەڵێم "خوێنەران"، نەک بەومەبەستەی لەبری ئەوان قسەبکەم، بەڵکو بەومانایەی کەتێبینیەکانی ئەم وتارە، زادەی گفت و گۆی لابەلای نێوان خۆمانە، وەک خوێنەرانی نوسەر، ئەوانەی لێرەدالە نزیک یەکین. هەروەها بەو نیازەش نیە کەبەناوی خوێنەرانەوەلەبەرامبەرنوسەرانی گۆڤاردا سەنگەر بگرم و داکۆکی بێ چەندوچون لەراکانیان بکەم، کەهەندێ

جارنا بابەتی و سەرەنجامی "تێکەڵبینی "ن مەبەست لەم وتارە، بەپلەی یەکەم ساغ کردنەوەی هەندێ رای ناوخۆی ئێمەیە جارێ بۆخومان وەک خوێنەر، ئینجا گەیاندنی کاکڵەکەی بەگۆڤارو دەستەی نوسەرانی .

## نوسەری کوردستان بۆچی ؟

سەر وتاری ژمارە "١٥"ی نوسەرئەرکەکانی گۆڤار وەها پوخت دەکاتەوە : چاپ و بلاوکردنەوەی ئەدەبێک کە سەروەری و نمونە بالاکانی قارەمانی و قوربانی دانی گەلی کورد لەپێناو رزگاربون وێنەکێشی و، گیانی خەبات و کوڵنەدانی لاقول بکاتەوە. هەروەها دەرفەتی بۆ بلاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانە هەلبخا، کەلەگۆڤارو رۆژنامە رەسمیەکانی عێراق دا بواری بلاوکردنەوەیان نادرێ " .

دەستەی نوسەرانی گۆڤار، بو بەجیگا یاندنی ئەو پەیامەش، دو رێوشوێن دەکا بەچوارچێوەی کارکردن :

١ ـ نەبونە پاشکۆی هیچ لایەنێکی سیاسی و، پاراستنی سەربەخۆیی خۆی .

٢ ـ پاراستنی گۆڤار لەنەخۆشیە ئەدەبیەکانی وەک ترازان لەپێوەری زانستی، رەخنەی بێ جێ و، قسەی داخدا رانەوتیرو توانجی بێ ئەنجام .

### ئامانجەکان ، لەنێوان گۆڤارو خوێنەراندا :

ئەگەر دیاریکردنی ئەرک، ئامانج و رێوشوێنەکانی پێ گەیشتنیان لەئەستۆی گۆڤارودەستەی نوسەرانی دابێ، ئەوا هەڵسەنگاندنی رادەی بەجێهێنان و رەچاو کردنیان ، لەمیانەی وتوێژێکی بنیاتنەرو بابەتیانەدا، لەئەستۆی خوێنەرانی گۆڤارەکەدا دەبێ .

بالەچوارچێوەکانەوە دەست پێ بکەین ، ئینجا هەڵکشێین بۆسەرەوەتر .

لەکاتێکدا ئێمە خاڵی دوەم بۆگوڤار دەسەلمێنین ، دێینەسەر خاڵی یەکەم کەزۆر گرنگەو هەندێ ئالۆزی هەڵدەگرێ ، بۆیە نەختێ لەسەری دەوەستین

دیارە مەبەست لەپاشکۆیەتی دەرخستنی جۆریک لەپەیوەندیە لەنێوان بەرهەمێک ، گۆڤارێک یا ئەدەب بەگشتی بۆ حزبێکی سیاسی . بەگشتی لەناوئێمەدا دوجۆردیدی یەکلانە لەبارەی ئەم پەیوەندیەوەدەخرێتە رو: یەکێکیان دیدی یەکلانەی سیاسیە، کە ئەدەب بەرەنگدانەوەی راستەوخۆی نەک سیاسەت بەگشتی ، بەڵکوریبازێکی سیاسی دیاریکراو دەخوازێ و، هەمو بەرهەمێکی ئەدەبی ، ئەگەر مولتەزمیش بێ ، بەلام خاوەنەکەی ناسنامەی ئەو حزبەی پێ نەبێ، رەتی دەکاتەوەو، بەسادەیی بەلادەر، یایە دژی گەلی دادەنێ ، ئەمە ئەگەرپێ ی نەڵێ خیانەتکارو کۆنەپەرست ، کەساغ کردنەوەو دەرخستنی لایەنەکانی ئەم دیدە، لەئەرکو چوارچێوەی ئەم وتارە بەدەرە . دوەمیان دیدێکی یەکلانەی ئەدەبیە . کەهەرنوسینێک بۆنی نەک رێباز، بەڵکو هەندێ یا ئامانجی بالای مرۆڤانەشی تیابێ ، راستو چەپی پاشکۆیەتی بەسەر دادێنێ و ، بەترازان لەشارێی ی "ئەدەبی پوختا " دەزانی .

ئەم دودیدە، ئەگەرچی بەروکەش دژ بەیەکن ، بەلام زادەی هەمان یەکلابینی و گیانی سەرینەوەی بوارێکە لەبوارێکی تردا .

نوسەر، هەرکێبێ ، مرۆڤێکی ناوکۆمەڵەو

خواستەکانی خۆی لەیەکێ لەدروشمە لە ئاراکانی ناوئەو کۆمەڵە دەبینێ . بۆیە هیچ سەیرنیە گەرئەو نوسەریا ئەدیبە سیاسەتیش بکاو ئیلتزامی بەحزبێکەوە هەبێ . ئینجا لەبەرئەوەی بیرکردنەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزوهەمەلایەنە لە پارچە کردن نەهاتوە، بۆیە زۆرئاساییەکەبیرورا سیاسیەکانی ئەدیب لەنوسینەکەیدا رەنگ بداتەوە، بەلام بەرەچاوکردنی دوسەرەتا :

١ ـ تەنیا لایەنی ماقوڵ لەبەرهەمەکەدا ناوەروکەکەی نەبێ ، بەڵکو چوارچێوە و زمان ومەرجە ئیستاتیکی و ئەدەبیەکانی تیدا رەچاوبکرێ .

٢ ـ ئیلتزام کردنەکەی لەجیهانبینی گشتی و ئامانجە مرۆڤایەتیەبالاکانی خۆی تێپەرنەکات و، نەکەوێتە داوی داکۆکی کردن یاپیاهەڵدانی کەس و هەنگاو و تاکتیکی رۆژانەو کورتخایەنی، کە ئەمانە بوارەکەیان سیاسەتە نەک ئەدەب .

لەمەوە ... ئەوەندەی تایبەتەبەپاشکۆ بون یانەبونی،گۆڤاری نوسەر، لەسەر بناخەی بەرهەمی بلاوکراوە بریاری لێ نادرێ ، بەورادەیەی بەرهەمەکان بە مەرجەکانی ئەدەب ، بەگیانی بابەتی بون و دوربون لەسکتاریزم ، بەئاقاری یەکێتی ریزەکانی گەل بوبێ نەک کەلکردنی ئەو ریزە .

ئەوەی مەسەلەی ناپاشکۆیەتی گۆڤار ساغ دەکاتەوە، رێبازی گشتین چەندین ساڵەیەتی ، کەمن روخسارە دیارەکانی لەمانەدا دەبینم :

١ ـ بەدریژایی ماوەی دەرچونی ، گۆڤار نەبۆتە مەدحنامە بۆ پیاهەڵدانی هیچ کەسێک ، لایەنێک ، یائاقارێکی سیاسی دیاریکراو، تەنیا گەل و بەرەوئامانجەکانی نەبێ .

٢ ـ هیچ بەرهەمێکی لایەنگیری ئەوتۆی بلاونەکردوتەوە، کەلەسەرحسابی لایەنەکانی تربوبێ و حەساسیەت ودرزی خستبێتەوە .

٣ ـ لەگرژترین رۆژگاری نێوان لایەنە سیاسیەکاندا ، گۆڤاربواری نوسینی وەکو یەکن بۆ نوسەرانی هەمولا رەخساندوە .

٤ ـ دەرفەتی یەکسانی بۆ بلاوکردنەوەی راو رای پێچەوانە وەکویەک هەڵخستوە .

٥ ـ لەهەر کوێ یەکی گوڤار، سەرکەوتنێکی سیاسی یا قارەمانی و نەبەردوداستانەکانی پێشمەرگە وێنەکێشرابێ ، ئەوا بەزۆری وەک سەرکەوتنێکیش بەرەی گەل و زیاد کردنی بەشێکی تر لەسەروەریەکانی رەفتاری لەگەلاکراوە .

<u>ئەرکەکان لەتەرازوی خوێنەران دا :</u>

بازنەی ژیان و مانەوەی ئەدەب مێشکو دڵی کۆمەلانی خەڵکە . کتێب ، نامیلکەو گۆڤاری چاپکراو، بەبێ پەل هاویشتن بۆ نیو ئەو بازنەیە، تەنیا کێلی قەبری بەرهەمەکە دەبن .

سەبارەت بەگۆڤارێک ، سەرەتاییترین جۆری ئەوپەل هاویشتنە راهیلانی پەیوەندی دەبێ لەگەڵ خوێنەرانی خۆی .

پەیوەندی گۆڤاری کوردستان لەگەڵ خوێنەرانی دا ، هەندێ روخساری تایبەتی تیدایە کەجیالەپەیوەندی هەرگۆڤارێکی تری ئەدەبیە بەخوێنەرانی ئاسایی خۆیەوە.

لێرەدا نوسەران ـ خوێنەران تەنیا رایەڵی ئەدەب و دۆستی بەیەکیانەوە نابەستێتەوە بەڵکو ئەمانە دوجەمسەری یەکتری تەواو کەری کێشەیەکی گەورەترن ، مەبەستمان لەکێشەی خەبات و شۆرشە، کەئەدەب ونوسین تەنیا لایەنەکیەتی .

لەمەرە، ئەگەر خوێنەرانی گۆڤارێکی ئاسایی چاوەڕوانی شتێ تایبەتی لێ نەکەن، یا بەبەشێک لەبەدیهاتنی چاوەڕوانیەکانیان رازی بن، ئەوا خوینەرانی (نوسەری کوردستان)، کەلەسەر تیخی ئاگردا بەکێشە گەورەکەوە پەیوەستن و، خۆیان خاوەن و داهێنەری ئەوکەرەستە خاوەی قارەمانیو سەروەرین، کەگوقارو ێنەکێشانیان بەئەرکی خۆی دەزانێ. هەقی خۆیانە گەر تەمای گەوەریان بە "نوسەری کوردستان" هەبێ و، چاوەڕوانیەکانیان بەقەدقولایی کارەساتەکان گەورەبێ. راستە ئەمجۆرە دیدە هەندێ جار لەگیانی بابەتی بون دەترازێ و، واقیعی رەخساولەگەڵ خەونی بەرزەفر بەراورد دەکا، بەلام ئایا هەر ئەمەیان بزوێنترنیە لەوپەندو وەعزانەی بەناوی واقیعی بونەوە خەون و ئومیدە نەپشکوتوەکان تیرۆر دەکەن. ئەوئەرکانەی گۆڤار بۆخۆی رەنگ رشتون، لەمیانەی بەراوردکردنی واقیع لەگەڵ خەون دا، دەکەونە بەردو تێبینی خوێنەران:

یەکەم ـ ئەرکی وێنەکێشانی نەبەردو کارەساتەکانمان کوا چەندی لێ جێ بەجێ کراوە؟. دورنیە ئەم سەرنجە، لەئەنجامی هەستکردن بەقورسایی باری کارەساتەکان نەبێ، کەکەس نیە گوێی بۆبگرێ تەنیا خۆمان نەبێ و، کەس نیە هاواری بۆ بکا تەنیا خۆمان نەبێ. لەبەرامبەر ئەم سەرنجەدا. داکۆکی لەئەدەب دەکەم.

راستە کەئەدەب پەیوەندی بەسیاسەتەوە هەیەو، رەنگدانەوەی لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵە. بەلام، لەبواری خۆیدا بەگوێرەی تایبەتمەندیەکانی خۆی رێ دەکا ئەگەر گۆران، هەورازونشێو، سەرکەوتن یاکارەسات پێویست بەهەڵوێستی سیاسی دەسبەجێ بکەن، ئەوالەمەیدانی ئەدەبدا وانیە. تۆلستۆی بە١٦ ساڵ هێرشەکانی ناپلیۆنی بۆسەر روسیا لەدوتوێی رومانی "جەنگ و ئاشتی" دا وێنەکێشا. مارکیز بیست خەریک بوتا رۆمانی "سەدساڵ تەریکی" لەلادا خەملی. ڕووداوەکانی دوەمین جەنگی جیهانی تا ئێستاش هەوێنی شاکاری گەورەی ئەدەبین کەبەردەوام دەردەچن.

بەلام ئایا لەسەرێکی ترەوە، ئەوەش راست نیە کەئەدەبی کوردی لەرودا وەکان بەجێماوە؟، دەنا دوای سەدساڵ لەدەست پێکردن جولانەوەی رزگاریخوازی گەلەکمان کوائەو هەمو سەروەری و کارەساتە چی لێ تومارکراوە؟، نیشانەی چیە کەشەری گەورەی بەردەقارەمان، کەمادەیی بەپێری چەندین رۆمان دەبێ، تەنیا لەم چەند ساڵەی دوایدا لەشیعرێکی داستانی شێرکو بێکەس دا وێنەکێشراوە؟. ئەم قسەیەم بۆ ئەوەنیە گلەیی لەهیچ نوسەر، گۆڤار یا دەستەیەک لەنوسەران بکەم، بەڵکو بۆ ئەمە لایەنێکی لاواز لەئەدەبەکەمان دەست نیشان بکەم، کەپێویستی بەناونان و لێکۆڵینەوە لەهۆکانیەتی.

دووەم ـ ئەو ئەرکانەی دیاریکراون، گۆڤاری نوسەری کوردستانیان کردوە، بەگۆڤاری ئەو نوسەرانەی کەهەن. کەکاتێکدا لایەنێکی تر لەئەرکەکانی گۆڤار پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی ئەدیبانی بەرگریشە کەگۆڤار یەکێکە لەسەنگەرەکانی ئەمە بەرونی لەم خالانە دەردەکەوی:

ـ گۆڤار هیچ بوارێکی بۆئەدەبی لاوان، ئەوانەی ناوهێزی پێشمەرگەو خەڵکانی ناوچە ئازادکراوەکان نەرەخساندوە.

ـ پەیوەندی بەخوینەرانەوە ستونی بوە،

هیچ کانالیکی بوپەیوەندی لەگەڵیاندا نەکردوتەوە .

- هیچ پێشبرکێی ئەدەبی شیعر ، چیرۆک یابەرهەمی تری بۆخەڵکانی تازەپێگەیشتو سازنەکردوە، هەرچەندە ئەمەکارێکی ئەستەم ونەشیاو نەبوە .

- لەکردنەوەی کۆری ئەدەبیدا ، شیعر ، چیرۆک ، رەخنە یاگفت و گۆی راستەوخۆ لەگەڵ جەماوەری گۆڤاردا دریغی هەبوە . هەرچەندە ئەم مەسەلەیە لەسەر ئاستی شەخیسدا ، هەندێ لەئەدیبان ئەنجامیان داوە .

## بی پروژەبون :
## سیمای دیاری روشنبیریمان

دوژمنداری رژێمە داگیرەکەرەکانی کوردستان زادەی هەل ومەرجێکی سیاسی کاتی ، رەفەکاری کەسێکی تایبەت تاهەڵە وچەوتیەکانی رێکخراوە کوردستانیەکان نیە . بەڵکو مەسەلەیەکە لەلایەن رژێمە شۆڤێنستەکانەوە ستراتجێکی نەخشە بۆ کێشراوە بەئاقاری تواندنەوەولەناوبردنی هەرسێ کۆڵەکەی پێکهاتنی نەتەوایەتیمان : مرۆڤ ، خاک وفەرهەنگەکەی .

ئێستا ، کەرژێمی عێراق کوردستان وێران وتەعریب دەکا ، مرۆڤەکانی بەر کیمیایی دەدا یابەرەویبابانەکانی خوارو رادەگوێزێ ، بەهەمان گەرمیەوە خەریکی سرینەوەی فەرهەنگەکەمانە :

- پرۆژەی گەورەو سەخاوەتمەندانەدادەنێ تابەنیازی تەعریب کردن " زمانی کوردی لەموفرەداتی فارسی خاوێن بکاتەوە!! "

- زمانی خوێندن دەکاتەوە بەعەرەبی

- یەکێتی نوسەرانی کورد هەڵدەوەشێنێ و قەوارەی تایبەتی خۆیان دەسرێتەوە .

- رێگەی کارکردن لەتیپە هونەریە رەسەنەکان دەگرێ .

- شوێنەوارە مێژوویەکانی کوردستان وێران دەکا یادەدزێ .

- لەکاتی هێرش کردنە سەرگوندەکان ، دوای کوشتن یادیل کردنی خەڵکەکەی ، دەستنوسی مزگەوتەکان کۆدەکاتەوە و دەیانسوتێنێ . لەبیرناکا دوای خۆی گۆرستانەکانیش تەخت بکا .

لەبەرامبەر ئەم شالاوە ستراتیجیەی دوژمن دا ، رۆشنبیری کورد ، بێ پروژە ، لە تاکتیک دا دەژی . ئەمەگەربشێ ئەمزاراوە سیاسیە بۆ بواری فەرهەنگی فەرزبکەین .

مەبەستمان لەپرۆژە ، نەخشەیەکی پشو درێژو هەمەلایەنەی تاک یا کۆمەڵی دەستەیەک رۆشنبیرە بۆبەجێهێنانی یەکێ لەو ئەرکە ژیوارانەی لەئەستۆیاندایە . لەسەر بنچینەی دەرک کردن بەپێویستیە هەنوکەییەکانی گەل ، ناسینی سنورەکانی توانا و گیانی واقیعی بون و ، بەگوێرەی هەل ومەرجی لەئارا ، چوست یاسست ، بەلام بەردەوام هەنگاوی بۆدەنرێ .

کەچی ئەوەندەی لەبەرچاوە ، پشوکورتی رۆشنبیری ، یەکلابینی ، گیانی توند رەوانەی حزبایەتی لەمەسەلە گشتیەکاندا ، کەوتنە دوای روداوەکانی رۆژ ، پشت بەنادیاربەستن وهەندێ جاریش خۆ بەسەر یابەدەرگرتن لەکێشە لەئاراکان ، ئەمانە هەندێ لەو دیاردانەن کەبرستیان لە رۆشنبیری کورد بریوەو ، وایان لێکردوە لەسەرئاستی رۆشنبیریش ، وەک ئاستەکانی تر ، ئەمرۆبەسبەی و سبەی بەنادیار ببەستیتەوە ، نەک لەمرۆوە بۆ خالێکی دیاری ئایندە ، هێڵێک بکێشێ وبەبەرچاو

رونیەوە روەو پێگەیشتنی بروا .

بۆ وردکردنەوەی ئەم تێبینی یە ، با چاوێ بەلیستاوی گۆڤارو بلاوکراوە ئەدەبی وناەدەبیەکانی کوردیدا بخشێنینەوە کە لەهەندەران دەردەچن .

هەرچەندە ئەو بەرهەم و نوسینانەی لەو شوێنانەدا دێن ، بەری هەولّ ومانەدو بونی دڵسوزانن و ، هەندێکیان جێگەی تایبەتی خۆیان لەکتێبخانەی کوردیدا هەیە ، بەڵام بەئاشکرا پێیانەوە دیارە کە بەمەبەست و نیازی نمود هەبونەلەرۆژدا ، نەک بەدوداچونی ئامانجێکی رۆشنبیری گەورەتر . دەنا گۆڤارێ کەچەندین ولاتو دەریا تێپەردەکا تا چەند نوسخەیەکی بەدەستی خوێنەرانی ئێرەدەگا ، کەدەیکەیتەوە دوپارچە شیعر ، ژیاننامەی شاعیرێکی ئوروپایی سەدەی نوزدە ، سێ چیروکی وەرگێردراو ویەکێکی خۆماڵی و دو وتاری تیایە کەیەکێکیان لەبابەتی " گەران بەدوای سەنگەری سەربەخۆی !! جەماوەر "ە ، کەکاک فاضل قەساب هەرلەژمارە ١٥ دا نیشانی داوەو رەخنەی بابەتیانەی لێگرتوە ، چۆن خوێنەر توشی دڵ شکان ناکا ، لەحالێکدا هەمو بەوە دەزانین کە :

ـ تائێستا فەرهەنگێکی زمانی کوردیمان نیە ، کەجێگە پەسندی هەمو لایەک بێت و بناخەی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوبێ .

ـ مێژومان نەنوسراوەتەوە ، ئەوەش کە نوسراوە زۆربەی شێوێنراوەو تائێستا لە روانگەی نوسەرانی بێگانەوە تەماشای مێژوی خۆمان دەکەین .

ـ فۆلکلورودەسکەوتە مێژویی ومیللیەکانی ترمان ، هەرلەچوارلاوە دەمی تێنراوە و بەتالان دەبرێ و ئەوەی لێی بێ بەشە خاوەنە راستەقینەکەیەتی .

ـ باری دیموگرافی و،ژیانی کۆمەلایەتیمان بێ وانەکردن ماوەتەوە . تەنانەت تائێستا سەرژمێریێکی وردمان بۆژمارەی کورد لەبەر دەستدانیە .

ـ جوگرافیامان ، وەک شتەکانی تر ، هێشتا لەدوتوێی کتێب ، یائەتلەنیکی هەمەلایەنە یائەنسکلوپیدیایەککۆنەکراوەتەوەو ، لەبەرامبەر شالاوی شێواندن و تەعریبدا لەبەرهەرەشەیەکی جدی دایە .

ـ کتێبخانەمان لەبواری لقەزانستیەکلندا ئەوەندە نەدارووبی سەرچاوەو زاراوەیە ، کەبەراستی روێکی ئەستوری دەوێ پێشوازی ساڵی ٢٠٠٠ ی پێ بکەین .

بەرای هەندی کەس ، باسکردنی ئەمجۆرە مەسەلانە ئەمرۆ . پێشوەخت و جۆری پەلەکردنی تیایە . هۆکەشی دەگێرنەوە بۆ نالەباری هەل ومەرجەکان و نەبونی ئیمکانیەتی پێویست بۆجێ یەجێکردنیان . بگرە هەندێ لەمەش بەولاتردەچن و بەدی هاتنی ئەمجۆرە کارانە بەبونی قەوارەیکی سیاسی و چارەکردنی کێشەی کورد دەبەستنەوە .

لەکاتیکدا ئیمە نکول لەوەناکەین کە هەل ومەرجی ئیدیال ، رەنگدانەوەی زۆر باشی بەسەرچونیەتی بەجێهێنانی ئەم ئەرکانەدا دەبێ ، بەڵام هەلپەساردنی ئەرکەکان تاهاتنەپێشی ئەو جۆرە هەل و مەرجە ، کارێکی نادروست و ، هەندێجاریش خۆدزینەوە دەبێ لێ یان . چونکە :

ـ ئەگەر بەرەخسانی ئەو دۆخ وئیمکانیاتە ئیدیالانەوە ، راپەراندنی ئەم ئەرکانە بکەینە خانەی بیناکردنی شارستانی و ، چەسپاندنی سیمای نەتەوایەتیمان ، ئەوا ئەمرۆ ، ئەرکەکان تەوەری ململانێیەکیمان ونەمانن ، لەنێوان ئێمەو دوژمنان

ماندا، بەپلەی یەکەم بۆپاراستنی هەبونمان وەک نەتەوە.

ـ هەڵسەنگاندنی ئەرکە رۆشنبیریەکان بەناوی لەپێشتربونی کاری شۆرش وخەبات، تیزێکە ئیشکالیەتی تیایە. راستە ئەمرۆ هەنگاوێکی سیاسی وەک ریسواکردنی رژێمی عێراق بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی و، ئەگەربکرێ، هەنگاونان بۆگۆڤار خستنەسەری کەجەنگی قەلاچوکردن لەبەرامبەر گەلەکەماندا رابگرێ، لەدەیان دیوانی شیعرونامیلکەی چیرۆک بەگرنگتردەزانم. بەلام بەجێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکەسیاسیە هەنوکەییەش، نابێ خەیاڵ بۆئەوە بچێ کەشۆرش ئامانجەکانی خۆی بەدەسهێناوە. شۆرش، پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیەو، سیاسەت وئەدەب ورۆشنبیریش دوئاستی جیاوازی هەمان شۆرشن، بەتوندی بەیەکەوە گرێ دراون، ئەگەرپشتی بەگوێرەی بایەخ ریزیش بکرین، ئەوا ناکرێ هیچ کامێکیان لەکارنامەی خەباتدا رەش بکرێتەوە

ـ راستە کزی ئیمکانیات یەکێکە لە کۆسپەکان، ئەگەر هەمو رۆشنبیرە دڵسوزەکانی گەل بکەونە کار، ئینجا ئیمکانیاتمان لەبەرامبەر ئیمکانیاتی وێرانمارانەی دوژمن دا، وەک تەرازوی هێزی سەربازی دەبێ لەنێوان شۆرش و دوژمن. بەلام ئایا ئەو نەبەرامبەریە لە هێزوچەک و ئیمکانیات. بۆتە هۆی چاوخشاندنەوە بەستراتیجی شۆرشکردن ؟.

راپەراندنی ئەم ئەرکانە، رۆشنبیرێک گۆڤارێک یا دەستەیەکیش ناکرێ.ئەمە ئەرکی سەرشانی هەمومانە. ئەوانەی لەناوەوەن، لەشاخن یالەهەندەرانن.

ئینجا کەئەرکەکە هەمەلایەنەبێ، ئەوا دەردی کوشندەی بێ پرۆژەبون، هەمەلایەنە دەبێ و، بەگوێرەی هەل ومەرج وئیمکانیاتی بەردەست، کەم تازۆر، شانی هەمولایەک دەگرێتەوە، هەریەکەو لەبواری تایبەتی خۆیدا.

ئاراستە کردنی ئەم قسەیە بۆگوفار یا دەستەی نوسەرانی، گازاندەیەک دەبێ لە کەمێکی بەشێک.

هەرلەسەر وتاری ژمارە "١٥"ی نوسەردا هاتوە، کەلەماوەی ئەوچەندساڵەی کار کردن دا تائیستا ١٥ ژمارە نوسەر، چەند ژمارەیەک گرنگ و ٤٩ نامیلکە و کتێبی هەمە جۆری ئەدەبی و رۆشنبیری بلاوکراوەتەوە (تێبینی : من هەمو ئەو نامیلکەو گوفارانەم لەپێشانگەیەکی کتێبی یەکێتی نوسەراندا نەدیوە، کە بە ئومیدی ئەو رۆژەم).

ئەو بەرهەمانەی لەو گۆڤارونامیلکانەدا هاتون، هەرچەندە بەشێکی باشیان دەچێتە خانەی ئەدەبیکی ئەوتۆکەبرستی مانەوە و نەمری تیدایەو، هائەوەن ئەدەبی کوردی پێ یانەوەبنازێ، بەلام دەبێ ئەو راستیە بسەلمێنن کە: یەکەم هەمو بابەتەکان وانەبون، ئەمەشتێکی ئاساییەو گلەیی لێ ناکرێ، دوەم، بابەتەکان زیاتر بە مەبەستی کۆکردنەوەو بلاوکردنەوە بونە، نەک بەمەبەستی بەدوداچون وساغ کردنەوەو پرۆژەهەبون، ئەگینا:

ـ ناساندنی ئەدەبی بەرەنگاری کوردی، بۆ دیاریکردنی قەوارەکەی، بۆبەدوداچونی مێژوی سەرهەڵدان و گەشەکردنی. دیاری کردنی ئاقارو رێچکەکانی، بەراوردکردنی لەگەڵ ئەدەبی بەرەنگاری دنیاو، بە تایبەتی گەلانی ناوچەکەو وەرگێرانی رەوائعیئەدەبی بەرەنگاری دنیا بۆسەر زمانی کوردی و، هەوڵدان بۆ ناساندنی

ئەم ئەدەبەی کورد بەدنیا

+ هەنگاونان بەرەو دارشتنی بناخەیەکی پتەوبۆ ئەدەبێکی رەسەنی منداڵی کورد.

- چیرۆکی زۆر کورت وچیرۆکی درێــــژی کوردی .

- ئەدەبی یاداشت ونامە، کەلەئەدەبیاتی ئێمەدا نیمچە نەناسراویشن .

- رەخنە ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیزانستیانە

- شانۆی کوردی ، مێژوەکەی ، دەقەکانی وەرگێرانی دەقەناودارە جیهانیەکــــان . لێکۆڵینەوەی شانۆی جیهانی ، رێوشوێنــی بۆ شانۆ نوسین .

- لێکۆڵینەوەی پەیوەندیەکانی هونــەری بەرەنگاری و ئەدەبی بەرەنگاری کوردی : لەبواری هونەرەتەشکیلیەکان، موسیقــــا ، سرود ، شیعری گورانی و گورانی سیاسی دا

- ئەدەبی سیناریۆ نوسین ، بەتایبەتــی ئەوە کەشینەماکارانی کورد گوریان بەستوە بکەونە خۆ و لەبواری خۆیاندا تەکانێک بدەن بۆ پێشەوە .

نەبونی ئەمانەی سەرەوە، ئاسۆیــــان لەبەردەم ئەدەبی کوردیدا ئەوەندە تەسک کردۆتەوە، کەچەمکێکی هەڵەیان لای خەڵک چەسپاندوە، ئەویش : ئەدەب واتە شیعــرو چیرۆکی کورت . دورنیە هەربۆیەش بێ ئەم دوانەو بەتایبەت، شیعر لەسەر حیسابــی لایەنەکانی تری دا لەئەدەبی کوردیـــــدا ئەوەندە پەنماوە . ( ئەمە خۆی مادەیێکە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تەسەل ) .

## گەرانەوەیەک بو سەرەتا :

ئەوەی ئەم هەمو تێبینیانەی خرۆشاند، پرۆژەی خوێندنەوەیەکی ژمارە "١٥"ی گۆڤاری نوسەری کوردستان بو. بەلام سەرنج هەرزو لەسەر وتار نەترازاو، خاڵەکانی بون بە مادەی پەرت وبلاوی ئەم وتارە. بەوهیوایەی توانیبیتم بەشی لەدیدی خوێنەرانــــی گۆڤار، لەم چەند لاپەرەیەدا بخەمـــەرو. پێشوازی گەریش لەبەشداربونو بەپیـــــز کردنی ناوەرۆکی ئەم باسە دەکـــــەم بەو ئومێدەی تەوەرێکی راستەوخۆی ئەوتـــــۆ بکەینەوە، کەدەمێ ساڵە درەنگ کەوتوە.

لەکــن تو خاروخەس گولزارە بێ من
لەکن من خەرمەنی گوڵ خارەبێ تــۆ
لەلای من باوجودی ناس وئەجنــاس
کەسی تێـدانیە ئەم شارە بێ تـــۆ
هەموو روژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پیرارە بێ تـــۆ
هەتا تۆم ئاشنابووی ، ئاشنام‌بوون
ئەمێستە موبەموم ئەغیارە بێ تـــۆ

- نالــی -

# ئەمینێ ئەودال

## شاعیرو تویژەری کوردی ئەرمەنستان (١٩٠٦ – ١٩٦٤)

حاجی جندی

لەکتێبی :
تێ روانینێکی ئەدەبی کوردی لەئەرمەنستان

وەرگێرانی بو فارسی : درخاچادریان ـ ارمیاک
وەرگێرانی بو کوردی : س . ع . ص

شیعرەکانی ئەمینێ ئەودال دەگەرێنەوە بىۆ بەرلە جولانەوەی ئەدەبی نوێی کوردی لە ئەرمەنستان ودروست نوسینی زمانی کوردی و توێژینەوەی پێناسەکانی نەتەوایەتی ، خولقێنەرێکی راستەقینەیە ..

" ئەمینێ ئەودال ئەودالین " لەسالی ١٩٥٦ لەگوندێکی کوێستانی هەرێمی قارص بە ناوی " یمن چاهیر " لەدایک بو. ئەم گوندە بە داب ونەریتی کۆن ورەسەنەوە ، دەتگوت پێوەندی خۆی لەگەڵ جیهان هەلبریوە ، بەتایبەت زستانان ، ئەودەمەی کەبەفر باریکە رێیەکانی دەسرییەوەو ولاتی دادەپۆشی ، لەمانگەکان وشەوە درێژەکانی زستان دا رابواردنی دانیشتوانی ئەم گوندە ، گوێ راگرتن بۆئەفسانەکانی نەتەوایەتی ونەقلّ ونەزیلەی حیکایەتخوانانی لێهاتو بوکە بەراوێژێکی زۆر وەستایانە دەیانگیراوە وبەین بەین تێیانەهەڵدەکردێ . ئەدەبی زارەکی تەنیا پێخۆری رۆحی گوند نیشینەکان بو .

مالّی باوانی ئەودال نەک هەر لەیمن چاهیر بەلکولەئاواییەکانی دەوروبەریشدا رێزی لێ دەگیرا . لادییەکان لەوێ کۆدەبونەوە وشەویان بەباس وخواسی رۆژانە وچیرۆک وبەسەرهات دەبردەسەر. ئەودالی گچکەش لەئامێزی پاپیری‌دا گوێی بۆئەفسانەکان شل دەکرد وتوێشوی رۆحی پاشەکەوت دەکرد . هەرلەمنالّییەوەهەستی مرۆف دۆستی ، سادەیی ومل نان بۆداب و نەریت بۆنەنەخشی ئاوێنەی دەرونی .

ئەودال هەرچی لەگەورانی دەبیست بۆ ئاوالّەکانی دەگیراوە. ئەو سەرلەبەیانی وەردەکەوت ، بەدوای رەوەدا ساراوپێدەشتەکانی دەپێوا و پێوارەیەکی درەنگ دەگەراوە. لە خەیالّی مندالانەیەدا خۆی بەشوانێکی بەناوبانگ بۆ داهاتو دنیا بەرزەین . بەلام وەک گوتویانە: شەممو بەرلەهەینی گەیشتا شەری ئەرمەنی و عوسمانی دەستی پێ کردو بلّێسەکەی ، گوندی سی و پێنج مالّی یمن چاهیریشی گرتەوە . دایک و باوکی ئەودال سالّی ١٩١٨ کۆچ وکۆچباریان بەرەو

ئاوایی " قونداقساز " ی سەربە ئاباران"تیكەوە بێچا . ئەودال لەتەمەنی سێزدە ساڵی دا تامی تالی بێ باب چێشت و دایک و باوک وبرایەكی بەدەردی پەتایەكەوە چون . ئامینەی تالی شێواو لەدەركی هەتیوخانەی دا ، جارێک لەگۆشەی هەتیوخانەی " قارص " ، جارێكی دی لە " الكساندراپل " ولەدوایی دا لە " جلال اوغلی " دەستی لەئەژنو وەرێنا . هەتیوخانە بۆ ئەو دنیایەكی تربو . هەرلەوێدا زمانی ئەرمەنی فێربو پاشی بێی نایە قوتابخانە .

لەساڵی ١٩٣٤ لەهەتیوخانە هاتەدەر ، روی كردەتفلیس لەو سەردەمەدا بۆتە هاوكاری " ئابەلازوهاكوپ قازاریان " تاكو منالە كوردەكانی ولات لەقوتابخانە تازەكەی ئەودا ، كەهەمان ساڵ بۆ منالانی كوردی دروست كرابو ، كۆبكاتەوە .

ساڵی ١٩٢٦ بەرێ كرایە هەرێمی ئاباران و لەقوتابخانەی گوندەكانی " شیراگ "،" كاروان سەرا " و" قونداقساز " خەریكی دەرس وتنەوە بو وبەم جۆرە بوبە یەكێ لەهەوەڵین ماموستاكانی ولات .

لەساڵی ١٩٣١ بەرێ كرایە یەریڤان ولە زانكۆی دەوڵەتی پەلی ئەدەبیات دەستی بەخویندن كردو هاوشان لەگەڵ دەرسەكەی بەناوی سكرتێری بەرپرسی رۆژنامەی " ریاتازە " ئەركێكی گەورەتریشی گرتە ئەستۆ ، وهەر لەم سەردەمەدابو كەلەگەڵ " گەنجو"ی هاوگوندی ئاشنابو .

ئەوداڵ چونكە لەزمانی كوردیدا دەستێكی بالای هەبو ، قۆڵی لەنوسینی كتێبی دەرسی هەڵماڵی ، بۆ نوسینی ئەم كتێبانە كەڵكێكی زۆری لەئەفسانەكانی كوردی وەرگرت ودەكری كتێبە دەرسییەكانی ئەوداڵ بەكۆكراوەیەكی كارە هونەرییەكانی ئەو دابندرێ . جگە لەوەش یەكێ لەنوسەرانی بەرهەمی منالانە لەزمانی كوردی دا .

لەسالی ١٩٣٧ كۆلیجی ئەدەبیاتی زانكۆی دەوڵەتی یەریڤانی تەواوكردو لەپەلی كوردناسی دا ئیسپرانتی هەڵبژێردرا ، لەساڵی ١٩٤٤ تیزی بەنرخی خۆی بەناوی " ژنی كورد لەبنەماڵەی كۆن ، بەپێی بابەتەكانی نەتەوایەتی وفولكلوریک " نوسی وبەم جۆرە لەناساندنی نەتەوایەتی كوردانی سۆڤیەت دا بەهەوەڵین پسپوری كورد ناسرا .

ئەودال پاشی بەرگری لەتیزەكەی ، لەمۆزەی مێژویی زانستی ئەرمەنستان دەستی بەكار كرد ، لەئەنستیتوی كونینەناسی دامەزرا ، ساڵی ١٩٥٩ بەری كرایە بەشی رۆژهەلاتناسی كوری زانیاری ولەبەشی كوردناسی دا . خۆی یەكێ لەدامەزرێنەرانی ئەم بەشەبو ، بەتوێژینەوەوە خەریک بو .

ئەوبەرهەمانەی كەلەكوردناسی دا بە زمانەكانی ئەرمەنی وروسی وئەوروپایی لەئەودال بەجاب گەیشتون نیشانەیەكی ئاشكران لەرەنجی دڵسوزانەی وی .

ساڵی ١٩٥٢ كتێبی " خوێن ستینی لەنێو كوردان " وساڵی ١٩٥٣ " زیانی كوردانی ئەرمەنستان " وساڵی ١٩٥٧ كتێبی " زیانی كوردانی قەفقاز " ی نوسی .

یەكێک لەتایبەتمەندەكانی ئەودال ئەوەیە كەبابەتە دەوڵەمەندورەسەنەكان لەسەربناغەیەكی زانستانە هەڵدەسەنگێنێ و دەیانداتە بەر لێكۆڵینەوە . ئەوی پێوەندی بەمێژو . بەداب و نەریت و بەناسینی نەتەوایەتی كوردانەوەهەیە ، هەرگیزبەچەشنی سەرەكی وسەرپێی كاری لەسەر نەكردوەو بەسوكی ورمەكی هەلینەسەنگاندوە . ئەوانەی كەلەگەڵ كارەكانی وی ئاشنان بەرێزەوە پەسندی دەكەن . ئەودال لەسەر لێكۆڵینەوەی فولكلۆری كوردی رەنجێكی زۆری كیاوە ، گردەوە كویی " فولكلۆری كورد" ی لەساڵی ١٩٣٦ بلاوكردەوە ، ئەم لێكۆڵینەوەیە چ لەلانی كورد ناسیەوە وچ لەلانی ئەدەبی كوردی بەوەبایەخێكی زیاوەری هەیە . هەروەها ئەودال لەپێكگرتنی فەرهەنگی ئەرمەنی ـ كوردی دەورێكی گەورەی بینیوە .

ئەودال لەساڵی ١٩٣٤ كەهەوەلین كونفرانسی كوردناسی گێرا بەپێشكەش كردنی راپۆرتێک لەمەر دروست نوسینی كوردی ، خۆی نیشان دا . چاردە سال پاشان . فەرهەنگی دروست نوسی كوردی

بلاوکردەوە . ئەودال لەمەیدانی پەروەردە و زانستیشا خزمەتێکی گرنگی کردوە. ئەو چەندەها ساڵ لەئاوایەکورد نشینەکانی ئەرمەنستان دا دەرسی گوتۆوەولەقوتابخانە ناوەندیەکانی بەریڤان دا زمانەکانی ئەرمەنی و ئاڵمانی گوتوەتەوە . هەربەپێی ئەم خزمەتە گرنگانە بو کەلەساڵی ۱۹٦۰ نازناوی "ماموستای "راستەقینە"ی پێ درا .

مرخی هونەری ئەودال زەمانێک پشکوت کە لە تفلیس قوتابی بو . " ئابالازو " بەرێوەبەری قوتابخانەی شەوانەرۆژی کوردان ، روناکبیرانی کوردی وەک " کمیل بدرخایی "، " احمدمیرزایی" " اسد جانگوی " و کەسانی ترلەپێگەیاندن و گەشەپیدانی هونەرو ئەندیشەی ئەودال شوێنێکی زۆریان بوە. ئەودال لەم سەردەمەدا لەپاشگەی " لوکاشین " شەوی شیعری پێک دێنا و بەشیعری خۆشیەوە بەشداری دەکرد .

چیرۆکی منالانەی . جاسم و توسن "بەرهەمی ئەو سەردەمەیەتی . کەسەردەمێکی پر خۆش و حرۆشی ژیانی ئەودال بو و لەساڵی ۱۹۲٤ بە زمانی ئەرمەنی سوسیویەتی وپاشان بەکوردیش بلاوی کردوتەوە. ئەودال لەم چیرۆکەدا ژیانی خۆی و هاوتاکانی هەڵدەسەنگێنێ ، ئەمجا رپلانی فام وئەندێشی نوێنەرانی کورد دادەرێژێ و دەئێژێ : " منالی کورد تینوی فێربونە، ئەو گەرەکیە خوێندن ونوسین فێربێ ،بەلام ئەفسانەی پروپوچ سەرهەلستیتی وشێخ ومەلای دین فرۆش لێی بونە لەمپەر، لەکتێب وفێربوونی دور دەخەنەوە ."

هەڵبەستی سیحراویێژی " گوندی نیشتمان " لەراستی دا وەبیرهێنانەوەیەکی رۆژانی شیرینی منالیە لەپێدەشتی بیرەوەریەکانی هەست بزوێنی رابوردودا :

**هۆ .. گوندی نیشتمانا**
**لەهەمو دەم و ژەما ، تۆ**
**پربەدڵ دەهێنمەوە بیرم**
**بەبیری بەرزەوە لەتەکتا رائەبرم**
**دەچمە ژوری ماڵەلەمێژینەکەمان**
**پێ دەنێمە دەشتەکان**
**منگەلە برسی دەشتەکان دەپێوم و**
**بانگی شێوان بەرەو ماڵ دەبمەوە**
**جیمەنزارەکەت وەبیردێنمەوە ،**
**سەرچاوە زمزەمە وێژەکانت .**
**چۆمی چاچو خەمبارانە دەخرۆشی و ،**
**لەبەردەلانا دادەگەرێ**
**هۆ .. گوندەکە ، تۆ لەکوێی ؟**
**ئەی منالی .. ئەدی تۆ لەکوێی ؟**
**ئێوە لەکوێن .. ئەی گوڵە گەنمەکان**
**ئەی هودە خوشەویستەکەم .**
**رەنگە زەویت بێ جوتێرو**
**دیوارەکانت هەژگەل تەنیبێتی**
**ئەی " یمن چاهیر " خوزیا زانیبات**
**چەندت ویستیارم ..**

شیعری کەئەودال پێشکەشی کرد بە " کومیتاس " موسیقازانی مەزنی ئەرمەنی ، دەنگی سیاسی پاک وبێ خەوشی نەتەوەی کوردە بەهاوسای دێرینی خۆی ، گەلی ئەرمەن . شاعیر بەهونەری پتەوی خۆی دەردەبری کەکومیتاس نەک هەر رۆڵەی راستەقینەی گەلی ئەرمەنە . بەڵکو پێوەندی بەکورد و کوردایەتیشەوە هەیە .

کومیتاس لەساڵی ۱۸۹۹ لەبەرلین تیزێکی لەسەر " موسیقای کوردی " نوسی ولەم تیزەدا سیزدە گورانی کوردی هێنایە سەر شێوەی نوت ، کەلەبەرگی پێنجەمی کتێبی " پێناسەکانی نەتەوایەتی " ئەودال دا هاتون . کومیتاس لە کونسیرتەکانیا دەقاودەق لەمۆسیقای کوردی کەڵکی وەردەگرت ، ئەودال بەبیستنی ئەمگورانیە سیحراویانە ، بەهەستیکی خەست و مەستەوە هاوار دەکا :

**ئەی ماموستا .. گورانیەکەت ، لەخۆیا**
**موسیقای بەهاری**
**زەمزەمەی ناسکی پێدەستەکان و ،**
**نالەی پیران و جوانان**
**وەدەشێرێ .**
**لەگورانیەکەتا هەورو باران**
**گورگور دەگرین**
**چومەکان ، لەبەر بەستینەکانیان**
**راست ئەبنەوە**

دڵەکا ن لەدوری دورەوە
یەکدی هەرا ئەکەن و ،
هەست ئەکەین بەچپەی
گوڵی را زێکی تا زە پشکوتر...

ئەودا ل بەیتە کوردییەکانی وەک : مەم و زین " ، " زەمبیل فروش " و" مەحمود بەگ " ی بەشیعر هونیوەتەوەو لەم هونینەوانەیدا هیچ کات لەتایبەتیەکانی نەتەوایەتی لاینەداوە و رەسەنایەتی بەیتەکانی پاراستوە . وئەم هونەرە بایەخی شیعری ئەودالی زیدەتر کردوە .

ساڵی ١٩٦٥ کۆمەڵە شیعری " پەریشان " ی ئەودال بلاوکرایەوە . لەم کۆمەڵەیەدا دوهونەی " پەریشان " و خەلیل وسینام " کەنا وەرۆکیان هی سەردەمی کۆنە ، گیانیان هاتوەتەبەر بابەتی هەوەڵین هونە پێوەندی بەهەرێمی قارس ـ ە وە هەیە ،و دوهەمیان دەگەرێتەوە سەر ژیان و رابواردنی کوردانی ئابا ران

بزوێنەری هێنایە دی هەردو هونە ، جیاوازی چینایەتی وراپەرینی لاوانە . شاعیر ژیانی تاڵی کچی کورد دێنێتەرو ، وهەڵدەسەنگێنێ ، کچی کورد لەهەمو چەشنە ئازادییەک بێ بەشە . دایک وباوکی بەبێ وەبەرچاوگرتنی ویست و دڵخوازی کچە ، بەرای خۆیان بەشوی دەدەن و لێرەزایە کە مەرگی رۆحی کچی کورد دەست پێ دەکا .

لەهونەی خەلیل وسینام دا پیرەپیاوێکی چەند ژنە ، دەتوانێ بەزەبری پول جوانترین و چاکترین کچ بخوازێ ، بەلام لاوێکی دەستتەنگ تەنیا بەتاوانی هەژاری . بەدلدارەکەی ناگا و سەرەرای ئەمەش نازانی دادی خۆی بەرێتە بەر کێ ؟ ژیانی کچی کورد ئەوکاتە رەشتر دەبێ ، کەهەویێ بەسەربێ . وئەمەش بناغەی هونەی " پەریشان "ە . لەم بەسەرهاتەدا کچەئامادەیە بەخۆکشتن ، لەجەلیلی دڵداری هەڵبرێ بەو مەرجە شوبە " جەببار "ی دەوڵەمەند نەکا . وقارەمانی هونەکەی ترحازرە دەست لەناودەستی دڵدارەکەی لەشاخ و کێوبدات ونەگەرێتەوە ، بەو مەرجە خونەداتە دەست داب ودەستوری رزیوی کۆن . ئەم قارەماناە " خەج " مان دێننەوە بیر ، خەج وهەمو ئەوکەسانەی کەلە فۆلکلوری کوردی دا لەپێناوی رزگاریخوازی ژن ، مەینەت بارانەژیان وسەربلندانە مردن . ئەوانە بە مەرگی ئازایانە ، لەبەرامبەریاسا کۆنەکان راوەستان وبەربەرەکانیان کرد ، هەر بۆیە زیندون ولەدڵی خەڵک دا دەژین

ئەودال چونکە تونێژەرێکی لێهاتوی ئەم مەیدانەیە ، لەبەدیهێنانی هونەریشا ئاگای لە داب و دەستورە کۆنەکان هەیە ، وبەم چەشنە ئێمە لەگەڵ گەنجینەی کەلەپوری گەلەکەی ئاشنادەکا .

ئەودال لە٢٢ی سبتامبری ١٩٦٤ دنیای جێ هێشت و لەسەر سریاری دەوڵەتی ئەرمەنستان ، سەبارەت بەخزمەتی گرنگی ئەو بەئەدەبی کوردی ، لەقسنی شاعیرانی ئەرمەن نێژرا ،

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردی یە
هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بەگەوهەرێ
جامەی حەیاتی عاریەت کورتە زینهار
ئالودە دامەنی مەکە بۆپێچی مێزەرێ !
ـ شێخ رەزا ـ

# ریالیزمی سۆسیالیزم لەنێوان دۆگم و ئازادیدا

## واقعیة الاشتراکیة

خالید ئەسعد 1989/7/1

### ریالیزمی سوسیالیزم

1924

پەنجا وپێنج سالێکی تەمەن تێپەراندووە . لەو ماوەیەدا هەزاران بـــــاس و لێکۆلینەوەی لەسەر نووسراوە . لەسەرەتای سەرهەلدانیشیەوە ، لەبەر ئەوەی تازەو لەچاو رێبازە هونەریەکانی کۆن ، چەپ و چینایەتی بوو ، ئەمیش چەپ رەوێکی توندی تیا پەیرەو کراوە خراوەتە قالبی تەسکی چینایەتیو حیزبایەتیەوە ، لە بنچینەشدا وانەبووەو نیە .

ریبازەکە سەرهەلداوی سەردەمی سەرکەوتنی کرێکاران و زەحمەتکێشانە ، زادەی پێویستی مێژوویانە ، کرکرانو زەحمەتکیشان ئەودەمە یەکەم جاریان بووەلەمێژووی کۆنو نوێ دا حوکم بگرنە دەست ، کە هاتونەتە سەرکاریش گەرچی شارستانیەتـــی کۆن ، بێ کاری زەحمەتکێشان ستەم بووە پێکەوە بنرێ ، بەلام دەستکەوتی چینایەتیان نەبووە حساب نەکراوە . بۆیە چینی چەوساوەی تازە حوکم کردوو ، پێشینەیەکی شارستانیەتـــی مێژوویی ، هونەرو رۆشنبیریەکی چینایەتی تەواو سەربەخۆیان نەبووە ، روبـــەرووی ئەرکی گەورەو گرانی ئایندەش لەبەرامبەر دوژمنی جۆراوجورو رێبازی ئەدەبیوهونەری جیاواز بوون ، میراتێکی گەورەی شارستانیەتیشیان بۆ بەجێ ما .

دروستکردنی شارستانیەتی چینایەتی نوێ ، رۆشنبیری چینایەتی نوێ ، بۆچونێکـــی تازە سەرکەوتوی ، کۆن هەمیشە ژێر دەستە گەلی گرانە ، ئەم چینە کون سەربەخـــوی نەدیبو ، چەوساوەتەوە ، کراوەتە کرێکاری تەلاری شارستانیەتیەکان و بچوکتریـــن بەشیشیان نەداوە ، هەرچەندە هەلکەوتوی گەورەشیان تیا هەلکەوتبێ.

شارستانیەتی سەردەمی کۆیلەیەتی خاوەن کویلەکان ، خولقێنەری سەرجەمیان نین . بەدەست و بازووی کۆیلەکان ، بەمێشک و ئاوەزی ئەمان ، کۆشکەکان بیناکراونونەخشو

نیگارەکان نەخشێنراون . تزار و قەیسەرەکان ، هەتا رابواردن و داگیرکردن و عەیش و نوش و درندایەتی وەستابێ ، تاقەتی ئەوەیان نەبووە دانیشن و پەیکەر بتاشن وگوزەو گوڵدان و کۆشک و تەلار بنەخشێنن ، بەزۆری هەر کۆیلەکان بوون و بەزەبر کراونەتە موڵکی حەلاڵی دەسەلاتداران . نەخش و نیگاری زۆربەی هەرە زۆری فەرشەکان ، رایەخەکان ، قاپ و قاچاخ و خەنجەر و شمشێر و ... هتد بەدەستی جوتیاران و پیشەوەرانی چەوساوە کراوون ، بوونەتە موڵکی دەرەبەگەکان . لە سەردەمی سەرمایەداریشدا سەدان نمونەی واهەن کە کرێکاران پێش هاتنە سەر حوکم و ئێستاش کە ژیانی چەوساوەیی دەبەنە سەر ، دواخراوون دەرفەتیان نادرێ و ئازادنین ، رۆڵێکی گەورەیان لە بینای شارستانیەتدا گێراوەو دەگێرن ، ویراش کە شۆرشی ئوکتۆبەر کرا ، لە کۆنەوە هەتا ئەوسا ، شارستانیەت بژار نەکرابوو هەتا بزانرێ کام داهێنراوەی چەوساوەو کامەیان هی چەوسێنەرە . دەبێ بڵێین کرێکاران و زەحمەتکێشان لە سەرەتاوە دەستیان پێکردووە ، ژیانیش بۆ چینی تازە هاتبێتە سەر حوکم تەنها بە دەسەلاتی سیاسی و ئازایەتی و لەخۆبردوویی ناچێتە سەر . رێکخستنی کۆمەڵ و پەیوەندی کۆمەلایەتی ، وەکو دەسەلات و دەسەلاتداریەتێکی چینایەتی لە هەر قۆناغێکدا دەوێ ، ئەدەبیشی دەوێ هونەریشی دەوێ ، .. گورانی و هەڵپەرکێ و ، خۆشی و سەیران . ئاسوودەیی و دڵنیایی و داوەری ، خۆشەویستی و دڵداری ... شارستانیەتی دەوێ بە هەموو شێوە پیشەسازی و هونەرکاریەوە لێرەدا سەری گوریسی باسەکە دەگرمە دەست کە ئاخۆ:

ریالیزمی سوسیالیزم (واقعییەتی)، رێبازی ئەدەبی و هونەری چینێکی تازە داڕێژەری بناخەی شارستانیەتی چینایەتی و مرۆڤایەتییە ؟ یاخود رێبازی حیزبایەتی پرۆلیتاریایە ؟ گەر شارستانیەت بەچەمکە فراوانەکەی تەماشا بکەین شارستانیەتی هەر چینێک بێ ، لەهەر قوناغێکدا نابێ لەگۆشەی حیزبایەتی ئەو چینەی بگوشین کەحوکمی بە دەستە ، گەرچی هەموو چینێک بایی توانستی چینایەتیەکەی هەوڵ ئەدا سەرخانی حوکمەکەشی ، رەنگدانەوەی ژێرخانە ئابووریەکەی بێ ، بەلام لە هیچ قوناغێکی رابوردوو ، هەتا ئێستە رەورەوەی شارستانیەت بە هەموو لق و پەل و چلیەوە ، بە ئارەزوی چینەکان نەبووە ، گەرچی درندەش بووبن . ریێنسی باشترین بەڵگەی بەڵگەنەویستی ئەم راستیەیە ، هەمیشە رژێمەکان و ئەو حیزبانەی حوکمیان بە دەستە کەم و کەمایەتیان لە چاو زۆربەی میللەت . ئێستا لە ولاتێکی وەکو شورەوی کە یەکەمین ولاتانی سوسیالیستی جیهانە ، ژمارەی تێکرای ئەندامانی حیزبی " کۆمۆنیستی " دەسەلاتدار دەگاتە "١٩" ملیون واتە "٦/٨" لە سەدی خەڵکەکە . باشە : شارستانیەت بەوبەشە کەمەی خەڵکی وولاتێکی وەکو شورەوی چۆن دروست دەبێ و چۆن چۆنی رێبازی ریالیزمی سوسیالیزم ، ئازادانە ئەبێ و هەستی تینوی پەنگ دراوی خەڵکە زۆرەکە پاراودەکرێ ؟

**پرولیتاریاش :**

ناتوانێ ریبازە هونەری و ئەدەبیەکەی کەبەشێکی گرنگی شارستانیەتی چینایەتی تازەیەتی ، تەسک بکاتەوە ، ناتوانێ رابوردو پشتگوێ بخات . ناتوانێ زانست و

زانیاری لاببات .. هیچی ئەوانەو زورتریش ناتوانێ بکات ، چونکە کردنی خەتەرەو هەڵدێری بە دواوەیە ... دژی دیموکراسی و ئازادی و مرۆڤایەتیە .. دژی پێشکەوتن و ئاسودەیی و بەختەوەری ژین و ژیانە

چینە دەسەلاتدارەکانی رابوردوو ، هەریەکەیان سەدان ساڵیان وویستهەتا توانین شارستانیەتێکی گەورە بینابکەن و شارستانیەتەکەش موڵکی هەموانە .

گریمان ئەو چینە چەوسینەرانە ، بە ئاشکرا رێیان نەدابێ ئەدەب و هونەروزانست و زانیاری ، پیچەوانەی بەرژەوەندی چینایەتیان ئازادانە بەرهەم بهێنرێن .

چاکـــــە :

پاشنەمانی ئەو چینانە چی دەرکەوتووە ؟ چی سەلماوەو چیمان بۆ بەجێ ماوە ؟ کە ئێستا کێومالی رابوردوو دەکەین ، دەبینین : ئەوەی بەجێ ماوە خەرمانیشارستانیەتە مایەی شانازی و رازاندنەوەی کۆنو ئێستاو ئایندەشە . سەرچاوەیەکی لەروخـانـدن نەهاتوی لێکۆڵینەوەی رابوردوی ئادەمیزادن کەئەگەر شارستانیەتی دێرینە نەبوایە ، دەبو ئێستە تفەنگبە تاریکی رابوردووە بنرێ ، ئەم راستیە : یەکێتی دژەکـانـی رابردووی دێرینەیە . دەرسێکی گەورەیە پێویستە پرولیتاریا چۆنیان ئەزموون بـــۆ ئایندە لێوەربگرێ؟

باوەری نەگور وایە کە پرولیتاریا شۆرشگێرترین و ئازادیخوازترین چینی کۆمەڵـە، کۆنو نوێ ، چینی دیموکراسی خوازی واپێکنەهاتوە . ئەمە پەیمانی راستەقینـــەی پرولیتاریایەگەرچی بە داخەوە ، ئەم راستیە تێکدراوەو نمونەی پێچەوانەیپێشکەشی مرۆڤایەتی کراوە کاری وابەناوی پرۆلیتاریاو کۆمۆنیزمەوە دەکریـــن ولاتـــــە ئیمپریالیستەکان بێزیان لێ دەبێتەوە ... ( سەیری ئەم سەیرو سەمەرەیە!! ) بـەلام مادام پرنسیپەکانی فەلسەفەی پرۆلیتاریاو رێبازە حیزبایەتیەکەی لە گەوهەردا ،دژی چەوساندنەوەی چەوسێنەرە ، بۆ گۆرینی کۆمەڵ و باری کومەلایەتی رۆنراون ... کەواتە

دەبی ئاوی راستی لە سەرچاوەی بیروورای چینەکەوە بخوێنەوە ، نەکلە جوگەلـــە لێڵەکانەوە بەم پیەشبێ ئەرکی بینای شارستانیەتوژیانی نوێی پرۆلیتاریـا روون بووەو تێکدراوە ، دەشێ بهێنرێتەوە سەر ئاقارە راستەقینەکەی . ئەویشئەمەیەکە:

دەبێ هەردەبێ ، بەراستی و راستگۆیی ، بسەلمێنرێ کەوا رێبازی کرێکاران دەستەبەری ئازادی و دیموکراسی راستەقینەیە . ئەم چینە لە بیناکردنی شارستانیەتـــی نوێدا وەکو چینەکانی کۆن ناکات ... ئەوەی بەخۆی ، هونەرەکەی ، ئەدەبــــەکەی ، زانستو زانیاریەکەی ، کەلتورو کەلەپورەکەی ، داب و نەریتەکەی ، دەکرێ دەیکاتو دەشیکاتە ماکی شارستانیەتە نوێکە ، بەلام چینەکانی دیکەشی ، چیان پێ مـــــاوەو چەندیان پێ پێشکەشدەکرێ ، ئازادن لە کردنیان ، هەتا لە پاشەرۆژدا ، لەکۆمەڵـێ کۆمۆنیزمدا پاشسەدان ساڵی دیکە ، پاشهەزاران ساڵ .. کە خەڵکدەروانـــــە مۆزەخانەکانی ئەم سەردەمە وبەراودیان دەکەن لەگەڵ دێرینەکان بزانن باپیـــــرەو داپیرە کۆمۆنیستەکان ، دیموکراسیترو ئازادانەتر لەکۆنترە چەوسێنەرەکان سەیـــری ژیان و شارستانیەتیان کردووە . راستە ئێستە جۆرێ لە تێکچونی رەوتی شارستانیەت

وگەوهەری چینایەتی ئەو رەوتە زاڵە،راستە واباوە گوایە پێشکەوتن و شارستانیەت موڵکی ولاتە سەرمایەدارە پێشکەوتوەکانە،بەلام دەبێ بزانین ئەم جۆرە بیرورایە ، تراویلکەی مێژووەو لەسێبەری باری ئابوری و لادان و بادان دا گەشدەنوێنێ . مادام چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە ، ناکۆکی کارو سەرمایە ، لەو ولاتانەدا دەپارێزرێ و دەسەپێنرێ ، شارستانیەت و رۆشنبیریەکەشیان لە دەوری ئەو ناکۆکیەدا هەڵدەسورێ ، کەواتە :
کاروسەرمایە، لەو ولاتانەدا دەپارێزرێ ودەسەپێنرێ ، شارستانیەت ورۆشنبیریەکەشیان لەدەوری ئەو ناکۆکیەدا هەڵدەسورێ ، کەواتە:

ئەو رەوتە تێک چوە، ستەمە تاسەروا بمێنێ وگەردلۆپ و دلۆپیش لەوولاتانەدا، ناکۆکی چینایەتی کەلەکەببی وجوش بخوات .. گەردەیان و... دەیان ..دەیان سالی دیش ،گۆران و وەگۆرانی گەورە بخایەنێ ،رۆژێ دادێ ، رەوتە کەدەگورێ وشارستانیەتەکە، دەبێتەوە موڵکی خاوەنە راستەقینەکانیان ... دەچێتە وەلانکی ئازادی وچینە هەتاسەرئازادیخوازە راستەقینەکەئەو چینەی سەرەنجامی تاقی کردنەوەکانی کۆن ، دەزانێ چلۆن لەگەڵ خەڵکی دیکەدا مامەڵەبکات وبەچ شێوەیەک ئازادی ودیموکراسی وسەربەستی راستەقینە، بۆهەموان دابین دەکات .. شارستانیەت دەبوژێنێ و شارستانیەت رۆدەچێنێتە ناخی زۆرینەی خەڵک .. خەڵکی پەرەسەندوو .. خەڵکی رزگاربوو لە: کۆنخوازی ، کۆنەپەرستی خەیاڵبازی ودورکەتنەوە لەراستیە مەتریالستەکان .

کەپەیامی شارستانیەت موڵکی کاروانی لەوەستان نەهاتوی مرۆڤایەتی بێ هەرگیز ناکرێ ریالیزمی سوسیالیزم لەشانەی حیزبایەتیدا قەتیس کرێ . هەرگیزنابێ بەهرەمەند زانا ، دانا، هەستی خۆیان وسەربەخۆیی بەهرەکەیان ، لەبەر رێبەرایەتی تاکتیک و ستراتیج و دیبلوماسیەتی رێکخراوەکەیان ، بژاکێنن . ئەمە جگە لەوەی خەتەرە لەسەر شارستانیەت وپاشەرۆژ.. خەتەریشە لەسەر کرێکاران و فەلسەفەکەشیان.نابێ نەپەیرەوانی ریالیزمی سوسیالیزم وابکەن ... وەنەدەسەلاتداراني کرێکارانیش رێ لەئازادی بەهرەمەندانی رێبازەکانی دیکەبگرن . بۆ نموونە:

لەوولاتە " سوسیالیستەکاندا " دەیان جۆرەکێشەی هەمەچەشنی ئابوری،کۆمەلایەتی ، نەتەوایەتی و سیاسی وروشنبیری سەریان هەلداوە، کون خراپ چارەسەرکراون و دەتەقنەوە ئەو ولاتانەی حیزب بەرێوەیان دەبات ، هەرحیزبێک لەوان سەدان و هەزاران بەهرەمەندیان هەن . حیزبەکان لەروانگەی پاراستنی دەسەلاتی رژێمەکانەوە بریاری چارەسەرکردنی تەنگ وچەلەمەکان دەدەن . هەلەی کوشندەش دەکەن . باشەچۆن دەکرێ . لەکاتێکدا لە گورەپانی " نیاناغین " ی پەکین دا، لەسەربریاری رێبەرایەتی حیزبی‌سەرکردەی چین ، هەزاران خوێندکار دەکوژرێن ، دەپێکرێن ، دەگیرین وراودەنرێن .. تەنها لەسەر ئەوەی داوای دیموکراسی دەکەن بەبێ ئەوەی دەرزیەکیشیان بۆبەدی هێنانی‌داخوازیەکانیان بەکارهێنابێ .. چۆن دەبێ بەهرەمەندان لەبەر رێبەرایەتی حیزبەکەیان ، ویژدانی خۆیان سرکەن وبەهرەکانیان بخەنە فریزەری حیزبایەتی یەوە؟ هەستی ساتەکاتێکی تراژیدی وا ، نەکەنەشاکار تاهەتایە موزەخانەی مرۆڤایەتی پێ نەرازیننەوە ؛ هەمان

راستی لە نەگەرنو گەرەباخو چەندین شارو ناوچەی تری باقی وولاتانی مانەندی چین باشترو خوارتر ، دووپات دەبێتەوە .

مایەی شەرمەزاریە بۆ هەموو پێشکەوتنخوازی ، لە سەردەمێکدا گەورەترین وولاتە ئیمپریالیستەکان ئازادی بەهرەمەندان و رێ پیشان دان و مانگرتن و دەربرینی نوسەران زەوت ناکەن ... کە چی لە وولاتە بەناو ((سوسیالیستەکاندا)) مانگرتن بە تانک خەڵتانی خوێن دەکرێ .

بەهرەمەندانی ریالیزمی سوسیالیزم .. حیزبی بن و نەبن ، ئازادانە مامەڵەلەگەڵ روداوەکان ، و دیاردەکان دەرکەوتەکان ، بەسەرهاتەکان ، سەرکەوتنو ژێرکەوتن باش و خراپ ، خۆشەویستی و رقەبەرایەتیدا نەکەن ، بیانەوێ و نەیانەوێ وەکو پەیکەری کومپیوتەروان ، جیاوازیان تەنها لەوەدایە بەهرەمەندەکان حیزب هەڵیان دەتەکێنێ پەیکەرەکانیش زاناکان .

ئازادی بەهرەوهەست ، پێوانەی ریالیزمی سوسیالیزمن ، کەدەڵێن سوسیالیزم ، دەبێ دلنیابین سوشیالیزم بەبێ دیموکراسی نایەتەدی و ناپارێزرێ ، دیموکراسی چەندزەمینە رەخسینەری بەدی هاتنی سوسالیزمە ، هێندەش چەسپێنەرو پارێزەریەتی،کەواتە بێ ئازادی بێ کوسپ و تەگەرەی سیاسی ، سەرخانەکەی سوشیالیزمیش بلقی سەر ئاوە .

بەرهەمی داهێنراو ، خولقێنراو ، هی هەر چینێ‌بێ خۆی بەسەر چینەکانی‌ترو مێژوودا دەسەپێنێ چینەکان هیچیان نامێنێ ، بەلام دەستخراوی شارستانیان دەمێنێ ،پرولیتاریاش پاش سەرکەوتنی ئیجگارەکی کۆمۆنیزم نامێنێ بەلام بەرهەمیدا هێنراوی شاکاری خولقاوی نەمرن .

با پرسیاری بکەین کە :

گریمان لەوولاتێکی سەدملیۆن سەرژمێردا ، حیزبی کۆمۆنیست لەسەدا سەد پێشرەوی کرێکارانە و سەردەکەوێ ، وای دانێین لەو وولاتەدا پەنجا ملیون کرێکاروکەس و کاری کرێکار هەیە باشە : دەبێ ئەوحیزبانە جگە لەکرێکاران و لەناوکرێکارانیشداجگە لەکۆمۆنیستەکان ، یان بابڵێین لەتەواوی کرێکاران بەولاوە ، رێگەی خەڵکەکەی‌ترنەدات بە ئازادی و سەربەستی بەهرەو داهێنانی هونەری و ئەدەبی، زانستو زانیاریان دەربرن و بە ئاسودەیی ژیانی بەختەوەری بەرنە سەر؟ گەروابکات چۆن دەتوانێ پەنجا ملیۆن مرۆف ، بەبیری جیاوازو پەروەردەی جیاوازو حەزوئارەزووی جیاوازەوە بەرێوەبەرێ و شۆرشی سەرکەوتوی بێ کێشەی قوڵ بپارێزرێ و ئەرکەکانی سۆشیالیزم بهێنێتە دی؟ شتی وامەحالە .... مەحاڵ . بۆ ستالین و پول پوت بووبە مایەی نەنگترین شەرمەزاری لەمێژوودا ... بۆ شۆرشە رۆشنبیریەکەی چینیش خراپە ، هیچ لایەکی دیش پەیا نابێ خەیاڵی کارەساتی وای بپەرێتە سەر .

لە پرۆسەی گورانی دەیان دەیان ساڵ زیاتردا عەقلێەتی چنایەتی چینەکانی پێشوو بەرە بەرە دەگۆرێن و پەروەردەی تازە دەکرێن.لە رێرەوی سالانی گوران و گورانکاریەکانیشدا ،گونجاندنی بەرنامەی پێشکەوتن و گۆرانی نوێ لەگەڵ سایکۆلۆژیەتی نەوەی نوێ ئەرکێکی چارەنووس سازە ، کە چینێ لە ئامرازی پەیوەندی بەرهەم هێنانی

چەوسینەرانە بێ بەشدەکرێ بەتایبەتی لەم سەردەمە پێشکەوتوەی فرە خـــە لـــکە دا ناتوانرێ قەلاچۆ بکرێن و ناشکرێ لە باقی پێویستیەکانی ئازادی ژیان مەحروم بکرێن گـەرکــرا ،قازانج سەری مایەشدەخوات ، وەکو لە چەندین وولاتدا خواردویەتی .

کرێکاران ،گەر کەلتورو کەلەپوری کۆنیان پشتگوێ خستولە گەڵ داهێنراوی نوێش دا خراپیان رەفتارکرد تەکلیفی ژێر کەوتنیان رونە . رێبەرانیان وایان نەگـــوتوە بگرە مارکس بە رونی لە وەسفکردنی کۆمۆنیزمدا دەڵێ: " گەرانەوەی تەواوی مرۆف بۆ خۆی.. کەبە شێوەیەکی ووشیارانە لە گەڵ پاراستنی سامانی پەرەسەندوی بەدیهاتو دێتە دی .وەکو مرۆڤێکی کۆمەلایەتی واتە مرۆڤێ شەقلەکەی مرۆڤایەتی بێ "

لینین وای کرد بۆیە: بالیەو ئوپراو سیمفونیاو ئەدەب وهونەری کلاسیکی پاراست و پەرەی پێ دان و هانی دان و خۆشی دەویستن .

کێ هەیە لە بەردەم پەیکەرو تابلۆکانی مایکل ئەنجلوو دافنشی دا سەر سامنەبێ؟ کێ هەیە ئاشقی (مونالیزا ) نەبێ ؟ ئەوەی نەچێتە موزەخانەکانی ئەوروپا بە تایبەتی (لوڤەر)ی پاریس ، نازانێ هونەری شاکارو شاکارە هونەریەکان چی لە هوگروتەماشـــا کەرە تێگەیشتوکانیان دەکەن . هەر کاتێ بچیە هۆلە تایبەتتەرخان کراوەکـــــەی (مونالیزا ) دووسەدکەسزیاتر لە دەستەو چینە جیاوازەکان لە بەرامبەریدا رامـاون و دەیان تۆماری گچکە بە دەیان زمانی جیا خراونەتە گوێچکەو باسی شاکارەکــــەو هەڵکەوتویی هونەرمەندەکەی دەکەن . لە بەرامبەریدا ، بۆرژوا ، کرێکار ، سەرمایەداری گەورە ...پیرو جوان دەبینی و هەمووگیانیان بۆتە چاوو تێی دەروانن .ئەم راستیـە لە چەندین مۆزەخانەدا ، بەرامبەر دەیان شاکاری کلاسیکی لە هەمووشتێ زیاتر سەرنجی نوسەری ئەم باسەی راکێشا .چەند لە موزەخانەی چەندین وولاتدا ،سەیری شاکارەکانم دەکرد هێندەشدیقەتم لە بینەرانیان دەدا . لە هەموو میلەتانم دەبینی ، لە هەموو چینەکانم دەبینی . بە پەرۆشەوە تەماشایان دەکردن . زۆربەی شاکارە کانیش هـــی سەردەمی رێنیسانسن،کە بێ گومان هۆیەکی گرنگی شاکاریان دەگەرێتەوە بو ئەوەی کەوا سیستەمی سەرمایەداری ، لە سەرەتای سەرهەلدانیا ، بۆ دژایەتی کردنی دەرەبەگایەتی باوەری شۆرشگێرانەي بە ئازادی هەبوو ، بەهرەی پەنگخواردوی خاوەن بە هرەکانـــی چەشنی سەرچاوەی زەلـم هەڵقولاندبوو. کەچی پاش ئەو قوناغە ، کە سەرمایەداری پــێی نایە قوناغی بوربۆرێن و مۆنۆپۆلەوە لە ئازادی هەڵگەرانەوە.لە بەرامبەر ئــازادی راپەرینی کرێکاراندا ،بوو بە درندە. هەتا دڵنیا نەبـوون لە خۆیان و لە کەڵـــک خستنی حزبە کرێکارەکان و لە قولبوونەوەی گرفتی وولاتە سوشیالیستەکان ،ئـــەم دیموکراسیە لیبرالیەی ئێستایان بەرەلا نـــەکرد . هەر بۆیە لەو کاتەشدا بەهـــرەو شاکاریشهەتا پاشجەنگی یەکەم و پێشجەنگی دووەم بوژایەوە ، بەتایبەتی دژیفاشیزم و نازیزم و هاوپەیمانەکانیان .

بابڵێین : ئەوانە هونەری کلاسیکین ورەنگە هەبن بلێن هونەری نوێ . وانـــــین دەرخستنی پێچەوانەی ئەمەشئاسانە . ئەوانەی تابلۆکانی (پیکاسۆ) دەکرن ،کریکاری

چەوساوە نین ، چونکە داهاتی سەدان کرێکاری کارگەیەک لەماوەی سالێکدا پاشەکەوت بکرێ بەشی کرینی دوا تابلۆی فروشراوی بە (١٤٩) ملیون دولاری پیکاسو ناکات . ئەوانەی دەیکرن ملیونێرو ،ملیاردێرن ، کەپیکاسو هیچ نەبێ لە پاش جەنگی دووەمەوە تابلوی (جیرنیکا) و (مالی کەلاکان)و (کوتری سپی) لە خزمەتی کرێکاران و گەلان و دژی ئیمپریالیستەکان نەخشاندووە. بەلام هونەری پیکاسو بەرزەو تابلۆی لە سەر نەخشەی حیزب وسیاسەتی ئەم و ئەو رێبەر رەنگ نەرشتوە. بەڵکو بەپێی بریاری "حیزبی" بەهرە دایهێناون وبەس، بوبەرزترین هونەری داهیناوە .

هێندەی بۆرژوا گوی لە سیمفونیەکانی (بتهوڤن)دەگرن و هێندەی بۆرژوا لەبەردەم شانویەکانی (بریخت)دا دادەنیشن ، هێندەکرێکارو زەحمەتکێشەکان هوگریان نین. گەر پلەی خوێنەواری جیاوازیش هەتا ئیستە وای کردبێ ،ئەمە نکولی لەوە ناکات کە هونەرەکەش بەرزن و سەر بە گەورەترین سەرمایەداریش دادەنەوێنن .

نازم حیکمەتچی لە جیهانی ئەدەب بە دی هێناوە؟ بابلونیرودا چی کرد؟گورگی و شولوخوفو چیکوف ...تاد چیان کرد . ئەوانە هەموولەسەر سوسیالیزم وریالیزمی سوسیالیزم مالن ، کەچی شورە سواری جیهانی ئەدەب و هونەرن . چونکە نرخی ئەدەب و هونەریا بۆ سیاسەتودیبلوماسیەت نەدوراندوخزمەتی چەوساوەکانیشیان کرد

پاش ئەوان رەنگە هەزاران کەس بە ناوی کرێکاران سوسیالیزمی ریالیزم ، نوسیبێتیان و نیگاریان کیشابێ . کوان ؟ دیارە دەیانی دیکە هەن شانازی ئەم پێناوەن . بەلام دەیان لەناو هەزاران دەرهاوین ،کەمیان بریان کردووە . هی واهەن لەناو خۆشماندا بەناو پەیرەوی ریالیزمی سوسیالیزم دەکەن ... شیعری وا دەنوسن ... چیروکی وا دەچننەوە،پیاو سەد خوزگە بە بەرهەمی بۆرژواکان دەخوازێت . پێیان وایە هەر بەرهەمی بونی ئارەقی کرێکاران وجنێوی ناشیرنی تیا نەبێ بەبورژوا ،(مارکسیانە) نیە . بە داخەوە تیگەیشتنێکی ساکارو ساویلکانەیە . هونەرمەند هونەری نوێ دانەهێنێ و نەخولقێنێ...خۆی لە قەرەی هونەر نەدات باشترە .

سەرمایەدارانی رۆژئاوا ...( بالیە و ئۆپرا ) بە هونەری هەلبژاردەی کۆمەڵ دادەنێن . پێیان وایە ئەمانە هونەری سەردەمی ئۆرۆستکراتیەتن وناشێن پێشکەشی کرێکاران و زەحمەتیشان بکرێن .دەشلێن:هونەری بەرزی کلاسیکی تەنها بۆ کات بردنە سەری ئەشرافزادەکان دەشێن .بەلام مەزنی هونەرەکە، تەواوی ئەو بۆچونە چەوتانەی لەپاش شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە، بەتاڵ کردوتەوە. بۆ؟ چونکە هونەرمەندی بەتوانا بالیەو ئوپرایان لە قوللەی ئوروستکراتیەت داگرت وکردیانە خولیای خەڵک . لە شورەویدا سەمای بالیە شانازیەکی هونەریانەو خولقێنەرانە ئاوێتەی هونەری میللی زۆربەی نەتەوەکانیان کردووە . ئوپراشیان لە دیاردە تازەکان دانە بەریەوەو ...

هەروەها سیمفونیاش ...تەنانەت لە گەورەترین شانۆ کانی جیهانیدا تامەزرۆیانن .
هونەر داهێنەرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، سنور دەبرێ و، دەچەسپێ ، بەلام کە کرایە چەکێکی سیاسی گۆشەگیرانەو کەنالێ دەربرینی رقی شەخسی ،بەرە بەرە تاشە بەردێکی دەخرێتە سەرو کەروو هەڵدێنێ .

لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانە ، ریالیزمی سوسیالیزم ، دەبێ بێ ئەم لاو ئەولا ئازادو داهێنراو بێ . بە شێوەیەکی گشتی دەربرێ خواست و سەلیقەی خەفە کراوی چەوساوەکان بێ . بەرنامەی هیچ حیزبێ نەکرێتە پێوانەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبیو هونەری بەڵکو نرخی هونەری خۆیان بکرێتە پیوانەی ئاست و بایەخیان .

رۆشنبیـــــری :

چەمکێکی فراوانتر و قوڵتری لە چەمکی ئایدیۆلۆژی هەیە . هەمیشە لینین دوپاتـــی کردۆتەوە کەوا : سوشیالیزم لە (هیچ)ەوە پەیانابێ و هەڵقولاوی سەرچاویەکی نەزانراو نیە. بەڵکو مێژویەکی دێرینەی کۆمەڵی ئادەمیزاد لە چەندین چەرخ داهێناویەتـــەدی دەیگوت : " پێویستە رۆشنبیری بە جێ ماوی سەرمایەداری بۆ بینای سوشیالیزم بـــە کاربهێنین " . بەو شێوەیە :شارستانیەتی قۆناغەکان ، درێژیی بە رێرەوی مێـــژوویی پەیا دەکەن و پێکەوە دەنووسێن ،لێک ناپسێن و سوود بە یەکدی دەگەیەنن .
ئایدیولۆژیەتی سەدان حیزب و بەرهەمی هونەری و ئەدەبی پاشکۆیان ، تەنهـــــا قوناغێک ، ماوەیەک ، کاریگەریان ، هەیە بەلام رۆشنبیری و شارستانیەت ، جۆگەلەی جیاجیان و هەمیشە لە دەریای شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا ، شەپۆل دەدەن ولــــــە بنیشەوە ... مرواری دادەدەن .

بەدوورِوویی ودرۆ وساختە گەلێ کەس پێ گەیی، ئەمما
منی "بێ کەس " لەسەررِاستی بەدا ئیم گیرۆدەی حەپسم
ئەوانەی دوێنی گاڵتەم پێ ئەکردن ئێستە زۆربـــەرزن
تفوولەم بەختە سەر سەختەولەنا وچا وانی وانەحســـم
زەمانی پیاوی جاسووسە، چ وەختی صیدق ونا مووســـە
لەهەرلاباسی ئەخلاق ووەفا بکرێ ئەبێ هەڵـــــــسم
ئەوەندە تەعقیبی حەققم کردهەتا واسووک ورسوا بووم
هەزاران لەعنەتم بۆدێ لەهەر شوێنێ کرا بەحســـم
رەواجی کوانێ لای خەڵقی وتارو شیعری پرِمەعنــــا
گەلێ کەس پێکەنینی دێ بەگوفتارو دەم ولەوســـم

ـ بێکەس ـ

# ئێستای شیعرو چەند مەسەلەیەکی شیعری

هەڤاڵ کوێستانی

" شیعر کێوێکی سەخت وبڵندو دژوارە
پرلەهەڵەمووت و هەڵدێرو سوری ماهی و هەزاربەهەزارە
ئەوەی توانا و ئامادەیی بەشاخا هەڵگەرانی تێدا نەبێ
ئەوەی هەموو کەرەسەو تفاقێکی شاخەوانی پێ نەبێ
ئەوەی شارەزای ، لابەلاو گــەوەورەوەزو بزنەرێ یەکانی نەبێ
پێش هەڵگەرێ ، بێ فایدەیەو ناکاتە سەر
چاکتر وایە ،
وازلەکێوی شیعر بێنی و رێ یەکی تر بگرێتە بەر . "

• • •

" دەڵێن ، ئەسپ ، بەرلەوەی بوومەلەرزە رووبدا
نائاسایی ، بەملاو ئەولادا غار دەدا .
دەڵێن ،تەتەلە میرانە ، بەرلەوەی رەهێڵەی بەخوری باران دابکا .
رەشماڵی ئاوریشمینی ، لوول دەکات و
خۆی لەناو درزوتیکی زەویدا پەنادەدا .
دەڵێن ، شاعیریش ، کەکارەستێک روو دەدا ،
بەرلەهەمووان ، ئاژیری نەستی لێ دەدا ... "

ئێمە لەوگەلانەنین کەشیعرلەگەڵ زمان پژانیاندا ، تێکەلاوی خوێنیان بـــووە . شیعری کوردی مێژوویەکی نەتەوایەتیە بۆ خۆی.تاکو ئێستاش بەشـــــــــەهەرەزیندوو و

کاریگەرەکەی فەرهەنگی نەتەوایەتیمانە .. زۆربەی داستان و ئەفسانەکان ، کارەسات و رووداوەکان ، بەشیعر گێردراونەتەوە .. کەنامەی عەشق و دڵداری ، نامـــەی پرسە و عەزاداری ، نامەی دۆستایەتی ورازونیازوگلەیی و جۆرەها نامەی تر نووسراون ، زۆرتر شیعر زمانی دەربرینیان بووە . شیعر لەهەموو قوناغەکاندا بەهێزترین وسەرنج راکێشترین ئامرازی دەربرین بووە ، هەربۆیەشە کەدەتوانین بڵێین ، شیعر زمانی حالی خەلک بووە ، خۆ رەنگە زێدەرۆیی نەبێ گەر بڵێین سەرمایەو سامان و گەنجینەی کولتوری کــــوردی زۆرتر هەرشیعرە . رەنگە ژیانی فەرهەنگی و سیاسی و کومەلایەتی کەم میللەت ئەوەنـدەی میللەتی کورد ، لەشیعردا رەنگی دابێتەوە . شیعری کوردی ، زۆربەتوندی بـــەژیانی خەڵکەوە بەستراوەتەوە و شاعیریش ئەندامێکی چالاک وکاریگەرو زیندووی ناوکۆمەڵە . هەر بۆیەش شیعرلای کورد ، پیروزەو ، شاعیریش بەرێزوپیشەوا .. تائێستا گێژەڵووکەی رۆژگار ، تەخت و دەسەلاتی سەدان زاڵم وفەرمانرەواو دارای ئاوەژوو کردوتەوە ، ناووشوێنەواری ، چۆن نەخشی سەرړووی لمی بیابان سریوەنەتەوە ، کەچی شیعر هەربەپێوەیەو نەکەوتووە ..

ئەوەی لای ئێمە جێی دلخوشیە ئەوەیە کەلەمێژووی شیعری کوردیدا ، شیعـــری کوردی ، بەردەوام شیعری رەتکردنەوەی واقعی سووکایەتی پێکردن و مل کەچ کردن بووە ، هـەروا وەستان وئاگایی بووەبەرامبەر بەگرنگترین وقولترین **دەردی** کومەل لەهەرسەردەمیکدا .. ئاگایی لەوەی کە بەهەق ئەو دەردە مەسەلەی زەمانەو گیروگرفتی ســـــەردەمەکەیە ، شاعیری کورد نەکهەر ئاگاداری ئەو دەردانە بووە ، بەڵکو بەهەموو وجودی خۆیـــەوە ، بەگۆشت وخوێن وهۆش و ویژدانەوە ، هەستی پێکردوون ولەگەلیاندا ژیاوەولەبەرهەمەکانیدا گەورەی کردوون .. تەنانەت شاکارەکانی(خانی و حاجی قادرو نالی وگوران و... هتد)هەر لەئەنجامی پەیوەندی ئورگانیان بەو دەردەوە لەدایک بوون ، لەوەدا کەبەئاگایـــی و هوشیاریەوە ، لەگەڵ داهێنان و خولقاندنی هونەری خۆیاندا ، پەیامی شاعیـــری خۆیان لەئەستۆگرتووەو هونەرمەندانە دەردەکەیان خستۆتە ژێرتیرۆژی رۆشنایی وبەمـــــەش نەمریان بەبالای شیعرەکانیان و شکۆیی و گەورەیشیان بەخویان بەخشیوەو ســەری شیعری کوردیشیان بەرامبەر بەمێژوو چون لوتکە بەرزراگرتووە .

شیعری کوردی ، سەربەرزە لەوەدا کەلەژیانی کۆمەڵەکەی دانەبـــڕاوە و هیچ کاتێکیش لەدەرباری دەسەلاتدا راندا نەکەوتووەو هەمیشەش بولبولێکی خۆشخوانی دەنـــگ زولال بووە ، نەلەسێبەری کۆشک وتەلاری دەسەلاتدا راندا و نەلەسەرلقی درەختی ووشکەڵـــی بەشەکردنیش هەلنیشتووە .تەنانەت ئەگەر بۆ دەرمانیش شاعیری یان زیاتـــر هەبووبن هەڵوێستیان وەک پێویست نەبووبێ ، بەلام لغاوی ئەسپی شیعریان نەداوەتـــــە دەست دەسەلاتداران . کەئەمەش بۆخۆی سەروەریەکی دیکەی شیعری کوردیە ومایەی شوێن بەرزی و بلندیەتی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا . دیارە هەرئەو شوێن وبایەخەی شیعریش بـــووە ، وای کردووە کەبەپلەی یەکەم وبەرادەیەکی زۆر ، لقەکانی دیکەی ئەدەبوهونەرئەوەندەی شیعر بایەخیان پێ نەدرێ.یان بەشێوەیەکی دی ، زۆربەی ئەوانەش کەدەستیان بەنووسین کردوە ، هەربەشیعر تێ هەڵچوون ، ئینجا ئەگەر لەقوناغی سەروتردا بەرێگای دیکـــەدا رۆیشتبن . هەربۆیەش شیعرلای کورد ، بۆتە دەروازەی ئەدەب و هونەر ...

## ئیمرۆی شیعری کوردی :

ئەوەی بەچاویکی رەخنەگرانەوە سەیری واقیعی ئیمرۆی شیعری کوردی بکات لەماوەی ئەم دەساڵەی دواییدا ، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە شیعری ئەمرو، بەگشتی بایەخی لای جەماوەرکەم بۆتەوەو مەودای کاریگەریتی لەسەر خەلک ویک هاتۆتەوەو نەیتوانیوە بەتەواوەتی ئەرکەکانی ئەستۆی بەگویرەی پیداویستیە تازەکانی ئەم قوناغە بەئەنجام بگەیەنێ ..

لەم " دە " ساڵەدا ، چەند هەوڵێکی کەم و دیاری لێ دەرکەی ، دەنا هەنگاویکی وادیارو گەورەی بەرەوپێش نەناوەو تواناو وزەی خولقێنەرانەو داهێنەرانەی وای نەتەقاندۆتەوە جێی سەرنج بن ... بەواتایەکی دی شیعری ئەمرۆ لەجۆرە ئەزمەیەکدا دەژیا .. چ لەزمان و ناوەروکداو، چ لەبیناو ماناشدا ، ..بن بست لەئەندێشەو هەست دا، جوینەوە لەزمان و ناوەرۆکدا ، سیمای زۆربەی بەرهەمە شیعریەکانی ئەم قۆناغەن ... کەئەمە دەڵێین ئەوەشمان لەبەرچاوە ، کەهەربەتەنها شیعرنیە دووچاری ئەزمە هاتبێ..

مادام شیعر ناتوانێ لەسیاسەت ومێژوو ، لەکاروباری کۆمەلایەتی وئابووری وفەرهەنگی میللەت جیابێتەوەو،مادام ئەوانەش بەگشتی بەگێژاو دادەژین و حاڵی ئەوانیش لەچاو حاڵی شیعردا مایەی ئیرەیی پێ بردن نیە ، بۆیە گێژاوی شیعریش حاڵەتێکی غەریب و دیاردەیەکی رووت و بێ سونگەنیە ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەرجێی نارەحەتی ونیگەرانیە بەتایبەتی کەقوناغی ئەمرۆ، بەگوێرەی سروشتی قۆناغەکە ، پیۆیستی بەتەوژمێکی بەتین و دیاری شیعری هەیە، لەقوناغی خەباتی نیشتمانیشدا ، لای زۆرلە میللەتان ، شیعر هەمیشە لەسەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەنگاریدا بووە .. لەکاتی شەری جیهانی دووەمدا ، شیعری بەرەنگاری فەرەنسی ، سۆڤیەتی ، ئیسپانی ، دەوری کاریگەرودیاریان هەبوو.هەروا لای فەلەستینیەکانیش ، ئەوەندەی شیعری بەرەنگاری خزمەتی مەسەلەکەی کردون ، چەک ئەوەندەی نەکردوە ، بەلام لای ئێمە هێشتا شیعردەوری شایستەی خۆی نەدیوە ، خۆ دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ کەهەر قەوارەی بەرەنگاریەکە چ لەسەر ئاستی چەکداری، و چ لەسەر ئاستی سیاسی ورۆشنبیری وجەماوەریش ، بەگشتی لەئاستی پێویست دا نیەو ئەمەش بۆ خۆی کاری کردوتە سەر قول بوونەوەی گیژاوی شیعر . چونکە هەمیشە دەوروبەر، یان ئەو دەوروبەرە کۆمەلایەتی و ئینسانیەی بارودۆخی سیاسی دەیخولقێنێ، راستەوخۆ کار دەکاتە سەرداهێنانی ئەدەبی .. بۆ نموونە ئەو بارودۆخەی فەرمان رەوایی بابانەکان و ئەوبارودۆخەش کەبەهۆی بەیانی ئازارەوە هاتەکایەوە، سەردەمی زێرینی شیعری کوردیان لەگەڵ خۆیاندا بەرپاکرد... لەسەردەمی بابانەکاندا ، فەرمان رەوایی بابانەکان دەروبەرێکی کومەلایەتی وئینسانی لەباری وای خولقاند، کە بووە مایەی سەرهەڵدانی بەهرەی هونەری شاعیرانی مەزنی وەک نالی‌وسالم وکوردی ..

لەو سەردەمەدا شیعر بەتایبەتی و رۆشنبیری بەگشتی بەرادەیەکی وا پێشکەوتن کە توانیان بەردی بناغەی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو دابنێن . هەروا ئەوبارودۆخەش

کە لە دوای بەیانی ئازارەوە لە کوردستاندا فەراهەم بوو ، تەوژمیکی شیعریی وا بە گوژمو بە تینی بە رپا کرد ،کەتا کۆتایی هەفتاکانیش،لە شیوەی چەند

شەپولیکی یەک بە دوای یەکا ، نەکوژایەوەو لەگەل هەر شەپولیکیشدا ،مرواری چەند دەنگیکی تۆکمەی شیعری دەردا ، کەهەر یەکەو بە ئەندازەی خوی ،کەم تا زور ، لە نەخشەی شیعری کوردیدا ،شوێنی خۆی کردوتەوە . بە دریژایی سالانی هەفتاکانیش ، شیعر بایەخ ورەواجیکی دیارو تایبەتی هەبوو.. دیوانە شیعریە چاکە چاپکراوەکان بێ ئەندازە بلاو دەبوونەوە .کە شیعریکی چاک دەنووسرا ،وەک ئاگری لە پووشووبەڕوو ، بلاو دەبووەوەو بە سەدان نوسخەی لە بەر دەنووسرایەوەو دەستاودەستی پێدەکرا ...کە کۆریکی شیعر خویندنەوە دەبەسترا ،سەدان کەس ئامادە دەبوون و زۆر جار لەم شارو ئەو شارەوە ،شیعر دۆستان بۆ گویٚ لە شیعر گرتن،بۆ ئەو جێیانە دەچوون کە کۆری شیعری لیٚ ساز دەکرا ..میهرەجانی دووەمی شیعری کوردی ...زیندووترین نموونەی ئەو خوشەویستی وریٚزەی خەلکە بۆ شیعر ... بە کورتی ئەو سالانە خەلکی چەند تینووی شیعر بوون ،ئەوەندەش شیعری چاکیان دەخرایە بەر دەست ...

خۆ ئەگەر ئەو تەوژمە شیعریە ، بە هەمان گورو گوژمەوە ،تا ئیستا بەردەوام بوایە ،ئەوا حەتمەن ئیستا شیعری نویٚی کوردی ،بایەخیکی زیاترو شوێن وپلەیەکی بەرزتری دەبوو .بەلاّم بەداخەوە ئەو تەوژمە شیعریە ، لەم ((دە)) سالّەی دواییدا نەک هەر تین و تاوی بە خۆیەوە نەدی ،بەلکو تا ئەندزەیەکی خەماویش ،تووشی خاو بوونەوەو نیشتنەوە هات .بە چەشنێکی وا کە ئیستا شیعری کوردی ،بە گشتی لە حالّی ویٚک هاتنەوەو داچوونێکی نا سروشتی دا دەژیا ... زۆر لەو دەنگانەی کە لە هەفتاکاندا ،ئومیدی ئایندەیەکی روشنیان لی دەکرا ،لەم دەسالّەی دواییدا ، ئەگەر بەتەواوەتیش نووزەیان لەبەرنەبرابی ،ئەوا دەنگدانەوەیەکی وایان نەماوە ، ئەگەر مابیٚش ،هەر خۆ جووینەوەو خۆ دووبارە کردنەوەیە .تەنانەت دەنگە دیارو گرنگەکانیش زورتریان ، رەونەق وکاریگەریٚتی هەشتاکانیان نەماوەو، تائەندازەیەکی زور هەرلەسەر شانازی توانست و داهیٚنانی شیعریی هەفتاکانیان دەژین .... بەواتایەکیدی،زوربەیان ئەوداهینانەشیعریەی لەهەفتاکاندا پی یگەیشتوون ، لەهەشتاکاندا پی ی نەگەیشتونەتەوە. ئەگەرلەروانگەیٚ نموونەشەوە ، سەرنجیکی خیرای رەوتی شیعریی هەشتاکانی دەنگەهەری دیارەکانی هەفتاکان بدەین ، دەبینین کە :

**شیٚرکۆ بیٚکەس:** ئەگەرچی بە هیزترین وکاریگەرترین دەنگی شیعریی نویٚی کوردیە و ، شوێنی لە نەخشەی شیعری نویی کوردیدا ،لە هەمووان ،فراوانتر ودیارترەو ، تا ئیٚستاش چون کانیەکی سازگارو زولاٚل ،لە هەلقولین نەکەتووەو ، سیٚبەری کاریگەریٚتیشی بە سەر زۆر لاو هەولّ وتەقەلای شیعریدا کشاوە ،بەلاّم بە گشتی ، نە کاژی قۆناخی هەفتاکانی فریٚ داوەو نە نەتوانیویشیەتی لە هەشتاکاندا ، بچیٚتە قۆناغیکی نویٚترو بالاٚتری شیعریەوەو، نەئەوەشکە لەم ((دە)) سالّەی دواییدابەرهەمی هیٚناوە ((چەند بەرهەمیٚکی کەمی لیٚ دەرکەی)) شتیٚکی نویٚی خستوتە سەر خەرمانی ئەزموون وداهینانی شیعریی هەفتاکانی ... مایەی دلتەنگی ونیگەرانیەکەوا هەست بکەی ،کە لەگەل ئەم هەموو بەرهەمە زورەی ئەم ((دە)) سالەی هەشتاکانیدا ،کەچی هیشتا ((کۆچ))ی نەنووسیبیٚتەوەو لەسیٚبەری ((کازیٚوە)) دەرنەچووبیٚ ، بەلام لەگەل ئەمانەشدا ، شیرکۆ،

رووی سپی وگەشی ئیمرۆی شیعریی وشانازی شیعری نوێی کوردیمانە .

**لەتیف هەڵمەت :** سەرنج راکێشترین وبە برشت ترین دیاردەو تەقینەوەی شیعریی هەفتاکان بوو . دەنگی لە هەمووان زولالتر لە سەر هەست ونەستی جەماوەر کاریگەرتر بوو. ئەویش ویرای شیرکو، کاری لەسەر زورهەول وتەقەللای شیعریی هەفتاکان هەبوو. خو ئەگەر بە هەمان تین ونەفەسەوە درێژەی بە رەوتی داهێنانی شیعری خۆی دابا ،گومانی تێدا نیە ،کە ئیستا گەورەترین دەنگی شیعری نوێی کوردی دەبوو... بەلام بەداخەوە، ئەم ((دە)) سالەی دوایی ،سالانی قات وقڕی شیعری هەڵمەت بوون ... ئەوچەند شیعرە کەمەش کەلەم ((١٠)) سالەی دواییدا خستوونیەتە بەر چاوی خوینەران ،مایەی نارەحەتی و نیگەرانی شیعر دوستانی هەڵمەتنو ، هەر بە توزی پیی (خواو شارە بچکولەکەم)و (پرچی ئەو کچە رەشمالی گەرمیان وکویستانمە)و (گەردەلوولی سپی) ناگەن .

**عەبدوللا پەشێو :** لە دەنگە شیعریە تایبەت وبەوەجەکانی شەپۆلی یەکەمی تەوژمە شیعریەکەی هەفتاکان بوو، تا کۆتایی هەفتاکانیش ،هەر وەک یەک لە بەهیزترین دەنگەکانی شیعری نوێی کوردی ،لەسەر داهینانی شیعری خۆی بەردەوام بوو . بەلام لە دەیەکانی هەشتاکاندا ،ئەوەندەی بەرهەمی بینراوە ، نەپێی ناوەتە قۆناغێکی تازەی شیعریەوەو، نە شوێنی شیعریی خۆیشی لە شوێنی هەفتاکانی تیپەراندووە ... بە کورتی لە رووی چۆنایەتی وچەندایەتیەوە ،لە حاڵەتی داچونێکی بەردەوام دا ژیاوە .

**ئەنوەر قادر محەمەد :** ئەو نەهاتە شیعریەی تووشی هەلمەت،یان ئەو خاوبوونەوەیەی تووشی پەشیو هاتووە ،تووشی ئەم نەبووە ... بەرهەمی هەشتاکانی،رەنگە لە رووی چەندایەتیەوە لە بەرهەمی هەفتاکانی کەمتر نەبن ...بەلام ئەگەر لە هەفتاکاندا ، ئەنوەر لە دەنگە بەهیزو سەرنج راکێشەکان بووبێ ،لە هەشتاکاندا ،دەنگیکی ئاسایی بوو .. ئەوەش لەو ((دە)) سالەی هەشتاکاندا بەرهەمی هێناوە ،هیچی تازەی پێ نەخراوەتە سەربەرهەمی پیشووی و.. هیشتا هەر ((زریان)) ناسنامەی بە هێزی شاعیریەتی ئەنوەرە....

دەکری ، دەرهەق بە لەتیف وعەبدوڵلاو ئەنوەر ،بووترێ ئەو شوێن وبایەخە شیعریەی بە دریژایی ئەو (٢٠) سالەی دوایی لە ناو نەخشەی شیعری نوێی کوردیدا هەیانە ،هەر بەری رەنج وداهێنانی هەفتاکانیانەو،هەشتاکان ،هیچی تازەی پی نەبەخشیون .. (بەلام ئەمەش نابیتە بەلگەو نیشانە بو ئەوەی کە وەرزی هات وبە برشتی تریان لەبەردەمدا نەمابی، شایەت ئەم حالەتەیان حالەتیکی وەختی و ئایندەیان شایەدی داهینانی شیعری سەرسوورهینەربی ، .. شایەت .).

بەلام ئەوەی لە ناو هەموو دەنگە دیارەکانی هەفتاکاندا ، بە پیچەوانەی ئەم حالەتە باوەی هەشتاکان ، بە هەنگاوی ووردو هێمن ،بەلام کارامەو دیار ،بەرەو پێش چووەو هەفتاکانی خۆی بە جێ هێشتووەو چۆتە ئاستێکی بالاترەوەو شوێنی لە ناو بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا پتەوتر بووە، رەفیق سابیرە، کەدەنگی هەرێ بلندو داهێنەرانەی شیعریی نیوەی دووەمی هەشتاکانە، " وەرزی سەهۆڵ بەندان " و (لاوکی هەڵەبجە) ی ،نموونەی بە پێزو بەرچاوی ئەو قەڵەمبازە شیعریەی ((رەفیق)) ن

هەروا دەبێ ئەوەش بووتری کە ( حەسیب قەرەداغی) ش بە پیچەوانەی ئەو حالەتە سلبیەی ئیمرۆی شیعری کوردیەوە ،نەک هەر تووشی وەستان وپاشەکشێ وخۆ دووبارەکردنەوە نەبووە ،بەلکو وەک دەنگێکی ڕەسەن و بەهێزو دەگمەن و، بە پشوویەکی درێژو موعاناتێکی ئینسانی قولترەوە ،بەرهەمی هەشتاکانی ،بە درێژە پێدانێکی رووەوپێش و گەشە کردووی ئەزموونی شیعریی پیشووی لە قەلەم دەدرێ و، بەمەش هەشتاکان ، شوین و پایەی شیعریی حەسیب قەرەداغیان لە ناو بزووتنەوەی شیعری نویی کوردیدا سەقامگیرترو پتەوتر کرد .

دوای ئەمانیش ،جگە لە چەند دەنگێکی کەم ،ئیتر باقی دەنگەکان ، زۆرتر دووبارەکردنەوەو جوینەوەی خۆیان ویەکترین وهیچ بەردێکی تازەیان نەخستۆتە سەر دیواری قەلای شیعری کوردی وهیچ بستەخاکیکی تریان پی نەخراوەتەسەرنەخشەی شیعری کوردی .

وێرای ئەوەش هەلّلایەکی شیعری وابەرپابووە، کەزۆرجار بۆتە مایەی ئەوەی گەوهەری شیعریی لەبەرهەمی زۆر وزەوەندی لەسەر شیعر حسابدا وون بێ و زەوق و سەلیقەی شیعریی خوێنەریش تیکچێ ولەوەش زیاتر پایەی جەماوەری شیعریش تووشی لەرزەولەق بوون ببێ . بەئەندازەیەکی واکەنەوا رێکیگۆرانی لەخوارمام ناوەندیشەوە، یان لەوەش زیاتر نەواری کۆمەلە نوکتەیەکی بێ تام و سەروپا ، چەند قاتی دیوانە شیعرێکی باش بلاوببنەوە. حەتمەن ئەم حالە ناجۆرەی شیعر بێ هۆ و سونگەنیە، هوکان ئەگەر زۆریش بن ، دەکرێ لەچەند خالێکدا بخرێنە روو:

* بێ ترس هەلّکوتانە سەر شیعر، لەلایەن هەموو قەلەمێکی نووسین خوازەوە، بەو حسابەی کەگوایە شیعر هونەرێکی زۆر ئاسان بێ و زەحمەت وماندوو بوون و ئاستی رۆشنبیریەکی وای نەوێ ، بۆیە ئەوەی دەستی قەلەم بگرێ ، بێ ئەوەی بەهرەوتوانایەکی درەوشاوەی شیعری هەبێ و، بێ ئەوەی پرچەک بێ بەکەرەسەو پێدا ویستیەکانی شیعر نووسین ، بێ ئەوەی ئاستێکی هوشیاری و رۆشنبیریی چاکی سەبارەت بەهونەری شیعر نووسین هەبێ، بێ ئەوەی هیچ ئەزمونێکی شیعریشی هەبێ ، بەچیای شعرا هەلدەزنێ .. ئەوەی زیاتریش ، ریی بەردەم ئەو هەلزنانەی خوش کردوە ئەوەیە کەکابرا هێشتا چەند شیعرێکی باشی بەووردی و قولی و بەتێگەیشتنەوە نەخوێندۆتەوە، دەکەوێتە شیعر نووسین وهەرزووش دەرفەتی چاپ و بلاوکردنەوەی بۆ دەرەخسێ ، رۆژنامەو گوفارە ( بی نووسەرە باشەکان ) یش، بەناوی ئەوەوە کەگوایە دەستی لاوەکان دەگرن ، بۆشاییە هەمیشەییەکانی خۆیانیان پێ پردەکەنەوەو،بەمەش دەبنە هاندەرێکی باشی بەردەوام بوونی ئەو جۆرە شیعرانە، تائەو شوێنەی کەدوورنیە وای لێ بێ ژمارەی ئەوانەی شیعر دەنووسن ، زیاتر بێ لەوانەی شیعر دەخوێننەوە

* شیعر هەلوێستە لەژیان ، بەهەموو قولّی فراوانیەکیەوە، جائەم هەلوێستە شیعریە، چەند لەگەلّ هەلّوێستی ژیانی‌ی شاعیردا جووت و تەبابوون ، ئەوەندە شوێن بایەخی شیعری لای جەماوەر بەرەو سەردەچێ ... بەلام بەداخەوە، لەم رۆژگارەی

ئێستادا بەتایبەتی ، بۆشایی نێوان ئەم دوو هەڵوێستە ، نێوان گفتارو کرداری لای هەندێ شاعیر ، زۆر پانتر قوڵتر بووە بەئەندازەیەکی وا کەکارێکی سلبی بکاتە سەر شیعر .. شاعیرهەیە ، بەشیعر ، هەربەتاقی تەنها شۆرشێک بەرپا دەکا ، کەچی کەدێتە سەر کردەوە ، هەڵوێستی زۆر لاوازتر لەوەی کەخەڵکی بۆی دەچن قبوڵ دەکا .

* شاعیرهەیە ، بەشیعر ، بەرژەوەندی شەخسی وترس لەهەردام و دەزگاو دەسەلاتێک ، دەکاتە جووتێ پێڵاوی پێی هەڵوێستی بەرز ، کەچی بەکردەوەش ، سەری هەڵوێستی بۆ ترس و بەرژەوەندی شەخسی ، زۆر لەپێویست نەوی تردەکا . دیارە ئەم حاڵەتە ، جابا بە ئەندازەیەکی کەمیش ، وای کردوە کەخەڵکی بەچاوی گومان و دردونگیەوە سەیری ئەوە بکەن کەشاعیر دەیڵێ .. حەتمەن تێروانینی ئاواش بۆشیعر ، لەبایەخ و شەخسیەتی شیعر کەم دەکاتەوە .

* ناهەمواری و ئالۆزی وتایبەتمەندێتی باری سیاسی ؛ لەلایەکەوە دەزگا دەوڵەتیەکان بەمەبەستی لەبەین بردنی بایەخ و رۆڵی شیعر هانی بلاوکردنەوەی هەرچی شیعری خراپ هەیە دەدەن ولەلایەکی تریشەوە زۆر دەنگی رەسەن هەربەهۆی ئەو بارەسیاسیەوە یان دەرفەتی بلاوکردنەوەیان نادرێ ویان پەرتەوازەی هەندەران بوون و بەمەش هێزو توانستی یەکگرتووی شیعریان پەرت وبلاوبووە .. دیارە نەبوونی جەوێکی دیموکراسی لەبار ، دەوری زۆری لەسەر ئەو کپ بوونە هەیە ، شیعر بالندەیەکی کێوی یە بەلەقەفەس نان وبالی فرین بەستنی ، توانستی فرین وگەشەکردن و تەنانەت خوێندنیشی بەو زولالیەی جاران کەم دەبێتەوە .. هەرچەندە ئەمە حوکمێکی رەها نیە ، چونکە لەوحاڵەتەشدا دەبێ شاعیری رەسەن ، لەرێی بەکارهێنانی ئاماژەو رەمزەوە ، مەلی شیعری لەداوی ئەم وەزعە پولیسی و دیکتاتۆریە دەرباز کات و بیگەیەنێتە خەلک ، هەروادەبێ زۆر لەو شیعرانەی بەدزیەوە بلاودەکرینەوە ئەو قەفەسە بشکینن ، هەروا دەبی ئەو شیعرانەش کەلەنا وبوتەی بەرەنگاریە چەکداریەکەدا ، یان لەدەرەوەی دەسەلاتی رژێمدا دەنووسرێن ، تین وتاوێکی تایبەتیان هەبێ .. خۆ دوور نیە ئەگەر پالای گیانی بەرەنگاریەکە بەگشتی وبالای بەرەنگاریە چەکداری و سیاسیەکە بەتایبەتی بەرزتر بووایە ، شیعری بەرەنگاریش بالای زۆر لەوە بەرزتر بووایە کەئێستا هەیە ..

* شەری براکوژی و ، خوێن رشتنی ئەو چەند ساڵەی پێشووی نێوان هێزە پێکهینەرەکانی بزووتنەوەی چەکداری گەلەکەمان ، بمانەوێ و نەمانەوێ و ، بەهەرقەوارەو ئەندازەیەکیش بێ ، کاری لەسەر ساردکردنەوەی بەشێک لەشاعیران کردوە ، لەوەدا کەتێماون چ وچۆن بنووسن . بۆیە زۆرتر هەڵوێستی بێدەنگی و دوورەپەرێزیان وەرگرتوە ، ئەگەر چی لە هەمان کاتدا گلەیی ئەوەش لەو شاعیرانە دەکرێ کەلەئاستی خراپی ونارەوایی بەردەوام بوونی ئەو شەرەدا بێدەنگ بوون و بەشیعر بەرەنگاری ئەو دیاردە سلبیەی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان نەبوونەتەوە .

* کەم بوونەوەی ئەرکی شیعر لەبەرامبەر پێداویستی و شەرایتەکانی ئەمسەردەمەدا، جاران شیعر بەتەنهاهەموو یان زۆربەی ئەرکەکانی ئەدەب و هونەری لەئەستو بوو، بەلام ئێستا زۆرلەو ئەرکانە چوونەتە سەرشانی لقەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر. بۆیە شتێکی ئاسایی یە لەگەڵ کەم بوونەوەی ئەرکیدا، خوێنەریشی کەم ببێتەوە.هەرواجاران شیعر بۆ هەموو مەبەستەکان دەنووسرا، وەک ( فەلسەفە، زانست، مێژوو، سیاسەت، شەر، سوفێتی و خواپەرستی و .. هتد . ) یان زۆر جار زۆر مەبەستلەیەک شیعرا کۆدەکرانەوە.. بەکورتی ئەرکی جارانی شیعر لەوەدابوو کە بەگوێرەی ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری خەڵکەکە، خوێندەواری زۆرتربێ .

* ئەو گورانەی بەسەر پێکهاتنی کۆمەڵی کوردەواری دا هاتووە، وای کردوە زۆر لەدیاردەکانی کۆمەڵی نوێی بەشێوەی جۆراوجۆر تیاپەیداببن ... لەبواری ئەدەب و هونەریشداجۆرو رەگەزی تری ئەدەبی و هونەری سەریان هەڵداوە " چیرۆک، رۆمان ،شانۆ، موسیقا، وێنەکێشی و .. هتد " کەهەریەک لەوانە بەئەندازەیەک توانیویەتی بەشێکی جەماوەر بەلای خۆیدا کێشکات .. بەم چەشنە هەربەتها شیعر لەمەیداندا نەماوە تا جەماوەرەکە هەموو لەشیعر بئالێ .. هەڵبەتە ئەوەش ئاشکرایە کەلەهەر قۆناغێکی مێژوویيدا،کۆمەڵ ، بەگوێرەی پێداویستی قۆناغەکەو گەشەکردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و ژیان و گوزەران و گەشەکردن و گۆرانی باری سیاسی و فەرهەنگی ، هەرجارەی یەک لەرەگەزەکانی ئەدەب و هونەر، لەناو هەموو ئەوانی تردا دەکاتە جێی بایەخ و گرنگی پێدان ، بەم پێیە رەنگە جار هەبێ شیعر، جارهەبێ چیرۆک یان رۆمان یان موسیقا یان وێنەکێشی یان شانۆ و.. هتد لەوانی دیکە زیاتر پەرەبستێنێ وببێتە جێی بایەخ و سەرنجی خەڵکی ، خۆرەنگیشە هەریەک لەو رەگەزانە لەچەندین قۆناغ دا هەر لە ریزی پیشەوەی گرنگی پیداندا بمینیتەوەوشوین بورەگەزیکی دیکە چوڵ نەکات تا شوینی بگرێتەوە .. بەلام لەکوردستاندا ، بەدریژایی میژووی هونەروئەدەبی کوردی تاکو ئێستاش، شیعر لەهەموو رەگەزەکانی دیکە جێی بایەخ و گرنگی پێدانی زیاتربووە، ئەگەر چی هاتنەکایەی رەگەزەکانی دیکەش بازنەی جەماوەری وبایەخ پێدانیشی ویکتر هێنابێتەوە .

* گەشەکردن و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاو، پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی سینەما و تەلەفزیون و ڤیدیۆ، زۆرتر خزمەتی بلاوبوونەوەو گەیاندنی چیرۆک و رۆمان و شانۆنامە وموسیقایان کردوەو بەرامبەر بەشیعر دەورێکی ئەوتویان نەبووە، بۆیە شیعر تاکو ئیستاش ، لەگەڵ ئەو هەموو پەرەسەندنەی تەکنەلوژیاشدا ، هێشتا بێ هۆ وئامرازی چاک وسەرکەوتووی پەیوەندی کردن و گەیشتنە خەڵکە . گەشەکردنی تەکنەلۆژیا تەنها لەبواری رادیو و چاپخانەدا یارمەتی بڵاوبوونەوەی شیعری داوە کەبەهەمان رادە یارمەتی بڵاوبوونەوەی رەگەزەکانی کەش دەدا ، بۆیە ئامرازەکانی گەیاندن و بلاوکردنەوەی شیعر لەچاو ئامرازەکانی رەگەزەکانی دیکەدا زۆرکەمترن وبەوئەندازەیەش بایەخ وگرنگی پێدانی جەماوەریی کەم بۆتەوە .

* دیارە هەموو ئەم هۆیانەو گەلێ هۆی تریش ، دەوری خۆیان هەیەلەتەسک بونەوەی مەودای بڵاوبوونەوەو جەماوەری وبایەخی شیعر ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مادام شیعر گەشەکردوترین وکاریگەترین هونەری کوردەواریەو لەهەموو هونەرەکان نەمرتر و قوڵکارترە لەسەر دەروون و هۆش و ویژدانی خەڵکی و، لەچەسپاندنی قیەموئەزموونەکانی مێژوو ورابردودا لەهەموو هونەرەکان بەتواناترەو، مادام شیعر هێشتا زوربەی پێداویستیە روحیەکانی کۆمەڵی کوردەواری پێک دێنێ ، بۆیە پاراستنی پاکێتی و پایەو رۆل وبایەخی شیعر لەم قوناغەدا ، ئەرکێکی ئەدەبی و نیشتمانی گەورەیە ، ئەم ئەرکەش بەپلەی یەکەم لەئەستۆی شاعیر دایە ، هەرچەندە بارودۆخی دەوروبەریش کاری گەورە و دیاری هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، خودی شاعیرەکە دەوری زیاترە ، بۆیە ئەگەر رێزی شیعر لای جەماوەر هاتبێتە خوارێ ، زیاتر خەتا لەملی شاعیرە ، دەبێ شاعیر والەخەڵک بکا رێز لەشیعر بگرن ، ئەوەش بەوەی ، ئەوەی دەینووسێ شیعربێ و لەئەنجامی هەست کردن بەئازارو دەردەکانی ئەوانەوە هەڵقولابێ و بۆ ئەوان بێ ، تەنانەت ئەگەر بەئاسانیش تێی نەگەن ، دەبی هەرهیچ نەبی دلنیا بکرین لەوەی کەئەوەی نووسراوە بەراستی شیعرەو بوئەوان ولەقازانجی ئەوان نووسراوە

**چەند مەسەلەیەکی شیعریی**

ئەم سەرەتا کورتە ، دەرگای کۆمەڵێ پرسیارمان سەبارەت بەچەند مەسەلەیەکی شیعریی لەبەردەمدا دەکاتەوە وناچاردەکات ئەگەر لەچوارچێوەی پێناسەی کورتیشدا بێ وەلامیان بدەینەوە .. دەکرێ هەموو پرسیارەکان ، وەک یەک پرسیاری هەمەلایەنە وەلام دەینەوە ، بەلام بۆ روونترکردنەوەو ئاسانترکردنی وەلامەکان بەشێوەیەکی جیا جیا وەلامیان دەدەینەوە :-

**شیعر چی یە؟ ..**

ئەگەر چی ناکرێ ، شیعر لەناو چوارچیوەی پێناسەیەکی دیاری کراودا قەتیس بکرێ و، هەر هەوڵێک لەو پێناوەدا بدرێ ، هەوڵێکی ناکامل و یەک لایەنی دەبێ ! ..

شیعر چۆن ئەمیبا هەر جارە وشێوەو قەوارەیەک لەخۆدەگرێ و شێوەیەکی دیاری کراوی نیە .. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، دەیان پێناسەی جۆرا وجۆری کراوەو ، رەنگەهەرپێناسەیەکیش هەرچەندیش کۆشابێ لەرۆشنایی خستنە سەر لایەنیکی شیعر بەولاوە ، شتێکی دیکەی پێ ئەنجام نەدرابێ .. لەهەمان گۆشەوە ، ئێمەش هەولدەدەین بەکەڵک وەرگرتن لە زۆر پێناسەی تر ، بەم شێوەی پیناسە بکەینەوە :

شیعر ، بالاترین ئامرازی دەربرینە کەفەرمانێکی ئیستاتیکي و دەلالەتێکی کۆمەلایەتی هەیە . شیعر سەما و موسیقای ووشەیە ، ئەو ووشانەی کەوێنەی هەستی هەلچوون و داچوونە نهێنی و دەروونیەکانی ناوەوەن و تیکەڵن لەخوێن و خەیاڵ وهەست نەست وعاتیفەو ئایدیاو موسیقاو، لەدووتوێ یاندا ماناو وێنە و دەنگ و سێبەری جۆرا وجۆر هێزپەیدادەکەن و یارمەتی شاعیر دەدەن بۆ رزگاربوون لەتەقینەوەکانی ناوەوەو نایەڵن شەپۆلەکانی دەریای هەڵچووی ناخ سەرکەن،لەگەڵ دڵ و عاتیفەکانی

خوێنەردا ، بەعاتیفەی هزریشەوە،پەیوەندیەکی نزیک و راستەوخۆ پەیدادەکەن و بۆ جرکەیەکیش بێ بەو ووزە ئەفسوناویەی هەیانە ، خوێنەر لە واقعی هەست پێکراووناسازگاری " ئێستا " دادەبرن دەیخەنە ناو دنیای خەون و خەیاڵی شاعیرەوە ، ئەوەش بەوەی دەلاقەیەکی بەرووی ئەو دنیایەدا لەبەردەمدا دەکەنەوەکە شاعیرلەشیعرێکدا دەیخوڵقێنێ

### شیعر بۆچی ؟

شاعیر لەبنچینەدا ، شیعربورازی بوونی دڵی خۆی و بودا مرکاندنەوەی کەف وکوڵ و هەڵچوونەکانی ناخی خۆی دەڵێ ، چەندیش ئەو رازی بوونە ، لەگەڵ رازی کردنی زۆرتردا یەکیگرتەوە ،ئەوەندە ویژدانی شاعیر ئاسودەتر دەبێ .

شیعر والە مرۆف دەکات هەمیشە لەخەونێکی خۆشدا بژیا ، .. گرنگ نیە ئەوخەونە دێتە دی یان نا ، ئەوەی گرنگە بۆ هاتنەدی ئەو خەونە دەووترێ .. هەر کاتێکیش ئەو خەونە هاتەدی و بووبەواقع ، خەونێکی تر جێی دەگرێتەوە .

شیعر بەو ووزە ئەفسوناویەی هەیەتی ، خوێنەر دەخاتە ناومەداری خەون وخەیاڵ و ئەزموونی شاعیرەوەو بۆ ساتێکیش بێ لەواقعی هەست پێکراوی غافل دەکاو دەیخاتە ناو دنیای خەیاڵی پر سۆزو مۆسیقاو وێنەی شیعری خۆیەوە .. ئەمە نیوەی فەرمانی شیعرە " کەفەرمانە سلبیەکەیەتی "نیوەکەی تری کەگرنگ وئیجابیە ، هەوڵدانەبۆ گۆرین .. واتا بردنی خوێنەر لەدنیای واقعی سلبیەوە بۆ دنیای خەیاڵی ئیجابی ،.. کاتێکیش لەدنیای خەیاڵەوە بۆ دنیای واقع دەگەرێتەوە ، بۆتە بوویەکی تر ، چونکە لەوگۆرانەدا، یەکیەتیەکی عاتیفی وهەستی تازەی بەدەست هێناوەو دەیەوێ لەرێی ئەو دەستکەوتەوە واقعی هەست پیکراو بگۆرێ بەو واقعەی لەخەیاڵدا بۆچەند ساتێکی کەم تێیدا ژیا ... بەشێوەیەکی دی ، خوێنەر کاتێک لەخوێندنەوەی شیعرەکە دەبێتەوە ، هەست دەکا، توانای ئەو گۆرینەی لادروست بووە ، بۆیە خۆی بۆ گۆرینەکە ئامادە دەکات ، گۆرینی واقع بەو واقعەی شیعرەکە بۆی دەخوڵقێنێ ... بەم جۆرە مرۆ بەهێزی شیعر لەواقیعەوە بۆخەیاڵ ولەمومکینەوە بۆ مەحاڵ دەروا ..

بۆیە ئامانج لەشیعر هێورکردنەوەو خاوکردنەوەو حەسانەوەی بیروهۆش و هەست نیە ، بەڵکو خرۆشاندن و قورمیشکردنیانە بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو گۆرانە داواکراوە .

### شیعرو ژیان :

ئەگەر چی شیعر بەرهەمی تاکە کەسەو هەمیشە باس لەخودی شاعیردەکاو ،ژیاننامەی لایەنە نهێنی وشاراوەکانی ناخی شاعیرە ، بەلام چونکە خودی شاعیریش خودێکی دابراونیە لەخودی گشتی و لەهەزارویەک سەرەوە پێیەوە بەستراوەتەوە بۆیە لەوکاتەشداکەشیعرباس لەخودی شاعیردەکات ، لەهەمان کاتدا ، باسکردنی خەلکیشەو عەکسکردنەوەی خەون و ئارەزووەکانی ئەوانیشە ، باشیعر بەرهەمی تاکە کەسیش بێ ، بەلام لەهەمانکاتدا ، کەڵکێکی گشتی و خزمەتێکی کۆمەلایەتیشە .

شیعر بەشێکە لەژیان وهەرگیز ناتوانێ لێی جیابێتەوە، جیابوونەوەی لەژیان وەک جیابوونەوەی ،(چرایە لەرۆشنایی ، وەک جیابوونەوەی قەدولق وپۆپی درەختە لەرەگ و ریشە...) شیعر لەگەڵ ژیاندالەپەیوەندیەکی دیالکتیکی دایە وژیان بەهەموو فراوانی و قووڵیەکیەوە، بەخەڵک وژێوارو واقیعەوە، دەچێتە ناوپێست و گۆشت و خوێن وئێسقانی شیعرەوەو هاوکێشەیەکی بەردەوامی لەگەڵدا دروست دەکات .شاعیر چەند پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ واقیع و لەگەڵ ژیانی میللەتەکەیدا هەبێ ، ئەوەندە ئیلهامی زیاتر وەردەگرێت و شتی تازەتر دادەهێنێت، چونکە هەرخودی ئیلهامیش ، ئەگەر وەک توانایەکی شاراوەی سەرەتاییش لەناخی مرۆڤدا هەبێ ، لەئەنجامی پەیوەندی چالاکانەی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا ، نش و نماو گەشەدەکات .

شیعر دەبێ بچێتە ناو قولایەکانی ژیانەوە پەنجە بخاتە سەردەردە کۆمەڵایەتیەکانی وزەحمەت و سەختی ئەزمونەکانی بچێژێ و ناکۆکیەکانی تێک هەڵشێلێ ولەناخی خۆیدا بیان توێنێتەوەو لەشێوازێکی هونەریی تایبەتیدا گوزارشتیان لێ بدا تائەو جێ یەی لەو سەردەمەدا و لەچوارچێوەی ئەوهەل ومەرج و واقعەی تێیدا لەدایک دەبێ ، ببێتە زمانی حاڵی خەڵک و بون و بەرامەی ئەو ژێوارو واقع وسەردەمەی لێ بێ ..

بۆن وبەرامەی سەردەم ، واتا رۆچوون قوڵ بوونەوە لەژیانی ئەمرۆی خەڵکیدا ونووسین بۆ ئەمرۆ و بازنەدان بەسەر ئەمرۆدا بۆ ئاییندە. چونکە هەر شیعری لەژیان و واقعی ئەمرۆ دابڕێ بەناوی ئەوەی ئەمرۆ دەروات و راگوزارەو بۆسبەینێ دەنووسرێ هەل و مەرجەکانی سبەینێ لەبەرچاودەگرێ،شیعرێکی بێ کەڵکە، هەر شیعرێ بۆ ئەمرۆنەنووسرێ وبەدەردی ئەمرۆ نەخوا، مەحاڵە سبەینێش بەدەرد بخوا، جگە لەوە کێ دەڵێ سبەینێ خەڵکی بەشیعری ئەمرۆ رازی دەبن و بەچ هەقێکیش دەتوانرێ ئیدعای نمایندەگی سبەینیی خەڵکی بکرێ ، تاحەزو ویست و ئارەزوویان لەچوار چێوەی شیعری ئەمرۆگرین. هەر شیعرێ بەتووندی بەواقعی ئەمرۆ بەسترایەوەو بەدەنگ داخوازی وپێدا وویستیەکانی هەل ومەرجی ئەمرووەچوو، پەیامی هونەری و کومەلایەتی خوی گەیاندە ئەمرو، حەتمەن ئەو شیعرە ، شیعرێکی نەمر دەبێ و لەسبەنێیشدا ، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ هەل و مەرجەکانی سبەینێشدا نەگونجا ، هەر وەک بەرهەمێکی بەکەڵک ونایابی سەردەمەکەی خۆی سەیردەکرێ

هەڵبەتە ئێمە لەوەدا کە دەڵێین ، دەبێ شاعیر بۆئەمرۆ بنووسێ و خوی بەواقعی ئەمرۆوە ببەستیتەوە نابێ مەبەستمان بەوەلێکدرێتەوە کەشاعیرخۆی لەناو قۆزاخەی ئەمرۆدا لوولکاو ئاگای لەسبەینێ نەبێ و هەقی. بەسەریەوە نەبێ و دەرگای لەسەر نەکاتەوە، بەلکو مەبەستمان لەوەیەکەبوسبەینی دەرگا لەسەرئەمرودانەخا ولەپەنجەرەی ئەمرووە بوسبەینی بروانی .

هەروا ، بون وبەرامەی سەردەم ، واتا ئاگایی بووەلەئاست وحالی فەرهەنگی و هوشیاری خەلک و، نووسین بەزمانیک کەمایەی تیگەیشتن وحالی بوونی خەلک بی ..

با شیعر دانەبەزیتەئاستی نزمی فەرهەنگی کومەل ، بەلام نابی سەری شاخیشیان لی بگری، نابی ئەوەندە سەرکەوی ، تاخەلکی بوپیاهەلروانینی کلاوی سەریان بکەویتە خوار.. تینەگەیشتنی خەلک لەشیعر، هەرلەکولەواری خەلکەوە نیە، بەلکو کولەواری شاعیریشی

تیدایە ... چونکە شاعیری کولەوارو بیرئالوز، دەیەوی بەشلوی کردنی جوگەلەی تەنکی شیعرەکەی، سەرلەخەلکی بشیوینی وبەقوولیان پی نیشاندا.. دەبی ئەوەش لەبیرنەکەین کەمەرج نیەهەرشیعری باسی خەلکی کردوخەلکی لی ی حالی بوون و چەپلەیان بولیدا، شیعریکی چاکبی .. چونکە بەتەنها جی کردنەوەیەکی وەختی شیعرلەناوخەلکا، دەلالەتی چاکی شیعرەکەنیە، رەنگە جارهەبی لەهەندی باروودوخی تایبەتیدا، شیعریکی خراپیش ببیتە جی ی ئافەرین ورەزامەندی بەشیک خەلک، بەلام هەرئەوەندە ئەوبارووزروفەبەسەر چوو، ئیدی شیعرەکە چون پیرەداریکی گەندەل لەبەردەم رەشەبای حەقیقەتدا رادەقەنیو بەلادادی .

بۆنی ژێواروسەردەم، واتا بۆنی ئەوباروودوخەوئەوکارەسات وروودا وەسیاسی وکومەلایەتی و فەرهەنگی وئینسانیانەی کەلەو سەردەمە دیاری کراوەدا گەلەکەی لەگەلێاندا دەژیا.. هەڵبەتە ئەوەش شتێکی بەڵگەنەویستە کەلەحاڵەتی گرژبوونەوەو هەڵچوون ولەحاڵەتی کارەسات و رووداوەکاندا، خەڵکی لەناوهەموو لقەکانی دیکەی ئەدەب و هونەردا، زیاتر هانا بۆ شیعر دەبەن، چونکە شیعر توانای بەدەنگەوەهاتن و وەلامدانەوەی خێراترو کاریشی لەسەر جولانی هەست و هۆش و دەروون زیاترە. بەلام ئەوەی لێرەدا گرنگە ودەبێ شاعیر ئاگای لێ بێ ئەوەیە کەئەو وەلامدانەوەیەی لەسەر حسابی هونەری شیعر نەبێ و شیعرەکەشی نەخاتە ژێر باروئەرک وفەرمانی سیاسەتەوە شیعر ناتوانێ لەسیاسەت دوورە پەرێز بێ، بەلام دەبێ نەبێتە پاشکۆی .. سیاسەت، ئاساییە کەلەناوشیعردا رەنگ بداتەوە، بەلام گرنگ ئەوەیە ئەو رەنگدانەوەیە، ئەوەندە زەق ودیارنەبێ کەلەپارچە شیعرێکی هونەریەوە بیکاتە نووسینێکی سیاسی .. شیعر خزمەت بەسیاسەت دەکا، بەلام لێ ناگەرێ سیاسەت، لەمەودای رووکەشی دا کەڵک لەشیعر وەرگرێ ولەومەودایەدابەکاری بێنێ . بەڵکو دەبێ شیعر خۆی لەمەودایەکی قوڵی دراماتیکیدا کەڵک لەسیاسەت وەرگرێ وبۆ دانی مەودایەکی قوڵتربەخۆی بەکاری بێنێ . شاعیر چەند بەزەقی سیاسەت دەرنەبرێ، ئەوەندە خزمەتی ناوەرۆک وشێوەی هونەریی شیعرەکەی دەکات .. شاعیردەبی ئایدۆلۆژیا ومەفاهیمە سیاسیەکان ئەوەندە وەستایانە لەژێرپێستی ووشەکاندا حەشاردا کەخوێنەر هەست نەکات، شتێکی سیاسی دەخوێنێتەوە.

هەروا شاعیر دەبێ، بەپشت بەستن بەرەسەنێتی وبەئەزموون و رۆشنبیری وشارەزایی خۆی، ئەو رووداوانە هەڵبژێرێ و لەشیعردا بەرجەستەیان کات کەزیندوون و لەژیانی کۆمەڵدا شوێنەوارو بایەخێک تۆماردەکەن و دەبنە مایەی گینگل و ژانی قوڵی شیعرو بەشێوەیەکی راستگۆیانەو سروشتی شیعر دەخەنەوە، دەبێ خۆی لەقەرەی ئەو رووداوانەدا کەبایەخێکی ساکاروجزئی وکاتیان هەیەو نابنە هەوێنی شیعری خۆرسک وراستەقینە، شاعیر لەهەڵبژاردنی ئەو رووداوە سیاسیانەدا زۆر وووریا نەبێ، رەنگە شیعرەکە ( ئەرک و فەرمان و ئامانج و ) زیاتریش شێوەی دروشم بگرێتە خۆی وببێتە شیعری رۆژو رووداوی راگوزارو ساکار.. شیعر بۆ رۆژ نانووسرێ وشاعیریش یەخسیری هەموو هەل ومەرجێکی سیاسی و کۆمەلایەتی رۆژ نیە تاگوزارش لەهەموو مەسەلەیەک و لەهەموو رووداوێکی رۆژانە وراگوزاربدا.. چونکە گوزارشتدان لەو مەسەلەو رووداوە ساکارو

تیژڕۆیانە ، هەندێ ڕاستەوخۆیی وراپۆرتکاری وبێ پەردەیی وتەنانەت هەندێ ترش وخوێ پێوەکردن وزێدەڕۆیشی دەوێ لەدەرخستنی رق یان خوشەویستی ، ڕەش بینی یان گەش بینی داو.. هتد. کەئەمانەش هەم کاری شیعرنین و هەمیش بوشیعر لەباروئاسان نین ، ئەمانەزیاتر کاری ڕوژنامەو ئیزگەو دروشمی سیاسین . زۆرجاریش نیشتەوەی شاعیر بەو جۆرە مەسەلانەوە ، زیاتر بوداپۆشینی کەم بەهرەیی و کەم توانایی شاعیرە .

هەرواوی‌هەروا دەبێ ئەوەش بڵێین تەنانەت ئەو ڕووداوانەش کەدەبنە هەوێنی شیعر ، مەرج نیە هەرلەکات و سەردەمی ڕووداوەکەدا شیعرەکە بمەێنن .. ڕەنگە لەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکەدا کاریگەرێتی خۆی لەخەیاڵ و بیروهۆش و دەروونی شاعیردا تۆمارکات و لەسەردەمێکی درەنگتردا لەدایک ببێ . ئەو شیعرەی لەسەردەمی ڕووداوەکەدا لەدایک دەبێ ، ڕەنگە جێی بایەخ و سەرنجدانی زیاتری خەڵکی بێ ، بەلام لەسەرێکی دیکەشەوە ئەو شیعرەی دوای نیشتنەوەی گروبڵێسەی گرکانی ڕووداوەکە لەدایک دەبێ ، ڕەنگەکامل ترو قوڵتر بێ .

بەلام لەهەموو ئەم حالانەدا ، گرنگ ئەوەیە شاعیر بتوانێ لەرێی هاوسەنگی و پارسەنگ کردنی ئەو هاوکێشەوە کەلەلایەکەوە لەگەڵ خەڵکدا ولەلایەکی ترەوەلەگەڵ واقع ودەوروبەردا هەیەتی ، بەئامرازی هونەری خۆی ، والەواقع بکات کەزیاتر لایەقی ژیان بێت و بەشداری لەگۆڕین و دروست کردنی مرۆڤ دا بکات،لەبردنەپێشەوەو بۆسەرەوە بردنیدا دەوری خۆی ببینێ .

**شیعرو شاعیر :**

" شیعر ئەسپێکی چەلاخ و تۆری سەر ڕەقە ، شاعیرێ بەتواناو لێهاتوو نەبێ ناتوانێ خۆی هەڵداتە سەرپشتی وپێ لەئاوزەنگی توندکا . "

شیعر دیوی دەرەوەی ناخی شاعیرە ،.. لای درەخت شێوەی هەڵچوون و دابەش بوونی لق و پۆپ ، دیوی دەرەوەی شێوەی دابەش بوون و ڕۆچوونی ڕەگ و ریشەن ،..لای شاعیریش ئاوا ، شیعر دەرخەری جیهانی ناوەوەی شاعیرە . وەک چۆن هەوا ، لەناو هەرخانەیەکی زیندوودا و،کلورۆفیل لەناو هەر گەلایەکی سەوزدا وجودی هەیە ، شاعیریش ئاوا ، لەناو هەر شیعرێکی خۆیدا وجودی هەیە .. هەنگ ، هەلاڵەی هەر جۆرەگوڵێ بچنێتەوەهەنگوینەکەی بۆنی ئەو گوڵەی لێ دێ ، شاعیریش چۆن بژیاو ئایدیاو ڕەفتارو هەڵوێستی چۆن بێ، شیعرەکەشی بۆنی ئەو ژیانەی لێ دێ .. چونکە هەمیشە لای شاعیر هەردوجیهان ، جیهانی ناوەوەو دەرەوە،لەشیعردا ئاوێتەی یەکدی دەبن ولێک جیانابنەوە .

ماوەی نێوان گوتارو کردار چەند کەم بێتەوە ، ئەوەندە پایەی شیعریش قایم و بەرزتر دەبێت . زۆر شاعیرهەن ، شیعرەکانیان ، پایەی کۆمەلایەتی بۆ دارشتون ، هەروا زۆریش هەن ، بەهەڵوێستی گەورەی خۆیان ، سەری شیعرەکانیان بڵندتر کردوە.. کە هەر دووکیش جووت دەبن ، شیعرو شاعیریش لەگەڵیاندا گەورەترو بەرزتردەبن . شاعیر چەند ئاگای لەپاکێتی و شوێن و سەربەرزی شیعرەکەیەتی ، دەبێ ئەوەندەش ئاگای لە جۆرو چۆنیەتی وئاستی هونەریی شیعرەکەی بێ ، چونکە شوێنی شیعر ، تائەندازەیەکی زۆر

بەچونیەتیەکەیەوەبەندە، هەربۆیەش دەبێ شاعیر یەکەم رەخنە گری شیعری خۆی بێ و بزانێ تاچەندو کوێ و چۆن کەف و کوڵی ناوەوەی دامرکاندوتەوەو لەچ شێوەیەکدا وبەچ زمانێک هەستەکانی ناوەوەی خستۆتە روو و چ پەیوەندیەکیش لەگەڵ خوێنەردا دروست دەکاو تاچەندی دەجوڵێنێ ... کەواتە شاعیر هەربەغەریزەو پشت بەستن بەبەهرەکار ناکا، بەڵکو شارەزایی و هوشیاری و رۆشنبیری وئەزمونی خۆی و،ئینجا بونی موعاناتێکی راستەقینەش دەوری دیارو کاریگەریان هەیە .. هوشیاری شاعیرناسکی بەشیعروبەکرداری هەڵبژاردن دەداو وای لێ دەکات سروشتی و خۆرسکی بێ .. روشنبیریشی یارمەتی زانینی شاعیردەدا لەچونیەتی بەکارهێنانی ئەزمونی شەخسی وکەلەپوری نەتەوایەتی و، لە چۆنیەتی حوکمدانی دروستدا بەسەر بەرهەمەکەی خۆیدا .

شاعیر بەبێ تیوریەتی تایبەتی و دیاری کراوی شیعری و، بەسەرەتایەکی سادەو کاڵ دەست بەشیعر نووسین دەکات و بەرێگای تاقی کردنەوەو خۆپەروەردەکردن و بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری وقوڵ بوونەوە لەناو رووداوەکانی ژیاندا و کەڵەکەبوونی ئەزموونی شیعری و ژیانی دا بەرەو گەشەکردن و کامڵ بوون دەروا، تادەگاتە ئەوجێ یەی دەبێتە خاوەنی دارشتن و شێوازێکی هونەری تایبەتی .. تائەو جێیەی دەتوانێ کەرەسە وئەزموونی ئاسایی لەئاستی کاری ئاسایی یەوە بگەیەنێتە ئاستی ئەزموونی شاعیرانەو، خوینەر والێ بکات کەووردتر وقوڵتر لەئینسان وژیوا رووواقع و دیاردەکان ووردبێتەوە.

شاعیری بەئەزمون و بەتوانا، هەوڵدەدا، لەهەرشیعرێکی تازەیدا، دنیایەکی نوێ بخوڵقێنی و بەدۆزینەوەیەکی نوێ بگاو.. لەهەرقۆناغێکی ئەزموونی شیعریی خۆشیدا هەوڵدەدا، لەقاوغی قوناغەکەی پێشووی دەرچێ ومارئاساکاژی وەرزی پێشوو فرێ دەداو دەچێتە قۆناغێکی نوێ ترەوە.

شاعیر کەشیعری دەنووسێ، کەووشە دەخاتە سەرکاغەز، دەبێ لەخوی بپرسێ، کە ئەو ووشانەی لەسەرەتای زمان پژانی مرۆڤایەتیەوە بەکاردێن، چۆنی بەکارهیناون و چ زمانێکی تازەی پێداون و چی تازەی پێ دەربریون .. گەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی، هیچی تازەی نەخستوتە سەرکون، ئەوە ئەو ووشانە بەرلەوەی بکەونە بەرچاوی خەلک، بخنکێنرێن چاکترە... لەحاڵەتی وادا بێدەنگی لەهاتنە دەنگ باشترە ( هەڵبەتە مەبەست لەو بیدەنگ بوونە ئەوە نیە کەشاعیر بەهۆی سەرقاڵی بەکاروباری ترەوە بیدەنگ بیی و خوی لەشیعر دوورخاتەوە، چونکە خو دوورخستنەوەو دابرانی ئاواوبۆ ماوەیەکی زور، سەلیقەوتوانست وبەردەوامی داهینانی شیعری لای شاعیرکز دەکەن، بۆیە پیویستە شاعیر پاریزگاری لەو ئاقاری هەڵچوونە ناخیەو لەبەردەوام بوونی کاری خولقاندنی شیعری و پاریزگاری لەونش و نماکردنە بکات کەبۆگەشەکردنی کەرەسەو ئامرازو خەسلەتەکانی شاعیر، سروشت و روشنبیری و ژیانی کومەلایەتی بەشداری تیدادەکەن .)

مەرج نیە ئەوەی شاعیر نووسی شیعربێ، بەلام مەرجە ئەوەی دەیخاتەروو شیعربێ.. ئەگەر لەناو پەلە سپیدارێکی رێک و هەڵچوودا، نەمامێکی خواروخێچ و ڕیوەڵەی کورتەبالاهەبوو، بۆ باخەوان، بڕینی ئەو نەمامە لەهێشتنەوەی چاکترە، چونکە کە بڕدرا، هەم ئەو خۆراک و هەتاوو ئاوەی ئەم بێ هودە داگیریکردوەبو ئەوانی تر

دەگەڕێتەوەو هەمیش شەوق و ڕەونەق و دیمەنی پەڵەسپیدا رەکە جوانتردەبێ ..شاعیریش باخەوانی پەڵەشیعری خۆیەتی و لەگەڵ هەر شیعرێکی ڕیوەلەو خوارو خێچ دا ، دەبێ هەمان رەفتار بکا .

کاری شاعیرهەمیشە شاقوڵیەوە ئاسۆیی نیە ،.. شاعیر چەند لەسەرحسابی چەندایەتی بایەخ بەچۆنیایەتی بدا ئەوەندە خزمەتی زیاتری مەسەلە شیعریەکەی دەکا .. شاعیری بوونیش ، لەپلەی یەکەمدا ، بەچونیایەتیەنەک چەندایەتی ، هەن بەشیعریک بەشاعیر دەناسرێن و هەشن بەنووسینی دەیان ( شیعری خراپ ) نابنە شاعیر . ویـــرای ئـــەوەش شاعیر دەبێ بزانێ کەی ولەکوێ شیعر دەخاتە روو ، کەی و لەکوێش پێویستـــی بەخۆ وون کردن هەیە .. چونکە خستنە رووی بەردەوامی شیعرو خۆنیشاندانی بەردەوام ،بەشێوەیەک لەشێوەکان لەبەدەنگەوە هاتنی خەڵکی بۆشیعر کەم دەکاتەوە ..

دواجا رئەوەش دەلێین کەشاعیری چاک ، تائەو شوێن و کاتە شیعردەلێ کـــە دڵنیایە لەوەی ئەوەی دەیلێ نوێ ترە لەوانی پێشووی و کەی زانی کانی شیعری لـــە هەڵقولین کەوتووەو توانای داهێنان و خولقاندنی شیعری نەماوە ، .. بۆپا راستنی شوێن وناوبانگی خۆی و شیعری خۆی ، بێدەنگی هەڵبژێرێ چاکترە .

هەروا دەبێ ئەوەش بڵێین کەهەموو بێدەنگیەکی وەختی شاعیر ، بەوەستان ولە شیعر چوونەوە لەقەڵەم نادرێ ، چونکە زۆرجار ئەو فەترە بێدەنگیە ، فەترەی بەخۆدا چوونەوە وقوڵ بوونەوەو خۆمشت و ماڵ کردن و ، فەترەی خۆئامادەکردنەبۆ گواستنەوەلەقۆناغێکی شیعریەوە ، بۆ قۆناغیکی گەشەکردوترو پێگەیشتووترزۆرتر ئەو فەترە بیدەنگیـــــە لەو فەترە خامۆشی و ئارامیەی دەریادەچێ کەبەر لەهەڵکردنی گەردەلوول تێیـــدا دەژیا .. بۆیە جیاکردنەوەی ئەو حاڵەتە بێدەنگیە لەحاڵەتی بێدەنگی لەشیعرچوونەوە، کاریکـــی پێویستە .

### شیعر چۆن لەدایک دەبێ ؟

شیعر نازانرێ چۆن لەدایک دەبێ ، تەنانەت شاعیریش نازانێ ، ئەوەی دەیزانێ تەنها ئەوەیەکە بانگەوازێکی نهێنی دەبیستێ ، بانگەوازێک لەناخی خۆیەوە ،دێتەدەر ، ئـــەم بانگەوازە شتێکی کت و پرنیەو لەناکاوپەیدانەبووە ، بەڵکوخەست بوونـــــەوەی هەموو تاقی کردنەوەو ئەزموونەکانی ژیانی شاعیروهەموو هەست و نەست و هەڵوێســـــت و هیوا رۆحیەکانێتی لەژیاندا .. ئەوکاتە دەشڵەقێت و دەکەوێتە ژانی لەدایک بوون کـە شاعیر بابەتێکی وادەبینێت کاری تێدەکاو لەناخەوەڕا دەیبزوێنێت و کۆرپەی شیعـــر لەدایک دەبێ ، رەنگە ئەم لەدایک بوونە بەیەک جارو دوجا ریش کۆتایی نەیاوتەوا و نەبێ،رەنگە جارهەبێ ، بەلەدایک بوونی تەنها بیرۆکەیەک ، یان وێنەیەکی شیعری تەواوببێ ورەنگە جاریش هەبێ هەموو ، شیعرەکە بەیەکەوە لەدایک ببێ .. بەلام گرنگ ئەوەیە ئەگـــەر لە دایک بوونەکە تەنها کۆپلەیەک یان وێنەیەکیش بوو تومار بکرێ .. تالەکات ودەرفەتی تردا ، ( جابائەو کات و دەرفەتە چەندین ساڵیش بخایەنێ ،) ببێتە سەرچاوەی نووسینی شیعرێک ، یان هەرهیچ نەبێ ببێتە بەردێک وبچێتە دیواری شیعریکی تـــــرەوە ، شیعر

نووسین ، چون کاری نەشتەرگەری سەخت و خەتەرناکە ، تا شیعرێ دێتە دنیاوە ، چەندین ژان و پێچ و گینگڵ بەدەمارەکانی شاعیردا دێن و دەچن . رەنگە دەیان سەعات بەدیار تۆمارکردنی وێنەیەکەوە دانیشێ ولەئاخریشدا نەتوانێ تۆماری کات ، هەروا رەنگیشە جاری واش هەبێ ، زۆرئاسان دەستگیری بێ .. لەو رووەوە کاری شاعیرلەکاری راوچی دەچێ ، .. راوچی دەچێتە ناوحەشارگەوە ، رەنگە هەرزوو نێچیربێتە بەرلوولەی تفەنگی وبیئەنگێوێ ، رەنگە بێشت و نەیئەنگێوێ،یان رەنگە هەرفریای تەقەلیکردنیشی‌نەکەوێ ، رەنگە چەندین سەعاتیش بەدیارهاتنی نێچیرێکەوە بوەستێ وهەرنەشیات .. شاعیریش وایە ، دەچێتە خەڵوەتی شیعر نووسینەوە ، رەنگە شیعربێتە ژوانی ورەنگە نەشیات ..

شاعیر هەتاچون دەروێش حاڵی لێ نەیات ، ناتوانێ بچێتە ناوکوورەی زکری شیعر نووسینەوە ، کەحالیشی لێ هات ، وەک شێت لەبەرخۆیەوە دەدوێ وتاحالیشی تەواو نەبێ ، نازانێ چی کردوە ..

شاعیر کەحاڵی شیعر دەیگرێ ، دەچێتە ناو جیهانی نائاگاییەوەو دەبێتە یەک لە شتەلیڵ و نادیارەکان و لەرێی وێنەشەوە ، ئەو حاڵەت و نەغمەدەژوونیە کە لە نائاگایی دا داهەن ، بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە ، بەشێوازێکی واکەبتوانێ خوێنەر تێکەلاوی ئەو هەوا و حالەتە دەروونیەی خۆی بکا .

لای شاعیر دووشت نادیارن ، یەکێکیان کات و حاڵەتی شیعر نووسینە ، شاعیرنازانێ کەی حاڵی شیعر دەیگرێ ، تاچاوەرێی ئەو کاتەکات .. چاوەروانکردنی ئەو کاتە ، وەک چاوەروانکردنی راکشانی ئەستێرەیە .. کەنازانرێ کەی و چۆن وبەچ ئاقاریکدا رادەکشێ.. شاعیر ناتوانێ ئەو کاتە دیاری کات ، چونکە هەڵبژاردنی ساتی لەباربۆ بەرپابوونی موچرکەو راچەنین و هەژینی دەروون ، هەرگیز بەدەست شاعیرنیە ، شاعیر ناتوانێ کەی خۆی بیەوێ ، سۆزی بجولێنێ و،دەریای خەیاڵیشی هەتا بای حاڵی شیعری بەسەردا هەڵنەکات ، ناکەوێتە شەپۆل دان .. کاتێ شیعر نووسینیش ، وێرای ئەوەی شاعیرخەبەری لێی نیە ، ساتێکی زۆر تیژرۆ و کەم خایەنە ، بەلام حەساس وکاریگەرە .. ئەوساتە ، زۆر لەساتی چەخماخەدانی هەورە بروسکەی شەوی ئەنگوستەچاو دەچێ ، کەبۆفەترەیەکی زۆرکەم ، زورترین رۆشنایی دەخاتەوەو ،.. شوانی ووریا لەبەسەرکردنەوەی مەرەکانیدا کەڵکی لێ وەردەگرێ . شاعیریش هەروا ، دەبێ لەو ساتەرۆشناییەیە کەم خایەنە ، کەلکی شیعری خوێ وەرگرێ،بۆ تۆمارکردنی هەردیمەن و وێنەیەک کەدێتە بەرچاوی خەیاڵی .

دووەم شتی نادیار لای شاعیر ، ئەوەیەکە نازانێ چ و چۆن دەنووسێ ، واتاچ ناوەروک و بابەتێک ولەچ شێوەیەکدا دەریدەبرێ . دارتاش ، بەرلەوەی مێزیک دروست کات دەزانی چی و چۆنی دروست دەکات .. ئەندازیار ، بەرلەوەی بناغەی بینایەکیش دابرێژێ ، هەموو ووردودرشتێک سەبارەت بەشێوەو ناوەرۆکی بیناکەی دەزانێ ، بەلام شاعیر ، بەپێچەوانەی ئەوانەوە ، هەتا کارەکەی تەواو نەبێ نازانێ چی و چۆنی‌کردوە .. بەلام ئەم راستیەش ئەوە ناشارێتەوە کەلەگەڵ رادەی کامڵ بوونی ئەزموونی شیعری شاعیردا ، بەئەندازەیەکی زۆرکەمیش بێ ، جۆرەدەسەلاتێکی شاعیر بەسەر ئاقاریگەشەکردن ورەوتی شیعرەکەیدا پەیدادەبێ و وەستایی و سنعەتکاری شاعیریش دەبێتە هۆکارێکی

گرنگی لەدایک بوونی شیعرەکەی . تەنانەت ، لەهەندێ حاڵەتا ، شاعیر، یـــان راستتر هەندێ شاعیری بەدەسەلات بەسەر هونەری شیعرنووسینا ، وەک سنعەتکاریکی لـــێ دێ و، دەتوانی لەهەندێ حاڵەتا ، ( جابائەو حاڵەتانە زۆرکەم و دەگمەنیش بن ) بەپشـــت بەستن بەزەخیرەی هێماو رەمزو وێنەی داکراوی ناو ئاسمانی خەیاڵ و هۆشی ، بچێتـــە حالی شیعر نووسینەوە .

بەلام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، چۆنیەتی لەدایک بوونی شیعرو پرۆسەی خەڵقـــی شیعریی ، لەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگورێ و تەنانەت‌لای یەک شاعیریـــش ،لە شیعرێکەوە بۆ شیعریکی تر قابیلی گۆرانە ، .. بۆیە ناتوانرێ ، چوارچێوەیەکی‌گشتی و تیۆریەکی هاوبەش‌بۆ چۆنیەتی لەدایک بوونی شیعر دانرێ وئەوەش‌سەبارەت‌بەومەسەلەیە دەووترێ لەشتی " نسبی " بەولاوە شتێکی ترنیە .

### دەنگی تایبەتـــــــی

ئەگەر لەباخێکدا ، خوێندنی چەند بولبولێک و لەشاخیکدا قاسپەی چەند کـەوێک لە یەک بچن ، لەشیعردا ، دەنگێ لەدەنگێکی دی ناچێ ، ئەگەر لەهەر قۆناغێکی مێژوویيدا، دوو دەنگ لەیەکدی چوون ، دەنگی دووەم نارەسەن و ساختەیە ، نابێ لەهەر قوناغێکدا ، دوو نالی .. دوو گۆران .. هتد هەبن .. دەبێ چون پەنجەمۆری مرۆ، هەردەنگـــــــە و تایبەتمەندیتی خۆی هەبێ و فۆتوکۆپی دەنگێکی دیکە نەبێ .. شاعیران ، وەک‌کومـەلی درەختی بەرداری هاوجۆری ناویەک باخچەوان ، ئەگەر چی هەموویان لەسەریـــەک خاک رواون ویەک‌هەوای هاوبەش‌هەلدەمژن و کەڵک لەیەک ئاو وهەتاووەردەگرن ، بـــەلام هەر درەختە ومیوەی خۆی هەیە؛کەهەم تام و هەم قەوارەی لەوانی تر جیایە ..

هەرشاعیرەو چۆنیەتی پێکهاتنی دەروونی و هەڵچوون و داچوونی عاتیفی تایبەت بە خۆی هەیە کەلەئەنجامی قوناغەکانی پێگەیشتنی فکری و رۆحی و ژێواری پەروەردەکردنی خێزانی و کومەلایەتیەوە بۆی سازاون .. ئەمەش‌وادەکات‌کەلەنائاگاداترین حاڵەتـــی شیعر ووتنیدا ، هەمیشە مۆرک و رەگەو فەزایەکی تایبەتی ، لەشیعرەکانیـــــدا رەنگ بداتەوە .. بەچەشنێکی واکەخوێنی ئەو مۆرک و فەزا تایبەتیە لەجەستەی هەرشیعرێکیدا بەئاشکرا دەبینرێ .

هەروا تایبەتمەندێتی شاعیر، لەچۆنیێتی مامڵە کردنی لەگەڵ رەگـــــەزو کەرەسە شیعریکانیشدا دەردەکەوێ .. هەیە بەزمانی شیعریی و هەیە بەچۆنیەتی بەکارهێنانـــی وێنەو، هەیە بەموسیقاوترپەی ناو شیعرەکانیداو، هەیە بەچۆنیەتی بەکارهێنانی‌رەمز .. یان کێش و سەرواو،هەیە بەچۆنیەتی خستنەرووی ئایدیاو.. هتد ئاوابەم شێوەیە هـەر شاعیرەو دەبێتە خاوەنی تایبەتمەندێتی و دەنگی تایبەتی خۆی و لەوانی دیکـــە جیا دەکرێتەوە .. هەڵبەتە شاعیر هەرلەهەنگاوە سەرەتاییەکانیەوە ناگاتە ئـــەو حاڵەتە کەخاوەنی دەنگی تایبەتی و شێوازی هونەریی تایبەت‌بەخۆی بێ، بەڵکو لـــــەئەنجامی ئەزمونێکی شیعری وژیانیی قوڵدا دەگاتە ئەو حاڵەتەو دەبێتە خاوەنی دارشتن وشێوازی

تایبەتی خۆی بەچەشنێکی واکەخوێنەری ووریا ، بێ ناوهاتنی شاعیرەکە، شیعرەکە دەناسێتەوە .

**کەرەسەو رەگەزەکانی شیعر :**

هەرپارچە شیعرێکی باش بگری ، یەکیەتیەکی مەتریالی هەیە کەپێزو پتەوی وتەبایی پێ دەبەخشێ .. واتایەکی ناوەوەیی هەیە کەبابەتیکی تایبەتی دەستنیشان دەکات و ناوەروکیکی ئینسانی دەردەبرێت .. بنیاتیکی مەکانی هەیە کە روالەتی هەستی ئەو شیعرەیەو بابەتە ئیستاتیکیەکەی تێدا دەردەکەوێت .. بنیاتیکی زەمانی هەیە کە بزووتنەوە ناوەوەییەکە دەردەبرێ بەو پێیەی کەکارێکی ئینسانی زیندووە .. لەگەل هەموو ئەمانەشدا ، لەدروست بوونی هەرپارچە شیعرێکدا ، چەند رەگەزێکی بنچینەیی بەشداری دەکەن کەشاعیر هەولدەدا هاوئاهەنگی و گونجانیکی هونەریان لەنیواندا دروستکات .. ئەو رەگەزە بنچینەیی یانەش ئەمانەن :

* عاتیفە : خوێنی ناو دەمارەکانی جەستەی شیعرە و مایەی تین و گەرم وگوڕیەتی.. شیعری بێ عاتیفە ، نەدەتوانێ گەرمی وناسکی خۆی بپارێزێ ونەبەدلێ خوێنەریشەوەدەچەسپێ تائەوەی بیهێنێتە جۆش و خرۆش . شیعر چەند لەناو کورەی سۆزی شاعیردا جۆش بدرێ، ئەوەندە تەرو ناسک و پەیوەندیشی لەگەڵ خوێنەردا توندو قوڵترو هەست بزوێنتردەبێ . یان بەشێوەیەکی دی ، شاعیر چەند عاتیفەی بەکوڵ و هەستی ناسک بێ وچوون تالیقژی خاوی کچێکی شۆخ بەسووکە هەناسەیەکیش بلەرێتەوە، ئەوەندە شیعرەکەشی ناسک و تەڕو بەتین و گەرم و گوڕدەبێ و لای خوێنەریش کاریگەرترو دەروون بەکوڵ هێن تر دەبێ .

* خەیاڵ : لەرەگەزە هەرێ کاریگەرو زیندووەکانی شیعرە ،شیعری بێ خەیاڵی فراوان و قول وبەپیت، وەک هەوای پەنگ خواردووی ناو ژوورێکی داخراوی قەرەباڵغی لێدێ . چەند ئاسوی خەیالی شاعیر بەرین و فراوان بێ ، چەندچاوی خەیالی تیژبێ، چەند بەرهەمی خەیالی لەتوانستی خەیالی وێنەگیری خۆی تێپەرێ ، ئەوەندە شیعرەکەشی سازگاروسفت و قول دەبی و وێنە شیعریەکانیش ئەفسوناوی ترو هەست بزوێنتر دەبن .

خەیاڵ دنیای واقیع بو دنیایەکی دیکە دەگۆڕێ ، کەدنیای چروبارگەدارە بە رەمزو هیماو واتا،چەند عاتیفە بۆ قۆستنەوەی دیمەن و رووداوەکان گرنگە، ئەوەندەش خەیال بۆ بالّ پێگرتنیان پێویستە .. لەخەیالّ دابرینی شیعر، وەک لەمەل دابرینی پەرو لەدرەخت دامالینی گەلای سەوز وایە .. بەهای خەیالّ ، بەتایبەتی لەخولقاندنی وێنەدا زۆربەئاشکرا دەردەکەوێ ، چونکە وێنە خۆی بەرهەمی خەیالەو ئامرازیکیشە کە خەیال بەهۆیەوە لەچالاکی خۆیدا بەردەوام دەبێ . بەواتایەکی دیکە، شیعر خەیال دەیخولقێنێ و لەڕێی وێنەی شیعریەوە دەکەوێتە ڕوو.. هەربۆیەش بێ بەش بوونی شیعر لەخەیالّ ، کارێکی خەتەرناک و دژوارە .

* ئایدیا : چەقی قورسایی شیعرە، هەموو شیعریک بەیانکەری ئایدیایەکی دیاری کراوەو، خالی بوونی شیعرلەئایدیا ، وەک خالی بوونی خانەیەلەناوڵ ..هەرئایدیاشە دوای لایەنە هونەریەکەی شیعر، بایەخ ونرخی شیعرەکە دەردەخا .. ئەگەر لایەنی هونەریی‌رەنگ وبۆی گوڵی شیعربن ، ئایدیا هەڵاڵەکەیەتی .. هەروا پەیامی ئینسانی و کومەلایەتی شاعیریش هەرئەو ئایدیایە دەیگەیەنێ ، دسەلاتی شاعیریش لەهەڵس وکەوتی لەگەل ئەم رەگەزەدا ، لەوەدا دەردەکەوێ کەبەشێوەیەکی زەق و میکانیکی هەوڵی گواستنەوەی نەدا بۆ خوینەر.. لێرەدا جارێکی تر بایەخ و دەوری عاتیفەو خەیاڵ لەگواستنەوەی‌ئایدیاکەدا دێنەوە پێشێ .. بەلاّم چەندیش‌عاتیفەوخەیاڵ گرنگ بن ، لەپێویستی وبایەخی ئایدیا کەم ناکەنەوە، چونکە ئایدیا رەگی شیعر قوڵترلەدڵی خوێنەردا دادەکوتێ وکاریگەریەتی لەسەر گۆران زیاتر دەکات .

* زمان : کەرەسەی سروشتیی دەربرینی ئایدیایە، خۆپاراستن لەزمانی بریقەدارو سست و قەبەو ناقۆلای دروست‌کراو و، لەزمانێ کەلەگەڵ هەستەکانیان لەگەل ئایدیای ژێر بینای شیعرەکەدا هاوئاهەنگ و تەبانیەو، گەران بەدوای ووشەی گونجاوی ناسکو بزیو و زیندووی وابەستە بەژیان ، لەپلەی یەکەمدا هەربۆ بەباشترین شێوە دەربرینی ئایدیایە.. زمان تاکە ئامرازیکە کەشاعیر بەهویەوە دەتوانێ شیعرەکەی بۆ خوینەر نەقڵ کات . چەندیش‌شاعیر بەسەر رازو نهێنیەکانی زماندا زاڵ بێ و لەسروشت و پێکهاتنی ووشەو واژەوزاراوەکان ئاگادار بێ و شارەزایانە هەڵس‌و کەوتیان لەگەڵدا بکاو چەندیش‌زمانی لەبەردەستدا وەک هەویرێکی بەپێز وابێ ، ئەوەندە لەبەردەم خولقاندنی حالەتە شیعریەکەدا سەرکەوتوو دەبێ و ئەو خەون و خولیایانەی کەلەدەروونیا پەنگیان خواردوتەوە ئاسان ترو سفت‌و جوانتر دەردەبرێ .

زمانی شیعر، .. زمانیکی چڕوموسیقاداری سروش‌بەخشەو لەزمانی دووانی ئاسایی جیایە . لەزمانی شیعردا ، وەک‌دکتور ئیبراهیم ئەنیس‌دەلی " شاعیر تائەوپەری سنوری بەکارهینان سێبەری ماناوسروشی دەستەواژەکان و ئەو واتایانەی کەپەیوەندیان بە یادگاری و ئەزموونی کاریگەری دەروونیەوە هەیەو،هەروەها ئەو سۆزەی لەگەل خۆپڕاهەلێ گرتوە، بەکاردەهێنێت ."

زمانی شیعر وەک‌لەزمانی دووانی ئاسایی جیایە ، لەزمانی زانست‌و فەلسەفەو لۆژیکیش‌جیایە، .. زمانی شیعر زمانێکی یەک‌مەودایی نیەو ووشەو واژەکان راستەوخۆ مانا بەدەستەوە نادەن بەلکو بەشیوەیەکی ناراستەوخۆ خودی ناوەوەی‌خوێنەر دەبزوێنن ، تابەرێگای‌تایبەتی خۆیدا پەییان پی بەریت و، زورتریش‌لەیەک‌مانازیاترلەخۆدەگرن. ئەوەش‌کەزمانی شیعر لەزمانی ئەو بابەتانە جیادەکاتەوە، لەپلەی یەکەمدا ، زمانی مەجازە، مەجاز گەورەترین ئامرازی‌دەربرینی‌شاعیرانەیە کەدەبیتە پردیک بۆپەرینەوەی دەروونی شاعیر.. بزووتنەوەی دەروونی شاعیریش‌هەرلەئاستی هەست‌پێکراوەکاندا ناوەستێ و رووتکراوەکانیش‌بەرجەستەدەکا .. بەم چەشنە زمانی مەجاز، زمانی شیعر دەکاتە زمانێکی تایبەتی وجودا لەزمانی رەگەزە ئەدەبیەکانی دیکە .

ووتمان ژمانی شیعر، زمانێکی چڕوپڕە، ووشەو واژەی زیادی تێدا بەکارنایا، هەر ووشەو واژەیەکیش جیگای شایستەی خۆیان نەبێ و شتیک بەیان نەکەن، یان خەسلەتێک دەرنەخەن، بەکارهینانیان زیادە. مادام هەر ووشەیەکیش سروشت و پێکهاتنی خۆی هەیە، بۆیە دەبێ شاعیر لەبەکارهێنانیدا ئاگادار بێ و دەبێ بزانێ چۆن ولەکوێ وبۆگەیاندنی چ مەبەستیک وچ مانایەکی بەکاردێنێ. شاعیر لەهەڵس وکەوتیدا لەگەڵ ووشە، دەبێ وەک بەنایەکی دەست ڕەنگینی شارەزا ڕەفتار بکا، .. بەنای شارەزا، دەزانێ چ بەردێک لە دیوارەکەدا بەکاردێنێ و چۆن و لەکوێدا و بەچ دیوێکدا بەکاری دێنێ بۆ ئەوەی دیوارەکەی ڕێکترو جوانتربێ.شاعیری بەدەسەلات، ووشە بەمانا باوو فەرهەنگیەکەی بەکارناهێنێ و، ووزەو هێزی نوێی پێ دەبەخشێ و، ئەو ووشانە راست دەکاتەوە کە کەوتوون و،گیان بەبەر ئەو ووشانەشدا دەکاتەوە کەخەریکە پرزەیان لەبەربڕێ. چەند مەودایی ووشەش لەشیعردا، لەوەدایە کەووشە مت و چەقیونیە، جولاوەولە حالەتی سەمایەکی بەردەوامدایەو، هەربزووتنەوەیەکی سەماگەرانەشی دەلالەت ومانایەکی جیاواز دەبەخشێ. بۆیە دەکرێ لەگەل هەرخویندنەوەیەکی تازەی پارچە شیعرێکدا، شتێکی تازەتر لەجاری پیشوو بەخوینەرپدا، .. بەم شیوەیە ووشەلای شاعیر لەوە تێدەپەڕێ کە هەر ئامرازبێ، بەلکو دەبێتەئامانجیش .. چونکەووشەی شیعر، وەک چۆن ووشەیەکی ڕەق وتەق نیەوهەر ئەو مانا ساکارە روژانەیەی لای خەلکی ناگەیەنێ، ئاواش لەهەمان کاتدا، هێزێکی ئیحایی گەورەشی تێدایە کەلەلایەن شاعیرەوە بۆ دەربڕینیلایەنە شاراوەکانی بێ ئاگایی بەکاردەهێنرێ.

وێرای ئەو چەند ڕەگەزەبنچینەیییە، دوورەگەزی گرنگی تریش لەخولقاندنی شیعریدا بایەخی گەورەو دیاریان هەیەو شیعر ناتوانێ دەست بەرداریان بێ، ئەمانیش، وێنەی شیعری و موسیقای شیعرن :ـ

**وێنەی شیعری :** یەک لەخاسیەتە گرنگەکانی شیعر، گوزارشت کردنە بەوێنە ،نەک بەقسەی وەسفی رووت ودرێژدادرانە.. هەربۆیەش سەیرنیە کە" وێنەکێشان بەووشە" یەک لەپێناسەکانی شیعربێ .. چونکە شیعر، هەرخۆی وێنەکیشانی بزووتنەوەی نهێنی دەروونیە، وێنەکێشانی هەڵچوون و داچوونەکانی ناخی شاعیرە . شیعرلەڕێی وێنەوە، عاتیفەی وابەستە بەشت و دیاردەکانی ناو واقیع عەکس دەکاتەوە، هەربۆیەش هێزی وێنەی شیعری لەبەدەنگەوە هاتنی عاتیفەی شیعریدا دەردەکەوێ . هەر وێنەیەکیش لای خوێنەربەدەنگەوە هاتن و وەلامدانەوەنەخولقێنێ وێنەیەکی ساردوسڕوئیفلیجە. وێنەی شیعری چەندلەوەسفی دیوی دەرەوەی شتەکان تێپەڕێ و بگاتە قوولاییان وچەند پشت بەخوازەومەجازببەستێ،ئەوەندە گەرم و گوڕترومایەی سەرسوڕهێنانی زیاترو ڕامانی قوڵتردەبێ وئەوەندەش لای خوێنەر بەدەنگەوە چوونی زیاتر دەبێ .. هێزی شیعریش لەبنچینەدا لەوەدایە کەلە ڕێگای وێنەوە ئیحابەهزر دەدات،نەک لەرێگای خستنەرووی ئایدیایەکی زەق و رووت،یان زێدەڕۆیی لەوەسفدا .

وینەی شیعری لەبارترین هۆیە لەگەیاندنی فیکری شاعیردا ، هەرلەبنچینەشدا پشت

بەستنی شاعیر بەوینە لەدەربڕینی مەبەستەکانیدا ، بۆئەوەیە کەلەڕێی وینەوە پەرە بەئایدیابدا و چڕتروقوڵتر بیخاتە ڕوو ، بەچەشنێکی واکە کەئەفسوون گەرێتی و کاریگەریەتیەکی زیاتر لای خوێنەر بەجێ بهێڵێ . زۆرتریش شاعیر ئەو وینانە هەلدەبژێرێ کەلەگەل سروشت و ریبازی بوون و دەربڕینیدا دەگونجێن . هەروا دەبێ شاعیر ئاگاشی لەوەبێ کەوینە شیعریەکان لەگەل ناوەروکی شیعرەکەدا هاوئاهەنگ بێن و وینەی رووت و دابڕاونەبن لەناوەرۆک ... شاعیری رەسەن ، زۆرجار وێنەی ناسک و قوڵ و ئەفسوناوی لەساکارترین شتەکانی ناو واقیعەوە دەخولقێنێ و زۆرتریش لە خولقاندنی وێنەی شیعریدا ،خۆی لەراستەوخۆیی دەپارێزێ ولەرێی ئاماژەو رەمزەوە و بەشیوەیەکی ناراستەوخو ئەو هەستەمان لاپەیدا دەکا کەخۆی گەرەکیەتی . هەروا دەبێ ئەوەش بڵێین کەوێنەی شیعری هەرئەو وێنە دیارو زەق و ڕەق وتەقانەی ناو واقع نین ، بەلکو وێنەی زەین و هەستی جیهانی ناوەوەی شاعیرن کەپڕن بەعاتیفەولەمەداری خەیالی شاعیرەوە بەهۆی ووشەوە بۆ خوینەر دەگوازرێنەوە . ساکارترین پیناسەی وینەی شیعریش دی . لویس گوتەنی : " نیگاریکە بەو ووشانە دەکێشرێ کەهەست و سۆزیان لەگەل خویاندا هەڵگرتووە . "

**موسیقای شیعر :**

پیناسەیەکی دیکەی شیعر " موسیقایە بەووشە " ، ئەو ووشانەی کەموسیقایان لەبن پیستی خۆیاندا حەشاردراوە .. موسیقا ،ویڕای ئەوەی ووزەی بزواندن و هەژینی شیعر زیاد دەکات و بەدەنگەوە هاتن و شوینکاری لای خوینەر خیراتر دەکات ، ناسکی و سازگاری و رەوانی زیاتریشی پێ دەبەخشی.موسیقا ، هەناسەی شیعرە ، شیعری بێ مۆسیقا وەک تەنێکی هەناسە لەبەربڕاو وایە .. هەر شیعرێک موسیقاو ترپەی تێدا نەبێ لەرووبارێک دەچێ هاژەو ، لەکانیەکیش خوڕەی نەبێ ، یان بەرادەیەکی زۆرترلەشایی یەک دەچێ ، بەبێ زرمەو فیقەی دەهۆڵ و زوڕنا بگەرێ ... هەرئەم رەگەزەشە شیعر لەلقەکانی دیکەی ئەدەب جیادەکاتەوەو تایبەتمەندیەکی تری دەداتێ .

دواجار دەبێ ئەوەش بڵێین کەزۆرجارو بەتایبەتیش لەبارودۆخی پڕزەبرو زەنگ و داپڵۆسێنەرانەی وەک ئەمڕۆدا ،رەمز وەک یەک لەکۆڵەکەکانی شیعری نوێ دێتەناوجەستەی شیعرەوەو دەبێتە یەک لەئەندامە پێک هینەرەکانی ئەوجەستەیە بۆیە شاعیری ئیمرۆ، زۆرجار ناچاری پەنابردنە بەربەکارهێنانی ڕەمز دەبێ ...

جارهەیە وەک رووپۆش و .. وەک قەڵغانێک بۆ خۆپاراستن لەشمشێری ژەنگاوی وهەمیشە هەلکێشراوی دەستی داگیرکەران ودەسەلاتداران و ،.. جاریش هەیە بۆدانی مەودایەکی قوڵی هونەری بەکارە شیعریەکەی و ، بۆخۆدەربازکردن لەدرێژدادڕی و راستەوخۆیی و، بۆ روونترکردن و فراوانتر کردنی ئاسۆی بەردەم خوێنەر ..

شاعیری رەسەن کەڕەمز بەکاردێنێ ، هەم رەمز ناکاتە تەم و مژێکی چڕوفیکری خۆی پی ناشارێتەوەو ، چاوی خوێنەریشی پێ نابەستێ و ، هەمیش ئەو رەمزانە هەڵدەبژێرێ کە بەواقعی ژیانی کومەل و نیشتمانەکەیەوە چەسپاون وبۆن و بەرامەی رەسەنێتی و خۆ وولاتیان لێ دێ ، .. نەک ڕەمزی ناشازو نامۆ...

بەم چەشنە ، زمانی دەربرین و ، دارشتن و وێنە شیعر یەکان و، عاتیفەی گەرم و خەیال وروانینی شاعیرو موسیقاوبزووتنەوەی ناو شیعرەکەو، سەرەتاوکوتایی و پەیکەری بینای شیعرەکە، لەگەل ناوەروک وئەو بابەتەشداکە بزوێنەری فۆرمن ، هەرهەموویان ئاوێتەی یەکتری دەبن و بەهەر هەموویان شیعرەکە دەخولقێنن .

**شیعری چاک :**

زۆربەی هەرە زۆری ئەو " شیعرانەی " لەم روژگارەدا بلاودەکرێنەوە، بەکەڵکی ئەوەنایەن ، تەنانەت بۆ جارێکیش بخوێنرێنەوە.. خۆ ئەگەر " نووسەرەکانیان " بیان زانیبایەکە کەشیعرهەر ئاهەنگ و موسیقای خۆش و کێش و سەرواو لەبەرچاوگرتنیدەستوری زمان و کەڵەکەکردنی ووشەو دیمەنی سەیروسەمەرەنیەو، بەپیشەیەکی زەحمەت و بەیەکێ لەهونەرە هەرەسەختەکانیان زانیبا ، ئەوە بەدڵنیاییەوە،ژمارەی " شاعیر"ەکانمان لە هەرسەردەمیکدا ، لە" دە "یەکی ژمارەی ئێستای زۆرکەمتر دەبوو.. بۆیە هەڵاوێشتنی خاس وخراپ لەشیعری هەر قوناغیێکدا کارێکی گرنگ و پیۆیستە .. هەرچەندە ئامرازی ئەوەندە ووردو حسابیش بۆ ئەنجام دانی ئەم کارەلەبەردەستدا نین .. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەری وورپا ، بەسەلیقەو شارەزایی خۆی ، بەئەندازەی بەدەنگەوەچوونی و تیکەلاوبونی لەگەل هەرپارچەشیعرێکدا کەدەیخوێنیێتەوە دەتوانێ خانەلەخراپ هەڵاوێرێ. خوینەری ووریا ئەگەر نەشزانێ شیعری چاک چۆنە، بەلام هەرکەبینی دەیناسیتەوەو لە خراپی جیادەکاتەوە.. هەروەک چون جووتیاری چاک و شارەزا ، لەگەڵ یەکەمین بینینیدا، زەوی بەپیت و بەبرشت ، لەزەوی کەم برشت و جاڕ جیادەکاتەوە.. شیعری چاک لەرادەی کارکردنیدا بۆسەردڵ و دەروون و هۆشی خوێنەر دەردەکەوێ . چونکە شیعری چاک پەڕەی دڵ دەبزوێنێ و ، هۆش دەخاتە ڕاچەنین و ، میرووله بەلەش و گیان دەکاو، چون موگناتیس خەیال وهەست و نەست و هۆشی خوینەر بۆلای خۆی کێش دەکا . شیعری چاک ، ویڕای چەکدار بوونی بەرەگەزەبنچینەییەکانی شیعر، لەڕێی کومەلێ خەسڵەتی تریشەوە دەناسرێتەوە، کەگرنگترینیان ئەمانەن :-

* خۆی لەئالۆزی وپێچیدەگی دەپارێزێ و چۆن ئاوی سازگارو رەوانی کانی لەناخی دەروونەوە هەڵدەقوولێ و بۆچرکەیەکیش بی تینویەتی خوینەر دەشکینی..ئەم سادەیی یەش هەرلای خوینەری زرنگ و رەخنەگرو شیعرناس مانای هدیە، واتا ئەوان دەزانن کە ئەو ووشەو رستەو وینەسادانە بەرلەووتن ، لەمێشک و خەیالێ شاعیردا چۆن جۆش دراون و لێکدراونەتەوەوڕتووش کراون ولەئەنجامی خەست بوونەوەی ئەزموون و قوڵ بوونەوەی شاعیرو پێگەیشتنیەوە دروست بوون .
* خوێنەرناچار دەکات کەپترلەجارێک بچێتەوە سەری وچون تابلۆیەک بەلادیواری هۆشی خۆیدا هەڵیواسێ .. شیعری چاک ، دەستی خوینەر دەگرێ لەگەل خۆیدا دەیباو،دەیگەیەنێتە ئاستی ڕامانێکی قووڵ و هەژانیکی نائاسایی .. هەم چێژوهەم قیەمێکی ئینسانیشی پی دەبەخشی .

* خوێنەر دەخاتە ناوحاڵەت و مەداری خەیاڵی شاعیرەوە و وای لی دەكات كە بگاتە حاڵی گومان كردن لەوەی كەئەو شاعیرە خودی خوێنەر خۆیەتی وكەسێكی دیكەنیە ..

* هەمیشە مۆركی ژێوا روئا وهەوای واقعەكەی پێوەیە وبۆنی واقعی ژیانی گەلەكەی خۆی لێ دێ .

* ووشەو واژەو وێنەكان ، بەكارهێنانێكی نوێ بەخۆدەگرن و، بەقەدپێویستی دەربڕین بەكاردین و هەمووشلەگەل یەكتردا هاوخوینن و بەیەكدی نامۆ و نەشازنین ..باشترین بەكارهینانیشیان ئەوەیە كەمەبەستەكە لەرێی ئەو بەكارهێنانەوە، بەجوانترین و باشترین شێوە بەیان بكرێ .

* بینای زمانی پتەوە، داڕشتنی بەهێزەو ووشەو واژەو وینەبەكارهاتووەكان ،لەگەل ماناوسیبەرەكانیاندا تەباو جووتن ، هەروا ووشەو دێرە شیعریەكان ، چ لەرووی ماناوەوچ لەرووی سێبەروموسیقاو وینەشەوەلەپەیوەندیەكی ئۆرگانیدان ،بەئەندازەیەكی وائەگەر یەك ووشەلەبینای شیعرەكە دەركەی ، كەل دەبێ و بۆشایی دەخاتە بیناكەوە .

* دەستپێكردن و كۆتایی هاتنی شیعرەكە لەگەڵ بینای گشتی شیعرەكەدا گونجاو و هاوئاهەنگە .

* راستگویانە هاوكێشەی ئاوێتەبوونی ئەزموونی تایبەتی شاعیرو ئەزموونی زەمانە بەرجەستە دەكات .

* دواجار شیعری چاك چەند لیّی ووردببیەوە، شتی تازەتری تیا سەرنج دەدەی .. وەك رووبارێكی ڕوونی قووڵ وایە، بالەیەكەم بینین دا تابنی رووبارەكەش ببینی ، بەلام چەند لیّی ووردببیەوە ئەوەندە، سەماوجوولەی ووردەماسی ونەرمەلەرەی ووردە شەپولی سەر روخساری زیخ و چەوی رەنگاو رەنگ سەرنجی زیاترت رادەكێشن .

بەكورتی ئەمە لەو خەسڵەتانەبوون كەشیعری چاكیان پیّ لەخراپ جیادەكرێتەوە . بەلام ئەوەش مەرج نیەكەهەر هەموو ئەو خەسڵەتانە، هاوكاتلەگەل یەكتریدا لەناویەك شیعردا كۆببنەوە، تاشیعرەكە ببێتە شیعریكی چاكی كامڵ .. هەروا دەشیّ شیعرچاكیش بیّ ولەهەمان كاتدا بیّ خەوش و كەم كوڕیش نەبیّ ،.. بەلاّم ئەوەی لەو حالّەتەدا گرنگە ئەوەیە كەدەسەلات و سەلیقەو توانای شاعیر، ئەو خەوش و خالّەلاوازە، بەخالّی بەهیز پڕ كاتەوەو شیعرەكە هەربەشیعریكی چاك بناسریّ .

ئاینــــدەی شیعــــــــر :

شیعر چەند هاوئاهەنگ وبەدەنگەوەهاتوو و جیّ بەجیّ كەری ئەرك و پێداویستیەكانی زەمانەبیّ ، لەهەر فەترەیەكدا، ئەوەندە بایەخ و رۆلّی وەك بەشێكی هاوچەرخ وزیندوی ژیانی فەرهەنگی زیاد دەكات ، گۆرانی ئەو بایەخ ورۆڵەشلەقۆناغێكەوەبۆقۆناغێكی تر كارێكی ئاسایی یە.. تەنانەتهەندیّ هەولّی نویّ بوونەوەشلەشیعردا و گۆڕانی شێوەی دەربڕینی لەكاتی تردا ، هەرلەئەنجامی ئەو گورانەو لەئەنجامی لەدەستدانی هەندی ئەرك و شان دانەبەرئەركی ترە كەلەو قوناغە نویّ یەدا دێنەپێشیّ .. بۆیە لەبەرچاو گرتنی ئایندەی شیعر، كاریكی تائەندازەیەكی زۆرسەخت و ناحسابی و دژوارە ، چونكە

هەم سەمتی گەشەکردنی باری سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتی وفەرهەنگی و هەمیش رادەی توانستی بەدەنگەوە هاتنی شیعربۆئەو ئەرک و پێداویستیانەی کەئایندە لەهەرفەترەیەکی زەمانیدا دەیانخاتە بەردەم شیعر، روون و زانراونیە،.. بەلام ،

چونکە شیعر، وەک پێشتریش ووتمان ، هێشتاش زۆربەی پێداویستیە رووحیەکانی کومەلی کوردەواری پێک دێنێ و...

چونکە شیعر، لەهەمووسات و سەردەمێکدا ، هەڵچوون و یاخی بوونە دژی زوڵم وستەم، دژی زەوت کردنی ماف و ئازادی و.. هێشتاش رەورەوەی زوڵم و ستەم لەسەرمیللەتەکەمان، بەئەندازەیەکی خیرا لەرەوتی نەپساوەی خۆی دایەو..

چونکە شیعر، چەکێکی کاریگەری بەرەنگاریەو میللەتەکەشمان لەحاڵی بەرەنگاریەکی توندو تیژدایەو، چەندیش ئەو بەرەنگاریە بەرەو پێش وگەشەکردن بچێ و چەند خەباتی سیاسی میللەتەکەشمان بەرەویەکێتی و یەکگرتن بچێ ، ئەوەندەش بایەخی شیعربەرەوزیاد بوون و داهینان و خولقاندنی شیعریش بەرەو تەقانەوەی زیاتر دەچێ و ..

چونکە شیعر، کەرەسەیەکی بەکاری جوانکاریەو دژی دزێوکردنی ژیان لەتێکوشانی بەردەوام دایەو،چونکە شیعر، پیویستی خەوبینین بەدنیایەکی چاکترو ئاسودەتر و جوانترلەو واقعەی هەیە، بۆ مرۆف مسۆگەر دەکات و ..

چونکە شیعر، پاریزەری زمان و پەرەسێنەرو گەشەپیدەریەتی و دواجاریش چونکەشیعر هەرلەناوەرۆکدا بزوتنەوەیەلەدژی مەیین و پەنگ خواردنەوەو وەستان،

بۆیە بەدلنیاییەوە دەتوانیین بلیین ، شیعری کوردی ئایندەیەکی روشنی هەیە و لەبزووتنەوەی بەرەوپیشەوە چووی خۆیدا بەردەوام دەبێ....

سەقز
ئەیلوولی ١٩٨٩

---


ئەو سەرچاوانەی لەنووسینی ئەم باسەدا ، سوودیان لی وەرگیراوە:

آ - کوردی یەکان :
١ - فەلسەفەی جوانی‌وهونەر کەمال مەمەند میراو دەلی
٢ - رووبەروو لەسیبەری چیادا بێستوون
ب - عەرەبیەکان :
١ - مذکرات پابلونیرودا ترجمە / دکتور محمود صبح
٢ - ناظم حکمت حنا مینە
٣ - الرمزیە والرومانتکیە فی الشعر اللبنانی امیە حمدان
ج - فارسیەکان :
١ - شعر امروز ایران (١) احمد شاملو. از محمد حقوقی
٢ - کتاب زمان ( ویژەی هنری شاعری )
٣ - مجلەبرج( شمارە ٣ ، سال ١٣٦٠ )
٤ - مجلە جنگ ( دفتری ششم ، بهار ١٣٤٧ )
٥ - مجلە کیهان فرهنگی ( سال ششم - فروردین ماە ١٣٦٨ )

**Serokê para Kurdzaniyê ya İnstituta Akademiya Ermenistanê ya ılmên Rohılatzaniyê, prof. Şekroyê XUDO:**

# XEBATA KURDZANİYÊ GAVÊN MEZIN DAVÊJE



سەروکێ پارا کوردزانی یێ یا ئینستیتوتا ئاکادەمیا ئەرمەنستانێ یا ئلمێن روهەلات زانی یێ ، پرەفسور " شاکرێ خدو ":

# خەباتا کورد زانی یێ گاڤێن مەزن داڤێژە

گاڤا جەگەرخوینێ مەزن دبێژە و دەنگ بێژێ مەیێ مەزنژی رند دستری ، دبێژە : کینەئەم؟ ئەز بەرسیڤا ڤێ پرسێ بدەم .

خەبەردانا من ئا ئیروێن وێ ل دورا ڤێ پرسێ هەرە پێ . بەرسیڤا ڤێ پرسێ ژی ئالی یێ کوردزانی یێ ( کوردلوژی ) ڤا تێدایین . کوردزانی ئەو ئیلمە پێ کو دەرهەقا کوردان و کوردستانێ دا بتومەری لێکولینان چێدکە . ل ڤر دکەڤە دیروکا کوردان ، ئەدەبیات و مەدنیە تا کوردان ، زمان ، ئەرف و ئادەتێن وان ،رابوون ورووتشتاندناوان ، نڤیسین وانێن دیروکی وهزار پرسێن مایین

ئەز دخوازم ئاخفتنا خوە بکەم سێ بەشان :

ل ئەرمینستانێ ، یەریڤانی چ هاتیەکرن ، بونا رێچکوری یا وان پرسێن کو بدیروک، ئەدبیات و کۆلتورا مە گرێدانیە، ئیرو چ تێ کرن ، مە چ کریە، ویاسسیان ، چ بریارێن مە هەنە وەکی ئەمژی ڤر شوندا بکن . وبڤێ یەکێرا گرێدایی ـ پرسەکەگەلەکێ فەرزە، بتەخمینا من ، کیژان پروبلەمێن گرنگ وفەرز ل پێشیا کوردزان و کوردناسان سەکنینە ؟

## " ئەکادەمیا ئەرمنیستانی یا رۆهەلات زانی یێ وبەشێ کوردزانی یێ "

هەفت بەشێن رۆهەلات زانی یێ هەنە کو ڤان تشتێن هان وەک بابەت دگرە ناف خوە: ترکییە ، ئیران ، وەلاتین ئەرەبان ، رۆهەلاتا کەڤن ، ڤافکازیا ، پاشی بەشەک هەیە ژێرا دبێژن بەشێن سەرەکانیێن رۆهەلاتێ بزمانێ ئەرەبی ، فارسی ، ترکی ، ئەرمەنی . یا هەفتانژی بەشێ کوردی یە . ئەختیاری ومەجالێن مەوەکە هەڤن . ڤی گاڤێ دەه کەس دبەشی کوردزانی یی دا دخەبتن . دودو ژوانا پروفەسورن هەشت دکتۆرن . فەرقێن وجودابوونا بەشێ کوردی ئینیسیتوتا یەرەڤانێ یا رۆهەلات زانی یێ ژیێن ماییین ئەوە وەکی ئینیستیوتا مە تەمامن یا پروبلەمێن کوردزانی یێ تێن لێ نهێراندن . مەسەلا لننگرادی کارین پرییین زمین و فولکلوری ڤا مژوول دبن . ل موسکوڤایی بپرسین دیروکا کوردایا ڤی وەختی ڤا مژوول دبن . لی ئینیستیتوتا مە ئەنثوگرافیا ، ئانکو ئلمێ دەرهەڤا ئەرف وئەدەتێن کوردانداا ، زمان زانی ،فولکلور ( زارگوتن و پرسێن ماییێن ) . ئەڤ کومامە، پێشی یێ ژێرا دگوتن کوما کوردزانی یێ، دسالا ١٩٥٨، اندا هاتیە سازکرن ، وەختا جارا پێشین بنگەها رۆهەلات زانی یێ ل ئەرمەنیستانێ هاتە دانین . وێ دەمێ کێم مەرەڤ ل فرادخەبتین . دسالا ١٩٧١ اندا ، ئەڤ کوم بوو بەشا کوردزانی یێ . وێ دڤان سالێن دەرباسبویدا ژ ٤٥ پرتوکان زێدەتر چاپکریە . چاپکرنا پرتوکان ل یەکێتیا سوڤیات ، ژی یا وەلاتێن ماییین جوداترە .

ل بامە چاپکرنا کتێبا نەئەو ڤاس هێسانە . نەژبەر گەنگازیێن چاپکرنێ ،لێ ژبەر کو هەتا چاپکرنا خوە، پرتوک گەرەکە بێ ئانەتەکرن ، لێ بێن نهێراندن ، ڤێ هەمو پێشکەزانێت وێ پرسێ ڤا گرێدایی لێ بنهیرن ، بریاربدەن ، ئەو پرتوک هێژای چاپکرنێیە یان نە. هین ژڤان پرتوکا بسەدان مەقالێن ئلمی هەنە کو دەرباری پرسێن کوردزانییێ یێن جودا جودادا هاتنە نڤیساندن ،

### دناڤبەرا ئینیستیتوتین کوردزانی یێدا<br>کوردی ناسیون و خەباتێن سەر دیروکا کوردو کوردستانێ

خەبائینیستیتوتا مە ،هوندری خوەدا نەئیزولەکریە . گەلەک پرس هەنە وەکی ئەم ئینیستیوتا موسکوڤایێ یا رۆهەلات زانی یێ ( کو سەروکێ وێ م . هاسرەیتانە ، ئەسلێ خوە ئەرمەنیە ، مەرڤەکی گەلێ شیرهەلالە ، بوگەلێ مە کارەکی باش دکە . ) ب هەڤرا لسەر دخەبتن . ئانکو ناڤبەرا خەباتێن کوردولوژیێ دا کوردی ناسیون هەیە . یەک ژمەها ژخەباتا یێ دن هەیە . ئەم دزانن ئەو چ دکەن ، ئەو دزانن ئەم چ دکن .گەلەک خەبات هەنە، ئەم تەڤایی دکن . مەسەلا خەباتەکە مەیا تەڤایی ولەپ پەربچاف، دیروکا تەڤگەرا کوردا یاسەد سالی یا نازدان و بیستێ .

ئەڤ پرتوکا پێشین یا ئەکادەمیک وئلمی ، نەتەنێ یەکێتیا سۆفیەتلێ هەروەسا ژی ل تەمامیا دونیایێدا بئلمێ هەرالیڤا لێ هاتیە لێ نهێراندن . دوزا کوردی بگشتی ،

یا هەر چارپارچێن کوردستانێ ...... نها ئەم وبەشێ کورد ل ئینیستیتوتا موسکوڤایێ تەڤایی خەباتەکا مایین هازردکن . ناڤێ وێ وهایە :ـ " **کورد** " ئەڤ خەباتەکە ئانسیکلوپەدیکە ، تائیروتشتەکێ وەسا ، ل تودەری نەهاتیە چاپکرن . گەلەکێ کێرهاتیە. مە خەباتا وێ سەرهەڤدا ئانیە و وێ داویاڤێ سالێ بێ چاپکرن . دڤێ خەباتێکدا دڤێ ئەڤ تشت هەبن :ـ هژمارا کوردان ، ئاخ ئانکو تەمامیا ئەردێ کورد لێ دژین ، تەبیەتا کوردستانێ ، زمانێ کوردی ، زاراڤێن کوردی ، ئەدەبیاتا مەیا کەڤن ونو، هونەرمەندێن کورد، فیلم ، تەیاتر، رەقاس، موزیقا کوردی ، پارتێن کوردیێن سیاسی ، بـکورتی تەمامیا وان پرسان . چکو بکوردانڤە گرێداییە. تو دەرهەق کوردانداتوچ بخوازی دکاری تێدا ببینی . نها ل یەرەڤانێ سێ خەباتێن مەزن ل بەرچاپی نە. یەک : یا لازاریفە ـ ئەز باوەردکەم ئەڤناڤ ژ وەراناسە. ناڤی کتێبی وەهایە : " ئەمپەریالیزمو دوزا کوردی یا نەتەوەیی " . پرتوکا دودو یا یا م . هاسرەتیانە : " تەڤگەرا نەتەوی کوردان ل تورکی یێ ـ ژسالا ١٩١٨ تائیرو " . پرتوکا سسیان یامنە ، ل سەر دیروکا تەڤگەرا کوردی لئیراقێ . ناڤێ پرتوکێ وهایە " دوزا کوردی یا نەتەوەیی لئیراقێ ـ دروژا ئیرودا " . بکورتی مەئەو قاسخەباتکریە وئەو قاستێ کرن . ئەز ژبیرنەکەم ژ وەرا بێژم ، دگەل ڤان خەباتان ، چی یەکەتیا سوڤیەتچی ژی ژسینورێن سوڤیەتێ دەر، گەلەک جڤینێت روهەلاتزانی یێجودا جودا پێکدئێن ودواندا گەلەک جاران دیروکزانێن کورد، زمان زان وفولکلوریستێن کورد بەژداردبن . نها ئەز دخوازم دەرباسی پاراقساخوە یا ددوویا بین :

دڤێ بێژم کو دیروکا کوردان و کوردستانێ ، یاسەد سالێن ١٩و ٢٠ ان ، پرهندەک چاکیان خراپهاتیە لێ نهێراندن . دیروکا کوردو کوردستانێ یاسەد سالێن ناڤین وتایبەتی یێن ژوێ ژی کەڤنتر پرخرابهاتیە نڤیساندن . ڤێ دەمێ هم خەباتێن هاتینە نڤیساندن کیمن . هم ژیئەوین هاتینەنڤیساندن مثالی یی بئالی یئیلمیڤا ل سەر دەرچەکا نە ئەو قاسبلندن . گەلەکپرسهەنە کو بەرسیڤاوان هەلاهێ گشتی تونە. ئەم هەلدن پرسا دەولەتەکا کوردان . تائیرو ژی تێ نڤیساندن کودەولەتا کوردان تونەبوویە. وەختێ نەیارێن مە دبێژن ئەو تشتەکی دنە. لێ وەختێ ئەم خو بخو ببێژن ، ئەڤ بەدبەختیا مەیە. نەزانیا مەیە ددەخویان ، دەولەتا کورد یا یەکبویی تونەبوویە،لێ دەولەتێن کوردا هەبونە. دڤێ ئەم ڤێ راستی یێ بینین بەر چاڤان . کو گەلێن مەناس بکەن .

مخابن کوئەم کورد بخوە ژی وەسادزانن کوئەم کورد هەما ئەشیری بوونە، مەپەز چەراندیە، دەوارخوەیی کریە، ئاژوتیە سەرفلان قەبیلێ ،خوەخوەهەڤدووقرکریە.وەسانینە گەلی هەڤالان . کورد بخوە تاریخا خوە خراپدزانن . وئەڤنەگونەهکاریا مەیە. ئەڤ تەراژیدیا مەیە. ئەڤپروبلەمەکە گرنگە ل پێشیا مە گشکان سەکنیە .

مەسەلا ئەم بگرن دەولەتا مەروانیان . دسەد سالا دەهاویازداندا کوردان نەتەنی دناڤپەیوەندیێن ئەرەبا ، فارسا ، بیزانسی یی دا ، رولەکا مەزن دلیزد. لێ وساژی دناڤخوەدا ، لڤێ دەولەتێ گەلەکتشتکرنە. ئیلم لێ هاتیە نهێراندن . خەباتێن ئاڤایی

وچێکردنێ یێن وەسا هاتنە کرن کو مەرڤ زەندەگرتی دمینە کەلاچێکرینە ، قەسەرچێکرنە، پرچێکرنە ، ئەڤ باشنایێن زانین .

## " پەیداکرن و چاپکرنا سەرەکانیان "

پرسەکە مایین یا پەیداکرن وچاپکرنا وان سەرەکانییا نەیێن کو دکارن مەجالێ بدنە مە ، دەستووریێ بدنە مە ، رێ ژمەڕا ڤەکن کوئەم دیروکا خوە یاقورنێن "سەد سالٚ" ناڤین بنڤیسن .

کیژانن ئەو سەرەکانییانا ؟ دسەری داسەرکانییێن بزمانێ فارس ، پاشی یێن ئەرەبی تێن و پاشی یێن ئەرمەنی تێن . پارەکە وان ژی یێن ترکی نە .

مە ئەڤ پروبلەما باشفەهم کریە . ئەم دخەبتین ، هەول ددن کوپێنج تادەه سالێن دن ئەو گشک دبن دەستێ مەدا هەبن ، کوئەم ب ئاواکێ ئیلمی ، وەک ڤێ پروتوکا کو ڤێ ئاخریێ هاتیە چاپکرن . ئەم دیروکاکوردو کوردستانێ یاسەد سالێن ناڤین بنڤیسن .

## " نها چی تێ کرن وئەم دخوازن چی بکن "

ل ئنیستیتوتا مە خەباتکارەکێ مە هەیە ل سەر سەرکانییێن ئەرەبی دخەبتە ، بوکورد وکوردستانێ . ئەو بئەسلێ خوە ئەرمەنیە . ژسوریێ ڤەگەریایە ، کوردی مینامن و وە دزانە . خەباتا وی هاتنە چاپکرن . من چەند نمونە بخوەرا ئانینە ڤرا . ناڤێ پرتوکا وەهایە " سەرکانییێن ئەرەبی دەرباری کوردانداـ سەدسالێن ٧ — ١٠ " دناڤا ڤێ پەرتوکێدا گەلەک پرسێن هەوەسکارهەنە . ژبومن ژی گەلەکی ئینترەسیسانتە .وەکیبزانبم گەلۆ کوردو کوردستان دچ هالیدابوو سەدسالا هەفتاندا ، کوهینگێ دینێ مهەمەدی پێشدا هاتودەست پێ کر دناڤکورداندا یەلاڤبو

ڤێ گاڤێ پرتوکەکە دن ژی هازرە ، وێ زوترەکێ بێ چاپکرن . تاریخا میافارقیـن ، دەرهەقا دەولەتا مەروانیاندا

ئینیستیتوتا مە وەک ئارمانج دایە بەرخوکو ١٠ — ١٥ سالان ل سەر سەرکانییێن دیروکێ بخەبتە . چ کو ددەستێ مەدا هەیەچ کو ل ئەرمەنستانێ ، ل موزەیا بریتانیا هەنە ، ل چیێن مایین هەنە . ب میکروفیلمان ، ب ریێن جوداجودا . بینن چاپ بکن وەکی دنیایێ بخوە بهەسینن دڤی واریدا بزمانێ فارسی ل لەنینیگرادێ خەباتەکە باش تێ کرن . ل ( ڤاسیلیا ڤاییێ شەرەفخان بەدلیسی ) تەرجومەی روسی کریە . نها ژی ئەو لسەر نیێن فارسیێن مایین دخەبتە . مەسەلا دسا یا وێ ئەم کوردێن سوفیەتی پێهسیایـن نزانم هون هاشی پێهەنە" ؟ وەکی دڤورنا نازدادا ل تەمامیا روهەلاتانیزیک وناڤین ، شاییر و دیروکزانەکە مەشهور وژن مینا مەستورە ( ماه شەرەفخانم کوردستانـی ) تونە بوویە . مەستوورە ژمالباتا ئەردەلانان بوویە . وێ بهوستاتیە کامەزن هەلبەست نڤێسین و مەریفەتەکا مەزن دیروکائەمیرەتا ئەردەلانان نڤیسی یە . نها ل ئینستیتوتا مە پروبلەمەک هەیە ، کوتەنێ ئەم دکارن چارە سەربکەن ، یان گەرەک ئەم بکەن ، یان ژی کەسنکارە بکە . مەبەست سەرکانییێن ئەرمەنی یێن سەدسالێن ناڤیـن ( ٧ ، ٨ ، ٩ ، ١٠ان ) و

هەتا ( ١٥ ، انە ) و کو دواندا ل سەر کوردو کوردستانێ ئاگەهداری هەنە . چەتنا هی ئەوە کو ئەڤسەرکانیێن هان بئەرمەنیا کەڤن هاتنە نقیساندن . ئەرمەنیا کو ئیرو ئەم قسەکن و ئەرمەنیا کەڤن نەمینا هەڤن دڤێ مەرف زمانێ ئەرمەنی پرباش بزانبە کو ژوان فهم بکە.نوها ئەم دخوازن یەکی ببینین کو ل سەرڤی کاری رونێ و زەمانەکێ دوور ودرێژ بخەبتە. گەرکە ئەز وە هەڤالێن گران بها ڕابێژم ژگەلێن کەڤن یێن کوجیرانێن کوردو کوردستانێ بوونە تو کەس دەرهەق کوردان و کوردستانێ دا ، قاسێ ئەرمەنیان پر نەنڤیسییە . ودڤێ ئەز بێژم وەکی دگەلەک سەرکانیاندا تشتێن فەهش ( شاش " خەلەت ) کرنە .

ئەو ل هەر دەری دبە ، لێ بگشتی وپرانبیا خوە ڤائەوان گەلەکی ئوبژەکتیڤن چما؟ چمکی ئەو گەلێن دن هاتنە وچونە ، لێ ئەرمەنی وکوردتمی دناڤ هەڤدا ژینە. بێشک نەمینا هەڤە، دەمایەکی شارەزا ژ وەلاتەکی دوورتێ وتنێ هەفتەکی دمینە دناڤڤی گەلی دا . لێ تشتەکی جودایە کوجیرانی باف و کالان بی هەرتشت بتەرا ئەیانە. ژبەر هندێ قیمەتا سەرکانیێن ئەرمەنی گەلەکێ بلندە. ئەز دخوازم کوتنا خوە یالسەر دیروکا کوردان بڤان چەند کوتنان خلازبکم . هەلاهێ ژمەرا ل هەڤنەهاتیە کوئەم دیروکا تەڤگرا کوردی بنڤیسین ، بتایبەتی ژڤالیێ تەشکیلاتا و رێخستێن وێ ڤە .

من جارەکی بلاڤردی کوت کوهزبێن مە شکر پرن . ئەز دناڤا ڤی پرانیێ دا تەنێ بەدبەختییێ نابینم . چمکی ئەو گەلێ کو وەختەکی ، بتەماميا خوە ڤەدبن هوکمێ ئاغا ، بەگا و شێخادا بو، کیژان ئالی دا دبرن ، ئەگەر ژکارا ژی نین بوریاژی ، لپەی دچوو. ئیرو ئەو گەل بپارتی هاتیە مەیدانا سیاسی . ئانما دبیژەبنڤیسین و پروگرام ئەزم ڤێ پرسێ وهادا تینم ، وەها دخوازم یان ناخوازم. ئەڤا پێشدا چووینەلگور دیتنا من . دودویا ئەڤا نیشانا زێدەبونا ئاکتیڤیتیا گەلێ کوردە .

دهێلا دندا ، تونە بونا یەکێتیێ و دوترتی . شوغولێ مەخرابە دکە ، لێ من بیرو باوەری هەیە ، ئەزم بگومانم وەکی یەکبوونا تەڤگەرا کوردی وێ پێک بێ .

چکمی ئیرو بەرپرسیارێن هەمو پارتیان لسەر پێویستی، لازمایی وکیرهاتیا یەکبوونا هەرەکەتا کوردی هم فکرن . ئەز وەک شەخس ، دپرساکوردانداگەلەکی ئوپتیمیستم . ئەز باوەردکم گەلێ کورد وێ بگهیتە ئارمانجێن خوە .پرسک دن ، ئیدەولوژییا تەڤگەرا کوردانە بوڤێ پرسێ جارابشین دو مقالە من چاپکرنە. ئانگوبچ ئیدەولوژیی پێشەنکی تێ کرن ، وتەڤگەرا کوردا یا ئیروییین دا . ئەم چ دخوازن کاپیتالیزمێ دخوازین ، سوسیالیزمێ دخوازین . تشتەکێ سسیان دخوازین .

## فۆلکلـــــــۆر

گەلی هەڤالا، ئەز گەلەکی عیڤیدارم وەکی ئەم دناڤا گرداڤا پروبلەمێن مایین دا ژبیرنەکن کو، فولکلور خزنەیەکە گەلەکی مەزنە. بونا سفەتی مەیی مللەتی ، بوونا تاریخا مە، بوونا خەیسیەتا مە ، بوونا زمانی مە ، بوونا هەموو تشتی... لەوما ژی فولکلور دناف خەباتا مەدا جیەکی گەلەکی مەزن دکرە ژڤرشووندا ژی ئەمی گەلەکی

کوداری بدنەسەر. ری بدنەسەر.

تەکنیکی تلەفزیون و رادیویی نوها فولکلور ( زارگوتن ) ل قونجگەکێ ئاسی کرییە کتک وندابونە ، ونداد بن . ئەو هوی ( شەرت ) نەمانە کو ئەم مینا بەرێ ، ل ئودان ، ل جماعەتان برەڤین ببیزن چکامرەڤێن زاناچ دبێژن . ئەو ژمەڕا مینا زانینگەهەکێ هساب دبو. ئەو مەجالێن کوزارگوتن خوەدی دکرن ئیرو ئێدی نەمانە. ئەومەرڤێن زانە، ئەو ژی ئێدی ونداد بن . لەما بتەخمینا من ، وێ دجهدا بە، ئەم راستە ل کوردستانێ نەلێ ژدەستێ مەکی چ قاس تێ ، ـ نەشەرتە ئەم خوە بخوە پرتوکەکی دەرخن ـ چکو ئەم زانین ژمرنی خلاس کن وتەسلیمی وان مەرڤان بکن یێن کووان نمونان چاپکرن ، دهیلن بونا جڤاتا مەیا پاش وەختبێ .

## زمانزانی

زمانزانی پرسەکە گەلەک گرنگە. لڤێ دەرێ ئەز نکارم درێژ قسەبکم هەڤالنو. پرسەکە سەرەکە پرسا راستنڤیساندنی یە .

بهەرفێن لاتینی یەک " ١ " دنڤیسە ، یێ دن نانڤیسە .خەبەرێن بارگرانی ، دڤێ یان تەڤایی بێن نڤیساندن ، یان ژی جهێ بێن نڤیساندن . ئەڤ دو نمونەنە. ئەز بخوە نەزمانزانم ناخوازم گرانیکە گەلەکی مەزن هلدمە سەر خوە. لێ پروبلەمێن زمانزانیێ یێن گەلەکی مەزن ، ل پێشیامە سەکنینە. ڤان ئاخریامە دوکتێبنەباش چاپکرنە دو خەباتێن زمانزانیێ مە ماکسیمێ خودونە. ژڤا یەک " فەرهەنگا کوردی یا فراسولوجی " یە ، یا دن " بنگەها فراسولوجیا کوردی " یە. بئاواکی ئلمی هاتن شروڤەکرن . گەلی هەڤالان ئەڤ پرسنەتەنێ پرسا زمانزانیێ یە، لێ هەر وەسا پرسەکە سیاسیە ژی پرسەکامە یا روژانەیە ژی . ئانکو گوتن دەرهەقا زاراڤا دایە. ئەزڤێ گاڤێ قسەدکم، ژمڕاگەلەکی گرانە. گەلو هەمو خویشک و برا یێن گوهەداریا من دکن سەدی سەد ژ من فام دکن یان ناکن .

پیشیا ئەز دەرهەقا کورمانجی و سورانی دا فکرا خوە دبێژم . ئەڤ پروبەلەما ل پیشیا مەسەکنییە ئەز بخوە درەوشا ئیرو لسەر وێ فکرێ مە. کوئیرو ژی سبێ ژی و پێشە رۆژێ ژی ، وێ دوچقلێن " شاخ " زمانێ کوردی یێن لیتەراتوری هەبن .

بلا کورمانجی بەو سورانی بە، ئەڤ نەترا ژەدییە . نەژی بەدبەختییە ژبومە.گەلەک میللەتین دنی هەنەوەکی ملەت یەکەبی دوو شاخێن وێ ئیس لێتەراتورێ هەنە . شاشە ئەگەر یەک بێژە بلا سورانی نەبە کورمانجی بە، یان ژی کورمانجی نەبە سورانی بە . ئەز نەوەک شیرەت ڤی تشتی دبێژم ئەڤا هەبونامە، دەولەمەندیا مەددە خویان . ئین گوتن ، پەیڤ دزاراڤەکی دا هەنە دێ دندا تونەنە. چیترە کو زاراڤێن کوردی ڤان گوتنان ژ هەڤ دوو بستینن ، دەلیڤا کو زمانێن جیران ئانکو ژئەرەبی و ترکی پەیڤان تەڤی زمانێ مەبکن . دڤی واریدا گەلەکی پێویستە کوشایر نڤیسکار وزمانزانێن مە کوهدا ریکە مەزن بدن سەرڤێ یەکی . دڤێ ئەم نەتەنێ لفرقین وجودا هیێن زاراڤان بگەڕن ، پێویستە کەم تشتێن وەک هەڤ ، تشتێن کومەدگەهیننە هەڤبینن پێش . گەلەک شایر ونڤیسکارین

مەیێن خودان مەریفەت دناڤا ئەفراندنیــن خوەدا کوهداریکە باشددن سەر تێکلبونــا زاراڤان .

ئەم گەرەکە بفەهەمداریڤی تەندەنسی ڤێ پرەنسیبێ پێشدا ببن وچ قاسکاربن. زمانێ خوە نزیکی هەڤبکن ، ملەتێ ئەرەبان دڤێ پرسێ دا نمونەکە گەلەکی بەرچـــاڤ نیشان ددن گەلەک زاراڤێن وان هەنە وەختا قسەکرنی گەلەک جاران چەتن ژهەفدو فەهم دکن ، یان ژی فەهم ناکن . لێ دزمانی ئەرەبی دا ، هەمابێژە ئەرەب گشک ژهەفدو فەهم دکن . ئەڤپرسا ل پیشیا مەژی سەکنییە . دڤێ ئەم لسەر ڤێ پرسێ ژی بسەکنین .

## ئەدەبیـــــــــات

بونا من وتەخمینا منبونا وەژی . بونا هەر کەسەکی کو دهەیرا دیروکا جەمائەتا خوە دایە پروبلەمێندایـــەلیکولین ، ڤانالیز چاپکرنا لێتراتورامە یا گەڤن ونوهساب دبە وەک پروبلەمەکا لەپ مەزن ، دڤێ واری دا گەلەک تشت هاتن کرن . لێ گەلەک هوستاتــی وهونەرمەدیێن کو دناڤ ئەفراندنــێن نڤیسکارێن مەیێن مەزندا هەنە، هەتا نوها مــە هەلاهی نیشانی نەخوە دایە نەژی نیشانی گەلێن دنیایێ دایە. گەلەک کەس نزانــــــــن نڤیسێن کوردایێن پیشین دسەد سالا ، ٧ ، ان دا هەلاهی هەبویە .

ئەم بخوە هینا سەدێ سەد ئەحمەدی خانی ئی خوە پاک ناس ناکن .

ئەم چ قاس ئەحمەدی خانی ناس دکن و ئەو قاس ژی مەزنایاوی دبینین . مەزنایاوی دو جاران هەلاهی ژی ئالییێ مەڤەنایێ زانین براستی مەرڤ زندەگرتی دمینە سەر ئەقـــلو فراسەتێ ڤی مەرڤی دقورنا ، ١٦ ، دا ، دقورنا ، ١٧، دا .

---

تێبینــی

* پروفەسور شاکری خدو دروژا "١٣" ی مەها " ١١ " ، ١ ، ها ل ستوکهولمێ کونفەراسدا بابەتا کونفەرانسێ لسەر خەباتێن کورد زانییێ ل ئاکادەمیا ئەرمەنیستانــــێ بو . ئەڤنڤیسا ژورین نزیکی تەمامیا ئاخافتنا وییە .

* ئەڤگوتارە دگوڤارا رۆژانوودا هاتیە بەلاڤکرن ژمارا "٢٢ " سالا ١٩٨٨ .

* (( غەنــی عـەبدال )) ئـەڤ ڤەکـولینە ژ تیپێــن لاتینی گوهـرتــیـــە .

## پەیڤێن گران

| | |
|---|---|
| تومەری | : تسجیل / تومار |
| ریچکەرییا | : توضیح تقدم |
| شووندا | : ژنهو |
| گەنگا زیین | : ئالوزی |
| ئانەنەکرن | : ملاحظه / گەلەک |
| هوندر | : داخل |
| ئیزولەکری | : تفریغ |
| هەرالی | : من جمیع الاجنحه / ژ هەموولایان |
| تەبیەت | : طبیعت |
| هندک | : پیجەک |
| هەلاهی | : فرست ، دەرفەت |
| گشک | : تەف ، گشت |
| ئوبژەکتیف | : معاکس |
| لاڤردی | : یاری ، ترانە |
| ئەکتیڤ | : فعال ، کاریگەر |
| گرداڤ | : عقدە ، گرێ |
| چکا | : چەوا |
| ببیزن | : پێ بحەسینە |
| خوەدی | : بیان ، توضیح |
| تەڤی | : وەرگرتن ، دگەل ژی وەرگرتن " ادخال " |
| گەرکە | : پێدڤی |
| تەندەنسی | : اتجاه المتصاعد ، بەرف سەرکەفتن |
| پرس | : سؤال |
| ئانالیز | : تحلیل ، شیکردنەوە |

گەردی هەبوا مە ئیتیفاقەک ... ڤێکرا بکرا مەئینقیادەک
روم وعەرەب وعەجەم تەمامی ... هەمیان ژمەرا دکر غولامی

ـ خانی ـ

# هەڤپەیڤین

# هەردی شاعیر
# بۆ نووسەری کوردستان
# دەدوێ



67

چەند مەزنە ئەو شاعیرەی لەیەکەمین تەقەللای تاقیکردنەوەی داهێنانێکی تردا، بازنەی شیعری چاولێکەری و، یەکترجوونەوەو، باو، جێ دەهێڵێ و، لەدەرەوەی ئەو بازنەیە بانگەوازی دۆزینەوەی نیشتمانێکی جیاوازو تایبەتمەندرادێڵێ و، نەخشەیەکی تازە ئەخاتە سەرجوگرافیای شیعر.

هەردی، لەناوەراستی چلەکانی ئەم سەدەیەدا، بەتەنیا ولەدەرفەتێکی کورتدا بە هێمنی وئیجگا ربێدەنگی، چەپکەگوڵی خۆ، چەپکەشیعری خۆی، لەگوڵدانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا دانا، وبۆن وبەرامەوتایبەتمەندی دەست نیژی خۆی پێشکەش سەردەمەکەی کرد، کەدڵنیاین سەردەمەکانی داهاتووش، دەست و دەست و پشتاوپشت، بۆیەکتری ئەگوێزنەوە..

هەردی شاعیر، لەوە ناسراوترەکە ـ نووسەری کوردستان ـ پێتانی بناسێنی ،چونکە دەمێکە لەگەڵ (ئەی رەقیب ـ ی دلدار) و (ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەرۆزەهاتەوە ـ ی پیرەمیرد) و شاعیرانی تری وریاکەرەوەدا، کڵپەی (ئازادی خوا) ی لەسنگی ئەم سەردەمە ستەم لێکراوەدا هەڵگیرساندوە. بەچرپەش " رازی تەنیایی " خۆی، بۆ هەموو دڵدارانی شیعری رەسەن ونەمر، درکاندووە.

هەردی شاعیر، دەمێکە لای شاعیرناسان ورەخنەگرانی شیعری کوردی، رازو خواسی پربایەخ وگرنگی لەسەر نووسراوە. بەلام دەمێکە " خۆی " دەربارەی شیعری خۆی نەدواوەورازی دڵە هێمنەکەی بۆئاشقانی شیعرو، لاپەرەتا مەزروکانی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکان نەکردۆتەوە .

بۆیە نووسەری کوردستان، لەروژی ١٩٨٩/١١/٤ داسەردانێکی تایبەتی هەردی شاعیرو ماۆستاو رۆشنبیری کردوئەم دیدەنیەی بۆخوینەرانی گۆڤارەکە لەگەڵدا توماركرد.

**پرسیار: ئەوتەوژم وقوتابخانە شیعریانەی لەسەرەتای تەمەنی شیعریتاندا، کاریان تێکردوون چی وچۆن بوون؟.. بەتایبەتیش ئەوقوتابخانەشیعریەی کەبە" ئەدەبی مەهجەری عەرەبی " ناسراوە.**

**وەلام** : ئەگەر ئەوکۆمەڵەشیعرە حساب کەین کەلەسالانی " ١٩٣٥ – ١٩٣٦"دا ووتومە "واتە کاتێک کەهێشتالە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووم"، وەهەندێک لەوشیعرانەبەپێی کات و تەمەنی ئەوسام ، تاسنوورێک بۆئەوە ئەشێن کە ناوی شیعریان لێ بنرێ ، ئەوا ئەتوانم بڵێم: تەمەنی شیعریی من بەدوو قوناغی سەرەکیدا تێپەریوە.

یەکەم : قۆناغی سەرەتایی : کەلەم سەردەمەدا زۆرتر شیعری " نالی "و تێکرا شیعری شاعیرە کلاسیکیەکان کاریان تی کردووم. هەڵبەت نابێ ئەوەشم لەبیربچێ کەشان بەشانی " نالی "و" سالم " و ئەوانی تر، شاعیرانی هاوچەرخی ئەو سەردەمەش کاریان تی کردووم و تارادەیەکیش- زۆریاکەم – رەنگیان لەشیعرەکانی ، ئەوسامدا داوەتەوە. هەرچەندە ئێستالەو شیعرانە – تاک و تەرایەکی لێ دەرچێ – من خۆم هیچی وام لەبیر نەماوە. بەلام ئەوەی باشەلەکاتی خۆیدا گەلێکیان لای هاورێ یەکی منداڵیم نووسراونەتەوەو، وەکو خۆی جارێک بۆی باسکردم ، بەشێکیان تائێستەش هەرماون. ئەوەی لەبیرم دێ لەبەشێکی ئەو شیعرانەدا ، هەوڵم داوە کەشوێن پێی " نالی " و شاعیرە کلاسیکیەکان هەڵگرم . وەلەبەشێکی تریشیاندا کارتێکردنی شاعیرانی ئەوچەرخە وەکو" زێوەر " و بیکەس"و " پیرەمیرد" وئەوانی تر، بەئاشکرادیارە. بۆ نموونە " تەرجیع بەند" یکم هەیە کەتەنیا بەیتی " تەرجیع "ە کەیم لەبیرماوە:

**ئەسەف بۆخاکی سوران و شنەی بەیداخی بابانم**
**لەکوێن کوردی نەوەی کاوەو صلاح الدینی جارانم**

لێرەدا شتێکی سەرەکی هەیە نابێ لەبیرم بچێت . ئەویش ئەوەیە کەزۆربەی ئەوشیعرانە کێشی " عروضی "یان تیابەکارهێنراوە، وەسەیرئەوەیە لەوکێشەعەروزیانەدا تاپلەیەکی زۆرسەرکەوتوو بووم. بگرەکێشی وای تیایە کەئەتوانم بلێم تارادەیەک گرانن و شاعیرانی هاوتەمەنی خۆم " وەکو من بیزانم " بەکاریان نەهێناوە. لەبیرم دی ساڵێک ماموستا " بێکەس "ی شاعیر- خوالێی خۆش بێت- قوتابیانی چەمچەماڵی هێنابوو بۆ سلەیمانی و شەو لەقوتابخانەکەی ئێمە، کەئەوسا " فیصلیە " یان پێ ئەوت ، مانەوە... ئەوشەوە ئاهەنگێکی شیعریمان گیراومن گەلێ شیعری شاعیرانم تیاخوێندەوە. لە پاشاندا هەستام شیعرێکی خۆمم خوێندەوە لەنەوعی " تەرجیع بەند" بەرامبەریەکێک لەقوتابیەکانی چەمچەماڵ کەشیعرێکی لەو نەوعەی خوێندەوە. مامۆستا " بێکەس " بانگی کردم ولێی پرسیم : ئەم شیعرەچی بوو کەخوێندتەوە؟ ووتم : تەرجیع بەندە لە پاش ئەوەی باسی " تەرجیع بەند" وهەندێک زاراوەی شیعریی تری لێ پرسیم ، ووتی: شیعرەکە هی کێ بوو؟ منیش ووتم : هی خۆمە. لەبەرئەوە داوای لێ کردم جارێکی تر بۆی بخوێنمەوە. کەخوێندمەوە، گەلێکی پێ خۆش بوو، وەلێی پرسیم : توئەم وەزنانە لە کوێوە ئەزانی ؟ ووتم: هەربەخوێندنەوە فێربووم . وەکو ئێستا لەبیرم بێ ، ئەو

شیعرە "کەئێستا دەقەکەیم لەبیرنەماوە" لەنظیرە"ی تەرجیع بەندەکەی "زێوەر" بوو کەئەڵێ :

**ئەی خونچەیی ئومیدی هەموو میللەتی کوردان**
**بیدارەوە بەوەختی جریدبازی وەمەیدان .... هتد**

کەئێستا ئەزانم ئەوە لەسەروەزنی "مُفعُولُ مُفَاعیلُ مُفَاعیلُ فَعُولُن" ە. بەلام ئەوسالەم بارەیەوە هیچم نەئەزانی ، تەنیا ئەوەنەبێت کەبەحوکمی موتالای شیعری زۆر ،لە ڕێ ی (گوێ)وە کێشەکانم لێک جیا ئەکردەوە .هەڵبەت لەوە دواش لەسەر ئەم کێشە شیعرم ووتووە ،تیاشیا سەرکەوتوو بووم .بەبێ ئەوەی هیچ لە زانستی عەرووز بزانم یا بیستبێتم . واتە من لە تەمەنی (١٣-١٤) ساڵییەوە شیعرم ووتووە وتەنانەت هەندێکیان پەسند کراون کە ئەمە قوناغی یەکەمە .لێرەدا ئەبێ بڵێم :زۆربەی ئەوانەی باسی شیعری منیان کردووە . ئاگایان لەم قوناغە نییە .

دووەم : پاش ئەوەی لە قوتابخانەی سەرەتایی دەرچووم ،لەگەڵ چەند قوتابییەکیخۆماندا چووین بۆ قوتابخانەی ماموستایان (دار المعلمین) لە بەغدا . لەوێوە دەستم کردووە بە موتالای کتێبی عەرەبی . وەکو لە بیرم بێ ،سەرەتا لە (منفلوطی)یەوە دەستم پێ کردووە کە نووسەرێکی بەناوبانگی (میسر)بوو. لە پاش کتێبەکانی (منفلوطی) کە ئەوسا زۆر باوبوون ،وەکو (نظرات)و (عبرات) و (ماجدولین)و (فی سبیل التاج) و ...هتد ، ئینجا چووم بۆ کتێبەکانی (جبران)وشاعیرەکانی (مهجر) . ئەمانە بە شێوەیەکی ئاسان ورەوانی ئەوتو ئەیان نووسی ،کە بۆ یەکێکی وەکو ئەوسای من ،سەرەتایەکی باش بوون. هەڵبەت لە دوای (جبران) زورتری نووسینەکانی (میخائیل نعیمە )م لا پەسند بوو. هەر وەکو تا ئێستاش هەندێک لە شیعرەکانیم لە بەرە .بەلام وائەزانم لە سالانی ( ١٩٣٨ - ١٩٣٩ ) دا کتێبی (الغربال)یم خوێندەوە ،هەروەها لەو دەورەدا ژمارەکانی گوڤاری (الرسالە ) م دەسکەوت کە بەتایبەتی ئەو ووتارانەی لە پارەی (رەخنە )وەلەو گوڤارانەدا ئەنووسرا ،سەرنجی راکێشام .موتالای ئەمانە ،باری سەرنجیان پەرامبەر شیعر گۆریم .جگە لەوە ئەو گەرموگوری وبێ باکییەی جاران پۆ شیعر هەمبوو ، نەما . هەڵبەت ئێرە جێگەی ئەوە نییە کە بە درێژی ئەم قسانە شی بکەمەوە یا خود ئەندازەی کارتێکردنی ئەو کتێبانە لێرەدا باس بکەم .بەلام شتی سەرەکی ئەوەیە کە بە تایبەتی نووسینەکانی (جبران) کە بەرگێکی رومانسیی نوێیان لەبەردابوو، بەلای منەوە شتێکی تازەو نەبیستراو بوون ،ولەو سەردەمەدا کارێکی زۆریان تێکردم .بێگومان وەکو لە پیشەکی (رازی تەنیایی)شدا ووتوومە ،ئەم قوتابخانە تازەیەی (جبران) یا قوتابخانەی رومانسی ) بە تێکرایی ،دوو لایەنی جیاوازی تیادایە .لایەنێکیان زۆرتر باسی تەنیایی و خوشەویستی وفرمێسک وخەم وپەژارە کردنەو لایەنەکەی تریان یاخی بوون و شۆرش وپەلاماردانی باوو نەریتی سەردەمە . نموونەی یەکەمیان وەکو: ( الدمعە و الابتسامە )و (نحن و انتم) .وە نموونەی دووەمیان وەکو :( الارواح المتمردە ) و ( العواصف ) و ( الاجنحە المتکسرە ) و....هتد . هەرچەندە لە کوتایی ژیانی (جبران) دا ، بیرو رای ( وحدة الوجود ) لە بەرهەمەکانیدا دیارە .کەواتە ئەتوانم بڵێم

من هەردوو لایەنەکەی سەردەمێک کاریان تێ کردووم ، وە بۆ هەردوو لایەنەکە شیعرم هەیە . واتە شیعرم هەیە پڕێتی لە کرووزانەوەو فرمێسک ، شیعریشم هەیە پڕێتی لە شۆرش وپەلاماردان . ئەوەی راستی بێ ، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا شیعرم داناوە ،بەلام وەکو لە پێشەکی ( رازی تەنیایی )دا ووتوومە کارتێکردنی ئەم قوتابخانەیە هەتا دەوری ( ١٩٤٤ ) وبەرەو ژوورتریش تینی هەرماوە .وە ئەو شیعرانەی کە بەرگی خەم و پەژارەیان لەبەردایە ولە (١٩٤٤ – ١٩٤٥) وهەتاکو (١٩٥٠)یش ووتوومن زۆرتری ئەگەڕێنەوە بۆ کارتێکردنی ئەو شیعرانەی (جبران) وهاوریکانی ...راستە لە هەمان سالانی (١٩٣٧ – ١٩٣٩)دا ،بە هۆی گوڤاری (المجلە ) ی (عبدالحق فاضل) و لە رێی موتالا کردنی هەندێک لە ووتارەکانیەوە ،بیرورای چەپیم بۆ یەکەم جار بەرچاو کەوت ،هەر وەکو لە رێی چیرۆکەکانی (گورکی) یەوە کە هەمان گۆڤار بلاوی ئەکردنەوە ،بۆ یەکەم جار لە ئەدەبی ریالیزمەدی ،بەلام لە بەر ئەوەی کەئەمانە کەم وکورت بوون وهیچی وایان بە دوادا نەهات، ئەو بیرو راو ریبازە تازەیە ، نەیانتوانی جیگە بە ریڕەوی (رومانسی) لەق بکەن لە لای من

هەرچەندە ئاشنایەتیم لەگەڵ رێڕەوی ( ریالیزم ) دا ئەگەڕێتەوە بۆ سالانی (١٩٤٦) و دواتر ،بەلام ئاشنایەتیم لە تەک بیرورای چەپی دا ،ئەگەڕێتەوە بۆ سالی (١٩٤٤) واتە پێشتر . ئەمەش شتێکی سەیر نیە ،چونکەباروودۆخی سیاسی ئەوسای عیراق ،وای کردبوو کە ئەوانەی بیرورایەک بلاو ئەکەنەوە ،لە پلەی یەکەمدا بایەخ بدەن بە شی کردنەوەی لایەنی سیاسی ئەو بیرو باوەرە ،پێش ئەوەی گوێ بدەنە رێبازە ئەدەبیەکەی .وە یا رەنگە شتیش لەبارەی ئەو ریبازەوە نووسرابێ ،بەلام تا سالی (١٩٤٦) نەمدیوە .بەهەر حاڵ من پێش ئەوەی رێبازی (ریالیزم) ببینم ،قوتابخانەی (رومانسی)کاری تێکردووم.

وەکو لە پێشەکی ( رازی تەنیایی)شدا ووتوومە .سەیر لەوەدایە هەندێک لەو کەسانەی باسی ژیانی منیان کردووە ،بە پێچەوانەی ئەم قسانەوە ،لایان وایە من لەقوتابخانەی ریالیزمەوە چووم بۆ قوتابخانەی رومانسی ،کە ئەمە زۆر پێچەوانەی راستیە وەکو باسم کرد ،وە تەنها ئەوە ئەسەلمێنێت کە ئەو کەسانە شارەزای ژیانی من نین . لە کوتاییدا ئەبێ ئەوەش بلێم کە ئەدەبی (مهجر) هەندێک کاری (سەلبی)شی لە من کردووە کە لێرەدا جیگای باسکردنی نیە .

**پرسیار : پرۆسەی خەڵقی شیعر لای ئیوە چۆنە ؟ ... ئایا بەر لەنووسینی پارچە شیعرێک پرۆژەیەکتان بۆ نووسینی هەیە ، یان هەر شیعرەو جۆرە (حال) لێهاتنێک دەیخولقێنێ ، یان شێوەی لە دایک بوونی تری هەیە ؟**

**وەلام :**بێگومان رەنگە هەر شاعیرە بە شێوەی جیاواز شیعر دابنێ ،بەلام ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە هەبێ ئەوەیە کە هەر شیعرێک جۆرە حالەتێکی تایبەتیی هەیە . بۆ نمونە جاری وابووە ویستوومە شیعرێک بلێم کە (فکرە)کەی لەوە پێش لە ئەنجامی (مطالعە)یان گفتوگۆ کردندا وەرم گرتووە وپاشان بریارم داوە

شیعرێک لە سەر ئەو (فکرە)یە دانێم . تەنانەت هەندێ ماددەشم بۆ ئامادە کردووە و چەند رۆژێک گینگلم پێوە خواردووە ،تا لە ئەنجامدا چۆتە قالبێکی تایبەتییەوە. جاری وایش بووە حالەتێکی دەروونی یا کارتێکردنی رووداوێکی ناخۆش کە بووە بە هۆی پەژارەیەکی دەروونی ،دەستی پێ داومەتە قەڵەم وپێشەکی هیچم بۆ دانەناوە .لە گەڵ ئەوەشدا خۆی بە رەوانی هاتۆتە سەر قەڵەم . بگرە هەندێک جار بە جۆریک ئەو حاڵەتەم دەربریوە کە لەوە پیش هەرگیز خۆم بە بیرمدا نەهاتووە .بێگومان ئەم حاڵەتانەی دوایی هەموو کاتێک دروست نابن . .بەلام ئەگەر بۆ بزواندن وهەوێنی شیعرو سەرچاوەی ئیلهام بگەرێین ،ئەوە باسێکە لێرەدا جێگەی نابێتەوە .

**پرسیار*: شیعر هەم موعاناتی شاعیرو هەم توانست و ئامادەگی دەیخولقێنێ ،ئێوە هەندێ شیعر کەلە (١٩٤٦)دا بە تەواو نەکراوی جێتان هێشتوون لە (١٩٨٣) دا تەواوتان کردوون ... دیارە ئەمە تایبەتمەندییەکی ئەزموونی شیعرتانە بۆیە ئەگەر سەبارەت بەو ئەزموونە شتێکمان بۆ روون کەنەوە ، سوپاستان دەکەین .**

وەلام : پێشەکی ئەبێ بڵێم ئەمە شتێکی غەریب وتازە نییە لە جیهانی ئەدەبدا ، وەکو هەندێ کەس تێی گەیشتوون .بۆ نموونە (ووردز وورث – Words Worth) ی ئینگلیزی کە شاعیرێکی رومانسییە ،شیعری ( القُبُرَّە – کلاوکورە )ی پاش نزیکەی بیست (٢٠) ساڵ تەواو کردووە . تەنانەت ئەگەر ئەم شێوازە لە هیچ ئەدەبێکی جیهانیشدا نەبێ نابێت بە نەنگییەک چونکە جیهانی شیعر گەلێک فراوان ترە لەوەی کە قالبێکی تایبەتی بۆ دابنرێت .هەروەها ئەو قسەیەش راست نییە کە ئەڵێ : گوایا شیعرێک کە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەری وتەواو نەکرێ ،یا لە کاتی خۆیدا نەووترێ ،بایەخێکی نییە چونکە ئەم قسەیە تەنها بۆ ئەو جۆرە شیعرە راستە کە پێی ئەووتری شیعری بۆنە (مناسبات) ،وەکە (موناسەبە)کەی بەسەر چوو ،نەک تەواو کردنی بەڵکو شیعرەکە خۆیشی لە رووی مێژوویییەوە ،نرخێکی ئەوتۆی نامێنێ . بە پێچەوانەی ئەمەوە ،ئەوشیعرانەی کە وێنەی تەجروبەیەکی زیندوو ئەکێشن (وەکو تەجروبەیەکی عاتیفی یا فیکری وەیا هی تر) ،لە هەر کاتێکدا بووترێ یان تەواو بکرێ ،بایەخی تایبەتی خۆی هەیە .بۆ نموونە (بۆدلیر)ی فەرەنسی بەشی زۆری شیعرەکانی لە ئەزموون وتاقیکردنەوەکانی منداڵییەوە هەلهێنجراوەو هیچ رەخنەگرێکیش ئەمەی لێ نەکردووە بە عەیب .بە پێچەوانەوە ئەمجۆرە شیعرانە ئەوە دەر ئەخەن کە شاعیر (ذاکرە)یەکی زیندووی هەیە کەئەم جۆرە تەجروبانەی تیا ئەمێنێتەوە ، وە ئەتوانێ لە هەر کاتێکدا بی هێنێتەوە یاد ،وە هەمان هەژان و (انفعال) لە شاعیرەکەدا درووست بکات وببێت بە هەوێنی شیعر .هەر کەسێ بیەوێ چاتر لەم باسە تێ بگات ،ئەتوانی بگەرێتەوە بۆ کتیبی (النقد الادبی الحدیث) نووسینی (د. محمدغنیمی هلال) ... هەروەها بە پێی بیردوزەکانی (علم النفس) یش هەندێک جار رەنگی دیمەنێک یا تەنانەت بۆنێکی خۆش ،بۆی هەیە رووداوێکی لەوە پێشتر بیری شاعیرێک بخاتەوە وبی جوولێنێت، وە شیعرێکی باشی پێ بڵێت .

بە نیسبەت شیعری (دوو چەشن دڵداری )و (ست فاتمە)وە .لە پێشەکی(رازی تەنیایی ) دا .بە شێوەیەکی سەرپێیی ئیشارەتم بۆ هەندێ مشت ومرو (مناقشە ) یئەوسا کردووە. بەلام لەوە ئەچی زۆربەی خوێندەواران تێی نەگەیشتبن .بۆیە لێرەدا حەز ئەکەم کەمێک بە درێژی لە سەری بڕۆم : ئەو سەردەمە چەند برادەرێکی خۆم کە (وەکو ئەوسای من بیرو باوەری چەپی یان هەبوو) لایان وابوو کە شیعرێک پەلاماری چینە بالاکان و ئیستعمار نەداو پر نەبێ لە دروشمی زەق ، بە کەڵکی هیچ نایە . وەلە بەر ئەوەی شیعری دڵداری ماوەی ئەم شتانەی تێدا نییە ،نابێ شاعیرێکی پێشکەوتنخواز بیڵێت تەنانەت یەکێکیان ئەیووت :گوایا (ستالین) بۆ شاعیرێکی لەو چەشنەی نووسیبوو کە دوو (نوسخە ) لە دیوانەکەی بۆ چاپ بکەن ! نوسخەیەکیان بۆ خۆی ،وە ئەوی تریان بۆ خۆشەویستەکەی ! ... بەلام من باوەرم وابوو کە مەرج نییە شیعر هەر راستەوخۆ پەلاماری چینە بالاکان بدات، بەڵکو زۆر جار شاعیر ئەتوانێ لە ناواخنی شیعرێکی ویژدانی وعاتیفی دا ،زۆر چاکترە لە شیعری راستەوخۆ ،بارودۆخی کۆمەڵایەتی بخاتە روو .بە مەرجێک ئەو بیرو رایانە بە جۆرێک نەبێ کە لەگەڵ زەمینەی شیعرەکەدا ناساز بێت . ئەبی ئەوەش بڵێم کە ئەم بۆچوونە وە نەبێ شتێکی تازە داهاتووبێ یان بڵێم دژی بیرورای (چەپی) بێت ،بەڵکو شتێک بوو کە لەگەڵ بیرو رای (چەپیش) دا ئەگونجا . بو نموونە لەو کاتەدا گوقاری (الغد) هەبوو کە هی (عصبە التحرر الوطنی) بوو لە فلسطین کە وابزانم سالانی (١٩٤٦) ئەهاتە عێراق وهی (شیوعی)یەکانی (فلسطین)بوو، وە من هەموو ژمارەکانیم ئەخوێندەوەو موتابەعەم ئەکرد .لەو گوڤارەدا (مخلص عمرو) کە نووسەرێکی بە دەسەلات بوو ، زنجیرەیەک ووتاری ئەنووسی لە ژێر ناونیشانی (الادب الحی )دا .لە یەکێکلەو ووتارانە، باسی شاعیرێکی بە غدادی ئەکات کە بە (ابو زُریق البغدادی )بەناو بانگە ولە سەردەمی عەباسییەکاندا ژیاوە .ئەم شاعیرە لە بەغداوە ئەچێ بۆ (أندلس) بۆ لای ئەمیرێکی ئەوێ وقەسیدەیەکی مەدحی بۆ ئەبات بەلکو خەلاتێکی باشی بداتێ ئەمیش بەو پارەیە دەسگیرانەکەی بهێنێت کەلە (بەغدا ) بە جێی هێشتووە .بەلام کە ئەچێتە ئەوێ وقەسیدەکەی بۆ ئەمیرەکە ئەخوێنێتەوە ئەمیرەکە یە تەوسەوە پێی ئەڵێت :جاتۆ لە (بەغدا )وە ئەم هەموو رێگایەت بریوە بۆ ئەم شیعرە؟ ئەویش زۆر دڵگران ئەبێ وبە داخێکی زۆرەوە ئەگەرێتەوە بۆ خانەکەی. بۆ بەیانی ،ئەمیر (حاجب)ەکەی ئەنێری بە دواییدا ،،کەتەماشائەکەن مردووە. باخەڵی ئەگەرێن هیچی تیانادوزنەوە قەسیدەیەک نەبێت کەتیایدا رووی دەمی ئەکاتە خۆشەویستەکەی وئەڵێ :

لاتعذليهِ فأن العذلَ يودعهُ
قد قلتِ حقاً ولكن ليس يسمعهُ

استودعُ اللّه في بغداد لي قمراً
بالكرخ منْ فلكِ الأزرارِ مَطْلَعُهُ

ودعتهُ وبودي لوْيودّعني
صفوُ الحياةِ وانّي لا أوَدّعهُ

وکَم تشفع بی یَوْمَ الرَحیلِ منیً
وأدْمُعی مُسْتهلات وادْمعهُ

هەتا ئەگاتە ئەوەی کەئەڵێ :
" وللضَرورَةِ حالُ لاتُشفعهُ "

واتە: تۆ راستت کرد کەووتم مەچۆ بۆئەو وولاتە دوورە، چەند جـــــار لەرۆژی جیابوونەوەدا بەسەرما گریایت ومن بەقسەم نەکردیت...وەلەکۆتابیدا ئەڵێت :گلەییم لێ مەکە چونکە ژیان هەندێک جارییا و ناچار ئەکات. حال" مخلص عمرو" سەرتاپای ئەم قەسیدەیە شی ئەکاتەوە، وەلەسەر مەسرەعی " وللضرورە حال لاتشفعە " گەلێک ئەدوێ و لەئەنجامدا ئەڵێت: ئەم قەسیدەیە هەرچەندە باسی ژیانی تایبەتی شاعیرەکـــــەو خۆشەویستەکەی ئەکات، بەڵام لەهەموو شیعرە سیاسی و نووسینەکانی ئەو سەردەمەجاکتر وەسفی بارودۆخی کۆمەلایەتی وچینایەتی ئەو سەردەمە ئەکات، بگرە بەجۆرێکـــــی زۆر دڵگیرانە. بۆیە وەکو لەپێشەکی " رازی تەنیایی "دا ووتوومە. منیش ویستم ئەوقسەیە بسەلمێنم وەهەردوو شیعری " دووچەشن دڵداری " و " ستفاتمە " بۆئەو مەبــــەستە دانراون.

**پرسیار : لەخوێندەوەی پێشەکی چاپی دووەمی " رازی تەنیایی "دا ئەوەدەردەکەوێ کە خوێندنەوەو موتالاکردنی بابەتی غەیرەشیعری لەچەشنی سیاسی و فەلسەفـــی و مێژوویی ... هتد بەهۆی سەرەکی بزانن لەوازهێنانتان لەشیعر... کەچـــی شاعیری ئیمرۆ بۆخۆپێگەیاندن وخۆپەروەردەکردن و بەرزبوونـــــەوەی ئاستی هونەری وقووڵی دەربرینی شیعریان، پێویستیان بەوجۆرە خوێندنەوانە هەیە. ئێوە چۆن سەیری ئەم مەسەلەیە ئەکەن ؟**

**وەڵام** :بالەبەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە دەست پێ بکەین. ئێوەئەفەرموون شاعیری ئەم چەرخە، بەوجۆرە نووسین وموتالاکردنە خۆی دەولەمەند ئەکا و بگرەوای لێ ئەکات کەشیعرەکانی دەولەمەندترو بەپێزتربێت لەهەموو روویەکەوە. ئەم بۆچوونە تەنهـــال یەک حالدا راستە. ئەویش ئەوەیە کەمادەی ئەم جۆرە موتالانەکردنانە " کـــــەزۆرتری مادەیەکی زانستیانەیە " ، ئەوەندە نەبێ کە " ئاسۆی خەیالّ "ی شاعیرەکــــــە تەسک بکاتەوە، وەیا رێگەی موتالاکردنی شیعرودیوانی شاعیرە گەورەکانی لێ بگرێت. چونکە وەکو" گۆران " ئەڵێ ، شیعری چاک لەئاسۆی خەیالێکی فراوانەوە دەردەچێت. ئەگینا پێچەوانەی ئەمە، لەسەداسەد والەشاعیرئەکات کەشیعرەکانی زۆرترلەرێکخستن " نظم " بچێت، وەپری بێ لەمەعلوماتی چەور، بەڵام دووربێت لەخەیالێکی فراوان وعاتیفەیەکی گەرم، ئاشکرایە ئەم جۆرە شیعرەش رەنگە لەرووی دارشتن و مەعناوە تەواوبێ، بەڵام شیعرێکی بێ گیانی لێ دەرئەچێ کەزۆرتر لەمەعلومات فرۆشتنەوە نزیک ئەبێ. ئەمەی کە ووتم بەشێوەیەکی گشتی کارتێکردنی موتالای ئەو جۆرە بابەتانە دروستی ئەکا.. ئەگینا ئەگەر بێینە سەر روونکردنەوەی یەک بەیەکی ئەم حالەتانە، ئەبینین ئەوانەی ئەوجۆرە نووسینانە ئەخوێننەوە، هەموویان لەیەک ئاستدانین. رەنگە یەکێک خۆی لەبنەرەتدا

ئاسۆی خەیاڵی زۆرفراوان نەبێت . جگەلەوە وادەرئەکەوێ ئێوە ئەوەتان لەبیر ئەچێ کە من لەمنداڵی یەوە شیعرم ووتووە، وەکاتێک کەچوومەتە بەغدا ، هێشتا لەسەرەتای تەمەنی هەرزەکاریدا بووم. واتە بەهرەی شیعرلای من ئەورەگە دوورودرێژەی نەبووە . جائەگەر چاوێ بەباردۆخی ئەو زەمانەی ئێمەدا بگێرن ، ئەبینن رۆشنبیری ئەوسا تەنها بریتی بوو لەشیعرو چەند دیوانێکی شیعری : ( نالی ) . ( سالم ) ، ( کوردی )، ( مەحوی )، ( حاجی قادر )، ( حەریق ) ... لەگەڵ چەند کەشکۆڵێکی " نجم الدین مەلا " .. بەلام پەخشان و ووتاری رەخنە و شیکردنەوەو لێکدانەوە نەبوو. بۆیەشتێکی سەیر نییە کاتێ کەچوومە بەغداو ئەو هەموو کتێب و گۆڤاروسەرچاوانەم دی کەلە کتێبخانەی " دارالمعلمین " دا هەبوون ، تێگەیشتم کە شیعرتاکەوەسیلەی دەربڕینی هەست و بیروباوەر نییە . ئەمە قۆناغی یەکەمی دوورکەوتنەوەیە لەشیعر. هەروەها خوێندنەوەی رەخنەی شیعریش وەکو لەمەو پێش باسم کرد، وای لێ کردم کەئەو گەرم و گوری و بێ باکی یەی جارانم نەمێنێ و بە " حذر" ەوە رووبکەمە شیعر، ئەمانە بۆ ماوەیەک ساردیان کردمەوە. ئەوەتا وەکو لەپێشەکی " رازی تەنیایی "شدا ووتوومە، لە ماوەی نێوان " ١٩٣٩ - ١٩٤٤ " دا تەنها یەک دوو شیعرم نووسیوە. ئەمە لەکاتێکدا بە کەلەقۆناغی یەکەمی تەمەنی شیعریمدا ، رووی داوە لەیەک حەفتەدا زیاتر لەدوو شیعرم نووسیبێ . لێرەدا ئەبێ ئەوەش بڵێم ئەگەر ئەمانە تەنها رێگربوونایە لەبەردەممدا ، رەنگە پاش ماوەیەک بەسەریاندا زاڵ ئەبووم و سوودیشم لەم خوێندنەوانەم وەرئەگرت بۆبەپێزکردنی شیعرەکانم . بەلام ئەوەی کەهۆی سەرەکی و بنەرەتیەو کاتی خۆی بواری ئەوەم نەبووە لە " رازی تەنیایی "دا باسی بکەم . ئەگەرێتەوە بۆ پاشتر. واتە ئەو کاتەی کەبەخوێندنەوەو تەجروبەی تایبەتی خۆم گەیشتمە هەندێک " قەناعات " وبیروباوەرکەجیاوازبوون لەگەڵ ئەو بیرو باوەرو رێرەوانەدا کەئەوسا باو بوون ،وەهاتمە سەر ئەوەی هەوڵ بدەم بیان نووسم وپیادەیان بکەم ،کەئەمە لە (١٩٥١) ەوە دەستی پێ کردووە ....دیارە جست وجوو گەران وگفتوگۆ ووەلام دانەوەی رەخنەو...سەریان قاڵ کردمو بە تەواوی لە شیعر دووریان خستمەوە .چونکەئەم جۆرە کارانە بە شیعر جێ بەجێ ناکرێن .هەروەها ئەگەر شیعر ئەو جۆرە بابەتانەی گرتە خۆی وەکو (الفیە)ی (ابن مالک)ی لێ دێت ونرخە هونەرییەکەی لە دەست ئەدات .دیارە ئەمەمانای ئەوە نییە کە بەتەواوی لە ئەدەب دوور کەوتوومەتەوە .بەڵکو ئەوەندەی بوارم بووبێت کارم بۆ کردووە وەکو لەو (دراسە)یەدا دەرئەکەوێ کەلەسەر عەروز لەشیعری کوردیدا هەمەو تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە .وەکو ئاشکرایە ئەمەیان زیاتر بریتییە لە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستییانەی شیعری کوردی لە رووی (وەزن)ەوە؛هەرچەندە هەمیشە بە هۆی کاروباری ترەوە بە شێوەیەکی پچرپچر نەبێت بواری ئەوەم نەبووە ئیشی بۆ بکەم. وەگەلێک جار بە هۆی سەر قاڵ بوون بەئیشی سیاسییەوە یاخود هاتنە ناو شۆرش ودەربەدەری یەوە دەستم لەو پرۆژەیە هەڵگرتووە .بۆیە تەواو بوونی گەلێک دواکەوتووە تا ئێستاش بڵاو نەکراوەتەوە .

لە کاتێکدا کە سەرەتای دەست پێ کردنی ئەگەرێتەوە بۆ کۆتایی سالانی (١٩٦٠). لە

هەموو ئەمانەش بگەرێتەوە .ئەمە شتێکی ئاساییە کە ئەدیبێک سەرەتا شیعری نووسیبێت وپاشان بە هۆی بابەتی ترەوە لێی دوور کەوتبێتەوەو وازی لێ هێنابێت .ئەدەبی جیهانی وتەنانەت کوردیش پرن لە نموونەی ئەم حاڵەتە .

**پرسیار : ئێوە دەڵێن (شیکردنەوەیەکی سەکەوتووانە ،یان لێکۆڵینەوەیەکی باش لای من هەزار شیعر دێنێ ...) ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە شیعر بایەخی نەمابێ یان شتی تر دەگەیەنێ ؟**

**وەڵام** :ئەم پرسیارە دوو تێبینی بە دوای خۆیدا رائەکێشێ .یەکەم ،من لە پێشەکی (رازی تەنیایی)دا ووتوومە :لەم قۆناغەدا ... شیعری لوتکەکان وچەند کاتێکی تایبەتی لێ دەرچێت ،شیکردنەوەیەکی سەرکەوتووانەیان لێکۆڵینەوەیەکی باش بە لای منەوە هەزار شیعر دێنێ ...هتد . کەواتە من بە شێوەیەکی بێ قەیدو شەرت نەم ووتووە کە هیچ شیعرێک بە لای منەوە نییە .بەڵکو ووتوومە چەند کاتێک وشیعری لووتکەکانی لێ دەرچێ ، کە دیارە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە هەر شیعرێکی باش بایەخ وجێگەی خۆی هەیە لای من . دووەم ـبەشی دووەمی پرسیارەکە روون نییە .واتە ئەو بەشەی کە ئەڵێت : ((ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە شیعر بایەخی نەمابێ ؟ یان شتی تردەگەیەنێ شیعر بایەخی نەمابێ لای کێ ؟ لای من؟ یا چی؟... هەروەها (یا شتی تر دەگەیەنێ)مانای چی وە وەکو چی؟ یا بەنیسبەت کێوە ؟ بەهەرحاڵ ، با بێینە سەر وەڵامی راستەقینەی پرسیارەکە .من ،وەکو لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ووتم ،لە ساڵی (١٩٥١) بە دواوە کەوتبوومە پشکنین و موتالایەکی سەرومر ، وە لە ئەنجامی ئەوانەدا گەیشتبوومە چەند قەناعەتێکی تازە کە پێچەوانەی بیروراو بۆچوونەکانی ئەوساکە بوون .ئەمەش وەکو باسم کرد ،وای لی کردبووم هەوڵ بدەم بۆ بڵاوکردنەوەو پیادەکردنیان .جا لە سەر گەرمی حالێکی وادا ،دیارە شیکردنەوەیەکی سەرکەوتووانە کە ئەو بیرو باوەرە لە هەر سووچێکەوە رووناکتر بکاتەوە ،یا بە هێزتری بکات ،یا خۆراکێکی تازە یا بەڵگەیەکی نوێ بداتە دەستی ئەو بیروباوەرە ،بەلای منەوە ئێستاش هەزار شیعر دێنێ . ئاشکرایە کە لە پێشەکی (رازی تەنیایی)دا نەم توانیوە ئەم جۆرە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوانە (تەحدید) بکەم .چونکە وەکو خۆتان ئەیزانن ، بارو دۆخی ئەوێ رێگەی ئەوەی نە ئەدا کە من بە (صراحت) ئەم قسانە بکەم .بۆیە ناچار بووم بە شێوەیەکی گشتی باسی بکەم کە ئینسانی رۆشنبیر ئەبێ تێی بگات .

* * *

**پرسیار : تا ئێستا هەر رەخنەگر شوێن وپایەی شیعری شاعیری لە ناو بزووتنەوەی شیعری سەردەمدا دەستنیشان کردووە ،ئێوە ئەگەر خۆتان لە جێی ئەو رەخنەگر بن ،شوێن وپایەی شیعری خۆتان لە شیعری کوردیدا چۆن دەبینن ؟ لە کاتێکدا کە گۆران ووتوویە (( هەردی قوتابخانەیەکی تایبەتییە لە شیعری کوردیدا ))**

**وەڵام** : من ناتوانم ئەوە بکەم .چونکە ئینسان هەرچەندە هەوڵ بدات وبیەوێت ناتوانێت لە (زاتیەت)ی خۆی رزگاری بێت ووەکو ئینسانێکی (مجرد) حوکم بدات .بەڵام لە گەڵ

ئەوەشدا ئەگەر وەکو رەخنە گرێک سەیری شیعرەکانی خۆم بکەم ،رەنگە لە چەند شوێنێکدا دەستکاری بکەم ولێی رازی نەبم هەروەکو لە یەک دوو شوێندا چەند شتێکی وورد شک ئەبەم کە تا ئێستا هیچ رەخنە گرێک بیری پوی نەچووە کە ئێرە جێی باسکردنی نیە .(گۆران) یش کە ووتوویەتی (قوتابخانە) مەبەستی ئەوە نەبووە کە شتێکی تایبەتی وبێ وێنەیە . بەڵکو کە ئەووتریێت (قوتابخانە) مانای ئەوەیە شاعیرێکە کە (ئوسلب؟و (شخصیە)ی لە شیعرەکانیدا دیارەو رەخنەگر بە بێ ئەوەی پێی بڵێن ئەی ناسێتەوە .بۆ نموونە رەنگە تا ئێستاش کەس نەزانێ کە شیعری (بۆ مامۆستا بێکەس) کە کاتی خۆی لە ( گەلاوێژ )دا بلاوکراوەتەوە ،هی مامۆستا (برایم ئەحمەد)ە . بەلآم من هەر کە خوێندوومەتەوە زانیومە هی ئەوەو بە خۆشیم گوتووە . شیعرەکە ئەلێت :

ئێستەی تەماوی ولەمەو پاشی تار
باڵ ئەگرن بە جووت بۆ کۆی یادگار
ئەگەرێن بە ناو هەردەو شاخانا
وەک بولبول بە سەر لقی چلانا
هەردە کش وماتچیا گشت خامۆش
گول داخدارو خونچە خەزان پۆش
هەوارگە چۆڵ وهۆڵ وەک قەبرسان
گیان پەک کەوتە ،دڵ دەستەوسان !
ئەگەرێنەوە کەلاوەکەی لەش
لە شادی وهبواو لە ئارام بێ بەش

دیارە ئەمەش مانای ئەوەیە کە جۆری هەڵبژادنی وشەکان وشێوازی هەر شاعیرێکی باش،لە هەموو شیعرەکانیا دەرئەکەوێ .وە بۆیە هەر بە خوێندنەوەی شیعرەکەدا شاعیرەکەی ئەناسرێتەوە .ئەمەیە قوتابخانە .جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەوە بڵێم کە (مامۆستابرایم) لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەو شاعیرە چاکەیە ، ئەبینین زۆر دەمێکە لە شیعر دوور کەوتۆتەوەو وازی لێ هێناوە .کەسیش گلەیی لێ ناکات .

**پرسیار : ئەگەر تەمەن گەرابایەوە بۆ سەرەتای لاوی وسەرەتای دەست پێ کردنی شیعر نووسین ،چۆنتان مامڵە لە گەڵ شیعردا دەکرد ؟..لێرەوە چ بەو شاعیرانە دەڵێن کە لەسەرەتای دەست پێ کردنی شیعریدان ؟**

**وەلآم :** ئەوی راستی بێت ئەگەر بیر کردنەوەی ئێستام هەبوایە رووم نە ئەکردە شیعر بەلآم بۆ ئەو شاعیرانەی لە سەرەتای تەمەنی شیعریياندان ، لام وایە خوێندنەوە و موتالآی شیعر لە هەموو شتێک پێویستترە .چونکە خوێندنەوەی شیعر نەک هەر ئاسۆی خەیاڵ فراوان ئەکات ،بەڵکو زمانی شاعیر لە رووی ووشەو (تەعبیر)یشەوە دەوڵەمەند ئەکات .لەم رووەوە شیعری شاعیرە کلاسیکیەکان وەکو بنەمای یەکەم گرنگیەکی تایبەتیان هەیە .لە رووی ناوەرۆکیشەوە جگە لەوەی تا ئێستا شاعیرانی کورد لە ئاستی گەورەیی وسەختی ئەو کارەساتانەدا نەبوون کە لەم دوییانەدا بە سەر

نەتەوەکەماندا هاتوون ، هەروەها لایەنێکی گرنگیان فەرامۆش کردووە کە بە بیروڕای من پێویستی بە ئاوردانەوەیەک هەیە .ئەویش بریتییە لە مێژووی نەتەوەکەمان .مێژووی کورد پڕە لە قارەمانیەتی ولایەنی پرشنگدار کە ئەکرێ هەر یەکە لەوانە بکرێت بە هەوێنی داستانێک .جگە لەو هەموو تەجروبە دەوڵەمەندەی کە ئەتوانرێ سەدان پەند و دەرسی گەورەی لێ وەر بگیرێت ولاوانی نەتەوەکەمانی پێ گۆش بکرێت .

**پرسیار : هەندێ گۆڤارو ڕۆژنامە هەن ،ئەمانەتی ڕۆژنامەگەری ناپارێزن و خۆیان چۆنیان بوێ ئاوا رەفتار،دەکەن ، هەر لەم روانگەیەشەوە ئێمە سەیری ئەو چاو پێکەوتنە دەکەین کە ژمارە (٣٤)ی گۆڤاری (سروە )لە گەڵیاندا کردبوون، خۆتان لەو بارەیەوە چی دەفەرموون؟**

**وەڵام :** لەراستیدا ئەوەچاوپێکەوتن نەبوو. بەڵکو کومەڵێک هاتن بۆلام بەمیوانی و گوتیان لەلایەن گۆڤاری " سروە" وەهاتوین . تەسجیلێکیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، وەدەستیان کرد بەپرسیارکردن . منیش پێشەکی پێم ووتن ئەم قسانەبۆ بڵاوکردنەوەنی یە ( هەروەها پاشتریش چەندین جار لێم دووبارەکردنەوە) . خۆئەگەر هەر بڕیاری بڵاوکردنەوەشیان دا ، ئەبێ کەختیانە سەرکاغەز بۆم بێننەوە بۆئەوەی پیابچمەوە . پاش هەموو ئەمانەش یەک دووجار بەبرادەرێکی خۆیاندا هەمان قسەم لێ دووبارەکردنەوە کەچی ڕۆژێک لەپڕگۆڤاری " سروە" یان بۆهێناوم و ووتیان چاوپێکەوتنی تۆی تێدایە ، بەڵام ئەوەی لەمانەش سەیرتربوو ئەوەبوو کەلەژێرناونیشانی وەڵامەکانی خۆمیدا خوێندمەوە. جگە لەوەی بەئارەزووی خۆیان قسەکانیان هەڵبژاردبوو شێوە زمانەکەیشیان گۆری بوو . بەجۆرێک کەمن قەت بەکارم نەهێناوە. ئەمەش بەداخەوە نەک هەربێ پەیمانی ودەرچوون بوو لەومەرجەی کەمن دام نابوو، بەڵکو دەرچوونیش بوولە " ئەمانەتی ڕۆژنامەگەری " . وەکو ئاشکراشە یەکێک لەبنەماکانی ڕۆژنامەگەری ئەمانەتە .

**پرسیار : بەڕێزتان یەکێکن لەوکەسانەی کەپەیرەوی لەو زمانە سادەو گەشە کردووە دەکەن کەلەسەردەمی باباتەکانەوە بۆتەزمانی نووسین . حەتمەن ئەمەش بنچینەیەکی زانستیانەی هەیە ، بۆیە تائێستا هەم ماوەتەوەو هەمیش ڕوولە گەشەکردنی بەردەوامە ، بۆیە جێی خۆیەتی کەبپرسین :**

**آ ـ : بۆئێوە پەیرەوی ئەو زمانە دەکەن ؟**

**ب ـ : ئێستا هەندێ تەقەللای تاکەکەسی ودەزگای تایبەت هەن دەیانەوێ ڕەوتی ئەو زمانە یەکگرتووە بەئاقاری تردا بەرن ، ئێوەچۆن سەیری ئەو جۆرە تەقەللایانە دەکەن ؟**

**ج ـ : نەیارەکانی ئەم شێوە زمانە، پێیان وایە کەئەم شێوەزمانە تایبەتە بە ناوچەیەکی جوگرافی بچووک و توانای تەنینەوەی باقی ناوچەکانی کوردستانی نییەە.. حەز دەکەین باری سەرنجی ئێوە سەبارەت بەم مەسەلەیە بزانین .**

78

وەڵام : پێش هەموو شتێک با بزانین زمانی ئەدەبی چۆن دروست ئەبێت؟ ئەگەر چاوێک بەمێژوودا بگێڕین، بۆمان دەرئەکەوێ کەهەمیشە شێوەزمانێک کەهەل ومەرجێکی رەخساو وای لێ بکا زاڵ بێ بەسەر شێوەکانی تردا، ئەوا ئەو شێوەزمانە سەرکەوتووە، ئەبێ بەزمانی ئەدەبی وەیا وەکو پێی ئەڵێن " زمانی نەتەوەیی " . بۆنموونە زمانی ئەدەبی فەرەنسی بریتی‌یە لە " لهجە"ی " پاریس " ، وەهی ئینگلیزی بریتی‌یەلە "لهجە"ی " لندن" . هەروەکو زمانی ئەدەبی " ئیسپانی "ش بریتی‌یە لە" لهجە"ی " مەدرید". هەروەها " لهجە"ی " سەکسونی " لەئەلمانیادا، وە" توسکانی " لەئیتالیادا، کەهەل و مەرجی سەرکەوتنیان بەسەر " لهجە" کانی تردا بۆرەخساوە، بەزمانی رەسمی یانەتەوەیی ئەو نەتەوانە ئەناسرێن . زۆر دووریش نەڕۆین، زمانی فارسی وعەرەبی بەنموونە بێنینەوە، " لهجە" ی " دەری " کەزمانی فارسی ئەمرۆیە، بنەرەتەکەی " لهجە" ی " خوراسان وسیستان و ماوراء النهر"ە. هەروەها زمانی عەرەبی، وەیا بڵێین زمانی نووسینی عەرەبی، هەمان شێوەزمانە کە " قریش " قسەیان پی کردووە. ئەمەوەڵامێکی کورت بوو بۆتێکرای پرسیارەکە. بەڵام ئێستا با بێینە سەریەک بەیەکی ئەوپرسیارەلاوەکی یانەی کردووتانە . لەپرسیاری یەکەمدا ئەفەرموون : من بۆچی پەیرەوی لەو زمانەئەکەم کەلەسەردەمی بابانەکانەوە بۆتە زمانی نووسین ؟ بەلای منەوە پێش خستنی ئەم پرسیارە زۆربەجێیە. چونکە لەحاڵێکتان پرسیوەکە ئێستا " واقع " سەپاندوێتی . من کەلەسەرەتای منداڵیمەوە " ساڵی ۱۹۳۰ " چوومەتە قوتابخانە، بەم شێوە دەرسم خوێندووە، وەکە کەوتووشمەتە خوێندنەوەی شیعر، ئەو دیوانانەم لەبەردەستدا بووە کە بەم شێوەزمانە نووسراون . ئەمە هەرچەندە خۆی رووداوێکی زۆرگرنگ نی‌یە، بەڵام راستی‌یەکی زۆرگرنگ دەرئەخات . ئەویش ئەوەیە کەمنداڵانی کورد لەکوردستانی عێراقدا ـ شێوەی کرمانجی ژووروی لێ دەرچێت ـ بەوشێوەزمانە دەرسیان خوێندووەو پەروەردە بوون کەشاعیرانی لەوەپێشیش شیعریان پێ وتووە. ئەم حاڵە لەبەشەکانی تری کوردستاندا نەبووەو نی‌یە. لەکوردستانی تورکیا، لە (۱۹۲۵)ەوە کە (مصطفی کمال) دەستی کرد بەکۆچ پێ کردنی کورد، هەتا ئیمرۆش بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغەکراوەو بەهەموو شێوەیەک (محاربە) ئەکرێ . ئێستاش گەلێک ناوچەی کوردستانی تورکیا، ناوێرن بەکوردی قسەبکەن یاخود بەهۆی سیاسەتی (تتریک )ەوە لەبیریان چۆتەوەو نایزانن . لەبەرئەوە تەنانەت حیزبەکانیش گەلێک جار ناچارئەبن بەتورکی بنووسن . چونکە ئەزانن کەخەڵکەکە زۆرتر لەتورکی تێ ئەگات . خۆئەگەر بێینە سەر کوردستانی ئێرانیش، ئەوا شتێکی ئاشکرایە کەلەزەمانی (رەزاشا) و کورەکەیدا، باوکێک نەیتوانیوە کاغەزێک بەکوردی بۆکورەکەی بنووسێت، ئەمە هەر دوو بەشەگەورەکەی کوردستانە کە حاڵیان ئاوابووە. بەڵام لای ئێمە لە (کوردستانی عێراق) دا، شاعیران پەیتا پەیتا بەشێوەزمانەکەی (نالی) شیعریان ووتوە کەلەکۆتایی میرنشینی بابانەوە سەری هەڵداوە. هەروەها لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە واتە لە (۱۹۲۱)ەوە هەتا ئیمرۆ، جگەلەکتێبی قوتابخانەکان، سەدان کتێب و رۆژنامەو گۆڤار بەم شێوەزمانە بڵاو کراونەتەوە.

کراونەتەوە. وەلەوساوە هەتا ئەمرۆ، پشتاوپشت لاوان بەم شێوەزمانە خوێندن و وەرگرتووەو پێی پەروەردە بوون. وەنەبێ ئەمەش لەچاکی دەوڵەتی عێراقەوە هاتبێت، بەڵکو تێکۆشانی خەڵک و شۆرشەکانی "شێخ محمود" لەلایەکەوە وبەڵێنی دەوڵەتی ئینتداب (واتە ئینگلیز) ودەوڵەتی عێراق بە (عصبە الامم) لەسەر پاراستنی مافەکانی کورد لەلایەکی ترەوە، هەمووی هاتبووەسەر ئەوەی کەخوێندن لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە کوردی بێت.

سەرەرای هەموو ئەمانەش ئەبێ بڵێم کە ئەم (لهجە) یە زمانی ماڵەوەم بووەو زمانی شیعریشم بەم شێوە زمانە پژاوە.

هەرچی بەشی دووەمی پرسیارەکەتانە ،واتە ئەوەی کە ئەڵێن :هەندێک دەسگاو کەس هەن کە ئەیانەوێت رەوتی ئەم شێوە زمانە بە ئاقاری تردا بەرن، لە وەڵامی ئەمەدا هەر ئەوەندە ئەتوانم بڵێم کە ئەو جۆرە کەسانە ،ئەو (واقع)ەی کە لەوەپێش باسم کرد ئەکەن بە ژێر لێوەوە ،ئەمەش هیچ بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی کوردی تێدا نییە. ئەم کردەوەیە چەند تێبینییەک ئەهێنێتەکایەوە :

١) ئەو (واقعە)ی کەلە پێشدا باسمان کرد ،وە بووە بە هۆی ئەوەی کە (لهجە)ی بابان لە کوردستانی عێراقدا ببێت بە (لهجە)ی نووسین وشیعر ،وەنەبێ هەر تەنیا (واقیع)ی ئەمرۆبێت .بەڵکو مێژوویەکی رابوردووشی لە پاڵدایە .ئەویش ئەوەیە کە قوتابخانەی (نالی)و (سالم)و (کوردی) ،نەک هەر لە (سلەیمانی)و (کۆیە)و (رەواندز)و (هەولێر)ەوە تا ئەگاتە گەرمیان پەلی کیشاوە ،بەڵکو لە هەورامانەوە پەریوەتەوەو کاری کردۆتە سەر (موکریان)و قەلەمرەوی (ئەردەلان)یش .ئەمەش شتێکە بە زۆر نەسەپێنراوە .بەڵکو گەشە کردنێکی سروشتییە کە زۆربەی رۆشنبیرانی پێشوو تێی گەیشتوون .بۆ نموونە (تایەر بەگی جاف) وەکو گۆران بۆی باس کردووم لە ماڵەوە بە شێوەیەک قسەی کردووە کە زۆرتر لە (لهجە)ی (سنە)وە نزیکە .کەچی لە شیعرەکانیدا کتومت شێوە زمانی (نالی)و (کوردی) بە کارهێناوە. هەروەها (حاجی قادری کۆیی)و (شێخ رەزای تاڵەبانی)ش بە هەمان شێوە .ئەمانەش کەسێک زۆری لێ نەکردوون کە بەو شێوەیە بنووسن، بەڵکو خۆیان هەستیان بەوە کردووە کە (لهجە) تەنگەبەرەکەی خۆیان، لە کاتی شیعر ووتندا فەرامۆش بکەن .هەروەکو فارسەکان ئەمرۆ لە پاش (٧٠٠) ساڵ پەیرەوی لە شیعری (سعدی)و زمانی (سعدی) ئەکەن ،بەبێ ئەوەی کەس زۆری لێ کردبن .لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە : بۆ چی تایەر بەگێکی دەرەبەگ ،ئەوەندە هەستی بە (مەسئولیەت) کردووە کە بەردێک بخاتە سەر ئەو بناغەیەی کە (نالی)و (سالم) دایان مەزراندووە، کەچی لاوێکی ئەم سەردەمەی ئێمە هەست بەو مەسئولیەتە ناکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە گەلێک ئەنجامی تاڵ ئەگەیەنێت کە گرنگترینیان ئەوەیە کە ئەو رۆشنبیرەی ئەمرۆ ،لە ئاستی ئەو (مەسئولیەت)و ئەرکە گەورانەدا نییە کە ئەکەوێتە سەر شانی .هەڵبەت ئەبێ ئەوەشم لە بیر نەچێ کە لە حاڵەتی زمانی فارسیدا ،لهجەکەی (سعدی) قەوارەیەکی (سیاسی) شی لە پشتەوە بووە .بەڵام پەیرەوی کردنی ئەم شێوە زمانە ،تەنها لە چوارچێوەی قەوارە سیاسییەکە داباو نەبووە .بەڵکو خەڵکی لە دەرەوەی ئەم

تەوارەیەش هەر پەیرەوی یان لەم شێوە زمانە کردووە .لێرەدا زۆرتر مەبەستم لەو نووسەرانەیە کە لەرووی هەست بە مەسئولیەت کردنەوە (لهجە)یەک هەڵ ئەبژێرن نەک لە ژێر گوشاری (سیاسی)دا .

٢) ئاشکرایە کە کوردستان هەر پارچەیەی کەوتۆتە شوێنێک ،وە هەر پارچەیەی لە گەڵ نەتەوەیەکی تردا تێکەڵاوە کە زمانی لەگەڵ (کورد)دا جیاوازە .لە بەر ئەوە ،(لهجەی) هەریەکێ لەو بەشانە ،بە هۆی تێکەڵ بوونی لەگەڵ میللەتێکی جیاوازدا ،تا بێت لە وانی تر دوور ئەکەوێتەوە .خۆ ئەگەر نووسەرانی هەریەکە لەم شێوە زمانانەش شێوەکەی خۆیان بکەن بە بناغە بۆ نووسینی ئەدەبی و شێوەکانی تر بخەنە پشت گوێ لەوانەیە لە پاشەرۆژێکی دووردا ، هەریەکەیان ببێت بەزمانێکی سەربەخۆ ودوور لەیەک مێژووش گەلێک جار ئەم راستییەی سەلماندووە .بۆ نموونە : زمانی ئیتالی وفەرەنسی وئیسپانی ،لە بنەرەتدا سێ شێوەن لە شێوەکانی زمانی لاتینی .کەچی ئێستا بە جۆرێک لە یەک دوور کەوتوونەتەوە کەهەر یەکەیان بووە بە زمانێکی سەربەخۆی جیاواز،ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە نووسەرانی هەریەکەیان بە شێوەکەی خۆیان نووسیویانە کە لە سەرەتادا تا رادەیەک نزیکی یەکتری بوون .

٣) رەنگەیەکێک لەم قسانە واتێ بگات کە من ئەمەوێ ئەم (لهجە)یەی ئێستا ،کە بە هەڵە پێی ئەڵێن (سۆرانی) ،بەسەر خەڵکبدا بسەپێنم .بەڵام ئەم قسەیە راست نییە .چونکە وەکو لەوەپێش ووتم (خالی دوو ) زمان بەزۆر ناسەپێنرێ. کەواتە ئەبێ مەبەستم چی بێ ؟دیارە مەبەستم ئەوەیە کە لە (واقع)دا تا رادەیەک خۆی سەپاندووە ،پێویست ناکات چەند (لهجە)یەکی تەنگەبەری تری بۆ زیندوو بکەینەوە وبیکەین بە بەرهەڵست لەبەر دەمیدا بەڵکو ئەرکی نەتەوەیی وبەرژەوەندی نەتەوە ئەوەمان بە سەردا ئەسەپێنێت کە هەوڵ بدەین تا ئەتوانین ئاووهەوایەکی گونجاوی بۆ برەخسێنین بۆ ئەوەی بتوانێ لەو ئاووهەوایەدا پەروەردە ببێ وپەل بهاوێژێ وسەقامگیر ببێت .شێوەو چونێتی ئەم هەوڵ و تەقەلایانەش لێرەدا باس ناکرێت . بەڵام من نووسینێکی درێژم هەیە لەسەر مەسەلەی (زمانی ئەدەبی)و ئەو هەنگاوانەی پێویستن بۆ سەقامگیر کردنی ئەم زمانە ، کە بە داخەوە تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە .هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم کورتەیەکی بڵاو بکەمەوە .

لە بەشی سێهەمی پرسیارەکەتاندا ئەڵێن : نەیارەکانی ئەم شێوە زمانە ،پێیان وایە کە ئەم شێوە زمانە تایبەتە بە ناوچەیەکی جووگرافی بچووک و...هتد .پێشتر دەرمان خست کە تینی ئەم (لهجە)یە گەیشتوتە گەلێک ناوچەی تری کوردستان ( هەڵبەت مەبەستم ناو خوێندەوارانی ناوچەکانی ترە ،چونکە ئەوەی لە پێشەوە حسابی بۆ دەکرێت خوێندەواری ناو خەڵکەکەیە ) .لە کاتێکدا ئەو کەسانە خۆیان هەندێک (لهجە)ی وا زیندوو ئەکەنەوە کە ناوچەکەی گەلێک تەنگەبەرترە ،ئەمە لە لایەک .لە لایەکی تریشەوە ئەبێ ئەوەش بزانین ، من کە ئەڵێم نابێ هیچ (لهجە)یەک بسەپێنین ،مەبەستم ئەوە نییە کە دۆشدا بمێنین ودانیشین ،وە چاوە روان بکەین تا یەکێک لەم شێوانە خۆی سەرئەکەوێ .چونکە قسەیەکی وا مەعنای ئەوەیە کە هیچ حسابێک بۆ ویست وئیرادەی

ئینسان نەکەین . ئالێرەدا ئەرکی خاوەن قەڵەم ورۆشنبیران دەرئەکەوێ .هەروەها ئەمە مانای ئەوەنییە کە (لهجه)یەک کەلە ((١٩٢١)) ەوە تا ئیستا پێی نووسراوە چەند پشت خویندەواری پیگەیاندووە ، بخەینە پشت گوێ و (لهجه)یەکی تەنگەبەری تر زیندوو بکەینەوە کە نەکەس پێی نووسیوەو نە کارێکی بۆ کراوە .

لە کۆتایی بەشی سێهەمی پرسیارەکەتاندا رستەیەک هاتووە ،کە گوایا نەیارەکانی ئەم (لهجه)یە ئەڵێن : (ئەم شێوە زمانە توانای تەنینەوەی باقی ناوچەکانی کوردستانی نییە ) . ئەگەر مەبەست لە تەنینەوە ئەوە بێت کە ئەبێت ئەم (لهجه)یە بەناو هەموو دەستەو چینەکانی کوردا بلا بێتەوە ،ئەوا ئەم بۆچوونە پێویستی بە راست کردنەوەیەک هەیە .ئەویش ئەوەیە ـ وەکو لە پێشەوە ووتم ـ پێشەکی ئەبێ ئەم (لهجه)یە لە ناو رۆشنبیران وخاوەن قەڵەمانی ناوچەکانی تردا بڵاوبێتەوە .نەک لە ناو هەموو دەستەوچینەکانی نەتەوەدا .ئەمەیان لە هەنگاوی دواییدا پەیدا ئەبێ .

لە کۆتاییدا جێگەی خۆیەتی داوا لەو (یەکێتی ئەدیبان)ە بکەین کە بریار وایە پێک بهێنرێت ،لە لێکۆڵینەوەو هەڵگیرو داگیر کردنی ئەم باسە درێغی نەکەن.

**پرسیار : ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین ،گەورەترین پرۆژەیەک کە بەشێک لە ژیانی خۆتان بۆتەرخان کردووە ،کتێبی (( عەرووز لە شیعری کوردیدا )) یە ..پیمان خۆشە سەبارەت بە چۆنیەتی کەڵاڵە بوون وئەنجام دانی ئەو پرۆژەیە پوختەیەک بۆخوێنەرانی گۆڤارەکەمان باس بکەن .**

**وەڵام :** وەکو ووتم ،سەرەتا من (تا ساڵانی ٦٥ ـ ٦٧ یش ) هیچیم لە (عروض)نەزانیوە (کەچی زۆربەی شیعرەکانیشم عەرووزین) ،تەنها ئەوە نەبێت کە بە گوێ وەزنەکانم لە یەکتری جیا کردۆتەوە ... بەلام لە گەڵ پەیدا بوونی شیعری تازەدا ،هەستم ئەکرد کە هەندێک لەو شیعرانە ،ناکۆک دێنە بەر گوێم وئاوازەکەیان نارێکە . ئەمە وای لێ کردم لە خۆم بپرسم : کێش چییە ؟هۆی نارێکی ئاوازی ئەم شیعرە تازانە چییە ؟ وە.. هتد . لەمەوە کەوتمە گەران بە دوای کێشی عەرووزو بنەماکانی وجۆرەکانی .هەرچی کتێبەکەشە ،بریتییە لە (دراسە)ی شیعری کوردی لە رووی (وەزنەوە) هەر لە ( مەلای جزیری ) یەوە تا ئەگاتە شاعیرانی تازە . هەروەها لە کۆتایی کتێبەکەدا ،بەشێک تەرخان کراوە بۆ بەراورد کردنی (کێشی برگە)و (کێشی عەرووز) .

لە پێشەکی کتێبەکەشدا ،بە دوورو درێژی باسی چۆنیەتی وهۆکانی ئەو (دراسە)یەم روون کردۆتەوە .

**پرسیار : ئەگەر ئیجازە هەبێت ،حەز دەکەین شتێکمان سەبارەت بە ئەزموونی خۆت وەک شاعیر ، لە ناو کاری سیاسی وحیزبایەتیدا بۆ باس بکەیت .. هەروەها شاعیر تا چەند لە ناو چوارچێوەی ئیلتزاماتی سیاسی وحیزبیدا جێی دەبیتەوە ؟**

**وەڵام :** ئەوەی کە لەوە پێش باسم کرد ،واتە مشت ومرو (موناقەشە) لەگەڵ هاورێ چەپییەکانمدا ،لەسەر شیعری دڵداری ،خۆی نموونەیەکە بۆ چۆنێتی حیزبایەتی کردنی

ئەو کەسانەو نەگونجانی من لەگەڵ ئەو جۆرە (ئیلتزام)انەدا .بۆیە زۆر جار لەو رووەوە ناکۆک بووین .کە شیعرێکم ئەنووسی وئەوان بە دڵیان ئەبوو ،زۆریان پێ خۆش بوو ،وبەگەرمی پیرۆز باییان لێ ئەکردم .بەڵام کە شیعرێکم ئەنووسی بە دڵیان نەئەبوو ،هەموو پێیان ئەووتم :تۆ چۆن ئەبێ وا بڵێیت ؟

بە کورتی ئەبێ بڵێم : شاعیر ئەبێ مولتەزیم بێت بە (قضیە)ی میللەتەکەیەوەبەڵام بەو مەرجەی کە ئەو (التزامە)ی بە سەردا نەسەپێنری وخۆی ئازادانە هەڵی بژێرێت .

**پرسیار : شوێن ورۆڵی شیعری کوردی لەم رۆژگارەدا ،لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەماندا چۆن دەبینن ؟ ... ئەرک ولێپرساوێتی ئەدیب لە بەرامبەر ئەم بارە ئاڵۆزو سەختەی گەلەکەمانی تێدا دەژیا چۆن تەماشا دەکەن؟**

وەڵام : لە ناو نەتەوەیەکی ژێر دەستەو بێکەسی وەکو ئێمەدا ،شاعیران وئەدیبان بە گشتی ، ئەرکێکی گرانیان ئەکەوێتە سەر شان .ئەم ئەرکەش دوو لایەنی گرنگ ئەگرێتەوە لە لایەکەوە ئەبێ شان بە شانی چەکی پێشمەرگە ، هاوبەشیی تێکوشانی نەتەوەکەمان بکەن وبە هەموو توانایەکیانەوە گیانی بەرگری وشۆرشگێری لە ناو رولەکانی نەتەوەکەماندا پەروەردەو بە هێز بکەن .چونکە تەنها لە ئیسراحەتدا نووسین ،کافی نییە .لەلای دووەمیشەوە ،ئەبێ دەنگی هەقخوازانەی نەتەوەکەمان بگەیەنینە گوێی جیهان وتاوانەکانی داگیرکەران لە بەردەمی رای گشتی جیهاندا ریسوا بکەین . بەڵام بە داخەوە ،ئەدیبان وشاعیرانی کورد لە ئاستی سەختیی ئەو هەموو کارەساتە گەورانەدا نەبوون کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە .چونکە لە کاتێکدا کە وولاتەکەمان وێران کراوەو سەدان هەزار کورد دەربەدەر کراون وکوردستان تەعریب ئەکرێ یا لەوانەش گەورەتر ،لە کاتێکدا کە شارێکی (٧٠) هەزار کەسی بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە ، بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی شەهید ئەکرێ ،ئەبووایە ئێستا سەدان (مەلحەمە)ی شیعری و شانۆی تراجیدی ورۆمان و...بهاتایەبەرهەم ونەک هەر مێشکی لاوانی کوردیان بئاخنیایە، بەڵکو دنیایان لە هاوارو دەنگی کورد پر کردایە .

**پرسیار : حەتمەن هەندێ بیرەوەری تایبەتیت لە گەڵ شاعیرانی سەردەمی خوتان هەیە بە تایبەتیش شاعیرانی وەک گۆران وبێکەس وشێخ نووری شێخ مالح ، بۆیە ئەگەر مشتی لە خەرواری ئەو بیرەوەریانەمان بۆ باس کەن ،خۆشحال دەبین .**

وەڵام : بیرەوەری گەلێک زۆرەو گێرانەوەی لێرەدا دوایی نایەت .بەڵام حەز ئەکەم شتێک لە سەر مامۆستا (بێکەس) بگێرمەوە کە لە زمانی خۆیم بیستووە .ووتی :جارێکیان لە بەغدا (خەڵەف شەوقی داوودی) هات بۆ لام وپێی ووتم با بچین بۆ لای (زەهاوی)و (رەصافی) وپێیان بڵێین ئێوە کە ئەسڵتان کوردە هەر هیچ نەبێ شیعرێک بە کوردی بڵێن منیش رازی بووم ولە پێشەوە چووینە لای (زەهاوی) . پێم ووت : تۆ کورد نیت ؟ ووتی: بەڵێ من کوری (مفتی زهاوی)م ولە ئە سڵدا بابانین . پرسیم :ئەی بۆ بە عەرەبی شیعر ئەڵێیت ؟ ووتی : چونکە پیاو بۆ نەتەوەیەکی زیندوو شیعر بڵێت چاکە . ئەوەتا

من شیعر بۆ عەرەب ئەڵێم وقسەشیان پێ ئەڵێم ،کەچی هەر پێم ئەڵێن (استاذ) . بەڵام تو شیعر بە کوردی ئەڵێیت وپێت ئەڵێن (فایەقە کوێر) .منیش ووتم : یەعنی جەنابت بۆ (مەنصەب) وپارە شیعر ئەڵێیت ؟ووتی : بەڵێ ...جەنابت بۆ (مەجد)وشەرەف بیلێ ..

پاش ئەمە چووین بۆ لای (رەصافی) . سەرەتا (خەڵەف شەوقی داوودی) منی (تەقدیم) کرد وئەویش زۆر بەرێزەوە پێشوازی لێ کردین .بەڵام دوایی کە پێم ووت : تۆ کوردیت و بۆ چی بە کوردی شیعر ناڵێی ،قسەکەی پێ بریم و ووتی :تکا ئەکەم شتی وا مەڵێ ئەگەر بۆ ئەمە هاتوویت ،بزانە کە من عەرەبم .

گۆران ـ لە ساڵی (١٩٥٩) دا لە سلێمانی دەورەیەکیان بۆ ماموستایانی ( زمانی کوردی) ی قوتابخانە سەرەتاییەکان کردەوە ، لە مەکتەبی (فیصلیە) .من وکومەڵێکی تری وەکو (احسان فواد ) و (فەرەیدوون عەلی ئەمین ) و (حەمەسالح سەعید ) ،دانرابووین (محاضرات)یان بوبدەین لە سەر زمانی کوردی .منیش لە گەل بەرێوەبەری (معارف )دا رێکەوت کە هەندی شیعری (گۆران)یان بۆ شی بکەمەوە ،وە بە تایبەتی شیعری (جوانی بی ناو) . بێکومان گوران ( کە ئەو کاتە لە سلیمانی بوو ) ئەمەی بیستبوو .رۆژێک لەبەردەرکی سەرا ،تووشی خۆی بووم .پاش ئەحواڵ پرسی کەوتینە قسەو کومەڵێکی تریش لێمان کۆبوونەوە .وەکو هەندێ لە ماموستاکانی تری دەورەکەو (عەلی شەونم) وشەهید (فەتاح ئاغا) .لێم پرسی : بۆ چی نایەیت گوێ لە قسەکانم بگری لە سەر شیعرەکەت ؟ حەز ئەکەم خۆت گوێت لێ بێت وئەگەر رەخنەیەکیشت هەیە پێم بڵێیت .پێ کەنی و،ووتی بیستوومەوبیستووشمە کەباشی شەرح ئەکەیت . زۆریش حەزئەکەم گوێم لێ بێت ، بەڵام بۆم رێناکەوێت لەم بەینەدا ، هەندێ شتم لێ پرسی . پێشتر ( موناقەشە ) یەکم لەگەڵ ( شەونم ) دا بووبوو لەسەر دێرە شیعرێکی گۆران :

**هەر ئەوەندە گیرۆدەی گوڵی سوور بووم**

**نا شارەزاو پەپوولەی دوور بە دوور بووم**

من لام وابوو کە (ناشارەزا ) راست بێت ،بەڵام (عەلی شەونم)ئەیووت :(تا شارەزا ) راستە . بە هەرحاڵ کە لە خۆیم پرسی ،ووتی : خۆی لە بنەرەتدا (تاشارەزا )یە بەڵام (تا ) لەبەر کێشی شیعرەکە فری دراوە .واتە (ناشارەزا ) ماوەتەوە .

پاش ئەمە ووتم : باشە مامۆستا ،پرسیارێکی ترم هەبە . من لام وایە کە شیعرە سیاسیەکانی ئەم دواییەتان لە رووی هونەری شیعریەوە ،لە ( مستەوای) شیعرەکانی ترتاندانین (وەکو جوانی بێ ناو) ،هۆی ئەوە چیە ؟ ووتی : تۆ چۆن وا ئەڵێی ؟ خەلک زۆر لایان جوانە .ووتم : با واز لە خەڵک بهێنین.چونکە لای من ئەوە براوەتەوە بەڵام ئێستا (هۆ)کەیم ئەوێ ... ماوەیەک مات بوو . پاشان ووتی :ئەوی راستی بێت ، رەنگە ئەمە لەوە هاتبێ کە ئێستا زۆرتر کتێبی (ئیقتصادی)و (عیلمی) وەیا زۆرتر ئەوانەی کە شێوەی (تەحلیلی عیلمی) یان هەیە ئەخوێنمەوە .ئەو جۆرە کتێبانەش خەیاڵ تەسک ئەکەنەوە . خۆشت ئەزانی ،شاعیر هەتا ئاسۆی خەیاڵی فراوانتر بێت شیعری باشتر ئەڵێت .

شێخ نووری ـ تازە (پێنج خشتەکی)یەکەم لەسەر شیعرەکەی خوا لێ خۆش بوو (شێخ نووری دانا بوو، ڕۆژێک لە دووکانی برادەرێک یەکترمان بینی وکەوتینە باسی شیعر و ئەدەب. پێی ووتم: ئەڵێن تۆ شیعرێکی منت (تخمیس) کردووە. حەز ئەکەم بۆم بخوێنیتەوە. منیش شیعرەکەم بۆخوێندەوە. کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان قەڵەم و کاغەزێکی دامی و، ووتی: تو خوا بە قەڵەمی خۆت بۆم نانووسی؟ منیش بۆم نووسییەوە... لەم دواییانەدا، یەکێک لەوانەی کە خەریکی ساغ کردنەوەو ڕێکخستنی دەستنووسەکانی (شێخ نووری) بوو، وە گەلێک جار پرسوورای بە من ئەکرد، پێی ووتم کە ئەو دەستنووسەی منی لە ناو شتەکانی (شێخ نووری) دا دیوەو (شێخ نووری) بە خەتی خۆی لە سەری نووسیوە: تەخمیسی شاعیری ناسک خەیاڵ: ((ئەحمەد هەردی)).

**پرسیار: ئایا لەگەڵ شاعیرانی عەرەبی عێراقی دا بیرەوەرییەکی واتان هەیە کە بکرێ بۆ خوێنەرانی باس بکەن؟**

وەلام: لە ڕاستی دا ئاشنایەتیم لە گەڵ شاعیرانی عەرەبدا کەم بووە. یەک دوو جارێک لە گەڵ ((عبدالوهاب بیاتی)) دانیشتنمان بووە. هەروەها بە هوی هاورییەکی خومەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ "بدرشاکرالسیاب" و "اکرم الوتری"دا هەبوو کە ئەمی دووەمیان شاعیرێک بوو کە ئێستا کەم ناوی ئەبیستم. ئەوسا دیوانێکی چاپکراوی هەبوو ((الوتر الجاحد)). بەلام زۆرتر لە هەموویان لە گەڵ ((بدر)) دا ئاشنا بووم. لە بینەرم دێ جارێک دانیشتنێکی دووروو درێژمان پێکەوە کرد. ئەو جارە گەلێک لە شیعرەکانی خۆی بۆ خوێندمەوە. یەکێکیان ((ملحمە)) یەک بوو لە سەر ((کۆریا))، کە ئێستا لە ناو شیعرەکانیدا وونە. پاشان داوای لێ کردم ئەگەر شیعری عەرەبیم هەیە، بۆی بخوێنمەوە. منیش شیعری ((صلوات المحب))م بو خوێندەوە. دوای ئەوەی شیعرەکەم بۆ خویندەوە، ووتی: تجربەی شیعریی زۆری تێدایە. هەروەها جارێکیش بە هۆی ((بدر شاکر السیاب))ەوە چوومە لای ((جواهری)) کە ئەوسا ((الثبات))ی دەرئەکرد وە ((بدر))یش نووسینی لە ئینگلیزیەوە بۆ ((تەرجومە)) ئەکرد.

**پرسیار: بە حوکمی ئەو بارو دۆخە ناهەموارەی بەسەرگەلەکەماندا هاتووە، نووسەرانی کوردیش تووشی دابران ولە یەکتری دوورکەوتنەوە هاتوون، ئینجا ئێستا کە هەول وتەقەلای یەکگرتنەوەی هەموو نووسەرانی کورد لەگۆرێ دایە، ئێوە چ ئامۆژگاری وپێشنیارێکتان لەو بارەیەوە هەیە؟**

وەلام: بە بروای من خاوەن قەڵەمان، زۆر ئیشیان پێ ئەکرێ کە بە خەڵکی تر ناکرێ ئەمەش ((مبالغە)) نییە. بەڵکو ئەگەر سەیری مێژووی میللەتان بکەین ئەبینین ئەوژیار ((حضارە)) و شارستانیەتەی کە هەیە، زۆرتری دەستکردی خاوەن قەڵەمانە... ڕەنگە هەموو کەسێک ئەوە بزانێت کە بەبێ ((فردوسی)) و((سعدی)) و((حافظ))، زمانی فارسی هیچ نرخێکی نەئەبوو. تەنانەت هەستی نەتەوەیی وزمانی ئەدەبی فارسیش قەرزاری ئەو سێ ئەدیبە گەورەیەن. ئەمەش شتێکە پێویستی بە سەلماندن نییە. بۆیە لام وایە، کە

ئەوانەی قەڵەمیان هەڵگرتووە ،ئەرکێکی پیرۆزیان لە سەر شانە. بە مەرجێک لە ئاسۆیەکی روانینی فراوانەوە سەیری مەسەلەی کورد بکەن وبە سنگێکی فراوانەوە گوێ لەیەک. ئەگەردەستەوتاقمەکانی تر چاویان لێ بپۆشرێ ، ئەمان هەرگیز چاویان لێ ناپۆشرێ،ئەگەر نەتوانن خۆیان ((وخەڵکیش)) بەرز بکەنەوە بۆ ئاستێکی فراوانترو دوور لە شەرە قۆچی وحیزبایەتی وشەرە شەقی تەسک بینی .

بە بروای من گرنگ ترین شت ئەوەیە کە پێویستە لەم رۆژەدا پێش هەموو شتێک بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بەرچاو بخەن .کە زیاتر لە هەموو کاتێکی تر لە تەنگانە دایە .وەلاّم وایە کە ئەمرۆ ،ئەرکی گەورەی سەر شانیان ئەوەیە کە نەک هەر هەموو ریزەکانی نەتەوەکەمان هوشیار بکەنەوە ،بەڵکو ئازارو ئاواتەکانی کورد بگە یەنە هەموو دنیاش . جگە لەوەی کە پیرۆزترین وگەورەترین ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە کە بە هوشیاری وسنگێکی فراوانەوە تێ بکۆش بۆ دروست بوون یا خود رێگە خۆش کردن بۆ دروست بوونی زمانێکی نەتەوەیی ئەدەبی .

---

## تێبینیەک لەسەر پرسیاری سێیەم

پ : ٣

* لەبەر ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی وام لەبەر دەستدا نیەیە .لە بابەت ئەم شعرەوە پشتم بە (ذاکرە)ی خۆم بەستووە .بەلاّم وا دەرئەکەوێ زۆر شتم لە بارەیەوە لە یاد چووبێ .بەلاّم ئەوەندە هەیە Words Worth لە کاتی لاوێتیدا شیعرێکی بە ناوی (قوبەرە)وە نووسیوە .پاش (٢٠) ساڵ .شیعرێکی تر بە هەمان ناونیشان واتە (قوبەرە) دەنووسی . جا ئەمە نەک هەرتەنها لای ئەم شاعیرەوایە ، بەڵکو حالەتی واو لەمەش زیاتر لەشیعری شاعیرە " رۆمانتیکیە" کاندا روویداوە ، کەلەدەرفەتێکی تردا باسی دەکەم ونموونەی باشتریشی بۆدەهێنمەوە ئەگەر ئەوسەرچاوانەی کەپێویستە دەستم بکەوێت .

ا ـ هـ



# هەڤپەیڤینەک لەگەل
# مەحمودی دەولەتئابادی

# نووسەران؛ شەیدایانی مرۆڤایەتی

وەرگێڕانی " نووسەری کوردستا ن "

پا ش نیوەرۆیەکی کۆتا یی ما نگی گولانی ئەمسا لّ لەگەلّ دەولّەت ئا با دی دا گفتما ن هەبوو ،هەندێ درەنگ گەیشتین ما لّەکەی لە نهۆمی سێهەمی بیناکەدایە کەبەرەو با کور پێ پلیکا نی هەیە، بۆ بەرێکردنی میوا نیک لەسەر پلیکا نەکا ن وەستا بو. کرا سێــــکی مەیلەو زەردو پا نتۆلّێکی بێجی لە بە ردا بو. دوا ین چا و پێکەوتنما ن سا لّێکی بـــــە سەردا تێپەری بوو. بە سا لاچووترو پیرتر ببو. چا وانی لەبەر تیشکی فلاشی کا میرا کـــــە هەلّنەدەها تن ،وێنە گرەکەما ن بە مـــــە دەزا نێ وپا رێز دەکا .ژووری کا ر کـــــردن هەر جێی مێزو کورسی وکتێبخا نە بچکولانە سێ قا تیەکەی تیا دەبووە . رەنگە بۆنوسەرێکی جیها نی سێهـــەم بەس بێ .. بەلایەوە گرنگ نیە. زیا تر سیگا ری شیرا ز دەکێشـــــــێ، ئەگەرچی وەکو زۆربەی سیگا رکێشەکا نیئەم هەرێمە، سیەکا نی جیها نی بوون ، دەنگی گرو چا وی شین وسرنجی تیژو ووردی هەیە . بەلام هەندێ کا تی کەمیش کە دەربـــــا رەی ما لّ ومنا لّەکا نی و ئا یندەیا ن دەدوێ بـــــە تەوا وی رووخسا ریەوە پێدەکەنێ ، لـــــە قسەکا نیدا زۆر جا ر ووشەی ئیتر ، ئاخـــر نەء بەکا ر دێنێ ،بەشێوەیەکی وا لەپــرو

بکەویتەوە جموجۆڵ ، باشە ، خولەزینداندا نەمدەتوانی بنوسم . جگە لەوەکاتی وەختی کارونوسین دێ مرۆئەوەندە پەیوەندی بەدەوروبەریەوە نامێنێ . گورانی رووحی وئەحوالێ من لەوکاتەدا ئەوەندە رەنگی دابووەوەکەدۆستێکی خوالیخۆشبووم ووتی : چت بەسەر هاتووە؟ چلە دەرەوە رووی داوە؟ ووتم : ئەوەش تی دەپەری. نەمدەتوانی لەوە زیاترلەسەری بروۆم . چوار بەرگ لەکلیدرم پیش زیندان نووسیبوو لەوما وەیەشداکە لەوێ بوم پاش ماوەی چیرۆکەکەم لەمێشکمدا نش و نمای کردبو .

لەگەڵ دەرەوەدا ژیانێکم هەبوو ،لە ناخیشمدا ژیانێک ، کاتێ ئینسان وابێت ناتوانێ پرسیارێکی وا لەخۆی بکا کەبۆ ئەنوسی ؟ لە راستیدا لە نێوان کارومندا کە بەرهەمی ژیانە پەیوەندیەکی ئورگانی هەیە ، کە بەرهەمەکەی نوسینە ، هەرگیز لە خۆم ناپرسم چ دەکەم و چ دەنوسم ؟چونکە ئەگەر ئەوەم کرد ، پرسیارێکی دیکەشی بە دوادا دی، ئەویش ئەوەیە کەبۆچی دەژیم ؟ ئیتر ئەو کاتە ژیان تاڵ تر دەبێ .

*** لە چ هەل ومەرجیکدا دەنوسی ؟**

**لە رووی کات ، جێگە ، کەرەستەی پیێویست و......... هەندی لە دوستان وەزعی تایبەتیان هەیە ،بۆ نمونە هەن حەز دەکەن کاغەزی خەتدارو ..........**

— گرنگترین شت بۆمن لەنوسیندا وەزعی دەروونییە ، ئەگەر ئامادەگی نوسینم هەبێ، گەیشتبیتمە ئامانجی نوسین، ئیتر گوێ نادەمە هیچ شتێکی دیکە .لە پێشدا بە ( خودکاری پیک ) دەمنوسی بەلام چونکە دەبوایە وا بنوسمکە توخ بێوبخوێنرێتەوە بۆیە دەبوایە زور دەست داگرم .ئیتربەوەش مەچەکم جەمان بو . لەوە بەدواوە ناچار بە رەوان نووسی (پاندان) دەنوسم ناچاریشم کە مەچەکم توند بپێچم.ئەلبەت حەز لە کاغەزی سپی دەکەم . بەلام نە بەو ئەندازەیە کە ئەگەر کاغەز خەتی پێوە بو نەنوسم . نەء ... گوێ نادەمە ئەو شتانە تەنیا چاوەرێی شتێکم کە هانم بدا بچمە پشتی مێزی زەحمەتەوە . جاری واهەیە بۆ نوسین تەمەلم ، جاری وایش ری دەکەوێ دەبێ بۆ نمونە سەعاتی پێنج بچمە جیگەیەک و کەسێک ببینم . بەلام سەعات چوارتاچارەکی دەوی بۆ پێنج دەچمە پشتی مێزو دەنوسم . زیاتر شەوانە دەنوسم . کە هۆی ماددی و ژیانیی تێدایە . چونکە لە سەرەتای ژیانمەوە ناچار بووم بە روژ کارم کردووە و شەوانە حەساومەتەوە .

ئەگەر مەرجی ژیانم رێک وپیک بوایەو پیێویستم بە کارو هەوڵدان نەبوایەلە رۆژیشدا دەمتوانی بنوسم .هەرچەند بە رۆژیش نووسیومە .بەلام بۆ من شەوچاکترە چونکو تا تاقەتم ببێ شەوم بە دەستەوەیە لە رۆژدا مەسەلەی ژیان و هەوڵدانەو منیش تا ئێستا نەمتوانیوە شوێنێکی چاک وتایبەت بوکار پەیدا بکەم .

بەهەر حاڵ کە کاتی نوسین هات هیچ کۆسپیک ناتوانێ بەرهەڵستی بیرو کارم بێ تەنانەت تەنگ و چەڵەمەی بەندیخانەش نەیتوانی هەوڵ وتەقەلای زەینم بێئاکام کات . من لە مێشکمدا دەمنوسی ئێستا کە بە شێوەیەکی سرووشتی شەوانە خەریکی کار دەبم، بە تایبەتی کە ئێستا سێ چوار منداڵی گەورەم هەیەو..........
بەهەرحال کیشەی ماڵ و ژیان و خێزان تا دەویازدەی شەوی دەوێ .

ئیدی دوای ئەوە تا چوارو پێنجی بەیانی کار دەکەم . هەرچەند لەچاو

بلندیش،کە پیاو رادە چلەکێنێ .کاتی بە ژیانی پر لە کوێرەوەری رابردووی ئاماژە ئەکەم،نیشانەی خەم وپەژارە لە نێو چاوانیدا نابینرێ . بەلام دەنگی هەندێ دەگورێ .پاش هەروتوویژێک داخوپەژارەیەک قوت دەبێتەوە .ئەوەش لەبەر هەندێ پرسیاری نابەجێ وچوونە ناو هەندێ‌مەودای ترەوە کە هەندێ حالاتی گرنگ و ناسکی گفتوگۆ کە پێک دێنن و قابیلی تومار کردن نین و لەکاتی پشوودانێک و کوژانەوەی زەبەتەکەدا روو ئەدات.
لە یەکێ لەو مەبەستانەدا وەها لە عیشق بە خاکی نیشتمان کۆمەلّ وخەڵک دەدوا کە پێم وابوو هەر ئێستا کە خۆشەویستی وەکو فرمێسک لە چاوەکانی دەتکێتە خوار .بەلام دەسەلات چیە ، کارەکە وایەو جارو بار پێویستە پەردە لە سەر شتی شاراوەش هەلدرێتەوە . ئەوەی کە لەبەر دەست دایە هەلبژاردەیەکە لە وتوویژێکی دوورو درێژ کە لە ئامادە کردنی دا زۆرمان هەولّ داوە کە زنجیرە مەبەستەکە لێک نەترازی

*** بۆ دەنوسی ؟**

لە ئیستادا ئەم پرسیارە وەلامێکی نیە . ئەگەر لە لاویدا ئەم پرسیارەتان بکردایە رەنگە لە رووی ناچاریەوە وەلامدابانەوە بەلام ئێستا دەنووسم چونکە کارێکی دیکەم پێ ناکرێ .

*** لە لاوی دا بۆچ دەتنوسی ؟**

ـ وابزانم لە لاویشدا عیشق بو ، ئیتر..

*** یانی لە راستی دا چونکە ناتوانی کاریکی دی بکەی دەنووسی ؟**

ـ بەلێ ...و نەخێریش ! لەراستی دا پاش ماوەیەک کە مرۆ کارێک ئەنجام دەدا و بەسالّدا دەچێ و شارەزایی پەیدا ئەکا هیوادارە بتوانێ بەرهەمی زەحمەت و تەجروبەو رەنجی رابردووی کۆ بکاتەوە من گەنجایەتی و کاملّیم لەم ریگەیەدا تاقی کردوتەوە،ئەوەی راستی بێ ئەگەر لە بارەی خودی خۆمەوە بتانەوێ . شایەت بمەوێ کۆتایی تەمەنیشمی بخەمە سەر بەلّام هەمیشە بۆ نووسینی هەر مەبەستێک هۆو سونگەی پەیوەندی دارم هەیە .
واتە پەیوەندی زەمین لەگەلّ ئەونوسینەدا ئەگەر (جای خالی سلوج ) یا ( کلیدر)م نەنووسیبا نەمدەزانی چ بکەم .
هەروەها لایەهای بیبانی ، یا باسجان گاوارەبان و ...... ئەبوایە ئەوانەم بنوسیبا .نووسینی چیرۆک لە ناخمدا وەکو پێویستیەک دەدرەوشێتەوە . لە راستیدا ئەوانەی تا ئێستا کە ئەنجامم داون هەر دەبوایە ئەنجامم دابان .
ئەمەش لە سروشتی نوسەرو پەروەردەی زەینی ئەو دابراو نیە .بۆ نمونە :
شایەت زیاتر لە ۳۰ سالّ لە مێشکمدا لەگەلّ مرگان، جای خالی سلوجدا ژیاوم .کاتێ زەین خاوەنی سروشتێکی ئەوتۆیە کە ۳۰ سالّ لەگەل کەسایەتیەکدا لەناخا پێکەوەبژین ئیتر لە دایک بوونی ئەو کەسایەتیە حەتمیە . لەبیرمە کاتێ کەلە زیندانی (دەورانی پەهلەوی)دا بوم .بە پیچەوانەی ژیانی ئەمرۆمەوە کەپرەلە در دونگی و مرومونی ، زۆر رووخوش و بەکەیف بوم و رۆژگارم بەخۆشی رادەبوارد . دەمانە ویست تێی پەرینین و ئیتر.. جارێک هەرئەم جای خالی سلوچ لەمێشکم دا سەری هەلّدا ، لەراستی دا لەمنی دەویست بەیانی کەم .
شایەتیش هەربەهۆی ئەوماوەکەمەی ژیانی ناو زیندانەوە بێ کەبەرادەیەک‌دەرفەت وماوەمان هەبوو بۆئەوەی لەنیوەی دوەمی سالّی ۱۳۵۵ " ۱۹۷٦ "دا زەین سەرلەنوێ

رابردوو لاوازترو بێ هێز تر بووم بەلام هەر دەبێ بە شەو خەریکی کار بم .

*** رۆژی چەند سەعات دەخوێنیتەوە ؟**

- نازانم ... جاری وا هەیە هەر ناخوێنمەوە و جاری وایش هەیە کە ئەگەر کتێبێکی چاکم دەس کەوێ چەند جار دەیخوێنمەوە و دەگەڕێمەوە سەری.

راستییەکەی ئەوەیە کەهەرگیز بەرنامەیەکی دیاریکراوم نەبووەو نییە .رەنگە هەل ومەرجی کۆمەلایەتی دەوری خۆیان لەم مەسەلەیەدا هەبێ .ئێستا کەمترین مەسەلەی ژیان زیاترین کاتی دەوێ و ئەو کاتە تووشی سەرلێ شێواوی دەکا . جا ئەگەر بەرنامەیەکی دیاریکراویشت لە ژیاندا بێ تەنانەت لە ٢٠% یشی لە ژێر دەسەلاتی خۆتدا نییە .بۆ نموونە : ناونووس کردنی منال لە "قوتابخانە"و مەسەگەلی لەم بابەتە .ئیتر هەر کارێکی ئاوا... هەر چونێکیش بێ کە پێویستی بە بە ئەنجام دان بێ ، بە ئەنجامی دەگەیەنم دیارە هەر بەو ئاواتەشەوە دەمرم کەبۆم نەلوا بەیانیان هەستم و بچمە پشتی مێزو وەک باقی خەلکی تر دەست بە کار بکەم . قەیدی ناکا ... یا ئێمە دەبێ بلێین قەیدێ ناکا !

*** لیرەدایە کە هەلومەرج بەسەر نووسەری جیهانی سێهەمدا دەسەپێندرێ .**

- بەلێ ...ئاخ ... بەلێ .

*** بابەتی چیرۆک ورۆمانەکانت چلۆن پەیدا دەکەی ؟ تا چ رادەیەک ناخی وتا چ رادەیەکیش دەرەکییە ؟**

- من بابەتی داستانەکەم نادۆزمەوە . بابەتێکیش دەرەکی بێ لە مندا دەبێتە دەروونی وئیتر دوای ئەوە سەرهەلدەدا . هەروا کە (مەرگان) م بە نموونە هێنایەوە

*** مەرگان لە کوێوە هات ؟**

- ئەو وەختە کە منال بووم دایکم دەیووت :

بۆ نموونە "مەرگان" ، لەو ناوانەیە کە لەو کاتەوە لە بیرم ماوە کە نیوەرو دادەهات دیزەکەی پڕ لە ئاو دەکرد و سەری دەنایەوەولە سەر ئاگری دادەنا ، بە بێ ئەوە کەگۆشت یا نۆک یا فاسولیای تیدا بێ .وای پیشان دەدا بۆ شیوی منالەکانی چیشت لێ دەنێ .بەم چەشنە چەند منالی پەروەردە کردو پێی گەیاندن پێنج یا شەش سالان بووم کە بیستم سیفەتێکی وا لە ئینساندا هەبووە . ئەم بیرە تا بیست سالیش لەوەو پاش هەر لە مێشکمدا مایەوە .لەپڕ سەری هەلدا و ژیایەوەو لق وپۆپی دەرکرد . تێگەیشتم کە دەبێ چبکەم ! مەگەر نابێ لە دایک ببم ؟ وە من لە کورترین ماوەدا لە کەمتر لە ٧٠ شەودا (جای خالی سلوچ) م پاش پتر لە ٣٠ سال ژیان نووسی . کاتی کە ئەو چیروکەم دەبیست بیرم نەدەکردەوە رۆژێ لە رۆژان دەبێ بینوسم . ئێستاش بەو حیسابەی کە دەبێ شتێک بنووسم ، ناروانمە هیچ شتێکی ژیان .من ئەژیم مێشکم یا زەینم کاری خۆی دەکا ، هەرگیز بە چاو بابەتم پەیدا نەکردووە و بۆی نەگەراوم وناشگەرێم . تەنانەت لە سەردەمی لاویشدا ئەم تەجروبەیەم زۆرکەم بە کار هێناوە . لە رەوتی ئاسایی ژیاندا مەسەلەگەلێ روو دەدەن ، هەندێکیان لە بیر دەچنەوەو شوێنەوارێکیان نامێنێ و هەندێکیش ئەوانەن کەلەزەینیدا دەمێنەوە ، تا ئەو کاتەی لە دایک دەبن .

*** ( مارال ) ت لە رووی کام نموونەوە دروست کرد ؟**

- شتێکی سەیرە، کوتو پر کیژێکی شەنگ بەو پەری جوانیەوە بە سواری ئەسپ هاتە پێش چاوم.

*** لە بینیی ( مارال ) ەوە تا نوسینی چەندی خایاند ؟**

- کاتی کە خەریکی نووسینی بووم بە هەمان جۆر کە لە مێشکمدا بوو بۆیە کە قارەمانی رومانەکە لە دەرەوەی مندا نەبوو.

*** یانی کلیدر سەرەتا بریار بو لە گەڵ ( مارال ) دا دەست پێ بکا ؟**

- لە گەلیا دەست پێ دەکا، بەلام تا لە گەلیا دەستی پی کرد چوار پێنج ساڵ خەریکی دەست پێ کردنی جۆراوجوری بووم،، کارم لە سەر کردبوو بەلام ئەوەنەبو کە دەمویست، خوی نیشاندام ریک وەکو رێبەریک بە هانامەوە هات لە باری وێنەوە،بوو بە بناغەی هەموو رۆمانەکە لە باری زمانیشەوە لابردنی " را "یەکەی بووە پەیوەندی زمانی رۆمانەکە و هەردوکیان پێکەوە لە دایک بوون. ئیتر من حەسامەوە.

*** لە گەل ئەو کەسایەتیانەدا کە دایان دەهێنی تا چ رادەیەک پەیوەندییان هەیە؟**

- بەشێکن لە وجودی من.

*** پاشان کەلەهەل ومەرجێکا دەگیرسێیتەوە هەلومەرجی ئینسانی داواکراو نیە و دەشیان نووسی، لە چ حاڵێکدا دەبێ ؟**

- لەو کاتەدا لە دەرێوە ناتوانم تەماشای خۆم بکەم.

*** لە ناخەوە چی ؟**

-من لەگەڵیاندا دۆستم، ئەوەی لە ئەوان روودەدا، لە من رووی داوەو رەنگیشە لە منەوە توشی ئەوان بێ، لەو کاتانەدا ئێمە دووگیانین .لەلەشێکدا، پاشان، پاش ئەوە کەمەسەلە پێش دی، ئەگەر لە دەرێوە (ئەگەر ناپەسند بێ ) بروانمە رووداوەکە هەست دەکەم لە برا مردنیک کەمتر ماندوو نیم ؛خۆ ئەگەر پر لە شایی و خۆشیش بێ دیسان لەو کاتانە کەمتر نییە کە لەو پەری خۆشی دام.

جاروبار شتێکی ئەو تۆ پێش هاتووە کە تینی بۆ هێناوم کاری کردۆتە سەر رۆحم، هەر چەندە بەبێ کار تێکردن وبە بێ کەوتنە ژێر کار تێکردنەوە نەمتوانیوە وناتوانم کار بکەم، بەلام شتگەلێ کە بە تایبەت لە ( کلیدر ) دا پێش هاتووە زۆر زۆر بوون پێم وایە زۆربەیانم بە دڵ پریەوە نوسی، بە تایبەتی بەرگی دەهەمی تەوایم بە دڵ پری چەند مانگیەوە نووسی لە هەندێ شوێندا زۆرتر دڵم پر بوو بە رادەیەکی وا گریام کە (خان عمو) کوێر بو یان ئەو وەختە کە (صبر خان ) کوژرا.

*** هەر بە راستی بە دەنگی بەرز گریای؟**

- بەڵێ بەکوڵ و لە ناخی دڵمەوە.

*** ئاغای دەوڵەتئابادی، کە دنووسیت هەر بە ئەندازەی شیعر بیر دەکەیتەوە ؟ تەنانەت ئێش و ئازاریش لە بەرهەمی ئێوەدا بە جوانترین شێوە بەیان دەکرێ! بۆ چی ؟**

- نازانم چون بیر دەکەمەوە، بەلام لانی کەم کاردانەوەی لە نوسین دا ئاوایە شایەتیش کارەکەی من دۆزینەوەی هاو ئاهەنگیلە چەشنی ناکۆکیەکی نامۆ بێ. لە لایەکی کەشەوە ئەگەر بمەوێ دەرد، بە هەمان ئازارەوە کە هەستی پێ دەکەم بەیان کەم، رەنگە خۆم لەبەر دووبارە بوونەوەی دا نەگرم، جارێکیان بۆ براکەمم نووسی :

خەریکی نووسینی بەسەرهاتی رۆژانی بەسەرچوی کابرێەکی پیرو بەسالا چووم بەلام نازانم چۆن ئەم رقە دوو قاتە بەرجەستە بکەم کە مرۆ جارێک ژیان وژیوار بە تەواوی پێست وخوێن و ئێسقانەوە تەجروبە بکاو،بۆیەش پیر دەبێت تا سەر لەنوێ لە پیری دا بێت و ئەو ژیوارو تەجروبانە وەبیر خوێ بێنێتەوە ، مەگەر خەیاڵ ...کە دەڵێم خەیاڵ بۆ ئەوەیە کە ئەگەر تۆ بتەوێ تورەیی ورق بە بێ خەیاڵ.بێ ئەوەی جوانی هونەری لە گەڵیا بەیانی کەی بروا ناکەم بتوانی هەر بەلاشیدا بچی . ئیدی پێویستە بتوانی لە مایەی تەجروبەکراو و دڵتەزێن و شایەتیش شیرن وتاڵ بەرهەمێکی هونەری بەدی بێنی . جا کە وابوو، دەبێ رق و قین و جوانی و ناحەزی لەبیرکردنەوەو خەیالّدا بە چەشنێکی پێویست دروست کەی.

تەنانەت دەبێ ئێش و ئازارو جوانی و ناحەزیەکەجارو بار خراپترو توندتر لەوەو پێشی بەیان کەی چونکە لە پێشدا روو ی داوە ئەگەر توندو تیژی نەکەی چ فایدە؟ ئەی بۆچ دووبارە ؟ ئەوە لە خەیالدایە کە گۆرانی بەسەردا دێ وئێش وئازار و دەرد بە جوانی بەیان دەکرێن .

ئەگەر بتەوێ دەرد هەر وەک خۆی بەیان کەی،ناتوانی ،ئەبێ بیگۆری وبایەخی بدەیتێ . بتوانی باسی بکەی ئائاوایە کە لە بەرهەمی مندا دەردیش بە هێمنی بەرچاو دەکەوێ،ئەگەر وانەبێ خۆ خەڵەتاندنە .

*** هەندێ دەڵێن ، تۆ لەنوسینەکانتدا تاڵ وبیرلیلیت شایەت خاوەنی ئەم بۆچونانە چاوەری ی کۆتایی پر لە شایی و خۆشین و رەنگە کوتایی شایی شیان بوبەدیهێنانی کومەڵێکی نمونەیی و مروڤی نمونەیی بێ؟**

- پێم وایە ئەوانە کە دەڵێن ئەدەبیاتی من تاڵە تەنیا ئەوانە نین کە بە دوای کۆمەڵێ نمونەیی ومرۆڤی نمونەیی دا دەگەرێن ، تا چارەنوسی ئەویش بە ئارەزوویەکی نمونەیی بگاتە کۆتایی. ئەگەرچی ئەم جۆرە دەتوانن ببنە یەک جور ، ئەوانەی کە ئەدەبیات تاڵ دەبینن ئەوانەن کە حەز دەکەن شەوانە لە رێ ی ئەدەبیاتەوە بە ئارامی بگەن .من کە لە هەموو ژینمدا شەوێ لە ئامێزی ئارامی دا نەبووم، بە گوێرەی ئەو ژیانە کومەلایەتی یەی کەتیابووم ئارامیم بە خۆوە نەدیوە .

ئیتر چۆن بتوانم خۆم کۆتکەم ئەوە چیە بۆ ئارامی خوازان دەوری حەبێکی ڤالیوم یان جامێ شەراب دەگێرم . ئێمە لە کۆمەڵ و ژیانێکی نالەبار وپر تەنگ وچەڵەمەدا لە دایک بووین ،پەروەردە کراوین وپێگەیشتوین وهەر لەوێشدا ژیان دەبینە سەر .ئەگەر هەندێ لە ناو بەرهەمەکانی مندا هەست بە تاڵی دەکەن .لە بەر ئەوەیە کە چێژی ئەوانە بە جورێ شیرنی جا ئەگەر راست بی یا درۆ راهاتووە ئەڵبەت لەسەر ئەوە سوورم کە ئەدەبیات تەنیا بەیانی واقیعەت نی یە ؛ ئەدەبیات خەیالّی واقیعە، هەر ئەو خەیالّەش لە گەڵ ئەندام ورەگەزەکانی واقیعدا فرینی خۆی ئەنجام دەدا . جا تالّی ی کاری من بەمانای بلاوکردنەوەو پشتیوانی کردن نیە . لە جیگایەکی دیکەدا وتومە کە ئەگەر من بتوانم هەموو ناحەزی و خراپی بەیان بکەم. هەر بە خۆشەویستی جوانی یە .(نەء) ،ئەدەبیاتی ئەووولاتەی کە تیدا دەژین وها و نیشمانی

ئەوین ناتوانێ ئەدەبیاتی چاک و چۆنی بێت .ژیانی خەڵک ،ئەو ژیانە رێک وپێکە نییە کە بە ئەنقەست شیرنی وجوانیەکەی بشارینەوە .

لە نووسینەکانی مندا دەتوانن بە دوای ژیان و شایی و خۆشیدا بکەرێن و بیانبیننەوە ، بەم چاوە تەماشای ژیان کردن لەگەڵ ئەو بینینەدا کەبۆ ئارامی شەوانە وحەسانەوە تا سبەی مەبەستە جیاوازە . لە کۆمەڵی ئێمەدا بتەوێ ونەتەوێ ئەدەبیات گواستنەوەی رەنج و ئەشکەنجەیە ، کەویژدانی مرۆنا توانم بڵێم تازە رادەگرێ . چونکە زیاتر لە خەون دایە دەرزی ئاژن دەکا ، تا بکەوێتە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی شیاوو شایستەی مرۆڤ .

* شتێک لەنوسینەکانی تۆدا هەیە کە لە روانگەی رەوانشناسی یەوە شایانی سەرنجە ، ئێوە لەو نوسەرانەن کەوێنەیان کەمە مەبەست پاش مەشروتەیە ، کە لەگەل پێشاندنی دروستی کۆمەڵی نەخۆش تکایە ئیزن بدەن ئەم سیفەتە بۆ کومەڵ زیاد کەین .لەگەڵ لەبەر چاو گرتنی کەمو زۆری دا ، کەسایەتیەکانتان توشی هەل ومەرجی ناسازو نەخۆش ناکەن . هەروا لە هەل ومەرجێکدا کە هەر ئنسانێکی ساغ نەخۆش دەکەوێ ، مروقەکانی ئێوە تەنیا بەلەش ساغی بەبێ نیشانەی قارەمانیەتی رادەوەستن ودەژین .بۆ نمونە "مرگان" لە (جای خالی سلوج) داکە پێم وایە بۆ ژیانی سەختی خۆتان دەگەرێتەوە .

ـ پیم وایە بو ئەوە دەگەرێتەوە .

* بەڵام ژیانی رابردووتان ، حەتمەن کاری لەسەر تێروانینتان هەیە .

ـ چاکە ،بێ گومان ،من زووتێگەیشتم کە یەکێ لە سیفەتە سامناکەکانی کۆمەڵی ئێمە،لەناو بردنی ئینسانەکانە .نمونەی ئەم بۆچونە باوکم بو .لەپلەی ئامادەگیەکی نایاب وتایبەتی داو من شاهیدبوم کە ئەو پیاوە بەو هەموو توانایی یە زەینی۔روحی یەوە چۆن هەنگاو بە هەنگاو لەپێ کەوت ، زوو تێگەیشتم کە ئینسان دەبێ رەقیب بە دێوەزمە بناسێ ورێگای مانەوەو لەناو چون تەجروبە بکات . ئاشکرایە کە ئەم چەشنە ژیان وتەجروبەیە بۆتە هۆی ئەوە کەمن لە چەندین بواری پر لە کۆسپەوە رێک تێپەرم .

ئەم بوارانەش تێروانینیان دامێ، ئەو تێروانینانەش لە ئەدەبیات دا رەنگدانەوەیان هەیە . دەبێ ئەوەش بڵێم کەمن لە تاڵترین رۆژگارانێکا کە بەسەرم بردوون هەمیشە بروام بەوە بووە کە مرۆ ناچارە رزگار بێت رەنگە ئەو تەجروبانە منیان خستبێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێ ئینسان گەوهەری ئینسانی خۆی بژێنێتەوە بەرەو پیری بچێت وهەوڵی بە ئامانج گەیشتن بدات . لە هەمووش گرنگ تر ئەوەیە کە من لە منداڵیەوە بە شێوەیەکی سروشتی ( ئومانیست )* بووم .

توانیویشمە ئەم هەڵوێستەم لە قۆناخە جۆر بە جۆرەکانی ژیانم دا بپارێزم . مەسەلەگەلێکی دیکەش هەیە کە ئێستا وەبیرم نایەتەوە .بەڵام هەر کۆمەڵێ لەو هووبیروباوەرانە بوونە هۆی ئەوەی تا بەو

* راپەرینێکی فیکری بوو ، لە سەردەمی "دادا "دا لەئەوروپا ، پەیدابوو ،ئامانجی بایەخدان بووبەپلەوپایەی مرۆقایەتی .

تیروانینەم بکەم، کە قارەمانەکانی چیروکەکانم هەرگیز لەگەوهەری ئینسانی خۆیان جوێنەبنەوە.

یان لانی کەم زۆر دوور نەکەونەوەو لە یەک دانەبرێن .جا کەوا بوو بۆچونەکەی تۆ زۆر دروستە ئیتر منیش لێرەدا دەمەوێ بلێم نابێ بەم جۆرە کارانە بوترێ تاڵ ئەندێشە ،دەکرێ بووترێ تاڵ ، بەلام ناڵ ئەندێشە ناـبەهیچ کلۆجێ نابێ . چونکە ئەنجامی تالی بەسوودی گەوا رایی و، ناحەزی بەسوودی جوانی یان بە هیوای گوران بۆ جوانی تەماشا دەکا .جا ئەم جۆرە ئەدەبیاتە ئەگەر تالیش بێت بەلام لاسایی کەرەوەو راگەیەنەری تالی و تاریکی نیە .

*** لە هەندێ بەرهەمی داستانی ها وچەرخدا ئافرەت دوو جۆر باس دەکرێ یا پەیوەندی فیزیکی یە، یا بەر چاو نەگرتنی کەسایەتی ئینسانی یە .ئەلبەت لەبەرهەمی نووسەرانی پاش شۆرش دا داپۆشراوترە . بەلام هەر هەمان شتە لەگەڵ قەبول کردنی باری ئافرەت لە جیهانی سێهەمدا ، بە تایبەت لە هەل ومەرجی تایبەتی ئێراندا کە ئافرەتان نەیانتوانیوە جەوهەری توانایی خۆیان پیشان بدەن . هەروەکو زۆرلەپیاوان چاوەری موعجزەش نین ، لە ئافرەتانی ئێوەدا نیشانەگەلی لەواقعی بوون وسەلامەتی هەیە ، ئافرەتانی ئێوە بە تەواوی سەلبی یان ئیجابی نین . ئەم ئافرەتانە چۆن دەخولقێنی؟ بەراستی ئافرەت چۆن دەبینی وتاچ رادەیەک ئەو ژنانەی لەدەوراتی سەختی ومێرمندالیتا بەدەورتەوەبوون وێنە دەگری ...؟**

ئەوەکە خەلک چۆن دەروانێنە ژن وچۆن لە گەلیا دەجوولێنەوەهۆی جۆرا وجۆری هەیە کە بۆ ئەم باسەی ئێمە نابێ .بەلام هۆی بینین ورەفتاری من لەگەل ئافرەتدا، لە ئەدەبیاتدا ، زۆر ساکارە،چونکە من ئافرەتم لە سەر شانۆی کاردا تەجروبە کردووە .

لە کۆمەڵی دێهاتیدا بە ختیارانە دەرفەتی کارکردن بۆ ژنان هەیە و ئێوە هەر ئینسانێک کە لە مەیدانی کاردا تەجروبە کەن،بێ گومان لەبەر چاوتان خاوەن رێزو جوانە . مەگەر یەکێ زەینی نەساغ بێ.ئەم دوو بۆچونە دەسکەوتی دوو تەجربەیە .لەبیرمە لە دەشتێک لەکەو یردا لەسەر زەویەکی ووشک و بێ ئاوی دێ کارمان دەکرد لە سەر دێمە پان وبەرینەکان کە پێنج تا دە کیلۆ مەتر رووبەریان بو .مندالی ووردیلەی سێ تا هەشت ساڵان جارو بار لەگەڵ دایک یا باوکمان دەهاتینە سەر زەوی . زیاتر لەگەڵ باوکدا بووین چونکە دایک لە مالدا کاری زۆربو بەلام ئافرەتێک بوو لەو دەشتەدا کە هەمیشە بۆ هەموان دایک بووە ئەو ئافرەتەدایکی (غولام) بووە ئێمەی مندالی سێ تا هەشت سالان بەهیوای ئەو ژنە کەلە ژێرتیشکی خۆردا ، لەژێر عاسمانی سوورەوە بوی کەویردا ژیانی دەبردە سەر،رەوانەی بیابان دەکراین . رەنگە مندالێکی چوار- پێنج سالانە تینەگەییبا ، کەچۆن دایکی بەبێ برا یا باوک ناردویەتە دەشتێ بەلام دایکی دەیزانی کە دایکی غولام لە لە سویر ئاوە... لەم بەسەرهاتەی ژیانم زیاتر لە چل ساڵ تێدەپەری، بەلام نەبووە ئەو ئافرەتەم بیر هاتبێتەوەو رێزو حورمەتێکم بۆی نەبووبێ ، ئاشنایی من لەگەل ژندا لە پلەو پایەی ئینسانێکی شایانی رێزدا مەجال نادا کە بەهەمان

تێروانینی خەڵکی دیکەبۆی تەماشای بکەم

هەستی ناسکی ئەو کەسەی کە دەیەوی لە داهاتودا ببێتە نووسەریا هونەرمەند ناتوانێ ئەو کار تێکردنە تێکەڵ بە رێزە بە زیندوویی لە خۆیدا نە پارێزێ.

ئاخر من لەسەر تەنوور، نانی گەرمم لە دەستی دایکم (ژن) وەرگرتووەوخواردومە لەوەودواش لەشار و شارۆچکە جۆرا وجورەکاندا ئافرەتم جیا لەکار نەدیوەو تەجروبەم نەکردووە. جا کە وابو ئافرەت لە بەرهەمەکانی مندا سەرەتا بە ناوی ئینسان، ئینسانێکی کارکەرو، هاوکات بە ناوی نیشانەیەک لە جوانی خودایی کە بوونی بەدی هێناوە خۆی دەنوێنێ و دەبێ واش بێت. لە بابەت بایەخی کارەوە هەمیشە بە ئافرەتانم سپاردوە کەکاربکەن و بروام بەوەیە کار دەبێتە هۆی رزگاری ئینسان. هەموو ئەو ئازادیانەی بەئافرەت دراوە یا دەدرێ هیچیان ئازادی راستەینیە نین، ئازادی و مافی هەبوونی ئازادی تەنیا بەکار لەم رێگایەوە دەهێنرێتە دی. هەر چیەک بە جگە لەم رێگەیەدا بە دەست بێ دەوامی نیە. ئازادی کاتی بەنرخەو بە بایەخەوە دەچەسپێ کە بەهۆی کارەوە بە دەست بێت.

ئەوەش کەبەمەسەلەی ژیانی خەراپ دیاردەت کرد روویەکی پارەکەیە. رووەکەی دیکەی تێکۆشانە بۆ پایەدان بە ژیان و خۆ پاراستن لە خراپەیەو، بەمانایەکی تر سەر دانەنواندنە لە بەرانبەر خەراپەی ژیاندا. گرتنە ئەستوی باری قورس لە پێناوی گورینیدایە، ئەمە ئەو هەوڵ و کۆششەیە کەمن لەتەواوی ژیانمداهەم بووە. رئەوەش بلێم کەرەنجکێشان بەتەنیا بایەخی نیە بەتایبەت برسێتی وهەژاری و.....

هەتا دەشتوانن ببنە مایەی سەر شۆریش.

*** مەبەست لە جیاوازی روانینی ئێوەیە لەگەڵ هەندێ لە نوسەران، شاعیران و هونەرمەندان و پێداگرتن لەسەرئەوخاڵەی کە ئایا تەنها لەبەر، ئەوەیە کە ئێوە ژنتان لە مەیدانی کارکردنا دیوە و ئەوان نا ........**

ـ نەء .... ئەمە یەکەمین هۆیە، پاشان پێوەندی بەجۆری بیرکردنەوەی منەوە هەیە دەربارەی ئینسان و توانەیەکانی، ئیتر ئەوە کە نووسەر، شاعیر، هونەرمەند لە پلەی ئینسانی کۆمەڵێکدا بتوانێ بکەوێتە ژێر کاراکتەری داب و نەریتەوەولەبەیان کردنیاندا نەفیان کات ئەمە زۆر گرنگە دوولایەنی قسەو بیرکردنەوە، نەتەنیا بیرکردنەوەو قسەکردن، بەڵکو دوولایەنی کردەوەو، رزگاربوون لەوگیروگرفتانەی کە دەست و پێی مرۆیان بەستۆتەوە ئاسان نیە هەروا هەڵسەنگاندنی بێپێچوپەناشیان هەر ئاسان نیە.ئەم حاڵەتە واتا جووتبوونی کردار لەگەڵ بیردا جارجارە لە مێژوودا روودەدات. بەهەرحاڵ ....من لە گەڵ ئافرەتدا بەو چەشنە ئاشنا بووم.

واتە هەر خوودی ژیان خۆی منی هانداوە بۆ بەیان کردنی، ناساندنی وگۆرانی خۆی بەو ئاواتە کەبەشێوەی پێویست (گریمان لە ئەدەبیاتدا) بخرێتەروو. لەم هەڵس وکەوتەدا شارەزای ئەوەبووم کەدەبێ جەوهەرو پلەی بوونی ئافرەت بناسم و بیاندۆزمەوە، دوای ئەوەش سی ساڵی ویست تا بتوانم دەوری ئەو پیشان بدەم، ئەگینا زۆر کەس لە کاردا ژنیان ناسیوە بەلام هەروا کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد ئاوا تەماشای ژنیان کردوە، خۆرەنگەتوندتریش.

لە ئاکامدا دەمەوێ بلێم تەجروبەبەس

نیه ، ئەگەر تەجروبە نەبێتە بیروباوەر و هەلنەسەنگێندرێ، چسودێکی هەیە؟ دنیا پرە لەتەجروبە، باوک تەجروبەی کردووە کور تەجروبە دەکا ..........!

تەجروبەیەک .... کەبە بیرکردنەوە و تێرامان پەیدا دەبێ و خاوەنی بەهایەکی واقعی دەبێ و چۆنیەتی خۆی پەیدا دەکا و هەر ئەوەش دروستە .

*** لە حاڵێکدا یاسای حاکم بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا ،نمونەیەکە لە یاسای سەرمایەداری و لەم جۆرە کۆمەلانەشدا لە کەرەسەی بەرهەمهێنانی نوێ تر کەلک وەر دەگیری . بۆچی مرۆکانی چیرۆکەکانی ئێوە لەداب و نەریتی فئودالی و پێش فئودالیدا دەژین،بەبێ ئەوەی ئەوە فەراموش کەین کە هەل ومەرجیگوندەکانمان کەم وزۆر فئودالییە و،بۆ چیش هیشتا مەسەلەی ریشەییان لەسنووری زەویوگەنمو نیلەدایە؟ بۆچی کەمی نایەنەپێشترەوە؟**

- پرسیارێکی بەجێیە ، راست دەفەرموی من لە(سلوچ)دا لەم خاڵە نەزیک کەوتمەوە بەلام "کلیدر"م پاش سلوچ نوسی، لە راستیدا کلیدر لەپێش و پاش سلوچ نوسراوە، کلیدر لەروانگەی منەوە بەیان کردنی قارەمانێتی رووداوێکی مێژوویییە لەوولاتی ئێمەدا کە دەبێ بوترێتەوەولەسەرلاپەرەیمێژوودا بنوسرێ، ئێمە زیاتر لە شانزەیا حەڤدە سەدە سیستەمی زەمیندا ریمان بووە هەر بەو ئەندازەش سیستەمی شوانکارەیی و لە کۆمەلی ئێمەدا لەو ماوەیەدا بەتایبەت لە حەوت یا هەشت سەدەی ئەم دواییەداکە نیشانەی فەرهەنگی دیاری هەیە ئەوکارە هونەریەی کە بتوانی ئەمانە بەناوی واقعیەتیکی مێژوویی،لەئارشیفی میللەکەی ئێمەدا تۆمار بکات ، ووجودی نەبوو. لە راستیدا ئەگەر من لە کاتێکا خەریکی کلیدربووبم کە لە رووی مەوقعیەتی مێژوویییەوە چەندەها جۆری نوێی کومەلایەتی لە ولاتانی دەورو بەردا بەدی هاتبوو، بۆ راکردن نەبووە لەسەردەم و زەمانی خۆم، پتر بۆ پر کردنەوەی جێگەی بۆشی ئەومەسەلەیە بووە . کە وامدەزانی هەزار ساڵەیە ولە راستیدا کلیدر دەرخەری حەماسەت ئامێزی ریوایەتکارانەی ئەو حاڵەتەیە. لە جیاتی تەجروبەی چەند سەدە ژیانی شوانکارەیی و جوتیاری لە کۆمەڵی ئێمەدا ، بیرم دەکردەوەو هەر بڕواشم وایەکەئەگەر ئەو کارەم نەکردایە، رەنگ بو بەشی لە مێژووی ئێمە ئاسایی وون بێ ، چونکە لە ولاتی ئێمەدا مێژوو زۆر وون بووە.

*** رەنگە داڵدەی دایمی ئێوە پەیوەندێکی پتەوی لەگەڵ بیرتاندا بووبێ و هەبێ . ئایا ئێستا تەجروبەی پچرانی پەیوەندیت لەگەل خۆتدا بووە؟**

- تەنیا زەمانی پەیوەندیم لەگەل خومدا دەپسێ کە تووشی پەریشانی زەینی ببم . واتە مەجالی لەگەڵ خۆما بوونم لێ بسەندرێتەوە.......بەلام نەء ....پشتیوانی و هیوای من لە کاردا پەیوەندی لە گەڵ مێشکمدا بووە. ئەمە بەو مانایەنیە کە من هیچ پێویستیم بە واقعیەتی دەرەوە نەبێ ..بەلام لە دواجاردا هەمیشە بیرم کردوتەوە کە ئەوەی لە روانگەی منەوە بایەخدارەو ریشەییە،کارەو،مەسەلەکانی دی لە پەیوەندی لەگەڵ کاردا مانا پەیدا دەکا .

*** ئەم پەیوەندی پچرانە لەگەڵ زەین دا و ئەو شتەی کە لە ناوەوە روو دەدا چۆن دەیبینی؟**

ـ باشە، زۆر ئیشم پێ دەگا ، یەکێ لە گرفتەکانم ئەمەیە کە هۆکارە دەرەکیەکان جاروبار دەبنە هۆی دابرانی هەستی دەروونم ،نمونە خەریکی کارێکم کوتوپڕ رووداوی ، خراپەیەک ، پێشنیارێک دەبنە هۆی وەستانی کار ئەو ماوەیە تووشی سەر سوورمانێکی سەیر دەبم .

*** پیم وابێ پێویستە سەبارەت بە ئەدەبیاتی مولتەزیم یا بەواتایەکی دی ئیلتزام لە هونەردا بدوێن . کە لە لایەن نەوەی نوێ کاری نوسەرانی پاش شورشەوە وەک پێویستیەک هاتۆتە پێشێ . هەڵبەتە ئەو نووسەرانە کەبانگەشەی ئیلتزام دەکەن بێ توانا و سەلیقەش نین . ئەم مەسەلەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەو مەسەلەیە نزیکە،کە بۆ نمونە،لە سەرەتای چلەکاندا هاتبوە ئاراوە، لەگەڵ جیاوازی ئەوەدا کە جێی ئایدیولوژیا لە گەڵ جێی ئیلتزام بە مرۆڤ وبەکۆمەڵی ساغ و سەلامەتەوە ئاڵوگۆڕی پێکراوەو جۆرێکی تر لە ئیلتزام هاتۆتە گۆڕێ .ئینجا ئێوە بە ناوی گواستنەوەی تەجروبەوە ،ئامادەییتان هەیە کە سەبارەت بە ئەدەبیاتی مولتەزیم بدوێن ؟**

ـ ئەوەی راستی بێ کاتی کەناوی ئیلتزام دێتە گۆڕێ . تاریفی ئەدەبیات تووشی کەم وکوری دەبێ وشتێکیش کەتاریفی تەواوی لێ نەکرا ناتوانین تەواوی کەین ئەدەبیات لە زاتی خۆی دا مولتەزیمە ، ئەدەبیات وەکو ئینسان وایە ئینسان ، ئینسانە وتاریفەکەی هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ئینسانێک هەیەتی . جا کەوابوو ناو بردنی شتێک بە ناوی ئیلتزام لەراستیدا جۆرە ئاگادارکردنەوەیەکە کە ئەدەبیات پێویستی پێی نییە ئەدەبیات بەو شێوەیەی کەمن درکم پێ کردووە،واتا هەموو شتێکە ،بەبێ ئەوەی جگە لەخۆی شتێکی تربێ ،ئیلتزام و ئەرک لە هەموو دنیادا تەجروبەکراوە، ئەگەر دەوروبەری هەموویان تەماشا کەین هەموو



چون یەکن .چونکە لەهەر کاتێکی دیاری کراودا ، سیاسەتێکی دیاریکراو بەناوی ئایدیولوژیاوە راگەیەنراوە .ئەمانە ئەدەبیاتی بانگەشەن، کەمن لە ساڵی ١٣٥١ (١٩٧٢) بەتیرو تەسەلی شیمکردونەتەوە . ئەدەبیاتیکن کەلە کاتێکی دیاری کراودا ،ئەدەبیاتێکی دیاریکراو رادەگەیەنن . بەو شێوەیە دەڵێن ئەمە دروستەو ئەوانی کە دروست نین .

ئەمەش ناچێتە خانەی ئەدەبیاتی مولتەزیمەوە . چونکە ئیلتزام بۆتە هەمانەیەک کە دەتوانێ هەموو شتێکی تێکەی وبە خەڵک رابگەیەنی کە ئەمە ئەدەبیاتی مولتەزیمە .

ئیتر من پێم وایە کە ئەم پاشگرەلە سیفەتی ئەدەبیات بکرێتەوە ، لە بری ئەوە ئەدەبیات خۆی قەبوڵ کەین ، بەو حیسابەی کە "هەمووشتێکە " وپەیوەندی بە

هەموو شتێکەوە هەیەو بەبێ ئەوە لە رێ لابدا. تەنانەت لەوەشدا ئیرادێک نابینم هەندێ نووسەر شتێک رادەگەیەنن چونکە ئەدەبیات لە بنەرەتا زمانە ودەتوانی کەرەسە بێت .

کەرەستەی پەیوەندی ، پروپاگەندە ، هاوبیری و .......بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەر دەورەیەکدا ،هەر کەسێک بەهەندێ توانا وە کەلە سیاسەت وەری دەگرێ و دەیخاتە نای ئەدەبیاتەوە، رای دەگەیەنێ کە ئەمە ئەدەبیاتی مولتەزیمە وئەوانی کە نین .ئەمانەم قەبوڵ نییە . ئەلبەتە ریشەی ئەم ئیلتزامە لە ئەوروپایە وە لە یەک ـ دوو دەیەی پاش شەری دووەمەوە سەری هەڵداوە . بەلام لە ئیراندا وئەوئەدەبیاتەش بەرچا ودەکەوی بەبروای من جۆرەئیلتزامێکی هەیە، لەوەدا کەپەیوەندی بە مەسەلەکانی ناوئێرانەوەو بەبایەخە نهێنیەکانەوە هەیە، جا لە ناو میللەت زانراو یانەزانراو بن، چونکە دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤی سەرزەمینی خۆیان ودنیاش بەرەو ئاینده دروست کەن. ئەمەش ووتنی ناوێ ، چونکە وایە پێویست ناکا ئینسان جار بدات . کە من بە ئەدەبیکەوە مولتەزیمم کە ئەیوەندی بە ئایندەوە هەیەو لایەنگری جوانی و عەدالەت بی ئەمانە سیفەتی ناپێویستن. چونکە ئەم پەیام و جەوهەری نهێنی ئەدەبیات وناخیەتی . هەروا کەبە پێویستی نازانم ئەمە ببێتە سیفەتێک وبە پاشکۆی ئەدەبیاتەوە گرێ درێ .

هەر شتێکی کەیش کە بە چەشنی جۆراوجور بیانەوی کەڵکی لێ وەر بگرن وبیدەنە پاڵ ئەدەبیات، لام پەسند نییە چونکە کار دەگەیەنێتە جێگەیەک کە شیاوی ئەدەبیات نییە، بەو مانایەی کە ماوەیەک هەن و ماوەیەک نین . چونکە پروپاگەندەیشن، بۆیە ئەدەبیاتگەشەدا رتر ناکەن.بەڵکو زیاتر دەیبەستنەوە لە راستیش دا ئەدەبیات دەکەنە خزمەتکار . ئەدەبیاتیش وەکو داواکارو پێشیار کەری ئازادی وبەرابەری جوانی نامێنێ لە راستی دا لە رەنگدانەوەو کاردانەوەی بابەتی و نسبیشدا کەلکێک ئەنجام نادا و تەنیا کاتی سوودی لێ وەردەگیرێ کە هەموو کەرەسەکانی بۆ ئامادە کرابێ .

بێ گومان دەست تێوەردانی لێزانانەی هەر ئینسانی لە چارەنوسی خۆی وکۆمەڵەکەی دا بە گیانی لێپرسینەوە کاریکی پێویستە .

*** پێم وابێ ناراستەوخۆ ، پێناسەیەکی ئیلتزام کرا .**

ـ جگە لەمە، هەرکەسێ بێت ،دەتوانێ بلێ من لە پێناوی فلان وفیساردا مولتەزیمم .بۆ نمونە، نوسەرێکی سەردەمی٧ دەیووت : من نوسینەکانم، بەڵگەن بۆ ئەوەی کە من نوسەرێکی مولتەزیمم . وەک ئەوەی بلێ ، من مروڤم ، چونکە لەسەر دوولاق وەستاوم نووسەرێکی سەردەمی ، لە جێگەیەکی دیکەدا، هەرهەمان شت دەڵێ و ..ئەمەش لاسایی کردنەوەیە ! ئێمە بەرامبەر بە بایەخە گشتیە ئینسانیەکان مولتەزیمین بە رای من ، نووسەرو هونەرمەند لە هەر کوێیەکی دنیا بن ، دەبێ مولتەزیم و بەرپرسیار بن ، لەوەدا کە رق وقینیان لە تاوانکاری ولە دزی وتالان وبری بێ، تەنانەت ناتوانم وابیر بکەمەوە، کە ئەگەر "ئەلیوت" یش بخەمە جێی هونەرمەندێکی لایەنگری ئێستاوە ،لایەنگری

لە تاوانکری بکات .ئەگەر وابێ ، وای بە حاڵی ئێمەی مرۆڤ. هەر وانا توانم باوەربەوەبکەم کە نووسەرێکی وەک ئەلیکسی تۆلستوی وەک لایەنگرێکی سیستەمی سوسیالیستی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، لایەنگری تاوانکاری بێ. نووسەر ناتوانێ ، ئاشتی خوازو پێشکەوتنخواز نەبێ ، ئەوەی کە مشت ومر هەڵگرێ و کێشەی لەسەر بێ ،رەوشتی پێشکەوتنخوازەیە .هونەرمەند ناتوانێ لایەنگری جوانی ، فەرهەنگ، یەکسانی ، پیشکەوتنی فەرهەنگی و کومەلایەتی نەبێ . نووسەر دژی مروف نیە. نووسەران ، شەیدایانی مروڤایەتین.کەوابوو، هەموو ئەو شتانەی کە بو مروڤ چاکن و، لەکانی (بودا ، ئەفلاتون، سوکرات وکونفشیوس)ەوە هەن و تا ئەمروش هەر مایەی سەرقاڵی خەڵکن ، مایەی پشتیوانی لێکردنی هەموو نووسەرانی دنیان، بروا ناکەم نووسەریکی خێر خواز، حەزی لە تەماشاکردنی ئەشکەنجەدانی رەش پێستێک بێت ،ئەگەر نووسەرێکی واهەبێ ، ئەوە نووسەریکی ((ئاغا فەرمایشتیەتی)) یەو بەرلە مەرگی خۆی مردووە. بەم چەشنە بایەخی گشتی ئینسانی هەن ، کە نووسەران،سەبارەتیان یەک قسەن، تەنانەت ئەگەر لەزمانی یەکتریش حاڵی نەبن ...نووسەر ناتوانی لایەنگری بێ عەدالەتي کۆمەلایەتی بێ،ئەمە ووتنی ناوێ....تۆ بڵێ چ نووسەرێک دەتوانێ ئەوەی پێچاک بێ کەلەنۆرەگرتنی هێلکە یان رۆن وەرگرتندا ، پیرەژنێک ژێر دەست وپێ کەوێ، کەچی لەهەمان کاتدا دەیان عەماری مۆنۆپۆڵی پرلە رۆن هەبن.

پێم وایە ئەگەر رای ((ئەلیوت)) یش وەرگرن، لەگەڵ پلیشاندنەوەی ئینساندا نیە، خو ئەگەر لە ((ئەزرا پاوەند)) یش بپرسن، هەرچەند ماوەیەکیش فاشست بووە ئەویش ئەمەی پێ قبوڵ ناکرێ، هەرواگەر هەمان پرسیار لە ((میخائیل شولوخوف))یش بکەن، قبولی نابێ... لە ((جان شتاینبیک)) ی لەخاچ دراویش بپرسن، ئەویش هەر دەڵێ نا....( تەنانەت هەموو سەرلە گور دەردێنن و پێتان دەڵێن نا ،نا ،نا! ) جا بە بروا و بۆچوونی من، هونەرمەندانی هەموو دنیا لەسەر ئەم مەسەلەیە هاو بیروران. ئەگەر ئەلیوت لەسەر بایەخە سونەتیەکانیش وەستا بێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەلەگەڵ ئەوەدا بێ،بەشێک لە مروڤایەتی، بەهۆی برسیەتیەوەلەناوچن تا بەشێکی تر لەناو چەوری بەرازدا نقوم ببن. رەنگە ئەو نەیارو دژی شۆرشی سوسیالیستی بێ، بەلام بروای بەیەکسانی هەیە. هونەر، یانی مەیل وئارەزووکردنی یەکسانی، یان وەدەست هێنانی یەکسانی، یان حەز کردن لە هارمۆنی، کە دیارە هارمۆنیش لەتەک هاو ئاهەنگیدا ،لە هەر مەیدانێکدا بنچینەن. هونەرمەند ناتوانی لایەنگری یەکسانی نەبێ ...ئەگەر جیاوازی هەبێ، رەنگە لە شێوەی گەیشتن بەیەکسانی دا بێ....کەسێکی وەک ریتسوس بیر لەیەکسانی دەکاتەوە، ((حافظ)) یش بە نورەی خۆی... هیوادارم لەمەدا مەبەستم روون بێ.... کاتی دەڵێم خودی ئەدەبیات، واتە هەموو پلەو بایەخە جوانەکانی ئینسانی لە پێناوی بەرژەوەندی ئینسان و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی لەودا شاراوەن.. من ، هەر بۆ ئەم مەبەستەیە کە قەلەم بە دەستەوە دەگرم و دەنووسم .

* **هەلبەتە ئەدەبیات لەگۆرینی ئینساندا رۆڵێکی گرنگ وبەنرخی هەیە، تەنانەت**

**جار هەیە ئەو گۆرینە دەکەوێتە پێش گورانی بنیادی کۆمەلایەتی و ئامانجیش کە رێکخراوە سیاسیەکان خەباتی لەپێناودا دەکەن.... لە راستیشدا کاری ئەدەبیات لە گۆرینی ئینساندا زۆر لەسەر خووهێمنە بەلام بەردەوامە... ئێوە نەخشی ئەدەبیات لە کۆمەڵدا چۆن دەبینن ؟**

ـ هەروا کەئێوە بۆی چوون ، ئەدەبیات لەبنەرەتا رووداوێکی هات و هاواراوی و تیژتێپەرنیە ، ئەگەر وابێ راست نیە ئەدەبیاتی راستەقینە لەسەرخۆ وهێدی هێدی کاری خۆی ئەنجام دەدا . کاری ئەدەبیات گۆرینی بنەرەتی ئینسانە لە خوارەوەرا بۆ سەرەوە. واتە شوێنەواری تەواوکەری هەیە و ئەمەش کارێکی هەروا سادە نیە .دەتوانرێ کەسانی هەمە جۆری، پلەو پایەی جیاواز،بەیەکەوە دابنرێن تا هەموو پێکەوە یەک دەنگ قسە بکەن .

بەلام، ئەدەبیات کاری واناکاوناشتوانێ بیکا ، ئەگەرچی لەهەندێ جێدا دەتوانێ لەم مەیدانەشدا بوەستێ. بەلام ئەدەبیات راستەو خۆ لەگەڵ گیانی مرۆڤدا ،سەر و کاری هەیە ،هەروەک ئەوەی کە خۆی راستە و دەشیەوێ لەگەڵیدا راست بن .

*** ئاغای دەولەت ئابادی ، واپێ دەچێ ئێوە لەنێوان خۆشەویستی وکار ، پیشەو ژیان و... هتد ، سنوری دیارتان کێشابێ، جێگەی ئەشق لەم سنورانەدا لەکوێدایە؟**

پێم وابێ، مەبەست لە گەیشتنە بە تێگەیشتنێکی ووردتر لەسوربوونیمن لەسەر کار، هەمیشە ووتوومە کە هونەر بەرهەمی کاری رەنج و ئەشقە ،بەلام ئەو ئەشقە کە من مەبەستمەزۆرلەوەبەرفراوان و بلاوترە. ئاشق بوون زۆر هەمە لایەنە و بەربلاوە. ئەمەش پەیوەندی بە چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئینسانەوە هەیە .لەروانگەی منەوە، خۆشەویستی کارێکی بەرزترلە بەراوردی بێنەوبدەیە کە ئێمە لە ژیانی رۆژانەدا، لەکارو باری جیاواز و بۆنەی جۆراوجۆری کۆمەلایەتی و تاکیەوە تووشی دەبین..... نا ...من ئایدیالست نیم، بەلام لەم مەسەلە تایبەتیەدا لە پەیوەندی لەگەڵ مندالەکانمدا ((بۆنمونە)) وام .ئێ ..مندالەکەمم خۆش دەوێ نەئەمە پێویستی بە ووتنەوەو نە ئەوەش بە وەلام جا کە وابوو خۆشەویستی لە روانگەی منەوە کاری بینەو بدە نیە . من بایەخی ئینسانیم لە جیهاندا خۆش ئەوێ کە هیچ پێویست ناکا بە منەوە ببەسترێتەوە .

ئەگەر مروڤێکی رۆشنبیر بم ، خۆشەویستیم بۆ بەرژەوەندی خۆم گەرەک نیە ئەگەر خۆرم خۆش بوێ ،لە بەر ئەوە نیە تیشکیم بۆ دەهاوێ ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە دنیا رووناک دەکاتەوە .ئەگەر هەر کەسێکیشم خۆش بوێ ،تەنیا لەبەر ئەوەنیە کەلە بەرژەوەندی مندایە. ئەوە دەبێ وەک مروڤێک لەو بوارەدا بوەستێ کە خۆی مەبەستیەتی و، منیش بتوانم خۆشم بوێ ..من هەموو ژیانی ئەوم خۆش دەوێ . کەوابوو، ئەشق لەچاوی منەوە، مانای ئەوەیە کەبتوانم پلەو بایەخم لەبەر خاتری خۆیان خۆش بوێ ، نەک لەبەر ئەوەی کە بە سوود،یان زیانی منن . دەتوانین ئەم جۆرە ئەشقانە لە چوارچێوەیەکدا دیاری کەین و دەشتوانین وا بکەین کە باوەش بۆ هەموو دنیا بگرنەوە. لە دنیادا ، شتێک روودەدا کە راستەوخۆ پەیوەندی بە منەوە نیە، بەلام من سەرخۆش دەکا . یان شتێکی تر روودە دا کە ئەویش هەر پەیوەندی بە منەوە نیەو

تەواو پەستم دەکا. لە راستیدا ئەشق، یانی لێدانی دڵی ئێمە لە گەڵ بووندا هەتا لە سنووری درک پێکردنیش نزیکتر بینەوە، هەست دەکەین کەئەوە بەگیرو گرفت نەزانین کە کابرایەک ... دەیووت: مەنجەڵێک بۆ من نەبێ، با کەللەی سەگی تێدا بکوڵێ.

*** جار جارە، لە ناوخۆو بەتایبەتیش لە هەندەران، رەخنەیەک لەسەر بەرهەمەکانت دەنووسرێ، بەداخەوە، ئەو رەخنانە، لەبری رەخنەی بەجێ وبابەتی کەمو زۆر نیشانەی رق وکینەیان پێوە دیارە. سەرەرای ئەوەش کە تۆ پێنج ساڵیشە لە رشتەی ئەدەبیاتدا، پالێوراوی وەرگتنی خەلاتی "نوبل" ی لە ئەکادیمیای زانستی سویدی، کەچی هێشتا ئەم مەسەلەیە لەناو ئێراندا، هیچ جۆرە دەنگدانەوەیەکی نیە. پەیوەندی ئەم رەخنانە لەگەڵ مەسەلەی پالێوراوی خۆتا بۆ خەلاتی نۆبل، چۆن لیکدەدەیتەوە؟**

ـ لەبارەی ئەو رەخنانەوە کە گیراون یان دەنووسرێن، جا لەهەر باریکەوە بێت من نەک هەر رەخنەیان لێ ناگرم، بەڵکو سپاسی هەندێکیشیان دەکەم، چونکە لە چۆنیەتی کارەکەم زیاتر حاڵی دەکەن، بەلام بەداخەوە، هەندێ لەو رەخنانە، بەتایبەتیش لەیەک دووانێکیاندا هەستم بەرق وئێرەیی پێ بردن کرد. من پێم وایە کە ئەهلی قەڵەم، پاش بەدەست هێنانی ئەزموونی سەخت وناخۆش لە دەست رۆژگار دەبێ لە ئەدەبیاتدا بە ئاکامی نوی گەیشتبن. (بەلای کەمەوە لە قبوڵکردنی هەلوێستی یەکتریدا) ئەمەیە کە ئەگەر نووسینی سەرەکی سەبارەت بە کاری سی سالەی نووسەرێک، بە پلارو توانج وهێرش کردن ئەنجام بدرێ، شایانی گلەیی لێکردن نیە. پەیوەندی رق وقین لە بەشی سەرەتای پرسیارەکەدا، لە گەل پالێوراوی مندا یەک دەگرنەوە. بەلام قسەکردنم لەسەر بەشی دووەمی پرسیارەکەت پێ خوش نیە. ئەوە کردم ئەو مەسەلەیە هەتا هەتایە لە چاپەمەنیەکانی ئێمەدا بلاونەکراوەیە، چیە؟

*** هونەرمەندانی ئێمە سەلماندوویانە کە دەتوانن لە هەموو سەردەمەکاندا کار بکەن، بەلام هەر مرۆڤێک، بەر لە هەموو شتێ پێویستی بە ئاسایش هەیە، کە بوونیان زۆر ئاساییە، وەک ئاسایشی خۆشەویستی، سامان، سیاسی، کۆمەلایەتی و... هتد. ئێوە نەخشی ئەم ئاسایشانە لە ژیانی هونەرمەندا چۆن تەماشا دەکەن؟ هەڵبەتە نەخشی ئیجابی وسلبی یان؟**

ـ چونکە ئێمە جگە لە یەکێکیانمان زیاتر تاقی نەکردوتەوە، بۆیە ناتوانین بە باشی باسیان بکەین. واتا ئێمە هەرگیز ئاسایشی کۆمەلایەتی، حقوقی ومەدەنیمان تاقی نەکردوتەوە، لەبەر ئەوە ناتوانین بەراورد لە نێوان ئاسایش ونائاسایشی دا بکەین، هەر وەک ئێوەش ئاماژەتان بۆ کرد. لەکۆمەلگای بەناوجیهانی سیهەمدا

کەمن بە "کۆمەڵگای دەوروبەری بۆرژوایی ناودەبەم، مرۆڤناتوانێ بەبەرنامەی رێک وپیک لەناو قەفەسی ئاسایشی تایبەتی دا کار بکات. ئەو خالانەی کە ئێوە ئاماژەتان بۆ کردن، ئاواتو خۆزگەی نووسەرانی وولاتانی دەوروبەرین، کە زیاتر هەولی بەدەستهێنانی پلە و بایەخی گشتی کۆمەڵ دەدەن، بێ ئەوەی هیچ تازانجێکی تایبەتی خۆیانی تیدابێ

*** نەبوونی کام ئاسایش ،زیان بەکاری خولقێنەرانەی هونەرمەند دەگەیەنێ ؟**

- نەبوونی هەر کامێکیان دەتوانێ لە ڕەوتی ئیجابی کار کەم کاتەوەو بەری پێ بگرێ . بەلام ئێمە ،نووسەران و هونەرمەندانی کۆمەلی دەوروبەری بۆرژوای جیهانی ،ئەرکی سەر شانمانە کە هەولدەین رێ لە خراپەکان بگرین وبە ئاقاری چاکەدا بیان گۆرین . ئەگەر ئێمە خۆمان بە چاوەروانکردنی هاتنە کایەئەوهەل ومەرجە کۆمەلایەتیە لەبارانە ببەستینەوە کە نووسەری ئەمریکی ، ئەوروپایی ، یان هەتا نووسەری ناو سیستەمی سوسیالیستیش هەیانە ، ئەوەدەبێ هەر نەنووسین .لە کۆمەلی ئێمەدا یاسایەکی تایبەتی حوکمران نیە ، ئەوەش کە بەناوی یاساوە حوکمرانی دەکا ، ناتوانرێ پێی بوترێ "یاسا" .لە کور و کۆمەلی ئێمەدا ، کاری خولقێنەرانە شپێویستە وەک خودی کۆمەلەکەوابێ ولەهەمان حالەتدا ئەنجام بەدەست بێنێ .بۆ نمونە من بتوانم لە تەنگ وچەلەمەی ژیان رزگار ببم و هەرسەعاتی بشێ ،لەپیشتمێزەکەمەوە دانیشم وبنوسم .ئەم ناکۆکیە قابیلی بیر لیکردنەوەوتێرامان نیە . .نووسەرم و لە هەل ومەرجێکیشدام کە هیچ کات بەکەلکی نووسین نایا ! خۆ ئەگەر بەو هیوایە بمێنمەوە کە هەموو شتێک بە دلی نووسەر فەراهەم ببێ وهەتا ئەو هەلە دەست بەکار نەکەم، ئەوا ناتوانم نووسەر بم. یەکێ لەو مەسەلانەی کە نووسەری ناو کۆمەلی ئێمە دەبێ هەر لە سەرەتاوە لای خۆی بیبرێنێتەوە، ئەوەیە کە کەی دەستی لەکارێک وەردا و بە رێگایەکدا هەنگاوی نا ، دەبێ هەربە دەستی خوی یاساو بواری نووسین بۆ خۆی برەخسێنێ . چونکە لە کۆمەلگای ئێمەدا هیچ هوکارێکی دەرەکی بەرامبەر بە نووسەر ئیلتزامی نیە. تەنانەت لە باشترین حالەتیشدا ،ئەو خەلکانەی خوێنەریتون ، لە ناو هەل ومەرجێکی وادان کە ناتوانن کەمترین یارمەتیت بدەن . ئەوە وێرای ئەوەی کە حکومەتەکانیش لەم جۆرە وولات و کۆمەلگایانەدا لەم جۆرە هەلوێستەیان هەیە. جگە لەو بارو دۆخەی کە لە ئەمریکای لاتین دا بەر چاو دەکەوێ. دەنا کوا لە کۆمەلگای وولاتانی دەوروبەریدا حکومەتەکان هەلوێستی باشیان بەرامبەر بە فەرهەنگ وهونەرو ئەو بابەتانەش کەلە گەل سیاسەتی رۆژدا رێ ناکەن ، هەیە ؟ ..نا ! ..کاری کەرتی خۆمالیش لەسەر رەوتی تایبەتی خۆیەتی ، ئێمە دەمان بیست کە بورژوای فلان ..یان فیسار ، ..بەلام لە ئەنجامی تاقی کردنەوەدا بومان دەرکەوت کە کۆمەلگای ئێمە، کۆمەلگایەکی بۆرژوایی نیە . جۆری پەیوەندی کاسپکارانە و دەلالیانەیە ،بەلام بەناوی بورژواییەوە ناسراوە. جا لە بەرئەوە کەرتی خۆمالیش پۆلێکی دیاریکراوی ئابوری نیە و بەرامبەر تو هەر تا ئەو جێیە ئیلتزامی هەیە کە قازانجێکت بۆی هەبێ .. گومان لەوەشدانیە کە مەسەلە کۆمەلایەتیەکانیش تا رادەیەکی زۆر دەتوانن دەست وپێ لەکۆت دەن ، با ئەوەش بلێین کەویستی نەگوری هونەر دوستانیش کە بنەمایەکی نەگۆرە ،وهەموو ئەم نالەباریانەو گیروگرفتی ناو خێزانیش کاری خۆیان دەکەن . دوای ئەوە ئێمە

وەک نووسەرانی ولاتانی دەوروبەری ناتوانین چاوەڕێی پەیدا بوونی هەل و مەرجی لەباری کارکردنمان بین .تەواوی هەول وتێکۆشانی نووسەری کومەڵگای ناهەموار بۆ ئەوەیە کە بە تێکۆشانی فەرهەنگی وکومەلایەتی خۆی ، هەنگاوهەنگاو بەرەوپێش بچێ ، بەڵکو (بۆنمونە) لەسەد ساڵی داهاتوودا ، هەل ومەرجی تا ئەندازەیەک داواکراوی ئینسانی پێک بێت وئەوکاتە ئەویش بچێتە ناو مەیدانی تازەتری هونەرەوە ، ئەمە لە کاتێکا ئەگەرتا ئەو کاتەبناغەو بنچینەی ژیان لە سەر گۆی زەویدا ، تەفرو تونا نەبێ ئیشەللا ...

---

تێبینی

ئەم گفتوگۆیە، ئەفسانەی ناهید، لەگەڵ ڕۆمان نووس و چیرۆک نووسی گەورەو بەناوبانگی ئێران ، مەحمودی دەولەت ئابادی دا ئەنجامی داوەو لەژمارە ۱۸ ی ساڵی ۱۳٦۸ " ۱۹۸۹ زایینی " گوڤاری " دنیای سخن "دا بلاوکراوەتەوە، ئێمە لەبەر گرنگی چاوپێکەوتنەکەو لەبەربایەخی نووسەرەکەی وەرگێران و بلاوکردنەوەیمان بەچاک زانی .

– نووسەری کوردستان –

ئەی کونکردوو دڵی یاران ، بەپەیکانی مژۆڵانت
وەی لەدووری رووت پەریشان،جەمالی پیری کەنعانی
ئەوەت لەگەل دوستانا کرد، کەبودوشمن سزاوارە
تۆ دوشمنت وەها لێکرد، کەدڵ ئیشانی نەتوانی
لەهەرلا دۆست ویارت بوو ، هەڵت کۆڵیوە دووچاوی
لەهەرکوێوە، دوشمنت بین ، لەسەرچاوت دەکەی لانی
ئەگەر تەگبیروورای خۆتە، دەبێ بگریم لەبۆیاران
ئەگەر بێ پرسی تۆش دەکرێ ، ئەمەنەبووەحوکمرانی

* تەرجەمەی بەشەفارسیەکەی شیعرەکەی شیخ محمدی خالیصە بۆشیخ مەحمودی نەمر .

# شیعر

# ئینجانە

شێرکۆ بێکەس

## تاقە شایەت

دوو جادەی لێکدراو: خاچێکە
هالاوی پەڵەیەک گەرمەخوێن :
تاوانی ، تازەی نێو شارێکە .
شایەتیش :
هەر تاقە چۆلەکەی هەڵ نیشتووی
سەر داری باخێکە .
شایەتێ کەهەرگیز بانگ ناکرێ
بۆ بەردەم " مەحکەمە " !





## پێکەوە

ئێوارەیەک
کوێریک و کەڕێک و لاڵێک
هەتا وەکوو چەند سەعاتێک
لەسەر کورسی نێو باخچەیەک
قنج و قیت و لێوبەبزە دانیشتبوون
کوێرەکە: بەچاوی کەڕەکە ئەیبینی و
کەڕەکە: بەگوێچکەی لاڵەکە ئەیبیست و
لاڵەکەیش بە: جوولانەوەی دەم و لێوی
هەر دووکیاندا تێ ئەگەیی
هەرسێکیشیان بەیەکەوەو لەیەک کاتدا
بۆنی گوڵەکانیان ئەکرد.

## چلچرا

من پێکەوە بەهەردوو دەست
تەلی گەرم و تەلی ساردی
خۆشەویستیتم گرتووەا
بۆیە لەشم
خۆی بۆتە وزەی کارەبا و
لەم شەوەدا
چل چرای ئەم هەموو شیعرەی
لەسەر سەرت .. هەڵکردووە !

# جەژن

هەوری لای ئێمە لەهەوری
هیچ ئاسمانێکی تر ناچێ
کەدا ئەکات و ئەباری
لەچوارلاوە، ئاوی چاوانی ئەدزرێ .
خاکی ئێمە لەهیچ خاکێکی تر ناچێ
خۆی یەک دڵەو
هەموو رۆژێ بەچوارخاجدا دائەکوترێ
دایکی ئێمە
لەهیچ دایکێکی تر ناچێ
لەیەک ساتدا
سکی ئەو چوارجار ئەسووتێ .
یەک کەسان چوارجار ئەکوژرێ
بۆیە رۆژێ لەئاهەنگی ئەم خوێنەدا
چوار جەژن ئەکەین بەجەژنێ ! .



# زیندانی گەرۆك

لەم کۆچەدا
ئەمە هەموو نیشتمانە:
چوار دەنکە ترێی هەڵوەریو
لەنا و دڵما و
دڵیش زیندانی گەرۆکەو
شاربەشاری ئەم جیهانەیش
وەردیانە .

# ئینجانە

چاوت ئاوو
دەستەکانت " با " و، ئەوینت
تۆوی گوڵی هۆنراوەمە .
ئەی کچەکە !
ئەوەی هەمەو بۆم هێناوی و
لەبەر دەمتا رامگرتووە:
تاقە ئینجانەکەی " سەر " مە ! .

# ئەی تۆف ،
# دەوازم لێ بێنە

مارف عومەر گول



فرمێسک ئا مێتەی با رانە ،
پەنجە هاوریی چلەداری بابردەڵەی دەم زستانان
قەل ودالی ئەم دونیایە سەریان وەرداوەتە دڵم ،
ئەوا سەرم داوەڵێتی !
کۆتری سەرپەنجەرەی دڵ لەسەرمانا هەڵکورماوە
نەدێ لەخوێنی من تێربێ
نەسەرماش وازی لێ دێنێ !
دونیا تۆفەو بالەپرچی دا رئالاوە
کوستکەوتووانە بەسەرئەژنۆی خۆیدا دەگری
دەڵێی ولاتەکەی منە ،
وا بەدەستی دوژمنەوە دۆشداماوە !
بوبای گەردوون هەر دەمبات و هەر دەمهێنی
تۆفی تـــوورەی ئەم رۆژگارە ، ماتەمێکی ئەوەندسەیرە
نەپشتم لێ هەڵدەکات و نەوازیشم لێ دەهێنی !

شوباتی ١٩٨٩
کیـــڤ ـ ئوکرانیا

# پەردوو

بەولاتاندا دەگەرێی ،
لەش لەشەمەندەفەرێک دا بێ ،
ئەندێشە چۆلەکەی سەرکەپرێکە رەشەبا هەڵیدەگرێ !
لەش لەفرۆکەیەک دا بێ ،
ئەندیشە لەگەڵ پەڵەهەوری پایین دا ،
دەچێتەوە بۆباوەشی دایکۆڵەخاک
بەشاراندا دەگەرێی ،
کۆشکی گەورەو بینای بەئاسماندا هەڵچوو
دارستانی گەش و پاراو
پۆلەکچی مەستی تریقەو ، کۆرپەی هێلانە ئارام
ئەمان لەکوێ وتۆی ولاتی پەردوو لەکوێ ؟!
بێ بەراوورد !
هوروژمی هاوار گەرودەگرێ
هەنگاو هەنگاو دەچێتەوە سەرشاخ و هەردەکە
بەدیار دارستانی سووتاوەوە تف لەکۆمپانیای بۆمبادەکەی !
بەشاخ ودۆلا مل دەنێی
بەهەردەو دەشتا مل دەنێی
هەردەبێ شەو پێ هەڵگرێ
تادەچیتەوە زێدی خۆت .
نەچرنووک دڵی پێ دێتە دەر
نەئەو توزودووکەڵە چاوگەی چاوان جێ دەهێڵێ
نەئەو ژانە درکاویە سەربەردەدات ،
ئەم موتەکەیە خەونیە ،
ئاگرێکە وەی لەحاڵم !!
لەوی ئیتر کوڵی گریان دەتچەمێنێتەوە
ناوچەوان دەنێیتە سەر پەردوو !!

کیف ۱۹۸۹

# پیرەدار

رێبوار



وەرەتەکمەوە
سەرنجێک بدە لەو پیرەدارە
ئەمرۆ دواگەلای زەردی
هەڵوەری

بەرلەعەیامێ
ئەم پیرەدارە بەگەلاکانی
فرمێسکی چاوی ئاسمانی دەسری

وەرەتەکمەوە
سەرنجێک بدە لەوتاقەدارە
بزانە چەندین شیعروپەیمانی
لەسەرنوسراوە
بزانە چەندین مێژووی ژوانی
لەسەر کۆڵراوە

سەرنجت وردکە
بزانە ئەمرۆ ئەم تاقەدارە
چۆن گینگل دەدات
چۆن هاواردەکات
چۆن بانگ لەگری ئاگرێک دەکات
سەرنجت وردکە
بزانە چۆن بۆ دۆزەخ رادەکات

ئەم پیرەدارە
نایەوێ هەرکەس



بەلایا رەتبێ
پەرۆسوورێکی پیا هەڵبواسێ
تا یەوێ بێتە دا رەشەخسێک و
نەزری سوتانی عاشقان بگرێ

وەرەتەکمەوە
سەرنجەکانت زۆر وردکەرەوە
ئەم پیرەدارە تا ناسیتەوە؟

نابینی رەنگی لەرەنگم دەچێ
نابیستی دەنگی لەدەنگم دەچێ
ئەم پیرەدارە دوا عەشقی منە
بەبەرچاوتەوە ئاوا دەسووتێ

نابناسیتەوە
دەی زوکە رەحمێ ئاگرەکەی خۆش کە
با باش بسوتێ
بالەبەر گروکڵپەی سوتانیا
روخسارت زیاتر سوردا بگەرێ



وەرەتەکمەوە
با من سەرنجی چاوانت بدەم
دەبا بزانم لەناوچاوانتا
گروسوتانی خۆم بەدی دەکەم

ئاگرەکەی خۆشکە با باش بسوتێ
بەخۆڵەمێشی ئائەم ئاگرە
بادوا تابلۆی عومرم پێ بگرێ

ئەگەر عەیامێ
تێپەری بەسەر ئائەم کۆچەدا
سەرنجێک بدە لەوخۆڵەمێشە
بزانە ئێستەش ژیلەی دەسوتێ
یابۆتە گری باوەگورگورو
ساڵ دوانزە مانگە هەر کلپەدەگرێ

سەقز
١٩٨٩/٦/١٦

# گورگ

محەمەد حەمە باقی

– ١ –

دوێنێ شەوبوو ، کۆمەڵێک پەیکەری ئێسکەشەیتان
لەناو روبارەکارەکانی دۆزەخەوە دەرهاتن ،
هەریەکە شمشێرێکی بەدەستەوە گرتبوو . . .
شڵەژابوون ، ئەگەڕان بەشوێن خۆشەویستیتا ،
هەموو جێیەک گەڕان بۆت ، نەکەوتیتە بەردەستیان ،
بەڵام کاتێ زانیان وایت لەناوخوێنی منا ،
هاتن دڵمیان هەڵدری . . .

بەرەبەیان جریوەی پۆلێ مەلی کۆچەری
لەخەو رایان پەراندم ،
کەسەیری گزنگم کرد ، رەنگی سور هەڵگەڕابو . .
بیرم کەوتەوە ، دوێ شەو ، تۆیان زامدارکردبوو . .

باڵندەکان باوەشێ قژوپرچی خەنەیی
هەڵکێشراویان نیشاندام ،
هەر کەدیم ، ناسیمەوە . . .
ناسیمەوە ، ئەو قژە کێوییە ، قژی تۆ بو . .
ناسیمەوە . . گەلێ جار ،
ماچ و ، بۆنی تاڵ ، تاڵی ئەو قژەتم کردووە

– ٢ –

لەگەڵ باڵندەکانا ، سەرم هەڵگرت ، بۆت بگەڕێین . .
هەمووشت لەبەر چاومان ، رەنگی سور هەڵگەڕابوو . .

ئاسمان .. زەوی ... رەشەبا ...
دارستان .. بەفر .. دەریا ..
هەمووی لەلێوت ئەچوون ..
رەنگی لێوەکانی تۆش ، لەزامی دڵم ئەچێ ،
ئەی دڵە زامدارەکەم .. !
کاتێ تۆم لێ دیار نابێت ، لەئەسپی قەرەج ئەچم ،
نازانم روبکەمە کوێ !!

– ٣ –

ئەم گەرانەی ئێستای من ، پێچەوانەی سەراپای ،
چی ئەفسانەو ، داستانە ..
ئەمجارە تۆ – تەمووز – و – ئەدۆنیس – و – کاکەلاس –،
منیش – خاتوعەشتار – و – ئەفرۆدیت – و خەزاڵ خان –،
تۆ ، ئاوەدانیی گوندو ، شاران و ، وڵاتانیت ..
منیش ، بێ تۆ ، بێ گیان و ، تاریک و ، بێ بژێویم ..
تۆ ، سەرهەڵئەگری و ، ئەڕۆیت ..
( ئەچیت باران و ، گەنم و ، گولی – شورانی – بینیت ..
منیش لەدوات ئەگەریم ،
کەئەکەومە شوین کوچت ،
ئەستیرەو ، رووبارو ، گول ،
کارئاسک و ، دلداران ..
هەمووبەسنگ کوتان و ، قژرنین دوات ئەکەون )

– ٤ –

ئەترسم لەم کۆچەمدا ، دەستگیرم کەن ، بمگرن ،
هەر بەپرچەکانی تۆش ، دەست وپێم ببەستنەوە ..!

– ٥ –

هەر چواردەورت تەنیوم ،
سەدان رێگات کردۆتە سەرو ، دڵ و ، چاومەوە ..
هەر چۆنێ هەنگاو بنێم ،
رێچکەی دڵۆپە خوێنی زامەکەی تۆ ئەبینم ..
تارماییشت ، شەپۆل و ، هێرشی پەیتا پەیتای ،
– تەتەرو ، هۆلاکۆ – یە ،

بەسەرما ئەبارێن و، قولاّییم داگیرئەکەن ..
داگیر کردنێکی پیرۆز.!
ئەی داگیرکاری جوانم.!
ئەی دوژمنی دڵسوزم .. !

- ٦ -

لەژێر دارەبەنێکی پەل و پۆ هەڵقرچاوا ،
چاومان کەوت بە - مەولەوی - ،
دەروێش دەوریان لێدابوو ..
پێیان ئەوت : خاڵۆگیان . دە، سۆزێکمان بۆ بکە ،
با تروسکەیەکی خوا ،
بەرۆحمانا رابورێ ،
ئەویش کە ، سەیری هەردەی - شیروانە - و - بەمۆ - ی ئەکرد (١)
بە بێ عەنبەر خاتوون - ە
خور، خورِبەتاو ئەگریاو، سەیری - سیروان - ی ئەکرد،
لەئاوێنەی شەپۆلی بەرهەتاوی سیروانا ،
- عەنبەر خاتون - ی ئەدی ...
دەنگی هەڵئەبڕی ... ، ئەیوت :
" چاوم، کەولآتی تۆیە، هەمیشە چاو لەرِێتە،
غەریبی بەسە ئیتر، وەرەوە ناو چاوانم " ٢"

- ٧ -

ئەسپێک ، بەپرتاو ئەهات ، گەیشتە لامان وەستا ،
هەواڵی - خاک وخۆڵ - و - قەرەداخ - ی لێ پرسین ،
نامەیەکی نیشاندایین ، کردمانەوە ، نوسرابوو :
( حەبیبە گیان - ئەمناسیت ..!
ئەزانی بۆ ئاوارەم ؟
چونکە هەتاکو ئێستا ،
بەسەر شۆڕی و، کڕنۆش و، چەپکە گوڵەوە نەچوم ،
بۆ پێشوازی سوڵتانێک .. ! )

– ٨ –

گورانی بێژێکم دی ،
بەئاگری گورانییە سپی و سەوزەکانی خۆی ،
کوڵ و کۆی دا مردبوو ..
روبار دەوریان لێدابوو ..
کفنێکی رەنگاو رەنگیان ، لەگوڵە هێرۆ بۆئەچنی و ،
لەسەر سۆزو ئاوازی ، گۆرانییە شەیداکانی ،
سەمایان لەسەرئەکرد ..!

– ٩ –

لەرۆخی روبارێکا ، شاعیرێکی قەرەج و ،
دڵدارەکەی پێکەوە ،
دەست لەمل دانیشتبون ..
گوێمان لێ بوو ، کوڕەکە ، شیعری بۆ ئەخوێندەوە ..
ئەیوت : گیانەکەم . ئەگەر لێیان پرسیت لەبەرچی ،
سەرتاپای شیعرەکانم ، کێش و سەروا – یان نییە !
هەموی لەبەر ئەوەیە ، شیعرەکانیشم وەک خۆم ،
حەز ئەکەن ئازاد بژین .. !
کچەکەش بەوی ئەوت : ژنەفالچییەکەی خۆمان ،
دەستی بۆ گرتمەوە ..
ئەیوت : ئەگەر ئەتەوێ ، تەمەنت وەک روبار بێ ،
ئێوارانی هاوینان ، لەگەڵ دڵدارەکەتا ،
پیاسە بەو سەرشەقامە درێژانەدا بکەن ،
کۆتاییان بۆ نەبێت ..

– ١٠ –

شەوێکیان ، ئەستێرەیەک ئەمەی بۆ گێڕامەوە :–
پاشایەکی نینۆک تیژ ،
خۆی و ، پێنج کوڕو ، زۆربەی دەست و پێوەندەکانی ،

بۆ راو چوون بۆ کوێستانێ ،
ڕۆژێک بۆ حەسانەوە ، چوونە ماڵۆچکەی شوانێ ..
کوڕە ناونجی پاشا ، کەدەست ودۆی شیرینی ،
کچی شوانەکەی بینی ،
داخورپاو ، گەردەلوولێک ، لەناو سنگیا هەڵیکرد ،
هەستی کرد ، ریشەی دڵی هەموو تاڵ تاڵ دەرهاتن و ،
ئالأن لەتاڤگەی نیگای چاوی کچی شوانەوە ..!

کەماڵەکەیان جێ هێشت ،
بۆشەوێ ، کوڕی پاشا ، خۆی لەباوکی دزییەوە ،
گەڕایەوە ماڵی شوان ،
وەکو دوێنێ ڕێزیان گرت ، هەموو لەبەری هەستان ..
بەڵام ئەو ، لەبەردەمی کچەدا کڕنۆشی برد ،
کردی بەهاڕەی گریان ..!

پاشا ، بۆ رۆژی دوایی ، کەوتە سۆراخی کوڕەی ..
گەڕان .. گەڕان .. هەرگەڕان ...
سەدان گوندو ، هەوارو ، باخاتو ، کارێزگەڕان ...
کوڕە سۆراخی نەبوو ...
بەڵام لەهەموو جێیەک ،
لەناو رەزو ، دەوەن و ، تاڤگەو ، پەڵەچنارا ،
تەمێکیان ئەدی سپی ،
تارمایی کوڕی پاشاو ، کچی شوانیان تیائەدی ..
دەستی یەکیان گرتبوو ...
کوڕەکە پێی ئەوتن : لێم گەڕێن .. دەڵێم گەڕێن ..
ئیتر لەدوام مەگەڕێن ..
من ، زەبری عەشقێکی پاک ،
تێکەڵ بەدارو ، بەردو ، روباری ئێرەی کردووم ..!

پاشا ، دوای گەڕانەوە ، شەوان خەوی سامناک و ،
ترسناکی ئەبینی ....

شەوێک ، هەڵۆ ـ یەکی دی ، بەسەر زۆری تەلارو ،
باخچەکەیا ئەگەڕا ...
خێرا فرمانی دەرکرد

هەرئێستاکە .. دەست و برد ،
هەرچی مەل و ، باڵندارە ..
مەیان هێڵن لەم شارە ..!

ـ ١١ ـ

من ، کوڕە شازادەنیم ، بەڵام کەخۆشم ویستیت ،
لێم نەپرسیت : کچی کێیت .. لەکام چینی کۆمەڵیت
هەرئەوەندەم ئاگابوو ، لەناو قوڵاییمەوە ..
هەستێکی فریشتەیی .. سیحربوو .. سیحری سپی ..
سیحرێکی ئیجگار پیرۆز ..
رایئەکێشام بۆلای تۆ ...!
دوای ناسینی تۆ ، زانیم ، کێوی ئاگرینی عەشق ،
کەوادەی هەژانی هات ..
شەرم و سڵ ، لەکەس ناکات ..
پرس وڕا ، بەکەس ناکات ..
ئەجمێ ، ئەهەژێ ... ئەکوڵێ ..
لەپڕ ئەتەقێتەوە .. عەشق ، وەک ئاو هەڵئەقوڵێ .
هەڵقوڵام و .. هەڵقوڵام ..
هەڵقوڵام و ، رژامە باوەشی ئەم خاکەوە ...
ئەو ، رەنگی منی لێ نیشت ،
منیش ، رەنگی ئەوم گرت ..!
ئێستا من و ، نیشتمان .. من و ، خاکی نیشتمان ،
هەردوکمان گەنم رەنگین ..
ئەو ، بەفری زۆر خۆش ئەوێ و ،
منیش پێستە سپیەکەت ..!
ئەوەی کچە پەریانی ئەم وڵاتەی خۆش ئەوێ ،
هەرگیز ، هەرگیز ، ناشتوانێ وڵاتێکی خۆش بوێ ..
من ، ئێستا تۆم خۆش ئەوێ ،
هەموو وڵاتەکانی ئەم دنیایەم خۆش ئـەوێ ..
ئەی وڵاتە پیرۆزو ، سپی و ، بێ سنوورەکەم ..!

– ١٢ –

بێ ئەوەی کەس بتبینێ ، یا کەس هەستت پێ بکات ،
بوویت بەهەوا و ، ئۆکسجین ..
وەک ئەستێرەو ، خۆرو ، مانگ ،
چۆن شەوان بەنهێنی ،
لەشی رووتیان لەگۆم و ، زەریاکان هەڵئەکێشن ،
تۆش ، شەوان بەنهێنی ، بەژن و باڵای زرافت ،
لەرۆحم هەڵئەکێشیت ...

رۆحم ، لەباخی نەیجەی باڵای خۆت هەڵئەکێشیت ..
ئەی جوانە خوشکی رۆحم ،
ئەی خەنجەرە دەبان و بریسکەدارەکەی من ،
لەکێلانە سەوزەکەت ، دەرچو ، وەرە دەرەوە ،
با ، پرشنگی سپێتیت ،
ئەم باخە تاریکانە ..
با ، روومەتی ئەم هەموو گوڵە باخە رەشانە ..
رووناک .. رووناک کاتەوە ..
نا ، ببوورە گیانەکەم . با بچەقێت بەدڵی ،
ئەم سەردەمە زوقمەدا ...

ئەمە ، سەردەمی کۆچ و ، لەیەکتر دابڕانی ،
دەسگیران و ، دڵدارە ...
ئەمە ، سەردەمی مەرگی ساوا و ، مەل و ، بەهارە ..
ئەمە ، سەردەمی خەندەی گورگ و ، دوپشک و ، مارە ..

– ١٣ –

ئەوشەوەی – لاس – شێرانە ، چوبووە کۆشکی پاشاوە ،
چەپکە گوڵی – شۆرانی – ، بۆ خاتوو – خەزاڵ – ئەچنی ،
مانگە شەوێک بوو ، رووناک ..

کەنیزەکانی سولتان ، بێداربوون ، نەخەوتبوون ،
لەپەنجەرەکانەوە ، چاویان لەبەژن و ، بالای ،
جەوهەرداری جوانی بوو ...
هەریەکەیان لەجێی خۆی ، ئاواتی ئەخواست ، رۆژێ ،
دلدارێکی وایان بێ ..
یەک ، لەدوای یەک ، بەبەرگی پەری و ، رەنگاورەنگەوە .
هاتن .. خۆیان نیشاندا ..
بانگیان ئەکرد ، بۆ ژوری پڕ لەروبارەماج و ،
ناو باوەشی پەمەیی ..
کەچی ئەو ، دلی هەرلای ،
چاوە ئاسمانییەکانی ــ خەزاڵ ــ ی دلداری بوو ..
نەگولی باخچەو ، سەراو ،
نەدلی کەنیزەکــی ناو کۆشکی سولتانی ویست ..
هەرئەو شەوە ، بەپەلە گەڕایەوە .. لەوکێوە ،
چەپکێ گولێ ــ شۆرانی ــ ،
سەرلوتکەی بێ پەرژینی ، بۆخاتوو ــ خەزاڵ ــ چنی ..

— ١٤ —

تالێک لەوقژە کێویەت ، لەشیعرەکانما جێ هێشت ،
وتت : هەرکاتێ ویستت بێم بۆلات .. دیدەنیم کەیت ،
ئەم تالەقژەم لەناو ــ زێی بادینان ــ هەلکێشە ..

هەموو سبەینانێ زوو ، بەهەلەداوان ئەچم ،
ئەو تالەقژەت لەزێی بادینان هەلئەکێشم ....
ــ زێ ــ سەرتاپا گڕئەگرێ ..
تاشەبەردی دەربەندو ، درەختی ئەو کێوانەش ،
ئاگریان تێ بەرئەبێ ..
کەچی تۆ ، نایەیت بۆلام ...!

بەهار دێت و ، گول ئەڕوێت ، تۆ سەرێکم لێ نادەیت ..!
ــ سێو ــ پێ ئەگات ، هەرنایەیت ..

کە ـ لیمۆ ـ زەردبوو ، وەرە ..
لیمۆش زەرد بوو ، نەهاتیت ، کەنەخۆش کەوتم ، وەرە
نەخوش کەوتم ، نەهاتیت .. کاتی گیان کێشان ، وەرە(۳)

دایەگیان . ئەگەر مردم ، تاڵێک قژی یارەکەم ،
بخە کفنەکەمەوە ..
لەگۆڕیشدا مەمنێژن ..
بڵێ : بافرێم دەنە ، ناو زێی بادینانەوە ..
بەڵکو بەرە بەیانێک ،
کەیارم ، لەگەڵ مانگ و ، پۆلە کچی گزنگا ،
هاتن مەلەی تیا بکەن ،
هیچ نەبێ .. هەرپێم خۆشە ، بەمردوییش بیبینم ..!
بەمردووییش بمبینێ ..!

ـ ١٥ ـ

لەناو هەموو هەورێکا ، چەندان هەورە بروسکە ،
خۆیان تیا حەشار داوە ...
گشت سەهۆڵبەندانێکیش ، خۆر ، خۆی بۆمەڵاس داوە ..
تۆش ، ئەی ئەستێرەکەی من ، زوو خۆت روت بکەرەوە ،
با ، لەشە کافوورییەکەت ،
شەوەزەنگی ئەم سەدەکپە رووناک کاتەوە ..
بەڵام لەبیرت نەچێ :
ـ خەلیفە ـ ئێجگار رقی لەپرشنگ و ، لەعەشقە ..!
ـ خەلیفە ـ لەداخی تۆ ، بەسووتوی لەشی شاعیر ،
گڕی شەو ، دائەپۆشێ ..
کەواتە . پێش ئەوەی ئەو ، ـ خۆڵ و دۆ ـ بکات بەسەرتا و ،
بەچەپڵەو ، تەنەکە لێدان .. خێرا شار بەدەرت کات ،
هەروا بەلەشی رووتی ، عەرەبانەکەت پڕکە :
لەکاسەی سەری هەموو ـ خەج و ، ستێ و ، زینەکان ـ ،

دەنگیش لەئەسپەکان کە ،
با ، بەناو ئەم زریان و ، گەردەلوولە تووشەدا

بەرەوشاری وەنەشەو ، عەشق ، سەریان هەڵبگرن ..
لەوێ ، ملیۆنان دڵدار ، بەچاوی خۆت ئەبینی ..
هەمووی ئاوارەو ، نامۆ ...
سەریان ناوە بەسنگ و ، بەسەری یەکترییەوە ..
بەچرپە بۆیەک ئەدوون ..
چرپە شیرینەکانیان ، بۆنی ڕێحانە کێوی و ،
مێخەک و ، بەفری لێ دێت ..!
لەوێ ، ملیۆنان دڵدار ، بەچاوی خۆت ئەبینی ،
دەست نوێژ ، لەگۆمی خوێنی زامی خۆیان ئەگرن و ،
هەزاران نوێژ ، لەبەر پێی دڵدارانیانا ئەکەن ..!

— ١٦

کەدور ئەکەویتەوە ، دوای تاوێ دا ئەچڵەکێم ..
وەک ئەو منداڵەی بەدوای دایکیا رابکات و ، بگری ..
رائەکەم .. دوات ئەکەوم ...
هاوارئەکەم : گیانەکەم .. گیانەکەم .. لێم ببوورە .
قەیناکە . با — خەلیفە — بتکوژێ .. بتسووتێنێ ،
بەڵام بەجێم مەهێڵە ..!
کەچی گڤەی گەردەلوول ، نایەڵێ گوێت لەمن بێ ..
ئەڕۆیت و ، .. لێم ون ئەبیت ..

کەچی هێشتا ناگەیتە ئەوبەری ئاوەکەوە ،
لەناو دارستانێکی تاریک و سامناکەوە ،
پیاوەکانی — خەلیفە — ، دەست ڕێژێکت لێ ئەکەن ،
جەرگ و دڵت ئەپێکن ..!
خەریکیت لاربیتەوە ،
گۆمەکە هەڵئەسێتە سەرپێ ، ئەتکاتە باوەش ..!
بەڵام ... بەڵام .. جوانووەکە ،
لەئاوەکە ڕەت ئەبێ ، ئەگاتە ئەوبەرەوە ..
ئەشپرزێ .. بێ سەروشوێن .. چوارناڵە سەرهەڵئەگرێ ..!

سەمیرامیس — یش وەک تۆ ،
— نۆما — یەکی جوانی بوو .. ئێجگار زۆری خۆش ئەویست .
ڕۆژێک ، لەزۆرانێکا ، نۆماکە زامدار کرا ،

هێشتا زرپ و زیندووە ..
ئەمجارە، تۆ، زامداریت .. !
ئیتر هەربەو زامەوە، زۆر نەژیا، گیانی دەرچوو ..
سەمیرامیس، لەداخی مەرگی نۆما جوانەکەی،
هات، خۆی دایە بەرخەنجەر ..!

بەڵام تۆ، وەک ئەو مەکە ..
تۆ، ئەوەتا ئەسپەکەت، دوای سەدان هەزار زۆران،
دوای هەزاران زامدار بوون ..

ئای لەو ساتانەی کەتۆ، لێم دوورئەکەویتەوە ..!
لەو سەرخۆشانە ئەچم،
لەناو کەلاوەو، لەسەر شۆستەی شارە نامۆکان،
شەوان رۆژ ئەکەنەوە ..!

نازانم ئەو کاتانە، شەوم چۆن بەسەر ئەچێ ..
هەر ئەوەندە ئەزانم، هەموو شەو تابەیانی،
خەونت پێوە ئەبینم ..

لەخەونما، سواری پشتی جوانوویەکی سوورئەبیت،
بەسەر سەهۆڵبەندانی سەرگۆمی ـ زرێبار ـ دا،
بە بەرچاوما رەت ئەبیت ...
سەدان پۆلە باڵندەش، بەژوور سەرتەوە ئەفڕن ..
گوێم لێیانە گۆرانی ـ کیژان دەچنە مێرگولان ـ،
بەسەر بالاتا ئەڵێن ..

جوانووەکە، بەنیسکەو، ناز، لەوسەر شوشەی سەهۆڵە،
مل هەڵئەبڕێ، رووەوخۆر، جاروبار ئەحیلێنێ ..

سەهۆڵەکەش لەژێریا، کەپەل دائەنێ، ئەشکێ،
شەق ئەبات، ئەتوێتەوە ..
بەڵام خۆی ناکەوێتە ناو ئاوی گۆمەکەوە ..
لەبن گۆمەکەشەوە، هەزاران گوڵی خنکاو،
ئەکەونە سەرئاوەکە ...
باڵ ئەگرن .. ئەبن بەمەل، ئەفڕن .. دوای تۆئەکەون .

— ١٧ —

دوێنێ شەویش لەخەوما ، بەچارشێوێ نوستبووین ،
بەرەبەیان کەهەڵسام ،
تاڵێک پرچی خەنەییت ، لەسەر سەرینەکەم بوو ..

— ١٨ —

وەک جارانی مناڵیم ،
هەموو شەوێ گیتارێک ئەگرم بەدەستمەوە ،
بەتەنیا بەشەقام و ، کۆڵانەکانی شارا ،
تابەیانی ئەگەڕێم .. گۆرانیت پیا هەڵئەدەم ..
تۆ ، لەناو هەموو دەرگاو ، ناوچیغێکا ئەبینم ،
زیاتر ئەمخرۆشێنیت ..
پاسەوان ، دێنە سەر ڕێم ، گیتارەکەم ئەشکێنن ،
دەستیش ئەنینە بینم ..

تەلی گیتارەکەشم ، هەمووی یەک بپچڕن ..
دەنگیشم ، ئیجگار گڕو ، ناسازو ، ناقوڵابێ ..
بەڵام گیانەکەم ، ئەبێ هەر گۆرانیت بۆ بڵێم ..

---

١ ـ شیروانە ـ و بەمۆ ـ :ناوی شوین و چیایەکی ئەمبەروبەری روباری سیروانن لەنێوان دەربەندیخان وکفری دا .

٢ ـ ئەم دێڕەشیعرە ، هی ـ مەولەوی ـ خۆیەتی ، من بۆکێشی شیعرەکەی خۆم ، بەم جۆرە دامڕشتۆتەوە ... **ئەمە دەقی شیعرەکەیە :**

**مەوتەنەکەی چەم ، دایم هانەڕێت**
**غەریبی تاکەی ، باوە ماوای وێت**

٣ ـ ئەم کۆپلەیە فۆلکلۆرە ، بەوجۆرە دەستکاریم کردووە .

* ئەگەرچی ئەم شیعرە دەمێکیشە بڵاوبۆتەوە ، بەڵام هەڵەی چاپ و پاش وپێش کەوتنی ژمارەی کۆپلەکان لەوکاتەدا و ، دڵەڕاوکەی منیش بۆسەقامگیرنەبوونی دوا دەستکاری و دوادارشتنەوەی ئێجگاری ـ کەدڵنیام لەم رووەوە هەرگیزیش دڵەڕاوکەم تەواو نابێ ـ بەچاکم زانی دووبارە بەم شێوەی ئێستای بڵاوی بکەومەوە .

# کورتە چیرۆک



# چەند نامەیەکی کراوە

نەجیبە ئەحمەد

## نامەی یەکەم

شەونم گیان

بێت سەیر بەبێ شەهیدێک نامە ئاراستەی خۆشەویستەکانی بکات، من دەمێکە حەز ئەکەم پێتان بڵێم کە شەهید ئاگای لە هەموو شتێکەو هەمیشەش بۆتان ئەدوێ . بەلاّم ئەم خۆڵە عاشقە نایەڵێ گوێمان لە یەکتر بێ ...

شەونم .. ئاگام لێیە ، تۆو دایکم و خوشک و برا و هاوڕێکانم ،ئێستا لە کاتی شەهیدبوونەکەم پەروشترن ،ئەڵێن گوایە لەوەتەی ئەو دێیەی (منی بەیەکجاری پێ سپێردرا ) زەلیلە وەکو هەموو دێهاتەکانی تر وێرانەیە ، من بە زیندانی ودیل ئەزانن ..نا . نا شەونم گیان ، خۆتان چاک ئەزانن . من قەت بەدیلی رازی نابم نروا بکەن ،هەتا سەنگەرێک ،لوتکەیەک ،دارەبەنێک ،کوێرە کانییەک ، بستە دەشتێک لەم خاکەدا مابێ لەوێم وخوم بە دەستەوە نادەم ،ئێوەش هەر وا بژین ..دایکم هەموو جاری لە سەر گۆرەکەم بە دەم قولپی گریانەوە ئەیووت (( ئای.. رۆڵە .. چەندت شایی بە کوردستانی دا دەهات ، سەد بریا هەر تیایدا هەڵسورابای .)) پێم نا خۆش بوو دایکم وای ئەووت ،چونکە خۆ من هەر تیایدا هەڵدەسورێم ،ئێوە ئاگاتان لێ نییە ، ئەموویست لە ژێر خۆڵەوە ئەوە بەدایکم بڵێم ،کەچی ئەم عاشقە خۆپەرستە ( ئێوە وەکو من نایناسن ) وا باوەش بە خۆشەویستەکانیدا ئەکا نایەڵێ گوێتان لێمان بێ ... ئەو رۆژەش کە دوا جار هاتیتە سەر گۆرەکەم (هێشتا گوندەکەمان ئازاد بوو) هەستم کرد بۆنێکی سەیر ،ناو قەفەس وگۆڕو سنگمی داگیر کرد ،بۆنی مسک بوو، نازانم ،رەنگە وا بێ ،چونکە تۆ هاودەمی ئاسکە کێوییەکانی ، ئەو بۆنەش بۆنی ناخی ئاسکەکێوی وهەناسەی تۆ بوو .. بۆنی شەوق و تاسەو عەزرەتی بوو. .هەموویت رژاندبووە چەپکی گوڵی، رەنگاو

ڕەنگەوە ولە گولدانێکی ئاڵتونی ڕەنگدا کەلە ڕەنگی جارانی قژو پێستی ئێستات ئەچوو هێنات، بەدەم فرمێسک هەڵرشتنەوە هێدی هێدی سەرنگمت هەلدایەوە هەندی فوولێت کرد وگولدانەکەت چەقاندە ئەو چاڵە بچوکەوە وحولەکەی سەر سنگمت کردەوە چوار دەوری گولدانەکە، لەبەر خۆشتەوە ئەتووت: بە خودای هەر خۆم دڵم پێ خۆشە، دەنا دەزانم ئەتو چ پەکت پێ نییە وپێ نازانی ...

نا..نا..شەونم گیان، چۆن دڵت هات وات ووت، چۆن پێ نازانم، ئەوە کلەییە یان چییە..؟ ڕەنگە ئەوسا لەبەر سەرقاڵ بوون و ڕاکە ڕاکی ئەم سەنگەرو ئەو سەنگەر، ئەم لوتکەو ئەو شاخ سەری هەندێ شتم نەپەرژابێ، تەنانەت سەرم نەپەرژاوە دیقەت لە جوانییەکانی تۆش بدەم، بەلام شەونم تۆم یەکجار خۆشئەویست، هەرگیز ئەوەندەی ئەو ڕۆژەی گولدانەکەلەودەست وپەنجە شمشاڵیەت ورد نەبوومەتەوە، ئاخ ئەگەر ئەم خۆڵە شەهید پەرستە ڕێگای ئەدام جارێکی تر شمشاڵی ئەو پەنجە ناسکانەت بخەمە سەر لێوی ووشک هەڵاتووم ئەمزانی چۆن هەڵم ئەمژین وئەمکردن بە ئاوازی گورانییەکی نەبیستراو بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە ئازا، گوم ناوانەی کەس باسیان ناکات، تۆش یەکێکیت لەو پێشمەرگە ئازا نەناسراوانە ..

شەونم.. بڕوا ئەکەیت کەلە سەنگەردا پەنجەم ئەخستە سەر پەلە پیتکەی تفەنگەکەم تۆم لەبەر چاو بوو بە تەشتێ جلی پڕ لە کێچ وئەسپێوە بەرەو کانی خل ئەبویتەوە یان تەشتە هەویرت بەنیخەنیخ بەرەو تەندورەکەی پوورە ئایشێ ئەبردو لەو سەر بە روییەکی گەش وپڕ لە خۆشەویستییەوە تەشتێ کولێرە چەورت ئەهێنایەوە وئەتخستە بەر دەمی کورە ئازاکان.. ئەتووت: دەمێکە لەو سەر کێوانە نانە ڕەق ئەخۆن، وەرن سەرو کولێرە بخۆن، بۆ ئێوارەش مەنجەڵێ یاپراخم بۆ لێناون ...زورجاریش کە زرمەی توپێ یان نەرەی تەیارەیەک ئەهات، ئازا بۆی، نەئەترسای، گوێم لی بوو ورەوغیرەتت ئەخستە بەر ئافرەتەکانی تر... شەونم..کەلە سەنگەرەکەمدا ئەمانەم ئەهاتنەوە بەر چاوبزەیەکی سەرکەوتوانەم ئەهاتێ.. ئەمووت: ئۆخەی شەونم هەر ژن نیە، پیشمەرگەیەکی ئازاشە..بە ڕاستی ئەم ژیانی پێشمەرگایەتیییە قوتابخانەیە.. ئاوینەیەکە نەک یەک دیو، بەلکو هەموو دیوەکانی مروفنیشان ئەدا.. ئەو ئاوینەیە دل گەورەیی و مرۆڤایەتی توی نیشان دام..بەلێ من سەرەتای هەرزەکاریم وهەتا ماوەیەکیش پاش هینانی تۆ هەر دلم لای "مینا"ی ئاموزام بوو.. دەمێک بوو دڵ خواز بووین بەلام لە بەر ئەوەی لەسەر بریاری دایکم وباوکم بە ژنبەژن تۆیان لە من مارە کردبوو هەمیشە ئەیان ووت: نابێ لەبەر خوشکەکەت، تازە ئەو کۆشێ خیزانی هەیە، ئەبی هەر شەونم بێنی.. بەناچاری تۆی شۆخم هێناو "مینا"ش شوی کرد ومنی لەبیر کرد، تۆش هەندی جار وات هەست ئەکرد کە گوایە هەر دڵم لای ئەوە..سەرزەنشتت ئەکردم، ئەتووت: ئەگەر دڵت لامان بێ هەڵبەتە جارێک رووت خۆش ئەبێ لە گەلمان .....

شەونم گیان: ڕاست ئەکەیت من هەمیشە بێ تاقەت وخەمبار بووم، بەلام ئەو خەمەم عەشقی ولێکدانەوەی ئەم خاکە بوو... سەرو ڕۆحم بە خۆشەویستی ئەم کوردستانە و خەڵکەکەی داگیرسابوو، ئەگینا ئێوەم فەراموش نەکردبوو.

شەونم ، لە سەنگەردا تۆ ئەبووی بە تارمایی سەرکەوتنێکی گەورە ،باڵت بە سەر هەموو سەنگەرەکاندا ئەکێشا ،منیش بەو گەشکەو خۆشییەوە لەم سەنگەر بۆ ئەو سەنگەر قەڵەمبازم ئەدا بۆ ئەوەی لە هەموویاندا باوەشت پیا بکەم ، توند بتنوسێنم بە خۆمەوە ،لە پر زرمەی تۆپێ تارماییەکەی تۆی لە ناو تەپوتۆزا لێ وون ئەکردم ، کاتێکیش سەیری خۆمم ئەکرد توند توند تفەنگەکەم بە سنگمەوە نووساندووە ،هەموو جارێ ئەموویست ئەمەت بۆ بگێرمەوە ،پێت بڵێم تولای من هەر هاوسەر نیت ،پێشمەرگەکی گەورەی ،بەلام نازانم بۆ بۆم نەئەگیرایتەوە ،ئەبێ هی خۆشی سەرکەوتنەکان بوبێ ؟ یان چی بێ ؟ تەنانەت دوا جاریش کە پێکرام ،ئازادی برام وهاورێکانم نەیانئەزانی پێکراوم ،خوێن لە هەموو گیانمەوە فیچقەی ئەکرد ،هەڵمی لێ هەڵئەسا ،تا ئەهات سەرو سنگم قورس ئەبوون ،تۆش ببوی بە مەشخەلانێکی گەورە وبەپەلە ئەم سەنگەرو ئەو سەنگەرت ئەکرد ،منیش بە دوای تارماییەکاتدا رامئەکرد ،بەو هیوایەی بتگەمێ ، لە دوا سەنگەردا دەستت بۆ درێژ کردم ،دەستم بەر دەستت کەوت ،زرمەی دەست رێژێ هات و بۆیەکجاری هەناسەم قورس بوو ،کەوتم ، ئەو دەست رێژە دەست رێژی سەرکەوتن بوو ، کەچی ئەوان لایان وابوو ئەوسا پێکراوم ،ئازاد هاواری کرد :ئای کاکم پێکرا...
مەحمود ـ کە هاورێی گیانی بە گیانم بوو هاتە دەنگ : هاوار لە خۆم ..هەموو جارێ هاواری ئەوەم لێکردوی کە ئەوەندە ئەم سەنگەرو ئەو سەنگەر نەگەی ،بە قسەت نەکردم، وبستم بڵێم ،هەموو جارێ بە دوای مەشخەلانی سەرکەوتندا ،بە دوای تارماییەکەی شەونمدا رامئەکرد ،بەلام فیچقەی خوێنێ گەرم وهەڵماوی بەربینی گرتبووم ،نەیئەهێشت قسە بکەم ، تا شەهید بووم ..کە شەهید بووم ،ئاگام لێ بوو پێشمەرگەکان لێم ئالان ، هەلیانگرتم بەرەو کوێرە دێیەکی دامێن ودوور لە ئاگری شەرەکە ،لەوێ لە بەر مزگەوتەکەدامن و چەند شەهیدێکی تر راکشابووین ،خەڵکی دی کۆبونەوە ،ژنان بەدەم ئاوگەرم کردنەوە جار جارە چاویان ئەسری ودەستیان بە دەستدا ئەدا ،پیاوان هەر یەکە لەبەر خۆیەوە قسەی ئەکرد ،گوێم لێ بوو ئەیان ووت :
((لای خوا حەیف نەبێ ،بە خوا حەیفە ئەم شێرە کورانەمان لە کیس ئەچن)). ئێوارەی پێشووبەرلەوەی بگەینە شوێنی شەرەکە ،لەم دێیە لامان دا ولەوبەر ئەماوایی دانیشتین منالان دەوریان لێ داین ،هەر دیقەتیان ئەدایین ،لە تفەنگ وتاقمەکانمان ورد ئەبوونەوە ، منالێکی جوانکەلەی پێنج شەش ساڵەی تیا بوو ،بانگم کرد
ـ ئا وەرە بچکۆل گیان ،بزانم ناوت چییە ..؟
ـ ناوم قارەمانە
ـ حەز ئەکەیت ببی بە چی کە گەورە بووی ..؟
ـ حەز ئەکەم ببم بە پێشمەرگەیەکی ئازای وەکو ئێوە ...
ـ ئافەرین

دوای شتن وکفن کردن ،لە پەلەچنارەکانی ئەوبەرەوە یەکدوباوەشگەلایان هێنا ولە گەڵایان گرتین ،ئەگەرچی کات چێشتەنگا وبوو بەلام گەڵاکان هێشتا نمەی شەویان پێوە بوو ، بۆنێکی سەیریان لێئەهات ،لە بۆنی کەزیەکانی تۆ ئەچوون کە ئەتشتن ،لە

لەبۆنی خاکیش ئەچوو کەیەکەم پەلەی بارانی بەر ئەکەوی ..وویستم باوەش بکەم بە گەڵاکاندا کەچی هەموویان بوون بەیەک وبوون بە تارمایی باڵای تۆ ، بوون بە مەشخەڵانی سەرکەوتن وبەسەر سەنگەرەکاندا ئەخولایەوە ،منیش هەر بە دوایا رامئەکرد و دەستم بو درێژ ئەکرد .. نازانم چەندم راکرد وپاش چەند بوو خۆم لە ژوورێکی مزگەوتی گوندەکەی خۆماندا دیتەوە ،خەڵکی گوندو هاورێکانم ،( مەحمود بە برینداری، بە شانێکی شکاوەوە ) لەوبەر مزگەوتەدا کزو خەمبار وەستا بوون ،کاتێکم زانی ئازاد تۆ ونەسرین ودایکمی هێنا بو ئەوەی دوا چاوپێکەوتن وماڵئاوایی بێ ،ئێوە خۆتان ئەزنی،ئەوەندەی نەخایاند منیان خستە باوەشی ئەم عاشقە خۆپەرستەوە ،من ئاوا شەهید بووم ،هاتمە باوەشی خاکەوە ..شەونم گیان ..خۆمن نەمردووم ،هەمیشەبە ئاگام ئەزانم هەمووتان وەکو باوکم بە سوێی منەوە ئەمرن بەلام پێم خۆش نی یە وابن ، حەز ئەکەم تۆ بۆ شنەو شاخەوان ، نەسرین بۆ دوا رۆژی خۆی ،ئازاد بو خزمەتی گەل و خاک ودایکم بو هەمووتان بمێنێ .سێ روژ دوای شەهید بوونم هاورێکانم بە کۆمەڵ هاتنەلات ،پێیان ووتیت گوایە من شەهیدم ورێگای سەرفرازی وشانازیم هەڵبژاردووە ، تۆش بە زمانێکی سادەوشیرینەوە،وەکو ئافرەتێکی خوێندەواری ،رۆشن فیکر رووت تێ کردن..

- براکانم ..لەوەتەی هەڵۆ ئەم رێگایەی هەڵبژاردووە ،زانیومە شەهید بوونیشی تێ ئەکەوێ ،لەبەر ئەوە شانی خۆم بۆ ئەو بارەش ئامادە کردووە ..ئاگاتان لە ئازاد بێ ...،

شەونم گیان ..خۆم بە شەهیدێکی گەورە ئەزانم چونکە تۆ وشنەو شاخەوان وشاخەکانم بۆ داهاتوو بەجێ هێشتووە

## نامەی دووەم

من نازانم دەردە دڵی خۆم بۆ کێ بکەم ;چونکە هەرچی پێی بڵێی کەس وکار لەدوورو نزیک هیچیانم نەماوە ..

- حەی ..حەی ..حەی ،ئەوە ئەڵێی چی..؟

خەڵکینە ئەوە حەمە رەسول ی مێردمە ،لە لای راستمەوە راکشاوە وسەرزەنشتم ئەکات ئەڵێ ،چۆن وا ئەڵێی ..؟

- بەڵێ وا ئەڵێم .. ئەڵێم تۆ لە پاش شەهید بوون وهەستانەوە نابێ قسەی وا بکەیت ئەبێ رووی دەمت لە هەموو کەسێکی بەشەرەف بێ ، بۆ هەموو ئەوانە بدوێ کە لە گەڵ کارەساتەکەماندا ئەتلێنەوە وجەرگیان بۆمان ئەسوتێ ..ئەوانە کەسمانن ..کەسی نزیک

- باشە رەسول گیان .. باشە ..

من ناوم پیرۆزە ..تەمەنم (٢٨) ساڵە ..خەڵکی شارێکی خنجیلانەی خوێن گەرم بووم..
(ئەم شارە کچی دایکێکی جەرگ سووتاوی ،بەژن وبالا خوێناوی بوو.. ئەم کچە تا ئەهات
هەر شەنگتر ئەبوو ،خەڵکی ئەیان ووت ،ئەوەندە جوان ونازدارە ،رۆژێ ئەبێ بە چاوی
دایکیەوە و،تووشی دەردێکی گران ئەبێ) تا دوێنێش لە شارەکەی خۆماندا بووین ،کەچی
ئەمرۆ لەگەڵ دەیان کەسدا لە سنگی ئەم دۆڵە داجیگیر بووین .چاوەروانین ،هەندێ
خۆڵمان پیا بکەن ولەبەر چاو گوم بین ،ئەزانن چۆن گەیشتینە ئێرە ؟
– هەڵبەتە ،نازانن ..بۆتان ئەگێرمەوە
چەند رۆژێک بەر لە کارەساتەکە ،دوو هەواڵی دڵتەزێنیان بۆ هێنام ..دوو کۆستی
گەورەم کەوت یەکەمیان شەهید بوونی شێرکۆی برام بوو، کە پێشمەرگە بوو لە
ناوچەیەکی ترو لە رووبەروو بونەوەیەکدا شێرانە شەری کردووە تا بەدەستی دوژمن
شەهید کراوە ..من دوو ساڵ لە شێرکو گەورەتر بووم ،بەڵام هەر لە دووانە ئەچوین .
بەینمان خۆش بوو .ئەو شەش سالان بوو کە باوکم ئەمری خوای کرد ،دایکیشمان ئەوەندەی
نەبرد باوک وبرا بردیانەوە و ژن بەژنێکی تریان پێ کردو ،ئێمە کەوتینە لای مام
وئامۆژن ،مامم ئێمەی زۆر خۆش ئەوویست .حاڵیشی زۆر خراپ نەبوو ،ئەویش تاقە کچێکی
هاوتەمەنی منی هەبوو ،ئامۆژنم لە دوای ئەو کچەوە تووشی دەردێک ببوو ،سکی نەئەکرد
گەلێکیش ئەملاوئەولای ئەکرد .هەندێ جار کەبە مامیان ئەووت :ژنێکی تر بێنە ، با
ئەولادێکت ببێ .ئەیووت :
– شێرکۆ خۆش بێ وەجاغم کوێر نیە
ئامۆژنم ئافرەتێکی بەستەزمان بوو بەلام هەندێ جار ،بۆڵە وکوروزانەوەی هەبوو. ساڵی
دوایی مامم شێرکۆ ی خستە بەر خوێندن ،تا بڵێی زیرەک بوو ،بەیەکەم دەرچوو، سەری
ساڵ ماموستاکان جووتێ پێلاو ،مامیشم شەرواڵێکی تازەی بۆ کری ،هەر لەیەکەم رۆژی
تەعتیلیشەوە بردیە لای عەول -ی فیتەر و، کردی بە شاگرد لەوێ ،ئیتر هەمو و
بەیانیەک سەعات شەش مامم خەبەری ئەکردەوە ،هەندێ جار خەوبەری نەئەدا ،ئەپارایەوە
تو خوا با تۆزێکی تریش بخەوم مامم بە نەرمێکەوە ئەیووت :
– لەوسەر کە هاتیتەوە تێر بخەوە .
شێرکو تا سەعات شەشی ئێوارە ئیشی ئەکرد ،ئێوارەش کە ئەهاتەوە هەر لە ریــوە
رۆژانەکەی ئەکردە دەستی مامم
ئێوارەیەکیان هاتەوە ،زۆر دڵی خۆش بوو، کێشای بە وورگیاو ووتی :
– ئەمرو زور تێرم ،کەبابم خواردووە ، کەباب
هەموو پێکەوە ووتمان ،چی بووە ، وا کەبابتان خواردووە ؟
– ماڵی وەستام کوریان بووە ، کور .. وەستام لە خوشیاندا سینیەک کەبابی بردەوە
بۆ ماڵەوەو، پێنج شەش کەبابیشی بۆ من دانا .
ئامۆژنم ئەبڵەق بوو ..
– جا هەموویانت خوارد ..؟
شێرکۆ تریقایەوە :

ـ ئەی بۆ نا .. هەموو رۆژێ نان وماستیان نان ونەماتەیە ،دەبا جارێکیش کەباب بێ .

ئەمەی ووت وبەرەو دەرگای حەوشە قەڵەمبازێکی دا تا فریای فتبولێنی ئێوارە بکەوێ ، منیش خەیاڵم لای نان وکەبابەکەی نیوەرۆ بوو ،لە دڵی خۆمدا ئەمووت :

ـ (ئەگەر منیش کوڕبوومایە ،ئێستا لەگەڵ شێرکۆ ـ دا شاگرد ئەبووم ولەو کەبابەم بەر ئەکەوت .) لەبەر دەرگاوە بانگێکی کردم لەو دیوی دەرگای حەوشەوە وەستابوو .دەستی لە گیرفانی شەرواڵەکەیدا بوو ،بە دەنگێکی بەرز ووتم :چیت ئەوێ ..؟ ئەو چرپاندی

ـ بە خوا پیرۆز گیان دڵم نەهات هەموو کەبابەکان بخۆم بەشی تۆو نەسە ـ شم هێناوەتەوە ئەگەر لەترسی مامیشم نەئەبوو هەموو رۆژێ بە نیوەی رۆژانەکەم نان وکەبابێکم بۆ ئەهێنایتەوە .

ئیتر من ترس وخۆشییەکی سەیر دڵمیان خستە لەرزە ،

ـ جا چۆنی بخۆم ،ئەی مامەو مامۆژنم ،باشە نەسە ـ ش لە ماڵ نییە .

ـ خەمی ئەوانت نەبێ ، برۆ سەتڵێ ئاوو ،گەسکەکە بەرەو سەربان ئاورشێن بکەو گەسکێ بدە ،بەو بیانووەوە پاروکە بخۆ ..

ـ ئای کە ئەو نان وکەبابەم لا خۆش بوو .. تام و بۆنێکی سەیری هەبوو.. هەتا درەنگانیکیش ئەو تام و بۆنەم فەرامۆش نەئەکرد ..

ساڵ هات وچوو شێرکۆ گەورەبوو .. هەتا تەمەنی هەرزەکاری هەروا هاوینان لەدوکان شاگردی ئەکرد وزستانان ئەچوە قوتابخانە پاشانیش چووە بەغدا و لە دانشگا وەرگیرا ، ئەو ساڵانەش هەر بە پلە ونمرەی باشەوە ئەهاتەوە ..شێرکۆ لە هەموو هەڵسوکەوتێکدا نموونەی رەوشت بەرزی و وەفا و دڵسۆزی بوو. من ونەسرین ـ ی ئامۆزام بەرەو دوا شوومان کرد ،من بە حەمە رەسوڵ کە باوکی ئاموزای باوکم بوو، ونەسرین ـ یش بە کورە خاڵێکی خۆی ،هەردوکمان داڵدەی باش بووین بۆ شێرکۆ ،بە تایبەتی دوای نەمانی مامم وئامۆژنم ..

شێرکۆ گیان هەر کە لە دانشگا رزگاری بوو ،سەربازی نەکرد ،چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان ، ئیتر من ونەسرین هەمیشە دەست بە دوعا بووین .لە هەر لایەک دەنگی شەر ببوایە ،یا گوێمان لە تەقەیە ،تۆپێ ،بووایە خێرا یەکی خێرێکمان قەرار ئەدا وتا هەواڵی سەلامەتی شێرکۆ ئەهات هەڵئەقرچاین .

چەند رۆژێ بەر لە کارەساتە گەورەکە ئەو هەواڵە دڵتەزێنەیان بۆ من ونەسرین هێنا .هەواڵی شەهید بوونی کاکە گیان ، ئیتر یا خوا (کافر بە جەستەمان بێ) هەتا توانیمان قوڕو خۆڵمان کرد بەسەرا وپاشان خەڵک و خوابەخێری خۆیان بە باوکە رۆوبرا رۆ بردیانینە ماڵەوە .دوای مەرگی شێرکۆ مەرگی خۆمان بە ئاوات ئەخواست ، باش بوو هەر زوو بە خاوو خێزانەوە گەیشتینە کاروانە گەورەکەی شێرکۆ .

دوا بەدوای ئەم هەواڵە جەرگ برە ،هەواڵی شەمام ـ ی خاڵۆزام هات .

شەمام چەند ساڵێک بوو ،دەستی لە مامۆستایەتی هەڵگرتبوو ولەگەڵ ئەحمەد ـ ی مێردییا پێشمەرگایەتی هەڵبژاردبوو وبە هەموو سەختیەکانی قایل بوون وخۆیان بە پاشای سەر

تەختەنەئەدا .. دوو منالّی خنجیلەشیان هەبوو ،ئەوانیان لە شار لای نەنکیان دانابوو

هەر لەو هەفتەیەدا کە شێرکۆ شەهید ببوو گوندەکەی لای ئەوانیش بەر شەپۆلی شالاویکی سەختی بێ رەحمانەی دوژمن کەوتبوو ،خەڵکی گوندو پێشمەرگەکانی دەوروبەر ناچار بوون بەری بۆ چۆل کەن وبەرەو کوردستانی ئەودیو بەری بکەون (هەڵبەتە ئەوە دوای شەرو کوشتاریکی زۆر بووە). ریگای خۆ دەرباز کردنەکەشیان یەگجار سەخت بووە هەرلە یەکەم هەنگاویاندا تۆفوزریانێکی وا هەڵیکردووە ،دایک سەری منالّیئەپەرژاوە، شەمام و ئەحمەدیش بە جووتە لەگەڵ دەیان کەسی بە شەرەفی تردا گیانیان بەو بەفرە سپاردووە. هەڵبەتە لەیەکەم هەنگاوەوە زانیویانە جارەنوسێکی تاریک جاوەرێیان ئەکات بەلاّم ئەوەیان لاچاکتربووە لەوەی بەردەستی جاش و سیخوران بکەون .. بەلێ ئەو کاروانەش ـ کاروانی میحنەتییەکی گەورەبوو، خەڵکی ئێرە بەرلەکارەساتەکە زۆر بە پەرۆش بوون ، ئەیان ووت : ئازای وا هەبووە هاورێ برینداریەکەی داوەبەکۆڵیا وبەناو ئەوتۆف وزریانەدا بردویەتی تاهەردوکیان لەگۆ کەوتوون ، ئەشڵێن دایک منالّی لێ بەجێماوە بۆی نەگەراوەتەوە ..گێرایانەوە کەچەند کەسێکی ئەوکاروانە لەوسەربەفرە شەویان بەسەرادێت . ژیانیش زۆرشیرینەو مرۆف لەپێناوی مانەوەی ژیانییدا هەمووشتێ ئەکات ، ئەوانیش بۆئەوەی خۆیان لەوسەرماو زریانە بپارێزن ، تەرمی شەهیدەکانی دەوروپشتیان کۆکردوەتەوەو کردویانە بەکەڵەک وپەرژین ولەپەنایدا دانیشتوون تارۆژ بوەتەوە، سبەینێش کەوویستویانە جیاجیا بیانشارنەوە لێک نەبوونەتەوەوبۆیەگجاری بوون بەدیوارە بەفر.

هێشتا بەنجی ئەم دووکارەساتەبەری نەدابووم ، کەشارەکەمان لەگەڵ کاروانەکەی ئەواندا جووت بوو. رەنگە شەهیدەکانی تر لەمن چاکتری بگێرنەوە چونکە ئەوان بەهۆش و گۆشتربوون ، ئەوەندە ئەزانم حەسەن ـ ی پورزای حەمەرەسول هات ، شپرزەو هەلبزرکاو. بەحەمەرەسول ـ ی ووت :

ـ کاکە بامشوری ئەم ژن و منالاّنە بخۆین ، ئەمە دوژمنەو ئامانی نیە،

ـ جاچی بکەین ..؟

ـ چۆن ، هەر هیچ نەبێ لەشاریان دووربخەینەوە، بەخوابست بەبستی دائەبێژێ ، من لەولاوە دەستم بەگریان کردو، ووتم :

ـ هەمووتان برۆن ، من بەجێ بهلین ، بادوای شێرکۆ ـ ی برام نەژیم ، خۆمن لەو زیاترنیم ، حەسەن برێک راماو ووتی :

ـ براژن گیان ، کەسمان لەوزیاترنین وداخی والەدڵیهەمووماندایە، بەلاّم ئێمە ئەڵین زەرەرلەنیوەشی بگەرێتەوە باشە .

حەمە رەسول قەت ئەوەندە دەستە پاچەنەبووە، یەگجار مات بوو، بەکزیکەوە ووتی :

ـ باشە چی ئەڵێی وائەکەین .

ـ ئەڵێم بائێستاجارێ بچینە ژێرخانەکەی ئێمەوە هەتاهەندێ خۆراک وپێویستی کۆئەکەینەوە ئەوسا وەکو ئەوانەی لەشار دەرئەچن بەرێ ئەکەوین .

لەسەر قسەکەی حەسەن هەموو چووینە ژێرخانەکەوە . ژێرخان جمەی ئەهات، نزیکەی

پەنجا کەسێکی تیابوو، ئەوەندە نەبوو گەیشتبووینە ژێرخانەکە، هێشتا فریا نەکەوتبووین توێشەبەرەی سەفەرەکەمان سازکەین کەلەناکاوزرمە پەیدابوو ودوکەڵی رەش و سپی ئاسمان وزەوی وەک یەک داپۆشی ، هەرکەسە لەلای خۆیەوە کەوتبووە پارانەوەو نزاو ئایەت خوێندن ، دوعاونزاکە لەدەممان دابوو، ئایەتەل کورسیەکە نیوەناچڵ بووکە دووبارە هاڕەونالەپەیدابووەو، لەگەڵ هاڕەی فڕۆکەدا گازی کیمیاوی دابارییە ناومان و هەموو لاڵ وپاڵ لێی کەوتین ، ئەمجارەشیان هەربۆکلۆڵی من بوو، کەدواکەس گیانم سپارد، چاوم لەمەرگی هەموویان بوو، منالەکان چونکە ناسک بوون ، هەرهیچ بەرگەیان نەگرت، پشکۆی کورم تاگیانی دەرچوو هەرئەیووت : خالەگیان ، دەستم بگرە، دێم بۆلات ، دەی واهاتم .. هاتم ..

حەمەرەسوڵ ونەسرین - یش پاش هەندێ هاوارونالەکپ بوونەوە، حەسەن ومەنیج - ی ژنی بەسکەخشکێ زۆرخۆیان کوتابگەنە هیوا - ی کوریان کەلەناودەرگاکەسەری لەلەشی ببووەوە بەڵام هیچیان نەگەیشتنە جێی مەبەست ورۆحیان دەرچوو، سەرەکەی هیوا هێشتا وەکو کەلەشێری سەربراو هەڵبەز هەڵبەزی بووبەو ناوەدا !

پاش کپ بوونەوەی فڕۆکەکان ، ئاگام لێ بوو فرەفرەی ئۆتۆمبیلێک پەیدابوو، چاوم ئەوەندەی نەئەبینا و گوێشم پچرپچر ئەیبیست- مام ئەوڵڵای دراوسێمان وچەند کەسانێک رۆحیان تیامابوو، وهاوارهاواریان ئەکرد، شێرزاد - ی جەمال بەگ خوادەست بەباڵییەوە بگرێ لەوکاتەدا هات و وەکو خەوببینم ئاوا ئاگام لێ بوو پانزەشانزەیەکی خستە ئوتوبیلەکەیەوەو ئەیووت : هەرئێستا ئەتانگەیەنمە ئاوەکەی شاسوار - ئەوە و باشە دووریشە ...

ئیتر نازانم چیتر روویدا، چونکە چاو، وهەموو ئەندامەکانم تائەهات قورستر ئەبوون وهەناسەم سوارئەبوو، تالەپرێکا نەمتوانی چی تر هەناسەبدەم. ئیستاش پێتان سەیرنەبێ قسەئەکەم . چونکە شەهیدم ، ئەی نالێن ئەگەر خوایەکێکی نەوێ، ئەوپلەیەی پێ رەوانابینێ .. من دڵنیام رۆژێ دادێ کەهەموو شەهیدەکان ئاواوەکو من هەستنە سەرپێ ، هەموو ئەندامەکانیان ببێ بەپەنجە وخۆی بەرەو چاوی دوژمن راکێشێ ..

# نامەی سێیەم

ئەرێ خەڵکینە من ئەناسن ...!

ها .. ها .. ها .. نەوەڵڵا ... دڵنیـــــیام کەستان بیریشتان لێ نەکردۆتەوە ..بەلام من شەهیدم .. شەهیدێکی نەناسراو ..ئەگەر حەز ئەکەن بمناسن ئەوە لەیەکە یەکـــەی تاوبر وتاشە بەردەکانی بنارو لاپاڵەکانی ریزە شاخی ئاسۆس بپرسن .. لە داربەروو، و بنە دەوەن وگوڵیلکە بەهارییەکان بپرسن .لە هەپڵۆک وپیشوک وکلاوسوورە بپرسن ،ئینجا ئەگەر حەز ئەکەن زیاترم بناسن ئەوە لەمەرە کوێرەو کاورە سپی وشەکە دوگ شۆربپرسن بەڵێ من فەرەج ـ ی شوانکارەم .شوانی دێی (گولە نار) .چەند ساڵە منالی ئەوێم و لە گەڵ بـــست بەبستی ئەو ناوە ئاشنام ،بەلکو من ئەوان بووم وئەوان من بوون، هەرگیــز لەو دێیەی خۆمان دوورنەکەوتومەتەوە ،هەمیشە هەر وام زانیوە کەئەگەر یەک بست لێی دووربم دەستبەجێ ئەمرم .زۆرم پێ سەیرە کە زۆر کەس ئەتوانن دەسبەرداری دێ وشـــارو ئاووهەوای نیشتمانەکەیان ئەبن .من هەر چەندم ئەکرد نەمئەتوانی بروا بەو قسانـــەی موختار بکەم،چەند رۆژێک لەوەوبەر بە خەڵکەکەی ووت : گوایا لە ناحیەوە باســـــک کراوە وپێی راگەیاندراوە کە ئۆردوگایان بۆ کردوینەتەوە .من هەر گاڵتەم بـــــــەو شتانە ئەهات و وامئەزانی پریشکی بەر من ناکەوی بۆیە زۆر بە رەهایی وبێباکانـــــە رانەمەرم بەرەو ئەو سەر شاخانە رادەدا ،بەلآم خەڵکی ئاوایی تێکرا بەژن وپیاو پیرو جوانەوە هەموو شپرەزەو بێ ئۆقرە بوون ،نا ئومێد و بێ مەرام هاتو چۆیان ئەکـــرد، سەرجەم دێ ئەتووت خۆڵی مردووی بەسەرا کراوە.. دێ هەردێکەی جاران نەبوو ، لە خەم زیاتر سیمای هیچی تری پێوە دیار نەبوو ..نەژنان وەکو جاران بەراکەراک و پەلـــە پەل گاو گۆتاڵیان بەرەو گاران لێئەخوری ونەهاوارو قیژەی گاوان دەهات بلـــــی : ((گاران رویی گاران)) تریقەو زریک وهوری کانی ژنانیش کپ ببووەوە ، نە تەقـــــەی تەنەکەو مەنجەڵ وکاسەو کەوچک شۆردن بوو، نە قریشکەو شەرە ئاو وشەرە جنێوی کـــچ گەل بوو ،هەموو مات ومەلول ئەهاتن وئەچوون ،پیاوان هەر بەو بەر مزگەوتــــــــەدا پیاسەیان ئەکردو لەرەزو باخ وکانی وزرعات وردئەبوونەوەو ژنانیش بێدەنگ کـــــاری پێویستی رۆژانەیان بە جێ ئەهێنا .

شەوێ پیاوان لە مزگەوت کۆبوونەوەو مقۆ مقۆیەکیان ساز کرد گوایە باسی مەسەلەکە ئەکەن ،مقۆ مقۆکەیان بێ سەمەر بوو ،لەو دانیشتنەدا مامە سەعە رووی دەمی کـــــردە موختارو ،ووتی :

ـ ئەرێ باوکەکەم نەیان ووت بەرەو کوێمان ئەبەن ولە کوێ مـلمان ئەشکێنن

ـ نەخێر هەر ووتیان ئۆردوگاتان بۆ کراوەتەوە .

ـ جا توخوا ئێمە پەکمان لەسەر خانوبەرە کەوتبوو، خوا چۆن هەڵئەگرێ زێدی چەنــــد ساڵەی باوو باپیرانمان کە چەند ساڵە رەگ وریشەمان بەو خاکەدا رۆچووە ،هەر وا بە

ئاسانی جێی بهێڵین بە خوا ئەمە قەتکاری کردەنی نییە .

تا ئەو کاتە من ئەوەندە نەچووبوومە ناو مەسەلەکەوەو لە گەڵیدا نەئەژیام بەلام ئەو شەوە خەڵکەکە ئەوەندەیان هێناو برد ـ لە دڵی خۆمدا ووتم :

نەخێر مەسەلەکە زۆر گەورەیەو من بێ خەبەرم ..

ئیتر وردە وردە لای منیش گەورە بوو.. بوو بە شتێکی سامناکی زەبەلاح .بو بە ترسێکی سەیرو چووە دەمارەکانمەوە ،هەر بە سامی ئەو ترسەوە بەرەو ماڵ بومەوە، بێ تەقەو سرتە چوومە ژوورەوە .دایکم وزێرین ـ ی خوشکم لەسەر جێگاکانیان گرموڵە ببوون ، بێ ئەوەی هیچ بڵێن بە چاو لە خەمی یەکتر گەیشتین .بێ ورتە چوومە سەر جێگاکەم ولێی راکشام . نەخەوتم ،راگوێز راگوێز وئۆردوگا ببوون بە دێوەزمەو سواری سنگ وکوڵمبوون ، بە لامەوە ستەم بوو هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم خاک وئاوو رەزو باخ وشاخ ودۆڵ وشیوەبم و، چۆڵ وبیابانێک بکەمە مەوتەنم ،ئەی رانەکەم.. مەرە زەردو دوگ شۆرو کوێرەو،بەرانە شۆخو بزنە شامی وگوێ براوو لیمۆ چۆن فەراموشیان کەم ،بوون بە جگەر گۆشم . پارچەیەکن لەمن . هێندە بە هەستی یەکتری ئاشناین ،بەیانیان وەکو زمان زان خۆیانم تێ هەڵئەسوون وبە دەورمدا دێن ،لەوسەر یالەشکە فوو بەشمشالەکەمدا ئەکەم بە باعە باع لێم کۆ ئەبنەوە .پار گورگ قاچی یەکیکیانی شکاند ،تا چاکبووەوە کسپەم لێوە ئەهات‌جا ئێستا چیبکەم ،بەیانی پەلی هەر یەکێکیان بە دەمی گورگێکەوە ئەبینم ،هاوار لە خۆم .ئەوەتا شاخەکان بە تاشەبەردوریحانە کێوییەکانی ودرەختەکانی هاوارم بۆدێنن ، خۆیان بۆ باوەشم ئەکوتن ، منیش باوەشم ئەوەندەگەورە ئەبێ جێی هەمویانی تیا ئەبێتەوە،هەموویان لەباوەش ئەکەم. رانەکەشم ، بەمەرو بزن وبەرغەڵەوە بە شان وملی وکوڵمەوە ،بە تالەکانی قژمەوە خۆیان هەڵئەواسن ، ئەڵێن بە جێمان مەهێڵە ..دڵنیام دابرانی من لەمانە ، دابرانی ماسییە لە دەریا ،باوکم دەیان ساڵ شوانی ئەم دێیە بووە وپاسەوانێکی دڵسوزی مەرو مالاتەکانیان بوە ، کاتێ ئەویش کۆچی کرد من لە جێی دانرام وئەو کارەم پێ سپێردرا ،دییکەم یانی ژیانم . ئەو شاخو رەوەزو بەندەنە یانی ئازادی وسەرفرازیم ئیتر چون لە ئۆردوگادا هەڵئەکەم کە بە هەموو جۆرێ لە قاڵبم دەدا ، مامە سەعە واتەنی ئەمە کاری کردە نییە تەحەمولی کەم .ئەو شەوە نازانم چەند خەوتم و چەند بە خەبەر بووم ،بەلام کە خەوم لێکەوت‌دیم رەوەگورگێکی هار بەربوونە رانە مەرەکەم هەریەکەیان‌بەلایەکدا رەتاند .من نەمئەزانی پەلاماری کامیان بدەم ،کامیان رزگار بکەم .رەزو باخوداڕستان هەستابوونە سەرپێ وبە دوامان‌دا رایان ئەکرد.درەختەکان خوێن لە باڵیان ئەتکا ،کێوەکان باوەشیان ئەکرد بە گوندو خەڵکورانەکەی منــدا . لەم نیوە خەوو نیوە بێداریەمدا راستبوومەوە ،تاریک ولێڵ بوو، کاتی ران دەرکردن قەیرێکی مابوو، دایکم وفاتەی خوشکم تازە هەستا بوون ،پێشتر سەماوەرەکەی داگیرساندبوو، ئەو رۆژە گیزەی سەماوەرەکەش وەکو رۆژان نەبوو .سەماوەرەکە هەر چەند کون بوو ،بەلام هەر لە کارابوو، یادگاری نەنکم بوو بۆدایکمی بەجێ هێشتبوو ،هەر لە شەوێشەوە وەکو رۆژان پریاسکەی نان وشەکرو چاکەی بۆ پێچابوومەوەو لای سەرمەوە

داینابوو. پێڵاوەکانم کرد بە سەر پێوەو تا بەرەو مزگەوت بچم ،نوێژەکەم بکەم وپاشان بێمەوە لای رانەکەم.
هەر کەلە ماڵی خۆمان ترازام ،سەیرێکی چوار دەوری دێکەم کرد هارە هارێ بەر گوێم کەوت ،نەمزانی لە کوێوەیە ،لە پر چاوم لەسەر جادە خاکییەکەی بەرامبەر دێ گیرسایەوە ،ئەوە چۆن بوو، نازانم .شتێک وەکورەشاییهاتە بەر چاوم نازانم من خەواڵووبووم چاوم رێشکەوپێشکەی ئەکرد یان چی بوو؟ لەبەرخۆمەوە ئەمووت:
- تۆ بڵێی تراکتۆر بێ وبەم تاریک ولێڵە بەرەو ئێرە بێ .
هارەکەی یەگجار زۆر بوو تا ئەهات زۆرتریش ئەبوو،لێی وردبومەوە،رەشاییەکە بوو بە دووان وسیان وزیاتر، ئینجا سەیارەی گەورە گەورە یەک لە دوای یەک پەیدا بوون ئیتر وردە وردە لێم عەیان بوو کە ئەمە ئەو رۆژە ترساکەیە ،دڵم کەوتە پەلە پەل، سەرم گێژی خوارد ، (خوایە گیان ئەمە چ دۆزەخێکە نیشانی خەڵکی ئەدەی)
لە جێی خومدا چەقیم ،مامە سەعە لە کۆڵانە باریکەکەی خۆیانەوە بەرەو مزگەوت شۆر ئەبووەوە ،کە گەیشتە لای من :
- فەرەج ،سەلاموعەلیک ، ئەوە چیە وائەبڵەق بووی
متەقم لێوە نەهات . رایوەشاندم :
- ئەوە چییە؟ بۆ وازەق سەیرم ئەکەیت ، نایەیت بۆ مزگەوت
دڵم پر بوو ،گریام وپەلاماری مامە سەعەم دا
- مامە سەعە گیان ،سەیری جادەکەی ئەوبەر ئاوایی کە .
کە مامە سەعە لە جادەکەی روانی ،یەکسەر رووی وەرگێراو بە هاوار کردن کەوتە ناو دێ .
- خەڵکینە وا دەبابە وتۆپ و زیل چوار دەوری ئاواییان گرت ، ئەمرۆ رۆژی بەلا گەورەکەیە ، فریا کەون . خەڵکی ئاوایی لە قریشکەی مامە سەعەو هارەی دەبابەکان خەبەریان بووەوە ،لەسەر بانیژەو بەر دەرگاو پەنجەرەوە تاکەتاکە و کۆمەڵ کۆمەڵ بە چاوی خەواڵو وسیمای خەمبارەوە کەوتنە سەیر کردن و ووردبوونەوە ،ئینجا دەنگە دەنگێکیان تێ کەوت ،پیاوان بەرەو لای مزگەوت رۆیشتن، بە دەم رۆیشتنەوە یەکێ جامانەی ئەبەست وئەوی تر پشتێنی توند ئەکردەوە ،هەمووشیان هەر ورتەیان ئەهات منیش تێکەڵاویان بووم .هەندێ لە گەنجەکان ئەیان ووت :با هەموومان مان بگرین و هەر چیان ووت بە قسەیان نەکەین، با هەموومان بکوژن وئێرە بە جێ نەهێڵین ،مامە سەعەش چووبووە پاڵ ئەوان ،بەشێکی تریش ئەیان ووت : ئەم کارە ناکرێ ،بەرامبەر دوژمن وەستان هەروا ئاسان نییە ، کاری خۆ ترێنە ،ئێمە بە دەستی پەتی وئەوان بە تانک وتۆپەوە ،لەم بەینەدا تیا مابووم ،چی بکەم، دڵیشم هەر لای رانەکەم بوو ،لە پرێکا لەوەی من وەی منەکەی ئەوان دابرام .. رانەکەم هاتە بەرچاو و چەند پۆستاڵ لەپێنیەک داویانەتە بەر ، من بە دوایاندا را ئەکەم ،ئەقیژێنم :مەیان بەن .مەیان بەن ئەوانیش وەکو کۆرپەیەک بە زۆر لە کۆشی دایکی دەربهێنن ،بە نیگایەکی پر لە سۆزەوە تێم ئەروانن .لە ناکاو هەموویان مان ئەگرن ،بەرەو دوا بۆ لای من ئەگەرێنەوە

هەموو شیرزەن ،خۆیانم پیا هەڵئەواسی ،سەر ئەکەونە سەر شانم ،سەر سەرم ،منیش هەموویان لە ئامێز ئەگرم . ئامێزم چەند گەورەیە ..!! ..پۆستاڵ لەپێکان دێن و بە قامچی لێکمان ئەکەنەوە . هارەی یەکەمین دەبابە کە گەیشتە ناو ئاوایی وەسەر خوی هێنامەوە .نازانم چۆن دەنگم هەڵبری وچوومە پاڵ مامە سەعە وئەوان :

ـ راست ئەکەن .ئێوە راست ئەکەن ،با بمان کوژن ئێمە لێرە نابزوین .

مام ئەوڵلا لەولاوە لە سەر خۆ پێی ووتین :

ـ رۆلە بۆ خاتری خوا، خۆتان مەخەنە بەر شەپۆلی ئەو غەزەبە ،ئەم شەرە بە ئێوە ناکری ..فەرەج رۆڵە ..تۆ زۆر بێکەسی . ئەو دایک وخوشکەت سەرگەردان مەکە...

تا ئێمە ئەو هەموو بێنەوبەرەیەمان کرد دەبابە دەوری ئاواییان گرت . پۆستاڵ لە پی وحاش بەسەرمالەکاندا بەش بەش بوونەوەو کەوتنە راپێچانی خەڵک و ماڵ و ماڵات . دەستەیەکیشیان بەرەو لای ئێمە هاتن وهەرلەدوورەوە تێیان خورین .

ـ ئەوەچییە.. دەی هەرکەسەبۆلای ماڵی خۆی ..

مام ئەوڵلاو دەستەکەی مات و مەلول هەریەکەرێی ماڵی خۆی گرتەبەر. دەستەکەی ئێمە هەرلەجێی خۆی مایەوە، چەند جاشێک بەرەو رووومان هاتن ، یەکێکیان قیژاندی :

ـ ئەوەچییە، ناشێ مانتان گرتبێ ، دەی هەرکەسە مل بشکێنێ وبچێتەوەلای ماڵی خۆی تا هەموو کۆئەکرێنەوە .

مامە سەعە لێی هاتە پێشەوەو گۆچانەکەی لەرووبدا راوەشان ، بەدەنگێکی زۆردلێرو خوش کەقەت دەنگی مامەسەعە ـ م هێندە لەبەرگوێ خۆش نەبووە .

ـ بەلی ئێمە مانمان گرتووەوئێرەبەجێ ناهێلین ، بمان کوژن ، مردنەکەمان خۆشترە لەوەی بەزۆرلەزێد وجێی باپیرانمان هەڵمان کەنن .

یەکی لەجاشەکان هەرخۆی گیف ئەکردەوە، لێی نزیک بووەوەو قیژاندی :

ـ دەفلتەفلت ، کەوڵەکۆن ، دیارەنیازت خراپە.. ئەمەی ووت و، تاتوانی پاڵێکی پێوە نا ،. مامەسەعەکەوت بەسەرتاشەبەردێکی گەورەدا ، سەری دوولەت بوو، خوێن فیچقەی کرد. زەبری کەوتنەکە بوراندییەوە، من پەلاماریم دا کەچی بەسەرمنیشدا نەراندی :

ـ لێی گەری نەگریس ، توش لەوباشترنیت ، وادیارەلەگەڵ ئەوانەگەلدا دەستتان هەیە، ئینجا رووی کردە هاوڕێکانمان :

ـ دەی ئێوەش وەکوئەوانی ترمل بشکێنن ، ئەگینا ئەنجامتان چاک نابێ ، من گوێم بە نەرەنەرەکەی نەداوهەربەسەرمامەسەعە ـ دا داچۆرابووم ، لام کردەوە، حەمە وجەمال بەملی لارەوەریزەکەیان بەجێ هێشت وتەنیا دلێروئازاد لەریزەکەدا مابوون .دلێرـ یش ئەوەبوو پێشترقوتابی بوو، لەشارلەماڵی مامی ئەیخوێند، ماوەیەکی زۆرگیراوبێ سەر شوێن بوو. ئیتر کەرزگاری بور دەست بەرداری خوێندن بوو ولەگەڵ کەس وکاری کەوتە کارکردن . زۆریش ئازاو ووریابوو. ئازادـ یش لای مەلاهەندێکی خوێندبوو، کورێکی ئازاو لێهاتووقسەزان بوو، لەهێزی بەرگریشدابوو. جاشەکان تائەهات لەگەڵماندا توندتر ئەبوون ، لەولاشەوە ئەوانەی کەوتبوونەناودێ کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکیان لەدێ دەرئەهێناو بەرەولای زیلەکان رایان دەدان . نامەردێکیان بیست سی سەرمەروبزنی دابووەبەر ـ

باعە باع گەیشتە بەرگوێم و دنیایەک خۆشی و ناخۆشی بیرهێنامەوە، هەندێکیان مانیان ئەگرت و بەرەودوا ئەگەرانەوە، پۆستاڵ لەپێکە گوێچکەی ئەگرت و بەزۆرملی پێ ئەدان، ئاگرم تێ بەربوو، مەرەکوێرو لیمۆ ـ شی تیابوو، ئەی هاوار مەرەکوێر چەندمان شاخەو شاخ پێکەوە کردەوە، چەندمان سەرماو گەرما چەشتووە.. مەرەکوێرو لیمۆگیان .. ئەمەیە راگوێزان .. یانی دیارەو ئاخر بوون لەگەڵ هەموو ئەوانەی خۆشمان ویستوون . یانی چی دی ئاووهەوای سازگاروبەفری کوێستان نابینین .

باعەباع نەک هەر لە مێشکما بەڵکو لە ووردەدەمارەکانیشمدا دەنگی ئەدایەوە، وەکو جگەرگۆشەکەم لەبەرچەقۆدابێ ، ئاواگرم گرت، نەمزانی چۆن هاوارم لێ هەستا

ـ مەیان بە.. بێ ویژدان ، بۆکوێیان رادەدەی

پۆستاڵ لەپێی لچ شۆڕ ئاوڕی نەدایەوەو هەربردنی . منیش نەمئەزانی چیبکەم . مامەسەعە بەحاڵ نوزەی تیامابوو. چەند جاش و پۆستاڵ لەپێیەکیش تازەگەیشتبوونە ئێرە، جاشێکیان لەجیاتی هەموویان لەئازادو دلێرـ ی هەلپێچا :

ـ ئەوەچییە، سەگبابانە ..؟ چیتان ئەوێ ، مانتان گرتووە..؟

ئازاد هەربەو هێمنیەی خۆیەوە کەمێک دەنگی هەڵبری :

ـ هیچمان ناوێ .. ئەمانەوێ وازمان لێ بێنن ، لێرە ئەمێنینەوە ..

جاشەکە پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزی دەرپەراند، لەگەڵیادا نەزەردو بەلەغاوییەکانی دەرخست .

ـ ئەمەمان نەزانیبوو، کەئەم دێیە خەڵکی وادڵسۆزوکەسی قسەزانی تیایەو، بەتەمان شۆڕش بکەن .. هاهاها ....

ئەمەی ووت و ئیشارەتێکی پۆستاڵ لەپێیەکانی کرد، هەرهەموویان پەلاماری دلێرو ئازادـ یان دا بەقۆناغەتفەنگ بەربوونە سەروگوێلاکیان ، هەردوودەستیان لەپشتەوە توند شەتەک دان و بەراکێش راکێش و تێهەلدان بەرەولای زیلەکانیان بردن . لەم کەین و بەینە من و مامە سەعە ـ یان بیر چووەوە. چاوم لێ بوو دایکی ئازاد لەزیلەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە و بەراکردن بەرەو رووی سیخورەکان رۆشت وقیژاندی :

ـ نامەردینە بۆ وای لێ ئەکەن ، کوری من زەرەری بۆمێرولەش نەبووە، بێ ویژدان ، نامەرد جاشێکیان دەست رێژێکی لێ کردو ساردی کردەوە .. ئازاد هەرخۆی رائەپسکاندو دایکەگیان ،دایکەگیانی بوو، بەوحاڵەوە، بەدەستی بەستە هەڵیان دایەناو زیلێکەوە.

چاوم لەهەموو ئەمانەبوو، خۆم دابووبە سەرمامەسەعە ـ ی نیوەمردوودا ، نەمئەزانی چیبکەم . ناڵەی مامە سەعەو هاواری ئازادو باعەی مەرەکان شێتگیریان کردم ، هەر هەستام و رامکرد، هاوار هاوارم هەموو ئەوناوەی گرتەوە :

ـ لیمۆگیان .. لیمۆگیان .. مەرەکوێر .. مەرۆن .. مان بگرن ... وەرنەوە باوەشم .. ئەها باوەشم چەند گەورەیە .. شمشاڵەکەم کەشەوێ بیرم چووبوو لەباخەڵی دەربێنم، دەستم برد وەکو شێت دەرمهێنا و دەستم کرد بەشمشاڵ لێدان ، مەروبزن لەناو زیلەکانەوە کەوتنە باعەباع ، باعەیان ئەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەک، من نازانم چەندم شمشاڵ لێدا ئەوەندە ئەزانم سێ چوارێک دەوریان دام :

- ئەوە چییە سەگباب . شێت بوی ..؟

یەکێکی تریان لەپشتەوە :

- لەگەڵی مەڵێ ..

ئەمەیوت ولەپشتەوە پێکامی . گوێم لێ بووهەرئەمەی پشتەوەووتی :

- پیرەی سەربەردەکەشم ساردکردەوە .

ئیتر ئاگام لەهیچ نەما .

**برووسکەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان ، بۆ**
**کۆنگرەی جیهانی دەربارەی رۆشنبیری کوردی و شناسنامەی کورد ، لەپاریس**

**بەرێزان ، بەشدارانی کۆنگرەی جیهانی دەربارەی رۆشنبیری کوردی و شناسنامەی کورد .**

**سڵاوی گەرمی ووشەی رەسەن و سەرکەشی کوردی .**

هەوڵوتەقەللای دڵسۆزانەو مرۆڤدۆستانەی ئێوە، دەرهەق بەگەلەستەم دیدەکەمان ، ئەوگەلەی مافەمرۆییەکانی پێشێل کراون و زمان وفەرهەنگی نەتەوایەتی خەتەری شێواندن و لەبەریەکترازاندنی لەسەرەوهەتابوونی نەتەوایەتیشی " لەبەردەم هەرەشەی لەناوبردن دایە، مایەی سوپاس وپێزانین ورێزلێنانی ئێمەیە .

ئێمەی نووسەرانی کوردستانیش ، کەخۆمان بەقەڵغانی پاراستنی زمان و فەرهەنگی گەلەکەمان دەزانین ، بەپەرۆش و دڵێکی پرلەهیواوە چاوەرێی بەستن و ئاکامی سەرکەوتووانەو بەکەڵکی کۆنگرەکەتانین ، بەو هیوایەی ئەم هەوڵەتان ، هەنگاویکی سەرەتایی مەزن بێ ، لەدەنگ پێدانەوەی مەسەلەی کوردو راکێشانی رای گشتی جیهانیی بەلایدا . هەروائومێدەوارین کەبەهاوکاری وکۆمەکی دەنگ و هێزەخێرخوازە مرۆڤ دۆستەکانی دیکەی دنیا ، بتوانن کارێ بۆراگرتنی بەرداشی هارینی میللەتی کورد بکەن و ، کارێکی واش بکرێ کەکورد لەسەرخاکی وولاتەکەی خۆیدا ، حورمەتی بوونی نەتەوەیی و مافەمرۆیی و رۆشنبیریەکانی بگیرێ .. هەروا پێداویستیەکانی ژیان و مانەوەوبەردەوام بوونی زمان وفەرهەنگی کوردیش ، بۆئەو کوردانەدابین کرێ کەبەهۆی سیاسەتی رەگەزەپەرستانەو بەسووتماککردنی کوردستان ، ئاوارەی هەندەران بوون ..

**دووبارەرێزو سوپاس بۆئەو هەنگاوە پیرۆزەتان**

**یەکێتیی نووسەرانی کوردستان**

**١٩٨٩/١٠/٥**
**سەقز**

# ...وهیرۆکان دەلەرانەوە

ئازاد جندیانی

من بوم لەخەوهەلمساندی ، چیم بکردایە رێگەیەکی ترم شک نەدەبینی ، دەتا دەمزانــی چ خەوێکی خۆشت لێکەوتوە ، لەدڵسوزیەوە هەڵمساندی ، ئا ... من بوم وەئاگام هێنای .. من .

* * *

شەو داهاتبوکە گەیشتنە دەرەوەی دێ ، لەوێ لەنزیکی گۆرستانەکەی رۆژهەلاتــی دێ دا دوو کەس چاوەرێ بون ، دەمامکیان دابوو ، تۆنەتناسین ، چاوت تێ برین بەلام بەو تاریکیە هیچت دەستەکەوت ، لەگەڵ یەکێکتانا تی بونەوە ، کەڵکەڵەی تۆ وانەبوو مۆڵەتت بدات لــەناسینیان ورد بیتەوە .

( بۆنەیاننا سم ، .. با بیانا سم ولێیان بپرسم بزانم هاتون ، لەکوێن ... )

چاوێکت گێرا بەدەم وچاوی ئەوانی دەوروبەرت ، تەریقیەک ئارەقەی پی کردی ، ئــەو رۆژەت هاتەوە بیرکەتازە چەند رۆژێک بوو ببویتە پێشمەرگە ، لەولای بارەگاتانەوە دووکەس لــەگەڵ یەکێک لەپێشمەرگەکان دانیشتبوون ، کەدیتنت ناسیتنەوە ، بێ سێ ودوو تفەنگەکەت کردەشانت و بەگورگەلۆقە رۆشتی .

( با بمبینن چ پێشمەرگەیەکم ، کەدەچنەوە باس دەکەن ، دەڵێن فلانمان دی پێشمەرگەیــە خۆی لەفیشەکان زەردکردووە ... )

بیرێکی ناکاو ، وەک لەپردەرزیەک بچێ بەبنی پێتا ، رایگرتیت

( باش نیەیە ، ئەی ئەگەر دەنگ بلاوبووەوە کەس وکارتیان گرت ... )

دوو دڵیەک قاچەکانی سندم کردیت ، بەلام ( نا .. دەبێ بچم هەواڵێکیان پێدا دەنێرمــە ماڵەوە .. )

دواتر لەکوبونەوەدا رەخنەیان لێ گرتی وپێ یان ووتی :

ـ جارێکی تر ئەگەر کەسێک هاتە ئێرەو خۆی دەمامک دابویان لەدەرەوەی بارەگا بوون نەچیتە لایان قەدەغەیە .

پێت وابوو ئەوسوکە وردبونەوەت لێ یان ، ئەو رۆژەی هێناوەتەوە بیری ئێمەیش بۆیە بە خیشکەیی خۆتت دزیەوەو چەند مەترێک دوورتر راوەستای .

( هەردەبێ هاتبی ، پرسیاری بۆچییە دەبێ چەند رۆژێکیش بێ لەوێ بن .. ناپرسیاری ناوێ ... )

ئەو ئێوارەیە ، حاڵەتێکی سەیرگەماروی دابووی ، بێنەوە بیرت ، شتێک لەدەروونتاگینگلی ئەدا ، هەنگاوەکانتی هێندە سووک کردبوو ، خۆت سەیرت لەورۆیشتنەی خۆت مابوو ، سوێسکە ئاسا دەرۆیشتی ، لەبەر خۆتەوەمرەمرێکت لێوە دەهات ، کەس نەیدەزانی چی دەڵێی .

( بۆکەس نەیدەزانی ؟ .... گۆرانیم دەوت .. گۆرانیەکی خۆش ... )

لەریگاتانا ، بەوبەهارە کامڵ بووە هێشتا گوڵە هێرو رەنگاورەنگەکان خۆیان لەمەلاو لەولای ئاجەکانتاهەڵدەسوی ، ناوەناوە دەستت بۆ یەکێکیان درێژ دەکردو لەگەڵ رۆیشتنتداگەلا جوانەکانیت هەڵدەوەراند ، ئاورت نەدەدایەوە داخواچون دەکەونە سەر رێگاکەو هاورێ کەی دوای تۆحون قاحیان پیادا دەنێ و لەدوای خۆیدا بەکون کونی و لەوتاوییەوە بەجێ یان دێڵێ، داحۆحۆن ناڵەو فیغانێکی سەرداببێت ، بەلام وەک چۆن کەس گورانییەکەی تۆی نەدەبیست . تۆش سرکەی ئازارەکانی ئەوت نەدەبیست . دوو دوو بەرەو ناو دێ بەرێکەوتین .

* * *

گوناهی من نەبوو، جیم نکردابە . بەلای خۆمەوە چاکەم لەگەڵداکردی ، لەوبەرەبەیانە زووەدا وە ئاگام هێنای ، بمزانیایە .... وام نەدەکرد .

* * *

هێشتا خۆمان دابەش نەبوین ، رێی تۆمان دابرۆیت ، ماوەی نێوان مزگەوت ومالەکە کورت نەبوو ، بروسکەی سەدان خەیاڵ بەمێشکتدا گوزەرپیکرد :

( تۆ بڵێی .... چەند حەردەکەم هاتبێ ، نازانم ئەو تامەزرۆییە چییە والەناو لەپی دەستی خۆیا گرموڵەی کردووم ، نا .... بەلام ... ناناحەق نیم ، دیداری ئەو بۆمن کەم نییە .... )

ئەو غەریبە نییە ، ئاموزای خۆتە ، هەرچەندە تۆلەبیرت نییە لەکەیەوە دەزگیرانی یەکتن چونکە لەسەرپشت بوون کەمارەییتان لەیەک برا ، هەرئەو بیانوە نەبوو مامۆژنت لەسەری پەلپی پێ دەگەرتیت ودەیوت :

– ئەیەرۆ .. چامن چیبکەم کچەکەم بەساوایی مارەبراوەو ئێستا رازی نییە . باوکت لە تورەییان ولەبەر زۆرقسە کردن دەمی کەفی دەچەنی وبەدەنگێکی بەرزوشیرەشیر دەیووت :

– کچی هەی بێ ویژدان ، تۆ لەحیاتی کوروکچەومن ومیردت لێک نزیک بکەیتەوە ، زیوانی دەچێنی ئاخر.... ئاخر .

دەتزانی لەدوای ئاخرەکە باوکت چی دەڵێ ، زۆرگوێت لێی بووە ، نەتدەزانی چەند ساڵە دەسگیرانەکەت لەسری دابکەوە دراوە

حاڵە فرین ئاساکەی باخت هێشتا لەکەف وکوڵدابوو ، نەتزانی چۆن وکەی لەدەرگات داوە و وەژورکەوتوی ، بەحوار دەوری سەرتەوە چەندین چاو روابون ، چاک وچۆنی ئەم وئەوت دەکرد و بەچاووبەدڵیش لەناو ریزی ژناندا حاوت دەگێرا ، ئەو ساتوکە قورسایی دنیای نابوە بەرشانت ، لەسەری سەرەوە بۆلای گەرابتەوە ، ئەمیش هاتە پێش ، چاوەکانی لەدوومۆم دەچون کەبەتەنیا در بەناریکایی بدەن ، دەستت حستە ناودەستی ، ئاگات لەوە نەماچی دەڵێن وچی دەکەن ، کەهاتیەوە سەرخۆت و دەستی خۆتت کێشایەوە مەحلیسەکە هەمووی دانیشتبوەوە ، زۆر تەریق بویتەوە .

مێشکت بحولێنەو بێنەوە بیرت ج حارێک بوو یەکەمجار دەستت نایە ناودەستی ولەشەرمان

سوور هەڵگەرایت و تویژێک ئارەقە بەدەم و چاوتەوە چەسپ بوو، شەوێ مارەبرینەکەت لەبیرە ، مامەت ووتی هەردەبێ مارە بکرێنەوە لەسەر لانکی مارەییان نەهاتووە، مەلایەکە گەنج بوو، هەرئەو ژنی وا مارە دەکردن :

- دەستتان بخەنە نادەستی یەکتری .

تەزوویەکی خۆش بوولەلەپی دەستتەوە ، وەک سیلاو بەباسکی راستەتا هەڵدەکشا نەتدەزانی دەچیتە کوێ ، بەلام هێندەت هەست دەکرد خەریکە لەجێی خۆت بەرزدەبیتەوە، قەت بەقەد ئەو ساتە دەزگیرانەکەتت خۆش نەویستووە ، قەت وەهاش چاوت نەچەقاندبووە چاویەوە، تەنیا جارێک وات بۆرەخسا ، بەلام مامۆژنت ..

- گوڵێ بچو ئەو دیو ....

نەیهێشت ، ئیتر وات لێهاتبوو دەست لەمەسەلەکە بشۆیت ، بەلام باوکت نەیدەهێشت :

- ئی بۆ کورم حەلالی خۆتە ، من کچێکم لەبری دایکی داوەو ئەمیش لەبری دایکی دراوەتەتۆ .

- ئاخربابە مامۆژنم نایەڵێ پێی خۆش نییە .

- چی ؟ .... مامۆژنت ؟ بۆچی چمادنیا بێ حاکمە ؟

لای سەرەوە دانیشتی ، کەوتیە بەرامبەری ، شادمانی ئەو تەوقەیەو یەکەمین تەوقەتان ، هەموو دڵ ودەرونی داگیرکردبووی ، چاوت لەچاوی بری بوکەلیت نەدەکرد .

* * *

چاوم کوێربێ ئەگەر پێم خۆشبوبێ لێکتان بکەم ، بەلام چیم بکردایە لەمەرگت ئەترسام ، هیچی ترنەدەکرا ، دەبوایە هەڵتسێنم ، ناخم رقی بۆتەوە بەگوناهبارم دەزانی ، دە..بیست .. سەد .... هەزار ... پەنجەم بۆ رادەکێشێ ودەڵێن :

تۆ بووی .....

بەڵێ من بووم ... لەخەوی ئەوسپیدەیەم کردی ... ئا ... من ...

* * *

شەوکەبەرەو ماڵە ناسیاوەکەت رۆیشتی پێ یان ووتی :

- گەر خێزانەکەت هاتبوو مەیەرەوە بۆ مزگەوت ، تەنیا ئاگادارمان بکەرەوە .

نهێنیەکەت وەرگرت و وەک بروسکە بۆی دەرچوی ، ئاورت بەدوای خۆتدا نەدەدایەوە لەمێژ بوو چاوەریی وەختێکی وابووی ، لەبەر تۆ ئەوشەوە لامان دائەوێ ، هەردەتوت :

- سالێکە ، یەک ساڵە لەوەتەی بومەتە پێشمەرگە نەمدیوە .

حەمەرەنجە ، زوو لەبەردەمتا قیت دەبوەوە .

- عەیبە هاورێ ، ئەی بەمن ئەڵێی چی؟ ئەزانی چەندە نەمدیوە؟ هەرنەمدیوە ئەسلەن گویشی نادەمێ ، شۆرش وایە باوکم ، تۆ شۆرشت خۆشتر دەوێ یان ژنەکەت نەتدەزانی بڵێی چی ، هەر دوکیانت خۆشدەویستن ، زۆر رقت لەم پرسیارە دەبووەوە ، پێت وابوو بەناحەق دەتخاتە سەر ئەو دووریانە ، تورە دەبویت هیچیشت نەدەوت . ئەوشەوە هیچ ترسێکت لەدەمی حەمە رەنجەنەبوو، تۆپەڵێک خۆشەویشتی بویت و هەرگوڵێشت لەبیربوو، کەتێی رادەمای وتێت رادەما و وورد دەبویتەوە، هەستت دەکرد ووردە ووردە بچوک دەبیتەوە ، هێند بچوک دەبویتەوە تالەپر لە پەنجەرەی چاوە رەشەکانیەوە دەچویتەژوور، لەپەنجەرەکەوە دەتروانیە دەرەوە، هەر گوڵێت دەبینی ، دەکەوتیتە حاڵەتێکی خەون ئاساوە، دەتبینی گوڵێ کراسێکی رەشی لەبەر کردووە، سامێکی گەورە دەتگرێ ، بەخێرایی لەچاوەکانی دێیتە دەر، گوڵێ لەبەرامبەرتە ، کراسە سوورەکەی لەبەر دایە، مسکەیەک دەتگری ، ئەمیش پێدەکەنێ .

* * *

ئەو زمانەم لاڵ بێ کەپێم بانگ کردی ، نەمدەویست پێکەنینەکەتان برەوێنمەوە ، بەلام چی بکەم ؟ چیم بکردایە ، دەبوایە هەلتسێنم ، نەدەکرا ...، شتێک لەناوەوە دەستی خستۆتە بینم نەرلەوەی بمخنکێنێ دانی پیادا دەنێم ....، ئا .. دانی پیادا دەنێم .....، من بووم ئەو سولێلە ، دوولاولاوی عاشقم لیک ترازاندن ... ئا ... من بووم .. من ... من ... من .

* * *

کەدەرگاکەم کردەوە ، شەرمەزاریەک بیلبیلەی چاوەکانمی دەرزی ئاژن کرد ، بەخێرایی بەرەو دەرەوە قاچم هەلێنا ، لەدەرەوە تەقە گەرم بوو ، ترسێکی گەورەو رەق وەک شاخ خۆی بە هەنگاوەکانمەوە گرێدا ، تاوێک مامەوە ، دووبارە هاتمەوە ژوور ، لەقوژبنی سەرەوەی دەرگاکەوە راکشابوون ، هێشتا دنیا تاریک بوو ، لەمپەکەتان کز دایسا ، دەم و چاوی تۆم نەدیت ، پرچە رەشەکەی گوڵێ دەم و چاوی هەردوکتانی داپۆشیبو ، ئالابونە یەکتریەوە ، بەعاستەم دەنگی هەناسەتان دەهات ، ویستم بەدەست راتەکێنم ، سڵم کردەوە ، دوایی :

ـ فازل .... فازل ....

وەک هەموو جار بەدووبانگ کردن بەئاگاهاتی ، تەقەگەرم بوو ، هیچی ترم نەووت وبەخێرایی بەدەرکەوتم .

* * *

....... ئا فازل گیان من بووم لەبۆنی قژی گوڵێم کردی ، من بووم .. بەڵام چیم بکردایە فازل ... چیم بکردایە گوڵێ ، مەگەر رێ یەکی ترشک دەبرا ...

* * *

ئێوارە بوو ، بەسەرەوژێرەکەی دوێنێدا هەڵدەگەراین ، تەرمی فازلمان لەپشتی وولاخێکەوە شەتەک دابوو ، هێروکان وەکو دوێنێ پاراوو چاوگەش ، دەتوت پێشوازی فازل دەکەن بەشنەبایەکی نەرم دەلەرانەوە ، خۆیان لەپێی وولاخەکە دەسوی دەتوت دەیانەوی دەستەودامێنی بن تاتۆزی دانەوی و بودواجار بەدیداری فازل شاد بن .

هێندەی نەمابوو بگەینە لوتکەی شاخەکە لەدامێنمانەوە هێروکان بەهێواشی دەلەرانەوە .

گەرەوان ــ سەقز

١٩٨٩ - ١٩٨٧

# نان...!

ئەلوەنـــــــد

تینی ئاگروشەونخونی وشەکەتی ، گاڵەیان بەگیانی دەکردو سووریان هەڵگەڕاندبوو. لە پڕکزەبا ساردە کوێستانیەکەش دەنووسایە جەستەی خەماو دادەویەوەو موچرکێک رایدەچڵەکاند. هێندەش دەستی ئارداوی لەکەزیەو سەرپۆشەکەی دابوو، ئەتگووت ئەکتەرێکی بەتەمەنتر ئارایشتکراوی فلمی "شکستە!"

پێی راستی بەراستی خوانەکەدا درێژ کردوەو چەپیشی خستۆتە ژێر رانی ، خێرا خێرا تیرۆکی بژێوی بەسەر گونکدا بادەدا وخراوخری ساجەکە پانی دەکردنەوەو دەیدان بەسەریا. ساجەکە هەویری دەکردە نان وتەنووری دەروونی ئەمیش ، خەمی هەژاری دەگوری یەژان ... ژانێ مەگەر هەژار بزانی چی بەسەر مرودینی !

ساجەکە نان لەسەر نانی دەبرژاند و تەنوورە دەروونیش خەمی لەسەرخەم دەپەستاند. بیست سالی دەبوو نانکردن پیشەی روژانەی مالی باوک و مێردێتی ! گلەیشی لەکەس نەبیستووە. کەچی ئەوەتەی نان بو (پارە!) بە (پارە) دەکات ، چەندین جارە پیی دەڵێنەوە : براژن نانەکە باش نییە . وێراش ، قبولێتی . لەگەل نەبوونیا هیچ ناکرێ ، چاری بی چاری یەو دەبی شانی شەکەتی وخەیالی خەفەشی بداتە بەر ، بەم رەنجی نانە ، ئەم مانگە ، خەریکە ژێواریان دەبوژێتەوە . ـ منالەکان ـ نەختۆکەیەک هاتونەتە سەرخۆیان ، کەم حەوسەلەیەکەی ـ عەلی ـ یش کەمتر بوتەوەو سەرگەرمی کۆڵە دارهینانە . دەترسا پێی بلێن و هەڵچێ .

"بەدەستی خۆم نییە ، لە" قەرەنگوێ "

ئەوەندەم جوان ئەکرد، کەلەجووت ئەگەرایەوە وگاکانی ئەکردە گەوڕەکە ، یەکسەرئەهاتە لام و دووسێ نانێکی گەرمی بەدۆوە ، یان پەنبروپیازەوە ئەخوارد. ئەگەر پیی بلێن و پیێم بڵێن ، چی بڵێم...؟ لەناو ئەم غەریبانە شەل وکوت نەکەویتەویزەم..؟ هەیرۆ حەیامان ئەچێ . ئەترسم وا بزانێ ئەمەوێ کارەکەم لەکۆڵ بێتەوە .. دووریش نییە! چیبکەم،وام لێهاتووەنان کردنیشم بیرنەماوە .. کەئەمەوێ هەویرەکە بدەم بەساجەکەدا ، وائەزانم رووەتی خۆمی پیا ئەچزێنم . کارەکەم پێعەیبە ، کەبیر لەم نەبونی و دەربەدەری یە ئەکەمەوە هەر ئەوەیە لەپێستی خۆما جیم ئەبێتەوە ... خێرمان پێ ئەکەن خیر ، ناچاری نەبێ مردن

لەمە خۆشترە نان بەپارەبکەیت . بۆکێش ؟ پیشمەرگە . خوایە ئابەمەش بلێم : " شوکرم بەبەشت! " .

دوو لقەداری خستە سەرئاگرەکەو خۆشتری کرد ، هەتاویش بەشێنەیی تارای زیوینی دەکردە بەر لوتکەو باسک و زینۆکان . هەروەک لەسەرمادا ، دوورە ئاگر ئاسوودەی یەک دەبەخشیتە مرۆڤ ، تیشکی هەتاویش بەتەواوەتی خەوی لەم رەواندو گوری خستەوە گیانی .بریاری داوە ئەمرۆ زووتر لێبێتەوەو فریای تسکێنە لێنانێکیش بکەوێ . هەفتەیەک دەبووسێ ژەمە نان   ! یان دەخواردو چەورایان نەچێشتبوو . پێی راستی ُرمولەکردو چەپی دریژکردەوەو مشتێ ئاردی بەخوانەکەدا پەرش کردو چنگێ هەویری هەڵگرت و.... تەپ دای بەسەریداو بەهەشت پەنجە کەوتە پان کردنەوەی، هەروەکو گونکەکە ئامیانی مەیاندنی خەمی ئەم بێ ، کەوتەوە دواندنی ناخی خوی :

" جاران بۆنیوەرۆژە ، یان ئێوارە ، ئەوەی خوابەنسیبی کردبان ، لەبەرم دائەنان و دیقەتم ئەدا شاری یەکان نانەکەیان لە پیخورەکە ، پی خوشتر بوو ، کە بە رووخۆشیەکەوە ئەیان ووت : " بەزیادبێ.. سوپاس " وام ئەزانی منالەکانم گەزگەز بالائەکەن . پارەی چی ، بەخوا ناوی پارەیان بهێنایە حەیام ئەبردن ، پارە.. حەی .. حەی !! .

ئیستەش وامان لێهاتووە بەئاردو خوێی خۆیان ، بەپارە نانیان بۆئەکەین ...... تۆبلیّی هی ئەم پارەیە نەبێ وائەلێن خراپە ..!؟ خۆزۆریش خراپ نی‌یە ، کەچی هەموو رۆژێ بەروومیائەدەنەوە . رەنگە لەبەرئەوە بێ ئێستا زوو زوو نانی شار ئەخۆن ... کوڕە بابە ناحەقیان نی‌یە ، ئەوەتا لەبەرچاومە کەی وەکو نانی جارانمە ..؟ ساجەکەش هیچ عەیبێکی نی‌یە و جوان جوان سوورئەبێتەوە . دوورنی‌یە وا

بزانن بەدەستی قەستی وایان بۆ ئەکەم ، ئەیرۆ چۆن رەنجەکە حەرام ئەکەم !

بەخوا .. بەخوا هەبێ ونەبێ هی ئەوەیە بە ئاوی سارد هەویرەکە ئەشێلم چونکە زۆریشە ، ناشهێلم باش هەلبێ ، بۆخوێ خراپ دەرئەچێ و ئاە .بەخوا هەر ئەمەیە ."

سەیریکی نانەکەی کردو بەدلّی نەبوو، تاکو نەرای داری تەڕ دوکەلّیان لەژێر ساجەکە هەلّدەکشاندو حاروبار بەدەم باوە تەوژمیان بو دەم وچاوی دەبردو هەرفرمیسکی کەم بوو ، لەویشیان بی بەش نەدەکرد . بریاری دا سبەی زووتریش هەلسی وئاویکی پوختی بوگەرم بکات و پاش باش شێلانی هەویرەکە ، لێی گەڕێ هەتا جوان هەلّدێ و ئیدی وایان بۆبکات ، گللەییان لێ نەبیسێ . شەرم پیشەش ئەشێوێنێ .

" بەحەیاتم ئەم دیبوو نان بە پارەبکرێ وبخورێ ، رزق رزقی خوایە ، ئەوەی هەبوو ئەکراو ئەخوراو برایەوە ، پارەو مارەی چی ....؟"

کورد ، وەکو دار بەڕووە ، خزمەتی کردوە و خزمەت نەکراوە . لەدێرزەمانەوە کەسایەتی میللەتەکە ، شەقلی حاکە بەخشندەکەی هەبووە . قشلاخ و هەواری خانەخوێی بێ پاداشتی رێبواران بووە . نێرومێ ، تەقەی بالّی مەلی مەیلی میواندارییان هاتووە . بەلام ئەوەتەی دەرزی بەرژەوەندی یەکەمین تەقەلّی لەشالّی رەوشتمان داوە ، بەشێکی زوری ئەم تەریتەمان لەژێرمشکی ئاوریشم و" مێزەری کافوری دا ، کرانە ئەسپێی خۆپەرستی .. ئەسپێکانیش هێندە خوێنیان مژی و پێ مژین ، بەرە بەرە ، رەوەرەوە ئەسپی رام کراویان لی پێک هات ونالّی سەرخەرمان وجۆخین کران ، ئیستاش هەن بەخەیالّی کۆن ، روتیمراوی رەوتی ئەم ئەسپانەن ومەیتەرەوانی گەورە بۆگەنەکانیان .

لەوساوە ، گەرچی ئەم رەنووە رەوشتە هەتا لێزاولێژ ، لێژبوبیتەوە ، زل و زەلامتر بووە ، بەلام کەویێ هەرماوەو لەنسێی بلّندی وبژداندا ، تین وتاوی بەرژەوەندی نەیتواندۆتەوە ونا شیتوینیتەوە . ـ خەجی وەکو ریواسی دامیاو

هەلمژیوی کەوی یەکەیە ، ئیستاس رووسوری دەگوشێتە بوتەی ژیان . بۆیە بەپارە نان پێکردنی لاپەشم بوو ، کەیەکەم روژ ـ عەلی ـ

بۆیەکەمین جار لەژیانیانا پێی گوت ، زمانی چوو ، نەیئەزانی بڵێ چی؟ . ئەو هەتا بەیانی لەناوشەرم وشەرمەزاریا ئەتلایەوە . ئاخری : برسێتی ، ڕەجاڵی ، ئاوارەیی وترسی منالەکانی ملیان پێ داوکەلە خەوهەڵسان ، بەهەزار حال توانی پێی بڵێ :

ـ تۆچیت پێخۆشە من ئەوە ئەکەم .

" عەلی " دەیزانی خەجێ " ژانی لەدایک سوونی ئەم بریارە ، لەژانی لەدایک بوونی پینج منالەکان زیاتری ئازارداوە ، کەسەیرێکی کردو چاویان لیک هەڵەنگوت ، ئیدی قسەیان نەدەویست بەسەرنجە سوێ،زوخاوی ناچاریان بۆیەکدی هەڵرشت . لەگەل ئەوەی کەوتیشە ئیش کردن ، هێشتا راهاتنی خایاندی . رۆژلەدوای روژ باشتر تێدەفکری وزیاتر لەخۆیان تێدەگەیشت .

" مادام شتەکەوایەو خۆشیان سێ یان ووتوین ، ئیتربوعەیبە؟ بزانە لەمەودوا چۆنی ئەکەم ؟ بۆعەیبە لێتەومانە و بەردەرگەی گرتوین ، منیش نەیکەم یەکێکی ترهەر ئەیکات ، گریم ئەمەشم نەکرد ، خۆ ئەبێ مشوری خۆمان بخۆین ... دەربەدەری و هەزارخەم ، ئەمەخەمێکی . لەماڵ ومەڕ و مالات براوین ، مابێ ونەمابێ کردوکۆشی خومانەوبەس ، ئیتر عەیبەومەیبەی چی..؟"

نان برێشکەکەی خستەژیر دوانان و بەرزی کردەوە ، دیوەکەم برژاوەکەی لەسەر ساجەکەدا تۆزێ راگرت و برژاوخستیە سەرنانەکان . بە ئەستێوەکە خوانەکەی خاوین کردەوەو کۆشیشی تەکاند . دووکۆتەرە دانەمرکاوەکەی دەرهێنا و جامەئاوەکەی بەردەستی پیاکردن ، ساجەکەشی لە هەیوانەکەدا هەڵپەساردوهاتەوە دەستی بشوا . کەسەیرت دەکرد سەراپای بوبووە لێبڕاوی راهاتن بەم ژیانە . سەری هەڵبری پیاویکی کاملی سمێلٚ پری سوتەتاوی جامانە لەسەری ، لەسەر هەمان ئێستر کەنانەکەی پێ ئەبەن ، بینی . گەیشتە بەردانگەی دالانی خانوچکەکەو پیادە بوو . ئەمیش خیرا دەستی بەچمکی کراسەکەی وشک کردەوەودەستێکی بەسەرپۆشەکەیشیا هێنا و هەستا .. پاش سەلام و... وولام !

" ـ خوشکێ نانەکەمان حازرە .... ؟

ـ بەڵێ حازرە .

حەق وحسابت چەند لەسەرمانە ..! ؟

پاش برسیتیەکی زۆر پارووە نان لەگەرووی سواڵکەرێ دەربهێنرێ ، هەربەقەد ئەم قسەیە کاری تی دەکات . تفێکی قوتداو زمانی داماوی نەخشایە رووخساری ، تێگەیشت چیکەی نان لا ناکەن ، دەیویست تێی بکەیەنێ رۆژێکی دیکەی لەسەر راوەستن وبۆ دواجار تاقی بکەنەوە ، لەبەر ئەوەی پارەی تیابوو ،شەرمی کرد .هێندە هاتەکۆ ، گووتی :

ـ حەق و حساب لەگەڵ عەلی بکەن !

پیشمەرگەکە نانەکەی خستە سەر ئێسترەکەو هەڵبەزیە سەری ، هەتالەسپینداری دامێنی گوندوکەکە ئاوابوو . پرشنگی پەژارەی ئەم روژگارەدژوارەی تێدەگرت ، لەدووریشەوە بە کۆڵێ دارەوە ، " عەلی " دەگەرێتەوە ، لە ژێر بارەکەدا واچەمابووەوە ، هەرئەوەبوو ئەژنۆی بەر قەپوزی نەئەکەوت . دلی هەلپرواوتامای گریانیکی قولی لەخۆیاناساندو،کەوتە تاوتوێ کردنی لەدەست چوونی مانگانەی بارەگایەگ . دایانابوو سەری مانگ،دوو جووت پێڵاو بۆ منالەکان و باقیەکەشی پەتاتە و رونی پێ بکرن .

ئازادی کوری هاتە دەرەوەو خەوکێشێکی بۆ کردو ، بەپیوە کەوتە میزکردن ، دایکی چاوی بری یە پێ خاوسیەکەی وشرواڵە شیتەڵەکەی و نزیکی جەژنی بیرکەوتەوەو ئاخێکی لەناخەوە هەڵکیشا وسەرزەنشتی رابوردوو ئێستای نیشتە سەرزمان :

" هەرپیخاوسی و نەبوونیەکەمان

بەرکەوت! "

تەنگی توژەلە

١٩٨٩/٥/١٠

# کاتێک خۆشەویستی ڕەنگ دادەکوتێ ..!

فەرهاد رەسوول

لەگەل کپ بونی گرمەو دوادەنگ دانەوەی دلّی چیا ، شنەی شەمالّێک لەوئێـــــوارە پایزی یەدا هەلیکردبوو.. ئەم دوکەلّ ورەشی ئەم ناوچەیەی دەرەوەونا وەوەو هـێدی هێدی پەنجەی نەرمی بەپرچ و کاکۆلّی ئالۆزەکاو وتوزاوی دارودەوەن و جەستەی تودادینا .. دەتگوت دەیەوێ ئەو ترسەکاتی‌یە لەتۆ و ئەوانیش دەرکاو پێیان بلّێ :

– ئەوە دەترسن ؟! حەیف نیە . باپیرانی ئێوە هەزاران جارفەدو بالآیان سوتێنراوە و زولّفی سەوزیان رنداوە .. کەچی ئەوان هەرماونەوە .. دەسا ئێوەش قولّتر..زۆر زۆر زۆر قولّ .. بەقەدەر بارستایی زەوی رەگ داکوتن .. بچنە خوارێ .. چونکە ئەگـــــەر هاتو دەست و پەلتان بقرتێنن .. سەروملتان تێک بشکێنن .. بیکەنە کۆلّوو.. هێشتا دەستیان بەرەگ ناگات .. ئەوساش نیوە جارێکی دی لەنێو دلّی خاکەوە سەردەرێننەوەو بـــاوەش بەزەویدا دەکەنەوە .. هەرئەوەشە جاویدانی ...

تۆش .. ئەوە تاسەرەت بەسنگی تاشێکەوە ناوە .. ئەو هەردوکتانی لەباوەش گرتووە چاوەرانی ! . زۆر دەمێکە تامەزرۆی وەها رۆژێکی .. وائەوانیش وردە وردە سەردەکەون

– پەلەنەکەی .. بازیاتر بێنە پێشەوە.. تاتەواو دلّنیانەبیت روی تێ نەکـــــەی ! ئەها .. وائێستا بەجوانی لێت دیارن ، واچەند سەگێک لەپێشیانەوە بۆن دەکەن !! لەوان گەری ئێستا کاتی ئەوان نیە . ( پادار بگرەو بێ پامالّی خۆمانە )

مەبەست ئەوانی ترە ..

– چاک بروانە ئەوا پۆستالّەکەی ، سنگی دایکت دەشێلێ ودەیەوێ هەناسەی لێ ببرێ ! قۆلّی تائانیشکی هەلّکردوە تەکان دەدا .. ماتلّی چی ؟! دەدوربینەکەت بەچاوتەوە بنێ.. ئەها دەیان بینی ؟!

ئەوە سەعدە ئەوەش قەعقاع ، ئەوانەش طەلحە و زوبیرو ئەبوعبیدەی جـــەراحن .. ئەها ئەوەش شنیشل و عریف گاطعی کوریانە ..

- دەیان ناسی ؟
- بەڵێ .. زۆرچاک .. بەوەسفەكانا دەیاننا سمەوە ، دوێنێ وئەمرۆ هیچ نەگۆراوە .. ئەوان هەرئەوان و ئێمەو چیاش .. هەمان مێژو تۆماردەكەین ..
- خۆ دەزانی بۆچی دەیەوێ زووتر بگاتە ئەمدیو؟!
- بەڵێ .. تاچاوگەشێكی تربۆبابی .. مامی .. براكەی .. ئامۆزاكەی .. فەرق ناكا گرنگ چاوگەشێكی كوردە .. وەكو كۆیلە .. هەم بۆ .... هەم بۆكاری ناوماڵ ..
- ئەو چاوەگەشەش خوشكی تۆیە .. دایكی تۆیە .. خوشەویستە بێ نازەكەی خۆتەوئێستا بۆتۆ سەرتاپای لەخم گیراوە ....
- ئەی تالانی .. گاوگۆتاڵ و جوجک و مریشک .. هەرچی هەیەونیە ، لەكۆڵی خۆیانی شەتەک دەدەن و بەرەو خواری دەبەن .. هەروا فێربون ، پیشەی كۆنینەی خۆیانە ، باپیریشیان هەر ئەو كارەی دەكرد .
- رەحمەت لەپێشینان ( گیا لەسەربنجی خۆی دەروێتەوە ) .

چاک بروانە .. زۆر وریابە .. وونی نەكەی ؟.. تۆڵەی هەزاران هەزاركەس والە لولەی هاوری دێرینەكەی تۆدایە .. رەوینەوەی هەوری ستەمی هەزار ساڵەلەبلاچەی یەكەم گوللەی تۆدایە ..

- تۆ ئێستاكە مەچەكی ملێونانی .. پەنجەو دەستی كۆیلەكانی ، تۆ .. تاكەداوەری حوكمی دادگای مرۆڤی ستەم لێكراو بەرێوەدەبەی ...

زۆر وویابە گەرنەی پێكی ! ئەوا ئەو تۆ وەكو سەگ پەت دەكاتو .. پاشان بەزەلیلی لێت دەبێتە ئیزرائیل و رۆحت دەكات بەقەیتانی پۆستاڵەكەی .. میزبەمیژوویدووهەزارو ئەوەندە ساڵەی رەنجی باو وباپیرانتا دەكاو بەبەڵغەمێک ئەوتاشە بەردەی تـــۆی لە ئامێز گرتووە سواخ دەدات ....

قوناغەكەی لەشانی گیركرد، رومەتی لەسەردانا ، چاوی چەپی نووقاند .. بەئەسپایی زامنەكەی هێنایە خوارەوە .

- بالەرتاک بێ .. چونكە ئەو تەنها نرخی یەک گوللەی هەیە .. نەء بالەسەر ریـزبێ تابەیەكجار ئاگر لەهەناوی پێنج .. شەش .. حەوت .. بەردەدەم

هێڵێكی نەبینراوی لەقەرەولەكەوە بۆ جاسوكەو لەوێشەوە بۆ سەرسنگی ئەو راكیشا.

- خۆزگە زوتر دەگەیشتنە قەمچم .. نازانم هەنگاوەكانیان بۆلەكورتیی دێنێ .؟
- ها چیە؟ چیای ركی ئەم دەڤەرە هەناسەی سواركردوی ؟ دەزانی بۆ؟ ولاتی خـــۆت نیە .. ئەم چیایە مرۆڤی خۆی دەناسێ و سنگی بۆئەو دەكاتەوە
- وەرە مەردی چابەو بگەرێوەو ناوئامێزی خێزانەكەت .. ناو ولات وزیـــدی سەدان ساڵەت .. گەر وابكەی خۆشەویستی دەچێنی ، دەنا دوای چەند رۆژێک بەتۆ دەڵیـــــن ( مفقود ) !

پانورامای چەندین مانگ لەوەوبەر لەسەر هێڵەنادیارەكە بووەپەلكەزێرینـــە و هەسانێكی تری لەخەنجەری رقی پەنگ خواردوی بوو ...

خۆ لەبیرتە ... پێنج شەممە بوو

( بەرگە نوێ کەت پۆشی ، پشتێنێکی رەشت لەسەربەست ، حەزت بەرەنگی رەش دەکرد. نیوسەعات زیاتر خەریکی خۆت بوی .. دووسێ جۆر بۆنت لەهەرزانەکان تێکەڵاو کـرد .. بەدەست تۆ بوایە سەعاتت دەگەیاندە .. ولەبەردەمیا حەزوسوتان و خۆشەویستـی پەنگ خواردوت هەڵدەرشت ..

دوێنێ شەو کەدایکت چای بۆتێ دەکردی بەشەرمەوە بێ وەی سەرهەڵبری ..

– دایەگیان سبەینێ هەڵمەستێنە چونکە ناچم بۆئیش .

– بۆ رۆڵەگیان ؟.. خۆ وەستا عمر دیسانەوە دەری نەکردویت

– نەخێر .. بەلام هەندێک کارم هەیە !

– باشە رۆڵە خوابەدڵی خۆت لەگەڵ بکات .

خۆشت نازانی ئەو شەوە، کەی و چۆن خەوت لێ کەوت .. دەیان جـار دارەرای ژورەکانتانت ژمارد . کات لەتۆ ببوە هەزارو یەک شەوە .. کەخەویش بردیتیـەوە پەنجەکانت تینوێتی تەنها بیان لەپرچە رەشەکانیدا دەشکاند .

لەسەرخۆ بەشەقامەکەدا دەهاتیە خوار ، هەموو شتێک جوانی لێ‌دەتکا ، شەقام ..شۆستەو دوکان .. دارتەلەکان .. دەتگوت دەریایەک خۆشەویستی بەسەرشاردا رژاوەو هەمووشتێک پێ دەکەنی .

تۆبەخەیاڵ هەموو شتێکت سازکرد، خەیاڵیشت وەکو ژیانت زۆر ساکاربوو.. دووژور، یەکیان هی تۆ و ئەوبوو، ئەوی تریش هی دایکت بوو. تریقەی کوپەکەتان سەمفۆنیـای گەردون و نهێنی وجودی بەگوێی تودا دەدا . زۆرت بۆجێی مەبەست نەمابوو کەلەهارەی دادانەوەی دەرابەکان بەئاگاهاتیەوە .. هەرخەڵک بوو بەرەو ژور لەپێشبرکێی هەلاتندا بوون .. هەرکەسەو بەخەیاڵی خۆی رۆحی لەقاسەی قەفەزەی سنگیدا دەپاراست و.. گوایە نایانەوێ ئەم جیهانە پرئازارە بەجێ بێڵن !!

هەنگاوەکانت هیواش کردنەوە

– ئەوە چیە ! دەترسی واپێت دادەگری ؟ ئەی " ئەو " بۆئەو گورگانە جێ دەهێڵـێ ؟ تەکانت داو سەربەرەوخوار گورت خوارد .. خەڵک بەچاوی گومانەوە سەیریـان دەکردی ! پێ یان وابوو وەک پەپولە بۆگڕدەچێ ..تۆش سورتر بەرەو شەمی چاوەروانت شەقامەکەت دەپێچایەوە ..

گەیشتیە چوار رێ یانەکە .. پربوو لەپۆستاڵ لەپێ وکلاو رەشەکان ..گوێت نەدایی و چویتە پێشێ ..

– چیم لێ دەکەن .. خۆمن حەقم بەسەر هیچەوە نیەو خزمەتی سەربازیشم کردوە .

گەیشتیە بەردەمیان .. سیان چوارێکیان بەچەپەری لەشیان تۆیان کـردە کوزو پێش ئەوەی دەست بۆ ناسنامەی باخەڵت بەری .. داینگرتی .. شەق و بوکس وزللە ..تاوەتەرزە بون و بەسەرزەوی جەستەی تۆدا دایان دەکرد .

کەچاوت کردەوە .. لەژورێکدا کەلەپەورو لێی کەوتبوی ، بۆگەنێکـی ناخۆش قورگ و سیەکانی دەگرت ، دڵت تێکەڵ دەهات .. نوزە نوزی چەندین کەسی وەکـو خۆتت هاتە بەرگوێ .. فریانەکەوتی بزانی ئەوێکوێیەوئەوانەی لەتەکتان کێن ..کـەشەقەی

دەروازەکە روی بێ چاوی هەموتانی وەرچەرخاند .. گازیان کردی ، پێش ئەوەی وەلام بدەیەوە بەپشتەمل هەڵیان گرتی و بەدەم شەقەوە گەیاندیانیە ژورێکی تر .. پەروی سەرچاوتیان هەڵگرتی .. تاماوەیەک چاوت وەکو توتیلەی ماڵەجوتیارەکان پرتەپرتیان دەکرد .. کەچاوت جوان کردەوە ... ئەوا سێ مل ئەستوری لچ رەش ... زەردەواڵەی سەر شانیان لەسەرچزوحازری پێوەدان ، روی پرسیاریان تێ کردی ، لەگەڵ هەر نازانمێکدا چەندین شەق و بوکسدەم و چاووپاشەلتیان نەرم دەکرد .

چاوزەقێکیان روی تێ کردی

– خوشکی جوانت هەیە؟! دەبێ هەت بێ .. ئەگەر نیشتە دایکت بونەبوونی باشە!

هەوری قاقای هەرسێکیان ناختی تەزاند .. لەناوخوێن وزام وژانی لەشتا کورپەی تۆڵەیەک کەوتە گروگاڵ ..

– قوربان .. گەورەم من هیچم نەکردوەو هیچ نازانم

– نادەزانی .. ئەی تۆکوردنیت ، هەموو کوردێک تاوانبارە ، ئێوە هەر هەمووتان فرچکتان بەچەتەیی گرتووە .: ئێوە یادەبێ خزمەتکاری ئێمەبن ، یادەبێ بمرن !!

– تێ گەیشتی کوری سەگ .

هەر ئەو رۆژەی لەدەروازەکە ترازای .. تاپۆی لولەی تفەنگێک چاوی لێ دادەگرتی

– دەئەوەتا بەئاواتی گەیشتویی و ئەوە ئەورۆژەیە تۆبەتەمای بوویی ..

سەرت هەڵبری .. نیگات لەئاسۆی زەردبری

– خۆزگە زوتر دەهاتنە پێشەوە .. ئەوەتا خۆربەرەو ئاوابون دەچێ !!

تۆ دەتویست ئەو چەند چرکەکاتە بەسەربەری ... هەموو گیانت ببوە خوڵ خولە و ئوقرەی نەدەگرت ..

چاوت لێک نا ..

( ئەسپی خەیاڵ بەپرم و حیلەی سەرکێشانەی لەوحالەتە رزگاری کردی .. یالێت گرت و خۆت هەڵدایە سەرپشتی .. باڵی گرت و روەو خوارو .. روەو بیابان ملی نا . )

لەنزیک خێڵێکی دەوارنشین رەق راوەستا .. لێی دابەزی و هەنگاوت نا .. هەموو شتێک بەتۆ نامۆبون .. زەوی ، ئاسمان ، هەواو زمانی خەڵکەکەی .

– تێ گەیشتی ئێرەکوێ یە ؟!

– تۆ بڵێی خونچەی ئاموزام لێرەنەبێ ؟!

دەوار دەوار سەرت پێدادەگرت .. چەندین خونچەت دی .. وەکو شێت بەنێودەوارەکاندا دەگەرایت .. ویستت هاوار بکەیت ، بەلام هاوار زۆر دەمێک بوولەگەروتا وەکو کانیی ولاتەکەت وشک ببوو ...

– ئەو دەوارە گەورەیەش ماوە .. باسەرێکی پێدابکەم !

– چویتە پێشی ، کەلەلایەکی دەوارەکەت لادا .. ئەوت دی .. لەسوچێکدا راوەستابوو .. وەکو مرۆڤی لەمۆم دروستکراو بێ جولەبوو ، رەنگی وەکوبەهێی پایزی دەنواند ،ایێوەکانی باریان گرتبوو .. لەملاشەوە زرتە بۆزێک ، کراسێکی ئاودامان لەبەر ، پێکەنینێکی ژەهراوی لچ و لێوی داگرتبوو ..

دەستی بردو پەت و سەرپۆشەکەی سەری داگرت .. کراسەئاوادامانەکەی داکەند ، لەگوڵە کێویلەکە چوەپێشێ .. جل وبەرگی لەبەر دادری ، کوترەسپی یەکانی سنگی وبیتیان بفرن ، بەڵام ئەو زووملی هەلکێشان و ئەمی نایەژێرخۆی ، دەیویست تووی تاوان و پیسی ی تیدابچێنێ ..

بەلام رەحمی ئەم زۆر دەمێک بوو هەموو رۆژی چەندین کەرەت ئەو ژەهرەی دەتفیەوە..

کەئەو لەسەری هەستایەوە ، ئەم روی بەرەو باکوروەرگێرا .. دوو دەنکە مرواری لەسەرگونای بونە شاهید .. بونە مێژوو.

توش ئەوکاتە رووت لەباشورکردبوو ، تیشکی چاوتان لەیەکی دا ، تابلۆیەکی سوری نەخشاند ...)

کات نەماوە ، ئەوەتا چاک لێت دیارن ، ئەهاسەگەخۆماڵی یەکان خۆیان کەنار دەگرن .. لەوان گەری ، حەیفە گوللە لەواندا خەسارنەکەی ، ئەوانی تر مەبەستن .. جوان سەیرکە ، ئەوەی پێشەوە کوری کابرای زرتەبۆزە .. کابرای خاوەن مێژووی رەش وتاوان.. لێیان هەستایە سەر پێ..لەگەڵ هاژەی بارانی گەواڵە هەوری گوللەدا چوار پێنجێکیان سەرەنگری بوون .

مەخزەنەکەی گۆری .. ئەمجارەشیان بارانی تۆڵەخۆش خۆش دایکرد.. ئەوەندەی تر بەسەریەکدا کەوتن .

دەستی بۆبەر پشتینەکەی بردەوە .. نارنجۆکێکی دەرهێناو هەڵمەتی برد ..کە ترشکەی هەورە بروسکەی لەناوکۆمەکیاندا ئوخژنی بەچیاخست .. گولالەیەک لەسەرسنگی روا .. رەگی لەدڵی یەوە داکوتابوو.. بەهێواشی دەستی بۆ برد.. گولاڵەکەی لەسەرلەپی راگرت ..

سەدان خونچە لەباشوری نامۆوە دەستیان هێناو لێیان وەرگرت ..

ئەتۆ زەمم ئەکەی ، مەدحت ئەکەم من
جەزای قەولی درۆ، با هەر درۆبی

ـ ناری ـ

تاڵ وشیرین پێکەوە نەمدیوە چابێ ، چانەبێ
هەرکەسێکی هەمنشینی چانەبێ پێت چانەبێ

ـ حەریق ـ

# دایکە کێوی

گی.دی.موپاسان

فازیل قەساب : لەفارسیەوە وەریگێڕاوە

پانزە سالْ دەبوونەگەرابوومەوە " ڤیرلۆنیا ". پاییز، بۆڕاوکردن گەرامەوە ئەوێ و لەماڵی " سیرڤال " ی دۆستم نیشتەجێ بووم کەدوای وێرانکاریی پرۆسییەکان دووبارە قەلا دەرەبەگییەکەی خۆی دروست کردبووەوە.

من بێ ئەندازە ئەم هەرێمەم خۆش دەویست. لەدنیادا گۆشەی واتەریک وپاک و دڵگیرهەن کە چێژێکی تایبەتی بەچاودەدەن وئادەمیزاد بە عەشقێکی وەک عەشقی لەش وگیان ئەوشوێنانەی خۆش دەوێ. ئێمەمانان کەشەیدای ئاووخاکین، بەردەوام یادگاریی شیرینمان لەگەڵ هەندێ کانیاو، هەندێ بێشەلان و ئەستێرک وهەندێ گردو تەپۆڵکەدا هەیە کەزۆرجار بینیومانن ولەرووداوی خۆش خۆشدا سەرنجیان راکێشاوین. تەنانەت هەندێ جار بیرمان بەلای دارستانێ، کەناری رووبارێ، یا باخێکی پڕلەگوڵەوە دەرواکە تەنها جارێک لەرۆژێکی خۆش وپڕچالاکیدا بەر چاومان کەوتوون ویادیان وەک یادی ئەوئافرەتە شۆخانە لەزەینماندا ماونەتەوەکەلەبەیانییەکی بەهاریدا بەئارایشی کاڵ و رازاوەوە لە شەقامەکاندا بینیومانن ولەزەت و ئارەزووی شان بەشان و ئانیشک لەئانیشک کەوتنیان لە دڵدا ماوەتەوە.

من هەموو دەشتەکانی " ڤیرلونی"م خۆش دەویست، ئەو دەشتانەی توول جاڕبوون وروباری ئاو هەروەکو چۆن شادەمارێ خوێن بگەیەنێتە زەوی، لەهەرگۆشەیەکیانەوە دەڕۆیشتن. لەو رووبارانەدا قرژاڵ وسوورەماسی ومارماسیمان راودەکرد. بەراستی سەردەمانێکی پڕلەشادمانی بوو، لەهەندێ شوێندا بۆمان دەلوا مەلەبکەین وزۆربەی کاتیش لای ئەو گژوگیا بەرزانەوە کەلە کەناری ئەو رووبارە باریک و تەنگانەدا دەروان قەتێ پەیدا دەبوو.

من وەک بزن چالاک و سووکەڵەرێم دەکرد و سەیری دووسەگەراوی یەکەی خۆم دەکرد کەجوان لەپێشمەوە دەڕۆیشتن. " سیرڤال "، نزیک سەد پێ بەلای منەوە کێڵگەیەکی وێنجەی دەکێڵا. من بەلای درکەڵانی قەراخ دارستانەکەدا لام کردەوەو چاوم بەکەلاوەی کوخێک کەوت.

لەناکاو سەردەمی ئاوەدانیی ئەو کوخەم هاتەوە یاد کەساڵی ۱۸٦۹ بۆدوا جار بینیبووم. ئەو کاتانە کوخێکی خاوێن و جوان بوو، دار مێویان لەدەوروبەرەکەی ناشتبوو، لەحەوشەکەیدا بەردەوام کەڵەشێرومریشکی زۆر دەبینران، چ شتێک لەبینینی خانووی مردوویەک ناخۆشترە کە تەنها دیوارەتەپیوەکانی مابن و ویران و غەمگین کەوتبنە گۆشەیەکەوە!.

ئەوەشم هاتەوە یاد کەرۆژێک لەوپەڕی ماندوێتی دا ؛ لەکاتێکدا " سیرڤال " داستانی نیشتەجێیانی ئەو خانووەی بۆ دەگێڕامەوە،

ئافرەتێکی میهرەبان لەهەمان شوێندا جامێ شەرابی پێشکەش کردبووم . باوکی خێزانەکە پیرەمێردێک بوو قاچاغەڕاوی دەکرد ،ژەندرمەکان کوشتبوویان . کوڕەکەیشی ، کەمن زووتر بینیبووم ، لاوێکی رەشیدوقنج و قیت بوو ، ئەویش وەک باوکی بەوەناسرابوو کە قڕی خستبووە ئاژەلانی هەرێمەکەوە .هەمووئەندامانی ئەم خێزانەیان بەکێوی بانگ دەکرد . جا "ئەوە ناوبوو یاناز ناو " نازانم

" سیرقال "م بانگ کرد . بەولاقەدرێژانەیەوە کەلەلاقی باڵندەماسی گرەکان دەچوون ، بەرەولای من هات . لێم پرسی :

" خەڵکی ئەمماڵەچیان بەسەرهاتووە ؟":

ئەویش ئەم رووداوەی بۆ گێرامەوە :

کاتێ بانگی جەنگ درا *. لاوەکە ، واتە کوڕەکەی " دایکەکێوی " کەئەو کاتە تەمەنی ٣٣ ساڵ بوو ، کرایە سەربازو دایکی لەماڵەوە بە تەنیا جێ هێشت . دڵیان زۆربەوپیرەژنەنەسووتا چونکە پارەی هەبوو ، هەموانیش ئەوەیان دەزانی

لەبەرئەوە دایکەکێوی لەوکوخەتەرێکودوورە ئاوەدانی‌یەی نزیک دارستانەکەدا بەتەنها مایەوە . جگە لەوەش پیرەژن هەرگیز نەدەترسا . چونکە ئەویش لەنەژادی مێردوکوڕەکەی بوو . واتە پیرێک بووبالابەرزولاواز ، زۆرکەم پێ دەکەنی و هیچ کاتێ خەڵکی ی گاڵتەیان لەگەڵ نەدەکرد . ژنانی دەشت نیشن هەرگیز پێ ناکەنن . پێکەنین کاری پیاوانە . ژنان رۆحێکی غەمگین ودیاری کراویان هەیە لەبەرئەوەی ژیانیان تاریکو تەلخە . لەوانەیە پیاوێکی دێهاتی جموجۆلێکی پڕسەروسەدا لەمەیخانەیەکدا بنوێنێ بەلام ژنەکەی هەربەو رواڵەتە وشک و هەمیشە رەقەیەوە لەماڵەوە دەمێنێتەوە . دەمارەکانی روویان هیچ کاتێک فێری بزووتنی پێکەنین نەبوون .

دایکەکێوی لەوکوخە تەرێکەدا کەخێرا بەفر دایپۆشی ، بەردەوامی ی بەژیانی ئاسایی خۆی دەدا . هەفتەی جارێک دەهاتەگوند ، نان وگۆشتی دەکڕی ودەگەڕایەوە . چونکە قسەوباسی واهەبوو کەلەوناوەدا گورگی زۆرهەن ، هەمیشەتفەنگە ژەنگاوی یەکەی کوڕەکەی دەکردەشانی و دەچووە دەرەوە ، ئەوتفەنگەی بەهۆی گرتنەوەقۆناغەکەی ساف و سووابوو . بەراستی بینینی ئەم دایکە کێوی یە ، ئەم پیرەژنەبالابەرزوکەمێک چەماوەیە کەلەناوبەفردا بەهەنگاوی گەورەوخێرا رێی دەکردو لوولەی تفەنگەکەی لەنووکی کلاوە رەشەکەیەوە هاتبووە دەرەوە جێی سەرنج بوو . تاڵەسپی‌یەکانی پرچی هەمیشە لەژێر ئەو کلاوە رەشەدا شاراوەبوون وهیچ کەس نەی دەبینین .

رۆژێک پروسی‌یەکان هاتنە گوندەکە . نەفەرەکانیان لەنێوان ماڵەکاندا بەپێی ریزەو توانای هەرخێزانێک دابەش کردن . بۆپیرەژنەکە کەگومانیان وابوو دەوڵەمەندە چوارکەسیان نارد .

چوار سەربازی لاوی قەڵەو وپتەو ، سپی پێست و ریش خورمایی وچاوشین ، سەرەرای زەحمەت و ماندوێتی‌یان قەڵەو وپڕمابوونەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا کەسەربەولاتێکی شکاووبەزیوبوون کوڕی چاکیش بوون . لەماڵی ئەو پیرەژنەدا خۆیان بەخزمەت و میهرەبان پیشان دەداو بەپێی توانا ئەویان لەباری ماندوو بوون و خەرج کردن بەخشی بوو . هەرچواریان دەبینران یەکی بەتاکە کراسێکەوە لەلێواری بیرەکەدا دەموچاویان دەشۆردو لەو رۆژەساردوپڕ بەفرانەدا گۆشتی سووروسپی لەشیان کەتایبەتەبەخەڵکی باکوورەوە، بەئاوخاوێن دەکردەوەو لەهەمان کاتدا دایکە کێوی سەرگەمی هاتوچۆو شۆربادروست کردن دەبوو . پاشان هەر چوارسەربازەکە دەبینران کەبەخاوێن کردنەوەی موبەق وشووشەی پەنجەرەکان ودارشکاندن و پاک کردنی پەتاتەو جل شوشتن و بەئەنجام گەیاندنی کارەکانی دی ماڵەوە خەریکن وەک ئەوەی چوارکوری چاکو دڵسوزی بەردەستی دایکیان بن

بەلام پیرەژن بەردەوام خەیاڵی لای کورەکەی بوو ، ئەولاوە بالابەرزوبنێس و لووت داڵی یە ،

---

* مەبەست لەجەنگی بروس وفەرەنسی یەکانە .

خاوەن دووچاوی قاوەیی وسمێڵێکی ئەستوورکە وەک رشتەیەک خوری رەش بەسەرلێوی یەوە دیار بوو.

پیرەژن هەموو بەیانی‌یەک لەهەر یەکێک لەو سەربازانەی لەماڵەکەیدا نیشتەجی بوون دەپرسی:

" ئێوە دەزانن هێزی بیست و سێی پیادەی سوپای فەرەنسا بۆکوێ رۆیشتووە؟ کورەکەم ئێستا لەوهێزەدا سەربازە ".

سەربازەکانیش وەلامیان دەدایەوە:

" نەدایکا ، ئێمەنە ... ئێمە نەزانی ". (*)

لەبەرئەوەی خۆیشیان لەولاتی خۆیاندا دایکێکیان هەبوو چاوەرێ یان بکات ، ئازارو نیگەرانی ی ئەویان هەست پێ دەکردو لەگەڵیدا میهرەبان بوون . بەهەرحاڵ پیرەژن ئەو چوار لاوەی دوژمنی خۆش دەویست چونکە گوندنیشنان بەهیچ جۆرێک رق و کینەی ولاتپەرستی‌یان نیەو ئەوکینەیە تایبەتە بەچینەبالاکانەوە . چینە ژێردەستەکان لەهەموان زیاتر باج دەدەن چونکە لەهەموان هەژارترن و هەرباجێکی تازەدەچێتە ئەستۆی ئەوان و لەپەلوپۆیان دەخا . ئەوانە دەستە دەستە دەکوژرێن و بەمانای راستەقینەی وشەگۆشتی دەمی تۆپەکانن لەبەرئەوەی ژمارەیان زۆرە . ئەوان بەشێوەیەکی زاڵمانەتر دووچاری بەدبەختی و ناهەموارێتی جەنگ دەبن چونکە لە هەموان لاوازترن وکەمتربەرگەدەگرن . ئەوان بە هیچ جۆرێک شتێ لەودەمارگرژی ودوژمنایەتی کردن وبریاردان و ئەوپیلانە پێچاوپێچە سیاسیانەیە تێ ناگەن کەهەردوو میللەتەکەی - واتە سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو - گیرۆدەکردووە.

لەهەرێمەکەدا ، کاتێ دەربارەی ئەو چوار سەربازە ئەڵمانیەی ماڵەکەی دایکە کێوی قسەیان دەکرد دەیان گوت :

" ئەو چوارە کەوتوونەتە شوێنێکی چاکەوە".

سەرلەبەیانی رۆژێک ، کاتێ پیرەژن بەتەنها لەماڵەوەبوو لەدوورەوە پیاوێکی بەدی کرد بەرەو کوخەکەی ئەم دەهات . پیرەژن هەرزوو کابرای ناسی وزانی کەهەمان تەتەری پۆستەکە بەپێ نامەی گوندەکان دەگەیەنێ ودابەشیان دەکا . پیاوەکە نامەیەکی قەدکراوی دایەدەست پیرەژن ، ئەویش ئەو چاویلکە یەی بۆدوورمان کردن بەکاری دەهێنا لەکیفەکەی دەرهێنا و کەوتە خوێندنەوە :

" دایکە کێوی میهرەبانم ، ئەم نامەیە بۆ ئەوەیە کەهەواڵێکی ناخۆشتان پێ رابگەیەنێ . ڤیکتۆری کوڕتان دوێنێ بەگوللە تۆپێک کەلە ناوەراستەوە لەتی کردبوو کوژرا . من لە نزیکی‌یەوە بووم ، لە " پەل " ە کەماندا شان بەشانی یەک دەرۆیشتین وئەو هەمیشە باسی تۆی بۆ دەکردم ، پێی دەگوتم ئەگەر شتێکی خراپی بەسەرهات لەهەمان رۆژدا ئێوە ئاگادار بکەمەوە. سەعاتەکەیم لەگیرفانی دەرهێنا تاهەرکاتێک جەنگ تەواوبوو بیهێنمەوەبۆ ئێوە . سڵاوی دۆستانەم قبووڵ بفەرموون .

سیزار ریڤور

سەربازی هێزی بیست وسێیەمی پیادەی سوپا ".

بەرواری نامەکە هی سێ هەفتەلەوەوبەربوو.

پیرەژن هیچ نەدەگریا . لەهەمان شوێندا وشک ومات و سەرسوڕماو مایەوە وەک ئەوەی هەست بەهیچ غەم و ئازارێک نەکات . بیری دەکردەوە:

" ڤیکتوری منیش کوژرا " پاشان کەم کەم فرمێسک رژایە چاوەکانی وئازارسەراپای گیانی گرتەوە. جارێکی دی منداڵەکەی ، ئەوکورە رەشیدەی بۆ هەرگیزاوهەرگیز ناگرێتەوە باوەش و ماچ ناکات . ژاندرمەکان باوکیان کوشت ، پروسی یەکانیش کوڕەکەی ... گوللەتۆپێکی بەرکەوتووەو لە ناوەراستدا کردوویەتی بەدووکەرتەوە . پیرەژن وای هاتە بەرچاوکەئێستا ئەودیمەنەدەبینێ ، ئەودیمەنە سامناکەی سەری لەلەشی جیابۆتەوەو کەوتۆتەگۆشەیەکەوە وچاوەکانی ئەبڵەق بوون هەروەک ئەو کاتانەی کەناڕەحەت دەبوو تاڵە مووەکانی سمێڵی دەقرتاند .

دەبێ چی‌یان لەتەرمەکەی کردبێ؟ کاشکای هەر هیچ نەبوایە تەرمەکەیان بۆ بهێنایەوە ، هەروەک چۆن تەرمی مێردەکەیان هێنایەوە کە

* سەربازەکان بەزمانێکی فەرەنسایی شکاو قسەدەکەن .

گوللەیەک لەناوەراستی تەوێڵی دابوو.

پیرەژن لەناکاوگوێی لەدەنگی کەسێک بوو. پروسییەکان بوون لەگوند دەگەڕانەوە. خێرا نامەکەی لەگیرفانی دا شاردەوەو چونکە کاتی ئەوەی هەبوو چاوەفرمیسکاوی یەکانی بسرێتەوە، بەئارامی وبەهەمان شێوەی جاران پێشوازی لێ کردن.

هەرچواریان پێدەکەنین و شادبوون بەوەی کەروێشکێکی قەڵەو وخرپنیان، کەبێگومان لە شوێنێک دزیبوو، لەگەڵ خۆیان هێناوەوئاماژە بۆپیرەژن دەکەن کەبەوکەروێشکە ژەمێکی چەور دەخۆن.

پیرەژن خێراکەوتە خۆی بۆئامادەکردنی فراڤین، بەلام کاتێ ویستی کەروێشکەکەسەربڕێ دڵی بروای نەهات، هەرچەندەیەکەم جاری نەبوو کەئاژەڵێک سەربڕێ. یەکێک لەسەربازەکان مشتێکی بەزەبری لەپشتی کەروێشکەکەداوگیانی دەرکرد.

هەرکەمردار بووەوە پیرەژن کەوڵی کرد و گۆشتە سوورەکەی دەرکەوت. بەلام دیمەنی ئەو خوێنەی لەبەری دەرۆیشت و دەستی پیرەژنی رەنگ دەکرد، خوێنێکی گەرم کەسارد دەبووە و دەمەیی، سەراپای ئەوی هێنایەلەرزین. دیسانەوە دیمەنی کورەکەی خۆی لەبەرچاوبەرجەستە دەبوو کەدوولەت بووەو وەک چۆن ئەم ئاژەڵە لەخوێنی خۆیدا گەوزا ئەویش سەراپالەخوێندا سووربووە.

ئەویش لەگەڵ میوانەپروسییەکاندا هاتە سەر سفرە، بەلام نەیتوانی تاکەپاروویەک بخوات. ئەوان بێ ئەوەی گوێ بدەنە پیرەژن کەروێشکەکەیان قوتدا. پیرەژن بەگۆشەی چاوسەرنجی دەدان و نەدەبزووت. سەرگەرمی گەلالەکردنی بیرۆکەیەک بوو بەلام هێڵەکانی دەم و چاوی هێندەئاسایی بوون کەئەوان خەیاڵیان بەلای شتێکدانەچوو.

لەناکاو پیرەژن لێی پرسین:

" وابۆمانگێک دەچێ پێکەوەین ومن هێشتا ناوتان نازانم."

ئەوان بەئاسانی لێی حاڵی بوون و ناوەکانی خۆیان پێ گوت. بەلام تەنهاگوتن بۆئەو بەس نەبوو، لەبەرئەوە داوای لێ کردن ناوی خۆیان و ناوناوی خێزان و ناونیشانی کەس و کاریان لەسەرپارچە کاغەزێک بنووسن و بیدەن بەو. پاشان چاویلکەکەی خستە سەرلوتە گەورەکەی ولەوخەتە نائاشنایە وورد بووەوە، ئەوجا پارچە کاغەزەکەی قەدکردولەتەنیشت ئەو نامەیەوە دایناکەهەواڵی مەرگی کورەکەی تێدا نووسرابوو و خستی یە گیرفانی‌یەوە.

کەفراڤین تەواوبوو بەسەربازەکانی گوت:

" دەمەوی بڕۆم کارێکتان بۆبکەم ".

دەستی کرد بەهێنانە ژوورەوەی وشکەگیا بۆ ناولەعەمارەی چوارسەربازەکە لێی دەخەوتن.

ئەوان سەریان لەم کارەی ئەوسووڕما، بەلام ئەو وای روون کردەوە کەبەوجۆرەکەمترسەرمایان دەبێ، ئیتر هەموویان کەوتنە یارمەتی دانی. وشکەگیایەکانیان تاژێر سەقفی عەماری "کا" یەکە هەڵچنی وبەرکاوە ژوورێکی نووستنی گەورەی نەرم و بۆن خۆشی چواردیواری یان دروستکرد کەدەیانتوانی بێ گرێ وگۆڵ و بە ئیستراحەت تیایدا بخەون

ئێوارە، کاتی شێو، یەکێکیان کەزانی دایکە کێوی دیسان هیچ ناخوات نیگەران بوو. پیرەژن ئەو بەهانەیەی پێ گوتن کەدڵی تێکهەڵ دێ. پاشان بۆخوگەرم کردنەوە ئاگرێکی کردەوەو چوارسەربازە ئەلمانیەکەش لەو پەیژەیەوە کەهەموو شەوێک بۆسەرکەوتنە ناو عەمارەکە بەکاریان دەهێنا، سەرکەوتن وچوونە شوێنی خەوتنیان.

هەرکەدەرگای عەمارەکە داخرا، پیرەژن پەیژەکەی لادا. پاشان بێ ئەوەی تەقەوڕەقەیەک بەرپابکات دەرگای کوخەکەی کردەوەو کەوتە سۆراخی چەند باقەگیایەکی دی ولەموبەقەکەدا لەسەریەک هەڵی چنین. بەپێی پەتی بەجۆرێک لەبەفرەکەدا هاتوچووی دەکردهیچ کەسێک دەنگی پێی نەدەبیست. جارجارەش پرخەی بەرزونزمی سەربازەنوستووەکانی بەرگوێ دەکەوت.

کەزانی ئازووقەی سووتەمەنی تەواوی لەبەردەستدایە، چڵێکی خستە ئاگردانەکەوە و ئاگری گرت، ئەویشی خستە سەرچەپکەگیایەکانی

دی ، ئەوجا خۆی لەموبەقەکە هاتەدەرەوەوکەوتە تەماشاکردن .

لەماوەی چەند چرکەیەکدا گرێکی گەورە ئاو کوخەکەی رۆشن کردەوە ، پاشان کوخەکە بووە ئاگردانێکی سامناک وکوورەیەکی پرکڵپە و بڵێسە ، زمانەی ئاگرلەپەنجەرەبچووکەکەی کوخەکەوە شالاوی بەرەو دەرەوە دەهێنا وتیشکی بەتینی دەهاویشتە سەربەفرەکە .

پاش کەمێک ، هاوارێکی گەورە لەسەرەوەی خانووەکەوەهات ، ئینجا قیژەونووزە نووزی مرۆڤێک هاتەگوێ ونەڕەو نرکەی جەرگ بڕی ئاکامی ترس و سام بەرزبونەوە ، پاشان لە پەنجەرەکەوە کەوتە ناوعەمارەکەوە . تۆفانی ئاگر وەک گەردەلوول و گێژەڵوکەبەیەکدا هاتن ، سەقفی عەمارەکەی کون کردو وەک گڕی شاپلێتەیەکی زەبەلاح بەرەو ئاسمان زمانەی کێشا . سەراسەری کوخەکە دەسووتا .

ئیتر لەناوەوە لەقرچەقرچ و تەقوتۆقی ئاگروسکڵ ودارمانی دیوارو ستوونەکان بەولاوە شتێکی دی نەدەبیسترا . لەناکاوبن میچەکەش تەپی و پەیکەری سووتاوی کوخەکە لەناوەراستی هەورەدووکەڵێکدا چەترێکی رەنگاورەنگی لە پریشک و تروسکەبەئاسماندا بڵاوکردەوە .

دەشتی سپی پۆشی بەفرو رۆشن بەتیشکی ئاگر ، وەک سفرەیەکی زیوین کەرەنگی سووری لێ درابێ دەدرەوشایەوە .

لەدوورەوە دەنگی زەنگێک هات .

دایکە کێوی لەترسی ئەوەی نەکا یەکێک لە سەربازە پرۆسییەکان رزگاری بێ و رابکات ، بەچەکەوە ، بەهەمان تفەنگی کوڕەکەیەوە لەبەردەمی کوخە وێرانەکەی خۆیدا راوەستابوو .

کاتێ بینی هەموو شتێک تەواو بوو ، تفەنگەکەی فڕێ دایەناوئاگرەکەوە ، تەقینەوەیەک روویدا . خەڵکی ی لەهەموولایەکەوە گەیشتن ، دیهاتی وپرۆسییەکان بوون . پیرەژنیان بینی ئارام و خوشحاڵ لەسەر کۆتەی درەختێک دانیشتووە .

ئەفسەرێکی ئەڵمانی کەبەئەندازەی فەرەنسییەکان زمانی فەرەنسی دەزانی ، لێی پرسی :

" ئەی سەربازەکانی لای تۆ لەکوێن ؟ "

پیرەژن بازووە باریکەکەی رووەو ئەو ئاگرەی بەرەو خامۆشی دەچوو درێژکردو بە دەنگێکی رەسین و بەدڵنیاییەوە وەلامی دایەوە :

" ئالەوێدان ، لەناوئاگرەکەدا ."

هەموان لەدەوری پیرەژن خڕبوونەوە .

ئەفسەرە پروسییەکە جارێکی دی پرسی :

" چۆن گری گرت ؟ "

پیرەژن گوتی :

" من گرم تێ بەردا ."

باوەریان بەقسەکەی نەدەکرد . وایان دەزانی تینی کارەساتەکە لەناکاوشێتی کردووە .

لەو کاتەدا کەهەموان لەدەوری ئەو بوون و گوێ یان بۆ قسەکانی شل کردبوو ، ئەولەنووکەوە رووداوەکەی بۆ گێرانەوە ، لەگەیشتنی نامەکەوە تادوا هاواری ئەو پیاوانەی لەکوخە ئاگر تێ بەربووەکەی ئەودا دەسووتان . تەنانەت تاکەوشەیەکی لەوەی کردبووی یان هەستی پێ کرد بوو نەپەراند .

کاتێ قسەکانی تەواو کرد ، دووپارچەکاغەزی لەگیرفانی دەرهێنا وبۆئەوەی لەبەردوا رۆشنایی ئاگرەکە لێکیان جیابکاتەوە چاویلکەکەی کردە چاوی . پاشان نامەیەکیانی نیشان داوگوتی :

" بنووسە کارەساتەکە بەچ شێوەیەک روویداوە . بەتایبەتیش بەکەس و کاری ئەوانە بڵێ کە من ئەم کارەم ئەنجام داوە ، من . ڤیکتورسیمۆنی کێویش فەراموش نەکەی ."

ئەفسەرەکە چەند دەستوورێکی بەزمانی ئەڵمانی دەرکرد . پیرەژنیان گرت وچەسپاندیان بەدیواری نیوەکەلاوەی کوخەکەیەوە کەهێشتا گەرم بوو . ئینجا لەحاڵەتی خەبەردارردا * لە نزیکی بیست مەترەوە رووبەرووی وەستان . پیرەژن هیچ نەجووڵا . تێگەیشتبوو ، دەیزانی و

* خەبەردار : استعداد

چاوەڕێی دەکرد .

فەرمانێک لەهەوادا دەنگی دایەوەویەکسەر دەنگی دەسرێژێک بەدوایداهات . دەنگی تاکە گوللەیەک کەدرەنگتر تەقێنرابوو دوای دەسرێژەکەبیسترا .

پیرەژن نەکەوت ، بەڵکو چەمایەوە ، وەک ئەوەی لاقەکانیان بەداس بڕیبێتەوە . ئەفسەرە پروسیەکە نزیک بووەوە . لەشی پیرەژن بەوە دەچوو کرابێتە دووبەشەوە ، نامەخوێناویەکەش هەروالەچنگیدا مابووەوە .

" سیرڤال " ی هاوڕێم گوتی :

"هەرلەبەرئەم رووداوەبووکەئەڵمانیەکان قەڵاکەی ئێمەیان وێران کرد ." من بیرم لە دایکانی ئەو چوار لاوە بێ گوناهە دەکردەوە کە لەئاگردا سووتان وخەیاڵم لای قارەمانێتی بێ بەزەییانەی دایکێکی دی بوو کەلەبالّ ئەم دیوارەدا تیرباران کرا .

بەردێکی بچکۆلەم بۆیادگارلەسەرزەوی یەک هەڵگرتەوەکە بەهۆی ئاگرەکەوە هێشتا رەش بوو .

بروانە: مردەریگ وچند داستانی دیگر ـ گی دی موپاسان ـ
ترجمهٔ محمد قاضی چاپ اول ـ سازمان کتابهای جیبی .... ١٣٤٦



# ئاسکی بوختی من گوزەل

(( ئەفسانەیەکە بو سیاوش ))

مەحمودی دەولەت ئابادی

ح . مەولایی
کردوویە بەکوردی

ئاسکێکی سپی وجوان ، دوو کاریلە ، دەشتێکی سەوزەلانی ورۆژێکی هەتاوی لە ژێر میچی ئاسمانی بلندو شیندا .

ئاسک لە گەڵ کاریلەکانیدا لەو دەشتە بەرین وپر گژو گیایەدا خەریکی سەیران و لەوەر بوون .کاریلەکانی فێری لەوەر دەکرد ،چونکە نەدەبوو چیتر گوانی دایکیان بمژن . هێدی وهێمن ، دەشتی بەرین وعاسمانی بەرزو شنەی باو هەتاو لە پال دارستانێکی چرو پردا هێمنایەتیان پێک هێنابوو .دارستانی پر درەخت .مەزرایەک بە کانیاوی فێنک وروونەوە .چ کۆسپێک نەبوو ،مەترسیش لە بۆسەدا نەبوو ،دنیاو ژیانی دنیایی خۆش ورازاوە،لە رادە بەدەر خۆی دەنواند . ژیان ئەوەندە خۆش وبە لەزەتبوو تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بیر لەمردن نەدەکرایەوە .بە تایبەت کاریلەکان ،دلەخورپە وترسیان نەدەناسی وهێشتا پێی نەگەیشتبوون وهێشتا ش سوێری وتاڵی ژیانیان تەجروبە نەکردبوو،ئاگایان لە مەترسی نەبوو ،هێشتا نەیاندەزانی خەم چییەو دڵتەنگی تامی چۆنە ، لە کاتی لە دایک بوونیانەوە هەتاکو ئێستاکە ، لەگەڵ دایکیان دابوون . شیری دایکیان مژیوەو لە کانیاودا خۆیان پاراو کردووە .لە کانی هەزار نۆش ئاویان نۆش کردبوو ،جارو باریش ئەگەر دایکیان بۆ ماوەیەکی کەم دوورکەوتبایەوە،زوو دەگەرایەوەوزۆر بەجێی نەهێشتوون ،تەنانەت لەو ماوە کورتەشدا لە شوێنی خراپ و نائەمین بەجێی نەهێشتوون ودەیبردنە حەشارگاوە ، بۆ نموونە : لە ناو کەلێنی پیرە چنارێک دا ،یا لەناو قەلیشی تیکە شاخێکدا ،یا لەنێو بیشەلاندا دەیشاردنەوە . کاریلەکان دنیایەکی خۆشیان بوو ،بێ خەم وخەفەت وخۆش خەیاڵ ، وایان دەزانی دنیا هەمیشە هەر وابووە کە دیویانە .کاریلەکان ، جوان وبەژن وبالاّ رێک بوون ،دایکیشیان هەر جوان بوو . هەر بۆیەش ناویان نابوو " گوزەل " گوزەل بە مانای جوان .

گوزەل سەرەرای ئەوەی کە جوان بوو ، پر تاقیکردنەوەو ووریا وسرکیش بووچاوەکانی تەنیا گەش ورەش نەبوون ،بەڵکو روناک وبە تەجروبە وترسناکیش بوون .گوزەل کاتێ دەیروانیە بەچکەکانی هەزار رەنگ وشێوەی ژیان لە بیلبیلەی چاوەکانیدا رێچکەیان دەبەست . کاریلەکان موویان دەبینی وگوزەل پیچ و لوولی موو ، کە دەیروانیە کورپەکانی هەم لەزەتی لێ دەکرد وهەم دڵیشی دەبوە دەریای خەم .گوزەل .. جا بۆ چ خەمبار وپەرۆشی؟ "بۆکاریلەکانم خەم دەخوم".

ـ ئەی بۆ چ سەرخۆشی ،چلۆن دەتوانی شادبی ؟

ـ " .. سەر خۆشی وشادیەکەم تیژ تیپەرە ، دڵخۆشیەکەم لە بەر بێ ئاگایی و بێ خەبەری بێچوەکانمە .چاوم لێیانە هەتا ماوەیەک بە هێمنی بژین ،لەبەر ئەو ماوە هێمنیە دڵ خۆشم .خەمباری ومەترسیم لە تێپەر بوونی ئەو ساتانەیە .. ئاه...دەڵێی دوو بووکن ،هێشتا تاڵی ژیانیان نەچێشتووە .هێشتا نازانن ترس چییە ،بەلام من ئەم هیمنیە بەراوگەی مەترسی دەزانم ،نەک بە جێگەی حەسانەوەو پشودان و... چار نییە چیبکەم ؟ "

گوزەل لەوەپەرۆش بوو کە نەیتوانیبو زووتر کاریلەکانی پەروەردەو ئامادەی ژیان بکات ،خەمی ئەوەی دەخوارد کە بەلایەکیان تووش بێ .لەوانەیە هێشتا زووش بێت لەوانەیە ..! هەر لەبەر ئەوەش بوو کە دڵی نەدەهات باسی مەترسی وتاڵی ژیانیان بۆ بکات ..

گوزەل دایک بوو . دایک دڵی نەدەهات دنیای خەیاڵ ورازاوەی بەچکەکانی توو شی نەهامەتی ومەترسی بکات .چونکە بەباشی دەیزانی ئەگەر کاریلەکانی جگە لەوەی کە تێی گەیشتوون ، شتی دیکە بزانن ،ئیتر ئوقرەیان لێ هەڵدەگیری ودنیایان لەبەر چاوان تاریک دادێ .

" لێیان گەرێ ،با نازەنینەکانم ماوەیەک بە خۆشی رابوێرن،دڵ خۆش وبێ خەیاڵ ، با خەمی سبەینێیان نەبی ،با ماوەیەک نازەنینەکانم بلەوەرین وبگەرێن وبروانن ، با بۆ هەمیشە ئەو دڵە خورپەوخەمبارییە هەر بۆ من بێ "

مەترسی لە ناخی هێمنی دا وترس لە دەروونی ئاسایش دا ..! ئەگەر ئەوەندە هێدی نەبوایە ، ئەگەر ئەو کاتە وەها شەنگ نەبوایە ،گوزەل نەدەترسا و توشی دڵە خورپە نەدەبوو ، بە راستی گوزەل تێک چوو بوو ،سەیر بوو ، چەند شادیەک لە لەش دا چەند ترسیک لە دەروونددا .. تەپ .. تەپ .. تەپ ... تەپ ...تەپ ..ئەمە دەنگی دڵە خورپەی گوزەل بوو .. کەلە سینگیەوە دەبیسترا . کوتو پر دەنگێ دەشتەکەی شڵەژاند . ئیتر ئەو دەشتە جوان نەما ، بەڵکو سامناک وپر مەترسی دەنگەکە هەموو لەشی گوزەلی دەلەرزاند ، تەپ ، تەپ ، تەپ ... هاوار ، هاوار ،هاوار ، دەشتێکی پر هاوار ، دەشتێکی پر لە سوار ، گوزەل ئاوری دابوەوە دەیروانی ، کاریلەکانیش وەکو دایکیان سەریان وەچەرخاندبوو و دەیانروانی ..ئەمە یەکەمین جار بوو کاریلە بەستەزمانەکان هەستیان بە مەترسی دەکردو توشی دڵە خورپە هاتبوون .. بەسەرهاتێکی سەیر بوو تاقیان نەکردبووەوە . ئەو دەشتە بەرینە پر بژوێنە لە توزدا ون ببوو .

تیشکی خۆر لە چاوی ئاسکەکاندا گزنگی دا ، پێش ئەوەی کە گەوالەی هەوران بەر چاوی خۆر بگرن ، پێش ئەوەی زەوی لە ژێر سمی ئەسپەکاندا بکەوێتە لەرزە،کوتو پر خۆر خۆی لە ناو هەوراندا حەشاردا ،هەورەکان تێک ئالان وپالیان بە یەکەوە دا ،ئەو دەشتە سەوزەلانیە رەنگی هەلبزرکا، تەپ وتۆز .... تەپ وتۆز دنیای داپۆشی ...راوچی بە غار بەناو تەپ وتوزدا بەرەو پێش ئاوزنگیان لێدەدا ، زرم .. زرم.. زرم..زرم.. زرم ..زرم.. ئێستاکە مەترسی خۆی نیشان دا .

گوزەل غاری دا ..

گوزەل زووتر هەستی بە مەترسی کردبوو ،دلە خورپەکەشی هی ئەو مەترسیە بوو.رای کرد رای کرد، تەپە بە تەپە ،جۆگە بە جۆگە ،بێشەلان بە بێشەلان ، سوارە بە غار لە پێشەوەو تەپ وتوز لە پاشەوە غاریان دەدا .ئەسپەکان یەک لە دوای یەک ماندوودەبوون ورەتیان دەبردو پەکیان دەکەوت .سوارەکان،تا دەهات ژمارەیان کەمتر دەبووە . وای لێهات دەتتوانی بیانژمێری ،ئێستا چەند سوار... ئێستە حەوت سوارن .. سواری لە پێشەوەو شێ ی دی لەپاشەوە .

پێشەنگی سواران غاری دەدا .گوزەل لەپێچ وپلوچی ریگەدا جار جار ئاوری دەدایەوەو دەیروانی ،لە نیگای ئەوەل دا سوارێکی بینی،بریق وباقی کلاو وعەبای سووری سەرشانی کە بەدەم باوە سەمای دەکرد .هەروا چاوی لە ئەسپە خۆش رەوتەکەی بوو ،کە هەستی بە ماندو بوون نەدەکرد ،ئەسپ سوارێک کە لەبەر چاوی گوزەل وەکو پەیکی مردن وابوو.. هەروەها گوزەلیش لەبەر چاوی ئەوانەوە ،وەکو باو بروسکە وابوو.

تیرێک لەدەمی کەوان دەرچوو .. وزژ .. لەنزیک پێ ی گوزەل لەزەویدا ، ماندویی برستی لەبەربریبوو ، بەدوای پەنایەکدا دەگەرا . گوزەل خۆی کرد بەناو دارستانەکەدا دارستانیکی چر ،دوابەدوای گوزەل سوارەکان خۆیان بەناو دارستانەکەدا کرد ، سوارە سور پوشەکە ئیتر تیری نەدەهاویشت بەلام تەنافێکی بە دەستەوە بوو ،دەیویست گوزەل بە زیندوویی بگرێ ..هەلاتہ هەلات و راکە راکە ،لەم کون بو ئەو کون ،لەم لا بۆ ئەولا دەتگوت یاری مندالانە، هەلوەستەو هەلاتن ،هێرش وهەلوەستە، وەختێ خۆر ئاوابوون و ئێوارە شێوان .گوزەل ماندووببوو .تەنیا هیوای ئەوە بوو کە توانیبێتی سوارەکەش ماندوو بکات ،بەو ئاواتەوە ،دواچۆری هێزو توانای خستە کار،بە ئومێدی ئەوەی کە یاریەکە تا شەو درێژە بکێشێ .

شەو نەیدەتوانی پەنای ونبون بێ ،بەلام فریو..!؟ کۆتر پر گوزەل کەوتە داو ، سوارەکان دەوریان دا .

سوارێک فەرمانی دا " دەمەوێ زیندوو بێ .. زیندوو "

تەناف بە دەست، دەست وبازووی سوارە وەکو بالی هەلۆ دەشەکایەوە.دەست و بازووی ئامادەی تەناف هاویشتن بوو ، هیوای دەست راستی ، هیوای گوزەل ، فەرمانی ئەو سوارەبووکە دەیویست بەزیندویی بیگرن ، جگەلەوەبوایە، هەرسوارێک دەیتوانی تیرێکی بۆبهاوێژێ وتیربارانی بکەن . ئەگەر وابوایە گوزەل دەرچوونی نەدەبوو، بەلام ئێستا کەهیوابەکی هەیە، هەولیدا بەختی خۆی تاقیکاتەوە، گوزەل بووبەسێبەروروەوی ، بەلام

بەدەوران دەوریدا ئاگریان کردەوە. لەحەوت‌لاوە بڵێسەی ئاگربەهەواکەوت. تیشکی ئاگر بەرایی چاوی ئاسکەکەی بری. بڵێسەو گەرمای ئاگرەکە گوزەلیان لەجێگای خۆی چەقاند- ئاگر لەحەوت‌لاوە کڵپەی دەهات. گوزەل ورەی بەرداو نائومێدی تینی بۆ هێنا. پاڵی دابەدا رێکەوەو فرمێسک هۆن هۆن لەچاوی دەتکاو رووومەتی دەشوشتەوە. دڵی دارشەقاری بردو لەت‌بوو، گوزەلی شاردەوە، گوزەل زیندوبوو زیندو، هەتا ئاگرەکە دامرکایەوە، هەتابەری بەیان. زیندو وخەمبار، دڵی تەنگ وپەرۆشی کاریلەکانی:

" توبلی‌ی بێشەیەک، کەندەلانێ،تاشەبەردێ ، نازەنینەکانم داڵدە بدەن ..؟ "

رەنگە .. رەنگە ..

گوزەل بیری لەسبەینێ دەکردەوە، لەسبەینێ ، لەدەشت. لەهەتاو وسوارە، ئەو سوارچاکەعەباسورە. بیری لەورەشماڵە دەکردەوە کەلەوشەوزەنگە سەهۆڵبەندە، لەو کاتەی کەبۆیەکەمین جارلەدایکی دوورکەوتبووەو ئەمی پەنادا. بیری لەکیژۆڵەبسک لوولەسوخمەئاوریشمینەکە دەکردەوە کەکراسێکی توێ توێی سەوزی لەبەردابو و گوڵێکی لەپرچەرەشە جوانەکەی دابوو، هەرئەوکچە دڵسۆزەش‌بوو ناوی خۆی لەگوزەل نابوو، کیژۆڵەیەک کەلەشەوی شاییەکەیدا، گوزەلی لەراوچیەک کریبووەو پەنای دابوو، پاشانیش بەرەڵلای کردبو، گوزەل لەبیری گوزەل دابو، رۆژبۆوە، ئەمجارە گوزەل لەگەڵ گزنگی بەیاندا وەکو بروسک دەشتی گرتەبەرو بۆی دەرچوو، کوتوپر، دەنگێک رایچەکاند: " دەنگێکی ناسراو، دەیگوت، بەزیندوویی بیگرن ، بەزیندویی ، حەوت شەو وحەوت رۆژیشی خایاندبێ ئەمەوێ زیندوبێ ، دەیانویست گوزەل ماندوکەن پرزەی لەبەرببرن و بەسەرشۆری بیخەینەداوەوە، ئەم بارودۆخە نالەبارە تەنگی بەگوزەل هەلچنیبو و مردنی لائاسان کردبو، بەلام مردن کاتێ‌خۆش بووکەتەنیابوایە،گوزەل تەنیا نەبوو،دووکاریلەی ونبووی هەبوو،کاریلەی سەرلێ شیواو، هەربەراست ئێستا نازدارەکانم لەکوێن ؟ چی دەکەن ..؟ دەتانەوێ چ بکەن ..؟ ئایا زیندون ..؟ یالەژێرسمی ئەو هێرشە سامناکەدا تیاچوون ؟ ئەگەر زیندوون دەتانەوێ چ بکەن ..؟

دەبێ دڵەخورپەوهەلاتهەلاتیان چۆن تاقیکردبێتەوە ..؟

سەرەنجام رۆژی حەوتەم هات، رۆژی حەوتەم ودەشتێکی سوتاو و شوێنەواری خێڵو خێوەتی فەوتاو، ئەمەهەرئەو دەشتە ناسراوەیەکە رۆژی لەرۆژان گوزەلی پەنادابوو، لە پاشان ئازادکرابو، دەشتێک کە هەستت دەکرد سوتێنراوە.

" بۆچی .؟ ئەی ئەو هەموو ژن و پیاوە کەیف‌خۆش، ئاڵ و والاپۆشە بۆکوێ چوون ؟ بۆچ پەرەوازەبوون ..؟ ئەی ئەو سوارەچاکانە لەکوێن کەلەوشەوەشادەدا دەشت و دەریان بەهات و هاواربان هێنابوە لەرزە؟ لەکوێن دۆستانی شەوی زستانی من ..؟ خاتونە سەوز پۆشەبسک لوولە سوخمەسورەکە لەکوێ یە..؟ بەفریام بگەن ، دەمەوێ جارێکی دی پەنام بدەن ، پەنا ..."

تەنیا خێوەتێک ، رەشماڵێکی نیوەسوتاوی شەق وشر، کەبەسەرئەستووندەگەکانیەوە وەستاوەو لەبەردەم بای بیاباندا وەک دڵی ئاشق هەڵدەلەرزێ ، تەنها یەک رەشماڵی

تەنیای نیوەسوتاوی شەق وشر .

" ئەدی ... دوایین ئومێدو پەناگەی منە ، سەری پێدادەکەم . چ دەبێ بابێ".

قرچەی نیوەڕۆیە ، تینوو ، ماندوو ، گوزەل خۆی کرد بەخێوەتەشرەکەدا . سەری سورمـا بووکە جـوانـە رازاوەکەی ئەوشەوە خۆشەی دی ، بەدا خەوە ئەمجارەئافرەتێکی خەمبارو رەشپۆشی سەروقژ ئالۆزکاو وشپرزە.گوزەل خاتون کەچاوی بەئاسکەکە کەوت زەردەخەنەیەک هەروەکو خۆر کەلەپشتی هەورەوە دەردەکەوی وبریسکەی دی کەوتە سەرلێوەکانـی ودەستی کردە ملی گوزەلی ماندوو و ووتی:

ـ " هۆی .... ئاسکی جوانی بەختی ...تۆ چی وئێرە چی ..؟ پار دۆست وئەمسال ئاشـنا چ خەبەر ..؟ خەبەرێکی خۆش ..؟ خەبەری سوارەکان ،خەبەری میری کلاو لارو تاج لە سەر؟ خەبەر لە زاوای ئەو شەوە خۆشە ؟ خەبەری میری ئێمە ..؟"

ئاسکیکەسیـرە بـوو،سەری لە سەر باسکی گوزەل دانا و بێدەنگ فرمێسکی رژانـد .
گوزەل خاتون سەری ئاسکەکەی بە خۆیەوە گوشی وروومەتی لە رووەمەت هەلسوی وپرسی :
چ بووە ..؟ ئاسکی بەختی من ..؟ چ قەوماوە ؟ خەبەری دلتەزێنت پێیە ..؟خەبـەری ناخوش ..؟ خەبەری مردن ..؟

ئاسکی بەختی من بە کولٚ دەگریا وفرمێسکی هەلدەوەراند .گوزەل خاتون دووبارەلێی پرسی :" دەی باسی دلٚ تەنگی ،من بێ قەرارم وپەرۆشم پێم بلێ ! "
ئاسکی قور بەسەر ،بەسەرهاتی خۆی گێراوەو ووتی :" هاتووم ،ناوەکەت پێ بدەمەوە... هاتووم تا ...."

نا.... نا.... من نایدەم بە دەستەوە ... وەرە ، لە گەلٚم وەرە "
گوزەل کەوتە شوێن خاتون ، ئیدی دەرفەتی ئەوەی نەبوو ،پێی بلێ ئەوەی دلی دەگوشێ ونبوونی کاریلەکانیەتی . ئەو دەرفەتەی هەر نەبوو چونکە سوارو راوچیەکان خەریـک بوون دەگەیشتن .. وا هاتن .. ئەها سێبەریان وەدەرکەوت سێبەری حەوت سوار ،سوارێک لە پیشەوە ،دوو سوار لە پشت سەریەوەو ئەوانی دیکەش......
خاتوونی خێوەت ، گوزەل مات ومەلول لەبەر دەم رەشمالەکە وەستابوو چاوەرێی سوارە کلاو لارەکەی دەکرد ، ئەم سوارە عەبا سورە سولتانەو ئەوانی کە دەست وپیوەند وراوچی ئەو بوون .گوزەل قسەی پێ نەدەکرا ،هەموو لەشی ،سەرتاپا ببووە گوێ .
سولتان داوای نێچیرەکەی دەکرد :
ـ " ئەو ئاسکە کە خۆی کرد بە ژووردا نێچیری منەو بمدەرەوە "
گوزەل ووتی :" نازانم ،ئاگام لە هیچ نیە سولتان "
سولتانی ماندوو بە توورەییەوە نەراندی :
ئافرەت،تا سزای سەرپێچی کردنت نەدیوە ،نێچیرەکەم بدەوە .
" پاشام خۆش بێ ،ئاگام لێ نیە "

سولتان شێتگیر بوو ئەمجارە توندتر نەراندی :خۆگێل کردن بە دوای ئەسـپ راکێشانی لە دوایە تا ئەو کاتەی پارچە پارچە دەبی ..

" پرچی ببەستن بە کلکی ئەسپەکەمەوە ..چونکە نە ئاداب وتواناى کارەکەرى هەيەو نە کویخایەتیشی پێ دەکرێ . "

کوزەل ووتی : ئەم مالە نیمە سوتاوە قابیلی شا نیە ! منیش شایەستەی میواندارى لێ کردنی پاشا نیم .ئەوەی کە ماویشە پاشماوەی ویرانی دوای پەلامارى سوارانی سولتانە .

" بەلێ ... خوان وناوخوان ... میوان ومیوانداریەتی هەر شایەستەی شایە "

سولتان ووتی نیچیرەکەم دەوێ .حەوت شەوو حەوت رۆژە بە دوایدادەگەریم .. وئەفسانەی هیرشی سوارە ،هی سولتانیکی دیکەیە . سوار نانی دەوێ وئەسپ ئالیک .ئیستا نیچیرەکەی من ..!

گوزەل ووتی " چاکە سولتان چاکە بەلام ئەی حورمەتی مالەکە ..؟ ریزی خان وخانە خوێ ؟ ئەم ئاسکە پەنای هیناوەتە ئیرە ئەی حورمەتی خاک وخانو ؟ " .

" چەند زمان لووسی .. چەند زمان لووسی وزورزانی ..هێی .. فەرمانم دا بەبسکەکانی بیبەستنەوە .."

دەست وپیوەند دابەزیبون هەتا گوزەل خاتون بگرن وبسکەکانی بە کلکی ئەسپی سولتانەوە گرێ دەن ،تا سزای مل نەدان ببینێ وئەوەندەی بەسەر زەویا راکیشن تا تالە بسکیکی پیوە نەمینێ .

گوزەلی بێ دەسەلات هیوای بەزیندووبون نەما ، مەگەرتەنیا هەرتاقە سوارە کلاو لارەکە بە فریای بگات .هەر ئەو شۆرە سوارەی کە چاوەرێ دەکرد ، ئەو سوارەی کەدوای شەریکی گەورە بۆ گەرانەوەی ئاوەدانی وهەتاوو .. سەوزەلانی رۆیشتبوو. ئەوەندە نا خایانی دەگەریتەوە .خاتونی خیوەتە نیوە سوتاوەکە پیش دەست وپیوەندەکان کەوت و لە بەر سینگی ئەسپی سولتاندا راوەستا .

دەبوا یەکی لە راوچیەکا ن لەچکە رەشەکەی لەسەر لابدات وپرچە رەشەکەی بە کلکی ئەسپی سولتانەوە گرێ بدات .گوزەل وەستابوو ،چاوەروانی ئەوەی دەکرد کە لەشی تورت وناسکی بە سەر بەردو دارو دەوەندا ،رابکیشرێ وهەپرون بە هەپرون بێ :ووتی :

" ئەمەگەورەیی دەسەلاتدا ریتی سولتانەو لەوەزیاتر هیچی دی نیە". "

سولتانیش لە بیانوو دەگەرا ،ئاسکی پەنا گرتو هاتە دەرەوەو بەرامبەر راوچیەکە راوەستاو ووتی : " من ئەوەتام... ئیتر چی ..؟ "

" تو ..؟ بەلێ تۆ ،بەلام تۆم واناوێ " " ئەی چلۆن ؟ "

" راکە هەتا لە هەلاتن دا بتگرم "

" ئەگەر دیسان بۆت نەگیرام ؟"

" ئەگەر نەتپیکام ؟"

" ئەوکاتە ئازادی ودەتوانی لەتەواوی مەملەکەتی مندا بگەریت وبلەوەورێی"

" کەوایە ، فەرموو خاتونی بەختی من ئازاد کەن ،وامن لەبەر دەستتاندام "

" بەلێ .... ئازادی کەن "

راوچی و دەست و پێوەندەکان گوزەل خاتونیان بەردا و دەست بەجێ خاتوون پرچی خۆی کو کردەوەو لەچکەکەی بە سەر دادایەوە ،ئاسکەکەش تەماشای دەکرد. چاوی لە چاوانی بریبو فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوار .
ئاسک ووتی : " ئەگەر دەرچووم وگەرامەوە ،گوزەل دەتوانم تکایەکت لێ بکەم ؟"
گوزەل ووتی : داوا بکە ،ئاسکی بەختی من "
" من بەر لەوەی ئەم راوچیانە بێن ،دوو کاریلەم هەبوون ،ئێستاکە من مردنم لە پێشدایە ،خەمی ئەوانمە ،لە مردنی خۆم ناترسم ...دیارە بە دڵێکی زۆر ئاسودەوە دەمرم ئەگەر تۆ خۆت بەدایکیان بزانی ،دایکی ناسکۆڵەکانی من "
" بە چ ناونیشانێک بیانبینمەوەو لە کوێن ؟"
" لەو دەشتە بەرینەی خۆدادان ،لە ناو ئەو دارستانە چرو پڕەدا "
" بەڵێن بێت،قەبوڵمە ،بەلام ئەوان چۆن بم ناسن وبڕوام پێبکەن ؟"
" گوزەل لای ئەوان دەنگورەنگی ناسراوەو دەشزانن کەتوناوت ناوم گوزەل "
" گوزەل بەڵێ ،ئەمە ناوی من بوو"
" ئێستاش ناوی تۆیەو تۆش هەر منی گوزەل "
گوزەل لە گەڵ سوڵتاندا قەول وقەراری دووبارە کردەوە .
" هەلاتن ... تیر هاویشتن ،تەنافخستن ،ئێستا راکە "
رایکرد .. دایە غارو دەشتی گرتە بەر .

دەست وپێوەند لە جێی خۆیان نەجولان ،تەنیا سوڵتان کەوتە شوێن گوزەل ، گوزەل خاتون چوە سەر تەپوڵکەیەک ،تا چاوی لە هەموو شتێکەوە بێت لە تیر هاویشتنەوەهەتا کەمەند هاویشتن و تەقەلادانی سوڵتان ،خەباتی مان ونەمان بوو لە نێوان گوزەل و سوڵتاندا سوڵتان کە لە کەمەند هاویشتن نا ئومێد بوو لە سەر زینی ئەسپەکەیەوە خۆی بەرز کردەوە ،تیرێکی خستە ماڵی کەوان وڕووەوە ئاسکی چارەرەش هاویشتی ، تیر وژەی هات . خاتوو گوزەڵێ رەشپوش قیژاندی ولەهۆش خۆی چوو وخلور بووە خوار.دەست و پێوەندی سوڵتان لەم کارەساتەی خانمی خێمە نیوەسووتاو کەلەوانەبوو گیان لە دەست بدات ، سوڵتانیان هەر لەبیر چوو ،شەو راکشابوو ،نیوە شەو بو کە گوزەل لە ژێر جریوە جریوی ئەستێرەکانی ئاسماندا چاوی هەڵهێنا ، کزە بای شەو خاتوونی بە هۆش خۆی هێنایەوە ،سوڵتان وراوچیەکان نەمابوون ،تەنیا گوزەل بو، بە تاقی تەنیا ،گیژ و ور ، بەخەیاڵی ئەو دوو کاریلە وونەی کە بەو سپێردرابوون ، دوو کار مامزی ساوا گوزەل هەستایە سەر پێ وچوە ناو خێوەتەکە تا شەو بکاتەوە .ئەگەر گوزەل زیند مابێ دەگەرێتەوە ،ئەگەر نەشگەرێتەوە مانای ئەوەیە کە ئیتر ناگەرێتەوە . بەیانی ئاسک نەگەرایەوە ، نیوەرۆ نەگەرایەوە ،شەو نەگەرایەوە ،ئیدی دەبێ گوزەل خاتوون بیر لە چارەیەک بکاتەوەو بەڵێنەکەی بباتە سەر . دیمکەیەک ئاوو چەند کولێرە فەتیرەی هەڵگرت ومایینەکەی هێنایە دەر ،هەر ئەو مایینەی کە لە هێرشی تالانچیەکان رزگاری ببوو ، بە دڵی پرو چاوی پر لە گریانەوە روەو دارستانەکە کەوتە رێ . ئاخر گوزەل ووتبووی کورپەکانی دەبێ لە دارستانەکەدا بن ،رێگەیەکی دوورو درێژی لەبەر

بوو .
سواربوو ووتی: " ئەی حەیوانی چاک ونەجیب ،هەوڵدە وبرۆ ،بەڵکو بتوانم بەرامبەر بەو بەڵێنەی داومە وەفادار بم .بمبە ناو دارستانەکە .. هەیها " ماینی سپی وەکو با وبروسکە دایە غار ، رۆیی ، رۆیی ، رۆیی ، حەوت شەوو حەوت رۆژ رێگەی بری ماندوو مردوو لە نزیک دارستانەکە لە ناو دەشتێکی سەوزو چرۆ لە سەر هەزار کانیدا وەستا ، گوزەل ومایینەکەی خۆیان پاراو کردو حەسانەوە ،پاشان بۆ دۆزینەوەی کار مامزەکان دەستیان کرد بە گەران ،ئاسکەکە ناو ونیشانی خۆی بە گوزەل دابوو ،هەمان ناو کە گوزەل بەوی دابوو بۆیە گوزەل خاتون لە هەموو شوێن وکون وقوژبنێکی دارستانەکەدا بانگی گوزەلی دەکرد :
" گوزەل ، گوزەل ، گوزەل "
سەرنجام کاریلەی ترساو لە قەڵیشە دارێکی کون وەدەر کەوتن . گوزەل خوشحاڵ بوو دەتووت دنیایان داوەتی . بە پیریانەوە چوو وهەردووکیانی لە باوەش گرت . گوزەل هەر لەو دەمەی کە هەردووکیانی لە باوەش گرت چاوی لێبو قەڵیشە دارەکە وردە وردە پێکەوە لکایەوەو شوێنەواری نەما .. گوزەل کار مامزەکانی خستە ناو خورجینی ماینەکەو گەرایەوە .
ئێستا کاتی ئەوەبوو ماندوێتی وبرسێتی بە شیری ماینەکە لە بیر کار مامزەکان بباتەوە .ئیتر لەو رۆژەوە گوزەل ئەرکێکی تازەی کەوتە ئەستۆ ،گەورە کردنی کاریلەکان ،ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانە کە بە ئەمانەت بەو سپێردرابون . ئەم کارە جۆرێک لە ئارام ونارەحەتی پێ بەخشی وبوە هۆی ئەوەی خەیاڵی سوار چاکە کلاو لارەکە، سوارە ونبووەکەی هوزبو ماوەیەک لە بیر بکات . چارەنوسی تازەی ئەوە بوو ئەم ئاسکانە پەروەردە بکات چارەنوسێک کە ژیانێکی نوێ وهیوایەکی تازەی پێ دەبەخشی بە تایبەت کە گوزەلی بە ئاسکی بەختی خۆی دەزانی ،ئێستاکە تیری خواردووەکوژراوە.
چار نییە جگە لەوە دەبێ بە چارە رەشی وکوێرەوەری رۆژگار بگوزەرێنێ .گوزەل ئیدی نەیدەتوانی هیوای بە گەرانەوەی سوار چاکی بمێنێ .نە هیوای بەو سوارەو نە هیوای بەو ئاوو سەوزایی وئاوەدانیە مابوو کە سوارەکان چووبوون بیگیرنەوە . دەبوایە وردە وردە لەگەڵ ئەوئەستەمەدا رابێت و ببێتە دایکی دووئاسکۆڵەی جوان و پەروەدەیان بکات.
باشە چار چیە ..؟

رۆژگار ئەوەی ویستوە کە گوزەلی گەنج وجوان ومیهرەبان لە هەموو تەمەنیدا کراسی شین لەبەر بکاو پرچە درێژەکانی لە تەنیایی وبێ کەسیداسپی بکات.وەکو ژنی ئەفسانەیی کە ساڵەهای ساڵ ببینێ وبەسەر بەرێ ،پاش ساڵان ومانگان راوچی و رێبوار خەبەر ببەن کە پیرەژنێکی پرچ چەرمووی رەش پۆش هێشتا لەو دەشتە سوتاوو هەڵقرچاوەدا، بە تاقی تەنیا چاوەرێیەو رۆژان بەری دەکا .
باشە چار چیە ..؟

گوزەل بەیانیان لە خەو هەڵدەستا ، کارمامزەکان ومایەنە سپییەکەی دەبردە سەر کوێرە کانیاوەکە ،دەست ودەمی دەشۆردو ئەوانی دەلەوەراند وخۆیشی لە سەرلوتکەیەکی بەرز رادەوەستا وچاوی دەبریە تیشکی هەتاو ودەیروانییە ئەو شوێنەی کە سوارەکانی هۆزی پێدا رۆیشتبوون . خۆر لە کەل هەڵدەهات ، بەلام سوارەکە نەدەگەرایەوە.! رۆژو وەرز تێپەر دەبوون ئاسکەکان گەورەتر دەبوون و لەگەڵ هەر رۆژێکی تازەشدا تاڵێکی تر لە مووی سپی دەبوو. لە گەڵ رەوتی رۆژگاردا ، گوزەل سەبرو تەحەمولی خۆی پتر بۆ تاقی دەبووەو بیری دەکردەوە :

" با وابی ، پاش مردنم ، رۆژێ ، رۆژگارێ ، ئەگەر ئەوان گەرانەوە ،میرم ئیسکەکانم لە ژێر میچی خێوەتە شەق وشرەکەدا دەبینێتەوە ،چاکە باتێ بگا کە من تادوا هەناسە چاوەرێی بووم .ئیتر ئەو دلنیا دەبێ . ئارام دەگرێ ،کەوابو لەو کارە کە کردویەتی پەشیمان نابێتەوە .میرەکەم ئەو کلاو لارە نابێ بە نائومێدی بمرێ .

باشە چار چییە ..؟

" هۆی .. هۆی .. بۆ کوێ ئازیزانی من ؟ بۆ کوێ نازەنینەکانم ..؟ وەرن بەم لاوە بۆ کوێ دەرۆن ..؟ نا .. نا .. ئیتر ئێوە بە جێم مەهێڵن بێ ویژدان مەبن سەرەرو مەبن ئەگەر زیندووم لەبەر ئێوەیە ،تەنیام ... بە جێم مەهێڵن . "ناکەڵکی نەبو، پارانەوەی گوزەل سودی نەبوو، ئەگەر شیوەنیشی سودی ببوایە، کەڵکی بۆئاسکەکان نەدەبو، روەو دەشتاییە سەوزەلانییە بەرینەکە دەچوون ، دایانەغارو هەڵبەزهەڵبەز رووەو خۆرەتاو، روەو ئەو شوێنەکە گوزەل ، لەو پاشنیوەرۆیە هەتاویەدابەتیری سوڵتان ئەنگێوترا :

" بەلام ، ئەوان خۆئەوەیان نەدەزانی .. ! شایەد بۆنی دواهەناسەی دایکیان کردبێ ؟"

راستە هەرئەوەبو ئاسکی تازەپێگەیشتو بۆنی دایکی کردبو، بۆنی دواهەناسەی گوزەل . گوزەل خاتونی رەنج بەخەساری دەشتی سوتاو، چوەسەربەرزترین لوتکەوراوەستا. تاچاو بری دەکرد، روانی .. چی دەدی ..؟ گوزەل ، گوزەلی دی کەلەپێش هەزار سواری هوزەکەوە تەنیا ونەترس وبەناو سەوزایی وئاووهیوادا بەرەوپێش دەهات .

هەرئەو سوارچاکە ئەسپ سپی یەکە، میری بێ تاج وبێ کەوای سور، هەرئەو شۆرەسوارە کەخاتونی دەشتەسوتاوەکانمانگان ، سالان ، و هەردەم چاوەرێی دەکرد. خانمی دەشتەکان ، ژیانی لەئاوێنەی چاوەکانیا سەرلەنوێ دەستی پێکردبوەوە. گوزەل رۆژانی لاوی وخۆشی هاتەوەیاد. حیلەی ئەسپ وزرمەی سواران کەبەرەو ماڵەوە دەهاتن ولە ژێر سمی ئەسپەکانیاندا گوڵ وگیا دەروا .

" ئای ... ئاسکی بەختی من

ئاسکی بەختی من

گوزەل

مەحمودی دەولەتئابادی

١٣٦٥ هەتاوی

١٩٨٦ زاینی

# ئەدەبی کلاسیک

# مەلا عەبدولرەحمانی نیعمەتزادە کۆیی

عومەر فاروقی

مەڵبەندی سەقز لەکوردستاندا یەکێ لەو مەڵبەندوناوچەرازاوەو جوانانەی کوردستانە کەئامێزی گەرم و بەتینی بوەتە لانکەی شاعیران وهونەرمەندانی هەرچوار گوشەی کوردستان ، بەتایبەت کوردستانی ئەودیو واتەئەوپارەولەتە لەکوردستانی جن جن کراو کەبەعێراقەوە بەستراوەتەو ئەمرۆ کەبەدەستی بەعسی درندەو بێ ویژدان خاپور کراوەو ئەو هەموو کەژوچیاوکەندو تەلان وچۆم و روبا روتاقگەو کانی ومێرگ و دەشت و دۆڵەی بوەتە هێلانەی بایەقوش و عەسکەری نەفام و هیچ نەزانی بەعسی فاشیست و رەگەز پەرست . وەکو سەرنج دانی ژیانی شاعیران و هونەرمەندانی خەباتگێروتێکوشەرونا وداری کورد پیشان ئەدات هەرلەسەرەتاوە پێوەندی نێوان سەقز وبانەوبەئەوبەشەی کوردستانەوە وەکو سولەیمانی و کەرکوک و پەنجوین وکۆیەو .. کەباسمان کرد بەردەوام بوە ، بۆ وێنە کاتێ رەزاخان دەیەویست بەزۆر شەپکەو کلاوی پەهلەوی لەسەرخەڵکی کات و حل و بەرگی کوردی بگۆرێت حاجی میرزا عەولای سەقز " غەرقی " بۆ رزگاربون لەم کێرەوکێشە دەچێتە سولەیمانی ، یان مەولەوی بۆ خوێندن دێت بۆ سەقزو بانە یان بەپێک هاتنی حکومەتی شێخ مەحمودی قارەمانی نەمر ، زۆرکام لەشاعیران و کەڵەپیاوانی سەقز دەچنە سولەیمانی . بەکورتی ،هەرلەزووەوە ئامەدورەوت و هات و چو بوە وپیاوانی زانا و تێکۆشەر بەسنورو ئەمانەیان نەزانیوەو هەموو کوردستانیان بەولاتی خۆ و ماڵی خۆیان زانیوە ودەزانن و ( هەروایشە ) ، جایەکی لەو شاعیرو عالم وپیاوە گەورانەی کە خەڵکی شاری کۆیە بوەو هاتبوە سەقزو هەرلەم مەڵبەندەدا کۆچی دوای کرد لێرەدا بە خوێنەرانی بەریز دەناسینین تاکو هەم بەڵگەیک بێت بۆ سەلماندنی ئەو قسانەی تائێستا کردمان وهەم یادێک بێت و بیرەوەرێک لەو مامۆستا نەناسراو وکۆچ کردوە .

ماموستا مەلارەحمانی کۆیە ، ساڵی ۱۲۱۰! ی هەتاوی لەشاری شاعیری گەورەومامۆستای هەموو شاعیرانی خەباتگێر واتە حاجی قادر ، شاری کۆیە ، لەدایک بوە وپاش ئەوەی کەوتوەتە شوێن فێربونی عیلم و زانست لەخزمەت مەلاکانی کوردستاندا سەرئەنجام لە

سەقزگیرساتەوەبوتە مەلای مزگەوتی دیمەکالانی سەقز، بەلام سەروک عەشیرەت و ئاغایان لێی نەگەراون وهەرکەس هەولی داوە بیباتەلای خۆی تاکولەسەرخواستی خوالێ خۆش بو جانگیرخانی فیض اللە بەگی کولتەپە، چوەتە ئەو گوندەو چەند سالێ لەوێ خەریکی دەرس وتنەوە بوە،ئەمجار بەدەعوەتی ئاغایانی سلیمانکەندی دەچێتە گوندی سلیمانکەندی و دەبێتە ماموستای عەولاخانی ناهید و براکانی کەعەولاخان مەشهورەبە(افتخار السلطان) نوێنەری مەجلیسی شورای ئێران و یەکێ لەنوسەران ورەسامانی کوردە. بەلام پاش ماوەیەک دیسان دەگەرێتەوە کۆلتەپە وسالی ۱۲۷۰ ی هەتاوی واتە ۹۸ سال بەرلەئێستا کۆچی دوای کردوە، بەداخەوە لەو مامۆستایە دیوان و دەفتەرێک نەماوە ویان ئەگەر بوە تێداچوەو یان بەدەستی ئێمە نەگەیشتوە، بەلام شیعروغەزەلی ئەو پایەبەرزە لە یادی خوێندەوارانی بەتەمەنی ناوچەکەو ئاغایانی فیض اللە بەگیدا ماوە کەپێشان دەری ئەوپەریماموستایی و لیزانی ی ئەون وبەتەواوی بەسەر شیعردا زال بوە ولەکەمالی ئوستادی و لێزانین دا هەلبەستی داناوە، ئەم پێنج خشتەکیە، یەکێکە لەوشوێنەوارانەی ماموستامەلا عەبدو رەحمانی کۆیە کەپیشان دەری زەوق وهەستی فراوانی ئەو زاتەیە، یادی بەخێربێت.



**فەزل وهونەرو جەوهەری زاتی چیە؟ مالە.**
**بۆ تەجروبە بروانە، کەسێ روبعی کەمالە**
**تالع نیە، ئەینا بەسەرو گیانی تۆ، خالە**
**شیعرم هەموو بەیتولغەزەل و سیحری حەلالە**
**بۆ چەتری سەری تاووس مەعنی پەروبالە**

**شای مەملەکەتی عیشقم و بەودورو خەماتم**
**قوربانی وەفاتم گوزەری کەبەوەفاتم**
**وەک بولبولی گویەندە سەناخوانی سەناتم**
**حەیرانە نیظامی لەنیزامی کەلیماتم**
**وەک ساعیدی مەحبوبە هەموو نوقرەیی قالە**

**ئەی گولّ لەهەناسەی منی دلخەستە حەزەرکە**
**پرچت لەخەنە بگرە وهەیاسە لەکەمەرکە**
**بۆ جلوە دەمی تاقیەی سورمەلەسەرکە**
**قوربان وەرە تۆ ئەم غەزەلە تازەلەبەرکە**
**بافیدەی دوکانچەی بازاری خەیالە**

**ئەبرۆت کەنوما یەندەی سەنعی جەبەروتە**
**تاقێکە، لەبەرچاوی منی غەمزەدە، جوتە**



پەیوەستە خەمی سوجدەو میحرابی سکوتە
ئەم زولفە کەسەودائی وئاشوفتەی رووتە
مەنعی مەکە، وەک ئێمە پەریشانی جەماڵە


بێ فائیدە ناچین خەتاو خوتتەی ماچین
ئێستە کەخەریکی هەوەس ولەزەتی ماچین
سەیری کەخەمی زولفی هەمو چینە لەسەرچین
لۆمەی منی سەرگەشتە دەکات زاهیدی خودبین
ریشی بەبرین جێ کەدەڵی ی کلکی گەماڵە

پێچی خەمی توررەی سەروسونبولی خاوی
ئەفشانە لەسەرچهرەی ی هەرهەفتە کراوی
عالەم بەجەفا زاروگرفتارە بەداوی
تالانی سەروماڵ ودڵ و دینمە چاوی
نازانی کەچی کردوە ئەم نەرگسە کاڵە

شمشێری برۆت جەرگی بڕیوم بەسەفاکەت
تاوێ نیە ئەوکافرە نەم خاتە هیلاکەت
گەه غەمزەو گەه نازو گەهێ هیجروفەلاکەت
(*) چەپکەن کەدەپۆشێت و دەرەقسی بەنەزاکەت
زوهرەش لەسەما عاشقە بەوچەپکەنە ئاڵە



عاشق بەفەنـــا رازیە نەک تالبی هەستی
یەکسانە لەلای ئەو چ بولەندی وچ پەستی
زاهید نیەتی زەوق ومەزەی بادەپەرەستی
مەعنای نیەلای داوە لەمەیخانە ومەستی
چپکا؟ کەرە، نازانی چیە زەوقی پیالە



رەعنایە قەدوقامەتی وەک سەروی رەوانی
حەیرانە کەتەسویری رۆخی خامەی ی مانی
عاجزمەبە، مودریک نیە ئەسراری نیهانی
سرِی کەمەرو نوقتەیی مەوهوم و دەهانی
وەک جەوهەرە فەردێکە کەئیدراکی مەحاڵە

دوزولفی رەشن بازخەم ئەندەر خەمەرەفعەت
ئەفشانە لەسەرشانی وەکو ئەرقەمە رەفعەت
مەنعم مەکە بۆچی نەمرم لەم خەمەرەفعەت
من عاشقی مەحروم و رەقیب مەحرەمە رەفعەت
سابێ ، لەخەم و حەسرەتی ئەم حاڵە مەناڵە

بنوێنە جەماڵ ودڵ و دین و زیروزەبەرکە
سۆفی لەریا و خودسەری و وەسوەسەدەرکە
زاهید لەخەوی غەفڵەت و مەستی بەخەبەرکە
ساقی وەرە ئائەم غەزەلە تازە لەبەرکە
بافیدەیی دوکانچەو بازاری خەیاڵە

بەداخەوە وەکو دەلێن پاش کۆچی دوایی ماموستا ، بنەماڵەکەی چونەوە بۆ کوردستانی ئەودیو و ئیتر هەواڵیان نازانین ، بەڵکو چاپی ئەم پەنج خشتەکیە جوانە ببێ بەهۆی ئەوە ئەندامانی بنەمالەی ئاگاداربن ولەژیان و بەسەرهات و بەرهەمی ئەو زیاترمان دەست کەویت .

رەزبەری ١٣٦٨ سەقز

* چەپکەن: ـ کەوای شوری ژنانە کەلە مەخمەرو زەری و پارچەی جوان دروست دەکرێ لە ناوچەی تیلەکوو کولتەپەدا باوە.
واتە کاتی چەپکەن دەکاتە بەری و بەنەزاکەت هەلدەپەری زوهرەش عاشقی دەبی.

# مەیلی

ئەبوبەکر شاخی

یەک لەو قازانجانەی کاری پێشمەرگایەتی بو منی هەبوو، رەخساندنی دەرفەتێکی چاک بوو، بۆ گەران بە ناو سیپارەو کاغەزە کۆن و دەفتەرو کتێبی ناو تاق و پەنجەرەی مزگەوتەکانی هەندێ دێهاتە..هەر لە ئەنجامی ئەو پشکنینەشداو، بەیارمەتی خەڵکانی شارەزا ودلسوز، چەند دەستنوسێکی بەنرخی هەندێ شاعیری نەناسراوی یان کەم ناسراوی گەلەکەمانم دەسکەوت..لەوانە (مەیلی، راجی، موخلیس، غالب،نوری، شەوگیری..)

ئەوەندەی دەرفەت بوو، توانیمان، هەندێکیان لەرێی گوقاری (گزنگ)ی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کوردستانەوە، بخەینەبەرچاوی خوێنەران..بەلام بەداخەوە لە ئەنجامی هێرشە بەربلاوو وەحشیەتگەرانەکەی رژێم، بو سەر ناوچە دێهاتیەکان، ژمارەیەک لەو دەستنوسانە، کە بەرهەمی رەنجی چەند سال گەرانم بوون، لە گەل کەلو پەلی مالەکەمدا، سووتان و، ئەوانەی لە سووتان قوتاریان بوو، هەر ئەو چەند دەستنووسە کەمە بوون کە بو چەند مانگێک لە ناو هەگبەکەمدا، لە گەل تفەنگەکەمدا بە شانمەوە بوون..

یەکێک لەو دەستنووسانە، شیعرێکی جوانی (مەیلی) یە بە ناوی "ساقی".. ئەم شیعرە، لە کوتایی سییەکاندا، مەیلی، بە خامەی رەنگینی خۆی، بە دیاری ناردوویە بۆ مەلا محەمەدی بیرەسان (شەوگیری)..وا ئێمەش لەگەڵ کورتەیەک لە ژیانی شاعیردا پێشکەش بەخوێنەرانی گوقاری "نووسەری کوردستان" ی دەکەین.

## کورتەی ژیانی مەیلی :

" مەیلی " ناوی "مەلا سابیر" کوری (مەلا حەبیب)ی (سوورقاوشان)ی یە لە ، دەوروبەری ساڵی ( ١٩١٠ ) لە شارەکەی " کۆیە " ی بنکەی قارەمانان و بێشکەی شاعیران و زانایان ، لە بنە ماڵەیەکی هەژاری ، ئاینی چاو هەڵدێنێ.لە کاتی مناڵی دا ،لە ساڵی (١٩٢٢) کاتێ ئیمپریالیزمی بەریتانی هێرشدەهێنێتە سەر کوردستان چەند فرۆکەیەک شاری کۆیە بوردومان دەکەن،لە ئەنجامدا چەندین خانو بەرە ویران دەبن و چەند بۆمبایەکیش بەر مزگەوتی گەورەی شار دەکەون .

لاوێکی کوردبەناوی " فەقی طاهر " شەهیدو " شیخ عبدالکریمی ئومەراوەیسی" وچەند کەسیکی دیش برینداڕ دەبن .

"مەلا حەبیب " ی باوکی ( مەیلی) ئەودەم کە مجیوری مزگەوتەکە دەبێ لە پاش چەند رۆژیک بە هاوکاری ( مەیلی)و چەند خێرخوایەک هەوڵی باشکردنەوەو چاککردنەوەی حەوزی مزگەوتەکە دەدەن ( مەیلی ئەو کاتپۆلی چوارەمی سەرەتایی دەبێ .

لە نێو قورو لیتەو لە ژێر دارو پەردووی رووخاووا تەرەقەیەک دەدۆزێتەوە بەپێی حەزی منالانەی خۆی بە دزی باوکی ودەوروبەرەوە لە پەنایەکدا دەستکاری دەکا وبەشێک دەیکولیتەوە ... بەداخەوە لەپرێکدا لەنێو دەستیدا دەتەقێنەوەو چەند ئەنگوستیکی دەپەرن .

هەر بەو هۆیەوە لە قوتابخانە دوا دەکەوی و پاشانیش بەیەکجارەکی واز دەهێنێ . بۆ ساڵی دواتر دەبێ بە فەقی و لەلای ماموستایان ( مەلا محەمەدی حەتک ) ( ( مەلا بهاءالدین ) قورئانی پیرۆزو چەند کتێبێکی ئاینی دەخوێنێ . دواتر هەر بە نیازی خویندن روو لە خوێندنگاکانی ( هەولێر ) و (کەرکوک) و( سلێمانی ) و( ئالان)و ( ئابلاخ) ....دەکات پاشان دەگەرێتەوە شارەکەی ( کویە ) .

زۆری پێ ناچێت دڵێ دەچێتە کیژ جیرانیکی خویان و دەیخوازێ ..خێزانێکی ریکو پێک و بەختیار پیکەوە دەنێن و لەو هاوسەرەی چەند مناڵێکی دەبن کە یەکێکیان ئیستا لە شاری کویەدا بەرێوەبەری قوتابخانەیە بە ناوی (ماموستا ابو بکرا فندی) بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەرێز نووسەری مێژووی " کویە " وەرم گرتووە .

" مەیلی " لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی خۆی دا مەیلی زۆرخۆشبووەو پەیوەندیەکی پتەویشی هەبووە لەوانە :

" عثمان عەونی " و عبدالرحمن راجی " و " سامی عەودال " و .... لەدوای کوچی " مەلا حەبیب " ی باوکی هەرلە ماڵەکەی خۆیاندا لەگەرەکی " بەفری قەندیان " حوجرەیەکی بۆ فەقی یان دەکاتەوەو خەریکی ووتنەوەی زانیاری ئاینی دەبی .

لەکوتایی جەنگی جیهانی دووەم وازلەو کارەش دەهێنێ بەماڵەوە دەچنە شاری "کەرکوک " .

ئێستا دواساڵەکانی تەمەنی خۆی لەوی بەسەر دەباو گوایە کۆمەڵێکی زۆر شیعری بلاونەکراوەی خۆی لەلای خۆی پاراستووە، تەمەنی درێژی بۆبەئاوات دەخوازین .

## شیعری 'ساقی'

ساقی مەجلیس تەواوە، بێنەمەی رەنگ گولاوە .
بریني من کولاوە، جێ تیری نازی چاوە .
ساقی تونەوجەوانی ، دەڵێی رۆحی رەوانی
بێنە مەی ئەرخەوانی ، توخوا جەرگم براوە !
موتریب گۆرانی بێژە، برینم کە سارێژە
خێرت بەشەو نوێژە، بەسیە خەیاڵی خاوە !
مەلا لۆمەی من ناکا ، موفتی خۆی لەخوا ناکا
تەقوای ریایی ناکا ، لەعنەتی لێ دراوە
شێخم تۆمەی بنۆشە ، بەرگی ریا مەپۆشە
مەجلیسی ئێمە خۆشە ، چیت لەتەکیەی رماوە
عەبدێکی بێ ریامە، مەیخانە خانە قامە
هەر وەحدەتم مەرامە، شێخی من ئەمری داوە !
" مەیلی " جگەرسوتا خۆم ، بێ یارو باوەفا خۆم
بێ عیزو پرجەفا خۆم ، هەرلوتفی باری ماوە .

* * *

# دوو شیعری بڵاونەکراوەی

# تاهیر بەگی جاف و ماموستا هێمن

ب . ولات

ئەگەر چاوێک بەمێژووی ئەدەبی کوردیماندا بگێرینەوە بومان دەردەکەوی کەزوربەی ئەو شاعیرو نووسەرانەی لەسەردەمانی رابردودا مورکی خویان بەلاپەرەکانی میژووی ئەدەبی کوردیمانەوە ناوەو لەم مەیدانەدا جی پەنجەکانیان دیاربوە، زوربەیان بەرهەمی سەرجەمیان دیارنیەو سالی لەدایکبوون و مردنیان بی سەروبەرە.

دیارە ئەم ئالوزیەش پەیوەندیەکی راستەوخوی بەباری ئالوزی رامیاریەوە هەیە، چونکە بەدرێژایی مێژوو، کوردستان مەیدانی جەنگ و پێخوستی ژێر پێی لەشکری ئەم داگیرکەروئەو داگیرکەربوە.. بویی ئیستا ئەرکێکی پیروزو نەتەوەیی لەئەستوی نووسەران و رووناکبیرانی کوردە، ئەویش سوراخ کردنی ئەوبەرهەمەبلاونەکراوانەی لەم شاعیرونووسەرانەوە جێ ماون کەرەنگە لەهیندێ ناوچەی کوردستان لەقوژبنی مزگەوت و قوتابخانە ئایینی ولای هێندێ نەوەو بنەماڵەی ئەم شاعیرونووسەرانە پاریزرابن .

– تاهیر بەگ – ی جاف یەکێک بوە لەوشاعیرە هەڵکەوتوانەی لەسەردەمی خوێدادیارو بەناوبانگ بوە. لەساڵی " ١٨٧٥" لەهەڵەبجە لەدایک بوەو ساڵی " ١٩١٧ "لەسلێمانی کوچی دوایی کردوەو لەعەبابەیلیی نزیک هەڵەبجە بەخاک سپێردراوە. ئەو بەرهەمەی کە لەم شاعیرەبوئێمە ماوە بریتیە لەدیوانێکی شیعری لەدووبەشە. بەشێکی شیعری کوردیەو ئەوەکەی دیش فارسی ، بەلام تاهیر بەگ بەزمانی عەرەبی وتورکیش شیعری نووسیوەکەچی تائێستا هیچیان دیارنیین .

لەم دوا دواییەدا پێش ئەوەی بلدوزەری عەفلەقیە رەگەزپەرست و شوفینیستەکان بگاتە ئاواییەکانی کوردستان وخانوو ومزگەوت تەخت بکەن ، لەگوندی " ئاکویان " ی

نزیک شاری رواندوز چەند دەستخەتیک دوزرانەوە دوای ساغ کردنەوەیان دەرکەوت دوو شیعری تاهیر بەگی شاعیری تێدایە، کەیەکێکیان کوردیەو لەدیوانەچاپکراوەکەشیدا نیـــــە، دووەمیشیان فارسی ـ بەو جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ دەقەکەی ناو دیوانەکـــــە. والێرەدا دەقی شیعرە کوردیەکەتان بۆ بلاودەکەینەوە، بەو هیوایەی لەژمارەی ئایندەی گوڤاری " نووسەری کوردستان " هەردوو دەقەفارسیەکەشتان بخەینە بەردەست. تکاشمان وایە هەرکەسیک بەلگەی دیکەی بەدەستەوەیە سەبارەت بەم شیعرە بۆمان رەوانە بکات، بوئەوەی لەداهاتوودا بیخەینە بەرچاوی خوێندەواران و بەئەنجامێکی دروست بگەیـن، هەروەها هەربەرهەم و دەستخەتێکی تر شک دەبەن پەیوەندی بەنەتەوەو کوردستانـــــی نیشتمانەوە هەبیت بۆمان بنیرن.

ئەمەش شیعرەکەی تاهیر بەگی جاف بەرینوسی ئەمرومان ...

سوورو سپی وناسکە وەک چووزەرە ریواس
ئاودارو تەرو تازەیە کولمەی وەکو گیلاس

ئەندام لەتیف، جەبهەکەی عەینی بلەورە
بۆی عەتری هەناسەی ومەمکی کەللە دەکاکاس


خالی حەبەشیی، قرچە دەخاتە دلی عاشق
شمشێر بەرووی سینە دەکا شەق وەکو ئەلماس

حەسرەت زەدەیی عاشقی شەیدایە جەمالی
مەحفوزی بکەی رەبی " من الجنە والناس "

لەو سوورەتەمەهـ پەیکەرە لەو سەروە رەوانە
لەو زولفە سیامارە کەئەو گەنجە دەکا پاس

مولکی عەجەم و رۆمە بەهایی بۆسەیی لێوی
دەیکەم بەفیدای یەک نیگەهی " مامەش " و " بلباس "

" تاهیر " سەری تەسلیمە لەبەر خاکی بەری پێت
دایناوە ئیتر حەیفە بەسیە قسەو باس



# شیعرەکەی _ هێمن _

سەرلی شێواوم، دیلم ، رەنجەڕۆ
لەبۆ ئەم و ئەو خۆم کرد دەستخەڕۆ
جی بەکوشتمدا ، رۆیی بەفیرۆ
لەنێوگەلان دا سووک بووم وەک پەڕۆ
ناو و ناوبانگی کوردستانم رو
رولەی جوانم رۆ نیشتمانم رو
دوای چەند سال جەنگ و ئەم شاخ ئەو شاخێ
گشت رۆژی دامنا لەسەر دل داخێ
فریوی کێم خوارد ، لووت کەڵەشاخێ
بۆچی بەخوینم تەڕکا دەماخێ
خانەولانم رو ، ئاو و نانم رو
رولەی جوانم رو ، نیشتمانم رو
کوڕم بەکوشت دا بو نیشتمانم
لەری ی شەرەف دا دامنا ژیانم
بەس بی نوکەری بو هاوسێ یانم
واش بەسەر شۆڕی لەقوون دەرکانم
قارەمانم رو ، هۆی ژیانم رو
رۆلەی جوانم رۆ ، نیشتمانم رو
بو ئازادی کورد تاوم دا شۆڕش
لاوانم وەک شێر دەیانبرد هیرش
چیم وەدەست کەوت ، هیندی " پلاو خورش "
بوومە گەپجاڕی نەتەوەی کۆڕش
رەنجی شانم رۆ ، ورەی گیانم رۆ
رولەی جوانم رۆ ، نیشتمانم رۆ
تا پێ یان خۆش بوو شەڕیان پێ کردم
بەخوێنی لاوان رەنگاندم هەردم
کێ دڵسوزمە ، تا بلێم کوردم
چەند بەدڵ دەمکرد ، دەک بەملی وردم
سەد لاوی خاوەن دەزگیرانم رۆ
رولەی جوانم رۆ _ نیشتمانم رۆ

بۆئێمە هەموو جێ یەکێ لۆزا ن بوو
هەر کردەی ئێمەو بردەی دزا ن بوو
دا دپرسین لەبۆ هەموو هۆزا ن بوو
کەنۆرەی کورد ها ت دا نا نەزا ن بوو
قا زی و شێخ مەحمود ، کا ک ئیحسا نم رۆ
روڵەی جوا نم رو ، نیشتما نم رۆ
شا ی خوێڕی گوتی ، تۆخزمی خزمی
بەرێ و شوێنی ئەو خۆم خستە گومی
ئەویش بۆمن بوو بەکا ربرا ی رۆمی
خوێنی فرۆشتم بەئا وی چۆمی
منداڵی سا وا ی بەستەزما نم رو
روڵەی جوا نم رۆ ، نیشتما نم رو
سوێندی بۆ خوا ردم بەتەختو تا جی
ئا زا دا ی و شا دی کوردە ئا ما نجی
دوا یی بەدەرکەوت ، کورتو کرما نجی
خوێنی من دەرژێو بۆ ویش قا زا نجی
با رەگا ی حا جی هومەرا نم رۆ
روڵەی جوا نم رۆ ، نیشتما نم رۆ
چڵکا وی دا مێ ، وا ی زا نی قا زم
جیها ن دەزا نێ هەڵۆم و با زم
بەهیوا ی ـ شا ـ بووم ، بۆیە زۆرسا زم
شەرتە تا کو هەم بەکەس نەنا زم
پا ڵەوا نم رۆ ، پشتیوا نم رۆ
روڵەی جوا نم رۆ ، نیشتما نم رۆ
کێ بوو تا ئێستا هەڵەبێ وەک من
پەنا م بردە بەر نا پیا و و دوژمن
با رمتەی لێم گرت ، لەمندا ڵ وژن
کەوتومە دەریا ی بێ سەروبێ بن
رێی پەلەقا ژەو دەرەتا نم رۆ
روڵەی جوا نم رۆ ، نیشتما نم رۆ
دەمی هێنا پێش لەکا روبا رم
بەتۆپ روخا ندی چەند گوندو شا رم
لەنا کا و سا زا و ، شێوا ندی کا رم

وەک خاوەن کاربێ ومنیش رێبوارم
پووشوی سەر دەستی پیشوونانم رۆ
رولەی جوانم رۆ ، نیشتمانم رۆ
لەرووی دێ دەڵێ ، شۆڕش بێ هێزبوو
بەرەی پێشمەرگە زۆربێ پارێز بوو
کەنگی لاوی کورد پیشەی گوریز بوو
خاوەنی ـ شا ـ بووم ، شا ـ شکەری دێزبوو
هێزی پیشمەرگەی بێ وچانم رۆ
رولەی جوانم رۆ ، نیشتمانم رۆ
نیوەی چۆمێکی کڕی بەخوێنم
منیش نیشانەی تەشەرو جوێنم
واسەر بەتاڵ و ئەستۆ بەکوێنم
ئەمرم ، پەتپەتی سەی بەسەر دێنم
چەند هەزار لاوی پارتیزانم رۆ
رولەی جوانم رۆ ، نیشتمانم رۆ
ساڵ نیە جارێک فکری راوی شا
لەگەڵ شەیتانا دەبەن ناوی شا
کوا لەجیهاندا ماوە باوی شا
گێژبووم چواردەساڵ بوومە پیاوی شا
لاوی سۆران و بادینانم رۆ
رولەی جوانم رۆ ، نیشتمانم رۆ
تارۆژێک دەدڕم پەڕۆی سەرشانم
تفەنگ زمان دێ بۆ کوردستانم
موشەک دەکێشێ رێگەی ئێرانم
چی بەسەر شا ـ دێ بۆ خۆم دەیزانم
هەر دەڵێم شێری بیشەڵانم رۆ
رولەی جوانم رۆ ، نیشتمانم رۆ

بەغدا ـ ١٩٧٨/١٠/١٠
ـ هێمن ـ

# بەرهەمی لاوان

# ڤینەک بێ هەیڤی



بێریڤان

گەرتو بزانی

ڤینا دایێ بو زاروکا چەند مەزنە

گەرتو بزانی

ڤینا واری چەند پیروزو چەند مەزنە

گەرتو بزانی

دیتنا پاری بوهەژارو بوبرسی‌یا چەند مەزنە

دێ شنی زانی

ڤینا من ژی بوچا ڤێت تەچەند مەزنە .

*   *   *



ئەڤروکەژی ...

ئەز بەندی‌یا چەند قەیدا مە

ژبەر هندێیە

من پێ شەرمە ئەزبێژمەتە

من تودڤێی

گەر تەبڤێت ...

ئەز دێ بێژم

بلا ڤینەک بێ هیڤی بیت

گەرتە نەڤێت ...

ئەز نا بێژم

بلا هەرا ددلی دا بیت

لێ با ورکە ...

ئەو روژا من وەلات ڤیا ی

را ستی ڤیا ی

ئا شتی ڤیا ی

نێرگز ڤیا ی

زا روک ڤیا ی

من تو یێ ڤیا ی



گەر تەبڤێت ...
تەژ بیربکەم
هاری من بکە تەژبیربکەم
بەلێ بخودێ
قەت ئەز نەشێم تەژ بیربکەم
چینکی روژا ژبیرا من دچی
ئەو ئەز نەمام ئەوا بەرێ
بوم ئێکادی
نە ئەڤیندار
نەراستی یار
ئەوێ روژێ ..
من دل نابیت
راستی ژی ..
کارێ من نابیت
هزرا واری ویا زاروک و یا هەژارا
من ل بیر نابیت
گەر ئەو نەمان ...
باوەربکە ئەز نامینم
من ژین نابیت .

١٩٨٤

# کۆست



- ژیلا -

"بەهارە "   ئەمساڵ ، بەهار خەمینە

دەشت و دەرو کێو ، سیما خوێنینە

نە "جمە" ی خەڵکە، نە " فڕە"ی مەلە نەنووزەی ژینە

نە شنەی دارو ، هاژەی رووبارو ، بزەو کەنینە

هاوارە.. دادە.. گریانە..شینە


" بەهارە " روڵەم بەهار خەمینە

کۆستی هەڵەبجەو ـ مەرگی ئەوینە

سنە - ١٩٨٨

# عەکس

عەزیزی ئاڵی



## عەکس

چاویان بەست و بردیان
گوتیان :
" ئاوێنەی لەبەر هەتاو راگرتووەو
تیشکەی گرتۆتە چاوی خەڵک "
چاویان –
بەست و –
بردیان .

## گازی

لەزەمان بەدەرو
لەمەکان بەدوور .
ئەی هەرەسەیرترین !
دەستی باوەڕم
بەداوێنت
راناگا ...



## گورگاوڕ

مەلێک فڕی
گەڵایەک وەری ...
هەیا ران
" دەعبایەکی زەڕندە " شوێنم دەگەڕێ !

## بەرێگاوە

بەکووچەیەکدا رادەبردم تاریک ، باریک
بەکووچەیەکدا رادەبردم بەلارەلار بەنارەنار
بەکووچەیەکدا رادەبردم لەبیناکوڵی گرین
بەکووچەیەکدا رادەبردم
تەنیا
تەنیاتر
تەنیاترین

## لەناورکەوە

لەرەنگی باڵندەیەک
( شینی بێ کەوشەن،خەیاڵی بەتاڵ،
رکەیەک،فڕین،بەربەڕۆچکەی ژین،
گەروویەک نەبێ ، دەروویەک نا )
چ ناهومێدانە دەخوێنێ
دڵم !

# ساردو گەرم

کووچەی مانگەشەو
پڕاوپڕ لەبێدەنگی یەکی زیوین .

پەنجەرە
دەم دەکاتەوەو
دەکەوێتە زمانە مەلاسکێ .
( دوو دەستی بەبازنە
بەتانی دەتەکێنێ . )

کووچەی مانگەشەو
پڕاوپڕ ئەبێ لەخرینگە خرینگی زێڕینی ژیان

ـ " مەهاباد " ـ

رۆژێکیان لەشامیلی مەزنیان پرسی :
" ئیمام ، بۆچی شیعر نووسین وگۆرانی چڕینت قەدەغەکردوە ؟ " .
شامیل وەڵامی دایەوە :
" بۆئەوەی تەنیا شاعیری راستەقینە بمێنێتەوە . شاعیری راستەقینە هەر وەکو جاران لەسەرنووسین بەردەوام دەبێ ، بەڵام ئـــــەودروزن و دوو فاقانەی ناویان لەخۆناوە شاعیر زراویان لەبریارەکەی من دەچێ و واز لەشیعر نووسین دێنن وچیتر خۆیان و خەڵک دەست خەرو ناکەن " .
" ئیمام بۆچی شیعرەکانی سەعیدی ئاراکانت خستە ناورووبارەوە ؟ " .
+ شیعری راستەقینەلەرووباردا ناخنکێ چونکە لەناودڵی خەلکیدادەژی . ئەگەر شیعرێک لەوکاغەزە زیاتر نەهێنی کەلەسەری نووسراوە ، جـــێی خۆیەتی بەم دەردەچی . سەعیدی ئاراکان هەق وایە لەجیاتی نووسینـــی شیعری وا کەئاوراپێچی بکات ، خۆی بەکارێکی سوودبەخشەوە خەریــــک بکات " .

رەسول هەمزاتوف
" داغستـانی مــــــن "

پەخشانە شیعر

# چەند دیمەنێک

" بەشەهید مەلا ئەحمەدو هاوریکانی
لەچلەیاندا پیشکەشە "

" هیوا "

شەوەو
خۆت وتفەنگەکەت
پێش هاورێکانت کەوتویت و
هەورازەکەی ئەو دیوی
گڵەزەردەتان
ئاخنیوەتە ناودەمی
بەرداشی شەقاری توندو
هەنگاوی خێراتانەوە
بەسەر تولە رێی باریکا
بەرەو لوتکە
وا مل ئەنێن
هاتوون
کلاو گورگی سەرکەش
لەژێر دزێوی پۆستا لا
دەرهینن و
لەژێر دەستی
سۆزدا داینێن

شەوەو نێوانی ئێوەو
مەرگ
نێوان ئێوەو
خێوی ترسنۆکی دوژمن
نێوان ئێوەو
کێڵگەی لوغم و
سیمی رەبیە
نێوان ئێوەو
گوللەی گردار
نێوان ئێوەو
تەپڵی دەنگی گەورەی
سەرکەوتن
تەنها چەند مەترێکی ماوە
هەڵ ئەستیتە
سەرهەردووپێ و
دەستت توند رائەوەشێنی
وەرنە پێشێ


سەعاتی " سفر " نزیکەو
ئیتر ئەوسا
دەنگی دەست ڕێژ
" لولەی سەرشانی گرهاویژ "
هەتا دوا تەپلی
سەرکەوتن
ئەو ناوچەیە
ئەم دیو ، ئەو دیو
ئەهەژێنێ

*          *          *

لەو ساتەوە
لەزۆر لەپێش ئەوکاتەوە
تۆ بێدەنگ نیت
تۆ خەنجەری
ناوکێلان و
چەکی شاراوەی ژێر گل نیت
تەنها ناوت
بەسە بۆ ئەوەی کەدوژمن
بتۆقێت
شاد بێت بەمردن

*          *          *

ئەمجارەیان
کاتوا
رۆژی نیوەرۆیە
شوێن دەست پێکی
گەرمیانی هەڵقرچاوی
خاکی سوتەمەرۆیە
جوار ملان
گڕێ گرتووەو
ئەوان تەپڵی تۆپ
لێ ئەدەن
وەک یاری ئەلەکترۆنی
پەنجەی سپی
نەرم و ناسکی
کار نەدیویان
لەدوگمەی کونترولەکەی
راجیمە ئەسپایی ئەدەن
کڵپەی گڕی
ئەنفالێکی بەدناویانی
پێ تاو ئەدەن
ئێوەش یەک یەک
بەرقێکی پیرۆزەوە
گوللەکانی ژێرپەنجەتان



189

خوتان ئاسا
گەرمیان ئاسا
بەرەو دالەبال شکاوەکەی
سەرچاوەی چەسپاو
کوێریان
هەڵئەفرێنن
جوارملان
ئێستەش ئازادەو
دەستی دوژمنی ناگاتێ
بێ تەلەکە
هاوار ئەکا
ئادەی کورگەل
فریاکەون
مەهێڵن کەسیان لێ هەڵێ
مەهێڵن کەسیان لێ دەرچێ

*　　*　　*

ئەنفال تەواو
قەرەداخ رووخا
گەرمیان سووتا
کولانەیەک ، ژوورێک

نەما
لەماندوویەتی تونا وتونی
ئەو ناوەدا
کەسێک پشویەکی تیا بدا
ئەنفال تەواو
خەڵکیان لووش دا
رەبیەو سەربازگەیان
سازدا
ووتیان ، تەواو
ناهێڵن هیچ
زبندەوەرێک ، لەم ناوەدا
هەناسە بدا

*　　*　　*

ئەی هاورێکەم
لەو ساتەوە
ئیتر ئێوە
بوونەترووسکەی رووناکی
چاوی ئێمە
لەو دەقەرە
ئیتر ئێوە



بوونە رەمز
رەمزی پێشمەرگەی کوردستان
لەو کاتەوە
وا سالێکە
هاورێی شەوو
تەنهایی دنیای بێ دەنگن
هاورێی
هەتاوی هاوین و
گێژەلوکەی پابزان و
شوێنی نسرم و شێ داری
زستانانن
وا سالێکە
دۆستی گەرما و
دۆستی سەرما و
دۆستی چلک و
ماندوو بوون و
تامەزرووی
چێشتێکی گەرم و
جێگەی نەرم و
بەرسوپا و گوێ ئاگردانن
وا سالێکە
خەمی چینێک
خەمی گەلێک
خەمی هەموو شەهیدانتان
لەرێ یەکی تووش و سەختا
لەدەشتێکی چۆلّ و هۆلاّ
لەکۆلدایە

سنووری چەندان کەرت و تیپ
لەژێر دەست و
سۆزی چەک و
رقی پیرۆزی
ئێوەدایە

* * *

تۆش ئەی گەرمیان
ئەی گەرمیان تاجی سەرو
هەژاوی
ژێر پێلاوە شرەکەی مەلا
دلنیایە
تا رۆلەی وەک ئەوت هەبن
کەس ناتوانێت
سەگی حەزییت تێ بەربدا
ئێستەش ئێوە
هاورێکانم
فریشتەو پەیامی سووری
ئازادی زەحمەتکێشانن
ئێوە هاورێی
کەشکۆلەکەی کاک جوامێرو
لەبالا ئاوێنەی شیعری
ئەودا
ئێوە
بەردەبازن
بەردەبازی رێی رزگاری
رەنجدەرانی کوردستانن

سلیمانی
١٩٨٩/٤/٢٢

# هەڵوێستی بێدەنگی

– بێزار –

ئەو دەمە باخی ئەم دڵەی من نەڕنرابوو
بەپەرژینی پەژارە و ژان ،
هەرچوار دەوری نەتەنرابوو ..!
کەشەپۆلی زەریای عەشقم
گۆفەندی بوو ..
لەسەرهەوای بارانی تۆ سەمای ئەکرد
تاوێ وورد وورد ،
تاوێ بەلەز ،
بۆ خوناوەی :
بەرگەردەن و ،
ژێرچەناگەی تۆهەڵ ئەچوو ..
هاوژینەکەم :
هەرکە گفەی رەشەبایەک
بەتەمایەک ،
بەشەو ، لەخەو ، لەهەر لایەک
دەستی قینی
بینی سازو سۆزمان ئەنا ..
دارو دەوەن
بیزاو کەماچی بنچکەو میرگەو گیا
لەسەر نەزمی نۆتی رەوت
گۆرانیان ،
بو هەڵپەڕکێی رەوەز ئەوت ..

ئەودەم دلم ..
ناسک وەک و گۆی نەشەمزاوت
دەمێ بزووت ..
بەرەو بزەی حەز تێزاوت ،
دەروون چەشنی ..
پەنجەکانت
وەک عەرشی ساو
بی ژەنگ توبوو
لەڕووی هەتاو ..
کەهەوری خەو ..
پێخوستی ژوان
کاروان کوژەی
چاوەکەتی حەشار ئەدا ..
من ئاستەنگ و مۆتەو شەوم
لەدار ئەدا
قژ کاڵەکەم :
چیژی ژینە دەروون
رووتاڵەکەم ،
ئەی هۆزارە زار بەزاریی ئازارەکەم ..
کەبارانی پەڵە ئاوی
دێمی قەد پالیان ئەدیرا ..
پەڵە هەورە کوچەریەکان

رەشبەڵەکی
شایی چیایان ئەگێڕا ..
من ئەو دەمە :
لەزۆزان و لەئارانێ ..
لەگەل تکەی هەر بارانێ
بەشۆڕاوەی
تالێ لەبسک و پەرچەمت
ئەتکامە ناو دەریای دەمت ..
لەگەڵ لووزەو ..
ماسی حەزم
دەمی ئەخستە سەر دەمت
هەر ئەو دەمە :
* لەنیو دەمت هەنگی ئەوین
ئاوبارەی گرت بۆ شانەی ژین .. !
پیش ئەلندی هەر بەیانی
چاوی ژوانی مەم زینم
من گزنگی هەوداکانت
لەدەم کەڵی عەشق ئەبینم ...
بەڵام چبکەم ... !
رووت و قووتە پەڕیوەکان
لەخەج ،
لەشەم ،
لەخاتوزین بڕاوەکان
چاوبەگڕو
سینگ بەخوێن و
شان بەهەشن ..
پەنجەی یاردەی
دڵ ئەگوشن ،
بەسەر گیانی هاوخوێنیما
فرمیسکی ناز ئەبارینن
پەڕەی ناسکی گوڵی بزەم ئەوەرێنن
مەلی ژوانی جادەو شارم ئەتارێنن
لەپزدانی گابەردەکان
هێلانە بۆ دڵم ئەکەن ..
لەسەر جەسەی هەزاران دڵ
لەسەر شاخ ،
مژ ...
لەسەر زەریا .. هەڵم ئەکەن
داریکەلی :
بۆ هەڵەبجە
بو شاخ و کەژ ،
خەنەی خوینی دا لەپەنجە
بە بەروکی داربەرووەکان
پارچە جەرگی هەڵواسیوە ..

بو هەر گەڵاش چاویکی زەق
کە سەربەستی و
نوغرۆی ووڵاتی ناسیوە ..
هێزی تۆڵە
بۆ رەوەزی بەسام و سڵ
هاواری گشت ساواکانمان
بۆ حەیرانی هۆزاری دڵ
چاوی و دیرۆک هەڵبڕیوە
بەباڵای ئەم دایکە پیرە نەنووستوە
لەچکی رەس و
کراسێکی تەختەسوور و
داوێن سەوزی بۆ بڕیوە .. !!
هاوەڵەکەم :
دەروونێ کە نەفرەتسانی تیاگرتوە
ژوان ... ژانەکان
هیلانەیان تیا کردوە ..
بەباتەزی خەزان
سرو کەسیرەیە
ووزەی هەموو ئەوینێکی
تیا مردوە ...

* * *

ئەی بۆ نالێی :
تاولێ ، کوخێ ، کاولەکۆنێ ..
چیخی تەنانەت هەوارێکیان
نەهێشتین .. !!
وەکو گۆزە سەروبن کەی
ژاری رەش و گڕی سووریان
بەلاسامە ، بەسەردا رشتین .. !!
ئەستوندەگی هۆبەکانمان
هەرلە لەش و جەستەی خۆمانیاندا
شکان
تێنوێتی
هەرد و بەندەنیان
بەگڕشکان ..
گرفەی شیروان و " زەڵم " یان
بەکۆ تەرمی مناڵان و
ئافرەتخنکان ... !

*      *      *

بۆ دوو " دەبۆ " ی
دوو ئۆردوگای ..
ئەم سەردەمە
نەک هەڵەبجە ،
نەک بادینان ،
هەموو کوردستان
هەر کەمە .. !!

*      *      *

— ١٩٨٨ —



# گۆڕغەریبێک

پەخشان

فەرهاد سەنگاوی

نسێ وسەهۆڵ دەوەن و ئەشکەوت " رکەوبزنەرێ شاخ و شارودێ . هەمویان ئەمیان ئەناسی هەرئەم ئاو وخاکە نەبێ کەئێستاکە ئەمی لێیەو وابۆی ئەچێ ئەم گۆڕستانە کێڵو رەنگ هەراوە مەرمەر ریژە ، پرچەترو ئەرخەوان بەدیواری تاپشتوێنە دەوردراو زۆر بریاوئاواتی جێ بەجێ نەبوی تیانێژراوە ، بەلام نامۆ و خەمی کەسیان وەکو هی ئەم ئاڵوسکاو مێژینە نین . کە مردویەک لەتابوتی سەرشان وئاپۆرە بەدودا دەهات یاهیچ نەبێ ـ دایکی ، خوشکی ، کەسی ، برای ، خێزانی یادەزگیرانی بەچەشنی مانگی ناوپەڵەهەور لەجلی رەشائەهات و لەسەرکێلەکەی چەند دڵوپی گەرمیە باران . بەلام ئێستە لەئەسفەهان ـ دورەولاتنابیانی ، سنور گوێزان چی ئەبینین . چوارپێشمەرگە وەکو چوارپۆری پێکراو چوارشۆری لاق لەنگیو وێنەی شینە شاهۆی تەزیو ، تەرمێک بەرەوئێرە دێنن ، رامانی ئێستامان جیایە جاران هەرئەم پێشمەرگانە لەسەر کێودا رائەوەستان ، لەدەشتی کرکائەچەقان ـ تانکوتۆپ هەرچەند بوایە فرۆکە وئوردوی رەشبۆر وەکو کوللەو پەپوسیارک بویان . ئێستەش بەتەرمی هەڵۆوە بەرەو دەروازەیەک ئەرۆن ، کەچی دودڵ لەوەی ئاخۆ رێ یان ئەدەن ئاوگڵی ئەم نامۆیی و غەریبیەیان هەرئەوەندەی گۆڕیچەیەک پێ ببەخشن .

تەرمی بێ دەنگ هەڵقرچاو پێش چەند رۆژی هەربەتەنها بێشەیەک مەڵبەندێکی باوان بوروی و یان لەبەری ئەلەرزێ سنگی بەگوللەوە ئەنا ، لەشەردا هەرهێرش بەرو پربەدڵەنەسرەوتەکەی دوژمنێکی زۆرسەرسەختی داگیرکەربو . کەچی ئێستە مشتێ چڵوچێوی پەیت بەئیسقاندا سوتاوە سەرومژو ریشی چەند رۆژ نەتاشراوی هەلکروزا . بۆنی باروت ، بۆنی کیمیایی بەچەند مەتری لەدورەوە لەتەرمەکەی هەڵئەسێ ، وائەچێتە گۆڕستانێ کەلێرانەش نەتەوەی سەردەس و ژێردەس گۆری دەوڵەمەندو هەژار بێ بەراورد ، زۆربەیان هەرئالاّ لەسەر رازاوە بەوێنەو پەندو شعر و چەتر ، هەڵۆبێ کفن بنێژن بۆ قیبلە روی بکەنە کوردستان و باهەوێنی کوردستان بکرێتە خاکی خەڵکەوە با ئەو وێنەش بجۆشێنێ باگڵکۆی بێ ناونیشانی سەربازی ون سنوری ببری باخۆزگە و ئامانجی مەزن لەهەموو شوێندا تۆو بکرێ . ( لەدەمی گەورەماسیدا زۆر وردە ماسی تاسا ، بەلام گەورە ماسی تاسەر بوەشای گۆم ودەریا ) لەسەر کێلەکەی بنوسن ، هەردێتە بەرهەرشین دەبێ وەک چون " بەرولەسەر کەللەسەری تاشەربەردی رەقدائەروێ "

کوری گەلی بێ ئالا و جێ
ئەمە گۆری گۆرغەریبێ

# کۆچی نەمران

# مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ



نووسەری کوردستان

لە ناوەراستی تەمووزی ئەمساڵدا واتە لە ١٩٨٩/٧/١٥ تەم و مژی مەرگ باوەشی کرد بە یەکێ لە لووتکە بڵندو دیارەکانی فەرهەنگی گەلەکەماندا و لەبەر چاوانی وون کردین ... لووتکەیەک کە هەموو تەمەنی هەر بەرهەم و هەر کارو هەر خزمەت بوو .... لووتکەیەک کە بەدرێژایی تەمەنی وەک لووتکەکانی قەندیل هەر بێگەردو هەر بەرزو سەرکەش بوو .....ئەو لووتکەیەش ... زاناو نوسەری ناسراوی گەلەکەمان مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بوو .........

خاڵ ، لە ساڵی ١٩٠٤ دا ، لە باوەشی خێزانیکی رووناکبیرو ئاییندا هاتۆتە دنیاوە ، کەلە تەمەنی نۆ ساڵیدا باوکی دەمرێ ، باپیری ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردە کردنی دەگرێتە ئەستۆ ... هەر لە سێبەری پەروەردەکردنی باپیریشیا ، پلە بەپلە بە پەیژەی خوێندنی ئایینیدا سەرکەوتووە ... تا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو ، هەر دوای ئەوەش ئیجازەی زانستی وەرگرتووەو خەریکی دەرس گوتنەوە بووە .

ماڵی باپیری ، شوێنی کۆڕو کۆبوونەوەی زاناو رووناکبیرو نووسەرانی ئەو وەختەی سلیمانی بووە ... بۆیە خاڵ لەم رووەوە سوودی زۆری وەرگرتووەو لێرەوە ئاشنا و هۆگری ئەدەب و رۆشنبیری گەلەکەی بووە و، هەر ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە، بەرەو بایەخ دان بەئەدەبی کلاسیکی و کەلەپوری نەتەوایەتیان بردوە.... هەر بۆیەش لەپاڵ کاری

دەرس ووتنەوەدا ،زۆرچالاکانەو بەگەرمی خەریکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زمان وئەدەب وکەلەپوری گەلەکەی بووە، .. کاری " قازێتی " یشی لەشارەکانی هەڵەبجە ، چەمچەمال، سلێمانی ، کەرکوک و موصل دا ، لەم رووەو خزمەتێکی زۆری پێکردووە .. هەروا کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی باپیری لەپێگەیاندنی خالّ دا دەوری زۆری هەبووە، .. تەنانەت پێشکەوتنخوازیشی لەبواری ئایینی دا ، هەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە.. کەزۆر زوو کەوتۆتە ژێرکارتێکردنی بیروباوەرە ئازادیخوازەکانی جەمالەدینی ئەفغانی‌بەشێوەیەکی واکە ئەو کارتێکردنە تیرۆانین و بیرێکی پێشکەوتنخوازانەی سەبارەت بەژیان وئایین لاخەملاندوە .. چونکە ئەوکاتە بیروباوەرەکانی جەمالەدینی ئەفغانی ، لەناوبیر و باوەری ئایینی دا لوتکەی رۆشنبیریی و پێشکەوتنخوازی بوون لەپاریزگاری کردن لە مافی گەلانی رۆژهەلات و لەبانگ هێشتن بۆ بیروباوەری شۆرشگێرانەی سەربەستی‌ویەکسانی خواز ...

تەنانەت بەرهەمە ئایینی یەکانیشی رەنگدانەوەی ئەوبیروباوەرەیان پیوەدیارە.. دەبی ئەوەش بووتری کەماموستا خال ، لەسالی ١٩٣٩ دا بووەبەقازی .. لەسالی ١٩٥٤ بوبە ئەندامی کوری زانیاری عیراق ودواتریش‌بوتە ئەندامی " مجلس‌التمیز الشرعی السنی " لەبەغدا سالی ١٩٧٠ بەجیگری سەروکی زانیاری کورد هەلبژیردراوە هەرلە هەمان سالیشدا بوتە جیگری سەروکی یەکیتی نووسەرانی کورد.

دواتریش‌بۆتە ئەندامی ( مجلس‌التمیز الشرعی السنی ) لە بەغداسالی١٩٧٠ بەجێگری سەرۆکی زانیاری کورد هەلبژێردراوە هەر لە هەمان ساڵیشدا بۆتە جێگری سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد .

لەگەڵ هەموو ئەو چالاکی و کارە پیشەیی‌یانەیشدا هەمیشە کاتی هەرە زۆری بۆ باس و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی تەرخان کردوە ....

ماموستا خالّ لە بواری لێکۆڵینەوەو باسی ئایینی‌دا بەزمانی کوردی‌وعەرەبی پترلە (٩) کتێب و دەیان ووتارو باسی هەمە جۆری هەیە کە تێکرا بایەخ و گرنگیەکی تایبەتیان هەیە ... لە هەمان کاتدا لە بواری زمان و ئەدەبیشدا ، کارە دەوڵەمەندەکانی‌شوێنی دیاریان هەیە ...... بە تایبەتیش فەرهەنگەکەی‌و ، ( پەندی پیشینان ) ەکەی کە هەریەکەیان لە بواری خۆیدا دەوری پێشەنگی هەیە ......... بە کورتی ماموستا خاڵلە بواری زمان و ئەدەبدا ، تا ئێستا ئەم کتێبانەی چاپکراون :

١ ـ پەندی پیشینان ، چاپی یەکەم ١٩٥٧ ، چاپی دووەم ١٩٧١ و چاپی سێیەمیش ئامادەی چاپە .

٢ ـ شیخ مارفی نودێ ( ١٩٦٣ ) بە زمانی عەرەبی

٣ ـ بێتوشی ( ١٩٥٨ ) بەزمانی عەرەبی

٤ ـ فەرهەنگی خاڵ ، یەکەمین فەرهەنگی کوردی ـ کوردیە " سێ بەرگە "١٩٦٠ ، ١٩٦٤، ١٩٧٠

( شایانی باسە سەرجەمی بەرهەمە چاپکراوەکانی دەگەنە ( ٤١٤١ ) چوار هەزارو سەدو چل و یەک لاپەرەی کتێب .

ئەمە وێڕای ، دەیان ووتاروباس و لێکۆڵینەوەی ترلەناو رۆژنامەوگۆڤارە جیا جیاکاندا بلاوی کردونەتەوە .... جگەلەمەش ، کۆمەڵێ بەرهەمی تری ئامادەی چاپن لەوانە :

١ـ دەستوری زبانی کوردی

٢ـ دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی

٣ـ کۆمەڵە ووتارێکی نوێ .

نوسین و بەرهەمەکانی مامۆستا خاڵ ، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستاشجێی باوەش بۆ کردنەوەو بە دەنگەوە چوونی خوێنەران و رۆشنبیران و نووسەران بوون ، چونکە تێکرا باس و لێکۆڵینەوەکانی زانستی وبە پێزو کەڵک و پر زانیاری وجێی متمانەو باوەربوون هەروا ئەوەشکەلە ژیانی ماموستا خاڵدا ، وێڕای بەرهەمی فرەی ، خاڵێکی رۆشن و گەورەیە ، ئەوەیە کە هەمیشە خاوەنی هەڵوێستی گەورە بووە ، هەمیشە لەناو سەنگەری گەلەکەیدا بووەو هەرگیز پلەو پایە بەرچاوی پر لە سوزو خوشەویستی میللەت و نیشتمانەکەیان پێ لێڵ نەکراوە ................

بۆیە ماموستا خاڵ چ وەک مرۆڤ و چ وەک بەرهەمیش شوێنێکی تایبەتی هەیە لەناو مێژوو ئەدەبی گەلەکەماندا و لەگەڵ گەورەبوونی زەمانەشدا گەورەتر دەبێ ....

ئنجا بارەشەبای مەرگ بتوانێ درەختی سەوزو چری پر بەرهەمی گیانی ماموستا خاڵ تێک بشکێنێ ، بەلام رەگی والە ناو خاکی دڵی هەموو کوردێکی دڵسوز دایەو چون دڵێکی زیندوو لە لێدان ناکەوێ .



# سەید کامیلی ئیمامی زەمبیلی «ئاوات»

نــووسەری کوردستا ن

ئەگەر چی بە درێژایی سەردەمی فەرمانرەوایی رەشی حەمە رەزاش ،خوێندنی کوردی ، لە کوردستانی ئەم دیودا ،قەدەغە بوو، بە کوردی نووسین ،لەیاسا لادان وتاوان بوو، بەلام چەند نەمامە شیعریکی رەسەن،وەک چوزەرە رێواسی سەر سەختی ژێر بارستی بەفر، لە نش و نمای خۆیان نەکەوتن ..کەورە بوون وگوڵیان داو ،بۆن وبەرامەی ئەو گولانە ش تا دوورترین شوێنی کوردستان رۆیی ...هەڵبەتە یەکێ لەو گوڵە شیعرە بونداراانەش ، شیعری ماموستا سەید کامیلی ئیمامیە

سەید کامیل ، کوری سەید عەبدول حەکیمی کوری سەید عەبدول کەریمی زەنبیلە .ساڵی ١٢٨٢ ای هەتاوی (١٩٠٤) زاینی ، لە بنەماڵەی ئاینی و خوێندەوار و ئەدەب دۆستیسەیدانی زەنبیل هاتۆتە دنیاوە ..هەر زوو نراوەتە بەر خوێندنی ئاینی و سەرکەوتوانەش بە پەیژەی خوێندنا چۆتە سەرێ ..هەر لە منداڵیەوە هۆگریشیعربووەو زۆر لەزەتــی لە خویندنەوەیشیعر دیوە ،تەنانەت لێی دەگێرنەوە دەڵێن ، زۆر جار کەشیعرەکانیبوستان وگولستانی سەعدی دەخوێندەوە، ماموستا و فەقیکان دەوریان لێدەداو بە پەرۆشــەوە گوێیان بۆ رادەدێرا ، کەلە خوێندنەوەشیان دبۆوە، پێیان دەوت .."سەعدی خۆشی زیندوو بوایەهەرئاواشیعرەکانی خوی دەخویندەوە"... وەک خۆشی لە پێشەکی دیوانەکەیدا دەڵێ"لە هەموو لایەکەوە دلخۆش و تەشویقیان دەکردم ، تا ووردە ووردە ئەمجارە بەشیــعر خوێندنەوە رانەوەستام و لاقم لە بەرەی خۆم پتر راکێشاو هەڵم کوتایە سەرشیعر گوتنً ئەوەی سەید کامیل، هەڵکوتا سەر سەرشیعر نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی رسکانی بە هـرەی شیعری ولە ژێر کارتێکردنی خوێندنەوەی شیعری فارسی وشیعرەکانی نالی ومەحوی وحەمــدی

دا ، وەک شاخەوانێکی شارەزاو بە توانا بەچیای شیعرا هەلگەرا ، تا ئەو جێیەی شوێنێکی شیعری دیاری بۆ خۆی مسوگەر کرد.. سەید کامیل، خاوەن توانایەکی شیعریی زۆرو عاتیفەیەکی گەرمو هەستێکی ناسک و خەیالێکی بەر بلاو، سەرنجدانیکی ووردە ،شاعیری بیری تیژو وێنەی وەسفی رەنگاورەنگە.. بۆیە شیعرەکانی سازگارو رەوانن و پەرەی دل دەبزوینن...

سەید کامیل ، وەک هەر شاعیریکی دیکەی سەردەمی خوی ،شیعری بۆ زۆر لە مەبەستەکانیشیعری کلاسیکی گوتووە ، لە بابەتیشیعری ئاینی، نیشتمانی، غەزەل ،وەسف شین ولاواندنەوە... ئەگەرچی شیعرە ئاینیەکانی ،بەشیکی زۆری دیوانەکەی پێک دینن بەلام دەسەلاتوتوانستی شاعیری لەشیعرە غەزەل ووەسفەکانیدا دەردەکەویٚ...

ئەگەر زۆر شاعیر، هەرلەشیعردا شۆرشگێر بن ، سەید کامیل ،هەموو ژیانی هەر شورشگێری و بەربەرەکانێی زولم وستەم بووە . زۆربەتوندی بەواقیعی ژیانی گەلەکەیەوە بەستراوەتەوەو لێی دانەبراوە .. لەسەنگەری پارێزگاری کردن لەمافەرەواکانی گەلەکەیدا وەستاوەو بەدەنگ پێداویستیە شۆرشگێریەکانی سەردەمەکەیەوە چووە... کە کۆمەڵەی " ژ. ک " دروست بوو، سەید کامیل ، لەرێکخستوەسەرەتاییەکانیدا، دەورێکی چالاکانەی هەبوو.. کەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشدامەزرا ، سەید کامیل ئەندامێکی کاراو پێشکەوتووی حزب بوو.. لەحکومەتی کوماری میللی مهابادیشدا ، فەرماندەی هێزی بانەو، دوای ئەوەشلێپرسراوی رێکخستنەکانی حزب بوو لەناوچەی بوکانەوە تادەگاتە ناوچەی گەورکان ... کاتێکیشکۆماری مەهاباد لەبەین برا ، خرایە زیندانەوەو دووسالٚ ئازاروئەشکەنجەی ناو زیندانی چەشت ... ئەوماوە خەباتە ئەگەر بووبێتە هۆی دەولەمەند کردنی هەندێ لەسیاسەتکەلک وەرگرتوان ،ئەمی بەرەو نەبوونی ولەدەستدانی ئەوەشبردوە کەپێشترهەیبووە. هەروەک خۆشی لەم بارەیەوە دەلی " ئیترمالم بۆخرنەکراوەو قسەی خۆمان بێ پێشم خۆشنەبوو، وەخری کەم، بەشی ئەو شیوەم ببوایە بو سبەینێ دەمگوت : خوداگەورەیەو ئێستەشهەروام ."دوای ئەوەش، هەمیشە وەکشاعیرێکی مولتەزیم بەمەسەلەی رەوای گەلەکەیەوە، ژیاوەو هیچ کاتێک ملی بۆ زولم وستەم نەداوەو لەئاستیدا بێدەنگ نەبووە، هەروا هیچ وەختێکیش ، شوێن وپایەی ئاینی و کۆمەلایەتی و ئەدەبی خۆی نەکردۆتە بەردەبازی پەرینەوە بەرەو بەرژەوەندی شەخسی خۆی .. تەنانەتلەکۆتاییەکانی ژیانیشیدا ، هەلوێستی دلسوزانە و نیشتمان پەروەرانەی تووشی چەرمەسەری و هێنان و بردن و لێپرسینەوەی دەسەلاتدارانی کردوە ...

بەکورتی ، سەید کامیل هەمیشە شاعیربوو، چ وەکشەخسیەتێکی شۆرشگێرو نیشتمان پەروەرو، چ وەکشەخیسەتێکی ئایینی وکۆمەلایەتیش ... بەواتایەکیدیکەهەمیشەهەلوێستی شیعریی ، ئاوێتەی هەلویستی ژیانیی بووەو لێکدی جودانەبوونەتەوە ..

سەید کامیل ، تالەژیاندابوو دیوانێکی بەچاپ گەیاندوە بەناوی " دیوانی ئاوات " کەبەشێکی زۆری شیعرەکانی گرتۆتە خۆ، لەگەڵ بەشیک لەشیعرە فارسیەکانی ،.. جگە لەمەش وەک خۆی لە پێشەکی ئەو دیوانەدا ووتوویە بەشێکی شیعرەکانی بە هۆی لەبەر عەرز خستن وشاردنەوەو کوناوکون لە بەین چون ".. تا سالەکانی دوایی تەمەنیشی دەستی لە شیعرنووسین هەلنەگرتووە... کە پاش شەش مانگی رەبەق لەبەربەرەکانێی سەخت و تووندوتیژ لە گەڵ مەرگـــدا ولە ١٣٦٨/٦/٥ای هەتاوی دڵی ناسک و گەورەی لە لێدان کەوت . کومەلی شیعری بلاو نەکراوەی لە دوای خۆی بۆ بەجێ هێشتین،کە زیاتریان شیعری نیشتمانین وهی سالّەکانی دوایی تەمەنی پر بەرهەمێ.. ئێمەش لێرەدا ، بە یادی ئەم شاعیرە هیژایەمان ، پارچەیەک لەو شیعرە جـوانانـەی ، بو خوینەرانیبەریزمان بلاو دەکەینەوە .

## خەمێکی دی

وەکو بیستم خەمت خواردم ئەویش بو من خەمێکی دی
دڵت بۆ ماتەمم سوتا ، ئەویشم ماتەمیکی دی
دەمێ نەمدی لە دنیادا هاودەمێ غەیری خەم ودەردم
لە کوێ پەیدا بکەم یارە ببی ئاخر هەمدەمیکی دی
بە داخ ودەردی توّوە شەرتە ئەی بالا بەرز بمرم
دەبێ ئەو حەسرەتەی خۆم من بەرم بۆ عالەمێکی دی
بە زوڵفی خەم بە خەم دونیات وەکو چێوی خمی لێکرد
کەچی بۆ گەردنی ئەمنت درێغ فەرموو خەمیکی دی
" ئیمامی " تکوشت بە تیری غەمزە گەرچی چاوتە چارەی
تەماشای گەر بفەرمووی نایەوێ قەت مەلحەمێکی دی

*　　*　　*

گەردیگلان
١٣٢٠ ی هەتاوی
١٩٤١ای زاینی



# مامۆستا محەمەد رەسولی شیرازی

نوسەری کوردستان

سەقز، وەک یەک لەبنکە رۆشنبیریەکانی کوردستان ، لانکەی پەروەردەکــــــــردن و پێگەیاندنی چەندین نووسەرو شاعیروخەڵکی لێهاتوو هەڵکەوتووە ... کەدیــارە مامۆستا شیرازی یەک لەو پیاوە رۆشنبیرو هەڵکەوتوانەیە ..

شیرازی ، لەساڵی ١٣١٤ ی هەتاوی " ١٩٣٥ ی زایین " لەسەقز هاتۆتە دنیاوە..پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەسەقز خوێندوەو بۆتەواوکردنی چۆتە تاران .. لەساڵــی ١٩٦١یش ، لەدانشگای تەورێز، لەبەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیـــزی ، لیسانسی وەرگرتووە ... دوایی هاتۆتەوە سەقزوبۆتە ماموستای زمانی ئینگلیزی ئامادەیی سەقز ...

ماموستا شیرازی ئەگەرچی ، بەوچەشنە تێکەلاوی سیاسەت نەبوو، بەلام وەک مرۆڤێکــی کوردپەروەر زوربەتوندی دژی سیاسەتە رەگەزپەرستیەکانی شا دەوەستا،.. هەرلەسەر ئەو هەست وهەلوێستەشی بوو کە ماوەی چەند ساڵێک بۆشاری " بیرجەند " ی مەشهــەدیان دوور ختەوە ...

ماموستا شیرازی لەگەڵ ئەوەدا کەئینگلیزی زانێکی چاک بوو، شارەزاییەکی زۆریشــی لەزمان و کەلەپورو کەلتورو مێژووی گەلەکەی خۆیداهەبوو .. هەروا پەیوەندیەکـــــی توندیشی لەگەڵ شیعری شاعیرانی وەک سەعدی وحافظ و مەولەوی و.. نالی ومەحوی هەبوو. شیعرێکی یەکجار زۆری زۆرشاعیرانی کلاسیکی لەبەربوو .. ئەگەرچی خۆی شاعیربوو، بەلام

ئەوەندەی لەزەتی لەخوێندنەوەو لەبەرکردنی شیعر وەردەگرت ، ئەوەندەی خۆشـــی لە نووسینی شیعری خۆی نەدەهات .. هەربۆیەش زۆرکەم شیعری دەنووسی ، ئەوەشی نوسیبووی لەساڵەکانی دوایی تەمەنیا ، کەوتە ناویان و هەموو ئەو شیعرانەی دراندن کەلەگـــەڵ بیروباوەرو فەلسەفەی ئێستایدا نەدەگونجان ، کەپێدەچێ زۆرتریش شیعرەباشەکانـــی بووبن ... ئێستا لەتێکرای شیعرەکانی تەنها ژمارەیەکی کەمی ماون و ئەوانیشی ئامادەی چاپن ..

ماموستا شیرازی ، لەگەڵ ئەوەشدا ، رۆشنبیرێکی گەورەبوو، شارەزاییەکی زۆریشـــی لەجوگرافیای وولاتەکەی ومێژووی نەتەوەکەیدا هەبوو، بەئەندازەیەکی واکەدەیتوانی چەندین باس و لێکۆڵینەوەی بەپێزی هەمەجور لەوبوارانەدا بەرهەم بێنێ .. لەگەڵ ئەوەشـــدا ئینگلیزی زانیکی زۆرباش بوو، دەیتوانی دەیان بەرهەمی بەنرخ و بایەخداری بێگانـــە، لەزمانی ئینگلیزیەوە بکاتە کوردی و بەپێچەوانەشەوە .. بەلام بەداخەوە،.. لەگەڵ ئەو هەموو توانایەیدا جگە لەوەرگێرانی کتێبی " بنیادجهان " لە ئینگلیزی بۆ فارسی ، بەرهەمی دیکەی پێشکەش نەکردین ، تاکتێبخانەی کوردیمان ، بەهۆی چالاکـــی و دەست رەنگینی ماموستای هێژامانەوە دەوڵەمەندتربێ ..

بەداخ وکەسەری زۆریشەوە ، مەرگ مۆڵەتی زیاتری نەداو ئەوەبوو لـــە رۆژی ١٠ ی ئەیلولی ئەمساڵدا ، دواماڵ ئاوایی لێ کردین ..

ئێمەش لێرەدا بۆیادی ئەو خۆشەویستەمان ، پارچە غەزەلێکی " حافظ "بلاودەکەینەوە کەزستانی پار، ماموستا شیرازی کردبوویە کوردی ..

## ترجمەی غەزەلی هەوەلی حافظ

ئەهای مەی گێڕ ! پیاڵەی مەی بگێڕێنەو بنۆشێنە
ئەوین ساکار دیاری دا کەچی تەنگ وچەڵەم هێنە
بەهیوای ناوکە ئاهوشەماڵ لەوبسکە بیکا تۆ
لەپێچانی گرێ پەلکەی دڵانی زۆرە پڕخوێنە
لەهاوینەهەواری تۆ کوا ماندو دەحەسێتۆ
کەزەنگی کاروان هاوارئەکا ، باروبنەت بێنە
شەوەزەنگ و خوڕەوترسی شەپۆل و گۆمی تاسێنەر
کوا کۆڵ سوکەکانی ئەو بەرۆئاگان لەئەم شوێنە
بەمەی بەرماڵ بنەخشێنە بەوەی پیری موغان بێژێ
کەڕێبوار تێئەگا کام ڕێگەراست و چەوت ولا،ێنە
هەمو کارم لەخۆڕایی بەریسوایی گەیی دوایی
چلۆن ئەی شاریۆ واتەی نهێنیت کەوتەزارێنە
ئەگەر دیتن تەوێ " حافظ " دڵت بێ یادی ئەومەگرە
کەدیتت ئەو کەسەی بەردڵتە ، دنیا دابمرکێنە .

زمستان ٦٧
محەمەد رەسولی شیرازی



# پرسەنامە

خاتوو یلینا زاخاروف / ی بەرێز : . " زاخاروف "

بەداخ وکەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی زانای بەناوبانگ و خواستاری مافەکانی مرۆڤ، هێژا زاخاروف / ی مەزنمان بیست کەویڕای ئەوەی زانایەکی بەناوبانگی جیهان بوو، دۆست وپشتیوانێکی راستەقینەوکا ریگەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەشمان بوو چاکترین بەڵگەش هەڵوێستی جوامێرانەی ئەوبوو لەریسواکردنی رژێمی عیراقی لەبەکارهێنانی چەکی رەشەکوژی کیمیاوی دژی گەلی کوردمان وپەرۆشیی بۆگەیاندنی کێشەی کورد بۆئاستێکی جیهانیی و باس کردنی لەسەرئاستی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان .


لەکاتێکدا هاوبەشی پرسەوماتەمی ئەوکۆستە گەورەیەتانین و بەزیانێکی گەورەشی دەزانین کەلەبزوتنەوەی گەلەکەمان کەوتولەهەمان کاتیشدا پێمان وایە ئێوەهەم وەک هاوسەرێکی دڵسوزی زانای نەمرمان وهەم وەک خواستارێکی مافی مرۆڤ و هەمیش وەک دوستێکی دێرینەوراستەقینەی گەلەکەمان درێژە بەوخەباتەپیرۆزەتان دەدەن ، بەتایبەتیش کەزۆر لە نزیکەوە ئاشنای کێشەکەمانن وبۆماوەیەکی درێژیش لەکوردستان وەک پزیشکێک خزمەتی مرۆییتان کردوە. بەشداربونیشتان لەکۆنگرەی ( پێناسەی کوردومافە رۆشنبیریەکانی ) کەلەپاریس بەسترا نیشایەکی گەشی پاراستنی ئەو دۆستایەتیەتانە .

جارێکی دیش پرسەوسەرەخۆشی نووسەرانی کوردستانتان پێ رادەگەیەنین.

هەرسەوکەوتوبن

یەکێتی نوسەرانی کوردستان

١٩٨٩/١٢/٢٠




207

# لێرەولەوێ

نووسەری کوردستان

لەم ماوەیەو لە یەک کاتیش دا دوو رۆژنامەی تازەی کوردی سەریان هەڵداو هاتنە ریزی رۆژنامەو گۆقارە کوردیەکانی دی کەلەکوردستانی عێراق دا دەردەچن ..بەر لەوەی تیشک بخەینە سەر چۆنیەتی بەریوەبردن ودەرچوونی رۆژنامەکان .یەک دوو قسە بکەین : هەندێ نووسەر هەن ئەگەرچی بەهرەی نووسینیشیان تێدا بە دی دەکرێ ، بەلام بە هۆی هەلویێستی سیاسی وخلیسکانیان بۆ باوەشی دوژمن نەک ژیانیان بەڵکو مەرگیشیان ناچێتە ناو جغزو سنووری نەمری وکونج وقوژبنێک بۆ یاد کردنەوەی خۆیان لە دڵی گەلەکەیاندا داگیر ناکەن ..هەن ،بە دەستی رژێمی داگیرکەریش دەکوژرێن ،کەچی رابردووی رەشی خۆیان دەبێ بە کوسپ لە رێگای ناونانی بە شەهید .. بۆیی چاکتر وایە نووسەرانی کورد تاکە سەنگەریان دڵی جەماوەر بێت وهەمیشە لەبەر تیشکی چرای خۆشەویستیی ئەوان دا پێنووس بگرنە دەست .ئەم پێشەکیە کورتە رەنگە بۆ ئەوە بشێ سەر نووسەر و خاوەن ئیمتیازی هەردوو روژنامەکەی " ئاسۆ" و" بزاف " ی یان پێ پێناسە بکرێ. هەر لەم روانگەیەشەوە پێمان وایە ئەم دوو رۆژنامەیەش دەچنە خانەی جاشێتی وجگە لە خزمەت گەیاندن بە قازانج و بەرژەوەندی داگیرکەر هیچ زیادەیەک ناخەنە سەر رەوتی پێشخستنی ئەدەبی کوردی وقۆناخی ئێستای باری ئالۆزی کورد. ئەویش بە لەبەر چاو گرتنی ئەم راستیانەی خوارەوە :

١) ئەمرۆ لە کوردستانی عیراق دا هیچ گوڤارو رۆژنامەیەک ،بەهەر زمانێکەوە بێت دەرناچێت ئەگەر مۆرک وجێ پەنجەی رژێمی داگیرکەری بەعسی پێوەنەبێت ، یالەقازانجی ئامانجو مەبەستەکانی ئەوان نەنووسێت ،چونکە لە هەر وولاتێکدا کە سەربەستی و دیموکراتیەت سەریان برا مافی گەلانیش زیندە بەچاڵ دەکرێ .

٢ ) دەرچوونی زیاتر لە (١٧) گۆڤارو رۆژنامە بە زمانی کوردی ،خۆی لە خۆیدا نیشانەی پرسیاری دەوێ ،بە تایبەتیشکە ئەم ژمارەیە سێ چوار ئەوەندەی گۆڤارو رۆژنامە عەرەبیەکان بێت ئەگەربەحیسابی رێژەی دانیشتوان بێت .ئەم هەموو ئیمتیازاتانە بە رواڵەت خراونەتە بەر دەستی کورد ،کەچی لە راستیدا بۆ داپۆشینی تاوانە رەشەکانی داگیرکەرانەیانە کە دەرهەق بە کورد کردوویانە ودەیکەن ،لەلایەک ، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ بلاو کردنەوەو گەیاندنی بیری تەسکی شوڤینیەت ونیازی گلاوی خۆیانە . سوتاندنی دارو پەردووی کوردستان ،روخاندنی مزگەوت وکلێسا و قوتابخانە ، راگوازتنی خەڵکی بێ چارەی کورد بە زەبری سەرە رم وکوشت وبری کیمیاوی ،ئاوارەو دەربەدەر کردن ..نەک بە هەردوو رۆژنامەی ئاسۆ و بزاف داناپۆشرێ وناشاردرێتەوە بەڵکو زیاتر دەبنە مایەی پەردە هەڵماڵین لە رووی جاشێتی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانیان ،جگە لە زیاد کردنی چەند ئەڵقە لە گوێەکی دیکەش هیچی تریان پێ نیە دەرچوونی بزاف بە شێوە زمانی کرمانجی سەروو خۆی لە خۆیدا نیشانەی نیاز گلاوی بەعسە ،چونکە تا ئیستا زمانی کوردی لێک هاوێر نەکراوەو هەموو شێوە زمانەکان لە یەک گۆڤارو رۆژنامەدا جێگایان بۆتەوە .بۆیی ئێمە پێمان وایە دەرچوونی بزاف زیاتر بۆ دروست کردنی دیواری ناکۆکیە لە نێوان نەتەوەی کورد نەک خزمەت کردنی ،هەروەها بۆ لەبار بردنی ئەو تەقەللایانەیە کە تا ئێستا بە ئاقاری دروست کردنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوودا دراون .لە بەر ئەوە ئێمە ئەودەستانە بە ناپاک دەزانین کە لە پشت دەرچوونی ئەم رۆژنامانەوەن .

ئەگەرچیش زۆربەی نووسەرانیان دەمێکە بەدژایەتی کردنی نەتەوەی کوردو بزوتنەوە رزگاریخوازانەکەی ناسراون ، ئێمە پێمان وایە دەرچوونی ئەم دوو روژنامەیە نیشانەیەکی دیکەیە بۆ بێ توانایی بەعس لە کوردستاندا ،چونکە بەم هەموو رۆژنامە و گوڤارانەی هەبوون نەیانتوانی بیری شوڤینیانەی خۆیان بگەیەننە ناو خەڵک ودەیانەوێ بە رۆژنامەی تر خۆیان تاقی بکەنەوە ،بەلام دیارە کە نەتەوەیەکی قاڵبووی ناو زەبروزەنگی دیکتاتوریانەی بەعس ودووکەڵی کیمیاوی هەر هەمان هەڵوێستی بەرەنگاری جارانی هەیە و رۆژانیش رۆژیان لە دوایە ..!

# کۆمەڵەی فریاکەوتنو چەند سەرنجێک ...!

بەنیوەی دووەمی ئەمساڵ دا " ١٩٨٩ " رێکخراوی "کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان" دامەزرا . بێگومان لەهەلومەرجی ئێستادا کەژمارەیەکی زۆری کورد دەربەدەروئاوارەن بوونی رێکخراوێکی واکەلێنێکی گەورەپردەکاتەوە . جگە لەوەی کەسەنگەرێکی نوێی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەریشە .. ئێمە وەک یەکێتی نووسەرانی کوردستان لەکاتێکدا پێشوازی لەم هاوسەنگەرە تازەیەمان دەکەین ئەم چەندسەرنجەشیان دەرهەق دەردەبرین:

١ ـ بەگوێرەی پەیرەوپرۆگرامەکە " کەدەبووپرۆژەبوایە" ئەم رێکخراوە لەسەر چوار ئەستوندەی بنچینەیی راوەستاوە کەئەمانەن : تەندروستی ، کومەلایەتی ، پەروەردەیی ، فەرهەنگی وهونەری . کەچی لەلیژنە تەحزیریەکەدا تەنیا سیمای تەندروستی و سیاسی دەکەوێتە بەرچاو وهیچ هەوالێک لەمامۆستاو هونەرمەندونووسەران نیە کەرێکخراوی تایبەت بەخۆیان هەیەو دەبووپرسو راگۆرینەوەپێشتر لەگەڵ ئەوان دا بکرابایە .

٢ ـ " سەربەخۆیی " ریکخراوەکە نەپاریزراوە، چونکە لیژنەتەحزیریەپێنجکەسیەکە لەسەر بنچینەی پێنج هێزە کوردیەکەی ناوبەرەی کوردستانی داندراون . ئەمەش پەر بەپیستی رێکخراوەکە نیە

٣ ـ بەرای ئێمە ـ کۆمەڵەی فریاکەوتنی کورد ـ پترلەگەڵ ئامانج و کارەکانی ئەم رێکخراوە دەگونجێ نەک ـ کوردستان ـ چونکە کۆمەک و یارمەتی و باروبوو کردن بۆ نەتەوەیە نەک بۆخاک .

لەکوتاییدا جێ بەجێ کردن و راپەراندنی ئەو ئەرک وئامانجانە بەهاریکاری هەموو لایەنەکانی خاوەن پسپوریێتی وشارەزایی نەبێت سیمای مرۆڤایەتی وسەربەخۆیی لەدەست دەدات و جگەلەخزمەتکردنی چەند کەسانێک سودێکی دیکەی نابێت .

# مافپەروەران
# یان..!

هەر لەیەکەمین روژی چاو هەڵێنانی یەکێتییەکەمان ، یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە ناو سەنگەری داکۆکی وبەرەنگاریدا ، بەئەندازەی سەنگەری ماڵەکەی خۆمان سەنگەرەکانی دەورو بەرمان خۆشویستوە ،هەر لەم روانگەیەشەوە بوو دوای (٩) ساڵ خەبات وقوربانی دان وژیانی کولەمەرگی بە پێخوشحاڵیەکی لە رادە بەدەرەوە پێشوازیمان لە سەنگەرە تازە لێدراوەکەی مافپەروەرانی کوردستان کرد وسەرەرای پیانگ نەهێشتنی یەکێتییەکەشمان بۆ کونگرەی دەمەزراندنیان . بروسکەی پیرۆزباییمان بۆ لێدان . باوەریشمان وایە لەمقۆناغە ناسکەدا نەتەوەی کورد پێویستی بە هەموو چین وتوێژەکانی هەیە بۆ ئەوەی لە خەباتی رزگاریخوازانەیدا پێکەوە دەستبار بگرن .هاتنە مەیدانی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستانیش شانی رێکخراوە پیشەییەکانی دیکەنموونەیەکی زیندووی ئەم هاوخەباتی وهاوسەنگەریەن ،بەلام بە داخەوە،یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان ،لە (بەیاننامەکەیاندا )بەم چاوە تەماشای دەورو بەری خۆی ناکات وهەر لە یەکەمین رۆژانی ژیانیەوە تەرازووەکەی خۆی بەلاسەنگی بە خەڵک ناساند ... چونکە نە دەبوو خۆیان بە یەکەمین رێکخراوی پیشەیی و(سەربەخۆ) ...! ی دروست بووی ناو شۆرش بزانن .. لە کاتێکدا کە نەک چاوساخەکان ،بەڵکو کوێرەکانیش دەزانن بەر لەوان ،رێکخراوی دی لە سەنگەردا بوونی خۆیان سەلماندووە ..کە یەکێتیەکەمان ،یەکێک بووە لەو رێکخراوە پیشەیە سەر بەخۆیانەی نۆ ساڵی رەبەقە ئەم شەرەفەی لە میللەتەوە پێ دراوە .. بلاوکراوەو بەرهەمەکانیشی چاکترین گەواهیدەرن لە (دادگا )..! هەر رێکخراوێکی دیکەش ئەم بیرو بۆچوونانەی هەبا ، ئاسایی تر بوو لەوەی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان ،کەخۆی لە پێناوی بەر جەستە کردن وسەقامگیر کردنی راستی ودادوەریدا چاوی هەڵێناوە .زۆریشمان پێ ئەستەمە لە سەرەتای ژیانیدا هەنگاو بە سەر مافی هاوسەنگەرەکانیدا بنێ وراستییەکان بشێوێنێ.

---

**لەپاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاهوهەناسەی گەرم**
**کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ من بەرقی تێ دەگرم**

" مەحوی "

# ئازاری میللەت خوێن بە هیلی هونەرمەندان دەبەخشێت




# سێ پێشانگای هونەری تەشکیلی لە شاری _ سەقز _







# پیشانگای هونەرمەند ڕەمزی قطب الدین

## ڕۆژی ٨/٥/١٩٨٩

پێشانگای تایبەتی هونەرمەند ڕەمزی قطب الدین کرایەوە لە شاری سەقز کە "٢٥" تابلوی زەیتی و پاستیل وهیلکاری وئاوی تیاپیشان دابوو جگەلەهەندیک هیلکاری و ئاوی نەبی میژوویان بەرلە چەند سالیک لەمەوبەرە کارەکانی دی تاقیکردنەوەی ئەمدوو سالەی دوایی هونەرمەندە

ڕەمزی وەک هونەرمەندێک خاوەن تەجرەبە لە پشت تاقیکردنەوەیەکی قوڵەوە هیڵەکان دەکێشێت و ڕەنگەکانی دادەنێت کاتێکیش کە سەیری تابلۆکان دەکەین لە ناوەندی کۆمەڵە ڕەنگیکی‌ها وئاهەنگ‌دا خۆمان دەبینینەوە کە ڕەنگەکان ئاشنان بە ڕوحیتی ژینگەی کوردەواری کە بە شێوەیەکی زیرەکانە موفرەدەی تەشکیلە فولکلوریەکان دەئاخنێتە پشتێنەی ڕەنگەکانەوە کەئەمە بو خوی تایبەتمەندیەکی کارەکانی هونەرمەندە .

ڕەمزی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خاوەن تایبەتی خۆیەتی‌و توانیویتی بە شێوەیەکی ئاشکرا سیمای تایبەتی بونیگارەکانی بخولقین وگەرلە هەر دوریانیکدا بە دیان بکەین بی سێو دوو بیاناسینەوەو بلیین ئەوە کەسەکانی مەملەکەتی ڕەمزین . ئەمەش یەکیکەلەومەرجانەی کەهونەرمەندلەهونەرمەندی دی جیادەکاتەوە بی گومان ئەم تایبەتمەندیەجگەلەبەهرەی داهینانی‌هونەرمەند دەگەریتەوەبوئەودلسوزی و قوربانیدانەی هونەرمەند بو کارەکانی ئەویش‌لەو ( ١٢ ) پیشانگا هاوبەشانەدا دەبینرێت‌کە بۆ ماوەی ( ١١ ) ساڵ دەچیت‌کەهەمیشە لە خزمەتی هونەری تەشکیلی کوردیدا بون . چ لە گەلەریەکانی ناو عیراق‌و ئیران‌و ئیتالیا و فرنسا چلەنا و قوتابخانەو هەیوانی مزگەوتی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستاندا .

گەر بێت و بتوانێت ناوی چەندانیک‌لەو هونەرمەندانەی کەلە بواری کاری گرافیک دا جی پەنجەیان دیارە لە هونەری تەشکیلی کوردیدا ئەوە بێ سێو دوو ڕەمزی یەکیک دەبێت‌لە دیارترینی‌ئەو هونەرمەندانە.

ئەم پێشاگایەشکە تاقیکردنەوەی چەندین ساڵ هونەرمەندی تیا خەست بووتەوە دەتوانین نیگەرەکان بە شێوەیەکی تۆکمەترو رەنگەکان بەهاوسەنگترو بینای ئیشەکان داریژاوتر ببینین کە هەمووی ئاویتە دەبێت لەگەڵ ئازاری گەورەی ولاتونەتەوەکەماندا.

رەمزی بابەتەکانی لەناو ژینگەی ئازارەکانی خۆیەوە دینێتە بوون کە ژیانی خۆشی بەشیکە لە ژیانی خوشیو ناخوشی میللەتەکەی . یان دەتوانین بلیین لە پەنجەرەی ئازارەکانی خۆیەوە ئازارەکانی دی دەبینێت نەک لە پەنجەرەو دیدەگای خەڵکەوەئەمەش یەکێکەلەوخاڵانەی کەکەسایەتیەکی گەورەبۆفیگەرەکان دروست دەکات .

بابەتەکانی ئەم پیشانگایە پانوراما ی ژیانی پرکارەساتی ئەمرۆیکوردبون لەئازارەکانی هەڵەبجەوە بۆ دۆڵی جافەتی و هەڵەدنو سەرگەلو . کۆچو ماڵ ئاوایی و دواکارەسات هونەرمەند بە رێبازی تەعبیری جاجارێک سیمای سوریالیانە تابلۆکانی ئەنجام ئەدات. کە یەکێک لە تایبەتمەندێتی ئەم رێبازە ئەوەیە کە هونەرمەند بۆ دەرختنی حاڵەتە دەرونیەکان پەنا دەباتە بەر موبالەغە کردن بەرەنگ و هێڵ و فۆرم .





# پێشانگای هونەرمەند ئەردەلان

## رۆژی ٢٦/٩-١/١٠/١٩٨٩


پێشانگای یەکەمی هونەرمەند ئەردەلان لە شاری سەقز کرایەوە بۆ ماوەی هەفتەیەک کە ٣٢ تابلۆی تێدا پێشان درابوو ، جگە لەدو تابلۆ کە بە قەلەم رەنگ ئەنجام درابوون سەرپاکی کارەکان بە رەنگی زەیتی نەخشێندرابوون لەگەڵ بەکارهێنانی کەرەستەی هەمەجۆری وەک قوماش و ئاوێنەو قۆپچەو کاغەزو ئەشیعەو سپرای کەلە سێ تابلۆی کۆلاجدا بەکاهاتبوون .

ئەوەی شایەنی باسە لە چەقی پێشانگاکەدا لەلایەن هونەرمەندان ( ئاراس ئیبراهیم و سۆران جلال ) بەکەمانجەو بە پیانۆ ئاوازە کوردیەکانیان لێدەدا کە نزیکن لە کەش و هەوای تابلوکانەوە . واتە ئەم جارە مۆسیقا بە زیندویی هاتە ناو پێشانگاوەو توانی پەیوەندیەکی زیندو لەگەڵ رەنگ و هێڵدا دروست بکات هەرچەندە ئەم تاقیکردنەوەیە تاقیکردنەوەیەکی نوێ نیە بەلام بۆ شارێکی وەک سەقز یەکەم تاقیکردەوە بوو. ئەمەش یەکێک بو لە سەروەری ئەم پێشنگایە ..

هەرچەندە هونەرمەند لەپشت تاقیکردنەوەی زیاد لە (١٤) ساڵەوە کار دەکات بەلام تاقیکردنەوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامی نەبووە ، ئەمیش سەبارەت بەسەقامگیرنەبونی هونەرمەندو ژیانی پێشمەرگایەتی کە مۆڵەتی کارکردنی بەو شێوە قولە نەبووە کە ئەو تەمەنە بوی ببێتە تەمەنی تاقیکردنەوەیەکی خەستی هونەری ، هەرچەندە گەر تەماشای تابلۆکانی ئەم پیشانگایە بکەین بەرامبەر هەر کامیان بوەستێت هەست بەهاوسەنگی رەنگ و قوەتی هیل و زیرەکی بینای کارەکان دەکەین کەئەمە خۆی بوخۆی مایەی سەرکەوتنی هونەرمەندە . بەلام گەر کەسێک ئاشنای کارەکانی هونەرمەند نەبێت بەئاسانی ناتوانێت قەرار لەسەر ئەوە بدات کە تابلۆکان سیمای تایبەتی هونەرمەندێکی پێوە دیارە . کەئەمیش دەلالەتێکە بۆ سۆراخ کردنی هونەرمەند بۆ سەقامگیربون لەسەر ئەو جیهانە تایبەتیەی بە شوێنیدا دەگەرێت ، ئەوەی شایانی باسە تابلۆکانی ئەم پێشانگایە تاقیکردنەوەی ساڵ و نیوێکی ئەم دواییەی هونەرمەندە .

هونەرمەند لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا توانیویێتی زیرەکانە مامەڵە لەگەل رەنگ وهێڵەکاندا بکات و فیگەرەکان لە گۆشەنیگای بابەتیەوە بینە قسە لەگەل بینەردا بدوێن و تیریژێک بخەنە سەر لایەنە تاریکەکانی ژیان. ئەرکی هونەر ئەوە نیەواقیع چی بو ئەوە وینە بگریت بەلکو ئەرکی هونەر ئەوەیە ئەو لایەنانەی لە واقیعدا هەن و شاراوەن یان کەمتر رونن هونەرمەند بە بەرگێکی جوانکاریەوە بیخاتە رو تا بینەر هەست بە قولێی و کاریگەری لایەنە شاراوەکانی ژیان بکات و بە دیدێکی خەمڵیوتر تەرجەمەی بکات .

ئەوەی بە ئاشکرا لە پیشانگاکەدا دەبینرا هونەرمەند خوی دەرباز کردبو لەدوبارە کردنەوەی بابەتە سواوەکان بەلکو بابەتەکانی بەشیوەیەکی کە پێشان دەدا وەک بەکارهینانی داری شەهید ، خاکی شەهید ، ئاساری شەهید ، حەقیقەت و .... چەندین تابلۆی دی . هەرچەندە بابەتەکان لای هونەرمەندانی کورد هەمیشە هەر هەمان بابەتن بەلام زیرەکی بەکارهێنانی هو نەرمەندان ئەوە دەستنیشان دەکات کە هەر یەکە بە چ دیدێک بابەتەکان دەبینێت و لەکام چوارچیوەی هونەریدا جێگایان بۆ دەکاتەوە .





# ڕێبوار سەعیدو

## پۆستەری شیعری کوردی

## ڕۆژی ٤-١٠/١٠/١٩٨٩

یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان . کۆمیتەی شاخ پێشانگای پۆستەری شیعری کوردی هونەرمەند ( ڕێبوار سعید )ی ڕێکخستبوو کەلە لایەن شاعیری ناسراوی کورد مامۆستا ( هەردی )یەوە کرایەوە .

پاش ئەوەی سەردانی پێشانگاکەمان کردو چەپکێک گولی پیرۆزبایمان بە ناوی یەکێتی نوسەرانی کوردستانەوە دانا پێشانگاکەمان بەم جۆرە بینی .

ئەوەی شایەنی باسە تابلۆ شیعریەکان بریتی بون لە ٣٢ پارچە شیعری کوردی و ٣٣ پارچە تابلۆ کە بە ڕەنگی ئاوی ، ڕۆترینگ ، ڕەنگ پۆستەری ، سپرای ، کۆلاج .ئەنجام درابون وەکارەکان مێژوی چوار ساڵ تاقی کردنەوەی هونەرمەندی گرتبووە خۆی کە سەرپاکی کارەکان سەر بە ڕێبازی تەعبیری بوون .

.


ئەوەی شایەنی باسە خەتی شیعرەکان لەلای هونەرمەندەوە نوسرابون کەبە شێوازی خەتی ئازاد نوسرابو بەتەشکیلەیەک کەلەگەڵ کارە تەشکیلیەکاندا هاوئاهەنگیەک دروست بکات و هەست بەیەک پارچەیی شیعرو خەت و تابلۆکان بکرێت .

هەڵبژاردنی شیعرەکانیش لە شادێری شاعیرە کلاسیکیەکانەوە تا شاعیرەهاوچەرخەکانی ئەمرۆبون کەهەریەک پارچەیەک یان کوپلەیەلەشیعرەکانیان وەرگیرابوون وەک نالی. حاجی قادر . گۆران . هێمن . قانع . هەژار . هەردی . مەولەوی . کامەران موکری . شێرکو بێکەس . پەشێو . ڕەفیق سابیر . ئەنوەر قادر . موئید طیب . نجیبە احمد . حمە سعید حسن . حمەی حمە باقی . جەوهەر کرمانج . هەڤال کویستانی . لەتیف هەڵمەت . ژیلا... هتد ...

ئەم پێشانگایە بە پێچەوانەی پێشانگای یەکەمی هونەرمەندەوە بو کە تابلوکانی لەسەر شیعرەکان دروست کردبوو کە لەسالی ١٩٨٣ لە هەولیر پیشانیدا بوو .

لەم پیشانگایەدا بەپێچەوانەوە تابلۆکان پێش وەخت دروست کراون کە هەر یەک لە دایک بوی ژینگەو حالەتیکی دەرونی جیا و تایبەتە ، بەلام هونەرمەند هاتووە ئەوپارچە شیعرانەی وەرگرتووە کەلەگەڵ تابلۆکەدا دەبنە تانو پۆی یەک و لەناویەکدا دەتوانن بتوێنەوە . هەرچەندە لە هەندێک لە تابلۆکاندائەم توانەوەیان ئەو پەیوەندیە توندوتولە بەدی نەدەکرا بەلام لە زۆربەی تابلۆکاندا تاقیکردنەوەکە سەرکەوتو بوو ئەمەش ئەوەی دوبارە دەکردەوە کە ژیان و موعاناتی ئینسانی کورد لە چوارچێوەیەکدا دەسورێتەوە گەر سەردەمەکانیش بگۆڕێن ئیحساسەکان بەسەر ناچن. بە تایبەت کە زۆربەی زۆری شیعرەکان ئەو شیعرانە بوون کە ئازارو خەمی قورسی خاک و میللەتی کوردی گرتبووە خۆی .

لەلایەکی ترەوە ئەو پەیامەی هونەر زیندو دەبێتەوە کە وشەو هێڵ هەردوکیان زادەی بیری ئینسانن پێکەوە دەتوانن جوانترین پانوراما دروست بکەن .



# لێرەولەوێ

* روژی ۲۹ ی / تەموزی ئەمساڵ وبۆ چەند رۆژێک ، شانۆگەری "کوتری سپی" کەلەئامادە کردن ودەرهێنانی هونەرمەند " عەبدوللا " بوو ، لەسەر شانۆی هۆڵی " هنرستان"ی شاری سەقز، پێشکەش کرا . لەوشانۆگەریەدا ، کۆمەڵێ منداڵی ئاوارەی گەلەکەمان ، بەهاوکاری‌چەند هونەرمەندێک بەشداریان کردو ، ژمارەیەکی زۆریش لەخەڵکی ئاوارەو دانیشتووانی سەقز بۆبینینی هاتن .
* لەرۆژی ٦ ی / ئابدا ، کۆمەڵێک هونەرمەندی لاوی پێشمەرگە ، لەناوچەیەکی کوردستادا، کەهێشتا هەوای ئازادوپاکی ، بەکیمایی بۆگەن نەبووە ، پێشانگایەکی هونەرییان کردەوەو لەماوەی سێ رۆژدا ، سەدان پێشمەرگەی ئەوناوچەیەو شوێنی تریش سەردانی پێشانگاکەیان کرد کەبریتی بوولە، چەندوێنەیەکی‌فۆتۆگرافی قوربانیەکانی هەڵەبجە وژیانی‌ئاوارەیی‌ودەربەدەریی‌خەلکی کوردستانو، کۆمەلی تابلۆی تەشکیلی و، کاریکاتیر وخۆشنووسی و .. هتد
* لەروژانی ۱۸ تا۲۱ ی ئاب، " کۆری رۆشنبیری لاوانی کورد" بەهاوبەشی لەگەڵ " کۆمیتەی شاخ ـ ی یەکێتی‌ی هونەرمەندانی کوردستان " پێشانگایەکی هونەرییان لە شاری نەغەدەدا کردەوەو چەندین کاری هونەرییان خستە بەر چاوی بینەران ، کە تێکرا رەنگدانەوەی هاوارو ئێش وئازارەکانی گەلە ستەم دیدەکەمان بوون .
* لەرۆژانی ۱۹ ی تەموز تا ۱۰ی ئاب ، پێشانگایەکی جیهانی وێنەی فوتوگرافی، کە تایبەت بووبەمشتێ لەخەرواری دیمەنی پرئازارومەینەتی‌ی گەلانی دنیا ، لە موسکۆ بەریوەبراو ، لەوپێشانگایەدا ٦۲ وولات بەشداریان تێدا کردبوو ، ... ئازارو مەینەتیەکانی ئەم دواییەی گەلی کوردیش ، لەچوارچێوەی چوار تابلۆی دڵتەزێن و خەماویدا وەک سامناکترین دیمەنی مەینەتیەکانی دوای شەری دووەمی جیهانی ، بەشداری ئەوپێشانگایە جیهانیەیان کرد...
* لە ۱٤ ی تشرینی یەکەمدا ، لەشاری سەقز ، ئاهەنگێکی قەشەنگ بەبۆنەی دامەزراندنی " ئەنجومەنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لەسەقز " گێردرا ، ژمارەیەکی زۆرلە ئەدەب دۆستان ئامادەی ئاهەنگەکەبوون و کۆمەلێک شیعروپەخشان و ووتاریش بەوبۆنەیەوە پێشکەش کران .. هەروا ئەنجوومەن رایگەیاندکە بەرنامەیەکی تێروتەسەلی، بۆ گەشەپیدانی زمان و ئەدەبی کوردی لەبەرچاوگرتووە ، وێرای کردنەوەی کلاسی تایبەتی بۆفێرکردنی زمانی کوردی ....

ئێمە لەکاتێکا هیوای سەرکەوتن بۆئەو ئەنجوومەنە ساوایە دەخوازین ، ئومێدەوارین کەشاعیرونووسەرو رۆشنبیرانی شارەکانی دیکەش لەکوردستانی ئەم دیودا ، هەنگاوی لەوبابەتە هەڵێنن .

# پرۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نووسەرانی کوردستان

یەکیتیی نووسەرانی کوردستان

پێشەکی:

لەسەرتای ١٩٧٠دا و، لەکۆڕی خەباتی نەسرەوت و خوێنینی گەلەکەماندا، یەکێتیی نووسەرانی کورد، وەک پێویستیەکی بابەتیی ئەدەبی و نیشتمانی لەناودڵ و ویژدانی هەموو نووسەرانی کوردا، سەنگەری قایم و قوڵی خۆی لێدا. بەوەش چەکی هەموو قەڵەمە دڵسوزەکان، سەرەرای جیاوازی بیروباوەر، بوون بەیەک و، بەیەکەوە لەماوەی "١٠" ساڵ چالاکی و بەرهەم پێشکەش کردندا، خزمەتێکی لەبەر چاوی زمان و کەلەپوری گەلەکەمانیان کرد. ئەم "١٠" ساڵە بۆ دۆست و دوژمنی دەرخست کەرۆڵی یەکێتی، لەبەرامبەر زمان و ئەدەبی گەلەکەماندا، گرنگ و بایەخدارە. بۆیە رژێمی رەگەزپەرستچاوی پیا هەڵنەهات وکەوتە دانانی نەخشە و پیلانی گلاو، بۆدەستە مۆکردنی گیانی لەستەم یاخی وسەرکەشی یەکێتی. بەلام یەکێتی ئەسپێکی کێوی چەلاخ و رەسەن بوو، رەگەزپەرستان نەک هەر پێیان لغاونەکرا، بەلکونەیان توانی نسکۆشی پێ بەرن. تا دواجار، لەساڵی ١٩٨٠دا بەبریا رێکی رەسمی هەڵیان وەشاندەوە.

ئێمە ئەوکاتە کەدەستەیەک نووسەری پێشمەرگەبووین، بەئەرکی نیشتمانی و ئەدەبی خۆمان زانی کەبۆبەرپەرچدانەوەی ئەو بریارە شوڤینیەو، بۆدریژەدان بەخەباتی پرشکۆی یەکێتیی نووسەرانی کوردو، لەپێناوی خامۆش نەبوونی ئەو بڵێسە رۆشناییەو بۆپاراستنی زمان و ئەدەب و کەلەپوری گەلەکەمان، لەشێواندن و لەبەریەکترازاندن، یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دامەزرێنین، ئەوە بوو دوای پەیوەندی کردن بەژمارەیەکی زور لە نووسەرە دلسۆزەکانی گەلەکەمان، لە ئەنجامی راویژو گفتوگویەکی زوردا و دوای گەلالەبوون و خەملینی هەل و مەرجەکانی دامەزراندن،

یەکێتی نووسەرانی کوردستان، لەدایک بوو، بەوهیوایەی بتوانێ وەک یەکیەتیەکی ئازادوسەربەخۆی شورشگێر، رۆڵی شیاوی

خۆی لەو قوناغە سەخت و ئالۆزەی ژیان و خەباتی گەلەکەماندا ببینێ و، هەمان سەنگەری قایم و قولّی پێشووش بێ. لە یەکگرتنی هەموو قەلّەمە دلّسوزو خاوێنەکان لەپێناوی بەئەنجام گەیاندنی ئەرک و ئامانجەکانی نووسەرانی کورددا.

هەر لەسەرەتای یەکەمین هەنگاویشمانەوە، لەژمارە "١"ی گوڤاری نووسەری کوردستاندا ودواتریش لەشێوەی نامیلکەیەکی سەربەخۆدا، پرۆژەیەکی بەرنامەو پیرەوی ناوخۆی ـ یەکێتی ی نووسەرانی کوردستان ـ مان گەلاّلّەو بلاّوکردەوە، بەئومێدی ئەوەی لەداهاتوویەکی نزیکدا بتوانین بە هاوکاری و گردبوونەوەی زۆربەی ئەدیبان لەدەوری "یەکێتی". ئەم پرۆژەیە دەولّەمەندتروگونجاوترو، بەگوێرەی هەل و مەرجی کارکردن وپێویستیەکانی ئەدەبیمان دەستکاری بکەین وودا یبرێژینەوە. ئەوا ئێستا، بەدەم خەبات و تاقیکردنەوەی، پاش نۆسالّی پێ پشووی یەکیەتیمانەوە کە هەل ومەرجومەیدانی ئەدەبی ئالّوگۆریان بەسەردا هاتووە، بە پێویستمان زانی پاش پێ سپیری وراوێژی ووردی دەستەی گشتی، دەسکاری تێکرای بەندەکانی پرۆژەکەمان بکەینەوەو، بەو جۆرەش دیرێژینەوە کە هەر هەمان پەیام و بەنامەی سەرەتای دەستپێکردنمان بێ، تەنیا ئەوەندە هەیە، خەون وئاواتمان گەورەتر بوون و ئاسۆی روانینمان، بۆ گردبوونەوەی زۆربەی ئەدیبانی گەلەکەمان بەرینتر بووە، بەو هیوایەی ئەو ئالّوگۆرە قوولّەی بەسەر ژیان وخەباتی گەلەکەماندا هاتووە، هاندەری زیاتربن بۆ پتەوکردنی ریزەکانی ئەدیبانی کوردو زیاتر گردبوونەوەیان لە دەوری یەکیەتیەکی فراوانتردا، کە بتوانین لە قوناغێکی لەباردا کونگرەی تیدا بگرین و بریاریش لە سەر ئەم پرۆژەیە بدەین و بیچەسپێنین.

**بەشی یەکەم**

ئامانجەکانی یەکێتی

**بەندی یەکەم :** ناوی یەکێتی

یەکێتی نووسەرانی کوردستان

**بەندی دووەم :**

سروشتی یەکێتی

رێکخراوێکی پیشەیی ئەدەبیە و، کەسایەتیکی سەربەخۆی هەیە وهیچ سیفەتێکی سیاسی نیەو، ئامانجیشی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیە، نەک سوودو قازانجی تایبەتی ومادی.

**بەندی سێیەم :** شوێنی یەکێتی

کوردستانی عیێراق وهەموو ئەو شوێنانە ش کە نووسەری کوردی لێیە.

**بەندی چوارەم :** بارەگای گشتی

ناوچەیەکی کوردستان

**بەندی پینجەم :** ئامانجەکانی

١ـ ئامانجە گشتیەکان :

١) بلاو کردنەوەو گەشە پێدانی گیانی نیشتمانپەروەری ومرۆڤایەتی.

٢) داکۆکی کردن لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و بە گژدا چوونەوەی سیاسەتی رەگەز پەرستیی دوژمنان بۆ سەر نەتەوەی کورد.

٣) خەباتکردن لە پێناوی یەکخستنی هەمو ووزە وتونایەکی نیشتمانی، بۆ پتەو کردنی ریزەکانی گەل و بەگژدا چوونەوەی هەر نەخشەو پیلانێک کە دەبنە مایەی شەری براکوژی ولێکترازاندنی شیرازەی ریزەکانی گەل.

٤) قولّکردنەوەی گیانی مرۆڤایەتی و دۆستایەتی نیّوان گەلی کوردو گەلانی تر.

٥) بە گژداچوونی هەموو چەوسانەوەیەکی مرۆڤ و داکوکی کردن لە هەموو مافێکی رەوای دیموکراسی و ئازادی .

١) پتەوکردنی پەیوەندی نێوان نووسەرانی کوردستان لەلایەک ، پەیوەندی نێوان نووسەرانی کوردستان و دنیاش لەلایەکیترەوە

٢) داکۆکی و لەسەرکردنەوەی ئەو ئەندامانەی لە سەر ئازادی نووسین وبیر وباوەر ،دووچاری گرتن وراونان وهەرەشە وهەر چەشنە دەستدرێژیەکی هەردەسەلاتێک دەبن .

٣) پارمەتیدان ودەستگرتنی ئەندامانی یەکێتی لەرووی گوزەرانەوە . هەروا گەشەپێدانی توانا و بەهرەی ئەدەبیان و بەپیرەوەچوونی داخوازیوپێویستیەکانیان

٤) پارمەتیدان ودەستگیرۆیی خێزانی ئەدیبە شەهیدو زیندانیەکان .

ج ـ ئامانجەرۆشنبیریەکان

١) بایەخدان بە ئەدەبی رەسەنی کوردی و گەشەپێدانی زمان و کولتوری گەلەکەمان .

٢) بایەخدان بە کەلەپورو مێژووی کوردو نووسینەوەو لێکۆڵینەوەیان لە سەر بنچینەیەکی زانستیانە .

٣) گرنگیدان بە ئەدەبی بەرەنگاری و گەشە پیدان وبەرەو پێش بردنی .

٤) بەربەرەکانی کردنی ئەدەبی چەواشە و هەر هەوڵێکی دوژمنکارانەشکە دەیەوێ زمان و ئەدەب وکەلەپوروMێژووی گەلەکەمان بشێوێنێ .

٥) هاندان و بایەخدان بە وەرگێران لە زمانی گەلانەوە بۆ کوردی و بە پێچەوانەشەوە ، بەومەرجەی لەگەڵ گیان و پێداویستیەکانی سەردەمدا بگونجێ .

٦) بایەخدان بە ئەدیبە لاوەکان وهاندان و دەستگرتنیان .

د ـ ئامانجەکانی تر

١) هاوکاری کردن و پارمەتدانی ئەدیبانی پارچەکانی تری کوردستان ، بۆ گەشەپیدانی باری ئەدەبی و رۆشنبیری لە هەر پارچەیەکدا .

٢) دۆستایەتی و هاوکاریکردنی یەکێتی و رێکخراوەئەدەبی و هونەریورۆشنبیریەکانی ناوخۆ و دەرەوە .

٣) هاوکاری ودوستایەتی کردنی رێکخراوە دیوکراسی وپیشەییەکانی تری کوردستان و ،هەوڵدان بۆ دروست بوونی کۆنفدراسیونێک لە نێوانیاندا .

٤) هەوڵدان ، بۆ بوونی "یەکێتی " بە ئەندام لە " بەرەی کوردستانی " و هەر بەرەیەکی تریشدا کە بەرژەوەندی بالای نیشتمانی دروست بوونی بخوازێ .

٥) پشتیوانیکردن، لەوهەوڵ و تەقەلایانەی کە لە پێناوی دروست بوونی پەرلەمانێکی کوردستانیدا دەدرێن .

**بەندی شەشەم :**

ئامرازەکانی بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکان :

١) دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی تایبەت بە یەکێتی بەناوی " نووسەری کوردستان"

٢) چاپ وبلاو کردنەوەی کتێب ونامیلکەی ئەدەبی **هەمە** جور .

٣) بەستنی کۆڕو کوبوونەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری لە ناوەوەو دەرەوەی وولاتدا .

٤) کۆکردنەوەو پاراستنی کەلەپور و دەستنووسە ئەدەبیەکان و هەوڵدان بۆ چاپکردنیان .

٥) پەیوەندی کردن بە رێکخراوە ئەدەبیەکانی دنیاوە و ، هەوڵدان بۆبەشدار بوون لە کۆروکۆبوونەوەی ئەدەبی ناوچەیی و جیهاندا .

٦) وەرگتنی زەمالەی خوێندن بۆئەندامانی یەکێتی لە ناوەوەو دەرەوەی وولاتدا .

**بەشی دووەم**

**ئەندامی یەکێتی**

**بەندی حەوتەم :** مەرجی ئەندامێتی

١) رەوشتی کومەلایەتی بەرزو هەلوێستی نیشتمانی خاوێن بێ .

٢) شاعیر ، یان چیرۆکنووس، یان رەخنەگر ، یان لێکۆلەرەوەی ئەدەبی ، یان زمانەوان ، یان مێژوونووس، یان شانۆنامە نووس ، یان وەرگێری ئەدەبی بێ وبە زمانی کوردیش بنووسێ .

٣) هیچی بۆ رژێم ودژ بە خواستەکانی گەل نەنووسیبێ ونەخلیسکابێتە زەلکاوی خیانەتەوە .

٤) بروای بە پرۆگرام وپەیرەوی ناوخۆی یەکێتی هەبێ .

٥) ئابوونەی مانگانە بدات .

٦) داواکاریەک بۆ دەستەی بەرێوە بەر بەرز کاتەوە، کە بەلای کەمەوە ، سێ ئەندام پشتگیریان لێکردبێ ولەگەل داواکاریەکەشیدا ، نموونەی بەرهەمی خۆی بنێرێ

**بەندی هەشتەم :** لە دەستدانی ئەندامێتی

١) بە نووسراوێکی تایبەتی داوای واز هێنان بکات .

٢) هەر مەرجێکیئەندامایەتی لەدەست بدات .

٣) دەربکەوی کە پەیوەندی بە لایەنێکی دژ بە بەرژەوەندی گەل ونیشتمان و یەکێتی یەوە هەیە .

٤) بەبێ ئاگاداری دەستەی بەریوەبەر، مەیدانی کاری " یەکێتی " بەجێ بێلێ .

٥) خۆ بواردنی لە جێ بەجێ کردنی ئەرکو ئامانجەکانی یەکێتی .

**بەندی نۆیەم :** ئەندامی فەخری

یەکێتیمان دەتوانێ ، ئەم جورە کەسانەی خوارەوە بە ئەندام وەرگرێ :

١) ئەو ئەدیبە کوردانەی بە زمانی بیانی دەنووسن .

٢) ئەو ئەدیبە بیانیانەی کە خزمەتی زمان وکولتوری کوردیان کردووە ودەیکەن

٣) ئەو ئەدیبە بیانیانەی کە پشتگیری لە مەسەلەی رەوای گەلەکەمان دەکەن .

**بەشی سێیەم**

**دەستەی گشتی**

**بەندی دەیەم :** پێکهاتنی

دەستەی گشتی لە هەموو ئەندامانی یەکێتی پێک دێ ولە دوای کونگرەش ، بالاترین دەسەلاتە لە یەکێتی دا

**بەندی یازدەیەم :** کۆبوونەوەکانی

١) سالی دوو کوبوونەوەی ئاسایی دەکا .

٢) لەسەر داوای دەستەی بەرێوەبەر ،یان سێیەکی دەستەی گشتی ، لە کاتی پێویست و تایبەتیدا کۆبوونەوە دەکا .

٣) بۆهەر کۆبوونەوەیەک، هەمووئەندامان بانگ دەکرێن و، بە ئامادە بوونی زۆربە کۆبوونەوەکە دەکرێ ولە حالەتی ئامادە نەبوونی زۆربە ، کۆبوونەوەکە ، بۆ کاتێکی دیارکراوی دیکە هەلدەگیرێ و ، ئەو کاتە ، ژمارەی ئامادە بووان هەر چەندێک بێت ، کۆبوونەوەکە ئەنجام دەدرێ .

**بەندی دوازدەیەم :** دەسەلاتی دەستەی گشتی

١) ووتویێژ وبریازدان لەسەر ئەو راپۆرتانەی لە کۆبوونەوەکاندا دەربارەی چالاکیەکانی یەکێتي دەخوێنرێنەوە .

٢) رەنگ رشتنی هێلە سەرەکیەکانی

کارنامەی ساڵی ئایندە .

٣) قبولکردنی وازهێنانی ئەندامان ، یان سەندنەوەی هەقی ئەندامێتی لە هەر ئەندامێک و بەگوێرەی ئەو خالانە کە لە بەندی هەشتەم دا هاتوون .

٤) چاو خشاندنەوە بەو نارەزایی نامە و پێشنیارانەی کە سەبارەت بە قبووڵ نەبوونی داوای ئەندامێتی هەر کەسێ بۆ دەستەی بەرێوەبەر هاتوون .

٥) لابردن ، یان هەڵبژاردنەوەی ٣/١ ی ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەر .

**بەندی سێزدەیەم : کۆنگرە**

بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتی دا ، لە بارو دۆخی ئاساییدا ساڵی جارێک دەبەسترێ .. لە کاتی پێویست و لەسەر داوای $\frac{٢}{٣}$ ی ئەندامانی دەستەی گشتیش دەبەسترێ .

**بەندی چواردەیەم : دەسەلاتەکانی**

١) بریاردان لە سەر گۆرین و دەسکاری کردنی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی .

٢) گفتو گۆ کردن و بریاردان لەسەر ئەو راپۆرتانەی دەستەی بەرێوەبەر ، سەبارەت بە کارو چالاکیەکانی پێشووی پێشکەش بە کۆنگرەیان دەکات .

٣) بر یاردان لە سەر رەوت وچارەنووسی یەکێتی .

٤) هەڵبژاردنی دەستەی بەرێوەبەری نوێ .

٥) بریاردان لەسەر چارەنووسی هەموو کەل وپەل وداهات وسامانێکی یەکێتی .

**بەندی پازدەیەم : هەڵبژاردن**

١) ئەندامانی یەکێتی ، بۆیان هەیە خۆیان وخەلکی تر بۆ ئەندامێتی دەستەی بەرێوەبەر هەڵبژێرن .

٢) لیژنەیەکی ( ٣-٥) کەسی لە ئامادە بووان ، بۆسەرپەرشتی کردنی کۆنگرەو هەڵبژاردن پێک دەهێنرێ .

٣) رەچاو کردنی هەموو شێوە یاساییەکانی هەڵبژاردن .

٤) هەرئەندامێکی هەڵبژێردرا و بودەستەی بەریوەبەر، دەبی لەنیوەی دەنگەکان کەمتر نەهینی .

٥) لیژنەی سەرپەرشتی ، کاروبارەکانی ، دەداتەدەست ، دەستەی بەرێوەبەری نوێ .

## بەشی چوارەم

## دەستەی بەرێوەبەر

**بەندی شازدەیەم:** دەستەی بەرێوەبەر کەلە "٣ – ٥" ئەندام و دوویەدەک پێکهاتووە ، کاروبارەکان لەناوخۆیاندا ، بەزۆربەی دەنگ دابەش دەکەن و، بەشێوەی بەرێوەبەرایەتیکی گشتی کاروبارەکانی یەکێتی تاکۆنگرەی ئایندە بەرێوەدەبەن.

**بەندی حەڤدەیەم: دەسەلاتەکانی**

١) دانانی پلانێکی گشتی بۆکاروچالاکیەکانی یەکێتی وچۆنیەتی بەئەنجام گەیاندنی.

٢) دانانی چەند لیژنەیەکی جۆربەجۆر

آ – لیژنەی رۆشنبیری

ب – لیژنەی بەرێوەبەرایەتی

ج – لیژنەی کۆمەلایەتی وپەیوەندیەکان

د – لیژنەی دارایی

هـ – هەرلیژنەیەکیش دەفتەری تۆماری بریاروچالاکیەکانی خۆی دەبێ . لەگەڵ تۆمارێکی تایبەتی بۆناوو پێناسەی هەر ئەندامێک .

٣) دانانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەری کوردستان ، یان هەرگۆڤارو بلاوکراوەیەکی ترکەدەرکردنیان پێویست بێ .

٤) وەرگرتنی ئەندامی نوی ، بەئەندامی فەخریشەوە

٥) لێپرسینەوەی ئەو ئەندامانەی سەرپێچی لەپرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی دەکەن .

٦) دەستەی گشتی بۆ کۆبوونەوە بانگ دەکات .

٧) جێ بەجێکردنی ئەو پرۆژەوبریارانەی کونگرەیان دەستەی گشتی بریاریان لەسەر دەدەن .

٨) زامن کردنی سەرچاوەکانی دارایی و چۆنیەتی سەرف کردن ، لەبەر رۆشنایی بریارەکانی کۆنگرەدا .

٩) دانی هەربریارێکی کت وپرکەقازانج و بەرژەوەندی یەکێتی تێدایە .

١٠) ناردنی نامەو بروسکەو یاداشت و بەیاننامە ، بۆهەرکەس ولایەنێک ... هەر نووسراوێکیش مۆری تایبەتی یەکێتی پێوە بەبێ ،بە نووسراوی یەکێتی حساب ناکرێ .

**بەندی هەژدەیەم : کۆبوونەوەکانی**

بانگی جارێک و، لە کاتی پێویستیشدا کوبوونەوە دەکا .

**بەندی نۆزدەیەم :**

لە حالەتی پێویستی دەستەی بەرێوەبەر بە ئەندامی نوێ ، ئەندمانی یەدەک ، بە گوێرەی زۆری دەنگی کۆنگرە ، دەچنە دەستەی بەرێوەبەرەوە .

**بەندی بیستەم :**

ئەندامانی فەخری ،جگە لە مافی دەنگ دان وخۆ هەلبژاردن ،هەموو مافێکی تری ئەندمانی یەکیەتیان هەیە .

**بەندی بیست ویەکەم : دارایی یەکێتی**

١) قازانجی چاپەمەنیەکانی یەکێتی .

٢) یارمەتی وکۆمەکی هێزە نیشتمانیەکان

٣) ئابوونەی مانگانەی ئەندامان .

٤) یارمەتی ئەدەب دۆستان ،یان رێکخراوە رۆشنبیری وخێرخوازە بیانیەکان .

٥) کۆکردنەوەی پیتاک .

**بەندی بیست ودووەم : سەرف کردن**

هەر پارەو پولێک سەرف بکرێ ، دەبێ دەستەی بەرێوەبەر بریاری لە سەر بدا .

**تێبینی:**

ئەم پرۆژەیە : ـ لیژنەی ئامادەکردنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە تەموزی ١٩٨١ دا لە گوندی شێنی، گەلالەی کردوەو لەسەر بریاری کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٨٩/٨/١٣ ی دەستەی گشتیش چاوی پێدا خشێنراوەتەوەو بە گوێرەی بارو دۆخی ئێستا ، دەستکاریەکی کەمی کراوە .

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

** بۆ ئەوەی گۆڤاری " نووسەری کوردستان " بتوانێ لە گەیاندنی پەیامی ئەدەبی خۆیدا بەردەوام بێ، پێویستی بەهاوکاری و کۆمەکی هەمەجۆری هەموو دۆست و لایەنیکی دڵسۆزە .

** تکا لەهەموو ئەو دۆستە بەریزانەمان دەکەین کەهەر ژمارەیەکی " نووسەری کوردستان " یان " گزنگ " یان هەر بلاوکراوەیەکی یەکیتی نووسەرانی کوردستانیان لا چنگ دەکەوێ ، بۆمانی بنێرن ، ئێمەش دوای سوود لێوەرگرتن بەسوپاسەوە بۆیان دەنێرینەوە .

نا و نیشان

ایران
کردستان ـ سقز
خیابان امام خمینی ـ جنب مسجد جامع
انتشارات محمدی ـ گۆڤاری نووسەری کوردستان ـ


# نووسەری کوردستان

## ژمارە (١٧)

# نووسەری کوردستان

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

17



1990 پایزی

# نووسەری کوردستان

**گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان**

ژمارە (١٧) خوولی دووەم ١٩٩٠

دەستەی نووسەران

ئەبووبەکر خۆشناو
جەوهەر کرمانج
هەڤاڵ کوێستانی
فەلەکەدین کاکەیی
ڕێکار ئەحمەد

ڕاوێژکاران

ئەحمەد هەردی
ئەرسەلان بایز
هەژار موکریانی
حیکمەت محەمەد کەریم
محەمەد حەمە باقی
عەباس بەدری
تەها مایی

تایپ: ئاسۆ

سەرپەرشتی هونەری: شەماڵ

# سەرووتار

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر و چاولەدەستانێکی زۆرتر بە هەزار کولەمەرگی و دەردی سەر ئەم ژمارەیەی نووسەرتان دەخەینە بەردەست .. تەقەللایەکی بێ ئەندازەمان دا لە کاتی خۆیدا دەربچێ ، بەڵام رووی نەبوونی رەش بێت ، گەورەترین کۆسپ بوو لە بەردەممان دا . رەنگە هەبن بپرسن : ئەم هەموو هێز و حەشاماتەی ئەمڕۆ شاسواری مەیدانی خەباتن ، چۆن باروبوویان نەکردن و دەستباریان لەگەڵ نەگرتن ...؟ بەرواڵەت پرسیارێکی بەجێیە ،بەڵام راستیەکەی ئەوەیە ، زۆرکەس تا ئێستاش ئەدەب بە چەکێکی دژوار نازانن و بەدەگمەنیسان نەبێ خوێندەوارێکی ئەوتۆی بەرهەمە ئەدەبییەکانیش نین ، زۆرجاریش ئەوانە بێیان وایە دەکرێ نەتەوەیەک شۆڕشیشی هەبێ و جێ پەنجە و قەڵەمی نووسەرانیشی بەسەرەوە نەبێ ... نارنجۆکێک .زۆر کاریگەرتر و گرنگترە لە شیعر و چیرۆک و رۆمانێک .. دەنا چی تێدا بەستەیە بە گۆڤارێکی وا کە بە سێ چوار مانگ جارێک دەردەچێ پارەی دووتفەنگی رزیوی بۆ تەرخان بکەن ، لە کاتێکدا دەیان تفەنگی قۆنداخ بەگریز سەری خۆیان شۆڕ دەکەن و پشت لە سەنگەر بەرەو خوار دەبنەوە ..؟! نیوە بلیتی فڕۆکەیەک کە بۆ ناسیاوێکی خۆیانی دەبڕن و رەوانەی هەندەرانی دەکەن بە ئاسانی هەموو مانگی ژمارەیەکی ئەم گۆڤارەی پێ دەردەچێ ..! بەڵام وادیارە نووسەرانی کورد بۆیان نووسراوە خوێنی خۆیان بکەنە زاری خامەکانیان و بەرهەم و نووسینەکانیانی پێ فرچک بدەن ..یان ( گۆران ) ی مەزن گوتەنی :

لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخن دا

بە هەر حاڵ عەرزو گەزەکە لەوە زیاتر نیە و بە ئومێدین لێرە بە دوا تێڕوانینەکانتان بۆ ئەدەب و نووسەران بگۆڕێن ، چونکە ئەمڕۆ لەم قۆناغە سەخت و پڕئاستەنگەی خەباتی نەتەوەکەمان دا ، ئەدەب چەکێکی زۆر کاریگەرە و هەبوون و گەشەپێدانی نەک لە برشتی گوللە کەم ناکاتەوە ، بەڵکو سەنگەرێکی قووڵیش لە تەک سەنگەری پێشمەرگەدا دەگرێ ،

مێژووی خەباتی گەلانی دنیاش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە هەمیشە ئەدەبی بەرەنگاری سام و هەیبەتێکی زۆری بەسەر دوژمنان دا بوەو ئەو زامانەی قەڵەم لە جەستەی ئەوانی کردوە کەمتر سارێژبوونیان بە خۆوە دیوە . بەڵام چ لەگەڵ ئەم رۆژگارە دەکرێ کە بەردەوام بە پێچەوانەی حەزو خەونەکانی ئێمەی کورد دێت و دەڕوا ..؟

نووسەرانی هەموو دنیا بە بەرهەمەکانیان دەژین ، کەچی ئێمە ، بۆمان دەبێتە مـــــایەی ئاوارەیی و دەربەدەری و بێ بەش بوون لە هەموو پێداویستیەکانی ژیان .. لەوەش زیاتر بە سپیلکەی چاو رژان بەرهەمێک چاپ دەکەین ، ئینجاش هەزاران بەناو خوێندەوار هەن نایخوێننەوە .....!

یەکێک لە ئاکارە هەرە گەشەکانی ئەدەبی کوردی ئەوەیە هەمیشە و بەردەوام دژی خـۆ بەدەستەوەدان و دەرباگەری بوەو خەنجەرێکی هەڵکێشراویش بوە بەدەست رەش و رووتـی نەتەوەکەمانەوە .. ئەوانەش کە پێچەوانەی ئەم ویستە پاکانە بوون و لە دەرەوەی جغـزی میللەت هەنگاویان هەڵێناوە قەت لە پەنجەی دەست تێنەپەریون و بەرهەمەکانیشـــــیان لە چەند رۆژێک زیاتر تەمەنی بەخۆیەوە نەدیوە .

ئێستاش وێڕای تەنگ و چەڵەمەو هەڵوێستی ناجوامێرانەی هەندێ کەس بەرامبەر بە ئەدەب تەقەللای دڵسوزانەی نووسەرانی سەربە بەرەی گەل بەردەوامەو ئەم هەوڵەی ئێمەش تـا ڵە موویێکی پیرۆزە بەسەر سینەقەلغانی ئەدەبی رەسەنی نەتەوەکەمان ، خۆشەویستی خـاک و کێشەی رەوای نەتەوەکەشمان رۆژ لە دوای رۆژ پتر رەگ دا دەکوتێ و وێڕای ئەم هەمـــــوو ئاستەنگیەش دەست لە ئەژنۆو کەف زەنان دانەنیشتووین و بە گوێرەی توانای خۆمـــــان مشتێکمان خستۆتە سەر خەرمانی ئەدەبی ، هەربۆیەش بڕیارمان دا سا باتی رێکخراوەییمـــان گەورەتربکەین و جێگای هەموو دڵسۆزێکی وشەی کوردیی تێدا ببێتەوە ، لەوانەی بە بەرهـەم نووسینی ئەدەبی داکۆکی لە مافە رەواکانی نەتەوەکەمان دەکەن و لە کارێزی خەبـــاتی درێژخایەنمان دا بەهرەی خۆیان هەڵدێنجن . یەکخستنی توانا ئەدەبیەکانی ئەم ئاقارەش لە ژێر سایەی یەک رێکخراوی ئەدەبیدا چاکترین بەڵگەیە بۆ ئەم سەلماندنی ئەم مەبەستە خوێندەوارانی هێژا :

لەم قۆناغەی خەباتمان دا ئێمەی کورد پێویستمان بەوە هەیە دەنگی خۆمان بە دنیـــای دەرەوە بگەیەنین و چیتر لە لوولەی تفەنگەوە تێمان نەڕوانن ،با بزانن ئێمەش وەک هەموو نەتەوەیەکی زیندووی سەر ئەم گۆی زەوی یە بۆیە پەنامان بردۆتە بەر تفەنگ تا خاکـــمان بە تووڕەکەندڕێژن و رەنمان لە بۆتکەوە هەڵنەقەنن .. خۆشەویستی ئێمە بۆ چەک تەنیـــا بۆ ئەوەیە چیتر دوژمنەکانمان بە زمانی چەک قسەمان لەگەڵ نەکەن ، ئەگینا ئێمەش چاری تفەنگ نەبێزین و حەز لە سێبەری ناکەین.. بەڵام لە تەک ئەوەش دا فـەرهـــەنـــگ و ئەدەبێکیشمان هەیە پێویستە گوێ لە دەنگی بگیرێ ، چونکە هیچ کاتێک لەناو بردنی هێــزی تفەنگ نەبۆتە مایەی لەناو چوونی خەباتی نەتەوەیەک ،بەڵام بنبڕکردنی فەرهەنگ و زمان کەلتوور سڕینەوەی ئاکاری نەتەوەییە .. ئەمڕۆش دوژمنەکەی ئێمە بە هەموو توانایەکەوە

هەولّی خنكاندنی دەنگی فەرهەنگەكەمان دەدات . بۆیە داكۆكی ئێمە بەووشـــە . لـەم فەرهەنگەی نەتەوەكەمان داكۆكی یە لە بوونی نەتەوەییمان، چی تێدایە ئەگەر لـەتـەك دەنگی چەكی شانی پێشمەرگە ، گوێ لە دەنگی ووشەی راپەڕیویش بگیرێ ..؟ كە هەردوكیان هاوڕێی یەك سەنگەرو لە خزمەتی یەك ڕێبازی پیرۆزدان...؟

كۆنگرەی یەكگرتنی نووسەرانی كوردستان ئەو ئامیزدگەورەو پیـــرۆزە بوو كەهەموو نووسەرانی ئەم ئاقارەی بەخۆوەگرت و بوو بلندگۆیەك بۆ گەیاندنـــی دەنگی یەكگرتووی ئێمە لەژێر سایەی یەك ڕێكخراوی ئەدەبیدا ـ هەرلەسەرەتاری كۆنگرەش نووسەری كوردستان بووبە كۆڵەكەی ڕێكی مەركەزی وهەرلەم ڕاپەڕیـــدوە، دەستەی نووسەرانێكی نوێ سەرپەرشتی دەكردنی دەكەن . بەو هیوایەی هەمـــوو ئەدیبێكی كورد بەئازادی ئەسپی پێنووسی خۆی تێدا تاو بدات ولەخزمەتی ئازاتـــی ڕزگاریخوازی نەتەوەكەمان ، بەرهەمی بەپێزی خۆی بڵاوبكاتەوە .

بەڵگەنامە

## یەکێتیی نووسەرانی کورد لەسوێد
## The union of the Kurdish writers

Sweden

بۆ یەکێتی ی نووسەرانی کوردستان
بۆ کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان
سڵاوی جگەرسۆزانەمان !

لەنیستە دا،ئەو کەلا و لق و پۆپ و ڕەگ و ڕیشە بەخشندەو پیرۆزانەی،کە درەختی سەوزی کولتوورو زمان و ئەدەبی کوردیان ڕسکاندووە و لەخاکی بە پیتی ئەفراندندا بالایان پێ کردووە،پۆل پۆل باڵندەی عاشقی گەڵەکەمانیان لە دەوری سەرو سایەی بە ئۆخژن و میرگی بە بژوینی خوی کۆ کردۆتەوە، وەک سەرئەنجام تێکرا بەری ڕەنجی ئەپساوەو نارەقەی نێوچەوانی هەموو ئەو وشەپرشنگدار و قەڵەمی خاوێن و خاوەن هەڵوێست ڕووناک و دەست ڕەنجە ڕەنگینانەن کە چارەنووسی بەرهەم و ئەفراندن و بزاڤی هزر و هەستی خۆیان بەچارەنووسی گەلەکەمانەوە بەستۆتەوە و هەمیشەیش هەر دلە گەورەکەی کوردستان سەرچاوەی خولقاندن و کێڵگەی بە پیت و بەرەکەتی خەرمانی هەڵدراوەیان بووە.پێکیشەوە ئەم مەشخەلانی ڕوناکبیری و چراوگی قەڵەمانەیان لە ڕوو بەڕوو بوونەوەی تاریکستانی داگیرکەراندا هەڵکردووە. ئەو قەڵەمانەی بەجیاوازی بیروباوەری سیاسی و ئایدولۆجیانەوە، بەجیاوازی خانەی پەیوەندارێتی حیزبایەتیشیانەوە ،چ دوێنێ و چ ئەمرۆ، چ لە شاری ژێر شمشێری میردەزمە وئەژدهاکەکاندا بووبن و چ لە نێو شاخ و لیرەوار و نزیک سەنگەری پێشمەرگە و چ لە تاراوگەی نامۆیی و ئاوارەبوون و دوور ولاتیدا، بە لەبەر چاوگرتن و بێ زانینی: زۆر یان کەم،درێژ یان کورتی خەبات و نزشینی تالاوی دەردەسەری ئەم قەڵەم تا ئەو قەڵەم بەڵە بەر چاوگرتنی-ئاستی ئەدەبی و هونەری و ستاتیکی ی لەم بەرهەمەوە بۆ ئەو بەرهەم، لەوێ و لێرەو لەولای تر، هەر هەموو ئەم گوڵە باخ وئەستێرانە بەک ئاسمانی گیان ویەک خاکی پیرۆزی مەسەلەیەکی مەزن و ڕەوا چەتری سەر سەروو لانکەی دڵ و دەروونیان بووە. ئێمەش هەر لەم سەرپردە هاویەش و جومگە ئاوکۆییەوە،لەم ڕوانگەبەرزەی کوردستانەوە، ئەڕوانینە بارودوخی ئێستەی ئەو یەکێتی و کۆمەڵە ئەدەبیانەی هەن و هەر بەو پێوەدانەیش ئەڕوانینە وشەی بێگەردی هەر هەموو ئەو ئەدیبانەی کە لە هەناوی هەڵقرچاوی کورددا ئەژین و خۆشەویستی گەلەکەمان و هەموو ئازادیخوازێکن،هەڵبەت ئێمە بەر لە هەموو شتێ بەچاوی ڕێز وشایستەی پێ زانین و ئافەرینی چوون یەکی دەم و دڵمانەوە تەماشای ئەو بزووتنەوە ئەدەبی یە بەبڕشتە و ئەو چالاکی و بەرهەمە ڕۆشنبیریانە ئەکەین،کەلە سالانی زووتردا، لەبارودۆخی سەخت و دژواری ڕابوردوودا،چ بەکۆمەڵ بووبێ و چ تاکە باڵ،بوون بەچڵچراو مالی ئەدەبی کوردیان ڕۆشن و ئاوەدان کردۆتەوە .

دیارە ئێمە هەرگیز خۆمان بەمامۆستا و ڕاوێژکەری هیچ خوشک و برایەکی ئەدیب لەقەڵەم نادەین و پێشمان وانی یە کە ئێمە لە ئێوەی نێو کێشەکان شیاوتر بین بۆ چارە سەرکردنی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی پەیوەندی یان بە یەکێتی و

تەبایی ڕیزەکانی هەر هەموو نووسەرانی گەلەکەمانەوە هەیە . بەلام ئێمەیش وەک دەستەیەک قەلەمی ئاوارەو دوور وڵات،وەک بەشێکی زیندووی جەستەی ئەدەبی ئێوە، وەک تەواوکەری ئاڵقەکانی ئاوات و خواستی هاوبەشمان وێک یەک خانەوادەی ژێر بنمیچی مەسەلەیەکی گەورە، هەر هەموو مان لەژێر ئەو قوبە پیرۆزەدا کۆئەبینەوە و لە هەمان ئانیشدا پێویستە برایانە و جگەرسۆزانە گوێ بۆ یەکتر ڕاگرین و هەندێ جاریش بەمافی حەوداسی ناوی سەرنج و لێکدانەوەمانەوە مافی ڕێزگرتنی یەکتری بەردەوام بپارێزین . ئێمە لەم ڕۆژگارە هەرە تاریک ونووتەکەدا، لەسەردەمی گازی ژەهراوی و قەلاچۆکردنی گەلەکەمان و تراژیدیای یەک لەدوایێ یەکی تێک شکانی بزووتنەوەی رزگاری خوازیماندا، پێمان وایە : هیچ سۆنگە و هۆو بیانوویەک نەماوەتەوە بۆ ئەوەی ڕیزەکانمان لەبەر یەک بترازێنین. لە بری یەکێتی و کۆمەڵەی ئەدەبی دووان و سیانمان هەبێ لێرەیشەوە ئێمەناتوانین لەبنەماو بنجی ئەو هۆکارو سۆنگانە بکۆڵینەوە کە ئەو دابڕینەی بۆ یەک نەگرتنی دروست کردەوە و یان بەلایەکدا دایشکێنین و بە نەشارەزایی بێینە سەرێشکێ کە بەکاری خۆمانی نازانین. ئەوەی ئێمە و ئێوە و هەموو لایەک ئەیزانن : کار کردنە لەپێناوی پێک هێنانی یەک ڕێکخراوی ئەدەبیدا، لەپێناوی یەکگرتن وجۆشدانی هەر هەموو وزە ئەدەبیەکە لەیەک کورەدا . هەڵبەت جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە پیرۆزەیش بەر لە هەموان ئەکەوێتە سەر شانی ئێوەی کارگێرانی هەر دوو ڕێکخراوەکە، خۆ ئەگەر کارێکیش بە ئێمەی ئاوارە و دوور وڵات بکرێ ئەوە مایەی بەختیاری و ئاسوودەیی گیانمانە . بەپێی تاقی کردنەوە دووروودرێژەکانی ڕابوردوویش، چ لەشار و چ لەشاخ، هەر وەک بەشێکی زۆری ئەو ئەدیبەخۆشەویستانە وکۆمەلانی خەلکی ولاتەکەیشمان ئەیزانن، لەو سەردەمانەدا، لەزۆر وەرچەرخانی گرنگی مێژوویدا،هەمیشە ئەدیبان بەر لەحیزب وسیاسەت مەدارانی کوردستان، بەجیاوازی بیروباوەری سیاسیشیانەوە، لەچوارچێوەی ڕێکخراوەئەدەبیەکەی خۆیاندا،بەدرێژایی چەندین ساڵ، ئەوان سەرمەشقی یەکگرتن بوون وهەموویشیان یەک چەتری برایەتی و یەکێتی و یەک گۆڤاری ئەدەبی و ماڵێکیان هەبووە، ئێستەیش نیگەرانی و پێ ناخۆش بوونی جگەرسۆزانەی ئێمەیش هەر لەوێوە سەر هەڵ ئەدا کە دوای ئەم هەموو کارەساتە جەرگ برانە،تەنانەت لەکاتێکدا کە بەرەی کوردستانی هاتۆتەکایەوە و شەری براکوژی بەقورەرەشدا چووەو گەلەکەمان چاوی بریوەتە ئاسۆی ئایندەیەکی روناکتر، کەچی تازە، ئێمەی ئەدیبان لێک دوور ئەکەوینەوە و وزەی ئەدەبی و چالاکی خۆمان کەرت ئەکەین. بەلام ئێمە هیوا براو نین و بروایشمان وایە کە ئێوەی هەمیشە جگەرسۆز بۆ ئەدەب و کولتووری گەلەکەمان بەپیر ئەو بانگی یەکگرتنەوە ئەچن و لەیەک ماڵدا هەر هەمووتان باوەشی خۆشەویستی بەیەکدا ئەکەن، ئەو بانگەیش نەک هەر خواستی نووسەران کورد و کوردستانە وبەس ، بەلکو داوایەکی بە پەلە وخواستێکی پیرۆزی گەلەکەیشمانە ودڵنیاشین ڕاسپاردەی دڵسۆزانەی کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نووسەرانی کوردیش لە سوید، ڕاسپاردە و خۆزگەی قەلەمی براو ئاوارەی دوور ولات، لای ئێوە جێگەی شیاوی خۆی ئەگرێت .

هەر بژین

کۆمیتەی کارگێری یەکێتی ی نووسەرانی کورد
لە سوید

١٩٩٠-٥-٦

# شەوێکی جیا لە هەموو شەوانی تر

رەهێڵە

شەو گۆمێکی مات و مەنگە
دارستانی پڕ پەلکی عەور
دەوریان داوەو
کپ و خامۆش و دڵ تەنگە .

° ° °

مانگ پەرییەکی شەنگە .
بە ئاستەمێ
لە ژێر سایەی هەورێکەوە سەر دەردێنێ
دڵی وەک ئاشکی راوکراو
رەپ ...رەپەیە بۆ قومێک ئاو

° ° °

گۆمی دڵ تەنگ لە قوڵایی دەروونیەوە
هەناسەیێک هەڵدەکێشێ و
پەڵەهەورێک ، لە هەناسەی ناوەختی شەو
ئەتۆرێت و
پەری تینو کە کراسێکی ئاودامانی
لە خەرمانەی هەڵمێکی ناسکی زیوین لە بەردایە
هێواش .. هێواش
لێو ئەنێ بە لێوی گەرمی گۆمەکەوە
تا یەک جاری ، تینوێتی دڵ و دەروونی بشکێنێ .

بەڵام . کوا
کەی قومێک ئاو توانیویەتی بۆ هەمیشە
گڕ و تینی دڵ و دەروونی عاشقێک دامرکێنێ .
جا سەرلەنوێ
پەریزادی نەشمیلانەی سپی و خرپن
سەرهەڵدەبڕێ و بە ترسەوە
بە چواردەوریا چاو دەگێڕێ و
کە هەست ئەکا کەس نایبینێ
ئارام .. ئارام
بە شەرمەوە
کراسی تریفەیی بەری دادەکەنێ و
نەرم .. نەرم
ئەخزێتە نێو گۆمەکەوە

° ° °

شەو گۆمێکی شاد و شەنگە
شەو گۆمێکی شاد و شەنگە .

بەهاری 1369

# یەکێتی نووسەران و هەردی

ئەحمەد هەردی

رۆژی ۱۸/۱۰/۱۹٥۸ ، واتا سێ مانگ و چوار رۆژ ، دوای سەرکەوتنی شۆرشی تەمووز ، دەستەیەک نووسەری هێژا و بەرجەستە ، داواکاریەکیان لە رێی ( موتەسەریفی لیوای سلێمانی ) یەوە ئاراستەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئەوسای عیراق کردووە . بۆ ئەوەی رۆخسەتی بەرەسمی کارکردنی ( لیژنەی دامەزراندنی پەیوەستی نووسەر و ویژەرانی کورد ) بدا . ئەو نووسەرە بەرێزانەی کە داواکاریەکەیان ئیمزا کردووە ، وەک لە بەڵگەنامەکەدا دەردەکەوێ ئەم زاتانەن :

" ئەحمەد هەردی ، نوری شێخ سالح ، عەبدولرەحمان بابان ، رەمزی مەعروف ، فائق هۆشیار ، شاکر فەتاح ، ئەحمەد شوکری ، محەرەم محەمەد ئەمین ، کامەران ، محمد صالح دیلان ، ئەبوبەکر شێخ جەلال - واتە : ا .ب . هەوری - ، محەمەد دمستە فا کوردی ، محەمەدی خاڵ ) .

وەک لە وەڵامی وەزیری ناوخۆش دا دەردەکەوێ ، کاتێک ئەو کۆمەڵە نووسەرە ، ئەو هەنگاوە دڵسوزانەیان ناوە ، کە لە هەموو عیراق دا رێکخراو یان یەکیەتیەکی ئەدەبی بەرەسمی ناسراو نەبووە ، کە ئەمەش نیشانەی ئاستی هوشیاری و هەست بەلێپرسینەوەیانە بەرامبەر بەمەسەلەی گەلەکەیان .. ئینجا ئێمە لە کاتێکا سەری رێز و نەوازش لە ئاستی گیانی پیرۆزی ئەو نووسەرە هێژایانەدا دەنەوێنین کە ئەم خاڵە رۆشنەیان لە خەباتی نووسەرانی کوردا تۆمار کردوە ، بە پێویستی دەزانین بچین بولای یەکێک لەو نووسەرە هێژایانە کە ئیستا لە ناوماندا ئەژی کە ئەویش ماموستا ( هەردی ) یە . شایانی باسە زۆربەی ئەو نووسەرانە ئیستا لە ژیاندا نەماون ( خوا لێیان خۆش بێ ) . هەروەها هیوای تەمەن درێژی و بەرهەمی زیاتر بو ئەو نووسەرانەی تر دەخوازین کە هیشتا لە سەنگەری ژیاندا دەجەنگن . بۆیە بەچاکمان زانی سەردانێکی ماموستا هەردی بکەین، بۆ ئەوەی بیرەوەری خۆیمان لەم بارەوەبو باس بکات . ماموستاش بەسوپاسەوە ئەم چەند دیرەی خوارەوەی بۆنووسین .

*** *** ***

لەپێش کۆبوونەوەی ١٩٥٨/١٠/١٨دا بە یەک ـ دوو ڕۆژێک لە شەقامێکی (سلێمانی) تووشی خوالێخۆش بوو مامۆستا (گۆران) بووم . پاش سڵاو و هەواڵ پرسین پێی ووتم کە کۆبوونەوەیەکمان هەیە لە ماڵی (رەمزی مەلا مارف) . وەمنیش یەکێکم لەوانەی کە ئەبێت لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربم . لە پاشدا من پرسیاری ئەوەم لێ کرد کە کێ و کێ لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدارئەبن . ئەویش ناوی چەندکەسێکی هێنا وەک : (شیخ محەمەدی خاڵ و رەمزی مەلامارف و شاکر فەتاح و ... هتد) وە گەلێکی تری ووت کە ناویان لە بەلگەنامەکەدا تۆمارکراوە . لە پاشا پرسیاری ئەوەم لێ کرد کە لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە چی دەکرێ. ئەویش ووتی کە باس لە یەکێتی نووسەران دەکەین ، وە هەروەها داوای روخسەتی کارکردنی بەرەسمی دەکەین لە حکومەت (وەمن وەکو لە بیرم بێت لە پێش مامۆستا گۆراندا ، خوالێ خۆش بوو " محەرەم محەمەد ئەمین " هەمان هەواڵی پێ گەیاندبووم .)

لێرەدا قسەکانمان بڕاندەوە یەکترمان بەجێ هێشت . شایانی باسە لەو ڕۆژەدا دوارێبازی جیا هەبوون :

رێبازی یەکەمیان بیروڕای وابوو کە ئەبێت هەموو ڕێکخراوێک ناوی (عیراق) ی پێوەبێ. وەکو : (ئەدیبانی عیراق ، قوتابیانی عیراق ، ئافرەتانی عیراق ... هتد) . چونکە ئەم ڕێبازە لای وابوو ، هەر ڕێکخراوێک ناوی کورد یا کوردستانی پێوە بێ ، لەوانەیە مەیری بیخاتە گومانەوە ، وە یا هیچ نەبێ ، بە جیاوازخوازی لەقەڵەم بدا و ڕێگەی کارکردنیان نەدا . کە ئەمەش ڕێبازی (حیزبی شیوعی عیراق) بوو .*

ڕێبازی دووەمیان بڕوای وابوو کە هەموو ڕێکخراوێک ئەبێ بە ناوی کوردستان ، یا هیچ نەبێ بە ناوی کوردەوە داوا بکرێ . وەکو : (ئەدیبانی کوردستان ، یا ئەدیبانی کورد ، ئافرەتانی کوردستان ، یا ئافرەتانی کورد ... هتد) . کە ئەمەش ڕێبازی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوو[٤] . هەڵبەت ناوەڕۆکی کۆن بەباسکەم و شەرەدەنووک و بەربەرەکانی ئەو ڕۆژانە بێنمەوە کایە . چونکە ئەمڕۆ هەردوو ڕێبازەکە ، چ عیراقی و ، چ کوردستانی لە بەرەیەکدا کۆبوونەتەوە . بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەم جیاوازییە تاماوەیەکی زۆر بووبوو بە هەوێنی دەمەقاڵێ و دووبەرکی و ناکۆکییەکی زۆر ، کە ئێرە جێی باس کردنی نییە .

ئێمە .. (واتە ئەوانەی لەو کۆبوونەوەیەدا بووین) زۆربەمان سەربەخۆبووین .واتە دووسێ کەسی لێ دەرچێ زۆربەمان (پارتی) نەبووین . بۆنموونە من بەش بەحاڵی خۆم هەرگیز ئەندامی پارتی نەبووم . لەگەڵ ئەوەشدا منیش و هەموو ئەوانی تریش ، لەم مەسەلەیەدا لایەنگری ئەم ڕێبازەی دووەمە بووین .

بە هەرحاڵ لە ڕۆژی ناوبراودا چووم بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکەدا لە ماڵی خوالێخۆش بوو (رەمزی مەلامارف) . وە ئەوکەسانەی کە لەداواکارییەکەدا ناویان تۆمارکرا وەهەموویان لەوێ ئامادەبوون ، وەیان یەک لە دوای یەک هاتن . پاش کەمێک چاوەڕوانی مامۆستا (گۆران) یش کە دەستی خوالێخۆش بوو (کامیل بەصیر) ی گرتبوو هات بۆ کۆبوونەوەکە . هەردووکیان هاتن و لەگەڵمان دانیشتن . هەڵبەت ئەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم کۆبوونەوەیەزیاتر

لەسەر پێشنیاری مامۆستا ( گۆران ) بوو ، بۆیە چاوەروانی هاتنی ئەو بووین بۆ کۆبوونەوەکە. بەکورتی مامۆستا ( گۆران ) باسی ( یەکێتی نووسەرانی عیراق ) ی ئەکرد و لە باری سەرنجی خۆیەوە هانی داین کە بچینە (یەکیتی نووسەرانی عیراق ) ەوە . وە یا ئەگەر نووسەرانی عیراق داوای یەکیەتی یەکی وایان کرد ، وە یا داوای روخسەتی بەرەسمی کارکردنیان کرد ، ئێمە هەموو لایەنگریان بین . مامۆستا ( گۆران ) گەلێک لەسەر ئەم قسانە رۆیشت ، کە ئەدیبانی عیراق توانا و دەسەڵاتیان لە ئێمە زۆرترە . هەروەها گەلێک شت بۆ ئێمە ئاسان ئەبێ وەکە وێتە بەلاش و ... هتد . لە پاش ئەوەی کە لە قسەکانی بۆوە ، ئێمە هەموو بێدەنگ بووین بە نیازی ئەوەی یەکێ لەوانەی کە لە ئێمە ومانان گەورەتر بوون لێ ی بێتە دەنگ . لە راستیشدا ( ئەورەحمان بەگی بابان ) یەکەم کەس بوو کە کەوتە قسە و رووی کردە مامۆستا ( گۆران ) و ووتی : عەبدوڵڵا بەگ ! پێم بڵێ ئەم جمهوریەتە هی کورد و عەرەبە ، یان نا ؟ "

- " بەلی وایە . جمهوریەتی کورد و عەرەبە . "

- " دە زۆرباشە ، ئێمە ( ئیتیحادی ئودەبای ئەکراد ) مان ئەوی . "

هەڵبەت مەجلیس هەمووی بێدەنگ بوو ، وە کەسێک لەوێدا خۆی وا پیشان نەدا کە ئەم قسەیەی ( ئەورەحمان بەگ ) ی بە دڵ نی یە، وە یا خود لێ ی رازی نی یە . لە بەرئەوە کە مامۆستا ( گۆران ) سەرێکی گێرا بەناو ئەوانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا بوون ، وە کە تەماشای کرد هەموو بێدەنگن ، تێگە یشت کە هەموو لایەنگری قسەکەی ( ئەورەحمان بەگ ) ن . لەبەرئەوە لە پاش کەمێک قسەکردن ، هەستا بە سەرپێ و دەستی مامۆستا ( کامیل بەصیر ) ی گرت و کۆبوونەوەکەی بەجێ هێشت . بەڵام ئیمە دانیشتنەکەمان تێک نەدا . بۆیە دوای ئەوە خوالێخۆش بوو مامۆستا ( خالێ ) ووتی : " ئێمە بۆچی دانیشتووین ؟ با ئێمە داواکاری یەکەی خۆمان بنووسین ". وە رووی کردە خوالێخۆش بوو ( مەلامحەمەدی کوردی ) و پێ ی ووت کە ( عەریزەیەک )بە عەرەبی بنووسێ بۆ وەزیری ناوخۆی عیراق، بە هۆی موتەسەریفی لیوای سلێمانی یەوە ، تا هەموو ئیمزای بکەین . لە پاشتریشدا ( فایەق هوشیار ) یش بریاریدا کە بە یارمەتی مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد و شاکیرفەتاح ( پەیرەوی یەکی ناوخۆیی ) بۆ یەکێتی بە چەندنوسخە یەک ، کە لە رووی قانوونی یەوە پێویستە بنووسی و لەگەڵ ( داواکاری ) یەکەدا بە هۆی موتەسەریفەوە بینێرن بۆ وەزیری ناوخۆی عیراق . لە پاشدا هەر ئەو رۆژە ، یا رۆژی دوای ئەو ، داواکاری یەکە نوسرا و لەلایەن هەموو ئەوانەوە ئیمزا کرا ( هەروەک لە بەڵگەنامەکەدا دەردەکەوی ) . هەروەها لەو دانیشتنەدا بریارماندا هەریەکێ لە ئێمە نامە بنووسێ بۆ نووسەران و شاعیرانی تر لە شارەکانی تری کوردستان . بۆئەوەی لایەنگرمان بن . بۆنموونە من نامەم نووسی بۆ یەک - دووانێ لەوانەی کە ئەم ناسین .

لەوانەیە یەکێک بپرسێ بۆچی ئەم کۆبوونەوەیە یاخود ئەم داواکاری یە مامۆستایانی وەکو : ئیبراهیم ئەحمەد ، عەلادین سەجادی و رەفیق حیلمی تێدا نی یە ؟ لە وەرامی ئەمەدا ئەلێم :

یەکەم : ئەم ماموستایانە ئەوکاتە لە سلێمانی نەبوون .

دووەم : بڕیار وابوو بۆ هەریەکێک لەوانە نامە بنووسرێت .

سێیەم : بەنیسبەت ماموستا ( ئیبراهیم ئەحمەد ) ەوە ئاشکرایەکە ئەو لەوکاتەدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) بوو ، وە لایەنگری ئەوریزەوەی ئێمە بوو . بەڵام ئەوکاتە لە ( بەغدا ) دائەنیشت وە نەیئەتوانی خۆی بۆ ئەم ئیشە تەرخان بکات، بەڵام وەک من بیزانم پێشتر ئاگادارکرابوو ، تەنانەت لەدانانی ( پەیرەوی و پرۆگرام ) ی یەکێتی دا ، بەشداربوو . . .

بەنیسبەت ماموستا عەلادین سەجادی یەوە ، ئەویش هەر لەشاری ( بەغدا ) دائەنیشت وە وا ئەزانم نامە بۆ ئەویش نووسرابوو . بەڵام ماموستا ( رەفیق حیلمی ) حالەتێکی کەمێک جیاوازی هەبوو دوو ماموستایەی پێشوو کەلە ەدەرفەتێکی تردا ئەتوانم لێی بدوێم .

شایانی باسە کەمن پێشنیازی ئەوەم کرد کەئەگەر روخسەتیان نەداینێ ، ئێمە ئەتوانین جاروبار نامیلکەیەکی وەکو : ( یادگاری لاوان ) . وەیا ( دیاری لاوان ) ، دەربکەین بەبێ ئەوەی ناوی ئەدیبان یا عیبج دەستەو تاقمێکی پێوەبێ . بەڵام ئەو رۆژگارە کەشەرِەدەنووک و بەربەرەکانی زۆری حیزبایەتی لەئارادا بوو ، ئەم کارە نەئەچووەسەر . لەبەرئەوەنەمان ـ توانی ئەمە جی بەجێ بکەین . جا لەبەرئەوە رازی نەبوونی میری کەبەرەسمی کاربکەین لە لایەکەوە ،وەبەردەوام بوونی شەرِەدەنووک وبەربەرەکانی حیزبەکان لەلایەکی ترەوە ، وای کرد کەنەمان توانی لەسەر ئیشەکە بڕۆین

ئیستاش کە " ٣٢ " سال تێپەریوە بەسەر ئەم رووداوەدا ، ئەبینم زۆربەی ئەو ماموستا بەرێزانە ، لەکاروان دا نەماون و کۆچی دواییان کردووە ( خوالێیان خۆش بێ ) هەر تەنها چەندکەسێکی کەم لەو نووسەرانە لەژیان دا ماون کەمن یەکێکم لەوان . منیش هەرئەوەندەم لەدەست دێ کە سلاو و رێزی گەرمم بنێرم بۆ ئەو نووسەر و کەسانەی خزمەتی ووشەی کوردییان کردووە . هەروەها هیوام وایە ئەو لاوانەی کەوا خزمەتی زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی ئەکەن و لە ( نووسەرانی کوردستان ) دان تا ئەوپەری توانا هەوڵ بدەن ، ئەو مەشخەڵەی هەڵیان گرتووە نەهێڵن بکوژێتەوەو ئەم یادکردنەوەیەش سەرمەشقێ بێت بۆئەو لاوانە .

ئیتر سوپاس .

١٩٩٠/٧/٢٢

## راستکردنەوەی چەند هەڵەیەک

لە ژمارە (١٦أ) ی گۆڤاری (نووسەری کوردستان) دا ووتارێک نووسرابوو لە ژێر ناوی (هەردی ی شاعیر بۆ نووسەری کوردستان دەدوێ)* ، کە بریتی بوو لە چەند پرسیارو وەرامێک کە گۆڤاری ناو براو لە منی کرد بوو . لە وەرامەکانی مندا چەند هەڵەیەک بەرچاو ئەکەوێ کە بە پێی توانا پەنجە بو گرنگەکانیان را ئەکێشم .

١ـ دوای تەواو بوونی پرسیاری (ل ٧٢) ، (١٠) دێر بژمێرە ئەبینی نووسراوە : " لە رووی مێژووبییەوە نرخێکی ئەوتۆی نامێنێ ..." . راستیەکەی : " لە رووی مێژووبییەوە نەبێ نرخێکی ئەوتۆی نامێنێ " . بەڵام نابێ ئەوەم لە بیرچێ کە تەنانەت لە شیعری موناسەبەت (بۆنە) شدا ئەتوانی شتی تازەی ئەوتۆ دەربێنی کە لە هەموو رۆژگارێکا نرخی خۆی هەبێ .

٢ـ لە (ل ٧٤) دێری (٥) دا نووسراوە : " واتە تۆ راستت کرد کە ووتم " ، کە راستیەکەی ئەمەیە : " واتە رووئەکاتە خۆشەویستەکەی و ئەڵێ تۆ راستت کرد کە ووتت مەچۆ ..هتد

٣ـ لە کوتایی (ل ٧٥) دا نووسراوە : " لە کاتێکدا کە سەرەتای دەست پێ کردنی ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سالانی ١٩٦٠ ، کە راستیەکەی : " ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکان " .

٤ـ دوای تەواو بوونی پرسیاری (ل ٧٦) ، پێنج دێر بژمێرە نووسراوە : "کە هیچ شیعرێک بە لای منەوە نیە " کە راستیەکەی : " کە هیچ شیعرێک بەلای منەوە بایەخی نیە "

٥ـ لە (ل ٧٧) ی دێری چوارەمدا نووسراوە : " ... گۆرانیش کە ووتوویەتی قوتابخانەبەستی ئەوە نەبوو کە شتێکی تایبەتی و بێ وێنە یە ، بەڵکو کە ئەوتریت قوتابخانە .... هتد " ، کە ئەم رستەیە چەند هەڵەیەکی تێدایە . راستیەکەی ئەوەیە : " گۆرانیش کە ووتوویەتی قوتابخانە ، مەبەستی ئەوەبووە کە شتێکی تایبەتی و بێ وێنەیە ، نەک بێ هاوتا ، چونکە کە ئەووترێت ... " . واتە هەر شاعیرێکی داهێنەر دەنگ و رەنگ و وێنەی تایبەتی خۆی هەیە ، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە هەموویان هاوتای یەکن .

٦ـ لە (ل ٨٤) دا و لە دێری هەشتەمەوە باسی (گۆران) م کردووە ، وە لە دێری (١٥) هەمدا ناوی (عەلی شەونم) م لەگەل ئەوانەدا هێنابوو کە (لە بەردەرکی سەرا) لە (گۆران ومن) کۆبووبوونەوە . راستیەکەی ئەوەیە ، (عەلی شەونم) لەو کۆڕەدا نەبوو ، بەڵکو شەهید (فتاح ئاغا) و ماموستایان (مجید سعید نێرگدلە) و (حەمە سالح سەعید) و چەند کەسێکی تر بوون . (عەلی شەونم تەنیا لە دەورەکەدا بەشدار بوو) .

٧ـ لە پاشدا لە هەمان لاپەرەی (٨٤) دا پاش دێرە شیعرەکەی گۆران ، واتە لە دێری (٢٤) دا نووسراوە : " کەلەخۆیم پرسی ووتی : خۆی لەبنەرەتدا (تا شارەزایە) ... هتد " کە ئەمەش هەڵەیە و راستیەکەی گوران ووتی : " خۆی لەبنەرەتدا (تا تا شارەزایە) ، بەڵام

لەبەرگیشی شیعر (تا) فری دراوەو بووە بە (ناشارەزا) " .

هەڵەکان لێرەدا کۆتاییان دێ ، رەنگە هەندێ وردە هەڵەی چاپیشی تیدابی کەخوێندەواری وردبین هەستی پێ دەکات . بۆیە داوای لێبوردن ئەکەم .

١٩٩٠/٧/٢٢

ئەحمەد هەردی

# بەرەو زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی

سەروەری جبانی

هەروەک هەموومان دەزانین ئاستەنگی هەرە گرنگی گەشەو نەشە پێدانی تۆرو ئەدەبیاتی زمانی کوردی نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی یە ، هەروا نەبوونی ڕێنووسێکی گشتیی و یەکگرتوە . بۆ چارەسەرکردنی ئەم کۆسپە هەرە گەورەیە تا ئێستا زۆرکەس تێکۆشاون ، بەڵام ئەو تێکۆشانانەش چونکە تێکۆشان گەلێکی هەمە لایەنەو گشتی نەبوون و هەروەها لە چوار - چێوەی مەلبەندی و ناوچەیی دا ماونەتەوە و نەیانتوانیوە بەو جۆرە کە پێویستە بە ئاکامێکی دلخواز بگەن هوو هۆگەری ئەم نەگەیشتنەش زۆرن ، یەکێک لەو هوو هۆگەرانە ئەمەیە کە تا ئێستا کۆڕو کۆمەڵەکانی فەرهەنگی ئەدەبی کوردی نەیانتوانیوە تۆرەقانانی کراری و لێزان لە سەرانسەری کوردستان دە کۆڕێکی گەرمی ئەدەبیدا کۆکەنەوە ، تا لەو کۆڕە ئەدەبییەدا هەرکەس بتوانی بە جۆرێکی ئازادو سەربەست دوور لە هەر چەشنە دەمارگری زاراوەیی و ناوچەیی بە چێشت و چەشنێکی زانستانە بیروڕای خۆی لەم بارەوە دەربڕی . بەداخەوە ئەم هۆیە و هۆگەلێکی دی دەست لە نێو دەستی یەکتر نانە و بوونە بە بەندو کۆسپێکی ئاستەم لەسەر ڕێگای گەیشتن بەم ئارمانجە مەزن و پیرۆزە . پێویستە لێرەدا کورتە ڕوانینێکمان هەبی لەسەر زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی و مێژووی ئەدەبی کوردی ، پاشانیش بیروڕای خۆمان بۆچارەسەرکردنی ئەم کۆسپە هەرە گرنگە ڕاگەیەنین . هەروەک دەزانین زمانی کوردی خاوەنی پێنج زاراوەی سەرەکییە ، هەریەک لەم زاراوانەش چەندین بن زاراوەیان هەیە ، هەروا لە درێژایی مێژوودا هەریەک لەو زاراوانە کەم تا کورتێک خاوەنی تۆرو ئەدەبی نووسراوی تایبەت بە خۆیان بوون . لە هەموان گرنگتر ، هەریەک لەم زاراوە سەرەکیانە خاوەنی ڕێزمانێکی تا ڕادەیەک سەربەخۆ و جیان . ئەم کارەش بووە بە هۆی لێک دوور کەوتنی زۆرتری زاراوەکان .

زاراوە سەرەکی یەکانی زمانی کوردی بریتین لە :

یەکەم : زاراوەی کرمانجی ژووروو کە لە کوردستانی ئیراق دا بە هەڵەپێی دەڵێن بادینی

یان بادینانی ،لە کوردستانی ئیرانیش دا بە هەڵە پێی دەڵێن شکاکی ،بەڵام بادینی و شکاکی هەریەک بن زاراوەیەکن لە زاراوەی کرمانجی ژووروو .
دووهەم : زاراوەی کرمانجی ناوەراست کە بە هەڵە پێی دەڵێن سۆرانی .
سێهەم :زاراوەی گۆرانی یا هەورامی .
چوارەم :زاراوەی زازایی یا دمبلکی . ئەم زاراوەیە لە ناو تەواوی زاراوەکانی زمانی کوردیدا لە زاراوەی هەورامی نزیکترە . تا رادەییک بەشێک لە پسپۆران و توێژکارانی زمانناس زاراوەی زازایی بە بن زاراوەی هەورامی دەزانن
پێنجەم : زاراوە یان زاراوەکانی باشووری کوردستانن ،وەک : لەکی ،فەیلی ،بەختیاری ، لوری ،و هتد . بە داخەوە چونکە ئاگاداریم لەسەر ئەم زاراوە یان زاراوانە پتەوو تەکووز نییە ،بۆیە ناتوانم لەم بارەوە بیروڕای خۆم دەربرم .
هەروەک لە پێشدا گوتمان، بەبۆنەی هەبوونی کەندو کوسپ و گرێ و تەنگ و چەڵەمەی جۆراو جۆر کە تووشی گەلی کورد بوون ،ئەم زاراوانەی زمانی کوردی رۆژبەرۆژ لە یەکتر دورر دەبنەوە تا رادەییک کە هەر زاراوەییک بۆ خۆی رەنگ و بۆی زمانێکی جیاو سەربەخۆ دەگرێ . هەروەک ئەمرۆ دەبینین کوردێک کە بە زاراوەی کرمانجی ناوەراست قسان دەکا لە گفت و لفتی کوردێک کە بە زاراوەی کرمانجی ژووروو دەئاخفێ تێ ناگا و هەروا بە پێچەوانەشەوە .
با بچینە سەر مێژووی ئەدەبی زمانی کوردی ،

لە درێژایی مێژووی پرکەندو کۆر هەوراز و نشێوی کوردستاندا ،هەریەک لەم زاراوە سەرەکیانە بۆ ماوەییک خاوەنی تورو ئەدەبیاتی نووساری سەربەخۆ بوونە ،کە ئاماژەییکی کورت بە گوێرەی دیرۆکی بەدی هاتنیان لەسەر ئەم دۆزە پێویستە .
یەک : زاراوەی هەورامی

بە گوێرەی بیروڕای توێژکاران و نووسینی مێژوو ،هەروا لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی ئەدەبیاتی کوردی روون دەبێتەوە کە زاراوەی هەورامی کونترین زاراوەی زمانی کوردییە ، تا رادەیێک نیزکترین زاراوەیە بۆ زمانی ئەویستایی . لەسەردەمی میرایەتی ئەردەلاندا هۆزان گەلێک وەک : مەولەوی تاوەگۆزی ،سەیدی هەورامی ،خانای قوبادی ،بێسارانی ، میرزا شەفیع پاوەیی ،وەلی دێوانە و دەیان هۆزانی دی بەم زاراوەیە شوێنەواری زور بە نرخیان خولقاندووەکە مایەی شانازی زمانی کوردی و هەر کوردێکی دڵسوزە . بەڵام بە داخەوە پاش شکان و رووخانی میرایەتی ئەردەلان ئەم زاراوەش تووشی رمان و شکان بووە و تا ئیستە شوێنەوارێکی وا گرینگ و بەرچاو بەم زاراوە شیرنە نەخولقاوە ،تەنها ئەوەنەبێ کە لەم دواییەدا چەندتا عیرێک بەم زاراوەیە دەستیان بە هەڵبەست دانان کردووە .
دووهەمین زاراوەی زمانی کوردی کە دەگەڵ گەشانەوەی زاراوەی هەورامیدا گەشی بووە زاراوەی کرمانجی ژووروو یە کە لە باکووری رۆژاوای کوردستاندا بۆ پەرەپێدانی تورو ئەدەبیاتی کوردی هەنگاوی هەرە بەرزو بڵیندی هەڵێناوە . هۆزان گەل و نووسەرو توێژکارو

پسپۆرانی گەورەی وەک : عەلی حەریری ، مەلای جزیری ، فەقێ تەیران ، ئەحمەدی خانی مەلای باتەیی ، عەرەب شەمۆ ، قاناتی کوردۆ ، جگەرخوێن و دەیان هۆزان و لێزان و نووسەرو هونەرڤانان بەم زاراوە دەوڵەمەندە شوێنەواری پڕ بایەخیان پێشکێشی ئەم گەلە کردووە . ئەم زاراوەیە هەروا بێ برانەوە درێژەی بە ژینی ئەدەبی خۆی داوە و ئێستاش لە گەشە و نەشەدایە . هەروەک ئەمڕۆ بینەری چاپ و بڵاوبوونی دەیان گوڤارو بەلاڤوک و پرتووکی جۆراو جۆری فەرهەنگی ، ئەدەبی و سیاسین کە بەم زاراوەیە نووسراون و دەنووسرێن .

سێهەم زاراوەی کرمانجی ناوەڕاستە ، کە پاش ئەو دوو زاراوانە ژیانی ئەدەبی خوی دەست پێدەکا . ژیانی ئەدەبی زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست لە سەردەمی میرایەتی بابانەوە دەست پێ دەکاو تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە . تا ئێستا هۆزان گەل و نووسەر و توێژکارانی زۆر بەم زاراوە شیرنە شوێنەواری زۆربەنرخیان خوڵقاندووە . هۆزان گەلێک وەک :

عەلی بەردەشانی - نالی - مەحوی - حاجی قادری کۆیی - شێخ ڕەزای تاڵەبانی - پیرەمێرد فایەق بێکەس - حەریق - قانع - وەفایی - گۆران - هێمن و هەزارو دەیان هۆزان ونووسەری دیکە کە هێنانەوەی ناویان دەبێتە هۆی درێژ بوونەوەی ئەم گوتارە .

چوارەم زاراوەی زازاکی یا دملکی - تا ئەو جێگەیەکە ئەمن ئاگام لێ بێ تا ئێستە جگە لە چەند هەڵبەستی ئاییني و مەولود نامە چی دی بەم زاراوەیە نەنووسراوە ، تەنیا لەم دوایییانەدا چەند گوڤارو بەلاڤوکی کوردی ڕێگەیان بە بڵاوکردنی مەبەست گەلێک بەم زاراوەیە داوە ، کە لەو گوڤارو بەلاڤوکانە دەتوانین ناوی گۆڤاری هیوا چاپی پاریس و گوڤاری ئارمانج چاپی سوئێد ببەین .

پێنجەم زاراوە ، یان زاراوەکانی باشووری کوردستان ، هەروەک لە پێشدا ووتمان ئاگادارییم لەسەر ئەم زاراوانە زۆر کەم و نقیسکانە . بۆیە لە دەربڕینی هەرچەشنە بیروڕایێک لەسەر ئەم زاراوە یان زاراوانە خۆم دەپارێزم .

بۆ تا ئێستا زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی بەدی نەهاتووە ؟ هۆ و هەگەری سەرەکی ئەم کارەش بۆ هەموومان ئاشکرا و دیارە . تا ئێستا کۆمەڵێک لە تۆڕەڤانان و هۆزانان و خاوەن رامانان بە چەشن و چێشیتی جۆراو جۆر بیروڕای خویان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە گەورەیە ڕایان گەیاندووە ، برێک لەوانە ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گری پووچکەیە پێشنیاردەکەن کە : زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست ببێتە زاراوەی بنچینە و ماکی زمانی یەکگرتووی کوردی و ، بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم زاراوەیە لەوشە و زاراوەکانی دیکە کەڵک وەرگیری . ئەم کەسانە بۆ بنەجی کردنی بیروڕای خۆیان ئەم بەڵگانە دێننە گۆڕێ :

١ - : شوێنەواری چاپ و بڵاوە بوونی بەم زاراوەیە لە هەموو زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی زۆرترە .

٢ - : ئەم زاراوەیە بۆ نووسینی زمانێکی ئەدەبی پاراوو کارامەیە .

بەڵام بە پێچەوانەوی دەستەی یەکەم برێکی دیش لە زانایان و تۆڕەڤانان و توێژکارانی

کورد،زاراوەی کرمانجی ژووروو بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی پێشنیار دەکەن . بەم بەڵگانەی خوارەوە :
١ـ : شوێنەواری چاپ و بڵاوبوویی بەم زاراوەیە لە دیتر زاراوەکانی زمانی کوردی زۆرترە
٢ـ . ئەم زاراوەیە کۆن ترو رەسەن ترو دەوڵەمەندترو بەرفرەترە .
٣ـ : رێزمانی ئەم زاراوەیە لە بارترە و زووتر فێری دەبن .
٤ـ : تۆرو ئەدەبی نووسراوی ئەم زاراوەیە لە پێش ئەدەبی زاراوەی ناوەراستەوە دەیهاتووە، بەم بۆنەوە ئەزمون و دەستکەوتی ئەدەبی ئەم زاراوەیە لە هی ناوەراست زۆرترە .
٥ـ : ئەدەبیاتی فولکلۆریکی ئەم زاراوەیە زۆر دەوڵەمەنترو بەر فراوانترە .
٦ـ : لە هەموان گرنگتر هەژمار ی کوردانێک کە بەم زاراوەیە قسەدەکەن زۆر زۆرترلــــەو کوردانەیە کە بە دیتر زاراوەکانی زمانی کوردی دەپەیڤن . چونکە : تەواوی کــــوردەکانی کوردستانی تورکیا ـ کوردەکانی ئەرمەنیستان و دیتر کۆمارەکانی سۆڤییەت کوردەکانــــی ئازەربایجان لە سنووری سۆڤییەت تا سنووری ئیراق ـ کوردەکانی باکووری کوردستانی ئیراق، کوردەکانی سووریيە و لوبنان و فەلەستینی داگیرکراو ، کوردەکانی خوراسان و ئەفغانستان، هەموو بە زاراوەی کرمانجی ژووروو دەئاخڤن .

هێندێکی دیش بۆ بەدی هێنانی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو پێیان وایە کە دەکــــرێ لە تێکەڵ کردنی هەردوو زاراوەی زمانی کوردی و هەڵبژاردنی لایەنە ئاسانەکانـــــــی هەردوو ریزمان زاراوەیێکی تێکەڵ بە ناوی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی بەدی بێنن . دیــارە کە ئەو زمانە دەبیتە چێشتــی مجێورو گراری گاوانان .

بەڵام بە بیروڕای من کورو کۆمەلی وا ناوچەیی و مەلبەندی ناتوانی لە بارەی کارێکی وا گرینـ ـدا بریاران بدا . ئەم کارە گرینگە تەنیا سێ رێگەی هەیە :
یەکەم : کۆبوونەوەیێکی گشتی لە تۆرە ڤانانی لێهاتوو و لێزان و پسپوری سەرانســــەری کوردستان
دوهەم : هێزێکی گشتی .
سێهەم : بەدی هاتنی رێنووسێکی گشتی و یەکگرتوو .
با بچینە سەر رینووسی کوردی .
سەبارەت بە رێنووسی زمانی کوردی هەروەک دەزانین ئیستە سێ رێنووسی جیــــا و دوور لە یەکتر نە کوردستاندا باوە کە بریتین لە : رینووسی عەرەبی ، رێنووسی لاتینـــــــی ، رێنووسی رووسی ( سیریلیک ) ، دەبێ ناوی رێنووسی ئێزدیا نیش لەم سێ رێنووسە زێدەکرێ. بەم جۆرە زمانی کوردی دەبێتە خاوەنی چار رێنووسی جیا جیا کە بە داخەوە کوسپێکی هەرە ئاستەمە لەسەر رێگای بەدی هاتنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی .
هەروەک دەزانین کوردەکانی کوردستانی ئیران و عیراق و سوریا بە رێنووسی عەرەبــــی ، کوردەکانی ئوروپا و کوردستانی تورکییە بە رینووسی لاتینی ، کوردەکانی سۆڤییــــەت بە سیریلیک دەنووسن ، بەڵام لەسەر رێنووسی ئێزدیانی کە پرتووکی پیرۆزی ئێزدییان یــانی

مسحە فارەشی پێ نووسراوە. دەبێ بڵێم بە داخەوە ئەم ڕێنووسە خۆماڵییە کوردییە دەگەڵ تێکچوون و لێک پچرانی کۆمەڵەکانی ئێزدیانی،ئێستە ئەو جۆرەی کە پێویستە دەکار ناکرێ. بەم چەشنە یەکێک لە کۆسپە هەرە گەورەکانی پەیوەندی فەرهەنگی ئێمەی کورد، نەبوونی ڕێنووسێکی گشتی و یەکگرتوویە، بۆ ئەوەی کە زانیار و نووسەر، یا خوێنەرێکی کورد بتوانێ کەڵک لە دەقێکی ئەدەبی مێژوویی کوردی وەربگرێ دەبێ پێشدا چوار جۆرە ڕێنووس فێربێ و پاشان بۆ دۆزینەوەی دەقێکی کوردی کە پێویستیەتی خۆماندووکا.

لێرەدا لە هەموو نووسەر و تۆرەڤان و زانیارە بەڕێزەکانی کورد تکا دەکەم کە دەست بدەنە دەستی هەڤ و پێکەوە پێش لە هەرشتی دی لە بیری ڕێنووسیکی گشتی دابن، چونکە هەروەک گوتمان بە بێ هەبوونی ڕێنووسیکی گشتی، گەیشتن بە ئامانجی هەرە بەرزی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کارێکی پڕ دژوارە و سەرکەوتن لەم ڕێگەیەدا خەون و خەیاڵە.

هەروەک دەزانین هەرگەلێکی مێژین خاوەنی زمان و فەرهەنگ و تۆرو ئەدەبی تایبەتی یە هەروا هەریەک لە گەلانی مێژینی دونیا پێشینەی مێژوویی و فەرهەنگی دیاری کراویان هەیە، کە هەریەک لەو پێشینە مێژووییانە بەڵگەیێکی هەبوونی ئەو گەلەیە. زمان و ئەلفبێتک یەکیک لەو بەڵگە هەرە گرنگانەیە. ئێمەی کورد کە خۆمان بە گەلێکی مێژین و خاوەن فەرهەنگ و ئەدەب و زمان دەزانین، دەبێ بۆ بنەجێ کردنی قسەکەمان ئەو بەڵگانە شمان هەبێ. بە شانازیەوە دەڵێم کە گەلی کورد هەموو ئەو بەڵگانەی هەیە.

ڕێنووسی مێژینی گەلی کورد کە تائیستاش توانیویەتی زیندوومێنێ ڕێنووسی ئێزدیانی یە. ئەم ڕێنووسە، ڕێنووسی مێژوویی و نەتەوایەتی گەلی کوردە، خۆماڵییە، هی کوردانە. کە وەک ڕێنووسی دیتر گەلانی مێژینی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست،وەک ئاشووری و ئەرمەنی توانیویەتی درێژە بە ژیانی خۆی بدا. ئەگەر لێزانانی خۆشەویست ئەمنی بەلەنگاز بەپاش ڤەگەر و کۆنەپەرست و گۆڕقەکۆل ناو نەبەن، پێشنیار دەکەم ڕێنووسی ئێزدیانی کە خاوەنی بنچینەیی فەرهەنگیی و نەتەوایەتی گەلی کوردە،لە سەرانسەری کوردستاندا لە جیی ڕینووسەکانی دی هەڵبژێردرێ و کاری لەسەر بکرێ و ئەگەر نقیشکانی و کیماسییێک لەم ڕێنووسەشداهەبێ لێزانانمان لەسەری کاربکەن و پتەوتر و تەکووزتری بکەن، هەروەک ئەو کارە لەسەر ڕێنووسی عەرەبی و لاتینیش کراوە.بۆ ئاگاداری لە چلۆنایەتی ئەم ڕێنووسە بڕوانە نموونەی ڕێنووسی ئێزدیانی لە گۆڤاری سروە ژمارە ١٧ لاپەرەی ٥٩

لە کۆتاییدا لە تەواوی خوشک و برایان داوا دەکەم بۆ لێک نێزیکتر بوونی زاراوەکانی زمانی کوردی جگە لە زاراوەی زگماکی خۆیان فێری زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی بن و لە جیاتی وشەگەلی داتاشراو وەک: ئەنبوژەنی، بژوونی، فێرانکو، دیژە، پۆک.کەشگێر پەرا، قزگەو دەیان و بگرە سەدان وشەی داتاشراوی دی کە وەبەر گوێی هیچ کورد زمانێک نەکەوتووە، لە وشەگەلی دیکەی زاراوەکانی زمانی کوردی کەڵک و ویچ وەرگرن.

# ئاستەنگی رۆمان لە ئەدەبی کوردی دا

حیکمەت محەمەد کەریم

کتێبخانەی گەلەکەمان ، وەکو نووسین و ... وەرگێڕان ، لەکتێبخانە هەرە هەژارەکانی کاروانی کەلتووری جیهانە . ئەگەر ئەم هەژارییەش پۆلێن بکەین ، رەفەی رۆمانی کتێبخانەکە هێندە هەژارە ، سوالّی پێ دەشێ .

لە هەفتاکان بەدواوە ، تازە تاک و تەرا رۆمانی کوردەواری کەوتوتە دەستی خوێنەرە پەروشەکانی رۆمان . ئەمەلەکاتێکدا تەمەنی نووسینی رۆمان لەجیهان دا ، نیوهەزار سالی تێپەڕاندووە ، کەچی لە شیعر و شاعیران دا ، لەونەتەوانەی لەوتەمەندا رۆمانیان نووسیوە ، فرە رەنگین ترین . رەنگەلای زورینە نەزانراوبێ کەئێستا ، ژمارەی شاعیرانی کورد لەژمارەی شاعیرانی وڵاتە پێشکەوتووەکان ، وەکو : بەریتانیا ، ئیتالیا ، فەرەنسا ، ژاپۆن و .... تاد زۆرترە . هۆیەکەشی حازر بەدەستە ، ئەویش پێشکەوتوویی ئەوان و پاشکەوتوویی ئێمەیە . هەلبەتە لەمەشدا مەبەست ئەوەنی یە کەشاعیرێتی و شیعرنووسین هێندەساتایە ، تەنانەت لەناو میللەتە دواخراوەکانیش دا ، بێ ژمار شاعیران هەلدەکەون . مەبەست ئەوەنی یەو واش نی یە .

شیعر لە هونەرە مەزنەکانی ژیانە . تەنها بەهرەمەندو هوگرانی راستەقینەی شیعر توانای هۆنینەوەی ئەم هونەرە بەرزەیان هەیە و بەس . ئەوانەی ئەم بەهرە پیروزەلەناخی ناخیان دا جۆش نەخوات و بەهەست و نەستی ناسکیان دەری نەبڕن ، خەتایە توخنی شیعر نووسین بکەون . مەبەستەکە ئەوەیە کەوا : بەم دواخراوی یەی خۆشمان ، بۆ شیعر وشاعیران و شیعر دوستان وا هەلکەوتووە کە بەهرەمەندانی کورد لەکۆنەوە هەتا ئێستاش ، لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆی کوردەواریا هەلکەوتوون ، هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان ، کولتووریان بەزوری ئەدەبیات بووەو شیعریش بەشی شێری بەرکەوتووە . ئیتر لەسالانی ( 639 - 641 ز )وە کە کوردستان خرایەژێر رکێفی ئیسلام و ئیسلامگەری ، کەئیسلامیش لەناو نەتەوەی عەرەبەوە داکەوتووەو بەزەبری شمشێڕیش سەپێنراوە ، لەوساوە هێدی هێدی ئیسلامگەری رۆچێنراوەتە

ناخی کوردەواری . ئیدی کێشەی نەتەوایەتی ، بەکولتوور و نووسین و نووسراویەوە، کراونەتە فـــیدای " خیر أمة أخرجت للناس ! " کاریش وا رویشتبیّ و کوردیش لەئیستا هەزارقات زیاتر بەندەوازەی ئایینی ئیسلام بووبیّ ، کەواتەسەیر نەبووە زانا و دانا و بەهرەمەندانی بکەونەژیر کارایی زمان و کولتوور و ئەدەبی نەتەوەی ئیسلام ( عەرەب ). لەناو ئـــەدەبی عەرەبیش‌دا ، پیش داکەوتنی ئیسلامیش ، شیعر باوبووە . ( الشعر الجاهلی )دوای ئەوەش، دەتوانین بلّێین هەتا ئیستاش ، شیعر هەربرەوی هەبووە و هەیە . ئیسلام کەتێکەلاّوی حوکم وەبووش بەئایینی قەلّەمرەوەکانی روژهەلات ، کورد هەرژیّردەستەی نەتەوەسەردەستەکـان بووە ( عەرەب ، تورک ، فارس ) تورک و فارسەکەش جگەلەوەی کەوتوونەتە ژیـر کـارایی ئایینی ئیسلام ، شیعریش برەوی تەواوی هەبووەلەناویان‌دا . سەرەنجام شیعر لەچـوارلاوە پەلاماری داوە . گەر راستی‌یەکان بخرێنە ئەوقوناغانەوە ، ئاسایی‌یە شیعر بالادەست بی ، کە بووە . شیعری کوردیش واگەشەی کردووە و گۆراوە ، پیّمان لی هەلّنە بریوە گەربلّێین : شیعری کوردی هەمیشە پێشەنگی روشنبیری بووە و لەم نیوسەدەیە بەدواشەوە ، بەشیوەیەکی گشتی . شیعری کوردی هاوتای شیعری پیشکەوتووی جیهان پیشکەوتووە ، ئەمەش وەچەدوای وەچـە ، ئەویندارانی گولّشەنی شیعری کوکردوتەوە . هەتا ئیرە بالادەستێتی شیعر ئاسایی‌یە .بەلام:

سەیرەکە لەوەدایە ، سەرەرای گورانکاری‌یەکانی جیهان و ناوچەکە و دەولەتانی داگـــیرکەری کوردستانیش ، ئەندێشە ، ئەدەب و هونەر ، بەپیّی سەردەمەکە پەرەیان درابێت دیاردە دەرکەوتووەکەی پەرەپیدانەکەش ، چ لەجیهان و چ لەناوچەکەدا ، کەهەولی بۆ نووسراوەولەسەری نووسراوە ، وەرگیردراوەو لیّی کولراوەتەوەو چەسپێندراوە . . . رۆمـانە . کەچی ئەفسوس ویّرای ئەو نرخ و بایەخەی رۆمان لەجیهان و ناوچەکەدا هـــەیـــەتی ، لە کوردستان‌دا ، گویّی نەدراوەتیّ . ئایەومایە هەتا ئەم دوایی‌یە ، لەپەنجاکانەوە هەتا ئیستا، کورتەرۆمانەکەی رەحیمی قازی ( پێشمەرگە ) و ( ژانی گەل )ەکەی برایم ئەحمەدو ( قەلاّی دمدم ، ژیانابەختەوەر ، هۆیبوّ ) ی عەرەب شەمۆو ( خاتی خانم ، گوندی دلێران ، جـــەنگ لەچیادا ) ی عەلی عەبدولرەحمانە . . لەم سالانەش‌دا دووبەشی ( هەرەس ) و (تۆلّە )ەکەی محەمەدموکری و ( شار ) ی حوسەین عارف ( کوێخاسیّوی ) ی عەزیزی مەلارەش و(کۆردەرە )ی خەسرەو جاف و ، ( چیای بەخوین ئاودراو ) ی باقی نازی و ( بەرەوئەشکەوتی دلیران ) ی گەلاویژ و کورتەرومانی ( راوەماسی ) فازیل کەریم ئەحمەدە . لەم دوایی‌یەش حوسین عارف رومانیکی تری بەزنجیرە ( ئەندیشەی مروقیک ) بلاوکردوتەوە . دوا کورتەرومـــانیش ( کیـوی مەزن ) ی کاروانە ئەمسال بلاوکرایەوە . رەنگە هەتا ئیستا دووسی هەولی دیکەش هەبن .

** لیێەبوردن !

ئەوەتەی ئەدەبی کورد سەری هەلّداوە ، گەر هەتا چلەکان و پەنجاکانی ئەم ســەدەیەش ، نووسەرانمان لەرۆمان ئاورنەدانەوەیان ( نووسین ـ وەرگیّران ) بەزەبری هەل و مەرجەکان باری پیشکەوتن ، لیبوردرێن ، ئەوە لەوەبەدوا جیّی شایەنێتی بگوترێ بواری لیبوردن لــە

رووی نووسەرە بەتواناکان دەتەنرێتەوە، دەکرا و دەشبوو، چەندین ئەدیبی گەلەبی ڕۆمانەکەمان، بەرپرسیارانە دەرکیان بەپیداویستی پڕکردنەوەی کەلێنی ئەم کەمتەرخەمی یە کردبا و خەریکی نووسینی ڕۆمان و لێکۆلینەوە بان. باهاوشانی میللەتانی لەخۆمان پێشکەوتووتریش نەبا، بەلام گەر (٢%) ی ئەوانیش با، خۆ هیچ نەبێ پاشان و ئیستاش ئەوکەمە نووسینەی بواری ڕۆمان، دەبووە ئەزموونیکی سودمەند. بەرە بەرەش پێش دەخرا. ئیستە میللەتانی کە ئەزموونی ڕۆمانیان هەلدەسەنگینن، ژمارەیەکی زۆری ڕۆمان وڕۆمان‌نووسینیان داوەتە بەر ڕەخنەی ئەوتۆ، کە زۆربەیان تەنها لەریزکردنی بیبلۆگرافیای ئەدەبی خۆیان دا بایەخی ژمارەو سالّی نووسینیان پێ براوەو بەس.

رەنگە هەبن بلّێن: نووسەرانی چلەکان و پەنجاکان و لەوەودواش، ئەوانەی ناسراون و دەیانناسین، هەر هێندەیان لەدەست هاتووە و دەهات کە کردوویانە. یاخود لەوە پتر دەرفەتیان نەبووە بنووسن کەنووسیویانە (بەزۆریش بوونەتە شاعیر). ئیتر بولی‌نەبوردرێن ... ؟ ئەم جورە رایانە پیویستە بەبی لیبوردنەوە تینەپەرن.

راستە ڕۆمان زادەی پێشکەوتنی کۆمەلّی سەرمایەداری و شارستانیەتی چینی نوێیە. راستیشە نەدەکرا لەسەر زەمینەی سەرمایەداری دا، بەشێوەی کۆنینە، یان بە ئەفسانە و ئەفسوونی درۆزنانە، جیهانی ئەدەبی سەرمایەداری برازێنرێ. تەوژمی ژیاری سەرمایەداری، لەهەموو بواروبوارێک دا، نوێ کردنەوەو نوێ خوازی دەویست. ڕۆمان تاج لەسەر نانی بەشی ئەدەبی ئەدەبیاتی سەرمایەدارییە. هەتا ئەو قۆناغانەی سەرمایەو سەرمایەداری قوناغەکانی گۆڕان و گەشەکردنی بری، نەدەکرا لەناو میللەتیکی دواخراودا کە هیشتا لە سەدەکانی ناوەراست دا پرخەی خەوی دەرەبەگایەتی دێ، خوازیاری شارستانیەتی سەرمایەداری بین، بەئەدەبیشەوە. هەروەها نەدەکرا ئەدیبانی ئەومیللەتانە خەوێکی خوشیش بە ڕۆمان و نووسینی ڕۆمانەوە ببینن. بەلام پاش ئەوەی سەرمایەداری هەلکشا بۆ ئیمپریالیزم و بازارەکانی جیهان گرێی بەرژەوەندی چینایەتی بۆرژوایی دران، سەرمایەداری و شارستانی یەتە پیشکەوتووەکەی بلاو بوونەوە، ئیتر بۆی هەبوو میللەتانی وەکو کوردیش، گەرچی ژێردەستەی ژیردەستەکانی ئیمپریالیزمیش بوو، ئەدیبانی تەکانێ بدەن و ئاورێ لە ڕۆمان بدەنەوە.

داهێنانیش، مەرج نییە تەنها مولّکی میللەتەپێشکەوتووەکان بێ، گەرچی پیشکەوتن ڕۆلّێکی زور ئاریگەری هەیە لەپیگەیاندن و پەروەردەکردن‌دا. دەشێ لە ناو میللەتەدواکەوتووەکان و میللەتەناوەنجی یەکانیش‌دا، بەهرەمەند و داهێنەر، خولقێنەر و ئەدیبی گەورە هەلکەون و بەسەرنەریتی باوی گەل و چینەکان‌دا باز بدەن و خزمەتی گەورەش بە مرۆڤایەتی و شارستانیەت بگەیەنن. ئەمە راستی یەکی سەلمێندراوی بێ چەند و چوونە. لە ژیاری دێرینەوە هەتا ئیستا هەزاران بەلّگە ئەو راستی یە دەسەلمێنن. یۆنانی کۆن مەلبەندی شارستانیەت و فەلسەفەو هونەر و ئەدەب بووە. ئیستاش لەچاو ولاتە پیشکەوتووەکان بۆتە سەیرانگا. عیراق، میسر، هیندوستان و چین، خاوەن کونترین نووسراو و

شارستانیەتن . ئستاش داخەکەم بوونەتە پاشەنگی کاروانی پیشکەوتن .ئەم راستییە لە جیهانی ئەدەبیش‌دا هەروایە . لەناو عەرەب دا موتەنەببی‌یەکی دیکەو لەناو فارس دا فیردەوسی و حافزیکی دیکەو لەناو ئنگلیز دا شکسپیریکی دیکە ولە ئەمەریکا دا ئەلیوتیکی دیکە و لەناو رووس‌دا پوشکینیکی دیکەو لە ئیسپانیا سیرڤانتسیکی دیکە . . .تادهەلنەکەوتن.

چوارسەدسال لەمەوبەر لە ئیسپانیادا ( سیرڤانتیس 1547 - 1616 ) داستانی ( دۆن کیشۆت ) دەنووسی ، کەگەورەترین شاکارەرۆمانی جیهانی رۆمان نووسینە ،ئەمە لەکاتیکدا ئیسپانیا لەولاتە سەرمایەداری‌یە هەرە هەرەپیشکەوتووەکان نەبووە ، کەچی رۆمانەکەی لە دژوارترین هەل و مەرجی خۆی‌دا ، واتە لەناو زیندان و پەت پەتێنی‌مان‌و نەمان‌دا نووسیوە. وێراش ، ئیدی تەنها بەوشاکارە مەزنە ئیسپانیا بۆ هەتاهەتایە نەبووەلانکی راژاندنی هەمیشەیی رۆمان و شاکاری رۆمان . دوای دووسەدسال ڤیکتورهۆگۆ و بالزاک لە فەرەنسادا هەلکەوتن . تۆلستوی و دیستوفسکی لەروسیا ، ساموئێل ریچاردسون لە ئینگلستان ،دەردەکەون. دوای ئەمانەش ، کافکا وگۆرکی و ئیڤان تورگینیف ... تاد . دوای ئەو بازبازێنەی رۆمان نووسەگەورەکان ، جارێکی دیکە لەیونان‌دا نیکوس کازانتزاکی دروست دەبێ ودەبێتە گەورەترین رۆمان نووس . لە ئەمریکادا هەمەنگوای و لەوێشەوە بازدەدا بومیسری نەجیب مەحفوز، رەوتی ئەم گۆرانەی شاکار وکەلەنووسەران لەوێش‌دا ئۆقرەناگرێ. . .هەلدەفرێ بۆ کولومبیای دواکەوتوو ... لەناو ژانەکانیا گابریل مارکیز لەدایک دەبێ ، لەفەرەنساش‌دا ئەندریە مالرۆ ، کورەتورکی نووسەکەی خوشمان ، یەشارکەمال لەم بەری روژهەلاتەوە سەرەتاتکێی کەلێی و شاکاری‌یەتی . لەم چەندسالەدا ( 1986 ) وولی سۆنیکا لەنیجریاوەلەسەر رومانی ( المفسرون ) خەلاتی نۆبل لەوسەدان نووسەرەی ولاتە هەرەپیشکەوتووەکان هەلدەفرێنێ . واش لێک دەدرایەوە کەدوای گابریل مارکیز ئاسان نی‌یە کەسیکی دیکەئەم خەلاتە وەربگری ، کەچی ( وولی سۆنیکا ) وەری گرت و دوای ئەویش نەجیب مەحفوزیش قۆستی‌یەوە .

** بە ژیردەستەیی نی‌یە !

گەر بەدواکەوتوویی و ژێردەستەیی و نەبوونی قەوارەی سیاسی و داسەپاوی کولتوور و بنچینەکانی ئایین گەری با ، نەدەبوو چەندین شاعیری گەورەی شیعری کوردی‌لەکوردستان‌دا هەلکەوتبان . تارادەیەک ئەحمەدی خانی ( 1650 - 1774ز ) بەشاکاری مەم و زین، توانی هەمان دەوری شاعیرانی(رێنسانس ـ چاخی راپەرین ) تارا دەیەکی دیاربببینێ، ئەمە سەرەرای نەبوونی بەرهەلستی ئایینی و پیک نەهاتنی تەواوی دژایەتی کردنی بنەماکانی سیستەمی دەرەبەگایەتیش لەو دەمەدا . خۆشی بەوشیوەیە سۆفی‌یەکی موسلمان بووبی ، کەچی بانگی ئازادی و رزگاری دژی خەلیفەی عوسمانی و شای سەفەوی داوە . دیارە ئەمەئەو کاتە ( کفری موتلەق ) بووە . دوای ئەویش لەسەردەمی ( بابانەکان ) دا ، شاعیرانی‌ئیجگار پایەبەرزی کوردی پاراو نووسی وەکو : نالی ، کوردی ، سالم ، مەحوی و حاجی قادر و شیخ رەزا و . . . تاد گیانی کوردایەتی و کوردی نووسین دەکەنەپەیامی ژیان و ئەدەبیان . ئەم شاعیرەبەرزانە ، پیویستە تەنها بەهەرەوبەهرەمەندی‌یەکەیان لەبەرچاو نەگیری کە زوریش

گرنگن ، چونکە بچووکترین کەمتەرخەمی ئەوان ، لەبەرهەرهۆیەکی ناهەمواری ئەو سەر دەمانەوە روویدابا ، ئیستا ئەدەبی کورد ، لەوشاعیروشیعرە بەرزو نەمرانە بێ بەش دەبوو. بۆیە پیویستە هاوشانی توانا و بەهرەی بەرزی ئەو شاعیرانە ، پشوودرێژی وپەرۆشی کۆششی بێ وچانیشیان بۆ ئەدەب و کەلتووری کورد و ئازادی لەبەرچاو بگیرێ و بشکرێتە پیوانەی پیوانەدنی بوارەکانی دیکەی بەهرەی دوای ئەوانیش .

جەلادەت بەدرخان کە شکۆڵی روژنامەگەری کوردی بەئاوارەیی ولات بەولات نەگێرابا و روژنامەی کوردستانی بۆکوردستان دەرنەکردبا ، چ زیانێ سەرەنجامی ئەو کەمتەرخەمی‌یە بەر مێژووی روژنامەگەری کورد دەکەوت . ئەو کەمتەرخەمی نەکردن و پەروشی و ئازایەتی نووسینە ، زۆر گرنگن ، هەر زۆر زۆریش .

لەباسکردنی ئەو نموونە مێژوویی‌یانەوە ، دێینەسەرباسی چلەکان و پەنجاکان ،کەگوتمانە رەنگەهەبن بلێن نووسەرەکانی لەوەزیاتریان پێ نەدەکرا کەکردوویانە . لەوەش پتتر دەرفەتیان نەبووە کەبوویانە . دەلێین چەندین شاعیر و نووسەری ناسراویان گەرپەروشتر کۆشابان ، ئازایانەتر هەولیان دابا ، دەیانتوانی خەمێکی قوولتری رۆمانیش بخوێن و کتیبخانەی گەلەکەمان وا بەهەژاری نەهێلنەوە . هەندێکی بەرچاویان ، زمانی‌کوردی‌سەرزیان زانیوە ، رووداوی زوریان دیوە ، توانای پەخشان و چیرۆک و دراما نووسینی گرنگیان هەبووە، ئاگایان لەرۆمان و نووسینی رۆمان بووە ، کەچی مخابن ، نەیانتوانیوە ئەوهەول و توانا و دەرفەتانەی بۆیان رەخساون ، لەبواری رۆماندا سوودیان لێ وەربگرن وسوودیان پێ بگەیەنن .

لەجیهانی ئەدەبیاتیش‌دا ، دیاردەیەکی نامۆنی‌یە شاعیر ، چیرۆک نووس ، نووسەری بەشەکانی دیکەی ئەدەب ، رەوت بگۆرن و بچنەسەر بەشی ئەدەبی دیکە . یان هاوکات لە چەندین بەش‌دا بنووسن . نرخ و بایەخی چیرۆکەکانی ( جەمیل صائیب ) و ( ئەحمەد موختاربەگ ) ، لەچاو شیعر و بەرهەمەکانی دیکەیان‌دا ، زۆر زیاترە . مەکسیم گۆرکی لە دەرگای شیعرەوە هاتەناو ئەدەب و پاشان کەلکەلەی رۆمان نووسینی کەوتوتەسەر . نیکوس کازانتزاکی بەشاعیری دەستی پێ‌کرد ، تەنها داستانەشیعری ( ئۆدیسە )کەی ( ٣٣ ) هەزار دێرە . هاتە سەر رۆمان . یەشارکەمالیش هەروەها . ( ژانی گەل ) یش ، بۆ ئەدەبیاتی کوردی گەلێ لەشیعرو چیروکەکانی نووسەرەکەی گرنگترە .

هەیە بتوانێ بەخۆشی بسەلمێنێ کەئەگەر نووسەری ( ژانی گەل ) برایم‌ئەحمەد،بەردەوام با لەسەر نووسینی بەرهەمی دیکەی وا، ئیستا یەشارکەمالیکی دیکەی دەقی کوردی نووس هەلنەدەکەوت . دەشگوترێ جگەلەژانی گەل ، دوو رۆمانی چاپ نەکراوی دیکەی هەن خۆشی لەپاشەکی ژانی گەل‌دا لەژێر سەردێری ( چەند ووشەیەک لەبابەت ئەم داستانەوە ) دەنووسێ :

" جگە لەوداستانەی لە ( 1934 ) نووسیبووم و لام وایەجارێ کاتی بلاو کردنەوەی نەهاتووە "

واتە سالی ناوبراو کە دەکاتە پەنجاوشەش سالْ لەمەوبەر ، دەستی داوەتە رۆمان نووسین، بەلاّم بلاّوی نەکردۆتەوە . ژانی گەلیشی نیسانی ( 1956 ) نووسیوە ، سالی ( 1973 ) بە کتێبی کەوتۆتە بازار . ( 17 ) سال دوای نووسینی . ئەوسالانەش ، سالانی پر لە رووداوی عیراق و کوردستانە . گەورەترین وەرچەرخانی شورشی ( 14 ) ی گەلاویژی تێ دەکەوێ شورشی ئەیلولی (61 ) تیا هەلدەگیرسی . کیشەکانی دەتە قیندریتەوە .لە هەمووحالەتیکیشدا ، ماموستا برایم ئەحمەد ، دەرفەت و توانای چاپکردنی ئاشکرا و نهینی ژانی گەلی هەبووە . باشە ، کێ هەیە ئەمە بەنەشارەزایی و لەدەست نەهاتن و کەم توانایی نووسەرەکەی بزانێ..؟ نووسەرێ بەوهەموو کارامەیی ئەدەبی‌یەی کەتوانیبیتی لە ( 1934 ) دارۆمان بنووسێ ، گەر بلاوی کردبا وبەردەوام با لەسەری ، ئیستا چەندین بەرهەمی نایاب تری دەبوو. بەلام بەداخەوە ، ئەودە یان سالە ( چلەکان و پەنجاکان ) کە ( سی‌یەکان وشەستەکانیشی)دەچێتە سەر ، بەفیرۆ لەکیس ئەدەبی میللەتەکە رویشتوون . ئەمەسەبارەت بەنووسەری ناوبراو وابووبێ کە هەمیشە ئەوەی بۆی ئاسان بووە چاپ و چاپکردن و چاپخانە بووە ، سا بەنهینی بووبی یان بەئاشکرا ، داخۆ دەبێ بۆ نووسەرانی دیمان ، کە دەرفەتی چاپدان ولەچاپدانیان کەمە ، یان هەرنەبووە ، داخودەبی ئەوبی‌دەرفەتی‌یە چەندی کارلەچەندین نووسەری بەتوانا کردبی و بەهرەو هەوێنی چەندانی تاساندبێ ...؟ بەهەرشیوەیەک شەن و کەوی کەین ، بە پێی ئەو پیوانەیەی لەسەر شاعیرەکلاسیکی‌یەکان لەمەر پەروش و پشوودریژی بەکارمانهانی چەندین نووسەری بەرچاو قەرزاربارى ئەم بارەهەژاری‌یەی بی رۆمانی گەلەکەمان دەبن . چ وەکو وەرگێران ، چ وەکو نووسین و لیکولینەوەو هان دان .

-بروانن .

" تەقەلادانی هەولی لەکوری چیروک نووسین دا و یەکێ لەتاقیکردنەوەکانی‌ئەوە بووە کە یەکەمین جار پری کردووە بەرۆمان نووسین‌دا و ویستوویەتی رۆمانیک لە بابەتی ( دایک ) ی گورکی یا ( ئاناکارنینا ) ی تۆلستۆی یا (کلۆلان ) ی هۆگۆ بنووسی و بەرلە هەموو شت ناوی لێ ناوە ( خیۆی گەرەک )کەکت‌ومت‌نمونەیەکە لەکەسانی رۆمانەکەی ( گۆرکی ) .بەلام دانیشتوانی گەرەکی سەرشەقام بوون لە سلیمانی ، ئەم کارەشی بەمستەوای ئەووەختەنەزانیوەو دراندوویەتی "

ئەم دەقە ، لەسەر نووسەرێکی فرە بەتوانای ئەدەبی کوردە ، ( کاک حوسەین‌عارف )ئەوەی دوور و نزیک ئاشنا بەتی لەتەک ئەدەبیاتی کورد دا هەبێ ، دەیناسێ . بەپێی سالّی بەرهەمەکانیشی بێ ، سالی ( 1959 ) کورتەچیروکی ( لەکۆری خەبات ) ی نووسیوە . بەمەش‌دا دەردەکەوێ کەتەقەلادانی هەولیشی کەپری کردووە بەرومان نووسین‌دا هەلبەتە دەکەوێتە پێش سالی ( 1959 ) ، واتە زیاتر لە ( 30 ) سال لەمەوبەر وبیست و حەوت سال پییش نووسینی ( شار ) کەیەکەم رۆمانی نووسەری ناوبراوە . بەلام وەکوخۆی گوتوویەتی لەبەرئەوەی وەکورۆمانە بەناوبانگەکانی جیهان بۆی نەهاتۆتە دەست ، ( خیۆی گەرەک ) ی دریوە . چاکە : ئائەمە چ زیانیکە نووسەر لەخۆی و لەئەدەبی کوردی داوە ...؟ چ نووسەرێ

لەم جیهانەدا هەیە کەدەست دەداتەنووسین گرەو لەسەر ئەوەدەکات یەکسەربێتە گۆرکی ، یان تولستوی و هوگو ..؟ بۆ خودی ئەو نووسەرانە بەوخەیالە پڕیان کردووە بەرۆمان‌نووسین‌دا هەتا خەلکی دی دوای ئەوان پەیرەوی‌یان لێ بکات ؟ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بۆ کەس نەچۆتەسەر و ناچێتەسەر . سەدبریا ( خێوی گەرەک ) چاپ کرابا وئەوکاتە (خێوی!)رۆمانی کوردی رەوێندرابا ، دەشبووە یەکەم رۆمانی چاپکراوی عیراق . بەلام بەداخەوە ، دوای ئەوەش بیست و حەوت سال رۆمانمان لێ نەدیوە . نازانین نووسەر ، چیروکەکانی لەسەر یەک وەکو ( چای شیرین و گەلەگورگ ) ن .. ؟ دیارە هەرگیز نەء . وا (شار) یش ، دوای بیست و حەوت سال ، دوای قال و قول بوونی نووسەرەکەو پیشکەوتنی جیهان و جیهانی رۆمانیش ، نووسرا ، ئینجا بەهەموو دلنیایی‌یەک ، هەرگیز ناچێتە ریزی رومانەشاکارەکان بێ کەم و کوری و هەلەش نی‌یە ، وێراش ، خزمەتیکی بەرچاوی ئەزموونی رۆمانی کوردی‌یەو مایەی دلخوشیشە بۆگەلێ کەکیمیاکوژ دەکرێ ، کەچی لەرۆخی جۆگەلەی خوێنی هەزاران شەهیدیدا ، گولی رۆمان رواوە .

کەم و کوری ، پەشم نی‌یە . ئەوەی نەنووسێ و بەرهەمی نەبی ، هەلەوکەم و کوریشی لەسەر ناکرێتە مالێ . بەلام نووسەر گەربیەوی پەیامی مرۆڤایەتی بگەیەنێتەئاکام ، هیندەی پێی رادەپەرێ و بۆی دێ ، هەوێنی روژگار دەخاتە ناوبەهرەوبەرهەمی ئەو هەل‌ومەرجە دەهونێتەوە . ئیدی لەمێشکی خویا ، لەبەرئەوەی نەتوانێ ببێ بەکەلەنووسەر و شاکاری جیهانی نەخەملێنێ ، نابێ بکاتە کوسپی ئەو توانا ئەدەبی و هونەری‌یەی دەکرێ،لەوسات و کاتانەی ژیانی‌دا ، خزمەتی پی بکات . بی گومان هەرکەسی بەپێی توانا ولێهاتوویی خۆشی دەنووسێ . نەلەسروشتەوە هیچی بۆ هەلدەپۆقی و نەلەخەلوەتیش‌دا سرووشی بۆدێ .

ئەوجورەی پیک هاتن و ژیان و پەروەردەو داهێنانی ئەدەبی و توانای دەربرین وخەملاندنی بەهرەو بەرهەمە ، کەراستەوخۆ وناراستەوخۆ ، ناخی بەهرەمەند دوور لەئارەزوو ، دوور لەحەز و لەزەت،، دوور لەگوشار وفشار ، دەخروشینێ و داهێنانێکی پێ دادەهێنێ.بۆشایەتی ئەمەش ، ئاماژە بەرەخنەیەک لەسەر رۆمانیکی شاکاری جیهان دەکەین :

" هەلبەتە پیویستە بزانری کە ( دۆن کیشوت ) لەرووی تەکنیک و هونەری رومان نووسین ، هیندە بەرجەستەنی‌یە ناشتوانین نووسەرەکەی لەهەلە و بەهەلەچوون بێ بەری بکەین ، لەگەل هەموو ئەوانە وسەرەرای ئەوەی ( دۆن کیشوت ) بەرهەمیکی هونەری تەواو نی‌یە ، لەریزی گەورەترین و بەرزترین رۆمانەکانی جیهان دەژمیردرێ " .

ئەمە راستی‌یەکە سەبارەت بەبەناوبانگترین رۆمان نووس و رومانەکانی جیهان کە لەسەرەتای‌سەدەی‌هەقدە هەمەوەتائیستا زیاترلەهەزارجار وبەزیاترلە (٣٠)زمانی جیاوازچاپ و بلاوکراوەتەوە . تەنها لەشورەوی دا لەسالی ( ١٩١٧ ) وە ، پەنجا جار وهەرجاریکیش (٩٠٠) هەزار تیراژ وبەچواردەزمان وەرگێڕاوەوتازەکراوەتەوەوچاپ کراوەتەوە. دەبا رۆمانی کوردیش ، وەکو ئەزموونی سەرەتایی چەندین کەم و کوڕی هەلەوبەهەلچوونی تیابا ، هەر وەکو ئیستاش هەیە . بیگومان بۆ پاشەروژ ئەو هەلەو کەم و کوڕیانە ، یان نامینن،یان کەمتر

دەکرێن . ( مارک شور ) رەخنەگری بەناوبانگی ئەمریکایی ، دەڵێ :

" لە بیست و پێنج ساڵی رابردوودا ، لە ولاتە یەکگرتووەکاندا ، رۆمانی گەورە و زۆرمان هەیە ، بەلام رۆمانی باشمان نەبوو . "

گەر رۆمان نووسە ئەمریکایەکان تەنها بە تەمای رۆمانی زورباشی وەکو (پیرە میردوزەریا )کەی هەمەنگوای بان و هەتا دلنیاش نەبان لە نووسینی وەها رۆمانیک ، پریان نەدایە رۆمان نووسین ، لەو چارەکە سەدەیەدا دەبوو توخنی رۆمان نەکەوتبان .

** شیعر و رۆمان :

سەرباری ئەو راستیانەو گەلێ راستی دیش لە مەرخەفەتی نەنووسینی رۆمان ، کە سەیری نەخشەی ئەدەبیاتی کوردی دەکەین ، سەرەرای شکاندنی تازەی رچەی نووسینی رۆمان ، مایەی پەژارەیە هیشتا ژمارەی شاعیر و شیعر رێک خەران و شاعیرۆکەکان ، زۆربەی گوڤارە ئاشکرا و نهینییەکانی شاخ و شار ، ( وادیارە لە بەربێ بەرنامەی ئەدەبی رێک و پێکیانە)، لە هەموو ژمارەیەکیاندا ، ( دیوانی شیعر ) یان تەرخان کردووە . راستە هەندێ شیعری باشی شاعیرە باشەکان لەو دیوانەپەراگەندانەدا دڵ و دەروون روون دەکەنەوە ، بەلام بە درکە ( میعری ) ئەوتۆش ، ئەو گوڵە شیعرانە دەتەنرێن ، هەتا دەگەینە بۆن کردنی گوڵالەی شیعرە گەشەکان ، ئەو ( درکە میعر )انە خوێن لە هەستی شیعر دەچکینن . سەیرئەوەیە دەیان لەوانە ، زیاتر لە ( ١٥ ـ ٢٠ ) ساڵە زوخاو بە شیعردوستان دەنۆشن و هەتا ئیستاش هیچ رەخنەگرێ باشی هەڵنەسەنگادوون ، کەچی دەسبەرداری شیعر نابن . ئەگەر بە دیوان و پوستەی خوینەران و ئیزگەو روژنامەو تەلەفزیون و هەولێ بەراگەندەبێ ، سەرجەم هەفتەی دیوانێ شیعر بلاو دەکریتەوە ، بەلام بە سالیکیش وتاریک لەسەر رۆمان نەنووسراوە . چەند ساڵ جاریکیش رۆمانێ وەرنەگێردراوە . خۆ ئەگەر ساڵی ( ١٩٣٤ ) بکەینە ساڵروژی نهینی لەدایک بوونی رۆمان ، وەکو نووسەری رۆمانی ژانی گەل گوتوویەتی کە لەوساڵەدا رومانی نووسیوە ، بەسەریەک ، بەو رۆمانە بلاوکراوانەشەوە ، ( ١٠ ) ساڵ جارێ رومانێ نووسراوە ، ئەمە لەکاتیکدا هەردوو بەشی هەرەس و کورتە رۆمانۆکەکەی تۆڵە ، لەگەل ( شار ) دا ،لە دوو ساڵدا هاوزەمان نووسراون . هەتا پیش ئەمانیش ، ( پێشمەرگە و ژانی گەل ) لە چل ساڵ زیاتر دا نووسراون و بلاوکراونەتەوە . تەواوی ئەو راستیانەش گەلالەکەری ئەوراستیەیە کەوا :

زۆربەی هەرە زۆری روشنبیرانی کوردی بە دەنگەوەهاتووی جیهانی ئەدەب ، لە بازنەی داخراوی شیعر نەترازاون . گەرچی لە بەرچاویشە کە باقی لقەکانی ئەدەب ( جگە لە رۆمان ) هەولی باشتریان لە چارەکە سەدەی رابردوودا بۆدراوە . شینەکە، بۆ رۆمان و نەنووسینی و کەمتر وەرگێرانی رۆمانە .

ئەم دەمە ،سەردەمی کونییە شاعیران بە سواری وپیادە ، زیاتر لە مانگێک دەرویشتن ئینجا دەگەیشتنە ئەستانە ، لەوێش بە ساناییی تینوویەتی شیعریان نەدەشکا . ئیستا کەم بەرهەم هەیە بەخێرایی نەیەتە بەردەست . وەکو دەگوترێ : جیهان بە ئەندازەی گوندێکی

گچکەی لێ هاتووە . چونکە بەهۆی ئامرازەکانی پەیوەندی کردنەوە ، تەلەفۆن ، تەلکس و فاکسمای * ، مانگی دەسکرد و بێتەل و تەلەفزیون و رادیۆ .. تاد ، لەئانو کاتدا هەوالەکان دەگەنە دوورترین گۆشەی زەمین . ئەمەجگە لەوەی چاپ و چاپەمەنی و نووسین وەرگێڕان و بەرهەمی زۆر ، گەلێ جیاوازترە لەکۆن ، هیچ نەبێ ، تەنانەت لەسێبەری فاشیەکانی عیراقیش‌دا ، ڕۆمانەکانی جیهان و لێکۆڵینەوە لەسەریان ،هەروەها بابەتەکانی تیۆری ڕۆمان و هونەری رومان و لیکولینەوە لەسەریان ، بەزۆری دەست دەکەون . بگرە لە دانشگای ئەدەبیش‌دا ، بەهەموو زمانەکان دراسە دەکرێن . کەچی سەرەرای ئەوراستیانەش هیشتا ڕۆمان کەمترین بایەخی دەدرێتێ و نەکراوتە بەشێکی گرنگی ئەدەبەکەمان .

نووسەران نەک وەک پیویستە خۆیان لەتەک ڕۆمان‌دا خەریک نەکردووە ، بگرە چەندین نووسەری ناسراو ، زیرەک و شارەزای زمانی بێگانەش ، بەتوانا لەوەرگێڕان ،هێندەی هۆگری ساغ کردنەوەی نامە و دیوان و بەڵگەنامەکانی ( مەلاومشایەخەکانن ) ، ( ١٪ ) ی ئەوەش خەریکی وەرگێڕان و لیکولینەوەی ڕومان بان ، خزمەتەکانیان شایەندارتر دەبوو . بریا ئەو نووسەرە بەتوانایانە ، لەنزیکەوە هەستی لەخۆشیا خرۆشاوی ئەدەب دوستانیان دەزانی کە دەبیستەوە ڕۆمانیکی نوێ وەرگێڕدراوەتەسەر زمانی شیرینی کوردی ،ئەوسا گرنگی‌کارەکەشیان باشتر بۆ دەردەکەوت .

کوردستان و کوردەواری ، پڕەلەهەزاران هەوێنی ڕۆمان و چاوەروانن .مایەی دواکەوتنە بۆکورد کەلەسەردەمێک دا ڕۆمان گەیندراوەتەپەرپەرۆچکە ، کەچی لەکوردستان‌دا هەرکەم بایەخە . دەبا نووسەرانی کوردیش ، فریای بەشیکی کەمی هەزاران هەوینەبەرهەمی کەلەکە بووی کون و نوی بکەون . نەهێڵن ئەو هەوێنانە وارەق هەڵێن ، ئیدی بەئاونگی بێ گەردی ئەدەبیش ، وایان لیبێ بەدڵی خوّمان سەوز نەبن .

مادام ژیان کۆتایی نایەت ، شێوەوچونیەتی نووسینی ڕۆمانیش لەبن نایە . چونکە جیهانی ڕۆمان جیهانی ژیانە . ژیان بەواتا ریالیست و لەریالیست چووەکەی مرۆڤ وکۆمەڵ.

گەر دیقەت لەڕەوتی گۆڕدراوی قۆناغەکان بدرێ ، دەبینین ڕۆمان بەرجەستەی جۆرا و جۆری ناوەرۆکی مرۆڤ و گەوهەری کۆمەڵە . ناوەروک و گەوهەرێ ، کەنەفەلسەفەو نەئابوری و نەسۆسیۆلوژ و نەسایکۆلۆژ و نەتیۆر و ئایدیۆلۆژیەت ، توانیویانە لەوقوناغانە بەکامی دڵ دەریان برن .

فەیلەسوفەکان . زانا و داناکان ، هەریەکێ لەجیهان بینینی خۆیەوە ، چمکێکی ژیانی گرتوەو لێکی داوەتەوە . تەنانەت بلیمەتەهەرەهەڵکەوتوەکانیش ، بەلام ، رومان نووسی بەتوانا دەتوانی کاری سیاسی و کومەلایەتی و ئابوری ئەوتوئەنجام بدات زورترها وبەشی‌گورانکاریە کومەلایەتیەکانی پێ بکات . ئەمەلەکاتیک دا باقی بوارەکان ، چەندکاریگەریش‌بن ،درەنگتر پەیامیان دێتەدی .

گرنگترین کاریگەری ڕۆمان ، لەچڕی و پڕی دەربڕینی مەنەلۆگ و دیالۆگ دایە .لە باسکردنی ناخی کێشەسایکولوژیەکانی مرۆدایە . کەهەرگیز فەلسەفەکان ، زاناسایکولوژیەکان

توانای دەربرینی وایان نی یە .

ئیستاش لەکوتایی سەدەی بیستەم دا دەژین . خۆشبەختی مرۆڤایەتیە ئەم کۆتایی یەی سەدە بۆتە خەزانی هەلۆەرینی گەلای ستەم و درۆ . ستەمی دیکتاتۆرەکان و درۆی لاف لیدانی دیموکراسی و سوشیالیزم ! هەربۆیە پیویستە رۆمان نووسەکان ، زیاتر لە سیاسی و ئەندیشمەندەکان ، شاعیر و بەهرەمەندانی دیکە ، ئەم هەلە بقوزنەوە و بکەونە ویزەی راستیەکان .

* فاکسمای : خیراترین هوی پەیوەندی تەلەفونیە .

# ئه‌رکی ئه‌مرۆی ئه‌دیبانی کورد

ئه‌حمه‌د به‌حری

گرینگی هونه‌ر به‌گشتی و ئه‌ده‌بیات به‌تایبه‌تی له‌سه‌ر کۆمه‌ڵ شتێکی شاراوه‌نیه . بۆیه به پێویستی نازانم له‌باره‌یه‌وه بدویم و ته‌نیا سووکه‌ئاورێک له‌ئه‌رکی ئه‌ده‌بیات وراده‌ی شوێن دانانی ئه‌و و هه‌روه‌ها راده‌ی به‌جێ گه‌یاندنی ئه‌رکی سه‌رشانی نووسه‌ران ده‌ده‌ینه‌وه .

ئێمه وه‌ک گه‌لێک ، خاوه‌نی ئه‌ده‌بیاتی سه‌ربه‌خۆین . رابردووی ئه‌ده‌بیاتیشمان عه‌ر وه‌ک مێژوومان خۆڵه‌مێشی فه‌رامۆشی به‌سه‌ردا کراوه وئه‌گه‌ر له‌خومان نه‌گۆڕین چی وای لێ به‌جێ نه‌ماوه . ئێمه‌ی میراتگرانی ئه‌م سه‌ده‌یه ، سووکه پاله‌پشتیکی به‌متمانه‌مان نیه ، به‌ڵکه
ڕاست به‌بێ دایک و باوکیش ده‌که‌ین . ئه‌گه‌ر سه‌رهه‌لدان و هاتنه‌کایه‌وئه‌سپی
به لیبئدانی چه‌ند شاعیر و نووسه‌ری پایه‌به‌رز و هه‌لناسی ئه‌م یه‌ک دوو سه‌ده‌یه نه‌بووبایه ، له‌وه به‌دوور نه‌بوو ئیستا هاواری " ئای له خۆمان بی که‌سێ " له‌گه‌ل شین و شه‌پورمان تێکه‌ل نه‌بوایه سورانیمان بوی له‌خم نه‌نابایه .

ئیمرۆ ئێمه ئه‌گه‌ر وه‌ک کاروانچی‌یه‌ک بروانینه رابردوو و ریگای تۆز و خۆڵ دامرکاوی ئه‌م کاروانه له‌دوور ئه‌نگێوه‌وه هه‌تا خومان به‌چاوخشانیک هه‌ڵسه‌نگێنین ، ده‌توانین قامک‌له‌سه‌ر زۆر خاڵه‌به‌هێز و بێ هێزه‌کانی ئه‌م ریبوارانه دابنێین . کاری هه‌ندیکیان ئه‌وه‌نده گرینگ و به‌هێزن ئه‌شێ به‌ده‌ستی به‌ده‌زنویژه‌وه لێیان بدوێین . هێندیکیشیان به‌له‌به‌رچاوگرتنی هه‌ل و مه‌رجی سه‌رده‌می خویان جێی رێزن و ئیمه‌ش دوعای به‌خێریان بو ده‌نێرین . بۆ ئه‌وه‌ی لینگی مردووه‌کانمان زۆر دریژتر نه‌که‌ینه‌وه ، لێفه زۆر له‌سه‌ر هه‌تیوان لانا ده‌ین و به‌ردێ له‌سه‌ر ئه‌م مه‌به‌سته داده‌نێین و ده‌چینه سه‌ر باسی زیندووه‌کان . رووی قسه‌مان‌له‌وکه‌سانه نیه که هونه‌ریان ته‌نیا بۆ هونه‌ر ده‌وێ ، رووومان له‌و که‌سانه‌یه‌که‌وه‌ک که‌ره‌سته‌یه‌ک چاو له‌هونه‌ر ده‌که‌ن بۆ خزمه‌ت کردن ، به‌گشتی بۆ ئینسان و به‌تایبه‌تی بۆ گه‌ل .داوامان ئه‌مه‌یه وه‌رن به‌یه‌که‌وه برایانه دانیشین ، کلاوه‌کانمان که‌تا ئیستا له‌حه‌ق دانه‌دراون بکه‌ینه‌قازی و بزانین چیمان کردووه ، چیمان له‌ده‌ست هاتووه و نه‌مانکردووه ، چیمان له‌ده‌ست هاتووه و

نەکراوە بیکەین، چ شوێنێکمان لەسەر کۆمەڵ داناوە.

بەڵە بەرچاوگرتنی کەندوکوسپ، هەل و مەرج، سەرجەم گشت تایبەتمەندییەکانمان دەبوایە لانی کەم لەم سەدەیەدا خاوەنی ئەدەبیاتێکی بەهێز و شوێن دانەر و ڕێنیشاندەر باین کەچی بەداخەوە وانیە. نەک خاوەنی ئەدەبیاتێکی بەتوانا و بەهێز، سەقامگیر و بنەرەتی نین، بەڵکە زۆرجار ترسی ئەمەشمان لێدەنیشێ کە گلۆڵەمان سەرەولێژ ببنەوە. نیشانە و ئاساری شوێن دانانی ئەدەبیات لەسەر کۆمەڵ بەرچاو نەکەوێ و ئەگەر هەشبێ زۆر بەدەگمەن. وا دیارە پێوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوان خەڵک و نووسەرانمان دانیە و ئەگەر هەشبێ زۆر بێ هێزە. چاو لە ئاست ئەم مەبەستە ناقووچێنین کە بۆ پێوەندییەکی ئەوتۆ هەل و مەرجی لەبار بەگشت مانایەوە پێویستە. بەڵێ ئەم هەل و مەرجە پێویستە بەڵام هونەرمەندی بەتوانا و بەهێز، لەخۆبردوو، وردبین و لە هەمووان گرنگتر دەرد و دەرمان ناسیشمان گەرەکە، کەرەستە و وەسیلەی پێوەندگرتنی جێ متمانەمان گەرەکە، ڕەخسانی هەل و مەرج و هاندان و هۆگرکردنی خەڵکمان پێویستە.

ئێوەی بەڕێز گشتتان شارەزای ئەم مەبەستە هەن کە پلەی زانستی فەرهەنگی هەر گەلێک بەستراوە بەو هەل و مەرجە ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتییە کە لە ڕابردوودا تێیدا بووە و ئێستا تێیدا دەژی و ئەم حاڵانە وەک قانوونی زرووفی بەیەکەوە بەستراون، کەمی و زۆری هەر کامیان دەبێتە هۆی نزم و بەرزبوونی پلەی ئەوانی تر. لێرەدا نامانەوی سەری ئەم مەبەستە زۆر هەڵبدەینەوە. تەنیا ئەمە دەڵێین ئێمە خاوەنی کۆمەڵێکین لە چەشنی گۆشتی سەر چەپەر، لە چەشنی خانووبەرەیەکی بناغەسست و دەرگاوپەنجەرەچەپرەک کە عەیبەکەی عەیبەی ئێمەیە. ئێمە قەڵەممان بۆ کۆمەڵێکی ئاوا هەڵگرتووە و ئەم کارەشمان دەبێ بە ئاگاداربییەکی تەواوەوە کردبێ،هەربۆیە حەقی هیچ چەشنە ڕەخنەیەکمان نیە کە مەسەلەن میللەتی ئێمە لە ئاست هونەر بێ تەفاوەتە و شارەزایی و ئاگاداری لەم بابەتەوە کەمە. دیارە ئەوکەسانەی کە بە ئاگاداری تەواوەوە ڕوویان نەکردۆتە ئەم ڕێگایەوە یان پێیان وایە بەناچار بۆلای ئەم ئێشە پاڵەستو دراون حەساویان دەبێ جۆرێکی تر بکرێ. ئێمە قەڵەممان بۆ گەلێک هەڵگرتووە کە زەمانە چەموڵەی بێزاری و تووڕەیی لێناوە، لەشی جێ ڕاوگەی سەرەتیر و سەرەپەیکانە، برینی لە هەمووان گچکەتری کۆترە باریکەی باڵ بەشۆڕابی پێدا دەفرێ، لە کۆتایی سەدەی بیستەما بێسەوادی و نزمی پلەی فەرهەنگی وەک قەڵایەکی لە ڕووخان نەهاتوو، وەک قۆشەنێکی تەیار و لە بڕان نەهاتوو، وەک دەردێکی لە دەرمان نەهاتوو گەمارۆی داوە، تا خۆی لە ڕەگوریشەی گیرکردووە. سەوادداڕەکانی چنگی بێ بەزەیان ناوەتە بینەقاقەی زمانەکەی و خستوویانە زمانەمەلاسکی، میرات و کەلەپووریشیان داوەتەبەر شەقی کەمتەرخەمی. لە لایەکی تریشەوە دەنگەوەرەی گشتی (رادیۆ، تلەویزۆن ...) هێدی هێدی بن دیواری بەروالەت قایم وپتەوی زمانەکەی دەکۆڵێ، چش لە گەورەکانی، منداڵەکانیشی لێ نەبان دەکا. بەڵێ ئێمە قەڵەم هەڵگری کۆمەڵێکین کە جاری وایە دەبێتە دارێکی بەرزی پڕبەر و سێبەر و چڵووکی هەورانلادەدا و جاری واشە گلمەتە بەردێکە بەنووکە شەقتلی دەکەن. قەڵەممان بۆ گەلێک هەڵگرتووە کە

لەبەر دەرد و ئێشی، ناوی خۆشی لەبیرچۆتەوە، ماوەی سەرخوراندنی نیە چ بگا بەمە کە پاڵ بداتەوە و بۆچوونە سەری پلەی زانستی و فەرهەنگی و هونەری خۆی تێبکۆشێ. ئەگەرخەڵکێکی بەتەواو روشنبیرمان بوایە، لەلانی کەمی پیداویستە ماددی و مەعنەوییەکانی بێ بەهرە نەبوایە، زانست و سەنعەت و تەکنولوژی کوێرەگوندەکانیشمانی بەسەربکردایەوە، هونەر و هونەرمەند رێزی بووبایە، ئەسڵەن گەلێکی ئیدەئالمان بوایە چ پیویست بە هێندە خۆماندوو کردنی ئێمە دەبوو. گەلی ئێمە نە دەستی بە زاری رادەگا و نە هاواری بەگوێ.

بەلام لە بابەت کەرەستە و وەسیلەی پێوەندی گرتن، کابراگوتەنی یا شیخ لەخۆتعە یانە. جارجار کزەبایەک دێ بەلام چ کزەبایەک، بێ هێزتر لەوەکە تەنانەت سووکە سوکنایییەکمان بخاتە دڵەوە. خۆفریودانە ئەگەر پێمان وابێ وشتر بە قاپوچکە تێرا و دەبێ و تینوێتی دەشکێ. کەرەستەی پێوەندی گرتن بۆ ئێمە بۆتە مەسەلەی هەشمە و نیشمە. ئەگەر بپرسن: " هەتانە؟ بەڵێ هەمانە. هەرچی پێمان خۆش بوو دەینووسین، پێش گێرەمان نیە، بەکەیفی خۆمان هەرچی ئیشتیامان لێ بوو دەینووسین. ئەگەر بپرسن: نیتانە؟ بەڵێ نیمانە. جێگایەک و رێگایەک نیە بۆ دەربرین و نیشاندان و لە ئیختیاری گوێگر و خوێنەرنانی بەرهەمەکانمان. تەنیا و تەنیا چارەمان ئەوەیە کە چاوەرێ بین، بۆ روژیکی ئەوتۆ کە لەناکاو دەرووییەکی رەحمەت بکرێتەوە یان روژ ژمێری بکەین هەتا ئازیزێکمان لە ئەسپی تەمەن تلادەبێ. جا ئەو دەم بە بیانووی پرسەی هەندێک ووردە نووزە نووزە تێکەڵاوی سەردولکان بکەین. خۆتان ئاگادارن کە مردووی ئاوا خۆش شانسیشمان کەمە و چلەلەزۆربەیان قاتە.

کە وا بوو ئەوەی دەمێنێتەوە ونامێنێتەوە قەڵەم بە دەست و قەڵەمەکەیدتی ولەگەڵ دنیایەک گیروگرفت. لێرەدایە کە ئەرکی سەرشانی زۆر لەوە زیاتر دەنوێنێ کەخۆی هەستی پێدەکا. رێبواری رێگایەکین پڕ هەورازونشێو، پڕ کەند و لەند، پڕ گرێ و گۆڵ، کەچی سەدمخابن تەیار نین، عیلم و عەمەل بەیەکەوە سەردێری بیروباوەرمان نیە، ماندوویی نەناس نین. بیرمان زۆر بەرتەسکتر لەوەیە کە پێداویستەکانی بەجێی گەلەکەمانی تێدا بگونجێ، تەنگتر لەوەیە کە دەردە سەرەکێیەکانی کۆمەڵگاکەمانی تێدا جێ بێتەوە. پاپۆری لەنگ و لۆری کۆمەڵ لە ناو دەریای پرجۆش و خرۆشی روژگاردا هەردەم لێرەولەوێ دەدرێ و ئێمە بە هەندێک وردەورێنە خۆ دەپەرێنینەوە و ئیدعا دەکەین کە ئەرکی سەرشانمان بەجێ هیناوە. بە نووسینی ووتارێک، شیعرێک پێمان وایە بناغەیەکی قورس و پتەوی ئەدەبیمان دارشتوە. کەچی بۆ دۆست و دوژمن روونە کە وانیە. بۆخۆشمان دەزانین وانیە. بارێکمان پێ لە سەرشانی کۆمەڵ لانەبرا، بەراشکاوی و بەتەپی عالا دەڵێین کە ئێمە جیا لە گەلەکەمان دەژین، تویژێکی سەربەخۆیین. ئاگادارێکی دەردناسی کۆمەڵ نین، قسەمان لە دڵەوە نیە هەربۆیەش ناچێتە دڵیانەوە و گوێ لە ئاستیانا داخنن، قسەمان دەستی کردەوەمانی لە پشتەوە بەستووە، زوربەی تەرازووەکانمان لەعان. ئەرزیشەکان سەردەکەن، هەربۆیەش نەمانتوانیوە سەرهەڵدەین و پیاوێکمان لە دیوان هەبێ. کەڵە هونەرمەندێکمان نەبووە، کەوەک نوێنەرێک ئەدەبیاتەکەمان بە دەرەوە بناسێنێ.

مه گین هونه ر به گشتی مه علوولی نا کۆکی نا وکۆمه ڵ ، کرده وه و دژکرده وه ، نا له با ری ژیا نی کومه لایه تی،مه ینه ت وسه خله ت ،به ره نگا ری ئینسا ن له گه ل ئینسا ن و سروشت نیه ؟ مه گه ر ئه م جۆره با به تا نه نا بنه هوی خولقا نی ئه ده ب ؟ ده ی که وا یه بۆچی له کا تێکا ده ردوخه مه کا نما ن له کیوه کا نما ن گه وره تر و قورسترن ، هه لۆیسته ئه ده بیه کا نما ن ئه وه نده بچووک و بێ نرخ و بێ برشتن ؟ بۆ ته نا نه ت نا بنه شنه یه ک و تۆزقا ڵه سووکنا ییه ک نا خه نه دلێ ئه م میلله ته وه !؟ لیره دا کێ خه تا با ره ؟ ئیمه ؟ کومه ڵ ؟ یا ن هه ل و.مه رج ؟ وا دیا ره ئه نگوستی ئیشا ره ت زۆرتر بۆلای خۆما ن را ده کیشرێ .

ئیمه وه ک دکتۆرێک چا و له کۆمه لێ نه خۆشی خۆما ن ده که ین و به هه موو هـــیز و توا نا وه میشکما ن ده کوشین بۆ نووسیینی با شترین نوسخه یه کی که له ده ستما ن دێ به لام کا ریگه ر نیه . چا ره چیه ؟ وا با شه ده ست له کوڵ ئه م نه خۆشه بکه ینه وه با به ده ردی خۆیه وه بنا لێ و ئیمـه ش بکه وینه شوین ئیشێک که له شا ن و با هوما ن ده وه شیته وه . به لام ئه گه ر خۆ به به رپرس ده زانین و عه زمما ن جه زم کردووه که ده بێ ده ستما ن له چا ک بوونه وه ی ئه م نه خۆشه دا هه بێ ،پیویسته بسه لمینین که له حا لێ حا زردا له لایه که وه جۆره که مته رخه مییه کی جه رگ بڕ به سه رمـــا ن دا زا ڵ بووه و له لایه کیشه وه پله ی زانستی و ئا گا دا ریما ن که متر له وه یه که ئه م نه خۆشـــه به جـێ و با نه ی پێ بخریته سه رقا چ .

ئه گه ر بریا رما ن دا وه ریبوا ری ئه م ریگا یه بین و له ئا ست هیچ گرێ و له مپه ریـــک کـــوڵ نه ده ین ده بێ سه ربه سه ری یه که وه بنیین و سه رجه می ئا کا روکـــردا رمـــا ن ، را ده ی پلـــه ی زا نستیما ن ، را ده ی شیلگیربوونما ن ، توا نا ییما ن ، ئیشق و پیوه ندیما ن ، بیروبۆچوونما ن... بخه ینه ژیرعه لامه تی پرسیا ره وه . ئا زا یا نه ئه نگوست له سه رعه یبه کا نی خۆما ن به مه به ستی چا ره سه رکردنیا ن دا بنیین . با چیتر له ده وری ئه م جه غزه له برا ن نه ها توه خول نه ده ین هـه ر ئه و جۆره ی که ئیستا خول ده خۆین . ئیمه خۆما ن به نووسه را نی ئه م گه له ده زا نین شیا و نیـــه وه ک که و سه رما ن بخه ینه ژیر به فره وه . به ره ی دا ها توو تروما ن ده که ن . تا لێ ئیمرۆ به هـــومیدی شیرینی سبه ی رۆژ قووت ده ده ین . ئه و سبه ی رۆژه ی که بنا غه ی له ئیمرۆ وه ده ست پیده کا .

مه ها با د:

# بەیتی فۆلکلۆری و شیعری کوردی نوێ

نووسینی : مارف ئاغایی

شیعری نوێی کوردی کۆرپەی پێگەیشتووی بەیت و سترانی فۆلکلۆری یە . دیارە کە شیعری نوێی فارسی دیاری یەک بوو کە ( نیما ) پێشکەشی ئەدەبیاتی فارسی کرد . لە ئەدەبیاتی کوردیشدا مامۆستا ( شێخ نوری شێخ سالح ) ئەو رچەیەی شکاند و مامۆستا ( گۆران ) یش نەیهێشت رێگاکەی کوێربێتەوە . بەلام ئەمن پێم وایە ئەوکارەی ئەو مامۆستایانە کردیان ئاوڕدانەوەیەک بوو لە بەیتە فۆلکلۆری یەکان .

تەمەنی شیعری نوێی کوردی رەنگە لە سەدان سال پێشەوە دەستی پێکردبێ وماوەیەکی زۆر درێژەی بووبێ . بەلام پاشان بەهۆگەلێکی وەک کارتێکردنی ئەدەبیاتی دراوسێ وئاشنایی زۆرتری خوێندەوارانی کورد لەگەل ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسی وعەرەبی جێگای بۆ شیعری کلاسیک چۆل کردبێ .

بەیت و سترانەکانی کوردی ئەو راستی یەمان بۆ دەردەخەن کە وێژەرانی ئەو بەیتانە وەزنیان ناسیوە ، بەسەر قافیەدا زال بوونە و توانیویانە شیعری کلاسیکیش بلێن ، بەلام بە ئانقەست ، بۆ باشتر دەربڕینی هەست و سۆزی دەروونی هانایان بردۆتە بەر شیعری نوێ.بۆ وێنە بڕواننە وەزنی ئەو بەشە لەبەیتی سیسەبان :

سوبحان ژ شاهی کەریم   مەعبوودی پڕ کەمالە
پر فەزل و نیعمەتعەزیم   مونەزەهی زەوالە
دی گەرین چەرخا قەدیم   دو روژا ، سال بسالە

یا بڕواننە وەزنی ئەو بەشە لەبەیتی هەمزاغای مەنگور :

سەلیم خانی چەرداروو   وەک بوری دەچریکینی
دەگەل تفەنگی دەیهاویشت   لەخالی شیخی دەدا!
لەزینی دەترازینی

وێژەرانی بەیتە فۆلکلۆرییەکان زۆرجار سەنعەتی شیعری کلاسیکیان بەکارهێناوە و بە زانستێکی تەواوەوە هەست و سۆزی خۆیان لە وقالبانەدا دەربڕیوە . بۆ وێنە ئەو تەرجیع بەندەی کە لە بەیتی سامسامدا هاتووە :

دەنگی ئاغام لە بڵیندان دێ — سەدای سام سام لە بورجان دێ
هەر لە سبەینێ تا نیورۆیە — لەشکر ساز بوو درا لە کۆیە
سام سام رۆیی بۆ زاخۆیە
دەنگی ئاغام لە بڵیندان دێ — سەدای سام سام لە بورجان دێ

ئەگەر تەنیا لە بەندێکدا ئەو سەنعەتە لە بەرچاو گیرابا ، رەنگ بوو بڵێیین کە وە بە هەڵکەوت بووە ، بەڵام بە یەکە هەر بەوشێوەیە درێژەی پێدەدرێ و پاش هەرسێ مەسرەعی هاوقافیە دوو مەسرەعی هاوقافیەی سەرەتای بەیت دووپات دەبێتەوە .

یەکێک لە کارە ناسکەکانی هێندێک لە وێژەرانی بەیتەکان ، زیادکردنی بەری و جیبی بڕگەکانی بەیتەکەیە (بە پێی پێویست) . بۆ وێنە لە وسترانی گەنج خەلیلی کرمانجی ژووروو دوو مەسرەعی یەکەم هەشت بڕگەیی ، دووەم سرەعی دووهەم نۆ بڕگەیی و دووەم سرەعی دوا دە بڕگەیی یە .

ئەستەمبوولێ نیشانە
مودنەکە کارەبانە ) ٧ بڕگەیی

فەلەکی داری دار جلسیتە
بەشاری بری ، بە برەکی ) ٩ بڕگەیی

قەرارە بینم بۆ دارقەلسوونا
گەنج خەلیلی کورمامی خودانیم ) ١٠ بڕگەیی

لە هەموو زاراوەکانی کوردیدا بەیتی کلاسیکمان هەیە و بەیت بێژانی هەموو زاراوەکان لە وجێگایەی کە ویستوویانە ، توانایی خۆیان لە و بەستێنەدا گەیاندووە . بڕواننە بەیتی شیرین و فەرهادی خانای قوبادی هەورامی :

شیرین و شەودیزگرت وەشانەوە — بەریش گرت وەلات دەولەتخانەوە
کولیک کیشاوە بی سەداودەنگ — رانی شەودیزبەو ، کولەی بیە لەنگ
ماشەللا فەرهاد خاس حونەرمانە — هیشتا شەوبو سەت قولنگ شانە

کەوابوو ئەوەمان بۆ دەردەکەوی کە ویژەرانی بەیتە فۆلکلۆرییەکان وەزنیان ناسیوە و لە زۆرجێگا بەشێوەی کلاسیک شیعریان نووسیوە .

قافیە

هەرچەند ئەونموونانەی بۆ باسی وەزن ئاشیرەیان پێکرا زۆرتریان قافیەشیان هەبوو ، بەڵام لە بەر گرینگی باسەکە بە جیاوازی باسی لێدەکەین .

وێژەرانی بەیتە فۆلکلۆرییەکان لەبەکارهێنانی قافیەدا بەراستی مامۆستا بوونە و قەت دانەماون و زۆرکەمتریش مانایان قوربانی قافیە کردووە . بڕواننە قافیە لە بەیتی شێخ ڕەش و شێخ مەند دا :

ئاودێری دەدیمەکاران ! شێخ جافر بابی فەقیرو هەژاران
شێخ جافرسی میوانی دەهاتن لەوانە میوانی دەخاسە

رولەمەندە مەندەی دەدورناسە
ئەوان میوانانە بوبابی خۆتبناسە
بابە یەکیان خالندە ، یەکیان خدرە ، ئەوی دی ئەلیاسە

دووو وشەی " خاس " و " ناس " لەو شیعرەدا نەتەنیا بۆ قافیە هاتوونەوە ،بەڵکویەکەمی سیفەتە بۆ میوانەکان و دووهەمیش سیفەتە بۆکوڕەکەی ، بەشێوەیەک کە لەوشەی یەکەمدا کە بۆ قافیە هاتۆتەوە میوانەکان بەدور ( ئینسانی باش و بەقەدر ) ناسێنراون و لە وشەی دووهەمدا قافیە بۆتە سیفەتی کوڕەکەی کە " دورناسی " یە .

لە سترانی خەنجەراموسودا لە سەرەتاوە زۆربەی قافیەکان وشەگەلی وەک "دگهینە ،دبینە ، شرینە . . . " یە و وێژەری بەیت نزیک بەسێ وشەی هاوقافیەی بەشارەزاییەوە ریزکردوون ، بێ ئەوەی لە جێگایەک دا بمێنێ .

یا لەبەیتی سەیدەواندا کاتێک ویژەری بەیت " هەناو " دەکاتە قافیەی "راو" ، مرۆڤ مچوڕکی بەلەشدا دێ و بەراستی " کزەی لە هەناوی " دێ .

دوێنێ بەیانی دەستم دەداوە
سبینگی چەخماخ خواری گەرووما ر
رووم کردەوە چیایە مەغلووبی داسنی یان
بەبیانووی ڕاوی
کاکینە ئەمن تەقەم دەهاتەوە لە تفەنگی
بەخوای کزەم دەهاتەوە لە هەناوی

وێژەرانی بەیت رەدیفیشیان ناسیوە و ئەگەر لە جێگایەک رەدیفیکیان هێناوەتەوە بەهەڵە نەچوونە و وشەی پێش رەدیفیان بەقافیە هێناوەتەوە :

دەنگی ئاغام لەبڵیندان دێ
سەدای سام سام لەبورجان دێ ( بەیتی سام سام )

دیارە کەوشەی " دێ " رەدیفە و " برجان " و " بڵیندان " یش قافیەی شایگانن .

یا ئەو شیعرەی بەیتی فەرهادو شیرین :

بەروحی رەوان نوشیروان قەسەم بەئیچ کلسای ئەیرەوان قەسەم
دارە مەجووسیم خەراب کەردەبو فەرشی بتخانەم بەزۆر بەردەبو

بەڵام وەنەبێ ویژەرانی بەیتەکان لەدەست وەزن هەڵاتبن وکێشیان وەلانابێ .وەک بەڵگەیەک بۆ ئەوبەشە ، سەرنجتان رادەکێشم بۆ قسەکانی کاک " عەلی خزری "کەلە لاپەڕەی ( ٢٢ ) ی سروەی ژمارە ( ٩ ) دا چاپ کراوە :

" ساڵی 63 هێندێکم بەیت و حەیران لەسەر شریتێک تۆمارکرد و دام بە دوستێکی شارەزا تا نۆتی ئەو بەیت وحەیرانانەم بۆبنووسێتەوە . من لە موسیقا هیچ نازانم بەڵام ئەوەی منی دلنیا کردبوو و دوستەکەمی شاگەشکە ، ئەوە بوو کە گوتی :

فلانکەس هێندێک لەو بەیت و حەیرانانە نە تەنیا فالش نین بەڵکو زۆر ریک وپێکن ، بەڵام یا لە گۆشەی زۆر کۆن و قەدیمی موسیقادان کە هەمووکەس نایانزانی ، یا بەو دەزگا ناسراوانە نابیندرێنەوە . ئەگەر لێم بەئیرادنەگری دەڵێم زۆربەیان لەو دەزگایانەدان کەلە پاش ساسانیەکانەوە بوون و فەرامۆش کراون " .

یا مامۆستا هێمن لە پێشەکی لاس وخەزال ( لاپەڕەی ٨٧ ی توحفەی موزەففەریە )دا دەڵێ:

" شیعرەکانی هەتا حەزبکەی لەتیف و جوان و پرمانان ، میسرەعەکانی زۆر زۆر درێژن ، بەڵام وشە رەسەن و جوانەکانی واهەڵبژێردراون و لەتەنیشت یەک دانـــدراون کە کێشـــە دەپارێزن " .

هەرچەندە ئەو وتەیەی مامۆستا تەنیا لە پێشەکی لاس و خەزال دا نووسراوە بەڵام بەپێی ئەو بەڵگانەی سەرەوە هەموو بەیت و سترانە فۆلکلۆرییەکان کێش و هارموونی تایبـــەت بە خۆیان هەیە . ـ وەک هێندێک لە شیعرە نوێیەکانی هاوچەرخ لە زمانی فارسی و کوردیـــدا ـ لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش کە ویژەرانی نەخوێندەواری ئەو بەیتانە سەرەڕای شارەزایی بەسەر کلاسیکدا چون روویان کردۆتە شیعری نوێ ؟

لە نێوەڕۆکی بەیتە فۆلکلۆرییەکاندا زۆر بەڵگەی بەهێز هاوردەکەن کە وێژەرانـــی ئێمـــە نەخوێندەوار نەبوون . رەنگە ئەوانەی بەدەنگ خوێندوویانەتەوە نەخوێندەواربووبـــن . بەڵام شاعیری ئەو شیعرە فۆلکلۆرییانە وی ناچی نەخوێندەوار بووبن . رەنگە میرزای دیوەخـــان یا مەلای ئاوایی بووبن . بۆ وێنە ئێستاش پاش سەدان ساڵ نەخوێندەواری هێندە شارەزا بەسەر مێژوودا لە وڵاتی ئێمە کەمتر هەڵدەکەوی . بڕوانە بەیتی سوارو تا بزانین بەیت بێـژ دەڵـێ چی :

نە دەگەڵ حەزرەتی ئەبووبەکر
کە پانیی بەزاری ئەژدیهاوە دەنا
لە غارەکەی دەحیرایە
. . . . . . . . . . .
نە دەگەڵ خالندی بنی وەلی
کە حەفتا لفکەی بەردەدان
لەبو رەزمی دەغەزایە
نە دەگەڵ رۆستەمی دەستان

که زگی بیرزادی ده دری
له مه یدانی ده ده عوایه

*　　*

ئه ی نایه وه ی نایه ده ی نایه
نه ده گه ل حه زره تی ئه سکه نده ری
که خه رجی ده ستاند له مانگی له رۆژی
مالیاتی ده رده کرد له دنیایه
نه ده گه ڵ حه زره تی سوله یمانی
که به زه بری ته یر و تووران
سێبه ری ده کرد له سه رچاوی ده بلقیسایه

................

مامۆستا سواره ئیلخانی‌زاده فکر و بیری به یت بێژه کان ده گه ڵ بیری بـــه رزی شـــکسپیر به راورد ده کا و له سروه ی ۱۰ ی لاپه ره 24 دا ده ڵێ :

" به داخه وه ئه ده بی ئێمه له نێو گه لانی جیهاندا بڵاونه بۆته وه ، ده نا خواعالمه که سه یده وان زۆر له " هاملیت " ی شکسپیر به رزتره .

شکسپیر لای وایه " هه بوون یا نه بوون " (مه به ست ) یه کی له ودوانه یه . بـــه یـــت بێژی سه یده وان ده ڵێ " دیلان یا مانه م " کامیان مه به ستی ژیانه ؟

قاره مانی شکسپیر هاملیتی باوک کوژراوه . دایکی خه یانه تکار و مامی پیاوکوژ بوونه . هۆی به ژاره ی هاملیت به ڵام له به یتی سه یده واندا باوکێک سێ کوری گه نجی ده مرن که یه کێک هه ر به ده ستی باوکه که ده کوژرێ . خه می هاملیت به ئه ندازه ی په ژاره ی عه بدولعه زیزی رۆڵه کوژراو نیه ! "

به راستی که سێکیش که ئاوا مامۆستا یانه ترا ژیدی خوڵقاندووه نه خوێنده وار بووه ؟ ســـه رنج بده نه ئه و وردبینی و ژیری یه ی وێژه ر له هێندێک جێگا دا له به رچاوی بوونه . بۆ وێنـــه لـــه و جێگایه ی که باوکی سه یده وان قامک دا ده نێته سه ر په له پیتکه ی که به بروای خۆی بزنه کێوی یه ک و له راستیدا کوری خۆی بکوژێ ، ده نگی ده هۆڵ و زورنای شایی ( ئه وشایی یه ی که بۆ کوره کانی گرتبوو ) به گوێ ده گا . ئه وه یه به رزه فری خه یاڵ . ئه وه یه شیعری به ته واومانا .

جگه له و نموونانه ، جێی خۆیه تی ئاماژه یه کیش به سترانی " گه لو " بکه ین و بۆئه و هـــه موو جوانی یه سه ردانه وێنین .

بۆ ئه وه ی رشته ی باسه که مان له ده ست ده رنه چێ ئه نجا مێک وه رده گرین له وقســـانه ی تا ئێستا کردوومانه و پاشان وتاره که درێژه پێده ده ین .

تا ئێره ویستوومانه ئه وه روون بکه ینه وه که ویژه رانی به یته کان وه زنیان نا ســـیوه ، به سه ر قافیه دا زاڵ بوونه ، توانای نووسینی شیعری کلاسیکیان بووه و ره نگه خوێنده واریش بووبن به ڵام

بۆئەوەی جوانتر بتوانن هەستی خۆیان دەربڕن و زۆر لە داوی وەزن و قافیە دا نەمێننەوە، شیعری نوێیان نووسیوە. بەڵام ئایا بەراستی بەیت و سترانە فۆلکلۆرییەکان دەگەڵ ئەو تایبەتییانەی بۆشیعری نوێی دادەنێین یەک دەگرنەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەش پەنادەبەینە بەر بەیتەکان و لێیان ورد دەبینەوە هەتا بزانین لەوبارەوە تا چ رادەیەک سەرکەوتوون و شاعیرە بێناوەکانیان،چیان بەمیرات بۆ بەجێ هێشتووین.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری نوێ "سۆز"ە. با بڕوانینە ئەوبەشەی سوارو و لەو سۆزە جوانە وردبینەوە کە کیژ پاش بیستنی بریندار بوونی سوارو دەری دەبڕێ:

ئەوە بلێن بە حەکیمان، عەتاران، لوقمانان
قایلم نی دەرمان کەن، چ تاقە دەستانی نەکەنی
ئەوە بوخوم دیم مەلحەمیکی بۆ دەگرمەوە
لە تۆزی دەبسکان، لە خوماری دەشەدی
لە ژەنگی دەگواری، لەعیلی، لە دارچینی
وردە دەستاوانی پێدەدەم
بە ئارەقی قوولکی گەردەنی
دەیهاویمە سەر برینی چووکە لە سواری
ئەوسالێ سالەکەی ناسکە سالە
چووکە لە سواری من دەچێتەوە سەفەرێکی گران
ئەمن زۆر دەترسیم
ئەوی برینی لە بن را بینیتەوە تەشەنی
هەی سوارە .... مەڕۆ لە منی بەتەنی

یا ئەو سوزەی لە سترانی (پایزە)* دا سەبارەت* بە جودایی باسی لێکراوە. یا باسی مەرگ لە سەیدەوان دا یا ئەو سۆزەی لە سترانی "گەنج خەلیل" دایە و زۆر سەرچاوەی دیکە کە لەو بارەوە لەوپەری جوانیدان. بەڵام با بێینە سەر باسی "خەیاڵ". شیعری نوێ دەبێ ناسک خەیاڵی تێدا بێ. رووداوەکان، یا ئەوشتانەی بۆ شاعیر دەبنە هەوێنی شیعر، نابێ هەروا بە شێوەی کارەساتێک بنووسرێنەوە. دەبێ رووداوەکان لە ئاوینەی خەیاڵدا خۆبنوێنن.بڕوانە ناسک خەیاڵی لەو قەتارەیدا:

بریا کلیک بام کلە سوبحانی
پوختەیان کردبام لەکن لوقمانی
ئازدار بە پەنجەی مبارەکی
کیشابای دەگوشەی چاوەکانی
لەویشی ببامە فرمێسک

لە بابەت زمانی بەیتەکانیشەوە پێویست بە نموونە هێنانەوە نیە و هەرچی قامکی لەسەر دانێی ، زمانێکی پاراو و جوانی هەیە و لە نێو دڵی کۆمەڵەوە هەڵقوڵیوە .

کەوابوو هەرچی شیعری نوێ دەبێ هەیبێ ، بەیت و سترانی فۆلکلۆریش هەیەتی.تەنانەت زۆرجار بەرزتریشە و بە ئاشکرا شان لە شانی شاکارەکانی دنیا دەدا . کەسێ بساوەڕدەکا کە لەو سەردەمیدا ( کە رەنگە بۆ مرۆڤانیش بایەخی زۆریان دانەنابێ ) شاعیرێکی خۆش هەست بو گیا و گوڵیش گیان قایل بی . ئەوکارەی ئێستاش کەمتر شاعیر خۆڵەقەرەی دەدەن . بروانننە ئەو بەشەی بەیتی شێخ مەندوشیخ رەش کە تەحلیلی ئایەی قورئانیشە :

چەندی گیای هەوەل بوهارییە
هەمووی دەسحیب دەزارییە
دەکاتەوە زکری خالەقی جەببارییە

دەتوانین نزیکایەتی نێوان شیعری نوێ و بەیت و سترانی فۆلکلۆری لە لایەکی دیکەشەوە لێک دەینەوە .جەرهەمەکانیان لە سەر ئەوکێشانە دابڕێژن کە خەریکن لە بیردەچنەوە . وەک هێندێک لە شیعرەکانی کاک محەمەد حەمەباقی :

لە ژێر دارەبەنێکی پەل و پۆ هەڵقرچاوا
چاومان کەوت بە ـ مەولەوی ـ ،
دەرویش دەوریان لێدابوو ..
پێیان ئەوت : خالۆگیان . دە ، سوزێکمان بۆبکە ،
با تروسکەیەکی خوا ،
بە روحمانا رابوورێ ..
ئەویش ، کە سەیری هەردەی
ـ شیروانە ـ و ـ بەمو ـ ی ئەکرد
بەبی ـ عەنبەرخاتوون ـ ە ،
خور خور بەتاو ئەگریا و ، سەیری ـ سیروان ـ ی ئەکرد ،
لە ئاوێنەی شەپۆلی بەرهەتاوی سیروانا ،
ـ عەنبەرخاتوون ـ ی ئەدی ..
دەنگی هەڵئەبڕی ... ئەیوت :
( چاوم ، کەولاتی تۆیە ، هەمیشە چاولەرێتە ،
غەریبی بەسە ئیتر ، وەرەوە ناو چاوانم )*

یانی, شیعری نوێی هاوچەرخ کەسەردەمێک لە بەیتی فۆلکلۆری هەڵبڕابوو، ئێستا دەیەوێ بەرەوپیری بچێتەوەو هەر لە سەر ئەوکێشی سوور بێتەوە . نەتەنیا لە باری کێشەوە بەڵکو لە باری زمان و فەزای شیعریشەوە ئەو هەوڵە دەبینرێ . بەتایبەت لە چیروکە شیعرەکاندا . بۆ وێنە فەزای ئەو شیعرەی شێرکۆ بێکەس :

هاتبامە خوار بە پەرێشانی
فەسلی بای شەماڵ لێی دا
پساندی یەخەی کەتانی
ئەری خۆزێ ئەوی جارێ
لەسەر سینگەکەی بیام بە حەوز و کانی

یا لەو بەشەی بەیتی " ئایشەگوڵ " دا :

سینگی من عەوز و کانینە
بەردی مەرمەر تی گیرایی
لەبۆ نەخوشان
بۆیران ماخو مردە شەوتایی

یا ئەوبەشەی دیکەی " ئایشەگوڵ " :

ئەری خودی دبیژن
سواری تو بریندارە
ئەرزی دارتەرمەکی بو سواری چی کەم
بە عەرزی رمان
بچنم بە زولفی مەحبووبان
لێی بکەن باوەشێنێ

یا ئەوخەیاڵە جوان و وینە شاعیرانەیەی کە لە بەیتی " کوڕەحەسەن " دایە :

چەندم گو کورەحەسەن
مەکە خزمەتی میری
کەزی خومت لۆ دەبرم
بیکە سیبەندی شیری
لە وڵاتی غەریبان
تا منت بێتەوە بیری

یا ئەو بەشەی بەیتی سوارو :

ئەوە کیژە دەڵێ لە قرچەی دەروونی من
ماسیان دەعبایان ، نەهەنگان
سەریان دینا دەری
لە گومی دەلێو پڕ هەلدەچوقان
لێی دەدانەوە شیددەتی ئەوی گەرمایە
هەی سوارە مەڕۆ لەمنی بەتەنی

بەرەبەیان ...
لەسەرسنگی ئەسکی " کۆیە " ی ئەرخەوانی
قریوەی سوارەی بەبان و
حیلەی ئەسپ و گرمەی تۆپی " مامەیارە "
لەدەربەند و شیو و دۆلی سام لێنیشتووی خەوالوودا
رژانە نا و ریز بەریزی شلەژا وی تورکانەوە
دەنگدانەوەی نالەی ئەشکەوت
گیژەلووکەی ژێر سمی ئەسپی سەرکێش و
بریسک و هوڕی شمشێری بەهەسانی رق تیژکرا و
دریژەیاندا بەجەنگی شەو و هەتاو
" نەجیب پاشا " هەروەکوو دالەکەرخۆرە
لەسەرگردێ هەلنیشتبوو
.............

هەرچەندە ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەبا ، بەلام ئەمن هەرئەوەندەم لەدەست دەهات و بەدووپات کردنەوەی ئەو رستەیەی لەسەرەتادا گوتم ، وتارەکەکۆتایی پێ دێنم :
" شیعری نوێی کوردی کۆرپەی پێگەشتووی بەیت و سترانی فۆلکلۆری‌یە " .

---

* ئەم بەیتە هی ـ مەولەوی تاوەگۆزی ـ خۆیەتی . لێرەدا بۆکێشی شـــیعرەکە بەجۆرەدا رێژراوەتەوە . ئەمە بەیتەکەی مەولەوی ـ یە :
مەوتەنەکەی چەم ، دایم هـانە ریت
غەریبی تاکەی ، باوا مـاوای ویـت

شنۆ

# ڕەگی بەڕەنگاری لە شیعری کوردیدا

نووسینی : ب . وڵات

بەشی یەکەم :

ساڵی : 600 - 1900

** بەرکوڵ :

ئەگەرچی هێشتا ئەوەمان بۆ ساغ نەکراوەتەوە ئایا نەتەوەی کورد بە قوناغی - کۆیلە - یی دا تێپەڕیوە یان نا .. ؟ واتە نەتەوەکەی ئێمەش بۆتە دووچین ، کە یەکێکیان - کۆیلە - و ئەوی دیکەش - کۆیلەدار - بووبێ ..؟ بۆیەش مەبەستمان بوو دەربارەی ئەم قۆناخەوە بەڵگەیەکێ بەدەست بێنین ، چونکە سەرەتای سۆز و فام لەوێوە سەری هەڵداوە و زمانی دووەم ، واتە زمانی ئەدەب لەوسەردەمەوە پێی گرتووە ... بەڵام بەداخەوە تائێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستی و مێژووییمان نەکەوتۆتە بەردەست، بوون و نەبوونی ئەم قۆناخە دەرهەق بە نەتەوەی کورد بسەلمێنێ ، ئەگەرچی دوو ڕا لە ململانێدان بۆ چەسپاندن و ڕەتکردنەوەشی . ڕای یەکەم هەربە - لێکچواندن - پێ لەسەر ئەوەدا دەگرن دەبێ نەتەوەی ئێمەش لەو قۆناخە بەدەر نەبووبێ ، مادام نەتەوەکانی دەوروبەرمان تاڵی وشیرینی ئەم قوناخەیان چێشتووە .. بەڵام لەبەر نەبوونی بەڵگەیەکی مێژوویی و نوسراو ڕای دووەم ئەم ڕایە ڕەت دەکاتەوە ، دیارە کە سەلماندنی هەرشتێکیش لە هەر ئان و زەمانێکدا پێویستی بە بەڵگەی هەستپێکراو هەیە .. بەتایبەتیش کە درێژەی ئەم قۆناخە تازەمانێکێ بوە خوێندن و نووسین لە ئارادا بوە، بەتایبەتیش لەناوچەی ئێمەدا ..نموونەی زیندووش بەدەستەوەیە کە تاکوسەرەتای پەیدابوونی ئایینی ئیسلام لەنیوە دورگەی عەرەبیدا و دوای چەندساڵێکیش ئەم سیستەمە هەرهەبوە.

ئەگەرچی ئێمە دەسەلاتێکی ڕامیاریمان نەبوە ، تا مێژوویەکی نووسراوی خۆماڵیمان بۆبەجێ بێلێ و بوونی ئەم قۆناخە بسەلمێنێ ، بەڵام خۆ هەر لەسەرتای گەشەکردنی ئامێرەکانی بەرهەم هێنانەوە ئەدەبی کوردییش وەکێ ئەدەبی هەر نەتەوەیەکی زیندوو خاوەنی داستان

وگۆرانی و فۆلکلۆری تایبەت بەخۆی بوە ، ئەی کەوایە،بۆچی دیاردەیەک یانیشانەیەکێ بەدی ناکرێ تیشک بخاتە سەر ـ بوون ـ ی ئەم قۆناخە ..؟!

بەهەرحاڵ گرفتی ئێمە هەرئەوەنیە ، بەڵکو دوای ئەوەش واتە لەقۆناخی دەرەبەگایەتیش دا سووچێکی ئەدەبەکەمان بەدی ناکرێ و تاریکی پەردەی بەسەردا کێشاوە .. چونکە تائێستـــە سەرەتایەکی راستەمان سەبارەت بەسەرهەڵدانی ئەدەبی نوسراو وەگیر نەکەوتوە ، ئەڵبـەتە دەبێ ئەوەش بڵێین تاوانی ئێمەی تێدانیە ، چونکە. وڵاتـەکەمان بەدرێژایی مێژوو یان داگیر کراو و وابەستەبوە کەنەیتوانیوە بەزمانی زگماکێ مێژوو و ئەدەبی خۆی تۆماربکات ، یانیش گۆڕەپانی ململانێ و مەیدانی شەڕ وشۆڕ بوەو ئەگەر تاکێ و تەرایەکیش بـــووبـن بەکوردی نووسیبیان ، ئەوا لە ئەنجامی ئەو دوو ئەگەرەدا لەناوچوون و نەگەیشتوونەتە نەوەکانی دوای خۆیان .

ئەوەی وەکێ ئەدەب دەستاودەست گەیشتۆتە ئێمە بەدروستی لەسەردەمی " بابـەتاهیری هەمەدانی " بوە ، واتە لەکۆتایی سەدەی دەیەم دا .. ئەگەرچی من لەوباوەڕەدام کە زۆریش پێش ئەو،نەتەوەی کورد ئەدەبی بوەو ئەدەبی نووسراویش ؛ بەڵام نەگەیشتنی بەئێمە هـــەر لەبەر ئەو دوو ئەگەرەسەرەکیە بوە کەلەوەپێش باسیان لێوەکرا .

ئەگەرچی بابەتی باسەکەمان لێکۆڵینەوەنیە لەمێژووی ئەدەبی کــــوردی ، بـەڵکو رەگی بەرەنگاریە لەناو شیعری کوردیدا ، بەڵام نەدەبوو بەسەر ئەم مەسەلانەدا بازبدەین و هەروا بەئاسانی فەرامۆشیان بکەین .

بۆئەوەی بزانین کام تەرزە ئەدەب پێشتر سەری هەڵداوەوکامیان زورتر دەستەمۆ بوون ، چاکتر وایە رایەکەی ماموستا عەلادین سجادی وەبیرخومان بێنینەوە کەلە ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ دا دەری بڕیوەو دەڵێ :

" ئادەمیزاد شیعری لەپێش ئەوەدا وتوە کەنوسین ـ نەسری فەنی ـ پەیدابیێـــت چونکە شیعر زمانی ویژدانەو نووسین هی ئەقڵ ، پیاو هەست بەویژدانی خۆی ئەکات لــــەپێش ئەوەدا کەئەقڵ بکا بەئالەتی فیکرکردنەوە " .

بەبیرواری من ، بەپێچەوانەوەیە .. ئەدەبی پەخشان ، واتە چیروک وداستان بەرلەشیعـر بەسەر زمانی مرۆڤ دا هاتوە ، ئەوەش لەبەر دوو ئەگەری سەرەکی :

یەکەم :

دوای دروست بوونی خێزان ـ العائلە ـ مرۆڤ زیاتر پێویستی بەبەکارهێنانی زمان بوە بۆ تێگەیشتن و پەروەردەکردنی منداڵ و گێڕانەوەی بەسەرهات و رووداوەکانی رۆژانەی خۆی، بۆنموونە : ئەگەر پیاوێک لەو رۆژەدا لەراوێکیدا ـ کەپیشەی سەرەکی بوە ـ دووچاری تەنگو چەڵەمەیەکێ یاگرفتێکێ بووبێ ، ئەڵبەتە لەگێڕانەوەیدا کەمێک ترش و خوێی پێوە کردوە و بۆزیاتر دەرخستنی پاڵەوانێتی و ئازایەتی خۆی لەقالبی چیرۆک دا گێڕاویەتەوە ، سەرەڕای ئەوەش لەوکاتانەدا ململانێ و شەڕ و شۆڕ پەیدابوە ، چـــونکـــە بـــەرژەوەنـدیەکان بەرەو تایبەتمەندێتی رۆیشتوون،بۆیە گومان لەوەدانیە ، بۆ هـــان دان و تـــان لـــێدانـی شۆڕە

سوارەکانیان و دواییش بۆ گێرانەوەی چۆنیەتی ئەم شەڕ و شۆڕانەیان شان و باڵیان بۆ دروست کردوە و وەکو پەخشانێکی نیمچە هونەری لێ هاتوە و چۆتە ناو چوارچێوەی ئەدەبی چیرۆک و داستانەوە.

دووەم :

زمانی شیعر هەرچەندە سادەش بێت، لە زمانی چیرۆک و داستان قورستر و گرانترە، چونکە بە تەنیا خۆبەستنەوە بە - کێش و سەروا - کە ئەوکاتە سیمایەکی دیاری شیعربوە، کارێکی دژوار و سەختە. بۆیە من پێم وایە لە پێشدا ئەگەر بکرێ ناوی بنێین (پەخشانە زار) واتە پەخشانی دەماودەم سەری هەڵداوە و بۆتە پێگەیەک بۆ شۆڕبوونەوە بۆناو جغز و چوارچێوەی ئاڵۆز و تەسکی شیعر..

وەکو لە پێشتریش باسمان کرد، مەبەست لێرەدا لێکۆلینەوە نیە لە مێژووی ئەدەبی کوردی، بەڵکو باسەکە تایبەتە بە - ڕەگی بەرەنگاری - لەناو شیعری کوردیدا.. بۆیێ چاکتر وایە لە دەرگای شیعر بدەین و بزانین شیعری بەرەنگاری کوردی، لە کوێوە سەری هەڵداوە وکێ دەست پێشکەری لە داهێنانیدا کردووە.

<u>پێناسەیەک بۆ شیعری بەرەنگاری :</u>

ئەگەرچی، چەند پێناسەیەک بۆ شیعری بەرەنگاری کراوە و هەریەکە و لە باری سەرنجی خۆیەوە تەماشای کردوە و شیکردۆتەوە، بەڵام تارادەیەک بۆچوونەکان تێک دەکەنەوە. دیارە کە چەوسانەوە چەندجورێکی هەیە، هەر لە چەوسانەوەی نەتەوایەتیەوە بگرە تا دەگاتە چەوساندنەوەی چینایەتی و ڕەگەزی و مەزهەبی و پێشێل کردنی مافەکانی مروڤ وداگیرکرانی ولات. بۆیە هەموو بەگژداچوونەوەیێکی ئەم چەوساندوانە بەچەکی شیعری بەرەنگار - بوونەوە یەکی دروستی ئەم واقیعە تاڵانەیە کە چەوسێنەران هێناویانە تە پێش. ڕەتکردنەوەی ئەم تەرزە پێش هاتانە بەکەرەستەی زمان و لە چوارچێوەی شیعردا، داهێنانی شیعری بەرەنگاریە. کەواتە شیعری بەرەنگاری، ئەوشیعرەیە، لە یەکێک لەم بوارانەدا سەری قیت کردبێتەوە.

زیندووترین نموونەی شیعری بەرەنگاری کە وتبێتە قالب و چوارچێوەی نەمریدا شیعری بەرەنگاری فەرانسەیە کە لە ئاکام و گۆنگەری جەنگی جیهانی دووەمدا سەری هەڵدا، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە هەموو چین و توێژەکانی فەرانسە بەجیاوازی دید و بۆچوون و ئایدۆلوژیاوە لە بنیاتنانی شیعری بەرەنگاریدا بەشداربوون، لە وپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاست، زیاتر لە (٢٥٠) هەزارکەس شیعری بەرەنگاریان کردەچەک و ڕووبەڕووی داگیرکەر وێستان، هەر لە شاعیرەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئەوانەی بە نووسینەوە و، بڵاوکردنەوەی شیعرەکان، بە ناخی جەماوەردا شۆڕ بوونەوە و هەستی بەرەنگاریان لا ئەستوورتر کردن وزیاترجۆشیان دان، ئەڵبەتە ئەوەش بەچەندین هۆ ئەنجام دەدرا، بەبڵاوکردنەوە لە ڕوژنامە نهێنی و ئاشکراکان، بەناوی دروست و خوازراوەوە، بەتۆمارکردن و نووسینەوە، بەخوێندنەوەی ڕاستەوخۆ، بەنەخش ونیگار لەسەر ڕووی مافوور و بەرەوقالیچە وشێوەی تریش..کەلە ئەنجامدا

بوو بە یەکێک لە وچەکە دژوارانەی دوژمنی داگیرکەر لێی دەپەنگایەوەو سلی لێ دەکردەوەو کۆلەگەیەکی پتەوو قایم بوو بۆراگرتنی شۆڕش و سەرخستنی . شیعری بەرەنگاری لە هەموو دنیادا سێ جۆر سیما بەخۆوە دەگرێ کە ئەمانەن :

١) ئەو شیعرانەی پێش ڕوودا وەکان دەکەون و پێشبینی کارەسات وگۆڕانەکان دەکەن و بەری لێ دەگرن

٢) ئەو شیعرانەی لەگۆنگەری ڕوودا وەکان دا شان بە شانی گۆڕانکاریەکان دەڕۆن و کاری ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر ڕووگەی ڕوودا وەکان ، وەک شیعری بەرەنگاری لە ئەدەبی شۆڕشی فەرانسەو ئۆکتوبەر .

٣) ئەو شیعرانەی دوای کپ بوونەوەی ڕوودا وەکان سەرهەڵدەدەن و وەک ئاوێنەیەکی یادگار و بیرەوەری،ڕوودا وەکان بە بەرجەستەیی لەبەردەم چەماوەر وێنە دەگرن و بەجێی دێلن .

نەتەوەی کوردیش وەک هەرنەتەوەیەکی دیکەی سەرزەمین کە هەموو ئاکارەکانی نەتەوەیی تێدایە ، لەم حالەتانە بەدەرنیە ، بەڵکو زۆرجار زۆرترین ئەگەرەکانی چەوسانەوەشی تێدا کۆبوتەوە . کە ئەمرۆ زەق ترینیان داگیرکرانی وڵاتەکەیەتی لەگەل ڕەت کردنەوەی بوونی نەتەوایەتی .. و زۆربەی ئەونیروکوتانەی لەمل و مەچەکی شەتەک دراون ..

ئەگەر چاوێک بە مێژووی دێرینەی نەتەوەکەماندا بگێڕینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەگی بەرەنگاری لەناو شیعری کوردیدا زۆر قووڵە ، چونکە بەدرێژایی مێژوو عەر چەوساوە و وڵات داگیرکراوبوە .. بەڵام بەداخەوە ، بەڵگەی ئەوتۆمان بەدەستەوە نیەکەهی سەردەمانێکی زۆر دێرینەبێت ، ئەویش دیارە لەبەر نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی بووە کەئەو سامانە نەتەوایەتییانەمان بپارێزێ ، کۆنترین بەڵگە، ئەوەیە کەلەسەدەی شەشەمی زاییینیدا لەکاتی داگیرکرانی کوردستان و هاتنی سوپای عەرەب،وەک دەقێکی ئەدەبی بۆمان ماوەتەوە و ماموستا عەلادین سوجادی ، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئاماژەی بۆ کردووە .

«- ڕشید الیاسمی - لەکتێبەکەیدا ( الأكراد ) ،لاپەرە - ١٢٩ - پەنجە بۆئەوە ڕادەکێشێ کەلەئەشکەوتی - جێشانە - و - هەزارمێرد - داپارچەچەرمێک دۆزراوەتەوە چەند بەیتە شیعرێکی کوردی لەسەر نووسراوە - شیعرەکانیش بریتین لەنارەزایی دەربڕین و نەفرەت کردن لەو کوشتارانەی عەرەبەکان لەکاتی هاتنیان بۆکوردستان کردویانەو تەڕ و وشکیان بەیەکەوە سوتاندووەو پەرستگا و شوێنە پیروزەکانی کوردەکانیان خاپوور و وێران کردووە .

بەگوێرەی ئەو دەقەی کەلە مێژووی ئەدەبی کوردی - دا نووسراوە شیعرەکە بەم جۆرەیە :

" هورمزگان ڕمان ئاتران کژان
ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زورکار ئارەب کردنە خاپوور
گنای پالەیی ، هەتا شارەزوور
شن و کنیکان وەدیل بشینا

میردئازا تلی وەروی هوینا
رەوشت زەردەشت ماندە بیکەس
بزیکانیکا هورمز وە هیوچ کەس "

واتە :

پەرستگاکان ویران کران و ئاگرەکان کوژێندرانەوە ، گەورە گەورەکان خۆیان شاردەوە . . . زۆرداری و ستەمی عەرەب لە دێهاتی کرێکارانەوە تا دەگاتە شارەزوور هەمووی ویران کرد. ژن و کچەکانیان بە دیل بردن ، پیاوە ئازاکانیش لەناو خوێندا گەوزین و رەوشتی زەردەشت بێ کەس مایەوە و ئاهورامەزداش بەزەیی بە هیچ کەسێکدا نەهاتەوە .

ئەگەر سەربردەی ئەو پارچە شیعرەی لە سەرئەم چەرمە دۆزرایەوە راست بێت ، ( زیاتریش لە راستی نزیکە ) چونکە نە - رشید الیاسمی - ئەو کوردیەی زانیوە کە شێوەی لورە ، نە پێویستیشی بەوە بوە لە خۆیەوە مێژوو دیروکێک بۆ ئەدەبی کوردی دروست بکات ، لەناوەرۆکی شیعرەکەشەوە زیاتر راستی و بوونی دەسەلمێنن نەک هەڵبەستنی .

بەم جۆرە بۆمان هەیە پشت بەو دەقە ببەستین و وەک سەرچاوەیەک سوودی لێ وەربگرین و بەسەرەتای شیعری بەرەنگاری کوردی ی تۆمارکراوی دابنێین ئەگەرچی خاوەنی شیعرەکەش نادیارە ، بەتایبەتیش کە خوێندەواران تەماشای شیعری ئەمڕۆی بەرەنگاری دەکەن لە رووی ناوەرۆکەوە هیچ جیاوازیەک لە نێوان ئەم شیعرەو شیعری بەرەنگاری ئێستاماندا بەدی ناکەن . بەتایبەتیش لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستاندا کە رژێمی داگیرکەری عێراقی بە هەمان شێوە مێژوو دووپات دەکاتەوە . لەوەشدا بۆمان دەردەکەوێت نەتەوەی کورد زۆر پێش ئەوبەروارەش لە جەژن وبۆنە ئاینییەکانیدا بە زمانی زگماکی خۆی شیعری گوتوە بەڵام بەهۆی بەرقەرارنەبوونی دەسەڵاتی سیاسی فەوتاون و لەناوچوون .

دوای ئەوسەردەمە زمانی کوردی ، یان زمانی شیعر کرژ بۆتەوە و لەبەر زاڵ بوونی زمانی داگیرکەران نەیتوانیوە مەیدان خوازی بکات ، چونکە یەکێک لە وئاکارە نەتەوەییانەی کەوتۆتە بەر شاڵاوی خەفەبوون،زمان و فەرهەنگ بوە . بۆیە هەرشیعرێک ئەگەر لە کۆشک وسەراو دیوەخانەکانی پاشا و سوڵتانەکان رەواجی نەبوایە هەر بەشیعریش لەقەڵەم نەدەدرا . لەبەر ئەوە بۆماوەیەک شیعری کوردی شوێنەواری بەجێ نەهێشتووەو تا سەردەمی - باباتاهیری هەمەدانی - کورد نەیتوانیوە بە زمانی خۆی شیعر بنووسێ ، هەربۆیە شاعیرێکی ئەوتۆ ناناسین لەوماوەیەدا شیعری نووسیبێ . بەڵام بەداخەوە لەدرێژایی ئەوماوەیەدا مەسەلە ئاینییەکە باڵی بەسەر زۆرلایەندا کێشاوەو سیمای داگیرکەرانی لەبەرچاوان گۆڕیوە ، بۆیە هەرچەند چاودەگێڕین نموونەیەکی شیعریمان دەست ناکەوێ بۆنی بەرەنگاری لێ بێت و بۆ خۆشەویستی خاک و نەتەوەو لەدژی داگیرکەران نووسرابێت . بەڵام لەسەردەمی - مەلای جزیری - دا چەندشیعرێکمان بەرچاودەکەون ئەوە نیشان دەدەن کە شاعیری ناوبراو پەیوەندیەکی قووڵ و پتەوی لەگەڵ نیشتمان و سەربەخۆیی نیشتماندا هەبووە و شانازی بە بوونی دەسەڵاتێکی کوردیەوە کردووەو میرنشینی " بۆتان " ی بەوپەڕی خۆشەویستیەوە

ستایش کردووە کە ئەوسەردەمە ( میر عیماد دەدین ) میری بۆتان بووە ،جزیری لە شیعرەکەیدا دەڵێ :

بەرقی سوبحی کو ئیشراقی لە مەد جانان ددەت
ئەو کو شفا دل دکەت رەمزەک ژئەسراریّ تەبێ
رایەتا فەتحێ ژنەسراتە کوهەر مەنشوور بوو
شەهسەواریّ فەرای سوبحانیّ عەلەمداریّ تەبێ
نەی تەنیّ تەبریز و کوردستان لبەر حوکمێ تەبن
سەد وەکی شاهی خوراسانی دڤەرواری تەبێ

ئەگەرچی - شیعری بەرەنگاری - وەک زاراوە میژینەنیەو زۆرنیە کەوتۆتە ناو فەرهەنگی ئەدەبیات ، بەڵام وەکو راستی ، وەک ناوەروکێکی دوور لە زاراوە پێشتر و زۆرلە پێش تریش ئەم جۆرە شیعرە هەبووە ، چونکە مادام چەوسانەوە بووبێ ، چەوساوەو چەوسێنەر هەبووە ، شتێکی ئاشکراشە ئەم دوو لایەنە دژبەیەکە جگەلەچەکی ئاسایی ، چەکی زمان وشیعریشیان دەرهەق بەیەک بەکارهێناوەو هەردوولایەن شاعیری تایبەت بەخۆیان بووە کە خەون و ئارەزووەکانیان بەشیعر دەربڕیبێ . . دیاریشە هەمیشە لایەنە چەوساوەکە پترپێویستی بەوەبووە خەون و تاسەو حەزەکانی خۆی و رقەپیرۆزەکەی بەشیعر دەربڕێ ، هەرشیعرێکیش بۆئازادی و سەربەخۆیی و مرۆڤی چەوساوە گوترابێ ، گومانی تێدانیە دەچێتەخانەی شیعری بەرەنگاریەوە. ئەو نموونەشیعریەی کەلەسەرتای ئەم باسەماندا ئاماژەمان بۆکردوەو دەگەڕێتەوە بۆ سالانی (600) ی پێش زاینی لەرووی ناوەڕۆکەوە جیاوازیەکی ئەوتۆی نیەلەگەڵ ئەو شیعرانەی ئەمڕۆ لەناو جغزی بەرەنگاریدا دەنووسرێن . . بەتایبەتی ئەگەر - زەمەن - ی لێ دەربهاوێژین کت و مت هەر لەوشیعرانە دەکەن لای زۆربەی گەلانی ژێردەستەو چەوساوە دەنووسرێن وباسی زولم و زۆر و ستەمی داگیرکەران دەکەن و نەفرەت لەو رەفتارانە دەکەن کە بوونەتە سیمایەکی ولات دەسەلات دارەکان . هەر ئەوشیعرانەش بوونەتە زیندێک بو لەدایک بوونی شیعری ئەمرۆی بەرەنگاری .

ئەگەر بەووردی تاووتووی مێژووی سەردەمی مەلای جزیری بکەین بۆمان دەردەکەوی دوو ئەگەری سەرەکی بوونەتە هۆی کەم بوونی شیعری بەرەنگاری کە ئەمانەن :

ا- لەو سەردەمەدا کورد نیمچە دەوڵەتێکی هەبوە کە میرنشینی - بۆتان - بوە،ئەم میرنشینە بەپێی قەوارەی خۆی و دەسەلاتەکەی تارادەیەکی زۆر کارێکی وای کردووە کورد هەست بەچەوسانەوەی نەتەوایەتی نەکات و لەچوارچێوەی ئەم دەسەلاتەسیاسیەدا بەرقەراری و جورێک لەئازادی هەستی پێ کراوەو رۆژانە تێیدا ژیاون . دیارە لەم تەرزە بار و دۆخەش شیعری - پەسنا - ( مدح ) زیاتر دەنووسرێ نەک شیعری بەرەنگاری ، چونکە لایەنێک نەبوە بوون و فەرهەنگ و زمانی کوردی بخاتەبەرشاڵاوی هەرەشەلێکردن و لەناوچوون بۆ ئەوەی شیعریش ببێ بەچەکێکی بەرەنگاری و لەمەیدانی خەباتی رۆژانەدا جێ پەنجەی خۆی دیار بکات .

٢ـ کیشەی چینایەتی ئەگەر لە ئارادا بووبی ، بەدەگمەن وابووە خەلکە بێ دەرەتان و زۆر لێکراوەکە خوێندەواربووبێ ، بۆئەوەی شاعیری تێدا هەڵکەوی ولەم بوارەدا ئەسپی خۆی تاو بدات ، ئەوانەی کۆلکە خوێندەواریە کیشیان هەبووە ، زیاتر لە ڕێگای حوجرەومزگەوتەوە بویانە . دیارە کە ئەوانەش پتر کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی مەسەلە ئاینیەکەو کەمتر هەستیان بەکەم و کورتی لایەنەکانی تری ژیان کردووە .

٣ـ بیری ئیسلامی لەو سەردەمەدا لەوپەڕی بەهێزی دا بووەو بیرێکی تازەش بووە کەلەبواری ـ پراکتیکێ ـ دا کەمتر هەست بەکەموکورتیەکانی کراوەو هەموو ئەو نەتەوانەی لەناو چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامدا دەژیان ، بایەختێکی ئەوتۆیان بەمەسەلەنەتەوەییەکان نەداوە ، چونکە ڕوانگەی ئیسلام بۆنەتەوەکان بەرواڵەت جۆرەنا جیاوازیەکی لە نێوان نەتەوەکان دەردەخست وئەوکاتانە زیاتر مەسەلەی ـ عیرفان ـ و خواناسی لە ئارادا بووەو بۆتە سەرمەشقی قەڵەمی بەبڕشت و،شاعیرەکان لەم بوارەدا قەڵەمی خۆیان تاقیکردۆتەوە،کە ئەمەش ئەگەرێک بوە پەیدانەبوونی شیعری بەرەنگاری .. پێش ئەوەی زیاتر شۆر بینەوەناو باسەکە بەپێویستی دەزانم پێپلەکانی شیعری بەرەنگاری پێناسەبکەم ، یان ئاماژەیان بۆ بکەم ، بەرای من شیعری بەرەنگاری بە ( ٣ ) حالەتدا رەت دەبێ ، یان شیعری بەرەنگاری ( ٣ ) جۆری هەیە :

یەکەم ـ <u>شیعری نیشتمانی :</u>

هەموو ئەوشیعرانەی دەربارەی داگیرکرانی وڵات و داکۆکی کردن لە دەستکەوتەکانی وڵات و پاش کەوتن و پێشکەوتنی گەل دەنووسرێن بەشیعری نیشتمانی لەقەڵەم دەدرێن، نموونەش لە شیعری کوردیدا زۆر زۆرن ، لەوانە چامەکەی نالی وسالم وشیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و چەند نموونەیەک لە شیعری مەلای جزیریدا و بێکەسی نەمر و زۆری تریش .

لە شیعری بەرەنگاری بیانیشدا دەتوانین پەنجە بۆ ـ ئەراگون ـ و ـ لۆرکا ـ را بکێشین .

دووەم ـ <u>شیعری سیاسی :</u>

ئەوشیعرانەی لەقۆناغێکی تایبەتیدا بوونەتە ئاوێنەی رۆژانەی بیری بەرەنگاری وخۆرێک خستن و یەک خستن لەدژی دەسەلاتداران و رۆڵی گرنگیان دیوە لەبواری جۆش دانی جەماوەر بۆ خۆ ئامادەکردن لەدژی چەوسانەوەو بوونەتە هۆی پەردە هەڵماڵین لەرووی دزێوی دەسەلاتدارانی چەوسێنەر و ئازادی و سەربەستی پێشێلکەر ، یانیش بەپێچەوانەوە ، بوونەتە ئاوێنەیەک بۆ دەرخستنی بیرێکی سیاسی دیاریکراو و رەواج پێدانی لەناو جەماوەردا .

ـ مایکوفسکی ونیرودا ونازم حیکمەت ، لای خۆشمان ، برایم ئەحمەد و دلزار وکامەران و هەردی .

سێیەم ـ <u>شیعری بەرەنگاری :</u>

جیاوازی نێوان شیعری بەرەنگاری لەگەل شیعری نیشتمانی و سیاسیدا رەنگە هەرئەوە بێت کەلەشیعری بەرەنگاریدا زیاتر ـ شمولیەت ـ بەرچاودەکەوێ ئەویش بەوەی کە شیعری

بەرەنگاری هەمەلایەنەیەو هەموو بوارەکان دەگرێتەخۆی ، ئەگینا شیعری نیشتمانی و سیاسیش ، هەر لەخانەی شیعری بەرەنگاریەوە حسابیان بۆدەکرێ ، بەلام تارادەیەک تایبەتمەندێتیان پێوە دیارە ، لەشیعری بەرەنگاریشدا وەک لەسەرەتاشەوە باسمان کرد ، هەموو میللەت ، بەجیاوازی دید و بۆچوون و بیرورا هاوکارن لەبنیاتنانی شیعری بەرەنگاری ، کەرەنگە ئەم حالەتە لەهەردوو بوارەکەی تردا بەرچاو نەکەوێ .

دوای مەلای جزیری بە (١٧٥) سال شاعیریکی قەلەم گەورەو بەبرشتی ناودار لەناو کورد سەری هەلداو خۆی بەدنیای شیعر ناساند ، ئەویش ـ ئەحمەدی خانی ـ بوو .

ئەحمەدی خانی سالی (١٦٥٠) لەدایک بوەو لەتەمەنی ٥٦ سالیدا کۆچی دوایی کردوە بەسەلیقەیی ئەم شاعیرەو سۆزی کوردانەی لەرادەبەدەربوە ، ئەگەرچی شیعری کەمیشی لەپاش بەجێ ماوە بەلام لەگەل ئەوەشدا دەست و پەنجەی کارامەی شاعیرێتی پێوە دیارەو دەتوانین بلێین ـ حاجی قادری کۆیی ـ تارادەیەکی زۆر کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی ئەو و لەشیعری نەتەوەیی و نیشتمانیدا شوێن پێی ئەوی هەلگرتوە . بەلام بەدیدو تێروانینێکی تایبەت بەخۆی .

ـ خانی ـ ئەوەندە لەخۆی رازی بوەو خۆی بەشاعیرێکی گەورە زانیوە ، مەگەر هەر ـ نالی ـ ئەو لاف و گەزافەی بەشاعیرێتی خۆی لێدابێت کەگوتویەتی :

شیعری خەلکی کەی دەگاتە شیعری من بو نازکی
کەی لەدیقەت دا پەتک دەعوا لەگەل هەودا دەکا

ئەوە ئەوپەری لەخۆبایی‌بوونە ، بەلام لەخۆبایی بوونێکی دروست وەهەق کەبەراستی هەر لەیەکێکی وەکو نالی دەوەشێتەوە

ئەحمەدی خانی ـ ش نزیکەی سەد سال پێش نالی هەمان لاف و گەزافی لێداوەو خۆی بەشاسواری مەیدانی شیعر زانیوەو پێی وابوە زۆربەی شاعیرە گەورەکانی ـ فارس ـ یش تۆزیان نەشکاندوە ، ئەوەتانی دەلێ :

من دی عەلەما کەلاما مەوزوون
عالی بکرا لەبانی گەردوون

واتا : من ئالای شیعرم لەسەربانی گەردوون ، واتا لەئاسمان هەلدەکەم .

یان دەلێ :

کەس ناکاتە مەیتەری خۆ جامی
راناگرتن کەسەک نیزامی

واتا : کەس بەمەیتەر ـ یش جامی نەدەویست (ولاخەوان) نیزامیشیان بەهیچ نەدەزانی و رایان نەدەگرت .

(نیزامی و جامی دوو شاعیری گەورەی فارس بوون) .

خانی لەم شیعرەدا بەگیانێکی کوردانەو زمانێکی پاراوی کوردی کەزاراوەی زۆربەی شێوە زمانەکانی کوردی بەخۆوە گرتووە ، ویستویەتی گیانی بەرەنگاری بەبەرنەتەوەکەی خۆیدا بکاتو

هانیان بدات بۆ یەکخستنی ریزەکانیان و رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەرانی ئەوسا ،کەلە چوار لاوە مرخی خۆیان لەکوردستانی پڕپیت و بەرەکەت خۆشکردوە و تەمای داگیرکردنیان هەیە ، خۆشەویست کردنی شیعری کوردی و شاعیرانی ، رووەوڕچەرخاندنی خوێندەوار وشیعردۆستان و ئاشنایانی شیعرە بۆگرنگیدان بەزمانی زگماکی خۆیان و خۆدەرهاویشتنیان لەبن باری کارتێکردنی زمانەکانی تر ،کەزمانی داگیرکەران بووە ، خانی لەروانگەی نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری خۆیەوەئەم دوو شاعیرەی فارسی بەهیچ زانیوە ، ئەگینا خۆ نکوڵی کردن لە شاعیرێتی ئەوان لەخت وخۆڕا کارێکی زۆرناهەموارە ، بەڵام ئەو پێی مخابن بوەهاوزمانەکانی خۆی بەزمانی داگیرکەران بنووسن و شیعری نەتەوەی دەسەڵاتدار رەواج پێبدەن و شیعری کوردی لەتای تەرازوودا بەپارسەنگێکی سووک بکێشن .

وەک لەسەرەتاش دا باسمان کرد، شیعری بەرەنگاری ئەو ئەو شیعرەیە وەک چەکێکی کاریگەر ،زۆرلێکراو لەدژی زۆردار بەکاری بێنن، رێگانیشان دەربێت بۆنەوەکان، ناشیرین کردن و بێزرانی دوژمن لەبەرچاوی خەلک ، دواجاریش داچاندنی تۆوی خۆشەویستی خاک و نەتەوە لەدڵ و دەروونی خەڵکدا ، هەموو ئەو کارانەش لەم شیعرەی شێخ ئەحمەدی خانیدا بەرچاو دەکەون و بەرجەستە دەبن .

خەمخواری خانی بۆ خاک و نەتەوە ، بەقەد رقە پیرۆزەکەیەتی لەدوژمن و داگیرکەران ، وا پێدەچی ئەو سەردەمە زمانی کوردی و نوسین پێی،رەواجێکی ئەوتۆی نەبووبی لەبەرزمانەکانی فارسی و تورکی وعەرەبی ، بەلکو لەوەش زیاتر رەنگە هەربەزمانی ئەدەب و شیعریش نەزانرابێ ، هەرئەم بۆچوونەی زمانەداگیرکەرەکانیش بوە ، رقی خانی ی ئەستوور کردووە و لەرقی ئەوان برشتی بەزمانەکەی خۆی داوە و بەکوردی نووسیوەتی ، دەنا ئەگەروانەبا ، خۆ خانی هەرسێ زمانەکەی دیکەی بەچاکی زانیوەو بیویستبا شیعریشی پێ دەنووسین . ئەوەتا لەسەرەتای دەستپێکردنی داستانە بەناوبانگەکەی - مەم و زین - داشیعرێکی نووسیوە پاکانەی ئەوە دەکات لەبەرچی بەزمانی کوردی شیعر دەڵێ :

خانی ژکەمالێ بێ کەمالی — مەیدانا کەمالی دیت خالی
یەعنی نەژقابلی وخەبیری — بەلکی بە تەعەسوبا عەشیری
حاسل ژعینادئەگەر ژبێداد — ئەڤ بیدعەتە کرخیلافی موعتاد
سافی شوموراند ڤەخار دوردی — مانەندی - دەری - لیسانێ کوردی

واتە : خانی لەئەنجامی گەیشتن بەپایەی کەمال و ئەوپەڕی بالادەستیەوبی کەمالی کورد لەو مەیدانەدا کەچۆل و هۆل دێتەبەرچاو شیعر بەزمانی کوردی دەنووسێ . نەک لەبەرئەوەی زانایی و پسپۆری ، بەڵکو لەبەر دەمارگیری کوردانەئەم داستانەی بەکوردی نووسیوە ، کە ئەلبەتەئەمەش داهێنانێکی تازەیەو کەس پێی رانەهاتووە ، چونکەلەبەر زمانەکانی دی کەس بەکوردی نانووسێ ، جاکەوایە بۆچی وەکو - دەری - ( فارسی ) بەکوردیش نووسین نەبێ ..؟!

یان کەدەڵێ :

دا خەلک نەبێژن کو ئەکراد          بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بونیاد
ئەنواعی میلەل خودان کتێبن          کورمانج تەنێ دبێ حسێبن
هەم ئەهلی نەزەر نەبین کوکرمانج          عیشقەک نەکرن بۆ خوە ئامانج

واتە : بۆئەوەی پێمان نەڵێن کوردەکان گێلن و رەچەڵەکیان نیە ، بۆچی میللەتان هەموویان خاوەن کتێبن و کورد بەتەنیا هیچ حسابێکیان نیە ، بۆئەوەش خاوەن دیدو زانایان نەڵێن نەتەوەی کورد هیچ خۆشەویستیەکیان نیە بۆخۆیان بیکەن بەسەرمەشق و ئامانج ولەپێناویدا بژین و یادی بکەن .

خانی چاوی لێ بووە چۆن کوردستان بەدەستی رومیەکانەوە ( تورک ) داگیرکراوەو بسوتە کاولگەو وێرانە ، وەک چۆن ئەمڕۆ بەدەستی بەعسیەعەرەبە شوڤینیستەکان داگیر کراوەو یەکسپارچەبۆتە خەرابات . ئەم دیمەنانەزۆری کارتێکردوون و هەستی کوردانەی جۆش داون، تەنانەت لەهەندێ حالەت دا ئەوەندەرقی ئەستوور بووە نەرمەجوێنیشی بەو نەتەوانەداوەکە وڵاتی کوردستانیان داگیرکردووە :-

گەر دێ هەبوایە مە پادشاهەک          لائیق بدی با خوەی کولاهەک
تەعیین ببویا بوەی تەختەک          زاهیر ڤەدەبوو ژبۆ مە بەختەک
حاسل ببویا ژبۆ وی تاجەک          ئەلبەتە دەبوو مەژی رەواجەک
خەم خاری دکر لمە یەتیمان          دئینانەدەرێ ژدەست لەئیمان
غالب نەدبوو لسەرمەئەڤ رۆم          نەدبوونە خەرابەیێ ددەست بوم

واتا : ئێمەش پاشایەکمان هەبوایەو شایانی ئەوەبوایەکلاوێکی لەسەرنابا (کلاوی پاشایەتی) و تەختێکی حوکمڕانی هەبوایە ، ئێمەش بەختمان دەبوو و خاوەنی تاج دەبووین و لەناو خەڵکیش رەواجێکمان دەبوو . ئەم پاشایەش خەمێکی بۆدەخواردین و ئێمەی هەتیووبێکەس لەبەردەست ئەم ( لەئیم ) انە رزگاریمان دەبوو ، ئەوکاتەش ئەم رۆمیانە بەسەر ئێمەدا زاڵ نەدەبوون و بەمجۆرە وڵاتمان کاول و وێران نەدەکرا کەئێستا کوندەبۆی تێدا بخوێنێ ...!!
یان کەدەڵێ :

گەردێ هەبوویا مە ئیتیفاقەک          ڤێکڕا بکرا مە ئینقیادەک
رۆم وعەرەب و عەجەم تەمامی          هەمیان ژمەڕا دکر خولامی

واتا : ئەگەرئێمەش ریکەوتباین و یەکتیمان ببوایە و سەرکردایەتیمان بکرایەوپێشەوایەکمان هەبا ئێستا تورک و عەرەب و فارس خزمەتیان دەکردین .

خانی لێرەدا بەسەرسورمانەوە ئەوەدەخاتە بەرچاو چۆن نەتەوەی کورد لەم ناوەدا ژێر دەستەیەو ئەوەی راست بۆتەوەدەستی چەوری خۆی بەسەری ئێمەدا سریوەتەوە ؟ چۆن تائێستا کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەبوە ..؟ بەڵام پاشان هەرخۆی ئەگەرەکان دەستنیشان دەکات و پەنجەدەخاتەسەر کەم وکورتیەکانی و دەڵێ :

هەندێ ژشەجاعەتێ غەیوورن          ئەوچەند ژمننەتێ نوفوورن
ئەڤ غیرەت وئەف عەلوجی هیمەت          بوە مانعی حەملی باری مننەت

لەوپێکڤەوە هەمیشە بێ تفاقن . دائیم ب تەمەرود و شیقاقن

واتە : لەبەرئەوەی هێندە بەئازایەتی خۆمان دەنازین وبەتوانین و ئەوەندە جوامێری وبەرزەفڕی بۆتەمایەی ئەوەی منەتی کەس نازانین ، هەربۆیەشە بەبەردەوام و هەمیشە لەنێوان خۆماندا ناڕێکین و دووبەرەکیمان تێدایەو نابین بەهیچ .

بەراستی ئەم نموونانە چاکترین بەڵگەن بۆ دەرخستنی گیانی بەرەنگاری لەشیعرەکانی خانیی نەمردا ـ کەمن پێم وایە هیچیان کەمتر نیە لەوشیعرە بەرەنگاریانەی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا ، بەڵێ دەرهاویشتنی ( زەمان ) .

سێ سەدساڵ بەرلەئێستا گیانی کوردایەتی لەلای ئەم شاعیرەنیشتمانپەروەرە وابووبێ ، دەبێ بەشانازیەوە لەریزی هەرەپێشەوەی شاعیرانی بەرەنگاری دابنرێت و شیعرەکانیشی بەپێشەنگی شیعری بەرەنگاری لەقەلەم بدرێن .

دوای ئەحمەدی خانی دیسان بۆماوەی چەند ساڵێک پاش رووخانی میرنشینی بۆتان ئەدەبی کوردی چۆتەوە ناو قاوغێکی تەسکەوەو بێ دەنگ ورەنگ بوە ، دیارەکەئەوەش هەرپەیوەندی بەبارەسیاسیەکەی کوردستانەوە بوەو لەوسەردەمانەدا کەداگیرکەران دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە ، زمانی کوردی نووسین و خوێندنەوەیان قەدەغەکردووەو زمانەکانی خۆیان کردۆتە زمانی سەردەم .. بۆیەش ئەگەر بەووردی سەرنجی سەردەمەگەشەکانی ئەدەبی کوردی بدەین بۆمان دەردەکەوێ کەزیاتر لەوسەردەمانەدا کەکوردنیمچەدەسەڵاتێکی بووبێ ، ئەدەبەکەشی سەری قوت کردوتەوەو شیعری بەرەنگاری رەنگی داوەتەوە ، بائەم دەسەلاتەسیاسیەش لەچوارچێوەی میرنشینی دەرنەچووبێ ، ئەوەتا کەلەشاعیرێکی دی لەسەردەمێکی دی سەری هەڵداوەو لەژێر چەتری بارێکی سیاسی هەموارو کوردانەدا وەک کیوێکی مەزن سەری لوتکەی خۆی بەرزبەرز راگرتوە ، ئەویش مەلاخدری شارەزووری ناسراو بە ـ نالی ـ یە .

ئەگەرچی لەوسەردەمانەشدا سەدان مەلا لەحوجرەکانی کوردستاندا شیعری کوردییان نووسیوەو ئەسپی خەیالی خۆیان گورپێداوە . بەڵام وا دەردەکەوێ زۆربەی هەرەزۆریان نەیانتوانیوە بگەن بەو نالییە گەورەیە کەسنووری زەمان و شوێنی بڕیوە .

لەسەردەمی حوکمڕانی پاشاکانی باباندا ، فەرهەنگ و زمانی کوردی لەوپەڕی بوژانەوەدا بووە . واش نەبێ ئەم بوژانەوەیە لەبەر ئەوەبووبێ کەکورد لەو سەردەمەداخۆی حوکمڕانی خۆی کردووەو بەس ، بەڵکو لەوەش گرنگتر ئەوەبوە پاشاکانی بابان خۆیان بەتەنگ بوژاندنەوەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکەیانەوە بوون و بەوزمانەش شیعریان گوتوە دەرکەوتنی چەند کەلەشاعیرێکی وەک نالی و سالم و کوردی لەیەک سەردەمدا خۆی نیشانەیەکی بەرجەستەی ئەم راستییە . دیارە کە مەلاخدری ـ نالی ـ ش ئەم رێچکەیەی شکاندوە و بەکوردی نووسینی کردووە بەپیشەوخووو . واش پێدەچی لەسەرەتاوە زۆرتەنگوچەڵەمەوکۆسپیان لەبەردەم دانابێ و گەلێ سەرکۆنەکرابێت لەسەرئەم بەکوردی نووسینە . چونکە زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی لەوان سەردەماندا زیاتر برەوی هەبوەو زۆربەی هەرەزوری شاعیران بەوزمانانەشیعریان نووسیوە ، بەتاییەتیش عەرەبی و فارسی ، کەیەکەمیان زمانی حالی

ئیسلام و دووەمیشیان هی ئیمپراتوریەتێکی گەورەی فارس بووە ، هەر شیعریکێش لەوکاتەدا نەیتوانیبێ بگاتە کوشک و بیلات ، بەچاوی قیزو بێزەوە تەماشاکراوەو بەشیعریان نەزانیوە ، بۆیە نالیش بەجۆرێکی دی ئەم قسەیەی خانی - ی دووپات کردوتەوە کە دەلی :

خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی　　مەیدانا کەمالی دیت خالی
یەعنی نە ژ قابیلی وخەبیرێ　　بەلکە ب تەعەسوباعەشیری
حاسل ژ عینادئەگەر ژ بیداد　　ئەڤ بیدعەتەکرخیلافی موعتاد
سافی شوموراند ڤەخار دوردی　　مانەندێ دەری لیسانی کوردی

نالیش هەر لەم روانگەی خانییەوە رۆودەکاتە ئەوانەی کەرەخنە لەبەکوردی شیعرنووسین دەگرن و بەنەنگی دەزانن ، دەڵێ :

تەبعی شەکەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خویە مەقسوودی لەعەمدا وادەکا
یا لە مەیدانی فەساحەت دا بەمیسلی شاهسوار
بێ تەئەمول بەو هەموو نەوعە زمانی رادەکا
کەس بەئەلفازم نەڵی خوکردیە ، خو کردیە
هەرکەسی نادان نەبێ خوی تالبی مەعنا دەکا

تەماشاکەن هیچ - پیکچوون - یک لەنیوان ئەم دووشیعرەی خانی و نالیدا هەیە ؟ خانی دەلی بەتەعەسوب کوردی دەنووسم ، نالیش دەلی : بەئەنقەسەت بەکوردی دەنووسم . ئەم بەکوردی نووسینەی - نالی - بەو هەموو تەنگ وچەلەمەیەی بۆی هاتۆتەپێش ، سەنگەر لێدانێکی قووڵ و قایمەدژی دوژمنانی زمانی کوردی ، بەگژدا چوونەوەیەکی شۆرشگێرانەیە بۆ داکۆکی کردن لەبوونی زمانی کوردی و دواجاریش هەڵوێستیکی بەرەنگاریەبەرامبەرنەیارانی کورد .

دوای رووخانی میرنشینی بابان ، نالی لەسەفەری حەج بووەو لەگەرانەوەیدا لە شام دەنگوباسی رووخانی ئەم میرنشینە دەبیستێ و لەوێوە شیعرنامەیەکی بۆ (سالم )ی شاعیر و هاورێی نووسیوە ( چامەکەی نالی بۆسالم ) و هەواڵی کوردستانی لێ دەپرسێ ، ئەویش بەچامەیەکی دی وەلامی دەداتەوە ، کەئەمرۆ ئەم دوو شیعرنامەیە بە ( چامەکەی نالی و سالم ) دەناسرێن . لەم نامەیەدا نالی داخ و حەسرەتێکی زۆر نیشان دەدات بەرامبەر بەوکارەساتە گەورەیەی کەبەسەر کوردهاتوە . هەستی کوردانەی ئەو هەستی شاعیرێکی نیشتمانپەروەری گەل و نەتەوەیە ، کەتاکەچەکی بەرەنگاربوونەوەی چەکی شیعری بوە دژی داگیرکەرانی خاکی ولاتەکەی ، بۆیە دەفەرموێ :

قوربانی تۆزی ریگەتم ئەی بادی خۆش مرور
ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور

نالی ئەوەندە تامەزروی دیداری خاکی ولاتەکەی بوە پەنای بردۆتە بەر - با - ئەوتامەزرۆیەی

بشکێنێ . خۆیشی چاوی بەرایی نەدا وە دوای رووخانی میرنشینی بابان بە ویرانی و چۆلگەیی بێتەوە ئەو هەوارە، خۆشەویستی خاك و یارانی ئەوەندە کاری لە دڵ و دەروونی کردووە و بە حەسرەتی دیداریانە .. هێندە دڵتەنگە بە داگیرکردنی وڵات ئەگەر دەستی کارامە بیی و وەستایی ئەو نەبوایە کە بەم پەردە هونەریە شیعرەکەی بالاپۆش کردووە، هەریەکێکی دیکە بوایە رەنگە زۆر بە زەقی باسی ئەم بارە ناهەموارەی کوردستانی کردبا و.زۆر بە دژواری بەرەنگاری داگیرکەران ببوایەوە، بڕوانن چەند بە نەزاکەتەوە شێوە و رەفتاری رۆمییە داگیرکەرەکان دەخاتە روو کە دەڵێ :

ئێستەش مەکانی ئاسکە یە کانی ئاسکان
یا خۆ بووە بە مەلعەبی گورگ و لوورەلوور ؟

لەم دوودێرەدا خوێندەوار بۆی هەیە وەك (جیناس) لێکی بداتەوە و بەم جۆرە راڤەی بکات :

ئەری داخوا ئێستاش کانی ئاسکان شوێنێکی ئارام و ئاسایشە وەك سەردەمی بابانەکان کە لە پیرۆزی و پاکی و بێ خەتاییدا هەردەنگوت ئاسکن، یا بۆتە مەیدانی جلیتانێ ی رۆمییان کە وەکو گورگ تێیدا دەلوورێنن ..؟ ئەگەرچی لە روخساری چامەکەی نالیدا هەست بەوە ناکرێ رووی دەم وقسەی لە رۆمیان بێت ، بەڵام ئەو مەبەستە زۆر ئاشکرا لە چامەکەی سالم ـ ی شاعیردا دەردەکەوی کە حەزرەتی نالیش هەر ئەو مەبەستەی هەبووە :

لەم شەرحی دەردی غوربەتە ، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ رەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبور ..!

نالی لێرەدا تەواوی هەست و سۆزی شاعیرانەی خۆی هەڵڕشتووە و بە جۆری تاسە و ئاوارەیی خۆی دەردەخا ، ئەوەندەی نەماوە لەگەڵ دەربڕینی سۆزی پەنگ خواردووی دەروون و ناخیدا بە راستی ببێ بە ئاو و وەك فرمێسك لە چاو بڕژێت .

بەرەنگاربوونەوەی نالی بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان بۆیە کێکی وەکو ئەو هەرئەوتەرزە بەرەنگاریەی هەڵگرتوە ، تاکە چەکی مەلایەکی شاعیر و دەست رەنگینی وەك ئەو هەر شیعر بوەو هەر بەم کینایەت و جیناسەش توانیویەتی بێزاری خۆی بەرامبەر دوژمنانی کوردستان دەربڕێ . دیاریشە کە دووری نالی لە زێد و هەواری باپیرانی و بە چاونەدیتنی بارودۆخەکە لە نزیکەوە کارتێکردنەکەی کەمتر بووە لە یەکێکی وەك سالم ، کە هەموو رەفتار و مەرامەکانی دوژمنی داگیرکەری بە بەرجەستەیی دیوە ، هەربۆیەش لە چامەکەیدا زیاتر بۆنی بەرەنگاری هەست پێ دەکرێ و دەست داگرتنی پتر پێوە دیارە ، بە تایبەتی کە دەڵێ :

لە وەساوە کە حاکمی بابان بە دەر کران
نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر

یان دەڵێ :

جوز گاهگاهێ ئاه و ناڵە لە ئەییامی رۆمییان
نەمدیوە وا ببێ لە عەدالەت لە بی بەشەر

سالم لەم دوو بەیتەدا دەری دەخا کە لە سەردەمی رۆمی یە داگیرکەرەکاندا کە حوکمڕانی بابانەکانیان رووخاند، هیچ دەموچاو و هەنیەیەک پرشنگ و تیشکی ئەو زەوق و شەوق و خۆشی یەی جارانی نەماوە و جگە لە داخ و ئاخ و نالەی ئەنجامی ستەم و زولمی رۆمیەکان شتێکی دیکە بەدی ناکرێ، کە بێدادی و رۆژڕەشی گەیشتۆتە ئەندازەیەک کە س لێوی هەڵناگرێ باسی عەدالەت بکات، یا وشەی عەدالەت بەجارێ لە سەر لێوان تەریوەقەت لەوە ناچێ هۆگری بێتەوە ...

سالم لە کۆتایی چامەکەیدا زیاتر پەردە لە رووی مەبەستەکانی هەڵدەماڵێ و بە ئاشکرا روو لە نالی دەکا و پێی دەڵێ: ئەم وڵاتە جارێکی دیکە نایێتەوە دۆخی جارانی وهێمنی وئاشتی وئاسایش ناگەڕێتەوە، مەگەر دووبارە بکەوێتەوە دەست کورد وخۆمان دەستی بەسەردا بگرینەوە :-

ئەم مولکە نەزمی نابێ بە بێ زەبتی واریسی
بێ ئەو بە قەسدی ئەم تەرەفە با نەکا سەفەر

گیانی بەرەنگاری لەم چامەیەی سالم دا بە روونی و ئاشکرایی دیارە، جگە لەوەی کە رق و نارەزایی ئەستوور و توندی خۆی بەرامبەر بە رۆمی یە داگیرکەرەکان دەردەبڕێ و خۆشەویستی خاک و نەتەوەو سەرکردەکانی لە دەماری لەشیدا گوزەردەکات، پێشنیازی ئەوەش بۆ نالی دەکات کە دووبارە وڵات رزگار بکرێتەوە و بکەوێتەوە دەست خاوەنی خۆی کە نەتەوەی کوردە.

ئەگەر بە چاوی ئەمڕۆ، بە گوێرەی بازاڕی شیعری ئێستا تەماشای هەردوو چامەکەی نالی و سالم بکەین و خۆمان لە زەمان بدزینەوە و سەدونیونێک خۆوە پاش بدەین، پێم وایە دەبێ بە ویژدانەوە وەک شیعری بەرەنگاری بڕوانینە ئەم شیعرانەو سەری رێز و خۆشەویستیش بۆ ئەم دوو کەڵە شاعیرە دانەوێنین. کە بە کامێرای شاعیرانەیان زۆر بە کارامەیی وێنەی سەردەمەکەی خۆیانیان کێشاوەو وەک بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ ئێمەیان جێ هێشتووە. هەر لەم روانگەیەشەوە زۆرجار نووسەر و شاعیر وەک شاهیدێکی سەردەم وویژدانێکی زیندوو خۆ دەنوێنن و ئەدەبەکەشیان وەک گەواهی نامەو بەڵگەیەکی سەدە... سەراو مێژوو دەنووسێتەوەو تۆماری دەکات و رۆڵی مێژوونوس دەبینێ.

ئەگەر شیعری بەرەنگاری بەشێک لە ئەرک و فرمانەکانی ئەوە بێ چارەی دوژمن لەبەرچاوی جەماوەر بێبێزێنێ و رەگی خۆشەویستی و خۆشویستنی خاک و نەتەوە قووڵتر بکات. کێ نالی ئەو شیعرانەی نالی وسالمیش لەوان سەردەمانەدا تۆوی بەرەنگاریان لە نێو کەللەو دەماخی هەزاران کەس دا نەوەشاندووە..؟ پێم وابێ هەرواش بووە، بەڵام رەنگە ئەوارەی بڵاوبوونەوەی ئەم شیعرانە بەهۆی نەبوونی دەزگای چاپەمەنی و کەمی نەخوێندەواری کەمتر بڵاو بووبنەوەو تەواو هەقی خۆیان نەدرابێتی. چونکە لەوان سەردەمانەدا تاکە رێگایەک و ئامرازێک بۆئەو مەبەستە هەرحوجرەی فەقێیان و لە سەردەستی مەلاکانی کوردستان بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کاری خۆیان کردووەو وەک نموونەیەکی شیعری بەرەنگاری سەپیون، ئەوەنیە ئێستاش لەگەڵدابی کە ئێمەمانان دەیانخوێنینەوە موچرکەمان بە گیان دا دێ و

مووی سەرمان وەک نەشتەریان لێ دێ و نێوچاوانمان گرژ دەبێ ..؟ ڕەزای ئەو ڕۆمــــی یە سەگباب خێوە داگیرکەرانەمان هێندەی دی لە لا قــورس دەبێ و رقی تۆلەو بەرەنگارێشـمان لەکن ئەستوورتر دەبێت ..؟

سوارچاکێکی دیکەی مەیدانی شیعری بەرەنگاری ، شاعیری ناسراو و شۆڕشگێڕوکوردپەروەری کورد حاجی قادری کۆیی بوو ، کە لە سالانی ١٨١٥ ـ ١٨٩٢ دا ژیاوە و هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەت کردنی وشەی پیرۆزی کوردی و هاندانی مروڤی کورد و بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی تەرخان کردووە ، حـاجی قادر زیاتر لە هەموو شاعیرەکانی پێش خۆی گرنگی بە شـیـعری نیشتمانی و کوردانەداوە ، هەر لە بەرئەو هەستە پاکەش دووچاری غوربەت وپەرەوازەیی بوە . شیعری بەرەنگاری لە سەردەمی حاجیدا ڕەنگ و دەنگێکی نوێی بەخۆوەگرت و بـەرگـێکـی تازەی پۆشی و هەنگاوێکی گەورەش چووە پێش .

حاجی زۆر لە نزیکەوە شارەزاو ئاشنای دەردەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری بوە و زۆرچاکیش دەستنیشانی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ناو نەتەوەی کوردی کردووە . سەرەرای ئەوەش ئاگاداری پێشکەوتن و سەرکەوتنی گەلانی دنیا و دەوروبەریش بوە . بۆیە کاتی بـەراوردی لە نێوان نەتەوەکەی خۆی و نەتەوەکانی تر کردووە هەستی بەوە کردووە چ جیاوازیەک و مەودایـەکی زەمەنی لە نێوانیاندا هەیە . ئەوەتانی دەڵێ :

تا ڕێ نـەکـەون قـەبیلی ئەکراد هەروا دەبنە خـەرابە ئـابـاد
ئەنواعی میلەل گـەورە تا بچـوک خەملیوەمە مالیکی وەکـو بووک
یەک بەرگن ویەک زمان ویەک ڕەنگ بێ غەیبە تـوعەیبوعاروبێ دەنگ

تادەگاتە ئەوەی کە دەپرسـێ :

بۆچـی کوری وانیـە هەسـتێتە سەرپێ
بزانـێ چۆن کە هەرکەس کەوتە سـەرپێ

تادەگاتە :

ئەگـەر کـاریک نەکەن لەم بەینەدا زوو
مەمالیک کاتێکت زانی لــە دەسـتچوو

ئەم شیعرەی حاجی قادر ئەگەرچی بەرزاڵەت سادەدێتە بەرچاو و کەمتر دەست و پەنجەی هونەری و کارامەیی پێوە دیارە ، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شۆڕشێکی بەرپاکردووە وئازایانە تر لەوانی پێش خۆی پەنجە دەخاتە سەرئێش و ئازار و کەموکورتیەکانی نەتەوەکەی خـۆی . لـە لایەک گیانی بەرەنگاری و شۆڕشگێری بڵاو دەکاتەوە و خەلک هان دەدات بۆگەیشتن بە پلـە و پایەی نەتەوەکانی دی و تەکبیرێک لەخۆیان بکەن و هەربەم کوێرەوەری و دەردەسـەری و دەستبەسەریە نەمێننەوە ، لە لایەکی دیکەشەوە پەنجە دەخاتە سەرئەو کۆسپ وتەگەرانەی کە لە بەردەم گەشەکردن و بەرەوپیشەوەچوونی شارستانیەتی کوردەواری قوت بوونەتەوە ، پێیشیان دەڵێ نارێکی وناتەبایی خۆیانە ، بۆیەش وا بەژێردەستەییماونەتەوە و وڵاتیان لەژێر چەکمەی

داگیرکەران‌دا بۆتە کەلاوەو ویرانە .

داچاندنی ئەم گیانی بەرەنگاریەلەناو نەتەوەی کورد قوناغێکی تازەی بۆشیعری‌بەرەنگاری داهێنا کەپێشتر نالی و سالم رەنگیان بۆ رشتبوو . بەلام نەیانتوانی وەک حاجی‌بیکەن بە سیمایەکی ئەدەبەکەیان .. ئەلبەتە ئەوەش بەمانای کەم کردنەوە نایێ لەشاعیریەتی نالی و سالم ، چونکە ئەوان بەجۆرێ خۆیان لەناو مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگیرکردوە هەتا هەتایە دەبێ شانازیان پێوەبکرێ ، بەلام باس لەسەرشیعری بەرەنگاری بێ ئەوەهیچ گومان لەوەدا نیە کەحاجی داهێنەر وخولقێنەری ئەم قۆناخەبووە ، کەقۆناخی لەدایک بوون وژانی شیعری نەتەوایەتی و بەرەنگاریە ..!

سەرنج بدەن حاجی چەند بەتەنگ سەرکەوتن و پێشکەوتنی نەتەوەکەی‌خۆی بوە چەندیش پەرۆشی ئەوەی بوە نەتەوەی کوردیش لەم ژێردەستی و چەوساندنەوەیەرزگاری بێت و وەک نەتەوەو گەلانی دنیا بەئاسوودەیی بژی .

هەست کردن بەچەوساندنەوەو داگیرکرانی کوردستانی ولات ونیشتمان وایان لــە حــاجی کردووە ئۆقرەی لەبەر ببڕێ و هەتادەنگی هەتەر دەکات بانگ بەگوێی خەلکدا بدات :

جۆشــێک بدەن وەکو هــەنگ  تەدبیر بکــەن بــەبێ دەنگ
ئەســبابی شــەڕ پەیدا کــەن  تــۆپ و تفــەنگ و هــــاوەن ...!

رەنگەتاکەجیاوازی لەنێوان شیعری حاجی و شیعری بەرەنگاری تەنیا ناوەکەی بوە ، ئــەو کاتە وەکو لەپێشەوەش باسمان کرد هەرئەوەبوو شیعری بەرەنگاری وەکو زاراوە پــەلوپــۆی نەهاویشتبوو بگاتەهەموو سوچێکی دنیا ، بەتایبەتیش نەتەوەیەکی ژێردەستەی‌ولات داگــیر کراوی وەک نەتەوەی کورد ، بۆیە سیماو ئاکارەکانی شیعری حاجی وەک شیعری‌کوردایەتی و زیاتریش لەنیشـــتمانپەروەری ناوبانگیـــان دەرکردبوو .. کــە ئــەمــرو هەموو ئەوبابەتە شیعریانە دەچنە خانەی شیعر وئەدەبی بەرەنگاریەوە . لەبەشــی دووەمی ئەم باسەمان‌دا هەول دەدەین رۆشنایی بخەینەسەر ئەوشیعرانەی لەسەرەتای سەدەی بیستەم‌دا تــا ئــەمرۆ مورکێ بەرەنگاریان پێوەدیارەو وەک شیعری بەرەنگاری خۆیان سەپاندووە .

شاعیرێکی دیکەی کورد ، کەرەنگەکەس ، یا زۆربەدەگمەن ،بۆلای‌ئەوەبچن شیعری‌نیشتمانی نوسیبێ ، چونکە زۆرتر بەناسک خەیالی وجوانپەرستی وعاشق ناسراوەو هەرواش‌بوە.. بەلام لەقەسیدەیەکی دوور ودرێژدا کەتایبەتە بەکۆچی دوایی پێشەوای مەزنی کورد وســەرکــردەی شوری باکووری کوردستان ـ شیخ عوبەیدوللای نەهری ـ لەوێــدا بۆمان دەردەکــەوێ کــە ئەم شاعیرە هەست ناسکە لەومەیدانەش‌دا هەرشۆڕەسواربوە .

بەلێ ـ وەفایی ـ شاعیری ناوچەی موکریان لە پال شیرین تەشی دەرێسیدا شـــــیعری نیشتمانیشی هەبووە ، لەتەک هەستی عاشقانەو جوانپەرستانەشیدا هەستی نەتەوایـــەتی بزواوە ـلەم قەسیدەیەدا وەفایی شێوەنێک بو ئەم‌سەرکردە مەزنە دەگێڕێ.. ئــەگــەرچـــی روالــەتی قەسیدەکە زیاتــرلە روانگەی شێخ و مریدەوە دێتە بەرچاو ـچونکە ـ شیخ‌عوبەیدوللای نەهری ـ یەکێک‌بوە لە شاعیر دۆستان‌و شیعر دوستانــی ئەو سەردەمە وبەتــایبــەتــیش زۆر

ئاشنایی بە شیعرەکانی وەفایی هەبووە بانگی کردۆتە لای خۆی .. وەفاییش جگە لەوەی کە مریدێکی تەریقەتی شێخ بوەو وەکو رێبەرێکی تەریقەت تەماشای کردووە . لە هەمان کاتیشدا وەک سەرکردەو پێشەوایەکی نەتەوەییش سەیری کردووە .

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان چامەکەی نالی و سالم و ئەم قەسیدەیەی وەفایی - بکەین لە رووی ناوەرۆکەوە ، بومان دەردەکەوی ، لێکچونێک لە نێوانیان داهەیە ، ئەوان ، واتە نالی و سالم ، زۆر بەپەرۆشەوە جۆرە شیوەنێکیان بۆ پاشاکانی بابان گێراوەکە دوای داگیرکرانی کوردستان و رووخانی میرنشینەکە ولاتیان چۆڵو هۆڵ هاتۆتە بەرچاو ورەعیەتیان بێ شوان و خودان دیوە وەفاییش لەم قەسیدەیەیدا هەر ئەو مەبەستە دەپێکێ‌ودوای کۆچی داویی - شێخ - لەسەفەری حەج - ولات بە ویرانەوخەرابە دەچوێنێ ، دیارە دەبی ئەوەش بلێین کە لەوان سەردەمان دا مەسەلە ئایینی یەکە زۆر لەپێش مەسەلە نەتەوایەتیەکەبووە هەربۆیە ش دەبینین زۆربەی سەرکردەو رابەرانی‌شۆڕش و حوکمدارانی کورد رێبەرێکی ئاینیش بوون . بۆیە تێکەلاو کردنی هەردوو لایەنەکە لەلای شاعیرانی کارێکی ئاسایی بوە .. کەواتە دەکرێ ئەم‌شیعرەی وەفایی ، بخەینە پاڵ ئەوشیعرانەی رەگی بەرەنگاری‌یان تێدایە .. شیعرەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکا :

دریغا .. بای خەزان دایە بەهاری شوخ و رەعناکەم
لەئیظهاری عەمەل کەوت ئافتابی عالەم ئاراکەم
وەرەق ریزان ، خەزان کەوتە رەزان ،وەضعی چەمەن‌گورا
بەسەرچوو فەصلی گولگەشت و تەماشای باغ وصەحراکەم

تا دەگاتە :

بەروحی خواجەگانی نەقشبەند و قیبلەگاهی خوم
غەریب و جان سپاری کەعبە قوطبی دین ودونیاکەم
بەقووەی جاذیبەی دلتان ( وەفایی ) دەست و دامانە
چ نابی گەر لەسایەی ئیوە قەطعی ( ماسوی اللە )کەم

* * *

سەرچاوەکانی ئەم بەشە ئەمانە بوون :

1- مێژووی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سجادی
2-ادب المقاومە ( تەرجەمەفارسیەکەی ) - غالی شوکری
3-ئەدەبی واقیعی - دکتور عیزەدین مستەفارەسول
4- گۆڤاری (کیهان فرهنگی ) - فارسی - ژمارە :
5-مەم و زین - ئەحمەدی خانی
6- دیوانەکانی :
ا - مەلای جزیری ب - نالی ح - سالم د - حاجی قادری کۆیی هـ - وەفایی

ئێکۆلینە

# پرۆسترۆیکا و دوارۆژێکی روناك

نووسینی / نیروزمالک /سوریا
وەرگێرانی / ئەرسەلان بایز

لە سەرەتای ئەم چەرخەدا . ریالیزمی سوسیالست لەسەر دەستی نووسەری روسیابی (مەکسیم گورکی) رەگی خۆی داکوتا، کە دواتر بە باوکی ریالیزمی سوسیالست ناسرا . رۆمانی ـ دایک ـ یش کە سالی 1906 بلاوکرایەوە باشترین و بە ناوبانگ ترین نموونەی ئەو قوتابخانە ئەدەبی یە یە ، هەر وەکو بۆریس بیالیک دەلێت : (بە شێوەیەکی کاریگەرو راستەو خۆ تەئسیری کردە سەر چارەنوسی ملیۆنان کەس) بە تایبەتی لەوەرچەرخانە مێژووییە شۆرشگێرییەکان دا . لەو کاتانەی کە چینی کریکاران هەنگاوی شۆرش وراپەرینو خۆپیشاندان و مان گرتنە گەورەکانیان لە ئەوروپا دا هەلگرتبوو .
لەگەل سەرکەوتنی شۆرشی سوسیالستی ئۆکتۆبەری مەزن دا ، ریالیزمی سوسیالسبت لە پەخشان و شیعرو شانۆ و سینەمادا سەقامگیرتر بوو . ئەو قوتابخانە ئەدەبی یە بوو بە رێبازی رەسمی دەولەت و ، سەرچاوەی داهێنانی رۆشنبیرو هونەرمەندانی یەکێتی سۆڤیەت. ئەگەر چی لە سەردەمی سەرکردایەتی لینین . ئەو کاتەی سستەمی سوسیالستی تازە چاوی هەلێنا بوو و هێشتا بە تەواوی قاچی نەچەسپا بوو . ئەو کاتەی هێرشی دەولەتانی ئیمپریالستی و شۆرشی چەواشە لەلایەن حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ئەوروپاوە پشتیوانی لێ دەکرا . هیچ مافێکی قوتابخانە ئەدەبی یەکانی تری وەک (شکلانی "شێوەگەری"، مستقبلی "ئاییندەیی"، نەزعەی پرولیتاری متطرف "توندرەو") یاساغ نەکران . بەلام لەو قۆناغە دژوارەدا ، یەکێ لە گرنگترین ئەرکی بنچینەیی ئەستوی ئەدیب و روشنبیرانی سوڤیەت داکۆکی کردن بوو لە شۆرش و سستەمی سوسیالستی . لە پیادەکردنی ئەو ئەرکە پیرۆزمش ریالیزمی سوسیالستی رێگای نوێ و نوێتری بۆ داهێنانی خۆی کردەوە . جیاوازی و ململانێی نێوان رێبازە جیاوازەکانیش بوو بە هۆی ئەوەی ریالیزمی سوسیالست لەسەر دەستی نووسەرە بە توانا و داهێنەرەکانی سۆڤیەت سەقامگیرتر بێت .
دەیان لەو نووسەرانە شاکاری گەورەیان پێشکەش کرد . کە ئەمرۆ رووکاری ئەدەبی کلاسیکی

ریالیزمی سوسیالست دەردەخەن ، کە بۆتە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی .

لە قۆناغی سی یەکاندا ، لەگەڵ بە هێز بوونی دەسەڵاتی تاکرەوی ستالین ، گیانی بیروکراتی و دیدی حیزبایەتی تەسک گەرای خۆی لەسەرجەم چالاکیە کۆمەلایەتی و فکری و ئابوری یەکانی نیشتمانی ئۆکتوبەر دانا ، بە شیوەیەک کە رێبازی ریالیزمی سوسیالستی داهێنەر ، بە بۆچوونی پارێزگاری ئابلوقە درا . بەمەش بنچینە داهێنەرەکانی خۆی بە هۆی چەندین رۆشنبیری سۆڤیەت لە دەست دا . گۆربا تشۆف لە کتێبەکەی (پیروسترۆیکا و بیرکردنەوەی نوێ) بۆچونێکی کاریگەری دەربارەی باری رۆشنبیری ئەو قۆناغە راگەیاند، (رۆشنبیرەکان ، لەوانە حیزبیە بەلشەفیکەکان لە ئەنجامی پێ شێل کردنی شەرعیەتی سوسیالستی و سەرکوت کردنیان لەلایەن دەزگاکانی ستالین، لە سی یەکاندا ، دووچاری زیانێکی گەورە بوون ، کە هەرگیز پڕناکرێتەوە ) بەم جۆرە ریالیزمی سوسیالست کەوتە ژێر کارتێکردنی بۆچوونی دروشم و پیاهەڵدان و خۆش بینی یەکی درۆ ، بۆ ئەوەی قالبی ئایدۆلۆژیا یەکی رووت بە خۆیەوە بگرێت . نووسەرەکان ئەدەبێکی (شکست) ی بێ گیانیان دەنووسی . دنیاو دوارۆژێکی پڕ لە خەون و ئارەزوویان دروست کردبوو کە هیچ پەیوەندی یەکی بە بنچینە بابەتی یەکانی سەردەمەکەوە نەبوو . بەڵکو خەونیان بە دوارۆژێکی بەختیارەوە دەبینی .

بەم جۆرە دوای ٢٠ سال لەسەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتوبەر ، ریالیزمی سوسیالست بە هۆی هەندێ نووسەر لەمەیدانی ژیانی هونەری دەرکرایە دەرەوە و لە پێناوی (چەپڵە رێزانێکی توندو بەردەوام ) برایە هۆڵە رەسمی یەکان . بۆ ئەوەی ببێتە دروشم و لەسەر دیواری ژووری بیروکراتە حیزبیەکان هەڵبواسرێت ، بۆ ئەوەی بە شان و باڵی سەرکردەو شەخسە لێ پرسراوە بیروکراتەکان هەڵبداتەوە .. بەم جۆرە ستالینیەکان ریالیزمی سوسیالستی یان لە ئەرکە سەرەکی یەکەی خۆی لە دروست کردنی مرۆڤی نوێی سۆڤیەت دوورخستەوە . لە دیموکراتیەتیانە دوورخستەوە کە ئەدەبی ریالیزمی سوسیالیستیش هەرگیز بە بێ ئەو هەوایە ناژیت ، ئیتر رێگایان لە ئەدەبی ریالیزمی سوسیالست گرت لەوەی پەنجە بۆ رەخنەو کەم و کوریەکانی ناو کۆمەڵگای نوێ درێژ بکات و پەردەیان لەسەر هەڵبداتەوە .. بەم جۆرە نووسەرەکان کەوتبونە وەزعێکی ئەوتۆ کە لە باس کردنی لایەنە ئیجابیەکان بەولاوە هەموو دەرفەتەکانی تریان لێ بەسترا بوو . بەلام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ لە رۆشنبیرەکان هەر چۆنی بوو نەیان توانی هەروا بە بێ دەنگ بمێننەوە یان سەر بۆ ئەمری واقع کەچ بکەن و بە شان و شەوکەتی ستالین دا هەڵبدەن ، بەڵکو رێگایەکی تری داهێنانیان بۆ خۆیان کردەوە ،کە نەک هەر لەگەل ریبازی ریالیزمی سوسیالست ناکوک نەبوو، بەلکو بوەهوی داهینانیکی تر لە چۆنیەتی دەربرین ، ئەمەش وای کرد لەسەردەمی (رکود )دا ترس و نارەحەتی لە دەروونی بیروکراتەکان بروێنێ . گۆرباتشۆف لەم بارەیەوە دەڵێت : لەسەر دەمی رکود جیاوازیەکی ناکۆک بەیەکتر خۆی سەپاندبوو ، کۆمەڵگاکەمان وەکو پێویست لە توانای دا نەبوو ، توانای رۆشنبیری بەرفراوان و پەنهانی داهێنانی نووسەرەکان وەبەر بێنێ .

هۆکەشی ئەوەبوو کە ئاستەنگ خرایە بەر گەشە کردنی رەورەوەی دیموکراتیەت .
ئەمروش لە سایەی پرۆسترۆیکادا بواری رۆشنبیری و ئەدەبی یەکێتی سۆڤیەت لە چاودێری رەقیب رزگاری بووە .

کانێکی بێ نموونەو دەولەمەندی هەمەچەشنەی هونەرمەندە تەشکیلی و کادیرەکانی سینەما و رۆشنبیری سوسیالستی لەسەر تاقچەی بیروکراتەکان دۆزراوەتەوە ، کە ئەو هەموو سالانەی پێشوو بەهۆی دیدی تەسکی حیزبایەتی و نەبوونی دیموکراتیەت و قەدەغەکردنی ئازادی بیروڕا دەربرین خرابوونە زیندانە تاریک و نوتەکەکان . ئەمرۆش دوای ئەو هەموو سالەو ، دۆزینەوەیان ، هێندە گەورەن نرخەکانیان تەقدیر ناکرێن .

دیموکراسی گرنگترین پایەو رەوشتی بەرزی مرۆڤایەتیە لە سیستەمی سوسیالستی دا، بڕوای بەوە هەیە مرۆڤ بە شێوەیەکی بابەتی و دوور لە دروشم و پیا هەلدان پەنجە بۆرەخنەی کەم و کوڕیەکانی کۆمەلگای سۆسیالستی و مرۆڤ درێژ بکات ، هەر بۆیەش لەسەردەمی دەسەلاتی تاکە کەسی و بیرۆکراتەکانی یەکیتی سۆڤیەت دا ، ئەو نووسەرو رۆشنبیرانەی کە باوەڕیان بە سوسیالستی و نیشتمانی سوسیالستی و گەل و حیزبی شیوعی هەبوو زۆر هوشیار و بە ئاگابوون . نەچاوەڕوانی هیماو مولەتی دەزگا بیروکراتەکان بوون ، نە دەست بەردا ری نووسین و هەلویستەکانی خۆیان بوون و نەلەبەردەم گوشارەکەش رایان کرد.
بەم جۆرە دەبینین دەنگی نووسەرە سۆڤیەتیەکان رۆژ لەدوای رۆژ بەرزتر دەبوو لەداواکردنی دیموکراسی و بیرو رادەربرین . هەر لەو تیروانینەشەوە نووسەری مەزنی سۆڤیەت ئیتماتۆف رۆمانی ( کەشتی سپی ) نووسی کە نووسەرانی یەکێتی سۆڤیەتی کرد بە دوو بەشەوە ، بەشێکیان رۆمانەکەیان بە نیشانەیەکی تایبەتی دادەنا لە مێژووی ئەدەبی سۆڤیەتیدا ، بەشەکەی تریش بەوەتاوانباریان دەکرد کەگوایە لە گیانی ریالیزمی سوسیالست دوورە ، چونکە رومانەکە بە رەش بینی یەکی تەواوکوتایی هاتووە . ماوەکی زۆرە ئەدەبیانی یەکێتی سۆڤیەت وازیان لەو جۆرە ئەدەبە هێناوە کە سەرەنجامەکەی هەر دەبێ بە خۆش بینی کۆتایی بێت . یان پالەوانی نووسینەکانیان دەسکردو ئامادەکراوبێت بەلکو ویژدانیان بۆ جۆرە ئەدەبێک لێ دەدا کە دوور بوو لە قالبی داتاشراوو ریالیزمی سوسیالستی شکستە ئەو ئەدەبەی کە ( ژدانۆف ـستالین ) دەیان ویست . بەم جۆرە لە ئەدەبی سۆڤیەتی ئەو قۆناغەدا ئەو راستی یە بەدی دەکەین کە بەشێکی زۆر لە رۆشنبیران دژی بیروکراتیەتی حیزبی و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردن و دیموکراتی بوون وتەعبیریان لە ویژدانی گەلی سۆڤیەت دەکرد . لەوانە راسپۆتین ـ شوکشین ـ بیلۆف .........هتد ئەمانە دەچنە پال نووسەرە مەزنە ( مخضرم ) ەکانی وەک ئیتماتۆف .

پروسترۆیکا بۆ ئەوە هاتۆتە کایە تا پشتیوانی لە رۆشنبیران بکات ، سەنگەرێکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە شەرەفی ئەو ووشەیە دەپارێزن کە تەعبیر لەویژدانی گەلی سۆڤیەتیە تی دەکات ... پروسترۆیکا هات و لەگەل خۆی ئاسۆی بیروڕای جیاوازو دیموکراسی و بەئاشکرا را دەربرینی هێنا لە پیناوی گەیشتن بە حەقیقەت لە رێگای دیموکراسی سوسیالستی دا

لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و گەشە پێدانیان .

( 2 )

بێگومان ، پەنجاکان قۆناغی هەڵسانەوەی نیشتمانی بوو ، ئەدەبی نیشتمانیمان لەگەڵ تەوژمی ریالیزمی سوسیالستی دا باوەشیان لە یەکتر ئالاندبوو ، هۆی ئەو تێکەڵاو بوونەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت بەسەر نازی و فاشیەکاندا لە دووەمین جەنگی جیهانی دا . سەرکەوتنێک کە هەموو جیهانی سەرسام کرد . هەروەها ئەو یارمەتی و هاوکاری بانەی کە یەکێتی سۆڤیەت کردی لە کاتی خەباتمان لە دژی کولۆنیالیزم لە پێناوی ڕزگاری ئابووری و سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا .. ئەو تێکەڵاو بوونەی کە ڕۆشنبیرەکانمان ویستیان لە نموونەکانی ریالیزمی سوسیالستی یەکێتی سۆڤیەت دا بەرجەستەی بکەن . بەم جۆرە دەبینین (حنا مینە) شاکاری مەزنی وەک ( الشراع "چاروگە")و ( العاصفە ) دەنووسێ .(سعید حورانیە) کۆمەڵە چیرۆکێکی سەرکەوتوو کۆمەڵەی نووسەرانی سوریا بەرهەمی سەرکەوتویان پێشکەش کرد . ئێمەی کۆمۆنیستیش پشتمان بەو جۆرە نموونانە بەست و هەر ئەوانیشمان کردە پێوانەی داهاتوو ، ریالیزمی سوسیالستیمان کردە بناغەی ئەدەبی نیشتمانیمان . لەگەڵ ئەو سەرهەڵدانەش دا تەوژمێکی رەخنەی ئەدەبی مارکسیانە سەری هەڵدا . جارجارە بە شێوەیەکی بابەتیانە بەرهەمە ئەدەبیەکانیان هەڵدەسەنگاند . جار جارەش لەسەر ڕێ و ڕەسمی ( ژدانۆف ) . هەربۆیەش بەشێک لەو بەرهەمە ئەدەبی یانەمان بە ئەدەبی بورجوازی و ، جار جارەش بۆ سوک کردن بە ئەدەبی برجوازی بچوک هەڵدەسەنگاند .

لەگەڵ تەواو بوونی پەنجاکانیش دا ،دوای سەربەخۆیی و ئاڵۆزبوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی دوای ئەوەی بڕژوازی بچوک لە بەشێک لە دەوڵەتە عەرەبیەکاندا دەسەڵاتی حوکمیان گرتە دەست و دروشمی ( سوسیالست )ی یان بەرز کردەوە ، ئەدەبی نیشتمانیمان کەوتە ژێر کارتێکردنی ئەو تەوژم و ڕێبازانەی لە ڕۆژئاواوە دەهاتن ، لەلایەکی تریشەوە ئەدەبی ئەو چینە هاتنە کایەوە کە دەسەڵاتی سیاسیان گرتە دەست . لەگەڵ ئەوەش دا ئەدەب هەر بەو شێوەیە مایەوە کە ڕەنگ دانەوەی باری کۆمەڵگاکەمان بوو ، جۆرەها گۆڕانکاری سلبی و ئیجابیی تیدا ڕەنگی دەدایەوە ، گەلێ نموونەی جیاوازی دانێ ، بەلام زۆر بەیان ناسەرکەوتوو شکستیان خوارد ، بە تایبەتی دوای شکستی چینی بڕژوای بچوک لە زۆربەی شەڕە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکاندا و رووخاندنی پرۆژە ( سوسیالستی یەکەیان ) لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زیندە بە چاڵ کردنی دیموکراسی و ، هەڵواسینی داد پەروەری لەسەر دیواری برجوازی یە بیروکراتەکان و چالاکی برجوازی مشەخوری رووخێنەر .

لەو کاتەدا نەمان توانی لە هەڵسەنگاندنە ئەدەبی یەکانمان دا ، جیا لەو وێنەیەی لە مێشکماندا هەبوو،دەربارەی پاڵەوانی ئیجابی و سەرکەوتن و روون بینی داهاتوو، شتێکی تر ببینین . بۆیە بەرهەمە ئەدەبی یەکانی ئەو کاتانەمان بەڕەش بین یان برجوازی ، یا

راسترەو و پەلەپەلکەر دەنرخاند... هتد

ئەو کاتە تێڕوانینەکانمان لە دروشم و قالبە حیزبییە تەسکەکان تێنەدەپەڕی.... بەتایبەتی لە کاتێکدا تەوژمی ریالیزم کاڵ بوو بووەو، بەشێکی زۆر لە نووسەرەکان وازیان لە نووسین هێنابوو، یان لە شەستەکاندا کەوتبونە ژێر کارایی و چالاکی برجوازی بچوک لە بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و بوارەکانی تردا.

ئێمەی کۆمۆنیست لەو کاتەدا گەلێ جار نەمان دەتوانی رەخنەیەکی بابەتی ئاراستەی بەرهەمە ئەدەبی یەکان بکەین. ئێمە ئەو کاتە بەرامبەر بە ئەدەبی نیشتمانیمان دیموکراسی نەبوین، بەلکو بە چاوی گومانەوە سەیرمان دەکردن،بگرە جار جارەش تاوانبارمان دەکردن. تەنانەت بە دیدێکی زالمانەو بێ ویژدانانە سەیری بەرهەمە داهینەرەکانی ئەو کاتەی(زکریا ئامرو ولید اخلاص و جورج سالم و هانی الراهب وحیدر حیدر)و بەشیکی تری ئەدیب و رۆشنبیراتمان دەکرد.

بو چوونە یەک لایەنیەکانمان بەرامبەر بە ئەدەب، گەلی جار لە هەلویستە حیزبیە تەسکەکانمانەوە بتاوانی هەلدەگرت، پیمان وابوو هەرتەنیا ئیمە خاوەنی راستین. راستی یەکەشمان لەو بوارەدا (ریالیزمی سوسیالستی) بوو. لەسەر بنچینەی ستالینی یەک دیدو یەک دەنگ و یەک بیرورا. لە ئەنجاما ئەو هەلویستەش دا بەشیک لە نووسەرە داهینەرو بە توانا کان ریزەکانی ئیمەیان جی هیشت، کەسیکی نویش نەهاتە پیشەوەو شوینەکانیان پر بکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئیمەی کومونیست بەرنامەیەکی روشنبیریمان نەخستە بە دەست، کە بە راشکاوی پەیوەندی ئیمە لەگەل روشنبیران دەست نیشان بکات. بەلکو چالاکیەکانمان لەسەر بناغەی هەرەمەکی و ئامیرکاری روتینی بوو. سەرباری دیبەردونگیەکانمان لە هەلس و کەوت و مامەلە لە گەلیان دا. چونکە ئەوان - بەرای ئیمە - خاوەنی کیشەو گیروگرفت بوون، ئەوان دەستەیەکی ناپەیگیرو بی دیسپلن بوون، پەیوەندیان بە بەرنامەیەکی ریکخستنەوە نەبوو، دەستەیەکی زور بلی و جیا لە (تنظیر) شتیکی تریان نەدەزانی... هتد

لەلایەکی ترەوە ئەدەبی سۆڤیەت لە قۆناغی (رکود) دا چیتر وەکو جاران جێ دیدگاو تێڕوانینی داهێنەرەکانمان نەما، ئەو بەرهەمانە سەرنجی ئەدیبەکانی ئێمەیان رانەکیشا. دیاردەی دووبەرەکی نێوان رۆشنبیرانی سۆڤیەت و، بانگەشە کردن بۆ ئەدەبی (شعارات) دروشم لەسەر بیروکراتەکان، بە شێوەیەکی سلبی لە چالاکی شیوعیەکان و داهینەرەکاندا رەنگی دایەوە، تێڕوانینی شەخسی و بۆچوونی برجوازی بچوک لەلایان گەورە بوو، بەم جۆرە نەمان توانی بەرەو مەیدانی خەبات و تێکوشانی دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی رایان کێشن.

( 3 )

ئێستاش ئایا پروسترۆیکا لە بواری روشنبیری دا چ تاقی کردنەوەو شارەزاییەکی بو نوێ کردنەوەی چالاکی رۆشنبیرە داهێنەرەکان پێشکەش کردووە؟ پروسترۆیکا دیموکراسی

پیشکەش کردوە ، کە یەکێ لە گرنگترین بەرهەمەکانیەتی . پروسترۆیکا ئاشکرایی و هەڵوێستی جیاواز و ئازایەتی لە قسە و بیروڕا دەربڕین و رەخنەگرتنی پێشکەش کردووە . بەتایبەتی دوای ئەوەی کانێکی رۆشنبیری گەورەی ئاشکرا کرد . ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە لە سێبەری گلاسنۆست و ئازادی دا ، هیچ کەسێک ناتوانێ لەبەردەم گەل و ستەمی سوسیالستی دالەبەر پرسیاری رابکات . هەروەها پروسترۆیکا و گلاسنۆست رێگا نادات بەناوی گەل و ستەمی سوسیالستی تیرۆر و زەبروزەنگ پیادە بکرێت . لەسەردەمی پروسترۆیکا دا ژمارەیەک کتێب بلاوکرانەوە کە پێشتر لە ئەنجامی سیاسەتی ستالینی و زەبرو زەنگ زیندانی کرابوون . پیشانگا بۆ ئەو هونەرمەندانە کرایەوە کە جاران قەدەغە بوو بەرهەمەکانیان رووناکی ببینێ ، موزەخانە بۆ ئەو داهێنەرانە کرایەوە کە جاران لەسەردەمی ستالین و ( رکود ) زوڵمیان لێ کرا . ئیستاش لەسەردەمی پروسترۆیکادا ( رد اعتبار ) یان بۆ کرایەوە ، هەروەکو باسترناک و بولغاکوف و کەسانی تر . چەندین فلیم نیشان دران کە سالانی پێشوو قەدەغە کرابوون .

ئەوەی ئەمرۆ لە یەکێتی سۆڤیەت و لە سێبەری پروسترۆیکا دا دەکرێت ؛ نەک عەر راکێشانی رۆشنبیرانە بەلای ریزەکانی ئێمەدا بەڵکو لە دیدی تەسکی حیزبایەتیش دوورمان دەخاتەوە ، کە لە ئەنجامی سیاسەتی ستالین دووچاری بووین .

( Z )

بەم جۆرە دەبینین پروسترۆیکا رێگایەکە بۆ ئێمە پێش ئەوەی بۆ کەسانی تر بێت . شیوعیەکان دەخاتە بەردەمی پیادەکردنی دیموکراسی ، ریز گرتن لە بیرورای جیاواز لە ریزەکانی خۆمان دا . ململانێ ی فکری و گفت و گۆ لە نێوان خۆمان دا چونکە لە سەرەنجام دا تەنیا راستی سەردەکەوێ کە هیچ یەکێک لە ئێمە بە تەنیا و بە تەواوی خاوەنی ئەو راستیە نیە . تەنیا ژیان خاوەنی ئەو راستیەیە ، واتە داهاتووی ژیان راستیەکان دەسەلمێنێ .

# ئەشێ دەسبەرداری ریالیزمی سۆشیالیست بین..؟

ـ و : محەمەد حەمە باقی ـ

پەخشنامە ئەدەبیەکانی سۆڤیەت ، بەشێوەیەکی فراوان و بەردەوام ،خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەو وتوویژانەن ، کە رەخنەگران و ، زانایانی زانکۆ جیاجیاکان ، لەسەر تیۆری ریالیزمی سۆشیالیستی ئەدوێن ، بەتایبەتی ئەوانەی تیۆر و مێژووی ئەدەبیی سۆڤیەت ئەخوێنن . . . ئەمەش کە لێرەدا بڵاو ئەکرێتەوە ، ئەو وتوویژەیە ، کە ( رۆژنامەی ئەدەبیی ) ، بەبەشداری ئەم ناوانەی خوارەوە، سازی کردبوو : "یۆری بۆریف ـ دکتۆر لە زانستی فیۆلۆژیا ـ ، فیسفۆلد سورگانۆف ـ دکتۆر لە زانستی فیۆلۆژیا ـ ، پرۆفیسۆر ئیڤان فۆلکۆف ـ سەرۆکایەتی کورسی ئەدەبی سۆڤیەتیە ـ لە بەشی فیۆلۆژیا ، لە زانکۆی مۆسکۆ ـ ، هەردوو نووسەر فلادیمیرگۆسیف و ، رسلان کیریف ، لیونید تیراکۆبیان ـ رەخنەگر و جێگری یەکەمی سەرنووسەری گۆڤاری مانگانەی ( دروجبا نارۆدا ـ دۆستایەتی گەلان ) ، سفیتلانا سلیڤانۆڤا ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ( رۆژنامەی ئەدەبیی ) ، فلادیمیر فیرین و ، کارین ستیبانیان ـ نوێنەرانی ( رۆژنامەی ئەدەبیی ) " .

کارین ستیبانیان : پێش ئەوەی ئامادەی ئەم دیدارە ببم ، نامەی زۆری خوێنەرانم پشکنی هەر یەکسەر هەست ئەکرێ ، کە خوێنەران ، لەچاو نووسەران و زانایانی ئەدەب دا ، زیاتر بایەخ بە مەسەلەی ریالیزمی سۆشیالیست ئەدەن ، چونکە زوریان بە ئاستی جیاجیای پێ داگرتنەوە ئەپرسن : ئەتوانن پێمان بڵێن ریالیزمی سۆشیالیست چییە ؟ ئەوانەی ئەم نامانەیان ناردووە ، کرێکاران و ، مامۆستایان و ، کرێکارانی کارگوزارانی کۆمەڵایەتین . . . ئەوانە ئەنووسن : ریالیزم ، هەر ریالیزمە ، خۆ ئەگەر بشێ مرۆڤ لە (ریالیزمی سۆشیالیستی ) بدوێ ، رەنگە هەر بەو جۆرەش بشێ لە ( ریالیزمی سەرمایەداری ) ش بدوێ . . . .

دیسان هەر خوێنەران ، ئەو پرسیارە ئەکەن ، کە هەندێ جاریش لە بواری پیشەکەماندا ئەکرێ : لەوانەیە ڕێبازگەی ریالیزمی سۆشیالیستی ، بە شێوەیەکی بەربڵاو ،بە ئەدەبی سالآنی سییەکان بوترێ ، یان بە قۆناغێکی دیاریکراو ، لە گەشەکردنیا ، بەڵام ئێستا بۆتە بەشێک لە مێژوو ، وەک چۆن قۆناغی نامەناردن هەیە .

فلادیمیر گۆسیف : ئەوەی ئێستا پێویستە ، وەک چاوەڕوانیش ئەکرا ، ئەوەیە ،کە دەربارەی زاراوەی ریالیزمی سۆشیالیستی ، بگەینە لە یەکتر گەشتنێک ، یان بە واتایەکی تر ، پێشان هەمیشە ، لەگەڵ ئەم زاراوەیەدا ڕووبەڕوو ئەبووینەوە ، بەڵام ئێستا هەربەتەنیا ئەمڕووبەڕوو بوونەوەیە لە پلەی یەکەمدایە .. کەواتە چۆن لەمە دەربازبین ؟ لە پەیڕەوی کردندا ،زۆرکەس بە تایبەتی رەخنەگران بە ئاسانی ئەم زاراوەیەیان بەکارنەهێنا . بە مجۆرە سەلماندیان کە کە زاراوەکە ، شتێکە ئەتوانرێ بە یەکجاری دەستی لێ هەڵگیرێ . بۆیە ئێستا کاتی ئەوەهاتووە دەست لە سەر خاڵەکان دابنرێ .

بێگومان منیش ناتوانم ئەو قسەیەیان بسەلمێنم ، کە : ریالیزمی سۆشیالیستی ،گەوهەری هونەرە ، پێشم وانییە کەسێکی زیرەکیش ئەمە بسەلمێنێ ، چونکە گەوهەری هونەر ، قووڵترو، رەسەنترو ، گیان ڕۆچووترە ..

ئەوە مەسەلەیەکی ترە ، کە هونەر ، بە تایبەتی هونەری وشەئارایی ، ناتوانێ خۆی لە بریق و هوڕی وشەئارایی لابدات و ، ڕووبکاتە کاروباری ئایدیۆلۆژیا ( ئالێرەدا سیمای تایبەتمەندی خۆی حەشارداوە ) : نەک گەوهەری ئایدیولوژی ، بەڵکو هەندێ لە دیمەنەکانی دیوی دەرەوەی .

ریالیزمی سۆشیالیستی ، زاراوەیەکی ستاتیکی و ئەخلاقی نییە ،بەڵکوزاراوەیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسییە ، ئەمە شمان لە دەمێکەوە ئەزانی ، بەڵام دەرفەتمان بۆ هەڵنەکەوتووە ، ئەمە لە رۆژنامەدا بڵێین ... هەر بۆ ئەوەش باشە هەندێ لایەنی دیاری کراو لە هونەردا ، جیا بکاتەوە . ئەویش لە هەندێ کاتدا ، وەک لە سەرەتای سییەکاندا ئەم لایەنانە کەوتنە پێشەوە، ئەگینا لە هەندێ کاتی تردا ، بۆ دواوە گەڕاونەتەوە .

با لەوبارە دراماتیکییە ورد ببینەوە ، کە بەم دواییە ، ئەتوانین بە ئاشکرا باسی بکەین: دوو نووسەری گەورە ، لە ماوەی دووساڵدا ،کاری گەورەیان بەرهەم هێنا : ئەندریە بلاتونوف (چاڵ )و ( تشیفنگۆر ) ی نووسی و ، میخائیل شۆلۆخۆف ـ یش ( زەوییە بە یارەکەی کێڵآمان)ی نووسی . ئەم کتێبانە دوولایەنی ریالیزمی دەرئەخەن ، کە سەرەڕای جیاوازی چارەنووسی رۆمانەکان و، چارەنووسی نووسەرەکانیشیان ، باسی کارەساتی دڵتەزێنمان بۆ ئەکەن ... لە پێناوی نەوەی نوێشدا لە سەرمان پێویستە دەستنیشانی راستی و چەوتیەکانی بەشی یەکەمی ( زەوییە بە یارەکەی کێڵآمان ) بکەین . بەشی دووەمیشی ، بەلای منەوە تێشکاوەو ، سەرنەکەوتووە .. .

ئەو چارەنووسە دڵتەزینەی قۆزاقەکان ، لە هەمان کاتیشدا ئارەزووی خەڵک بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان بە زیندوویی ببینن و ، چارەنووسیان دیاری بکەن و ، لەگەڵ بیروباوەڕی تازەشدا بگونجێن ، ئەمانە هەمووی ، ئەو هۆیانە بوون کە دواتر ، سەروسیمای ریالیزمی سۆشیالیستی

دەستنیشان کرد .

وا دەرئەکەوت ( چاڵ ) ی بلاتونوف ، بۆئەوە نووسرابێ ، بەرهەڵستی زاراوەکە بکات ، کە بێگومان ئامانجی بلاتونوف ئەمە نەبووە ، چونکە قووڵایی ئەو ژیانە چڕەی لەم کتێبەدا ، وێنەی کێشراوە ، بەرپەرچی هەموو شێوە قالبێک ئەداتەوە .

کارین ستیبانیان : ئەگەر بەوردی لێتان گەیشتبم ، ئەتوانم لەوە بگەم ، کە ئێوەش ئەوانە ئەسەلمێنن ، کە بەدەنگ وردبوونەوەکانی ( رۆژنامەی ئەدەبیی ) یەوە هاتن ، ئەوانەی وتیان : زاراوەی ریالیزمی سۆشیالیستی ، هەر لە بنەڕەتدا سیاسی و ئایدیۆلۆژییە . لەبەرئەوە زۆر لەگەڵ ( چاڵ ) دا ناگونجێ ، کە کارێکی هونەریی بەرزە .

فلادیمیر گوسیف : رەنگە تو راست بکەیت ، بەڵام ئەمە تەنیا هۆیەک نییە ، بەبەستم ئەوەیە ، مرۆڤ خۆی لە بەکارهێنانی زاراوەکەدا ، ئازادە ، بۆ هەر جێگەیەک ، کە پێی وابێ دەست ئەدات و ، ئەچەسپێ . لەلایەکی تریشەوە لەسەرمان پێویستە بڵێین ، ئەگەر مرۆڤ لەبارێکی تایبەتیدا نەیەوێ زاراوەکە بەکاربهێنێ ، یان ئەگەر پێی وابێ دەست نادات و ، چەواشە ئەکات ، رێی پێ بدرێ زاراوەکە بەکارنەهێنێ .

کارین ستیبانیان : هێشتا لەسەر بەراوردپێکردنی ( زەوییە بەیارەکەی کێلاّمان ) و (چاڵ ) دام ، ( هەواڵنامەی مۆسکۆ ـ لە ژمارە 14 ی 3 ی نیسانی 1988 دا ، نامەیەکی میخائیل شۆلۆخۆف ـ ی بلاّوکردونەوە ، کە بۆ ( ئی . لفیتسکایا ) ی ناردووەو ، مێژووی 1933ی پێوەیە ، تیایدا نووسیوە : کە بەترس و لەرزەوە سەرنج ئەدات چۆن ( خەڵک ، بەسەدان ، لەبرساندا ئەمرن و ، تەرم لە چاڵەکاندا لەسەر یەک کەڵەکە ئەکرێن و ، هەزاران و ، دەیان هەزار ، لە برساندا لەسەر زەوی خۆیان کێش ئەکەن و ، ئەبن بە شێوە ئاژەڵێک ، دێهاتیش یەکپارچە قڕیان تێئەکەوێ . . ) کەچی شتێکیش لەمە ، لە ( زەوییە بەیارەکەی کێلاّمان ) دا نییە . بۆیە خوێنەران ئەپرسن : ئاخۆ ئەمە ، مانای ئەوە نییە ، کە شۆلۆخۆف ، لە ( زەوییە بەیارەکەی کێلاّمان ) دا ، راستی نالێت ؟ یان بلاتوف لە ( چاڵ ) دا راستی وتووە ؟

ئەگەر کار بەم شێوەیە بێت ، ئەوا ( زەوییە بەیارەکەی کێلاّمان ) ، کارێکی زۆر قووڵ نیە ، لەمەش گرنگتر ئەوەیە ، راستگۆیی کەمتر تیایە . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوترێ کارێکە لە کارەکانی ریالیزمی سۆشیالیستانە !!

فلادیمیر گوسیف : بەرای من لە بەشی یەکەم و ، کۆتایی بەشی دووەمی (زەوییە بەیارەکەی کێلاّمان ) دا ، باری تراژیدیای زەمان ، رەنگدانەوەیەکی تەواوی هەیە . بەڵام زایانانی ئەدەبمان ، خۆیان لەو پەیڕەوکردنە تایبەتیانەو ، لاپەڕە تیۆرئامێزانە نەبان کردووە . . . پرسیار لەسەر ( دۆن ـ ی ئارام ) ناکرێ ، لەبەرهەر هۆیەک ، کە ئێرە جێی نییە ، چونکە ئەو رۆمانە باسی ساڵانی شۆڕشەو ، هەمووشی دوای ( زەوییە بەیارەکەی کێلاّمان ) بلاّوکراوەتەوە .

پێیم وایە ئەگەر لە دیدی کۆمەڵایەتی ـ ئایدیۆلۆژییەوە بڕوانین ، ئەوا ( زەوییە بەیارەکەی کێلاّمان ) کارێکی ریالیزمی سۆشیالیستانەیە . بەڵام دووبارە ئەوە ئەڵێمەوە ، کە گەوهەری هونەر لە دیدی کۆمەڵایەتی ، ئایدیولۆژی ، قووڵترە .

کاتێکیش ئەڵێین ئەوەی دەربارەی ( زەوییە بەیارەکەی کێڵامان ) دەری ئەبڕین ،لە هەمان کاتیشدا وەک دیاردەیەکی هونەریی ، بە هەموو قووڵییەکیشیەوە ، لێی نادوێین ، بەڵکو هەر تەنیا هەندێ لایەنی سیاسیانە و ، ئایدیۆلوژیانەی ئەگرین .

بەڵام سەبارەت بە ( چاڵ ) ی ئەندریە بلاتوف ، من پێم وایە کارێکی بەرزەو ، بڕیتییە لە رەخنەیەکی کۆمەڵایەتییانەی توند و گاڵتەجاڕ ، کەچی ئەگەر لە دیدی کۆمەڵایەتی وسیاسیانەوە سەیری بکەن ، کە دیسان لە سیما ستاتیکییەکانی کەم ناکاتەوە ، ئەوا بێگومان ناچێتە خانەی کارێکی ریالیزمی سوشیالیستانەوە .

رسلان کیربین : پێرار ، لە وتو ویژێکی عاوبەشدا لە پاریس ، بەشداریم کرد،لە نێوان نووسەرانی سۆڤیەت و فەرەنسادا بوو ، لە سێ رۆژی وتو ویژەکەدا ، زاراوەی ریـــــالیزمی سۆشیالستی ، زۆر باسکرا ، بەڵام ئەوەی سەیر بوو ، زاراوەکە نەک لای فەرەنساییەکانەوە باس ئەکرا ، سەرباری ئەمەش ، وایان بەکار نەئەهێنا کە لە شان و شکۆی کەمبکەنەوەبەڵکو، بە گرنگی و بایەخ پێدانەوە باسیان ئەکرد . من ئەو گرنگی پێدانەی هەندێ خەڵکـــــی خور ئاواییم پێ سەیر بوو ، لە کاتێکدا زۆر لە ئێمە ، لە چەندان ساڵی خوێندنمـــــانەوە ،بەو زانستە رەسمیەوە گرێمان داوە ، کە لە واقیع جیاوازە .

ئەمە وای لێکردوم ، دوو دڵ بم ، چونکە بەلای ئێمەوە هەموو شتێک لە هەڵوێستمان بەرامبەر زاراوەکە روونە ، بەڵام هەڵوێستی ئەوان شڵەژاندمی . رەنگە ئەو هۆیـــەش کە هاورێیانی فەرەنسایی والێکردبی ،ئەوبایەخ پێدانە زیندووەو توندەی بۆ ریالیزمی سۆشیالیست هەیانە ، هی ئەوەبێ ، بەلای ئەوانەوە رێبازگەیەک بێت ، لەو چەندان رێبازگە زۆرەی لە هونەردا هەیە ، بەڵام بەلای ئێمەوە ، تاقە پرۆگرامە ! ، یان بەلای کەمەوە ، هــەرئەمە ، دیدی رەسمیە . بۆیە لێرەدا سیماکانی ئەو نەخۆشییەمان لا دەرئەکەوێت، کـــە تیاماندا نیشتە جێ بووە ، ئەویش : پاوان کردنە، ئێمە ئاکامەکانی ئەو پاوان کردنە ئەبینین ،کە دەوڵەت لە بواری ئابووری و زانست دا کردوویەتی ، هەمان ئاکامیش لە مەیدانی هونەردا ئەبینین .

لە رابووردوویەکی کەمێک نزیکدا ، کارەکە بەم شێوەیە بوو: بۆ ئەوەی ئاشکرای بکەیت . کە کتێبێک ، سەر بە ریالیزمی سۆشیالست نییە ، ئیتر ئەمە وای ئەکرد ، هەر لە خۆیەوە دانەرەکەشی نەفرەت لێکراوبێت .

هەندێ جار ئاڵوگۆر لە هەڵوێستیشدا ئەبوو. لەبەر ئەمە ئەگەر بویسترایە نووســەرەکە سووکایەتی لەسەر لابیرێ ( کەزۆرجاریش ئەکەوتە دوای مردنی ) ، ئەبوایە لێکۆڵینەوەیەکی درێژی پڕ ماندووبوونی لەسەر بنووسرایە ، تا بسەلمێنرایە ، کە ئەم نووسەرە بــــە هۆی رەسەنایەتییەوە ریالیزمانەیە ، بەڵکو هەر ریالیزمی سۆشیالستیشە ، ئیتر شتێک بوو وەک مارکەی بازرگانی ،کە هەر بە تەنیا ئەو (مارکە ) یە ،زامنی ئەوەی ئەکرد ، بـــێتـــە ناو ئەدەبەکەمانەوە .

هەندێ کەس، تەقەللای دا ئەم مارکە بازرگانییە بنێت بە کتێبەکانی بلاتونۆف و رۆمانی

( ژیان و - چارەنووس ) ی - فاسیلی گرووسمان - ەوە ، لە کاتێکدا پێشتریش ئەمانزانی کە فلادیمیر ناموکۆف ، بە ریالیزمی سوسیالستی حساب کراوە .

شێوازێکی سەیرو سەمەرەش هەیە ، جێی سەرنجە ، ئەویش ئەو کارە پڕ لە رامانەیە، کە بێ بەرین لە ئەدەبێکی پەسند، کە پێویستی بەم پەیوەندی و مارکەیە نییە، چونکە هەر ئۆتۆماتیکیانە بەوە پەسند کراوە ، کە خۆی بانگاشەی ریالیزمی سۆشیالست ئەکات.. کەچی ئەو هەموو کارە پڕ بەهرەو رەسەنە ، تووشی ئەو هەموو دەردە سەرییە ئەبوو، تا بتوانێ ئەم مارکەیە بەدەست بهێنێ.

ئەو مەسەلەیەش کە زۆر جار بەزەقی خۆی ئەخاتە روو ، ئەمەیە : ئاخۆ لە هەموو بارێکدا پێویستمان بە چەمکی زاراوەی : ریالیزمی سۆشیالست هەیە ؟! ئەگەر هەڵە بم ، تیۆریستە ئەدەبیەکان ، زانینەکانم بۆ راست ئەکەنەوە . بەڵام ئەوەندەی ئەم زاراوەیە من بیزانم، ئەم زاراوەیە دوای ئەو مشتومڕە داکەوت، کە لەگەڵ کۆمەڵەی نووسەرانی پرۆلیتاری روسیادا کرا، ئەو کاتەش ئامرازی رەخنەی ئەدەبی بوو ، کە هەر خۆی ، دەورێکی چالاکی بینی، کەچی هەر ئەوەندەی دەسگا ئەدەبیەکان سەلمانیان ، ئیتر وەک چۆن لە بەڵگەیەکی بۆ سونگەیەکی ستراتیژی ، هەر بەو جورە ، بووە بناغە . بەمەش کرایە ئامرازیکی توندی ریکخستن لە هونەردا .

بە شێوەیەکی گشتیش ، پێم وایە هەموو داو و دەسگا ئەدەبییەکان ، سەرباری جیاوازیشیان لەمەیدانەبنەڕەتیەکانی زانستی تری مرۆڤایەتیدا ، ئەگەر بیانەوێ رێنماییمان بکەن ، ئەبێ شوێن پێی کارە ئەدەبییەکە بکەون . نەک لە پێشەوەی بن . بەڵام لەم وڵاتەدا ، داموودەسگا ئەدەبییەکە ، هەر خۆرسک ، بۆتە سەرکردەو فیلدمارشال - یکی هەمیشە ئامادەو تەیار . کە هەر ئەویش رەنگە ، بۆ کاری رەخنەگرانی ئەدەب ئەرێژێ .

ئیڤا سۆف فولکوف : ئەمەوێ وەڵامی ئەو داوایانە بدەمەوە . کە لە رۆژنامەدا بڵاوئەبنەوەو ، ئەڵێن پێویستە واز لە زاراوەی ریالیزمی سۆشیالیست بهێنرێ .. با پێشەکی پێناسەی زاراوەکە بەیاد بێنینەوە : ( وێنەگرتنێکی راستگۆیانەو بەرجەستەی مێژوویی ، بۆ گەشەکردنی شۆڕشگێرانەی واقیع ) .. لەمانە ، واز لەکامیان بێنین ؟ وێنەگرتنی راستگۆیانەی بەرجەستەی مێژوویی ، بۆ واقیع ؟ یان وێنەگرتنی واقیع . لەگەشەکردنی شۆڕشگێرانەیدا ، کە ماناتی پێناسەی ئەو ناکۆکیانەیە ، کە لەخزمەتی سۆشیالیستی نموونەیی پیدایە ؟! لەم وڵاتەدا هونەری پێشکەوتنخواز ، هەمیشە تەرفدار بووە ، بەمانای پابەندی هاوولاتیانەو ، حەزکردن لە ئاراستەکردن . لەبەرئەوە هونەری ریالیزمی سۆشیالیست ، میراتگری ئەم چاولێکەرییە بووە . لەکاتێکدا پەیامی ریالیزمی سۆشیالیست ، دوورە لە دژایەتی ئەو ئەرکانەی رووبەرووی ژیان ئەبنەوە . چونکە لەدیدی منەوە ، ئەدەب ، لەبارترین رێگەیە ، بۆ رەنگدانەوەی واقیع. ئەوە مەسەلەیەکی ترەو ، ئەوکاتەش بەسەرچووە ، کە بۆ هەندێ بەرهەم بڕوانرێ وپەیوەندی بە ریالیزم و ئەدەبیشەوە نەبێت، کەچی پێی بوترێ نموونەی ریالیزمی سۆشیالیستانەیە !

من لەگەڵ ئەوانەدا نیم ، کە هەموو فەرهەنگی ئەدەبیی کورت ئەکەنەوەو ،تەنیا ئەوەندەی

ئەدەن بەخەڵک ، کەلەگەڵ ڕێبازی خۆیاندا ئەگونجێ و ، ئیتر مافی زەبر و کاردانەوەی ئەدەبەکە ئەکەن بەژێر لێیەوە .

رسلان کیرییف : بەڵام ئەگەر بتەوێ سەرمەشقی ئەو زەبرەبکەیت ، ئەبێ شارەزای ئەو تیۆر و سنوورانەش بیت ، کەنووسەران بەدڵیانەو ، ئەبێتە هەوێنی پەیداویستیەکانی داهێنانیان . کەچی تائێستا پەیرەوی ئەمە نەکراوە .

منیش وەکو ئەوانەی پێشتر قسەیان کرد ، دژی زاراوەی ریالیزمی سۆشیالیست نیم . خۆ ئەگەر پسپۆڕانی ئەدەبیشمان ، واهەست ئەکەن ناتوانن دەست بەرداری بن ، با بەکاری بهێنن . بەڵام ئەگەر زاراوەکە وەک داری دەستی مارشاڵ ، هەڕەشەی پێ بکرێ ، ترسناک ئەبێ ، چونکە لەرابوردوشدا بەچاوی خۆمان دیمان ، چۆن ئەم داری دەستە ، ببوە کوتەکی دەستی پۆلیس !

ئیڤان فولکۆف : لەم بارەدا لەگەڵتانم .

کارین ستیبانیان : لەرۆمانی ( ژیان و چارەنووس ) ی ـ فاسیلی گروسمان ـ دا ، پاڵەوانێک هەیە ، ناوی ـ مادیاروف ـ ە ، ئەڵێت : ریالیزم لەو ئاوێنە سیحراوییە ئەچێ ، کە لەسەرگۆزەشتەئەفساوییە بەناوبانگەکاندا هەیە ، کاتێ لەلایەن حیزب و حکومەتەوە لێی ئەپرسن : ( هۆ ئاوێنەکە ، هۆ ئاوێنە هەڵواسراوەکەی بەو دیوارەوە ، لەناو هەموماندا،کێ، جوانترە ؟ وەڵام ئەداتەوە : ( تۆ ئەی حیزب ، تۆش ئەی حکومەت ، کەلەناوماندا لەهەمووماں جوانتریت . لەلایەکی تریشەوە ، پرۆفسیۆر فاری فورلیلینفیلد، لەزانکۆی فردریک ئەلکسەندەر لە ـ ئیرلانگن ـ پێی وایە مانای ریالیزمی سۆشیالیست ، وەک ـ گۆرکی ـ دایڕشتبێ ، بریتییە لەلێکدانەوەیەکی ناهوشیارانەی مەسیحی نموونەیی : ( ئەگەر لەئێستادا چرۆی داهاتوو ، ببینیت ، مانای تەقەللایەکی دنیاییە ، بۆ لێکدانەوەی مەسیحی نموونەیی ).ئەمانەبەهەمەوو مانایەکی وشەوە ، بیروباوەڕی دژ و نائاساییین . چەند راستی لەم جۆرە بیروباوەڕانەدا هەیە ؟ ( یان لەیەکێکیاندا هەیە ؟ ) . ئەکرێ ئەو شاردنەوەیەی بەو زمانە روون بکەنەوە، کە ـ کیرییف ـ پێی دواوە ؟ مەبەستم لەوەیە کەیەکەمیان سەرنجە لەپاوەوە، دووەمیشیان سەرنجە لەدەرەوە ؟ ئەوانە باس لەوە ئەکەن ، ئەم بارەی ئێستا چی لێ بکرێ. ئێمەش ئەبینین ، کە هەر بە راستی چی بەسەر هاتووە .

بۆری بوریف : تیۆری سەرمەشق کردنی ریالیزمی سۆشیالست، بەواتیعێک ئاویتە بوو. کە خۆی بەدەست کۆێلەتییەوە داوە ، بۆ زانینی داهاتوویەکی گوڵین .کە لەداهاتوویەکی نزیکدا ، شوێنی بەهەشت ئەدۆزێتەوە . بەڵام ئەم لایەنە ، بەشێکە لە کێشەکە .....با سەرنجمان بەرینتر بکەین :

لە پێشدا بڕوانین بۆ ـ ژیننامە ـ لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا ،بەدەم ئەو مشتومڕەوە ، کە لەگەڵ لێکدانەوەی کۆمەڵەی نووسەرانی کرێکارانی روسیادا ، بۆ بەرنامەی ماتە ریالیزمی دیالیکتیکی، دەربارەی هونەر کرا ، زانایانی ستاتیک ـمان واتەی ( شێوە ـڕێبازگە ـهونەرییەکە ) یان گەڵاڵە کرد ، شێوەکەش بریتی بوو لە ئامرازێک ، بۆ

بیروباوەڕی هونەریی، بۆ خولقاندنی واقیعێکی هونەریی، کە تێگەیشتنێکی هونەریی، بۆ دنیاو، تاکەکەسیش، لە خۆیدا کۆ بکاتەوە ... فیودور گلادکۆف و بۆری لیبیدنسکی-ش وایان ئەبینی، کە هونەری سۆڤیەتی، پێویستە واباس بکرێ، کە ( واقیعێکی کرێکارانەیە). پێشنیاریش کرا فلادیمیر مایاتوفسکی زاراوەی ( تەرەفدار ) وە ئەلەکسی تۆلستۆی (نەمریی)و ئەناتۆلی لۆناتشارشکی ( کۆمەلآیەتی ) و ئیڤان کولیک ( سۆشیالستی شۆڕشگێڕ)و فلادیمیر ستافسکی-ش ( ریالیزمی کۆمەلآیەتی ئامێز ) و، ئیڤان گرۆنسکی و، دەستەی نووسەرانی ( رۆژنامەی ئەدەبیی ) ش لە ٢٩ی ئایاری ١٩٣٢ دا، زاراوەی ( ریالیزمی سۆشیالیستی ) پێ بدرێ. ستالین-یش ئەم زاراوەیەی دوابیانی لە گوندی ( گورتی)، لەو دیدارەدا دووبارە کردەوە، کە لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢ دا، لەگەلّ نووسەراندا کردی و، ئاکامەکەشی تێکەلّەیەکی کۆمەلآیەتیانەی لاواز بوو. چونکە زاراوەی سیاسی (سۆشیالست) ی بە زاراوەی ستاتیکی ( ریالیزم ) ەوە گرێداو، هەمان نموونەی بۆ دارشتنی رومانتیکی ( شۆڕشگێڕانە ) و ( کۆنەپەرستانە ) دانا، کەلەدێر زەمانەوە ستاتیکستەکانمان، نەفرەتیان لێکردووە.

لەگەلّ ئەوەشدا، وەک سالّی ١٩٦٥، لە ( پێشەکی بۆ ستاتیکستەکانمان ) دا نووسیومە پێناسەی شێوە-رێبازگەی ئەدەبەکەمان، لە پرۆگرامی یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەتدا، لەگەوهەرەکەی رووت کراوەتەوەو، ناتوانرێ بەرگری لێ بکرێ. ئەم پێناسەیەش بۆتە دەست تێوەردانێکی کالّ و کرچ و پەک کەوتە، لە هونەردا. وەک ئاکامێکیش بۆ ئەمە، باسترناک، وەک سەگێکی هەلەوەڕ، رەفتاری لەگەلّدا کراو، دیمتری سوستاتوفتیش بەوە تاوانبار کرا، کە نووسەری ( ژاوە ژاوە، نەک موسیقا ) وە ئانا ئەخماتۆف، بەوە نەفرەتی لێکرا، کە ( ئەکتەرێکی ناو زەلکاوی ئەدەبی کۆنەپەرست و، لە باری ئایدیۆلۆژیا-شەوە قەدەغە کراوە ) و، میخائیل زوشتشنکو-ش وەک یەکێکی سووک رەفتاری لەگەلّدا کرا... لە کاتێکا نووسەرانی سادەی وەک: ئەلکسەندەر سورۆف و، میخائیل بوبینوف و سیمیو.ن بابا ییفسکی، خەلآتی ستالین-یان درایەو، ئۆسکار کورگاگوف یش خەلآتی لینین-پێ درا. لە هەمان کاتیشدا نووسەرانی گەورەی وەک: بۆلگاتۆف و، بلاتونۆف و، ئەخماتۆفاو، تسڤتاییڤا و، خلیبتوف و، ماندلشتام، لە فەرهەنگماندا دوور خرانەوە!

هەر لە هەمان کاتیشدا چەندان هونەرمەندی سۆڤیەتی. وەک: ( گۆرگی، مایاکۆفسکی، فادییف، شۆلۆخوف، ئیزنشتاین ) و، لە بیانەش: (بریشت و، نیزفال و، ئاراگۆن )، بڕوایان بە رێبازگەکە هێنا.

ناشتوانین هەربەتەنیا ئامادەیی و نرخی ستاتیکیان چاوپۆشی لێ بکەین، چونکە بیروکراتییەکان، ریالیزمی سۆشیالیستیان وەک چەکێکی کاولکار، دژی سیماکانی تری هونەر بەکارهێنا. کارێکی زۆریش قەدەغەکران، وەک ( ژیان و چارەنووس )ی فاسیلی گروسمان و، ( پلەی نوێ ) ی ئەلکسەندەر بیک و، ( بەپێی مافی بیرخستنەوە ) ی ئەلکسەندەر تفاردۆفسکی. سەرەرای ئەوەش کە نووسەرانی ئەم بەرهەمانە، لەریالیزمی سۆشیالیستی

لایان نەدا ، مەگەر لەلێکدانەوەو بیروکراتیانەکەی ؛ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ریالیزمی سۆشیالیستی ، بەشێکی گرنگی ئەدەبەکەمانی فەراموش کردووە ، وەک : (مارگریتا ومامۆستاکە)ی بۆلگاتۆف ،(تشیفنگور) ی بلاتونۆف ، ( قدّاس ) ی ئەخماتۆفا ، ( چاروکە ئالەکان )ی ئەلکسەندەر گرین و ، گەلێکی زور ... چۆن مرۆ ئەتوانێ شان بەشانی ریالیزمی سۆشیالیستی دەست بکا بەوێنەگرتنی باری هونەرەکەمان ، بەپێشکەش کردنی رێبازی تری وەک :(ریالیزمی وجودی ؟ رومانتیکی ؟ ) ، یان بە بەربلاوکردنی مەودای ریالیزمی سۆشیالیست و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی و ، رەنگە سەرلەنوێ ناولینانەوەیشی .

فیسفولەسورگانوف : لەبیستەکان و سییەکاندا ، کلاسیکستی ریالیزمی سۆشیالیست داستانێکی شۆڕشەمەزنەکەمان بوو ، کەبریتی بوو لە ( دۆن - ی ئارام ) ی شۆلۆخۆف و ، ( رێگەی ئازار ) ی ئەلەکسی تۆلستۆی و ، ( ژیانی کلیم سامگین ) ی مەکسیم گۆرکی ... ئێستاکەش کە ئاوڕ لەرابووردوو ئەدەینەوە ، بۆ مێژووی کۆمەڵگاکەمان ، ئەبێ لەوەبگەین کە ئەم بیروباوەڕی سۆشیالیستە ، بەزورەملێ و ئێجگار سەخت بەسەرماندا سەپاوەو، لە ساڵانی سییەکانییشدا بەدەست ستالین - ەوە ببووە ( دوگما ) . لەو چەندساڵەدا شەڕی دڵتەزێن روویدا ، لەنێوان مارکسیستی - لینین - یانەی نموونەییدا ، کەئیلهامی حیزب و،رەنجبەران و ، پێشڕەوانی ئەدەبی سۆڤیتی بوو ، لەگەڵ ئەو جۆرە سۆشیالیستەی ستالین - دا ، کە هەر لەبنەڕەتەوە دژوار بوو لەتەک سۆشیالیستی راستەقینەدا ، کە ستالین بۆ ئەوە دروشمەکانی بەکارهێنا ، تا سروشتی خۆی پێ بشارێتەوە .

ئەمەش ئەو هەموو دیاردە ئاڵۆزەزۆرە روون ئەکاتەوە ، کەلەسەردەمی ( فکری دووفاقی)دا بوو . مرۆ ، لەو پێوذانگە هونەرییە شیکارە رائەمێنێ ، کەلە ( زەوییەبەیارەکەی‌کێڵامان)دا هەیە و ، کاتێ لەگەڵ ( دۆن - ی ئارام ) دا بەراوردی پێ ئەکات ، کەئەویش هەرلەو سەروبەندەدا تەواوکرا ، ئەگاتە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و ، مێژوویەکان . هەمان شتیش بۆ ئەو وێنە نموونەییەی ژیانی تازەی کێلگە هەرەوەزییەکان ئەشێ ، کەلەشیعرەکانی میخائیل ئیسالوفسکی و ، شیعرە سەرەتاییەکانی ئەلکسەندەر تفادۆرسکی دا هەیە ، بەشێوەیەکی زەقیش لە ( جیهانی مۆرافیا ) دا ، کەشوێن پەنجەی باوکانەی ستالین - ی تیایە ، لەسەر پەژارەی جووتیاران و ، رێنمایی کردوون بەرەو رێگەی بەختەوەری .

لەبەر ئەمە دژایەتی بلاتونۆف ، بەتەواوی لەشۆلۆخۆف جیاناکەمەوە . ئاخۆ ئەتوانین بڵێین ئەوەندەی نووسەر ، ( واتە بلاتونۆف - محەمەد ) لە - تشینگور - دا سۆشیالیستی نموونەیی رەت ئەکاتەوە ، زیاترەلە بەرگری کردن لێی ؟ با مەسەلەکە گەشەکردووتر بکەین : لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا ، کەپێمان نایە سەردەمی - ئۆتۆم -ەوە . مرۆڤ لەپڕێکدا کەوتەبەردەم لەناوچوون . نەک هەربەتەنیا مرۆڤ ، بەڵکو سروشتیش سەرومڕ . ئەوساش وەک ئێستا ، تائەم رادەیە هوشیار نەبووین ، کەچەند لەگەڵ سروشتدا یەکین و ، چارەنووسیشمان هاوبەشە .. ئەمەش دراماتیکیانە ، نموونەی کۆمەڵایەتی تێگەیشتنمان دەربارەی ئەو چونایەتییە ئەگۆرێ ، کەپێویست ئەکات بەدەست بهێنرێ .

ئەمە ئەمانگێڕێتەوە بۆلای بلاتونۆف . چونکە لە ئەدەبی سییەکاندا ، سیمای سەرومری مرۆڤایەتی بەدی ناکەین ، کە تائێستاکە تێگەیشتنی مرۆڤایەتی بۆ جیهان و ، بۆ پێوانەی روحی و ئەخلاقی جیا ئەکاتەوە .. ئەوەی ئەمرۆش ئەیزانین ، ئەوەیە کە کاتی خۆی لە پێشەنگی هاوسەردەمەکانیەوە ، پێشەنگ و دەست پێشکەر بووە و نموونەی شۆڕشگێڕی توند و تۆکمەی بەرجەستە کردووە . هەر لەم تێگەیشتنەشەوەیە : مایاکۆفسکی و ،بولگاتوف و ، میخائیل بریشڤین و ، نیکۆلای زابۆتسکی و ، باسترناک ، ئەبینرێن . رەنگە هەربەوجۆرەش ئەلکسەندەر گرین ببینرێ .. ئەمانەو ، ئەگەر باسی زانایانی وەک : کونستانتین تسیولکۆفسکی، نیکۆلای فیۆدورۆف و ، فلادیمیر فیرنادسکی و ، هی تریش ئەکەین .ئومیدئەکەین ئێستا لەوە گەیشتبین ئەو بەناو بەرهەمانەی سییەکان ، چەند پەیوەندییان بەئێستامانەوە هەیە .

ئیڤان فۆلکۆف : پەلە لە وازلێهێنانی زاراوەکە ناکەم . چونکە لە واتا راستەقینەکەیدا، گەوهەرێکی زۆر ( نەک تەنیا ئایدیۆلۆژی و سیاسی ) لە دوتوێیدایە . واتای ( سۆشیالیست ) یش ، پەیامێکی مەزنی مرۆڤانەی هەڵگرتووە : رزگاری کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ، کەلە گەوهەریا ، نموونەی رەوشتە ، بۆ سەرتاسەری کۆمەڵگا . زاراوەی (واقیعی)ش نیشانەی ئەوەیە ، کە نووسەرەکە لەوێنەگرتنی ئەم کارەدا لەو توانا (واقیعی) یەوە پێش ئەکەوێ، بۆ سەلماندنی کەسایەتی مرۆڤ . نووسەری ریالیزمی سۆشیالیستی - ش کەلەسەر ئەم بنەڕەتیە هونەرییەی ، هەر بۆپێشەوە ئەچێ ، بۆی هەیە هەرچی ئامرازی دەربڕینە ، کە لە هونەر و ئەدەبی سەرتاسەری جیهانیش هەڵی هێنجاوە ، بەکاری بهێنێ .

لەگەڵ ئەوەشدا لە دەمێکەوە دژی چۆن یەکخستنی هەموو ئەدەبی سۆڤیتی بووم ، لەگەڵ ئەدەبی ریالیزمی سوشیالیست دا ، چونکە نووسەری سۆڤیتی ، زۆری لێ نەکراوە هەر ئەبێ بە ریالیزمی سۆشیالیستەوە پابەندبێ .

چەندیش قسە لەسەر نووسەرێک بکرێ ، هەر بەوگوێرەیە ئەبێ ، کەکەسێکی داهێنەرەو، ئەشێ بێتە سۆشیالیزم ، یان ریالیستی رەخنەگرانە ، یان رومانتیکی ، یان هەرشتێکی تر .. لەبەرامبەردا منیش پێم وایە ئەدەبی بۆلگاتوف ، بەردەوامیەکی راستەوخۆ و ، چەسپاوە لە ریالیزمی کلاسیکیانەی رووسی و ، پەیرەوکردنێکی ریالیستانەی رەخنەگرانەیە ،لەسەر واقیعی تازە . ( ماڵی پوشکین ) یش ئەنجامدانێکی چەسپاوی ریالیستی رەخنەگرانەیە ، لەسەر واقیعی هاوچەرخ .

چی لەگەڵ ئەدەبی بوریس یامبولسکی دا بکەین ، کەبەڕاستی بەهرەمەندە ؟.. لە کاری ( شەقامی مۆسکو ) ی دا - گوڤاری زنامیا - ئالآ - ژمارەکانی ۲ ، ۳ - ۱۹۸۸ - ئەبینین هەموو پاڵەوانەکان لەیەکتر دابڕاون ، هەریەکە لەگەڵ خولیا تایبەتییە پڕوپووچەکانی خۆیدائەژی و ، هەرچی دەورەی داون ، بێ بایەخە . جیهانێکە ، لە بڕگەبڕگەی مێژوو و ژیانی مرۆڤایەتی و ، وردەکارییەکانی رۆژانەو ، بیروڕاکان پێکهێنراوە . لەکۆڕی ئەم جیهانەشدا سەیر ئەکەین هەریەکەیان پاڵەوانێکی گۆشەگیرەو ، بەترسێکی هەمیشەییەوە لەگەڵ هێزێکدا ئەژین،کەوەک تاقیکردنەوەیەک بەناویاندا رەت ئەبێ . ئەمەکارێکی دیارەو ، بیروباوەڕەکانی لە

تەعبیرییەوە نزیکن .

لیونید تیراکوبیان : ئێمە وتو وێژ لەسەر تێگەیشتنێک ئەکەین ، کە بەشێوازی جیا جیا لێی ئەکۆڵینەوە . لەو چەندین ساڵانەی رابووردوودا ، زاراوەکەمان زۆر بەکارهێنا و ، وتاری بێ شوماری لەسەر نووسرا و ، دکتۆرانامەی زۆری پێ وەرگیرا . کەچی دیسان ئێمە بەدەست واتاکەیەوە داماوین .

پێم وایە لەسەر هەموومان پێویستە ، بیرکردنەوەمان لەسەر ئەوەرا بگرین ، کە ریالیزمی سوشیالیست ، شتێکی نەگۆڕ و سەقامگیرە و ، هەریەک جار و ، بۆ ئێجگاری روویدا . هەمیشەش دووپاتمان کردۆتەوە کە دڵسۆز بین بۆ رۆحی حیزب و ، بۆ روحی گەل . زۆر جاریش ئەم دڵسۆزاییەتیە لە ساڵانی سییەکاندا ، لەگەڵ بەدەنگەوەهاتنی بەپەلەی هونەرمەندا ، بۆقازانجی سیاسیانەو ، بۆ بەپیرەوەچوونی فرمانی دەسەڵاتدا راندا ، بۆ رازاندنەوەی ستایش ، کورت ئەکرایەوە .. بەڵام ئەمڕۆ پێویستە لەسەرمان ، داوای ئازادی داهێنان بکەین ... داوای ئازادی بڕیار لەسەردان بکەین .. ئەمەش دڵسۆزایەتی راستەقینەیە ، بۆ گیانی حیزب .

لە رۆژانی بەسەرچوودا ، بەشێوەیەکی گشتی ، وا سەیری ریالیزمی سوشیالیست ئەکرا ، کە پێوەریکە ، ئەدەبی سۆڤیتی ، لە ئەدەبی شورِش جیا ئەکاتەوە . بەڵام ئەمڕۆ ئەبێ بایەخێکی لەرادەبەدەر ، بە بەردەوام بوون بدەین ، بەتایبەتی ئەوەندەی پەیوەندی بە نەریتی مرۆڤایەتی و توێژینەوەی بەتاکە کەسیەوە ، هەیە ، لە هەموو گۆشە جیا جیاکانیەوە .

هەر لە رۆژانی بەسەرچوودا ، ریالیزمی سوشیالیست ، لە زنجیرە رێبازگەیەکی تەواوی ئەدەبی جیهانی ، دوورخستینەوە ، بەتایبەتی لە هونەری پێشڕەوایەتی و ، هاوچەرخانە ، کە هەرگیز بەشێوەیەکی تەواوەتی ، سنوورەکانی دیاری ناکرێ .. کاتی خوی ـ کافکا ـ مان پێ نامۆبوو ، هەروەها ـ بروّست ـ یشمان پێ نامۆبوو .. هەر بەمجۆرەش ـ جویس ـ . ئێمە ئێستا ئەمانەوێ هەڵوێستێکی بەرێزتر و شیاوتر ، بۆ ئەم رێبازگانە دابنێین و ، ماف بدەین بەو داهێنەرە رەسەنانەو ، بەهرە رەسەنانەو ، بەچاوێکی بەرزی نرخاندنەوە سەیری کەلەپوری هونەری جیهانی بکەین .

ئەمەوێ بڵێم ریالیزمی سوشیالیست ، یان هونەری سوشیالیستانە ، ئەگەربتانەوێ،کارێکی ناتەواوە . بەڵام بەردەوامە و ، بێ سنوورەو ، تائێستاش بۆ تەواوکردنی خۆی لە بەردەوام بووندایە .

ئەگەر ریالزمی سوشیالیستانە و ، ئەو شێوە ئاسانکراوە ، رووالەت ئامێزە ، دوگماتیزمەی کە شوێن بەهرەیەکی پێوە نابینرێ ، یەکسان بکەین لەگەڵ ئالۆزی و ناکۆکی و تەجریب و کێشمەکێشدا ، ئەوا وای ئەبینین کە مەسەلەکەمان براندۆتەوە . چونکە هونەری ئالۆز و داخوازکار و پشکنەری کیشوەرە ونەکان ، تەنیا شتێکە ، شایستەی ئەوەبێ ، لێکدانەوەیەکی زیندووی هەبێ بۆ ژیان . هەر ئەم بیروباوەڕانەشە ، کەسەرەتا وەک شتێکی چەسپاو ، خۆی لەداهێنانەکانی ئەم نووسراوانەدا دەرئەخات : سرگیە زالیگین ، فیودورئیبراموف ، فاسیل بایکۆف ، جەنگیز ئیتماتۆف ، ئیڤان مێلز ، فاسیلی شوکشین ، یوری تریفونوف و ، نووسەرە

بەرزەکانی تردا .

یوری بوریف : ئەدەبەکەمان بەسێ قۆناغدا رەت بووە : قوناغی یەکەم (١٩١٧- ١٩٣٢) ، بریتی بوو لە هەمەجور رێبازگەو ، چەندین بەرنامەی ستاتیکی و ، دەرکەوتنــی ریـالیـزمی سۆشیالیستی ، کە تیایدا توانای تاکەکەسی و ، دروستکاری مێژوویی دەرخست . لە قۆناغـی دووەمیشدا ( 1932 - 1956 ) چوارچێوەی رەسمی بۆ ستاتیکی هەمەجۆرە دانرا و ،توانای تاکەکەس ، بەشێوەیەک لە شێوەکان ، قەدەغەکرا . چونکە ئەم تاکەکەسە ، بۆ هەمیشـــە مل بۆ رەوشتە گشتیەکانی مرۆڤایەتی نادات ، وەک چۆن ( ئەدوارد باگریتســـکی ) ی شـاعـیر ، نووسیوێتی : " ئەگەر سەردەمەکە داوای لێکردیت ، درۆبکەیت ، درۆ بکە . ئەگەر داواشـی لێکردیت ، بکوژیت - بکوژە " . ئەگەر هونەریش ، رێی بەخۆیدا - کە بالاتـــریــن دەربڕی مرۆڤانەیە ، لە فەزهەنگدا - لەمەسەلەی ژیان ، یان مردندا ، سەرپشک بیت ، ئـەوا ئـیـتر کەسێک نییە ، دەستی ( قابیل ) بگرێت ، کەمێژوو ئەم هەلەی قۆستوتەوەو ، بە بیانـــووی ئەوەی گوایە مرۆڤایەتیمان شتێکی - مجرد - نییە ، درۆ و ، کوشتاری کــرد . لـە قــۆنـاغی سییەمیشدا دوای ( 1956 ) ، ئەدەبی سۆڤیتی ( سرگیە ، زالگین ، گریگوری باکلانوف ، فاسیل بایکوف ، جەنگیز ئایتماتوف ، ئەفگینی گریگوربییف ، عەلیم کلیموف ) دەســتی کـرد بــە سەلماندنی نرخی تاکەکەس ، کە پێشتر بەدەگمەن دانی پیائەنرا "(دون- ی ئارام) ی میخائیل شۆلۆخۆف و ( ئیرەبی ) ی یوری ئولیشا ، ( لەشکرسوار ) ی ئیساک بابل " . ئەوا ئێســتا کاتێکی لەبارە ، بۆئەوەی هەست بکەین ، تاکەکەس ، سووتەمەنی نییە ، بۆ مێژوو و ئامێری کاری مێژوویی نییە ، بەڵکو مەبەستە . پێشکەوتنی مێژووش هەر بەتەنیا بەناوی تاکەکەسەوە ئەتوانرێ ئەنجام بدرێ و ، هەر لەرێگەی ئەویشەوە ئەبێ ، نەک لەسەر حسابی تاکەکەس و ، بەزۆرەملی . مێژووش ئەبێ هەر لەمرۆڤەوە جۆگە هەڵبگرێ .

بۆ ئەوەش شێوە هونەرییەکەمان پێناسە بکەین ، ئەبێ بەرینتری بکەین ، تا جێگــەی ئەو هونەرمەندانەشمانی تیابێتەوە ، کە سەر بەریالیزمی سوشیالیستن و ، ئەوانەش کە پێشــتر لێی لاخران : ( بۆلگاتوف ، ئەخماتۆفا ، تسڤیتاییڤا ، باسترناک ، گرین ) ، چونکە شـێوە هونەرییەکەمان ، هۆیەکە بۆ پێکهێنانی واقیعێکی هونەریی ، کە پشت بە تاقـیکردنــــەوەی کۆمەلایەتی و ، ستاتیکی سەدەی بیست ، ئەبەستێ و ، لەو پێچاڵەوەهەنگاو هەڵئەگرێ ، کە تاکەکەسی چالاک ، لەباری کۆمەلایەتی و ، مرۆڤایەتییەوە ، لەهونەر ئەگات .

کارین سیبیانیان : بەلام لەکاتێکا ئەدەبی سۆڤیتی لەقۆناغی سێیەمی مێژووەکەیدا ، نرخی نوێ ئەداتەوە بەمرۆڤایەتی و ، نرخی راستەقینەی تاکەکەس ئەسەلمێنێ ، پالەوان لەباری کۆمەلایەتیەوە ، چالاکی کەمترەو ، دەرفەت لەبەردەم پالەوانی تازەداکەمە ،دەوری لەرووداوی مێژووییدا هەبێ ، بۆ سەردەمی تازە . لەبەرئەوە هێشتا ئەو مرۆڤەی کەلەباری کۆمەلایەتی و ، رەوشتی مرۆڤایەتیەوە پێویستە ، ئاواتێکی داهاتووە .

فیسفولود سورگانوف : لەگەڵ ئەو قسەیەدا نیم ، کەلەئەدەبی چەنددە ساڵەی رابووردوودا تاکەکەسی هاوچەرخ ، لەباری کۆمەلایەتیەوە ، چالاک نەبووە . ئەوە باسێکی ترە کە (رۆژگاری

سرِ) ، خەڵکی وەک : ( لاسایی کەرەوە ) ی ـ سرگیە یەسەنین و ، ( گورگی دەستەمۆ ) کە لە ناو نووسینەکانی ـ ئەناتولی کیم ـ دا ئەبینرێن . بەڵام ئەوە بەڵگەیەکی ترە بۆ دەرخستنی توانا و هەستی ئەدەبیمان : داهێنەرانی رەسەنمان ، چاوپۆشییان لە دیاردەکانی(سەردەمی سرِ) نەکرد. بەمەش زەمینەی گۆڕانکارییان گێڕایەوە .

چەند کتێبێک هێرشێکی هەمەلایەنەیان بردە سەر کەلەپووری ـ ستالین ـ .ئامانجیشیان نوێ کردنەوەی ئەو رەوشتانە بوو ، کە شۆڕش تیایدا جێ هێشتبووین و ، وەک من ئەیبینم ئەو بازدانانەش ئاشکرا ئەکات ، کەلە مەیدانی سەرەکی جەنگی سیی ساڵەو ،سیماکانی ریالیزمی سۆسیالیستیدا یە ، وەک چۆن لە بیستەکانیشدا بووە . بەڵام رواڵەتێکی هاوچەرخانەی لەخۆ گرتووە ، یان ئەو رواڵەتەی لەخۆ گرتووە ، کە لای ( بلاتونوف ) هەیە ، ئەگەر بتانەوێ . ئەمەش تاقیکردنەوەی ساڵانی رابوردوی سەخت ، دەوڵەمەندی کردووە . ئەوەشی گرنگە ، کە لە هەموو بانگەشەیەکی پاوان کردن ، بێ بەرییە .

فلادیمیر ڤیرن : کاتێ باسی دوو قۆناغ ، یان سێ قۆناغی گەشەکردنی ئەدەبیمان کرد، بیرم لە نموونەی جیاجیای سوشیالیستی نموونەیی کردەوەوە . یەکێک لەم نموونانە دەربارەی بەرژەوەندی تاقەچینێکی کۆمەڵایەتی بوو ، کە دووەم نموونەش ، بنچینەکەی تاکە کەسە . سیمای دیالیکتیکی گۆڕاوی ( سوشیالیستی نموونەیی ) وا پێویست ئەکات ،کە هەمان شتیش بۆ پێناسەی ریالیزمی سوسیالیست دەست ئەدات . رەنگە ئەوەشی ئەم رۆژگارە گەشەدارتر ئەکات ،ئەوەیە کە حەقیقەتی سوشیالیستی نموونەیی ، بەشێوە مێژوویییە بەرجەستەکەی ،هەموو بنەماکانی زانستی و ، بیروبۆچوون و ، ئەو بیروباوەڕانەی تیابێ ، کە تێگەیشتنی ( بیر کردنەوەی نوێ ) دا بپۆشیبێ . سەرباری ئەوەش دیالیکتیکیانە ، توانای لە سەرگۆڕین وگەشە کردنی تیایە .

یوری بوریف : ئێمە پێویستمان بە پێناسەیەکی بەربڵاوهەیە ، بۆ شێوە هونەرییەکەمان ، بەجۆرێ کە هەموو دەستکەوتە روونا کبیرییەکانی هەفتا ساڵەی رابووردووی سۆڤیتی بگرێتەخۆی، کە هەموویان بەشێوەیەکی راستەوخۆ، بەسوشیالیستی نموونەییەوەنە بەستراونەتەوە . ئەگەر پێناسەی شێوەکەش بریتی بێ لە سوسیالیستە نموونەییەکە ، ئەی چی لە ـ بولگاکوف ـ بکەین؟ ئەم نموونەییانە بدەینە پاڵ ئەو؟ ئەمە شتێکی سەخت ئەبێ ، لە ئەدەبەکەمانی بسرینەوە ؟ ئەی ئەمەشیان زیانێکی گەورە نابێ ؟

فلادیمیر ڤیرن : دڵنیانیم ، کەئاخۆ پێویست ئەکات ئەوەندە بەزیادەوە یاری بە بارەکە بکەین . کە سیش بەزۆر ، لە چوارچێوەی پێناسەیەکدا گیر ناکەین . یەکێکیش لەعەیبەکانی پێناسەی ریالیزمی سۆشیالیست ئەوەیە ، کە بیروباوەڕەکە ، لەسەروو وێنەکەوەدا ئەنێ. ئێستا پێویستە لەسەرمان ، لە پێچاڵی سرووشتی هونەرەوە ، دەستنیشانی باری شتەکان بکەین و ، لە چوارچێوەی رێبازی باوی ئەدەبەڕەسەنەکەدا ، لە ( بولگاکوف و ، لیدنوف و ، بلاتونوف و، شولوخوف )بگەین . چونکە هونەرمەندی راستگۆ،ئەوەیە کە هەمیشە ، بەهەموو مانای فراوانی وشەوە ، لەگەل سۆشیالیستی و ، لەگەڵ سۆشیالیستی نموونەییدایە .ئەو ئەدەبەش کە سیمای

هونەریی تیا نییە ، نابێتە ئەدەبێکی سۆشیالیستانەو ، هەر بەو جۆرەش کاری هونەریی رەسەن ، ناکرێ دژی سۆڤیەت ، یان دژی سۆشیالیستی بێت .

سفیتلانا سیلفانۆڤا : لێرە وترا ، ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا ئەژین ، بەباشی و ، ئەوەندەی پێویست بکات ، نایناسین . پێم وایە ئەمەش ئەتوانرێ بوترێ ، کە بە تەواوی ئەو ئەدەبەش ناناسین ، کە هەمانە . چونکە لێکۆڵەرەوانی کۆمەڵگا و ، لێکولەرەوانی ئەدەب ، سەرگەرمی دووبارە شیکردنەوەی تیۆرەکەن ، بۆ دیاردەکان و راستیەکان ، لەرەوتی مێژوودا .
رەنگە هەندێکیش بڵێن : تیۆرەکە ، ئێستا ئەوەندە گرنگ نەبێت بەلامانەوە ، لەبەر ئەوەی لێشاوێک لەنووسینی پسپۆرانەمان هەیەو ، ژیانی ئەدەبیش ، زۆر خرۆشاوەو ، ئەدەبی زیندووش پێویستی بەتیۆر هەیە ؟

یۆری بۆریف : زۆرجار ئەوە سەلمێنراوە ، کەئەدەب ئەتوانێ دەستبەرداری پێناسەی شێوە هونەرییە تایبەتەکەی بێت ، بەڵام بەرێکەوت نییە ، کە کلاسیک و رومانتیک و - قوتابخانەی سروشتی - تیۆرەکانیان هەڵهێنجاوەو ، بیروباوەڕی هونەرەکانیان پێ روون کردۆتەوەو ، هێڵەکانی رێنمایی کردنیان تیا دیاری کردووە . . . لەبیست ساڵی رابووردوودا ، بەتەواوی متمانە بەپێناسەی رەسمی ریالیزمی سوشیالیست لەق ببوو . پێناسەیەکی تازەش دەرنەکەوت ، جێگەی بگرێتەوە . ئەمەش زیانێکی گەورەی لەهونەرەکەمان داو ، کاری هونەریی وای لێ هات بڕوای بەشێوەکانی خۆی نەمێنێ و ، لەدڵەڕاوکەدا بوو ، دیاردەو خۆ نیشاندانێکی ئەدەبیی و رەخنەیی واشمان بینی ، دژوار بوون بە مرۆڤایەتی .

سفیتلانا سلیفانۆڤا : تو ، مەبەستت ئەوەیە کەدیارنەبوونی تیۆرەکەو ، رێنمایی بەجێ ( تیورەکە گەوهەری ئەم رێنمایی کردنانەیە ) پێچەوانەی نەرێتی مرۆڤایەتی و ، نەرێتی سەرومڕی فەرهەنگن . فەرهەنگیش شتێکی ئاڵوز نییە ، چونکە داوای بەرنامەیەکی ئەخلاقیی دیاری کراو ئەکات ، کەئەشێ زۆر توندیش بێت . مرۆڤیش باسی ئەو ( گیانیئاراستەکارانە ) ناکات ، کەئەبێتە هۆی توانا کوێرکردنەوە لەبەردەم داهێنانـدا ، بەڵکو بەتەواوی بەپێچەوانەوەیەو ، بۆ ئازادی راستەقینەی هونەرمەندە . خۆبەستنەوەش بەفەرهەنگەوە ، ئەگەر ( بەرەڵلایی شتەکان ) دووربخرێتەوە ،پلەیەکی بەرزتری ئازادیو روحی شارستانیانە ، بۆ هونەرمەند ئەرەخسێنێ . لەبەر ئەمە ناتوانیت واز لەتیۆرەکە بهێنیت . لەم خالەدا هاودەنگیی خۆم ئەخەمە پاڵ یۆری بۆریف .

ئەوەی جێی پرسیارەو ، تەنانەت لە وتووێژەکانیشماندا ، ئەوەمان سەرنج دا ، ئەوەیە کە داڕشتنەکەتان بۆ شێوە هونەرییەکەمان ، سەرباری بەربلاوییشی ، هێشتا رەگەزێکی گرنگی تیادا کەمە ، کەمەبەستم دیدی هونەرمەندە ، بۆ جیهان و ، روانینی گشتە ، بۆ هونەر .

پێشنیاری ئەوەش کرا ، تێگەیشتنێکی نموونەکە ، ئاوێتەی پێناسەکەمان بکرێ . نموونەی سۆسیالیستە خاوێنەکە ، لەوشتانەی لەرابوردوی قێزەون دا ، لێی زیادکرابوو ، بەشێواندن و ، دروشمی دوگماتیزمانەوە .هۆی بەجێ ، لەچاکەی ئەم پێشنیارەدا پیشکەش کرا . رەنگـە لە دوابیشدا ، لەسەر ئێمەش پێویست بێت ، هەوڵ بدەین گەوهەری رەسەنی ئەم تێگەیشتنە ،

تازە بکەینەوە ؟ مرۆ ئەتوانێ شێوەی تریش بەکاربهێنێ ، کە ریالیزمی سۆشیالیستی رەت ئەکاتەوە ، بەڵکو هاوشانیش پێکەوە بژین .

بەمجۆرە گیروگرفتێکی فرەهەیەو ، گیروگرفتەکانیش بەراستی گیروگرفتن .لەبەرئەوە وتو- وێژەکەمان پێویستی بەوەیە بەردەوام بێت .

✳ ✳ ✳

* گوڤاری - الثقافە الجدیدە - ژمارە ٢١٢ - ئابی ١٩٨٩ ، ل ١٢٥ - ١٣٢ ، گۆڕینی بۆ عەرەبی - رضا الظاهر - .

# عەلـــی رەزا نابدل

## شاعیری شۆرشگێری ئازەربایجانی

نووسینی: محەمەد مورتەزایی

عەلی رەزا نابدل، لە تەبریز لە دایک بو، باوکی کاربەدەستی دەولەت بو لە دایرەی "سەبت ئەسناد". هەر لە تەبریز خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواوکرد، قوتابیەکی هەرە زیرەک و بلیمەت و زانا بو ... بۆدرێژەپێدانی خویندن چوە تاران. لە زانکۆی "حقوق" لیسانسی وەرگرت.

کاتی خویندن لە تاران چوە ریزی شۆرشگێرانی رووناکبیری راستەقینە.. حەفتەیەک دوو روژ ئەهاتەوە بۆ تەبریز. بەیارمەتی و بەشداری "سەمەد بهرەنگی" و "بهروز دهقانی" و "دوکتور غولامحسین ساعدی" "رۆژنامەی "مەهد ئازادی هەینی" یان ئەنووسی ... زۆربەی نوسراوەکانیان سەبارەت بەفولکلور - هونەر - پەخشان - هۆنراوەو کەلەپوری ئازەربایجانی بو. منیش کە دۆستێ وهاوگەرەکیان بوم، جاروبار سەبارەت بەفۆلکلور وپەندی پێشینیان و هەتا ئەوراده یەکی دەستی بدایە، سەبارەت بەشیعری کوردی ئەمنووسی.

عەلی رەزا نابدل کەپتر بەناوی "ئوختای" پەخشان و هۆنراوەی بلاو ئەکردەوە لە ریزی هەرە شۆرشگێرەنەبەزەپالەوانەکانی ئێران و رۆژهەلاتی ناوەراستە. تەمەنی کورتی پڕ لە شانازی، هەول دانی شۆرشگێرانە بو، ئەیەویست هونەر، بەتایبەت هۆنراوە و پەخشانی ئازەربایجان لە ژێر تەوژمی چنگی ژاراوی "ئۆپورتونیست" ەکانی ئێران و دەوروبەری ئیمام زادە کلاسیستەکان دەربێنی و بناغەی هۆنراوەو پەخشانی شۆرشگێرانەو خەلقی ،لە ئازەربایجان دابرێژێت .. ئەو هۆنراوەو پەخشانەی کەلەم نووسەرە نەسرەوتووە بەجێ ماوە و جاروبار لای ئەم و ئەو دەست ئەکەوێت، یا لە رۆژنامە شرۆلەیەکدا ئەدوزرێتەوە بەباشی بۆمان روون ئەکاتەوە کەئەو پیاوە هەتا چ رادەیەک بلیمەت، رووناکبیر، شۆرشگیر، زاناوتێکۆشەر بوە. نابدل تێ گەیشتبو کەبرینی قورتماغە گرتوی نەتەوەکەی خۆشەوەنابێ و ئەدەبیاتەکەی هەر لەوشوێنە بۆگەنیوە ئەمێنێتەوە، تا لەناخەوە هەلنەکولرێت و لەسەر رێگەوشوێنێکی شۆرشگێرانەی راستەقینە دانەرێژرێتەوە.

"نابدل" لەکاتی بێدەنگی و کڕکەوتنی ڕووناکبیران و خەبات گێڕان، لەژێرئاڵای خوێن خۆرترین دیکتاتۆری مێژوویی، هەڵسایە سەرچز، دەستی دایە چەک و حەماسەی خولقاند، شیعر و چەکی پێکەوە شەتەک دا. لەبەهاری ساڵی ۱۳۵۰ (واتە ۱۹ ساڵ لەمەوبەر) لە گەڕەکی پامەناری تاران، کاتێ کە "ئیعلامیەی دژ بەڕژێمی شا" ی بڵاو ئەکردەوە، کەوتەبەر گوللە و زکی بریندار بو. سیخوڕەکانی ساواک خێرا بُردیانە نەخۆشخانەی شارەبانی، پێش ئەوەی برینەکانی سارێژکەن، کەوتنە ئەشکەنجەی دڕندانەی ... نابدل خۆی پێ نەگیرا ولە هۆش چو ... جەللادەکانی ساواک بەپەلەپەل زکیان دووریەوە، تا دیسان ولام و پرسیار دەس پێکەن، بەڵام نابدل کەهاتەوە هۆش خۆی، بەمەبەستی خۆکوشتن و هاواڵ پێوەنەکردن، پەتەکانی زکی هەڵپچڕی ... دیسان سیخوڕەکان بردیانەوە ژووری عەمەل، هەتاچاکی کەنەوە، بەزەبری ئەشکەنجە لەژێر لچیەوە ناوی هاواڵەکانی لێ دەربێنن .. کاتێ کە لە ژووری عەمەل هاوردیانە دەرێ، نابدل لەچاوتروکاتێکا توانی لەنهۆمی سێهەمەوە خۆی حەوا باتە حەوشە ... بەڵام بەسەرەوە نەکەوت .. نابدل بەوپەڕی پالەوانیەوە ریخۆڵەکانی خۆی کێشایە دەرێ، هەتا ونجڕونجڕیان کاو ڕزگاری بێت .. بەڵام پیاوانی بەکرێ گیراوی ساواک دیسان نەجاتیان دا .. نابدل هەرگیز لچی بۆ درکاندن نەکردەوە .. هەتا لەڕۆژی ۲۲ ی ڕێبەندان ـ ۱۳۵۰ (واتە ۱۳ ی نوامبری ۱۹۷۱) گوللەباران کرا .. ئەوکاتە تەمەنی نەگەیشتبووە ۳۰ ساڵ.

جگەلەچەندهۆنراوە، نامیلکەیەکی بەناوی (ئازەربایجان و مەسئەلەی نەتەوایەتی) لێ بەجێ ماوە.

هونراوەی (کوردستان) ی نابدل لەئازەربایجانیەوە ئەگێڕمەوە سەرکوردی ... باپێکەوە بیخوێنینەوە.

کوردستان

ئەم چیا هەرەبەرزانە
ڕێگەی چەکمەی خوێناوی نادەن
هەتا پێ بنێتە سەر لوتکەکانی ...
گوللەی بێگانە
قەت ناتوانێ ببرێت سینگی ئاسکەکانی.

* * *

دۆڵە کانی قوڵن ، ئەوەندە قوڵ
کە پیاوانی هەرە قوڵ وەکوو " هەژار " پەروەردە ئەکەن .
لە ناخی ئەو دۆڵانەدا ئاوی شیرین و ئاگراوی
" قزەڵ وەزان " دێت و ئەچێ ...
ئەو ئاوەی ئەوکاتە کە ئەگاتە ئازەربایجانی ئێمە
دڵانی ئاگراویمان بەدیاری بۆدێنێ
بەسەرهاتی ئەو پیاوە ئازایانە کە
لە حەن یانا رائەبوێرێ ..
لە سەر سینگ و قۆپی داربەرووەکانی
هەموو باڵندەیەک لە هەر ئێوارەیێک
بە خوێندن ئەگێڕێتەوە بەسەرهاتی
هەزاران پیاوی ئازا
جا بەو گۆرانی و لایە لایە
هێدی هێدی ئەچێتە خەو
ئەو کوردستانە جوانە ...

* * *

ئەو شاخ و چورە پیرانە
لوتکەی بەرزی ئەوکێوانە
بۆ هەمووان بێتو دۆس بێ
بۆ نەتەوەی ئێمە برایە
دە هاوار برای ئەمەگی بەش خوراوم
داغ دڵمان یەکە
لە نێو گۆڕەپانی ئاگری ناحەزدا
وەکوو یەک دەسووتێن .

* * *

لە پاڵ یاڵ و نزاردا ،
راکێشراوە مووچەی توتن..
وەکو گەزیزەی بەهار تریفەی دێ
لەوێدا کچ و کوڕ پێکەوە ،
خەریکی کار و عارەق رژتنن .

*　*　*

لە هاوینە هەوار و
دەشت و بەندەن
شوان ، شمشاڵ بەدەمەوە
وەها غەمی دڵی پیاوان ئەگێڕێتەوە
کە فەرهادی ئەویندار
لە بێستون خەڵتانی خوێن ئەکا
جوانی ئەم سەدەیەو .
خونچەی مەڵبەندی گیانی شیرینی چاوشین
ئەگەینێتە بەر لوتی ..

*　*　*

چەکمە خوێناویەکان
رێگەیان نیە
بچنە بان لوتکەی بەرزی چیاکان
رۆڵەکانی کورد هەموو کات
هەموو کەلێن و قوژبنی ئەوچیایانەیان
خستووەتەژێر زەبری چاوانی رەش و گەشیانەوە
هەر هان لەهات و چۆدا ...
دڵیان پڕە لە ئەوین

ئەو ئەوینە کەوەکوو داغ
لکاوە بەهەناوی " سەلاحەدین " ەوە
رەشەبای بەسەرهات و چیرۆکە کۆنەکانیان
لەبن دەردەهێنێ
رەگ و ریشەی ناحەزانیان .

* * *

دۆڵەکان قوڵن
هان وەبان بیشەلانەوە
گوڵی خەشخاش هاوەپاڵ چیا بەرزەکانەوە
لەدەمەو ئێوارەکانیا ،
هەر باڵندەیەک تێ ئەچریکێنێ
هەزار گۆرانی ئەخوێنێ .. :
ئێرە کوردستانە ... ئێرە کوردستانە !
هەتا ئەورۆژە " قزڵ وەزان " لەهات و چۆدایە
هەتا ئەورۆژە ئەستێرەکانی ئاسمان چاویان بریوەتەزەوی
باغ و بێسانت ..
قوپیەکانت ...
ژیانت ..
هەر بژی ، برای ئێمە ، کوردستان

تەبرێز ٢٣ خاکەلیوە ٢٦٠٢ ک
محەمەدمورتەزایی

چاوپێکەوتن

# جەلیلی جەلیل

مارف عومەر گوڵ

دوکتور جەلیلی جەلیل یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی گەلەکەمان ، کە بە پەرۆش و گوڕ و تینێکی کوردانەوە بەردەوام خەریکی نوسین و لێکۆڵینەوەیە . بەرهەمەکانــی دوو بەشن ( مێژووی کورد و فۆلکلوری کوردی ) . کارە زانستییەکانی جەلیلی جەلیل جێگایەکی دیاریان هەیە لە بواری کوردناسیدا .

** کورتەیەکی ژیانی دوکتور جەلیلی جەلیل :

- لە ١٩٣٦/١١/٢٦ لە ( یەریڤان ) پایتەختی ئەرمینیای سۆڤیەتی لەدایک بووە .
- دووەم کوڕی نووسەری ناسراوی گەلەکەمان ( جاسمی جەلیل ) ە ، لەدوای ئۆردیخـــانی جەلیلی برای .
- لەسەرەتاوە بەزمانی ئەرمەنی خوێندوویەتی و ساڵی ١٩٥٤ قوتابخانەی تەواوکردووە .
- لەساڵی ١٩٥٤ - ١٩٥٩ لەزانکۆی ئەرمەنستانی یەریڤان لەکولێجی مێژوو ، خوێندوویەتی .
- لەساڵی ١٩٥٩ لەلینینگراد ، لەخوێندنی بەرز وەرگیراوە و خەریکی مێژووی کوردبووە .
- لەزانکۆی یەریڤان دیپلومەکەی لەسەر ( مێژووی کورد لەسەدەی نوزدەهەم ) دا بووە ، هەر بۆیە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو سەردەمەی مێژووی گەلەکەماندا پەیدا کردووەو ، هەر لەوبارەوە درێژەی بەکارەکەی داوەو نامەی دوکتوراکەی بەناوی ( راپەڕینی کوردان ١٨٥٠ - ١٨٨٠ دژی ئیمپراتوریەتی عوسمانی ) بووە .
- ساڵی ١٩٦٣ لەموسکۆ داکۆکی ( بەرگری ) لەنامەی دوکتوراکەی کردووەو پلەی(کاندیدات)ی پێ وەرگرتووە .
- ساڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتەوە یەریڤان و لەئەنیستیتۆی رۆژهەڵاتناسی - بەشی کوردناســـی ،

* تاکو ئێستا بەردەوام بەناوی ( کارگێڕی بەرزی زانستی ) یەوە کاردەکات .

بۆ زیاتر ناسین و ئاشنابوون بە دوکتور جەلیلی جەلیل بە پێویستی دەزانین لیستەی ناوی بەرهەمەکانی بنووسین :

** لەسەر مێژوو :

١- راپەڕینی کوردان لە ساڵی ١٨٨٠ دا . لەسەر راپەڕینی شێخ عوبیدوللای نەهری . ساڵی ١٩٦٦ لە موسکۆ بە زمانی روسی چاپکراوە . ئەم کتێبە کراوەتە کوردی و عەرەبیش .

٢- کوردەکانی ئیمپراتوریەتی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا . ساڵی ١٩٧٣ لە موسکۆ بە روسی چاپکراوە . ئەم کتێبەش کراوەتە کوردی و عەرەبی .

٣- راپەڕینی روشنبیری و نەتەوایەتی کورد لە کۆتایی سەدەی نوزدەو سەرەتای سەدەی بیست دا . ئەم کتێبە بەشەش بەش بە زمانی روسی ساڵی ١٩٧٥ لە گۆڤاردا بلاوکراوەتەوە . ئەم کتێبەش کراوە بە عەرەبی و کوردی ( کرمانجی سەرو ) . هەروەها ( ئەنوەر قادر محەمەد ) یش کردوویەتی بە کرمانجی خواروو ، بەلام تائێستا چاپ نەکراوە .

٤- پێکهاتن و پێشکەوتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد لە سەردەمی ئیمپراتوریەتی عوسمانیدا ، لەسەرەتای سەدەی نوزدەوە تا جەنگی جیهانی یەکەم . ئەم کتێبە بە زمانی روسی ئامادەیە بۆ چاپ .

٥- بیبلوگرافیای کتێبی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٢٠ - ١٩٨٠ . ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٧ لە یەریڤان چاپکراوە .

٦- پەیوەندی کۆمەلایەتی و ئابوری کورد لە سەدەی نوزدەهەمدا . ئەم کتێبە لە تەواوبووندا یە .

** لەسەر فولکلۆر

١- گوڵچن . ( تێکستی فولکلوری کوردی ) . ساڵی ١٩٧٢ لە یەریڤان بە زمانی کوردی ( پیتی روسی ) چاپکراوە .

٢- مەسەلە و مەتەلۆکی کوردی . ساڵی ١٩٧٢ لە موسکو بە روسی و بە کوردی ( لاتینی ) چاپکراوە

٣- چیرۆکی جمعەتا کوردا . ساڵی ١٩٧٤ لە یەریڤان بە کوردی ( پیتی روسی ) چاپکراوە .

٤- زارگوتنا کوردا ( داستان و لاوژەو بەیتی یەزیدیان ) . ئەم کتێبە بە دووبەرگ چاپکراوە . بەرگی یەکەم ساڵی ١٩٧٨ ، بەرگی دووەم ١٩٨٢ . بە کوردی ( پیتی روسی ) لە یەریڤان چاپکراون .

٥- زارگوتنا کوردا ( چیرۆک و بەیت و لاوک وحەیران و گۆبەندومەتەڵ ) ئەم کتێبەش دوو بەرگە . ساڵی ١٩٧٨ لە مۆسکۆ بە کوردی ( پیتی لاتینی ) چاپکراون .

٦- گولانچک ( پەلکی زێڕین ) . ساڵی ١٩٨٤ لە یەریڤان بە کوردی ( پیتی روسی ) چاپکراوە .

٧- زارگوتنا کوردی سوریا . بەرگی یەکەم ساڵی ١٩٨٥ لە یەریڤان بە کوردی ( پیتی روسی ) چاپکراوە . بە لاتینی ساڵی ١٩٨٩ لە سویدیش چاپکراوە . دووبەرگی تری ئامادەیە بۆ چاپ .

٨- چیرۆک و نوکتە و ئەفسانەی کورد . ساڵی ١٩٨٩ لە مۆسکۆ بە روسی چاپکراوە .

پرسیار : ئیشەکانت لەنێوانی فۆلکلور و مێژوودا دابەش کردووە . کاری مێژوولە سەر فولکلۆر چۆن دەبینی ؟

وەڵام : بۆ ئامادەکردن و چاپکردنی فولکلور تایبەتمەندی و زانینی تەواوی گەرەکە. چونکە فولکلور ، نوسین ، چاپکردنی ، لێکۆڵینەوە ، بەشێکی زانست و فیلولۆژیان . ئەوەی فولکلور دەنوسێتەوە ، دەبێ دەقاودەق بەپاک و پیسەوە بینوسێتەوە ، بەڵام دوایی لە لێکوڵینەوە چاک و خراپ لەیەک جیادەکرێنەوە . چون چاک دەچێتەوە سەر ڕیچکەی خۆی و ئەساسی هەیە ، هەرواش خراپ یاسای خراپ بوونی خۆی هەیە . لەنووسینەوەی فولکلوردا ، دەبێ بزانری ئەو بابەتە پیاو دەیڵێ یا ئافرەت ؟ لەکوێ وتراوە ؟ چەندساڵە یە ؟ لەکوێ فێربووە؟
با بگەڕێینەوە سەر پێوەندی نێوان مێژوو و فولکلور . لەفولکلوردا داهێنانی زمانی هونەر هەیە ، کەواتە ڕەنگی مێژوویی خۆی هەیە ، بۆیە ڕووداوی مێژوویی دەبینێ . فولکلۆر لەمێژوودا دروست دەبێ و مێژووش شێوەی خۆی لەفولکلوردا دەگرێ . ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەفولکلوردا ڕەنگ دەداتەوە ، لەهەر بابەتێک دابێ . ڕەسەنایەتی نەتەوە لە فولکلوردا چاک ڕەنگ دەداتەوە ، ئەمە کوردایەتی یە لەفولکلوردا . کەواتە کوردایەتی بن بڕ نابێ . کوردایەتی ژیانە ، نەفسیەت و خەسلەتی کورد لەفولکلورەکەیدا چاک دیارە ، فولکلور بەشێکە لەهونەری مەزن .
دوژمنانی کورد کە هەوڵی فەوتاندنی دەدەن ، بەوێرانکردنی کوردستان ، ئەوەنەبێ هەر مرۆڤ لەناودەبەن ، بەڵکو زمان و ئەدەب و فولکلورەکەشی .
من بچووک بووم ، باوکم سبەینان زوو بۆئەوەی لەخەومان هەڵسێنێ وبچین بۆقوتابخانە ، شمشاڵی لێ دەدا و بەئاوازی شمشاڵ لەخەوی هەڵدەستاندین ، تا وامان لێ هات ئەو ئاواز و ئیحساسە چووە ناخمانەوە ، چووە خوێنمانەوە ، ئیتر هەستێکی کوردانە سبەینان بەئاگای دەهینایەوە .
پرسیار : چۆن فولکلور کۆدەکەیتەوە ؟

وەڵام : بەدوو جۆر کۆدەکرێتەوە ، دەچیتەلای خەڵکی ، هەرکەسێک بی کە شتێک بزانێ ، گوێی لێ دەگری و دەینووسیتەوە ، بەڵام چیرۆک و بەیت و ڕووداو چاکترە لەسەر کاسێت تۆمار بکرێن . چاکتریشە تۆماریش بکەیت بشنووسیتەوە . دەچمە ناوخەڵکی ، دەچمە گوندان، تائێستا جگەلەوەی چەندین جار چوومەتە گوندەکانی یەریڤان و تبلیس و جورجیا و ئەرمینیا ، لەوجێگایانەی کەکورد دەژین ، سێ جاریش چوومەتە کوردستانی سوریا ، ( ساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٥ و ١٩٨٨ ) . لەگوندەکانی ئەوێ گەلی بابەتم کۆکردوتەوە ، نزیکەی چوارسەد ( ٤٠٠ ) کاسێتم تۆمارکردووە ، کاسێتی سەعات و سەعات ونیویش . ئەمە جگەلە چەندین دەفتەر و دۆسیە لەهەموو بابەتێک : بەیت لاوک ، حەیران ، پەند ، مەتەڵ ، گۆرانی منالان و بالۆرەی پیرەژنان ... هتد .

پرسیار : خەریک بوونت لەگەڵ مێژووی نەتەوەکەت دا ، وای لێکردوی ، پێتەوە دیارە هەستی ناسک کردوویتەوە ، بەهۆی دیراسەکردنی ڕووداوەکان و کارەساتەکانەوە ، وادەبینم هەتا ناسک تریش بیتەوە نزیک تردەبیتەوە لە نەتەوەکەت . لە ئەنجامی ئەوئیش و کارەت دا چۆن سەیری مێژووی ئێستامان دەکەی ؟

وەڵام : تا چاکتر لە مێژوو بگەیت ، چاکتر تێ دەگەی هۆی تێکشکان و پارچەپارچەبوون و بێ تفاقی کوردان چیە ؟ شەخس پەرستی سەرۆک عەشیران و فرۆفێڵی دوژمنان ، کاتێ ئەمانە دەبینی و مێژووی ئیمرۆش بەراورد دەکەی کە ئەوانە هەموو چ جیگایەک دەگـــرن ، لـــەم سەردەمەدا لە مێژووی کورددا ، لەبەرئەو هۆیانە دڵ زیاتر ژان دەکات کە مێژووی ڕابردوو بۆ ئێمە نەبۆتە دەرس !

لە دیراسەکردنی مێژووی کورددا ، بەتایبەتی سەدەی نۆزدە ، سەختییەکی زۆرم هـاتۆتـە ڕێ ، کە ماتریال کەمە ! سەرچاوە کەمە ! لە مێژووی هەموو میللەتێکدا دیارە ، کە میللەت خۆی بەدەستی خۆی مێژووی خۆی دەنووسێتەوە ، ئەوەش دەبێتە ئەساس بۆ هەموو ئەوانەی مێژووی میللەتان دەنووسنەوە و لێی دەکۆڵنەوە . دەبێ ئەو کەم و کوریەی لە ڕابردوودا هەمان بووە ، لەم سەردەمەدا نەی هێڵین ، دەبێ لەم سەردەمەدا ئێمە خومان مێژووی خومان بنووسینەوە و ببێتە ئەساسی داهاتوو . لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە سەرکردەکانی بزوتنەوەی کورد ، پێشـــمەرگە خۆی ، شارەزایان و نووسەرانی کورد هەمووشتێک کە بەچاوی خۆیان دیویانە و دەیـبـیـنـن بینووسنەوە ، با وەکو مێژوونوسیش نەبێ ، وەکو شاهید و بەشداربوو بینووسنەوە .ئەمانە دەبنە دوکومینت و بەڵگەو بنەمای بابەتی گرنگ لە نووسینەوەی مێژوو‌ییدا . با ئەوانە چییان دیوە ، چییان بیستوە ، لە چیدا بەشداربوونە ، با بەووردی ڕەفتاری دوژمنان و چۆنیەتی ڕووداوەکان بنووسنەوە .

پرسیار : تراژیدیای ئەم سەردەمەی میللەتی کورد چۆن دەبینی ؟

وەڵام : بەشێکی تراژیدیای گەورە لەم سەردەمەدا ، ئەوەیە کە لە کوردستانی عـیراق جـاش لە پیشمەرگە زۆرترە ! ئایا هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق بیریان لەوەکردۆتەوە هــۆی چیە ؟ دەبوایە هێزە سیاسیەکان ووردبینانەتر و بین فرەتر کاری ســیاســی یان لــەو ڕووەوە هەڵسوڕاندایە . ئەوسا وا بەوشێوەیە ئەوخەڵکە لە شۆڕش دوور نەدەکەوتنەوەو نەدەکـەوتنــە پاڵ دوژمن . با لە بیرنەکەین کە جیۆپۆلتیکی کاری خراپی ( نیگەتیف ) ی لەسەر وەزعـــی کورد هەیەو میللەتی کورد لە خاکی خۆیدا لە هەموولایەکەوە گەمارۆ دراوە ، ئەوگەوارویە شورەی لەبەردەم چالاکی و جموجوڵی سیاسی نەتەوەی کورددا دروست کردووە ، کە کاری دیپلوماســی و ڕاگەیاندن و پێوەندی بەدونیاوە لاواز کردووە .

ئیمرۆ پێویستە زیاتر تێ فکرین کە کاری سیاسی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردســتاندا بە یەک ستراتیژدا بڕواو یەک بنەمای سیاسی و هاوکاری هەبێت ، چونکە ئیمرۆ قۆناغێکی نـوێ هاتۆتە پێشی هێزە کوردیەکانەوە کە مەسەلەی کورد ، هەر مەسەلەی ناوخۆی ئەو وڵاتانە نیـــە ،

بەڵکو مەسەلەی ( کورد و کوردستانە ) و یەکبوونی میللەتێکە لە پێناوی سەربەخۆییدا . هەموو ڕێگایەکی تاکتیکی کاتی یەو دەبێ خزمەتی ئامانجی سەرەکی بکات ، میللەت دەبێ ڕاستەو ڕاست بزانێ خوێنی خۆی بۆچی دەڕێژێ ؟!
ئەگەر میللەتی کورد هەرداوای ئۆتۆنۆمی بکات ، ئایا ئەمە کەم و کوڕی نیە لە کوردخۆیدا ؟!

پرسیار : داخوازت .. ئاواتت ؟

وەڵام : وەکو هەموو کوردێک کە بەهۆی زوڵم و زۆرەوە ئاوارە بوونە ، داخوازم ئەوە یە ،ئاواتم ئەوە یە قەت نیشتمانەکەی خۆیان لە بیرنەکەن و هەر خەبات بکەن بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان ، بۆ زێدی خۆ . ئەگەر میرخاسی جارێک بێ ، ئەوا هەرکوردێک لە سەرخاکی خۆیدا کە پشتی چیا یە، دووجار میرخاسە .
سترانی کوردی لە غەریبی دا مەلوولە ، لە خاکی خۆدا دەنگێکی دلێر و پڕ هیوا یە . لە خاکی خۆدا مێژوو ، فولکلور ، ئەدەبیات ، هونەر ، بە ئاوەڕۆی خۆیاندا دەڕۆن و دەڕژێنە پاشە ڕۆژی ئازادی یەوە .

°° °° °°

دانیشتن و گفتوگۆ لە گەڵ دوکتۆر جەلیلی جەلیل دا باوەش کردنە بە سەرانسەری کوردستاندا ، هەڵدانەوەی لاپەڕە خوێناوی و بە ئازارەکانی مێژووە .. لە هەمان کاتیشدا ڕوانینە دوا ڕۆژی ڕوناکە . دەکرا گەلێ بابەتی دیکە باس بکەین ، بەڵام لە ناو فایل و باوەشە کتێب و باوەشە دەسنووس دا و لە سەفەرێکی کورت دا گفتوگۆکەمان ئەوەندەی لێ هاتە بەرهەم .
هیوای تەمەن درێژی بۆ دوکتۆر جەلیلی جەلیل دەخوازین .

١٩٩٠/١/٤
یەریڤان

- دیوانی نووسەر

# چاوپێکەوتنێکی ئەدەبی

شێرکۆ بێکەس

ئەم بەیانییە بەپەلە
" کلاوکووڕە " ی رۆژنامەنووس
کلاوەکەی کردە سەری و
چوو چنارێکی شاعیری هاوسێی ببینی .
کلاوکووڕەی رۆژنامەنووس
تەنها یەک پرسیاری لێ کرد :
- چۆن و کەی و بۆ ئەنووسن ؟
چنار وەک خۆی رابژەنێ وابوو .
تۆزی مات بوو . لەدواییدا کەمێ جوولا و
ئینجا وتی :
- زستانان بیرئەکەمەوە و هیچ نانووسم !
لەسەرەتای بەهارەوە وشەکانم
گوپکە گوپکە سەرهەڵ ئەدەن
هەتا ئەبن بەهەڵبەستی چڵ و گەڵا .
لە هاویندا بیرکردنەوەم باڵا ئەکات .
وەک ئەزانی لە کۆتایی پاییزیشدا
چاپ ئەکرێن و خەزانیش دابەشیان ئەکات،
بەقەڵەمی سەوزیش نەبێ من نانووسم،
بەدەم " سەما " یشەوە نەبێ
هیچ شیعرێکم ناخوێنمەوە
بۆ ئەنووسم ؟
ئەوەی راستی بێ بۆ ئەوەی
دنیای ئەوین روناکتربێ و ئاو زۆرتربێ،
هەرچی باڵندەی عاشقە خۆشیان بوێم
ئەم داروبەردەیش تێم بگەن !.

١٩٨٨

١- خواست

شفرەی سەختی بەرازێکیان دائەتاشی
لێیان پرسی :
تۆ حەزئەکەی ببی بەچی ؟
شفرە وتی : حەز ئەکەم ببم بە دەسکی
کێرد و چەقۆ !.
شاخی جوانی ئاسکێکیان دائەتاشی
وتیان : ئەی تۆ ؟
وتی من حەز ئەکەم بمکەن
بە کلوێچکی چاوی جوانان !.
لقی دارگوێزێکی پیریان دائەتاشی
وتیان : ئەی تۆ ؟

وتی : من حەزئەکەم بمکەن
بەگۆچانی دەستی پیران .
گا بەردێکی کوردستانیان هەڵ ئەکۆڵی
لێیان پرسی :
ئەی باشە تۆ ؟
تۆ حەزئەکەی ببی بەچی؟
وتی : من ئەمەوێ بمکەن
بەپەیکەرێ بۆ ئازادیی .

١٩٨٩

٢ـ دەنکە زیخێ

تاڵە قژی کچێکی جوان
لەسەر شانم بەجێ مابوو
لەدوابیدا تاڵەقژم
کرد بە پەتی دیلانێ بۆ :
هەڵبەستێکی پێنج شەش ساڵم
دەنکە زیخێکی کوردستان
لەکەیەوە ؟ چۆن ؟ نازانم ..
پەریبووە لۆچی گیرفانی چاکەتێکم
ئەمڕۆ رێکەوت دۆزیمەوە
دەرم هێنا و ماچم کردوو
کردم بە بەردی کەعبەی گشت
شیعرەکانم !.

١٩٨٩

٣ـ ژیشک

شەڕ بوو ، ئەوەندەی نەمابوو
لەو چیایە
ئەو گورگە بۆرە بگیرێ
بەلام ژیشک فریای کەوت و
هەزاران تیری پشتی خۆی
بەقەرز دایە !

١٩٨٩

٤ ـ پایز

ئەمرۆ پایز باری کردوو ئێرەی جێ هێشت
کەچوومە شوێن هەواری چۆڵ
" ئاخ " ێکی لێ بەجێ مابوو
" ئاخ " م هێنایە ماڵەوە .
ئەم " ئاخ " ە وەک بەتابیەتی
پایز بۆ منی درووبێ
پڕ بەبەری شیعرێکم بوو !.

شام / ١٩٨٧

٥ـ خەڵات

تەماشاکە
یەک مەڵبەندە و
کەچی لەجێیەک بارانە و
جێیەکی تر ئێچگار وشکە
ـ ئەوە هەور ، لەم وەرزەدا ، خەڵاتی ئاو
تەنها بەو زەویانە ئەدا
کەپار نەبوون بە ئۆردوگای
رەوە کوللە و
ملیان نەدا !.

١٩٨٨

٦ - بەخیل

درەختێکی تریان وتی :
- ئەم داربی‌یە چەند بەخیلە !
ڕێی لێ گرتووین ، ڕێگە نادا
ئەیەوێ هەرخۆی بەتەنها
دەم بخاتە دەمی کانیی
تاقە کانیی ئەم دۆڵەوە .
چەند بێ هەستە !
ئاخر خۆ ئێمەیش درەختین
لەکەیەوە راوەستاوین !.

١٩٨٩

٧- جریوە

نیوەشەوی هاوینێ بوو
لەسەر سەرم ، دوو ئەستیرەی
سەر هەڵەمووت
بۆ یەکتر ئەخەنینەوە و
چەپک .. چەپک
جریوەیان ئەگرتە یەک !.
ئەوەی ژوورتر
چاوم لێ بوو ، دەستی کەمێ تەتەڵەی کرد
جریوەیەکی کەوتە سەر جێگەکەم و
چاوی شیعرێکی من پشکووت !.

شام / ١٩٨٧

٨ - سەرتاش

ئەوکە ژانە دەمێکە قژ ئەهێڵنەوە .
ئەم هاوینە هێندە درێژ بووبوونەوە
لەوەختی سەما کردنا ، لەعەرد ئەخشان
ئەوا ئێستەیش ، لەپەنجەرەی ئەم ژوورەوە
چاوم لێیە :
پایز بەپێوە وەستاوەو
وەک سەرتاشێکی رەقەڵەی پەنجە درێژ
خێرا خێرا بەمقەستی تیژی " کانون "
پرچی زەردی کەژان ئەبڕێ .
ناو بەناویش " با " ی شاگرد دێ و
بەخاولیەکەی لەپشتەوە
تووکە سەری پشت ملی کەژ ئەتەکێنێ و
ئەیانخاتە ئەو چەمەوە !

١٩٨٩

٩- ئەم شاخە

ئا ئەو شاخە پیرەمێردە مل باریکە
بەم رۆژگارە ، بەوسەرەوە ، هەرخەریکی
خوێندنەوەی : گرد و ڕوبار و کێڵگە و دەشتە!
هەورێ وتی :
- من ئەزانم ئەم سەر رووتاوەی ریشنە
چەند شیعری بەفر و باران و زریان و خۆری لەبەرە!
من ئەزانم چەند کورتە چیرۆکی جۆگە و
چەند رۆمانی روباری دورودرێژی خوێندۆتەوە .
ئا ئەم شاخە پیرەمێردە مل باریکە
مەبیینە وا کزۆڵەیە ، بیری تیژە
لەبیرێتی بەچ رۆژێ ئاو ژانی گرت
بەرووباری نۆبەرەوە
لەبیرێتی وەختێ ئاگر پێ‌رەوکە بوو .
ئا ئەم شاخە پیرەمێردە مل باریکە
من ئەزانم چەند دارستانی قاموس و
چەند پەلکە گیای وشەی هەیە
ئا ئەم شاخە پیرەمێردە مل باریکە .

١٩٨٨

## وەسێت

لقی دارێ وەسێتی کرد ، هەر وەختێ مرد
بیکەن بە بیشکەی منداڵێ .
بێشکە وەسیتی کرد ، کە مرد
بیکەن بە پنەی بەردەمی
ریزەچادر و دەوارێ .
پنە وەسێتی کرد کە مرد
بیکەن بە کورسی بۆ چرای
ماڵە فەقیرو هەژارێ .
کورسی وەسێتی کرد کەمرد
بیکەن بەسەری مەرکانەی
ئاوی شۆڕیجەی غەمبارێ .
" سەر " یش وەسێتی کرد کە مرد
بیکەن بە چوارچێوەی وێنەی
" وەسانان " ی بەئازارێ .
ئەویش وەسێتی کرد کە مرد
دابیکەن بە ستگی دیواری
جلی پێش مەرگەی نێو شارێ .
سنگیش وەسێتی کرد کەمرد
بیکەن بەشانەی دلداری .
شانەیش وەسێتی کرد کە مرد
بیسوتێنن و لەدواییدا
خۆڵەمێشی بکەن بەسەر
گڵکۆی قژی منداڵێکی هەڵەبجەدا !.

چاوم هەڵێنا دیم ئەم میللەتە
دیمەنی ژینی قەنارەو پەتــــە
گوێم بەدەنگی ئاخ زرینگایەوە
دەمم بەهاوار هەڵهێنایــــەوە
بۆیە هەرئەبێ پشکۆی تۆڵەبــم
قوربانی خاکێ و هی ئەم خۆڵەبم

" کامەران موکری "

# چەند شیعرێکی

# عەباس بەدری

وەرگێرانی : زۆزان

شاعیر و رۆژنامەنووس . لە سەرەتای شەستەکانەوە، بەزمانی عەرەبی دەنووسێ . لە ناوەراستی شەستەکان بەدواوە، شیعری بڵاوکردۆتەوە . لەکۆتایی شەستەکانەوە تا کۆتایی حەفتاکان ، بەچری کاری روژنامەگەری کردوە ، لەپالیشیا بەردەوام شیعری لەگوڤار و روژنامە عەرەبیەکانی عیراقدا بلاوکردوتەوە . بەعەرەبی دەنووسێ ، وەلێ هەمیشە باس لە ژیانی پر زەحمەت و رەنج و مەینەتی و خواست و ئاواتەکانی گەلەکەی دەکا . بابەت و کەرەسە و ئاوهەوای شیعرەکانی ، هەمان ئاوهەوای شیعری کوردین .. بۆیەش کە شیعرەکانی دەکرێنە کوردی ، توێژی تەرجەمەکردن لەخۆ دادەماڵن و لەشیعری خۆماڵی دەچن . ناوەرۆکی شیعرەکانی ، پتر ، لەدەوری چەقی خوشەویستی خاک و مرۆ دەخولێنەوە . تائیستا ، ئەویش بەم دواییە ، تەنها دوو نامیلکەی شیعری بەچاپ گەیاندووە ، ( المیدیون - هۆنراوەیەکی درێژە ) و ( کتاب الجرائم - دوو هۆنراوەن بۆ هەڵەبجە ) ..

ساڵی 1941 لەشاری بەغدا لەدایک بووە . ئەندامی یەکیتی نووسەرانی عیراق،یەکیتیی روژنامەنووسانی عیراق و ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردیە و لەکوتایی هەفتاکانیشەوە ، لەئەنجامی زوڵم و ستەمی رژیمی بەعس ، ئاوارەی دیوی ئیران بووە .

خۆشەویستی

خۆشم دەوێ
لەمن وایە تاکو ئێستا
تاکە ژن و پیاوێ نەبوون
راموسان و لێوێ نەبوون
جووتە شوری کێوێ نەبوون
وا یەکتریان خۆش ویستبێ .

خۆشم دەوێ
وەک ئەوەی دڵ تاکو ئێستا
لێدانی وای قەت بەخۆیەوە نەدیبێ .
خۆشم دەوێ و با
لەداوێنی سەردەما بنوسرێ
هێشتا ژن و پیاوێک ماون
وەک زەوی و ئاوی کوردستان
لە یەکتریەوە ئالاون .

خەم

لێم زیز مەبە
ئەگەر دڵم هێندە بێ وازو ماندووبێ
ئەگەر دەستم ،
حەز و تاسەی گەرمی زوویان وون کردبێ
ئای خۆ من بیرم چۆتەوە ئازیزێ
کە لاوێ چۆن
شۆخێ دەگرێتە ئامێزێ
لێم زیز مەبە
گەر سیگارێک ،
ئارام بەگیانی ماندووم ببەخشێ
نەک مژینی دوو لێوی گەرمی چاوگەشێ
لێم زیز مەبە
هێی کیژە کوردی نازەنین
وەرە با لەخەمی کوردستان پاراو ببین

گیا

گیا لەسەر بەردێ شین نابێ ، بیتلێنی
گیا لەسەر پۆلوێ شین نابێ ، وەیکوژێنی
گیا لەسەر خوێنێ شین نابێ ، بیپرژێنی
گیا لەسەر شانەکانی مرۆ شین نابێ
بەلام ئەمن لەکوردستان
گیای جۆراوجورم بینیون
گیا لەبەرد و
گیا لەپشکۆش !
گیا لەخوێن و
گیا لەمرۆش !
کۆنە جەنگاوەرێک
لەرۆخەکانی ئاراز و
لەدەشتایی و
لەسەر لوتکە سەوزەکاندا
من جەنگاوم .
وەکو گوڵێ
لەناو دڵی نۆ ئافرەتیشا رواوم
مەرگی شور و
وێران بوونی گەلێ شاریشم بینیوە
جوانترین شیعرم بۆ یادی
وولاتی سەما و جوانی نووسیوە
زۆرم لەناو لێڕ و شاخانا نۆشیوە
لەنێوان خۆشەویستی و بیرچوونەوەشدا
ئەنگاوتراوم
وەکو کاژ و تاشەبەردیش
لەبەرامبەر پیری و رەشەبا و زەمانا ...
راوەستاوم
چونکە ئەمن
لەکوردستانا جەنگاوم .

ڕێبوار

ئەی ڕێبوارە تەنیاکە
چیت بۆ منالان ،
لەچاوانتا هەڵگرتووە ..
گوڵێکی سەوز .. سترانێ
یاخود لەوولاتی شاخانەوە ... داستانێ ..؟
ئەی ڕێبوارە تەنیاکە
لەچاوانتا ...
چیت بۆ یارە چاوجوانەکەت هەڵگرتووە
حەز و تاسەی پیاوی کوردان ،
یا دەست و دلی فەراحیان ؟
ئەی ڕێبوارە تەنیاکە
لەچاوانتا .. بۆ پیاوان چیت هەڵگرتووە
لاواندنەوەی خەم و کەسەر ،
یان چەکی شەر ..؟
ئەی ڕێبوارە تەنیاکە
چاوەکانت کەژ و کێو و ... منالانن
چاوەکانت دەزگیرانی چاوجوانن
چاوەکانت هەم نەبەرد و هەم پیاوانن .

# لێك دابڕان

حەمە سەعید حەسەن

بیرم نایە
کەی بوو دواجار پێکەنیم
شنەی خۆشی
ئارەقەی خەمی سڕیم
یاری بەخت
ئاوڕی لێدامەوە
چرپەی مژدە
گوێچکەڵەی دڵی سمیم
شۆڕە ژنی شادیم گرتە ئامێزم
ئاسودەیی دەستە وئەنگوستی گوشیم
بیرم نایە
کەی بوو دواجار پێکەنیم

*   *   *

خۆزگەم بەخۆت
پێکەنین وەک ئاوی رەوان
لەسەر چاوەی دەروونتەوە هەڵدەقوڵێ ،
لەگەڵ تریقانەوەدا
هەموولەشت هەڵدەپەڕێ ،
منیش کاتێ
قەدم لەگەڵ رەگمدا بوو ،
زەبری تەوری ئاوارەیی نەیجنی بووم
خەم چوار دەوری نەتەنی بووم
جار بە جارێ
لە ناخەوە پێدەکەنیم ،
وەک ئێستا کوێر نەبوو بووە
کانییە قوڵەکەی کامەرانیم ،
شلوی نەبووگۆلی چاوم ،
ئاسمانی رووم
وەک ئێستا تەماوی نەبوو ،
شێوەی قسەم
وەک ئێستا خەماوی نەبوو ،
کە گوێم لە تریقە دەبوو
وەک ئێستا سەرسام نەدەبووم ،
نەم دەگوت هەزاران خۆزگەم
بە رابردوو .

1990/6/12

٢ـ ژانی دووری

لە وێرانەی دەروونمدا
کوندە پەپوو هەڵکورماوە
لە هەواری هەناومدا
خەفەت رەشماڵی هەڵداوە ،
چەقۆی ئازار
ماسیی دڵی هەڵدڕیوم ،
بێئومێدی درکە زێیە
لەوەنەوشەی سەرکزی گیانم ئالاوە ،
لە نیشتمانی سینەمدا
سوڵتانی مۆتەکە زاڵە ،
لە دەشتی کاکی بەکاکی ژیانمدا
تەرمی شادیی هەڵچنراوە
گەرووم زووخاوی لێ دەڕژێ ،
لەناو کالانەی چاومدا
دەریایە خەم قەتیس داوە
ئای گەلەکەم !
تا دەست دەکەمەوە ملت
تا دێمەوە سایەی باڵات ،
دووری لە تۆ
هەواڵێکی جەرگبڕە
سەعاتی جاریێ لە دەرگای دڵم دەدات
1990/6/16

بۆگوڵی رووت هاتم و پەرچەم ئەبینم بۆیە وا
ماهی نەورۆزم بەشیوەن وەم محرم خۆی نواند
تۆلە ئەوەل گۆی وەفات هێنایە نێومەیدانەوە
ئێستە چەوگانی خیلافت پشتی سەد وەعدەی شکاند

" حەریق "

# دوو پارچە شیعر

فەرهاد پیربال

## ژووان

لە هەر چوارلای خانووەکەمەوە
گڤەی با دێ
حەسرەتیکی قاوەیی ئاسا
لە پەنجەرەوە
تەماشای سەمای داران دەکەم :
دنیا سەوزە
سەرتاپا سەوز .
بەلام " هەیهات ، هەزار ئەفسووس "
لەنیوان هەر گەلایەکی سەوز و
زەمین دا :

ژووانێک هەیە
ژووانێک هەیە .!

لە هەر چوارلای خانووەکەمەوە
گڤەی با دێ .

١١ ، ٩٨٨ : پاریس

## چارۆگە

ئەی بارانی ولاتەکەم !
لەم غەریبی یەدا
ئەگەر مردم و
نەمتوانی بێمەوە جارێکی دیکەش لەگەڵتا بگریم ،
لێم ببوورە .!
نەمتوانی بێمەوە جارێکی دیکەش لەگەڵتا بگریم ،

ئەی نێرگزی بسک زەردی وڵاتەکەم !
لەم غەریبی یەدا
ئەگەر مردم و
نەمتوانی بێمەوە بۆ دوایین جار لە بەرپێتا
بنوشتیمەوە ،
لێم ببوورە .!
ئەی دەزگیرانە غەمگینەکەم !
لەم غەریبی یەدا
ئەگەر مردم و
نەمتوانی بێمەوە بۆ دوایین جار ماچت بکەم ،
لێم ببوورە ...
لێم ببوورە ئەی چارۆگە نارنجی و نەرم و
نەشمیلانەکەی
کە بەسەر مەیتی نیشتمانە کوژراوەکەم دا دراوی !

٩٨٧ : کۆپنهاگن

# ساز

رەحیمی لقمانی

دەروونی من وەک سازێکە ،
جار جار دەگری و
تەلەکانی ، بەسروەیەک دێنە زمان .
تاو تاو توورە !
وەک هاوارە خنکاوەکەی " دەربەندیخان "
وەکوو تەمبوورەکەی " شڤان " .
بەڵام جیاوازی سازێک و
دەروونی من ، لەوەدایە :
ئەو بەدەست و هەستی گەرمی هونەرمەندێک
دێتە سەر سۆز
من بە مەزرابی ئازاری دوژمنانم
دێمە نالەو رقی پیرۆز !

# خەمنامە

د . شێرکۆ

خەمدۆستەکەی شاری ئێوە
کەی ئەوەندەی من پەشێوە
ئەو تازەگی
سیحری گریە و تەلیسمی کۆستی ناسیوە
ئەوهیشتاکە
ژەهری چاوەروانی گۆدوی نەنۆشیوە
ئەو خەمدوستە
تاکوئێستە
سوتانی خۆش نەویستوە
رەنگی زەردی پەرێشانی
لە روخساری نەنیشتوە
دەنگدانەوەی هەرەسێکی
لەناو ناخیا نەبیستوە

* * *

خەمدۆستەکەی شاری ئێوە
خوێن گەرمێکە تازە هاتۆتە سەر رێ
ئەو لەکوێیە و مەرگی هەقیقەتێک لەکوێ
ئەو لەکوێیەو ون بونی میللەتێک لەکوێ
گەر بەرێکەوت
چاوتان پێی کەوت
عەرزی بکەن
خەم پەروەری
بەزین .. رۆچون .. دەربەدەری
سەرکەوتنی هێزی درۆ
شایی چەقۆ
دەستەمۆ بونی هەلۆ
دارمانی قەلای بڕوا
پەژموردەیی گوڵی هیوا
دڵیان ئەوێ .. خۆی رابگرێ لەبەریانا
شانیان ئەوێ
نەسوێ لەژێر بارستایی گرانیانا .

# چەند تابلۆیەك

تەوفیق ئیبراهیمی ( رەنجدەر )

کچێ پرسی لە دایکی خۆی :
ئەی دایەگیان
کوڕی گەل و پیاوی گەورە و کاکەی نەمر
بەکێ یەژن ؟
وتی : رۆلە بەوانەی وا ، کاتێ ئەمرن
بەبەرگەوە ئەیان نێژن .

گوتیان بە بەرد
بڕیار بدە با سەنگتاشێ
بتکا بە پەیکەری خودا
وتی : نا .. نا
خەڵك فریودان ئیتر بەسە !
بمکەن بە پلەیە بچووك
لێم سەرکەون بۆ مەدرەسە !

- -

گشت وڵاتە رازاوەکان
بۆمنی نامۆ
با گوڵیش بن
لەلام وێنەی گۆڕستانە
تەنیا گوڵی بۆنخۆشی من
خاکی پاکی کوردستانە !

شەن و بێڵێک لە دێهاتا
سەریان نا وەبان دارجووتێک ، نووچیان ئەدا
شەنە ژێر باڵی خوران و وتی : بێڵە
وەختی کارە !
بێڵە وتی :
بنوە بۆخۆت
ئەوەی شەن و بێڵی ئەجووڵان
ئێستە گشتی ویلی شارە !

دەم ئێوارە
لەشەقامی قەرەباڵغی ئەم شارە !
بۆ کیژۆڵە سەرماڵێداوی نان فرۆش
سەدان قانوونی ئەساسیم گرتی بەردا
بەڵکو دەستی لەگۆ نەچێ
ئەوهەژارە !

- -

ئەسپەکەی سەلاحەدین
وێڵ و وەیلان
بەستەزمان !
هەرچەن دەکا لەرووی نایە
بێتەوە خاکی کوردستان .

بۆڵدۆزرێک *
بەگرمەگرم و هاوڕهاڕ
سینگی کێوێکی ئەکراند
کێو لێی پرسی :
ئەمە جادەیە بۆ " هەورامان " ؟
دیزل وتی :
بەداخەوە دزەرێیە
بو دوژمن و داگیرکەران .

---

* بولدوزر : ماشینی قورسە کە بو دروست کردنی جادەو شتیوا کەلکی لی وەردەگرن .

# چیرۆکی مەرگی هەڵۆی سور

بە گیانی شێخ سەعید پیران پێشکەشە

عەزیز کەیخوسرەوی

باش دەتزانی لەم وڵاتە
گەرووی بولبول بە قورقوشم دەئاخنێندرێ
دەنووکی بە بەرد دەشکێندرێ
تا لە چریکە و سەمای خەن
رۆژی سەدجار گوڵ ئەکوژن
تەرمی ئەوین لەناو دڵیاندا ئەنێژن
قەڵات و شوێنەواری ژین
بەسەریانا دەروخێنن
باش دەتزانی .. لەم وڵاتە
کاتێ لەخەو بێدار ئەبی
تەمی خەفەت
گشت شوێنێکی داپۆشیوە
لەجێ ژوان و کۆنە هەوار
هەردێ هاوار و بانگەڕۆی
خۆزگەم بەپار
باش دەتزانی لەم وڵاتە
رۆژی سەدجار
مەسیحێ بەخاچ دەسپێرن
سولتانەکان
پشکۆی فرمێسک
لەئاگردانی چاواندا دەبارێنن
گوڵی خەندە
لەسەر لێوان دەتارێنن
دڕی بزەن ..
هەر گریان دەستەمۆ ئەکەن
هاوڕێ و دەست لەملانی گزەن
تریفەی مانگ سەردەبڕن
تەڕایی لە رووبار دەبرن

ئەی هەڵۆی سوور
جێگەی تۆ هەر لێرەوار و
چیای بەرزی ئارارات بوو
ئاسمان سەری بۆت دانەواند
دەچەما بۆت
ئەستێرەی دەکردە ئەکلیل
بۆ گەردنی بەرز و ئەستۆت
کاتێ ماڵ ئاوابیت لەژین
چاوی گەشت گەلاوێژ بوو
لەسووچی ئاسمان ئاوا بوو
مێژووت چیرۆکێ درێژ بوو
بەکوردستانت راگەیاند
بە ڕژانی خوێنی گەشت
وەک سیاوەش
نەمامی هەرمانت داچاند

# دوو هۆنراوە

م . بریندار

( رەنگ )

رەش رەنگێکی دیار و جووانە
بۆیە کاتێ کە شەو دادێ
تفەنگە یاخی بووەکان
وەک پەرەسێلکە دێنەوە
بۆ کوشی شاری هێلانە
سپی بیش رەنگی کرێکارەو
هەر لەکازێوە هەتا شەو
جیهان رووناک ئەکاتەوە
بۆ رابوونی مرۆڤ لەخەو

( تەقە )

شەوە زەنگ بوو
نە چاوی مەم زینی ئەدی
نە دێوانەی دڵ پڕ لەخەم
وەک پەروانە دەخولایەوە ، لە دەوری شەم
بوو بە تەقە
گوللەێک جامانە لەسەر
جلی بروسکەی کردەبەر
عابای رەشی هەوری کون کرد
هەوالی ئاشقانی بۆ ئەستیرە برد
لە ئاسمانی تاریک و دوور
دوای ماوەیک خۆی دەنووانند
مانگی پڕ و ...
هەزارەها ئەستیرەی سوور .

ـ سنە ـ

# چڵەکێش

شێخ محمد بالەکێ

ئەرێ ئەوە شێمحەمەدە !
یا خەونە درێژ و کورتەکەی
نیو شەو رۆیی موحەمەدە !
بیست و هەشت ساڵە هەر نەبڕامەوە

* * *

ئەرێ ئەوە
منە گێژە هەستیارەکەم ؟
یان کەویە بە هەشتە دۆزەخەکەی
حەساری زگێ سووتاوی سەکرانە
لە وەتەی هەم
پێ خوستی وڵسی خەمی
هەموو مرۆڤ و گیانەوەری
سەر ئەم زەمینەم لەسەرە و
کرمی هەندێ دێڵە دێوان
کەوتوونە توێی گەلی بیرم
تا ئیستا هەر نەتوامـــەوە

* * *

ئەرێ ئەوە
منداڵێکی لووت بە چڵمی
هەنیشکێ و چۆکێ هەڵزڕاوی
گوندەکەمە
بۆ کەرەکەی دەنووزێنێ
یا سیرەی کوشنی بن سمتی
کچی شارێکی خەولێکەوتووی
زۆر بێ خەمە
لاوی وەرەمداری هەستم
دەگریێنێ

* * *

ئەرێ ئەوە رەوە دێون تۆپیون
یان بۆنی یاسای زووحاکێ و
گوفەکی واسیتەیە
لە دیوانانداً رزیون
شەیتان ناوێری دەمامکێ
لەسەر لووتی داکەڵێنێ

* * *

ئەری ئەوە حاسمانە
بە ئێجگاری دێتە خوارێ
یانە بەفری خەم خۆرییە
بەسەر دڵمدا دەبارێ

*　*　*

خولیایە چۆل پەرستەکەم
کەپەنەکێکی دروست کردووە
لەخوریەکەی کەوینە دێ بێ هەستەکەم
دەچێتە سەر سەری ( تاڵی )
شەو تا بەیان ، بەیان تا شەو
رادەمێنی لەو گەردوونەی
تا برووی کەوتۆتە پرخەی خەو

*　*　*

لەپەرچەمی چۆمی ( وەلزێ )
لەشەنگەبیەکەی سەر جێ دەوری
ئیبن ئادەم
قەرەتاڵە یەکی تێشووتی وەردێنم
تا وەک کەشکۆل بەکوڵیادەم .

*　*　*

لەو لێری ناو بەرگەیەی
لەدڵی حاجی قادری کۆییا
جغی دەرکرد
گۆپاڵێکی ماز دادێنم ،
شاڵ و شەپکی حەزرەتی برایم
دەبەر دەکەم
ئاگری هیچ گێزە شێوێنێک
ناسووتێنێ
بەرگی بڕوای چاوپڕخوێنم
وەک چلەکیشی بێ ترسەرۆم
بۆ دوای خولیا زێزەکەی خۆم .

١٩٨١/٥/٥
هەولێر

# رێبوار

جەلال مەلەکشا

رێبوارێکم
بەقەد مێژوو ،
وەرز و ساڵ و سەدەم دیوە
بەقەد مێژوو ،
چڵی رێگام
لەنێو سنگ و دڵ چەقیوە
بەقەد مێژوو ، دیوەزمەی بەسامی رێگا
لە ئاسمانی چاوەکانما
ئەستێرەی گەشی چنیوە !
بەقەد مێژوو
فرمێسکی چاوم سڕیوە ،

* * *

رێبوارێکی چەواشەم و
خۆم نازانم بۆ کوێ ئەچم
تاریکە شەوی نووتەکەو ...
ئەستێرەیەک پێ ناکەنێ
هەر لاقێکم بەلایێکا هەنگاو ئەنێ
دەستی راست و دەستی چەپم
بەقەد مەودای سنوورەکان ،
لەیەک دوورن

جەستەیەکی برینداڕم
زامەکانم
قووڵ و بەترەف و ناسۆرن !
وەک خەمێکی مێژینەم و
لەناو کڵپەی ئاگردانی ئەوینێکا هەڵقرچاوم !
وەک ئاختێکی دووکەڵاویم
هەڵمی ناختێکی خنکاوم
من رێبواری مێژووی تاڵی دڵی خۆمم
هەر ئەڕۆم و هەرئەڕوم و هەرجێ ماوم !
هاوار ئەکەم :
ئەم رێگایە ، نابڕێنەوە
تا پێ بەشوێن یەکا نەچن
دڵ و گوڵی لەیەک بڕاو
دەست لەملی یەکتر نەکەن
دەستی راست و دەستی چەپم
بەیەک نەگەن
تالە ژوانی ئەوینێکا ،
پەیمان تازە نەکرێتەوە
ئەم رێگایە نابڕێتەوە
نابڕێتەوە !

1369/2/24

هۆنراوەی بەر پەتی سێدارە

پێشکەشە بە :
گوڵاڵە سوورەی کوردستان : سەعدیە و رێبوار

ناصر ـ ئاراس

کە زانیم تۆش
رێی ئەم چیا سەختە دەگریتە بەر
بەرەو لووتکە هەنگاو دەنێی
من خۆم بۆ تۆ کردە مۆم و
تاریکاییم رەواندەوە
کە زانیم تۆش ..
بە ئەشقی خاک و خۆل مەست بووی
لە پیناوتا ..
چرای ژیانی خۆم کوژاندەوە
کە ژان و ئازار دەمگرێ
لەگەڵ شەپۆلی دەریادا تێکەڵ دەبم
تریفەی مانگ زۆر جوانە
بەلام لەو جوانتر ، چاوی دایکمە

*　*　*

کەتەمەنم ..
لەگەڵ ئازارا هەڵدەچێ
تەمەنی منالێ ،
پەلکە زێڕینەی سوور
پروشکە بارا ن ماچ دەکا

*　*　*

شەوان کە خەوت پێوە دەبینم
هێدی .. هێدی
بەقولایی چاوەرەشەکانتا رۆ دەچم
تا خەمەکانت ، تیر هەڵدەمژم و
ئارام دەگرم
ئاخ .. چەند حەز دەکەم
لەتیشکی مانگ
کەژاوەتان بۆ دروست کەم
تا ئێوەش ببنە ئەستێرە ..!

١٩٨٢/١٢/١٥
ژووری سێدارە ـ مووسل

تێبینی : سەعدیە و رێبوار خوشک و برای شاعیری شەهیدبوون .

چیرۆک

# هەڵۆ ئازادەکە

ع . ز . ر

چاوەکانی بە هەموو تواناى لێیک ئەکردەوە ... بۆئەوەی ئاسمانی هاوینە ڕۆژى بناری قەندیل ببینێ .
.. بە پشتى هێسترێکەوە ، چەند پەتوویەکیان بۆ کردبوو بە بن بار .. ئازاری قاچە شکاوەکەی زۆری بۆ
ئەهێنا کە هاواربکات ... چەندی پێخۆش بو ئەو هێسترەی سواریان کردبو هێمن و لەسەرەخۆبو ....
بەڵام قاچی لە دوولاوە شکابو . بۆیە لەسەرەخۆیی هێسترەکە نەدەبوە هۆی ئەوەی ئازاری نەبێ. ئەو
ماوەیەی بەڕیگادا هاتبون هێندە لێوی خۆی کرۆشتبو بە زمان هەستی ئەکرد ناوەدەمی بریندار بووە ...
قاچە شکاوەکەیان بۆ تیمار کردبوو ... کۆمەڵێ دەرزیان لێدا بوو کە ئازارەکەی کەم بکاتەوە.. ئیرەیی
بەو پێشمەرگە هاوڕێیانەی ئەبرد کە لە نەبەردا قاچ و دەستیان شکابو ... هەرلە بۆێری ئەوانەوە فێر
ببوو ڕوبەڕوی ئازارە زۆرەکەی بوەستێ .

چاوەکانی نیشتبوونە سەریەک ، مێشەکەرموزێک بێ وەستان وێزەوێزی بە دەوری سەریا ئەکرد .....
دەنگی هەرلەگیتارێک ئەچوو کە منداڵێکی چکۆلە بێ پەروا و نەزانانە دەس بە ژێیەکانیدا بێنێ ....
دەنگی تەقەی دووری شەڕ وەکو دەفەی دەستی دەروێشێکی شێت لە گوێی دا دەزرینگایەوە... هێسترەکە
هەورازی زۆری بڕیبوو ، بۆیە هەرچەند تەکانێکی ئەدا و هەڵوێستەیەکی بۆئەکرد ... زرم وهوڕی تۆپ
بارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە وەکو دەهۆڵی دەستی دەهۆڵ کوتێکی بە هەوەس پسانەوەی نەبوو .

" هێمن " سەرێکی هەڵبڕی ، دوکەڵی تۆپ باران دۆڵ و شیو و لوتکەکانی کردبووە تارمایییەکی
دوور ... کۆمەڵێ هەوری چکۆلەی لە ئاسمان دروست کردبوو ... هەندێکیان خوڵەمێشی و ئەوانی
تریشیان سپی بوون ... بە گازی پشتا لە هێسترەکەیان نابوو ... لە لوتکەی " پرخیلند " هەڵۆیەک
ئەخولایەوە ... هەندێ جار لەنگەری ئەگرت ، جارجارەش تیژ باڵ شۆڕ ئەبووە .

"چەند سەعاتێ پێش ئێستا " هێمن " لەناو پێشمەرگەکاندا کۆمەڵیان لێدا بوو... بیر و هۆشی
هەر لای سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوو ، خەریکی هاندانی ئەوانە بوو کە لێی کوببوونەوە ،بە بیتەڵێکی
دەستی لەگەڵ پێشمەرگەکانی پێشەوەی بەرەکە قسەی ئەکرد... هەواڵی ئەپرسین ... ورە و بڕوای
تازەی پێ ئەبەخشین ... هەندێ جار قسەی خۆشی بۆ ئەکردن ... زوریش نەبوو کە لە سەنگەرەکان
هاتبووە خوارێ ... ئۆبالی سەرپەرشتی کردنی بەشێک لە بەرەکە لە ئەستۆی " هێمن " بوو .
گرەگری کومەڵێک کوپتەر دەنگی تۆپ باران و تەقەی کپ کرد ، وەک گەلە گورگێکی برسی لورە
لوریان دۆڵەکەی پڕکرد ... وردە وردە لەسەر پێشمەرگەکان نزیک بوونەوە ... هێمن لەسەرەخۆ وبێ

شلەژان وتی :

- برایان بلاوبن و پەنا بگرن ... ئەم کوپتەرانە نیازیان بۆردومانی ئێمە یە .

پێشمەرگەکان پەرتەیان کردو ... هەریەکە خۆی لە پەنایەک مەلاس دا ... هێمنیش چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا ، پەلی " نەشمیل " ی هاوسەری گرت ... ڕکە بەردێکی بن هەلولّ لە نزیکیان بوو ، نەشمیلی پێش خۆی داو تا پێ ی کرا لە بن بەردەکەی توندکرد ... لە سەرچیچکان دانیشت .... چاوی لە کوپتەرەکان نەئەگواستەوە ... کوپتەرەکان کەوتنە خولانەوەو نزم بوونەوە .

" سەرباز " پێشمەرگەیەکی ڕەشتالەی بەخۆوە بوو... ڕەشاشیکی ( BKC ) پێ بوو..هەر بەپێوە قۆناغی ڕەشاشەکەی لەشانی توندکرد ... چەند ریزێکی تەپلّ ئاسای ڕوەوکوپتەرەکان تەقاند..تەقە کردنی سەرباز.ڕوی هێمنی بولای خوی وەرگێڕا ... کە چۆن سەرباز لەگەلّ هەموو ریزێ چەندەها نگاوێ بوپیشەوە ئەڕوا ... کوپتەرەکان قرەقریان بوو بەگیقەگیق ... کومەلێ گڕ و ئاگر و دەنگی تەقینەوە سەربازیان بەپشتا خست ... ویزەی پارچەی موشەک وەک شارەزەردەوالّەی وروژاو بەهەموولایەکدا پریشکیان دا ... هێمن و نەشمیل لەناو تەپ وتوز و گڕ و دوکەلّدا ون بوون ... هێمن بەتەنیشتا کەوت ، دەستی بۆ دەموچاوی برد ، لەپی دەستی خوێناوی بوو ... ئازارێک لەناوسکیا پەیدا بوو ، خوێن لای ناوکییەوە سەری کرد ... قاچی چەپی لە دوای نەهات ... نەشمیل باوەشی پێدا کرد .... ئەویش چەند دلۆپە خوێنێ بەلاملیا هاتبوونە خوارەوە ... "

هێمن چاوی لە دوی هەلۆکە وێلّ کردبوو ... هەلۆکە هەرئەهات بچوک ئەبۆوە ...تا وای لێ هات هەرهێندەی پەڕەسێلکەیەکی مایەوەو ئاودیوی لوتکەی چیابوو ... لە چاو ون بوو .

** ** **

نەشمیل توند ریشمەو پێشی کورتانەکەی ولاخەکەی ژێرخۆی گرتبوو ، هیچ هەستی بە ئازاری برینەکانی خۆی نەئەکرد ... چاوی لە دەم وچاوی سی و دوو سالەی هێمن نەئەتروکاند ... ڕەنگە پەمەیی وئالەکەی هێمن خەماوی و زەرد ببوو ... نەشمیل هێندەی سەرنج لەلەش ولاری هێمن ئەهێنا و ئەبرد .... بۆ یەکەم جار بۆی دەرکەوت کە هێمن چەند بچکۆلەو لەڕ ولاوازە ... هەرکاتێ چاوەکانیان تێکەلاوی یەکتر ئەبوون ، هێمن بزەیەکی پڕ سۆز و خۆشەویستی بۆ نەشمیل ئەکرد .

" نەشمیل هەموو یادەکانی خۆی و هێمنی بە میشکا تێئەپەڕی . ئەوساتانەی هاتەوە پێش چاو... بەرلەوەی شوو بەهێمن بکا، چۆن هەندێ بێئاگا و ماستاوچی بێ ویژدانانە تۆمەتی بێ سەروبەریان بۆ هێمن هەلئەبەست ... کەچی هێمن هێندە گەورە بوو نەک هەر گوێیی نەئەدایە ، بەلکو سورتر ئەبوو لە خۆڕاگری و پشوو درێژی . هێندێ شێرەفشەی کەکۆڕیان بە خۆهەلکیشان گەرم ئەکرد ... گیڤارایان لە خۆیان بەبچوکتر ئەزانی ... پێشمەرگەیان بەپۆلیس و بەردەستی خۆیان سەیرئەکرد ... لە هیچ شتێکا ئازانەبوون لە قسەی زل و جنێو نەبێ ... گالتەیان بەسەروەری پێشمەرگە ئەکرد ... وازیان لە خەلکە شەهیدەکەش نەئەهێنا ... پاساوی هەموو تێشکان و ڕاکردن و خۆدزینەوەو ترسنۆکیەکیان بە ململانێی چینایەتی ئەدایەوە ... یان هەموو کوردستانیان بەدەرزی و دەزوو لە سەر نافەکەکانیان پێکەوە دەدروو ... کەچی هێمن نەقسەی زلی هەبوو ... نە خۆهەلکیشان و ڕۆژێ لە ڕۆژانیش ماستاوی بۆکەس ساردنەکردبۆوە ... هێندە ژیر و هوشیارانە ئەرکەکانی خۆی ئەنجام ئەدا ... کەم کەس هەبوو گلەیی لێ بکا ، ئەوی گلەیشی لێ کردبایە دەیوت " خۆپەسەند و بەخۆنازو بەفیز نیە " .

لە زۆرشتی ئەم دنیایە سەری دەرئەچوو ... موسیقا ... هونراوە ، زوربەی هونراوەکانی مەحمود دەرویشی لەبەربوو ... بەلام ماوەیەک بوو کەمتر هۆنراوەکانی ئەوی ئەوتەوە .. چونکە لە یەکێ لە

هونراوە چاکەکانی خۆی پەشیمان ببۆوە ... گاڵتەی بە هەندێ نووسەری خۆماڵی ئەهات و .. کەلەرووی لێپرسراواندا زۆر بچوک بوون ... کەچی وەکوتریش خویان لە کازانتزاکی و یەشارکەماڵ و پوشکین بەکەمتر نەئەزانی ... بە شەوبینینیک بە هەندێ کون و کەلەبەری تاریکی شۆڕشدا ئەگەڕان و .... ئەحمەدی شاملوشی زۆر خۆش ئەویست ... هونراوەکانی ئەویشی بە گوڵ بژێری لەبەربوو.

کەم کەس ئامادەبوو بەئەرکی پێشمەرگانە بچێتە گۆشەیەکی تاریک و روونی ئەم کوردستانە ..کەچی هێمن بێ سێ‌ودوو لەگەڵ هێزێکی بچوکی پێشمەرگە خۆی هاویشتە گێژاوی ئەوگۆشەیەوە .... وەکو مەلەوانی لێزان بەرەومەندایی و تەنکایی بەباسکەمەلە و هەموو جۆرەکانی مەلە گێژاوی بڕی .."

نەشمیل زوربەی بەسەرهاتەکانی خۆی و هێمنی وەکو کاسێتیکی سینەمایی پچڕپچڕ بەبەر چاویا گوزەری ئەکرد ... نیگای لەسەر پارچەیەکی کاسێتەکە راگرت و دوای کدوت " ... کە هێمن بەم جۆرە ئەیدواند :

- نەشمیل گیان : رۆژێ دادێ و دڵنیاشم کە ئەیبینین ... ئەتبەمەوە شارەکەی خومان..زەماوەندێکی تازە ئەگێڕینەوە .. خوشکم سەرچۆپی ئەگرێ ، براکانم یەکدوانێکیان تیپێکی موسیقا سازئەکەن ..... دایکم و باوکم دەستی یەکتری ئەگرن ، تۆش دەستێکت لەدەستی دایکما و ئەوی تریشت لەدەستی منا ... ئەزانم کەشارەزای هەڵسوکەوتی کەس وکاری من نیت ، چونکە سەرجەمی رەفتاری ئەو پارچەیەی کوردستانی ئێوە ، لەگەڵ پارچەکەی ئێمە جیاوازە ... گوێ مدەیە زوو لەگەڵ گوزەرانی ئێمە رام دەبی ... چاکیش دەزانم کەچەند ئافرەتێکی لێزان و بەئاوەزی ... کەمناڵیشمان بوو ، ناوی ئەنێین " شاهۆ " شاهۆی هەورامان ... "

نەشمیل وردە وردە هەناسەی سوار ئەبوو ... دڵ و چاوی هەرلای هێمن بوو ... کەرەنگی هێمن ئەگۆڕا ، خورپە بەدەرونیا ئەهات ... زورکەمی مابوو بگەنە " شێخ شەروێ " دوندی قەندیل ..لەوێوە زوربەی خاک و ئاو و ئاوەدانی ولاتەکەی خۆی ئەبینی .

** ** **

شەماڵێکی هێدی ئارەقەی دەموچاو و سنگی پیشمەرگە یەک لەدووی یەکەکانی وشک ئەکردەوە .. .. لەگەرمەی تەکانی رۆیشتنا تەزووی ساردیان بەلەشا دەهات ... " هوشیار " لەپێش هێسترەکەوە هەردوو دەستی خستبوونە پشتی و هەوسارەکەی لەدەستی ئاڵاندبوو ... بەپێی هێسترەکە ئەرۆیشت و لەگەڵ هێسترەکە هەڵوێستەی بۆ ئەکرد ... لەم لاولای قایشی سەرشانی تەڕاییەوەکوکونە گومیلکەیەکی سوێری شێدار ... تەڕاییەکە تا لە قایشەکە دوور ئەکەوتەوە ، رەنگی لەسەر کراسەکە سپیەکی خوێی ببوو ... هەروەکو قەراغی گومیلکەیەکی خوێی خۆی دەنواند ... ئارەقەی وشک بووەی یەک لەدوای یەک پاشماوەی خوێی ئارەقەکەی بۆز کردبوو .

کەوێکی لەپۆل دابڕاو ... لەسەر بەردێکی قیت سەری بەرز کردبۆوە ، سنگی دەرپەڕاندبوو ... بەکوڵ قاسپەقاسپ ئەیخوێند ... هەروەکو ئەوە وابوو بەکوڵ بەدوای پۆلەکەی کەلێی دابڕابوو بگریا.. جارجار چاوەڕوانی وەڵامی یەکێ لە هاوەڵەکانی ئەکرد بۆئەوەی پۆلەکەی خۆی بدۆزێتەوە .

دەنگی کەوەکە هەندێ لەئازارەکانی هێمن - ی کەم کردەوە ، بۆیە بەهوشیاری وت :

- هوشیار گیان : هێسترەکە راگرە باتێر گوێم لەوکەوە بێت ... چەند دەنگی خ...وشەو چەندیش بەک...وڵ ئەخوێنێ ، پێیم خۆشە دام ب....ەزێنن ، بانگێکی هاورێ‌یە...ان بکە با یارمەتیت بدەن، زۆرم تینوە با هەندێ ئ....اویش بخۆمەوە .

هێمن زۆر ددانی بەقسەکانیدا نەئەهێنا ، هەربەلێو قسەی ئەکرد ... جار جار لێوەکانیشی

مۆڵەتیان نەئەدا کە هوشیار لە قسەکانی تێ بگا ، بەڵام هوشیار زانی داوای دابەزین ئەکا بۆیە وتی :
- ها وریێینە وەرن با کاک هێمن دابەزێنین .

نەشمیل هەر کە گوێی لە هوشیار بوو ، جڵەوی وڵاخەکەی ژێرخۆی توند کرد ، بەپەلە دابەزی هەروەکو ئەوەی هیچ برینێکی پێوە نەبێ ... لە هێمن نزیک بووە ... پێشمەرگەکان تێ ی وروکان و هێمن-یان دابەزاند و بەچواردەستە پشتیان نا بە بەردیکەوە ، قاچە شکاوەکەیان بۆ راکێشا ... هێمن کەوتە بزە بەخشینەوە بەسەر هەموو پێشمەرگەکاندا ... نیگای لەسەر و سیمای نەشمیل نیشتەوە ... برۆ وبرژانگە رەشەکانی ژاکا بوون ، لێوە قارچک ئاساکانی هەروەکو گەرمای هاوین کاری تێ کردبێ هەڵقرچا بوون و تیک تیک و شاقار شاقار ببوون ... قژە رەشەکەی ئاڵۆزا بوو ، چەندتاڵێکی بەناوچەوانیا هاتبوونە خوارەوە ... روبەرووی هێمن لەسەر چۆک دانیشتبوو ... هێمن هەموو هێز و هەستی دەمارەکانی لەشی لە دەم و چاویا کۆکردەوە ... بزەیەکی ئەفسوناوی ئاراستەی نەشمیل کرد ... بەرەو خواررووی قەندیل رووی وەرگێرا ، هەرچاوێکی کردە دووربینە درێژەکانی چەتە کۆنەکانی دەریا .

" ... " ئەبێ راست بێت کە ئەڵێن شەوانە لەم بەرزاییەوە گڕی بابەگوڕ گوڕ دیارە...خۆزگە شەو ئەبوو ، بڵێسەی چاڵە نەوتەکانی لای خۆمانم ئەدی ... "

دوو پەپولەی سپی کە خاڵی رەش لە باڵەکانیاندا بوو ... لێک ئەهالان ، چەپڵەیان بە باڵەکانیان لێ ئەدا ... بەرز ئەبوونەوە ، لێک نزیک ئەبوونەوە ، لێک جیا ئەبوونەوە و نزم ئەبوونەوە ... ئەم دیمەنە رومانسیە نیگای هێمنی بۆلای خۆی دزیەوە ... هەندێ جار دووپەپولەکە زۆرلێک دوور ئەکەوتنەوە و دیسان ئاوقەدی یەکتر ئەبوونەوە .

گێژەڵوکەیەک هەڵی کرد ، بەڵام لەسەرەخۆ ، لەژێرەوە باریک و لەسەرەوە ئەستوورتر ئەبوو...هەر لە لەش ولاری کیژۆڵەیەکی سەماکەری ماڵی ئەچو ... لەسەرووی گێژەڵوکەکەوە جووتێ هەڵۆ دوورونزیک لە یەکتری ئەخولانەوە ... هێمن لێوەکانی خۆی وێک هێنایەوە و بەزمان تەری کردن ... بەفیتو زۆر لێ زانانە ئاوازی سرودی رێ ی خەباتمانی لێ ئەدا ، لە ئاوازە رەسەنەکەی خۆی جیا بوو ... خۆی هەندێ دەسکاری ئاوازەکەی کردبوو ... بەڵام چاوی لە هەڵۆکان نەئەتروکاند ... هەندێ جار لێک نزیک ئەبوونەوە و لەناکاو لێک دائەبڕان ... هێمن ئاوازی رێ ی خەباتمانی تەواو نەکردبوو ، بە ددانەکانی سەرەوەی توند گازی لە لچی گرت و دەموچاوی رەنگدەرهەڵگەرا و ژاکا ... هەڵۆیەکیان تیژبال داکەوت ، هەڵۆکەی تریان لەبەرچاوی هێمن بوو بە نەشمیل بە جلێکی سپی بوکانەوە ... چاوەکسانی لێڵ بوون ... دیمەنەکە وردە وردە وەکو وێنەی دەستی وێنەکێشکێکی لێزان بە فڵچە رەنگسی تابلۆکە هەرساتە و بەرەنگێ بگۆڕێ لەپێش چاوەکانی هێمن ئاوا گۆڕان ... رەگەکانی دەموچاوی هێمن گرژ بوون و خاوبوونەوە ، لەناکاو هەردو دەستەکانی کە توند قوچاندبوونی لێک بوونەوە و پەنجەکانی قژ بوون ... چاوەکانی هێمن هەربەکراوەیی روەو ئاسمانی بێ کۆتایی مانەوە .

1966/9/24

بانە

# مۆتەکە

حەکیم مەلا سالح

ریزەرەبیەی سەر باسکەسپی ، زبڵدانی سەرجادەو ناوکۆڵانە خوارو خێچەکانی شارۆچکەکەمان بوون ، سرینەوەیان نیو سەعات زیاتری نەبرد . کە ئێمە گەیشتین ، هەمووی چەند دەقیقەیەک بوو ، تۆپەکانی دوژمن کڕ ببوون . هێرشی چەواشە لەگوێن بوو .. بەپەلە هەر دەستەو بەرەو رەبیەی دیاریکراوی خۆی چوو . ئەو رەبیەیەی ئەرکی پاراستنی بە من و پێشمەرگەیەکی دیکە سپێردرا ، چەپەک و لەباری سەربازیشەوە کەم بایەخ بوو .سەدمەترێک دوور لەرەبیەکە ، سەنگەرمان لێدا . گڵەکەی بۆنێکی سەیری لێدەهات ، هەر لەبۆنی گڵی گۆڕێکی تازە هەڵکەندراو دەچوو .. ئەژنۆیەکمان قووڵکرد و گڵە دەردراوەکەشمان لەبەر دەمیا کردە تارم . من حەزم دەکرد قووڵتر بێ ، بەڵام هاوسەنگەرەکەم بە قوڵی دەزانی ..لەراستیشدا قوڵیەکەی کەم نەبوو ، بەڵام چ بکەم منی شەڕنەدیو ، دڵم بەوەندە ئاوی نەدەخواردەوە.. . پەلاسە تۆپم دیون چ پیسن .. ناهەقم نەبوو بترسم .. دەزانی سەقەت بوون چەندناخوشە .. ئینجا لێرەش . خۆ لێرە مرۆ هەرئەوەندە سەقەت بوو ، بەتایبەتیش بابایەکی وەکو من،کەس کاری پێی نامێنێ .. ئێمە و وڵاخی قاچاخچی ، چ جیاوازیەکمان هەیە ! ئەویش هەر تا ئەو کاتەی بەگوڕەو باری پێ دەکێشرێ ، خزمەت دەکرێ .. هەرئەوەندەش پیر یان سەقەت و جدەوبوو ، ئیدی هەوساری لەملدا دەماڵرێ و بەرەڵادەکرێ ..

هەستام ، بو قایم کردنی سەنگەرەکە ، چەندخڕکە بەردێکم هێنا .. لەسەرتارمەکە کەڵەکم کردن .. رەنگە لەبەر تۆ نەبوایە ئەو ووشکەکەڵەکەشم بە پێویست نەزانیبا ، دەزانم من سەقەت بم ، ژیانی تۆ چەندتاڵ دەبێ ..ئەم چەندساڵە زۆرت زەحمەت لەگەڵدا چەشتم .. ژیانی تۆ چ عەیبێکی نەبوو . بێ منەت دەژیای .. چاوت لەدەستی کەسەوە نەبوو ... من شتیکم لێبێ ، بەخۆت و دوومنداڵەوە چۆن دەژیت .. تازە ژیانی شاریشت چوو... وەزیفەکەشت نەما .. رەنگە هەر یەک دوو مانگێکیش یارمەتیەکەی ئێرەت بدەنێ ، ئەویش دەبڕێ .. من لەوانەش نەبووم گوێ بەبەرژەوەندی خۆم بدەم .. وەک هەندێ دزەلێپرساویش

هیچم خر نەکردەوە .. من بڕۆم لەبێ کەسی و نەداری بەولاوە شتێکی دیکەتان بۆ بەجێ ناهێڵم .. جا چی بەجێ بێڵم ... ر پیشمەرگە بووم ، خۆقاچاخچی نەبووم ..گەروانەبوومایە ، کوا ویژدانم بەرامبەر بەگەلەکەم ئاسوودە دەبوو .. هەرئەوەندەشم بەسە .. ویژدانم ئەگەر نائاسودە بێ تەنها لەبەرامبەر تۆ و باوک و دایکمدایە .. توخوا دایک و باوکی میهرەبانم ، بم بەخشن.. دەزانم بە چ ڕەنج و قوربەسەریەک منتان بەخێوکرد .. ئەورۆژەم قەت لەبیر ناچێتەوە کە تاقەمانگاکەتان بۆ مەسرەفی خوێندنی من فرۆشت .. لەدەمی خۆتان دەگرتەوەو لەمستی منتان دەنا .. ئاوا خوێندنتان پێ تەواوکردم. زۆرتان شایی پێم بوو. .پێتانوابوو بۆتان دەبمە درەختێکی بەردار و لەسایەمدا دەحەسێنەوە .. بووم بە درەخت ،بەڵام درەختێک بەری تاڵ و سێبەری ئاگر بوو .. ئەورۆژەش کەهەواڵی گرتنەوەی ئێوەیان پێدامەوە ، زۆر نارەحەت بووم . سێ جار لەپێنج ساڵدا .. ئاخر کوا تەمەنی ئێوە بەرگەی ئەم هەمووزیندانی کردن و دوورخستنەوەیە دەگرێ ... بەڵام سەرباری ئەوهەموو نارەحەتیەش ،چەندم پێ خۆش بوو کە بێ منەتانە بەلێپرسراوی سیخورەکانتان ووتبوو : " بەقسەی ئێمەنایەتەوە .. ئێمە چ دەسەڵاتێکمان بەسەر ئەودا نیە .. دەشمان گرن بمان گرن .. ئەوەندەمان بەبەرەوە نەماوە لەمردن بترسین ،هەردەبێ بمرین ،جالەزینداندابێ یان لەدەری زیندان . " ئێ خۆ منیش لە مردن ناترسم ، بەڵام ئیحتیات هەر باشە . جگەلەوە کوا گوللە ئازا و ترسنۆک دەزانێ .. خۆ ئێمە بسەنگەر هەر لێدەدەین ، ئیدی بۆ قایم نەبێ .. قیر وسیا لەناقایمیەکەی ،شوێنەکەشی وا نەبوو . زۆر رووتەن و بەرچاو بوو . باسی ئەوەش مەکە کە چەندیش باگربوو.. چ بایەکی بەهێزی دەهات . کەلەسەر ڕا هەڵیدەکرد و خۆی بۆنا و شیوەکە لوول دەکرد ،لوورەی دەهات.. چۆن لوورەیەک .. وای چی بەو هەورەنەگبەتانەدەکرد ، لەبەردەمیا ببوونە مێگەلە مەری گورگ پەلامارداوو ، شێتگیرانە تێکیانەوە دەهاویشت .. من قەت هەوری واسامناک ودزێوم نەدیبوون . هەر نەویش دەبوونەوە ، هێندەی نەمابوو وەک خرتەعەلەشیشی نێرە ، سنگیان لەزەوی بخشێنن . هێشتا هیچیان لێ نەهاتبۆ خوار ، بەڵام بارنێک بوو هەرمەپرسە . چی وای لەبەر بەفربارین دا نەبوو . .لەماوەی جگەرەکیشانیکدا دوابستە رەشانگی ئەم باسکەی لە کفنەوە پێچا . زۆریش سارد بوو ، دەتووت چلەی زستان هاتۆتەوە .. جامانەکەم توند توند لە سەر و گوێلاکمەوە پێچابوو .. سەری لوت و پەنجەکانی دەستم سوور هەڵگەرابوون . گۆرەوی خوریشم لەپێ بوو ، کەچی هەردوو پێم لەناو پێلاوە لاستیکەکانمدا ، واتەزیبوون ، دەتووت لێ بوونەتەوە. زۆر بێواز و نارەحەت بووم . هەموو شتەکانی دەوروبەرم ، هەور ، با ، بەفر ، تەنانەت سەنگەر و تفەنگەکەشم ببوونەچەقۆیەکی کول و خەریکی گروونم بوون..هەرهەموویان بۆنی مەرگ و سامناکیان لێ دەهات . کەچی هاوسەنگەرەکەم ،هیچ نیشانەیەکی ترس و نارەحەتی پێوە دیار نەبوو . بێ خەیاڵ لە تکمەوەدانیشتبوو ، بەلەزەتیکی زۆریشەوە ، مژی لە جگەرەکەی دەدا . . من لەو باخۆشتریش بووم ، وەلێ چرچ و لۆچە پێش وەختەکانی دەموچاوی پیرتریان نیشان دەدا . ئەو لەپێش منەوە لەشاخ بوو ، پیاوێکی بەهیمەت وبەجەرگ دیار ـ بوو . پێ دەچوو گاڵتەی بەترس و شەڕ بێ . کەمن بەکۆمەکۆم ، بەردم بو ووشکە کەڵەکە

دەهێنا ، ئەو بزەی دەهاتێ ، بەلام هیچی نەدەگوت .

باپەڕ ببووم . تاسەرکەوتین زۆرم ئارەقە کرد .. کزەبای سەربستووەکەش ئەنگاوتمی . هەردوو ئەژنۆم دەلەرزین . لەرزێکی شاراوەش بەجەستەمدا دەگەڕا ..نازانم بەوسەرما یە بۆ ئەوەندە زوو زوو تینوو دەبووم . بۆ دەم تەرکردنەوە ، هەر تاوناتاوەمەتارەکەم بەسەرمەوە دەنا.

"ـ برالە دەست بەئاوەکەتەوە بگرە .. شەڕ ئاسیاوە ، بێ ئاو ناگەڕێ ."

ئەو پیشمەرگەی حیزبێکی دیکەبوو .. ئەمە یەکەمین جاربوو ، دژی دوژمن ، دەچووینەیەک سەنگەرەوە . سالانێکی زۆر ، خەریکی کوشت و بڕی یەکدی بووین .. جۆگەمان لەخوێنی یەکتر هەلدەبەست . چمان لەدەستهات ، دژی یەکدی کردمان .. تەخسیریمان نەکرد...ئێستا کە ئەو سالانەم دێتەوەیاد ، تک تک ئارەقەی شەرمەزاری دەردەدەم .. دەمەوێ لاپەرەی ئەو سالانە لەدەفتەری خەباتم رەش کەمەوە ... خەباتی چی ! ئەم چاوئەوچاوکوێرکا ... ئەم دەست ئەو دەست ببڕێتەوە ، دەبێتەخەبات !! .. وای چ کالفام و نەزان بووین ... ئەرێ بەراست بۆ وامان دەکرد ؟! .. هاوسەنگەرەکەم نەیدەزانی شەلالی ئارەقەی چ نارەحەتیەکم .. پێی وابوو هەر لەفکری شەڕەکەدام .

"ـ کاکە ئەو نارەحەتیەی ناوێ . هەرئەوەندە تەقە گەرم داهات ، ئیدی هەر وانازانی لەشەڕیشدای ."

بزەیەکی خەم ئامێزم هاتێ ، وەلێ هیچم نەووت .

هەنگینێ هەواکەی کەمێک گۆڕیبوو . رەشباکەش هەنگاوەکانی قورس ببوون و شەکەتی پێوەدیاربوو .. هەورەکان ، ووردە ووردە هەلدەکشان و،وەکو ماسی بەژەهرکەوتووی نا و رووبارێش سپی هەلدەگەڕان .. خامۆشی ، چون مریشکی لەسەرهێلکان کرکەوتوو ، خەریک بوو بالی بەسەر ئەو ناوەدا دەکێشا .. کەچی ئەم کش وماتیەش بۆمن هەرمایەی سامناکی و نارەحەتی زیاتر بوو .. ئەوکاتەکەش کە هاوسەنگەرەکەم ، بۆبەسەرکردنەوەی وەزعەکەبەرەو دانە بەردەکانی پال رەبیەکە چوو ، ئەوەندەی دی ترس و نیگەرانیم زیاد بوو .... نازانم گەیبوو ، یان نەگەیبووەشوێنی مەبەست ، لەهێکرا هاڕژن و زرمەی چەندین گوللەئار.پی.جی ئەوناوەیان لەرزاندەوە . هێشتا نالەی ئار.پی.جی یەکان نەبرابۆوە ، ئاگرباران دەستی پێکرد .. من خۆم بەبنی سەنگەرەکەوەنووساند .. تەمی سامێکی قورس لەخۆیەوەی پێچام .. وام دەزانی ، هەموو گوللەکان لەکاسەسەری مندا دەتەقنەوە .. تاچەندچرکەیەک ، گوێم لەتەقەکان بوو .. ئیدی نەدەنگی تەقەو نەهیچ دەنگێکی دیکەم نەدەبیست ... هەرهاشەبوو ، هاشە . ئاگام لەهاوسەنگەرەکەم برا ، رەنگە ترسەگەورەکەشم هی ئەوەبووبێ .حەتمەن ئەوم لابا ، شەڕەکە ئەوەندە سامناک نەدەبوو .. وای کەشەڕ شتێکی بەسام و ناخۆشە . نازانم کەنگێ لەیەخەمان دەبێتەوە .. من چەند لەم شێوەخەباتەی خۆشمان بێزارم .. لەوەتەی هەین ، هەر پەنا بۆئەم تەق و تۆقە دەبەین . چ شێوەخەباتێکی ناجورە ، هەموو جارێ ، ملمان بە "کوێرەرێ" یەکەوە دەنێ.. کوێرەرێیەک کەزۆربەی جارەکان بەرەو کەندەلانی

بێ بەقای دوژمنێکی دیکەی بردوین . بەناوی ئامانجی هاوبەشەوە ، پشتی دڵنیاییمان پێوە
داوە . پشتێنی ئومێدمان لێ کردۆتەوە . کەچی هەر هەموو جارەکانیش ، ئەوان بەر لە ئێمە ،
دەستیان لە ئامانجی خۆیان گیر بووەو پشتیان کردۆتە ئێمە .. ئیدی کەندەڵانی لەرزۆکیش
بەسەر سەری ئێمەدا رووخاوە .. ئەم سێژووەتاڵە ئەوەندەی دی ترسی لە دەروونما چاند ...
لە سووچێکی ووشکەکەلەکەوە سەیرێکی شیوەکەی خوارێم کرد . بوارێی یەک لە ناودەوەنە تاق و
لوقەکاندا دەجووڵایەوە . بە دیقەتی زیاترەوە سەرنجم دا . بە ماتەمات بەرەو شوێنی سەنگەرەکەی
من دەهات . سیپەی تفەنگەکەم زیاتر هەڵدایەوە . قۆنداخەکەیم لە شانی راستم توند کرد .
بۆرایی یەکەم خستەناو بازنەی قەرەوڵەوە . دەستم لە پەلەپیتکە قایم کرد . کەوکوژی یەک
دوو ڕیزم لێکرد . پێدەچوو گوللەکان زۆر لە پشتیەوە بە زەوی کەوتبن . ووریا بۆوە . پەلەم
کرد.. هێشتا دوور بوو . وەک ئەوەی نێچیرێکی ئاسانی هەڵنابێ .. کەوتە غاردان . دەتووت
کەروێشکەو بە هەورازدا هەڵدەگەڕێ. . " دەبێ هەوای چ کەرەیەتیەک پەڕیبێتە کەللەی ...
چی دەست دەکەوێ .. سێ چواردینارێک ! خۆسەعاتیشم نیە ببیا .. پێڵاوەکانیشم نیودینار
ناژین .. دیارە ملی لە چەقۆی مەرگ دەسوێ .. وەختێتی ، بارێزیکی دیکەی لێبکەم .." باڵا
زەلامێ پڕیشکە بەفرو قورم لە ولای خۆمەوە هەستاند .. هەڵوەستەیەکی کرد .. ریزێکی لێکردم .
چەند گوللەیەک لە ووشکە کەڵەکەکەی بەردەمم بازرەیان کردو بەسەرما گیزەیان هات .تا ئەو
کاتە بە هێندم نەگرتبوو .. لە هێکرا ، وەک ئەوەی مێردەزمەیەک خۆی هەڵدابێتە سەرشانم ،
گێژەنگی سام و ترسێکی بێ ئەندازە لوولی دام . کیسەڵ ئاسا ، سەرم بردەوەناو قاپێلکم .
هەموو لەشم بەسەر ئارەقە گەڕا . گیانم کەوتە مێروولەکردن . مووەکانی سەرمراستبوونەوە .
گەرووم ، دەتووت تۆپەلێ جەویەیان کردۆتە ناوی ، لیک نەدەبۆوە .. لەناو ئەوهەموو تەقەو
رەقەیەدا ، ترپەترپی دڵم ،لە هەموشتێ زیاتر دەهاتە بەرگوێ .. تەکانێکم دا . بسەهەزار
زەحمەت لە کەلێنی بەردەکانەوە سیلەیەکی چاوم داێ . بەپرتاو دەهات .... دەتووت
باشووکەیەو دادێتە جووچک ..بۆرایی یەکەی پێشوو نەمابوو.. زۆر گەورەببوو..تا دەهاتیش
گەورەتر دەبوو.. وای کە بێ رەزاو زەبەلاح بوو .. ئەوەندەی تر نەترەم چوو .. بەر لەوەی
تەما لە خۆنێم ، لوولەی تفەنگەکەم تێکردەوە .. پەنجەکانم خەریک بوو لە جووڵەدەکەوتن ،
بەزور نارەحەت دەستم پێ لە پەلەپیتکە کێشرا ، خۆشم نەمزانی گوللەکان بەرەوکوێ چوون
.. خەریک بوو لە هۆش خۆم دەچووم . تەپەتەپی پێیە قورسەکانی وەئاگایان هێنامەوە . .
کە بۆ دواجار چاوم هەڵبریەوە،،هەمووی چەند شەقاوێکی کەمی مابووتەپ داتەسەرم . ببووە
سێبەری پەڵە هەورێکی تاریکی گەورەو لەوەدابوو بەسەرما بکشێ ..زراوم چوو ..من بەخەویش
زەلامی وافیلەتەن و ناقۆڵام نەدیبوو .. زەلام نەبوو ، عفریت بوو عفریت..کونەلوتەفشەکانی
وەک کونەلوتی گاجووتی ناو گەڕی گێرە کرابوونەوە ، چاوەدەرپۆقیوەکانی ، ئاگریان لێ دەباری.
وەک مار دەیفیشکاندو شالاوی دێنا .. وەک کەروێشکی تاژی پساندووم لێ هات ..دەستم
لەکراسی هاتنەدەرێ .. تەمام لە خۆم نا .. هەموو شتێ لەبەرچاوم شلوێ بوو ....دەتووت
لەودیو نایلۆنی تەڵخی بەپەنجەرەدا کوتراوی مقەرەکەمانەوە سەیری دنیا دەکەم ... جگە لە

تارمایی و لێلایی شتێکی دیکەم وەبەرچاوان نەهات .. لەوەدابوو ئامبازم بێ ، وەک ئەوەی لە زیندەخەودا ئاگام لێ بێ ، بۆرەیەکی گائاسای لێ هەستا . کەهاوسەنگەرەکەم گەیشتەسەری ، من بەچکەچۆلەکەیەکی لەچرنووکی دالاش بەربوو بووم و ، هێشتا سامی مردن بەرینەدابووم .. زۆری ویست تاتوانیم پێڵوەکانم لێک کەمەوە . ووردە ووردە سەرم بەرزکردەوە یەکەم شت ترۆپکی " گولێ " م دی ، سەری کردبووە سەر رانی چڵکە هەورێک ، خۆری تازە هەلاتووش لەپشتیەوە ، گلۆپی سفری ئەودیو شووشە پەنجەرەیەکی مات بوو ،بە بێوازی یەکی زۆرەوە خەریک بوو سەری بەسەر شەرگەکەدا شۆڕ دەکردەوە .. ئەوکاتەش کەمن توانیم سەرم لەسەر ووشکەکەلەکەوە بەرز کەمەوە ، هەمووشتی کۆتایی هاتبوو . کابرای تابین ،لەسمکۆڵ کردن و ئاویلکەدانیش کەوتبوو .. وەک ئەوەی لەخەوێکی ترسناک وەخەبەرهاتبم .. پێکەنینێکی تەوساویم بەخۆم هات ...

ئەو مۆتەکەی کەمن لەبەردەمیا ، مەرێکی گورگ وەپێش خۆداو بووم و،لەترسا ،چون تۆپەڵە قیرێکی گەرم بەبنی سەنگەرەکەوە نووسا بووم ، لەزەلامێکی رەقەڵەی ددان گری دێز بەولاوە ، شتێکی دیکە نەبوو ....

١٩٨٧

" لەئەدەبدا دوو هێلی تەریب و توندرۆ لەبەرامبەر یەک وەستاون : لەسەرێکەوە ئەوکەسانەی پێ یان وایە ئەدەب و هونەر هیچ جۆرە ئامانجێکی کارکردی یان لەناو کۆمەل دا نیە . ئەمە وا دەگەیەنێ کەنیگارکێشان ، مۆسیقاو شیعر لەوبایەخانەی کە فەرهەنگی ماددی دەخولقێنن جیاوازن . لەسەرێکی کەوە لایەنگرانی بایەخی بەرهەم هێنان و کارکردی ئەدەب و هونەر تێدەکوشن کە ئەدەب و هونەر بۆئاستی " بەرهەم هێنانێکی رووت " دابەزێنن و گەوهەر ئەبستمۆلۆژی " معرفی " ، ئایدۆلۆژی و جوان ناسین فەراموش دەکەن . کەچی لەراستیدا ئەدەب و هونەر یەکێتی دایالەکتیکی لایەنە ناکۆکەکانەوەو هەموو ئەو لایەنانە رەنگ دەداتەوە .

آ ـ ئاگا رۆف

چیرۆک

# مەرگی بیرەوەریەکان

ئازاد جندیانی

کەنانی خوارد ، جانتا خاکیە کولەپشتەکەی لەسنگەکەوە هێنایەخوار و زنجیری گیرفانێکی کردەوەو ئەلبومێکی بچوک و چەند دەفتەرێکی بەرباخەلی دەرهێنان و لەسەریەکتری دایینان، گیرفانەکەی تریشی کردەوەو ئەلبومێکی بچوک و چەند ناسنامەیەکی لێ دەرکردو خستنیە سەر دەفتەرەکان . زنجیرەکانی داخستنەوەو جانتاکەی بەسنگەکەوە هەڵواسیەوە .

بەدرێژایی شەوی رابردوو خەو بەکەناریشیدا تێنەپەریبوو ، ماندووبوون بەسەر وسیمایەوە دیاربوو ، چەند بەیانی باشێکی خونەویستانەی لێ دەرچی ورتەیەکی لەدەم نەهاتبووە دەر . وەرەسیەکی گەورە دایگرتبو ، وەنەبێ ئەمە یەکەمجاربێ وەرس ببێ ، بەلام هەرگیز بەقەدەر ئەمرو لەخوی کەوەری نەببوو ، بەرادەیەک کاتێ یەکێک لەهاوریکانی کەسەرگەرمی قەزوان کونکردن بوو لیی پرسی ( چی دەکەی ؟ ) هەربەدەست وەلامیکی دایەوەکەلیی حالی نەبی.

لای دەفتەرەکان دانیشت ، یەک یەک هەلیدەگرتن وخیرا خێرا پەرەکانی هەلدەدانەوە ، لەسەر بەرگی دەفتەرەکانا ئەستێرەی نەخشاندبوون ، ناوە ناوەش لەئەلبومەکەرادەمـــا و ئەوساش لەناسنامەکان وورد دەبووەوە . دەفتەرێکیانی هەڵگرت و بە هاورێکەی ووت :

- دەزانی ئەم دەفتەرەم کەی کریوە ؟

هاوریکەی بێ ئەوەی دەست لەقەزوان کونکردن هەڵگرێ ووتی :

- نەء .

- پێش نۆسال ، ئەوەتا نوسیومە گوێ بگرە : ئەمرو ١٩٨١/٩/١١ لەقـاســمەرەش ئەم دەفتەرەم کری تا بیرەوەریەکانی ژیانی پیشمەرگایەتیمی تیا بنوسمەوە .

دەفتەرەکەی داخستەوە ، پالی دایە دیوارەکە ، چاوی لەسەر پۆستەری شــەهیدێک کە لە بەرامبەریدا کوترابو گیرسایەوە

( منیش هەر کەگەیشتمە ئێرە ریشم نەتاشی کاسکێتێکم پەیداکردو نامەسەرم ،زوش وێنەیەکم بەوجۆرە کێشا و دانەیەکم ناردەوە مالێ و دانەیەکی تریشم تائێستا لەناو ئەلبومەکەدایەوبە

هاوڕێکانم ووت گەر شەهید بووم ئەم وێنەیەم بۆ بکەن بەپۆستەر . )

ئەوکاتەی کەبووە پ . م وەکو ئێستا داهێزراو و لەباریەکچو نەبو، تۆلازێکی جوانکیلە و دەموچاو پربوو ، قژێکی قەترانی نەرم و نیان ، دەمێکی بەپێکەنین و گوڵباڕێنی هەبوو .

هەستایە سەرپێ بەرامبەر پۆستەرەکە وەستا

( تۆش بمایتایە وەک منت لێ دەهات لاواز ، ریش دان و ماش .. قژ رووتاوە .. مۆن. دڵ کرمێ .. هێی هاوڕێی شەهید تۆم نەدەناسی بەلام دڵنیام وەک ئێستای منت لێ دەهات .. دڵم نایەت بڵێم چاک بوو شەهیدبووی بەلام دڵم دێ بڵێم خۆزیا منیش شەهید بومایە ، هاوڕێ گیان رەنگە گەر گوێت لەم قسەیەم ببوایە بەتوندی بەرپەرچت بداما یەوە و بتوتایە : نا هاوڕێ ئەمە بێ هومێدیە ، چۆن دەبی خەلکی شۆرشگیر بی هومێدبێ !؟. راست دەکەی هاوری ی شەهیدم راست دەکەی ، مروی شۆرشگێر هەرگیز نابی هیوابراوبێ... بەلام لێم حالی نیت ، من لەشۆرشگیریەتی خۆم بێ هومێدم ... هێی هاوڕێ رەنگە ئێستا لەناو گۆرا .. ببورە نازانم گۆریشت هەیە یان نا ؟ دلت بەوەخوشبێ من خوینەکەت بزر ناکەم ، خۆزیا وابوایە هاوری بەلام ... بەلام شەرمەندەم هاوڕێ خوینی خۆم بەسەر لەپی دەست و بەهەنیەی خەلکەوەیەو شوون بزری دەکەم ... بۆتۆ چیم لەدەست دێ .. تەماشاکە هاوڕێ ئێمە خەریکی قەزوان کونکردنین .. تەماشاکە .. دووشەبەق دەخەینە جەستەی تاریکایی زکماکی ناخی قەزوانەکان و پەنجەرەکانی دڵ و مێشکی خوشمان شەمی مشت دەکەین . )

هاوریکەی فەزای دیدارەکەی شیواند و وتی :

– ئەوەچیە ! سالیکە ئەوپوستەرە لەوێیە و تازەبەتازە تەماشای دەکەی . تەماشاکە،هیند لەمێژە داکوتراوە گەرد و تۆزی دنیای لەسەر نیشتوە .

بەپەلە خوی لەداوی ئەم قسانە قوتار کردو چووە ئامیزی دیدارەکەی :

( ببورە هاوری ... لەقسەکانی سەخلەت نەبی ، کوریکی دلپاکە و بۆ دل ئیشانی تووای نەوت ، بەلام گەرد و تۆز ئیستا لای ئیمە بونیکی زوری هەیە ، تەنیا پۆستەرە پیروزەکەی تو نیە گەرد و تۆزی لی نیشتوە ... دلی ئیمە ش ... چاویشمان ... بگرە میشکیشمان تۆزاوی بوە ، بەرچاوی خومان نابینین . گومانم پەیدا کردوە ئەم شتە تازە نەبی ، رەنگە ئەوکاتەی تۆش مابویت وابوبین هاورێ ... بەلام کە هەلنەدەدیراین لەبەریەک شت بوبی ..بەلی هاوری رەنگە لەبەر لاوێتی ، بێ باکی و ... و ... و یان بلیین لەبەر شۆرشگیرییەتیمان بوبی .

هێی هاوری ... خەنی لەخۆت ، هیچ نەبی تو بەو روحەوە سەرت نایەوە... بەلام ئیمە بشکوژرییین یا بشمرین تەنیا و تەنیا بەناسنامە شورشگیرین . ئەوەتا ناسنامەکەم دەرهیناوە دوایی پیت دەلیم چی لێ دەکەم .

با بێینەوە سەر حیکایەتی تەپ و تۆزەکە ، تکام وایە لەقسەی ئەم هاوری بەسەخلەت نەبی و لەدلێ نەگریت ، ئەمیش بەرچاوی لیلْ بوە . دوایی رەخنەی لێ دەگرم ، رازی دەکەم بێتە خزمەتت و رەخنە لەخۆی بگرێ ... نەء وای لێ دەکەم بێ و خوی رەخنەکوژ بکا ،چۆن دەبێ دلی تۆ نارەحەت ببێ !... ئاخر ئیمە لەپاڵ قەزوان کونکردنەکە تەنیا پۆستەرەکانی ئیوەمان

بو ماوەتەوە بەزەمەن بمانبەستێتەوە ، پۆستەرەکانتان بەدوێنێوە گریمان دەدا و قەزوان کونکردنەکەش بەئیستا ، بەسبەینشەوە . . . بەسبەینیشەوەچی گریمان دەدا ؟ چی ؟ . . . چی؟ ببورە هاوری نەختیک مولەتم بدە تا ئەو وەلامەش بدەمەوە ، . . . . . . . . . . . . . . ، دواکەوتم هاوریٔ . . لیم . مەگرە ئاخر لەناو ئەوتەپ و تۆزەی کەبەشایی ولوغان بەرپایان کردوە مرۆ بوی ناکری . . ناتوانی سبەینی ببینی . بالی گەریین . . . دوینی و ئەمرو گرنگە ، بۆسبەیش خوا کەریمە هاوری . )

- کوردە

- . . .

- کوردە

- . . . ها . . .

- بەمزوانە ناچیتە سەردەشت ؟

- نەء

- نازانی لەبرادەران کی دەچی ؟

- نەء

- دەباشە توخوا ئەگەر کەس چو پیم بلیٔ بەلکو بنیرم دەستیک دومینەمان بۆ بیٔ ، رۆژ تەواو نابی بەم قەزوان کونکردنەش چاوم کویر بو .

هاتەوە لای دەفتەرەکان . خیرا خیرا پەرەکانی هەلدەدانەوە . یەکیکیانی کردەوە و بی دەنگ کەوتە خوێندنەوەی هەندیٔ لەلاپەرەکانی :

(( بەیانی پەنیرە سویرەکەمان خوارد . نیوەرو نوکاو . ئیوارە نیسکینە . چوار دەست کۆنکانم دوراند . بیست دەنک قەزوانی ئەبلەقم کونکردن . دوینی شەو بەکچی قەرە کۆنکان ئەخیرە یەکی پیاوانەم هینا . ئەمرو قەبز بوم بەلام گویم نەدایی و نەچومە لای دوکتۆر . سبەی نیوەرۆ گۆشتە . ئەمرو هەندی لەبرادەرانی مەقەر چونە ورمیٔ ، چونکە مامۆستا ( . . . . ) ژن دەگوازێتەوەو من پارەم نەبو بچم . ئەمرۆ جلەکانم شوشتن چونکە دوینیٔ شەو ئیحتلامم بو . ))

قەلەمەکەی دەرهینا و ،لەدوا لاپەرەی دەفتەرەکەدا ، کەهی سالی ۱۹۸۹ بونوسی : ئەمرو بیرەوەرییەکانم کۆتایی هاتن . کەنوکی قەلەمەکەی بەسەر کاغەزەکەدا دەهینا دەتوت کۆلکە خوێندەوارەو تا پیتیکی دەنوسی چەندجاریک دەوەستاو قەلەمەکە لەناو پەنجەکانیدا بەخاوو خلیچی و لەرزۆکیەوە دەجولاو ئەوخەتە پر لەکەندوکۆسپ و بەرزی و نزمەی لەدواشی بەجییما شینیکی زۆر کالٚ بو . خیرا جگەرەیەکی دەرهینا و ئاگری دا ، مژیکی توندی لیدا ، هیشتا دەفتەرەکەی دانەخستبو ، لەکونەلوت و دەمیەوە قامکیک دوکەلی سپیارۆ بەبەردەم هەردو چاویدا بەرزبۆ وە ، بۆ ساتیک روپەری دەفتەرەکە و پۆستەرەکەی بەرامبەری لیٔ بزر بون ، هیشتا دوکەلەکە نەرەوییبوەوە مژیکی تریشی لیدا . ئەوساش بەئەسپایی دەفتەرەکەی داخستەوەو لەسەر دەفتەر و ئەلبوم و ناسنامەکاندا داینا و هەموشیانی خستەناو نایلۆنیک

و گریێ قولفە یەکی داو خستیە بن هەنگڵیەوە دەرکەوت .

** ** **

نیوسەعاتێکی پێچو و گەڕایەوە . هاورێکەی هێشتا هەر خەریکی قەزوان کونکردن بو . بەپەلە خۆی گەیاندە بەردەمی پۆستەرەکە :

( ببورە هاوری دواکەوتم . ئاخرتاپەنایەکی ئەمیدم دۆزیەوە وەختی ویست ، شوێنێکی نەدیوەو لێمشتی بەهارانی ناگاتێ . لەوێ گۆرێکی بچکۆلانەم هەلکەند و دەفتەروشتەکانی ترم خستنەناوی و سەریم بەگڵ و بەرد داپۆشی . پێت ناخۆش نەبێ هاوری ئەوی باشترە لەناو نایلۆنم ناون و تۆز و گەرد نانیشێتە سەریان ، ئەوێ چاکترە ، بارقورسی بون بەسەرمەوە ...، نازانم ... رەنگە من بارقورسی بوبم بەسەریانەوە ، بەهەرحاڵ ، لیم تورە مەبە لەمن دەربازیان بو بروابکە سانەوە . )

لەبەردەم پوستەرەکەدا وەک پەیکەرێک راوەستابو ، هەست بەهەناسەدانیشی نەدەکرا ، چاوی بریبوە چاوی پوستەرەکەوە . هەستی کرد دەستێک لەناخیەوە بەرەوگەروی هەلدەکشێ و نینوکەکانی دەچەقێنێتە هەناویەوە ، چاوەکانی سوربون ، چاوەکانی پۆستەرەکەی لێ ئالۆز بون ، لیلاییەک نیشتەسەر دیدەکانی ، لێلاییەکە زیاتر بو ... ئەستورتر بو ،ئیترچاوەکانی پۆستەرەکەی بەزەبین نەبا نەدەدی ، هێندەی نەبرد دودلۆپ فرمیسک لەچاوەکانیدا بارین . دیدەکانی پۆستەرەکەی بەدی کردنەوە ، روندکیان تیادا بەربەست ببون ، روندکەکان گەورەبون ، هەرگەورەبون بەئەندازەیەک کەئیتر ئەم چاوەکانی خوی تێدا دەدیتن ،تالەپڕ وەک جوتە کەلا شوشەی رەنگاورەنگ بەسەر کولمەکانیدا غلۆر بونەوە .

٣ ـ ٥ / ١٩٩٠

سەقز

تێبینیەک :

قاسمەرەش و دولی نوکان ئەوشوێنەن کەدەکەونە سەرسنوری عیراق ـ ئیران و لەسەرەتای شورش و تا ١٩٨٢ ش بنکەی سەرکردایەتی هەندی لەهێزە کوردستانی و عیراقیەکان بو ، ئێستاش هەمان دولی قاسمەرەش و نوکان جێ بنکەی هەندی لەهێزەکانە .

فەرهەنگۆکە :

| | |
|---|---|
| قامک | = چەپک . حزمە |
| گریێ قولفە | = پێچەوانەی گریێ کوێرە |
| کەلا | = هەلمات |
| لیمشت | = لافاو ـ سیلاو |
| سپیارو | = شتێکی سپی بوەوە = مەیلەو سپی |
| بن هەنگڵ | = بن باڵ |
| کەوەری | = وەرس |

چیرۆک

# بروخێ زۆرداری بژی ئازادی

سەید ئەحمەد

دوو رۆژ بوو پەلەی دابوو ، کۆلان و بەرماڵ و گەرەکەکانی ئۆردوگاکە ، لە قوڕێکی خەستی ماجونی هەڵکیشرابوون . قوڕەکە ماجونێکی رووت بوو ، وەکی قیر و زفت بە پێڵاوی مرۆوەدەنوسا . زۆربەی خەڵکی ئۆردوگاکە ، جزمەی رەشی قەپۆز پانی لاسک درێژیان لە پێ هەڵکێشابوو !

جزمەکان تا کەلکە ئەژنویان دەهات و لە ژێر قورسایی هات و چۆیاندا قوڕەکەیان دەشێلا . تا هاتوچۆ زیاتر بایە ، قوڕەکە خەستر و جیرتر دەبۆوە .

رۆژ ، گەرمایەکی شلوێنی بە زەوی دابوو ، تیشکی خۆرەکە سەراپای زەوی سوژن ئاژن کردبوو ، تەنکە تەمێکی سپی لە کۆڵان و گەرەک و دەوروپشتدا ، نەرم .. نەرم لە زەویەوە بەرزدەبۆوە و بەرەو قولایی ئاسمان هەڵدەکشا .

چەند ژنێک لە بەردەمی ماڵەکانیاندا هەڵتروشکابون و لە بەر تین و گەرمای خۆرەکەدا منداڵەکانیان رووت کردبۆوە و لە تەشتدا دەیانشتن . منداڵێک کە دایکی دەستی لە سەری دەخست و لفکە زبرەکەی بە لەشە ناسکۆڵەکەیدا دەهێنا ، دابویە زریکە و، دایکەش بە دەم لفکە لێخستنەوە دەیلاواندەوە .

ژنەکەی دراوسێیان مێرمنداڵێکی ناردەلای و داوای سابونی کرد ، ژنە دەستی بە منداڵەکەوە نوسا و کەمێک لە مێرمنداڵەکەی روانی و گوتی : " خوا ئەم تولفەم لێ بسێنێ ، لەم بنیسکە زیاتر چی دی شک نابەم . "

مێرمنداڵەکە ملی بە لارەوە ناو گەڕایەوە . ژنە لە دواوە تێی راما بوو ، هەستی دەکرد شتێک لە ناخدا ئازاری دەرونی دەدا . بنسکە سابونەکەی لە ناوەندا کردە دوو بەشەوە و گازی لە مێرمنداڵەکە کرد و لەتە بنسکە سابونەکەی دایە .

تراکتورێک کە تەنکەرێکی بە دوای خۆیدا رادەکێشا ، لە سەری گەرەکەوە وەدەرکەوت .ژن و کچ و مێرمنداڵانی وەدوا کەوتبوون . ببوە ژاوەژاوێک مەپرسە ! لێخوڕی تراکتورەکەش جار جار دەیکردە شاتەشات . " کچێ پەلەونەبێ ، کەمێک دان بە خوتاندا بگرن ،لە ناوەندی گەرەکێدا

رادەوەستم و بە تەواوی ئاوی خوتان بگرن . "

لە ناوەندی گەڕەکدا راوەستا ، سەراپای گەڕەک تیی وروکان ، بگرە و بەردە و هەراوتەقە و رەقەی سەتڵ و تەنەکە ، بواریان نەدەدا دەنگێکی دیکە ببیستی !

ژنان ، منداڵانیان بە ڕووتی لە ناو شتەکاندا بەجێ هێشت و خۆیان پەستا بیە ناو قەرەباڵغیەکەوە ، منداڵەکانیان دابویانە زریکە و دەگریان . خاوەنی تراکتۆر و تەنکەرە ئاوەکەش ، لەلایەکەوە راوەستا بوو ، تورەکەیەکی خامی چڵکنی بەدەستەوە بوو ، هەرکەسەی ئاوی بەرکەوتایە بەهای ئاوەکەی لێوەردەگرت و لە تورەکەکەی دەئاخنی . جار . . جار ، ئەمیش هاوارێکی لی بەرزدە بووە : " مەیکەنە پرتاوپرتاو ، گەر بەم کاروانەش تەواو نەبوون ، کاروانیکی دیکەو بۆ دەکەم . تا تاقە مالیکیشی ئاوی تەواو نەگرێ پی لە گەرەکیکی دیکەناهاوێم"

تۆش کز و وڕ ، دەستت لە پشتەوە گرێ دابوون ، دەهاتی و دەچوی ، هێندەی جگەرە خورێک بەدیار تراکتورە ئاو و هەراو زەناکەوە هەڵوێستەت کرد ، مێشکی خۆشت پری بوو لە هەرا و زەنا و ژاوەژاو . تەقەی سەرت دەهات ، سەر و بەرەت لە بیر و ئەندێشەکان دەرنەدەکرد ، لە داخان و بێ چارەییدا خۆت دەخواردەوە . لە ژێر لێوەوە ورتە یەکت لێوەهات ، کەسێک لە ورتەکەت نەگەیشت .

سەرت بە گەرەکێکی دیکە داکرد ، لەوێندەرێش هەمان تاس و حەمام بوو ، چەندهەنگاوێکی دیکەت نا ، تا ئەژنۆت لە قوڕ و لیتەکە ڕۆچوو ، داهاتیتەوە تەنکەبەردێکت هەڵگرتەوە و لە پەنا گویسەبانەیەکدا قوڕی جزمە پان و دریژەکانت پێ پاککردەوە ، هەستت بە سوکیەک کرد ، واتزانی کۆڵێکی قورست دانا وە . چاوت لەسەر روخساری چەند پیرەمێردێک چەقین کە لە بەر بە ڕۆچکێکدا خۆیان هەڵخستبوو . بەرەولایان هەنگاوت نا ، قوڕ و لیتەکە بونەوە بار و لە جزمەکانت ئالانەوە ، بە گران جزمەکانت بە دوای خوتدا کێش دەکرد . بە دیار پیرەمێردەکانەوە چەقیت ، گوێت لە راز و گلەیەکانیان دەگرت . هەریەکەیان بەرەز و باخ و دێبەر و بەراوی خۆیدا هەڵدەگوت و داخ و حەسرەتی بۆ دەخوارد ، روخسارە زەرد و خەماویەکانیان بوونە پشکۆیەک و زامەکەی دەرونتی زیاتر وەژان هێنا ، بە نیگەرانیەوە سەرت بە چەند گەڕەکێکی دیکەدا کرد . دواجار گەرایتەوە ماڵێ ، لە قوژبنێکی ژورەکەدا قوشمەلەت کرد و تەزبیحەکەت لە دەستتدا هەڵدەگلۆفی .

لە خۆڕا دەنگێکت لە زاری هاتەدەرێ ، دەنگەکە پەژارە و ماتەمینی پێوە دیار بوو . "بێکاری وابکا ، ئاخریەکەی لە برساندا دەمرین ! وەرەکار و پیشەت گەڕەک تەقین بێ ، ئەویش بە ئازادی نا ! لەسەری هەموو گەڕکێکدا سیخوڕێک چاوەنەگریسەکەیت لەسەر قورس دەکاتەوە ! ئەوەی دەڵێن نابێ لە پێستی خۆتتدا بجولێیتەوە ، ئەوە ئەم رۆژەیە ! ! "

ئەوەندە نەبوو دانیشتبووی کە پۆزەی ژنت خۆی بە ژورێدا کرد :

ـ کوێخا تۆفیق کاری پێتە !

ـ چ خێر ؟!

ـ نازانم . دەڵێ تا دەری بێ .

دەستت لەسەر کۆمبارە شیوەبۆکە دانا و بەگرانیەکەوە هەلسایتە سەرپێ و لەدەرگاوە سەرت کێشا و فەرموت کرد .

کوێخا تۆفیق ڕەپ ڕاوەستابوو ، کەمێک ورگی بۆپێشەوە دەرپەڕاندبوو ، ردێنی پاک ولوس تاشیبوو . هەردوک دەستی لەکەلەکەی نابوون و جامەدانەزلەکەی بەفشیەوەلەسەر بەستبوو، وەکی دیزەیەکی گەورەی هەنگڵ دارت دەهاتە بەرچاو .

ـ پەلەمە .

ـ چ خێرە ؟!

ـ دوای نیوەڕۆیە بەخوت و ژن و منداڵەوە وەرنە سەرجادەی . هەموتان جل وبەرگی جوان و خاوێن لەبەرکەن و دەستێک بەخۆتاندا بهێنن .

سەیریکی جل و بەرگەکەی خۆت و پۆزەی ژنت کرد ، دڕاووپینەلیدراو ، لەوەزیاتر هیچی دیکەتان شک نەدەبرد ، زەردەیەکی خەماوی دانەزەردبووەکانی وەدەرخستی .

ـ دیسانەوە چ لەئارادایە ؟

ـ لەهەندەرانەوە ڕۆژنامەنوس هاتوون و دەیانەوێ لەگەڵ خەلکی ئوردوگای قسان بکەن .

ـ ئەوە چ پەیوەندیەکی بەئێمەوە هەیە !؟

کویخا تۆفیق برۆ ڕەش و پرژەکانی وێک هێنانەوە و بەنێوچاوانی گرژومۆنیەوە،بەتوڕەییەکەوە گوتی :

ـ درێژدادڕی ناوێ ، ئەوە فەرمانی میریەو بڕایەوە .

تۆ سەرت بردەوە ژورێ و کوێخاش دراوسێکەی دیکەتی ئاگادار کرد .

***     ***     ***

جادەقیرتاوە سەرباریەکە ، دە دەقیقە ڕێگایەک دور لەئۆردوگاکەوە ، ڕەش ودرێژ تێدەپەڕی. تەواوی خەڵکی ئۆردوگاکە لەسەر جادەکە کۆببونەوە . سیخورەکان بەجلی کوردیەوە خۆیان خزاندبوە ناو حەشاماتەکەوەو دنەی خەڵکیان دەدا کە دەستی چۆپی کێشانێ بگرن وقریوەیان بەرزبێتەوە . چەند دەنگ خوشێکیان بەزۆر خستبوە ناو جوغزی هەڵپەرکێکەوەو گۆرانییان پێدەگوتن .

خەلکەکە بەشل و شێواویوپەستیەوە هەڵدەپەڕین ، کەوانەی چۆپیەکە خوارو خێچ ببۆوە ، بێ ئەوەی تام وچێژی تێدابێ شان و قۆڵیان دەکوتا و قاچیان بەدوای خۆیاندا ڕاکیش دەکرد، گۆرانی بێژەکانیش بەخەمباریەوە دەچرین . چرینەکەیان تەنها وشەی پەژارەوماتەمیان بەدوای یەکدا ریزکردبوو ، وەکی لاواندنەوە دەلاوانەوە ، وەکی بومەرگی خوشەویسترین کەسیان بلاوێننەوە وابوو ، گۆرانیان بەسەر دارگویزی قەدئەستوری پەلوپۆ بلاودا هەڵدەگوت،بۆمەزاری گوندەکەیان دەلاوانەوە ، یەگوندەچۆڵ کراو و زێدو ڕەزو باخ و زەنویر وتەلان و هەڵەموتدا دەچڕین . تەمێکی ماتەمینی ڕوخساری هەموو خەلکەکەی داپوشیبوو ، موچرکەیداخ ومەینەتیان بەدەرودا دەهات .

گەرەک و کۆلانەکانی ئۆردوگاکەش بە سەرباز تەندرابوون و بە زورە ملێ و پالەپەستو ژن و پیاویان رەوانەی سەرجادەکە دەکرد . گەر دەرگایەک دانەخرایە یا هەلێکیان بوهەلکەوتایە، سەربازەکان دەرگایان بەکۆلەوە دەگرتوو وەژور دەکەوتن ، جا هەرشتێکیان بەردەستبکەوتایە دەیان ماشیەوە .

گەڕێنەکان لوتیان بە پشتی یەکەوە نابوو لە دور دەرکەوتن . سیخورەکان کەوتنە دڕدانی خەلکەکەو دەلاقەیەکیان کردەوە . گەڕێنەکان گەیشتن ، رۆژنامەنوسەکان دا بە زین چرکەچرک کامیرایان دەچرکاندو وێنەی چۆپی کێشان و خەلکەکەیان دەگرت . خەلکەکەوروژمیان هێنا و چواردەوریان تەنین ، سیخورەکان دریان بە خەلکەکەدایەوەو رۆژنامەنوسەکانیان بردنە ئەو شوێنەی بۆیان دیاری کردبون .

سیخورەکان بە جل وبەرگی کوردیەوە لە ریزێکی یەک بە تەنیشت یەکەوە لە پیشی خەلکەکەوە راوەستابوون و وەکی خەلکی ئۆردوگاکە خۆیان بەرچاو دەخست و بواریشیان نەدەداکەسێک بچێتە پێشێ .

ئەفەندیەک کە لای رۆژنامەنوسەکان بوو ، گازی کردە سیخورێک کەلە پیش خەلکەکەوە بوو ، سیخورەکە رۆیشتە پێشێ و بە کوردیەکی شەلوسەقەتەوە وەلامی رۆژنامەنوسەکانی دەدایەوە :

" ئێمە خەلکی دێهاتە شاخاویەکانین ، شوێنەکەمان دورەدەست بوو ، رێگای هاتوچۆی گەڕێنی نەبوو ، دەستی ئاوەدانی و شارستانیەتمان نەدەگەیشتێ ، لە هەموو پێداویستیەکی گوزەران دور بوین . ئێستاکێ دەولەت ئۆردوگای هاوچەرخی بۆسازاندوین ولێرەدا نیشتەجێی کردوین ، هۆکانی ژیانیان بۆدابین کردوین و لە هیچ شتێکمان کەم نیە . نهۆیە هەستدەکەم مرۆڤم و مروڤ دەبێ ئاوا بژی . "

ئەفەندیەکەش بە چەند زمانێکی جیاواز ئاخاوتنەکەی وەردەگێرا و رۆژنامەنوسەکانیش سەریان بۆ دەلەقاندو پێدەکەنین و ئاخاوتنەکەیان دەنوسیەوەو وێنەی سیخورەکەیان دەگرت . جارجار لەدەرەوەش کامیرای ڤیدۆکەیان دەکردە ناو ئوردوگاکە .

تۆش درت بە خەلکەکەدا بوو ، گوێت کلۆر کردبوو ، بەسانی لە گفتوگۆکان دەگەیشتی ، قسەشەل و سەقەت و تێکشکاوەکانی سیخورەکەت دەبیست . بەلام سەرت لەم مەسەلەیە دەرنەدەکرد ، لە گێژاوێکی قولدابوی و تەنها مەلەکوترەیەکت دەزانی . جا تۆیەکی کورە لادێی دل و دەرون پاک و بێ فروفێل و تەلەکە ، کەی سەرت لە کاری سیاسەت و سیاسەت کاری دەردەچێ . نەچوبویتە ناواخنی رودا وەکەوە ، وەلێ ژانت کردبوو ، دەهاتی و دەچوی بۆلەبۆلت بوو : " بۆ هەرچیەک بێ ! ئەم سیخورانە بۆ بەناوی ئێمەوە دەئاخاوێن ؟ چما ریش سپیەکمان نیە ؟ پیاوێکمان تێدا نیە سەرورِوی ئاخاوتنی هەبێ . ئێستاکی گەربچمە پێشێ و لەخۆرِا قسان بکەم، چەندان زارم لێ دەکرێتەوەو سەرکۆنەم دەکەن . ( ئەوە برزوت کەی بویتە ریش سپی ! ) جا دەبێ بۆخۆم ببمە تنۆکێک ئاو و بەزەویدا رۆچم . "

هەستت دەکرد چنگێک ، جەرگ و دلت هەلدەگلۆفێ ، ئازاریک لەناخدا دەت هەژێنێ لەحەژمەتان شوێنت بەخۆ نەدەگرت ، دەهاتی و دەچوی ، ئەمسەرو ئەوسەری ناوخەلکەکەت

دەکرد . بیزت لە رەوشت نزمی ئەو کاربەدەست و سیخورانەدەهاتەوە . تفت لە رووی هەموو دوروپەک و بێویژدانیەک ، لە هەموو درۆ و دەلەسەو لەکەیەک دەکرد .

خولیا یەک جینگڵی پێ دەدای ، مە بەستت بوو سەرودەر لەونهێنیە دەرکەی ، چاوت گێڕا ، چەندما موستایەکت بەچاو هەنگاوت ، لەتەک داربەروبەکی قەدئەستوردا دانیشتبون و بە سرتەوە قسەیان دەکرد ، لێیان نزیک بویتەوەو پرسیارەکەت بەرودا تەقاندنەوە :

" ئەرێ ماموستاینە ، ئەم هەرایەچی یە ؟ ئەم رۆژنامەنوسانە بۆچی هێندراون ؟! "

- میری دەیەوێ لایەنی باشەی راگواستن و شارستانیەتی ئۆردوگاکە لەرێگای ئەمانەوە بە هەندەران ئاشنا بکا .

- باشە خۆ پرسیارێک لەخەڵکی ئۆردوگاکە ناکەن ، تەنها کۆمەڵێک سیخور وسەگوگورگیان کۆکردۆتەوەو جلی کوردیان لەبەر کردون و وەڵامەکان لەوانە وەردەگرن .

- بەڵێ .

تورە ببوی چاوت چوبوە پشتی سەرت ، خەریک بووی داخی دڵی خۆت بەوان بسرێژی ، جڵەوی تورە بونەکەت گرتەوە :

- ئەی بۆ رێگایان بدەین ، بۆ بێدەنگ بین ؟ تاکەنگێ ببینەکەری باری وبارە گوێزمان لێبنێن .خرەی نەیەت ؟

- کێ دەوێرێ فزە بکا ، بچوکترین زارکردنەوە ، ئەنجامەکەی گۆڕ بۆخۆ هەڵکەندنە .

- گۆڕ لەمە زیاتر . دەتانەوێ گۆڕێکی دیکە ببینن ، ئێمە بەزیندویی لەگۆڕخراوین بەزیندویی. سا بەسەری ئێوە من ئەوە قبوڵ ناکەم .

جامەدانەکەت بەدەستەوە گرت و رۆیشتی ، چەندقوتابیەک سەرنجیان راکێشای ، کە نزیکیان بویتەوە ئەوانیش پیش دەخۆنەوەو لە هەمان باس دەدوێن . سورێکی دیکەتخوارد، خەلکەکە هەموی پرتەوبۆڵەیەتی و خۆدەخۆنەوە ، لەسێلاوێکی بەرگرتوو دەچون وهاکا پەرچیان دری ، لەبورکانێک دەچون هاکا کەلیکنیکیان دۆزیەوەو پریشکیان هاویشت ،بەرمیلێک باروت بوون و چاوەروانی دەنکەشقارتەیەکیان دەکرد .

ورتەورت و پرتەوبۆڵەی خەلکەکە هێندەی دیکەی هەژاندی . " پیاو لەژێرخاک دابێ یالە نێو ئوردوگادا چ جیاوازیەکی هەیە . نەفرەت لەهەموو ترسنۆکیەک . "

ئەوەندەت گوت و گورت دایەخۆت ، بەم دەست و بەودەست درت بەخەلکەکە دەدا و سور ببویتەوە ، سنگت دەرپەراندبوو ، چاوەکانت زەق بەملاو بەولادا دەگێڕا و ئاگریان لێ دەبۆوە . رەفتار و رۆیشتن و جولەت لەحالەتێکی سەیردا بوو . سڵت لەهیچ نەکردەوە ،خۆت گەیاندە سیخورەکان و درت دان و بەرەو رۆژنامەنوسەکان خۆت کوتا .

سیخورەکان لەدواوە لەپشتێنەکەت نەوین و پاشیان کیشایتەوە ، ئاورێکی رقاویت لێدانەوە و تەکانت دایەخۆ و خۆت لەدەست پچرینەوە ، فرکەیان کردیتێ ، بونەشەش و حەوت و بە باوەش و پالەپەستۆدوایان دەکێشایەوە . کەزانیت دەروسکیان نایەی ، ناهێلن دەنگت بە رۆژنامەنوسەکان بگا ، داتەقیژە ، کردتەهەرا و گرمەگرم ، نەراندت ، شیو و دوڵەکان دەنگیان

دایەوە، سیخورەکان، سەربازەکان داچڵەکین، خەڵکەکە وروژمیان هێنا وکوبونەوە، ڕوژنامە- نوسەکان هەڵسانە سەرپێ و نیگایان ورد دەکردەوە. چاوێکت بە خەڵکەکەدا گێڕا، هەموو ببونە چاوێک، چاوێکی بورکاناوی و پریشکیان لێ دەبووەوە و لە تۆیان دەڕوانی. هێندەی دیکە حەماسەگرتیتی و زیاتر دەنگت بەرز کردەوە :

" ئەمانە درۆزنن، خەڵکی ئوردوگا نین، بۆیان نیە بە ناوی ئێمەوە، لە خۆڕا ببنە دەمڕاست و درۆ و دەلەسان هەڵڕێژن. گوێ لە ئێمە بگرن .. ئێمە. ڕاستی لە ئێمە ببیستن. "

سیخورەکان تۆیان دەخزاندە ناوحەشاماتەکەوە، قەرەباڵغیەکەش تادەهات چڕتر دەبووە، بونە پەرچێک و بواریان نەدا لە چاوی ڕۆژنامەنوسەکانت بزرکەن. تادەهات زیاتر شێت گیرتر دەبوی و چاکتر دەنگت بەرز دەکردەوە، دەستت هەڵدەوەشاند، لەوەدەچو هەرەشەبکەی، سور ببویەوە، ببویە پشکۆیەک، ئارەقەت دەردابوو، بەخۆکوتان و دەست هەڵوەشان وهاواری بێ پسانەوەت ڕوژنامەنوسەکانت بۆلای خۆت ڕاکێشا.

سیخورەکان پێشیان لیگرتن و بە مەڕاییی و ماستاوەوە دایان نیشاندنەوە :

" قوربان، ئەوە شێتە، هەرکە قەرەباڵغی ببینێ ئەو حاڵەتەی بەسەردا دێ. دانیشن و لێی نزیک مەکەونەوە. نەوەکا خوانەخواستە زەربەیکتان پێبگەیەنێ و ئێمەش ڕوزەردی ئێوە و دەوڵەتەکەتان بین. "

کاربەدەستەکەی لای ڕۆژنامەنوسەکان بەسەر سیخورەکانیدا نەڕاند :

" ئەو شێتە دورخەنەوە. "

ڕوژنامەنوسەکان ئەقڵیان نەبیری. تۆش دانەدەسەکنای، زەوت نەدەبوی ڕوژنامەنوسێک خۆی گەیاندیە و لە دەستی سیخورەکانی پچڕیەوە، ئەوەکانی دیکەش هاتن و پرسیار ئاڕنیان کردی. وەلێ لە پرسیارەکانیان نەدەگەیشتی، بەڵام دەتزانی چیان گەرەکە. چ دەڵێن، بەلام بێ پسانەوە قسەت دەکردن. لەگەل پرسیاری خۆیان و قسەکردنی تۆدا خێرا .. خێرا وێنەیان دەگرتی. تۆش زیاتر لەسەر قسەکردن بەردەوام بوی :

دەستێکت بۆ سیخورەکان درێژکرد. " ئەمانە کورد نین، سیخوری عەرەبن و جلی کوردیان لەبەر کردووە و بە ناوی ئێمەوە قسان دەکەن. "

دەستێکت بۆ شاخ و لێرەوارە دورەکان ڕاکێشا :

" ئاها .. ئەو بەهەشتە پان و پۆڕەی دەبینن، خێرو بەرەکەت، ژیان وگوزەران والەوێیە. لەوێندەرێ پێویستیت بە هیچ شتێک نیە، کەسێک بێکار و برسی نابێ. زێدی ئێمە لەوێندەرێیە بە زۆرە ملی ئێمەیان لەوێ ڕاگواستوە و لەم زیندانەیان ئاخنیوین. "

ڕەبایەکانی دەوری ئۆردوگاکەت نیشان دان :

" گەر زیندان نەبێ، بۆچی بە سەرباز دەوریان تەنیوین؟ ناببینن هەرباسک وگردۆلکە یەک ڕەبایەیەکی بەسەرەوە قوت کراوەتەوە و ناوێرین لە پێستی خۆماندا بجولێینەوە! "

ئاوڕت بۆ لای ئۆردوگاکە دایەوە :

ئەوە ئوردوگای هاوچەرخ نیە. ئەوە گۆڕستانە. نەکارێک، نەکاسبیەک، نەسەرەگوریسێکی

تێدا یە . برسیەتی و بێ کاری و نەخوشی وەکی مشەخۆر لەخاو خیزانی داوین و هـــاکا قرمان کرد . کورە بۆخاتری خوا فریامان کەون و بەهانامانەوە بێن ولەم مەترسی مردن و بەزیندویی زیندەبەچاڵ کردنە رزگارمان کەن . "

سەرێکت بۆ سیخور و کاربەدەستەکان لەقاند :

" ئەمەی ئێوە بەرێوەی دەبەن دەولەت نیە . ئەوەکەڵەکی گزگلانەو هاکا هەرەسی هێنا و هەموتانی ژێرخۆنا . تاسەر لەسەرخوێن و لاشەی ئێمە پاروی چەور ناگلێنن . کوری بابم بۆ خواتان پێدەلێم کەڵەکی گزگلان هەرگیز رانا وەستێ . "

لاقت بەجزمە قوراویەکەوە بەرزکردەوە :

" سەیر ... سەیر ، نابینن . ئەمەیە شارستانیتیەکەیان ، ئەمەیە ئۆردوگای هاوچەرخ .لە زۆنگاودا فرێیان داوین و هاکا بەخاوخێزانەوە ، بەکەلاوەو خەلکەوەلەقورولیتەدانغروبوین ."

دەستت بەسەر حەشاماتەکەدا کێشا :

" ئەو روخسارانە ببینن ، ئەوە روخساری مرۆڤی مردون یا زیندو ؟! رەنـگ زەرد ، رەنگ پەریو ، خوێن لەلەشدا نەماو ، لەبرساندا لەرزیو ! ئەوە بەهەزار ناڵەی عەلی خویان بە پێوە گرتووە . هاکا کەوتن و هەلنەستانەوە ! "

بەزمانت لێوەکانت تەر کرد .

" ئێوە پێویستە گوێ لەئێمە بگرن . "

وەکی بەروت لەزاریدا تەقیبێتەوە ، خێرا ـ خێرا قسەت دەکردن وکاربەدەستەکەش وەکی خۆی چۆنی بەباش بزانیایە وای وەردەگێرایە سەرزمانەکانی دیکە . بەلام کاریکت نەکرد کـە رۆژنامەنوسەکان پێویستیان بەوەرگێر هەبێ . بەسانی لەمەبەستەکەت دەگەیشتن .

هەرچەند قسەت دەکردن ، سیخورەکان لەدواوەرا ، بەدزی روژنامەنوسەکانەوە سیمرخەیان تێدەکوتای ، چرنوکیان لێدەگرتی . بەلام تۆ چوبویتە حالەتی جەزبەیـــەکی دەروونیـــەوە و هەستت بەهیچ نەدەکرد . قسەکانت موچورکەیان بەلەشی خەلکەکەدا دەهێنا . قـوتابیەکان کەوتنەدەنەی خەلکەکە ، زیاتر ئاگری دەرونی خەلکەکەیان خۆش کرد . کەتۆ تاهێزتلەزاریدا بوو هاوارت کرد :

" ئێمە ژیانی ئۆردوگامان ناوێ . دەگەرێینەوە زێدی خۆمان ، دەچینەوەسەر جێگەو رەز و باخ و مەنزلی خۆمان . "

خەلکەکە بورکان ئاسا تەقینەوە ، وەکی بومەلەرزە کێوەکانیان لەرزاندەوە و دوا رســتەی تۆیان بەیەک دەنگ دووبارەو چەندبارەکردەوە . دەنگێکی دیکە لەناو حەشامات و هــەرا و زەناکەدا هەمویانی بێ دەنگ کرد :

" بروخێ زورداری ، بژی ئازادی . "

هەموو بەیەک دەنگ هاواریان کرد " بروخێ زورداری ، بژی ئازادی . " بەدەم دوبارە و چەندبارەکردنەوە ، ژن و پیاو ومێردمندالەکان بەرەو ئۆردوگاکە شورببونەوەو تا خــۆیان بەمالاندا کردەوە ئەو چەند وشەیە لەئۆردوگادا دەنگی دەدایەوە . خەلکەکە هەموو لــە ژوور

خزا بون کە چی مندالآن بەرۆکی ئەو چەند وشەیەیان بەرنەدەدا .
روژنامەنوسەکان سەرگەرمی وێنەگرتنی هەلوێستەکە بون ، لەدوا جاردا کەگەرانەوە تەنها چەند ئەفەندیەکە و سیخورە کوردی پوشەکانیان بەرچاوکەوت .

*** *** ***

شەو بە تەواوی راشکا بوو ، بە چاوی خەوالآویەوە دەرگات کردەوەو ھاتیتـــە دەرێ ، جوان سەرنجی دەوروپشتی خۆت نەدا ، چەند زرتەزەلامێک خۆیان بۆلەبۆسەنا بوی . کە بە تەواوی نزیک کەوتیتەوە پارچە پەڕۆیەکیان بە دەمەوەگرتی و بەناوقورولیتەکەدا راکێش ـ راکێش تا دەری ئوردوگایان بردی و دەست و چاویان بەستیتەوەو لەدوای زیلێکیان ئاخنی .

1983 ـ کورەداوی

سەر چەرخا ئەگەر نازیش بکەن حەقتانە ئەی کوردان
تەماشای سنیەری ئەم شاخ و کێوانەی لەسەرتانە
بەبێ قەدری بەسەریا رامەبوورن حورمەتی بگرن
گوڵالەی سووری ئەم سەحرایە خوێنی جگەرتانە

" ئەحمەد موختار بەگی جاف "

چیرۆک

# لەبیرەوەریەکانی عەبە کوێر

نووسینی : م . م

گورینی : ئازادخانەقینی

ئای عەولاّ ئێستا لەکوێی ؟

ئایا ئێستاش هەر هەگبەرەشەکەت بەسەر شانە ماندووەکەتدا هەڵواسیوە ؟

عەبە !

کێ ڕێگات پێ پیشان ئەدا ؟

ڕێگای تاریکی و بێگەڕانەوە ، کێ لەم قۆزاخە قایمەت دەردێنی ؟

گۆچانەکەت ؟

ئەفسوس !

تەماشات دەکەن ، دەڕواننە دەموچاوی شیواو و ریشەرەشەکەت کەوەک تەونیجالجالوکە وورده‌تانی بەرماوەی پێوە نووساوە ، دەست بو هاتوچۆکەران درێژ دەکەی تاکو ریگای هەڵهاتنت بەرەو کێوێک نیشان بدەن ، هەرکێویک بێ ، ئیدی خۆت شارەزای ریگای ئەشکەوتێک دەبی ، تاکو پر بەسیەکانت بۆنی گڵ و گەلای دارگویزەکان هەڵمژی ، ئەوسا لەسەر کانیاوێک دابنیشی و بەکوڵ بگریت .

ئای عەبەکوێر !

جەنگای،شاخ و کیوت بری ، بۆسەی پتەوت نایەوە ، گالتەت بەترسنۆکی دەهات،بریندار بوی و ... هاوارت دەکرد ، نیشتمان !

بازرگانەکانی شەر و دەلاڵەکانی سیاسەتیش هاواریان دەکرد ، نیشتمان لە مەترسیدایە ! هانیان دەدای ، فیشەکی زیاتر و ووشەیان پێ ئەدای ، تۆش دوژمنی خۆت نەدەناسی ، نەتدەزانی هەموو هەر دوژمنن !

هۆی کابرا !

ئەم شارە فراوانەو ، تۆش کێویەکی نەشارەزا ، نازانی باش لەدوای گۆچانەکەتەوە برۆیت ، هێشتا بەئەندازەی خۆی بەکوێر بانگیان نەکردوی !

ئەی پلنگەکەی شارەزوور ، ئێستاکەش دوژمنانت بە بیستنی ناوت دەتۆقێن و هەلدێن . دەنگە ناموکەت بە روونی دەگاتە گوێ ، بەرقەوە دەڕوانیتە چڕ و چاوی شوومی لێپرسراوەکانت ، تۆ ئەوان نابینی دوور لە تۆ وەستاون ، بێز لە دەموچاوە شێواوە کوانا ویەکەت و چاوە کوژاوەکانت دەکەنەوە کە لەگەڵ نیشتمانی بریندارد فرۆشتیان و هەڕاجیان کردن .نایا نەوی بۆی شەرابی حەوت ساڵەی دەمیان بکەی ، دەزانن تفیان لێ دەکەی !

عەبە ، وڵات جوانە ، کوردستان بە ئەندازەیەک دلڕفینە کە دەمانخاتە گریان .گوندەکانمان لەسەر لێوی کانیاوەکاندا سەما دەکەن ، گوڵەگەنمە زێرینەکانمان بالارمێک بەرزن ، چۆمەکەف چڕینەکانی شارەزوور و سەی سایەقیش وەک کیژۆڵەیەکی زەوقانی بەلارولەنجە سەرەوخوار دەڕۆن ، تۆش دەستت دەنێیتە تەوێڵت و بەکوڵ دەگریت .

" ... دەرسم خوێند و کاریشم دەکرد ، وڵات لەژێر پێیاندا دەینالاند ، چەکم هەڵگرت ، یانزە ساڵان شەرم کرد تا ئەوکاتەی کوێر بووم ، دوو برا بووین لە مەفرەزەیەکدا ،ئەوفەرماندەی مەفرەزەکە بوو ، چ بەختەوەر بوو کە شەهید بوو ، بۆی نەگریام چونکو شەهیدی نیشتمان بوو ، تەنها سروودێکی نیشتمانیم بۆ خوێند و بەخاکی پیرۆزی کوردستانم سپارد .وڵات لەمە ترسیدا بوو ، خاک دەپاڕایەوە ، شەرم کرد و چەکم دانەنا تاکو تووشی کوێری بووم ، ئەوسا لەریزی حیزب دەریان کردم !.. "

عەبە بێدەنگ بوو ، سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی ، بەلام لە تاریکی بەولاوە هیچی تری بەدی نەدەکرد و گوێی لە هیچ نەبوو ، هەموو شەرمەزار بوون لە خزمەتیدا قسان بکەن . عەبە بێدەنگ بوو بەلام چرچ و لۆچی ناوچاوانی چەندشیوەیەکی بەخۆیەوە گرت ، مشتی بەهەوادا دەهاوێشت ، لەگەل خۆیدا شەری دەکرد ، یانزە ساڵان لە خزمەتی لێپرسراوەکانیدا بوو ، گەورەکان شەرابی حەوت ساڵەیان دەنوشی و پێکی ئەو سەرکەوتنانەیان هەڵدەدا کە تفەنگەکەی عەبە ئەنجامی دابوون .

** ** **

ڕوونبوونەوەی یەکەم

عەبە ، پلنگی شارەزوور ، بانگی خاوەن ماڵەکەی دەکرد ، کاتژمێر دووی دەمەو بەیانە مەفرەزەکە لەناو ئاواییدان ، تەنها بوساتێک و دەڕۆن ، عەولا رابەری دەستەکەیە ، دوژمن نزیکە و ڕەبیەکانی دوژمن هەموو لایەکیان تەنیوە ، دیهاتیەکەش لەژێر لێوەوە جوین دەدا

- کێیە ئەوە ؟ باوێشک ئەدا .

عەبدوللا بە دەنگێکی غەمگینەوە :

- پێشمەرگەین !

- هی کام حیزب ؟

- بیکەرەوە منم عەبدوللا !

مەخزەنی فیشەک و نارنجۆک ناوقەدی عەبەیان تەنیوە هەر لەمەرگێ فرۆش دەچی، ریشی رەش و جامانەزلەکەی دیمەنێکی سامناکی پێ دەبەخشی .

ـ کاک عەبدوللاَ ئەم نەگبەتی و ماڵ وێرانی‌یەی کە شۆرشی پێ ئێژن کەی لەکۆڵمان ئەویتۆ ؟

ـ کەی دوا هەناسەمان هەڵمژی ئەوسا کۆتایی پێ دی !

هەنگاوی قورسیان هەڵدەهێنا و دەیان مەفرەزە بەنێو دەوەنەکانی شارەزووردا بڵاو ببوونەوە ، دوا بەتلی شەوبوو کەلەشیرەکان دەیانقوقاند ، شەماڵی فێنکی شەوگاری شارەزوور هەڵیکرد ، .چاوەکراوەکان بەمەبەروئەوبەری جادەکەوە دەروانن‌وپەنجەیان‌لەسەرپەلەپیتکەیە، دڵنیک لەگەڵ یاری مردندا راهاتون ، تەلەشقارتە لەنێوانی لیوەکانی عەبەدایە ، چەند ئوتومبیلێکی سەربازی بەرەو بوسەکەدێن ، جیبێکی سەرکردەیی ی لەپێشیانەوەیە دووئەفسەری تێدایە ، یەکێک لە سەربازەکان گورانی دلداری دەچری ، لەوانەیە عاشق بێ .

" یا شاتل العودین ، خضر فرد عود ...! " *

** ئەی ئەوکەسەی دوو نەمامت ناشتووە ، یەکێکیان سەوزبووە !

دەنگێکی بەسۆزی هەبوو ، هەموو بەربەست و دڵەرەقەکانی دەبری ، بەلاَم نیشتمانداگیر کراوە ، پیاوانی رژیم و هاواری دایکان لە گوندە سوتاوەکان .

عەبدوللاَ نەراندی ... بیان رشێنن !

هەموو لاسکە سەوزەکان وشکیان کرد ، رەشەباکەش بێدەنگ بوو ، مەفرەزەکەش کەوتنە کوکردنەوەی تفەنگ و ناسنامەی کوژراوەکان .

رونبوونەوەی دووەم

عەبە ئێستا لەشێوەی مەیموونێکی شێتدایە ، نێوچاوانی پرلەزامە ، دەستەکانی لەکار کەوتوون ، هەموو شتێکی غەمنوێنە ، رەشی ... جل‌وبەرگەکەی ، ریشی ،جامانەکەی ،هەگبەکەی و ... جیهانەکەشی !

بێ مەبەست گوچانەکەی بەملاولا دا فری ئەدا .

" ئاخ ئەگەر چاوەکانم ساغ دەبوون ... ئاخ چەندکوێر بووم ، چاوەکانم ساغ‌بوون ،بەلاَم من رێگام نەدەبینی ، دایکەپیرەکەم‌وبراکەم کە پاش ئەوەی چەندکێلومەترێکم بەکوڵدا دا،بە خاکم سپارد ، باوکیشم کە مردوچاوم پێی نەکەوت ، دەزگیرانەکەم‌کەلەپاڵیدا نەحەسامەوەو، رۆژانی لاوێتیم کەهەموو بەفیرۆ رۆیی‌ی و ئەم دوارۆژە رەشەش کەلەبەردەمم دایە .... خودایە ... ! "

رونبوونەوەی دەیەم

سلێمانی شارێکی شێتە ، شەوانی لەگوڵ و گوللەیە ، نیوەی پیاوانی ئەم شارە هەلۆن و ئەوانەی کەشی پۆری ترسنۆکن و چاوەروانی بەرماوەی سەرسفرەی ئاغاکانن . گلۆپەکانی شاری تینوی خوین لەدوورەوە دەبریسکێنەوە ، دەلی‌ی پارچە مروارین و لەتاریکی دەریادا دەدرەوشێنەوە ، بەلاَم تا نزیک تر بیتەوە بێدەنگی زیاتردەبێ . سەدان بۆسە لەسەربانو

جادەو کولانە تەنگەبەرو تاریکەکاندا نراونەتەوە . بەلام ئەو منالانەی کەلەشەوگاری ئەم شارەدا پەروەردەبوون رێگاکانی دلێشی شارەزان ، دەزانن چۆنی بدوێنن ، دەست بازیی عاشقانەی لەگەلدا بکەن ، شەونخونی لەگەلدا بکەن و گۆرانی خوشەویستی بوبلێن . عەولاش تێیدا جگەرەفرۆش ، کرێکاری قور ، ئوتومبیل شۆر و بۆیاخچی پێلاو بووە . ئەمشەویش هەموو شەقامەکانی بری ، لە هەموو بۆسەکان دەرباز بوو ، مەفرەزەکەی گەیاندە شوێنی مەبەست . مندالانی ئەم شارە لەگەڵ شەری شەوانەی نیوشار راهاتوون ، بۆیە هەرکاتێ کە قرمەژنی گوللەیان بیست دەست بە چەپلەلیدان ئەکەن . لیرەدا قرمەژنی گوللە شیوەی ئاوازێک وەردەگرێت ، پیشمەرگە لیرەیە ، هەموو دەرگاکان کرانەوە بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگەکان لەکاتی تەنگانەدا . دایکان خواردن ئامادە دەکەن ، دایکی پێشمەرگە ، کی دەلی لە پاش تەواوبوونی چالاکیەکە لەناکاو کورەکەی خوی ناکا بەژوورا . سبەی هەموو بەزیانەکانی دوژمن دەزانن . گوللەباران دەستی پی‌کرد و مندالان لەتوی پەنجەرەکانەوە تەماشا دەکەن . چەند ئارەزووی بینینی پیشمەرگەیەکن !

سەمای مەرگە ، ساتی شادی و ترپەترپی دلی شیواوە ، ئالیرەدا ، بەرامبەر بە دوژمن خۆشەویستی خاک دەردەکەوێ . هەلچونی شار زیاتر دەبی ، تفەنگەکانیش لە شادیدا دەحیلێنن . بۆسەکان هەموو گەرانەوە بۆبارەگاکانیان ، عەبە هەموویانی ریسوا کرد ، هەر بەم جورە هەموو جاریک دەستەبچکولەکان لەتەلە و بوسەکان رزگاریان دەبی ودەگەرینەوە ناو بێشەکانی شارەزوور . سپیدە بەخەندەوە هەلدی ، ئێزگەکە باسی داستانیکی قارەمانانەی تر دەکات ، لەقوتابخانەو کیلگەو شەقامەکان چرپەچرپ دەست پێ دەکات ، چ مەفرەزەیەک بوون ؟!

رونبوونەوەی بیست و دووەم

عەبەکوێر لەژوورێکی تەنگ و لەشارێکی نیغرودایە ، جگەرەیەکی هەرزان بایی دادەگیرسێنی و زۆر بەدوای ژێرجگەرەکەیدا دەست دەگێری ، ئەوا سەبری نەما ، گۆچانەکەی لەبەردەم خۆیەوە دەهاوێ ، لەوانەیە قالیەکە گران بایی بێ و لێپرساوەکە تاوانی کەم تەرخەمی بخاتەپاڵ ، بەنەعلەت بن ، با هەر لەسکی خۆیان بدەن ، حەزی دەکرد بە ئاگری جگەرەکەی قالیەکە بسوتێنی ، تەنانەت حەزی دەکرد بۆی کرابا هەموو ئەمانەی بە ئاگری جگەرەکەی سووتاندبا !

یانزەساڵ و چەکەکەی عەبدوللا بێ‌دەنگ نەبوو ، زۆر چەک کۆلیان دا و لەکار کەوتن ، چەندین لوولەچەکی تریش بەقوراکران ، کۆمەلێکیش چوونە بەرەی دوژمنەوە،بەلام تفەنگەکەی عەبە هەر بەئەمەک و بەپڕکراوی و لەسەرپێ مایەوە ، عەبدوللا لەخوشیا هەلدەپەری و دەیووت .. نیشتمان !!

هەمووان لەناوبەرن تاوەکو نیشتمان بمێنێتەوە ، ناملیکەکانی حیزب وا دەلین ،فاشی بکوژە تا گەل بژی !

هەمووی ئەوانەی کە دژی حیزبن .. فاشین ، لێرەدا عەبە سزای گەل جێ بەجێ دەکات .
حیزبیش یانی گەل ، رابەریش تاکە شورشگێڕێکە کەهەڵە ناکات !

" ئێمە دەجەنگین بۆئەوەی بمێنین ، بۆئەوەی گەل بمێنێ ، پەلامار دەدەین تاوەکو لە سەنگەری بەرگریدا نەبین ، شەهید بنێژە و بروّ بۆپێشەوە ، بروّ بەرەو رووی ئەو دوژمنەی کە ناموسی حەلاڵ کردوین ، پیاوەکانی کوشتین و گوندەکانی وێران کردین ، هەر دەبێ تولە بکەینەوە ، دەبێ ئەمشەو و هەموو شەوێکی تر بروین ، بۆسەیەکی نوێ بنێینەوە ، دەستەیەکی تر بەرەو ناوجەرگەی دوژمن رەوانە بکەین ... "

کوبوونەوەی حیزب کوتایی پێ هات ، بەلام کاک عەبدوللا توّچاوەروان بە ،لەناوچەکەی توّدا رەبیەکانی حکومەت روو لە زوّربوونن ، بیروباوەری حزبەکانی تر بلاّودەبێتەوەولایەنگرانی ئێمەش روّژ لەدوای روّژ روو لەکەمین ، توّش سستی دەکەی و سەرکردایەتی بەمە رازی نیە ، دەبێ دواهەولّت بدەیت ، ئێمە لەپێشبرکێدابین ، لەگەڵ هەموو چواردەورماندا لە شەردابین، نیشتمان لەمەترسیدایە دەبێ وەکو هاوولاّتییێک ئەرکی خوّت بەجێ بێنی ، دەبێ خوّت دەربازکەی لەو ئاسوّ تەسکەی کە لەگەڵ بیروباوەرەکەتدا ناکوّکە ، دەیانەوێ لەنێوت بەرن، لەگوّرەپانەکەت دەرکەن ، ئێمەش خاوەنی رێ و رەسمی خەباتێکی رەسەنین ،مەهێلە توخنت بکەون ، با لەناوچەکانی تر بەختی خوّیان تاقی بکەنەوە . بروّ ئێمە چاوەروانین !

روونبوونەوەی سێ هەم

عەبەکوێر هاوار دەکات ، ئەمجارەیان لەناخەوە دەهەژێ .
ـ چیت دەوێ ؟! خزمەتچیەکە پرسی .
ـ لێپرسراوی بارەگام دەوێ .
ـ کوبوونەوەی هەیە لەگەڵ لێپرسراوە گەورەکاندا .
ـ دەمەوێ !
ـ دەبی کوبوونەوەکەی تەواو بکات .
عەبدوللا نەراندی وەکو ئەوەی کەبیەوێ بلێ : " دەی ... تەقە بکەن ! "
لێپرسراوی بارەگاکە کوبوونەوەکەی رادەگرێ ، ئەو بەدەنگی عەبدوللا ئاشنایە .
ـ بابزانین ئەوشیتە کێیە !
ـ عەبدوللا هاوار دەکا ... دەمەوێ !
ـ چیت دەوێ ؟!
ـ تو کێی ؟!
ـ من ......
ـ ........!
ـ چارەسەرێکم بوّ بدوزەرەوە !

- چاری تۆ لای ئێمه نیه ، تۆ کوێری و له‌حیزب ده‌رکراوی ، ده‌ته‌وێ چیت بۆ بکه‌ین ؟
- ره‌وانه‌ی لای دوکتۆرم بکه‌ن .
- ئه‌و پاره‌یه‌ی له‌تۆدا سه‌رفی ده‌که‌ین ، ده‌ینێرین بۆ پێشمه‌رگه‌یه‌ک له‌به‌ره‌کانی شه‌ر .
- پانزه‌ساڵ شه‌رم کرد !
- بۆ من شه‌رت نه‌کردووه .
- بۆ خۆشم نه‌کردووه .
- حیزب ده‌ری کردویت . منیش هیچم له‌ده‌ستدا نیه ، ئه‌مه فه‌رمانی سه‌رکردایه‌تی‌یه و ئێمه‌ش جێ به‌جێی ده‌که‌ین !
- ئێستا نامنێرن بۆ نه‌خوشخانه‌یه‌ک ؟
- ناتوانین !
- ده‌بمنێرنه‌وه بۆ لای دایک و باوکم !
- مه‌به‌ستت دایکته ؟
- به‌ڵێ .
- ئه‌مه شێته ، تۆ ناتوانیت به‌رێدا برۆی و له‌نێو ره‌بیه‌کانی رژێمه‌وه ده‌رچیت .له بیرت چۆته‌وه که تۆ کوێریت ؟
- به‌ڵێ .. کوێرم ، ئه‌ی چ بکه‌م ؟
- شاره‌که گه‌وره‌یه‌و که‌سێکی وه‌ک تۆ ده‌توانێ بۆخۆی بژی .
- سواڵ بکه‌م .. وانیه ؟
- تۆ ئازادیت له‌وکاره که هه‌ڵیده‌بژێریت !
- کار .. ! کاری من ئه‌وه‌بوو پله‌و پایه‌ی تۆ به‌رز بکه‌مه‌وه ، کاری من ئه‌وه بوو هه‌واڵ ده‌رخواردی ئێزگه‌که‌تان بده‌م ، کاری من ئه‌وه‌بوو دوژمنه‌کانتان له‌ناوبه‌رم ، ئێستاکه‌ش سواڵ بکه‌م !

رونبوونه‌وه‌ی شه‌شه‌م

عه‌به‌کویر هه‌گبه‌که‌ی هه‌ڵگرت و گوچانه‌که‌ی به‌ره‌و دوور رایده‌کیشا ، تارماییه‌ک بوو له بوولیلی خورئاوادا وون ده‌بوو !

- 1986 -

* ئه‌م چیروکه له زنجیره چیرۆکی ( ضیاع فی مروی ) وه‌رگێرراوه .

چیرۆک

# بازنەی گەمارۆ

راوەندی

بەرەبەیانی (٣٠)ی ئابی (١٩٨٨) بوو، تەنیا دوو رۆژ بەسەر داگیرکردنەوەی ناوچەکە تێپەر ببوو، لەقەدپاڵی شاخی (سەرباری خەتێ) بەرووکاری دۆڵی مەلەکان دا بووین. ئەوێمان هەڵبژارد تا رۆژێک یان دوو رۆژ خۆمانی لێ حەشار بدەین، چونکە هەم دارستان بوو، هەم لە کونە بەفرەکانی لوتکەی (شۆپە) نزیک بوو بۆ ئاو پەیداکردن ماندوو نەدەبووین. ئەم شوێنە گەرچی لەچەندسەد مەترێکی دوجا تینەدەپەڕی، بەڵام بەس بوو بۆئەوەی مەفرەزەکەمان کە لە چواردەکەس پێک هاتبوو، بۆ ئەو ماوە کورتە خۆی تیا بحەوێنێتەوە.

پێشمەرگەکانی ئەم دەستەیە گەرچی هەموویان شارەزا و زۆربەشیان لە پلەی فەرماندەیی دا بوون، بەڵام هەموویان بە وشیاری و دردۆنگی یەوە لە بچوکترین خشپەو چرپە ورد دەبوونەوە، چونکە سەردەمەکە وابوو، هێزی پێشمەرگە لەدوای ئەنفالەکانەوە تازە کشابووەوە بنارەکانی قەندیل و لەوێش شەڕ گەرم بوو. گوندەکــان هــەموویان سووتابوون و خەلکەکەش هەندێکی ئاوای دیوی ئێران ببون و ئەوانی تریش خۆیان دابووە دەست چارەنووسی نادیاری تەسلیم بوونەوە.

لەهەموو ناوچەکانی دەشتی هەولێر، بەرانەتی، خۆشناوەتی و باڵەکایەتیدا، چەند دەستەیەک پێشمەرگە بە لەیەکدا بڕاوی مابوونەوە، کە دەستەکەی ئێمە یەکێکیان بوو. لەبەرامبەرئەم بارودۆخەی ئێمە دوژمن بە هێزێکی زۆر و زەوەندی سەرباز، جاش، هەلیکۆپتەر، تانک و تۆپ دەکەوتە کێوماڵی شاخ و لوتکەو دۆڵ و شێوەکان. ئەو رۆژەش یەکێک بوو لەو رۆژانەی کە دوژمن زنجیرە شاخی خەتێ و دۆڵی مەلەکانی کێوماڵ دەکرد.

دوژمن دوو رۆژ پێشــتر هەموو ناوچەکەی داگیرکردبووەوە، بۆیە شەوی رابردوو کەوتینــە مشــور خواردن بۆ پەیداکردنی ئازوقە. پێنج هاوڕێمان بەرێ کرد بۆئەوشوێنەی کە بەرۆژ کۆپتەرێکی دوژمن لەدامێنی ئێمە ئازوقەی بۆ هێزەکەیان دانابوو و بەدووربین چاومان لێ بوو هەموویان پێ نەگوازرایەوە. کەگەرانەوە ئازوقەیەکی زۆریان پێ بوو لەگۆشت و پەنیر و نان کەبەلانی کەم تا هەفتەیەکبەشمانــی دەکرد. ئینجا دانیشتین و کۆبوونەوەکمان لەگەل پێشمەرگەکان بەست و هەلومەرجەکەم بوباسکردن و پێم وتن:

لەم بارودۆخەدا کەخۆتان دەیبینن، بەرای من دووڕێگە هەیە، شەرکردن یان خۆماتدان. ئێوە

چیتان پێ چاکە بیکەین ؟

یەکێک لە فەرماندەکان ، کە جگە لەوەی پارتیزانی سەرەتاکانی شۆڕش و شۆڕشی ئەیلولیش بوو ، لەگەڵ مندا خوشەویستیەکی کۆنینەی هەبووە وتی :

- پێم چاکە تۆ رای خۆت بڵێی ئەوسا قسەی لەسەر بکەین .

زووتر دەمزانی کەرووی پرسیارەکە لەخۆم دەکەنەوە . وتم :

- من وای بەباش دەزانم بەپێی پرنسیپەکانی پارتیزانی ، خۆمان روبەروی هێزی واتەیار و ئامادە و زۆر وزەبەند نەکەینەوە و خۆمان لە شەرکردن ببوێرین .

یەکێکیان زو هەڵیدایەو وتی :

- ئەگەر هاتنە سەرمان ؟

بەپێکەنینەوە وەلامم دایەوە :

- ئەگەر شەر دەرگای ماڵی پی گرتین چارەیەکی ترمان نیە .

دیسانەوە ئەو فەرماندەیەی کە زوتر رای منی پرسی هەڵیدایە :

- من رام وایە تو چونت پی چاکە وابکەین .

هەرچەندە من شەرەنی سەرکردایەتی ئەم دەستە پێشمەرگەیەم پی درابوو ، بەڵام حەزم دەکرد وەک دەستەیەکی ئەرکانی بچکولە ، لە بریار و پلان داناندا ئەمانیش بەشداربن بۆیە رو لە هەموان پرسیم :

- ئیوە دەلێن چی ؟ هەمووتان لەسەر ئەم رایە رازین ؟

هەموویان بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە . ئەوسا توزێک وەستام وبیرێکم لە روخساری ئەوسنورە کردەوە کە تیای بووین و وتم :

- دەباشە ، کەواتە بەوشیاری خۆمان مەلاس دەدەین وهیچ جوڵەیەک لەخۆمان نیشان نادەین و لەسەر شێوەی سێگوشەیەک دابەش و ئامادەی شەر دەبین . بەلام تکایە تامن بریارنەدەم کەس تەقە ناکا .

* * *

دونیا روناک ببووەوە ، لە دەوروبەر راماین ، چواردەوری شوێنەکەمان سێ مۆلگەی تاکتیکی دوژمنی لێ بوو ، زانیمان ئەمە کێوماڵێکی راگوزەر نیە . وا دابەش ببوین کە هەموو سەنگەرەکان وەک رایەڵێک ئاگایان لە یەکتری بێ و قسەی نزم یا ئیشارەتی یەکتری ببیسن . زۆر نەبوو دابەش ببوین و هەموو لەشمان ببوە گوێچکە و چاو وئەبواری ئەوەشمان بەخۆ نەدەدا کە لە دوکەڵی سوتانی پاشماوەی دێهات و باخەکانی دۆڵی مەلەکان رامێنین ، یا لە هاتوچۆی دورتری هێزەکان ورد ببینەوە ، لەپر یەکێک لە پێشمەرگەکان هەڵسایە سەرپێ و بەدەنگێکی نیمچە بەرز هاواری کرد :

- هەڵسن تازە کار لە کار ترازا . . . ئەوانی تر ئاگادار بکەنەوە . هێندە بواری ئەوەم نەبوو چاک لە سەر و سیمای رامێنم و گۆڕانی روخساری چاک دەرک بکەم ، بەلام دیار بوو هەڵس وکەوتێکی هێزەکەی دوژمن وروژاندبووی و توێژاڵێک سورایی نیشتبووە سەر دەم و چاوی بەپەلە وتم :

- دانیشە ... هاوار مەکە ، بە بەرد تێگرتن ئاگاداریان بکەرەوە یا لەسەر سنگ بچۆ لایان .

ویستم سەبرێکی ئەو شوێنە بکەم کە لە ( رەزو ) وە دیارە ، بەلام هەر زووسەربازێکم بینی ... دوان ... ورد بوومەوە لەسەروی ئەوانەوە لەسەر لوتکەکە ژمارەیەکی تر تۆپەل ببوون . لەم کەین و بەینە

هەموو سەنگەرەکانی تر ئاگادار بوونەوە . رووداوەکە هێندە بەخێرایی هاتەپێش مۆلەتی بیرکردنەوەیەکی قوڵ نەبوو . سەربازەکان گەیشتنە بەر لولەی تفەنگەکانمان ، پێشمەرگەیەک بە عاستەم چرپاندیە گویم :

- بیانکوژم ؟

بە چرپەیەکی بروسکەئاسا وتم :

- نەء .

چارەیەکی تر شک نەدەبرا ، دەبوایە دەنگیان دەین :

- ئەبو خەلیل کوژران .

یەکێکیان کە چەکدار بوو لەگەڵ دەنگدانەکەدا هەڵات و بێ چەکەکەش وەک سەهۆڵاو بکەن بە سەریدا بێ جوڵە لە جێی خۆی چەقی و هێندە بەخێرایی رەنگی ئەم و چاوی گۆڕا کە ژماردنی خێرایی گۆرانی سیماکەی بە پیوەرێکی زۆر ورد تا دەست نیشان نەدەکرا ، بەپەلە و بەلەرزێکی زۆرەوە وتی :

- خاطر الله ... خاطر علی

بەپەلە بە ئەوو پێشمەرگەم وت :

- بڕوای پێ مەکەن ... ئاگادار بن . دووکەس بچن بیهێنن .

خێرا ئەوکاتی ، خۆی هات . وتی :

- بۆ ناوم نازانم . خەریکە لە تیپەکەمان دەخشکێن . بڕوا بکەن درۆناکەم ... بۆ ناوخا تۆم مەکوژن.

ترس نیشتبوە هەموو لەشیەوە ، خێرا خێرا دەدوا ، مۆلەتی ئەوەی نەدەدا پرسیاری لێ بکەین .

- ناوم حوسێنە و خەڵکی کەربەلام و لە هێزی ( الله اکبر ) م ، کە شەری عیراق و ئێران راوەستا زۆرمان پێ خۆش بوو،بەڵام واجارێکی تر تۆشی شەری ئێوەیان کردوینەتەوە ، بەڵام بڕوام پێ بکەن من خۆم بە دوستی ئێوە دەزانم .

دەمانویست مۆلەتێک بدا و لە نیازی هاتنی هێزەکەیان بپرسین ، بەڵام مۆتەکەی ترس واخۆی دابو بە سەردا ، لە رێی قسەکردنی بەردەوامەوە دەیەویست ئەمی ترسەکە لە سەر خۆی بڕەوێنێتەوە ، لەسەر قسەکردن بەردەوام بوو وتی :

- بۆخوم دژی رژێمم ، هەموو عەرەبێکی بەشەرەف دژی رەفتارەکانی رژێمە ... هەر دوژمنی ئێوەنیە ! هەزارانیشی لە ئێمە کوشتوە ، بەڵام ناچارین ...

ئەم رووداوە بڕیارێکی بەپەلە و ژیرانەی دەویست ، لە مێشکی خۆمدا هەر دەمهێنا و دەمبرد ، لەکاک جەلالم پرسی :

- چی لێ بکەین ؟

- پێم وایە بەری بدەین باشترە ، چونکە گەر بەدەستیش بیخنکێنین سەربازەکانی تر بەدوای دادێن و توشی شەرێکی دوڕا و دەبین و بەردان و کوشتنیش هەریەک ئەنجامی دەبێ ، رەنگە بەردانەکەی وای لێ بکا بێ دەنگ بێ و بە سەربازەکانی تر نەڵێ .

بەپەلە وتم :

- بەڕەڵڵای کەن با بڕوا .

هێشتا سەربازەکە نەڕۆیشتبوو کە هەندێ لە پێشمەرگەکان ئامادەی ئەوەبوون جێ بگۆڕن.سەربازەکە لەگەڵ رویشتنیدا وتی :

- مەڕۆن ... ئەم سمێڵە لە پیاوان هاتوە ، چۆن قسە دەکەم .

هێشتا چەند هەنگاوێک دور نەکەوتبووەوە کە دەستی کرد بە بانگ کردنی سەربازە هاوڕێکەی و ئیمەش خێرا بە ڕێکەوتین و چەندسەد مەترێک دور کەوتینەوە .

جێ گۆڕکێ کردنەکە زۆر ترسناک بوو ، بە ئەسپایی و وەک ڕاوچی شارەزا بەکۆمەکۆم دەڕۆیشتین . لەپڕ کومەڵێک سەرباز کەوتنە پێشمان ، خۆمان مەلاس دا ، نەیانبینین و ڕەت بوون ، ئیمەش هەنگاومان خێرا کردن و خۆمان گەیاندە ئەو شوێنەی کە دیاریمان کردبوو .

* * *

بەردانی سەربازەکە ، مقۆمقۆی خستبووە ناو دەستەکەوە ، هەریەکەو قسەیەکی دەکرد و زۆربەیان پێیان وابو کە هەردەبێ توشی شەڕ ببین و بەڵێنی سەربازەکە تاسەرنیە . پێم وتن :

- من پێم وایە کورەکە راستگۆیە . گەرواش نەبێ وا ئیمە شوێنگۆڕیمان کرد و ئیرەش بۆشەڕ گونجاوترە ، گەر ناچاری شەڕکردن بووین لێرە دەتوانین شەڕێکی درێژتر بکەین و وا وەختیش بەرەو نیوەڕۆ دەچێت ، هەرچۆنی بێ دەتوانین شەڕەکە بەشەو ببەستینەوە و شەویش چارەیەک دەکرێ .

خەریکی ئەم قسانە بووین کە پێشمەرگەیەک وتی :

- کاک [illegible] دا بڕاوە .

لە ڕاستیدا کەوتە ناویانەوە ، بە تایبەت کاک یوسف کە ... بوو بە ... . بە پەلە وتم :

- لێی مەترسن ، پێم وایە خۆی دەرباز دەکا . بەرنامەی کارەکانتان تێک مەدەن .

یوسف وتی :

- من پێم چاکە بەدوایدا بچم

خەریک بوو بڵێم نەء ، بەڵام دوایی بیرم کردەوە کە سۆزی برایەتی ئازاری دەدا ، دەبێ ڕێی بدەم بچێ . بە تایبەت ئەمە لە چاوانیدا دەخوێندەوە . بۆیە وتم :

- نەبینی وەرگرەو بچۆ .

- بەخێرایی کەوتە خۆی و بە پارێز بۆی دەرچوو .

ماموستا ئەسعەد کە پێشتر ڕابەری سیاسی یەکێک لە تیپەکان بوو هاتە پیش و وتی :

- باچیتر وا کومەل نەبین ، چاک وایە دابەش بین . سەربازەکان دەگەڕێن نەوەک توشی شەڕ بین .

قسەکەی بەجێ بوو ، بۆیە بەپەلە دەستمان کرد بە دابەشکردنەوە و هەریەکە و شوێنی خۆی گرت . منیش لە پەنای گاشەبەردێکدا لێی دانیشتم . دووربینێکم وەرگرت و کەوتمە تەماشا کردنی شوێنی پێشومان ، بەرد بەرد دەگەڕام ، لە شوێنێکدا سەربازەکەم بینیەوە ، سەربازەکەی تری لەلای خۆی دانابوو ، دووربینەکەم گواستەوە سەر گوندەکان . سەرباز و جاشەکان دەستە دەستە دەگەڕان وخەریکی سوتاندن ، روخاندن و هەڵوەشاندنەوەی خانوەکان بوون . دوکەڵێکی چڕ ئاسمانی ناوچەکەی داگرتبوو ، وردە وردە دوکەڵەکە زیاتر دەبوو ، تا وای لێهات دۆڵەکە بووە یەکپارچە دوکەڵ و هیچ شوێنێک دیارنەما .

پێشمەرگەیەک کە لەتەنیشتمەوە بوو و وەک من لە دیمەنی سوتانی تەڕ و وشکی دۆڵەکە ڕامابوو ، کە من دووربینەکەم دانا ئاخێکی هەڵکێشا و وتی :

- دەبێ کەس هەبێ وا دڕندە بێ ؟

تەماشایەکم کرد ، تەمێکی سوری رق و تورەیی نیشتبووە سەر چاوەکانی ، تێ گەیشتم پەژارەیەکی

زۆر بینەقاقای گرتووە. ویستم لەو حالەتە پەریشانە دەری بێنم. بزەیەکم خستەسەر لێووم و وتم:

- بەڵێ.

لەسەرسورمابدا چاوەکانی ئەبلەق بوون، تۆزێ وەستا و وەک بڵێی بڕوا بە گوێچکەکانی خۆی نەکا، دوایی وتی:

- کێ!؟

- بەعس.

بەم قسەیە دەم و چاوی کرایەوە و بە هێواشی بزەیەکی لەگەڵدا گۆڕیمەوە و منیش راستەوخۆ بە دەنگێکی بەرزی وا کە سەنگەرەکانی تریش گوێیان لێ بێ، دامە تریقەی پێکەنین.

* * *

رۆژ زۆری نەمابوو بەسەربچێ، هێشتا هەواڵێکمان لە هاورێ دابڕاوەکە و براکەی نەبوو. دەبوایە تەگبیری داهاتومان بکەین. کۆمکردنەوە.

- برایان دەبێ تەگبیرێکی ئەمشەو بکەین و ئێرە جێ بێڵین، لێرەدا گەمارۆ دراوین، دەبێ لە بازنەی گەمارۆکە دەرچین، ئەمە تاکتیکی پارتیزانە.

تۆزێک وەستام، کەس پرسیار یا پێشنیارێکی نەکرد. درێژەم پێدا:

- دەبێ دابەش ببینە سەر سێ دەستە، هەردەستە و بەلایەکدا لە شوێنی بەیانی یەکتر دەگرینەوە و سوراغێکی هاورێکانی تر وەدەست دێنین.

بەپەلە ئامادە بووین و بەپێی دابەشکردنەکە بەرێ کەوتین.

* * *

سەعاتێک دەبوو گەیشتبووینە دەوروبەری ئەوشوێنەی کە بەیانی لێی بووین، تائەوده‌مە سەر و سۆراخی برز بووە کانمان دەست نەکەوت، پەلەی بڕیاردانی جولانەوەی داهاتومان بوو، بەلام نەدەکرا بە سوک و سانایی ئەو هاورێیەی تر بەجێ بێلین، چونکە وەک ئەوە وابوو بەدەستی خۆمان لەبەردەمی گورگدا جێیان بێلین. لە بیری ئەوەدا بووم گەر ئەوان بەدەرنەکەوتنەوە چی بکەین؟ لەپر کاک ئیدریس پەیدابوو. دیاربوو هەواڵی براکەی لانەبوو، دەبوایە زیاتر چاوەڕێ بکەیـن. ئەم چاوەڕوانییان رووناکی بەشو بەستەوە، دنیا تاریک داهات. کە دەمانروانییە دەوروبەرمان هەموو لوتکە و دۆڵ و گردێک ئاگری لێ دابسا و بڵێسەی سوتانی گوندەکانیش مەشخەڵانی تا بڵێی بەرز بیبوەوە. سەرگەرمی تەماشاکردنی ئاگرەکانی دوژمن بووم کە هاورێیەک وتی:

- بێ دەنگ بن، هەستێک دێ رەنگە یوسف بێ.

هەمووومان گوێمان هەڵخست و بەچاومان درمان بەتاریکی دەدا. دەنگی رویشتن بوو، وردە وردە نزیک دەبووەوە، خۆمان بۆ روداوێکی لەناکاو ئامادە کردبوو. لەناو تاریکیەکەدا تارماییەکی بەتەنیا بەرەو ئەوێ دەهات، بەنەرمی دەنگمان دا:

- کێی زەلام؟ نهێنیەکەت بڵێ.

بەئەسپایی ووتی:

- خۆمانین مەلابرایم.

بەخێرایی ئیدریس لەگەڵ هەستانە سەرپێدا ووتی :

ـ یوسف تۆ هاتیتەوە .

ئیتر کەلەوە دلنیا بووین هەمووما ن کۆبین وتم :

ـ دەی برایان ، چی بکەین چاکە ؟ لەم دەوروبەرە بمینینەوە یا بڕۆین ؟

زۆربەیان وتیان :

ـ دەبێ بڕۆین .

یەکێکیان کەلەبەر تاریکی دەموچاویم نەدەدی هەڵیدایە :

ـ ڕستەکانی بناری کاروخ چاوەڕێمانن .

یەکێکی تر وتی :

ـ ئاخر لێرە تا ئەوی دەبێ چەند گەمارۆیەکێ بشکێنین ، لەشکرێکی زۆری لێیە .

هاوڕێیەکی تر ووتی :

ـ باشتر وایە بەرەو پێدەشتەکان دابەزین و لەگەڵ ڕستەکانی ئەوێ یەکبگرینەوە .

هاوڕێیەکی دیکە بەتوندی بەرپەرچی دایەوە :

ـ ئەوەخەیاڵە ، چۆن دەتوانین بگەینە ئەوێ .

قســەم پێ بڕی و پرسیم :

ـ ئەی تۆ پێت وایە چی بکەین ؟ بچینە کوێ ؟

ـ چاک وایــە بچینە دەوروبەری شارەکان .

بیرم کردەوە پیشنیارەکەی بەجێیە ، چونکە دوژمن دەوروبەری شارەکانی نەتەنیوەو نازانێ ئێــمە دەچینە ئەوێ و چەواشە دەبێ . بۆیە ڕاستەوخۆ وتم :

ـ ئەم پێشنیارەم پێ ڕاستە با وەخت بەفیڕۆ نەدەین ، با بەرەو بنارەکانی کۆڕەکێ بەڕێکەویــن . بەڵام باچەند ڕاسپاردەیەکتان پێ بڵێم و هەمووتان پەیڕەوی بکەن . تاشــەوە دەبــێ بــڕۆیــن و بە خێراییش بڕۆین . دەبێ بۆ بەیانی بگەینە بناری ( ئیرون ) بەدیوی ( بلە ) ، بەیانی لەوێ دەبین و بەردەمی خۆمان دەپشکنین ، شەوێ دواتر دەپەڕینەوە بناری کۆڕەکێ .

یــەکێک پرسی :

ـ ئەگەر تووشی شەر بووین ؟

ـ لەکاتی شەردا ، شەهید پەنادەدرێ و بەجێی دێڵن ، بریندار ی خەتەر شەهید دەکەن . کــەس نابێ بەلەنگ یەکی لاهەبێ ، هەرکەسێش ناچار بەخۆت سلیم کردن بێ ، دەبێ خۆی بکوژێ ، نــابــێ تەسلیم ببێ

دوای ئەم قسانە ، کش وماتییەک بەرپابوو ، دوو...

ـ دەی فەرموون بەڕێ کەوین .

* * *

دوای دوو سەعاتێک گەیشتینە دامێنی ( ئیرون ) و بەبێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەو زیانێک ماندووبوسی

نەغەدە

چیرۆک

# سیناریۆ

عباس عبدالرزاق

کات / نیوەڕۆیە .
شوێن / گوندێکە لە گوندەکانی ناوچەی شێخ بزێنی ـ کەرکوک .

ە گوندەکە لە دوورەوە ، هاتوچۆی خەڵک لە ناو گوندەکەدا ، لە کێڵگە و مەزراکاندا ، خەڵک خەریکی کشت و کاڵن .. دیمەنی جوانی گوندەکە منداڵان یاری دەکەن .. مەڕ و ماڵات بۆناو گوند دەگەڕێنەوە .. گەشتی کامیرا بە ناو گوندەکەدا . پێشمەرگەکان لە شێوەی بازنەیەکی گەورەدا دانیشتون . فەرماندە لە ناوەڕاستی بازنەکەدایە . قسەیان بۆدەکات ... دەم و چاوی پێشمەرگەکان کە بە سەرنجەوە گوێ لە قسەکانی فەرماندە دەگرن . ڕوخسارەکانیان نیشانەی ورە و بەرەنگاریان پێوە دیارە .

---

فەرماندە / برایان ئێمە لێرە کۆبوینەتەوە . حەزئەکەم چەند شتێک هەیە بۆتان ڕوون بکەمەوە . دوژمن هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوە . بە مەبەستی هێرش هێنانە سەرمان و تێک و پێکدانی بنکە و لانەکانمان . جا بۆپاراستنی بوون و مانی خۆمان ، ئە بێت بەرەنگاری لە هێرشی دوژمن بکەین بە هێرش بردنە سەریان و هەڵوەشاندنەوەی پیلانە گڵاوەکانیان .

بە سەرکەوتنمان لەم چالاکیەدا ، ناوچەکانی دەسەلاتی شۆڕش فراوانتردە بێ .. ئەوسا دەتوانین ناوچەی چالاکیەکانیشمان فراوانتربکەین .

ئەم برادەرەشیان ناردوە بۆئەوەی وێنەی چالاکیەکە بگرێت ، تاکو پاشان پیشانی خەڵکی بدرێت .

ئیتر چاوەڕوانی دەستوبازی ئێوەی تێکۆشەرین . سەرکەوتوبن .

---

* وێنەگرخەریکی وێنەگرتنە ، پێشمەرگەکان خەریکی خۆئامادەکردن و پاککردنەوەی چەکەکانیانن دوو گوێیان دێنن و دابەشی دەکەن بەسەر پێشمەرگەکاندا ، هەریەک توێشوی خۆی هەڵدەگرێت . کەرت کەرت سواری تراکتۆر و ئوتومبیل دەبن ... وێنەگرەکە خەریکی وێنەگرتنە پاشان ئەویش بەشتانی خۆی هەڵدەگرێت و دەزگاکانی دەپێچێتەوە . لێرەدا بە چاوی کامیرای وێنەگرەکە چەند دیمەنێ پیشان ئەدرێت ( دەبێ بە جۆری نیشان بدرێت کە جیاوازی هەبێ لەگەڵ ، ئەسلی وێنەگرتنی فلیمەکە ..

تەرکیز ...دەخرێتە سەر چەند پێشمەرگەیەک

کات/سەعات ١٠ ی شەوە
شوێن/هەڵەتەکانی شیوەسور
*پێشمەرگەکان ئامادەی هێرش بردنن فەرماندە ،

چەند ئامۆژگارییەکیان دەکات. وێنەگر خەریکی وێنەگرتنی ئەم دیمەنەیەو هەمزەش لە تەنیشتیەوە راوەستاوە، دیمەنی ناوچەکە پیشان ئەدات. چەندین رەبیەو سەربازخانەی تێدایە.. جم و جۆل دەکەوێتە ناو پێشمەرگەکان.. تارمایی پێشمەرگەکان لەکاتی رۆیشتندا. یەک لە دوای یەک لە ئاسۆوە دەرئەکەوێت.

---

فەرماندە / ئاگادابن، کەس لە پشتەوە تەقە نەکات، نەوەک خوانەخواستە، بەر پێشمەرگەکان کەوێ، ئەوانەی لە دواوەن نابێ بە هیچ شێوەیەک تەقە بکەن، تا پێویست نەکات.

---

وێنەگر / هەمزە، با بڕۆینە پێشەوە. با شوێنەکەمان بگۆڕین، ئەو خوێرپیانە ماوە نادەن کاربکەین

هەمزە / باشە من ئەڕۆم. خۆم دەگەیێنمە ئەو پەنایە ئەوسا من تەقە دەکەم و تۆش وەرە.

وێنەگر / باشە خێراکە.. دەبێ بچینە نزیک پێشمەرگەکان دەنا سودی نیە.

* وێنەگرەکە. ئەو دیمەنە وێنە دەگرێ، هەموو حالەتەکان پیشان ئەدات، پێش ئەوەی بڕوون بۆشەرەکە.. رەبیەکان پیشان ئەدات و شوێنە سەربازییەکان پیشان ئەدات.. دەستەی هێرش دەگەنە شوێنی خۆیان.. وێنەگر و هەمزەیش دەگەنە لای ئەوان.. لە پەنایەکدا خویان حەشار ئەدەن چاوەروانی (سەعاتی سفرن).. بێ دەنگییەکی سامناک باڵ دەکێشی بەسەر ناوچەکەدا. لەناو سەربازخانەکەدا پاسەوانەکان وەک تارمایی دیارن.

(ئار.بی.جی) ئەم بێ دەنگیە دەشلەقێنێ، لە هەموو لایەکەوە، تەقە دەست پێ دەکات، هاواری هەردوولا بەرز دەبێتەوە.. وێنەگرەکە خەریکی وێنەگرتنە. پێشمەرگەکان هێرش دەبەنە سەر رەبیەکان.. چەند پێشمەرگەیەک لە شورەکە نزیک دەبنەوە. ئارنجۆک بۆ ئەودیوی شورەکە هەلدەدەن وێنەگر خەریکی وێنەگرتنە.

---

* هەمزە بەدەم تەقەکردنەوە خۆی دەگەیێنێتە شوێنی دیاریکراو.. ئیشارەت بۆ وێنەگرەکە دەکات. ئەویش دەچێت بۆ لای.. تارمایی پێشمەرگەکان لە ناو گڕەکەدا دیارە هێرش دەبەنە سەر رەبیەکە. لە پەنای شورەکە دوو پێشمەرگە بۆ پشوودان دانیشتون. یەکێکیان هەڵدەستێ و دەستڕێژی بۆ ناو شورەکە دەکات چەند سەربازێ دەپێکێ. سەربازێک لە پەنایەکەوە تەقەی لێ دەکات و دەیپێکێ.

(جولاندنەوەی ئارام.. SLOW: پێکرانی پێشمەرگەکە پیشان ئەدرێت تا ئەکەوێت. بە شێوەی رەنگی دەبێ رەنگی سەوز زاڵ بێ بەسەر فلیمەکەدا، روناکی زیاددەبێ.. وێنەگرەکە ئەم دیمەنە وێنە دەگرێت.

---

* هاوڕێکەی دەیەوێ، پێشمەرگە پێکراوەکە دەرباز بکات. لەبەر چڕی تەقە ناتوانێ هەوڵ ئەدات دەربازی کات، دیسان ناتوانێ، هەڵدەستێتەسەر پێ و سەیری پشتەوە دەکات، دەیپێکن.

(هەمان کەوتن بەڵام هەڵدەستێتەوە، بە سنگە خشکێ خۆی دەگەیێنێتە دامێنەوە.. دیسانەوە دەیەوی بڕوات.

---

وێنەگر / هەمزە، ئەو پێشمەرگەیە، بەرکەوت

هەمزە / بینیم، نازانم کێ بوو.. کەسیش لەم نەورە نیە، یارمەتیان بدات.

وێنەگر / سەیری ئەوەکە، چون دەستە پاچە بووە

---

هەمزە / کاک شێرکۆ تۆ لێرە بە، لە جێی خۆت مەجولێ. من دەچم بۆ یارمەتیان.

وێنەگر / باشە، تۆ بڕۆ.. ئاگات لە خۆت بێ

---

* هەمزە هەڵدەستێت و رادەکات، ماوەیەک دوور دەکەوێتەوە، دەستڕێژی لێ دەکەن، خۆی

دەرباز دەکات. پشویەک ئەدات دیسانەوە هەلدەستێ. وێنەگرەکە، خەریکی وێنەگرتنە لە چەند لایەکەوە تەقەی لێ دەکەن، تا نزیکێ دوو پێشمەرگەکە دەبێتەوە. دیسان خۆی حەشارئەداو چاوەڕی هەلێکە، بۆ ئەوەی دەربازیان بکات. وێنەی تاوچەکە، لە هەموو لایەکەوە گوللەبارانەو دەنگی (ئار.بی.جی) و چەکی تر.

هەمزە، بەکۆمەکۆم دەڕوات، دەیەوێ لە دوو پێشمەرگەکە نزیکتر بێتەوە ئەپێکرێ.

گوللەیەک بەر پشتی هەمزە دەکەوێت، خوێن لە شوێنی پێکدانەکەی، فیچقە دەکات. لە راستەوە لێی ئەدات و لەلای چەپەوە هەلیئەتەکێنێ، دیسانەوە بۆ پێشەوە دەڕوات. گوللەیەکی تری بەر ئەکەوێ ئەدرێت لە شانی. بە جولانەوەیەکی لەسەرخۆ، دەسورێتەوە لەگەل سوڕانەوەیدا، روخساری هەمزە پیشان ئەدرێت دەستی هەمزە لەسەر برینەکەی شانیەتی، خوێن لە نێوان پەنجەکانیەوە دەچۆڕێت. روخساریبە دەستیتوند برینەکە دەگوشێت، کەوتنەکەی بە شێوەی SLOW. لەگەل کەوتنەکەیدا روناکی زیاد دەبێت و رەنگی سەوز زال دەبێت.

---

* فەرماندە دەبینی سەرکەوتونین لە شەرەکەدا بریاری کشانەوەئەدا.. چەند پێشمەرگەیەک دەنێری بۆ لای کەرتەکان بۆ ئەم مەبەستە.

کومەلێک پێشمەرگە بەراکردن لەبەردەم وێنەگرەکەوە تێدەپەرن. برینداروکان و شەهیدەکان هەلدەگرن و ئەکەون ئەی دەن بە کۆلیانداو لەبەردەم وێنەگرەکەوە تێدەپەڕن.

---

شوێن / ناو دۆلێکە، پێشمەرگەکان کۆبونەتەوە ئوتومبیلەکان ئامادەن.

کات / شەوە

* هەمزە لە بەینی کۆمەلێک پێشمەرگەدا کەوتوە وینەگرەکە لە هەمزە نزیک دەبێتەوە.. هەمزە ئازاری زۆرە.. خوێن لە برینەکانی دەچۆڕێت. شەهیدێکی تر لەولاوەیەتی، تێکەلێک لەگەل

وێنەی ئەو پێشمەرگانەی، سەرەتای فلیمەکە تەرکیزیان کرابووەسەر. پیشان ئەدرێت لەگەل پاش شەهیدبوونیان دیسانەوە وێنەگرەکە دەگەڕێتەوە بۆ لای هەمزە.

---

فەرماندە / ئاگاتان لێ بێت کەس جێ نەمێنێ خێرا.. برینارەکانیش بۆ شوێنی دیاریکراو بەرن

---

هەمزە / کاک شیرکۆ...

وێنەگر / بەلێ... فەرموو

هەمزە / کاک شیرکۆ... مام برایم وەرن.. من هەمزەم من شەهید دەبم، داواتان لێ دەکەم خەفەتم بۆ مەخۆن. بەکەس و کارم بلێن بۆم نەگەڕێن. من پەشیمان نیم لەوەی لە پێناوی گەلەکەمدا شەهید دەبم.

---

پ.م / هەمزە، هەمزە، تۆزێ غیرەت بدە بەر خۆت.

هەمزە / من هەمزەم غیرەتم هەیە.. هەمووتان من دەناسن کەی بێ غیرەت بووم...

بەلام ئێستا دلنیام شەهید دەبم

---

هەمزە / کاک شێرکۆ.

وێنەگر / بەلێ هەمزە.. چیت دەوێ

هەمزە / کاک شێرکۆ من شەهید دەبم، خۆشحالم کە تۆ سەلامەتی.. خەمی منت نەبێ چونکە من بۆ ئەم رۆژە ئەژیام

---

* پێشمەرگەکان هاتوچۆی نائاسایی دەکەن، دەنگێک لە وناویاندا بەرزدەبێتەوە، هەریەک قسەیە دەکات.. بریندارەکان لەپەنا یەکدا، راکشاون، تارمایی هەندێ پێشمەرگە لە ئاسۆدا دیارە بەرەو سەرەوە دەڕۆن. ئوتومبیلێک بەخێرایی دێتەلای بریندارەکان.

---

* پێشمەرگەکە دوورئەکەوێتەوە ... هەندێ هاتوچۆ ئەکەن وێنەگرەکە لەتەنیشت هەمزەوە دانیشتوە گوێی بۆ گرتوە .. پێشمەرگەکان بۆدێهاتە دوورەکان بەڕێ دەکەون .

---

بەڵام بەداخەوەم بۆ کاک ئازاد .. ئەزانی ئەو پێشمەرگەیەی لای شورەی رەبیەکەوە کەوتبوو کاک ئازاد بوو .
وێنەگر / تۆ خۆت ناڕەحەت مەکە
هەمزە / شەهیدبوون کاک ئازاد ، داخێکی گەورەیە ئەو پێویست بوو بمێنێتەوە . زۆر پێویست بوو بۆ شۆرش ، بەڵێ زۆر بەداخەوەم بۆ کاک ئازاد .

---

وێنەگرەکە / هەمزە .. ئێستا ئەڕۆین بۆ شوێنی خۆمان ... چاک ئەبیتەوە .
هەمزە / نەخێر کاک شێرکۆ .. من خۆم دەزانم چ برینێکم ، پێوەیە ، هەموو ئەمەنم پێوەی دەناڵێنم وا بزانم ئەمجارە لەم برینە رزگارم نابێ ، چی‌تر ئاخی بۆ هەڵناکێشم من شەهید ئەبم .. پێویست ناکات دڵخۆشیم بدەنەوە ، پێم خۆشە لەم رێگایەدا دەمرم .

---

* دەموچاوی هەمزە ، پێکرانی یەکەم جاری . بە جولاندنەوەی ئارام ، روخساری ، ئازاری هەیە . پێکرانی شانی . دەستی هەمزە ، خوێن لەنێوان پەنجەکانیدا قەتماغەی بەستوە ، روخساری ، دەستی خوێن لە نێوان پەنجەکانیەوە ، دەچۆڕێت .
پێشمەرگەکان لە حالەتی رۆیشتندان ، دزور ئەکەونەوە چەند پێشمەرگەیەک ، خەریکن دەستەبەرە (تەقالە) دروست دەکەن بۆ هەمزە هەمزە برینەکەی ئازاری ئەدات .. برینەکەی خوێنی لێ ئەچۆڕێ.

---

* هەمزە بەدەم ئازارەوە دەناڵێنێ ، برینەکەی پشتی خوێنی لێ ئەچۆڕێ. هەمزە ئەتلێتەوە دەستی هەمزە ، وێنەگرەکە خەریکی وێنەگرتنە ...

---

چەند ساڵێک گەورە بووە .. لە قوتابخانەیە لەکۆڵانە ، لە ماڵەوەیە .. تا کچێکی جوانکیلەی دەڵێی دەم و چاوی هەمزە ، بزەیەک دێتە سەر لێوەکانی بە تاسەوە سەیری ئاسمان دەکات .... زەماوەندە .. کچەکەی هەمزە رازاوەتەوە .. شایی و هەڵپەرکێیە .. هەمزە هێشتا سەیری ئەو دیمەنە ئەکات .. زەماوەندەکە .. هەمزە دەپێکری گولە کە پشتی هەڵدەتەکێنێ و خوێن لە برینەکەی دەچۆڕی ... زەماوەندەکە .. سەعاتەکە ، چک ... چک .. زەماوەندەکە ... روخساری هەمزە .ئازاری زۆرتر دەبێ .. خۆی گرژ دەکات ... زەماوەندەکە
هەمزە / زۆر ئارەزوم بوو زەماوەندەکەی بەچاوی خۆم ببینم ...

---

هەمزە / ئاخ ... ناگەمە ئارەزووەکەم ... زۆر حەزم دەکرد رۆژێ لە رۆژان لە زەماوەندەکەیدا ..

---

* روخساری منداڵەکەی هەمزە دەگرێ ... ساعەتەکە بە خێرایی دەگەرێتەوە (چک .. چک .. چک ... ) تا لەسەر کاتی ئیستا رادەوەستێت ، چک .. چک .. هەمزە ئازاری زیادئەبێ .. دەستی هەمزە لەسەر برینەکەی خوێن قەتماغەی بەستوە .. منداڵەکەی هەمزە دەترسێت .. سەیری شوێنێکی دیاری نەکراو دەکات هەمزە ، دەتلێتەوە . قەرماندە ، بە خێرایی تێدەپەڕێ منداڵەکە دەگری و دەترسێ و دەبەوێ بڕوا ... هەمزە دەست درێژ دەکات وەک ئەوەی پێی بڵێ مەڕۆ ...

---

* پێشمەرگەکان .. دەستەبەرەکە بۆ ناو ئوتومبیلەکە هەڵدەگرن ، هەمزە ئازاری زۆرە ... بەدەم ئازارەوە ئەتلێتەوە . برینەکەی هێشتا

خوێنی لێ دەچۆڕێ . روخساری هەمزە .. ئازاری زۆرتر دەبێ ( ئاوێتە ) ژنەکەی ئەگەڕێ و هاوار ئەکا ... هەمزە بۆ یەکەم جار دەپێکری و خوێن لە سەر شانیەوە فیچقە دەکات .. ژنەکەی نیگەرانە هاتوچۆ دەکات هەمزە لە حالەتی کەوتندایە .... گریانی ژنەکەی .. ئوتومبیلەکە دەڕوات .. هەمزە هاوار دەکات .. ژنەکەی دەگری ... کچەکەی سەیری جێگایەکی تاریک دەکات ، ئوتومبیلەکە

* روخساری هەمزە تێکەل دەکرێ لەگەل ئەم دیمەنەدا ژنەکەی هەمزە دانیشتوە .زۆر نیگەرانو خەم بارە .. دووچاوی پڕە لە پەژارە .
وێنەگرەکە کە لای هەمزە دانیشتوە .

---

کادر ، دەبێتە دوو بەشەوە ..لەلایەکێ هەمزە ئازارەکەی بەرەو کەم بوون دەروات و چاوی دەکاتەوە و لە شتێ رادەمێنی .. لەلایەکی ترەوە کچەکەی هەمزە کە ٦ سالانە بە ترسەوە سەیری شوێنێکی تاریکێ دەکات .. ئاوێنە سەعاتێکی دیواری ( چکێ ..چکێ ..چکێ ) بە شێوەیەکی ئاسایی ، دەڕوات .

---

هەمزە / کاک شێرکو .. بچو بو لای منداڵەکانم . پیان بلی بوم تەگرین ... ناموی پرسەم بو دابنین و شیوەنم بو بکەن .. من خومنەم ریگایەم هەلبژاردووە ..

---

وێنەگر / هەمزە ... ورەبدە بەر خۆت ، ئارام بگرە ئەم قسانە چیە دەیکەیت . پێویست بەم قسانە ناکات ...

هەمزە / نەخێر ... خۆم دەزانم . زۆر پێویستە .. دەبێ ئەم قسانەی منیان پێ رابگەیێنیت پێیان بڵێ ...

---

هەمزە / ( هیمنە ) .. پێیان بڵێ باتاقە کچەکەم

بە ئارەزووی خۆی بژی با بخوێنێ و قوتابخانە تەواو بکات ... بە دڵی خۆی هاوسەری ژیانی هەلبژێرێ .. ئەمەیان پێ بڵێ ...

---

* ئایتە بوونەکە فیدئ ئبی ، بۆ سەر سەعاتەکە بە خێرایی دەسوڕێتەوە ، لەگەل هەر سورانەوەیەکی دا ، دیمەنێکی کچەکەی هەمزە دەردەکەوێت ...
* هەمزە هێشتا سەیری ئاسمان دەکات ، جوانی ئەستێرەکان ئەبینی ، چاوی لێکێ دەنێ و دەیکاتەوە . زەماوەندەکەی خۆیی و ژنەکەی دەبینێ ئازاری برینەکانی زیاد دەکەن .. زەماوەندەکە لێل دەبێ ، چاوی دائەخاو . ئەپێکری .. ژنەکەی ئەگری و لە خۆی ئەدا سەعات بە خێرایی ( چ.چ ) ئەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی / ژنەکەی دەست بە ئەژنۆ دانیشتوە .. ئوتومبیلەکە خێرا دەڕوات خوێن لە برینەکانی هەمزە دەچۆڕێت . سەعاتەکە (چکێ ..چکێ ) چاوانی هەمزە سەیری ئاسمان دەکات و سوور هەڵگەڕاوە .
ژنەکەی هەمزە ، منداڵی ئەبێ . هەمزە ئەپێکری . لە حالەتی کەوتندایە .. منداڵەکەی هەمزە ( ٦ ) سالەیە دەگری دەترسێ سەعات چکێ چکێ .... . ئوتومبیلەکە دەڕوات گوندەکە دەردەکەوێت . ئوتومبیلەکە خێرا خۆی دەکات بە گوندەکەدا .. .

---

* پێشمەرگەکان چاوەڕوانی هاتنی ئەمانن ، ئوتومبیلەکە بە خێرایی دەڕوات لەبەردەم یەکێ لە خانوەکاندا رائەوەستێ . پێشمەرگەکان خێرا دەستەبەرەکە هەڵدەگرن دەیبەنە ژوورەوە .

---

شوێن / ژوری لە مالەکەیە
کات / هێشتا شەو ماویەتی
* دایمەنی ژورەکە تاریکە ، بنمیچەکەی نزم و دیوارەکانی بە قوڕ سواغ دراون رەش هەڵگەڕاوە فەرماندەو چەند پێشمەرگەیەکێ لە دەوری (هەمزە) دانیشتوون ، پیرەژنێکێ خاوەن ماڵە ، هاتوو چوو

ئەکات ، وێنەگرەکە خەریکی وێنەگرتنـــــی ئەم دیمەنەیە ، نزیکی هەمزە ئەبێتەوە ... هەمـــزە ئازاری زۆرە ئەتلێتەوە ... بەدەم ئازارەوە قسە دەکات ...

---

* ئازاری هەمزە زۆرتر ئەبێ... برینەکەی هێشتا خوێنی لێ ئەچۆڕێ ، رەنگی زەرد هەڵگەڕاوە ... بە زەحمەت ئەتوانێ بجوولێتەوە ، تۆزی ئـــۆقرە ئەگرێ ...... ژنەکەی دەگری ... دەســـتی ژنەکەی بەدەم و چاوی خۆیدا ئەکێشی.. هــەمزە دەروات خێراتر دەڕوات.. تایەیەی ئوتومبیلەکە هەمزە ئازاری هەیە .. دەپێکرێت .ئوتومبیلـــەکە خێرا دەڕوات بە ناو چاڵ و چۆلدا دەڕوات.. .. هەمزە لە حالەتی کەوتندا .. ژنەکەی بە هەردوو دەست لە خۆی ئەدا .. دەستی هەمزە لـــەسـەر برینەکەیەتی ، خوێن لە نێوان پەنجەکانیـــدا دا ئەچۆڕێت.. دیسانەوە دەستی ژنەکەی ئوتومبیلەکە بە خێرایی دەڕوات. هەمزە ئەپێکرێ سەعاتەکە چک..چک.. تایەی ئوتومبیلەکە خێرا دەخولێتەوە... دەستی ژنەکەی هەمزە لەخۆی ئەدات.. دەگری... منداڵەکەی دەترســـێت ، دەگری ، ئوتومبیلەکە خێرا دەروات. سەعاتـــەکە چک..چک..چک.

---

هەمزە /نازدار... خۆشم دەوێی
نازدار / بۆ هاتوی بۆ ئێرە خەلکی دەمانبیـــنن
هەمزە / جا چیە .. با بمانبینن من بریارم داوە بێمە داخوازییت (خوازبێنیت).
نازدار / چۆن.. هێشتا زووە .. بروا ناکەم
هەمزە / زووی چی کچێ... بۆچی ئێمە چـــەند دەژین وا بزانم تەمەنێکی زۆرم نەماوە
نازدار / خوانەکات بۆچی قسەی وا دەکەیت
هەمزە / کچێ... راستیەکەی ، ناتوانم لـــەمە زیاتر چاوەڕێ بکەم

---

* هەمزە / وردە وردە هێمن دەبێتەوە ، ئـازارە- کانی کەمتر دەبن ، ئوتومبیلەکە خێرا دەڕوات . ژنەکەیهەمزە سوکە گریان و لاواندنەوەی مـــاوە سەعاتەکە چک ، چک ، چک ، روخساری هەمـــزە ئاوێتەی سەعاتەکە دەبێ ، هەمزە چاو هەلدەبڕێ و تەماشای ئەستێرەکان دەکات... ئوتومبیلـــەکە بەخێرایی دەڕوات . هەمزە چاو دەبڕێــــتە ئەستێرەیەک کە دەکشێ ، بە ئارامی سەیری دیمەنی ئاسمان دەکات . سەعاتەکە بە خێرایی.. ئەڕوات لەگەل روخساری هەمزە ئاوێتە دەبێ. هەمزەبزەیەک دێتە سەر لێوی .. دەیەوێ هەستێ ناتوانێ هەول ئەدات دیسان ناتوانێ. دیمەنێکی . رۆمانـــــی ... ژنەکەی

* ژنەکە جلی رەشی لەبەر کردوە و دەگری.... هەمزە ئازاری زیاتر دەبێ ... هاوار ئەکات.... چاوی نازداری ژنی فرمێسکی لێ دێتە خـــوار . هەمزە ئەپێکرێ خوێن فیچقە دەکات .
ژنەکەی دەگری .. سەعات (چک..چک..چک..) منالەکە هەمزە ئەگری .. ئەترسێ ..را ئەکـات دەم و چاوی هەمزە زەرد هەڵگەراوە . چـــاوی ئەکاتەوەدای ئەخات.. ناتوانێ ، تەرکیزبکـات سەعاتەکە تێنێک ئەچێت ، جارێک بۆ پێشەوە دەچێ جارێ بۆ دواوە : ئاوێتە : لەگەل دەموچاوی هەمزە پیرە ژنەکە لەبەر خۆیەوە قسە دەکات و دیست دەچێ ژنەکەی هەمزە دەلاوێنێتەوە .. هەمزە لـــە حالەتی کەوتندایە ، برینەکانی هەمزە خوێنێـــکی کەمی لێ ئەتکێ

---

* هەمزە زەردهەڵگەڕاوە ناجولێتەوە تـــەنیا چاوەکانی نەبێ کە بە دەوروبەری خۆیدادەڕوانێ بە ئاستەم نوزەیەکی لێوە دێ..

---

* سەعاتەکە (چک.چک.چچچ) بە خێـــرایی دەسورێتەوە .. هەمزە تەماشای شوێنێکی نادیا دەکات... قیژەی ژنێک و گریانی چەندمنـــدک منداڵێک .. هەمزە بە نیگەرانەوە تەمـــاشا

ئاسۆ دەکات . منداڵەکەی هەمزە ئەترسێ و رائەکات .. کۆمەڵێک پۆستاڵ رەش بەناو جۆگەیەک کە ئاوێکی رونی پیا دەڕوات .. دەڕۆن لێڵی دەکەن . هەمزە نارەحەتە . ژنەکەی رائەکات .. .. پۆستاڵەکان بە قینەوە دەدرین بە زەویدا .. ئەڕوات .. سەعاتەکە دەسورێتەوە بە خێرایی ، ئاوێتە بوونی روخساری هەمزە لەگەل سوتانی دێکەیان سەرەنیزەی تفەنگی سەربازەکان بە کۆمەل دەرئەکەوێت لەگەل دەستەکانیدا . پۆستاڵەکان بە خێرایی لە حالەتی هێرش بردندان .. کومەلێک خەلکی ئاوارە بە رێدا دەڕۆن ... دەستی سەربازەکان خەریکی تالان کردنی گوندەکەن .. هەمزە نارەحەتە .. سەعاتەکە (چچچچ ) دوکەلێکی زەرد دەباری بەسەر کومەلێک خەلکدا ، چەند دەستێ دەکەوێتە ناو کادرەکە .. قاچەکان لە کاتی رۆیشتندا ، لەناو دوکەلەکەدا دەردەکەون ، بە شێوەی جیا جیا ئازارەکەی زۆر ئەبێ ... منداڵەکەی دەگری کاتژمێرەکە ( چک ... چک ... چک ... )

---

هەمزە / کاتی خۆی لە ساڵەکانی رابوردوی شۆڕش باوکم لە شەڕێکدا شەهید بوو ..
ئێمەی جێ هێشت . تەنیا وەسیەتی بۆ من ئەوە بوو ... ئەو ئەیویست من پێ بگەم و جێی ئەو بگرمەوە ... رێ و شوێنی ئەو بەر نەدەم .......
دایکیشم بە هەزار بەدبەختی و دەردی سەری پێی گەیاندم ... تێی گەیاند ئەبینی وەسیەتەکەی باوکم بەجێ دێت . ( بزەیەک دەکا ) وەک بڵێی من بۆ ئەم وەسیەتە ژیابم ئەوەتا دێتەدی .. ئەگەر باوکم نەیویست بوو جێگری ئەو بم ....

---

هەمزە / برایان ... بە خیزانەکەم بڵێن ... تۆ خوا .. پێی بڵێن با بە ئارەزوی خۆی ژیان بۆ خۆی هەڵبژێرێت . پێم خۆشە لە پاش مردنی من بەختەوەر بێت ... چونکو ئەو زۆری بەسەرمنەوە هەیە ...
زۆر نارەحەتی و ئازاری کێشاوە لە بەرخاتری من ..
لە بەر ئەوەی من پێشمەرگە بووم ... چەندین ساڵ لە زیندانا بووە و توشی دەردی سەری زۆر هاتووە ، بۆیە پێم خۆشە لە پاش من بەختەوەر بێت ... بە ئارەزوی خۆی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت

---

دەنگی خێزانەکەی لەگەل ئەم دیمەنانەدا دێتە گوێی هەمزە بۆچی .. بۆکێ ... جێمان دەهێڵی . ئەی بۆ ئێمەش لەگەل خۆت نابەی

---

هەمزە / کاک شیرکو .. تکایە بە ئەمانەتەوە قسەکانم بۆ منداڵەکانم بگێڕەوە .

---

هەمزە نارەحەتە .. پۆستالە رەشەکان دیسانەوە ئاوی جوگەکە لێل دەکەن ... بە قینەوە دەڕۆن ئاوارەکان لە دەشتێکدا بە کۆمەل دەڕۆن...... منداڵێکی پێ خاوسی و تەنیا ، پیشان ئەدرێت ، وردە وردە دوورئەکەوێتەوە ، ئاور ئەداتەوە ، منالەکەی هەمزەیە . کۆمەڵێک خەلک ... لەناو ژنەکەی هەمزە دەکەوێتە ناو کادرەکەوە هەمزە لە حالەتی سەرەمەرگدا ، چاوی بریوەتە ئاسمان و بە سەختی هەناسە ئەدات . وینەی ناو ئۆردووگاکە .. پیرەژنەکە بە دەوری هەمزەدا دێت و دەڕوات .. منداڵەکەی هەمزە تەماشای شوێنێکی نادیار دەکات .. وێنەی ئۆردوگاکە لەبەردەم یەکێ لە چادرەکاندا ، ژنەکەی هەمزە دانیشتووە منداڵەکەی لە تەنیشتیەوە . بە کەساسی . دەستی پیرەژنەکە . قاچی هەمزە دەگرێ ـ گریان و لە خۆدانی ژنەکەی . پێکرانی هەمزە . دەستی پیرەژنەکە دەلەرزێ . سەعاتەکە دەوەستێ .

---

* پیرەژنەکە دێت و دەڕوات ، پرتە و بۆڵەیەتی منداڵەکەی را دەکات ، ئاور ئەداتەوە بۆ دراوە سەعاتەکە لە شوێنی خۆی راوەستاوە ، لە ناکاو دەکەوێتە کار (چک .. چک ) بە دەم ئازارەوە کەمێ ئەجولێتەوە . بەلام زۆرکەم .. ژنەکەی

هەمزە دەگری گریانێکی بە کوڵ .. هەمزە چاوی ئەکاتەوە .. منداڵەکەی دەگری ئازاری زۆر دەبێ، برینەکانی خوێنی لێ دێ بەڵام بە ئاستەم ... . دەستی هەمزە خوێن بە پەنجەکانیەوە ، مەبووە شوێنی برینەکان و قوڵایی برینەکان پیشان ئەدرێت .. منداڵەکەی دەگری ... دەترسێ . سەعاتەکە ئاسایی کار دەکات ( چک..چک.چک) هەمزە بە زۆر هەڵدەبڕێ لەگەڵ سەیر کردنی .

---

* منداڵەکەی هەمزە باوەشی بە دایکیا دەکات خۆی لە سەر سنگی توند دەکات دەگری . فرمێسکی ژنەکەی هەمزە .. گریانی منداڵەکەی . گریانی ژنەکەی.
* تەرمی هەمزە بە سەرشانی کۆمەڵێک پێشمەرگەوەیە و بەرەو ئاسۆو دارو شەخسەکانی دەبەل . دارشەخسێکی گەورە لەناو گۆرستانەکەدا دیارە . گزنگی بەیانی لە نێوان دارەشەخسەکەوە تیشکێ دەهاوێتە سەر تەرمەکەی هەمزە . لە هەورازەکە سەردەکەون .

---

* پیرەژن / ئەی کوێربم هەمزە .. کوێربم بۆت هەمزە

---

* پیرە ژن / ئەی کوێربم هەمزە . منت مەرە هەمزە بۆ جوانیەکەت .. بۆ مەردیەکەت .

---

* وێنەگر / لە ئۆردوگاکە ، وێنە دەگرێ لابەک دەکاتەوە بۆ ناو ئۆردوگاکە ...
زوم ئاوت ، هەموو ئۆردوگاکە پیشان ئەدات

# نۆما

نەجیبە ئەحمەد

وەکو زانایەک بیر لە دانانی تیۆرێکی تازە بکاتەوە، لە پاڵ باوکیا بێدەنگ دانیشتبوو. ئوتومبیلە سیخناخەکەش ئەتووت رۆژووانێکی چلەی هاوینە. لۆژ لۆژ بالای شەقامەکەی جێ ئەهێشت. ئەم حەزی ئەکرد ئوتومبێلەکە فڕۆکە ئاسا باڵ بگرێ و خێرا بگەنەوە بە ڕماڵی خۆیان. باوێشکێکی دا. (خۆ فڕۆکەش لە شار دروست ئەکرێ !) لە تویێی شیشەکانەوە سەرنجێکی دەرەوەی دا بینی وا هەتاو رەنگی سوور هەڵگەڕاوە و خەریکە بەیەکجاری ئەکەوێتە ئەودیوی کێوەکان، کەچی ئوتومبێلەکە هێشتا نەگەیشتوەتە کەلەکەی نزیک ئاوایی.

زانی زۆریان ماوە.. ماتییەک گرتی:

(هەتا من بگەمە ماڵەوە گشت هاورێکانم ئەخزێنە ناو نوێنەکانیانەوە، ئاخ .. خوایەکەی سبەینێ دێ ..!)

باوێشکیکی تری دا، پێڵوەکانی قورس بوون، خەو وەکو دێوجامەیەک بەری هەست و مێشک و چاوی ئەگرت و ئەم بە پەنجەی ناسکی خەیاڵ و تاسەی منالانەی لایئەبرد.. ئاواتە خوازبوو هەردوو دەستی دوو کێوی گەورە بن و پاڵ بەتاڵەرەشەکانی شەوەوە بنێن. لە نێوان ئاگایی و خەودا نۆمای هەزاران حەز ململانێیان ئەکرد. شەپۆلی ئارەزووە مەزنەکانی وەکو یەکەم پێکەنینی ژیانی پڕ لە نهێنی بوو. ئەیویست بیاندرکێنێ. بزەیەکی خەوالوکە وتەسەر لێوی و خۆی هاتەبەرچاو:

(چمکێکی کراسەپەمەییەکەی گرتوە بەدەستەوە، بەغاردان منالانی ئاوایی کۆئەکاتەوە.. سەری پێشانگایەک بوو هەزاران شتی سەیر و سەمەرەی تیابوو، ئەیویست دەرگای ئەو پێشانگایە بخاتە سەرپشت.. پێڵوەکانی درزێکی بچوکیان تێکەوت، باوکی زۆر بەهێمنی سەری خستە سەر رانی و وتی:

- خەوت دێ ..؟!

(سبەینێ دوای ئەوەی هاورێکانم کۆکردەوە بەرەو شەخسەکەی ئەوبەری ئاوایی ئەڕۆین.)

ئەندێشەی پاکی منالانە سبەینێ لە بەردەمیدا دانا . خۆی بینی ئەمجارەیان پێشەنگ و رابەرە چونکە لەکوڕی حاجی بترازێ،هەرئەم لەناویاندا بەدیدەنی شار و خەلکی شار شاد بووە .
( ئۆخەی کە ئیتر کوڕی حاجی ناتوانێ لەبەرامبەرمدا خۆی هەلکیشێ و خۆی بە گەورەمان بزانێ و باسی شار بکات .) . هەستی ئەکرد هاورێکانی بەچاوێکی پیرۆزەوە بۆی ئەڕوانن . ئەم بڕوا بەخۆکردنە هەنگاوەکانی گورجتر ئەکرد و گوژمی تازەی پێ ئەبەخشی . .بەدەم ڕێگاوەکاتێ بەتەپۆلکەکەدا سەرئەکەوت ، ڕووی تێکردن :
- گوێ بگرن .. شار کتومت وەکو مامۆستا بۆی باس کردین وایە .. زۆرشتی لە هی لای خۆمان ناچێ !!
- چۆن ..؟
- ئاوی کانی ناخۆنەوە .. قسەکردنیان کەمێک لە هی ئێمە جیایە و ، دەنگیش فرەهەلنابڕن هەمووشتە قورس و جوانەکانیش لەوێ دروست ئەکرێن .. هەرکە گەیشتنە سەر شەخسەکەوەکو رابەری شۆڕشێکی گەورە دەستی بەفرمان دەرکردن کرد :
- ئێرە پاک بکەنەوە .. ئەو بەردانە لێرەدانێن ..ئەوشوشەرەنگاورەنگانەم بۆبێنن ..
یەکێکیان لەولاوە هاواری کرد :
- ئای ئێرە چەند پارچەئاسن و مشتوی چەقۆ و لەتەگوێزانی لێیە ؟
ئەو لەجێگای خۆیەوە دەنگی هەلبڕی :
- هەمووی کۆکەنەوەو بیخەنە چالێکەوە .
سیما و ناخی هەموو منالەکان بووە چاو و ئەیڕوانییە دەست و پەنجەی ئالی نەشمیل کە وردە وردە وەکو ئەندازیارێکی شارەزا بناغەی خانویەکی تازەی دائەمەزراندوبەشانازیییەوە ئەیووت :
- سەیرکەن ، هەرئێستا خانویەک وەکو خانوەکانی شار دروست ئەکەم .
خەو و خەیال و تاسەی سبەینێ و دروست کردنی خانو کەوتنە پێشبڕکێ ولەچاوتروکاندنێکدا خەو بو بەرەشەبایەک و خانوی گەورەی خەیالی نەشمیل ـ ی هەلتەکاند و درزی پێلۆشی پێ لێک نا .

-٢-

بەیانی نەشمیل خەبەری بووەوە ، بەوهیوایەوە جێگاکەی بەجێ هێشت کەپرۆژەکانی ناو خەونەکەی دوێنێ ئێوارەی بینێتەدی . بەلام دوای ئەوەی چاوەکانی هەلگلۆفت و چاوی گێڕا ، سەرسام بوو : لەمالی خۆیان نین ، لەقەراغ ئاواییین ، لەوێ جێگای بۆراخراوە .. هەرچی خەلکی گوندەکەشیانە مال و حالیان گشت پێچاوەتەوەو لەشڕەبەتانی و گوێنیدا شەتەکیان داون . دایکی و باوکی و هەندێک لەخەلکەکە پالیان بەکۆلەکانەوەداوەو کزومات لێی دانیشتوون . هەندێک لەپیاوەکان دوور لەکۆلەکان تۆپەل بون و دەستیان کردووە بە تویێ

شتینەکانیاندا و ، ورتەورتێک ئەکەن . نەشمیل وەکو گەورەیەک لە سیما و دەموچاوی خەڵکە
ناما . هەموو ئەتوت خەوی ناخۆش ئەبینن ، ئەبڵەق ببون و هەر چاویان بەملا و بەولادا
ئەگێرا . بەتاسەو شەوقێکی سەیرەوە لەداروبەرد و درەخت و کانی و رەز و ئاسمانی گوندەکە
رد ئەبنەوە . ژنانیش بەدزەدزە خۆیان ئەخزێننە پاڵ یەکترەوە و سەیری چاوی یەکتری ئەکەن
هەر بەدزیشەوە فرمێسکەکانیان ئەسڕن . ئەمیش خۆی خزاندە بن دەستی دایکیەوە و وتی:

- دایە ، ئەوە چییە . ئەگوێزینەوە ..؟
- بەڵێ .
- ماڵی نازدار و سالار و پورە خەجێ - ش ؟
- بەڵێ هەموومان .
- بۆکوێ ؟
- نازانم .

ئەم وەڵامەی بەلاوە سەیر بوو ، دیمەنی گوندەکەش لەوە سەیرتر بوو . کش وماتوەکوئەوەی خۆڵی مردووی بەسەرا کرا بێ . نەکۆڵانەکان وەکو جاران منالآن تیایاندا فڕکانیانە و نەتریقەی پێکەنینی کچۆلانی سەر کانی ژنان و نەزرمەی پێی وڵاخ و نەقۆرەی گایەل ونەقیژە و وەحەی ژنان دێت . ئەوبەری گوندیش رەز و باخ و جۆگە و دێبەر گشت چۆڵ و هۆڵە .

هەستی منالانەجارێکی تر دەستی گرت بەسەر هۆش و خەیالیا و ویستی لەدایک وباوکی بترازێ و بچێ بۆلای هاورێکانی و باسی شاریبیان بۆبکات ، بەلام ئەمجارەش ئەو ئاواتەی نەهاتەدی چونکە زیلەکان کەچەند قۆناغێک لەخەڵکەکەوە دور بون کە وتنەفرەفر . . پیاوەکان بلاوەیان لێکرد و ، هەریەکە هاتەوەلای شڕوشاتاڵەکەی خۆی و لەگەڵ ژن و منالەکانیدا وەستا . هەندێ منال لەترسا قیژاندییان :

- دایکە هاتن ، ئەپلە لەسەرەکان هاتن .

زیلەکان لە خەڵکەکە نزیک بونەوەوهەریەکەیان پاشوی کردە کۆمەڵێک ،یەکێک لە جاشەکان کەخۆی بەلێواری زیلێکەوە هەڵواسی بوو ، بازێکی دا و بەسەر خەڵکەکەدا نەڕاندی :

- خێراکەن ، دەی شتەکانتان فرێدەنە ئوتومبێلەکانەوە .

ئیتر لەگەڵ دورکەوتنەوەی زیلەکاندا ، قرچەی جەرگی خەڵکەکەش بەرزتر ئەبۆوە . .

-٣-

لەئۆردوگایەکی زۆرە ملیدا ، نازدار و نەشمیل لەبەردەرگایەکی سەوزدا ، هەریەکەیان تۆپەڵێ قوڕی بەدەستەوەیە ، هەڵیئەشێلێ و هەرجارەی شتێکی لێ دروست ئەکا ، ئاواش بۆ یەکتری ئەدوێن

- نەشمیل توخوا ئاواییەکەی خۆمان لێرە خۆشتر نەبوو .
- ئاواییەکەی خۆمان ، وا بچوک نەبوو ، خانووەکان ئاوا لەپەنای یەکەوە نەبوون، ئینجا کۆڵانی زۆر و پانی تیابوو ، بۆخۆمان هەرڕاکەڕاکەمان ئەکرد وکەس لێمان توڕە نەئەبوو .

ئەچوینە ناو باخەکان ، بۆ سەر شەخسەکە ، بۆ سەر کێوە بەرزەکەی ئەوبەری ئاوایی ، کـەچی لێرە هەرئەبێ لەو حەوشە بچوکە، یان لەم بەردەرگایە یاری بکەیـن. ژورەکەشمان تاریک و ناخۆشە .

ـ یان ئەبێ لەسەرشۆرکەکەدا یاری بکەین .

ـ ئێمە کەمیوانمان دێت و جێگەمان نابێتەوە ، لە سەرشۆرکەکەدا ئەخەوین .سەرماشمان ئەبێت . دەرگای پێوەنیە ، بەگوێنی پەردەیەکمان بۆ کردووە ، لەبەینی بلۆکەکانیشەوە هەوا دێتە ژورەوە .

ـ باوکی من بەینی بلۆکەکانی هەموو بەقوڕ سواغ دا . پۆلیسەکانی ئەوبەرمانەوە لێشـی توڕەبون ، ترسا . ئەگینا ئاودەستخانەیەکیشی بۆ دروست ئەکردین .

ـ من حەزئەکەم بچینەوە ، هەمیشەش بەدایکم ئەڵێم ئەبێ بچینەوە ، ئینجا من لەسـەر شەخسەکە خانوی تازە دروست ئەکەم ، وەکو ئەوانەی لەشار دیومن . هەرلەوێش ئەچمـەوە قوتابخانە و مامۆستا حوسین ـ یش دەرسمان پێ ئەڵێتەوە و شتی خۆشمان فێرئەکات، لێرەش قوتابخانە هەیە،بەلام من ناچم ، شتی خراپمان فێر ئەکەن .

ـ ئەچینەوە ، دایکم و باوکم ئەڵێن بەکوێرایی چاوی دوژمن هەر ئەڕۆینەوە .

ـ وەڵلا دایکی من ، هەر ئەگری و ئەڵێ قەت ناڕوێنەوە .

ئەها نەشمیل چیم درویت کرد .

ـ چییە ..؟

ـ بەرخ . بەرخە سورەکەی خۆم ، هەموو جارێ ئەمبرد بۆ لەوەڕ . کە تێری ئەخوارد یـاری ئەکرد . زۆر جوان بوو .

ـ ئەی چی لێهات ؟

ـ تەپلە لەسەرەکان هەمویان بردن . بۆشی گریام .

ـ منیش ئەمەم دروست کردووە .

ـ ئەوە چییە ، چەند جوانە ؟!

ـ بێچوی ماینەکەیە ، ماینەکوێتی خۆمان ، کە هەمیشە لەگەڵ باوکما سواری ئەبوم و ئەچوم بۆ ئاوایییەکەی ئەوبەر ، بۆ مالی خالم .

دایکی نەشمیل دەرگاکەی ترازاند و بانگی لێکرد بچێتەوە، هەریەکەیان بەراکـردن بەرەو ماڵ بونەوە . نەشمیل هەرلەبەردەرگاکەوە توند چمکێکی کەواکەی دایکی لەدەست ئالاند و وتی :

ـ دایە ...

١٩٨٣

# لەیادی رۆشنبیرێکی نیشتمان پەروەردا

عومەر فاروقی

سێ سال بەر لە ئیستا ، واتە روژی چوارشەممەی بیستەمی جوزەردانی ١٣٦٦ ی هەتاوی ماموستا شیخ رەئوفی زیائی ( عاشق ) شاعیر و نوسەری کورد چاوی بۆ هەمیشە قونجان ومال ئاوایی کرد .

شیخ رەئوف ، سالی ١٢٧٣ ی هەتاوی لە شاری سەقز هاتە دنیا و لە تەمەنی ٩٣ سالیدا کوچی دوایی کردووە .

عاشق کوڕی حاجی شیخ مستەفای نەقشبەندی بوو ، کە حاجی شیخ مستەفا یەکێ بووە لە خەلیفەکانی شیخ عوسمانی سیراجەدین و دۆست و هاوخەلیفەی مەولەوی بوە ، کاتێ شیخ عومەری زیاءالدین بوە بەقوتبی تەریقەتی نەقشبەندی ، کچی خۆی بەناوی عادلەخاتون لە شیخ مستەفا مارەکردووە و شیخ رەئوف دەبیتە کچەزای شیخ عومەری زیاءالدین . هەربۆیە شورەتی زیائی بووە . ماموستا شیخ رەئوفی زیائی بەبونەی ئەوەوە کە باوکی لە شاری سەقزدا خاوەنی تەکیە و بارەگا و دەسەلاتیکی فراوان بوە ، لەناو جەماوەری خەلکدا ریز و حورمەتی تایبەتی بوو . دیارە خانەقای بیارە و تەوێلە و سەقز لە هەرکاتیکدا مەلاو دەرس بیژی هەرە چاکیان بووە ، شیخ رەئوف لە خزمەتی ئەواندا فیێری خویندەواری و زانست بوو ، بەتایبەت مەلا عەبدولقادری کانی کەوە باوکی شاعیری گەورە مەلا حەسەنی شاهۆ ، یەکی بووە لە ماموستاکانی ئەو . لە کاتی لاویەتی زیائیدا کوردستان ناوەندی شەڕی جیهانی بووە و هیزەکانی روس و بریتانیا و عوسمانی کردبوویانە جەولانگای خویان و ، هەرکام بوماوەیەک دەسەلاتی شوینیکیان دەگرتە دەست . لەوکاتەدا بەپیی نوسراوەکانی خۆی لە کتیبی ( یاددا شتهائی ازکردستان ) دەوریکی گرنگی لە سیاسەت و ئال و گوری کوردستاندا بووە ، هەروا کاتی حکومەتی کوردستان بە سەروکایەتی شیخ مەحمودی نەمر لە شاری سولەیمانی دامەزرا ، ماموستا زیائی لەگەل چەند کەسی تر لە شاری سەقزەوە بۆ پیروزبایی چووە خزمەتی مەلیک و لەوێ لە ولامی هەلبەستە ناودارەکەی ماموستا شیخ محمدی خالصی طالبانیدا شیعریکی فارسی دانا کە شیخ مەحمودی

نەمر زوری پی خوش بوو ، هەر لەوێ لەگەل عارف صائب و ماموستا زێوەر و باقی پیاوە ناودارەکانی کورددا بووە یار و هاودەم . پاش ئەوەی شیخ بۆ هیندوستان دوورخرایەوە و بنەمالەکەی ئاوارە بوون،زیاتری ئەنداماني بنەمالەی شیخ هاتنە ئاوایی سەر دەرەی سەقز کە مولکی زیائی بوو ، سەبارەت بەمە ، ماموستا زێوەر لەکتیبی خوێ بەناوی گەنجینەی زێوەردا نوسیویەتی : " پیاوەتی شیخ رەئوف سەبارەت بەبنەمالەی شیخ مەحمود ئەوەندە زۆرە کەدەبی کتیبیکی بو تەرخان بکریت " .

شیخ رەئوف خاوەنی چەند شوینەواری ئەدەبی و ئاینییە بەم ناوانە :
١ـ دیوانی شیعری کوردی ٢ـ دیوانی شیعری فارسی ٣ـ بیرەوەریەکانی خۆی ٤ـ قاعیدەی عەروز و بەدیع و قافیە ٥ـ آراء الفریقین ٦ـ وەلامی کتیبی شبهای پیشاور کەلەمانە تائیستا تەنها بیرەوەریەکانی لەچاپ دراون .

ئەمەیش نمونەی هەلبەستە کوردیەکانیەتی ، یادی بەخیر بێ :

وەلامی هەلبەستەکەی شیخ محمدخالص طالبانیٌ لەلایەن خوالی خوش بوو شیخ رەئوف زیائی بەزمانی فارسی کەنوسەری ئەم دێرانە وەری‌گیراوەتەسەر زمانی کوردی :

لەپاش عەرزی سەلام و ئیحترامات و دوعا خوانی
لەمەیداندا دەکات جەولە، وەک رۆستەم ، کوردی ئیرانی
منم نایب مەنابی سەعدی و فیردەوسی و خەییام
میرات گری نظامیم و جێگادارم بۆ قائانی
هەموو شیعرم گەلێ چاکتر،لەشیعری حافظ و سەلمان
زەم و هەجووم گەلێ زیاتر ، لە ئیرەج یاکو زاکانی
لە من نالی ، دەنالی و مەحوی دەماو مەحو
رضا یش غەیری رەزا چاری نەبوو ، واچاکە بی‌زانی
منم ئە شێرە زۆردارە کە خوێن دەتکێ لەپێنوسم
یەقین ، خالص ، لەمەیدانم ، وەکو طفلی دەبستانی
هەموو گوردان بەدەستی من ، شکاوەپشت وتوانایان
ئەتۆ لەم گۆرەپانەدا ، دیفاع لەخۆت ، کە ناتوانی
بەوەی کەهەجو دەکەیت و وا،توانج دەگریتە شێخ ومە
بۆ مۆژگاریت دەنووسم شیعر ، چون زانیم ، کەنازانی
بەحەوحەو روو دەکەیتەمانگ ولۆمەی مەلیکت کرد
دەسەلمێنیت کە بێ شوبهە ، گەمالّی پیری گەیلانی
جەسارەتت بەشێخ کردو هەموو دەورویەرت پیّوا
مەگەر نەقلّی ئەبوجەهل و موحەممەد نەبووەو نایزانی

لەخزمەتیا نیەرێگات لەبۆ جێگای چپە و سرتە
نەبووەو ناکرێتە سەرکردە ، وەکو تۆ ، هاوەڵی نانی
بەنوری شێخ رەجم دەکرێن چ شەیتان و چ جندۆکە
هەر بۆیە ئێستاکە دووری لە دیداری سولەیمانی
ئەم چەندبەیتەم کەدانا وە، لەبۆ باسی قسەوشیعرت
ئیتر با بێمە سەر باسی مەلیک مەحمود و یارانی
ئەمن چ بکەم ، چۆن بنووسم ،لەتاریفی جەنابی شێخ
چون ناگونجێت کەماڵی ئەو ، لەچوارچێوەی سوخەن رانی
وەڵاهـ ، نابێ لەئەوبدوێت ، بەرەڵا وبێ‌سەروسامان
کە نوری شێخ فراوانە و ، ئەمە رازێکە یەزدانی
بەتاملّ هەروەکو ئەیوب‌وهەیبەتی موسا و دەم عیسا
بەحیشمەت وەک سولەیمانە وبەدیمەن مانگی‌کەنعانی
بە راستی وەک ئەبوبەکرە و بەهەیبەت هەروەکوفاروق
لەشەرع و عیلم و عیرفاندا ، ئەوەعوسمانەکەی سانی
دور و یاقوتی شاهانە ، جێگای فەخری هەموو سادات
نەبیرەی حەیدەری کەرار ، مەحمودی سولەیمانی
حەفیدی شێخ و کاک ئەحمەد ،سەروکی‌میللەتی‌کوردان
ناکرێت هەرکەسێ بۆخۆی بداتە لاف و هاوشانی
نزیکانی هەموو ئاسەف ، هەیازن یان بوزە جەمیهر
مەگەر نادان و بێ چارە ، بکات زەمیان لە نازانی
ئەوەی دانیشتوون لای ئەو لە گەورە یاکو بچکولە
هەموو پاک و چ بێ خەوشن لە خو و کرداری شەیتانی
هەموویان قارەمانێکن وەیا شێری نیژادی کورد
لە دەرگای دا فریشتەن کە ، بەرین لەبیری نەفسانی
سەروک هۆز و هەموو سالار ، لەچواردەوروتەنیشتی شێخ
ئیتر خالص دەمت بەستە ، مەکە هەرگیز رەجەزخوانی
خودایا ، شێخ و یارانی بەلوتفی خۆت بپاریزە
بەحەقی شای نەقشبەند و مەقامی غەوسی گەیلانی
لەگوێ بگرە وتەی ( عاشق ) مەکە عادەت بە بەدگۆیی
کە ئەم کارە نیە سودی و ، دەهێنێ بۆت ، پەشیمانی

* * *

# لەکۆڵە پشتی پێشمەرگەیەکدا

# مەلا عەبدولڕەحمانی راجی

ئەبوبەکر شاخی

** کورتەی ژیانی راجی :

" راجی " ناوی ( مەلاعەبدولرەحمان ) کوری (مەلا ابراهیم ) ی (کویرەکانی ) ولەخێلی(جاف)ە رەشکەیە ودایکی ناوی (هەمین ) بووە . لەسالی ١٩١٢ لە شارە خۆراگرەکەی (کۆیە ) چاوی بۆژیان هەلهیناوە . لەسالی ١٩٢٠ لەلای باوکی دەستی بەخوێندنی باوی ئەوسدردەمە کردووە . بوفیربوونی زیاتر ... رووی کردوتە قوتابخانە ئایینیەکانی (کۆیە ) و (هەولێر ) و (کەرکوک ) و (سلیمانی) و (مەرگە)و(خۆشناوەتی)

لەسالی ١٩٢٩ گەراوەتەوە شارەکەی (کۆیە ) ولەخزمەتی زانا ناودارەکانی ئەوسای قوتابخانە ئایینیەکان خوێندنی تەواوکردووە . بەلگەنامەی مەلایەتی لەماموستا (مەلا بەهادین) وەرگرتووە . (راجی) شارەزاییەکی باشی لەعیلمەکانی (نەحو) و (سەرف) و (بەلاغە) و (بەیان) و (عەقائید ) و (ئوسول) و (فیقە) و (حیساب) و (جەبر ) و (هەندەسە) و (جوگرافیا ) هەبووە .

(راجی) ووشکە مەلا و کۆلکەخوێندەوار نەبووە ، پیاوێکی ژیر و هوشیار و کومەلایەتی بووە . چەندی بۆ رەخسابی خوی بەخوێندنەوەی (گوڤار ) و (روژنامە) وکتیبی تازەوە خەریک کردووە .

(راجی) لەسالی ١٩٣٩ هەرلەشاری (کۆیە) دلی دەچێتە بیوەژنیک بەناوی (مامز) لەپاش چەند سال ژیانی هاوسەری هیچ منالیکیان نابیت تا لەسالی ١٩٥٢ لەگوندی (خەرابە) ژنیکی تربە ناوی (زبێدە) دەخوازێ . لەم ژنەیان ئیستا چەند منالیان هەیە .....

( راجی ) چەند بلێی شاعیریکی دلتەر و هەست ناسک و بەسۆز و خروش بووە . هەمیشە ریزی لە داب و نەریتە پیروزەکانی نەتەوەکەی گرتووە و بایەخی بەپاراستن و گەشەپیدانی فولکلوری داوە .

( راجی ) بەژیانی مەلایەتی لەم گوندانە دانیشتووە : ( قولّ قولّە ) ، ( خەرابە ) ، ( گەلّنێری )، (سابوراوە ) . تالە دواسالی تەمەنی دا لەبەرنەخۆشی وناگوزەری ژیان لەدۆلی ( سورداش ) ەوە رووەکاتە دەوروبەری ( سلیمانی ) و لە ( بەکرەجۆ ) دەبێت بەمەلا .

( راجی ) لەوماوەیەدا هەردەم لەگەل بیری نیشتمان پەروەری و پیشکەوتن خوازیدا بووە وهەمیشە لەگەلّ کۆلکە مەلای نیشتمان فرۆش و گەل دۆش دا ناکوک و ناتەبا بووە .

بەداخەوە لەریکەوتی ( 1969/12/1 ) لەنیوان خیزانیکی هەژار و نەداردا مالئاوایی لەژیانی پرمەینەتی و کویرەوەری دەکات . هەزاران سلاو لەگیانی بەرز و نەمری و تەمەنی پرلە خزمەتی .

** شیعرەکانی راجی :

یەکەم شیعرکە راجی ی بەمن ناساند شیعریکی پارانەوە بوو بەناونیشانی ( إلهی ... )کە بەخامەی ( شەوگێڕی ) نووسرا بۆوە .

دووەم شیعر ( پەرچەم ) بوو کە ( شەوگێڕی ) بۆی خویندمەوە و ئەمنیش نووسیمەوە .

ئەو دوو شیعرە لەسەرەتای حەفتاکانەوە وەک ئەمانەتیکی پیرۆز لەلای من مابوونەوە . تالەسالی ( ۱۹۸۵ ) دا توانیم چەند شیعریکی بلاونەکراوەی تری ( راجی ) پەیدا بکەم .

سالی ( 1986 ) نامەیەکم ئاراستەی بنەمالەی ماموستای نەمرکرد و ئاگادارم کردنەوە کە چەند شیعریکی بلاونەکراوەی ( راجی ) لای من پاریزراون و نیازیشم وایە شتیکی لەسەربنووسم و بلاوی بکەمەوە .

سالی ( ۱۹۸۸ ) لەریگای برایەکی خوشەویستەوە ئاگادارکرام کە کاک ( صلاح راجی ) نیازی وایە بەرهەمەکانی باوکی کۆبکاتەوە و چاپ و بلاویان بکاتەوە . بەداخەوە دوژمن ریـیان نەدام کە ئەو شیعرانەیان بو بنیرم و سودیان لی وەربگرن .

ئیستاش وامن ئەو ئەمانەتە دەکەمە دیاری و پیشکەشی خوینەرانی (نووسەری کوردستان)ی دەکەم .

شیعری یەکەم ( لەسەری نووسرابوو : کلام راجی ) :

چاوەکەت هەر وەک غەزالەی دەشتە وا لیم رەم دەکا
بۆیە سەیادی دلم نسکۆ لە زەخم و غەم دەکا

لەت لەتت کرد جسم و و جەرگم تۆ بە شمشیری برۆ
یاری ئیستاکە لەگەل یار زەخمی بێ مەرهەم دەکا

زامی کۆنەی هەلوەشاندومەوە ، لەباتی مەرهەمی
وردە وردە ئەو تەداوی من بەزەهر و سەم دەکا

یار بەرۆژێ گەر بکا قەتلی دووسەد . . .نالێن چ بوو
من لەسەر جامێ مەی وا عالەمێ لۆمەم دەکا

ئەو بەمانگێ سەد کەرەت گۆڕینی جلکی پیشەیە
من بەسالێ خەرقەیەکە ،هێشتا سەرکۆنەم دەکا

هێندە گریاوم لە دووری تۆ ئەگەر باوەر دەکەی
سەیری لێشاوی سروشکم هەر لە بەحرو یەم دەکا

شیعری دووەم :

من لە یار و یاوەران و ناسکان بێگانە خوم
پێ بەدرگانەی رەشمالو جێگەی ئاگرخانە خوم

دل بەسۆز و سینە پر ئاهم لە دووری دۆستان
من پەراگەندەی حیجازم بێ کەس وتاقانە خۆم

تۆ لە تەلعەت دا وەکو باغی بەهەشتی خۆش نەسیم
من لە نالین و خروش دا مورغی کوشتارخانە خۆم

دائیرەی گریە و خرۆشم مەرکەزی ویران دەکا
شین و قور پێوانمە سەر بەخمی خمخانە خۆم

ئەی خودا مردم لە تاوی عیشوەی بالای دۆست
شاهەنشاهی عمومی سائیلی دەرگانە خۆم

بۆ نیاز و بەزم و رەزم و گەردشی مەیخانە یار
پڕ غەم و میحنەت زەدەو گەردن کەچ ومەستانە خۆم

کولبەی بەختم رەواجی دەنکە جۆیەکی نەما
(راجیا) ساقی سبەینەو رەنگی ئێوارانە خۆم

شیعری سێیەم :

وەختێ لە لەبی یارەوە مەیلی شەکەرم بو
نەمزانی لە هەر شەش جیهەتا هەش بەسەرم بو

هەرچەندە کە ویستم لە غەمی عەشقی خەلاس بم
جارێ لە دلا ئافەت و جارێ سەفەرم بو

دانیشتووە مەحبوبە لە نێو سینەی مندا
زانی کە بۆ ئەم قەسرەلە رۆژ من زەفەرم بو

ئیمرۆ کە نەچووم بیکەمە جەژنەی قوربان
لەم بەندی جگەرە حیکمەت سەرفی نەزەرم بو

هەروەک هەدەفی جەبری یە بوتیری بەلا دلێ
لایێ لە دلا ئافەت و لایێ شەرەرم بو

تا زەوقی بەهەشتم هەبو لەم میکەدە یاران
نەقد و تەرەب و شەوکەت و فەزلێ و هونەرم بو

ناوی هەیە ئەو دلبەرە شیرینە بەبێ شوێن
وەک من کە نەبووم نازی شوینی خەتەرم بو

نیوەشەوی دوێنێ شەوێ مامم حەمە قادر
سۆزی لە هەموو ریشەی بەندی جگەرم بو

(راجی) مەکە گریان و لە خۆدانی ئەسیری
هێشتاکە نەبووم کا ئەوخەمەی لەسەرم بو

شیعری چوارەم : ( پەرچەم )

ئەی پەرچەمت گرێ چین ، وەستاوە چین لەسەر چین
گرتوتە دیدە و دین ، بەستوتە روحی مسکین
موتریب بڵێ هەوایێ ، ساقی دەتێکە چایێ
یار هاتەدەر لە لایێ ، دڵ کەوتە فکر و تەخمین

نایەتە دەر هەناسەم ، دڵزاری ئەو هەیاسەم
کوشتەی ئەوسەربەتاسەم ، تالان دەکا سەلاتین

رازاوە دەشت و سەحرا ، یارم حیجابی لادا
عالەم چوونە تەماشا ، ئەی دڵ ئێمەش با بچین

شیعری پینجەم :( لەسەری نووسرابو کلام راجی )

نا برا مەروانە مال و خانەی وێرانی من
تێبگە تەحسیل و کەسب و کردەوەی عیرفانی من

رۆڵەی کوردم سیلاح سوورم لەمەیدانی شەڕا
عالەم ئەیزانێ چلۆنە رۆستەمی دەورانی من

مەزرەعەی کێلگەی وولاتم بەرنە ئەنباری جیهان
رزقی ئێران و عێراق تەزمین ئەکا خەرمانی من

سەیری کێو و دامێنی کێوانی کوێستانم بکەی
هەردەلێن ئەللاهوئەکبەر چەندخۆشە سەیرانی من

ئاوی بەرماوەی مەیە نیوەی جیهان تێراو دەکا
بۆ عێراق و ئەلجەزیرە روحە ئاو و دانی من

ئیدیعای موسبەتی ئێمە ئیسپاتی ئەکا
(راستوسێگا وبەیات ولاوکوحەیران ) ی من

تێبینی :

شیعری شەشەم :
کەشیعرێکی موناجات ( پاڕانەوە ) یەلەژێر سەردێری (إلهی ) لەگەل شیعری حەوتەم کە بە : ( دیدەکەم یادی دەکەم ) دەست پێ دەکات ، ئەگەر روژگار دەرفەت بدات لەداهاتودا بلاویان دەکەینەوە .

نەغەدە
١٩٨٩

ئێرەو ئەوێ

# لەوەڵامی دوو نامەدا:

سەبارەت بەوشیعرەی ماموستای نەمرمان ـ هێمن ـ کەلەژمارە "١٦" نووسەری کوردستان دا بلاوکرابۆوە؛ دوونامەمان بۆ هاتوە گلەیی ئەوەمان لێ دەکەن کە چۆن ئەم شیعرەمان بڵاوکردۆتەوە.. جا پێش ئەوەی ئەم دوو نامەیەتان بخەینە بەر دەست وچاو بەپێویستمان زانی سەرنجتان بۆئەم چەند تێبینی‌یە رابکێشین:

١ ـ ناوەرۆکی شیعرەکەی ماموستا هێمن بەهیچ شێوەیەک لەلایەن ئێمەوە دەستکاری نەکراوە مافی ئەوەش بەخۆمان نادەین، دەستکاری هیچ بەرهەمێکی نووسەرانی کورد بکەین مەگەر خۆیان رامان بسپێرن.

٢ ـ ئەم شیعرە "٨" سال لەمەوبەر لەکوردستانی گەرمێن دا خوشکێک بۆی ناردبووین کەلەبەرهۆی تایبەتی ناتوانین ناوی بێنین، چونکە رەنگە ئێستاش هەرلەشاری دێرینی هەولێر بێت؛ ئەوەی راستیش بێت شیعرەکە بەدەست خەتی خودی ماموستای هێژامان هێمن نیە، بەڵکو لەبەری نووسراوەتەوە؛ خوێندەوارانی کوردیش بەم جۆرە بڵاوکردنەوەی شیعری ماموستامان ئاشنابوون، بەتایبەتیش لە دیوی گەرمێن دا ـ چونکە ـ نالەی جودایی ـ یەکێک بوو لەوشیعرانەی ماموستاکە پێش بڵاوکردنەوەی لەگۆڤاروروژنامە کوردیەکان دا؛ بەدەست نووسی؛ هەموو کوردستانی گەورەی تەنیەوە.. بۆیە ئاسایی یە ئەم شیعرەش وابلاوبووبێتەوە.

٣ ـ لەنامەکەی کاک ـ سەلاح موکریانی ـ کوڕی ماموستا هێمن دا کەهەر لەم گۆشەیەدا وەک خۆی دەیخەینە بەردەستتان.. بەداخەوە کەمێک سەرەرۆیی بەرچاو دەکەوێ کەچاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد.. بەڵکو بەتەمابووین لەرووی ئاشنایەتی کاکە سەلاح بەماموستا، وەک کوروباوک، وئاشنایەتیشی بەشیعرەکانی سەرنجی خۆی بۆ نووسیباین و بۆچوونی خۆی دەرخستبا، نەک قسەی بێ پارسەنگ و دوور لە ناوەرۆکی باسەکە کەبنووسێ.. چونکە مەسەلەی مانەوەو چوونە دەرەوەی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە هیچ پەیوەندیەکی بەکرۆکی باسەکەوەنیە، بەڵکو پەیوەندی

بەباری رامیاری وژیانی خۆمانەوەهەیە ، هەرخۆشمان ئەوحەقەمان هەیە دەستنیشانی شوێنی ژیانی خۆمان بکەین ، شۆرشگێرێتی وکوردایەتیش پەیوەندی بەبیروبۆچوونی مرۆڤەوەهەیە نەکٚ شوێن،مەگەر مامۆستا هێمن خۆی لەکوێ ئەم شیعرە جوانانەی نووسی ..؟ لەزێدی خۆی دا ...؟ لەکوردستانی گەرمێن دا ..؟ یان لەبەغدای عەرەبستان دا ..؟!

پاشان ئاخۆ کاکٚ سەلاح ئاگاداری ئەوەیە ئیمەبەچ دەردەسەریەک ئەوە "١٠"سالە - نووسەری کوردستان - دەردەکەین وئەوەش دەزانێ لەسەرئەم ژمارە"١٦"ە یە چ گۆبەندیکیان بۆ گێراین ..!

٤- نامەی دووەم .. لەکاکٚ مەحمود شکاکٚ نەژاد.. ەوە هاتوە، کەبەداخەوە ئەویش تێروانینەکانی زانستیانە نین و تیروتوانجی زۆر نابەجێی تێدایە وەکٚ ئەوەی ئێمە ئەم شیعرەمان بەزمانی مامۆستای نەمرەوە هەلبەستیبێ ..!

کاکە مەحمودی شکاک نەژاد .. ئێمە نووسەرانی کوردین ، نووسەرانیش هەمیشە دلی زیندووی نەتەوەکەیانن .. بۆیە پاراستنی سامان ونووسینی گەورە پیاوانی نەتەوەکەمان ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی ئێمەیە ، ئەم شیعرەش ئەگەر هی مامۆستا هێمن بێ . ئەوە لەچالی ئەمانەوە دەرهاتوەو کەوتۆتە بەردەستی خوێندەواران ، کە ئەمەش بەلای ئێمەوە کارێکی پیرۆزە ، خۆئەگەر هی ئەویش نەبێ ، ئەوا هەموو رووناکبیرو نووسەرانی کوردستان بۆیان هەیە راوسەرنجی خۆیان بەبەلگەی زانستیانەوە بخەنەروو، ئەوکاتە بەئەنجامێکی دروست دەگەین

٥ - ئاش بەتال بوە، یادەبێ - هیچ باسێک یا وشەیەکٚ لەم بارەیەوە لەزمانی ئێمەوە نەنووسراوە رێگاش بەکەس نادەین گۆڤارەکەی ئێمە بەدەردی ماموستای کورد ببات و بکرێ بەگۆرەپانی ململانێ یەکی لاوەکی وتیروتوانج لەیەکٚ گرتن و سرینەوەی رابردووی تالٚ و شیرینی نەتەوەکەمان .. بلاوبوونەوەی هەربەرهەمێکیش لەگۆڤارەکەی ئێمەدا ، جگە لەوانەی بەناوی دەستەی نووسەرانەوە دەنووسرێن دەربڕی بۆچوونی نووسەرەکانن وخۆیان لێی بەرپرسیارن .

٦ - بەبیروڕای ئێمە ، ئەم شیعرە سەرتاسەری هی ماموستا - هێمن - ە ، نەکٚ وەکٚ کاکٚ مەحمودی شکاکٚ دەفەرموێ - بەشێکی - هی ئەوە ، ئەویش لەبەر چەند هۆیەکٚ:

١- ئەم شیعرە هی کەسێکی ئەم دیوەی کوردستانە ، چونکە چەند زاراوەیەکی تێدایە کەلەکوردستانی گەرمێن دا بەکارنایەت وەکٚ:- پلاوخورش - نەتەوەی کورش - گوریز - کەووشەیەکی فارسیەو بەمانای هەلاتن دێت ، کەسێک فارسی زان نەبێ نازانێ مانای چیە وبەکاریشی ناهێنێ .. هەرواش - مووشەکٚ - کەتەنیا لەم دیوەدا باوەو وشەیەکی فارسیە .

ب - بەکارهێنانی هەندێ وشەی تر دەردەخا کەشاعێریکی کوردستانی ئێرانەو هی ناوچەی موکریانیشە وەکٚ - وشەی - لەنێوگەلان - دا ، ئێمە دەلێین لەناوگەلاندا..

هەروەها زاراوەی حاجی هۆمەران ـ لای ئێمە دەگوترێ ـ حاجی ئۆمەران ـ .

ج ـ سەرتاپای شیعرەکە ، وەک شێوەو وەک ناوەروکێش لەهی ماموستا هێمن دەچێ چونکە شارەزاییەکی تەواوی بەبارودوخی ئەوسای ئێرانەوە پێوە دیارە ، کەبەدەگمەن شاعیرانی گەمریێ ئەو وردەکاریە دەزانن .

د ـ سەردەمی شیعرەکە ، ئەگەر چی نائومێدی تێدایە ، بەڵام ، هیوای دوارۆژیش رووناکە وەک لەدوا کوپلەدا هاتوە :

تا روژێک دەدرم بەرۆی شەرشانم
تفەنگ زمان دێ بو کوردستانم
مووشەک دەکێشێ رێگەی ژیانم
چی بەسەرشا دێ .. بو خوم دەیزانم

دواجار پێویستە ئەوە بلێین کەزۆرجاریش شاعیر لەبارودوخێکی دژواردا بەرهەمی واش دەنووسێ .. ئەوەش مانای ئەوەنیە نابێ ئەو بەرهەمە بلاوبکرێتەوە هەموو نەتەوەو شورشەکانی دنیاش ئەم دیاردەیەیان هەبوە ، چونکە ژیان خوی بریتیە لەهیوا و نائومێدی .. شیعرو بەرهەمی ئەدەبیش رەنگدانەوەی ئەم واقیعە تاڵ و شیرینانەن و ناکرێ لایەنێکی ببوێرین ، بو نموونە عەبدوڵلا پەشێوی شاعیر لەشیعری ـ سەدان سالە ـ دا دەلی :

سەدان سالە کتکە کویرەی
گوشەی مەتبەقی سولتانم
سەدان سالە ...
دەرگاو حەوشەی خوم والایەو
لەبەردەرگای دزانی خوم پاسەوانم
سەدان سالە ..
جووتیک سۆلی پینە پینەم
دوای تلیشێک فرێ دەدرێم
دوای پینەیەک لەپێ دەکرێم ..!

لەکاتێک کە کەس نکوڵی لەشۆرشگێرێتی ودڵسۆزی پەشێو نیەو یەکێکە لەشاعیرە مەزنەکانی ئەمرۆی کورد ...

دوا جار بەئومێدی ئەوەین کاک سەلاح و کاک مەحمود دڵیان گەرد نەگرێ و بەسینگێکیی فراوانەوە ئەم روون کردنەوەیە وەربگرن ـ دەرگای گوفارەکەشمان ئاوەلایە بۆهەر دیدو بۆچوونێکی زانستیانە ، کەتیشکێک بخاتە سەرئەم باسەو زیاتر بەرەو ساغ کردنەوەی ئەم شیعرەی ماموستا هێمن بچێت .

نووسەری کوردستان

١٩٩٠/١١/٢٠

ئێرە و لەوێ

تێبینی یەك:

# لەسەر شیعرەکەی مامۆستا هێمن

سەلاح موکریانی

زۆرم پێ سەیرە کەلەم کوردستانە هەرکەس گۆڤارێکی چاپکرد وبووبە سەرنووسەر هەرچی ودەستی کەوت بێ یەکێ ودوو چاپی دەکا . مامۆستای کوردکەیەکێ لەم گۆڤارانەیە کەکاکێ فەرهاد شاکەلی لەسەریەکێ گرتنی تاقمەسیاسیەکان هەروا باسی ماموستا هێمنی کردبوو لەژومارەی ٣ و ٤ ئەم گوڤارەدا کاکێ ئەمیر حسن پور هێرشێکی زۆری بوو بۆسەرماموستا هێمن و بەتایبەتی مام هەژارو رابەری گەورەی گەلی کورد بارزانی : هەژاری بەزوڕناژەنی بارەگای بارزانی ناساندبووڕەخنەی لەماموستا هێمن گرتبوو کەشاعیرێکی کمۆنیست نەبووە ونیشتمان پەروەر بووە . زۆربەتەمابووم قەلەم تاودەم وجوابی کاکێ ئەمیرحسن پور بدمەوە بەڵام لاوانی هەتا بڵێی رەخنەیان لێ گرت نوسینەکەی کاکێ پێکول موکریانی سوکنایی خستەدلی من و وازم لەجواب دانەوەی هێنا لێرەبویە دوو پاتەم کردەوە لام سەیرە کەبۆچ دەبێ نوسەری کوردستان وەکێ ماموستای کورد دەکا . لەژمارەی " ١٦ " ی نوسەری کوردستاندا شیعرێکێ بەناوی مام هێمن بڵاوبۆتەوە کەبەبڕوای من وزۆربەی برایانی ئەدەب دۆستی مەهاباد هی ماموستانیە بەچەندهۆ . ئەوەئاشکرایە شیعرەکانی هێمن بەرلەچوونی بۆ کوردستانی گەرمێن کزترن لەشیعرەکانی ئەم ئاخریانە . ئەم شیعرەش کاتێکێ گوتراوە کەماموستا کەوتۆتە ئەوپەڕی بەئەزمونی ، تۆبڵێی خوینەری خۆشەویست ئەم شیعرە مافی هێمنی پێ وەبێ ؟ هێمن کەنالەی جودایی خولقاندبێ تۆبڵێ شیعری واکزی گوت بێ ؟ چی بەکوشتم دارۆیی بەفیڕۆ

لەنیوگەلان دا سووک بووم وەکەپەڕۆ

هەروا لەتاریکێ و روون دا باسکراوە کەمامۆستا هێمن بەپێ چەوانەی زۆربەی شاعیرانی کورد جنێوی بەهیچ نەتەوە یا مرۆیک نەداوە لەبیرمە لەساڵی ٥٧ی هەتاوی کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت شیعرێکێ بۆ مامۆستا هەژار گوترابوو و.چەرسی کرابوەسەری . بەناوی هێمن بڵاوبۆوە بەڵام کاتێکێ گەیشتبووە دەستی مام

هەزار فەرمووبووی من شێوەی شیعری هێمنی لێ ناکەم هی ئەونیەوو لەدوایی دا دەرکەوت ئەم شیعرە هی کاک ئەحمەدی قاضی سەرنوسەری بێ خوینەری ئێستەی گۆڤاری سروەیە لەوەها کاتێک دا کەکورد گەیشتۆتە ئەم قۆناغە کەدەبێ لە راست داگیرکەران دا یەک گرتووبێ ، بۆچ دەبێ نوسەرانی شاخ ئەمە نەزانن و ئەگەر خوای نەخواستە ئەم شیعرە هی ماموستا هێمنیش بێ بۆدەبێ چاپی کەن یاخۆ نوسەرانی شاخ دەیان هەوی بارەگەیان بۆئەوروپا تێک نێن و جائەو دەم لە وێندەرێ نوسەری کوردستانمان بۆدەرکەن ،

بارگەیان پێکەوە نابەڕی بوون یاران

لەدەنێ بەتەنێ پاشی ئەوان من چبکەم ؟ " هیمن "

بڵێن کاکە لێرەش ئەم گۆڤارە هەردەی پاریزین بانەگاتە دەستی کەس وەک سروەی ئێستە ئەوەندە بێ نێوەرۆک بووە کاتێک بەکاک ئەحمەدی قازی دەگوترا کاکە ئەوە بۆچ خری ناکەنەوە دەلی بوونی لەنەبوون باشترە! داوا لەدەستەی نوسەرانی ئەم گۆڤارە دەکەین ئەگەر ئەم شیعرەیان بەدەستنووسی ماموستا هێمن لایە ئەوە کەلیشەی ئەم دەستنووسە بڵاوکەنەوە.

لێرەو لەوێ

# سەرنجێك و هەڵویستەیەك
# لەسەر شیعرەکەی هێمن

مەحمود شکاكنەژاد

زۆرلەمێژبو لێرەولەوێ باسی لەچاپ درانی چەند گۆڤارو مانگنامەی کوردی لەلایەن تا قمیكێ نوسەری ئەم دیوو ئەودیوی سنورەکانی ئێران دەکراولەونێوەدا شانازی چەند چاوپێ کەوتنم لەگەل برای بەڕێزوماموستای خۆشەویست کاکە حەمەباقی وەدەست کەوت کەئەویش رای ئەسپاردم گۆڤارەکانی کوردی بەتایبەتی نوسەری کوردستان بخوێنمەوەو ئەگەر بۆم لوا یارمەتیشی بدەم کەبەداخەوە لەبەر چەند هۆی تایبەتی خۆم ئەم کارەم بۆنەکراو هیوام وایە لەداهاتودا بیرومێشکم بوئەم یارمەتی دانە ئامادەبێ .

لەم رۆژانەدا کەماوەیەك بەسەر لەچاپ درانی ژمارە " ١٦ " ی گۆڤاری نوسەری کورددا تیدەپەری ، لەتەك ژمارەیەك لاوانی بیرتیژوئەدەب دۆستی مەهاباد باسی نوسەری کورد وەگەڕ کەوتەوەو هەرکەسەی بیروباوەری خۆی سەبارەت بەم گۆڤارەو ناوەرۆکی ئەو دەردەبڕی هەتاباس کەوتەسەر " شیعرەکەی ـ هێمن " کەلەلاپەرەکانی ١٧٧ ـ ١٧٨ ـ ١٧٩ دا چاپ کرابو .

من رەنگە لەدرێژایی ژیانم دا دو " دەنکە " شیعرم نەهۆنیبێتەوە وهەر سەرەدەریشی لی دەرنەکەم بەلام لەبەرئەوە دایك و بابم کورد بون و ئاخاوتنم هەر بەو زمانە بوە لەماناو نێوەرۆکی زۆرشیعران دەگەم وئەگەر شیعرە خوێناویەکانی مامۆستا " هەژار " ، رێگای فێربوونی فەرهەنگ وئەدەبی کوردیان بۆ کێشام قەت لەبیرم ناچێ کەشیعرە بەتام و تینەکانی مامۆستای خوالێخۆشبو " هێمن " فرچکی ئەدەبیان پێ گرتم و توانیم لەرێگای پڕلەهەورازونشێوی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دارەدارە بکەم .

لەراستی دا هەرهەڵبەست یا پەخشانێك مافی هێمنی پێوەبێ وەك منداڵێکی ساوابۆنی دەکەم و بەرەوپیری دەچم وهەرچی ناموش بێ لی هەڵداوێرم .

بەڵام ئەوپارچە شیعرەی کەبەنێوی ماموستای خۆشەویستم "هێمن" لەژێرسەردێری

" شیعرەکەی هێمن " لەگۆڤاری نوسەری کورد ژمارە "١٦" لەچاپ دراوەبە بیر باوەڕی من لەچەند بارانەوە شیاوی سەرنج دان و لێکۆڵینەوەیە کەهیوادارم کاکە حەمەباقی کەرەنگە تەواوی تیروتوانجم هەربۆئەوبێ وەری گرێ و هەتا بۆی دەکرێ لێم تورە بێ :

مەسەلەی یەکەم کەشیاوی سەرنجە کەلکێ وەرگیران لەچەند کەلیمە " ووشە " ی کەلەنێو ئەم شیعرە جوانەدا زەق ورەق دەنوێنن و لەگەل شێوە نوسین و ئاخاوتنی ماموستا هێمن نامۆن بۆ وێنە :

لا پەڕەی 178 دێڕی ١٥ " دوایی بەدەرکەوت کورت وکرمانجی " لەبۆکانەوە بگرە هەتا میاندواو ـ مەهاباد ـ نەغەدە ـ شنۆ ـ خانێ ـ سردشت تەنانەت سقز بانەوسنە ، کێ دەڵێ بەدەرکەوت گشت دانیشتوانی ئەم مەلبەندانە یادەلێن " وەدەرکەوت " یائێژن " دەرکەوت " ، ماموستا " هێمن " یش لەوکەسانە بوکە سوتاوی کەلەپوری نەتەوایەتین وبەیت وباوی پێشینیان هەتوانی هەموو دەردانی بو ولەتەواوی شوێنەوارەکانی دا شێوە ئاخاوتنی " کرمانجی نێوەڕاست " " موکریانی " یا " سۆرانی " یاهەرچی حەزی لێ دەکەن شەبەق ئەداتەوە یا لە لاپەرەی " ١٧٩ " دێری چوارەم نوسراوە :

" لەرووی دێ دەڵی شۆرش بێ هێزبو "

هەرئەم لاپەرەیە دێری ٢٣ نوسراوە

" تفەنگ زمان دێ بو کوردستان "

ئایا جوانترنیە بنوسری " تفەنگ وەزمان دێ .... " بڵێی بۆ شارەزایەکی وەکێ " هێمن " وەزن و قافیە هەتا ئەو رادەیە دژواربوبێ کەئەم میسرەعە کەمە ولەچەنددیرسەرەوەتر " دێری ٢٦ " بۆ قافیەی پارێز " هاوقافیەی گوریز بێتەوە ؟؟!!

برای نزیک لەکاکە حەمە باقی هەرلەم باسە وراوێژەدا رای گەیاند کەکاکە حەمەد حمە باقی " فتۆکۆپی " دەست نوسی ماموستا هێمنی هەیەو ئەگەر پێویست بێ بڵاوی دەکاتەوە .

من لەسەر ئەم باوەڕەم ، رەنگە ئەم پارچە هەڵبەستە بە " بەشیکی زۆرەوە هی مامۆستا هێمن بێ بەڵام دەبێ دەستی تێدرابێ وکەم زۆرکرابێ هیوام وایە مامۆستا حەمە باقی لەو دڕدۆنگیە رزگارم بکا .

مەسەلەی دوهەم کەلەم شیعرەدا شیاوی باس و ورد بونەوەیە باری سیاسی نیزامی وکۆمەڵایەتی سەردەمێکە کەئەم شیعرەی تێداهۆندراوەتەوەو ئەم پەیامەی بۆ ئەورۆی هێناوە :

ئایا بەراستی پاش بەتاڵ کراوە یاخەریکە بکرێ کەکاکە حەمە باقی هاوکارانی لەتاقمی نوسەرانی گۆڤاری " نوسەری کورد " دەیانەوێ ووریایی

بدەن بەوچەکدارانەی کەلەودیو بەزستان و هاوین ناسرەون ؟ ئایا ئەم برایانە هیچ بیریان لەوەکردۆتەوە ئەم پارچە هەڵبەستە بۆمەزنە مرۆیەکێ گوتراوەکە سەردەمێک شێر لەبەرنێوبانگی دەلەرزی و هەزاران کەسی وەکێ ... بەنێوی ئەو چەکی یان هەڵگرتبو وئەورۆش هەرماون ؟ ئایا نازانن کەلەچاپدرانی وەها شیعرێکێ رەنگە ساردی وسڕی،دردۆنگی جێگری شنەبای فێنکی برایەتی بکا ؟

بلێی مەبەستچ بێ ؟

ووریابی !؟ .............. گێرەشێوینی !؟

مەهاباد ـ مانگی خەزەلوەر ١٣٦٩

شورای عاشورا دیسان بەزمش بەست
محرم ئاما مەحرەم شی نەدەست
ئەوخەریک نەچول شام عەدەم دا
من نەکەربەلای سارای ماتەم دا

" مەولەوی "

# میهرەجانی نەورۆزو هەڵەبجە

یەکیتی ی هونەرمەندانی کوردستان ـ کومیتەی شاخ ـ بەبونەی جەژنی نەوروزو دووەمین سالروژی کیمیابارانی هەلەبجەوە، لەژیر دروشمی بوئاشتی .. بو مروف .. بو کوردستان دا، لەناوشاری سەقز، لەروژی نەوروزەوەو بوماوەیچەند روژیک میهرەجانیکی قەشەنگی بەریوە برد، کەبریتی بوو لە:

* تیپی موسیقای شەهید کارزان و چەند بەرهەمیکی گورانی موسیقا

تیپیی موسیقای شەهید کارزان کەلەئەنجامی ویست وهەولی دلسوزانەی چەند هونەرمەندیکی پیشمەرکەدا، کەلەریکەوتی ١٩٨١/١٠/١ کەروژی موسیقای جیهانیە، لەتوری خەباتی بەرەناگری و لەناو سەنگەرەکانی پیشمەرگابەتیدا دامەزراوە، تا ئیستا چەندین چالاکی هونەریان ئەنجام داوەو سی کاسیت گورانی و سرودی تومار کراویشیان بلاوکردوتەوە، لە ٣/٢١ی ئەمسالداو بو ماوەی چەند روژیک لەهولی سینەمای (استقلال)ی سەقز، ئاهەنگیکی قەشەنگی گورانی و موسیقایان بەریوەبرد، کەبریتی بوو لەکومەلیک گورانی و سرودو گورانی سیاسی و موسیقاو کورالیک بەناوی " کورالی داستانی هەلەبجە " ....

هونەرمەندانی گورانی بیژ کاک ( حەمە جەزا ، عەتای حاجی عەلی ، ماموستا جەلال عەزیز ، سەلام ئەحمەد فارس، شوان کابان ، سیار بامەرنی ، کاکومەحمود و بەناز حەمە جەزا ) هەریەکەی بەگورانیەک یان زیاتر بەشداریان کرد، هەروا هونەرمەندان ئاراس ئیبراهیم و سوران جەلال هەریەکە پارچەیەک موسیقای کوردیان پیش کەش کرد، ئەوە جگە لەوەی زوربەی گورانی و سرودەکان لەئامادەکردنی هونەرمەند ئاراس ئیبراهیم بوون ...

موسیقا ژەنەکانیش بریتی بوون لە ( ئاراس ئیبراهیم ـ کەمان ، دلیر ئیبراهیم ـ کەمان ، سوران جەلال ـ پیانو، دلوفان عەلی ئەحمەد ـ کلارنیت ،شوان ـ درامز،

عەتای حاجی عەلی دەف ـ درامز ) کورالی داستانی هەلەبجەش کەبریتی بوو لە هەلبژاردەی کومەلیک پارچە شیعری چەند شاعیریکی کوردو لەشیوەی داستانیکدا ئامادەکرابوون و هونەرمەند دلیر ئیبراهیم ئاوازو دابەشکردنەکەی ئەنجامدابوو، نزیکەی ٢٥ دەقیقەی دریژە کیشا، جگە لەموسیقا ژەنەکان، بیست و شەش گورانی بیژو کورسی تیکەل لەکورو کچ بەشداریان تیدا کردبوو، لەماوەی ئەو چوارسالەدا کە کورال هاتوتە ناو موسیقای کوردییەوە، تائیستا ژمارەی کورالەپیشکەش کراوەکان لە ١٠ ـ ١٢ کورال تینا پەرن، ئەم کورالەش ئەگەرچی یەکەمین تاقیکردنەوەو کاری کورالی تیپی موسیقای شەهید کارزان بوو، ئەگەرچی گیروگرتفی زور هاتەری ئەنجامدانی لەبابەتی کەمی روژانی پروفە کردن و کەمی موسیقا ژەن و بەزەحمەت پەیدا کردنی کورس و ئامیری موسیقاو جگە لەزور گیروگرفتی دیکەش لەکاتی پیشکەش کردندا، بەلام تیکرا تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتووبوو، خەلکی پیشوازیەکی زور گەرمیان لی کرد، بەئەندازەیەکی وا لەخوبیشاندانیکی هونەری گەورە دەچوو .. خەلکیکی زور لەشارەکانی وەک سنەو مەهابادو بوکانوە هتدەوە داوایان کرد کە ئاهەنگەکە بو شارەکانی ئەوانیش بگوازریتەوە، بەلام بەداخەوە هەندی گیروگرفتی سەروی دەسەلاتی تیپەکە، لەئەنجامدانی ئەو کارە ریگربوون .. ئەوەی شایانی باسە ئاهەنگەکە بەکاسیت و کاسیتی فیدیو، هەرلە هولی سینەماکەدا تومارو بلاوکراونەتەوە .

ئای کی بی بانگ و هاوارو پەیام
بگەیەنیتە گوی گوری خەیام
بلی هەی سەرشیت، کوشتەی گری تەر
گەر تیتاماوە ، یەک توز نرخ و فەر
تو لەسەر باکەی شوشەکەی شکان
لەگەل خودادا کردت بەزوران
هەلسە بەرەو ئەم ناوە هەلتووتی
نەک شووشە شکا وا رەز ئەسوتی
حەمە صالح دیلان

یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان
کۆمیتەی شاخ




میهرەجانی نەورۆز و هەڵەبجە

بۆ ئاشتی .. بۆ مرۆڤ   بۆ کوردستان

تیپی
مۆسیقای شەهید کارزان
لەچەند بەرهەمێکدا

١٣٦٩/١/١ + ١٩٩٠/٣/٢١
هۆڵی سینەما استقلال ـ سەقز

# شانۆنامەی نێرگزو مەرگی هەڵەبجە

** تیپی شانۆی کوردستان ، بە بۆنەی دووەمینساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجەوە ، لە رۆژی ( 1990/3/16 ) ەوەو بۆماوەی چەندرۆژێک لە هۆڵی " کانونی پەروەردەوفێرکردنی منداڵان و مێرمنداڵان " ی شاری سەقز ، شانۆنامەی " نێرگز و مەرگی هەڵەبجە " ی پێش کەش کرد کە لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەند " قادرۆک " بوو.. تاوەڕۆکی شانۆنامەکە ، کارەساتی هەڵەبجە و تاوانبارکردنی رژیمی بەعس و دام و دەزگاکانی و دروست کردنی چەکی مرۆڤ کوژ و هەموو ئەوانەش کەلە هەڵەبجەدا دەوری دزی و خراپەکاریان هەبووە.. بەگشتی ، ویرای بوونی خەوشی دیار چ لە دەقەکەدا و چ لە دەرهێنان و نواندن و ... هتد یشدا ، شانۆنامەیەکی چڕ و پڕلق و پۆپ بوو ، بینەری لەگەڵ خۆیدا کێش دەکرد و توانای هونەری قادرۆکی بەرجەستە دەکرد ، لەماوەی ئەو چەند رۆژەدا ، هەزاران کەس لەخەڵکی شاری سەقز و شوێنی تریش بەشداری دیتنیان کرد.

** میهرەجانی نەوروز و هەلەبجە :-

یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ـ کۆمیتەی شاخ ـ بە بۆنەی جەژنی نەورۆزو دووەمین ساڵڕۆژی کیمیا بارانی هەڵەبجەوە ، لە ژێر دروشمی " بۆ ئاشتی .. بۆمرۆڤ ..... بۆ کوردستان " وا بۆ ماوەی چەند رۆژێک لە شاری سەقز ، میهرەجانێکی رەنگینیان سازکرد، کە کۆمەڵێ چالاکی هونەری هەمەجۆری تیا پێش کەش کران ، لەوانە :

** لە رۆژی ۲۱ ـ ۳ ـ ۱۹۹۰ وە بۆ ماوەی چەند رۆژێک تیپی موسیقای شەهید کارزان، لە هۆڵی سینەمای ( استقلال ) ئاهەنگێکی موسیقی پێش کەش کرد ، کە پێک هاتبوو لە چەندین سرودو گۆرانی و موسیقا ، وێڕای گۆرالی ( داستانی هەڵەبجە ) کە هەڵبژاردەی پارچە شیعری چەند شاعیرێک بوون و لە شێوەی داستانێک دا رێکخرابوون و بەرهەمی زەحمەت و سەلیقەی هونەری هونەرمەند کاک دلێر ئیبراهیم بوو....

هونەرمەندانی دەنگ خوش " مامۆستا جەلال عەزیز ، کاک حەمە جەزاعەلی ، کاک سەلام

ئەحمەد ، شوان کابان و عەتای حاجی عەلی " چەند گۆرانیەکی سیاسیان پێش کەش کـــردو هونەرمەندان ( ئاراس ئیبراهیم و سۆران جەلال ) بیش وێرای بەشداریان لەکارەموسیقیە - کاندا ، هەریەکەو پارچەیەک موسیقایان پێش کەش کرد . ئەوەی جێی سەرنجە ، ئەوە بـــوو کە پێشوازیەتی زۆر گەرم و نموونەیی لەو ئاهەنگە موسیقیە کراو خەڵکێکی یەکـــجار زۆر رۆژانە بۆ بینین و گوێ گرتن دەهاتن.

** پێشانگای تایبەتی هونەرمەند عەباس عەبدولرەزاق :

پێشانگەی هونەرمەند عەباس عەبدولرەزاق ، کە لە رۆژانی ٢١ - تا ٢٥ ی ٣ - ١٩٩٠ لە هۆڵی یانەی وەرزشی پیرۆزی دا کردیەوە لە سێ بەش پێک هاتبوو ، بەشی فۆتۆگراف کـــە چەند وێنەیەکی رەنگاو رەنگی فۆتۆگرافی تێدا پیشان دابوو ، وێنەکان باسیان لە هەنـدێ حاڵەتی تایبەتی ژیانی کۆچ و کۆچبار و ژیانی ئاوارەیی ناو ئوردوگاکان دەکرد، بەشـــی ڤیدیو ، پیشان دانی چەند فلیمێکی ڤیدیۆیی گرتبوە ئەستۆ ، کە سەبارەت بە کیمیابـارانی هەڵەبجە و ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری خەڵکی کورد دەدوان .... بەشی سێ هەم بریتی بوو لە سینەما سلاید، لەو بەشەدا فلیمێک بە سلاید ، سەبارەت بە کیمیا باران وچۆنیـەتی دەربەدەری و ژیانی ئاوارەیی ناو ئوردوگا پیشان دەدرا ولەگەڵیشیدا ، کیژۆڵەیەکی 6 -7 ساڵانە ، بەسەرهاتی خۆی و خێزانەکەی لەناو ئەو کارەساتەگەورەیەدا وبەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ خستنە رووی دیمەنەکاندا ، بەزمانێکی پڕ لەسۆزی هەست بزوێن دەگێڕایەوە..بەگشتی پێشانگایەکی سەرکەوتوو و تاقیکردنەوەیەکی نوێ بوو ، دەیتوانی کار لە سەرهەست و ویژدانی بینەربکات و هەڵویستێکی پڕ لەرقی پیرۆزی بەرامبەر بەم تاوانە پێ وەربگرێ .

** پێشانگای تایبەتی هونەرمەند کاکەعەبە :

لەرۆژانی 26 تا 29 ی مانگی ئازار ، هەر لەهۆڵی یانەی وەرزشـــی پـــیرۆزی دا ، هونەرمەند کاکەعەبە ، پێشانگای تایبەتی خۆی کردەوە . لەو پێشانگایەدا 48 تابلۆ پیشـــان درابوون ، کە (10) تابلۆیان گرافیک ئاسای رەش و سپی و (10) ی تریان سوریالی رەش و سپی و (28) ەکەی تریشیان کاریکاتێری رەنگی بوون .. بابەتی تابلۆکان ، تێکڕا ژیانی پڕ زەحمەت و دەربەدەری خەڵکی کورد و پەردەلادان بوو لەرووی زوڵم و ســـتەمـــی بەعسیە فاشیەکانی عیراق و بێدەنگی رای گشتی دنیاش بوو بەرامبەر بەو قەسابخانەیەی لەعیراقدا دژی کورد بەرپاکراوە .. ئەوەی جێی سەرنجە لەسەرجەمی تابلۆکاندا ، بابەتی زۆر و چڕ لە چوارچێوەی یەک تابلودا دەبینران .. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەرگایان لەرووی حاڵی بوونی بینەر دانەدەخست .

** کۆڕیشیعر و موسیقا لەمهاباد :

لە ماوەی شەوانی ٤ -٥- ٦ ی مانگی ئایاردا ، هەزاران کەس لەدانیشتوانـــــی شاری مهاباد ، روویان کردە هۆڵی سینەمای " تەربیەت" بۆ گوێگرتن لەو کۆڕە شیعری و ئاهەنگی گۆرانی و موسیقایەی کە ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی سازی کردبوو...

لە ماوەی ئەو سێ شەوەدا ، دەیان شاعیر، بەشداری شیعر خوێندنەوەیان کـــــردو چەنـد

شاعیرێکی ئەندامی یەکێتیەکەشمان لەو بەشدارانە بوون هەروا تیپی موسیقای سەر بە ئینتشاراتیش بە چەند ئاهەنگێکی گۆرانی و موسیقا شەوانی شیعر خوێندنەوەکانیان رازاوەتر کردبوو ... بەڵام خۆزگە "گۆرانی و موسیقا" و "شیعر" نەدەخرانە یەک بەرنامەوەو بۆ هەر کاتێکیان بەرنامەی تایبەتی دەبوو ، چونکە هەر گوێگری تایبەتی خۆی هەیەو جیاکردنەوەیان خزمەتی زیاتر بە مەبەستی کۆڕەکە دەگەیەنێ .

** شانۆنامەی "زمانی مردوو قسە ناکات"

تیپی شانۆی بادینان ، لە رۆژانی ١٤ تا ٢٣ ی مانگی ئایاری ئەمساڵ لەسەر شانۆی هۆڵی ئیرشادی ئیسلامی شاری بانە ، شانۆنامەی "زمانی مردوو قسە ناکات" ی پێشکەش کرد.. شانۆنامەی لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەندی لاو کاک هەژار بوو ، کە لە بنچینەدا لە ئەدەبی بولگاریەوە ئامادەکرابوو، بەچەشنێکی وا کەلەگەڵ واقیعی ژیانی گەلی کوردا بگونجێ .. شانۆنامەکە بە کورتی ، باسی ژیانی پێشمەرگەیەک دەکا ، کە لەناو شاردا لەلایەن رژیمەوە دەستگیر دەکرێ و دەخرێتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدانەوەلە ئەنجامدا بێ ئەوەی یەک ووشەی لە دەم بێتە دەرەوە وببێتە مایەی ئاشکرا بوونی شوێن و ناوی هاورێکانی شەهید دەبێ .

** پێشانگای تایبەتی هونەرمەند ئاکۆ غەریب

لەرۆژانی ١٥ تا ٢٠ ی مانگی تەمووزی ئەمساڵ ، لە هۆڵی یانەی پیرۆزی سەقز ، پێشانگای تایبەتی هونەرمەند ئاکۆ غەریب کرایەوە ، کە بریتی بوو لە ٢٨ تابلۆ. سیانزدەیان پانۆراما یەکی چڕو هەست بزوێنی کۆچ و کۆچباری دوای (ئەنفالەکان) ی خەڵکی کوردستان بوون... کارەکان تێکرا ، وەک تەکنیک و بەکار هێنانی رەنگ و هەڵبژاردنی گۆشەی روانینەوە لە دنیای رومانتیک نزیک دەبوونەوە .. ئەوەی جێی سەرنج بوو، ئەوەیە کە ئاکۆی هونەرمەند ، لە رێی توانستی هونەری و دەست رەنگینی و ئاستی رۆشنبیری خۆیەوە ، توانیبووی واقیعێکی پڕ کارەساتی تفت و تاڵ لە بەرگێکی ناسکوگەش دا بخاتە بەر چاوی بینەر .

کارەکانی ئاکۆ لەو کارانە بوون دوای جێ هێشتنی هۆڵی پێشانگاکەش تابلۆکان شوێنەواری خۆیان بەسەر لادیواری هۆشی بینەرەوە جێ دەهێشت .

** کۆڕی شیعرو لێکۆڵینەوە لە بانە :

ئەنجوومەنی شیعرو ئەدەب لە بانە ، لە رۆژانی ٢٨ ، ٢٩ ، ٣٠ ، ٣١ ی مانگی ئابی ئەمساڵ دا ، کۆڕێکی فراوانی بۆ باس و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پێشکەش دەکران و گفتوگۆیان لەبەر دەکرا ، شەوانیش تەرخان کرابوو بۆ شیعر خوێندنەوە ....

شاعیران نووسەرانی زۆر شوێنی کوردستان ، بە چەند شاعیرێکی ئەندامی یەکیەتیشمانەوە میوانی ئەو کۆڕە و کۆبونەوە ئەدەبیە گرنگە بوون ..

لە ماوەی ئەو چەند رۆژو شەوەدا ، هەزاران کەس لە خەڵکی بانە گوێ یان بۆ شیعری شاعیران و گفتوگۆی گەرمەو گوری نووسەران گرت و لە دوا رۆژی بەرنامەکانیشدا ، چەند

راسپاردەیەکی گرنگ سەبارەت بە مەسەلەی ئەدەبی کوردی و زمانی یەکگرتووی ئەدەبـــی کوردی لەلایەن نووسەرانی بەشدارەوە راگەیەندران .

** هەستانەوە لە پایزدا ـ لە سەقز

لە ژێر ئەم ناونیشانەی سەرەوەدا ، لە رۆژی ١٢ ـ ١٩ ی مانگی ئەیلولی ئەمساڵ ، چوار هونەرمەندی وێنەکێش ، لە هۆڵی یانەی پیرۆزی سەقزدا ، پێشانگایەکی هاوبەشیان کردەوە . محەمەد سالحی شەمسی بە ٧ تابلۆ ، سەعیدی مەولایی بە ٨ تابلۆ ، ناسری فەیزوڵلابەگی بە ١٣ تابلۆ ، هەروا خەلیلی رەحیم پور ( باپیر ) بە ١٩ تابلۆ بەشداریان تێدا کرد..

بابەتی تابلۆکان ، ژیانی پڕمەینەت و دەردەسەری خەڵکی کوردستان بوو ، لەگەڵ وێنەی چەندین شاعیری وەک نالی ، پیرەمێرد ، مەولەوی ، گۆران ، هێمن ، قانع و ...هتد ئەوەی شایانی باسە ، رێبازی هونەری ئەم هونەرمەندانە ، بەتایبەتیش ناسراو باپـــیر ، رێبازی هونەری مامۆستای هونەرمەند فەیزوڵلاخانی ناهید بوو ..

لەماوەی ئەو چەند رۆژەشدا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی شاری سەقز سەردانی پێشانگاکەیان کرد .

---

**ژمارە (٥) ی گۆڤاری ( بانگ ) کە تایبەتە بە کۆنگرەی یەکگرتنی نووسەرانی کوردســتان کەوتە بەردەستی خوێنەران**

# پێرست

سەروتار ..................................... ٣
نامەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لەسوید .......... ٦

## لێکۆڵینەوە

یەکێتیی نووسەران و............... ئەحمەد هەردی ٩
بەرەو زمانی یەکگرتوو ......... پەرویز جهانی.... ١٥
ئاستەنگی رۆمان لە.........حیکمەت محەمەدکەریم ... ٢٠
ئەرکی ئەمڕۆی ئەدیبانی کورد......... ئەحمەدبەحری.. ٣٠
بەیتی فۆلکلوریو............. مارف ئاغایی.. ٣٤
رەگی نەرەنگاری لە............ جەوهەر کرمانج.. ٤٣
پیروسترۆیکاو ............و: ئەرسەلان بایز.... ٦٠
ئەشێ دەسبەرداری........ و: محەمەد حەمەباقی.... ٦٦
عەلی رەزا نابدل ........... محەمەد مورتەزایی... ٨٠
جەلیلی جەلیل ............ مارف عومەر گول .... ٨٥

## دیوانی نووسەر

چاوپێکەوتنێکی ئەدەبی ....... شێرکۆ بێ کەس...... ٩٠
چەند شیعرێکی عەباس بەدری..... و: زۆزان ........ ٩٤
لشک دابڕان............. حەمەسەعید حەسەن.... ٩٦

## بەرەو ئاسۆگە

دوو پارچە شیعر............ فەرهاد پیرباڵ ...... ٩٨
ساز .............. رەحیم لوقمانی ...... ٩٩
خەمنامە ............... د. شێرکۆ ...... ١٠٠
چەند تابلۆیەک ............ توفیق ئیبراهیمی..... ١٠١
چیرۆکی مەرگی هەڵۆی سوور..... عەزیزکەیخوسرەوی..... ١٠٣
دوو هۆنراوە .............. م . بریندار ........ ١٠٤
چلەکێش ............... شێخ محەمەد بالەک... ١٠٥
رێبوار ............... جەلال مەلەکشا ....... ١٠٧
هۆنراوەی پەتی سێدارە......... ناسر ـ ئاراس...... ١٠٨

## چیرۆک


هەڵۆ ئازادەکە ........ عەزەر ........ ١٠٩
مۆتەکە ........ حەکیم مەلا سالح ........ ١١٣
مەرگی بیرەوەریەکان ........ ئازاد جندیانی ........ ١١٨
سرووخێ زۆرداری ........ سەید ئەحمەد ........ ١٢٢
لەبیرەوەرییەکانی عەبەکوێر ........ و: ئازاد خانەقینی ........ ١٣٠
بازنەی گەمارۆ ........ راوەندی ........ ١٣٦
سیناریۆ ........ عەباس عبدالرزاق ........ ١٤٢
سۆما ........ نەجیبە ئەحمەد ........ ١٥٠


## لەیادی نەمران


لەیادی رۆشنبیرێکی ........ عومەر فاروقی ........ ١٥٤
لەکۆڵە پشتی ........ ئەبووبەکر شاخی ........ ١٥٧


## لێرەو لەوێ


لەوەڵامی دوو نامەدا ........ ١٦١
تێبینییەک ........ سەلاح موکریانی ........ ١٦٤
سەرنجێک و ........ مەحموود شکاک نەژاد ........ ١٦٦
میهرەجانی نەورۆزو هەڵەبجە ........ ١٦٩
نێرگزو مەرگی هەڵەبجە ........ ١٧٢


---


ئەدرێس :

جمهوری اسلامی ایران
ارومیه
ص ٥ پ (٨٥٦)
نووسەری کوردستان

ÇÎROK

HELLO AZAKE.............. E.Z.R.............. 109
MOTEKE.................... HEKÎM MELA SALIH....113
MERGI BÎREWERYEKAN....... AZAD CINDYANÎ...... 118
BIRUXÊ ZORDARÎ........... SEYD EHMED......... 122
LE BÎREWERYEKANÎ EBE KUÊR.. W:AZAD XANEQÎNÎ...130
BAZNEY GEMARO............ RAWENDÎ.............136
SÎNARO................... EBAS EBDULREZAQ.... 142
NUMA..................... NECÎBE EHMED....... 150

LE YADÎ NEMRAN

LE YADÎ ROŞINBÎREKÎ.......OMER FARUQÎ....... 154
LE KOLLEPISTÎ.............EBUBEKR ŞAXÎ....... 157

LÊRE Û LEWÊ

LE VELAMÎ DU NAMEDA.................... 161
TÊBÎNÎYEK................SELAH MUKIRYANÎ..... 164
SERINCÊK Û............. MEHMUD ŞIKAK NEJAD...166
MIHRECANÎ NEWROZ Û HELLEBCE.................. 169
NERGIZ Û MERGÎ HELLEBCE.................... 172

# NÊVEROK


SER GUTAR .................................. 3

NAMA ÊKETÎYA NIVÎSEVANÊN KURD LI SWÊDÊ....... 6

VEKOLÎN

YEKÊTÎ NUSERAN Û......... EHMED HERDÎ....... 9

BEREÛ ZIMANÎ YEKGIRTÛ.....PERWÎZ CIHANÎ..... 15

ASTENGÎ ROMAN LE..........HÎKMET MIHEMED.... 20

ERKÎ EMROÎ EDÎBAN.........EHMED BEHRÎ....... 30

BEYTÎ FOLKILORÎ Û.........MARF AXAYÎ........ 34

REGÎ BERENGARÎ LE.........CEWHER KIRMANC..... 43

PÎROSTROÎKA Û ............ERSELAN BAYZ....... 60

EŞÊ DESBERDARÎ............MIHEMED HEME BAQÎ...66

ELÎ REZA NABDIL...........MIHEMED MURTEZAYÎ...80

CELÎLÎ CELÎL .............MARF ÔMER GULL......85

DÎWANA NIVÎSAR

ÇAWPÊKEWTNEKÎ EDEBÎ...... ŞÊRKO BÊKES........ 90

ÇEND ŞÎIREKÎ EBAS BESRÎ...W: ZOZAN........... 94

LÊK DABRAN................HEME SEID HESEN.... 96

BEREU ASOGE

DU PARÇE ŞÎIR............ FERHAD PÎRBAL...... 98

SAZ.......................REHÎM LUQMANÎ...... 99

XEMNAME...................D.ŞÊRKO............ 100

ÇEND TABLOYEK.............TOFIQ ÎBRAHÎMÎ..... 101

ÇÎROKÎ MERGÎ HELLOÎ SUR...EZIE KEYXUSREWÎ.... 103

DU HONRAWE............... M.BIRÎNDAR......... 104

ÇILEKÊŞ ................. ŞÊX MIHEMED BALLEK..105

RÊBWAR................... CELAL MELEK ŞA......107

HONRAWEY PETÎ SÊDARE......NASIR-ARAS..........108

# NUSERÎ KURDISTAN

KOVARA ÊKETÎYA NIVÎSEVANÊN KURDISTANÊ

JIMAER:17 PAYZA/1990

DESTEKA NIVÎSEVANA

EBUBEKIR XOŞNAW
CEWHER KIRMANC
HEVALL KUÊSTANÎ
FELEKEDIN KAKEYÎ
RÊKAR EHMED

PIRSKAR

EHMED HERDÎ
ERSELAN BAYZ
HEJAR MUKRYANÎ
HÎKMET MIHEMED KERÎM
MIHEMED HEME BAQÎ
EBAS BEDRÎ
TEHA MAYÎ

هەتا وەك ئاگری (بن کا)ن ـ لەگەڵ یەك

ئەگەر تۆفان بێ ـ لەشکرتان بە پووشەك

# KURDISTAN S WRITER

A magazine edited by the union of Kurdistan's writers

17

# نووسەری کوردستان

# ژمارە (١٨)

# نووسەری کوردستان

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

**18**



زستانی ١٩٩١

# نووسەری کوردستان

گۆڤاری

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

ژمارە ١٨
خوولی دووەم
زستانی ١٩٩١


دەستەی نووسەران

ئەبووبەکر خۆشناو
جەوهەر کرمانج
هەڤاڵ کوێستانی
فەلەکەدین کاکەیی
ڕێکار ئەحمەد

ڕاوێژکاران

ئەحمەد هەردی
ئەرسەلان بایز
هەژاری موکریانی
حیکمەت محەمەد کەریم
محەمەد حەمە باقی
عەباس بەدری
تەها مایی



ایران ارومیە ص.ب ( ٨٥٦ ) نووسەری کوردستان

# وتەی نووسەر

× ئەمە، دووەمین ژمارەی گۆڤاری ((نووسەری کوردستان)) ە کە دوای کۆنگرەی یەکگرتنی (کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان)و (یەکێتی نووسەرانی کوردستان)و پێک هێنانی (یەکێتی نووسەرانی کوردستان) ،دەردەچێ .
دەستەی نووسەرانی گۆڤار، بەپیرۆزکردنی راسپاردەکانی کۆنگرەو

## پێڕست

### لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| پێنج ژمارەی گۆڤاری کوردستان .......... | فەرهاد پیرباڵ | ٥ |
| زمانی کوردی لە کتێبی (فقه اللغه ایرانی)دا .. | ئەحمەد شەریفی | ٢٣ |
| ریالیزمی سۆسیالیزم و بەهرەی ئازاد .... | حیکمەت محەمەد کەریم | ٣٢ |
| محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان .............. | و: سەلام زەندی | ٣٨ |


### شیعر


| | | |
|---|---|---|
| پەیمان ........................... | جەوهەر کرمانج | ٥٢ |
| ژبیر نەکە ........................ | ئەحمەد قەرەنی | ٥٧ |

لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان و خزمەت بەئەدەب و رۆشنبیرییەکەی لەسەر ئەو سوورە کە ئەم گۆڤارە خۆ لەهەر مەیلێکی شەخسیو رێکخراوەیی لابدا و جگە لەخزمەت بەگەلەکەی مەبەستێکی دیکەی نەبێ .

* بۆ ئەوەی گۆڤارەکە ، بەرێک و پێکی دەربچێ و ماددەکانی تێرو تەسەل و هەمەجۆربن ، رووی دەممان دەکەینە نووسەرانی کوردستان کەهاوکاریمان بکەن ، رەخنەمان لێ بگرن ، پێشنیارمان پێ بکەن و بەرهەمی بەپێزی خۆیانمان بۆ بنێرن .

* بەبۆنەی ۱۰ی شوبات ، ( رۆژی نووسەری کورد ) ، سڵاوو پیرۆزبایی بۆ نووسەرانی تێکۆشەری کوردستان دەنێرین کە لەدژوارترین باری دۆخی تیروروسەرکوت دا ، ئاڵاهەڵگری بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی دزێوی داگیرکەرانی کوردستانن . هەروەها دەستی رێزو نەوازش لە


برایانی چروی ............ و:ئەبووبەکر خۆشناو ۶۱
دوو خوزی ............ رەمەزان عیسا ۷۳


پەخشان و چیرۆک


یاداشتی مرۆڤێکی ون ............ و: زیاد مەولود ۷۵
رازەکانم دەدرکێنم ............ ئەرسەلان بایز ۷۸
شاعیر..ناخی وەکوسەماوەرەکەی قوڵپ دەدا ............ گوندی ۸۳
بۆکوژانەوەم..چەند سەدەیەک بێ دەنگی ............ هۆشەنگ ۸۶
ئاوارەیی ............ رێکار ئەحمەد ۸۹
تلیاک ............ حەکیم مەلا ساڵح ۹۴
ئیدی بۆ کوێ بچین ؟ ............ پاوان عەبدولمەوجود ۱۰۳

بەرامبەر نووسەرانی کۆچ کردوومان . حاجی بێ جندی ، کاکەی فەلاح، حەمەسالح دیلان بەسینگەوە دەگرین .

* لەم ژمارەیەدا ، وێرای بڵاوکردنەوەی (نامەیەکی دڵسۆزانە)ی کاک مارف ئاغایی ، بەپێویستی دەزانین ئەوەش بۆ خوێنەران روون بکەینەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرەی بەناوی مامۆستا ( هێمن )ەوە لەژمارە (١٦)و هەروەها پێداچوونەوەی نامەکانی کاک سەلاحو کاک شکاک نەژادیش ، لەژمارە (١٧)ی نووسەری کوردستان دا ، رای دەستەی پێشووی گۆڤارەکەن ، چونکە (وەک کاک مارفیش ئاگادارە)ماددەکانی ژمارە (١٧) بەرلەکۆنگرەی یەکگرتنی نووسەرانی کوردستان ، ئامادە کرابوون. بۆیە ئێمە ، بەپێویستی دەزانین دەرگای گفتوگۆ، دەربارەی ئەم مەسەلەیە پیۆەدەین و هیوادارین نووسەرانمان ، قەڵەمە رەنگینەکانیان لەبابەتێکی دی بخەنە گەڕ .

دەستەی نووسەران

---


**گفتوگۆ**

گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێکی ئیلامی ........ . . . . . . . ئا :م.م ١١٧

**لێرەولەوێ**

کاتی شیعر......................... و: شەماڵ ١٢١

بەسەرهاتی(مومێ)لەگۆرانییەکی فۆلکلوری دا ....ئا :ئازیزعەبدوللا ١٢٧

نامەیەکی دڵسۆزانە ............... . . ... مارفی ئاغایی ١٣١

# پێنج ژمارەی گۆڤاری کوردستان

فەرهاد پیربال

گۆڤاری " کوردستان " ١٩١٩ ـ ١٩٢٠ یەکێکە لەوگۆڤارە هەرە دانسقەو بایەخدارانەی کە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا، لەگەل کاروانی " کوردە لاوەکان " دا لە تورکیا بلاوکراونەتەوە. نوسخەکانی ئەم گۆڤارە، وەکو هەر بلاوکراوەیەکی دیکەی ئەو سەردەمە، کاتی خۆی کەوتونەتە بەر زەبروزەنگ و شالاوی پۆلیسە تورکەکانی " ئەتاتورک "، سەرتاپا لەخەلکی قەدەغە کراون، یانیش بوونەتە خۆراکی ئاگر، ئەمرۆ چنگ خوینەرانی کورد ناکەون.

خۆشبەختانە: لەکتێبخانەی زمانە رۆژهەلاتیەکانی پاریس دا " کەبە کتێبخانەی لانگزۆ ناسراوە " پێنج ژمارەی ئەو گۆڤارەمان دۆزیەوە. وا لێرەدا ناوەرۆکەی ویَرای کورتە پێشەکیەک، دەکەیە چەپکەگولێک و پێشکەش بەخوێنەران و توێژەرانی کوردی دەکەین.

---

## چەند وشەیەکی پێویست

بەپێی ئاگاداریمان و دوای چاوخشاندێکی خێرا بەسەرچاوەکاندا، بۆمان دەرکەوت کە کۆمەلێک کوردناسی فەرەنسی و هەروەها هەموو ئەو نووسەرەکوردانەی کەخۆیان بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیەوە خەریک کردووە، کەم تازۆر، راست یان چەوت " بەشی هەرە زۆریشیان بێ ئەوەی چاویان بەهیچ ژمارەیەکی گۆڤارەکەش کەوتبی " باسی ئەم گوقارەیان کردووە. ئێمە لێرەدا بەکارێکی بێهوودەی دەزانین کە وەختی خوێنەران بە گێرانەوەی بیر و بۆچوونی، راست یا هەلەی، جۆراوجۆری ئەو نووسەرانەوەدا گیربکەین.چونکە راستکردنەوەی ئەو هەموو بیرورا چەوت و چەوێل و بێ بەلگانەی کەلەبارەی ئەم گۆڤارەوە خراونەتەروو، لەوانەیە پازدەلاپەرەی پێشەکیەکی درێژمان پێ رەش بکەنەوە. بۆیە لێرەدا ئەوەی بە لەپێشتر و گرنگتری دەزانین: پێشچاوخستنی چەند زانیاری و تێبینییەکی بنەرەتین،کە لەم بارەیەشەوە پشتمان بە دوو سەرچاوەی باوەرپێکراو بەستووە، یەکەم: گۆڤارەکە خۆی "واتە ئەو ژمارانەی لەبەردەستی ئێمەدان"، دووەم: ئەو نووسەرانەی، تاک وتووک ژمارەکانی

ئەو گۆڤارەیان لەلا هەیە یا دیویانە.

١ـ گۆڤاری "کوردستان"، سەرنووسەرەکەی: محەمەد شەفیق ئەرواسی زادە، خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد میهری، هەفتەی جارێک بڵاو دەکرێتەوە ـ بە زمانی تورکی و کوردی و عەرەبی و فارسی. نوسخەی بە پێنج قرۆشە. (ئەم زانیاریانەی سەرەوە، لەسەر بەرگی هەموو ژمارەکانی 6/5/4/3/2 هەروەها ژمارەکانی 8 و 9 بە روونی یەوە تۆمارکراون و دووپات دەبنەوە) ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە بەپێی بۆچوونی د.کەمال مەزهەر ـ کە گوایە ژمارەی یەکی ئەم گۆڤارەی دیوە ـ لە رۆژی 28 ی ربیع الاخری 1337 واتە لە رۆژی 1919/1/31 بڵاو بوتەوە. لە بارەی شوێنی دەرچوونی گۆڤارەکەشەوە. ئەوە تەبای بەشی هەرە زۆری گۆڤار و بلاوکراوەکانی ئەوکات، هەروەها بەپێی چەند زانیاری و ناوبردنی هەندێ ئادرێسی دیاریکراو لە پڕوپاگەندە و بابەتەکانی دیکەی ناو گۆڤارەکە. ساغ دەبێتەوە کە ژمارە ناوبراوەکانی ئەم گۆڤارە لە شاری ئەستەمبول ـ لە تورکیا ـ بڵاوکراونەتەوە. لە لاپەرەی کۆتایی هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکەشدا نووسراوە. کە لە چاپخانەی "نجم استقبال" دا چاپ کراوە. کە بەداخەوە جارێ تاکو ئێستا، بۆمان ساغ نەکراوەتەوە داخو ئەم چاپخانەیەی نجم استقبالە هی چ کەسێک و چ کۆمەڵەیەک بووە!؟

٢ـ لە ژمارە (6) بە ولاوەی سەربەرگی گۆڤارەکەدا، بە تورکی نووسراوە: "گۆڤارێکی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئەدەبی، زانستی یە...". ئەمەش واتێ دەگەین ـ بە راستی: پیناسەیەکی پڕ بە پێستی گۆڤارەکەیە. لە بارەی ئەوەشەوە کە ئەم گۆڤارە بە هەمووی چەند ژمارەی لی بلاو کراوەتەوە، بیروڕای جیاوازهەیە: ماموستا عەلائەدین سەجادی و کاک جەمال خەزنەدار لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم گۆڤارە "٣٧" ژمارەی لی بلاوکراوەتەوە، بەلام بەبی ئەوەی کە خویان تەنانەت لاپەرەیەکیشیان بۆ بە راست نیشاندانی ئەم قسەیەیان لە بەردەستبووبی. ماموستا کەمال مەزهەریش دەلّی: "دوا ژمارەی کە من دیومە ژمارە (١٩) ی سالی دووەمی لەسەر نووسراوە، کە رۆژی ٧ ی رەجەبی ١٣٣٨، (١٩٢٠) ی لەسەر نووسراوە".

٣ـ جێی سەرنجە کە د.مارف خەزنەداریش لە سالی ١٩٧٧ دا دوو ژمارەی (٨ و ٩) ی ئەم گۆڤارەی دۆزیبۆوە و هەمان سال لە گۆڤاری "رۆژی کوردستان" دا بلاوی کردبوونەوە. هەروەها ماموستا مەحموود لەوەندی ـ ش، لە کتێبە بە نرخەکەی خۆیدا دوو ژمارەی دیکەی (٩) و (١٣) ی خستوتە سەر هەموو ئەم ژمارانەوە، کە لەوە دەچێ ئەم دوو ژمارەیە شی دیبن یا هەیبن.

سەرەنجام: بەپێی ئەو هەول و کۆششانەی کە تا ئێستا بۆ دۆزینەوەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لە لایەن رۆشنبیرانی کوردەوە دراون، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەمرۆ، نزیکەی نیوەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لە بەردەستن و دۆزراونەتەوە: هەر ژمارەیەک، دووژمارەیەک، یا کۆمەلە ژمارەیەک لە لای کەسێک و لە ولاتیکە. هیوادارین لە داهاتوودا هەموو ئەم ژمارانە لە یەک بەرگ دا کۆبکرێنەوە و سەرلەنوێ لە چاپ بدرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، لە بارەی ئەو ژمارانەی کە لە لای ئێمەدا هەن (ژمارە 2، 3، 4، 5، 6) هەر روشنبیرێک، دەزگایەک،

تویژەرێک بیەوێ کاریان لەسەر بکا یا بیەوێ لە چاپیان بداتەوە، تکا دەکەین با بە ئادرێسی گۆڤاری ( هیوا ) پەیوەندیمان پێوە بکات، بۆئەوەی بە خۆشحالیەوە فۆتۆکۆپی ی هەموو ئەو ژمارانەی بۆ بنێرین .

** بایەخی گۆڤاری " کوردستان "

دەشێ بایەخی هەرە لە پیشەوەی گۆڤاری کوردستان ( ۱۹۱۹ـ ۱۹۲۰ ) بایەخە مێژوویی یەکەی بێ . وەک دەرکەوتووە ئەم گۆڤارە، یەکسەر دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی ی یەکەم بلاوکراوەتەوە . ئەوسەردەمەش (۱۹۱۹ـ ۱۹۲۳) ، کە بە سەردەمی دابەشکردنی تازەی کوردستان ، بە سەردەمی پلانە گلاوەکانی دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەناسرێتەوە : کوردستان ـ لەوسەردەمەدا ـ بە ژیانێکی هەژندەو پڕ لە کارەساتی جۆراوجۆری ئەوتودا رەت دەبوو، کە هەر هەفتەیەکی ژیانی : راپەرینێک بوو.هەرمانشکی ژیانی : لاپەرەیەکی درەوشاوەی مێژووی تازەبوو ، گۆڕانکاری یەک بوو ، هەنگاوێکی شێرانەو سەرازایانەی تازەبوو . هەموو ئەم رووداوانەش ـ لە تورکیا ، عیراق ، ئێران ، سوریە ، میسر .. بە شێوەیەکی ورد و فراوان ، ئاوێنەئاسا لەم گۆڤارەدا باس کراون و تۆمارکراون ، هەر لە دەنگوباسی کۆمەڵە رۆشنبیری و سیاسی یە کوردستانیەکانەوە بگرە ـ لە (ئەستەمول) و (دیاربەکر) تا دەگاتە بارودۆخە کومەلایەتی و شۆرشخوازی یەکەی خەلکی کورد لە کوردستاندا و هەروەها دەنگوباسی هەول و تەقەلاکانی (شەریف پاشا) بو سەربەخۆیی کوردستان ،لە کۆنفرانسی ئاشتی ـ لە پاریش دا

بەم شێوەیە . گۆڤاری کوردستان (۱۹۱۹ـ ۱۹۲۰) ، بە یەکێک لە گەورەترین و گرنگترین ئەو دۆکیومەنت و بەلگەنامە مێژووییانە لەقەلەم دەدرێ ، کە مێژوونووسی کورد بیەوی لە ژیانی کومەلایەتی و سیاسی ی ئەو قوناغەگرنگەی گەلی کورد بکولیتەوە .

یەکێک لە بایەخە گرنگەکانی دیکەی گۆڤاری " کوردستان " : بایەخە فیکری / روشنبیریەکەیەتی .

تۆژەر لە رێگای خوێندنەوەی ناوەرۆک و وتارە جوراوجورەکانی ئەم گوڤارەوە، بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێ کە شێوازی بیرکردنەوەی سیاسەتمەدارانی کورد ، ناوەرۆکی بیری نەتەوەخوازی " ناسیونالیستی " ی روناکبیرانی کورد ، یان وەک مارکسیستەکان پێیان خۆشەبڵێن " وردە بورژوای کورد " لەو سەردەمەدا چۆن بووە ؟ چی بووە ؟ رادەی خەملین و پێشکەوتنی، هەروەها پەیوەندیی بە جەماوەر و گەلەوە ، بە خەباتی رزگاریخوازیی کوردستانەوە، لە چ ئاستێکدا بووە ؟! ئەو توێژە روناکبیرو نووسەرو سیاسەتمەدارە کوردەی ئەوسەردەم، کێ بوونە ؟! کۆمەلە و رێکخراوە رۆشنبیری و نیمچە سیاسی یەکانیان !؟ سەر بە کام چینی کومەل و چ رێبازێکی فیکری بوونە !؟ وەلامی دەیان پرسیاری دیکەی فیکری و سیاسی و کومەلایەتی و ... هتد، تەنیا بە خوێندنەوەی وردبینانەی ئەم جۆرە دۆکیومەنت و گۆڤارانەی ئەوکات (لەوانەش گۆڤاری کوردستان ) ساغ دەکرێنەوە . چونکە ئەم هەواڵ وباسو

خوا سانە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ، نووسەر و "مننەوەر" و سیاسی یەکان خۆیانەوە نوسراون.

بایەخی زمانەوانی و رێنووس و زمانی ستانداری کوردی، کە لە نووسینە کوردیەکانی گۆڤارەکەدا بەرچاودەکەوی، دەشی بۆ توژەرەی کورد، بە پلەی سێیەم دابنرێ.

لێکۆڵینەوە لە رێنووس، زمانی ستاندار، زاراوە جۆراوجورەکانی لە نووسراوە کوردیەکاندا بەکارهاتوون، هەروەها بەراوردکردنیان لەگەل رێنووس و زمانی ستانداری کوردیی بلاوکراوەکانی پێش سالانی (١٩١٩): سروشتیژیانی زمانەکەمان و (قۆناغی پەرەسەندنەکەی) پیشان دەدا لەو سەردەمەدا، هەروەها پەیوەندی ئاستەجۆراوجورەکانی زمانەکەمان بە زمانی ستانداری گەلە دراوسێکانمانەوە.

جگە لەمانەش، لەم گۆڤارەدا ـ وەکـ لە بیبلۆگرافیاکەدا دەردەکەوێ ـ زیاتر لە(٦)وتار بە زمانی تورکی لە بارەی گیروگرفتەکانی زمانی نووسینی کوردی و لە بارەی دیالیکتەجۆرا و جورە کوردیەکانەوە بلاوکراونەتەوە، کە بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و "بەراوردکاریی" زۆر دانسقە دەژمێردرێن.

بایەخی ئەدەبی گۆڤاری کوردستان (١٩١٩ ـ ١٩٢٠)، بۆ نموونە لە چاو بایەخی گۆڤاری ژین (١٩١٨ ـ ١٩١٩) دەشێ کەمتربێ: نەکـ تەنیا لەبەر ئەوەی گۆڤاری "کوردستان" لە رووی چەندێتی یەوە بابەتی ئەدەبیی کەمترتێدایە، بەلکو لەبەرئەوەش کە ئەم گۆڤارە، بە شێوەیەکی بنچینەیی، زیاتر پابەندی بلاوکردنەوەی ئەدەبیاتی کلاسیکـ بەتایبەتیش "شیعری کلاسیکـ" بووە.

لخ کاتیکدا کە گۆڤاری (ژین) بایەخێکی فراوان و تایبەتی و ئارەزوومەندانەی قوولی بە (داهێنانی تازە)، بە ئەدەبیاتی تازە داوە، ویستویەتی بەهرە و توانا تازەکان بتەقینێتەوە، شیوازی تازە و رەگەزی ئەدەبی ی تازە بێنێتە ئاراوە، ئەدەبیاتیکی تازە بگەشێنیتەوە.

راستیەکەشی، گۆڤاری کوردستان (١٩١٩ ـ ١٩٢٠)، وەکـ خۆشیان لە ژمارە(٦)بەولاوە لەسەر بەرگی گۆڤارەکە پیشان داوە، زیاتر گۆڤارێکی سیاسی، ئیجتیماعی ...."بووە.
بەلام لەگەل ئەوەشدا، لێرەدا پێویستە پەنجەنومای هەندی راستی و دیاردەی ئەدەبیی گرنگـ بکەین، کەلەگۆڤارەکەدا خۆیان دەنوێنن:

١ ـ لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری کوردستاندا، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، پارچە شیعرێکـ بۆ مندالان نووسراوە و لە ژمارە (٦) ی لاپەرە (٧٠ـ ٧١) دا بلاوکراتەوە.

هێندەی ئاگامان لێی بێ، لەگۆڤارو بلاوکراوەکانی پێش ئەم گۆڤارەدا، بەرهەمی نووسراو بۆ مندالان بلاونەکراونەتەوە، بۆیە دەکرێ ئەم پارچە شیعرەی مندالان، کە بە قەلەمی "زینۆ" ناویکەوە نووسراوە: بەیەکەم بەرهەمی نووسراو ـ بۆ مندالان لە قەلەم بدرێ.

ئەم پارچە شیعرە کە بە ناونیشانی (دەلالیا زارۆکان) بلاوکراوەتەوە، بە شێوە و تەکنیکی تازەنوێ ، راوە : لەسەر شێوەی (چوارپارەیی) لە چوار کۆپلەدا . قافیەکانی هەر کوپلەیەکێ سەربەخۆن ، لە قافیەکانی پێش خۆیان و پاش خۆیان ناچن . جگە لەوەش بە زمانێکی کوردی خۆش و پاراو نووسراوە .

ئەم پارچە شیعرەی مندالان ، زیرەکیی نووسەر و هۆشیاری سەردەمەکەمان بۆ دەردەخا کە هەر لەوساوە بایەخیان بە مندال ، بە گۆشکردنی هوشیارانەی نەوەی تازە داوە . " بروانە پەراوێزی ژمارە ٢٥ " .

٢ـ وەرگێران لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە :

هێندەی ئاگامان لێ بێ : یەکەمین بەرهەمی نووسراوی بێگانە ، کە تەرجەمەی سەرزمانی کوردی کرابێت و لە رۆژنامان‌دا بلاوبووبێتەوە : دوو هەولدانی (خ.مۆدانی) یە ، کە لە گۆڤاری رۆژی کورد (١٩١٣) بلاوکراونەتەوە ، یەکەمیان شیعرێکی تورکیی شاعیری تورک (محمد عاکف) ، دووەمیشیان وتاریکی (محمد عەبدە) یە ، لە ژمارە (٢) و (٣) ی گۆڤارەکەدا بلاوکراونەتەوە و بە یەکەمین دوو تێکستی تەرجەمەکراو لە زمانی بێگانەوە بوسەر زمانی کوردی لەقەلەم دەدرێن .

بەلام وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانێکی بێگانە ـ لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا لە گۆڤاری " کوردستان " دا (١٩١٩ ـ ١٩٢٠) بە شێوەیەکی زۆرخەست و دیار و فراوان وەدیاردەکەوێ . ئەم شەپۆلەش لەسەرەتادا لە رێگای گۆڤاری ژین ـ ەوە دەستی پێ کرد .

محەمەد میهری ، بەڕیوەبەر و خاوەنی گۆڤاری " کوردستان " خۆی ، دەکری بە یەکەمین وەرگێری کورد لەقەلەم بدرێ ، کە لە گۆڤاری " کوردستان " دا هەولی داوە بۆ یەکەمین چوار نموونەکانی شیعری کلاسیکی کوردی تەرجەمە بکاتە سەر زمانی تورکی و بلاویان بکاتەوە .دوای ئەمیش شاعیری نوێخواز (مستەفە شەوقی) هەندێ لە شیعرەکانی خۆی وەرگیراوەتە سەرزمانی تورکی و لە ژمارە (٥) و (٦) ی گۆڤارەکەدا بلاوی کردوونەتەوە .

بەم شێوەیەش دەبینین کە تەرجەمەکردنی ئەدەبیاتی کوردی (بەتایبەتی شیعری کلاسیکی کوردی) بۆ سەر زمانی تورکی ، رووبەرێکی فراوانی لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری "کوردستان" دا گیرکردووە . ئەمەش بەمەبەستی ئەوەکراوە کە ناسنامەی ئەدەبی و روشنبیری نەتەوەییمان لای خوینەران و رووناکبیرانی تورک و غەیرەتورک ، ئاشکرا ببێت و بسەلمێ .

لە رووی کاری رۆژنامەگەری و تەکنیکی رۆژنامەگەریشەوە ، پێشچاوخستنی ئەم دوو خالە بە گرنگ دەزانین :

٣ـ گۆڤاری کوردستان ، وێڕای رۆژنامەی " تێگەیشتنی راستی " ، یەکەمین گۆڤاری کوردییە ، کە تەکنیکی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی بلاو کردوتەوە .

لە ژمارە (٨) ی گۆڤاری کوردستاندا لە رۆژی ٢٨ ی مانگی شەعبانی ١٣٣٧ (١٩١٩) ، چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسی ی لەگەل سیاسەتمەدار (مستەر ئارتوور پوتورد) سازکراوە و لە

لاپەرەی یەکەم دا بلاوکراوەتەوە . .

۴- گۆڤاری کوردستان : ویڕای گۆڤاری ژین (۱۹۱۸-۱۹۱۹) یەکیکە لە یەکەمینئەو گۆڤارانەی کە پروپاگەندە و هەلسەنگاندن و پێشکەشکردنی کتێب و بلاوکراوە کوردیەکانیئەو سەرنەمەی لەسەر لاپەرەکانی خۆی دا و هەروەها لەسەر بەرگی دوواوەی گۆڤارەکەدا بلاوکردبێتەوە .

ئەم دیاردەیە هەلبەتا یارمەتیمان دەدا کە شارەزاییەکی زیاتر و فراوانترلە بارەی بلاوکراوەکانی ئەو سەردەم و هەروەها لە بارەی ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبیی ئەوکات پەیدا بکەین.

جگە لە پرۆپاگەندە و لەسەر نووسینی ئەو کتێبانەی کەلە بیبلوگرافیاکەدا پیشانمان داون ،"گۆڤاری کوردستان " لەسەر بەرگی دوواوەی گۆڤارەکەدا ، زۆر بەکورتی پرۆپاگەندەی بۆ هەندێ بلاوکراوەی تریش کردووە ، لەوانە :

۱ - عەقیدا مەلا خەلیلی سعیدەتی : منظوم علم حال و علم اخلاق .

ئیمە تا ئیستا خۆمان ئەم کتێبەمان نەدیوە ، بەلام بە پێی بەرواری دەرچوونی " گۆڤاری کوردستان" پیویستە لە پێش سالی (۱۹۱۹) دا ، یا هەر لە سالی (۱۹۱۹) دا دەرچووبێ ماموستا (نەریمان ) دەلێ ، کە ئەم کتێبە ( نهج الانام ) ، چەند باسێکی ئاینیی یە بە شیعر داڕێژراوە بە زاراوەی کرمانجی ژووروو لە ۲۳ لاپەرەدا ، لە سالی ۱۹۱۸ لە ئەستەمبۆل ، لە چاپخانەی ئەوقافی ئیسلامیەدا چاپکراوە .

۲ - عقیدا ملا احمدی خانی : منظوم علم حال و علم اخلاق .

بە پێی ئاگاداری ماموستا نەریمان ، ئەم کتێبە ، بەناونیشانی " عقیدە الایمان " نووسراوی ( ئەحمەدی خانی) ، بە شیعر رێکخراوە ، لە ( ٦ ) لاپەرەدا ، لە ئەستەمبۆل ، لە چاپخانەی " ئەوقافی ئیسلامیە " دا چاپ و بلاوکراوەتەوە .

۳ - عەقیدا کوردان . عبدالرحیم افندی : منظوم علم حال و علم اخلاق .

ماموستا نەریمان لە کتێبی بیبلۆگرافیاکەی دا ، باسی ئەم کتێبەی نەکردووە ، بەلام ئەگەر سەیرێکی بەرگی دوواوەی ژمارە (۸) ی گۆڤاری (ژین ) بکەین ، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم کتێبە نووسراوی شاعیر و نووسەری نوێخواز ( عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری) یە . لە بەرگی دوواوەی ژمارە (۸) ی گۆڤاری (ژین ) دا ، بە زمانی تورکی ، باسی ناوەرۆکی ئەم کتێبە بە درێژی کراوە .

۴ - مقدمه العرفان ، مم " محمد میهری" بە تورکی نووسراوە " پەیامێکە ، مەبەستی : یەکگرتنی زمانی ئەدەبیی کوردییە "

هێندەی ئاگام لێی بی : جارێ هیچ کەسێک ئەم کتێبەی نەدۆزیوەتەوە . بەلام هەندێ سەرچاوە هەن کە بە درێژی باسی ئەم کتێبەیان کردووە ، لەوانە : گۆڤاری ژین ( ۱۹۱۸ - ۱۹۱۹ ) ژمارە (۸) بەرگی دوواوەی ، هەروەها گۆڤاری کوردستان (۱۹۱۹- ۱۹۲۰) ژ (۲)و " ٤ " .

چەند سەرنجێکی دیکەی گشتی ، بارەی رۆلی گۆڤاری "کوردستان"

١ ـ وەکێ لەسەرەوەش دا پەنجەمان بۆ درێژ کرد : گۆڤاری کوردستان (١٩١٩ ـ ١٩٢٠)لە پال بلاوکراوەکانی دیکەی ئەو سەردەمە ، یەکێکە لەو گۆڤارە کوردیانەی کە بە شێوەیەکی زۆر قوول و فراوان ،بیری نەتەوەباوەری ( ناسیونالیستی) ی کوردییان تێدا خراوەتە روو . راستی یەکەشی ، ئەم بیرە نەتەوەباوەری ( ناسیونالیستی) یە ، لەو قۆناغی"پێگەیشتن " فداژووبوونەوەی " خۆی دا ، بزوێنەری هەرە بنچینەیی و هەرە لەپێشەوەی بزوتنەوە ئەدەبی و رۆژنامەگەری یەکە بووە . ئەگەر سەرهەڵدان و نەشونماکردنی ئەو بیرە ناسیونالیستی یە نەبووایە ، ئەگەر خەملانی ئەو توێژە " منەوەر" رووناکبیرە نەبوایە ، ئەوا بزوتنەوە روژنامەگەریەکەش و چوزەرەی تازەبوونەوە ئەدەبیەکەشمان لە دایک نەدەبوون ، یا بەلای کەمەوە گەلیک درەنگتر لەوەی کە بوو دەکەوتەوە .

یەکیک لە نیشانە و بەلگەکانی بۆ بەرەوا نیشاندانی ئەم قسەیەی سەرەوەمان، ئەوەیە کە " گۆڤاری کوردستان " دا ( هەروەها لە هەموو گۆڤارەکانی دیکەی ئەو سەردەمەدا ) دەبینین ، نەکێ هەر تەنیا وتار و لێکۆلینەوەکان ناوەرۆکێکی ناسیونالیست و کوردانەیان هەیە ، بەلکو تەنانەت هەموو ماددە و نووسراوە ئەدەبیەکانیش . بۆ نموونە بڕوانە شیعرەکانی ( مستەفا شەوقی: ژ٥ ، ل ٥٦، ژ٦ ، ل ٦٩ ، ژ ٩ ،ل١١٥) هەروەها شیعرەکانی دیکەی ژ(٦ ) و (٩) ، تەنانەت هەموو ئەو شیعرانەش کە بە زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی نووسراون ( ژ ٢،٤،٦، .....هتد ) .

سەرتاسەری شیعر و بەرهەمە ئەدەبی و زمانەوانیە بلاوکراوەکانی ناو گۆڤاری کوردستان ( ١٩١٩ ـ ١٩٢٠ ) لە سەرچاوەی بیرێکی ناسیونالیستانەی راچلەکیوی سازگارەوە ئاویان خواردۆتەوە . شیعر ـ هەروەها بە شیوەیەکی گشتی " ئەدەبیات" لەم گۆڤارەدا و لەو سەردەمەدا ، بە پلەی یەکەم و لە پێشەوەی هەموو شتێکی دیکەوە ، پابەند بووە بە بیری نەتەوەخوازی و سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەییمان . شیعرو ئەدەبیات ، بە ئیلهامی ، هەروەها لە پێناوی ئەو بیرە نەتەوەیی یەدا نووسراون .

گۆڤاری کوردستان وەکو هەر گۆڤار و رۆژنامەیەکی دیکەی ئەو سەردەمەی راپەرینی کورد، گرنگی ی یەکەمی ، بە پلەی یەکەم لەوەدایە کە بزوتنەوە نەتەوەخوازی یەکەی ئەو سەردەمەی کوردستانی ، لە ئاستی سەرزارەکی یەوە ، لە ئاستی کارەسات و راپەرینە رۆژانەکانەوە گەیاندۆتە ئاستی نووسین ، ئاستی بیرکردنەوە ، ئاستی هۆشیاری و ئایدۆلۆژیا :ئاستێکێ کە ئیتر " میژوونووسەکان " ئەم بزوتنەوە رۆژنامەنووسی یە ، ئەم نووسینانە ، بکەنە " بەلگەیەکێ " سەنەدێک ، نیشانەیەکێ .

٢ ـ خاسیەتیکی دیکەی ئەم بزوتنەوە نەتەوەخوازی یەی کە بە شێوەی نووسین ، وتاری جۆراو جۆر لە گۆڤاری " کوردستان " دا بلاوبۆتەوە : جیاوازیی دیدی سیاسی و فرەیی ی بیروبۆچونەکانە .

دژایەتی وناکوکی ی بیروراکان ، دەمەقالی و گفتوگۆکردن ، رەخنەگرتن و وەلامدانەوە ، لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری " کوردستان " دا تابلێی گەرم و توند و تیژ بووە ، بۆ نموونە

لە ژمارە (٣) ، ل ٣٠ ـ ٣٢ ، ل ٢٨ ـ ٢٩ ، گفتوگۆ و دەمەقالی یەکی زۆر توندو تیژ لە نێوان دوو ئایدولوژیای جیاوازدا لە بارەی مەسەلەی ( سەربەخۆیی کوردستان) بلاوکراوەتەوە بیری چارەسەرخوازی ( ریفۆر میسم ) لە هەمبەر بیری گورانخوازی شۆڕشگێڕانە .

لەلایەکی دیکەشەوە دەبینین ، لە هەمان کاتدا ، بیری ( پان ئیسلامی)و ریبازە دینی یەکانیش ، رووبەرێکی فراوانیان لەسەر لاپەرەکانی گۆڤارەکەدا داگیرکردووە .

ئەم دیاردەیە ، لەلایەک دیموکراسی بوونی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و رێبازەکەیان نیشان دەدا ، لەلایەکی دیکەشەوە جیاوازی ئەو زەمینە چینایەتی یا " ئایدولۆژی"یەی کە توێژی روونا کبیرانی کورد لەو سەردەمەدا ، هەناسەیان تێدا هەڵمشتووە .

٣ – وەک لەرێگای خوێندنەوەی گۆڤارەکە خویەوە بومان دەردەکەوی : لەسەدا شەست و پینج ٦٥% ی نووسراوەکانی گوڤارەکە بەزمانی " تورکی " نووسراون . ئەوانی تریش بەزمانەکانی کوردی ، عەرەبی ، ئینجا فارسی .

ئەم دەربارەی زۆرتر بەتورکی نووسینە ، ئەوەمان نیشان دەدا کە رۆشنبیرە کوردەکانی ئەو سەردەمە ، یاراستتر ئەوانەی کەلەگۆڤاری " کوردستان " دا نووسیویانە ، سەرەرای توانا و بەهرەوبیری کوردانەیان ، سەرەرای تێکوشان و ئیلتیزامی دلسۆزانەیان بۆ نەتەوەکەیان ، بەلام لەگەل ئەوەشدا دەبینین هێشتا هەر پابەندی رۆشنبیری وزمان و کولتووری میللەتەکانی دراوسێن ، بەتایبەتی تورک " : زەمینەکەیان هێشتا هەرزەمینەیەکی " عوسمانلی " یا زەمینەیەکی کلاسیکی‌یە ، نەیانتوانیوە خویان بەتەواوەتی و بەشێوەیەکی دابڕ لە داب و نەریتە کلاسیک وعوسمانیەکان جیابکەنەوە ، بۆ نمونە ، بەلای کەمەوە ، بتوانن کەوا سوود لەو زمانە کوردی یە ئەدەبی یەی پێش خۆیان " ١٨٩٨ – ١٩١٨ " وەربگرن و بەرەی پێ بدەن ، ناوەرۆکی راپەرین و بزووتنەوە روناکبیری ونەتەوەیی یەکە لە ئاستێکی زمانەوانیی پیشکەوتووترو فراوانتر " لەوەی کەهەیە" عەکس بکەنەوە .

ئەمەش دیاردەیەکە نەک تەنیا گۆڤاری کوردستان ، بەلکو گۆڤاری " ژین" وگەلێ گۆڤاری دیکەی ئەو سەردەمە دەگرێتەوە ، دەبینین خاوەنی گۆڤارەکە ، محەممەد میهری " خوی " ، کەیەکێکە لەچالاکترین روونا کبیرە دلسۆزوشارەزاترین زماندوانەکان ، کەچی لەسەدا نۆهەتی وتارەکانی خوی بەزمانی تورکی نوسیون[18]..

کەواتە ئەگەر تازەکردنەوەی زمانی نووسین ، بەمەرجێکی بنچینەیی دابنرێ لەهەر راپەرینێکی فەرهەنگی دا ، ئەوا دەبێ بلێین کەگۆڤاری " کوردستان " ـ کە تەنیا لەسەدا پازدەی بابەتەکانی بەزمانی کوردی نووسراون ـ: بینینێکی یەک بینەی هەبووە بۆئەو شۆرشە فەرهەنگی‌یەی کەویستوویەتی بەرپای بکات .[19]

بەپێی ئەو پێنج ژمارەیەی کەلەلای ئێمەدان " ژمارە ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦" خشتەی بەکارهێنانی زمانەکان ، بەم شێوەیەن : " ٣٧ " بابەت بەزمانی تورکی ، "٩" بابەت بەزمانی کوردی ، " ٤ " بابەت بەزمانی عەرەبی ، " ٣ " بابەت بەزمانی

فارسی .

لەبارەی نووسەرە هەرچالاکێ و فێرەبەرهەمەکانی کەنووسراوی خۆیان لەگۆڤاری کوردستان " بلاوکردۆتەوە- بەپێی ژمارەکانی " ۲ ، ۳ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ، ۸ ، ۹ " ئەمانەن :

۱ - محەممەد میهری ، کەبەشێوەیەکی زۆر بەبڕشت و چالاکانە وتار وبەرهەمـــ تێدا بلاوکردۆتەوە : زیاترلە ۲۰ وتارو بابەت ،

۲ - ا ، ع . بەرزنجی زادە " عەبدولواحید بەرزنجی زادە " یان بەنازنـــاو " لاوی دەلال " : زیاتر لە " ۴ " ماددەی بلاوکردۆتەوە .

۳ - ئەحمەد وەهبی خەرپوتلی : زیاترلە " ۳ " ماددە ،

هەروەها " محەممەد شەفیق ئەرواسی زادە " و " ئەحمەد عارف " " سالـــی بەدرخان " ، " کەمال فەوزی خێزانی زادە " .. لەشاعیرانیش : " مستەفا شەوقی کەلەهەموو شاعیرەکان " زیاتر ، بەرهەمی خۆی بەزمانی کوردی بلاوکردۆتەوە ،

خاوەنی رۆژنامەکە : " محەممەد میهری "

ئەگەر چاوێک بەبزووتنەوە رۆژنامەنووسی یەکەی سەرەتای ئەم ســـەدەیەم بخشێنین ، بۆمان دەردەکەوی کەرۆلی " محەممەد میهری " لەبزووتنــــەو روشنبیری یەکەی ئەو سەردەمەدا ، ئەگەر هاوشانی رۆلی رووناکبیرانی وەکـــ " عەبدوللا جەودەت " و" عەبدولرەحمان بەدرخان " و " عەبدولکەریـــ سلێمانیەیی " و ... ئەوانی ترنەبێ ، ئەوا کەمتر نیە .

محەممەد میهری ، جگەلەوەی خاوەن بەرپرسیاری گۆڤاری " کوردستان " بووە بەردەوام بەناوی خۆی و بەنازناوی " کاکەحەمە " و " م ، م " بەزمانەکانـــی تورکی ، کوردی فارسی ، عەرەبی وتاری بلاوکردۆتەوە ، لەهەمان کاتدا نووسەرێکی زۆرچالاکیش بووە لەگۆڤاری " ژین " دا . جگە لەوەش لەهەموو ئەم کۆمەلـــە رێکخراوە رۆشنبیری ، نیمچە سیاسیانەدا ئەندام بووە : کۆمەلەی هیڤی " ۱۹۱۳" کۆمەلەی تەعالیی کوردستان ، کۆمەلەی نەشری مەعاریفی کوردی .[20] چالاکانـــی خەباتی کردووە . لەبواری پەرەپێ سەندن و بووژاندنەوەی زمانی ستانـــداری کوردیش دا ، وەک لەسەرەوەش دا باسمان کرد : دوو کتێبی نووسیــــوە وبلاوی کردوونەتەوە ، یەکەمیان " مقدمە العرفان " ، دووەمیان " اساس " .[21]

محەممەد میهری " ۱۸۸۹ - ۱۹ ی نیسانی ۱۹۵۷ " ، لەگوندی " دشە " ی ســـە بەناوچەی جوانرۆ ، لەکوردستانی ئێران دا لەدایک بووە . لەهەرەتـــی گەنجی دا رووەکاتە شاری فارس ، ئنجا " ئەرزەرۆم " ، لەوێوەش لەسالی ۱۹۱۲ دەچێتـــ ئەستەمبول ، تێکەل بەرووناکبیرو شۆرشگێرە کوردەکانی ئەوێ دەبێ . ئاشنایەتیەکی تایبەتی ، و بتەو لەگەل " ئیسماعیل حەققی بابان " پەیدا دەکا کەلەودەمـــەدا

شاعیر لەکۆلێژی حقوق دەخوێنێ و لەکۆتایی دا دیپلوم وەردەگرێ ودەبێتە "پاریزەر" .[22]

ماموستا "نەجمەدین مەلا" لەبارەی ئەم رووناکبیرەوە دەلی :"هەمیشە بیروهۆشی لەلای نیشتمان ونەتەوەکەی بوو، ئاواتی : سەربەرزی و ئازادی کوردستان بوو"[23]

بەپێی هەندێ سەرچاوە ، هەمان ئەم محەممەد میهری یە، تاسالانی بەنجاکەنیش لەنوسین و چالاکی نەکەوتووە: چەندین وتاری بایەخداری لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردیەوە لەگۆفاری "هەتاو"ی هەولێردا بلاوکردۆتەوە.[24]

خۆی رۆیشت ، بەیەکجاری دنیای بەجێ هێشت ، بەلام کۆمەلێک بەرهەم ویادگاری جوانی لەدوای خۆیەوە، بۆمان بەجێ هێشت ، لەوانە گۆڤاری "کوردستان "1919 – 1920، کەبووە سمبوولێک ، نیشانەیەک .، لەرەوتی تازەبوونەوەی فەرهەنگی ی نەتەوەکەماندا .

دەبێ – وەک پێویستە ، بەچاویکی پڕلەرێزەوە، لاپەرەکانی "کوردستان"، کوردستانی بریندارو راچەنیوی ئەو سەردەمە، هەلبدەینەوە ...

ژمارە "2" 9ی شوباتی 1335 / 1919 :

1 – موجودیت حاضرەمز، بەزمانی تورکی ، نووسینی "محمد میهری"، دوولاپەرە و نیو لەشیوەی سەروتاردایە، باسی بارودوخی "ئیستای" میللەتی کورد و کوردستان دەکا – بەتایبەتی لەئیران و لەتورکیادا ، وتارەکە تەواونەبووە .

2 – تانکرید طفل ...، بەز. تورکی ، نووسینی "عبدالواحد" ، لاپەرەیەک ونیو، وتاریکە باسی کیروگرفتەکانی تاکەکەسی / مروفی کورد دەکا ، هەلویستی دەولەتە گەورەکانی دراوسێ وپەورووپا لەئاست میللەتی کورد.

3 – انباء ابناء الوطن ، بەز . عەرەبی ، نووسینی "سید محمد بن الشیخ سید عبدالقادر" ، ل 16 – 17 ، باسی ئەو ئەنجوومەنە دەکا کەلەفەرەنسا پیک هاتوە بو لیکولینەوە لەکیشەی میللەتی کوردو مافەمروفایەتیەکانی گەلی کورد، هەولو تەقەللای شەریف پاشا بەداواکردن بو یەکگرتنی هیزە کوردیەکان .

– تحیە المحبە والوداد ، بەز. عەرەبی ، نووسینی "محمد "ل17–18 شیعریکی ستوونیە، بیری کوردستانیتیی تیدا بەیان کراوە .

5 – وەظیفا مەچیە؟، بەز کوردی / د . کرمانجی ، نووسینی "ئەرواسی زادە محمد شفیق" ، ل 18 – 19 ، وتاریکە باسی بارودوخی گەلی کوردەکا ، ئەرکە روشنبیری ونەتەوەییەکانی مروفی کورد – لەو قوناغەدا دیاری دەکا : چونیەتی ی وەدەستهینانی ئازادی و سەرفرازیی کوردستان .

٦ ـ ادبیات کردیەدن بعض نمونەلر، نووسین " م . م " ل ١٩ ـ ٢١ ، بریتییەلە سی پارچە شیعری " مستەفا بەگی کوردی " و " جەزیری " و " نالی " بەزمانی کوردی ، ویرای دیربەدیر تەرجەمەی تیکستەکان بو زمانی تورکی " عوسمانی " .
٧ ـ اساس ، " کورد " لساننە عائد قواعد صرفیە ، مؤلفی " م . م "ل ٢١ ـ ٢٣ وتاریکە بەز . تورکی نوسراوە ، لەبارەی ریزمان و زمانی کوردی . " واتـا دەگەم پیشچاوخستنی کتیبیکە . کەلەو کاتەدا لەبارەی ریزمان و زمانی کوردی یەوە ، لەنووسینی " م . م " بلاوکراوەتەوە" . وتارەکە تەواو نەبووە
٨ ـ عرفان ، نووسینی " م . م " ، ل ٢٢ ـ ٢٤ ، وتاریکە بەز . تورکی ، لەبارە فەرهەنگیکی کوردی ـ تورکی ـ عەرەبی ـ فارسی ـ فەرەنسی " بەناوی ( عرفان لەنووسینی " م . م " لەوسالەدا بلاوکراوەتەوە . هەروەها باسی دیالیکتە جورلو جورە کوردیەکان دەکاو بەیەکتریان دەکری . وتارەکە تەواو نەبووە .
٩ ـ کردستانە بر سیاحت . نووسینی " احمد وهبی خرپوطلی " ، وتاریکە بە زمانی تورکی ، باسی جوانی و جوگرافیای کوردستان دەکا . تەواو نەبووە .

ژ ( ٣ ) : ٢٥ ، شوباتی ١٣٣٥ ـ ١٩١٩ :

١ ـ مزایا واستعداد فطریمز ، بەزمانی تورکی ، نووسینی " محمد میهری"،ل ٢٥ ـ ٨ پاشماوەی وتارە دریژەکەی ژمارەی پیشووە ، باسی میژووی روشنبیری وئەدەبی ناودارانی کورد دەکا ، گری ی دەداتەوە بەخاسیەت وبەهرەو توانا "هاوچەرخەکانی مىللەتی کورد لەو قوناغەدا .
٢ ـ کردستان مجموعەسی مناسبتیلە ، بەز . تورکی ، نووسینی " کمال فوزی خیزانی زادە " ل ٢٨ ـ ٢٩ ، وتاریکی سیاسی ی کورد پەروەرانەیە ، وەلامیکی ئایدولوژیی رەخنەگرانەیە بو وتاریک کەلەگوفاری " ژین " دا بلاوبوتەوە .
٣ ـ کردستانە بر سیاحت ، بەز . تورکی ، نووسینی " احمد وهبی خرپوطلی " پاشماوەی وتاریکی ژمارەی رابردووە ، ل ٢٩ .
٤ ـ ایلری " اتی " غزتەسنە ، بەز . تورکی ، نووسینی ( عزت ملیح ) ، ل ٣٠ ـ ٣٢ وتاریکی رەخنەگرانەیە لەبارەی ناوەروکی کوفاری مانکانەی ( آتی ) کەلە " ١٦ شباط ١٣٣٥ " لەئەستەمبول بلاوکراوەتەوەو تییدا " لەچەند وتاریکی خویاندا بەخراپە باسی گەلی کوردو بزووتنەوەی سیاسی ی گەلی کوردیان کردووە . نووسەو بەرپەرچی بیروبوچوون ووتارەشوفینیستیەکانی ئەو گوتارە تورکیيە دەداتەوە . بەشیعریکی " نالی " کوتایی ی بەوتارەکەی هیناوە

ژ ( ٤ ) : ١٥ ی مارتی ١٣٣٥ ـ ١٩١٩

١ ـ تبریک ، بەز . تورکی ، لەلایەن کوفارەکەوە ، ل ٣٤ . پیروزبایینامەیەکە بو کومەلەی " کوردستان تعالی جمعیتی " و ئەندامەکانیان . تەبایی هاوکاری و هاوخەباتیی گوفاری " کوردستان " پیشان دەدا لەگەل کۆمەلەی " کوردستان تەعالی جەمعیەتی " .

٢ ـ کردستان وکردلر " ١ " ، بەز، تورکی ، نووسینی " سید احمدعارف برزنجی زادە " ، ل ٣٣ ـ ٣٤، لێکۆلینەوەیەکی میژوویی یە لەبارەی رەچەلەک ونەچەی نەتەوەیی ی کوردو ولاتی کوردان ، وتارەکە تەواو نەبووە .

٣ ـ کوردلر و کوردستان ، بەز تورکی ، نووسینی " عبدالواحد " ل ٣٥ ـ ٣٦ ، وتاریکی میژوویییە لەبارەی کەلی کوردو ولاتی کورد .

٤ ـ بیداری ، شیعریکی ستوونییە ، بەزمانی فارسی ، نووسینی " ع ، ق " ، ل ٣٦، شیعرەکە بانگێکی نەتەوەییە بۆ راپەرینی کوردان و داواکردنی مافە نەتەوەییەکانیان ، لەوە دەچی ئەم شیعرە هی " عەبدوللا جەودەت " بێ. شیعرەکە تەواو نەبووە .

٥ ـ عرض شکران ، بەز، فارسی ، نووسینی " محمد میهری " ،ل ٣٦ـ٣٧، نرخاندنێکی راگوزاریانەی شیعری " بێداری " یە ، گەدەلی " از طرف دی شرف یک سروری معظم وسیدی مبجل و مکرم ارسال شدەاند " ، ئەو کەسەش هەردەبێ " عەبدوللا جەودەت " بێ ، کەلەو سەردەمە شیعری رومانسیانە ونەتەوەییانەی بەزمانی تورکی وفەرەنسی وفارسی دەنووسی وبلاوی دەکردنەوە .

٦ ـ ادبیات کردیەدن بعض نمونەلر، نووسینی " محمد میهری " ، ل٣٧ ـ ٣٨ ، دوو پارچە شیعری مستەفا بەگی کوردی " و " مەلائەحمەدی جزیری چ ، وێرای دێربەدێر تەرجەمەکردنی تێکستەکان بۆسەر زمانی تورکی .

٧ ـ وەظیفا مەچیە؟ نووسینی " محمد شەفیق ئەرواسی زادە " بەزمانی کوردی / دیالیکتی کرمانجی ، ل ٣٨ ـ ٤٠، لێکولینەوەیەکە لەبارەی ئەرکە نەتەوەییەکانی رووناکبیرانی کورد لەو قۆناغەدا ـ لەگوشەنیگایەکی " پان ئیسلامی " یەوە .

٨ ـ ایقاظ النائم وتهییج القائم ، بەز، عەرەبی ، نووسینی " محمد میهری " ، ل ٤٠ ـ ٤١ ، وتاریکە باسی رول و بایەخی کومەلەی " کوردستان تەعالی " دەکا، داوا لەرولەکانی کوردو رووناکبیرانی کورد دەکا کە " هاوکار وهاوخەباتی ئەو کومەلەیە بن .

٩ ـ تحیە المحبە والوداد علی اطلال و جبال اکراد ، شیعر، بەزمانی عەرەبی ، نووسینی " میهری " ، ل ٤١ ـ ٤٢ . پارچە شیعرێکی ستوونی ، کوردپەروەرانەیە، تەواو نەبووە .

١٠ ـ اساس ، کوردجە صرف ونحو ، مؤلفی : م . م . ، ل ٤٢، پاشماوەی وتاریکی

ژمارە دووی گوڤارەکەیە، بروانە ژ " ٢ " ماددەی " ٧ " .

١١ ـ کردستان سیاحتنک ، ببـــد زمانی تورکی ، نووسینی " حمدی وهبی خرپوطلی" ل ٤٢ ـ ٤٣ ،پاشماوەی وتارێکە ژمارەی رابردووە،

١٢ ـ عرفان ، کوردجە لغت ، بەز، تورکی ، مؤلفی : م ، م ،ل ٤٣ ـ ٤٤ پاشماوەی وتارێکی ژمارە دووی گۆڤارەکەیە ، بروانە ژ " ٢ " ، ماددەی " ٨ " .

١٣ ـ لەگەل سوباسامەو پروپاگاندەیەک ، بەز، تورکی ، ل ٤٤ .

ژ " ٥ " : ٣ ی نیسانی ١٣٣٥ ـ ١٩١٩

١ ـ داخلیە ناظری جمال بک افندی حضرتلرینە ، اجیق مکتوب ، نووسینی " محمد" بەزمانی تورکی ل ٤٥ ـ ٤٧ ، چەند داواکاری و پێشنیهادێکە لەبـــارەی مافە رۆشنبیری و نەتەوەییەکانی گەلی کورد

٢ ـ تلغراف ، بەزمانی تورکی ، لەلایەن دەستەی بەرێوەبەرایەتی ی گۆڤـــاری کوردستانەوە ، ل ٤٧ ـ ٤٨ .

٣ ـ مخرج : کردستان تعالی جمعیتی ریاستنە ، ل ٤٨ ـ ٥٠ ( ناوەروکـــــــی دوو تەلەگرافە لەنێوان کومەلێک روشنبیرانی کوردو کومەلەی " کوردستان تەعالـی "، هەروەها وەلام و روونکردنەوەیەکی دەستەی بەریوەبەرایەتی ی گۆڤارەکە .

٤ ـ کردستان جمعیتنە ، بەزمانی تورکی ، ل ٥٠ ، نووسراوی " فؤاد" ، بـــەناوی سەرکردایەتی ی کۆمەلەی کورد تەعالی " یەوە ـ لەدیاربەکر نووسراوە .

٥ ـ دیاربکر کورد تعالی جمعیت محترمەسی نظر دقتنە ، ل ٥٠ ، نووســـراوی دەستەی بەرێوەبەرایەتی ی گۆڤاری " کوردستان " ، بەزمانی تورکـــی . وەلام و پێشنیهاد بۆ کومەلەی " کورد تەعالی جەمعیەتی " لەدیاربەکر .

٦ ـ تاریخدن بیر صحیفە ، بەزمانی تورکی ، ل ٥٠ ـ ٥٢ ، نووسینی"صبری سلیمان"، لەبارەی بارودوخی کومەلایەتی وسیاسی و عەشایەریی کوردستانی تورکیا دەدوێ .

٧ ـ حوادث داخلیە " تعیین ، تشکر ، باب عالینکُ مخطرەسی ، تبلیغ رسمـــــی ، عبدالخالق توفیقی " ، ل ٥٢ ـ ٥٤ ، کۆمەلیک هەوال و دەنکوباسی سیاســـی و روشنبیری و کومەلایەتی کوردستانی تورکیایە ، بەزمانی تورکی .

٨ ـ حوادث خارجە ، بەزمانی تورکی ، ل ٥٤ : کۆمەلێکُ دەنگوباسی رۆشنبیـــری و هەوالی ی سیاسییە لەبارەی جموجولی کوردان ـ لەدەرەوەی کوردستاندا .

٩ ـ خولیا پرووانە تشبثات ، بەز . تورکی ، ل ٥٥ ـ ٥٦ ، نووسینی " محمـــد عثمان بدرخان " لەبارەی هاوخەباتی بوونی کوردو ئەرمەنیەکان ، ویرای چەنـــد قسەیەک لەبارەی هەندی لەروژنامە ئەرمەنیەکان و بیروبوچوونیان لەبارەی کورد.

١٠ ـ حسب حال دگەل وطن ، بەزمانی کوردی / دیالیکتی سۆرانی ، پارچە شیعرێکی

ستوونییە، نووسراوی " مستەفا شەوقی " ویڕای دێربەدێر وەرگێرانی تێکستەکە بۆ سەرزمانی تورکی ، لەلایەن شاعیر خۆیەوە .


ژ " ٦ " : ٢٢ ی نیسانی ١٣٣٥ / ١٩١٩

١ ـ تتمە " بێداری " ، ل ٥٨ ، پاشماوەی پارچە شیعریکی ژمارەی چواری گۆڤارەکەیە، بەزمانی فارسی ، نووسراوی " ع . ق " .
٢ ـ پروتستو، ل ٥٨ ، بەز، تورکی ، گۆڤاری " کوردستان .
٣ ـ کوردلردە افکار عمومیە، بەز، تورکی ، ل ٥٨ ـ ٦٠ ، وتاریکە لەبارەی ژیانی دینی و روشنبیریی گەلی کورد لەو سەردەمەدا ، نووسراوی ابن الرشید".
٤ ـ دساتیر عصرە قارشی کردستان ، بەز، زمانی ، ل ٦٠ ـ ٦٢ ، نووسراوی لاوی دەلال " عبدالواحد " .
٥ ـ کورد مهاجرلری نەاولە حق ؟ بەزمانی تورکی ، ٦٢ ـ ٦٣ نووسراوی " محمد عثمان بدرخان " .
٦ ـ کردستان و کردلر، بەزمانی تورکی ، ل ٦٣ ـ ٦٥، نووسراوی " سید احمد عارف برزنجی زادە " ، پاشماوەی وتارێکی ژمارە چواری گۆڤارەکەیە .
٧ ـ ارمنستانک پایتخت و قوە عسکریەسی ، ارمنی پطرقنک سیاساتی مناسبتیلە ، بەزمانی تورکی ، ل ٦٥ ـ ٦٦ ، نووسراوی " جانو ارضرومی " لەبارەی ژیانی سیاسیی ئەرمەنییەکان و پەیوەندییان بەگەلی کوردەوە : خاوخەمی وخاوخەباتیی ئەو دوومیللەتە .
٨ ـ کردستانک وضعیت خارجیە وداخلیەسی ، آمریقان هیئتک آناطولی یە عزیمتی مناسبتیلە ، ل ٦٦ ـ ٦٧ ، نووسراوی " س ، ح " ، بەزمانی تورکی .
٩ ـ غیرت بکین ، ماسوەن‌نەبین ، بەزمانی کوردی / دیالێکتی کرمانجی ، ل ٦٨ نووسراوێکە لەپێشەکی دا بەپەخشان و لەدوایش دا بۆتە شیعرێکی ستوونیی درێژە نووسراوی " عبدالرحمن النعرس " .
١٠ـ لسو هفالی ماتندار(ماتم)، بەزمانی کوردی /دیالێکتی سورانی ،ل ٦٨،پارچە شیعریکی ستوونی بە ، نوسراوی ( مستەفا شەوقی) ، ویڕای دێربەدێر وەرگێرانی شیعرەکە بۆ سەر زمانی تورکی لەلایەن شاعیر خۆیەوە
١١ـ ادبیات کوردیەدن بعض نمونە لە ، پارچە شیعریکی ( نالی) ویڕای وەرگێرانی دێربەدێری شیعرەکە بۆسەر زمانی تورکی ، لەلایەن (محمدمهدی) یەوە ،ل ٦٩ ـ ٧٠ .
١٢ـ دلالیا زاروکان ، بەزمانی کوردی /دیالێکتی کرمانجی ، ل ٧٠ ـ ٧١،نووسراوی (زینو) ، پارچە شیعریکی مندالانە ، لەسەر شێوەی تازە وتراوە .
١٣ـ شئونات ، شریف پاشانک بیاناتی ،ل ٧١ ـ ٧٢ ، وتاریکە لەبارەی چالاکییەکانی شەریف پاشا لەکونفرانسی ئاشتی ـ لەپاریس ، هەلویستی ئەو ( کۆمەڵەی

اتحادو تەرەقی) لەبەرامبەر مافەنەتەوەییەكانی گەلی كورد ، بەزمانی تـوركی .
لەگوفاری(اقدام)ی توركیەوە وەرگیراوە .
١٤- (عقد ، تغیین ، تشكر ، ارمنستانه دائر محق بر مطالعه)، بەزمانی توركـی
، ل ٧٢ ، كومەلیک دەنكوباس و هەوالی جوراو جورە .

پەراویز

١- د.كەمال مەزهەر لەكتیبی " تیگەیشتنی راستی ..." / ل ٢٣٣ دا دەلی: ( سەید حوسین ناویک بەرپرسیاری بوو ... بەپینج زمان : كوردی و توركی و فارسـی و فەرەنسی وتاری بلاودەكردەوە .. گەلیک ژمارەی ، بەوینەی ناودارانی كـورد رازینراوەتەوە .. هتد ) . كەچی بەپیی ئەو ژمارانەی لەلای ئیمەن و بەپیی ئـەو دوو ژمارەیەی ٨ و٩ ، كەد. مارفخەزنەدار لەگوفاری روژی كوردستان ، ژمـارە (٤٣ - ٤٤)دا بلاوی كردونەتەوە : هیچ سەید حوسین ناویک لەگوفارەكەدا بوونی نیە وتاریكیشیان بەزمانی فەرەنسی تیدانیە . هەروەها هیچ یەكیكیش لەو ژمارانـە وینەی ناودارانی كوردی تیدا نیە .
٢- د. كەمال مەزهەر : هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل ٢٣٣
٣- گوفاری ژین (١٩١٨ - ١٩١٩) هەروەها هەندی بلاوكراوەی كوردی دیكـەش لـەو سەردەمەدا لەهەمان ئەم چاپخانەیەدا چاپ و بلاوكراونەتەوە .
سەرچاوە فەرەنسی یەكان ئەوەیان بەتەواوەتی ساغ كردوتەوە كە چاپخانـەی " اجتهاد " كە گوفاری روژی كوردی پی چاپكراوە هی رووناكبیری كورد (عەبدوسـ جەودەت ) بوود . هەولدان بو ساغكردنەوەی خاوەنی ئەم چاپخانەیەی نجم استقبا لەشتیكی گرنگ و پیویستە .
٤- د. كەمال مەزهەر : هـ . س ل ٢٣٣
٥- د . مارفخەزنەدار : هەندی دەستنووسی كوردی مینورسكـی و ، گ (روژی كوردستان)، ژ: ٤٣ - ٤٤ بغداد : كانون الثانی ١٩٧٧ ، ل ٣٨ - ٤٥
6. Malmisanij U Mahmnd Lewend , Rojnamegeriya Kurmidi ( 1988 - 1981) Wesanen Jina Nu , Stod holm 1989 , R : 79
7- یانیش ئەگەر حەز بكا ، دەتوانی راستەوخو داوا لەبەریوەبەرایەتیكتیبخانەی " لانگزو " بكات لە - پاریس ژمارەو كودی گوفارەكە ئەمەیە
Mel . Tur . 9 . "19"
٨ - لەم بارەیەوە ، بەشی هەرە زوری وتارەكان بەزمانی توركی " عوسمانلـی " نووسراون ، ئینجا " عەرەبی " و پاشان " كوردی "
9- دیاردەی وەرگیران " تەرجەمە كردن " لەزمانی بیگانەوە بو سەر زمانیكوردی، لەگوفاری روژی كوردو لەو سەردەمەدا بدگشتی ، ئەگەر چی لەشیوەی دیاردەیەک و



برنجی سنه        ٢٢ نیسان ١٣٣٥        عدد ٦

# کردستان

سیاسی، اجتماعی، ادبی وعلمی اولەرق هفتەدە ر دفعه نشر اولنور

مندرجات

| محرر | لسان | مقالە |
| --- | --- | --- |
| ح | فارسیجە | بیداری |
| کوردستان | تورکجە | بروتستو |
| ابن الرشید | | کوردلر. ادکار عموب |
| لاوی ملال | | دسایر عصره قارشی کوردستان |
| محمد عثمان | | کورد مهاجرلری نه اولەجق؟ |
| احمد عارف | | کوردستان وکوردلر |
| جاتو | | |
| ح. ح | | |
| توری | کوردجە | |
| م. شوقی | | |
| زینو | | |
| کوردستان | تورکجە | بیاناتی |
| انتام | | |

فروشنو

نسخەسی بنج غروشدر

" شەپولیک " وەدیار ناکەوی ، بەلام لەگەل ئەوەش ئەم دوو تیکستە وەرگیدراوە ، بایەخ و مەغزای تایبەتی خویان هەیە .

10 ـ هەمان نووسەری ناوبراو ، لەگۆڤاری ژین دا " ۱۹۱۸ـ ۱۹۱۹ " بەشێوەیەکی زور فراوان ، هەمان ئەم بەهرەو توانایەی خۆی ـ لەبواری وەرگێڕان لە کوردی یەوە بۆ تورکی ـ تاقی کردۆتەوە .

11 - رۆژنامەی " تێگەیشتنی راستی " لەژمارە " ۵۸ " / لەرۆژی ۹ کانوونی یەکەمی ۱۹۱۸ ، بۆیەکەمین جار چاوپێکەوتنێکی روژنامەنووسی ی بلاوکردوتەوە . بروانە ( د . کەمال مەزهەر : تیگەیشتنی راستی و ....

12 ـ بروانە " د. مارفخەزنەدار : چەند دەستنووسێکی کۆنی مینۆرسکی و ... گۆڤاری رۆژی کوردستان ، ژمارە ٤٣ ـ ٤٤ ، بەغدا ، کانوونی دووەمی ۱۹۷۲، ل ٤١

13 - مستەفا نەریمان " : بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی " ۱۷۸۷ ـ ۱۹۷۵" ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی ، چ " ۱ " ، بەغدا : ۱۹۷۷ ، ل ۱۷ . " بەپێی بۆچوونی ماموستا نەریمان ، ئەم کتێبە بەناونیشانی " نهج الانام " بلاوبۆتەوە .

14 - بۆ شارەزاییی زێتر لەبارەی ئەم کتێبەوە بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۷.

15 - بۆ شارەزاییی زیاتر لەبارەی ئەم کتیبەوە بروانە سەرچاوەی پیشو،ل۱۷ .

16 - عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری ، نووسەریکی زور چالاک و فرە بەرهەمی گوفاری ژین(۱۹۱۸ ـ ۱۹۱۹) بووە ، هەروەها لەروژنامەی " تیگەیشتنی راستی " ش داسالی ۱۹۱۸ " بەرهەمی بلاوکردوتەوە ، بروانە (د. کەمال مەزهەر: تیگەیشتنی راستی و ... ، ل ١٥٦ ) .

عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری ؛ ویرای مستەفا شەوقی تا ئیستا "رەخنەگریکورد" ئاوری لەبەرهەمەکانیان نەداوەتەوە ، بەلام بزوتنەوەی نویخوازی وتازەبوونەوەی شیعری کوردی پیش " عەبدولرەحمان بەگی نفووس " و " شیخ نووری " و"پیرەمیرد" و " گوران " ، بەراستی :لەم دوو شاعیرەوە لەدوو سەربازە ونەوەدەست پی دەکا، نووسەری ناوبراو ؛ خاوەنی یەکەمین شانونامەی نووسراویشە ، کەلەمیژووی ئەدەبیاتی کوردی دا بەزمانی کوردی نووسرابی . بروانە (گوفاری " ژین"کوکراوەو لەچاپدانەوەی " محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان " ، ژمارە (١٦ )جلدی چوارەم وەشانا دەنگ ، ستوکهولم ؛ ۱۹۸۷ ، ل ١٤ ـ ۱۷ ).

17- رووناکبیری کورد (عەبدوللا جەودەت ) ، رولیکی بەزەبرو دیاری هەبووە بەسەر خوشکردنی کلپەی ئەم بیرە نەتەوەخوازی یەی کورد لەو سەردەمەدا ، بەتایبەتی لەسالانی دوای (۱۹۰۸) بەولاوە کۆمەلەی هیوا " هیڤی " ؛ بەچاپخانەکەی ئەو ( چاپخانەی اجتهاد ) گوفارەکەی خویان چاپ و بلاوکردەوە .

18- ئەم دیاردەی زورتر بەتورکی نووسینە ، تەنانەت بابایەکی وەکو پیرەمیردی

شاعیریشی گرتبووه . پیرەمیرد بەشیکی زوری وتارە رووناکبیرەکانی خوی بە زمانی تورکی لە گوفاری " ژین " و " اقدام " دا یا بەزمانی فارسی لەگوفاری " فرهنگ " وُشفق سرخ " دا بلاوکردوتەوه . هەمان شتلەبارەی رووناکبیرەپیشرەوە کوردەکانی دیکەش ، وەکو: (عەبدوللا جەودەت) و (عەبدولرەحمان بەدرخان) و (ئیسماعیل حەققی بابان) و ..... هتد .

19- هەمان ئەم بوچوونە ، لەگەل گوفاری " ژین " یش دا ۱۹۱۸ - ۱۹۱۹ پیکەلپیک دەبیتەوە .

20- بروانە :
Jin , 1918-1919 , M E Bozarslan , Cild I , Stockholm · 1995 , R : 12 - 14 - , 24 - 28

21 - بروانە گوفاری کوردستان ۱۹۱۸ - ۱۹۱۹ ، ژمارە " ۲ " ، ل ۲۱ - ۲۲ ، ل ۲۲ - ۲٤ ، هەروەها ژمارە " ٤ " ، ل ٤۲، ل ٤۳ - ٤٤ .

22 - بو شارەزایی زیاتر لەبارەی ژیانی " محەممەد مەهری " ، بروانە سەرچاوەکانی ژمارە " ٦ - ۲۳ - ۲٤ :

23 - نەجمەدین مەلا : یادی زانایەکی کوچکردوومان " محەممەد میهری " ، لە ر . ژین ، - سلیمانی : ۹ ی مایسی " ۱۹۵۷ " ، ژمارە " ۱۳٤۳ " ، ل ۱

24 - جوتیار حاجی توفیق : محەممەد میهری هیژاونەمر ، لە گ ، بەیان ، بەغدا : ۱۹۸۹ ، ژمارە " ۱۵۸ " ، ل ۲۸ - ۲۹

24 - هەمان ئەم پارچە شیعرەی مندالان ، کەلەژمارە " ٦ " ، ل ۷۰ - ۷۱ ی گوفاری کوردستان دا ، بەئیمزای " زینو بلاوکراوەتەوە ، جاریکی دیکە -دوای نزیکەی ۱۳ سال ، بەهەمان ناونیشانی دەلالیا زاروکان ، لەگوفاری " هاوار " ژمارە " ۵ " ، ل ۲ دا بەئیمزای " ئەمین عالی بەدرخان " بلاوکراوەتەوە . ئیمە وا تی دەگەین ئەو " زینو " ناوەی گ . کوردستان ، ئەمین عالی بەدرخان خوی بی لەگوفاری هاواردا ، سی کوپلەی دیکەی بوزیاد کردووە ، کوپلەکانی پیووشی ، لە رووی زمانی و رینوسسەوە دەسکاری کردووە . جیی سەرنە ، کە گورانیبیژ " شفان " ئەم پارچە شیعرەی مندالانی کردوتە گورانی .

لێکۆڵینەوە

# زمانی کوردی لە کتێبی ( فقه اللغه ایرانی ) دا

ئەحمەد شەریفی

کتێبی ( فقه اللغه ء ایرانی ) ، یەکێک لە نووسراوە هەرە گرنگەکانی زمان ناسی یەکیتی سوڤیەت ( ئەی - م - ئورانسکی ) یە کە لە سالەکانی ( ١٩٥٠ - ؟ ) زایینی دا نووسیویە و ئەم کتێبە بەنرخ و هێژایە لە سالی ( 1342 ک - 1964 ز ) ی دا لەلایەن خوالێخۆشبوو کەریمی کەشاوەرزەوە ، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و لە سالی ( ١٣٥٨ ک - ١٩٧٩ ز ) دا لە تاران چاپ و بلاوکراوەتەوە .

ئورانسکی ، لەم کتێبەدا لە زۆر جێگا باسی کورد و زمانی کوردی دەکا و لە بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا لە لاپەرە ( ٣٠٥ - ٣١٢ ) بەشی تایبەتی بۆ زمانی کوردی کردۆتەوە کە لەم بەشەدا بە ووردی و زانستی سەرنج دەداتە سەر کورد و زمانی کوردی ، بەلام باشەوەش بڵێم کە زۆربەی هەرە زۆری ئامار و ژمارەیکی کە بۆ حەشیمەتی کورد ، کەلکی لێ وەرگرتوون ، زۆر کۆنن و لە رادەبەدەر بوون . وە هەروا لە چەند جێگادا بۆچوونەکانی و بەراوردەکانیم بە راست نەزانی و لەم دەقە وەرگێراوەدا ژێرنووسم بۆ داناوە .

بالێرەدا ، دیاردە بۆئەوەش بکەم کە وەرگێڕی فارسی ئەم کتێبە ، خوالێخۆش بوو کەریمی کەشاوەرز ، زانایێکی هەلکەوتەی فارس بوو ، کە زۆر کوردی خوش دەویست ولەکاتی خۆیدا مارگرێت رودنکوشی لەسەر ئەفسانە و چیروکی کوردی وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی و بەناوی ( افسانه های کردی ) بڵاوی کردەوە ، بیستم کە لەم سالانەی دوایی تەمەنیشیدا خەریکی وەرگێڕانی کتێبێکی رووسی لەسەر کوردان بوو ، جا نازانم ئەوکارەی تەواوکرد یانە ؟

## زمانی کوردی

کوردی ، زمانی کوردەکانە ، گەلێکی کە لەسەر زەویکی پان و بەریندا دەژین ، ئەو سەر زەوییە بەناوی ئەم گەلەوە بە کوردستان ناودەبرێ ، ولاتی کوردستان زۆرتری کوێستانی و کەژ و چیاییە ، لە بەینی ( 34 - 39 ) دەرەجەی پانایی باکوری و ( 36 - 37 ) دەرەجەیی درێژایی رۆژهەلات دایەو ئێستا بەشێکە لە ولاتی چوار کیشوەری سەرەکی ئاسیا ( ئیران -

عیراق – تورکیە و سوریە ) . بەشی ناوەندی کوردستان زنجیرە چیایەکە هەربەم ناوە، یانی ناوچە کوێستانی و کەژەکانی لەبەشی تیک هەلقان و پێک گەیشتنی فەلات و پانتایەکانی ئێران و ئەرمەنستان پێک هاتووە و ئەوانی داگرتووە .

ئەم ولاتە لەلایەن رۆژهەلاتەوە ، سەرزەویەکانی بەینی زریاییوان و ورمێیە ،لەباکوری یەوە، وە روژئاوا ییەوە زنجیرە چیاییی زاگرۆسە ( هەتا دەوروبەری کرماشان ) وەلەباکوری روژئاوا و بەشی روژئاوایەوە مەلبەندە کوێستانی و چیا وکەژەکانی بەبوواری گەورەی دەجلە وفورات ( هەروا شاخ و لق و پۆی تری رووبارەکان ) وناوچەکانی ( بین النهرین )ی گەورە دەگریتەوە.
کوردەکان زیاتر لە ( ٨٠% ) خەلکی کوردستان پیک دینن و لەسەرانسەری ئەم ولات و سەرزەوی یەدا ، کەباسی کرا ، بەکوردی قسان دەکەن و زمانی کوردی باوی هەیە .

لەئێراندا ، کوردی زۆرتر لەمەلبەندەکانی کرماشان ، ماهیدەشت ،سنە ،مەهاباد(سابلاغی پیشوو) و باشوری گۆمی ورمێ ، خۆی – ماکۆ ( باکوری گۆمی ورمێ ) قسەی پی دەکرێ و لە بەوداییە ، لەهێندی جێگای تری ئێرانیش دا کوردزمان هەیە ، وەک : تاقمەیکی کەم لە ناوچەی دەیەلەمان ( لەباکوری قەزوین و قەراخەکانی لای راستی سپی چەم و هەردوو لای روباری شارووود ) وە هەریمی کەلون عەبدو ( ناوچەی فارس ، باکوری رۆژئاوای شیراز ) وە هەروا باکوری روژئاوای لورستان ( بەینی چۆمی کەرخە و سنوری ئێران و عیراق ) وەهەروەها لەبەشی باکوری رۆژهەلاتی بلوچستانی ئێرانیش دا تاقمەیەک کوردزمان هەیە ، کوردێکی زۆریش ( ٢٠٠ – ٣٠٠ هەزار ) نەفەریش لەباکوری خوراسان ، لەدەوروبەری نەیشاپوور – بەجنوورد و شێروان و قوچان و راستایی سەر سنوری ئێران و سۆڤیەت دا دەژین .

ئەمانە پاشماوەی ئەو هۆز و خیلاتە کوردانەن کە شاعەبباسی ئەوەل( 1587 – 1628 ) بۆ بەرگری لەپەلامار و دەسدریژی خیلاتی تورک ، بۆسنورەکانی باکوری خوراسانی راگویستوون ، پاشانیش بەتاییەت لەدەورانی نادرشاه (١٧٣٦ – ١٧٤٧) یشدا هێندێ خیلاتی تری کوردیان بۆ ئەو ناوچانە کۆچ داوە .

لەکوردستانی تورکیە ، کوردەکان لەفەلات و پانتایەکانی ئەرمەنستان و بەشی سەرویی ناوچەمان ( بین النهرین – مەلبەندی جەزیری ) و ناوچەکانی ئەو دەوروبەرەدا دەژین و ئاوەدانییان کردۆتەوە ، لەسەرانسەری ئەو ناوچانەدا و لەهەرێمەکانی سنوری سوڤیەت ( ئەرمەنستانی شورەوی ) و ئێران و عیراق و بەشێک لەسنوری تورکیە و سوریە و بەشی لای ژووروویی دەجلە ( دەوروبەری رووبارەکانی وەک زیی بادینان و زیی گەورە . . . ) و فورات و ( دەوروبەری مەرادچایی . . . ) زۆربەی هەرەزوری خەلکەکەی کوردە و بەکوردی دەدوێن ، تەنیا لەهێندی ناوچە بەتاییەت لەشارەکانی ( ئۆرفە – دیاربەکر – ئەلیازیک – بدلیس – ماردین و وان ) ژمارەیێ تورک زمانەکان ( تورکەکان ) ژمارەیان بەرچاوە ، لە ولایەتی دیاربەکر – سیرت – ماردین و هەڤیاری ( حەکاری ) کەناوەندەکەیان شاری ( جۆلەمیرگ )ە، وە ، وان و ئاگری ، کەناوەندەکەیان شاری ( قەرەکیوس ) ە ، وە ، موش و بەین گول کە ناوەندەکەیان ( چاپاکچور ) ە ، وە ، توویخلی .... هەتا نزیکەی ( ٧٥% ) ی خەلک و

حەشیمەتەكەیان كوردە و بەكوردی داخەڤن . لەوەلایەتی ئۆرفەو ئەرزنجان و مەلاتیە ( ٥٠٪ ) و لەوەلایەتی قارس و ئەرزەروم ( ٢٥٪ ) ی خەلكەكەیان كورد و كوردزمانن .

لەناوچەو مەلبەندەكانی تری توركیەش‌دا كورد هەیە كەبەم جۆرەی خوارەوەیە :

لەناوەندی مەركەزی ئەو ولاتە و لەروژهەلات ، لەسیواس ، لەباكوری ئاماسیە ،لەناوچەی ماراش كەرشەهیر ، لەباشوری ئانكارا ( ناوچەی ئەمیرداغ ، هایمانا وكوخچیسار )وپیدەلت و جولگەقوینیە وناوچەی مەركەزی ئەنا تولی ( ئەنەدول ـ وەرگیر ) دا ، كوردێكی زۆر دەژین دەولەت تازە ( بەزوری ـ وەرگیر ) كوچی داون ، دەولەتی توركیە ، پاش شەری ئەوەلی ناو گەلان و دوای سەركوت كردنی جولانەوەی سالەكانی ١٩٢٠ ـ ١٩٣٠ بـو ئـەم مـەلبەنـدە راگوێستوە .

لەعیراقیش دا ، كوردزمانەكان تەواوی ناوچەكانی سنوری ئێران ـ عیراق ، وە عـیراق و توركیە ، عیراق و سوریە دا دەژین ، لەبوواری دەجلەو لقەكانی لای چەپیەوە ( زێی گەورە و زێی گچكە ) و ناوچەی موسل ، كەركووك ، رەواندز ، ـ هەولیر ـ كۆی سنجاخ ، سولەیمانییە و چیای سنجاردا ، كورد دەژی

كوردزمانەكانی سوریە گشتی لەلای باكوری رۆژهەلاتی ئەم ولاتە ، لەسەر سنوری توركیە و عیراق ( ناوچەی جەزیر و قامیشلی ) و هەروەها باكوری شاری حەلەب و دیمەشق ( شام ـ وەرگیر ) دا دەژین .

تاقمێ كوردزمان لەئەرمەنستان ( زۆرتریان لەناوچەی باشوری زنجیرەچیای بـەمبـەك و رۆژئاوای زریایی سووان ، لە ئەچمیا دەرێەن ، ئەشتەرك ـ تالین ـ نوربایازت وئالاگویز ) و لەئازەربایجانی سوڤیەت لەناوچەی كوێستانی باشوری رۆژئاوای ( كەلەپ جار ـ لاچین و شووشە ) وە لەگورجستان لە ( تفلیس و هێندی ناوچەی تر ) و تـا قـمـە یـەكـی كەمیش لە توركمەنستان ، لەناوچەی سەرسنوری لەگەل ئێران ( فیرووزە ، لەباشوری عیشقاوا ) دا دەژین ئەم كوردانە لەخوراسانەوە هاتوون و بەزاراوەی كرمانجی ( سەرو ـ وەرگیر ) دەخەڤن.هەروا لە ئەفغانستان و پاكستانیش دا هێندێك كوردزمان هەن .

زانیاری گەلێكی سەبارەت بەكوردان لەدەست دایە زۆر كەم و تەنانەت دژبەیەكترن،بە پێی ئەم زانیاریانە لەئێران‌دا نزیكەی ( ٢ ـ ٥ر٢ میلیون ) لەتوركیەدا (٥ر٢ ـ ٣)ملیون لەعیراق دا ( ٢ر١ ) ملیون و لەسوریەدا نزیكەی (٣٠٠) هەزار و لەئەفغانستان‌وپاكستان‌دا نزیک بە (٢٠٠) هەزار كورد دەژین ، بەپێی ئاماری سەرژماری حەشیمەت لەسالی ١٩٣٩ ادا لەیەكیەتی سوڤیەت (٩ر٤٥) هەزاركورد دەژیان .

لەم دواییانەدا هێندی نووسەر ئەرقام و ئاماریكی تریان بلاوكردوتەوە ،كە بـەم پێیـەوە دەكرێ ئامار و ژمارەی كوردزمانەكان بەگشتی (٧ ـ ٨) ملیون كەس بدەینە قەلەم .

هێندێ لەسەر ئەم باوەرەن كە گەزەنفوون ، و نووسەرانی تری دونیـای كـون هـەوەلیـن كەسانێك بوون كەباسی كوردەكانیان كردوە .

نووسەرانی لە ولاتی كوردوك ( korduk ) دوواون و لەمەتوون و نووسـراوەكـانـی

سەریانی ( Serîyanî ) دا لە قوردو ( QURDU ) باسکراوە ، لە ئاسار و شوینەواری فارسی ناوەند ( سەدەی شەشەمی زایینی ) دا باسی کوردان شوانان ( KURDAN SUBANAN )هاتوتە گۆڕێ

جوگرافیا نووسانی عەرەب لە سەدەکانی ناوەندیدا هەموو کوێستانەکانی ڕوژئاوای ئێرانیان بە ( کرد ) و ( ئەکراد ـ اکراد ) داوەتەقەلەم .

لە سەدەی دەهەم و یازدەهەم دا خیلاتی کورد لە بەرەوە ، ڕەخنەیان کردوتە ولایەتی ڕۆژهەڵاتی تورکیە و نیشتەجێ بوون ، لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم دا ، بەشێک لە ولاتی کوردان کەوتە ژێرچەپوکی قەرال و ئیمپراتۆری وەسمانی ( عثمانی ) و بەشیکی تری کەوتەبەر رکیفی حکومەتی سەفەوی ( صفوی ) لە ئێران دا .

کارو پیشەی سەرەکی کوردان ئاژەلداری و کشت وکالە ، هێندێ لەوان هێشتا هەر بە شێوەی خێلاتی رەوەند و نیوەکۆچەر دەژین ( لە تورکیە بەوانە دەلێن ـ کوردی خیلەکی )، لە سازمان و کومەلگای وان دا ئیستا شیوەگەلی جۆربەجۆری پێوەندایەتی دەورانی خان خانی و دەرەبەگایەتی ( ملوک الطوایفی ) و شوینەواری چاخ و سەردەمی رەوەندوخێلەکی دەپارێزرێ، بەڵام ئیستاکە پیوەندایەتی سەرمایەداری لە کوردستان دا رەخنەی کردووە ( لە سالەکانی دەیەی ئاخری سەدەی نوزدەهەمەوە ) ، لە بەرەوە ، بارودۆخی شێوەی ژیانی رەوەندایەتی و خێلەکی دەپچکرێ و ئەم شێوە گۆڕانە ، بەتایبەتی ، لە ژیانی ئەو کوردانەی کەچەشنی ژیانی نیشتەجێیان هەل بژاردووە ( بۆ وێنە کوردەکانی ناوچەی کرماشان ـ مەهاباد و ماکۆ ، کە نزیکەی ٨٠٪ دامرکاون و خەریکی کشت و کالن ، هەروەها هێندێ لە کوردەکانی عیراق و تورکیە ) یش ، بەجووانی دیاری دەدا و دێتە بەرچاو .

لەم دواییانەدا ژمارەی کوردەکانی نیشتەشاریش لە زێدا ن دایە و لە شارەکان توێژێکی گچکەی بورژوازی و رووناکبیری کورد گورا و و پێک هاتووە ، لە بەرامبەر ئەمەش دا چینی کریکاریش لە زیادبوون و گوڕان دایە .

کوردەکان موسولمان و سونی مەزهەبن ، ژمارەیەکی کەمیشیان شیعەیە ،هەروەها هێندێکیان لە سەر رێباز و رێچکەی جۆربەجۆری ئیسلامین لە ناودا رترینیان یەزیدیەکانن ( کە لە ناوچەی سنجار و هێندی جیگای تری تورکیە و سوریەدا دەژین ) . لە سەدەکانی ناوەندی دا ، ئەدەبیاتی کوردی بەخەتێک کە لە خەتی عەرەبی وەرگیرابوو ، وەدەنگەکانی کوردی تێدا دیاری کرابوو دەنووسرا و کەلکی لێ وەردەگیرا ، لە سەدەی دوازدەهەم دا شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی جەزیری ، ناودار بە ( مال ) پەیدا دەبی و هەلدەکەوی ، لە سەدەکانی ناوەندیدا ، چەند شاعیر و هوزانڤانێت تریش سەر هەلدەدەن ، ئاسەواری ئەدیبان و شاعیرانی کورد ، زۆرتر سەرنجی چین و تویژەکانی کومەلگای کوردی بۆلای خۆی رادەکیشا و تێکەل ئەدەبی نەتەوایەتی و کە لە پوری فۆلکلوری نەنووسراوەی کوردی دەبوو ، چونکە ئەم ئاسەوار و شوینەوارانە بەبیچم و شیوەی نووسراوە ، نەدەکرا ، کۆمەلانی هەراوی خەلکی بی سەواد و نەخویندەواری کورد کەلکی لی وەرگرن .

یادگار و ئاساری ئەحمەدی جەزیری ( نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەهەم ) و ئەحمەدی خانی ( 1562 - 1591 ) و .... لەم ریزەدا بوون ، پاشماوەو شوێنەوارو هەلبەستی حاجی قادری کۆیی ، کەکۆشاوە ، لەگەنجینەی فۆلکلۆری و فەرهەنگی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی گەلی کورد کەلک وەرگرێ لەناو کوردان دا ، پایەو رێزێکی تایبەتی هەیە .

لەدوا سالەکانی سەدەی نوزدەهەم دا لەبەرەوە هیندێ کتێب بەزمانی کوردی و چەند رۆژنامەش هاتنە مەیدانەوە ( ئەوەلین روژنامەی کوردی ناوی " کردستان " بوو ، لە سالی ١٨٩٨ دا لەقاهیرە چاپ و بلاو کراوەتەوە . ) ، هەروا لەسالەکانی ( ١٩٢٠ ـ ١٩٣٠ ) لە عیراق و سوریە ولوبنان دا چەندین کتێب و روژنامە بەزمانی کوردی هاتنە دەرکەتن .

کوردەکانی عیراق لەنووسین لەئەلف بێی عەرەبی و کوردەکانی سوریە لەسالی ١٩٣١ دا ئەلف بێی لاتینیان هەلبژارد ( تەقەلا بۆ جێگیر کردنی ئەلف و بێی لاتین ، لەجیاتی ئەلف وبێی عەرەبی ، لەعیراق دا سەرنەکەوت و ناکام ما . ) لەو دەورانەدا ئاسار و شوێنەواری هێندی لەشاعیران و ئەدیبانی کورد وەک : بێکەس ـ نەریمان ـ هەژار ـ جگەرخوین و قەدری جان ، چاپ و بلاوکرانەوەو ناوبانگیان دەرکرد .

فەرهەنگی کومەلایەتی و فولکلوری گەلی کورد ، رەگ و ریشەیەکی قول و دێرینەی هەیەو زۆر دەولەمەند و پر بایەخەو پرە لەحیماسەی پالەوانی و ئەفسانەو گورانی گەلی جوربەجۆر ، لاواندنەوەو شیوەن ، داستان و چیرۆکی گەلی و نەتەوەیی میژوویی پر کارەسات ، بارودۆخی جۆربەجوری کومەلگای ژیانی مەردومی ، فەرهەنگ و کەلەپوری نەنووسراوەی کوردی یان پێک هیناوە ، مێژووی خەبات و بەربەرەکانی لەگەل عەرەب ـ مەغول ، تورک و خاچپەرستەکان لەفەرهەنگی کەلەپوری و گەلی نەتەوەیی نەنووسراوەی کورد دا خۆ دەنوێنن .

بەسەرهاتی میژوویی و بارودۆخی ژیانی کوردو بلاوبوونەوەیان بۆتە هوی پەیدا بوونی زاراوەگەلی جوربەجور ، زاراوە سەرەکییەکانی کوردی (یان روونتر بلێین رەدەسەرەکیەکانی زاراوەگەلی کوردی ) بریتین لە :

کرمانجی ( زاراوەی باکوری رۆژئاوای زمانی کوردی ) وە کوردی ( زاراوەی باشوری رۆژهەلاتی ) .

زاراوەی کرمانجی زۆرتر لەناو کوردەکانی تورکیە ( ناوچەی ماردین ـ نەخجەوان ـ بادینان ـ حەکاری ـ وان ـ موش و ئەرزەروم ) و لەئێران دا ( ناوچەکانی رۆژئاوای گولی ورمێ و ناوچەی خوراسان ) و لەباکوری عیراقی ( کوردەکانی سنجار و موسل ) و سوریەو سوڤیەت دا ، باوی هەیە پێیی داخەڤن . لەکوردستانی ئێران دا ( لەکرماشان ـ سنە ومەهاباد ) وە لە باکوری رۆژهەلاتی عیراقی دا ( ناوچەگەلی ـ رەواندز ـ هەولێر ـ کەرکووک وسولەیمانییە ) زۆرتری بە زاراوەی سەرەکی ( کوردی ) قسان دەکەن .

زاراوە و گۆویژی هیندی لەخیلاتی کورد ، لەگەل زاراوەی سەرەکی یان توفیر و جیاوزیکی زۆری یان هەیە . بەچەشنی هێندی توێژکار و زانای زمان ناس ، ئەوان بەزمانێکی سەربەخۆ دەزانن ، بۆ وینە زاراوەی گۆرانی ( لەناوچەی کرماشان ) کەهۆزی گوران قسەی پێ دەکەن،

وە زاراوە ی زازا ( کە دومەلیە کا ن ) پێی دە دوێن و لە هێندی نا وچە ی تورکیە دا با وە،بەپێی شا یەتی تا قمە یکێ زانا و گەروکێ کەلە و هەریمانە یا ن دیتن کردوە ، و توێژکا ری یا ن ئە نجا م دا وە با ئەوەش بلێین کە ئەو خێلات و هۆزانە ی کە بە زاراوە ی زازا یی و گۆرا نی قسان دەکەن، ئا شنا یە تی و شا رە زا یی یا ن بە زا را وەکا نی تری کوردیش هە یە .

کتێب و نووسراوە ی ئا یینی و غە یری ئا یینێکی زۆریش بە گۆرا نی هە یە ،زاراوە ی هەورامانی کە لە گۆرا نی نزیکە ، لە نا وچە ی ئەورا ما ن ( با کوری کرما شا ن ) دا با وی هە یە .

هە ندێ تا یبە تمە ندی لە زا را وەکا نی زازا و گۆرا نی دا هە یە کە نیشا ندە ری پێوە ندی ئەوا ن لە گە ل زا را وەکا نی نا وە ندی ئێرا ن ( سمنا نی ) و زا را وەکا نی سە رزە وی فا رس ( سیوە ندی ) و هە روە ها قە را غە کا نی زریا ی خە زە ر دە گە یێنی .

## زا را وە ی لوڕی و بە ختیا ری

نا وچە ی با شوری قە لە مرە وی زما نی کوردی ، مە لبە ندی زا را وە کا نی لوری و بە ختیاری‌یە ،ئەم زا را وا نە گۆویژ و زا را وە ی خێلات و قە با یلی لور و بە ختیا ری روژئا وا ی ئێرا نن ، بە چە شنێکی گشتی پێوە ندیا ن بە زا را وە کا نی ئێرا نی‌یەوە هە یە ، کە زا را وە کا نی با شوری روژئا وا ی فا رسیش دە گرێتە وە ، بە لام لە گە ل زا را وەکا نی کوردی توفیرێکی زۆریا ن هە یە .

نا وچە گە لێکی کوێستا نی کە لە رۆژهە لاتی سنوری ئێرا ن و عیرا ق ( ئێوا ن کرما شا ن وبروجیرد لە با کورە وە ) وە نا وچە کا نی لێوا رە ی خوزستا ن ( لە با شورە وە ) هە لکە وتووە ، بە نـا وی ئەو خێلات و هۆزا نە وە ( لورستا ن ) ی پی دە گوترێ .

لوری پێشکو زۆربە یا ن جووتیر و کە شا وە رزن و نیشتە جێن و لە نا و دوو چە می کە رخە و دز دا دە ژین . لوڕە کا نی نا وە ندی لوڕستا ن نزیکێ بروجیرد و نە ها وە ند و نا وچە کا نی تری با کوری و تە نا نە ت ئە وا نە ی کە لە مە لبە ندی هە مە دا ن و رووبا ر ( با شوری روژئا وا ی قە زوین )دا دەژین بە گشتی نیشتە جێن و لە گوند دا دە ژین .

لە نا وچە ی لوڕی گە ورە ( بە ختیا ری ) دا خێلاتی بە ختیا ری دە ژین ، بە ختیا ریـە کـا ن رە وە ندن و گە رمێن و کوێستا ن دە کە ن ، لە ها وینی‌دا دە چنە بە رزا یی کویستا نە کا نی نێـوا ن بروجیرد و ئیسفە ها ن و زستا نا ن بە ما ڵ وما ڵاتە وە بە رە و پێدە شتە کا نی خوزستا ن دا ئـا ژوون و هە تا نا وچە ی شوشتە ر دە چن .

خێلات و قە با یلی بە ختیا ری بە دوو دە ستە دا بە ش دە بن ، ( حە وت لنگە ) لە نا وچە ی ئیسفە ها ن و ( چوا رلنگە ) لە نا وچە ی بروجیرد دا دە ژین ، خێلاتی دە ستە ی ئە وە ل ( حـە وت لنگە ) بە گشتی رە وە ند و نیوە رە وە ندن ، بە لام تا قمە کە ی دووە م ( چوا رلنگە ) زۆربـە یا ن نیشتە جێ بوون . تا قمە یکی بە رچا ویش لە بە ختیا ریە کا ن لە نا وچە نە وتی‌یە کا نی بـا شـوو ری روژئا وا ی ئێرا ن ( با شوری روژهە لاتی شوشتە ر ) و ( حە وت گل ) و ( ئا غا جا ری )و(بیبهبهان) رۆژهە لات و رۆژهە لاتی با شوری ئە هوا ز دا دە ژین . زا نیا رێکی ئە وتۆ سە با رە ت بە رابردووی مێژوویی لور و بە ختیا ر لە دە ست دا نیە ، ئە وە ی کە هە شە زور کە مە ،بە لگە و دە سا وێژە کـا نـی

عەرەبی سەدەکانی ناوەند ، ئەمانەیان بەبەشیک لەخێلاتی کورد داوەتەقەلەم بە (اکراد) و کوردیان دانا ون و لەسەدەکانی ناوەند دا ، باسیان کراوە ، بەلام ناوی بەختیاری زۆردواتر هاتۆتە ناو کتێب و نووسراوە .

لوڕ و بەختیاری شیعەمەزەبن ، ژمارەیان بەروونی مەعلوم نیە ، سەرچاوەی جۆربەجۆر ژمارەیان بەم شێوەیە دەدەنەقەلەم :

لوڕەکان ٣٥٠ هەتا ٦٥٠ هەزارکەس و بەختیارییەکان ٣٣٥ هەتا ٨٢٠ هەزارکەسن ، وە خێلاتی بەشی رۆژئاوای ئەیالەتی فارس کوهگیلویەن ( نزیک سەدهەزارکەس لە باکوری رۆژهەلاتی بیهبەهان ) . مەمەسەنی ( نزیک ٢٥ هەزارکەسن لەباکوری رۆژئاوای شیراز ) کە هەربەزاراوەی لوری دەدوین . خێلاتی لوڕ و بەختیاری خاوەنی فەرهەنگێکی گەلی و فولکلوری پر بایەخ و بەربلاون ، بەتایبەتی گۆرانیەکانیان گەنجینەیێکی مەزنە کە زانایانی سوڤیەت خەریکی توێژکاری لەسەر ئەم فەرهەنگە فۆلکلورییەن و لەم بارەوە حەول و تەقەلایکی زۆریان داوە .

بەختیاریەکان دەلێن :

( ئیمە دەریایەکی خرۆشانین ، گۆرانییەکانی ئێمە لەبن نەهاتوون ، ئەگەر ئەوەی کە لە دەست دایە و لەباب و باپیرانمانەوە بەئێمەگەیوە ، وەئەوەی کەئێستا لەسەر زار و لێوی کۆمەلانی خەلکی ئێمە دیتەدەر و دەخولقێ ، کۆکریتەوە ، زیاتر لە دوو شانامە دەبێ ) .

باسەکەی ( ئۆرانسکی ) سەبارەت بەزمانی کوردی لێرەدا کوتایی دێ .

١٩٨٨/١/٣٠

<u>پەراویزەکان :</u>

1- ئەم ئامارەو هەموو ئامارەکانی ئەم نووسراوەیە ، هی سالەکانی ( ١٩٥٠ ) زاینییە و ئێستا ژمارەو ئاماری کوردەکانی خوراسان چەندین بەرامبەر، هەروا ئامارەکانی تریش ئەم زیادبوونە دەگرێتەوە . ( وەرگێڕی کوردی )

2- کوردەکان بەروالەت بۆ بەرگری برانەخۆراسان لەراستیدا تاوویان دان و تەبعیدیان کردون ، دەنا کورد ولاتی خۆی پێ لەهەموو جیهان خۆشترە . ( وەرگێڕی کوردی )

3- بۆ زانیاری پتر سەبارەت بەکوردەکانی خۆراسان و زمانەکەیان بڕواننە کتێبی (ئەیوانوف).
نووسەر

4- بۆ زانیاری پتر سەبارەت بەکوردەکانی خۆراسان و زمان و فەرهەنگ و مێژوویان سەرنج

بدەنە کتێبی ( حرکت تاریخی کرد بەخراسان ـ جلدِ اول و دوم ) نووسینی کاک ( کلیم الـه توحیدی اوغازی ) ، کتێبی ( عشایر خراسان ) نووسینی ـ عەلی میرنیا ـ ( وەرگێڕی کوردی)

5- ئەم ئامارانەش دروست نیە و کوردێکی زۆرتر لەم ناوچانەدا هەیە . ( وەرگێڕی کوردی )

6- نووسەر باسی کوردەکانی خوارووی عیراق وەک خانەقین ومەندەلی و . . تر ناکا . هەروا لە باسی کوردەکانی ئێرانیش دا خۆ لە باسکردنی کوردەکانی ئیلام ـ دەماوەند و . . . تردە بوێرێ و جانازانم لە بارەی کوردەکانی عیراق و سوریە و تورکیە و ئەرمەنستان خۆی لەکوێ بواردووە . ( وەرگێر )

7- نووسەر بەهەڵە چووە ( کار و پیشەی سەرەکی کوردان هەر ئاژەڵداری و کشت وکاڵ)نەبووە ، بەلکو ئەمە کار و پیشەی بەشێک لەخێلات و رەوەندی کورد بووە ، دەنا کوردیش وەک هەموو گەلانی جیهان لە هەموو بارێکەوە بەشداری ئایین و کار و پیشەی تری کردوە ،کوردان لە پیش ئیسلامدا بەدەیان حکومەتی سەربەخو و مەزنی وەک ( مانتا ـ زاموا ـ ماد و تەنانەت ساسانییان ) پیک هیناوە . تەنانەت لە سەدەکانی ناوەندیدا بەدەیان میرنشینی کورد هەبووە ، بەڵام نووسەر ئەمانە دەخاتە پشت گوییو تەنیا باسی رەوەند و خێلەکی و گوندی کورد دەکا و ئەوانیش بەهەموو کورد دادەنی . ( وەرگێری کوردی )

8- نازناوی شیعری ئەحمەدی جەزیری ( مەلی ـ مەلا ) یە و سووسەر یا وەرگێری فارسی هەلەی کردوە . ( وەرگێری کوردی )

9- ئەم قسەیە راست نیەو زاراوەی خیلی گۆران بەهیچ کلوجی لەزمانێکی سەربەخو ناچی ، ئاخەفتنی گورانەکان بەچەشنێکە نەتەنیا خەڵکی کرماشان بەئاسانی لێی حالی دەبن ،بەڵکو زوریش وەشێوەی کوردی جافی یان سورانی ناوچەی بانیگان و سەرپێل ی زەهاو وەلەدبەگی دەچی ، من خۆم لەناو خێڵی گۆران ، لەناوچەی دالاهۆ و گەوارەگەورە شاری خێلی گوران و گوندی توت شامی بووم و بی هیچ گیروگرفتیک قسەم لەگەڵ گۆرانەکان کردوە و شیعرەکانی سەییدبراکەی گورانم بەئاسانی خویندۆتەوە ، بۆ بەلگەی قسەکانیشم ئێستا شیعری بەدەیان شاعیری پایەبەرزی گۆران لەدەست دایە و بە بەختیاری ئەوە زوربەشیان چاپ وبلاو بوونەوە، ( ۱ ) وە بەلام سەبارەت بەزازا دەبێ بلێم ئەمن هیندی نووسراوەم بەم بن گوویژەدیون کە برایانی زانام کاک روهات و مەحموود لاوەندی ـ تایفون بلاویان کردوتەوە ، لەوانیش حالی بووم و هەستم بەوەی نەکردوە کەزاراوەیکی جیا لەکوردی بن . بۆ بەڵگەش دەیان نامەی برایانی زازایم لەلایە کەهیچ توفیریکی ئەوتویان لەگەڵ زمانی کوردی نیە . ( شەریفی )

10- هەورامان ، یان ئەورامان لە رۆژهەڵاتی کرماشانیدا هەلکەوتووە . ( شەریفی )

11- ئەو پێوەندایەتی‌یەی کەلەناو زاراوەکانی کوردی و زاراوەکانی فارسی‌دا هەیە ،پێم وایە دەگەرێتەوە بۆ دەورانی هەرەکۆنی مادی ،ئەوکات کەپارسەکان لەباشوری گۆلی ورمێ دەژیان و جیرانی مادەکان بوون و پاشانیش بەهۆی دینی زەردوشتی مادی‌یەوە،کەئاڤیستای

بەزمانی مادی گەشەپێدا ، وشەگەلێکی زۆری مادی چوونە ناو زمان و زاراوەکانی فارسەوە ، پاشان نووسەرە دەمارگرو رەگەزپەرستەکانی فارس ناوی داتاشراوی زمانی (اوستا) یان لەسەر زمانی مادی دانا ... ( وەرگێری کوردی )

12- نووسەر زاراوەی لوری لەکوردی هەلاوێردوە ، ( 13 ) پێشی وایە (توفیریکی زوریان هەیە !) لەکاتێکا جیاوازیکی ئەوتۆیان نیە ، ئەمن لەگەڵ لوری گوندی قەتبەفارسیئە دواوم و لەکوردیکەم حالی بووە و ئەمنیش لەزاراوەی وی گەیوم . دیوانی شیعری ( میر نەوروز - مەلا زولفانی - سیاپۆش ) و چەندین شاعیری لوری تر کەلەلام هەن نیشاندەری ئەم راستی یەن کە زاراوەکەیان توفیریکی ئەوتۆی لەگەڵ زمانی کوردی نیەو لەزمانی کوردی نزیک ترە هەتا زمانی فارسی . بەلام باری ئابینی ئەوانی بەرەو فارسیەت راکێشاوە . (وەرگێری کوردی)

14- ئەو ناوچەی کەپێی دەلێن پشتکوّ لەبنەرەتا مەلبەندی ئیلامە ، لەئیلام دا زورتر کورد دەژی تا لور ، سەرەرای ئەوەش جیاوازیکی زور لەبەینی زاراوەی لوری و ئیلامیدانیە ( لەبارەی ئیلامەوە وتاریکی جیام نووسیوە . وەرگێری کوردی )

15- لەدەوروبەری قەزوین و روودباری گیلان دا کوردیکی زوردەژین و ژمارەیان لە لورەکان زور زیاترە . ( وەرگێری کوردی )

16- ناوەندی خیلی ( حەوت لنگە ) شاری کوردە . ( وەرگیری کوردی )

17- ئیستا لەخوارووی ئیراندا ، ئوستانێکی گەورەی لوری بەختیاری پێک هاتووە بەناوی ( کوهگل لویە و بویرئەحمەدی ) کەناوەندی شاری ( یاسوج ) ە . باەوەش بلیم کە هەتا ئیستا نووسراوەو شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بەزاراوەی بەختیاری لوری بلاو نەبوتەوە،ئەوەندەی من بزانم دەقیکی بەیت ئاسا بەناوی ( دارەجونگە ) لەمانگنامەی ( نور ) دوای راپەرینی گەلانی ئیران دا ، ژمارەیەکی خۆی بۆئەفسانەو باوەری بەختیاری تەرخان کرد (وەرگیری کوردی )

18- ئەم ئامارو ژمارانە هی سالەکانی " ٥٠ " ی زایینی‌یە وئیستا تاقمەیان زۆر زۆر لەمە زیاترە . ( وەرگێری کوردی )

19- بروانە کتێبی و - و . بارتولد ( تاریخ وجغرافیای ایران ) لاپەرە " ١٢٢ " چاپی " ١٩٠٣ " نووسەر "

# ریالیزمی سوسیالیزم و بەهرەی ئازاد

حیکمەت محەمەد کەریم

لەمێژوودا ئاشکرایە کەوا ، ریالیزم ، دژی رێبازی " هونەر بۆ هونەر " چەکەرەی هونەری کردووە و بەرە بەرە ، بووە بە خونچە و پشکوتووشە . چەکەرەکردنەکەش ، لەجیهانی ئەدەبەوە نەبووە ، بەلکو لەناو هونەری وێنەکێشانەوە بووە . (گۆستاف کوربە ١٨١٩ ـ ١٨٧٧) یەکەمین هونەرمەند بووە ، ئالای دژایەتی کردنی رێبازی ( هونەر بۆ هونەر ) ی بەرێبازی ریالیستی ، بەرزکردوتەوە و ئەوسا گووتویەتی : ئامانجی هونەر بۆ هونەر بێ هوودە و پوچە .

زایگای ریالیزم ، فەرەنسایە . کە ریالیزم کرایە رێبازی هونەری ، دەبوو بێ چەندو چون بکری بەگژ رێبازی رۆمانسیزم دا و سەریش بخرێ . چونکە ئەوکاتە رێبازی باوی ئەدەبیاتی جیهان ، رومانسیزم بووە . کاری واش بو ئەوسەردەمە گەلی گران بووە ، باری گرانیەکەش بەوە دژوار بووە کە نووسەری گەورەو کەلەنووسەرانی ئەو سەردەمانە ، شانیان نەداوەتە بەرئەرکەکە بەلکو نووسەرە ناوەنجیەکان ئەرکەکەیان گرتۆتە ئەستۆ . وەکو : شانفلۆری ،مورژە ،دەورانتی. دیارە ، بوئەم نووسەرانە ، لەبەرامبەر نووسەرە کەلەکانی وەکو : هۆگۆ ، گول ، موسە ،گوتی و دون ژوان .. تاد بەرهەلستی کردن ، چوونی میروولە بەگژ قوللەی قاف دا بووە ! بەلام لەبەر ئەوەی ریالیزم زادەی ریالی راستەقینەی خەلک بووە ، خەلکێکی زورتر پشتگیریان کردووە ، هەتا ( بالزاک و ئیستاندال ) ی گەورە هەلکەوتوون و داکوکیان لە ریالیزم کردوتە سوپەری سەرخستنی ریبازەکە .

وردە وردە ریالیزم پەرەی بۆ میللەتانی دیکە سەندووە و نووسەرانی ناسراوی زۆر پەیرەوی یان لێکردووەو ، یەک وولاتی سەرمایەداری نی یە ، بەهەرەمەندی ریالیزمی تیا هەلنەکەوتبی ، بەتایبەتی ریالیزمی رەخنەیی ، کە دەتوانری رووسیای تزاری بەگرنگترین مەلبەندی کەلە نووسەرانی رێبازی ریالیزم بزانرێ ، بەتایبەتی لە رومانی ریالیزم دا .

نموونەکانیشیان : تۆرگنیف و تولستۆی و گوگۆل و گۆنچارف و ...تەنانەت دستۆفسکیش ریالیزم و دەروون ناسی بلیمەتانە ئاوێتەکرد . دوای هەموو ئەوانە ( مەکسیم گۆرکی ) پیش

پەیابوونی ریالیزمی سوشیالیزم ، ریالیزمی رەخنەیی کاریگەرتر بەستەوە بە کێشەی کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتیەوە . ریالیزم لەسەر دەست و سەردەمی گۆرکی دا ، مژدەی پێشکەوتنی زانستیانەی پێوە دەرکەوت . دەورانی گۆرکی ( 1868 - 1936 ) لە کورەی قینی خەڵکی پێش ئوکتۆبەر دەخولقا و بەهرەکەی دەبرژا . بیست ساڵیش دوای ئوکتۆبەر (١٩١٧) درێژەی کێشا .

** لەدایک بوونی ریالیزمی سۆشیالیزم :

رووداوە چینایەتی و سیاسیەکانی پێش ئوکتۆبەر و پاش ئەو ، هەتاهاتووە پتر ئاوێتەی فەلسەفەی سۆشیالیزمی زانستی بووە . نەدەکرا ، ریالیزم ئەگەر بۆ کرێکاران وزەحمەتکێشان بێ ، جیا بکریتەوە لە فەلسەفەی چینایەتی و ئامانجە سیاسیەکانیان . هەڵبەتە ئەو دەمە ، پیش سوشیالیرم ، لە بەرامبەر رژێمی تزاردا ، دیموکراسی و ئازادی خەڵک ، کێشەی چارەنووس ساز بووە ، بۆیە ، ئازادی ، هەوێنی ریالیزم و سۆشیالیزمیش ئامانجی بووە . هەرگیز ئازادی و سۆشیالیزم ، چ وەکو زەمینەی پیشینەی کۆمەلایەتی سەرهەڵدانی ریالیزم لە فەرەنسادا وچ دوای ئەوەی سۆشیالیزمیش خەملی ، لێک جودا نەکرانەوە . کاتی کەلە نووسەرانی ریالیزم ، رێبازی ریالیزمیان ئامانجی هونەریان دژی هونەری بورژوا و ئوروستوکراتەکان ، کەمتر سیاسەت و سیاسەتی ئاراستەکراوی حیزبایەتی بایەخی هەبووە و دوای بایەخ پەیداکردنیشیان ، هیندەی حیزبە سیاسیە نهێنییەکان پێویستیان بە نووسەرە ناسراوەکان و بەرهەمەکانیان هەبووە ، نیو هێندە نووسەرەکان پێویستیان بە رێبەرانی حیزبەکان نەبووە . بەلام کە شورش سەرکەوت و بولشەویکەکان هاتنە سەر کارو ... کایەی سیاسی ، وەکو تیۆری ریالیزمی سۆشیالیزم تیوریزەی ئەدەبی تەواو کرا ،دەسەلاتی سیاسیش وردە وردە خزایە ناو رێبازەکە وکردیانە ئامرازی سیاسەت و بگرە هی دەسەلات و دەسەلاتدارانیش . ئالیرەدا ، دەتوانری بە دلنیاییەوە بگوتری کەوا :

تیوریزەکردنی ریالیزم لەتەک سوشیالیزمدا لەیەکێ قالبی ئەدەبیدا .

لەسەر بنەمای دیموکراسی و ئازادی بەهرە ، بو زیاتر هاندانی بەهرەی ئازاد وەرچەرخانیکی ئەدەبی - سیاسی کاریگەربوو . دەبوو پەیامی ئەم وەرچەرخانە ئازادییەی ریالیزمی سۆشیالیزمی ئازاد ، پاریزرابا و پەرەپێدرابا ، وەلی بەداخەوە ، زۆرتر هەولی پیچەوانەکەی دراوە ، ریالیزمی سۆشیالیزم کراوەتە شێوازی سیاسی بەرتەسک بو بەرگری لیکردنی دەسەلات و ... دەسەلاتەکەش کەوتۆتە دەست دیکتاتۆری ، بەناوی کرێکاران ، کە ریالیزمی سۆشیالیزم رێبازی ئەدەبیانە . لەوساشەوە وەکو هەولدراوە سیستەمی شۆرشی سۆشیالیستی ئوکتوبەر بشێوێندری،هەر بەوشێوەیەش ریالیزمی سوشیالیزم شەمزێندراوە ، وەکو لەسوشیالیزم لادراوە ، بێگومان رێبازە ئەدەبیەکەش پێشێل کراوە ... چۆن ؟!

* ستالین و ئازادی بەهرە !

دەرکەوت ، بەڵکو سەلمێندراویشە کەوا ، لەسەردەمی دیکتاتوریەتی رەهای ستالین دا ،

کوشتن و گرتن ، دوورخستن و زیندان ، ئەشکەنجە و سەرنگوون کردن ، نەک خەلکی بێ خەتا ، بگرە نەک ئەندام و کادران ، بەڵکو کومیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حیزبی بۆلشەویکیشی تەنیوەتەوە . کە هیچی ئەو رووداوانە لە سەردەمی لینیندا نەبوون ، کەسایەتیە بەناوبانگەکانی ئۆپوزسیونی دژی لینین ، وەکو : ( بلیخانۆف ، ترۆتسکی ، بوخارین بۆگدانۆف و مساسلوف و ... تاد ) لە گوڵ کالتریان لە سەرهەڵویستی جیاوز و مل ملانێی ئازاد لە سایەی لینیندا ، پێ نەگوتراوە . کەچی لە سەردەمی ستالیندا تەفروتونا کراون . جگە لەوە بوارەکانی فەلسەفە ، مێژوو ، پەروەردە ، سایکۆلۆژی و سوسیۆلوژی و ... تاد ، لە قالبی تەسک دراون . چاکە ، دەبێ بپرسین ، داخو لە سێبەری دیکتاتوریەتدا ، دەکرێ خەیاڵی وابکرێ گوایە ، ئەوهەموو رووداوە دژی ئازادی یە سەپێندرابن ، بەڵام پریشکی ستالینیەت ئەدەب و ئەدیب و باقی بەهرەکانی نەگرتبیتەوە ؟ بێگومان .... نەخێر . باوەڕی وا کە لە سێبەری دیکتاتۆریەتدا ، ئازادی بەهرەو بەهرەی ئازاد هەبوبێ ، بەناوی ئازادیەوە ، دژایەتی کردنی ئازادی یە ، سەردەمی ستالینیش ، گەواهی بەڵگەنەویستە دا بە دەستەوە کە وا ، بەهرەی بەهرەمەندان شێویندراوون و تاکە نووسەرێکیش نی یە ، توانیبێتی راستەوخۆ دژی هەزاران تاوانی ستالین بەهرەی خۆی نەشێوێنێ . ئەگەر شتۆکەیەکیش ، لە هەندێ بەرهەمدا گوترابن ، ناراستەوخۆو تەمومژاوی دا رێژراوون . دیارە مەبەستەکە بۆ شورەوی یە نەک بۆ دەرەوەی شورەوی .

ئاکامی دیکتاتۆریەت و بیرۆکراتیەتی بێوێنەی سیاسەتی سیستەمەبەناوسوشیالیستەکان ، دەیان ساڵ مرۆڤایەتی لە بەهرەی داهێنراو بێبەش کرد . تەنانەت ئەوپەتایە بەجۆرێکی دیکە چین و دەولەتانی ژێر رکێفی ویپشی تەنیەوە . کە شۆرشی " رۆشنبیری ! " زەقترین بەڵگەی ئەوراستییەن . لە ژێر پەردەی " شۆرشی رۆشنبیری " و دژایەتی رۆشنبیری بورژوازی بە رێبازی پرۆلیتاریا و ریالیزمی سوشیالیزم ، کاری ئەوتۆ کراوون ، کە مایەی شەرمەزاری کاربەدەستانی ئەوبەناوشۆرشەن ! شۆرشی رۆشنبیری : ئوپیرا ، بالیە ، سیمفۆنیا قەدەغە دەکات و بەرهەمەکانی شکسپیر و کەلەنووسەرانی شۆرشی بورژوایی دەپێچێتەوە ، بەنیازی ئەوەی ئەدەب و بەرهەمی رەسەنی کرێکاران بچەسپێنێ ... !! شۆرشی وا بۆ تێکدانی شارستانیەتە ، نەک بوپەرەپێدانی .

لینین ... هۆگری بەرهەمە کلاسیکی و ریالیزمیەکانی پێش ئۆکتۆبەر بووە ، بەردەوام کتیبەکانی : پوشکین ، ئیڤان ، تۆرگنیف ، تۆلستۆی ، ئەمیل زۆلا ، هۆگۆ ، گۆتە ، بساریف و ... تاد ، دەخوێندەوە کە هیچیان کۆمۆنیست نەبوون . ئەسڵەن ریالیزمی سوشیالیزم لە سەردەمەکەشیاندا نەخولقابوو . بەڵکو هەندێکیان ئەشراف زادەو دژی کۆمۆنیزمیش بوون ، بەلام چونکە لینین دەیزانی نرخ و بایەخی بەرهەمەکانیان چەند بەرز و مەزنە ، هۆگریان بووە . پاش ئۆکتۆبەریش دەرویشی شیعرەکانی پوشکین و دژی شیعرەکانی مایاکوفسکی بووە ... بەحساب مایکوفسکی کرابوە شۆرەسواری شیعری پرولیتاریاش . بەمدوا دوای یە ، تۆزی سۆزی لینین بەرامبەر مایاکوفسکی بزوا . ئەم سۆزەش لەبەر ئەوە بووە مایاکوفسکی

شیعری دژی بیروکراتیەتی ( شوراکان ) ی شورەوی نووسیەوە ، نەک پیا یانبدا هەلـدابێ . مەزنی لینین لەمەدایە پیا هەلدانی پێی ناخۆش و رەخنەی پێ خۆش بووە .

بێگومان سیاسەتی ستالین و شۆرشی رۆشنبیری و کاری یان لەسەر بەهرە زیانێکی گەورەی گەیاندووە ( هەقە بزانین ئەوسیاسەتانە بەخۆرا سەریان هەلنەداوەو ئەمە رەگی مێژینەیان هەیە) هەروا بە ئاسانی میخائیل گۆرباتشوف نەیگوتووە : " ئاستی نزمی هەندێ لە نووسراوە ئەدەبیەکان و بەرنامەی تەلەفیزیۆنی و فیلمە سینەماییەکان کەنەک تەنها لە بیری رۆشن و جوانی ،بەلکو لە زەوقی سەلیمیش خالین ، رەخنەی رەوا دەوروژێنن " .

ئەمەچی دەسەلمێنێ ؟ کێن بەرپرسیارانی ئەوبەرهەمانە ...؟ چۆن بەرهەمەکان بلاو دەکرانەوە ..؟ وەرامی ئەم پرسیارانە وهی ئەوانی دیکەش ، دەچنەوە سەر سەرچاوەی راستیەکان ، ئەویش ، نەبوونی دیموکراسی و ئازادی یە ، کە بەرهەمی وا ئاست نزم ، بێ رەخنە ولێکولینەوە تێپەرن . هەلبەتە لەمێژە ئەو بەرهەمانە ، رەخنەلێگریان هەبوون ، وەکی گوێیان لێنەگیرێ چی بکەن ...؟ ئەوانە ، جگە لەبەهەلەدابردنی سەدان حیزب و رێکخراو ، هەزاران نووسەر و بەهرەمەندیشیان کەدوای هەلاکەوتبوون ! بەلام ، زەمانە سەلماندی کەوا : هەرگیز بەرهەمی کەم بایەخ ، بەزۆر ناکرێ بەشاکار ، ئەگەر هەزار جار تیشکی ریالیزمی سوشیالیزمی بهاوریتەسەر .

بەستن و بەستنەوەی بەهرەمەندان بەیەک رێباز و یەک بریار و یەک هەست‌وهەلوێستی دیاریکراوی حیزبایەتی ، بەهرەمەندان دەتاسێنێ و هەوێنی بەهرەیان دەشێوێنێ

* خەلک و بەهرەی ئازاد !

خەلک تەنها و تەنها بەدابین کردنی پێویستی پێداویستیە ئابوریەکانی ژیانی ناژی . ژیانی خەلک ، گەلێ تینوی پێویستی دیکەیە . تینوی زانست و زانیاری زۆرترە . تینوی تاوتوێ کردنی نهێنیە سایکۆلۆژیەکانە . تینوی ئاسودەیی گیانی یە ، تینوی هەزاران ئارەزوی دیار و نادیارە کە هەرهەمووشیان پێویستیان بە خزمەت و بوژاندنەوەیە ، بە هاندان و پەروەردەیە ، بە رەخساندنی زەمینەی کۆمەلایەتی و سیاسی‌وپەرەسەندنیانە .. ئەوانەش نایەنەدی ، بەبێ تیژوانینی هاوچەرخانەی ژیان ، ئەم هاوچەرخیەش ،ئەوپەری ئازادی و سەربەستی دەوێ . بەتایبەتی لەبوارەکانی بەهرەدا . نەک حیزب وحیزبایەتی رێبەرو رێبەرایەتی ، بەدواحوکمی ژیان و دابین کەری تەواوی پێویستیەکانی خەلک بزانرێ .

ئازادی و سەربەستیش ناکرێ بەبریاری حیزبی بپەستێورێتە قالبی سوشیالیزمی سیاسی و ئابوری سیستەمە سیاسیەکان ، بیانووی بەرگری لێکردنی ( پرۆلیتاریا ) دژی ( بورژوا ) پەستاوتنی تەواوی دیاردەکانی ژیان ، بەتایبەتی لە قۆناغی دیموکراسی وسوشیالیزمیش‌دا بەبریاری حیزبی پرولیتاریا مەحالەئەو حیزبە ولایەنگرەکانی کەم بەهرەدەکات و گەلێ حەز و ئارەزووی خەلک سەرکوێر دەکرێن . سەرکوێرکردن و سەرکوتکردن ، ماوەیەک لەژێر شەپۆلی خرۆشاوی سەرکەوتن و سۆزی کوێرانەو دوژمنایەتی دوژمنی سەرەکی ، دەچنەسەر ، بەلام وەکو هەموو پەتایەک ، ئاکام زیانەکەی دەردەکەوێ .

بەحوکمی ئەوەی ئەدەب لە ناو بەشەکانی دیکەی سەرخاندا، سەربەخۆی یەکی تایبەتی هەیە، وەکو دەسەڵاتەکانی داوەری و یاسارێژی، ناسەپێندرێ... ئەم سەربەخۆییە تایبەتیە، پەیوەندی بە هەست و نەست و بەناخی مرۆڤ و ... بەناخی خەڵکەوە هەیە. بۆیە دەبێ ئەدەب و هونەر، ئازادیەکەشی تایبەتمەندێتی سەربەخۆیان هەبێ، کە ئەویش: ئازادی بێ سنوورە، ئازادی بێ شەتەک و شەرت، بێ کۆسپی سیاسی وتەگەرەی عەسکەری. هەربەمەش، تەواوی خەڵک دڵخۆش دەبن و حەز و ئارەزوویان پەنگی قینە بەرایەتی ناخوات. تەنها بەمەش، پەیڕەوانی (ریالیزمی سوشیالیزم)، دەتوانن خزمەتی راستەقینەی زەحمەتکیشان بکەن و بیانووش بەدەست دوژمنانی سوشیالیزمەوە کەم دەکەن.

ئازادیش لە بەرئەوەی بەشێکە لە دیموکراسی، کە دیموکراسی نەبی ئازادیش نابێ، کە دیموکراسی و ئازادیش هەبوو، کەواتە، پیویستە سایەو سێبەریان، جگەلە پەیرەوانی ریالیزمی سوشیالیزم، پەیرەوانی ریبازە سیاسی و ئەدەبیەکانی دیکەش بگرێتەوە، ئەوانیش، لەکاتی سەرگەوتنی کرێکاراندا، سەربەستانە هەلوێستی خۆیان دەربڕن. تەنها بەمە پەیامە راستگۆکەی کرێکاران دێتەدی، کە ئەویش پەیامی دابین کردنی دیموکراسی شورشگێڕە، لە بەرامبەر دیموکراسی بورژوایانەی ناشۆڕشگێڕ دا

دەرسەکانی دەیان ساڵەی ئەزموونەکانی سوشیالیزم، دەریان خست کە سەنتە سوشیالیزم لە هەموو بارێکدا، لە ناوکۆمەڵدا، بچەسپێ، ئەگەر بەچەشنێکی شۆڕشگێڕانە ئاوێتەی دیموکراسیەت بەچەمکە فراوانەکەی نەکرێ. یان دەبێ کریکاران شۆڕشگێڕترین چین نەبن، یان کە شۆڕشگێڕترین چین بن، نابێ لە دابین کردنی فراوانترین دیموکراسی بترسن.

کریکاران دڵنیان لە پاشەرۆژی دەسەڵاتەکەیان، لە خەڵکەکەیان، لە راستی و دروستی سیاسەتەکەیان، هەرگیز لە ئازادی پێدانی نەیارەکان و بەهرەمەندان ناترسن. بۆچی پێویستە کریکاران ئازادی مەزهەب و ئاینەکان بدەن، بەڵام رێ بگرن لە ئازادی بەهرەمەندانەی ناکریکار؟ بەرهەمی کام ئەدەبی بورژوا گەرلوتکەی شاکاری ئەدەبی بورژوا دژی ریالیزمی سوشیالیزم بێ، ئەندازەی کتێبە ئایینیەکان، مەزهەب و تەریقەتەکان دژی سوشیالیزم ناکۆکن لەتەک فەلسەفەی کریکاراند؟ بیگومان هیچ بەرهەمێکی بورژوایی ئەوپەڕەکەی سەدان بەرهەمی وەکو (دکتۆر ژیڤاگۆ)ی (باسترناک) یان باشتر و خراپتر دەنووسرێن ... با بنووسرێن. نووسین و بلاوکردنەوەی سەدان و هەزاران بەرهەمی وا، گەلێ بەسوودترە لە سانسۆرکردنی تاکە بەرهەمێکی لەم چەشنە. هەتا نووسەرانی ناکۆک لەتەک سۆشیالیزم سەرکوت نەکرێن و هەڵنەیەن بۆ هەندەران، دوژمنایەتی ودژایەتی کردنی سوشیالیزم کەمتر دەبێ. خۆئەگەر دیموکراسی و ئازادی راستەقینە هەبێ و پەیرەوانی ریالیزمی سوشیالیزم، راستەوخۆ بکەونە وێزەی بیروکراتیەت وکەموکوریەکانی رژیمی سوشیالیستی، ئازایانەو ئازادانە هەست و نەستی بەهرەمەندانەیان دەردەبرن،

ئەوحەلە ، ڕێگای دژەکانی ریالیزمی سوشیالیزمی ئازاد تەنگتر دەبی .

دەرخستنی کەم و کورِی و خەتا وکەم توانایی ، نیورادەی نەویّران لە دەرخستنیان رەخنە ناوروژێنێ . زۆربەی هەرە زوری نووسینەکانی پاش شۆرشی ئۆکتوبەری لینین هەتا مەرگە ناوەختەکەی ، رەخنە لەخۆگرتن و دەرخستنی کەم وکوڕیەکانە ، پێ داگرتنە لەسوود لێوەرگرتنی ئەزموون و زانیاریەکانی سەرمایەداری ، هەڵپەنەکردنە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سۆشیالیستی .

دەرخستنی سەرجەمی راستیەکان ، بەچاک و خراپیانەوە ، بەگەش و خامۆشیانەوە، بە سەرکەوتن و ژێرکەوتنیانەوە ، لەخزمەتی پێش کەوتن و پێش خستندایە . تەنها ئەوەش راست و ریالیستە ، نەوەک ریالیزمی حیزبایەتی تەسک .

ئەوراستیانە ، کەناچار چوارچێوە سیاسیەکەی زەق کراوە ، مەبەست ئەوەیە ، بزانرێ شۆرشی ئۆکتوبەر چۆن بووەو ریالیزمی سوشیالیزمیش چۆن لەناویاسەری هەڵداوە ، هەتا خوێنەر زیاتر بنچینەی دیاردەکە بکاتە پێوانەی پێوانی بۆچونەکان .کەوابێ، بیانویەک بەدەستەوە نامینێ رێ لەئەدیبان بگرێ ریبازە ئەدەبیەکەیان نەکەنە ئاوینەی‌نواندنەوەی راستیە ریالیستیەکان ، بەگەشی و گرژیانەوە . رەواش نی‌یە ئەدیبە راستگۆکان ، لەهەموو دۆخێک دا ، ئەرکی راستگۆیانەیان ئازادانەو ئازایانە نەبینن . ئەوخۆشی وناخۆشیەی دەیانهەژێنێ ، نەکەن بەهەوێنی بەرهەمی ریالیزمی سوشیالیزمی ئازاد ، یاخود هی هەر رێبازیکی دیکەی ئەدەبی .

گەر سیاسیەکان بۆیان هەبێ لەسەر دیاردەسیاسیەکان جارێ و دەجار رەخنە بگرن ، ئەوا بەهرەمەندان بۆیان هەیە ، دەیان و سەدان جار هەست و نەست و سۆزیان بەوپەری ئازادی بهۆننەوە .

بەهرەمەند ، دەبێ ئازادانە بنووسێ ، لەپیناوی بەدی هینانی ئازادی.
لەکاتی بوونی ئازادیشا ، دەبی ئازادانە را دەربرێ .

ئەمانە قابیلی دەست لێ بەردان و دەست تێوەردان نین . بەهرەمەند دەستی لێبەردات بەهرەکەی دەدۆرێنێ و دەسەلآت داریش دەستی تێوەردات خۆی دەفەوتێنێ!

چاوپێکەوتن

# محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان

سەلام زەندی / لە تورکی یەوە وەریگێڕا وە

محمدا مین بوزئە رسە لان لە ١٥ ی ئە یلولی ١٩٣٤ لە گوندێکی شا رۆچکە ی (لیجە) ی سە ربە شا ری دیا ربە کر لە دا یک بووە . سا لی ١٩٦٠ بە کتێبی " شیخا یە تی - ئا غا یە تی لە دیدی ئیسلامە وە " خۆی وە ک نووسە رێک نا سا ند . ئە م کتێبە لە سا ڵی ١٩٦٤ لە ئە نقە رە بڵاو بووەوە . دووە مین کتێبی کە بە نێوی " کێشە کا نی رۆژهە ڵات " * بوو، لە ١٩٦٦ لە ئە نقە رە بلاوبووە وە . بوز ئە رسە لان لە م کتێبە یدا بۆیە کە م جا ر سە ربە ست کردنی زما نی کوردی و بـلاوکـردنـەوە ی پرۆگرا می کوردی لە را دیۆ و هە روە ها دە رکردنی رۆژنا مە وگۆڤا ری کوردی ، ئە مە جگە لە گۆڕا نی سیستە می فێرکردن بۆ سە رزما نی کوردی ، دیسا نە وە خستە بە رچا و . پا ش ئە م دووکتێبە ی کە بە تورکی نووسرا ون ، دە ستی بە نوسینی کتێبی کوردی کرد وە یە کە م کتێبـی لـە م بـوا رە دا " ئە لفبا " ی کوردی بوو کە لە ١٩٦٨ لە ئستا نبول بڵاوبووە وە ، بە م جۆرە ش یە کە م جا ر بوو کە ئە لفبا ی کوردی لە تورکیا دا بڵاوبکرێتە وە ( ئە م کتێبە " ئە لفبا " دۆوە م و سێیە م چا پی لە سوید لە سا لانی ١٩٨٠ و ١٩٨٨ بلاوکرا نە وە ) . بوزئە رسە لان لە بە ر بلاوکردنە وە ی ئە م کتێبە زیندا نی کرا و کتێبە کە ش قە دە غە کرا . جگە لە م چا لاکیا نە ، نوسە ر دا ستا نی " مە م و زین "ی شا عیری نە مر ئە حمە دی خا نی لە ئە لفبا ی عە رە بی یە وە گۆڕییە ئە لفبا ی لاتینی ،هەروە ها گۆڕیـیە سە ر زما نی تورکیش ، دە قە کوردیە کە و تورکیە کە شی لە یە کێ کتێبدا لە سا لی ٨ ١٩ لە ئستانبول بلاوی کردە وە ( یە کە م جا ر قە دە غە کرا ، وە لێ بە بریا ری دا دگا سە ربە ست کرا یە وە ، دووە مچاپی " مە م و زین " لە سا لی ١٩٧٥ کە لە ئستا نبول بلاوکرا یە وە لە لایە ن رژێمە وە قە دە غە کرا یە وە ، هە روە ها نووسە ر لە سا لی ١٩٧١ کتێبی مێژوویی بە نێوبا نگی " شە رە ف نا مە " کە لە سـا ڵی ١٥٩٦ شە رە ف خا نی میری بتلیس نوسیویە تی ، وە ریگێڕا یە سە ر زما نی تورکی ( دووەمـین چا پی لە سا لی ١٩٧٥ بلاوکرا یە وە ) .

محمدا مین بوزئە رسە لان بە هۆی ئە م کتێبا نە وە زۆرجا ر زیندا نی کرا وە و لە سـا لانی ١٩٧١- ١٩٧٤ کە رژێمی کودە تا ی عە سکە ری ١٢ - ی ما رت حوکمی دە کرد نوسە ر لە زیندا نی عە سکە ر ی

دیاربەکر گیرابوو ، جالەکۆتایی سالّی ١٩٧٤ بەنیونیشانی " ئەوانەی لەژوورەوەن وئەوانەی لەدەرەوەن " کتێبیکی بلاوکردەوەکە بریتی بوو لەچەندچیرۆکێکی سیاسی گالتەجار ، باسی ستەمی رژێمی فاشیستی ١٢ـ ی مارت دەکات لە " رۆژهەلات " دا . ( دووەمین چاپی ئەم کتێبە لە ١٩٨٣ لەسوید بلاوبووەوە ). محمدامین بوزئەرسەلان هەروەها لەسالی١٩٧٥ دا کتێبی " میژووی مەییافارقین و ئامێد " کەلەسەدەی دوازدەهەمدا لەلایەن ابن الازراق نوسراوەتەوە وەریگێڕایەسەر زمانی تورکی بەنێونیشانی " میژووی کوردانی مەروانی " یەکەمین جلدی بلاوکردەوە ( دووەمین چاپی ئەم کتێبە لە ١٩٨٣ لەسوید ، سێیەمین چاپیشی لەئەلمانی رۆژئاوا بلاویکردنەوە ) . پاش ئەمەش کتێبی " کۆماری مهاباد " ی گۆڕییەسەر زمانی تورکی کە لەلایەن دیبلومات و نوسەری ئەمریکایی ولیم ئیگلتن نوسراوە و لەئستانبول لە١٩٧٦ بلاوی کردەوە ( دووەمین چاپی لەئەلمانیا لە ١٩٨٩ بلاوکرایەوە ) . لەسالی ١٩٧٧ انوسەر کتێبێکی بەنێونیشانی " ئانارشیستەکان " بلاوکردەوە کەبریتیە لەچیرۆکێکی سیاسی درێژ .

بوزئەرسەلان لەسالی ١٩٧٨ کتێبی " الهدیه الحمیدیه فی اللغات الکردیه " کەلە سالی ١٨٩٤ لەلایەن یوسف ضیاء الدین پاشا نوسراوەو پیشکەشی پادشای عوسمانی عبدالحمیدی دووەم کراوەو بریتیە لەفەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی ، وەریگێڕایەسەر ئەلفبای لاتینی و جگەلەمەش عەرەبیەکانی وەرگێڕاوەتەسەر تورکی و لەژیر ناونیشانی " فەرهەنگی کوردی ـ تورکی " دا لەئستانبول بلاوی کردەوە . لەسالی ١٩٧٩ کۆمەلەچیرۆکی "مەیرۆ" ی بلاوکردەوە و هەرخۆیشی گۆڕییەسەر زمانی تورکی . ئەم کتێبە بریتییە لە (١٠) چیروک و بەیەکەمین کۆمەلەچیرۆکی کوردی دەژمیردریت کەلەتورکیا بلاوکرابێتەوە ، هەروەها دوایین کتێبی نوسەرە لەتورکیادا چاپ کرابێ .

محمدئەمین بوزئەرسەلان پاش سالی ١٩٧٩ ئیدی لەسوێد دەژیت . لەهاوینی ئەوسالەشەوە خەریکی گۆڤاری " ژین " بوە . ئەم گۆڤارە کەبەکوردی و تورکی بووە لەسالانی ١٩١٨ ـ ١٩١٩ لەلایەن " کوردستان تعالی جمعیەتی ، کۆمەلەی تەعالی کوردستان " ەوە لەئستانبول بلاوکراوەتەوە . ئەلبەتە ئەم گۆڤارەکە ٢٥ ژمارەی لێ دەرچووە بەئەلفبای عەرەبی لەچاپدراوە . بوزئەرسەلان گشت ژمارەکانی ئەم گۆڤارەلەئەلفبای عەرەبی یەوەکردوویەبەئەلفبای لاتینی و لەپێنج جلدا بلاوی کردوونەوە . بۆئەم پێنج جلدەش پێشەکی یەکی نوسیوە کە لە بارودۆخی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەسالانی ١٩٠٠ ـ ١٩٢٠ بەگشتی و بەتایبەتیش لە گۆڤاری " ژین " وردەوەبووە ، ئەم " پێشکێش ـ پێشەکی " یە کەنزیکەی ٨٥ لاپەرە دەگرێتەوە کراوەتە تورکیش و لەسەرەتای جلدی یەکەمدا بلاوکراونەتەوە . ئەم چالاکی یە کەم وینەیەی بوزئەرسەلان کەنوسالی خایاندوە و هەر پێنج جلەدکانی " ژین " ی لەسوید بلاوکردەوە ، هەم بو مێژووی کورد و هەم بۆ کەلتوور و ئەدەبیاتی کورد سەرچاوەیەکی گەلی دەولەمەند و گرنگە . شایانی باسە یەکەمین و دووەمین جلدی گۆڤارەکە لە ١٩٨٥ و سێیەمین لە ١٩٨٦ اوچوارەمین لە ١٩٨٦ و پێنجەمینیش لە ١٩٨٨ بلاوکراونەتەوە . بوزئەرسەلان شان بەشانی ئەم کارە دەستی بەنوسینەوەی حیکایەتەفولکلوریەکان و گالتەوگەپە کوردیەکان کردوە . نوسەر پێشتر

ئه‌م حیکایه‌ت و گالته‌وگه‌پانه‌ی له‌ده‌می خه‌لکی‌یه‌وه له "رۆژهه‌لات" کۆی کـردبوونـه‌وه، وه‌لێ به‌هۆی قه‌ده‌غه‌بوونی زمانی کوردی و چه‌وساندنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی نه‌یتوانی له‌تورکیـا ئه‌م کاره ئه‌نجام بدات و ئه‌م فۆلکلۆره بلاوبکاته‌وه، بۆیه له‌سوێد به‌شێوه‌ی کتێب ده‌ستی به بلاوکردنه‌وه‌یان کرد. بوزئه‌رسه‌لان له‌م بواره‌دا له‌ژێر ناونیشانی "حکایه‌تی ئاژه‌ل" زنجیره کتێبی بلاوکرده‌وه که‌بریتیه له‌پێنج کتێب، یه‌که‌مینیان "میر زۆرزۆ" ۱۹۸۱، دووه‌مینیـان "گۆرێ بلورڤان" و سێیه‌مینیان "کێزخاتوون" له ۱۹۸۲، چواره‌مینیان "سه‌رکه‌تنامشکان" له ۱۹۸٤، پێنجه‌میشیان "په‌پووک" له ۱۹۸۵. له‌سالی ۱۹۸٦دا نوسه‌رله‌نوکته‌کانی مه‌لانه‌سره‌دین کتێبێکی بلاوکرده‌وه له‌ژێر نێوی "مه‌لایێ مه‌شهور". له‌پێشه‌کی ئه‌م کتێبه‌دا نوسه‌ر ده‌یه‌وی ئه‌وه بسه‌لمێنی که‌نوکته‌کانی مه‌لای مه‌شهور له‌بناغه‌دا فۆلکلۆری هاوبه‌شی هه‌ر چوار نه‌ته‌وه گه‌وره‌کانی رۆژهه‌لاتی ناوه‌راسته.

بوزئه‌رسه‌لان پاش ئه‌و چالاکییانه‌ی که‌باسکران ده‌ستی به‌بلاوکردنه‌وه‌ی زنجیره‌ی "گالته و گه‌پی خه‌لکی" کرد که‌له‌پێنج کتێب پێک هاتووه، یه‌که‌میان "ماسیان به‌ژی" له‌سالی ۱۹۸۷ بلاوبووه‌وه. له‌پێشه‌کی ئه‌م کتێبه‌ش‌دا به‌درێژی باسی به‌نرخی‌ی وجێگه‌ی گالتـه و گه‌پ له‌فۆلکلۆری کوردی ده‌کات، هه‌روه‌ها باسی ئه‌و په‌یامانه‌ش ده‌کات که‌له‌هه‌ندێ له‌و گالته‌وگه‌پانه‌دا هه‌ن. دووه‌مین کتێبی ئه‌م زنجیره‌یه "ژدینان دینتر" له ۱۹۸۸، سێیه‌مین "عیلما توریک" له ۱۹۸۹ بلاوکرانه‌وه. به‌گوێره‌ی پرۆگرامی نوسه‌ر چـواره‌م کـتێبی ئه‌م زنجیره‌یه له‌سالی ۱۹۹۰ و پێنجه‌میشی له ۱۹۹۱دا دێته‌ته‌واوبوون.

محمدئه‌مین بوزئه‌رسه‌لان له‌سالی ۱۹۷۹ وه ئه‌ندامی یه‌کێتی نوسه‌رانی سوێده. له‌سالی ۱۹۸۱یش له‌شاری لاهتی له‌فنلنده به‌شداری کۆرێکی ئه‌ده‌بی کرد که‌زیاتر له ۱۰۰ نوسـه‌ر له ولاتانی جیاجیا به‌شداریان تێدا کردبوو، بابه‌تی کۆڕه‌که‌ش "رۆلی میسولۆژیا له‌ئه‌ده‌بدا" بوو. نووسه‌ری له‌مه‌رخومان له‌م کۆنفرانسه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌ی نوسه‌راندا دووگوتاری‌خوێنده‌وه که‌له‌ژێر نێونیشانی "رۆلی میسولۆژیا له‌ئه‌ده‌بی کوردیدا" و "کۆسپه‌کانی سه‌ر رێی زمانی کوردی".

پاش کوده‌تای عه‌سکه‌ری ۱۲ـی ئه‌یلولی ۱۹۸۰، له‌نوسه‌ر داوای گه‌رانه‌وه‌بو ولات کرا، به‌لام نوسه‌ر نه‌گه‌رایه‌وه ئیدی پسوله‌ی هاوولاتی لێ سه‌ندرا، ئێسته‌ش وه‌ک په‌نابـه‌رێکی سیاسی له‌سوێد ده‌ژیت.

ئه‌مه‌ش چاوپێکه‌وتنێکه له‌گه‌ل نوسه‌ر که‌له‌گۆڤاری (ئادمله‌ر، Adimlar) دا بلاوکراوه‌ته‌وه، ژماره (22، 23، 24، 25).

*** *** ***

رووه‌وسه‌رچاوه‌کانی که‌لتوری کورد

پ - سه‌رله‌نوێ بلاوکردنه‌وه‌ی گۆڤاری "ژین" له‌نێو کوردانی ئەوروپا رووداوێکی گـه‌وره بـوو، هه‌روه‌ها له‌ئه‌نجامی ئه‌رکێکی مه‌زن هاته‌دی.. بێ زه‌حمه‌ت له‌مه‌رگۆڤاری ژین شتێکمان بۆ

باس بکەن ؟

بوزئەرسەلان : " ژین "لەمێژووی نزیکی نەتەوەی کوردا جێگەیەکی گرنگی هەیە ، هەروەها وەك گۆڤارێکی ئەدەبیش سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆکەلتوری کوردی . پاش شەڕی جیهانی یەکەم ، یەکەم ژمارەی " ژین " لە ٧ ـ ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ لەئستانبول بلاوکرایەوە . لەیەکەم لاپەرەی یەکەم ژمارەی " ژین " لەژێر سەردێڕی " مقصدمان " دا ، نوسراوە :

" بلاوکردنەوەی " ژین " مەبەستێکی شەخسی تێدا نییە ، ئامانجی ئەم گۆڤارە بلاوکردنەوەی ئەو مەسەلانەیە کەپێوەندییان بەمێژووی کورد و مافە نەتەوەییەکانیەوە هەیە ، هەروەها باسکردنی باری کۆمەلایەتی و ئەدەبی ئەم نەتەوەیە کەدەعا سالە ئیهمال کراون " . ژین بەدوو زمان بلاوکراوەتەوە ، بەکوردی و بەتورکی . بیست و پێنجەمین ژمارەی " ژین " کەدوایین ژمارەیە ریکەوتی ٢ ـ ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩ ی پێوەیە . بەپێی هەندێ سەرچاوە " ژین " پاش ئەم مێژووە بووەبە رۆژنامەو چەند ژمارەیەکیشی لێ بلاوکراوەتەوە .

بەڕێوەبەر و لێپرسراو و سەرۆکی کاروباری نوسین لەگۆڤاری " ژین " دا یەکێ بوو لەروناکبیرو نشتمانپەروەرەکانی کورد کەناوی " هەمزەیی موکس " بوو . ئەم هەمزە ناوە لەهەمان کاتدا یەکێ بوو لەو سێ کەسانەی کە " کوردستان تعالی جمعیەتی "یان"کومەلەی تعالی کوردستان " یان دامەزراندبوو . هەمزە لەم پلەیەدا مایەوە تاکو ژمارەی٢٠ـی گۆڤاری " ژین " . لەژمارەی ٢١ تاکو ٢٥ ـ یش " ممدوح سەلیم وانلی " سەرۆکی کاروباری نوسین بوو .

نووسەر و شاعیرانی " ژین "

پ ـ کادرانی ئەدەبی " ژین " کێگەل بوون ؟

بوز ئەرسەلان : کادرانی " ژین " دوو گروپن .. یەکەمیان ئەوانەن کە بەردەوام لەم گۆڤارەدا دەیاننوسی و دووەمیشیان ئەوانەن کەجارجارە لە " ژین " نوسینەکانیان دەبینرا . لەنوسەرە دایمییەکانی " ژین " ، " خەلیل بتلیسی " بوو . ئەم خەلیل ناوە کە نازناوی " کوردیا بتلیسی " بەکاردەهینا لەنوسینەکانی ، لەهەمان کاتدا ئەندامی دامەزرێنەری " کۆمەلەی تعالی کوردستان " یش بووە . کوردییا بیتلیسی لەنوسینەکانیدا لەمەڕ مێژوو و میسۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و زمان و فەلسەفە ، بەشێوەیەکی سەرنج راکێشەر ورد بووەوە . هەروەها " کەمال فەوزی هیزانی " کەلەسالی ١٩٢٥ لەدیاربەکر ئیعدام کرا ، لەنوسەرە هەمیشەییەکانی " ژین " بوو . ئەو ناوچەکوردنشینانەی کەسوپای روسیا لە شەڕی جیهانی یەکەمدا داگیری کردن و بووەهۆی پەرێشان دەربەدەربوونی سەدەها هەزار خێزانی کورد و بلاوبوونەوەیان لەناوچەجیاجیاکانی ئیمپراتۆری عوسمانی ، ببووە خەمەسەرەکییەکانی کەمال فەوزی و لە " ژین " دا رەنگی داوەتەوە . بەوێنە ، سەردێڕی ئەوگۆتارە ئاگرینانەی کەمال فەوزی کەرەخنەی قورسی لەحکومەتی ئەوکاتە گرتووە دەربارەی بارودۆخی ئەوکوردەکۆچەرانە ، ئەمانەن : " چاوان کوێرن ، گوێیان کەڕن ئاخۆ ؟ " ، " بۆئەولادەبێ کەس و بێ چارەکانی نیشتمانی بەفر " ، هەروەها بەبۆنەی داگیرکردنی " بتلیس " لەلایەن روسیاوە شیعرێکی

له‌ ژین بلاوکردوته‌وه‌ به‌ نێونیشانی " به‌لده‌ی وێران " . که‌مال فه‌وزی بێ‌له‌وه‌ی که‌ نوسه‌ربووه‌ شاعیرێکی پر حه‌ماسیش بووه‌ ، هه‌ر له‌وکاته‌شدا دیوانێکی بلاوکردوته‌وه‌ به‌ نێونیشانی "گوڵه‌کانی ئه‌له‌م " که‌ ئیعلانه‌که‌ی له‌ چه‌ند ژماره‌یه‌کی " ژین دا هه‌یه‌ .

هه‌روه‌ها ، له‌ نووسه‌ر و شاعیره‌ دایمییه‌کانی " ژین " عبدالرحیم ره‌حمی " یه‌ که‌ خه‌ڵکی هه‌کاری بووه‌ . ئه‌وشیعرانه‌ی که‌ له‌م گۆڤاره‌دا بلاویکردونه‌ته‌وه‌ هه‌مووی به‌ کوردین . ئه‌م زاته‌ یه‌که‌م شانۆنامه‌نوسی کورده‌ له‌ مێژووی ئه‌ده‌بی کوردان . ئه‌م شانونامه‌یه‌ش که‌له‌ "ژین "دا بلاوبووه‌ته‌وه‌ نێونیشانی " مه‌می ئالان " ه‌ . جگه‌ له‌مه‌ش ،ره‌حمی کورته‌ چیروکێکی له‌ "ژین "دا بلاوکردوته‌وه‌ به‌ نێوی " کاره‌کانی سه‌رله‌ به‌یانێ مه‌حبوبه‌یه‌کی کورد " . له‌م چیرۆکه‌دا که‌ به‌ تورکی عوسمانی نوسراوه‌و به‌ گۆرانی فۆلکلوری کوردیش رازینراوه‌ته‌وه‌ ، زۆربه‌ جوانی تصویری هه‌وار و زۆزانی کورده‌واری کراوه‌ .

ئه‌لبه‌ته‌ ممدوح سه‌لیم وانلی ـ ش له‌ نوسه‌ره‌ دایمییه‌کانی " ژین " بووه‌و سه‌باره‌ت به‌ باری سیاسی و کۆمه‌لایه‌تی گوتاری نوسیوه‌ . ئه‌مانه‌ش سه‌ره‌ دێری هه‌ندێ له‌و گوتارانه‌ن که‌ له‌ بابه‌ته‌ زۆر گرنگه‌کان ده‌دوێن : " خانمی کورد ، جه‌ره‌یانی ته‌ره‌ققی له‌ نێوکوردا ،عه‌مه‌له‌ی کورد له‌ ئستانبول دا ، یه‌ومی مخصوصی کاوه‌ " .

له‌ نوسه‌ره‌ به‌رده‌وامه‌کانی دی " ژین " عه‌زیز یامولکی بووه‌ که‌ خه‌ڵکی سلێمانی‌یه‌ .ئه‌م زاته‌ له‌مه‌ر مێژووی کورد و به‌تایبه‌تیش سه‌باره‌ت به‌ " ده‌وله‌تی کوردی بابان " گوتاری زۆری نوسیوه‌ .

" حلمی سیفه‌ره‌کی " و " لاوره‌شید " یش له‌ نوسه‌ره‌ هه‌میشه‌یییه‌کانی " ژین " بوون . ئه‌م دوو نوسه‌ره‌ لاپه‌ره‌کانی ئه‌م گۆڤاره‌یان به‌ قسه‌ی نه‌سته‌قی کوردی رازاندووه‌و گه‌لێ شه‌رح و په‌راوێزیشیان بۆ نوسیوه‌ . جگه‌ له‌مه‌ش شیعر و نوسینیشیان له‌ " ژین " دا بلاوکردۆته‌وه‌ .

له‌ نوسه‌ره‌کانی دی " ژین " که‌ به‌رده‌وام نوسیویانه‌ " توفیق سلێمانی " بووه‌ . ئه‌م زاته‌ که‌ له‌ نێو کوردانندا به‌ " پیره‌مێرد " به‌ نیوبانگه‌ ، نوسه‌ری سرودی " نه‌وروز " ی ناسراوه‌ . پیره‌مێرد هه‌ندێ گوتاری به‌ تورکی عوسمانی نوسیوه‌ . جگه‌ له‌مه‌ش شیعری هه‌ندێ له‌ شاعیره‌ کلاسیکیه‌کانی گۆڕیوه‌ته‌ سه‌ر زمانی تورکی و بلاوی کردوونه‌ته‌وه‌ .

هه‌ندێ له‌و نوسه‌رانه‌ی که‌ جارجاره‌ له‌ " ژین " دا نوسینه‌کانیان بلاوکردوته‌وه‌ ، ئه‌مانه‌ن : ئیحسان نوری ، کامه‌ران به‌درخان ، مسته‌فا شه‌وقی مهابادی ، محمد میهری ،حوزنی‌ده‌رسیمی، زاخۆیی ، میرزا جزره‌یی ، فکری نجدت دیاربه‌کری ، کازم وه‌هبی ئێرگانه‌یی ، ئه‌مین فه‌یزی سلیمانه‌یی ، نجم الدین حوسین که‌رکوکی ، محمودنه‌ژاد سلێمانه‌یی ، ئیسماعیل ویداد سلیمانه‌یی ، ئه‌سفه‌هانی ، یوسف سه‌بری . شایانی باسه‌ که‌ شاعیر کازم وه‌هبی له‌مه‌ر زولم و زۆری سه‌رده‌می " اتحاد و الترقی " عوسمانی شیعرێکی زۆر شیرینی نوسیوه‌ که‌ نیونیشانی " حسی قبل الوقوع " ه‌ . هه‌روه‌ها نوسیه‌نه‌کانی ئه‌مین فه‌یزی ده‌رباره‌ی هێزی عه‌سکه‌ری ده‌وله‌تی بابان زانیاری گه‌لی به‌نرخی تێدان .

ئه‌ورۆ ده‌رباره‌ی ژیانی زۆربه‌ی نوسه‌ر و شاعیرانی " ژین " هیچ نازانین . ته‌نانه‌ت

هەندێکیان نازانین زایندەی کام ناوچەن ، لەکوردەنیشتمان پەروەرەکانی ئەوسەردەمە کەس لەژیاندا نەماوە . دوایین کەس کەلەو سەردەمەدا ژیا بوو ، پێش چەندسالێک لــە پاریس کۆچی دوایی کرد . ئەم زاتەنیشتمان پەروەرە کە پێشتر محامی بوو وەئەندامی پەرلەمــانی تورکیا بوو نێوی " مستەفا رەمزی سیفەرەکی " بوو . من نامەیەکم بۆ نوسی و تکای هــەندێ زانیاریم لێ کردبوو لەمەڕ کەسایەتی نوسەرو شاعیرانی " ژین " . ئەوانیش لــە وەلامــدا تەنها دوو لەو نوسەرانەیان دەناسی ، حیلمی سیفەرەکی و کوردییا بتلیسێ .نێوی راستەقینەی یەکەمیان " فکری ئەفەندی " بووە ، دووەمیشیان نیوی " خەلیل خەیالی " بووە .

چوارسەدهەزار کۆچەری کورد

پ - وەک فەرموتان " ژین " سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگە ، ئایا چیگەل وەک ســەرچاوە لە " ژین " فێردەبین ؟

بوزئەرسەلان : بۆ ئەم مەسەلەیە دەتوانین نموونەی زۆر بێنینەوە گەلێ بابــەت هــەن پێشتر هیچ زانیارییەکمان دەربارەیان نەبووە ، یان تەنها قسەی سەرزاران بوون بــە بــێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی زانیاریمان لەمەڕ هەبێ ، بەوێنە وەزعی کۆچەرەکانی شەڕی یەکەم .. لەم شەڕەدا ناوچەکانی تاکو بتلیس لەژێردەسەڵاتی روسیای تساری بوون ،سەدهــا هــەزار لەدانیشتوانی کوردی ئەو ناوچانە ناچاری کۆچ کردن بوون . لەنێوخەڵکدا هەمیشــە باسی ئەم کۆچەدەکرێ ، تەنانەت خودی خۆم لەپیرەکان چیرۆکی ئەو کۆچەم بیستووە ، بەلام تەنیا قسەی سەرزاران بووەو بەس ، چ بەلگەیەکی ئەوتۆی نەبوو . وەلێ ئەمێستا ، سەبارەت بەم کارەساتە لە " ژین " دا نوسین و شیعری گەلێ زۆر دەخوێنینەوە ، سەرەرای ئەمەش،بەپێی ئەو سەرژمێرییەی کەلەژمارەی (١١) ی ژیندا بلاوبۆتەوە ژمارەی کۆچەرەکان ٥٠٤ر٤١٨ کەس بوون . بەپێی ئەوگوتــارەی کەنێوی " لەموهاجیرەکان چــــە نــــدە مــاوەتــەوە " ئەم دەربەدەرانە لەشارانی نێوان " حەلەب " تاکو " سەمسۆن " ، وەلە " ئۆرفە "تا"ئستانبۆل" بلاوبوونەتەوە . ئەلبەت ئەگەر ئەو راستیە لەبەرچاو بگرین کەلەوسەردەمەدا نفوسی ناوچەکە کەم بووە ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەئەم کۆچە کارەساتێکی گەورەبوو بۆخەلکی کورد . ئیدی بەم جورە " ژین " ئەم تراژیدیایەی بەبەلگەوە پاراستووە .

رەنگەسەرنج راکێشترین مەسەلەکەلە " ژین " دا فێری دەبین ئەوەبێ کەژنانی کورد هــەر لەسالی ١٩١٩وە خەریکی خۆرێکخستن بوونە . لەوسالەدا بۆیەکەمجار لەمــێژووی کــورد دا کومەلەیەکی تایبەت بەئافرەتان دامەزریت بەنێوی " کۆمەلەی تعالی ژنانی کــورد " .لە " ژین " دەربارەی ئەم کۆمەلەیە برێ گوتار بلاوبۆتەوە ، تەنانەت هەندێ لەخــالــەکــانــی پرۆگرامی کۆمەلەکە وەرگێراوەو لەم گۆڤارەدا هاتوونەتە هەلسەنگاندن . ئەوگوتارانە ئــەوە دەردەخەن کەنیشتمان پەروەرانی کورد گەلێ بایەخیان بەم رێکخراوەیە داوەو خۆشکەیفی کردون . ممدوح سەلیم و عەزیزیا مولکی دەربارەی ئەم بابەتە گوتاریان بلاوکــردۆتــەوە ، عبدالرحیم رەحمــیش شیعرێکی بۆ ئەم کومەلەیە نوسیوە بەنێوی " ژبۆ جیڤاتا دایکان " ،لە ژمارەی ٢٢ - ی تەمووزی ١٩١٩ . ئەم مەسەلەیە ئەوە دەردەخات کەژنانی کــورد هەر لەو

سەردەمەوە توانیویە کۆتی دواکەوتوویی بشکێنێ و بەخەبات جێی شیاوی خۆی دیاری بکات. ئەمە بۆ ئێمەی کورد جێی شانازی و خۆشییە. بەڵام بەداخەوە نێوی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە نەزانراوە، تەنها ئەوەنەبێت کە بە بۆنەی کردنەوەی بارەگای ئەم ڕێکخراوەیە خاتو "ئەنجوم یا مولکی گوتارێکی خوێندۆتەوە و لە "ژین"یش بڵاوکراوەتەوە. ئیدی بە پێی ئەوەی کە گوتاری کۆمەڵەکەی خوێندوتەوە، دەبێ سەرۆک بووبێ.

هەر بە سایەی "ژین"ەوە سەبارەت بە دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی لاوان لە مێژووی کوردا زانیاریمان پێ دەدرێ. نێوی ئەم ڕێکخراوەیە "جمعیەتی هیڤی تەلەبەی کورد"، بەلام ئەم ڕێکخراوەیە بە نێوی کورتی "هیڤی، هیوا" ناسراوە. پێشتر هەمیشە باسی ئەم ڕێکخراوەیەی لاوان دەکرا بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی نوسراوەمان وەدەستەوە هەبێ، وەلێ ئەمێستا لە "ژین"ەوە فێردەبین کە مێژووی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە ٢٧ـی تەمووزی ١٩١٢یە. ڕێکخراوەی نێوبراو لە ١٩١٣ دا گوقارێکی بە نێوی "ڕوژی کورد" بڵاوکردوتەوە. بە داخستنی ئەم گۆڤارە لەلایەن دەسەلاتدارانی "اتحاد والترقی"، ئەم جارەیان "هیوا" گۆڤارێکی دی بە نێوی "هەتاوی کورد" بڵاوکردوتەوە. بە هەڵگیرساندنی شەڕی جیهانی یەکەم بەڕێوەبەران وئەندامانی "هیوا" براون بۆ سەربازی و ئیدی دیارە چالاکییەکانی وەستاوە. پاش کۆتایی شەڕ، لە سالی ١٩١٩ دا کۆمەلی کادری نو سەرلەنوێ "هیوا" یان دامەزراندووە و پرۆگرامی ئەم کۆمەلەیەش هەم بەکوردی و هەم بە تورکی لە ژمارەی ٢١ و ٢٢ـی "ژین"دا بڵاوکراوەتەوە و بەم بۆنەیەش "تۆفیق حەمید دیاربەکری" بە نێوی خوێندکارانی کوردەوە لە کۆڕێکدا گوتارێکی خوێندۆتەوە.

یەکێ لە ڕووداوە گرنگەکانی دی کە "ژین" ڕۆشنایی دەخاتە سەر، دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی کەلتوری کوردە کە نێوی "جمعیەتی تعمیمی معارف و نەشریاتی کوردی" بووە. ئەم کۆمەڵەیە لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ دا دامەزراوە و لە ژمارەی ١٠ـی "ژین" گوتارێکی درێژ دگەل پرۆگرامی کۆمەلەکە بڵاوکراونەتەوە، لەمەڕ کۆمەلە وئامانجەکانی وا نوسراوە: "ئامانجی دامەزراندنی کۆمەلەکەمان تەنها چالاکی سیاسی نییە، بەڵکو دابین کردنی هێز و توانای هاوچەرخ و پەروەردەکردنی لەسەر بناغەیەکی زانستی بۆنەتەوەکەمان". پرۆگرامی ئەم کۆمەڵەیە کە لە بیست ماددە پێکهاتووە، لە "ژین" دا بڵاوبۆتەوە. لە ویست وخواستی ئەم ڕێکخراوەیە ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردی و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی کتێبە کلاسیکیەکان و ئامادەکردنی کتێبی قوتابخانە بەکوردی و لە چاپدانیان، ئیدی پێشنیازی چالاکی زۆرکرابوو. یەکسەر پاش دامەزراندنی "کۆمەلەی بلاوکردنەوەی زانست و چاپەمەنی" دەستی بە چالاکی کردووە و یەکەم جاریش "مەم و زین" شاعیری کوردی نەمر و خاوەن فکر "ئەحمەدی خانی" لە چاپ دابوو. ئەلبەتە ئەو چاپە یەکەمین چاپی مەم و زین بووە و "هەمزە مکوسی"یش کە لێپرسراوی کاروباری نوسین بووە لە "ژین" پێشەکی بۆ نوسیوە. شایانی باسە ئەم پێشەکییە کە بەکوردی بووە لە ژمارەی ١٩ـی "ژین" ڕێکەوتی ٢٢ی مایسی ١٩١٩دا بلاو کراوەتەوە. هەروەها ئەم کۆمەلەیە لەمەڕ "کاوە ئیهتلالی" کە لە میسولۆژیای کوردا پلەیەکی

گرنگی هەیە ، کۆڕێکی بەستووە ، وە دەربارەی ئەم کۆڕە لە ژمارەی ٢٥ـی "ژین" نوسراوەیەك بلاوبۆتەوە . ئەوەندەی بۆمان دەرکەوتووە ، ئەم کۆمەلەیە دووەمین کۆمەلەی کەلتوری کوردە ، یەکەمیان پاش ئیعلان کردنی " مشروطیەتی دووەم " * دامەزراوە و نێویشی " جمعیەتی نەشری معارفی کوردی " بووە .

رودا وێکی دی گرنگ هەیە کە " ژین " تۆماری کردووە . لە سالی ١٩١٣ دا دژبە حوکمرانی " اتحاد والترقی " لە بتلیس دا راپەرینی بەرپا بووە ، پێشتریش دەربارەی ئەم رووداوە هیچ بەلگەیەکی نوسراوە نەبووە جگە لە لاوانەوەیەک کە بەکوردی بووە و لەلایەن خەلکەوە هونراوە و باسی هەلواسینی " شیخ شەمسەدین و سیدعلی و محمدشیرین " دەکات لە شاری بتلیس.بەلام ئێستە لە سایەی " ژین " دا ، چیرۆکی ئەم راپەرینە هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی باس کراوە . ئەم نوسراوەیە لە ژمارەی ١٦ و ١٧ ـ ی ئەم گۆڤارەدا بە ئیمزای " لاو رەشید " بلاوبۆتەوە .

سەرەرای ئەمانەش ، شانۆنامەی " مەمێ ئالان " یش لە ژمارەی ١٥ و ١٦ـی " ژین " دا بلاوبۆتەوە . ئەم شانۆنامەیە کە بەیەکەمین شانۆنامەی کوردی لە مێژوو دا دەژمێردری لەلایەن " عەبدولرەحیم رەحمی " یەوە نوسراوە .

لە " ژین " دا دوو بەلگەنامەی گرنگ هەن ، یەکەمیان نامەیەکی دکتۆر " فوئاد بەرخۆ"یە کە خەلکی دیاربەکر بووە و لە سالی ١٩٢٥ یش لە سیدارە دراوە ، دووەمیشیان نامەیەکی "یوسف زیا" یە کە بتلیسی بووە . ئەوەندەی ئاگادارین لەم دوو زاتە تەنها ئەم دوونامەیە ماوەتەوە بۆ مێژوو . نامەکەی دکتۆر فوئاد لە ژمارەی ٥ دا بلاوبۆتەوە و نامەکەی یوسف زیاش لە ژمارەی ٢٢ دا .

ئیدی لەسەر رۆشنایی ئەوانەی باسمان کردن دەردەکەوێ کە " ژین " تەنها گۆڤارێك نیە ، بەلکو لە هەمان کاتدا سەرچاوەیەکی گەلێ دەولەمەند و بەنرخە ، بۆیە بە بلاوکردنەوەی ژمارەکانی گۆڤاری " ژین " ئیدی سەرچاوەیەکی زۆر دەولەمەند لەژێر دەستی کوردی نیشتمانپەروەر و ئەوکەسانەی کە سەبارەت بە کێشەی کورد زانیاریان گەرەکە .

پ ـ چالاکییەکانت لە مەیدانی زماندا چین ؟

بوزئەرسەلان : لە راستیدا چالاکییەکانم لە بواری زماندا زۆر قورس دەرۆن ، گەربشێ ، تا ئێستە وەکو مندالێکی زرِ تەماشام کردوون . هەولەکانم لە بواری گۆڤارە کوردیە کۆنەکان گشت کاتی لێ دا گیرکردووم . بە هەرحال ئەم هەولانەم لە دوو بەشدا خۆیان دەبیننەوە، یەکەمیان : وشە و فەرهەنگ ـ ە کە سالّەهایە خەریکیم و تا ئێستەش لە قۆناغی کۆکردنەوەی وشەدایە . لە بەرئەوەی دەمەوێ ئەم فەرهەنگە لەسەر بناغەی زانستی پتەو بێت ، بۆیە نامەوی پەلەی لێ بکەم .

پ ـ یانی فەرهەنگێکی کوردی ـ تورکی ئامادە دەکەن ؟

بوزئەرسەلان : نەخێر ، بەنیازی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردی ـ کوردی ـ ین .تا ئێستە بەچەندزمانێك فەرهەنگی کوردی هەیە ، وەک کوردی ـ تورکی ، کوردی ـ عەرەبی ، کوردی ـ فارسی ، کوردی ـفرەنسایی ، کوردی ـ ئینگلیسی ، کوردی ـ روسی . بەلام تا ئێستە فەرهەنگی

کوردی ـ کوردی دەرنەچووە .

دووەم : بەشی چالاکییەکانم لە بواری زماندا زمانناسی یە کە ئەمیش تا ئیستە هەر لە قۆناغی کۆکردنەوەی تێبینی دایە . هیوادارم پاش پرۆگرامی چالاکییەکانم ، بۆئەم دوو بەشەی زمانەکانتم هەبێ .

پ ـ گەر دەکرێ هەندێ باسی چالاکییەکانی خۆتمان بۆبکە لەسەر " ژین " . چ جۆرە چالاکی یەک بوون ؟ .. ژیانەوەی " ژین " چەندەی خایاند تا سەرلەنوێ بلاوبووەوە ؟

بوزئەرسەلان : پێشەکی گشت ژمارەکانی " ژین " کە بە ئەلفبای عەرەبی لە چاپ دراون ، رستە بە رستە گۆڕیمە سەر ئەلفبای لاتینی ، یانی " ترانسکرپسۆن " م کردن ، پاشان ئەو نوسین و شیعرانەی کە بە تورکی عوسمانی بوون گۆڕیمە سەر زمانی تورکی نوێ ،دیارەکە ئێستە زۆر کەم کەس دەتوانێ تورکی ئەوکاتە بخوێنێتەوە و لێی تێبگات . ئینجا هەندێ بابەت هەبوون بە تورکیی عوسمانی بلاو ببوون و منیش بۆ خوێنەرانی کورد بە گرنگم دەزانین بۆیە کردمنە کوردی . بو نموونە ش بیاننامە و پرۆگرامی " جمعیە تی تعمیمی معارف و نشری کوردی "، بیاننامە و پرۆگرامی کۆمەلەی " هیوا " هەروەها نوسینەکانی " کوردی بتلیسی "لە مەڕ زمانی کوردی . ئیدی ئەم جۆرە نوسینانەم کردە کوردی و تورکی نوێ . جگە لەمانەش ،نوسینەکانی " ژین " بۆ خویندەوارانی ئەم سەردەمە پێویستیان بە هەندێ تێبینی و پەراوێزهەیە ، بۆیە منیش لە وجێگە یانەی ـ پیویستم زانی تێبینیم نوسی کە لە ژمارەی یەکی " ژین " ەوە تا کو بیست و پینجەمین ژمارە ، ژمارەی تیبینیەکانم (١٥٥٠) تیبینی بوون .

گشت ئەم چالاکییانە نۆ سال و شتێکی خایاند ، واتا لە هاوینی ١٩٧٩ دا دەستم پێ کردوە و لە پاییزی ١٩٨٠ دا تەواو بوون .

پ ـ ئەدی ئەو پێشەکی یە دریژە کە ٨٥ لاپەرەیە خۆی لە خۆیدا بەشێکی گرنگی ئەو چالاکییانە نین ؟ باشە ئاخۆ پێشەکی یەکی بەم جۆرە پێویست بوو ؟

بوز ئەرسەلان : بەلێ ئەم پێشەکی یە خۆی لە خۆیدا چالاکی یەکی سەربەخۆیە . وەک دیارە ئەم پێشەکی یە هەم بە کوردی و هەم بە تورکی نوسیومە و لە جلدی یەکەمی "ژین " دا بلاوم کردونەتەوە ، بۆ هەر پێنج جلدی " ژین " نوسراون .

لە وەلامی هۆی درێژی ئەم پێشەکی یە دەلێم ، لەم پێشەکی یەدا هەولم داوە روشنایی بخەمە سەر هەم بارودۆخی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە سالانی نێوان " ١٩٠٠-١٩٢٠"، هەم گۆڤاری " ژین " لە گشت رووێکەوە بناسێنم . وەک دەزانین لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا هەستی نەتەوایەتی لە نێوان ئەو میللەتانەی لە سنوری ئیمپراتۆری عوسمانیدا دەژیان، سەری هەلدا . لە لایەکەوە میللەتانی " بەلقان " و لە لایەکی دی عەرەبەکان دەستیان بە جولانەوە کردبوو و داوای جودا بوونەوەیان دەکرد و بۆئەم ئامانجەش چەند کۆمەلەو ریکخراوێکیان دامەزراندبوو . تەنانەت لە نێو تورکانیشدا کە بڕبڕەی پشتی ئیمپراتۆری عوسمانی بوون ، ئەوجۆرە هەستە سەری هەلدابوو . " کۆمەلەی اتحاد والترقی " یش لە ژێر ناوی هەستی نەتەوایەتیدا دامەزرابوو ، هەروەها فکری " تۆرانیزم " یش کە ئامانجی کۆکردنەوەی هەموو

تورکان بوو لە سنوری تاکە یەک دەولەتدا. چاکە، ئاخۆ لەو سەردەمەدا کوردان لە چەدا بون؟ کوردان وەک یەکێ لە میللەتەکانی ئیمپراتوری عوسمانی تا چ رادەیەک لە ژێرتاوی ئەوهەستە بوون بە تایبەتیش روناکبیرانی؟ چییان کرد، چ جۆرە رێکخراوەیان دامەزراند، کامە گۆڤاریان دەرکرد و ئەو کەسانەکێ بوون؟... من بۆ وەڵام دانەوەی ئەم هەموو پرسیارانە و روونکردنەوەی ئەو دەروازانە ئەو پێشەکییە درێژەم بە پێویست زانی. ئەلبەتە "ژین" یش یەکی لە بەرهەمە گرنگەکانی ئەو سەردەمە بووە. دووەمین هۆی ئەم پێشەکییە ئەوەیە کە لە خوێنەر پاش خوێندنەوەی پێشەکییەکە ئاشنای بابەتەکانی "ژین" بێت و بەرەوانی حالی بێت. لە راستیدا ئەم پێشەکییە گەلێ گرنگ بوو تا رادەیەک کە هەندێ لەبرادەران پێشنیاری ئەوەیان کرد بە جودا وەک کتێبی بلاوی بکەمەوە.

## تاکە یەک کۆلیکسیۆن لە هەموو دنیادا

پ ـ ئاخۆ "ژین" تان چۆن دەسکەوت؟ مەبەستمان ژمارە ئۆرجنالەکانی "ژین"ە؟

بوزئەرسەلان: لەسالی ١٩٦٨ دا بە رێکەوت "ژین" م بەرچاوکەوت. پێشتر، دەربارەی دەرچوونی گۆڤارێک بە نێوی "ژین" لە سەردەمێکدا شتێکم بیستبوو، وەلێ وەک باس دەکرا، ئەم گوقارە پاش قەدەغەکردنی زمانی کوردی ئیدی سوتێنرا و لەنێوبرا.

لە سالی ١٩٦٨ دا، بۆ کتێبێک دەگەرام کە لە سەردەمی عوسمانیدا دەرچووبوو، سەردانی کتێبخانەیەکم دا کە پڕ لە کتێبی کۆن و لوزاوی بوو، ئیدی لە نێو سەدەها کتێبی تۆزهەلگرتوو دەستم پشکنینی ئەوکتێبە کرد، لە پڕ چاوم بە کۆلیکسیۆن "مجموعە" یەکی "ژین" کەوت لە یەک جلدا کە هەر بیست و پێنج ژمارەکەی لە دوتوییدا بوون. وەک لە پێشەکییەکەشدا روونم کردوتەوە، هەر ئەوکاتە بڕیاری تەرجەمەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارەم دا. هەرچونێک بێ دەبێ دیسانەوە "ژین" بژیتەوە. پەیمانم بەخۆدا ئەم گۆڤارە کە نێوی لە دلی هەموو کوردە نیشتمان پەروەرەکاندایە سەرلە نوێ بیژینمەوە و بەردەستی گشت کوردە بەشەرەفەکان بکەوێ. ئەلبەتە ئەو ئەرکە، یانی بلاوکردنەوەی ژمارە کونەکانی "ژین"، کاری مانگ و سالێک نییە و ئەم ماوە زورەش لە تورکیادا زور زەحمەتە. مەبەستم، بی هیچ شەکی گەر لە تورکیادا ئەمکارە ئەنجام بدەم پولیس ئاگادار دەبی و تاکە نوسخەی "ژین" یش دەفەوتینی. ئەوەندەی ئاگادارم، ئەو نوسخەیەی دەستم تاکە نوسخەی "ژین"ە لە دونیادا، ئیدی تصوری خەتەرناکی ئەم کارە دەکرێ. تەنانەت ئەگەر، پاش ئەو هەموو کاتە و ئەو هەموو ئەرکە، پۆلیس پێی زانیبا خۆنەمدەتوانی لە تورکیادا لە چاپی بدەم و بلاوبکریتەوە. ئیدی لە بەر ئەم هۆیانە ئەو کولیکسیۆنەم هەرلە شوینی خۆی جێ هێشت تاکو لە داهاتوودا، لە کات و شوێنی موناسیبدا، بتوانم چالاکی لە سەر بکەم. ئیدی کات هاتووچوو، چەندجارێک زیندانی کرام "ژین" یش هەر لە شوێنی خوێدا مابووەوە، بەکەسم نەگوتبوو کە شتێکی واهەیە. ئەمێستا بیری لێ دەکەمەوە ئەگەر لەو سەردەمانەدا شتێکم بەسەرهاتبا ئاخۆ چارەنوسی ئەو تاکە نوسخەیە چ دەبوو. بەهەرحال لە کۆتاییدا، پاش نیشتەجێ بوونم لە سوێد، بە هۆی سێ هاورێم

ئەو کولیکسیۆنەم لە تورکیاوە هێنایە سوێد و لە هاوینی ١٩٧٩ بە سەلامەتی گەیشتە دەستم ، هەر لەو کاتەشەوە دەستم بە گۆڕینەوەی کرد .

پ - ئەلبەت ئێوە ژمارەکانی " ژین " تان بە ئەلفبای لاتینی و بە شێوەی تورکی نوێ دیسانەوە بلاوکردەوە ، ئیدی چ هویەک بوو وای لێکردن ژمارە ئوریژنالەکانیشی بلاوبکەنەوە ؟

بوزئەرسەلان : بەلێ ، ژمارە ئوریژنالەکان کە بە پیتی عەرەبین پاش ئەوەی فلمم کێشان دیسانەوە بلاومکردنەوە . هۆی بلاوکردنەوەشیان ئەوەیە وەک بەلگەنامەیەک لە بەر دەست بێت و وەک بیرەوەرییەکی ئەوسەردەمە لە فەوتان رزگاری بێت ، هەروەها چنگی ئەو لێکولەرەوانە بکەوێت کە دەیانەوێت لەسەر نوسخە ئوریژنالەکان توێژینەوەکانیان بنیات بنێن .

ئەلبەتەکالیتەی کاغەزەکانی ئەو سەردەمە چاک نەبووە ، هەروەها ژمارەکانی"ژین" وەک دەزانین لە ١٩١٨-١٩١٩ دا لە چاپ دراون ، ئیدی بۆیە هەندێ لاپەرە هەن کە زۆر تێکچوون، تەنانەت لە هەندێ شوێندا من پەنام بە زەرەبین برد بۆئەوەی بتوانم بیخوێنمەوە ، بەلام سەرەرای ئەمانەش بلاوکردنەوەی ژمارە ئەصلییەکان بە سودو بە پێویستم زانی .

پ - ئەمێستا با بێینە سەر باسی بوارەکانی دی چالاکییەکانت ، وەک دیارە لە ئۆروپا بە کوردی گەلێ کتێبت بلاوکردۆتەوە ، هەمووشیان فۆلکلورین ، گەر دەکرێ هەندێ رۆشنایی بخەنەسەر ئەو چالاکییانەتان .

بوزئەرسەلان : شان بەشانی چالاکییەکانم لەسەر " ژین " ، بایەخم بە فولکلوری میللی و گالتەوگەپی کوردی داوە ، پیشتر ئەو حیکایەو فولکلورانەم لە دەمی خەلکەوە کوکردبوونەوە ، بەلام لەبەرئەوەی لە تورکیا زمانی کوردی قەدەغەیەو فشاری لەسەرە ، ئیدی نەمتوانیلەتورکیا ئامادەیان بکەم و لە شێوەی کتێب بلاویان بکەمەوە . پاش نیشتەجێ بوونم لە سوێد لەگەل چالاکییەکانی " ژین " ، حیکایەکانیشم لەسەربناغەی بابەتەکانیان لە سێ پۆلدا جوداکردنەوە و هەر پۆلەی لە زنجیرەکتێبێکدا بلاوکرانەوە . یانی سێ زنجیرەکتێبی دەکرد . یەکەمیان ، " فابیل " ە ، یانی ئەوحیکایەتانەی کە بە زمانی حەیوانات ەوەدەگوترێ ، ئەم زنجیرەیە لە پێنج کتێب پێک هاتووە ، یەکەمیان " میر زۆرو " یە کەلە ١٩٨١ دا بلاوبووەوە . دووەمیان " گورگی بلوێرژەن " ە ، ئەویش لەگەل سێیەمینیان " کێچ خاتوون " لە ١٩٨٢دا بلاوبونەوە . چوارەمیشیان " سەرکەوتنی مشکان " لە ١٩٨٤ و دواییینیان " پەپووک " لە ١٩٨٥ دا .

پ - لەنێو کتێبەکانت کتێبی " مەلانەسرەدین " هەیە ، ئاخۆ پێوەندی مەلانەسرالدین بە کوردانەوە چییە ؟

بوزئەرسەلان : نێوی ئەم زاتە لەنێو کورداندا " مەلای مەشهورە " یەومنیش لەنوکتەکانی کتێبێکم بە کوردی لە ١٩٨٦ دا بلاوکردەوە . دەربارەی پێوەندی مەلا بە کوردەوە ، من پێم وایە مەلای مەشهورە پێوەندی بە گشت میللەتانی رۆژهەلاتی نێوەراستەوە هەیە ، راستر ، هەموو میللەتانی رۆژهەلاتی نێوەراست پێوەندییان بە مەلای مەشهورەوە هەیە . من لە پێشەکی ئەم کتێبەم بە درێژی بۆچوونی خۆم لەمەڕ ئەم مەسەلەیە روون کردۆتەوە ، ئیدی وەک لەو

پێشەکی یەش باسم کردووە ، نوکتەکانی مەلانەسرالدین لە هەر چوار زمانە سەرەکییەکانی ڕۆژهەلاتی نیوەڕاستدا هەن ، یانی تورکی ، کوردی ، فارسی ، عەرەبی . بەشێ لە نوکتەکان لە هەر چوار زمانەکەدا هەن ، هاوبەشن ، بەلام بەشێکی دی تایبەتن بە تەنها یەک زمان لەو زمانانە ، یانی لە یەک زماندا هەن و لەوانی دی نین . بەوێنە ، هەندێ لەو نوکتانە تەنیا بە کوردی دەگوترێن و تەنها بنیاتی زمانی کوردی دەتوانێ ئەو نوکتانە بگێڕێتە خۆی وبەزمانەکانی دی بە نوکتە ناشێن چونکە لەگەل شێوەی ئەو زمانانە ڕێک ناکەون . ئەلبەتە هەمان ڕاستی دەچەسپێتە سەر سێ زمانەکەی دیش . من پاش وردبوونەوەو شێ کردنەوەی نوکتەکان و بەراوردکردنیان لە نێوان ئەو چوار زمانەدا ئەوەم بۆدەرکەوت کە ، میللەتانی ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست بۆدەربڕینی هەست و نەستی خۆیان بەرامبەر بە تەنگچەلەمەی ژیان ئەو نوکتانەیان خولقاندووە . بەشێ لەم نوکتانە ناوچە وناوچە ، دەما ودەم ڕۆشتون وبلاوبونەتەوە و بوون بە مولکی هەرچوار نەتەوەکە . بەشێکی دیش تەنها لە نێو یەک زماندا ماونەتەوەو بوون بە مولکی ئەو نەتەوەیە بە تەنها . بەمجۆرە خەلکانی ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست کابرایەکی قسەخۆش و سینگ فراوانیان خولقاندووە و کردوویانە بە خاوەنی ئەوسەرگوزەشتە پێکەنین ئامێزانە .

پ ـ جگە لەو کتێبانە ، زنجیرە کتێبی گالتەوگەپی خەلکی کورد ـ یشتان بلاوکردۆتەوە ، نەوا یە ؟

بوزئەرسەلان:لا بەلێ دروستە ، زنجیرەی گالتەوگەپی خەلکی کوردم ئامادەکردووە کە سێ دانەیان بلاوبوونەتەوەو دوو دانەشیان لە ۱۹۹۰ـ ۱۹۹۱ دا ئامادە دەبن و بلاودەکرێنەوە ، واتا ئەم زنجیرەیەش لە پێنج کتێب پێکهاتووە ، یەکەمیان " ماسییە تینووەکان " لە ۱۹۸۷ دا بلاو بووەوە ، دووەمیان " لە شێت شێتتر " ، ۱۹۸۸ ، سێیەمیان " عیلمی جانتا " لە ۱۹۸۹ ، بلاوکرانەوە . دوانەکەی دیش نیازوایە لە ۱۹۹۰ ، ۱۹۹۱ دا لە چاپ بدرێن . هەلبەت بۆ ئەم زنجیرەیەش پێشەکی یەکی تێروتەسەلم نوسیوەو لە کتێبی یەکەمیشدا بلاوم کردۆتەوە .

پ ـ چاکە لەمەودوا لە پرۆگرامی کارکردنتاندا چی هەیە ؟

بوزئەرسەلان : پاش نیشتەجی بوون لە سوێد پرۆگرامێکی بیست سالەم دانا بۆ کارەکانم ، لە ۱۹۸۰ تاکو ۲۰۰۰ . بەشی گرنگی ئەم پرۆگرامە ژیانەوەی گۆڤارە کۆنەکانی کوردە ،ئەلبەتە " ژین " کە گۆڤارێکی کوردی کۆنە ، یەکێ بوو لەو گۆڤارانە کە (۹) سالی گەرەک بوو تا تەواو بوو ... گۆڤارە کونەکانی دی ئەمانەن :

لە نێوان سالانی ۱۸۹۸ ـ ۱۹۰۲ یەکەمین ڕوژنامەی کوردی لە مێژوودا بە نێوی " کوردستان " بلاوبووەوە ، لە ڕاستیدا " کوردستان " پازدە ڕۆژ جارێک بلاودەبووەوە ، یانی گۆڤاربووە، وەلێ دامەزرینەر و بەڕیوەبەری نێوی " جریدە " ی لی ناوە بۆیە منیش دەلێم ڕۆژنامە .ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم جار لە " میسر " پاشان لە سویسرا و ئینگلترا بەردەوام بووە . دامەزرینەر و یەکەم بەڕیوە بەری " کوردستان " ، " مقدادمدحت بەدرخان " بووە ، پاشان بە هۆی نەخۆشی ئەم ئەرکەی داوەتە براکەی " عەبدولرەحمان بەدرخان " . یەکەم جار تەنها بە کوردی دەردەچوو پاشان بە تورکیش بلاوبۆتەوە . زوربەی بەشە تورکی یەکەی لە ڕەخنەی قورس و پاشکرا لە پادشای

عوسمانی "عبدالحمیدی دووەم" پێکهاتووە. ئیدی بۆیە ئەم رۆژنامەیە لە نێوسنوری ئیمپراتۆری عوسمانی لەلایەن عبدالحمیدەوە قەدەغەکرابوو، بەلام خودی عبدالرحمن بەدرخان پسوولەی هاووڵاتی لێوەرنەگیرا بوو.

دووەمین گۆڤار لە پرۆگرامەکەمدا "رۆژنامەی تعاون و تەرەقی کوردی" یەکە پاش اعلانی "دووەمین مشروطیە" لە ١٩٠٨ لە استانبۆل بلاوبۆتەوە. لەوکاتەدا لە ئەستانبۆل کۆمەلەیەکی کوردی دامەزرابوو بەنێوی "کۆمەلەی تەرەقی کورد"، ئەم رۆژنامەیەش لەلایەن ئەم کۆمەلەیەوە دەرکراوە. لەنێو نوسەرانی ئەم رۆژنامەیە "بدیع الزمان سعیدی کوردی" بەنێوبانگ هەبوو لەپاشان نێوی کرد بە "سعیدی نوری". ئەم زاتە لەو سەردەمە تاکو (١٩٢٠) ەکان نیشتمان پەروەریکی بەحەماس بوو.

سێیەمین وچوارەمین گۆڤاریش کە لە پرۆگرامی چالاکییەکانمدان "رۆژی کورد" و "هەتاوی کورد" کە سالی ١٩١٣ یەک لە دوای یەک بلاوبوونەوە لەلایەن کومەلەی "هیوا" کە لە ١٩١٢ دامەزرابوو.

دوابین گۆڤاریش لە پرۆگرامەکەمدا گۆڤاری "کوردستان" ە کە ئەمیش وەکو "ژین" لەلایەن "جمعیەتی تعالی کوردستان" ەوە دەرکراوە لە ١٩١٩ـ ١٩٢٠ دا. "کوردستان" زیاتر گۆڤاریکی هەوال و دەنگوباسە بەلام "ژین" گۆڤاریکی کەلتووری یە. ئەلبەتە ئەم گۆڤارانە هەموو بەکوردی و تورکین، منیش نیازم وایە بیانگورمە سەر پیتی لاتینی و وەکو "ژین" یش بە پێشەکی و تێ بینی و روونکردنەوەوە بلاویان بکەمە. شایانی باسەکە نیەتی ئەوەشم هەیە سەرلەنوێ لە "مەم و زین" وردبیمەوەو بەکوردی و تورکی بلاوی بکەمەوە، هەروەها کتێبی مێژوویی "شەرفنامە" کە لە ١٩٧١ دا لە ئەستانبۆل بلاومکردوەوە دەمەوی دیسانەوە کاری تێدا بکەم و بلاوی بکەمەوە. نیازی ئەوەشم هەیە پێشەکی یەکی دوور و درێژیش بۆ هەریەکەیان بنوسم و هەم نوسەرەکانیان و هەم ئەو دووکتێبە بەچاکی بناسێنم. ئیدی ئەگەر کێشە و نەخوشی رێگەم لێنەگرن ئەم پرۆژەیەم لە سالی ٢٠٠٠ دا تەواو دەبێ.

پ - بەشی سەرەکی پرۆگرامەکەتان تەرخان کراوە بۆ گۆڤارەکۆنەکانی کورد، باشە لەو گۆڤارانە فکری واهەیە کە تائێستە زیندوو مابێ و داکوکێ لێ بکرێت؟

بوزئەرسەلان: لەراستیدا ئەو مەسەلەیە مەسەلەی من نییە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە ئەم گۆڤارانە سەرچاوەیەکی بەنرخن لە فەوتان بپاریزرێن، ئەم گۆڤارانە زۆرشت روون دەکەنەوە نەک تەنها بۆ میللەتی کورد بەتەنها بەلکو بۆئەوانەی لە کێشەی کورد دەکۆلنەوەو لەشی کوردولوژی کاردەکەن. لەم گۆڤارانەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێ کە هەستی نەتەوایەتی تاچ رادەیەک کاری لە نەتەوەی کورد کردووە، ئەو هەستەی کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە رۆژهەلاتی نێوەراستدا سەری هەلداوە. هەروەها دووەمین هۆی بلاوکردنەوەم بۆ ئەم گۆڤارانە ئەوەیە کەلاوانی کورد سەرچاوەی رابردووی خۆیان و مێژووی نزیکی نەتەوەکەیان لەبەردەستدا بێت. خوێندەوارێکی کورد لە کوردستانی تورکیا بەوێنە، دەزانێ کە یەکەمین رۆژنامەی تورکی "تەرجمانی ئەحوال" ە و "ئاغا ئەفەندی" دەریکردووە، بەلام نازانێ کە

یەکەمین رۆژنامەی کوردی " کوردستان " ەو خاوەنەکەشی " مقداد مدحت بەدرخان " ە خوێندکارێکی کورد لە قوتابخانە فێری ئەوەی ناکرێ کە " فوئادتێمۆ وانلی " یەکێکە لە چیروکنووسە رائیدەکانی کورد . ئیدی بەم جورە بەبلاوکردنەوەی ئەم گۆڤارانە خەلکی کورد بەسەرچاوەی گرنگ بۆ مێژووی نزیکی نەتەوەکەی چاوەکانی شاد دەبێتەوە .

( پاشان نووسەر لە وەلامی گۆڤارەکە باسی سیاسەتی توانەوەی میللەتی کورد لەلایەن رژیمی تورکیاوە دەکات ، هەروەها باسی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی بلغارستان دەکات دژبە کەمایەتی تورک لەو ولاتە و ئەمەش لەگەل سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی تورکیا دژبەکورد بەراورد دەکات و کتێبە بەنێوبانگەکەی نووسەری بەرێز " عەزیزنەسین"یش دێنێتەوەیاد کەلەپایزی ١٩٨٩دا بەنێوی " تورکەکان لە بلغارستان ، کوردەکان لە تورکیا " بلاوکرایەوە لە تورکیا . ئەم باسە زۆر تایبەتن بەکێشەکانی کوردستانی تورکیا لەگەل رژێمی ئانقەرەدا و زۆربەشی باسی وردەکارییەکانی ئەو کێشانە دەکات ، بەوێنە باسی دوو ماددەی ١٤١ ، ١٤٢ ـ ی دەستوری تورکیا دەکات کەبەرەسمی باسی رەتکردنەوەی کورد و قەدەغەکردنی چاپەمەنی بەکوردی دەکات ) .

# پەیمان

جەوهەر کرمانج

کانی یەک و کچێک و کوڕێک
پەیمانە خوێنیکیان وێکرا بەست
تا مردن یەکتریان خۆشبوێ و
یەک بیربن لە دووتوێی یەک مەبەست
کانی یەکە ،
لە کۆشی گوندێکی بنار دا
روون وەکو ئاوێنەی بووک وا بوو
شەوانە .. بۆجلوە و تریفەی ،
ئەستێرە و مانگ شانۆی سەما بوو
لە سایەی گابەردێ ..
وەک ئەشکی چاوانی دایکانی کوڕشەهید
دەردە بوو
دەمێک بوو هۆگری ئەم گوندە و
دراوسێی ئازیزی بەردە بوو
بەگۆتەی خەڵکەکە ئەم ناوەی لێنرا بوو
دەنا خۆی پەیکەری خوابێ بوو
لە ئاودا تاشرا بوو
کچەکەش بەباڵا وەک شووشە و
بەرەوت و رۆیینیش ئاسک بوو
گونای وەک خەرمانە و
پرچیشی هێلانەی ،
سەرپەنجەی ناسک بوو
لە هەمووش گرنگتر ،
دڵی ئەو بۆ دووکەس جۆلانەی ئاوات بوو
یەکێکیان کوڕە بوو
ئەوی دیش ،
کانیەکەی وڵات بوو
کوڕەکەش ئەسپێکی سەرکێش و
دوژمنی لغاو و سندم بوو
لە سەختی و دژواری ..
وەک قەڵای دم .. دم بوو
لە رێگای کانیەوە ئاشنای عیشقێکی پاراو بوو
کانیش بوو .. لە نێوان هەردوکیان
وەک پردێک پێناو بوو
هەموو دەم بەیانی و شێوانێک
کچەکە دەچوو بۆ سەر کانی .
دوای ئەوەی بەچاوی دڵیەوە
هەتالێی تێردەبوو سەرنجی تێدەبری و
لە جوانیی دەڕوانی
دەمی خۆی دەنایە نێو دەمی و
شیلەی سەر دوولێوی هەڵدەمژی
کانیەکەش بەپەیژەی ناو لە پێی کچەدا

وەک لاو لاو سەردەکەوت
چوار پێنج جار
بە شلپەو دەنگیکی ئاشقانە
یاداشتی رۆژانەی بە شەپۆل
لە کولمی کاغەزی کچەدا دەنووسی
پاشانیش کوڕەلاو
ساڵدانە ..ساڵدانە دەهات و
کچەکەش پرچی خۆی وەک ساباتی
بۆ لێوو چاوانی هەڵدەداو
بە سۆزی ئەشقیکی ئاسمانی
پەکیان رادەمووسی
کانیەکە رۆژانە ،
پەیمانی دلداری ،
لە کوڕەو کراوی شۆخ دەبیست
کە ئەوان بە چپە ،
کۆتری ناو رکەی دەروونیان
بۆلای یەک هەڵدەفڕاند
ئەو گوێچکەی گەواهی و دیروکی هەڵدەخست
ووشە بە وشەی ئەو دوانەی
بە ئاوی بلوورین
لە سینگی تاشە بەرد هەڵدەکڕاند

* * *

ئێوارە بوو .. درەنگ .. درەنگ
کەژاوەی خۆر .. عەیامێک بوو
مەودای زەمینی بریبوو
لوتکەی چیا ..
تارای دوا یادگاری زەردەی
تیشکی هەتاوی دریبوو
باڵندەکان بەتەما بوون
چاوی چۆلگەریان لێک بنێن
کفتی دوای ئاهەنگێکی
پرلە چریوەوسەما بوون

تاریکایی ..
بەسەرشانی پیرە چیاکان
پارسەنگێکی نیوەبار بوو
ئەوەی تەنیا ..
وەک مامزێکی راوچی گاز
ئێشک گرو نۆبەتدار بوو
گوێچکەی کانی و
دلی کچەو
چاوانی کوڕەی دلدار بوو
ئەم بۆچیەو
ئەو بۆسۆزی عەشقی پڕلە دڵە خورپەو
ئەوەی دیشیان
بۆخۆشەویستی هەردوکیان

* * *

ئەوئێوارە .. ئەستێرەومانگ
چاویان بەرایی نەدەدا
هەلبێن لەرقی شەوەزەنگ ،
بۆرەرێگا ..
نەیاندەویست ببنەدالدە
بۆ رێبواری نامۆی درەنگ
ئەو ئێوارە ..
لەداوێنی لای رێرەوەی
ئەم گوندەی مەلبەندی عیشقەو
مەیلەوشارە
شریخژنێک ،
بێ دەنگی ی لەخەو راپەڕان
کۆمەلێک تانکوزرێپۆش
بەپێ دزە ..
بەسەرشان وملی گردو
زورگ وتەلانان هەلگەڕان
چەندین هەزار جووتە پۆتاڵ
کوێرانە کەوتنە شیلانی

چیمەن وگیای دۆل و قەدپاڵ ،
یەکەم دەستڕێژ ،
دڵی کچەی بۆسۆراخی کوڕە لاوەکە راچڵەکان
کانی گوێچکەی پڕبوو لە قین
سەگی ئاوایی راترەقین
باڵندەکان ..
تەرین لە کوشی هێلانەو ،
کوڕە رەخت و فیشەکدانی لە خۆبەست و
دەستی دایە پەلی تفەنگ ،
بە ئەسپایی ..
هەردوو وێکرا بەسەر پشتی هەورازکەوتن
بەرەو ئاسۆی ،
ئەو دیو تاریکی و شەوەزەنگ .
ئەو شەوەیان بۆبەیانی
کچە .. وەک شێتوتەریدە
بە هەشتاو چوەسەرکانی
هەواڵی کوڕەی دەپرسی
دەگەرا .. دەرگە بە دەرگە
بەڵام هەموو دەرگایەکان
بەچپە بە گوێیان دادا :
کوڕەکە بۆتە پێشمەرگە
لەو رۆژەوەش ،
کانی ..دەست و پێی زنجیرەوبەبێ دەنگە
ئاسمانی گوندیش هەمیشە
تاریکی چوار دەوری داوەو
دیلی دەستی شەوەزەنگە .

* * *

لەولا کچە
هەردووقاچی
هەردوو چاوی
لە ئۆردوگایەکی دووردا کۆت کرابوون
بەسیم و تەلی درکاوی

بەڵام بیروهۆش و هزری
بەبێ سنوور
دەفرین بەشوێن کوڕەلاوەکەی بزری
هەموو رۆژی تا ئێوارە
روەو ئەو کێوە دەوەستا
کوڕەی پێدا سەرکەوتبوو
دەتگوت باڵاکەی لێ دیارە ،
لێرەش کوڕە ،
دەتگوت هەڵۆیەکی کڕە
لە ناوئەو سەنگەرە بەردەی
نیوەی ئاوەو..
ئەوی دی تەنیایی و قوڕە ،
بەگوللەی سوور
نامەی عەشقێکی بێ ریای تۆمار دەکرد
بۆکانی و گوندی یەخسیرو
بۆئەو کچە خۆشەویستەی
لەژێر چادرێکی شڕدا
رۆژی بەساڵ هژمار دەکرد

* * *

نامە بەخوێنی دووری دەنووسرا
بۆئەو وڵاتەی ،
خۆشەویستی تیا ، یاساخ کرابوو
لەو وڵاتەی کە ،
یەک دەنگ دەبیسترا
ئەویش هەر دەنگ و زایەڵەی ئاخ بوو
هەموو کزە باو شنەی شەماڵێک
دەنگی بێزاری کچەیان ئەدا بەگوێی کوڕەدا
کوڕەش بەنووکی گوللە لەسینگی دوژمن
دەینووسی :
دەزانم ، گوێچکەت عەودالن بەشوێن
دەنگی هەواڵێک ..
نیگات ئەوەندەی سەرسام بڕوانن

وەک ئاسمانێکی بێ ئەستێرەنە
چاوانت وەک دوو باڵندەی وێڵ و
هێلانە رووخاو
شەیدای دیتنی من وێنەرەنە ،
ئێستاش من هەرئەو کوڕە بەدمەستەم
لە پیاڵەی چاوی خوماری تۆوە
پێکی دیدەنی تۆوخاک فڕدەکەم
ئەو خۆشەویستەم ،
لێوم بە ماچی فرمێسکی کۆستی
زگماکی تەڕ دەکەم
گریمان ئەوا ..
ئەم عەشقە سەری پێ هەڵگرتم و
دەستیم لە تفەنگ ترازا و وەک شێت
بۆلای تۆ هاتم
ئەم خۆشەویستەم چۆن نەمر دەبێت ؟
بۆ تۆ بژیم و
بە تاڵان ببرێ خوڵی وڵاتم
چۆن دڵ بەردەست کا
لە سایەی کۆت و زنجیر و وێڵی
سەرم بکەمە قوربانی دڵم و
گومان وەک کاسن
دەروون و ناخی بروام بکێڵی
وەرە .. با هەردوو دەستی یەک بگرین
تەنیا رێگەیێ شک دەبەم ئەویش
ئەوەیە پێکرا ،
بە یادی عەشقی کانیەکە بمرین

* * *

دەڵێن حوسێنی حەزرەتی عەلی
لە کووفەی خوێن دا
برین جۆڵلانەی رایەل کردبوو
بۆ ژانی دڵی
یەک یەزید شایی مەرگی ئەوی بوو
لەم رەشە کۆستەی
پەنجەیەک نەبوو بەزەیی تیابێ و
سارێژ کات جەستەی
حوسێن حەللاجیش
کە سووتا لە رێی
ئەو عەشقە گەورەی پەیژەی مەبەستەی
بوو بە نەورۆزێ و کوڵ و کۆی سووتا
تەنیا خەلیفە پێی سەرنەوی بوو
کەچی ئێستا کە لەم مەرگەی من دا
هەزار یەزیدو بۆرە خەلیفە
دەستیان لە پشتی چەقۆی دوژمن دا
ئەگەر بوێرم زمان بگێڕم
زات بکەم دەنگ و سەدام هەڵێنم
من لەم رۆژگارە ئاستەنگەی خۆم دا
هەردوو حوسێنم
هەموو پاشاکان بۆمن یەزیدن
بۆمن خەلیفەن
گشت وڵاتانی ئاڵاشەکاوەش
لە دیدی من دا
هەموو وەک کووفەن

* * *

کەربێت و دووبارە
سەرکەمە باوەشی کانیەکەی گۆرینم
وەکو مەم .. بۆم بلوێ
گوێ هەڵخەم
بۆرازو گلەیی تۆی زینم
گەر لەسوێی دووریتا
سۆماییم دانەیێ و زوو نەمرم
دێمەوە و
بەخوڵی سووتاوی گوندەکەی وێرانم
دەستنوێژی عەشقێکی نوو دەگرم
بەلاوی جێم هێشتی و
بەپیری دێمەوە
تامنیش وەک کانی دێرینمان

نەمری هەڵقوڵی لەچاوگەو،
برینی پڕسوت وسۆمەوە
تانەڵێن بەپیری
هەوای عیشق دڵ ناباو ناهێنی
ئەوەتام بەو عومرەش،
دەروونم باخێکی ئومێدەو
گوڵ چاوی سبەی تیا هەڵدێنی
هیچ بایەك پەی نابا بەم باڵا کەنەفتەم
جگە لەو بای بسکەی
لەکانی جاراندا
بەرامەی عەشقی تۆم بۆدینی

١٩٩٠/٧/١
سـەقـز

ئەی دیوار
ئەی دەری ئاسن
ئەی کۆرە کڵاورۆژنە
وئەی وێنەی خەمگین و
قاچاخ
وەک بەلاقۆکی نهێنی
کەلەپێناوی دا تامی مەرگم کردووە
ئایا دەزانی
میوانانم
تەڕە پیوازیان بۆ هێناوم
و سیگاری بۆندار
ئایا دەزانی
بەهار
تەنێ لەباوەشی نیشتمان بوون دایە ؟

○ ئەحمەد عارف ○

ـ دیوانی نوسەر

# ژبیر نەکە

ئەحمەد قەرەنی

وەک نازکیا
لێڤێن خوە یێن پر گرنژین
رەش ریحانین
هزر کرنێ سەغبێر بکە...
هندی خەملا
بەژنا خوەیا دیمەن حەوین
خێڤە رەنگین
سەغبێر کرنی لێ فێر بکە...
وەک شرینیا
ماچێن مە یێن شەڤین گەرم
هزر بکەو
هزرێن بلند ژبیر نەکە...
. . .
ژبیر نەکە
خوەشترین حنێرا دلی
راوەستیەڤە ،
هنداڤ نیچیرێ ئەولی ..
. . .
ژبیر نەکە
هەر دەرگەهێ
تو دا تێخی
ژوورەکا دی
ژ یادگاران دێ رابێخی ..
. . .
ژبیر نەکە
چ چریسکا ڤەدەیەڤە ،
پارچێن وەختی
ژ عەمرێ خوە دێ دزیەڤە ..
. . .
ژبیر نەکە
گەلەک جاران
توزا پێلاڤێن کارکەری

مەزنترە

ژمەرجانێن تاجێ سەری ..

ژبیر نەکە

هەچی دلێ تۆڤێ پیسیێ لێ شین ببە

باغێ چاکیێ

ژبەر چاڤێن خودانێ وی

بێ بێن دبە ...

ژبیر نەکە

ل واری مە، چڤێل هەنە

کەنگی خەلک هەموو کرنە چنە!!

هنگی شێرن

ناڤ خەونێن خوە، نەدزێدەنە ..

.

ژبیر نەکە

ژ زانا یێن پر جورئەت را

شەڤێن تاری رەوشەن هەنە

دنیا مەزن بچوک دبە

. . .

ژبیر نەکە

چ وەلاتێ هەلبژێری ،

خەمو خەونان

هنداڤ ئاگرێ

غوربەتەکی

دێ وەرگیری ،

چاڤەرێ بی

بێ یە ئاشێ واری بەری

تەڤکەسەرێن دویریا گران

تێدا بهێری ..

ژبیر نەکە

ئەو جڤاتا

تە ژی تێدا سێبەر هەیە

لێ بخەبتەو پێشڤە هەرە

گەر جڤات چوو

تۆ مایەڤە

ناما بەهیا خوە بخوینەڤە ..

ژبیر نەکە

خەما گران رویبارەکە ،

ئەگەر گولا بەختەوەریێ

بەر کنارێن وێ شین نەبە!؟

هەر جارەکێ

گەمیا خوەشیێ ،

دێ ڤێدا هێت

ئەڤرۆ نەبیت نەکو سوبە ....

. . .

ژبیر نەکە

گەر هەر کەسەک

وەختی ساڤا .. شیری بمێژیت

وەختێ مەزن ... راستی بێژیت

بەلێ هەر یەک

جیها نەکەو

وەک خوە دژیت ....

ژبیر نەکە
هەچیێ شــیای
داڤینێن زەمانی هەلچنین
ئەوەهاتی
سێڤێن باغــێ
حەسرەتا من بۆ دیتنا تە
ژ خوە را چنیــن ...

. .

ژبیر نەکە
گەر هاتمــە
ناڤ بیستانێ جوانیا تە و
هەنارەکــا
سەرڤە پەل و دناڤدا شەکر
من لێ ژێکــــر
مرادا مــن
رەنگێ وێ ســـۆر قورمزی
دگەل رۆنیا ، ئاسۆیەکــا
تژی هیڤی تێکهەل بکەم
ژتاما وێ
چەن شەرابێن رەش قەترانی
بۆ شـەڤێن خوە
بێ چێ بکەم
ئەگەر هاتو
دەندکێن وێ رزینەڤە و خوە شینکرن
هەر نەمامەک

چەن بلند بیت ، پر خەمل بیت
پیریا ئەڤینیا من ژێ فێر دبیت
چەوا جارەکا دی بەرەڤ
باغێ جحێلیێ رێبکەڤیت

. . .

هۆسا ئەڤین
بەر سێبەرا جوانیا تە
هەر دژیت و قەت نا مریت
جوانیا تە
زێرینە گوللیە گەنم بن
ئەڤینیا من ،
شالوکەکە دێ درویتن ...

. . .

جوانیا تە
رەشمارەکێ هار و هۆڤ بیت
ئەڤینیا من ،
بلویرەکە
بەر ئاوازان ، دێ لەیزینیت ..

. . .

جوانیا تە
بەرخەکێ ساڤایێ خن بیت
ئەڤینا من
زارۆکەکــــە
ناڤ مێرگاندا دێ چەرینیت ...

. . .

جوانیا تە
نەهنگەکێ گولگولی بیت
ئەڤینیا من
دەریا یەکــــە
ناڤ شەپولێن گیانی خوەدا
دێ حەوینیت ..
جوانیا تە
سۆر گولەکا دێرسعێ بیت
ئەڤینیا من
بلبلەکێ چیا پەرێسە
رەنگ و بێنێن ، تەڤ سۆر گولان
دئاوازێن دەنگێ خوەدا
دێ لورینیـــت ...
. . .
جوانیا تە
تڤەنگەکا دار شـویشـە بیت
ئەڤینیا من
پێشمەرگەکە

ناڤ چەپەرێن ئازادیێدا
دێ بکار ئینیت ...
. . .
ئەڤینیا من
چیا یـــەکە ،
بەر تەرازووا جوانیا خوە
هەڤسەنگ بکە ... !!؟
جوانیا تە
سەر تیرەکا نیشانگەزە
ب کەڤان ئەڤینیا من
بۆ ئارمانجێن ژینەکا نوی
بەر تەنگ بــکە ....
دا ببینی
چ جیهانم
دلدا دکەلم ،
ناڤ تاراتیا
هەموو خەمان
ڤولگانەکا
هەرا هەلم ...

# برایانی چروی

ئەینیاتسیو بوتیتا

وەرگێڕانی: ئەبووبەکر خۆشناو

شاعیری ئیتالی " ئەینیاتسیو بوتیتا " لەمەر خوی دەلبی:

(( نزیکی حەفتا سالم کردووە ( مەبەستی کاتی نووسینی ئەم وشانەیە )بەشیکی دنیام دیوە ،ملیونان مروی وردو درشتم ناسی و قسەم لەگەل کردن،لەهیلەگم دان،لەناو چیشتدا کولاندمن و راستی و رازی وادەزانم ،هەرگیزنا توانمبوتان بگیرمەوە .ئەگەر بخوازم پیتان بلیم ،ناچارمشارەکەم ،ولاتەکەم بەجی بیلم . کاتیکیش نەتوانم شتە سادەکانتان پی بلیم ،چون دەتوانم راستییە گرنگەکانتان بو بدرکینم؟ لی گەرین، باقسەی خوش بکەین .ئەگەر بلیم: ژنم خوش دەوین،کەئەمە راستییە ،ئیوە پی دەکەنن.وابیردەکەنەوە کە (بوتیتا ) بونی بەخشندەی لی دی و پییەکیشی لەسەر روخی مەرگ دایە ، شەرم ناکا ؟بەلام هەر خومانین،ئەمە دان پیدانانیکی دوستانەیە ،فیکری لی بکەنەوە ،ئەگەربمویستبا ئەمانە بەقەشە بلیم ،چی دەبوو؟ لەوانەبوو هەر گویشی لیرانەگرتبام !گوتنی ئەم رستانەش زور تەرو پاراوو شاعیرانەن: ژنم خوش دەوین ! هەروەک گورانی جوانییەکانی سروشت .

هەروەها دەتوانم بلیم: حەزم لەدەریایە ،دەتوانم بلیم: حەزم لە هەتاوە دەتوانم بلیم: حەزم لە ئاسمانی روژەو حەزم لەئاسمانی پر لە ئەستیرەیە . دەتوانم ئەمانە بلیم و سەتان شتی دیکە ،بەلام ئەگەر بلیم: حەزم لەژنانە ، دەبمە گالتەجار )) .

((کروکی مەسەلەکە چییە؟ ئەوەیە: ئەوشتانەی دەکری بگوترین زور لەو شتانەی ناکری بگوترین ،زورترن..لەپازدە سالیمدا سپورت لەپشت میز رادەوەستام ، سپورت ،پرچی شانەکراو ومودیل ،قایشی سپی، ژنم خوشدەوین.دەهاتنە دوکان :((سەتگرام کالباس)) ،(( سەتگرام پەنیر)) ، کالباسم دەبری،پەنیرم

دەبری، دەستی خوشم دەبری .شون برینەکانی ئیستاش بەدەستمەوە ماون . لە ژنەکان رادەمام ،بایەخم بە کیشان نەدەدا و هەلەم دەکرد .)) .

((پیش ئەوەی زەماوەند بکەم ،مانگی هەنگوینم لەگەل پیرەژنیکی ئەفسانەیی دا رابوارد ،تەمەنیتان پی نالیم ،چەندان شتەهەن ناکری پیتان بلیم ، بو نموونە: ئەو کیژ بوو ؟،وشەکان تاسەر زمانی مرو دین،دەجوربن وهەل دەخلیسکینە ناو زگ )) .

((ناوی ژنەکە ـ فلیچەـ بوو ،ناویکی بەختیار ،وەک سەعاتیدانراوە ،ریک لەکاتی خویدا دەگەیشت ، دوستیکی خیزانەکەشی لەباوەش،پشیلەیەکی عی.من کە لە پشت دەرگا چاوەروان بووم ،هەرکە میاو میاوەکەم گوی لی دەبوو ،دەرگام دەکردەوە .پشیلەیەکی شەیتان بوو ،بەلام ئاگای لەهیچ نەبوو، چون دەکرا بزانی کە ژنەکان دەبی سزای ئەو کارەی دەیکەن،بدەنەوە؟ ئەگەر یاسایە ،ئەوان مەحکووم دەکا ؟ ئەگەر میردە ،کەئەوان بەتاوانەوەنگری،دەکوژی؟ ئەم مەسەلە ئالوزانە لەنیو پیشلان دانین.هەتا هیچ بەرگرییەک لەشەرەف لەلای ئەوان،لەکایەدانییە.بریارەکانیان لەسەرتەختەیەک دادەنین،پشیلەکان بە هەنگاوی ریک و پیک دەگەنە جی ژوان،ئارام ،جریوە جریوەی ئەستیرەکانیش دی ! پشیلە چاوەری و بەزمان سمیلی تەر دەکا ،کلکی بەرز دەکاتەوەو پەلکەزیرینەی پی دروست دەکا))

((بەهەرحال،پشیلە میکە ،بی ئەوەی خوی بزانی،هاوسەشی تاوانبوو ،لەبەرئەوەی ئەگەر ـ فلیچە ـ خانم لەکاتی لەجادە پەرینەوەدا تووشی ئاشنایەک بووبا ، بیانووی بەدەستەوەبوو: پشیلەکەم رای کردبوو !.پشیلەکەش ئاگای لەهیچنەبوو پەنجەیەکیشی دەخیواندە سەرو پوتەلاکی،ریبواریش باوەری دەکرد ،دریژەی بە قسەکانی دەداو لەو نیوەدا پشیلەش بەدناو دەبوو! و پاشان دەهاتە ژووری، لەگەل پشیلەکە ....

((پازدە سالیک لەپشت میز دانیشتم ،بیری لی بکەنەوە ،دەبی چەند جارانم دەستی خو بریبی و چەند جار سەرم خستبیتە ژیر دوشی حەمام .دەلین ئاوفینک دەکاتەوە ،ئەمما یەک دەم فینک دەکاتەوە ،(تا ) دەمینی ....

((یەکەمین دوزینەوەکانم لەسەردەمی مندالیم ،دەستپی کرد .بی قوتابخانەوبی ماموستا .لەمەحەکم نەدەدان،قوول نەدەبوومەوە ،بەلام لەهوشم دا دەمانەوەو بناغەیان دادەرشت .وەختی بابم پی گوتم: کی دلی بو خەلکی دی دەسووتی و ئامادەیە گوشتی خوی بداتە کسوکان،من لەمانای قسەکانی نەدەگەیشتم. بابم ئەمەشی گوت: بـ باب بووم و قەتکەسیک پارووەنانیکی نەدامی. دایکم بە عیزەتی نەفسگەورەی کردم .بابم نەخویندەواربوو ،و من پاشان تی گەیشتم کە دەردو ئازار هەستی مرو دەرووشینن و پیاو لەنیو دەبەن.بی دادیم لە سیمای کلولانەوە دەرک کرد ،لەپیی خواستی مندالان،لەژیانی ئەو کوختنیشینانەی کە

تاریک و روونان بە تیشووی سەرکەپیازیک و پارووە نانیک دەچن و شەوان ماندوومردوو دینەوە .وەبیرم دی: روژیک ،پیاویک لەدوکان وەژوور کەوت و داوای کارتونیکی بەتالی کرد .نەمروانیە سیمای،بەلام پاشان تی گەیشتم چی دەقەومی ،دیتم کارتونیکە خستوتە سەرسەریو کیژولەیەک بەرەو گورستان دەبا ئەو باوکیک بوو: مردوویک بووە ،مردوبیکی بەکول دادابوو.)) .

((بەم جورە ئاشقی خەلکی زەحمەتکیش بووم ،ئەمما هیشتا سوسیالیزم لەکایە دانەبوو)) .

((لەمەر ناخوشیەکان دەنووسم و بو ئەوەی نائومید نەبم ،لەمە زورتر دەستم نیشان نادەم .هەندی وەخت دەچمە سەردانی دوستەکانم کەیەکیکیان (ماریو) ، شیتی نائومیدی ئەشقە ،لەوی لەمەیدان چاوەریمە ،لەقاوەخانە دانیشتووە و کلاوەکەی تاسەرچاوی داگرتووە .دوستیکی دیم ،سەگیکە ،پیی دەلین سەگی‌مردوان. سەرتاسەری گوند بەدوای‌نانی کەرواوی و سەرماوەی خواردنی مالەکاندا دەگەری بەلام ئەگەر زەنگی کلیسای بو مردووان گوی لی بی،ئەو هیسکەی دەبی‌گوشتەکەی لی بکاتەوە ،حی دیلی و رادەکا تا لەناشتنی مرووەکەدا بەشداری بکا ، سەر بەرەوژیر وەگەل دەکەوی.دەشگری،بەلام بەشیوەی کسوکان. (ماریو) ،ئەو شیتە نائومیدەی ئەشقەش‌هەمان کار دەکا .ئەگەر لەری و رەسمی شاردنەوەدا ،کور ،یا کیژی مردووەکە ئامادە نەبن،رولی کور یان کیژی مردووەکە دەبینی و بە دەردو خەمەوە لەگەلیان دەئاخفی: بەباب و دایک بانگیان دەکا !.)) .

* ، *

چامەی برایانی چروی:

دەمەوی داستانی برایانی چروی بەدەنگ بگیرمەوە .داستانی‌حەفت برای جووتیار ،کەلەبیست و هەشتی کانوونی یەکەمی سالی ١٩٤٣ دا لە (رجوئەمیلیا ) بەدەستی فاشستەکان گوللە باران کران.باب هیشتا نەمردووە*. ،دایک لەخەمان وەزگی دا .چوار بیوەژن و یازدە مندالیان لەپاش بەجیما ،داستانیکی راستە قینەیە ،وەبیرتان بی.**

---

* لەکاتی نووسینی چامەکەدا ،باوکیان هیشتا زیندوو بووە ..(و)

** لەکوردستانیش دا ،چەندان براو خوشک و کوروباب و دلدارو دایک و کۆرپە ، یان خیزانیک ،یان سەر لەبەری گوندیک لەلایەن رژیمی فاشستی عیراقەوە ، گوللە باران کران، لەسیدارەدران، سووتینران،یان بەگازی کیمیایی شەهید کران .. (وەرگیر) .

فاشستەکان کوشتیانن
لەمەیدانی داران لە ( رجو )
لەیاد ناچێتەوە ،
ئەو رۆژەی هەتکیان بەشتە پیرۆزەکان کرد .
قەشەیەکی ساختە
لەسەر رێگای مردن، پێیدەگوتن:
(( دان بە گوناهەکانتان بنێن
هەتا خودا ،دەرگای میهرتان لەروودا بکاتەوە )) .
براکان لە وەرام دا دەیانگوت :
(( باوەڕمان بە ئازادی یە ،
دەبێ (دان پێدانان) لەفاشستەکان وەرگیرێ
کە باوەڕ دەکوژن )) .
فاشستەکان دەیانگوت :
(( گەر مردنتان پێ خۆش نییە
دەستلەباوەڕتان هەڵگرن و
ببنە فاشست ))
وەرامیان دەدایەوە ، بەنەفرەت :
(( خوێنی ئەمیلیایی لەرەگەکانماندا دەحوولێ
لەسەرهەندێ دڵ و دەستی خۆ پیس ناکەین ! ))

٢

چرویەکان ئاشقی ئازادی بوون ،نیشتمانی خۆیان خۆش دەویست ،بەئەشق وهۆشەوە کاریان دەکرد .

زەوی یان دەکێڵا
بەپێوەری نوێ
کوڕو باب جووتیار بوون
بێ کوێخا ،بێ سەرۆک

لەهەمان کێڵگەشدا دەژیان
تەنیا و یەکسان
باب ،دایک ،کوڕو بووکەکان
بێ نۆکەر ،بێ ئاغا !

یەکێک خەریکی تیماری وڵاغەکان بوو

ئەوی دی لەبیری شتکڕین لەبازاڕ
یەکێکیش خەریکی کاری ناو کۆگاکە
ئەوی دیش ،کازیوە ئامادە لەکێڵگە

ئەوان ،لەسەر مێزێکی خڕ
ئەندێشەکانیان وەبەردێنا
بەخوێندنەوەی کتێبێک ،
لەمەڕ رابردوو،و ئێستا !

هەمووان،ئافەرینیان پێ دەگوتن
لەتاریکی سەردەمێکی خراپ
بەڵام فاشستەکان بێ سێ ودوو
بە دوژمنیان دادەنان.

خاینانی نیشتمان
گاڵتەیان بەچرویەکان دەکرد
چونکە ئەوان ئیتالیایەکی بێ بەندەیان دەخواست

٣

ئەوان لەیەکەمین ئەو کەسانەبوون کەدەستە پارتیزانیان دروستکرد ،خەڵکیان چەکدار کرد :هەڵاتوو ،زیندانی و تەواوی ئەوانەی دەیانویست ئیتالیا لە ژێر ستەمی ئەلمان و فاشستەکان رزگار بێ .

وەختێ،هەشتی ئەیلوول بوو
کێڵگە
بوو بووە پەناگای هەڵاتووان:
یەک دەهات ،ئەوی دی هەڵدەهات .
کەسێ کە خوازیاری ئازادی بوو
بۆسەر زەوی ئیتالیا
دەبرایە چیاکان
بۆشەڕی پارتیزانی

فاشستەکان ،لەگەشت و گەڕان دا
کێڵگەیان گەمارۆ دا ،
شەوێکی ئەنگوستە چاو بوو ،
تەمیش ، پەردەبوو .
ـ شەوی ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ ـ

جگە لەباب و دایک
کوڕەکان و نەوەکان و بووکەکان
لەوێ،هەموو بێگانە وخەڵکی وڵات
خەوتبوون.

سەربازیکی خەڵکی کالاسریا
یەک منداڵی پارتیزان
دوو روسی و ئینگلیزییەک و
ئەفسەرێکی ئەمریکایی .

فاشستەکان ، سەتان نەفەر
بەخۆو بەزیلەوە هاتن
دەستیان کردە تەقە کردن
هەروەک گیانی نەفرەتلێ کراو!.

سابی چروی،ئەو سەرکردە میللییە
بەهاوارێکی بەپارێز ـ گوتی:
ئێـــــتا ، کێڵگە
بەتدەمی بورکان !

دوای سەعاتێ تەقە کردن
فاشـــــتەکان،ئەونامەردانە
لەترســـی شەلواریان ،
کادینیان ئاگر تێ بەردا .

(( تەسلیم نابم )) ،پیرەمیرد بانگی کرد:
(( باشترە بسووتێم ولێرەدا گیان دانێم !))
ئەمما کوڕەکەی ،(ئالدو)
بەدڵێکی پڕ لەخەم، گوتی:
(( بابەگیان ،کوڕەکانمان
لەباوەشـــی دایکەکاندان
منیش دەمەوێ گیان دانێم
هەروەک تۆ لەنێو ئاگردا )) .

بەددان دەستی خۆی دەگەست
باوک ، چاوانی دادەخا
بەسیمای باریک و زەردی .

ئەودەم ،قارەمانەکان تەسلیم بوون
چ لێک دابڕانێکی خەمبارانە :باب ،دایک و
کوڕو بووکەکان یەکدیان دەگرتە باوەش
لەو پەرێشانی وپەشۆکانەدا .

٤

ئەوان بە منداڵەکان ودایکیان گوت :فرمێسک مەڕێژن،دێینەوە .دەشیانزانی هەرگیز ناگەڕێنەوە .

خستیاننە زیندان
ژوورێک بوباب و کوڕەکان
باوکێک و حەفت کوڕ
حەفت سووسن و باوکێک

ژوور ،ژوورنەبوو
هێلانەی دەردان بوو
هەموو شەو بانگ کردن
هەموو شەو ئەشکەنجە !

باوک لەژوور
دەیبینی دێنەوە
بەلەشی شوودراو و
خوێناوی
برینەکانی دەشووشتن
لەباوەشی دەگرتن
دەیخستنە سەر جێگا
هەروەک دایک

رایدەمووسین و بەماچان
دەم و چاو و دەستی تەڕ دەبوون
و خوێنی کوڕەکان
گەرووی دەسووتاند .

ئەگەر ئەوان دەنووستن ، واگابوو
گوێی لەناڵەیان دەگرت
بۆشاردنەوەی گریەو هاواریش
چاوی دادەخست و ددانی دەقرساند .

بیست و هەشتی کانوونی یەکەم
دوا مانگی لە خراپکاری
فاشستەکان سپێدەیەک دەرکەوتن
بەسیمای وەک کەمتیار

جەللادان نەڕاندیان :
چرویەکان بێنە دەر ،بێنەدەر
هەر حەوتلەش ،
یەک زنجیر لەمەچەک

باوک دێتە پێش :
(( بۆ کوێیان دەبەن ؟))
فاشستێک دەڵێ:
(( بۆ پارما ، دادگا )) .
ئەممانە ،بۆ گوللەباران کردن، بردیانن.
باوک لە ژووری
وەک میوان بۆ زیارەت هاتبێ
لەخەیاڵی دا ،
دادگای دانابوو

وای لەزیندانەوان دەپرسی:
(( چەند ماوەی پێ دەچێ ؟))
زیندانوان ،بێ دەنگ و
ئەشکەنجەش دوو ئەوەندە !

٥
کاتێ باوک لەزیندان ئازاد دەکرێ،نازانێ کوڕەکانی گوللەباران کراون .
لەماڵێ،هیچی پێ ناڵێن .ژن و بووکەکان و نەوەکان رەش ناپۆشن.دایکی پیر هێواش هێواش کپ دەبێ و دەم دادەچەقێنێ.رازو دەردەکەی دەدڵ دا دەهێڵێ و رکابەری خەم دەکا .

ئەگەر راز دوو مانگان لەدڵدا
بمینێ
باو مەشخەڵەکان
گوڵی ئاگر
هەمیشە لەدڵی پیاودا بەگەشاوەیی دەهێڵنەوە

بەبووکەکانی دەگوت :
(( لەبەرامبەری دا فرمێسک مەڕێژن !
نەخۆشەو هەواڵ دەتوانێ
لەهیکرا ، بیکوژێ )) .

پیست و هێسک بترازی، هیچی دی نەمابوو
هیچیشی لەدەست نەدەهات :
کاتێ نەوەکانی ماچ دەکرد
پێدەکەنی،تاگریانی سەرپۆش کا ،

هەرکاتێ لەژووری یەتەنێ دەماوە
دەرگاکەی لەسەرخۆی دادەخست
جێگای کوڕەکانی،
یەک بەیەک ڕێک دەخست !
هەڵی دەگرتن و جارێ دی دایدەنان
چەند سەعات ،هەر ئەوە کاری بوو
خەیاڵی و پەرێشان
دەستیشی رووەو خۆر دەکردەوە .

لەپاشان دەیژمارد
هەموو تەختەکان
ناوی کوڕەکان
تا حەفتجار دەیژمارد،

یەک (ئەنورە)، دوو ( ئەویدیو)...
تا حەفتیان دەیژمارد
ئەگەریش دەیژمارد ،ژمارە
قەت و قەت هەر تەواو نەدەبوو،
کوڕەکانی زۆرتربوون
حەوت بە حەوت لە ژوورێ
دایکیش رۆڵەکانی دەژمارد
دەیخستنە نک یەک و لەسەریەکی دادەنان

رەشایی کوڕەکان
هەزاران ... و ملیۆنانن

چ کوشتارێک ،چەندە خوێن
چ گەرداوێکی مەزن !

٦

بیر لەباری دایکی چرویەکان بکەنەوە .خۆ منداڵەکان لەهەراجخانە ناکڕدرێن، لەقوولایی دەریاوە راوناکرێن .بەراستی هەر هێسک و پیست مابوو .سێبەرێک بوو روو لە کوژانەوە ،بەس نییە : دایکی حەفت کوڕ کوژراو ! لە دڵتاندا ، قوولایی کارەسات بپێون !

رۆژێ ، کۆترێ
کەلەزۆر دوورەوە هاتبوو
لەسەر حۆخینان نیشتەوە
بەپەڕوباڵی ئاوەلا لەسەرگوڵە گەنمەکان

بای چروی، بۆ دڵدانەوە
بانگی ژنەکەی دەکا ، پێتە دەرێ :
دەڵێ :( جنوفیفا )
پەیکێک هاتووە !
(( ئەم کۆترە نیشانەی ئەوەیە
مەترسی تێ پەڕی
ئەگەر قسەیان پێ کرابا ، دەیانگوت :
کوڕەکانتان زیندوون)) .

ئەم وشانە
سینەو دڵی جنوفیفایان لێک هەڵتەکاند
لەناو خەرمانان دا هاواری کرد :
(( ئەوان کوڕەکانیان کوشتم !))

حەوت کوڕیان لێ کوشتین
لەهەموو کێڵگەکان شێوەن بوو
دەبینی لەئاسمانەوە دەبارێ
خوێن و بەفر ،برووسکەو تریشقە

خوێن وبەفر ،لەئاسمان و زەوی دا
هەر درەختێک خاچێک بوو
گازی کوڕەکانی دەکرد ،
بەدەنگیش خوێنی هەڵدەستاند

لەگەڵ شیوەنی دایک
نەوەو بووکەکان
هەرایان کردە کێڵگەوە
دڵی خۆیانیان دەکێڵا
سەرەنجام، بۆ مردووەکانیان
لەم دنیا ئاوەڵایەدا دەگریان :
گەنم لەسەر جۆخینەکان
لێفەیەک بوو، رۆندک !

بابی چروی ، چیاییە
چیایەکی پڕ لەبەفر :
مات ، چاوێک لە نەوەکانیدەکاو
کوڕەکانیبەزیندوێتی دەبینێ

ئەم دەم کوێستان
سەری سپی بڵند کردو گوتی:
((لەگەڵ کوڕی کوڕەکانم
زۆرتر لەجاران، بەرهەم دێنین)) .

٧

چرویەکان جووتیارانی توانابوون.بەباشی کاریان دەکرد .دەیانگوت : ئێمەوا بە توانایین و ئاشقی ئازادی . وچەند هۆشیارانە گیانیان فیداکرد .

لەگۆڕەپانی مەرگدا
بەرلەوەی گیانبان بسپێرنە رێژنەی گوللە
بەدەستی بەزنجیرەوە
بەکدیان ماچ دەکردو دەگرتە باوەش .

لەگەڵ رێژنەی گوللە
(ئالدو) هاواری کرد :
(نامرین !، نامرین !)
راستیشی کرد، نەمردن .

بۆ مردووان، مردوون
بو زیندووان ، زیندوون

باوەڕو ئەشقیان ،
دیدی جیهانە .

لەلای بابیان زیندوون
کەنەوەد سالّی خستە کۆڵ و
دەیانبینی هەموو دەم
گەورەتر دەبن .

ئەوان ،وەختی نووستنی دێ
دەڵێی لەبەرامبەری دا ، دەیانبینێ
رازونیازیان لەگەڵ دەکا
وەک ئیماندارێک لەگەڵ پیاوچاکان

تاریک و روون،کەجارێکی دی رادەبێ
بنمیچ و دیوار ئابهێنێ
ئەمما منداڵەکانی لەنێو جەرگەی کێڵگەوە دەبینێ
هەر حەوتیان خەریکن .

ئاه ، لەماڵێ چ دەردێکە !
هێشتا گێژو پەرێشانە ( جنوفیفا )
لەسینەی دا حەوت خەنجەرەو
خوێنیش فیچقەی دێ !.

***

• ئەم چامەیە ، لە کۆمەڵە شیعری :(روایت زادبوم) تەرجەمەی کاظم فرهادی و فرهاد خرمند) تهران ١٣٦٦ ،وەرگێڕدراوە .

# دوو خوزی

رمضان عیسى

(١)
خوزی نهە .. ئەز
پێلەک بامە
ژپێلێد زێی
ب شەڤێ خری
من قوچ ل کەڤرا دابان
دگەل کەلەکا چاڤ رەش
بهەڤرا دابان
نەکو ئەز
ئەڤە بامە
نەکو من .. هوسا
کەرب خواربا
ژەهر ڤەخواربا
کوڤان زابان .. !

* * *

(٢)
خوزی ئەز .. نهە
کەڤرەک بامە

بلا ئەڤرو
سەرێ شەهیدەکێ
کوردینیێ
لەسەر سینگێ مـن
تەنا .. بێ نڤستی بایە
نەکو.. وەسـا
شەهیدا جڤین دابان
نەرەڤە
مەنە هێلی
نەکو.. ئەڤرو کە ئەز
کربامە کێتە
لدور سەرەکانیا شێلی
کربامە پەرجان
باوەر بکەن
دا بمە
بلند ترین کێلی .. ..!!
١٩٩٠/١٢/٢٥

# یاداشتی مرۆڤێکی ون

نووسینی :یوسف مستەفا
وەرگێڕانی:زیاد مولود

" پیشکەش بە هەردوو
بچکولە ، سازان و حەنان"

سازانەکەم ..

ئەی ئەو منالە بچکولەیەی هەموو شەوی وەکو ئەستیرەیەکی کز، لەنیوان بەیەک گەیشتنی هەردوو بروکانمدا دەخەوی ، منیش بەفرمیسکی گەرم دەتشوم و توش ، بەپەنجە ناسک و تەنکەکانت یاری بەبژانگەکانم دەکەی ... دەلیی دەزانی بژانگەکانم کات و زەمانن و بالیان بەسەر مندا کیشاوە... چاوەکانیشم دوو پەنجەرەن بەرووی جیهانیکی دی کراونەتەوە و سەرنجی تیژیان دەبرنە شوینیکی دووری پەمەیی ...

سازانەکەم..

ئەی ئەو خوشەویستە بچووکەی بەتاسەوە تامەزروتم ، کە گەورە بووی و پیگەییت دەمخەیتە ناو بوخچەی یادەکانتەوە ؟! کاتی نیشانەو تایبەتمەندی کچیتی دەست بەسەر جەستەتا دەگری ، وەکو کیوە سەربەرزەکانی کوردستانت لیدی ، یان دارخورما پرچ سەوزەکانی ناوەراست و باشوور ؟!

سازان ..

خوشم دەویی ، خوشەویستییەک خوشەویستی تری بەدواوە نەیە. تاسەیەک وەکو زریان بەرەو لای تو لەخویم دەئالینی ... تامەزروییەک وەکو لافاو بەرەو لای تو رامدەپیچی ... تەنیاییم لەم ناموییە بی نرخەدا .. ئاخ ! خوزگە لەم دەربەدەری و ناموییەدا مانای تەنیاییت دەزانی ؟!وا هەست دەکەم کاتی لە مەمکتدا دەبرن ، دووریت لەدایکت و پەیوەندی پچرانت لەگەل ساوایەتی ، دەبیتە جوری ناموی ئەم ناموییە دووەم ناموییە کە مروف

پیدا تیدەپەری ، دوای ئەوەی بەناموییی یەکەمدا گوزەر دەکا ، کاتی بە چاوی پر گریان و روخساری تەرەوە پیشوازی لە دنیا دەکاو لە خوراکی ترپەی شادەمارو رەحمی دایک بیبەش دەبی .

سازان ..

ئەسمەرە شیرینەکەم ، ئەو نەخوشییە شوومەی هیرشی بو هیناویت و روچوتە ناو سینگە بچکولەکەت و دەیەوی وەکو پەرزین و بەربەستیک هەناسەت لی بىری .. ئایا ئەمە کرداری نەگریسی ئەهریمەنە ، یان کات بەسەر بردنی خوایە ؟! من رقم لە تاوانبارە هەر کامیکیان بن ! دژ بە تاوانباری نادیار ئامیزت بو دەکەمەوەو لە باوەشت دەگرم ... دەتلاوینمەوەو هەندی لەو گورانییانەی دایکمت بو دەلیم کە لە کاتی لایە لایە کردنی بوم فیریان بووم ، ئەو گورانییانەی وەکو رووباری ماتەم و گریانی کپ و هیدی لە دەمییەوە هەلدەقولاو بەناو گویچکانی مندا بەرەو جیهانیکی بی پایان گوزەریان دەکرد ... هەندیکم دەخستە هەگبەی یادم ، بو ئەوەی لە کاتی گەورە بوونما بە هانامەوە بی و بیکەمە تویشووی خەلکی تریش ، خەلکی بیبەش و نەدار ...

سازان ..

حەز دەکەی سەردانت بکەم و وەکو تینی گەرمای روژیکی سارد لە باوەشت بگرم ؟! وەکو ئەو دەسگیرانەم کە بە چەندین سال لە تو گەورەترەو هیندە زیاوە کە لە ئیش و ئازارو بیبەشی تیر بووبی ، وەکو تو بچووک بوتەوەو پیویستی بە نەوازش هەیە ... پیویستی بەوە هەیە دەست بەناو قژیدا بگیرەو یاری پیبکەم ... لەسەر سینگم راکشی و سەری بخاتە سەر شانی راستم وەکو تیشکی بالەندەیەک کە چاوەروانی دایکیتی خوراکی بو بینی .. دەسگیرانەکەم وەکو تیشکە کوتری لیهاتووە ، هەموو خولەکیک ، سەعاتیک ، روژیک ، پیویستی بە دەمی پر لە خوراک و خوشەویستی و سوزمە ...

سازان ..

دەسگیرانەکەم دەناسیت و ئاشنایەتیت لە گەلیدا هەیە ؟! ئەو وەکو شلکە نەمام نەرم و شلە ... وەکو ترووسکەی برووسک تیژە ... مەمکەکانی وەکو دوو خەزینەی زیرن دەلیی چارەنووسی مروفی تیدا حەشار دراوە ... وەکو نمە بارانی زستانی خانەقین دەگری و ئەسرین دەریژی ... وەکو خورەی جوگەلەی بەفراوی چیای ( خواکورک ) پیدەکەنی ، ئەو جوگەلەیەی کە بەهار لە زستانی وەر دەگری و بەفری روژە ساردو سرەکانی پی دەشواتەوە ...

سازان ..

خوشەویستم ....لیم ببوورە من ناتوانم جوانی و قەشەنگی ( حەنان )ی دەسگیرانمت بو باس بکەم ، ئەو کومەلیک بالندەی ئاوییە .. دارستانی

پەلکەزیرینەو تیشک و پرشنگی رەنگاو رەنگی دلنشینە.. لەم گەردوونەدا هەموو شتیکەو گەردوونیش لە بەرامبەر جوانی و زیبایدا دەستەو ئەژنویە ... سازان ،،

جاریکی دی سەردانت دەکەم، لە حنوکەو گیانە بەدەکان دەتیاریزم، دیم و لە کوژاندنەوەی ئاگری نەخوشیەکەت فریات دەکەومو بە هاوارتەوە دیم و بەرەو جیهانی بەهەشت، جیهانی پر لە شادی و ئاسایش و بەختەوەری لە باوەشت دەکەم. دوای ئەمە باوەر بە بە قسەکانم دەکەی ؟!

گوتی : باوەڕم بە شیعرە، بەئەشقە،
بەمەرگە
هەم لەم رووە دروستەوەیە کە باوەڕم بە
نەمری یە
دیڕێک دەنووسم ،دنیایەک دەنووسم ؛
من بوونم هەیە ، دنیا بوونی هەیە
رووبارێک لە نووکی ئەنگوستی گچکەمەوە
هەڵدەقووڵێ
ئاسمان حەفت جاران شینە
ئەم پاکیە دیسان یەکەمین راستی ،
دوا خواستمە
• یانیس ریتسۆس •

# رازەکانم دەدرکێنم

ئەرسەلان بایز

پایزێکی زووبوو، هێشتا دێهاتیەکان وەکو پێویست خۆیان سازدو ئامادەی وەرزی بەفرو سەهۆڵبەندانی زستان نەکردبوو، خەڵەو خەرمان هەر لە گۆڕێ دابوون. هۆبەو هەواری کوێستانەکان ئاوەدان و هێشتا نەگەڕابوونەوە گوند و داوێنی چیاکان. چەند پەڵە هەورێکی سپی لەم لاو ئەولای ئاسمانا پەیدا بوون و، لەماوەیەکی کورتدا یەکیان گرت. شەو درەنگانێ لەپڕ، وەک کارێکی هەرگیز چاوەڕوان نەکراو، بەفرێکی بێ ئەندازە دایکردو، دەشت و دەری دێکەـ یانی داپۆشی.

دەنگ لە دێ پەیدابوو. هۆبەو هەوارەکان کەوتونەتە ژێر بەفرو، چەندین منالّ و ئافرەتگیانیان سپاردووە، مەڕو ماڵاتقڕبوون، ئەگەر فریایان نەکەون، یەکێکیان دەرباز نابن. بەپێچەوانەی رابردوو، ئەمجارەیان گەنجانی دێ کوـ بوونەوە، بڕیاریان دا هەر چۆنێ بێ فریای کوێستانەکان بکەون.

سپێدەیەکی ساردبوو، هەورەندێ لوتکەکانی بەردابوو، چلورەی گوێسەبانەکان رووەو خوار کاریتەیان کردبوو. ئەمیش لەبەر تروسکەی چراکە خۆی بەست و تفەنگەکەی بەشاناکرد. چەند نوردیی نانو پێخوری خستە تورەکەکە، بەپەلە وڵاخەکەی دەرهێناو چووە گۆڕەپانی دیاری کراوی دێ. نیو سەعاتی نەبرد، گەنجانی دێ ئەوانەی لەخۆیان رادەدیت و ئامادەبوون، یەک بەدوای یەک کۆ بوونەوە، دوای راوێژێکی کورت و سەرپێیی، هەمووبەدوای یەکا بەتولە رێگا پێچاوپێچەکەی پشتی دێ، بەوورەو هیوایەکی بەرز، بەهەورازەکە رووەوکوێستان کەوتنە رێ.

کارەساتە مێژوویەکان. وەک فلیمێکی تراژیدیای ترسناک بەخەیاڵیا گوزەری کرد:

پێش ئەمانیش ،ساڵانی زوو ،لەرۆژانی قاتی و قڕی و لێ قەومانا ،باووباپیران چەندین جار هەر ئەو تولە رێگایەیان گرتبووەبەر ،بەڵام ئێستا و ئێستاش هەر دەڕۆن و گەڕانەوەیان بۆ نیە .خەڵکی دیش هەر لە چاوەروانی دان.

دوای بڕینی گردەکەی پشتی دێ ،لەدۆڵەکەی رووکاری ئەو دیوا .بە کاروانە دێهاتیەکانی تر گەیشتن .ئەوانیش بەهەمان نیاز بەرەو لوتکە هەنگاوی بە پەلە و بێ ئامانیان هەڵدەنا .ئەگەرچی ئەبوو هەموویان بەبناری کێوەکەدا بڕۆن و ،بەسەر ئاسۆگەکەدا بەرەو کوێستانەکان هەڵکشێن .بەڵام لەهەڵبژاردنی رێگایەکانگیرنەبوون،بگرە بەرووی یەکیشا هەڵشاخان،بەمەش تۆوی یەکەمین گرفتیان خستەبەز رەوتی خۆیان .گەرچی هەر کاروانەو بەتەنیا تەکانی دەدا و هەوڵی دەدا پێش ئەوانی تر بگاتە مەنزڵگا ،بەڵام سەختی و سەهۆڵبەندانی رێگاکە نەیدەهیشت هیچ کامێکیان لە جغزی چوار چێوەیەکی دیاری کراو ،بەرەو پێشتر بڕوات. هەرچۆنێبوو کاروان هەنگاو بەهەنگاو و هەورازەکەی بەجێ دەهێشت ،لەگەڵ بڕینی هەر پێچێکیش وورەیان پتەوترو لەئاسۆگەکە نزیکتر دەبوونەوە.زیاتر دەکەوتنە قوڵایی دۆڵ و باوەشی هەزار بەهەزاری چیاکە .

ئەو رۆژەو شەوە ئەنگوستە چاوەکەی هەر ئاژوتیان،لەنیوەی شەودا دوءی پاک کردنەوەی دەوروبەری کانیەکە بەودارو چیلکەکانی لەرێگادا لەگەڵ خۆیان هێناسوویان ،ئاگرێکی خۆشیان کردەوە،خۆیان باش گەرم کردەوەو چایان دێم دا ،نان و چایەکی باشیان خواردو ئیتر هەریەکەو بەدەوری ئاگرەکە لەتە چادرێکی داخست و،دوو دوو چوونە ژیر .پەتویک و لیی راکشان ،بەڵام لە سەرمانا تابەیانی چوقەی ددانیان دەهات. مەگەر جارە جارە بورژاین و چاویان چووبیتە خەو.

تاریک و رووئی بەیانی لیی هەلسانەوە.سەر لەنوی کەوتنەوە ریگا ،پاش روشتنیکی باش لەدوو ریانیکا ریکەوتی کاروانیکی نامو ،زور لەخویان مەزن تریان کرد،ئیتر هیدی هیدی کاروانە دیهاتیەکانی ناوچەکە بەبی ئەوەی بە خویان بزانن جلەوی کاروانەکانی خویان لەدەست دەرچوو،گەر جاران کاروانە بچوکەکان لەسەر هەلگرتنەوەی چلەداریکی ریگا ،مشت و مریان بکردایە،ئەوا دوای تیکەلاو بوون لەگەل کاروانە گەروەکە ورتەیان لەدەم دەرنەدەهات.گەر جار جارەش ریبواریکی کاروانەکەبیووتایە :

- ئەم کاروانەبە ئیمە نامویە،بەریگایەکی هەلەدا دەمان بات ،ئەم ریگایە نامان گەیەنیتە مەنزلگا .

ئەوا یەکیک لەم لاو ئەو لا هەر لەخویەوە بەلاقرتی پیی دەووت :

- تو لەم هەموو ریبوارانە شارەزاو شاخەوانتری ؟

هەموو کاروانەکانی ئەو روژە،دوورو نزیک بەدوای یەکا شریتەیان بەستابوو

هەوای ناوچەکەش وردە وردە دەگورا .هەوریکی سپی دوندی چیاکانی گرت .لە گەل هەر هەنگاویکی کاروانەکەدا هەورەکانیش بەهیمنی و بەبی ئەوەی‌دەنگیان لیوەبیت باشتر ریزەکانی خیوان پەک دەخست و سکیان لەتاویرو رەوەزو نوکی دولەکان گیر دەکرد .لەنیوەروی ئەو روژە دا بەفر کلو کلو لەئاسمانا هیرشیان بو سەر زەوی دەهینا ،جار ناجارەش‌زریانیکی چەقو ئاسا گیژەنی بەکلوی بەفرەکان دەدا ،ئیتر ریبوارانی کاروانەکەبەر پیی خویان نەدەدیت.
کار لەوەدا نەمابوو لە راستی و ناراستی ریگاکەبپرسن .بویە کاروان بی ئیرادەو ،بەجوری چەواشە بوو بوو خوشیان نەیان دەزانی رووەو چ چارەنوسیکی نادیار دەرون،قاچیکیان بەلای راست و ئەویتریان بەلای چەپدا فری دەدا ،لەگەل هەر هەنگاو هەلینانیکیشیا ریگاکەی بەرەدەمیان دریژتر دەبوویەوە، گیژەلووکەی بەفرو زریان وەک دیوەزمەیەکی ناقولا سواری سنگیان بوو بوو ، هەناسەو هیوای لی بریبوون ،ریبوارەکان ئیتر وردە وردە پەروازە بوون ، هەر زوو بەشیکیان قاچیان بەدوادا نەهات و لەکاروانەکە بەجی مان،ئەوانش گەیشتنە بناری شاخەکە تەکانیان بەرەو ئاسو دەدا ،
شریخەیەکی گەورە ،رنوی بەفری هەورازە رکەکەی بەتوزو گەردەلوولیکەوەبەردو داوین هیناو حولەی لەکاروانەکە بری.ئەوانەی زووتر گەیشتبوونە دەرەوەکە دەربازبوون،ئەوانەش‌کە مابوونەوە کەفتەکارو لەناوچوون،
دەنگ لەدی و ناوچەکە پەیدا بوو:
– کاروانی ئەمجارەش‌بەهەمان شیوەو ،لەهەمان شوینی دیرینە بەدەردی کاروا–نەکانی پیشوو چوو،
شین و قور پیوان و واوەیلا لەدی پەیدا بوو ،بەلام کار لەکار ترازابوو، هیچ شتیک دادی نەدەدان .
ئاسو ،کاتی چاوی کردەوە، لەژووریکی بچوکی نزم و شیداری تاریک لەسەر هەرزالیک کەوتبوو .دوو سی کەسی هاوزمان،بەلام نەدیتی و نەناسی دەوریان دابوو ،نەیدەزانی چون و بوچی لەویە ،هیزی ئەوەشی نەبوو بپرسی.چاوی بەم لاو بەو لای خوداگیرا ،سەیریکی بنمیچی ژوورەکەی کرد ،لەپیاوەکان ورد بووەوە، هەستی لەخوی راگرت و یەک یەک ئەندامانی جەستەی خوی پشکنی،کوتری خەیالی چینەی لەروژەکانی رابردوو کردو تی گەیشت کە کاری کراوە.چاوەکانی‌خستەوە سەریەک و چەند فرمیسکیکی بو لی قەوماوی کاروانەکە و خوی هەلرشت .
دەوروبەرەکەی دلیان دایەوە
- رولە ! بەرخی نیر بو سەر برینە .
– سوار لەکاروانا دەگلی .
پیرە ریش سپیەکەش سیگارەکەی لە دەم کردەوەو لەسەر خو ووتی:

- راستە ئەم کاروانەش گلا،بەلام ژیان خەبات و کوششە ،گلان و هەلسانەوەیە .
ئەمیش نوزەیەکی لیوە هات ،لەدلی خویا بەدووری دەبینی جاریکی تر کراوان
هەروا زوو بکەویتەوە ریگا .خوشی هەلسیتەوە سەربەی.جار جارەش دلنەوایی
خوی دەکرد :
- قەیدی چیە ،هەزاران هەن بەقاچیک دەرون !
لەپر کسپەیک لە دەروونیەوە هەلدەستا :
- خومن پیش چەند روژیک بەهەردوو قاچی خوم دەرویشتم ،چیم بەسەر هات .
سەری هەلبری و رووی تی کردن:
- خومان بەخومان کرد ،سەد مەخابن .
پاش دوو روژ لەدییەکی دوور تەبیبیکی میللیان بو هینا .ماوەیەک بە ئاو و
سابون سوی داشوری،دوای ئازاریکی زور بی گرتەوە ،لەکاتی ریکخستنەوەی
ئیسقانەکان لیوی خوی رادەگرت و لەئازارەکانی کەم دەبووەوە .دوای ئازاریکی
زور هینایەوە جیگای خوی بوی گرتەوە .پاشان چەند هیلکەیەکی خستە سەر
خامیک و بەچەند پەلەقامیشیک توند پیچایەوە .خانەخوی و دانیشتوانی
ژوورەکەی راسپارد :
- ئەبی چل روژ لەسەر گازی پشت بکەوی و نەجولی .دووسەرین بخەنە ژیر
شکستەکەی، خوشم هەر دە روژ جاریک سەردانی دەکەم .
ئاسو ،بی دەستەلات ،کزو مەلول راکشابوو،ئازاری هیندە زور بوو،لەگەل
بچوکترین جولە دەسورایەوەو لەهوش خوی دەچوو .
چەند روژیک بەسەر چوو،ئاسوی رەنگ زەرد و لەش داهیزراو ،لەدلی خویا بیری
لەوە دەکردەوە ،ژیان گەلی نشیوو هەورازی سەختی تیدایە ،مروف لە کاتی
گیان ساغی و توانای دا کیو لەبن دینی .بەلام لەباری نالەباریولیقەومان-
یشا لەمنالیکی ساوا ،بی دەستەلات و دل ناسکتر دەبیت ،ناتوانی بچوکترین
ئارەزووەکانی خوی وەدی بینی،بویە مروف لەوکاتانەدا لەهەموو کاتیکی تر
زیاتر پیویستی بەچاودیری و دلّ راگرتن و خزمەتگوزاری هەیە .جا و لەدەرگا
ناتروکینی ناخزمی، دوستی، ناسیاوی بینە سەردانی و لەدەردو ئازارەکانی
کەم کەنەوە . دلوفانی و دلنەوایی ئەو روژانە وەکو نەخشی سەربەرد تا
عەیام زەمانیکی زور شوینەواری هەر دەمینی .
ئاسو لەم دەربەدەری و غەریبیەدا لەو هەموو عەتف و دلنەواییە بی بەش
بوو.تەنیا تروسکەیک ،کچە ئەسمەریکی گەنم رەنگی چاورەشی بەژن و بالا مام
ناوەندی کەمی لەر ،بەلام دلوفانو دەم بە پیکەنین و زمان شیرین بوو.جار
جارە لە نوبەتی نان هینانا لەسوزی خوی دەئالاندو ،دەرگای عەتفی دەروونی
خوی بو ئاوالە دەکردو ،لە کونجیکی گەرمی دەروونی خویا دەیلاواندەوە .

ئەو میهرەبانیە وەک شنەی فینکی شەمالی قزڵچەی نیوەڕوی گەرمە سیر بوو ، بو سەپانیکی هیلاک و پشتکوماوەی ناوتەبارە گەنمیکی دەشتی(کەندیناوا ).
دیارە هەر کەسەو بەدیدی تایبەتی خوی دەروانیتە بووکی هەلبژاردەی خەیالی خوی،ئەم تی روانینەش لەیەکیک بو یەکیکی تر دەگوریت .ئەگەر ئەوان تەنیا رەنگ و جورە گولیکیان لاجوان و پەسند بیت ،ئەوا لەلای ئاسو هەموو رەنگ و گولیک جوانی و تام وچیژی خوی هەیە .
ئەو ئیوارەیەش وەکو زوربەی ئیوارەکانی تر،دەوروبەری چول بوو.ئاوارەیی و بی دەماخی درندەیەکی سامناک و چرنوکی لەناخ و هەستیا گیر کردبوو ، تەنیا چاوەروانی ئیوارە نوبەتی( خانمی ئازەری) فینکاییەکی بە دەروونی دەبەخشی،بویە برژانگی چاوەکانی کردبووە سیپەو نیشانی لەسیلەی دەرگا کە گرتبوو،بەلام لەچاوەروانیا چاوی کال بووەوە ،هەناسەیەکی حەسرەتئامیزی هەلکیشا و پیلوی چاوەکانی قورس بوون .
گەرماییەک لەهەنیەی پەیدا بوو ،بەزور پیلوی چاوەکانی کردەوە ،پەری سپی پوشە ئاسمانیەکە دەستی خستبووە سەر نیو چاوانی و چاوی لەچاوانی نە دەتروکاند، دەریای بەیەکا هەلچووی میهرەبانی ئەو جووتە چاوانە وورەی دەدایەوە بەرو،خەریکە گولی هیوای پی دەگەیاند.بەبی ئەوەی بەخوی بزانی لەناو شەپولەکانی ئەو چاوانە گوم بوو.لە زیندانی تەلبەندکراوی دەرونیا گیرسایەوە.ئەویش بەنازو زەردە خەنەیکەوە لیوە تەنکەکانی ترازاند:
– ئەمرو چونی ؟!،تەبیب هاتە سەرت ؟! ..چی ووت ؟،نەیووت کەی دەردەچیت و دەگەریتەوە ؟.
ئ،میش لەتی روانینیا مەست و،قوفلی رازە پەنهانەکەی خوی بو کردەوە.
– ئەو روژانەی فریشتە ئاسا خوت لەپشتی هەورەکانا حەشار دەدەی،بەزەبری پەنجەی دەستەکانم میلی سەعات دەجولینم،شەوانم لی دەبیتە شەوی یەلدا .
ئەو روژانەش وەکو بروسکە دەردەکەوی، بونی سوتکەو میخەکی خناوکەی گەردەنت مەستم دەکا ،هەستبەئاسودەیی دەکەم .
سەر لەبەیانی تەبیب هاتە سەرم، سی پەلە تامیشی دەرهینا ، ووتی:
– دوو بەیانی دەردەچیت و،دەتوانی بگەریتەوە.
ئەویش بەهەردوو دەست دەستی کوشی و،چەند فرمیسکیک بەسەر روومەتە گەنم رەنگیەکەی دا هاتە خوارەوە،دەسمالیکی لەگیرفان دەرهینا و،لەنیوچاوانی بەست و، دوا مالئاوایی لی کرد.

# شاعیر...
# ناخی وەکوو سەماوەرەکەی قوڵپ دەدا

گوندی

لاماندا بو ناو بازارە تیچراوەکە، هەر کومەلە کەسیک جغزیکیان پیک هینا بوو و کوانووی جورە مامەلەیەکیان هەلخستوو. هەر چونیک بی حەشامەتەکەمان شەقار کردو گەیشتینە بەردەم دوکانیک ، من خەریکی پەستەک کرین بووم. هەفالەکەشم دوو سی هەنگاو لەولاتر وەستا بوو. بی پەستەک گەرامەوە لای . دوو سی هەنگاوی تر ویوە چوو، ئاوریکی دامی و گوتی:با دوو سی دەقە پشویک بدەینو چاییک بخوینەوە وە پیی گەیاندە بەر بیلاییەکەو.. پاشان دەریکی نایلونی کردەوەو وەژوورکەوت . منیش بەدوایدا ..

ژووریکی بچووک ، دوو سەکوی بەبلوک و قور دروست کراو لەم سەر بو ئەو سەری بن دوو دیواری لاچەپ و راستی لە جیاتی کورسی و ئەسکەمیل دریژ کرابوونەوەو بە چەند پارچە کارتونیک فەرش کرابوون . هەریەکەو میزیکی دارینەو دریژیلەی باریک بە دریژایی یان لە بەر راکیش کرابوو، دیوارەکانیشی جورەها وینەی رەنگاورەنگ و پوستەری جوراو جوریان لە سەر بووە دیاربوو دووکەل رەنگیانی شیواندبوو. لەوسەریش لە کونجی دەستە- راستی دەرگاکە سەکویەکی تری بەرزی چوارگوشە هەبوو، سەماوەریک و خوانچە- یەکی پر ستیکان و قوتوویکی شەکرو بادیەک کە وردە پارەی تیدا بوو لەسەر دانرابوو. خویشی (( چایچی )) یەکە ئانیشکی نابووە سەر قەراخی سەکوکە و پالی دابووێ ، دیار بوو چاوەروانی چایخورانی دەکرد بچنە دەری تا هی تر بینە ژووری .

دوو پەرداخ چای لە پیش دانایین ، ئەنجا بەخیرهاتنی لی کردین .

گەنجیکی سی و هەندی سالان ، زراوکەیەکی بالا مام ناوەندی . لەئاقاری چەناگەی مووی سپی کەوتبووە نیو ردینی .

دوو لوچ بە هەردوو لا رووومەتی هاتبوونە خواری ، کورتەک و شەلواریکـــی خاکی ، بی شووتک ، لە بەری دابوو ، کلاو گورەیەکی قاوەیی عەجەمانیشـــی نابووە سەر . جار نا جار تەمیکی خەفەت بەسیمایدا هەلدەکشاو پەنگـــی بە چاوەکانی دەدا ...

پاکەتیکی جگەرەی سومەر دەرهیناو جگەرەیەکی پی کردو لەوسەری سەکوکەی نزیک سەماوەرەکە رووونشت . لوولاقی خستە سەر یەک . تاویک بزافـــی نەکرد ، پاشان ئانیشکی خستە سەر چوکی و چەناگەی نایە ناو لەپی دەستی راستی و پەنجەی لەسمیلە تەنک و زراوەکانی وەردەهینا ، جار جاریش پەنجە-یەکی دەگەیاندە لاجانگی و پیی دەخوراند . دەگوت لەگەل میشکیدا کەوتبوە گیرمەیەک ... چاوی بریبووە خالیک ، لەهیکرا هەلساو دەستی بردە گیرفانو قەلەمیکی بی قەپاخی دەرهیناو پشتی لە ئیمە کردو خوی چەماندەوە سەر ئەو سەکویەی سەماوەرەکەی لەسەر بوو و ، خەریکی نووسین بوو .

لەو دەمی سی کەس وەژوور کەوتن ، لەگەل سلاو کردن یەکیکیان حەککویە-کی کردو گوتی ، دەلیی ریوی قانگ دەدەن ! هەرسیکیان لەبەرامبەرمـــان رووونشتن ئاوریکی دانی ، بەلام خیرا سەرنجی خوی راکیشی سەر کاخەزەکـــەی کرد . پاشان قەلەمەکەی نایە سەر سەکوکەو بیی هیچ داوایەک ، بی پەردا خ چای لەگەل بەخیرهینانیان خستە بەردەمیان و زوو گەرایەوە لای کاغـــەز و قەلەمەکەی ، دیار بوو لە (( حیسابات ))ەکەی بووەوە قەلەمەکەی خســـتە گیرفان و یەک دوو هەنگاوی بەرەو دەرگاکەوەنا . تاویک وەستا ؟ چـــووە دەرەوە . ئەوەندەی دوو دەقە گیرنەبوو هاتەوە ژوورو بیی ئەوەی لە هیـــچ کامیکیان رامینی لەبەر خویەوە گوتی: یاسا !!.. شاری بی یاسا ...یاسایەکی سەیرە! وەرە بە قاچاخ فروشچ ئەلین و کریاریش بگرن ؟!

قەدا لوی بازیری بکەفیت
وەکو خانی ... وەکو مزگەفت
وەکو کولان ..
ئوتیل و خان
خر قشلە بن
وەکو مروف
بفیتیا بین و بفیتیا بچن
نان و ئاڤلی بتەشقەلەبن.

دووسی قسەی تری لەم بابەتانە فری دا . دووکەلی تەرازیبوونیان لـــی هەلدەستا . هەستم کرد ناخی وولاتیکی بی سنووری (( یاخی بوونە ))قسەکانیشی لەگەل کارو سەرو سیمای ناتەبابوون . ویستم بیدوینم بەلام لەو دەمـــی

چوار پینج کەسی تر وەژوور کەوتن و ئیمەش هەستاین ـ هەقی چاخواردنەکەمان دایی . دەستی خستە بادییەکەو هەندی وردەپارەی وەرگرت . لەوکاتەی خەریکی هەژماردن بوو ، لەمن راماو دیتی چاوم بریوەتە کاغەزەکەی ، دەستیکی بو دریژ کردو بەبزەیەکەوە نایە دەستم و پرسی: شیعر دوستی ؟

منیش هەر بەخەندەوە وەلامم دایەوە: نەخیر ! پەخشان دوستم ! پیکەنی و گوتی : کەواتە لیک نزیکین .

کەهاتینە دەرەوە. لەهەڤالەکەم پرسی : ئەم برادەرە کی یە ؟

گوتی : ئاشنایەتیم لەگەل دا نی یە ، بەلام دەزانم رەمەزان عیسای شاعیرە .

له بڵاوكراوەكانی
یەكێتیی نووسەرانی كوردستان
ژمارە - ٥٩ -

جیهانبینی ،
هونەر و ئەندێشەی نووسین

نووسینی : خراپچێنكۆ
وەرگێڕانی : سەرۆ

# بۆکوژانەوەم...
# چەند سەدەیەک بێ دەنگی

هۆشەنگ

نیوەشەوی سەری سالان...
بست بەبستی ئەم جیهانە،فوو لەملیۆنان بەستەی شەم دەکەن،سەداو دەنگی چەپڵە ڕێزان،سەماکەران..هەڵپەڕین وگلۆپی زەردو..سوور..سەوز،هۆڵ بە هۆڵ ماڵئاوایی لە ترازیدیای ساڵی حاران دەکەن. عاشقان.. دۆستان ،هەموەتەنان .. هەتابگرە لە ئاوارەیی و نامۆ بوونشیدا ، لە وولاتی خوێن و چەرمو ڕوو داماڵینیشدا ، دەستدەخەنە گەردەنی بلورانەی یەکترو((ماچ)) بنی نایەت. سادەنۆشی .. قاقای پڕ بەقورگی شادیەروەران تێکەڵ بەئاوازی بێ مەترسیو چاودێری دەبێ ! سفرەو سەرمێزی ڕازاوە لە زیندانیشدا جیهانێکی ئازاد دەخوڵقێنێ و تەلقینی تەرمی ساڵی کۆن بەگشت زمانێ.. بەهەموو شێوازێ دەدرێ و ئیتر نەعلەت و نەفرین لەکۆت و ئەڵقەی ساڵی پار دەکرێت و ساڵ دەبێتە (( گۆڕ هەڵکەنی )) ساڵ .
تاسەحەر سەر هەڵدێنێ ، بەزمی مەستان ، بێ گلەیی و زوێر بوون و بێزاری، سەرکردەو سەرکێشی ئەو شەوەن و سەرمای سەخت و دژوارو شەختە تەزێنی هەوای کلێسەو شار، دەبێتە پێخەفی گەرمی ساڵ گۆڕین و کەس لە کەس نارەنجێ و هەرچی کای و کۆن و حیسابە دەخرێتە پشتگوێچکە ماسی سڕ بووی گۆلی بێ سنور .
بەڵێ شەوی تازە..و بەرێ کردنی ژان و پەژارەیی و ئێش و ئازارەکان دەکرێتە پەیرەوی پیادەکراوی هەموو دڵێ .. بەو شەوە دەگوترێ (( شەوی مرۆڤایەتی ))...(( شەوی ماف ))...(( ئازادی ... ئاشتی)) .. ئیتر ووردە ووردە شەفەق دەست لە ملی هوشیار بوونەوەی ئازیزان دەکات و هەرئەمەشە پەرچەمی ویژدانی ئازادی و ئاشتی خوازانەی(( مەسیح )) .. ئای چەندە

بەرزی .. چەند پیرۆزو ڕەسەنی ئەی (( ئازادی )).. هەتا ئەگەر تەنها بۆ یەک شەویش بیت .

* * *

نیو سەدەیە ...

لە هەمان ئەو جۆرە شەوانەدا ، بۆمن .. منی لە یادکراوی بێ سەر زەمینی سەد سنوور دار و گورگە لۆقێ کراو.. منی کوردی بێ شەو و ڕۆژ.. بێ شەو و ئاهەنگی سەر ساڵ ، منی تەڵە تەقێنەری شەرێکی (( هەشتساڵە ))...شەرێکی تری پەنجا ساڵە.. بۆ کروزێکم لێ دەچێ لە (( چێرنۆبیل )) ڕەش داگەڕاوترە .

لەهەمان ئەو جۆرە شەوانەدا ، بۆمن ...م... ن ... ی ... کوردستانی !

دیواری خوێن مەیووی سەر سنور نابەزێ و دوژمنی بێ ڕەنگی نەناسراوی (( بابانوئیل ))ی منالآنم نوقل و شەکراو بەراتی پێ نیە ! بۆیە ئەویش فریادی توورەیی لێ بووەتە ئاهەنگ و گۆرانی سەری ساڵ و دەزانێ عاشقی چین !!نیو سەدەیە .. لە هەزاران شەو ..

وەک پیرە دار گوێزێ رامدەژێنن ... هەموو ساڵێ .. سەروبنی هەموو ساڵێ بەهار، هاوین ... پائیز .. زستان وەکو لوولە قامیشێ دەمتەکێنن ...لە هەر جەژنێ .. هەر سەر ساڵێ ،

تەورێکی چواردەمی موو بر بەڕەگ و ڕیشەی داکوتراومدا دەوەشێنن و کەچی هێشتا دڵی زیندووم و لەدووریشدا .. لەبی باوکی و هەژاری وبیکەسیشدا مەرجەکانی عەشقی خاک و خۆڵی عەشق نامرینن ...

بۆیە ناچار... سەری ساڵم، سەری جەژنی (( هەڵەبجە ))بێ.. ڕۆژو شەوی ئاهەنگ و سەماو هەڵپەڕینم بن بڕکردنی (( کیمیا ))و(( خەردەل ))و (( شەختە ))بێ .

* * *

بەڵام... شەوی سەری ئەمسال ..

ڕوو لەو جیهانە بچووک و بەرتەنگە دەکەم و کرمی دڵم لە هۆڵ بەهۆڵی ئاهەنگێڕان دا دەگێڕم و پێیان دەڵێم :ـ بەڕێزان.. ئەمساڵ هەزار عومری گۆران و هەوری بارانا ویم بە چاوی خەڵکانی ترەوە بینی ..کەچی ڕۆژهەڵاتیکی بێ دادو فەریاد نەهاتەدی ، کەس بە تیلە چاوێکی پڕ لە مەیلەوە سەیری شکۆمەندی نەکردم، نە بە (( ڕەش ))یان ناساندم و نە بە (( سپی ))یشان هەڵبژاردم...

وەک مرواریێک ... سەری ئەمسال ..

هەتاوێک لە دوور.. کەمێک نەزیکی سەر سنوری من سەری هەڵێناو بە پەنجە زێڕینەکانی تەرمی (( جەنگی سارد ))ی ناشت .. کەچی هێشتا بەسەر گەردەنی

باریکی منەوە (( شەڕە چەقۆ)) یە .
جەژنی ئەمساڵ ..
بەوە شاد بووم ، زەردە خەنەی(( پیرۆسترۆیکا )) دەستی کپی و بێ دەنگی خستە نێو هەناوی سووتاوی من و دەزووی ئارەزووەکانمی هەڵ چنیەوە ، سری نەما ... دیواری (( بەرلین)) ڕما ،..(( ماندیلا ))ش ئازاد کرا ... بۆ ئەرازوو هاوسەنگیش ، منیش بەقەد مردووە هەمیشە زیندووەکانی((ئوکتەبەر))و(( دوان بوان ڤۆ)) ،دڵی زیندووم لە (( دابان )) و((دۆڵی سماقولی))و (( شێخ وەسان))و (( بالیسان))و(( بازێ))دا ژێر خاک کردووەو سەرەساڵان جەژنە پیرۆزەو دەستە گوڵ و کەژاوەی ئەبراوەیان بۆ ڕێز دەکەم ..
لە جەژنی ساڵ گۆڕینی ئەمجارەشدا ..
لێم بێ دەنگ و ماتن ..، نەخێر... بەڵکو تازە سەرمەستی نەخشەی ووردتر کردنەوە من و نایانەوێ ئەو چوار چیایەش بڕمێ و مۆری دەست کردی سنوری شەختە تەزین بسڕێتەوە و سەر زەمینی دێرینی منیش ببێتە وولات ..
وولاتێکی بێ تەرمو خوێن .، وولاتێکی (( زەینەفۆن)) بەزین ،.، وولاتێک بەئاشتیانەی(( هاوسێ))و هاودەرد و زەمین پارێز لە دایک ببێت . چەندە خۆشە .. ئەگەر تەمەنی ئەمساڵی داهاتوومان ..
(( شاهنامە ))ی کوردێک .، کوردستانێک ، وەکو سەرچاوەی کانیاوی(( خۆری زیندە )) تەمەن بەخشی هەتا هەتایەی نەوەکان بێ ،، چەندین ساڵە ..
لە چەندین جەژنی لەدایک بوون و سەری ساڵ دا ،،
وەکو شەمێک ،، دووشەم .. سەد.. هەزار ،. بیست وپێنج ملیۆن شەم خۆم دادەگیرسێنم و بۆ ئاهەنگ گێڕان چاوەڕوانم فوی کوژانەوەی نوێ بوونەوەم لێ بکرێ .. کەچی ،. داخ گران زۆر بە جیا ،. بە پشت تێ کردن و ڕوو وەرگێڕان ... چەند سەدەیەک یەک بەدوایەک لێم بێ دەنگ و کپ و ماتن ..
هەقمە بلێم .. ئەی بەڕێزان ..:-

بۆچ بۆ کوژاندنەوەی شەمی لەدایک بوونی
نیو و سەری ساڵان سەدەیەکە لێم بێ دەنگ و
سڕو ماتن .

ورمێ

١٩٩١/ ١/ ١

چیرۆک

# ئاوارەیی

ڕێکار ئەحمەد

جاران کە دەستت بەتاڵ دەبوو، سەردانی ئەم خزم یا ئەو برادەرت دەکرد، یاخود دەچوویتە گازینۆیەک و ئەو چەند کاژێرەت بەسەر دەبرد. بەڵام لێرە دەڵێی داری تاقانەی، ئەوەی بۆنی خزمیشی لێوەبێ، شکی نابەیت ئەوەندەشت هات و چۆی ئەو چەند شوێنە کردووە کەپێی دەڵێن ماڵە برادەرو ئاشنا ئیتر ئاوی قاچت وشکی کردووەو لەرووت نایەت، بەم زووانە روویان تێ بکەی ئەمڕۆ، وەک ڕۆژانی رابردوو سەرێکی نێو بازار دەدەیت، بەڵام هێندەی دەکەیت هەنگاوەکانت بۆ دەستەمۆ ناکرێت و خێرا ،ڕۆیشتنت پێوە دیاردەبێ.

ئەو چەند ساڵەی کەلە (کێو)یش بوویت، کارێکی بەپەلە و خێرا هەبوایە، بەتۆیان دەسپارد. جاری واهەبوو، ئەوانی دیکە دەکەوتنە مقۆ مقۆ:

(( ــ دیارە هەر ئەو جێگەی متمانەیە !؟

+ قەت نەم دەزانی لێرەش جیاوازی هەیە !!

× چاکی لێ دەزانێ، ماســـتاو...... !!

* ئەگەر باوەڕ بەئێمە ناکەن، ئەدی ئەو...دڕانەمان لەچی ؟!))

تۆش کە گوێت لەوانە دەبوو، بەدەست خۆت نەبوو، سوور هەڵدەگەڕایـــــت و دەکەوتیە پرتەو بۆڵە، هەندێ جاریش وا تووڕە دەبوویت، سوێندت دەخوارد ئەنجامی نەدەیت. بەڵام فەرماندە، هەرزوو ساردی دەکردیتەوەو بە ئەوانـــی دیکەشـــی دەگوت:

+ مانای وانییە کە تەنیا ئەو جێگەی متمانەیەو ئێوەش هیچ!، حەز ناکـــەم بەم شێوەیە بیر بکەنەوە، بەڵام وەکو خۆشتان دەزانن، لەڕێ و بانان ماندوو نابێ و نازانێ هێدی ڕۆیشتن چییە !. دەڵێی ئاوی لەبـــن پێیدا گەڕاوە، هەر وەک ئەو خۆشبەزۆکەیـــە کە سەرەودونراوە.

ئەوکات ئەوانیش لەقاقای پێکەنینیان دەداو تەمی گومانیان دەرەویەوە.

ئەمڕۆش، هەر دەڵێی کارێکی گرنگت پێ دەسپێردرێ، لەنێو ئەوئاپۆرەیەدا گورج و بەلەز هەنگاو هەڵدەگریت و قاچەکانت بەیەکتری راناگەن. بە ماوەیەکی کورت ئەم سەرو ئەو سەری بازاڕ لێکدەدەیت، دوایی یەکڕاست بۆ پارک. ئەویش دەپێوێت. لەوێشەوە ئۆقرە ناگریت و ناسرەویت، بەبیرت دێتەوە: ((باغەکانی دەورو بەری شارەشوێنی باشن بۆ کات بەسەر بردن)).

ئەوسا جلەوی هەنگاوت وەردەسوڕێنی و لەنزیکترین باغ خوت دەدوزیتەوە.

باغ لە هەوارێکی کش وماتدەچێ. زۆربەی دارەکان، یابەتەواوی کنجی خۆیان دارنیووە، یا خەریکی رووت بوونەوەن. زەوی خۆی بە گەڵای وەریو داپۆشیوە. خشپەی گەڵای ژێر قاچەکانت سەمفۆنیای دنیایێکی دیکەت بۆ لێ دەدەن. سەرنج لەو گەڵایانە گیر دەکەیت کە نیازیانە دەست لەژیان بشۆن و بەرەو خوار بنەوە. قەدی دارێک دەهەژێنیت، بەدەیان گەڵا بەتالووکە و هەڵەداو ماڵئاوایی دەکەن و دادەبارێن. بارانی ناوەختویێکت دێنێتەوە و موچرکێکی پڕسام دەتتاسێنێ و دەتگەڕێنێتەوە بۆ دووساڵ لەمەوبەر، [ لەگەڵ چەند هاورێیەکت لەنێو سەنگەرێکی لووتکەیەک بەچاوی زەق سێرەتان گرتووەو درووێنەی ئەو پێکوڕانە دەکەن کەدەیانەوێ سەنگەرەکەتان لێ بسێننەوە.. بۆیە قەدەرێکی باش ئەو ئاقارە دەپێژن. دوای هاتوهاوارێکی لەرادەبەدەر، هەموو شتێ دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی. ئێوەش هەڵدەسنەوەو، گوێ هەڵدەخەن، بەڵام کپ و خامۆشی لووتکەو قەدپاڵ و بەتانەکە دادەپۆشی. چەند خولەکی دیکەش لەسەر یەک کۆدەبنەوە، ئەوسا لەناکاو پەلە هەورێکی چڵکن ئاسمان ڕادەداو تۆوی مەرگ دەبارێنی و.. دەبارێنی... هەر ئەوکاتە زەوی لەژێر پێتانەوە دزە دەکاو دەکشێتەوە، تا لەدڕگەزی سنووران هاودیوتان دەکاو لەم ئاوارەییەدا دەتان چێنێ].

هەرچەندە تۆش نازانی زیندووکردنەوەی ئەو بیرەوەریە چەند دەخایەنێ، بەڵام لەپڕ لەگەڵ دەنگی خشپەیەک رادەچەنیت، ئاوڕێک دەدەیتەوە، زەلامێکی چوارشانە، هێدی هێدی گەورەتر خۆی دەنوێنی و بۆلای تۆ هەڵدەکشێ، تۆش دەست بەرۆیشتن دەکەیت. پاش چەند چرکەیەک، ئاوڕێک دەدەیتەوە.. دەبینی ئەویش لەسەر خۆ هەنگاو دەنێ و بەدواتەوەیە. هەنگاوەکانت گەورەتردەکەی، زۆری پێ ناچێت ئاوڕێکی دیکەش دەدەیتەوە، دەبینی هەنگاوەکانی گەورەتر کردووەو چەند شەقاوێکی ماوە بتگاتێ. زۆر لەخۆت دەکەیت بیناسی.. دوای چەند شەپۆلی بیرۆکەی خێرا، وەبیرت دێتەوە، ئەوکاتەی کە تۆ لە پارک پیاسەت دەکرد، ئەوت کەوتە بەرچاو کەلەسەر کورسیەک دانیشتبوو. ئەگەرچی تۆ هەستت پێ نەکرد بەڵام بەدیقەت هەنگاوەکانی تۆی خستبووە

ژێرچاوەدێری ،کەچی تۆ ڕانەدەوەستایت و درێژەت بە ڕۆیشتنی خۆت دەدا .
گوێ بۆ دەنگی پێی هەڵدەخەیت .. نزیک و نزیکتر دەبێتەوە ،دڵت دا دەخورپێ ،کەچی ئاوڕ نادەیتەوەو لە خۆتەوە هەست بەشلەژان دەکەیت . بانگت دەکا ،..خۆت کەڕ دەکەیت . جارێکی دیکە :(لەگەڵ تۆمە ، بۆرانا وەستیت ؟!) ، بەڵام دیسان وەرامی نادەیتەوەو قاچەکانت لەسەر ڕۆیشتن سوورتر دەبن ،بیر لەزۆر شت دەکەیتەوە ،لەپڕ شاڵاوە تەزوو چەخماخە لێدەدات و تۆش خێرا دەست بۆ بەر پشتێنەکەت دەبەیت ،لەوکاتەدا گەردەلوولی خەیاڵ هەڵمەت دێنێ و گرت دەدا ،
[ ئێوارەی ڕۆژیکی دەپاییز لەمەوبەر ، دەمانچەکەت خستە بەر پشتێن و بە نیازی ئەنجامدانی ئەو کارەی کە پێت سپێردرابوو ، لەماڵ وەدەرکەوتی . هێشتا چەند هەنگاوێکت مابوو بگەیتە سەر شەقامەکە ، دەنگی وەگڕخستنی ترومبێلێک خزایە بازنەی گوێتەوە . ئاورێکت دایەوە ، سیلەی چاوت لەسەر قەمەرەیەکی گی ئێڵی سوور گیرسایەوە . ئەگەرچی وەکو ڕۆژانی دی ئاسایی نەبوویت و دەبوایە لە سێبەری خۆشت هەڵوێستەت بکردایەو گوێت بۆترپەی دڵی خۆشت هەڵخستایە ، بەڵام نازانم بۆ هەروا سووکە چاوێکت پیاخشاندو بەپەلە کامیرای دیدەت وەرگێڕا . کەلەشەقامەکە دەرباز بوویت ، بینیت بە ئەسپایی بەتەکتەوە ڕەت دەبێ ،بەڵام دیسان پێوانەت بۆ نەکردوو بەهیچت هەڵنەگرت . هێشتا چەند مەترێک مابوو بگەیتە ئەو شوێنەی کە دەبوایە لەوێ چاوەڕوانی هاوڕێیەکەت بکەیت ، بینیت دوو ترومبێل لێکیان داوە و ئەو ناوە بۆتە تێک ڕژانێکی ئەوتۆ کە بەسەری دیارە و بەبنی . بۆیە ڕاوەستانت لە نێو ئەو ئاپۆرەیە بە پەسند نەزانی و هێواش هێواش بە پێچەوانەی تیراسای شەقامەکە کەوتیە هەنگاو هەڵگرتن . چەند هەنگاوێک دوور کەوتیەوە ، دیمەنی گی ئێڵە سوورەکە چاوەکانی ئەبڵەق کردیتە بەڵام ئەو جارەیان لێخورەکەی جامەکانی پاک دەکردەوەو ماتۆڕەکەشی زۆر بەهێواشی کاری دەکردو دەنگێکی نزمی لێوە دەهات . دڵت داخورپا ،بەڵام دیسانەوە بایەخێکی ئەوتۆت پێ نەداو بێ پسانەوە درێژەت بە ڕۆیشتنی خۆت داو قەدەرێکی دیکەش ڕەت بوویت ، ئەوسا هەڵوێستەیەکت کردو پەڕیتەوە ئەو بەری شەقامەکە . لەناخی دڵەوە حەزت دەکرد ،چی زووترە هاوڕێکەت وەدیار بکەوێت و تۆش بەتەواوی لەو شوێنە دوور بکەویتەوە . لە نێو لێکدانەوەی ئەو حەزو ئارەزووانەت دابوویت کە تیلەی چاویکت لەدەروازەی برۆ و برژانگت هاودیو کردو سەیرێکی دەستە چەپی خۆتکردو چاوت لەسەر گی ئێلە سوورەکە گیرسایەوە . ئەوجارەیان لە قوڵایی دەروونەوە زەنگی دڵت زۆر بە توندی زرنگایەوەو بۆ یەکەمین جار سەرە دەزووی گومانت

بەدەستەوە گرت ( دەبێ لە سۆراخی من دانەبێت ....!) .دوایی وەک بلێی پەیمان بوبێتەوە ،پشتت تێ کردو ژێرداگەڕایت . چرکە ژمێری کاژێرەکەت بە حولی دیکەی خواردەوەو تۆش چەند شەقاوی دیکە ژێرداگەڕایت .ئەگەرچی بە پارێزەوە هەنگاوت هەڵدەگرت و وێنەی لێخوڕەکەت دەهێنایەوە ،سەرپەردەی بینین . لەناکاو بۆ جارێکی دیکەش گێی ئێلە سوورەکە چاوەکانی لێ زیت کردبووەوە لەنە گەورەکەی وەک جزووی زەرگەتەیەک چرابە بێو جاوانەوە . بەڵام ئەو جارە هاتبووە ئەم سەری شەقامەو بۆنیتەکەی هەڵدرابووەوە و لووتەکەی سەری بەسەردا بۆڕ کردبووەوەو دەستی تێوەردەدا .ئەو ڕەبان بەدلە راوکێ ،دەرووی گوماتبوو تر هەڵوێستی و بەندەسپابی دەسنیشۆ کردو خۆت خزاندە باوەشی ئەو کۆڵانە تەنگەبەرەی کە ڕێک دەهێنەوە بێو باغی شار. کەلەبەرژینی باغی شار دەرباز بوویت ، بشووت هاتەوە بەرو ئاسوودەتر بوویت . وێستت هەر بێو باخ و بێو باغ ببێی هەڵبیت .بەڵام دەنگی ئەو بێیەی کە گەڵا وەربوەکانی بەهاوارو ناڵەناڵ بوو. کوێچکەکانی پێ ئوولاغ کردبێت . ئاوڕێکت دایەوە ، رەلامێکی چوار تانی کدنەکەت بەهەشتاوی بەدواتەوەبوو. برژانگەکانت بەکدوو جار ئالەکانیان لەیەکتر خشاند، ئەوسا بارنەی بلبلەی چاوەکانت فراوان بوون و کرایەوە.. ناسیتەوە ،لێخوڕی گێ ئێلە سوورەکەبوو. ئەو کاتە بەتەواوی دلنیا بوویت کە لە سۆراخی تۆدایە . بیرت لە دەرباز بوون کردەوە بەڵام کاتێ هەنگاوەکانت گەورەتر کرد ،بانگی کردیت . خۆت لێ کەڕ کرد ئەوسا بە تووڕەییەوە تێی خوڕیت :

(لەگەڵ تۆمە ، بۆ راناوەستیت ؟!).

کە بووکی بەنحەت گەیشتە سەر دەمانچەکە ، شاگەشک بوویت وک ڵای ڕۆژەی دلت تیشکێکی گەرمی بەرهەڵدا] .

کەدەست لەبەر پشتێنەکەت دەگێڕیت ، هەناسە سارد دەبێت ،ئەگەرچی باندوی خۆت بدەیتە دەست قەدەر، بەڵام بەرادەکەبێت و نەدەشێنەوێ شوێنی حەڵاتن بارەزا بێت . بڕیاری یەکلاکەرەوە وەردەگریت و بەلێن دەدەبێت (ئەگەر بە جگەرنەش بێ، دەبێ پارێزگاری لەخۆم بکەم .. دەبێ لە ئاوارەیی و بامۆبیندا رقەبەری لەگەڵ چارەنووسدا بکەم و خۆم نەدەم بەدەستەوە) .

ئەوسا سووکە ئاوڕێک دەدەیتەوە .

ـ خەڵکی ئەودیوی ، وانییە !؟.

کابرا واتپێ دەڵێت . تۆش وەلامی دەدەیتەوە ..

+ بەلێ ...!

ـ سەحل و بەرگنا دیاربوو .

ئەوسا قەدەرێک دۆشدادەمێنێ و، لێوەکانی دەکرۆژێ ، دوایی وەک ئەوارێکی پچڕ پچڕ دێتە گۆ:

ـ ئە..گە..ر..چی ..لە..رووم..نا ..یە..ت ، بە..ڵا..م گر..ێی.. دڵ...

مت.. بۆ .. دە..کە..مە..وە..

دوێنێ شەو، لەگەڵ ئەو ماشینە زلانەی کە نەفەر دەگوازنەوە، هاتم بۆ شار. بەڵکوم چارە رێم دەکەوێتە ئێرە . کاتێ دنیا تاریک داهات ، وێستم سەر خەوێک بشکێنم . چاوەکانم لێک نا ،جا نازانم چاوم چووبووە خەو، یان هێشتا هەر تورکە خەوسووم !.کە شۆفێری ماشێنەکە تەکانێکی پێدام . چاوەکانم داگرتنەوە ، بەرەبەری بەیانی گەیشتینە ئێرە ، بەڵام ج گەیشتنێ !!. بە جاسانێکم مابوو، بگیرفانم . ئێستا پەربووتم ،نێرە بە هەمووشی بەمارد دەگرێ . بنووسیتم بە ها..و..کا..ری..تۆ..هە..یە !.

ئەوسا بە حووتە دەکەوتە هەنگاو هەڵگرتن و، ورد ورد دەدوێت ،بەڵام پێکانی کۆنا نابن و هی دیکە بەدوای خۆیانەوە پەلکێش دەکەن ، هەروا پێکانی بەناسەوە لەمارەگ دەکشێن و ، درێژو درێژتر دەبنەوە . کە شێواوی رەیدادێ وەک دوو تارمایی بۆ زووردکەت دەتکە پرنەوە .

١٩٩٥/٥

# تلیاك

حەکیم مەلا سالح

هەر کە لە دوورەوە بینیم سەرجی بۆخۆی کیش کردم ، بێ ئەوەی چاوی لی کەلابکەم بەرەو رووی رۆشتم .. گە شتمە بەردەمی ، زۆر بەوردی کەوتمە سەیرکردنی .

* تەمەنی لە (۷۰) سال تیپەڕاندبوو .. بالای کورت و لاواز لە توی ی دەستی جلی چلکن و پلکن دا .. ریشێکی سپی کە بە ئاستەم تالی بوری تیا بەدی ئەکرا .. دەم و چاوی چرچ و لۆچ و خوربردوو .. چەند پەلە یەکی ئاڵە لوتە بەرانیەکەی تەنیبوو .. دوکەلی جگەرە لە ریکی هەردوو کونە لووتی زەرد کردبوو *

ئینجا کەوتمە پشتیەوە بوئەوەی چاودیری هەموو هەلس و کەوتیکی بکەم . چونکە ئەو رۆژانە لە بیری نووسینی کورتە چیرۆکیکدا بووم بە ناونیشانی ( خوینی مام بارام وون نابێ ) . بو کەسیکی وەها ئەگەرام کە وەسفی مام بارام - پالەوانی چیرۆکەکەی لی دەربینم . هیدی هیدی شوین پییم هەلگرت و کەوتمە سەرنجدانی.

ئەوە دەرچوو کە من ویستم . بەلام لەوە ئەچێ ئەم بی کەس بیت ، " مام بارام هەر کە لە سەر کێشەی زەویەکەی پشت جوگە خوینیان کردەکاسە ، یەکسەر چەند لاویک لە کور و کورەزاو کچەزا سەنگەری تولە سەندنەوەیان گرت . "

ئەم دیارە هەر بە هەمەن شک ئەبات .. بویە لە گەرانەوەکەیدا هەرکەسێک ئەبینێ کە شیوەی لە خەلکی ناوچەی خویان بکات لیی ئەپرسی :

- ئەرێ باوانەکەم .. کوریکی جوان خاسی بالابەرزی چاوشینت لەم دەوروبەرە دا نەدیوە.. ناوی بە هەمەن بێ .. بە هەمەن .

کەسەکەش بێ ئەوەی حسابێک بۆقسەکەی بکات ، یا لای لێ نەئەکردەوە یا بە لالوتیکەوە ئەیووت: نەء .

چەند هەنگاوێکی تر روشت دیاربوو ماندووبوون زۆری بۆهینا .. بۆیە خوی کوتا بۆ کەناری جادەکە .

ئەم بێ هێزیەی لە مام بارام نەئەچوو . " ئەویش ئەگەرچی هەمان تەمەنی هەبوو, بەلام ئەوەندەی وزە لەبەر نەبریبو . ئەو رۆژەی خێڵی عەولادەم شر لەبەری مزگەوتا کردیانە فەرتەنە ، ئەو وەکو گەنجێ هەرەشەی ئەکرد و پەلاماری ئەدا . ئەویش کە ساردیان کردەوە هەڵیان بۆ هەڵکەوت . "

کە دوا هەنگاوی گەشتە کەناری جادەکە پاڵی دا بە دیوارەکەوە و دانیشت . چەند هەناسەیەک کە سەرسنگیان قورس کردبوو دایەوە ، ئینجا دەستی برد کیسەوسەبیلەکەی لەبەر پشتوێنەکەی کردەوە و لەسەر رانی دا ینا ، پێش ئەوەی جگەرەیەک بپێچێتەوە هەردوو دەستی بەرز کردەوە و لەگەڵیدا سەری بو ئاسمان هەڵبری و نەراندی :

- پیرخدری شاهو قەرزاری فاتیحات نیم بەو کورە شادم کەیتەوە .. ئای .. ئای ئای بە هەمەن گیان چیت پێ کردم .. چۆن بە تیخی ئەم دوریە جەرگم شەقارئەکەی ... وەیسی قەرەنی هانام وەلات وەبەرمەوە نەماوە .

بەو کروزانەوەیە ئەوەندەی تر بەزەیی جوڵاندم ، خەریک بوو بە تەنیشتیەوە دانیشم بۆ ئەوەی هەندێ لە خەمەکەی لەگەڵدا بەش کەم ، بەلام نەمکرد و هەروام بە چاک زانی کەجارێ سەرنجی بدەم و گوێی لێ بگرم تا بزانم بەرەو کوێ ئەچێ .

گیروگرفتەکەی ئەم لەوەی مام بارام گەورەترە . " ئەو .. پارچەزەویەکی بچکولەبوو بەدەم جوگەکەیەوە ، جوگەلەکەی تەنگ کردبویەوە و چەند بنەرەزێکی تیا ناشتبو ، خێلی عەولا دەم شر بەوە رازی نەبوون و رەزەکانیان هەڵکەندبوو ، لەسەر ئەوە ماوەیەک بوو بە کێشەیان ، خەڵکی دەم سپی و مەلای ئاوایی کەوتنە بەینەوە ، بەلام بویان چارەسەر نەکرا ، چونکە مام بارام چەند بنیکی تری ناشتەوە و هەروەها کونە قلیشیکیش کە لە بەینا بوو هەڵیدایەوە . "

کە جگەرەکەی پێچایەوە بە تاسەوە کەوتە مژلێدانی .. ئەت ووت حەزبەوە ئەکا دوکەڵەکەی بچێ بە سەروچاویا .. یا هەناسەی ئەوەندە بە تین نەبوو هەڵیدا و لە خوی دوور خاتەوە .

هەنگاوێ دوور بە تەنیشتیەوە وەک درەخت لە جێی خوم داچەقیبوم ، هەرسەرنجم ئەدا و خەیاڵ لە مێشکما خولی ئەخوارد ، جولەم لێ برابوو ، تەنها ئەوەنەبێ کە پەنجە بەرانەم ئەهێنا بە سمێڵما و تالیکم ئەخستە نێوان دوو دانمەوە و ئەمقرتاند .

کە جگەرەکەی تەواو کرد کیسەوسەبیلەکەی خستە بەر پشتوینەکەی ، دیاربوو ماندووبوون زال بوو بوو بە سەریا بۆیە سەری بەلای شانی راستیدا شۆربویەوە .

" مام بارامم هاتەوە بەرچاو کە ئەوشەوە لەماڵەوە شانی دادابویە سەر پشتیەکی پەڕ و جگەرەی پێ ئەکرد . سەرمەستی خەیاڵ و لێکدانەوە بوو ، تازرمەیەک خۆی و میمکە خەجیجی خێزانی راچڵەکاند ، خێرا پەلاماری لیسەکەی دا و بەرەودەرگا رۆشت ، زەلامێکی سەروچاو هەڵپیچرا و دەستی هێنا و خەنجەرێکی لەسکی رادا . "

ئەمیش کە خەو بردیەوە .. وەنەوزێکی دا .. لەگەڵ وەنەوزەکەدا راچڵەکی وپەلاماری گاگۆڵەکەی دا ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکیشا و شایەتومانێکی بە حەقی هێنا .. ئیتر بۆئەوەی خەو بە سەریا زاڵ نەبێت :

- یا ئەلا ..

هەستایە سەرپێ ، هەمدیسان دەستی هەڵبڕی ، نزاکەی دووبارەکردەوەو لەگەڵیا وتی :

- خوای گەورە .. هەمەونیمە بزنەبەلەهەمس شک ئەبەم ئەویش مەولودبێ بەمەرجێ بەهمەنم بەیتەوە .

پێش ئەوەی هەنگاو بگوازێتەوە ئەم لاولایەکی کرد ، منی بەرچاوکەوت ، هەردووبرۆی تەواو هەڵبری و سەیرێکی کردم . لێوە وشکەکانی لەیەک ترازان ، نیازی بوو لەمنیش بپرسێ :

- ئەرێ باوانەکەم ..

نەم هێشت قسەکەی تەواو بکات لەدەمیم وەرگرت .

- ئەو کورەی تۆ بەدوایدا ئەگەڕیی ...

- ئی .. ئی .

رووی گەشایەوە ، زەردەخەنەیەک کەوتەسەرلێوی ، دەستی بەرزکردەوەوخستیە سەرشانم ، هێزی بۆ پەیدابوو گوشیمی بەخۆیەوە . لەخۆشیدا خەریک بوو شاگەشکە بکا .

- ئەوکورەی تۆ بەدوایدا ئەگەڕیی من نایناسم ... بەلام بۆکوی ئەچیت دیم لەگەڵتا ... پرسیار ئەکەین تانەیدۆزینەوە وازنا هێنین .

- ئەی خوا بمکا بەقوربانت .. بەڵام روڵەگیان دلم خوش بوو وامزانی ئەیناسیت .

ئەو لەمن گێژتر کەوتینەری .. پرسیار لەدوای پرسیار لیم کرد ، تا بوم دەرکەوت کەناوی مام ئەحمەدەو باوەجانیە ، بەهمەنی کوری سی سال لەمەوبەرهاتوە بۆکرماشان بۆ کاسپی کردن ، تا بری پول پیکەوەبنی و ژنی بوبینی ، بەلام لەوکاتەوە بی سەروشوینەوچەندجاری تر هاتوەگەراوەو سوراخی نەکردوە ، تا ئەمجارە کابرایەکی ئاشنای پێی ووتوەکە لەمەیدانی ئازادی دیویەتی و لەگەلیا نەهاتوەتەوە ..

بەدەم قسەو پرسیارەوە گەیشتینە سەرمەیدان .

هەژاری و تەمەنی زور لەلایەک و بێکەسی لەلایەکی ترەوە ، هەرسێ گەلەکومەکەیان لی کردبوو ، سی قولی بەربووبوونەگیانی و ئازاریان ئەدا ، بەتایبەتی گورزی بێکەسیەکەی چاک ئەیکوتایەوە ، ئەگەر ئەمیش وەکو مام بارام کەس و کاری بوایە ئیشی تەفرەی نەئەخوارد .

" ئەو هەر ئەوشەو کور وکورەزا وکچەزای هاتن بەدەم هاوار و ئاغاروی نەنکیانەوە . دەست وبرد روشتن بکوژی خویان لەخوێنا گەوزاند . ئەوشەوە تاریکەیان کرد بەروژیروناک ، هەرچی لەخیلی ئەولا دەمشر ئەکەوتە بەردەستیان شل کوتیان ئەکرد .خەڵک وەمەلابەقورئانەوە کەوتنە بەین و لەیەکیان جیاکردنەوە .

ئینجا هاتنەوە بەریزەمالی خویان و دەست بەکوتەک و خەنجەر ، ئەوانیش هەروەها بەرەومالی خۆیان ، بەلام بێ هیزتر ، چونکەئەوان هەر ئەورەحمانی بکوژی مام بارامیان هەبوو کارامەبیت ئەویش سەری تیاچوو . "

وەستا پشویەک بدا . سەری بەرزکردەوەو چاوەکزەکانی بریەخور و بەدەستێکی چەند

جاریَ دای بەسەرسنگیا و دوو پژمەی کرد، وردەتف و لیک کەوتنە هەردوو دەستیەوە کە لە دەمی نزیکی کردبوونەوە . هێنانی بەیەکدا و ئینجا ووتی :

ـ جەختی هێنا .. ئەوە هومێدم پەیاکرد لەسەر خوا ئەیدۆزینەوە .

قوربانت بم چاوبگێرە .. وردورد تەفەرنج بدە من چاوم باش نایکا ، بەڵکو ئەمەخوایە ئیە .

ـ خەمت نەبیَ مامەگیان هەر لێرە بیَ ئەیدۆزینەوە .

بەدەم رۆیشتنەوە کەوتینە چاوگێڕان ... شان شانێن و ژاوەژاوێک بوو بیَ ئەوەی کەس بەکەسەوە بێت ئەهاتن و ئەچوون . زۆربەی هەرزۆریان بەتاڵ و حەتاڵ جادەیان ئەپێوا .... چەندین گەنجیان تیابوو دەستیان لەملەو پان ئەکردەوە ، تا تەمەنێکیان لە خێرخوایەک وەرئەگرت دەیان جار روویان ئەشکا و تەریق ئەکرانەوە . هەندێک ور وکاسی تلیاک و گەردویی و هەندێکی تر چاوی دزی و گزی یان بەلاولادا ئەگێڕا .

گەشتینە بەر دەرگایەکی ئاسنین ، دوومەتر پان و هەرئەوەندەش بەرز ، بەلایەکیەوە بویاخی رەش دیرەنوسینێکی بەخەتیَ سور کوژانەبویەوە ، هەموو پیتەکان رەش پوشکرابوون وەک چارەنوسی ئەوهەموو خەلکەی بەوناوەدا ئەهاتن و ئەچوون .مەگەر زور وردببویتایەتەوە تا ئەو چەند پیتە بیَنوزەت بۆ بخوێنرایەتەوە . ( م ..گ ... رژ .... خ ... ون ) ئەو لاکەی تریشی زەلامێک لەبەریا دانیشتبوو ، رەقەکارێکی ور وگێژ ، لەتوی کراس وپانتولیکی شر وچلکندا کە هەردوو ئەژنۆی گرتبوە باوەشی ، دەستەسریکی لەبەردەمیدا راخستبوو کە تۆز و چلک رەنگە ئەسلیەکەی لەبەربریبوو ، چەندتمەن و قرانێکی لەسەربوو ، مێش لیَی کو بووبوونەوە .

یەک هەنگاو بەلایدا رەت بووین قرخەیەک بەرگویم کەوت ، کەئاورم دایەوە سەیر ئەکەم زەلامەکەیە و بەرِوودا کەوتوە ، زۆرئەکات لەخوی هەلسێتەوە ناتوانی .

گەرامەوە .. دەستم دایە و بەرزم کردەوە ، دوکانداریکەی تەنیشتی دەرگاکە بەروویەکەوە کە بۆنی بێزاری لیَ ئەهات سەیرێکی کردم و ووتی :

ـ کورە لیَی گەری .. بەلکو خوا بکا سەر بەرزنەکاتەوە .

قسەکەیم زور پیَناخوش بوو .. لەمن وابوو ئەوکورە نوقسانیەکی هەیە بویە پەنای بردۆتە بەرِسوال کردن .. ئەگین گەنجیکی وا چ پیویست ئەکات ئابەوژیانە کولەمەرگیە رازی بێت .. کەچاویکم پیاگێرایەوە نەمبینی کویربی یا شەل و گوَج .. بەلام رەنگە دووچاری نەخوشیەکی وها بووبێت برستی لیَ بریبی بۆکارکردن ، بۆیە حالَی ناحالە و چاوەریَی دەستی ئەم و ئەو ئەکات .

ئەوەم لیَبوو بەپرسیار کەئەوکابرایە بووای ووت .. بویە رووم تێکرد و پیَم ووت :

ـ خالو زور بیَبەزەییت .. چوَن دلت بوئەو هەژارە ناسوتی .. ؟

ـ نەوەلاَ قەت قەت دلَم بۆشتی وەها ناسوتیَ ، تۆیش ئەگەربزانی دەردی چیە هەرگیز بەزەییت پیانایەتەوە .

- ئاخر ..

- ئاخر وازبێنە .. بەخوا ئەو هەتیوە پاڵەوانێک بوو ئەمما پاڵەوان ، ئەڵێن خەڵکی ئەو دەوری باوەجانەیە سێ ساڵ لەمەوبەر هات لەو نانەوایی یەدا دەستی کرد بە کارکردن ، هەرئەوەندە برێ پارەی دەستگیر بوو ئیتر هەتیو و مەتیوی ئەم ناوە خۆیان دا لە قەرەی و فێری تلیاکیان کرد تا ئاوا بەوبەخت بوو .

جارێکی تر چاوم گیرا یەوەسەری و لی ی ورد بوومەوە .. چومەوەنزیک کابرا ولێم پرسی :

- تو ئاوا ئەیناسیت ... زەحمەت نەبی پێم بلێ ناوەکەی چی یە .

- بەهمەنی خوا بریوو .

خێرا ئاورم دایەوە بەلای مام ئەحمەددا ، ووتم نەبا گوێی لی بووبی ، هاتمەوە لای و دەستم خستەسەرشانی ، لی ی پرسیم :

- حەکیم گیان چی بوو وامەشغول بوویت .. ؟

نەمزانی چ وەلامیکی بدەمەوە .. گیرم خوارد .. هەرچون بوو ئەوم مەشغول کردبەروانینی ئەملاولاو خویشم کەوتمە بیرکردنەوە .. دواجار ئەوەم بەچاک زانی پی ی بلێم .. تازە باش بی و خراپ بێ هەرئەوەیە .

چاوم گواستەوەسەر بەهەمەن ، هەروەک خوی بێ ورتە دانیشتبوو ، مێشەکان هەربەیەکدا ئەهاتن و ئەچوون .. بەرزئەبونەوەو ئەنیشتنەوە ، جارجار یەک دووانێکیان ئەنیشتن بە پشت دەستیەوەو لەویوە ئەکەوتنە گەران ، سەرێکیان ئەدا لە دەمولووتی ، ئەویش لەتەمەلیدا یا لچێکی بەرز ئەکردەوە ، یا جوولەیەکی بەلووتی ئەکرد ... ئەوانیش بەرزئەبوونەوە ، یا بەهەمان شوێنەوە ئەنیشتنەوە ، یا خود ئەهاتنەوە سەردەستەسرەکە ، هەندێ جاردەموچاوی گرژ ئەبوو ، توندتر جولەی بەلووتی ئەکرد و لچی هەلئەبری .. دیاربوو مێشەکە چزەی لـــی هەلئەبسان .

مێشیش وەکو ئێمە بەش بەشن .. هەندێکیان بەخواردنی خوش و بۆندارەوە ئەنیشن ، هەندێکیشیان تاخواردنی گەنیو و پیسایی وەستابێ بەلای هیچی تردا ناچن .

هەیشیانە گوێی لێ نیە هەرکامیان بێت هەرجەژنیەتی و برێکیشیان جگە لـــە هەموو شتێ چزویەکیشیان بەدەمەوەیە خوێنی پێ ئەمژن .

گەورەو بچوکیشیان هەیە ، رەنگ رەنگیشن . سەوز .. رەش .. بور .. سورفلێ ..

مام ئەحمەد دەستێکی تێ کوتام .. کەئاورم بۆدایەوە هیلێکی راست و چەپی نائومێدی بەروخساریەوە دیاربوو ، یەکێ هەناسەیەکمان هەلکێشاو دامانەوە بەرووی یەکتردا .

بەو بێزاریەوە هەروەکو زۆر لەخۆی بکات ئەم پرسیارەی کرد :

- چی بکەین ..؟

- نازانم ...

- نەچین بۆ ئەولاتر ..

- نەچین باشە .. من شارەزام شوێن لەمە باشتر نیە .

ـ باشه بەلام بەخوا لەوەئەچێ ...

گریان بەری بینی گرت .. لچەپرمەی پێ کەوت .. وشەکان بەسەر زاری پچڕپچڕ بوون . دەستێکی لە تەوێڵیەوە هینا بەدەموچاویا تا چەناگەی و ریشی لەناو دەستیا کردبە چەپک .

ـ لەوەئەچێ .. دەستگیرمان نەبی .. ئەگەر سەری تیا .. نەچوو .. بێ .

ـ نا .. نا دڵتەنگ مەبەمامەگیان .. ئیشەلا ماوەو ئەیشی دۆزینەوە .

دەستی نایە سەر ئەودەستەکەی تری سەر گاگولەکەی ، کەوتەوە چاوگیران ..منیش ئاورم دایەوە بەلای بەهمەن‌دا و خەریک بوو پێی بلیم :

" بو سەربەرز ناکەیتەوە ..؟ ئەوەباوکتە خەریکە بۆت بمری ، بو هەلناسیت بکەویت بەسەر کەوشەکانیدا ولەگەلیا بچیتەوە ؟ بۆ والەخوت ئەکەیت ؟ جگەلەوەی روژی بێ‌ناز سەر ئەنێیتەوە چ قازانجی ئەکەیت ؟ "

بەلام ناکرێ ، بۆیە بەچیچکانەوە لەبەردەمیا دانیشتم ، کەوتمە سەرنج دانی،نەجولەیەکی کرد و نەچاویشی هەلبری ، ئینجا چاوم گواستەوەبو سەر دەستەسرەکە .

" دیمەنی ئەوکچەم هاتەبەرچاو کەئەمان نیازیان بوو بیخوازن ، رازاندبوویانەوە و بەرەو مالی زاوا بەریان ئەکرد ، خەلکیکی زور بەدوایەوەو یەکیکیش لەپیشیەوە ئاوینەیەکی بو گرتبوو، دەنگی شمشال و جوزەلە بووبوونە مەزەی شایی یەکەو زاواش بە روویەکی گەشەوە پێشوازی بوکی ئەکرد ، تا نزیکیان خستەوەو چوو بەپیریەوە ،دەستی گرت‌و بردیە مالەوە ، لەشوێنێکی ئامادەکراودا داینا و تاری لەروو هەلدایەوە . "

یەکیک لەمێشە گەزەندەکان چزەی لەپشت دەستم هەلسان و دیمەنەکەی لەبەر چاو گۆڕیمەوە بە خویان و چەندتمەن و قرانەکە .

هەستامەسەرپێ و مام ئەحمەدم هینایەلاوە .. ئیتر لەوەزیاتر حەزم نەکرد لەسەری بوەستم بویە پێم ووت :

ـ مام ئەحمەد ئەمە بەهمەنە .

سەیرێکی کردم .. وەک ئەوەی بلێ درۆئەکەی بەهمەنی چی .. کوری من رۆستەمیکەبۆخۆی .. ئەم نیوەگیانە خەلکی چ وولاتێکە .

ئینجا چاوی گواستەوە بۆسەر ئەو ، دیسان سەیرێکی منی کردەوە ..

ـ بەلێ بەهمەنە .

ـ کورە وانەلێ‌ی .

خۆی چەماندەوەو دەستی خستەسەرسەری و چەندجارێ بانگی کرد

ـ بەهمەن .. بەهمەن .

نقەی لێوەنەهات و هەرئەو مێشانە میوانی بوون کەلەسەر دەستەسرەکەی شایی زلێخایان ئەگێڕا .

بەدەم ئەوەی کەهەرسەیری ئەکردو بانگی ئەکرد ، حالّ ومەسەلەکەم بۆگێڕایەوە ... هەناسەیەکی حەسرەتی هەلکێشا .

- خوا پەناماڵ بدەیت بۆ چ رۆژگارێ تێی کەوتووین .
ئەویش کە باوکی ناسیەوە ئەوەندەی تر سەری شەرمەزاری داخست و خستیە نێوان هەردوو ئەژنۆیەوە .
مام ئەحمەد خەریک بوو کەللەیی ببێ .. هەردەستی ئەهێنا بەسەریا و ئەیووت :
- بەهمەن .. رۆڵە ئەمەتۆی .
کە ئەم جارە ئاوری بوداماوەو دوودڵۆپ فرمێسکم بینی لەچاوی خلۆر بوونەوە کسپە لە جەرگمەوە هات .. زۆر بەزەییم جولا .. بەڵام چی بکەم ..؟
هەر ئەوەندەم بۆکرا دەستم کردە ملی و پێم ووت :
- مامەگیان باچین بو ئەو ئوتێلە .. تۆ لەوێ دانیشەو دێمەوە بەشوێن ئەمیشداوئەیهێنم بو ئەوی .
- نابی .. نابێ .
هەرچەندی کردو نیازی نەکردکە بێت ، تەکسیەکم گرت و بردم ، گەرامەوە بەهەرجوری بوو ئەویشم پەل کیش کرد .
مێشەکان یەک دوو هەنگاو شوێنمان کەوتن ، باش بوو خەڵکی بەوچەشنە لەونا وەدا زۆر بوون .. روشتن و لەکولی ئیمە بوونەوە . لەوێ دانیشتین .. دەستم کردبەقســـەکـــردن بو هەردووکیان ، بەهمەن وەک کومەڵەبەردێک لەسەر قەرەویلەکە دەستەوئەژنۆ دانیشـــتبوو ، مام ئەحمەدیش چاوی لەبەهمەن کەلانەئەکردو وەکوزیکربکات هەرسەرەکوتەی ئەکرد .
- ئەمە تەکبیری ئاسانە .. بەس تا ئەوەندەی دەست بەرداری ئەبێ کەمکەمبوی پەیداکە و هەقت نەبێ .
تۆیش بەهمەن گیان باوکت دنیادیدەیە لەگەڵیا برورەوەو هەرچی پێووتی لـــە بـــریاری دەرنەچیت .
لەگەرمەی قسەدا بووین بەهمەن هەستایەسەرپێ ، بەناوی دەست بەئاوگەیاندنەوە چووە دەرەوە .
منیش رووم کردەوە مام ئەحمەد .
- مامەگیان .. بەسە ئیتر ئەوەندە هەناسەی سارد هەڵمەکێشە ، تازەجلەو دراوە ..ئەبی پینەوپەرۆی کەی .. مەبەستم ئەوەیە داخ و خەفەت هیچ سەوز ناکا .. بیر لەوەبکەرەوە کـە چون بیکەیتەوە بەکورەکەی جاران .. وەکو باسمان کرد بیبەرەوەو مەشغولی بکە بەئیش و کار وژن هێنانەوە ، بو تلیاکەکەش هەرئەوەبکە کە ووتمان .
- کورم تۆ جەرگت نیە .. ئەگەر ئەزانی ئیشی چەندسەختە ، چی ئەوەندەی ئەوەبومن خوش بوو ئەوکاتەی هات بەباخەلی گەرمەوە بگەرایەتەوەو منیش ئەوکچەتیوەم بوبهینایە ، نەک ئیستە کەئەو دوای چاوەروانی یەکی زور کەئەمسەروبەری نەبوو شووی کردو خۆیشی ئـابـەم دەردە چوە کەرەنگی ئینسانی پێ نەماوە .
- قەیناکا بەلای لەوە گەورەترهەیە .. خۆتۆ دنیات دیوە ، ئیستە گرنگ ئەوەیـــە ماوە و

دەستگیرمان بۆتەوە .
لەم کاتەدا تەقەی پێیەک لەدەرەوەهات ، وام زانی ئەوەبانگم کرد :
- بەهمەن ..
وەلام نەبوو .
بەهمەن ..
دیسان وەلام نەبوو، دەرگاکەم کردەوە نەبوو ، سەرەداڵەلای تەوالیتەکەش هەرنەبوو .
- بلی ی لی ی تیک چووبی و روشتبێتە ژوریکی ترەوە ، یا هەرجی ی هیشتبین وروشتبی..؟؟
تەقەم دا لەژورەکانی ئەملاولا لەهیچ کامیاندا نەبوو .. لام کردەوە بەلای ژورەکەی خومانندا سەیرئەکەم مام ئەحمەد هاتوەتە بەردەرگا ، پرسی :
- چی یە ئەوە .. بهمەن کوا ..؟
زمانم لەدەمم دا وشک بوو ، نەمزانی چی بلێیم .. لەجێی خوم دا وەستام جگەلەوەی چاوی خەماویم بریە مام ئەحمەد هیچی ترم پی نەکرا . ئەویش هەنسک هەنسک بەرەو لام هات و هەر ئەیووت
- کوا بەهمەن .. چی لێ هات .. ؟
تەزوو هەروەکو کارەبا خوی ئەدا لەلەشم .. لەگەل نوزەنوزی قسەکانی ئەودا رایئەوەشاندم .. ئەویش دەستی گەیشتە سەرشانم و هەر ئەیووت و ئەیووتەوە ، بێ ئەوەی وەلامیک لەمن وەربگریت چەند بارەی ئەکردەوە . لەسەیرکردنیدا فلیمێکی تری بەهمەنم بینی .
" واجاریکی تر باوکی بەجی هیشت و روشت ، روشت و لەقادرمەکان گیژگیژی چووەخوارەوە .. گەشتەسەرجادە ... یەک دووانێک لەهاوەلەلاتەکانی پی گەشتوبردیان .. رەنگەئەمجارە بەچاونەی بینینەوە .. تازە تلیاکیەو ئەوکاتەخوی بەپاشا ئەزانێ کەسەرمەست بێ .. ژیان لای ئەوانە یەکسانە بەدوومژی تلیاک .. ئەوا روشتن و لەگوشەیەکدا کەمەگەر هەرسەگ بێزی بێ تیا هەلمیزینی سەریان کرد بەیەکدا و کەوتنەمژلیدان .. ئەوا تەواویان کرد و خەوبردنیەوە .. لەسەرچەندمقەباشرەیەک و دوو لەتکە گونیە خەوتن .. خەوێکی بێ ناز .. لال و پال ترنجان بەسەر یەکدا . "
مام ئەحمەد گەشتەگیانی و رایوەشاندم ، راچلەکیم ، لەدنیایەکی ترەوەهاتمەوەدنیایەکی تر ، .
- پێیم ووتی کوا بەهمەن ؟
باوەشی پیاکردم و ماچێکی کردم ، سەری نا بەلاملمەوەو گریا .. ئیتر ئەوەندە بەزەییم جولا .. تورەبوونم سەری کرد ، لەگەل ناخی خومدا کەوتمەقسە .
- باشە هەتیو من چیم داوە لەم دەردی سەریە ، بو ئەوەندە بەتەنگ ئازاری ئەم هەژارو لێقەوماوانەوەم ..؟ بو خوم کردوە بەمامەخەمەی ئەم چارەرەشانە ..؟ ئاخر ( ١١ ) بەهار تەمەنم کرد بەقوربانی رەنجەران و داخ و خەفەت نەبێ چیترم بوماوەیەوە ..؟

بو نەچم بەدەم کاری خۆمەوە ..؟ ئەوە ئەمرۆ جگەلەوەهەموو خەفەت وزوخاوە دەرزیەکەشم " Testosterone .. Enanthate " بەکارنەهێنا . وازبێنە تۆش وەکو ئەو خەڵکە بیدەرەبەر .

دەستم برد بۆگیرفانم و پاکەتەکەم دەرهێنا .. ویستم بەسەرئەو مەراقەدا تۆزێ دووکەڵ هەڵمژم ، کەچی مام ئەحمەد لەدەستی راتەکاندم و بەتورەبونێکەوە ووتی :

- حەکتەرەماش بو قسەناکەی .. ئەلێم کوا بەهمەن ..؟

مەراق و خەفەتی ئەم جارەیات ئەوەندەی تر دەموچاوەترشاوەکەی هێنابوەیەک .. وەک تولەبی بەرجۆگە ئەلەرزی .

- بابچین دانیشە .. مامەگیان تۆبرۆ دانیشە هەرئێستە ئەچم بەشوێنیا و ئەیهێنمەوە .

هاتمەخوارەوە ، هەرکە دواهەنگاوم گەشتەسەرجادەکە تەرمێکم بینی رەهێڵ بووە ، سام دایگرتم خەریک بوو تین وتاوم لێ ببری ، بەزۆر هەنگاوم گواستەوەو چوومەسەری ، سەیر ئەکەم بەهمەنەو ماشینێ لێی داوە ، هەموگیانی شکاوەتەیەک و لەحەوت سالان راست بوەتەوە ، .

- ئای لەم کارەساتە چەند دلتەزێنە ، لەشارێکی وا جەنجاڵ و قەرەباڵەخەدا ئینسانێک تیاچووەو کەسێک نیە دەستێکی باتێ ، تەنها یەکی نیە .. کەسی نیە ریزەیەویژدانی هەبێ و لایەکی لیبکاتەوە ، کی ئەلی دەشەقیشیان تی هەلنەداوە کاتی کەباخەڵەکانی گەراون بۆ دووتمەن .. بەلام باخەڵی چی خالی وەکو میشکی ئەوان .

دەستم دایە هەردوو بالی و بەرەو دەرگای ئوتێلەکە رامکێشا ، هاواری مام ئەحمەدئاوری پێدامەوە .. سەیرئەکەم لەپلەی دووەمی قادرمەکاندایەو دائەبەزی .. یەک دوو پلەی تر هاتە خوارەوە .. هەرکە بۆی روون بوویەوەکە بەهمەنەو خەلتانی خوین بووە .. نالەیەکی گەورەی لێ هەلسا وکەوت بەدەما .. بەقادرمەکاندا تل بوویەوە تا کەوتەبەردەمم ،ملی بوو بەژێر لاشەیەوە ، کەراستم کردەوە دووجار دەمی کردەوەو ئیتر دواهەناسەی هەڵدابەرووم‌دا .

کرماشـــان

خەرمانانی / ١٩٨٧

روونکردنەوەیەکی پێویست

لەژمارە (١٧)ی گۆڤاری" نووسەری کوردستان" دا ، چیرۆکی (مۆتەکە ) ، بەناوی کاک (حەکیم مەلا سالح) بڵاوکرابۆوە ،بەڵام ئەوبەرێزە ئاگاداری کردینەوە کە چیرۆکی" مۆتەکە" هی ئەو نییەودیارەناوی چیرۆکنووس لەدەستنووسەکەدا کەوتبوو ،لەکاتێکا داوای لێبوردن لەکاک حەکیم مەلاسالح و ،نووسەری چیرۆکی" مۆتەکە" دەکەین، بەو هیوایەن کە نووسەری چیرۆکەکە ئاگادارمان بکاتەوە ،تاوەکو لەژمارەکانی داهاتوودا ،ئەوهەلەیە راست بکەینەوە .

دەستەی نووسەران

# ئیدی بۆ کوێ بچین ؟

پاوان عبدالموجود

پاوان‌عبدالموجود کچە کوردێکی ئاوارەیە ولەشاری ورمێ دادەنیشی ، تەمەنی شەش سالان بوو کەئاوارەکرا، ئێستا یازدە سالانە ئەم چیرۆکە یاداشت و سەرگوزەشتەی دەربەدەریەکەیی ، شایانی باسە ئەم چیرۆکەی بەفارسی نووسیوەو خەلاتی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوای لەسەر وەرگرتوە، دوای ئەوەی لەگەل چەندین فارسی زمانی تردا بەرهەمیان پێشکەش بەلێژنەی هەلبژاردنی چاکترین چیرۆک کردوە، چیرۆکەکەی بەرەندە بوە .

شایانی باسە پاوان خان سێ چوارسالە خەریکی خوێندنەوەیە و زۆری لەچیرۆکەکانی چیخۆف و گۆرکی وبلزاک ودیستۆفسکی وئەلکسەندەر دۆما وماریوبۆزو خوێندوتەوە، نووسەری کوردستان بەچاکی زانی ئەم چیرۆکە بکاتە کوردی و بۆخویندەوارانی بلاوبکاتەوە .

– نووسەری کوردستان –

ئیدی بۆ کوێ بچین ؟

پیشکەشە بە :

مندالانی کوردستان

پێشکەشە بەئێوە ئەی مندالانی کوردستان ، کەشەکەت بوون و سەختیتان بینی لەکوختەکانی خۆتان دەرنران و دوژمن ئاواتی دیدەنی ولاتی کوردستانی لەدلتاندا چاند .

پاوان عبدالموجود

١٩٨٥/٧/٣١

ئاوابوونی هەتاو، جوان و خەم ئاویزە ، دەمەوخۆرئاوا بووکە لەولاتی خۆم جودابوومەوە. هیچ کاتێک خورئاوابوونم بەم جوانی و گەورەیییە نەبینی بوو. چەند چرکەیەک مابوو بەنەواوی خورئاوابێ کە :

سەری چەند گوڵێکی ولاتەکەم قرتاندو پەڕەکانیم هەلکەندو بەسەر زەویدا هەلرشت و گوتم لێرەوە نامۆیی دەست پێ دەکات .

خیزانی ئێمە لەپێنج کەس پێک هاتوە .. ئێمە خەلکی کوردستانی عیراق بووین سەوبەری ئارامی و خۆشبەختی پێکەوە دەژیاین ، تا رۆژێک کاربەدەستانی حکومەت هاتنە مالەکەمان . ئەوکاتە بەتەنیا من و دایکم لەمال بووین ، باوکم لەدائیرەو براکانیشم ، ئازادو سەلمان لەقوتابخانە بوون .

هەرکەدایکم گوێی لەتەقەی دەرگابوو منی بانگ کرد تابچم دەرگاکە بکەمەوە. هەر دەڵێی ئێستایە دەنگی دایکم هێشتا لە گوێم دا دەزرینگێتەوە :

– کچم برۆ دەرگاکە بکەوە

– بەلێ دایە

– کێ بە..؟

لەسەرخۆ دەرگاکەم کردەوە، وەکوبیی دەمئاو لەرزیم ، ئەگەر چی تەمەنم شەش سال زیاترنەبوو بەلام چاک هەستم بەوەکرد کە کاربەدەستانی حکومەتن و لەخورا نایێنە مالی ئێمە. ئێمە کورد بووین . بۆیە من عەرەبیم نەدەزانی ، بەلام دایکم چاک دەیزانی, بەخێرایی بۆلای دایکم گەرامەوە کەخەریکی ئاودانی گوڵی باخچەکە بوو بەچرپەو لەسەرخۆ بەدایکم گوت :

– دایە کاربەدەستانی حکومەتن ..!

دایکم یەبیستنی ئەم قسەیە وەک برووسکە بۆلای دەرگای حەوشەکە چوو. کەئەوانی دیت زانی قسەکەی من راستە ، شێرەی ئاوەکەی گرتەوەو بەرەولایان چوو . دایکم سلاوی لێ کردن و گوتی : ببورن کەمێردەکەم لەماڵ نیە، دەتوانن دوای عەسربێنەوە...؟

– ئێمە کارێکمان بەمێردەکەی تۆنیە , تەنیا بۆئەوە هاتووین چەند پرسیارێکت لێ بکەین , دەکری بیینە ژوورەوەو قسەبکەین ..؟ ئەوان بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی دایکم بکەن تەکلیفی یەکیان

دەکرد بۆ چوونە ژوورەوە ، دایکم لەوکارەیان زۆر نارەحەت بوو ، بەلام بەسەر خۆی نەهینا ، کەمێک خۆی لەدەرگاکە کردەوە تائەوان بچنە ژوورەوە .

دایکم چوو بۆ هۆڵەکەو چەند کورسی یەکی هێنایە حەوشەکەو بۆی دانان . بەڵام کورسی‌یەکی کەمتر هێنابوو ، ئەمجارە من چووم کورسی یەکی تریشم هێناو دامنا .. باوکم نیوەڕۆ گەڕایەوە، دایکم کەزۆر نارەحەت بوو سەیرێکی کردو پرسی : دەڵێی شتێک بووە ..؟

– ئەمڕۆ کاربەدەستانی حکومەت هاتبوونە ئێرە ..

– چی یان پرسی ... ؟

– گوتیان بۆچی شووبراکەتان لەدژی سەدام دەجەنگێ وچەند ساڵە لەدەرەوەی عیراق دەژی ...

– چاکە .. تۆچیت پێ گوتن ..؟

– هیچ .. هەرچاک بوو لێرە نەبووی ، دەنا راپێچیان دەکردی ..

ئەو رۆژەو رۆژانی دیکەش تێپەرین . ئێمە لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێن دەمانگوزستەوە . بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەت هەر دەباندۆزینەوە . رۆژێک باوکم قسەیەکی چرپاندە گوێی دایکم ، نەمزانی چی پێ گوت هەرئەوەندەم زانی دایکم کەوتە ئامادەکردنی جانتاکانمان ، لەدایکم پرسی :

– دایە دەچینە کوێ ...؟

– دەچینە کۆیە .

– دایە ، دەهێڵی بووکەکەم لەگەڵ خۆم بێنم ...؟

– نە – کچی خۆم ئەو بالای پوورت بێت ..

– نادایە من دەمەوێ لەگەڵ خۆمی بێنم .

دایکم بۆئەوەی دلنیام بکات گوتی : هەستە باپێکەوە بیدینە لای پوورت . هەستامدسەرپێ ولەگەڵ دایکم بەرەو مالی پوورم رۆشتین ئەو رۆژە لەداخی دوورکەوتنەوەم لەبووکۆکەکەم زۆرگریام ، قەت خۆشەویستی ئەوم لەبیرناچێتەوە، چونکە دوا بووکوکەو گەوردترین بووکوکەبوو باوکم بۆی کڕیبووم . دواجار مالئاوایم لەدۆست و برادەران کردو هەولێرمان بەرەو کۆیە بەجێ هێشت . لەوێ چووینە مالی برادەرێکی باوکم ، بەلام ئەوان قەبوولیان نەکرد جێگامان بکەنەوە ، لەکاتێکدا کەئەوان دەهاتنە هەولێر هەمیشە لەمالی ئێمە دەبوون . پێشینیان راستیان گوتوە، مرۆڤ تانەکەوێتە تەنگانە

دۆست و برادەری خۆی ناناسێ . لەوێوە چووینە مالی برادەرێکی دیکەی باوکم ، زۆرپیاوانە پێشوازی کردین و چەندین رۆژلە مالەکەیان میوانداری لێ کردین . ئەگەرچی لەبیرم نیە کۆیەشارێکی چون بوو, بەلام چیاگەردن کەشەکانی ئێستاش هەرلەبەرچاومن .

جارێکیان باوکم ددانی زور دێشا ، بەلام نەیدەتوانی بچێتەلای پزیشک ، چونکە چوونە دەرەوە بۆئێمە قەدەغە بوو ، بەلام باوکم بەهاریکاری دۆستەکەی چوەلای دکتۆر دوای ماوەیەک لەوێشەوە بەرەو سلێمانی رۆیشتین .

دیسان هەربومالی دوستێکی باوکم چووین ، لەوێ پتر لەکۆیە دەمانتوانی هات و چۆبکەین ، چونکە لەهەولێر دووربوو وخەلکیش کەمتر ئێمەیان دەناسی .

کاتێ کەچووینە مالی دۆستەکەی باوکم پێمان گوتن ئێمە هەر بۆ سەیران هاتووین ، بەلام ئەوان کە باوکم ودایکمیان وابەخەمیاری دیت بەئێمەیان گوت :

( چون بوسەیران هاتوون , لەکاتێکدا ئەوەندە خەمبارن . )؟

ئاخیری دایکم و باوکم هەر پێیان نەگوتن کەئێمە دەمانەوێ بڕوین . دوای سێ روژ مالەکەی ئەوانیشمان بەجێ هێشت ، کاتی ویستمان بچینە مالی دۆستێکی تری باوکم ، من لەدایکم پرسی :

– دایە .. بۆچی دەچینە ئەوێ ..؟ من پێم خوشە هەرلێرە بمێنمەوە

دایکم گوتی : رولەئێمە دەبی بچینە ئەوێ رەنگە رۆژیکی تر بگەرینەوە بۆمالی کاک جەمال .. تێگەیشتم کەئێمە بۆیە مالی کاک جەمالمان بەجێ هێشت تابەهاوکاری دۆستەکەمان بودەرەوەی عیراق بڕۆین .

لەگەل دوستەکەمان بەرەو هەلەبجە بەرێکەوتین .. ئەوکاتە من وام هەست دەکرد بۆسەیران هاتووین . کاتی دەمانویست بچینە هەلەبجە سواری ئۆتۆمبیل بووین , ئیمە لەپشتەوەی ئوتومبیلەکە سروودی کوردیمان دەگوت .

دوستەکەی باوکم جووتیک پیلاوی بوکریم ، چونکە پیلاوەکانی من هاوینی بوون و بەکەلکی رۆیشتن نەدەهاتن بەتایبەتیش لەناوشاخان دا بەلام بەداخەوە کەمیک بەپێ یەکانم تەنگ بوون ، من ئەو پیلاوەم نەدەویست, بەلام ئەوان سووربوون کەدەبی پیلاوەکان ببەم .. چونکە ئەوی چیاوچول بوو ، درک و دالەکانی چیا نەیاندەتوانی لەپێم

رابچن . هەڵەبجە شارێکی جوان و پڕلەباخ وباخات بوو ، خەڵکی هەڵەبجە کوردو موسوڵمان بوون ئەوەیەکەم جاربوو ئێمە دەچووینە هەڵەبجە . تەنیا باوکم پێشتر بینیبووی . بەلام بەداخەوە ئەوشارە گەورەوجوانە لەناوچوو .. چونکە سەدام ، ئەم شارەپڕ یادگارەی بەکیمیا بۆمباران کرد بەجۆری کەزیاترلە " ٥ " هەزار کەس لە خەلکی ئەم شارە شەهیدکران و ئەوانی دی بێ ماڵ و ئاوارەو سەر گەردان بوون . لەهەڵەبجەوە چووینە گوندیک دیسان دوستەکەی باوکم لەگەڵمان هات ، چونکە ئەو چاکەی باوکمی لەسەربوو . ئەو لەگەل فاتمەی ژنی زۆرمان لەگەل چاک بوون . کاتی ئیمە ویستمان سلیمانی بەجی بیلین زۆرمان نوگریا ، هەردەقیقەی جارێک دەهاتە بەردەرگای ژوورەکەو دەیپرسی : هیچتان پیویست نیە ، ئەو هەندی کیک و کولیچەی بو لەتوورەگەیەک کردین و یەک دەستە دەرزی و داویشی دابە دایکم ، دیاربوو ئەو دەیزانی ئیمە لەپاشان زورپیویستیمان بەدەرزی و داو دەبیت . ئەو دەرزیانەی فاتمە دایە دایکم ئیستاش هەرماون و زۆربەخۆشەویستیەوە دەیانپارێزی .. هەرلەو ئەنگوستیلە یەکیشی بۆ براکەم کڕی هەرئەو رۆژەش گەرماوی بۆ داخستین و پاکەو تەمیز خۆمان شووشت ، تاهەم چاکەی وی و میردەکەی لەبیرناکەم . چونکە لەتەنگانەدا فریامان کەوتن ، هەربەتەنیا ئەش دووەش لە نیوان هەموو خزم و ئاشنایانمان دەیانزانی ئیمە بوکوێ دەچین . باوکم و دایکم بەئێمەشیان نەگوت بوکوی دەچین ، کەرولەی خویان بووین .. لەگەل دوستیکی باوکم بەرەو دیهاتەکانی هەڵەبجە بەریکەوتین ، ئیمەی بردە مالی یەکیک کەلە عیراق بمانباتە دەر ، بەلام ئەوان ئیمەیان نەحەواندەوە ، چونکە پێشتر حکومەت پیی راگەیاندبوون ئەگەر جارێکی دی یەکەکەس لەعیراق ببەیتە دەرەوە هەمووتان لەسیدارە دەدەین ، ئیمە کە بێچارە بووین چووینە مالێکی تر ، ئەوان چایان بۆ دانایین و نزیکەی نیوسەعاتێک لەوێ ماینەوە پاشان ناونیشانی مالێکیان دایە باوکمو پیان گوت ئیوە دەچنە " ئەحمەدئاوا " کە لەژیر دەسەلاتی حکومەتی عیراق دا نیە ، ئیوە دەچنە ئەم مالە کەبتوتنی کارەکەتان بو ئەنجام بدات ، باقیتریش خوا گەورەیە .

نزیکەی حەوتی ئێوارەبوو گەیشتینە دوا مەرزی گوندەکەو لەوی باوکم ویستی خواحافیزی لەدوستەکەی بکات ، لەناکاو چەند

کاربەدەستێک لەپێشماندا قوت بوونەوە کاتێ ئەوانمان بینی، زۆر ترساین، بەتایبەتیش باوکم ودایکم و دۆستەکەی باوکم، چونکە لەوانە بوو بمانگرن و لەسێدارەمان بدەن. چونکە کەلەهەولێر بووین لەباوکم ودایکم بیستبوو کەچەند کەسانێک لەسێدارە دراون، لەبەر ئەوەی شوێنەکە جێگای ترس بوو یەکێکیان لەباوکمی پرسی : بۆ کوێ دەڕۆن ..؟ باوکم وتی : دەچینە ماڵی ژن براکەم کەلەم گوندە دەژی بەلام ئەوان بڕوایان نەکرد. چونکە خەلکی دیهات شوانی و گاوانین و یانیش جوتیارن، لەهەردوو حالەتیشدا ئەوان زۆر رەنج دەکێشن، لەبەر کاریش هەمیشە جلەکانیان پیسە جل و بەرگی ئەوان جوان و تازەش نین. لەکاتێکدا جلەکانی ئێمە پاک و تەمیز بوو پێلاوەکانمان نیشانەی ئەوەبوون کەتازەن، لەبەر ئەوە بەقسەکانی باوکم نەخەلەتان هەرکەزانیان ئێمە عیراق بەجێ دێلین، دەنگیان نەکرد، بەلام قسەیان لەگەل نەکردین جگە لە یەکێکیان بەدزی یەوە پێی گوتین بڕۆین.

هەتا خوا تاقەتی دابونێ قیژاندی بڕۆن پەنا بەخوا، دەنگێکی ئەوتۆی هەبوو کەمرۆڤ لەبەری دەلەرزی — لەوێ بووکە خوا حافیزیمان لەدۆستەکەمان کردو بەهەنگاوی گەورەو لەسەرخۆ بەرەو پێش رۆیشتین. کاربەدەستەکانی دەوڵەت هەتا چاویان بری کردنەمە شایان کرد.

هەندێ کات باوکم و دایکم بێ دەستی خۆیان تەماشایەکی ئەوانیان دەکرد. هەندێ جاریش باوکم و دایکم زۆرجار بێ دەستی خۆیان : سەیریان دەکردن .. چونکە دەترسان ئێمە گوللەباران بکەن .. لەرێگا گەیشتینە میردمندالێک کەتەمەنی هەر دەدوازدە سالان دەبوو، سواری ئەسپێک ببوو، باوکم لێی پرسی !

— لەکوێوە دێی ..؟

— لەئاشی دێمەوە ..

— پێنج دینار بدەین بارەکانمان تائەحمەدئاوا دەبەی ...؟

— بەڵێ ..

دوای سەعاتێک گەیشتینە ئەحمەدئاوە، باوکم بۆئەوەی کاردکانمان رێک بکەوێ لەیەکێکی پرسی، ئەرێ ماڵی کاکە رەزا کامەیە ..؟

کابرا ئێمەی تابەردەرگای ماڵی کاکە رەزابرد باوکم لە دەرگاکەیانی دا : ئافرەتێک دەرگاکەی لێ کردینەوەو دوای سەلام

کردن فەرمووی لێ کردین بۆژوورەوە . کەچوینە ژوورەوە کچەکەی کاک رەزا خەریکی قورئان خوێندن بوو، دوای قورئان خوێندنەکەشی نوێژی شێوانی کرد. باوکم لەژنەکەی پرسی :

- ئەرێ پیاوەکەتان زوو دێتەوەماڵ ...؟
- هەرئێستا دیتەوە .
- سەعاتیکی پی دەچی .. ؟
- لەوانەیە زووتر بگەریتەوە .

خەریکی خواردن ئامادەکردن بوون کەدەرگاکە دەنگی لیوەهات . منالێکی بچکۆلانە چوو دەرگاکەی لێ بکاتەوە :

- کێیە ...؟
- منم .. باوکتم

دوای هەوال پرسین ویەکترناسین کاکە رەزا لەباوکمی پرسی :

- بەرێزتان کارێکتان بەمن هەبوو ...؟
- بەڵێ .. گوتی ئەگەربکرێ تائەو سەرسنوورە رێنماییمان بکەی
- بەڵێ .. دووریگا هەیە ، یەکێکیان جێگای متمانەنیە، چونکە تۆپی ئێران و عیراق لێ دەدا ئەگەر بتانەوی سەعات ٨ / ی شەو بەرێکەون ، وەک ئێستا ئەوا بەشەش سەعات دەگەینە نا و پێشمەرگە.. ئەوان دەتوانن ئێوە رەوانەی ئێران بکەن . ئەگەر بە رێگای دووەمیشدا برۆن رەنگە سێ چوار رۆژیکتان پێ دەچێ ، بە رێگاکەی یەکەم هەریەکە زۆرەو دەگەیتە ئێران .

دایکم و باوکم رێگای دووەمیان پێ باشتربوو، چونکە جێگای متمانە بوو. ئەومالە ، مالێکی هەژارو بێ دەرەتان بوون ، بۆیە هەرچەند هەولیان دا نان بخۆین ، باوکم و دایکم رازی نەبوون .

ئەحمەداوا دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو ، رووبارێکی بەرینی پێدا دەرۆیی و تاڤگەیەکیشیلێ بوو ئەوێ بەدرەختی گوێز بەناو بانگ بوو .. گوندێکی بەرزبوو ، باوکم پێی گوتن سێ چوار ولاخمان بۆئامادەبکەن . بەلام لەیەکە ولاخ زیاتریان پێ پەیدا نەبوو. کاکە رەزا پێی گوتین :

- کەمێکە ئارام بگرن ، تاهەواتاریکە دادێ ئینجا بەرێکەون .

کاتێ کەهەوا باش تاریکە داهات مالئاواییمان لێ کردن ولەگەل چاوساغەکە رێگامان گرتەبەر باوکم و دایکم جانتاکانیان لەولاخەکە بارکردو پاشان باوکم منیشی سوارکرد ، بەرێگاوە بووین کە

تراکتورێکێ هات، هەمووما ن سوا ربووین ، بەلام چا وسا غەکەما ن هەر بەسوا ری ولاخەکەیەوە بەدوا ماندا هات . ئەری ... وا م هەست دەکرد کەئیدی هەولێر نا بینمەوە . چیتر پوورم نا بینمەوەو یا ری لەگەل نا کەم . هزرم بۆلای قوتا بخانە دەچوو ، ما موستا کەما ن ست فا تیمە ما مۆستا یەکی دلسوزەو میهرەبا ن بوو و قوتا بیەکا نی زورخوشدەویست وێنەی منی لەسەر تەختەرەشەکەوە هەلوا سی بوو ، چونکە زیرەکترین قوتا بی بووم . ئیستا ش شیوەی ئەو ما موستا یەم لەبەرچا وە کەلە کۆتا یی سا ل دا خەلاتی بەسەر یەکەم و دووەم و سێ یەم دا دابەش دەکرد .. هەریەکەو قەلەم پا نداێک و توقەیەکی پرچی خەلات کردین

توقەی هەموو کچەکا ن سەوز بوو تەنیا هی من نەبێ کەسوورمەیی بوو . هەموویا ن پێ یا ن خۆشبوو توقەکەیا ن لەگەل ئەوەی من بگورنەوە بەلام من را زی نەبووم .

ئێستا ش وا لەها وەلە قوتا بیەکا نم دوورکەوتمەوە .. کەگەیشتینە دا رستا ن و چیا ،لەتەرا کتۆرەکە دابەزین وبەپێ رۆیشتین .. ئەلبەتە من دووبا رە سوا ری ولاخەکە بوومەوە .. رێگا یەکی دوورو درێژوسەخت بوو تا گەیشتینە لوتکەی چیا کە .. هەردەلێ ی ئێستا یە , ئێمە نا زانین چ رێگا یەکێ بوو , چونکە قەت نەما ندیبوو .. لایەکما ن تا ڤگەبوو و لایەکەی تریش دا رستا ن .. خورەی تا ڤگەکەئەوەندەبەتین بوو کەسەرما ن لەگەلّی دا گێژدەبوو . دا یکم بەدەم رێگا وە نزای دەخوێند .. چا وسا خەکەما ن زۆر چوست بوو ، ئەوبۆ ئەوەی ورە بەر نەدەین هەردەقیقەیەکێ نا دەقیقەیەکێ ها نی دەدا ین تا بەرێگادابڕۆین دەیگوت : ئێستا دەگەین .. ئەلبەتە تا دەقیقەیەکی تر دەگەین – ئێمە شیویشما ن نەخوا ردبوو ، تەنیا نا وەنا وە لەوکێکێ وکولیچەیەمان دەخوا رد کەفا تیمەخا ن بۆی دروست کردبووین هەمووما ن دەستی یەکترما ن گرتبوو ، لەپرقا چی ئا زا دی برا م خلیسلکا و ئەگەر خۆی بە بەردێکێ نەگرتبا یەوە دەکەوتە نا و تا ڤگەکە .. چا وسا خەکەما ن کە پیا وێکی خا وەن ئەزموون بوو ، گرتیەوە و نەیهێشت بکەوێ ، منیش جا رێک لەولاخەکەوە کەوتم و ئیدی لەترسا نا سوا ری نەبوومەوە .. ئەوەندەی دا یکم و با وکم هەولیا ن دا بێ سوود بوو .. دوا ی ٦ سەعات بەهەورا ز هەلّگەڕا ن گەیشتینە سەری لوتکەکە .. چا وسا خەکە "٥" دنیا ری لەبا وکم خوا ست ، بەلام با وکم " ١٠ " دنیا ری دا یێ ، چونکە براکەمی لەمەرگێ رزگا رکردبوو .. پێشمەرگە کوردەکا ن کەدژی صەدا م دەجەنگین گوما نی ئەوەیا ن لێ کردین نەبا دا سیخور بین ،

بۆیە چەند پرسیارێکیان لەباوکم کرد :

– لەکوێ را هاتوون ..؟

– لەهەولێر .

پاشان کەلێمان دلنیابوون چەند بەتانیەکیان پێ داین تا پێ ی بخەوین ، رۆژی دووەم کەلەخەو هەستاین لەوباوکمیان پرسی :

– دەتانەوێ بوکوێ بچن ..؟

– دەمانەوی بچینە ئێران .. تکاتان لێ دەکەین رێنماییمان بکەن .

ئەوانیش رازی بوون کەرێنماییمان بکەن بەرەو ئێران .

جێگاکەمان لەگەلی یەکدابوو، بەلام چونکە لەقەدی چیا بوو ئاوی لێ نەبوو ، ئێمە زۆر رۆیشتین تاتوانیمان ئاو بخۆینەوە. شەوداهات، شیومان خواردو هەریەکەمان خزاینە گۆشەیەکەوە ، بەلام باوکم لای ئەوان مایەوە ، لەیەکێکیانی پرسی :

– تۆپ دەگاتە ئێرە ..؟

– نە،

– چۆن ..؟

چونکە ئێمە شوێنەکەمان زۆربەرزە وتۆپ نایگرێتەوە ..دوای ئەم یەکدووقسەیە باوکیشم چوە لای براکەم و لەتەکیەوە خەوت .

سەعات سێ ی شەوبوو ئێمەیان وەئاگا هێنا و پێ یان گوتین :

– ئەگەر دەتانەوێ برۆن ئێستا برۆن ، دنیا تاریکە ، چونکە رووناکدابێ سوپای عیراق بەدووربین دەتانبینن وتۆپ باراتنتان دەکەن . ئێمەش لەخەو راپەرین و دووبارە رێگامان گرتەبەر، بەیەک ولاخ ئێمەیان رەوانەکرد. ئەمجارەش هەرمن سواری ولاخەکە بووم ، جاریک هێندەی نەمابوو بکەومەناو گەلی یەکە، بەلام باوکم کەلە پشت منەوە دەرۆیی منی گرتەوە ، دیسان نەوێرام سواری ولاخ ببمەوەو بەراکردن بەرەولای دایکم و براکەم رۆیشتم کەتەماشای منیان دەکرد . دایکم پێ ی گوتم :

– کچی خۆم‌تۆمنالّی و ناتوانی بەسەرئەم کێوانە بکەوی ، برۆ سواری ولاخەکەبەوە

– نا .. دایە سوارنابم ، لەگەل ئێوە بەپێ یان دەڕۆم .

رێگاکە ئەوەندە باریکەو سەخت بوو یەکەلەدوای یەکەدەڕۆیشتین بەلام ئێمە بەورەیەکی بەرزەوە سەردەکەوتین ، ئەگەرچی دەمانزانی

له‌وانه‌یه جارێکی تر چاومان به‌زێدی خۆمان نه‌که‌وێته‌وه ئیتر به دیداری خزم و ناسیاوه‌کانمان شادنه‌بینه‌وه . به‌لام له‌گه‌ل ئه‌وه‌شدا هه‌ر رۆیشتین ، سه‌عات " ١٠ " ی سه‌رله‌به‌یانی بوو گه‌یشتینه ئێران کاتێ که‌ته‌ماشای پشته‌وه‌ی خۆمان ده‌کرد ئیدی عیراق دیار نه‌ما .. ئه‌وه‌ی ده‌مانبینی و لێمانه‌وه دیاربوو ته‌نیا خاکی ئێران بوو و هیچی تر .

" به‌شی دووه‌م "

ته‌نانه‌ت چیا به‌رزه‌کانی کۆیه‌شمان لێ دیار نه‌ما ئه‌وکاته زانیم ئیدی ولاتی خۆمان نابینمه‌وه .. به‌فرینی ده‌سته‌خوشکم نابینمه‌وه .. ئاخ .. پرچێکی چه‌ند درێژو جوانی هه‌بوو. به‌رده‌وام له‌ریزی دواوه‌ی پۆله‌که‌مان داده‌نیشت. ئه‌و کاتانه‌ی به‌ره‌و مال ده‌بووینه‌وه خواحافیزیمان له‌یه‌کتر ده‌کرد و بای بایمان ده‌کرد .

کوردێکی زۆر ئاواره‌و سه‌رگه‌ردان کران . ئێمه یه‌که‌م ودوامین نه‌بووین . خۆئه‌گه‌ر رژێمی عیراقی هه‌ره‌شدی له‌سێداره‌دانی لێ نه‌کردباین ئێستاش هه‌رله‌وێ بووین . بۆده‌بوو له‌خزم و دۆستانی خۆمان جیا ببینه‌وه . ئایا باوکم و دایکم ناچاربوون به‌که‌س نه‌لێین ئێمه ده‌چینه ئێران . ئێستاش شوینه‌واره‌کانی ولاته‌که‌م له‌به‌رچاوه له‌وانه شاری باری،بازاره‌که . له‌به‌رچاومن .. له‌وانه‌یه ئه‌گه‌ر هه‌ندێ ولاتی گه‌وره کۆمه‌کیان بکردباین وابێ مال حال نه‌ده‌بووین .. زۆربه‌ی خه‌لک ئێستاش ده‌لێن :

ـ بۆئه‌م کوردانه بێ مال وحال بوون ... ؟

ئه‌گه‌ر ئێوه به‌پێکه‌نینه‌وه ئه‌م قسانه ده‌که‌ن ، من به‌توره‌ییه‌وه پێتان ده‌لێم : چۆن ده‌توانی ئه‌م قسانه بکه‌ی ، ئایا ئه‌وان وه‌ک ئێوه مانان خوێنده‌واری یان هه‌یه .. ؟ ئایا که‌س ده‌ستیان ده‌گرێ بۆ قوتابخانه‌یان ببه‌ن .

ئه‌گه‌ر وا کوشت و بریان نه‌کردبان ئاوا بێ مال وحال ده‌مانه‌وه؟

سه‌عات " ١٠ " ی سه‌رله‌به‌یانی گه‌یشتینه سنووری ئێران .. زۆر گه‌رما بوو.. ماندووبرسی بووین له‌وه‌ش خراپتر زۆریش تینوو بووین. هه‌ندێ له‌کورده‌کان نان و خواردنیان بوهینایین . پێ یان گوتین چاوه‌روان بن تا ئۆتۆمبیل ده‌گات وبومه‌ریوانمان ده‌به‌ن.سه‌عات چواری

دوای نیوەڕۆ ئوتومبیلەکە هات و هەموومان سواربووین ، بەدەم ڕێگاوە هەزارویەکێ بیروهزو بەمیشکمدا دەهات، نەمدەزانی لەسەر کامیان بگیرسێمەوە ..

— کچی خۆم هەستە واگەیشتین .

ئەم دەنگە دەنگێکی ئاشنابوو .. دەنگی بەسۆزی دایکم بوو ، دیسان ئەوبوو وەکێ فریشتە منی لەخەو بێدار کردەوە .

ئێستاکە ئەو کاتانەم دێتەوە بیر ، هەربەخەون و خەیالیان تێ دەگەم . بەهەرحال گەیشتینە مەریوان . سەرەتا چووینەلای پارتیەک دژی صەدام دەجەنگا .. بارودۆخی ئەوێ بەتەواوی شپرزە بوو .. هەرلەوێ ئێمە لەدوای شوێنێکێ دەگەڕاین لێی دانیشین ، کوردێکی ئێرانی ئێمەی بردە ماڵەکەی خۆیان ، بەبانگهێشتنەکەی ئەو زۆرشاد بووین وچووین . لەماڵەکەی ئەوان جل و بەرگیخۆمانمان گۆڕی و نانمان خوارد دوای نان خواردن باوکم لەگەل کاکێ محەممەد کەوتنە گفتوگۆ :

— لەبەرچی وڵاتەکەی خۆتان بەجێ هێشت ..؟

— ناچار بووین ...

— چۆن ...؟

— چونکە ئێمەیان بەزیندان و سێدارە حوکم کردبوو .

— ڕەنگە هەر هەڕەشەو گورەشە بووبێ .. ئەگەر ئێستاش دەتوانن بگەڕێنەوە . ئەگەریش نا .. ئەوا خۆتان بە " مانگی سوور " ی ئێرانی بناسێنن .

باوکم خەیال بردیەوە .. خانەوادەکەی کاکێ محەممەد ماڵێکی زۆر میهرەبان بوون . پەنجەرەکانیان لەبەر بۆمبارانی فڕۆکەکانی عیراقی تەواوی شکابوون . ڕۆژی دوایی پاش چێشت خواردن ئەوێشمان بەجێ هێشت و خۆمان گەیاندە " مانگی سوور " ی ئێرانی . لەوێ لێکولینەوەیان لەگەل کردین .. لەراستیدا ئامۆژگاریەکانی کاکێ محەممەد زۆریان کار کردەسەر دایکم و باوکم وبوە هۆی ئەوەی بچیە بارەگای مانگی سووری ئێرانی ...

ئایا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ وڵاتەکەی خۆمان ..؟ ئایا جارێکی دی ئەو بووکۆکەی ئەوەندە بۆی گریام دەبینمەوە ..؟ ئایا ئەو دەستە خوشکەی بەپرچە درێژوجوانەکەیەوە پێکەوە یاریمان دەکرد دەبینمەوە ..؟ جارێکی تر پوورم دەبینمەوە ..؟ دەکرێ جارێکی دی

سەخت بوو ، چونکە گەرما و ئاو هاوبەش بوو هەر "١٥" رۆژ جارێک ئازوقەیان دابەش دەکرد ، ئەوەی ئێمە بەشی دەکردین، جگە لەبرنج ، چونکە ئێمە بە بەراورد لەگەل ئێران پتر برنجمان دەخوارد ، زۆربەی خواردنەکانمان بەبرنج سازدەبێ . لەدەوروبەری وەرامین کێلگەی زۆرهەبوون ئێمە هەموو رۆژی دوای نیوەڕۆیان دەچووین سەوزی و میوەمان دەکڕی .. هەرکاتێ یەکێک بۆ ئۆردوگا هاتبا هەموو بەرەوپیریەوە دەچوون ، تادەرباڕەی بارودۆخی عیراق پرسیاری لێ بکەن و دەنگ و باسی تازەببیستین . زۆرجار کەسانی بوون خزم و ناسیاویان لەناو خەڵکەکە دەدۆزیەوە هەموو خەلکی ئۆردوگا حەزیان دەکرد لەجەنگدا ئێران سەربکەوێ ، بۆئەوەی لە دەستی صەدام رزگاربین و بۆ وڵاتی خۆمان بگەڕینەوە . هەموو بەیانیان لەئۆردوگا نانی گەرم وپەنیرو کەرەیان دەدایێ ، دەولەت تا ئەو شوینەی بوی دەکرا پێدا ویستیەکانی ئێمەیان دابین دەکرد . خەلکیش دەیانزانی ئێران لەکاتی جەنگدایە ولەوەزیاتری لێ چاوەروان ناکرێ .

شەوێکیان زۆربەسەختی نەخۆش کەوتم ، باوکم سەد دانە حەبی ئەسیرینی پێ دام ، ئەوەش بوە مایەی زیاتر خەست بوونی نەخوشیەکەم . دکتۆرێک کەبرادەری باوکم بوو ، بەریکەوت ئەوشەوە هاتە مالمان ، من هاورێی زۆرم هەبوون لەئۆردوگای وەرامین ، شەوانی هەینی کۆدەبووینەوە ، بەپەلکە شووتی یاریمان دەکرد ، هەندی جاریش موشەک بازیمان دەکرد ، خەلکەکە زۆر لەئوردوگای جەهروم دەترسان ، چونکە زۆر دوور بوو ، ئان ئاخیری ئێمەیان گواستەوە بۆئەوێ ، بەلام بەپێچەوانەی هزری ئێمە جەهرومجێگایەکی ناخۆش نەبوو ، لەوێش ژوورێک بەتانیا و خواردەمەنی یان پێ داین زۆربەی خێزانەکان پێش ئەوەی ژوورەکانیان رێک بخەن دەیانشووشت دایکیشم ویستی ژوورەکە بشوات ، دەستە خوشکێکی دایکم کەپێشتر لە ئێمە چوبوونە ئۆردوگای جەهروم ، لەپەنجەرەکەوە ئاوی دەدایە دایکم وئەویش ژوورەکەی دەشووشت ئەو کاتە دایکم پێی گوت، تۆ ئیتر ئەزیەت مەکێشە خۆمان ئاو دێنین . زۆرم لاسەیربوو ، چونکە من وام هەست دەکرد ئەو لەژوۆرەکەی خۆیانەوە ئاو بۆدایکم دێنێ کاتێ کەلەگەل دایکم قسەم کرد بەپێکەنینەوە گوتی :

– رۆلە بزانە کەبەهەلەچووبووی ، شێرەی ئاو گشتیە، خۆئەگەر

لەژوورەکەی ئەوان شێرە هەبوایە ئەوا لەژوورەکەی ئێمەش دەبوو دەبرۆ ئێستا خۆت ئاوبێنە .

– بەسەرچاو دایکە . بەڵام پەقرەج لەکوێ بینم ..؟

دایکم بەپێکەنینەوە گوتی :

– مەگەر ئاگات لێ نیە پەقرەجەکە بەدەست خۆتەوە .. ؟

خێرا پەقرەجەکەم هەڵگرت وبەرەو شێرەی ئاوەکە رۆیشتم . ئەوێ زۆر قەرەباڵغ بوو ناچار وەستام تانۆرەم گەیشتێ . پاشان بێ ئەوەی پەقرەجەکە پڕئاو بکەم بەهەمان رێگاکەی خۆم داگەڕامەوە کەبەدایکم گوت قەرەباڵغە پێکەنی و گوتی :

– لەو شوێنەی کەئاو زۆرە مرۆڤ قەدری نازانێ ، بەڵام کە کەم بێت قەدری دەگرێ ، ئەرێ وانیە .. ؟

– بەلێ دایکە هەروایە ..

– دەئێستا پەقرەجەکە بدە خۆم بابچم ئاوبێنم ، ئەگەر حەزیش دەکەی لەگەڵما وەرە .

– باشە منیش دێم .

– دەبێ تۆش پەقرەجێک بێنی .

– سەرچاو دایکە .

دوای ئەوەی پەقرەجەکەم دەست دایی بەگەل دایکم کەوتم . دوای ئەوەی کەنۆرەمان هات پەقرەجەکانمان پڕکردن و بەرەو ماڵەکەمان گەڕاینەوە کەتاکە ژوورێک بوو .. دوای ئەوەی دایکم ژوورەکەی شووشت ، تەواوی کەل و پەلەکانمان بردە ژوورەوە و رامان خست ، لەپاشان خواردنمان دروست کردو قاپ و قاچاخەکانمان شووشت ولێی نووستین

زۆربەی هاولەکانم کەلە وەرامین بوون ، ئەوانیش هاتنە جەهروم ، پێکەوە یاریمان دەکرد ، ئەوەی چارشێوی هەبوو دەیهێناو یاریمان دەکرد ، بەم جۆرە یەکێک لەپێشەوە دەوەستا و ئەوانی دی لەدوای ئەو دەوەستان وەک شەمەندەفەرێک دەڕۆیشتین و گۆرانی کوردیمان دەگوت .

رۆژێکیان کەبەتەما بووین بخەوین ، یەکێک لەدەرگای دا ، کە دایکم دەرگاکەی کردەوە تەماشای کرد ژنەکەی کاک زاهیرە .

– فەرموو وەرە ژوورەوە .

– شەوتان باش ، حەزمان دەکرد ئەمرۆ بێنە ماڵی ئێمە .

- بۆچ ..؟
- چونکە ئەمرۆ جەژنی لەدایکبوونی " هەودا " ی کچمە
- باشە دێین بەڵام پێم بڵێ ئەمەنی چەند ساڵەیە .
- یەک ساڵەیە ببورە کەزەحمەتم دان ئەوماڵە هەرئاوەدان بێت
- خوات لەگەڵ
کەدایکم هاتە ژوورەوە لێم پرسی :
- دایکە چ کارێکی هەبوو
- گوتی دوای عەسر بێنە ماڵی ئێمە .
ئازادی برام بێ ئەوەی لێبگەرێ دایکم قسەکەی تەواو بکات پرسی :
سامان - بۆچی دایکە ..؟
- ئەمرۆ جەژنی لەدایکبوونی کچەکەیانە
- سەعات چەند دایکە
- سەعات - ٣ -
ئازاد - زۆر زووە دایکە .

باوکم - راستە رۆڵە زووە ، بەڵام دەتوانین درەنگتر برۆین
دایکم - دەباشە چاکتر باکەمێک ئیسراحەت بکەین .
سەعات دەوری ٤/٣٠ بوو هەموومان چووینە ماڵی کاکە زاهیر ، لەوێش پێکەوە وێنەمان گرت و لەجەژنی لەدایکبوونی هەودای کچیان دا ئاهەنگمان گێرا .
سەعات ٥/٣٠یش گەراینەوە بۆ ماڵەوە .

# گفتوگۆیەک لەگەڵ شاعیرێکی ئیلامی



بەهروز یاسەمی

ئیلام ،پارێزگایەکی کوردی یە کە لەدوورترین ناوچەی باشوری کوردستاندا هەڵکەوتووەو بەکەژو کێوی بەرزو سروشتی جوان و رەنگین رازاوەتەوە، بەڵام ئەمیش هەروەکو شارەکانی تری کوردستان بێ بەش بووە لەهەموو جۆرە پێشکەوتن و بایەخ پێدان و ئاوەدان کردنەوەیەک. لەدێر زەمانەوە نیشتگەی کوردی رەسەن بووە کە بەزمانی کوردی(زاراوەی لوڕی) دواون و شانازی دەکەن بەوەی کە کوردن و بە زمانی کوردی دەدوێن ، وەبێجگە لە چینی رۆشنبیرو خوێندکارانی ئەم پارێزگایە کە بەفارسی دەدوێن(جگەلەزمانەکەی خۆیان)هەموو کورد زمانن . لەم شارەدا شاعیری گەورە بەرچاو ناکەوێت، بەڵام تازە شاعیرو لاوانی ئەم شارە خەریکن خۆیان بگەیننە جیهانی وێژەو ئەدەب بۆ پاراستنی پێناسەی رەسەنی کوردی خۆیان . ئەمەش وێڕای دووری ئەم پارێزگایەو سیاسەتی رژێمە یەک لەدوای یەکەکان بۆ تەفرو تونا کردنی رۆڵەکانی یەک میللەت . وەبۆ ئەوەی لە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوایەتی و جیهانی بەر بڵاوی شیعر لە پارێزگای ئیلامدا شارەزایی پەیدا بکەین چاومان کەوت بە شاعیری لاو (بەهروز یاسەمی) کە یەکێکە لە شاعیرەکانی ئەم شارەو نەخشێکی بەرچاوی هەیە لە رەوتی رۆشنبیری و ئەدەبی دا .

ـ ناوی بەرێزتان ، تەمەنتان و لە کەیەوە دەستتان بە شیعر نووسین کردووە؟

+ ناوم بەهروز یاسەمییە، تەمەنم ٢٣ ساڵە، نزیکەی چوار ساڵە لەگەڵ شیعر دەژیم، وەدەبێ سەرەتا ئەوە بڵێم کە خەڵکی بە هۆی شیعرە فارسی یەکانەوە من دەناسن، نەک شیعری کوردی .

ـ لە کوێ(چ بڵاو کراوەیەک ) شیعرەکانتان بڵاو کردۆتەوە ؟

+ شیعرەکانم لە گۆڤارەکانی(( اطلاعاتی هفتگی ـ کیهان فرهنگی ـ ادبستان )) وەچەند گۆڤارو کاتنامەیەکی دیدا بڵاو بونەتەوە .

ـ کام شاعیرانە کاریان کردۆتە سەر شیعرەکانتان ؟

+ هەر شاعیرێ لە سەرەتاوە، بیەوێت یان نەیەوێت . دەکەوێتە ژێر کاریگەری شاعیری یان چەند شاعیرێکەوە، گرنگ ئەوەیە کە ئەم کار تێ کردنە چەند دەخایێنێ.ئەگەر ماوەیەکی کەمی خایاند، شاعیر سەر کەوتووە، بەڵام ئەگەر درێژەی کێشا ، شاعیر لەژێر سایەی ئەو کار تێ کردنەدا ون دەبێت . من سەرەتا لە ژێر کاریگەری(حافظ)دا بووم کەوا بیر دەکەمەوە دەستم لە داوێنیان بەردابێ ، وەهێدی هێدی گەرەکمە زمانێکی شیعری سەربەخۆ وتایبەت بەخۆم بدۆزمەوە .

ـ شیعری کوردیتان خوێندۆتەوە، راو بۆچوونتان چۆنە ؟

+ بێگومان فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی یەکێکە لە دەوڵەمەند ترین ، رەسەنترین و کۆنترین فەرهەنگەکانی جیهان ، کە ئەفسوس، زۆر هۆ، کە باسکردنیان لێرەدا کاتی زۆر دەوێ نەیهیشتووە وەک پێویست لە نێوان خەڵکی جیهاندا جێی خۆی بکاتەوە. تائەو شوێنەی کە من شیعری کوردیم خوێندوتەوە، ئەگەر شاعیرانی کورد، باشتر لە شاعیرانی فارس زمان شیعریان نەگوتبێ ، لەوان کەمتر نین . وەهەر چەندە وەرگێڕانی شیعر لە ناسکی و رەوانی شیعر کەم دەکاتەوە، هەمان مەسەلە، واتە وەرنەگێڕانی شیعری کوردی بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاشنایەتی لەگەڵ شیعری کوردیدا ( جگە لە زمانی کوردو کوردستان)کەمبێت . **ئەو سۆزەی کەلە شیعری عارفانەو عاشقانەی شاعیرانی کوردا هەیە ، کەمتر لە شیعری شاعیرانی گەلانی تردا بەدی دەکرێت .** وەهەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە شیعری شاعیرانی کورد لەدڵ و ناخی میللەتی کوردا جێی خۆی بکاتەوە، هەر وەک لە گۆرانییە فۆلکلوری و پەندەکانیاندا زۆر سودیان لە شیعری شاعیران وەرگرتووە،

ـ کام شاعیری کورد شیعرەکانی کاری تێ کردویت ؟

+ من شیعرەکانی مامۆستا وەفایی ـ مەولەوی ـ گۆران ـ عەبدوڵڵاپەشێو ـ شێرکۆ بێکەسم خوێندۆتەوە بە شیعری ئەم شاعیرانە زیاتر ئاشنام تاکو شاعیرانی دی . ئەڵبەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە کەمتر ئەم شاعیرانەمان ناسیوە، جیاوازی لەهجەکەمان بووە، چونکە ئێمە گشتمان کوردین ، وەتەنیا لەهجەمان جیاوازە کە ئەم جیاوازیەش تێ گەیشتنی شیعری ئەم شاعیرانە لەلای ئێمە کەمێ قورستر دەکات .

ـ ناوچەکەمان پڕە لە شیعری فۆلکلۆری ، ئایا لە شیعرەکانتا سود لە فۆلکلۆر وەر دەگریت ؟ !

+ من باوەڕێکی عەجیبم بە شیعری فۆلکلوری و ناوچەیی هەیە، وەهەوڵم داوە

لە شیعرەکانمدا فەرهەنگ و داب و دەستور و نەریتی کورد بەگشتی و ناوچەکەم بەتایبەتی زیندو بکەمەوە. کاتێ کە شاعیرێکی کورد بۆ نموونە شعرێک لەژێر ناونیشانی (( شیرین تەشی دەڕێسێ ))دا دەهۆنێتەوە. ئەمە تایبەت بەزمانی کوردە، وەبنەچەو بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی کورد، چونکو خەڵکی تر شتێک بەناوی - تەشی، و رستنی خوری ، یا - تەشی رستنی - یان نیە ، بەوجۆرە کە لە ناو ئێمەدا باوێتی ،

- ئایا هەوڵتان داوە شیعر بەزمانی کوردی بنووسن ؟ !

+ بەداخەوە لە ئەمڕۆی ئیراندا ، رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان، چالاکیان کەمە، وەئەگەر ئێمە شیعرێک بەزمانی کوردی بنووسین ، خوێنەرەکەی تەنیا خۆمان و هاوڕێ و دۆستەکانمان دەبێت . ئەمەش زیانێکی گەورەی لەگەنجەکانی ئەم ناوچەیە داوە کە هەمووشیان بەزمانی کوردی قسەدەکەن، وەدەبینین زیاتر بەفارسی دەنوسن تاکو کوردی که زمانی دایکی خۆمانە. سەرەڕای ئەمەش ئێمە نائومێد نەبووین ، وەجارجار شیعر بەکوردی دەنووسین ئەگەر چی خوێنەرەکەشی تەنیا خۆمان بین ،

- تۆ بەزاراوەی(لوڕی) قسە دەکەیت ، هەندێ کەس ئیدعا دەکەن کە ئێوە کورد نین ، وەڵامتان چیە ؟

+ هەر وەک لە پێشەوە باسم کرد، بەو جۆرە نیە کە ئێمە کورد نەبین ، تەنیا جیاوازی لە زاراوەماندا هەیە، زمانی کوردی لە چەند لەهجەیەکی جیاواز پیک دێت (لوڕی ) یەکێکە لەو لەهجانە .

- ئایا لە ناوچەی ئیلام شاعیرانێ هەن بایەخ بدەن بە شیعری کوردی ؟

+ بەڵێ ، لە ئەنجومەنی شیعردا کە هەموو هەفتەیەک کۆڕ دەبەستێ ، هەوڵ ئەدرێت کە شاعیران هان بدرێن بۆ شیعر وتن بە کوردی ، هەرچەندە ئەم مەسەلەیە هێشتا بەتەواوی جێی خۆی لەناو خەڵکدا نەکردۆتەوە، بەڵام بەگشتی دەبێ بەرامبەر داهاتوو خۆشبین بین . ئەڵبەتە ئێمە هەوڵ ئەدەین کە شیعرە کوردیەکان لە قالبی عروزو بەحری شیعرە کلاسیکیەکاندا بێتهەر وەک شیعری فارسی و عەرەبی ، چونکو هەر وەکو خۆتان دەزانن شیعری ناوچەیی و فولکلوری ئەم ناوچەیە زیاتر پەنجەیی بەقەولی ئێوەو هیجاییە بەقەولی ئێمە ،وەتەنیا ژمارەی هیجاکان رەچاو دەکرێت وەئەمەش هەڵەیە، دەبێ لەقالبی وەزنەکاندا بێ . هەروەها لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم لەم کۆڕە شیعریانەدا شاعیرانێ هاوبەشی دەکەن کە شیعری فارسیان لە ئاستێکی بەرزدایە وەلە ئێراندا ناسراون و بەکوردیش شیعری بەرزیان هەیە، لەوانە کاک (عبدالجبار کاکەیی - زاهیر سارامی - سیروس ئەسەدی ) وەچەندانی دی .

- ئارەزووت چیە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی شیعری کوردی لەم ناوچەیەدا ؟

+ هەمیشە گەشەکردن و پێشکەوتنی شیعری کوردی یەکێک لەئارەزووە دێرینەکانم بووە، وەئەمەش بەدی نایەت، مەگەر بەهەوڵ و کۆششی ئەولاوانەی کە شیعرو ئەدەب دۆستن و دڵیان بۆ ئەدەبی کوردی لێ ئەداو خوێن و غیرەتی کورد بوون و بەکوردی مانەوەو بەکوردی مردن لەناو دەمارەکانی لەشیاندا دەگەڕێت

ئەمە لایەنیکی مەسەلەکەیە، لایەنێکی تر زەمینە خۆشکردن بۆ چاپ و بڵاو بوونەوەی نووسین و شیعری کوردییە، چونکە گرفتی ئێمە چۆنیەتی بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکانمانە لەناو خەڵکیدا، ئەگینا گرفتی کەمی شیعرمان نیە. کەم بوونی گۆڕەپانی بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکان، لەکەم بوونی بەرهەم گرنگ ترە، تاکو بازاڕێک بۆ پیشاندانی کالایەک نەبێ، ناتوانرێت ئەو کالایە پیشان بدرێت، بۆیە جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم تاکو ژمارەو تیرازی رۆژنامەو گۆڤارە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی کوردی زیاتر بێت، زەمینەی داهێنان و توانای لاوەکان، خۆشتر دەبێ.
لەکۆتایی دا گەشەو پێشکەوتنی زمانی کوردی و تەمەن دریژی ئەو کەسانەی کە دڵ سوتاو و زەحمەت کێشی زمان و فەرهەنگی رەسەنی کوردین، لەخوای گەورە داواکارم، وەهیوادارم کە درەختی کۆنی شیعری کوردی هەرچی زیاتر بەبەرترو سایەی فراوانتر بێ تاکو هۆزی ماندووی ئەم خاک و ئاوە لە ژێریدا، پشوو بدەن.

ئامادەکردنی: م . م
( ئیلام )

# کاتی شیعر

جون سرحەر وەرگێڕانی :شەماڵ

ئەو هوتێلەی لێیم ،دەڕوانێتە سەر دەریاچەیەکی بچوک، لەسالانی دووەمین شەری جیهاندا یەکێک بوو لە بارەگاکانی (گیستاپۆ) ،لەم شوینەدا تەحقیقیان لەگەل خەلکی دا دەکرد و ئەشکەنجەیان دەدان .ئیستاش بینایەکە بوتە هوتیل، دیمەنی ئاوی دەریاچەکەو کیوەکانی بەرامەر کەلەباڕی هوتیلەکەوە دیارن، نیگارکیشە رومانسیەکان تابلویەکی ناباجی لی بەدی دەکەن.قوربانیەکان کاتیک بو ژووری تەحقیق دەچوون،یان دەگەرانەوە،هەمان دیمەنیان بەرچاو دەکەوتە،دوستانی قوربانییەکانیش زەبوونانە رووبەرووی بیناکەیە رادەوەستان و تەماشای ئەو شوینەیان دەکرد،کەکەس و کارەکانیان تیایدا دووچاری ئازاربکی لەرادەبەدەر،یان مەرگیکی پەیتا پەیتا هاتبوون. ئاخو لەنیوان جوانی وئەو چارەنووسەی تووشی هاتبوون چیان بەدی دەکرد؟

ئەزموونی ئەشکەنجەدانی خەلک ،یەکیکە لەو ئەزموونانەی وەسف کردنیان زور قورسە ،نەک هەرلەبەر توندو تووشی ئازارەکەی،بەلکو لەبەرئەوەی ئەشکەنجە کاریکی ناکوکە لەگەل خودی ئەو "فەرەزییەی ـ افتراض" .هەموو زمانەکانی لەسەر دامەزراوە .ئەشکەنجە زمان وردوخاش دەکات گەرەکیەتی زمان(اللغه) لەقورگی دەنگ و وشەکان و راستی دامالی .قوربانیەکانی ئەشکەنجە لەوە حالین: ( دەیانەوی تیکم بشکینن) بەرگری زیندانیی (السجین) کە ئاراستەی ئەو بەشەی دەکری،کەتووشی تیکشکان هاتووە ،تاکو سنووریکی بو دانی .ئەشکەنحە لەباریەک دەردینی:

**ئەگەر وێنەی جەستەی منیان نیشان دای**
**باوەڕیان پێ مەکە**
**ئەگەر پێ یان وتی**

مانگ مانگە
باوەڕیان پێ مەکە
ئەگەر پێیان وتی ئەوەی سەر کاسێت دەنگی منە
ئەوە ئیمزای سەر کاغەزی دانپیانانی منە
ئەگەر پێیان وتی درەخت درەختە
باوەڕیان پێ مەکە
باوەڕیان پێ مەکە
ئەوەی پێت دەڵێن
ئەوەی سوێندی بۆ دەخۆن
ئەوەی نیشانت دەدەن
باوەڕیان پێ مەکە ...

ئەشکەنجە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە ،ئەمرو بەدووبارە سەرهەلدانەوەیەو شیوە بەربلاویە ،خەلکی سەرسام کردووە ،رەنگە هوی سەرسامیەکان ئەوەبی کە باوەربان بەبوونی خراپە نەمابوو ،زەبری ئەشکەنجە لەبەر ئەوەنییەرادەیلە کەمبوون دایە ،یان سەر بەرابردووە ،بەلکو زەبرەکەی لەو کارەساتەیە کەبە خەنکی دەکا ،پیچەواندی ئەشکەنجە ،پیشکەوتن نیبە ،بەلکو چاکەیە .

زورەی ئەشکەنجە پیستەکان ـ ئەشکەنجە دەرەکان ـ مەرج نییە سادی بن واتە حەز بەئەشکەنجەکردنی مروف بکەن،ئەوانە پیاو و ئافرەتی لەمەوبەر ئامادەو دەستەمو کراون،تا پەیرەوی کردا ریکی دیاریکراوبکەن ولەپاشان دا لە خویانەوە پەیرەوی لیدەکەن،فیرگەی رەسمی و نارەسمی بو جەللادەکان هەیە کەلەلایەن میرییەوە هەلدەسوریندری،بەلام پروسەی ئامادەکردنی سەرەتایی ، پیش فیرگە دەستپیدەکات ،لەسەر ئەو فەرەزیە ئایدیولوژیانەی دەلین: کەسانیک هەن لەخەلکی جیاوازن و ئەو جیاوازییەش زور مەترسی هەیە ، پیویستە (ئەوان)لەباریەک دەربینین چونکە لە (ئیمە )ولە (ئیوە )جیانو دوەمین وانە لەفیرگەکانی ئەشکەنجەدا فیر دەکرین: جەستەیان(ئەوان)ساختەیە ،ئەوان پیان وایە لەگەل ئیمەدا یەکسانن و جیاوازیان نییە ، ئەشکەنجەدان سزای ئەو درویەو ساختەبازییەیانە ،تەنانەت جەللادیش لەسەرەتادا ئەوەی فیری بوە دەیخاتە بەرپرسیار ،لەترسی ئاقیبەتی ئەو رەفتارەی لەرابردوو و ئەنجامی داوە ،لەئەشکەنجەدانی ئەوان بەردەوام دەبی.جەللادەکان تاکو کەولی خویان لەئەشکەنجە رزگاربکەن،ئازاری خەلکی دەدەن.

بەم دواییە رژیمە فاشیەکانی ئەمریکای لاتین هەولیان دا مەنتیقی ئەشکەنجە بەرفراوان بکەن،بویە بەوە نەوەستان جەستەی قوربانییەکان لەت و پەت بکەن،بەلکو هەولیان دا ناویشیان لەت وپەت بکەن تاکو نەناسرینەوە ،

هوی ئەوەش شەرمەزاری یان هەستبەبی ئابروبوون نیـیە ،بەلکو مەبەستیان پاکتاوکردنی هەموو شوینەواریکی شەهیدو قارەمانەکان و دروستکردنی ئەو پەری ترس و توقاندن لە ناو خەلکی دا .

بەئاشکرا پیاویک یان ئافرەتیک ،شەوانە لەمالەوە یان بەروژ لەسەر کارەکەی دەسگیردەکری و ژمارەیەک ئادەمیزاد بەجل وبەرگی مەدەنیەوە لە ناو ئوتومبیلی دەکەن وبی سەرو شوین دەبی و هیچ شوینەواریکی لەدوا بەجی نامینی ،پولیس ،وەزیرەکان،قازییەکان حاشا لەوە دەکەن کەشتیک دەربارەی ون کراوەکە بزانن کە لەزیندانیکی ئیستخباراتی سەربازیدا قایم کراوە .

مانگ و سال تیدەپەرن،دەستشووشتن لەژیانی سەرنگوم کراوەکان مانای خیانەتکردنە لەوانەی بەزور لەئامیزی کەس وکاریاندا دەریان هینان،زیندو بوونیشیان مانای ئەوەیە هەروا بەگری دەکەن،لەژیر ئەشکەنجەدا نەمردون .

تا ناچار دەبیت دوای ماوەیەکی تر ،دان بەوە دانبیین کە ئیر نەماون .نە وشەیەک،نەهیمایەک، نەشوینیک، نەکەسیک هەیە بەرپرسیاربی .کەسیک شیک نابەی مەسەلەکەی بخەیتە بەردەم و سزایەکەش دوایی نابەتچونکە ئەسلەن سزایەک لە ئارادانیـیە ،وادیارە بی دەنگبوونیش مانای نەبوونی دەنگەو سی دەنگی لیرەدا بارودوخیکح کاریگەرەو بوتە ئامرازی ئەشکەنجەدانی دل.ئەو لاشانەی دەریا فریان دەداتە کەنار دوای ناسینەوەیان دەردەکەوی لە لیستی سەرنگوم کراوەکان تومار کراون .هەندی جار دوای ماوەیەک یەک دوو کەس لەسەرنگوم کراوەکان پەیدا دەبنەوەو بەدەگمەن هەوالی ئەوانی دیکە دەزانن،رەنگە بەو مەبەستە بەرەللاکراین بوئەوەی هیوایەک بوژیننەوە تا هەزاران دل ئەشکەنجە بدات .

دلەکان :

لەهەشتی ئایاری ساڵی رابووردووەوە ،

کوڕەکەم بزرە

وتیان بۆ چەند کات ژمێرێک لەگەڵ خۆمانی دەبەین

تاکو تەحقیقێکی رۆتینی لەگەڵدا بکەین

لەوکاتەوە ئۆتۆمبیلە بێ تابلۆکە رۆیشتووە

هیچ شوێنەوارێکی نەما

تا لەدۆستیکی مان بیست

کە تازە لەزیندان هاتۆتەوە

دوای پێنج مانگ دەسگیرکردن

لەکۆتایی ئەیلول دا

لەڤێللای کریمالدی "

لەژێر ئەشکەنجە دا بوو
لەخانووە سوورەکەی
بنەماڵەی گریمالدی
تەحقیقیان لەگەڵ دا دەکرد
دەڵێن بەدەنگ ،بەهاوار
دەستنیشانیان کردووە
ئاوا دەڵێن
ئێوەو خواتان پێم بڵێن
ئەو رۆژگارە چ رۆژگارێکە
ئەم دنیایە چ دنیایەکە
ئەم وڵاتە چ وڵاتێکە
لێتان دەپرسم
باوەڕ دەکرێ
خۆشی دایکێک
یان شادی باوکێک
ئەوەبێ ، بزانێ
ئەوان
ئەوان
تاکو ئێستا
کوڕەکەی
ئەشکەنجە دەدەن
دوای پێنج مانگ سەرنگوم کردنی
ئەوەبێ بەڵگەی زیندوو بوونی
ئومێدی گەورەتریشمان ئەوەبێ
کەلە ساڵی ئایندەدا
دوای هەشت مانگ
بزانین
هەروا ئەشکەنجەی دەدەن
رەنگە ، پێ دەچێ ، هزر دەکرێ
هەروا زیندوو بێ ...

بو بەرەنگاربوونەوەی ئەمجورە کردارانەو تەشەنە کردنی بەردەوامیان و تیوەگلانی دەزگاکانی (سی ئای ئەی)لە ئامادەکردنیان دا ،ئەگەر نەلیین لە جیبەجی کردنیان،پیویستە هەموو جورە شیوەکانی بیزاری دەربرین و بەرگری

چالاکانە (کومیتەی لیبوردنی نیودەولەتان بەشیک لەم چالاکیانە بەریوەدەبا) هەروەها شاعیرەکانیش هەلیەستدەنوسن ،یەکیکیان شاعیری چیلی ئاریـــــل دروفمانە (شیعرەکانی پیشەوە لە دیوانیکی ئەودا بەناوی ـ ون بوو ـوەریگیرا ون،لەبلاوکراوەکانی ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتانە) .تادی بەرهەمی شیعری دژی ئامرازی حەهەنەمی دەسەلاتە زوردارە هاوچەرخەکان پتر دەبی،کە زەبروزوریان وینەی زەبروزوری دوزەخە .

لەسەدەکانی هەژدەمین و .نوزدەمین دا ،زور لەبیزاری دەربرینی دژی زولمی کومەلایەتی بە شیوەی پەخشان نوسران،بیزاری دەربرینیکی ئاقلانەبوو ،بڕوەری هەبوو کەلەئاکامدا دانایی بەسەر خەلکدا فەرمان رەوا دەبی،و میژووش لەکەنار ئەقل دا لەنگەر دەگری،ئیستا مەسەلەکە بەم شیوە سادەیە نی یە، ئاکامی گەشتەکە بەهیچ شیوەیەک مسوگەرنی یە ناکری بە هیوای فریشـــتەی بەختەوەری ئایندە دەستبەرداری ئیش و ئازارەکانی ئیمرو و دوینی بین . خراپە واقیعیکە و دیارکەوتلەرەگ و ریشە دەرهینانی ئاسان نی‌یە،ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە شورش ـ ئاشتبوونەوەیە لەگەل ئەومانایەی کەدەبی بە زبان بیەخشری ـ دواخستن قبول ناکات ، ساتی راستی ،ساتی ئیستایە،شیعر بە ئامیزیکی والاتر لەپەخشان پیشوازی لەم راستی‌یە دەکات .شیعر راستەوخو لەگەل زام دەدوی

---

جون برجەر:

نووسەریکی مارکسی‌یە ،سالی ١٩٢٦ لە لەندەن لە دایک بووە ، لەبوارەکانی رومان،شیعر ،لیکولینەوە ،رەخنەی ئەدەبی و هونەری چالاکی بەرجەستەی هەیە . بەناوبانگترین رەخنەگری هونەریی جیهانە .

ژیانی عەمەلی لە تەلەفزیونی بەریتانیادا دەستیی کرد ،لەپاشان داگوشەی رەخنەی هونەری لە گوڤاری ( نیوستیتسمان ـ ١٩٥٢ تا ١٩٦٢) گرتە ئەستو ، سالی ١٩٥٨ رومانی( نیگارکیشیکی سەردەمەکەمان)ی نووسی دووەمین رومانـــی برجەر بەناوی( جەی G ) ژمارەیەک پاداشتی وەرگرت ،وەک یاداشتی( بروکر ماک کونیل)کەبەناوبانگترین پاداشتی ئەدەبی‌یە لە بەریتانیادا .

سالی ١٩٧٢ زنجیرەیەکی تەلەفزیونی لە کەنالی(بی بی سی )بەناونیشانی (تیروانین) بلاوکردەوەو لەپاشان لەکتیبیک دا چاپکراو داخوازی یەکی زوری لەسەربوو .کتیبی تیروانین ژمارەیەک وتار و لیکولینەوەی جوراوجـــوری بەخویەوە گرتووەو لەسەر ســی تەوەرەی رەخنەگرانە دامەزراوە، کـــالا و خاوەندیتی کەسایەتی و لەدایکبوونی تابلوی هونەری، دیمەنی ئافرەت لـــە هونەری روژئاوادا ،پروپاگەندەی بازرگانی و هونەرەی تەشکیلیەکان.ژمارەیک

وتارو لیکولینەوەی( تیروانین) سەبارەت ئەم بابەتانەن:
بوچی مایاکوفسکی خوی کوشـــت ؟،دیمەنی گیفارای شەهید گابریلگارسیا مارکیز (شاردنەوەی زازەکانی مەرگ )،کوچ ،بەکارهینانەکانی وینەگری فوتـو گرافی،فان گوک و بەزور نیگارکیشان بیکاسو: وینەکیشان و ناوچە میللـی- یەکان،جوتیاران و جیهانی نوی شیعرو ئەشکەنجە لەجیهانی سی یەمدا .......
بەشیکی ئەم وتارە کە بە ناونیشانی (کاتی شیعر)ە کراوەتە کوردی و لـــەم ژمارەیەدا بلاوکراوەتەوە .

ئەو پیاوە مرد
کە جگە لە دوو دەستی ئاوەڵا بۆ ژیان
شتێکی دیکەی نەبوو،
پیّی بەرگری لە خۆ بکا !
ئەو پیاوە مرد
کە رێگایەکی دیکەی نەبوو
جگە لەو رێگایەی تیایدا بێژیان
لە تفەنگ دەبێتەوە !

پۆل ئیلوار

# بەسەرهاتی (مۆمێ) لەگۆرانییەکی فۆلکلوریدا

ئامادەکردنی ئاریز عەبدوللا

زور جاران دەبینین ..دەبیسین،لەگەرمی زەماوەندیک یالە جەرگەی داوەتیک دا ،شایی گیریکی دەنگ زولال لەنیو تەپ و توزی هەلپەرکیدا ،لەگەل هەستان و تەکان و ،جوش و خروشی خوشی بونەکە ،وشەی جوان و پاراو تیکەلی سازگارترین ئاوازی رەسەنی کوردەواری دەکاو ،کزە لە دەروونەوە دینی و تەزوو بەگیانا‌دا تیپەردەکات . بەزمەکە هیندە گەرم دەکات خەلکەکە سەرگەرم و سەرخوشی بی بادە دەبن .لیرەدا خوشی و شادی دەگاتە لووتکەو بالی بەسەر هەموو کەسیکدا دەکیشی.بەلام کاتی گورانیەکەشی بکەینەوە دەبینین دەقەکەی مایەی غەموکەسەر و پەژارەیەو گیرانەوەی بەسەر هاتیکی ناخوش یا رووداویکی دلتەزینە .واتە هەوینی گورانیەکە رووداویکی ناهەموارە ،بەشیوەیەکی دیکە دەتوانین، بلیین: شین بەشایی دەگیردری .شین بو مەرگ و کارەسات و رووداوی رابردوو ،شایییش بو د واروژو داهاتووی ژیان.ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گەلی کورد سەرە رای برین و رەت کردنی قوناغە جوراوجورەکانی مەینەتی و ناهەمواری دەردەکوشندە کومەلایەتیەکان و ،ستەم و زورداری دوژمنە داگیرکەرەکانی،هەمیشەو بەدریژایی میژووی ،لەبەربەرەکانیدا بووەو گەشبینیش راوەستاوەو بەئومیدی بەرزەوە لە دەروونەوە گورانی بو دواروژ چریوە .بەرلە نووسینەوەی میژووی خوی لە نیو دلان وسەرزاران و لەویژدانی زیندووی کوردەواری تومار کردووەو لەدوو تووی سامانی نەتەوەییدا پاراستوویەتی و نەوە بەنەوەی دیکەی سپاردووە.

ئەم تیکستەی خوارەوەش گورانیەکی چیروک سروشتەو ،لەکوردستانی ژوورو داوەتو ئاهەنگی پی جوش دەدری و خوشی گیرانەوەی داستانیکی دلداریەو بەشیوەی چیروک و حیکاتەیش باوەو شەوان لەکورو گەرە لاوژەی لادکاندا دەگیردریتەوە. بەپیی ئەم دەقە گورانیەکە ئەوەکە«مومێ»کچە کوچەریکی شوخ وشەنگ و جوانی

هەریمی هەکاری دەبی و ،لەگەل هاتووچوی گەرمیان و کویستانان دلی دەچیتە شوانیک و دەبنە ئەڤینداری یەکتری،دیارە بەپێی یاسای داب و نەریتی میژینە کونەپەرستانی کوردەواریش ئەم جورە دلداریە قەدەغە دەکەن و سزای سەرپیچی کردنیشی لەزوربەی کاتدا مەرگە .هەروەها جیاوازی پلەو پایەی کومەلایەتی نیوان هەردووکیشیان ریگە گری بەردەم خواستن و خوازینی دەبی،بویەئەوانیش زور بەنهینی ودزیەوە پەرە بەخوشەویستیان دەدەن و وردە وردە ئاویتەی یەکتری دەبن وسویەکتری دەسوتین .هەرچەندە شوانە رازو نیازی خوی تەنیا بو شمشالەکەی دەدرکینی و شەو و روژ کول و کوفانی دلی پی هەلدەریژی . بەلام مومی بەخو جوانکردن و رازاندنەوەی بەژن و بالای قریت و هوری پیکەنین و خەندە هیوای سەرلیوانی گومانی خەلک دەخاتە سەرخوی،مقومقوی دلداری شوان و مومی پەیدا دەبی و مومی دەبیتە جی سەرنجی دەوروبەری،تا روژیکیان دوائەوەی لەگەل دەستە خوشکە بیریفانەکانی مەر دەدوشن وبەرەو رەشمالان دەگەرینەوە ، لەوی لەنیوەی ریگەدا مومی بەرخیک کەبە باوەشیەوە دەگری،بەرەلای دەکات و بەرخەکەش بەرەو ناو میگەل رادەکاتو ئەویش لەدەستە خوشکانی دادەدبری و بە دوای بەرخەکەدا بولای شوانەی دوستی دەگەریتەوە .ئیدی ئەو گەرانەوەیە دەبیتە بەلگە و بیریفانەکانی قسەی لیدەکەن ،هەرچەندە ئەو هاوار دەکات و دەپاریتەوە کەبەرخەکە بی مەبەستلەدەستی بەرەلایوەو هیچی لەگەل کورە شواندا نیە ،بەلام ئەوە دادی نادات و کار لە کار دەترازی و راستیەکە ئیتر ناشاردریتەوەو ئەو مەسەلەیە بەسی براکەی مومی دەگاتەوەو ئەوانیش هەر سی بەیەکەوە دادەنیشن بو ئەوەی بریاریک لە چارەنووسی خوشکەکەیان بدەن ، براکان هەریەکە رابەکی جیاوازی لەوانی تر دەبی و برا بچوک داوا دەکاتە بیدەنە شوانەکەو ،برای ناوەندی داوا دەکات بیدەنە هەر کەسیکی تر بەلام برا گەورەکە کەخاوەنی بریاری یەکلاکەرەوە و دەمراستی خیزانەکەیە سویند بەتەلاق دەخوات کەدەبی بکوژری و ،ئیتر دەیکوژی ... گوری مومی دەکەویتە زورانی ئاڤ خارکی و تاکو ئیستاش جی نزرگەی کوروکچانی ناوچەکەیەو ،تاوەکو ئیستاش مومیش هەر دەسووتی و شەوق وگر لەدلی هەموو دلدارانی ناوچەکەدایەو ،مومی شەهیدیکی ریگای ئەڤین و خوشەویستیەکی راستەقینەیەو مایەی یادکردنەوەیە .

دەقی گۆرانیەکە

هەی مومێ مومێ مومێ،
بومە عەبدال و چومێ
مومێ کورتێ تەما مێ
مومێ کورتێ تەما مێ
وەردەکا رەخێ گۆمێ
مومنێ کۆچ ڤەڕێکر
مومێ کورتێ تەما مێ
مومێ کورتێ تەما مێ

رویینیشت و کۆفی چێکر
مومێ کورتێ تەما مێ

بێریان بوختان لێکر
مومێ کورتێ تەما مێ

*** *** ***

مومنێ وەیە وەیە ؟
مومێ کورتێ تەما مێ
خەلکۆکی ب گازاندەیە
مومێ کورتێ تەما مێ
ما شڤان یارێ تەیە ؟
مومێ کورتێ تەما می

*** *** ***

بەرخەکا ژ بەرانی
مومێ کورتێ تەما مێ
با ڕی بوو هاتە دانی !
مومێ کورتێ تەما مێ
بێریان کر بوختانی
مومی کورتی تەما مێ
موما یارا شڤانی
مومێ کورتێ تەما مێ

*** *** ***

ئاڤ خارکێ خۆش زۆزانە
مومی کورتی تەما مێ
پەژال گول و رەحانە
مومی کورتی تەما مێ
یارێ مومێ شڤانە
مومێ کورتێ تەما مێ

*** *** ***

ئاڤ خارکێ تیێ تیێ
مومێ کورتێ تەما مێ
پەژانی گولە سپی ێ
مومی کورتی تەما مێ
مەقابل ئامیدیێ
مومی کورتی تەما مێ

*** *** ***

شەرتی برایێ مەزنە
سوند خارە ب مال وژنە
ئەم دێ مومێ کوژنە !
مومێ کورتێ تەما مێ

*** *** ***

شەرتی برایێ ناڤیە
مومێ کورتێ تەما مێ
سوند خارە ب کەلامیە
مومی کورتی تەما مێ
دێ مومێ دەینە شویە
مومی کورتی تەما مێ

*** *** ***

شەرتی برایێ بچیکا
مومێ کورتێ تەما مێ
سوند خارە ب جزیکا
مومی کورتی تەما مێ
دی مومی کەینە بیکا !
مومی کورتی تەما مێ

فەرهەنگوک

وەردەک : مراوی
عەبدال : دیوانە ،شەیدا
مومنی : بچوککراوەی ناوی (مومی)یە
ڤەرێکر : بەرێی کرد

کـۆفـی : شەدەو هەوری ،
بێریان : بەریوانان
وەیە : وایە
خەلکۆکی : خەڵکی
دانـی : خواردن
ئاڤخارکێ:ناوی زۆزانێکە
پەژان : تامان،پەرژان
سوندخارە : سویندی خواردووە
مال وژنە : تەلاق
نافیە : ناوەندییە
کەلامیە : قورئان
جزیکا : جوزئەکانی قورئان
بچیک : بچوک

ئەم دەقەو گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەم ،لەرۆژی ١٩٨٩/٦/١ ،لەشاری (جۆلەمێرگ) ی کوردستانی باکور ،لەکاک (عەلی دەمر)ی وەرگرت ،کە دەنگ خۆشێکی ناوچەی(چەلی) هەکاریەو تەمەنی (٤٥) ساڵ دەبوو .

نە ئەو دەریا کە شیعری جاویدانە
نە ئەو دەریا کە پڕ اوپڕ سترانە
بەجاوەکانت بڵێ کە ئێمـــــــە ،
بەو دەریایە بسپێرێ ،کەلێواری پەنهانە

فەرەیدون موشیری

# نامەیەکی دڵسۆزانە

مارف ئاغایی

بەڕێزانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەری کوردستان
لەناخی دڵەوە سڵاوێکی گەرمتان پێشکەش دەکەم ،هیوادارم شادو سەرکەوتوون . چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر ئەو شیعرەی لە (نووسەری کوردستان)ی ژمارە۱۶، لەژێر سەردێری(شیعرێکی هێمن)دا بڵاوتان کردبووەو ئەو شعرانەی ماموستا راجی کە لە ژمارە (۱۷)دا چاپتان کردبوو .لەپێشدا باسی(شیعرەکەی هێمن ) دەکەین .

ئێوە لە ژمارە ۱۷دا داواتان کردبوو ئەگەر کەسێک تێبینییەکی لەسەرئەو باسە هەیە بوتان رەوانە بکا .ئەمنیش وەک قوتابییەکی ماموستا هێمن ویستم بیروڕایەکی قوتابیانە لەسەر ئەو باسە دەربڕم کە کاکڵی قسەکان لە ژێرەوە دەنووسمەوە :

هەموو شاعیرە گەورەکانی کورد کە بە قوناخێکی تایبەتی گەیشتوون و کە چاویان کراوەتەوە شێوەیەکی سەر بەخۆیان لە بواری شیعردا هەڵبژاردووە . هەرکام بە سەبک و زمان و دارشتنێکی تایبەتییەوە شیعریان نووسیوە، یانی ئێستا لێک کردنەوەی شیعری (نالی)و شیعری(حاجی قادری کویی) بو هەموو خوێنەرێکی بە ئەزموون کارێکی ئاسانە .ماموستا هێمنیش خاوەنی سەبکێکی تایبەتییە لە شیعردا . ئەو شتانەی کە شیعری ماموستا لە شیعری دیکە هەڵ داوێری زمان و شێوەی دارشتن و سەبک و سەنعەتی شیعری و ناوەڕوکی شیعرەکانە .ماموستا هێمن لەزور شوێندا گازندەی لەو شاعیرانە کردووە کە تەنیا بە ئیمزای خویان شیعرەکانیان دەناسرێتەوە .لەتەواوی شیعرەکانی نالەی جودایی‌دا و هەروەها ئەو شیعرانەی پاش ئەو دەم نووسیویە تەنیا شیعرێکیش نادوزیەوە کە بونی هێمنی لێ نەیە .بەلام ئەو شیعرە وەشیعری هێمن ناچی بو :

١ـ شاعیریکی شارەزای وەک ماموستا هیمن لە تەواوی دیوانەکەیدا تەنیا جاریکیش لە باری قافیەوە کەمی نەهیناوەو هەمووده‌م بە شارەزاییەکی زور تەواوەوە قافیەی هەلبژاردووە. رەنگە شاعیریکی گەورەش لەسەرەتاوە قافیەی کزی بەکارهینابی بەلام ماموستا هیمن پاش دوو دیوانە شیعرو لە کوتایی حەفتاکاندا رور چەتوونە وشەی (گویز) کە وشەیەکی فارسیەو لە موکریاندا حەوتی لەسەر دانانین بکاتە قافیەی وشەی (دیز)،

جگەلەوە لەژمارە (١۶)دا مەسرەعیکی دیکەش قافیەی نییە:

( تفەنگ زمان دی بو کوردستانم )

کە پیم وایە ئەو هەلەیە ناگەریتەوە سەر شاعیری شیعرەکەوە دەبی لەئەسلدا ئاوا بووبی: تفەنگ وەزمان دی بو کوردستانم.

٢ـ یەکیک لەو دیاردانەی کە لە شیعرەکانی ماموستا هیمن (بەتایبەت لەنالەی جودایی)دا دیارو ئاشکرایە وینەی شیعرییە. یانی گەیاندنی مەبەست بە وینەی شاعیرانە. روالەتیکی ساکار و نیوەروکیکی قوول. بەلام لەو شیعرەدا تەنانەت وینەیەکی شیعریش وەبەرچاو ناکەوی. زورتر قسەیەکی پەتییە کە وەزنی هەیە یانی زورتر نەزمە تا شیعر. بو وینە بروانن ئەو دوو بەیتە:

سال نیە جاریک فکری راوی شا | لەگەل شەیتانا دەبەن ناوی شا
کوا لەجیهاندا ماوە باوی شا | گیژبووم چواردە سال بوومەپیاوی شا

٣ـ ئەو شیعرە لەباری سەنعەتی شیعرییەوە (موسەممەتە)، بەلام ماموستا لە دوای تاریک و روون دا هیچ شیعریکی بە شیوەی موسەممەت و تەرجیع بەند و تەرکیب بەند نەنووسیوە و زورتر لەسەر غەزەل و مەسنەوی کاری کردووە. دیارە ئەگەر ئەو شیعرە بەهیز بوایە دەمانتوانی بلیین کوفر نیە شاعیریکی وەک هیمن شیعریکی موسەممەتیش بنووسی بەلام کزی و لاوازی شیعرەکە ئەو ریگایەشی لی بریوینەتەوە، بەتایبەت کە شیعرەکەش بە خەتی ماموستا نییە.

۴ـ بەپیی ئەو ریکەوتەی ژیر شیعرەکەدا نووسراوە واتە (١٩٧٨/١٠/١٠) دەبی ئەو شیعرە لەسەروبەندی شورشی ئیسلامی ئیران دا نووسرابی کە ئەو دەمی شیعرەکانی ماموستا (هیمن)یان لە حەوای دەقوزتەوەو دەستاو دەست دەگەران. گەرچی ئەو شیعرە لە کوردستانی ئیراندا نەبیسراوە، جگەلەوە ماموستاش لەو سالانەی دواییدا بەپیی ئەزموونی شیعری دەبوایە نوسخەیەکی لای خوی راگرتبا ئەو سەردەمی شیعری ماموستا لەوپەری بەرزی و ناسکی دابوون بالەلایەکی دیکەشەوە بو باسەکە بچین:

دەستەی نووسەران لە ژمارە (١٧)ی نووسەری کوردستان لاپەرە ١۶٣دا چەند بەلگەیەکی هیبووە بوئەوەیکە شیعرەکە هی ماموستا هیمنە. ئەمن وبرای بیز

بو ئەو بیروورایانە پیم وایە ئەوەندە بەس نیەو ئەو خالانە نەیانتوانیوە بەلگەیەکی باش بن **بوچی:**

لەبەندی یەکەمدا نووسیویانە کە شیعرەکە چەند زاراوەیەکی وای تیدایە کە لە گەرمین بەکارنایەت و لەکوردستانی ئیران بەکار دینری کەوابووشاعیرەکەی ئیرانی‌یەو لە بەندی دووهەمدا نووسیویانە کەچەند وشەیەکی تیدایە کە دەگەیەنی شاعیرەکە موکریانی‌یە. بو وینەش تەنیا لە (نیو گەلان)دایان هیناوەتەوەو نووسیویانە لە کوردستانی ئەودیو دەلین (لەناو گەلاندا)، منەدەلیم رەنگە ئەو دوو بەلگانە راست بن (کەلە دووهەمیاندا دردرونگم چونکە هەرلە نووسەری ژمارە ١٧، لاپەرەی ٦ (پەیامی یەکیتی نووسەرانی کورد لەسوید) کە دەستەی نووسەرانەکەی (رەفیق سابیر، شیرکو بیکەس، حەمەسەعید حەسەن) هی کوردستانی ئەو دیون نووسراوە ......چ لە نیو شاخ و لیرەوارو....... یانی وشەی (لەنیو) یان بەکارهیناوە) دیسان تەنیا ئەوە دەگەیەنی کە شاعیری ئەوشیعرە موکریانی‌یە. بەلام ئایا هەموو شاعیریکی موکریانی ماموستا هیمنە؟ کەوابوو دەبوایە لە موکریانیشدا بەلگەیان هینابایە کە هی هیمنە.

لەبەندی سی‌یەمدا نووسراوە وەک شیوە و ناوەروکیش لە شیعرەکەی ماموستا هیمن دەچی چونکە شارەزایی‌یەکی تەواوی بە بارودوخی ئەوسای ئیرانەوە پیوە دیارە، ئەوەش نابیتە دەلیل، چونکە زورکەس جگە لە ماموستا هیمن بەسەر بارودوخی ئەوسای ئیراندا شارەزابوونە و تەبعی شیعریشیان بووە.

لەکوتاییدا پیویستە بلیم کەئەگەر نووسیومە ئەو شیعرە هی ماموستا هیمن نیە مەبەستم ئەوە نیە کە بلیم دەستەی نووسەران بویان هەلبەستووە، یاکەم و زیادیان پیکردووە بە پیچەوانەوە پیم وایە کارەکەی ئەوان لەرووی دلسوزی‌یەوە کراوە بەلام ئەو کەسەی شیعرەکەی بو ئەوان ناردووە رەنگە بە هەلە چووبی .... یادوور نیە ئەوەی من نووسیومە وانەبی.

مەسەلەی‌دووهەم کە دەمویست باسی لەسەر بکەم شیعرەکانی ماموستا راجی‌یە کە لەلاپەرەکانی (١٥٨،١٥٩،١٦٠)ی نووسەری کوردستانی ژمارە ١٧دا چاپکراون، بەراستی سوپاسی کاک ئەبووبەکر شاخی دەکەم کە ئەو شیعرە جوانانەی بو ناردوون و ئیوەش بلاوتان کردوتەوە، بەلام بەداخەوە لە چەند شویندا وەزنی شکاوە کە دلنیام لە نوسخەی ماموستا راجی دا بەو شیوە نیە. بویە روون کردنەوەی ئەو ئەو خالانە بە پیویست دەزانم و هیوادارم دەستەی نووسەران، بەیتە دروستەکانی ئەو شیعرانە بنووسیتەوە.

لەشیعری یەکەمدا بەیتی یەکەم وشەی (سەییدا) دروستە.

بەیتی چوارەم کەرتی دووهەم وەزنی شکاوە

یار بەرۆژیٚ گەر بکا قەتلی دووسەد، نالیێن چ بوو
من لەسەر جامیٚ مەی وا عالەمیٚ لۆمەم دەکا

لەشیعری دووهەمدا بەیتی یەکەم کەرتی دووهەم:
لەیارو یاوەران و ناسکان بیگانە خوم
پی بەدرگانەی رەشمال و جیگەی ئاگرخانەخوم
بەیتی پینجەم ،کەرتی دووەم،وەزنیان شکاوە:
ئەی خودا مردم لە تاوی عیشوەی بالای دوست
شاهەنشاهی عمومی سائیلی دەرگانە خوم

بەیتی حەوتەم،(کولبەیی) دروستە .
لەشیعری سیەمدا ،کەرتی یەکەم (سینەیی) دروستە.

بەیتی چوارەم وەزنی شکاوە:
ئیمروکە نەچووم بیکەمە جەژنەی قوربان
لەم بەندی جگەرە حیکمەت سەرفی نەزەرم بوو

بەیتی نوهەم،کەرتی دووهەم، وەزنی شکاوە:
راجی مەکە گریان و لە خودانی ئەسیری
هیشتا کە نەبووم کا ئەو خەمەی لەسەرم بوو
شیعری پینجەم ، بەیتی یەکەم،مەسرەعی یەکەم ( خانەیی) دروستە .
شیعری پینجەم بەیتی دووەم،مەسرەعی یەکەم ( رولەیی) دروستە .
شیعری پینجەم بەیتی چوارەم مەسرەعی دووهەم رەنگە ( دەلیی)و (چەن) لەجیاتی
(دەلین)و (چەند) دروست بن .
بەیتی ئاخر،کەرتی یەکەم وەزنی شکاوە:
ئیدیعای موسبەتی ئیمە ئیسپاتی ئەکا
(راست و سیگا و بەیات و لاوک و حەیران)ی من

ئیتر بەسوپاسیکی زورەوە

## NÊVEROK

VEKOLÎN:

pênc Jimarey Govarí Kurdistan ....Fernad pírbal...5
Zimaní kurdí le Kítebí (Fîqe Allufet Iraní) de
Ehmed Şerîfí ....................................23
Riyalízmí Sosyalizimû....Hîkmet Mihemed..........32
M.E.Bezerselan... W:.....Selam zendî.............38

ŞI'IR:

Peyman...... Cewher Kirmanc ....................52
Jibírneke....... Ehmed Qerení ..................57
Birayaní Çirey.... W: E.xoşnaw .................6I
Du xezí.......... R .Isa ........................73

PEXŞAN Û ÇIROK:

Yadastí mirovêkí win.....W:Ziyad mewlud..........75
Razekanim dedirkênim....... E .Bayiz.............78
Şa'ir naxí weku semawerekey.......Gundí...........83
Bo kujanewem çend sedeyek bêdengí....Hoşeng .....86
Awareyí .................. Rêkar Ehmed ..........89
Tilyak........... H .Mela salih .................94
Êdí bo kwe biçim....Pawan Mewcud ...............Io3

ĞUFTUGO:

Ğuftugo legel şa'irêkí İlamí...Amadekirna:M.M...II7

LÊRE Û LEWÊ:

Katí Şi'ir.................. W : Şemal...........I2I
Beserhatí (MOMÊ)--berhevkirna:. Arêz Ebdullah ...I27
Nameyekí dilsozane........ Marif Axyí ..........I3I

# NUSERÎ KURDISTAN

KOVARA ÊKETÎYA NIVÎSEVANÊN KURDISTANÊ

JIMARA:18 ZIVSTANA:1991

DESTEKA NIVÎSEVANA

EBUBEKIR XOŞNAW
CEWHER KIRMANC
HEVALL KUÊSTANÎ
FELEKEDIN KAKEYÎ
RÊKAR EHMED

PIRSKAR

EHMED HERDÎ
ERSELAN BAYZ
HEJAR MUKRYANÎ
HÎKMET MIHEMED KERÎM
MIHEMED HEME BAQÎ
EBAS BEDRÎ
TEHA MAYÎ

# KURDISTAN S WRITER

A magazine edited by the union of Kurdistan's writers

18

نووسەری کوردستان

نووسەری کوردستان

نووسەری کوردستان